ROMAN
BOOKSTORE

ROMAN
BOOKSTORE
کتێبخانەی ڕۆمان

ناوی کتێب: مێژووی زانستی پزیشکی
نووسین: د. دوگلاس گوثری
وەرگێڕان: حسێن محمد
دیزاینی ناوەوە: هەوار جەبار
دیزاینی بەرگ: ئیبراهیم سالح
ناوەندی بڵاوکار: کتێبخانەی ڕۆمان
نۆرەی چاپ: یەکەم ٢٠٢٢
تیراژ: ٥٠٠
نرخ: ١٨٠٠٠

سلێمانی، شەقامی مەولەوی، تەلاری سیروانی نوێ، نهۆمی چوارەم
٠٧٧٠٢٢٢٠٣٣٢
ktebxaney_roman
ktebxaney roman

# مێژووی زانستی پزیشکی

د.دوگڵاس گوثری

لە ئینگلیزییەوە:
**حسێن محمد**

# ناوەڕۆک

نووکەقەڵەمێک ........ ١٧
ژیاننامەی دکتۆر دوگلاس کوثری ........ ١٩
پێشەکی ........ ٢٣

## بەشی یەکەم

پەیدابوونی زانستی پزیشکی ........ ٢٧
کەرەستەو نەخشە و ئێسکە زۆر کۆنەکان ........ ٢٧
مرۆڤی سەرەتایی و ڕوانینی لەبارەی نەخۆشیەوە ........ ٢٩
گرێکوێرەی مردن ........ ٣٠
گرێکوێرەی نەخۆشی ........ ٣٠
نەشتەرگەری کونکردنی کاسەی سەر بە مشار لەسەردەمی کۆندا ........ ٣٣
نەشتەرگەری کونکردنی کاسەی سەر لای مرۆڤی سەرەتایی لە سەردەمی نوێدا ........ ٣٦
پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی نەشتەرگەری کاسەی سەر لای مرۆڤی سەرەتایی ........ ٣٩
پزیشکی خۆماڵی یان پزیشکی میللی ........ ٤٠
نووشتە، چاوەزار و تەلیسم ........ ٤٣
دەرمانی میهرەبانی ........ ٤٦
مێژووی کاری پزیشکی ........ ٤٧

## بەشی دووەم

یەکەمین پیشەوەری بوای پزیشکی ........ ٤٩
ئاکاری پزیشکی لە بابلدا ........ ٥١
کاریگەری نووسین و ڕۆژمێر ........ ٥٥
سیخت ئێنانک و ئیمهەوتێپ ........ ٥٦

کاری پزیشکیی لە میسری کۆندا ........ ٥٩
مۆمیاکردن و لێکۆڵینەوە لە نەخۆشی لە ڕێگەی مۆمیاکان........ ٦٤
باسی زانستی پزیشکیی لە ئینجیلدا ........ ٦٩
یەکەمین پیشەگەری ناسراوی بواری پزیشکی........ ٧١
زانستی پزیشکی لە هیندی کۆندا........ ٧٣
کاریگەری چینیەکان لەسەر پێشکەوتنی زانستی پزیشکی ........ ٧٥

## بەشی سێیەم

زانستی پزیشکیی لە یۆنانی کۆندا........ ٨١
لەو شوێنەی دیلۆس هەڵسایەوەو فۆیبەس فڕی........ ٨٢
ئەپۆلۆ و حەکیمی پەرستگای دێلفی........ ٨٣
خەواندنی موگناتیسی لە پەرستگادا........ ٨٦
زانستی پزیشکی و نەشتەرگەری لای هۆمەر........ ٩١
فەیلەسووفە پزیشکەکان لە یۆنانی کۆندا........ ٩٣

## بەشی چوارەم

زانستی پزیشکی لای هیپۆکرات ........ ٩٧
ژیاننامەی هیپۆکرات........ ٩٨
کۆبەرهەمی هیپۆکراتس........ ٩٩
سوێنەکەی هیپۆکراتس........ ١٠٠
سروشتی نەخۆشی ........ ١٠٢
گرنگی دەستنیشان کردنی نەخۆشی ........ ١٠٣
چارەسەری نەخۆشی لای هیپۆکرات........ ١٠٥
کتێبی (پەندەکان ) ........ ١٠٦
کاریگەری ئەرستۆ لەسەر زانستی پزیشکی ........ ١١٣
پزیشکە ڕووەکناسەکان ........ ١١٤

# بەشی پێنجەم


زانستی پزیشکی لە سەردەمی ئەسکەندەری مەزن و ڕۆمانەکاندا ........ ١١٥
زانکۆی پزیشکی ئەسکەندەریە ........ ١١٦
شارستانیەتی ئێتروسکانەکان و نیشتەجێ کۆنە یۆنانیەکانی ڕۆما ........ ١١٧
گاڵتەکردنی ڕۆمانەکان بە زانستی پزیشکی یۆنانی ........ ١١٨
بزاوتە جیاوازەکانی زانستی پزیشکی ........ ١٢١
چارەسەری خومارشکێنی دژە ژەهر ........ ١٢٣
باسی ئارێتۆسی پزیشکی دواکەوتەی هیپۆکراتس ........ ١٢٤
سێڵسەس و کتێبی (لەبارەی زانستی پزیشکیەوە) ........ ١٢٧
جالینۆس، پزیشکە دیکاتۆرەکە ........ ١٢٩
جالینۆس وەک پزیشکی ڕاهێنەر ........ ١٣١
یەکەم فەسلەجە ناسی ئەزموونگەر ........ ١٣٢
جووڵەی خوێن ، نەک سوڕی خوێن ........ ١٣٣
جالینۆس وەک نووسەر ........ ١٣٤
نووسەرە بێزەنتیەکان ........ ١٣٥
تەندروستی گشتی لە ڕۆمادا ........ ١٣٧
خزمەتگوزاری تەندروستی لە ڕۆمای کۆندا ........ ١٣٨
سیستەمی نەخۆشخانە ڕۆمانیەکان ........ ١٣٩
کەوتنی ڕۆما ........ ١٤٠


# بەشی شەشەم


زانستی پزیشکی لای عەرەبەکان :زانکۆی پزیشکی سالێرنۆ ........ ١٤٣
کاریگەری مەسیحیەت لەسەر زانستی پزیشکی ........ ١٤٤
هەڵاتنی خۆری زانستی پزیشکی لای عەرەبەکان ........ ١٤٥
نەستۆریەکان و زانکۆی پزیشکی جوندی شاپوور ........ ١٤٧
ڕازی و ئیبن سینا ........ ١٤٩

نەشتەرگەرە عەرەبەکانی ئیسپانیا ............................................................ ١٥٤
دۆخی نەخۆشخانەکان لە کۆتای سەردەمی ئیمپڕاتۆریەتی ئیسلامدا ........................ ١٦٠
زانستی پزیشکی لای ڕەبەنەکان..................................................................... ١٦١
ڕۆڵی قەشە کۆششکارەکان لە بەرەوپێش بردنی زانستی پزیشکیدا............................ ١٦٣
سەمای سایدنهام و ژەهراوی بوون بە ئێرگۆت...................................................... ١٦٥
زانکۆی پزیشکی سالێرنۆ .............................................................................. ١٦٨
مەنهەجی خوێندن لە زانکۆی پزیشکی سالێرنۆدا ................................................. ١٧٣
دەرچووە بەناوبانگەکان.................................................................................. ١٧٣
هۆنراوەی فێرکاری (گوڵە زەمەقی پزیشکی) ....................................................... ١٧٤

## بەشی حەوتەم

زانستی پزیشکی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا............................................................. ١٧٩
زانکۆی پزیشکی مۆنبیلیەو بۆلۆنیا ................................................................... ١٨٠
قوتابیە ئینگلیزەکانی زانکۆی مۆنبیلیە............................................................... ١٨٤
زانستی پزیشکی لای پاپا ............................................................................... ١٨٥
زانستی پزیشکی و نەشتەرگەی لە بۆلۆنیادا....................................................... ١٨٦
زانکۆ پزیشکیەکانی پاریس و پادوا .................................................................. ١٩٢
ڕۆجەر بیکۆن و ئەلبێرتۆس ماگنۆس .................................................................. ١٩٤
ڕێچکەگرتنی زانستی پزیشکی .......................................................................... ١٩٦
دووبارە بووژانەوەی زانستی نەشتەرگەری............................................................ ١٩٨
نەشتەرگەرە ئینگلیز و ئەڵمانەکان..................................................................... ٢٠١
تاعوون ..................................................................................................... ٢٠٣
دۆخی نەخۆشخانەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا.................................................... ٢٠٥
وێنە ڕوون کەرەوە پزیشکیەکان........................................................................ ٢٠٨
گرنگی ڕووەکناسی لە زانستی پزیشکیدا ............................................................ ٢١٠

# بەشی هەشتەم

زانستی پزیشکی لەسەدەکانی پانزەو شانزەدا چاکسازو شۆڕشگێڕەکان.......................... ٢١٣
هونەرو زانستی توێکاری —لیۆناردۆ داڤینچی ..................................... ٢١٥
هەر دەربارەی توێکاری ---ئەندریاس ڤێسالیۆس....................................... ٢١٦
سووڕی بچووکی خوێن —سووڕی سیەکان ............................................ ٢٢٠
فالۆپیۆس و یۆستاشێۆس............................................................ ٢٢٢
نەشتەرگەری مرۆڤ ، ئامبرواس پارێ.................................................... ٢٢٣
کتێبی (گەشتێک بەناو شوێنە جیاوازەکاندا)............................................ ٢٢٥
من برینەکەم پێچام و خواش چارەسەری بۆ نارد........................................... ٢٣٢
ئامبرواس پارێ لە دادگادا ............................................................ ٢٣٣
نەشتەرگەرە گەڕۆکە بەرد دەرهێنەرەکان ................................................. ٢٣٥
نەشتەرگەری لە ئیتاڵیاو ئەڵمانیادا ...................................................... ٢٣٩
نەشتەرگەری لەسەدەی شانزەدا لە بەریتانیادا............................................ ٢٤٠
پزیشک و نەشتەرگەرە دێرینەکانی سکۆتلەندا............................................. ٢٤٣

# بەشی نۆیەم

پزیشکانی سەردەمی ڕێنیسانس......................................................... ٢٤٧
بەزم و ڕەزمەکانی پاڕاسێلسوس......................................................... ٢٤٧
کتێبەکانی پاڕاسێلسۆس.............................................................. ٢٥٢
ڕوانینی کیمیاگەرانە لەبارەی ژیانەوە.................................................... ٢٥٣
ئامانجی پاڕاسێلسۆس ................................................................. ٢٥٦
ئەستێرەناسی، جەبرو زانستی پزیشکی ................................................... ٢٥٧
پزیشکی ڕاوێژکاری لە ئێدبرەدا ......................................................... ٢٥٨
پزیشکە بەهرەمەندەکە................................................................. ٢٥٩
مێژووی نەخۆشی فەڕەنگی (سیفلیس).................................................... ٢٦٠
باسی نەخۆشی فەرەنگی لە هۆنراوەدا.................................................... ٢٦١

یەکەم درمناس ........................................................................ ٢٦٢
پزیشکە کۆنەکانی بەریتانیا .......................................................... ٢٦٢
زانکۆی شاهانەی پزیشکی.............................................................. ٢٦٣
ۆکسفۆرد و کامبرج..................................................................... ٢٦٥
نەخۆشی ئارەقە........................................................................... ٢٦٦
کتێبە کۆنەکانی زانستی پزیشکی لەبەریتانیادا ..................................... ٢٦٩
کتێبی (کورتەیەک لەبارەی تەندروستیەوە)........................................... ٢٧١
پزیشکی منالان لە بەریتانیادا ......................................................... ٢٧٢
کتێبی (لەدایک بوونی مرۆڤ)......................................................... ٢٧٢

## بەشی دەیەم

سەردەمی ویلیام هارڤی، زانستی پزیشکی لەسەدەی حەڤدەیەمدا........................ ٢٧٥
فەیلەسوف و زاناکان.................................................................... ٢٧٦
ویلیام هارڤی بلیمەت ................................................................... ٢٨٢
کتێبی ( لەبارەی جوولەی خوێنەوە)................................................... ٢٨٨
شیرییەکان (لاکتی ) ، لیمفاویەکان ، موویەکان ..................................... ٢٩٠
ووردبین ناسە زۆر کۆنەکان............................................................. ٢٩٤
رێکخراو گۆڤارە پزیشکیەکان........................................................... ٢٩٩
لەیدینی ناوەندی پزیشکی ............................................................... ٣٠٣

## بەشی یانزەیەم

زانست و خورافیات :گەڕان بەداوی سەرچاوەی نوێدا.................................. ٣٠٧
جەستەی مرۆڤ :ئامێرە یان لوولەی تاقیکردنەوە ؟ ................................... ٣٠٨
پزیشکی کلینیکی لە بەریتانیادا ......................................................... ٣١٢
گەڕانەوە بۆ هیپۆکراتس :تۆماس سێدینهام............................................ ٣١٤
مێژووی بەکارهێنانی درەختی کینا..................................................... ٣١٨
تاعونە بەربڵاوەکەی لەندەن ........................................................... ٣١٩

نەخۆشی دەردەباریکە و دەست لێدانی شاهانە ........................................ ٣٢٥
کتێبی (ئاینی پزیشکێک ) ........................................ ٣٢٨

## بەشی دوانزەیەم

زانستی پزیشکی لە سەدەی هەژدەیەمدا ........................................ ٣٣٣
گیانکێتی (ڕۆحانیەت ) و زیندەبەخشێتی ........................................ ٣٣٤
ژەمە دەرمانی زۆر و کەم........................................ ٣٣٧
زانستی پزیشکی کلینیکی لای بۆیرهاڤ........................................ ٣٣٩
قوتابیەکانی بۆیرهاڤ ........................................ ٣٤٤
زانکۆ پزیشکیە کۆنەکەی ڤێنا........................................ ٣٤٥
زانکۆی لەیدین و ئێدنبرە........................................ ٣٤٨

## بەشی سیانزەیەم

زانستی پزیشکی لە سەدەی هەژدەدا: کاریگەری بنەماڵەی مۆنرۆ ........................................ ٣٥١
بنیاتنانی (دامەزراندنی) زانکۆی پزیشکی ئێدنبرە ........................................ ٣٥٣
فێرکاری نەشتەرگەری ........................................ ٣٥٨
هۆم، وایت و گریگۆری ........................................ ٣٥٨
زانستی پزیشکی لە ناو سوپاو هێزی دەریاوانیدا........................................ ٣٦٠
دووبارە باسی زانستی پزیشکی لەسەدەی هەژدەیەمدا........................................ ٣٦٣
مامانە پیاوەکان، سمێلی و هەنتەر ........................................ ٣٦٤
نەشتەرگەری لەسەدەی هەژدەیەمدا ........................................ ٣٦٨
بۆچی بیری لێبکەینەوە، بۆچی ئەزموونی نەکەین؟ ........................................ ٣٧٠
قوتابی و هاوچەرخانی جۆن هەنتەر ........................................ ٣٧٦
کارکردن لەبواری نەخۆشیزانیدا ........................................ ٣٧٩
کوتان ........................................ ٣٨١
پیشەی ئێدوارد جێنەر........................................ ٣٨٢
پزیشکە کواکەرە ئەمریکیەکان ........................................ ٣٨٤

دارشەقی سەر ئاڵتوونی ........................................................ ٣٩٠
هێبەردین و ویزەرین ........................................................ ٣٩٣
لێدان و گوێ لێگرتن ........................................................ ٣٩٦
پاک و خاوێنی و تەندروستی گشتی ........................................................ ٣٩٨
مێسمەریزم ( خەواندنی موگناتیسی ) ، کەلەسەرناسی ، پزیشکە قۆڵبڕەکان............... ٤٠٣

## بەشی چواردەیەم

پێشکەوتنی زانستی پزیشکی لەسەدەی نۆزدەیەمدا........................................ ٤٠٧
بەڕێز چارڵس بێڵ و بەرهەمەکانی........................................................ ٤٠٨
کارەساتی ڕۆبەرت نۆکس ........................................................ ٤١٤
توێکارزانی لای هێنڵ و هێرتڵ ........................................................ ٤١٦
فەسلەجەو فیزیا ........................................................ ٤١٨
فەسلەجەناسە نموونەییەکانی بەریتانیا........................................................ ٤٢٢
کلۆد بێردناردی بلیمەت ........................................................ ٤٢٧
نەخۆشیزانی و بەکتریاناسی........................................................ ٤٣٠
پەیدابوونی زانستێکی نوێ ........................................................ ٤٣٢

## بەشی پانزەیەم

کلینیسیانەکانی سەدەی نۆزدەیەم........................................................ ٤٤٥
پزیشکەکانی لەندەن و ئێدنبرە........................................................ ٤٤٦
پزیشکی کلینیکی لە دوبلن، پاریس و ڤێنادا........................................................ ٤٥١
پزیشکە نموونەییەکانی ئەمریکا ........................................................ ٤٥٧
ئێفرایم ماکدوێلی پسپۆڕی بواری هێلکەدان........................................................ ٤٥٨
مێژووی سڕکردن ........................................................ ٤٦٠

## بەشی شانزەیەم


نەشتەرگەری لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا ........................................ ٤٦٧
سێ نەشتەرگەرە مەزنەکەی لەندەن ........................................ ٤٧٢
دوپۆترێن، مامۆستا بەهرەمەندەکە ........................................ ٤٧٨
مێژووی سیستەمی میکرۆب کوژ ........................................ ٤٨٠
کارەساتی تای زەیستانی (بەردەوام) ........................................ ٤٨١


## بەشی حەڤدەیەم


لیستەر و دواکەوتەکانی ........................................ ٤٨٥
ژیانی منداڵی لیستەر لە ئێدنبرەو گلاسکۆدا ........................................ ٤٨٨
سیستەمی میکرۆب کوژ ........................................ ٤٩٠
گەڕانەوەی لیستەر بۆ ئێدنبرە ........................................ ٤٩٣
بەرهەمەکەی لیستەر و ساڵانی دواتری ژیانی لەلەندەندا ........................................ ٤٩٥
دواکەوتەکانی لیستەر ........................................ ٤٩٦
ئەنجامدانی نەشتەرگەری وورگ ........................................ ٤٩٨
دەستنیشان کردنی ڕیخۆڵە کوێرە ........................................ ٥٠٠
نەشتەرگەری لە ئەمریکادا ........................................ ٥٠١
پسپۆڕی لەنەشتەرگەریدا ........................................ ٥٠٣


## بەشی هەژدەیەم


(نەشتەرگەری بواری سەربازی و دەریاوانی : سەرهەڵدانی نەخۆشی لەناوچە خولگەییەکاندا) ...... ٥٠٧
نەشتەرگەرە سەربازیەکانی سەردەمی کۆن ........................................ ٥٠٧
بارۆن لاری و کارکردنی لەبواری نەشتەرگەری سەربازیدا ........................................ ٥٠٨
نەشتەرگەری سەربازی لە بەریتانیادا ........................................ ٥١٢
نەشتەرگەری سەربازی لە ئەڵمانیاو ڕووسیادا ........................................ ٥١٤
فێرکاری نەشتەرگەری سەربازی ........................................ ٥١٦
ڕێکخراوی پزیشکی سەربازی شاهانە ........................................ ٥١٩

پزیشکی خۆپارێزی لەناو سوپادا ........ ٥٢١
نەشتەرگەری لە جەنگەکانی سەردەمدا ........ ٥٢٢
زانستی پزیشکی و نەشتەرگەری لەبواری دەریاوانیدا ........ ٥٢٤
پزیشکە دۆزەرەوەکان ........ ٥٢٨
قەلاچۆکردنی نەخۆشی لە ناوچە گەرمەکاندا (کەمەرەیی) ........ ٥٣٢

## بەشی نۆزدەیەم

زۆربوونی پسپۆڕی و پزیشکیی خۆپارێزی ........ ٥٣٩
وەرگرتنی پسۆڕی لەبواری پزیشکیدا ........ ٥٤٠
نەخۆشیەکانی زیندەچالاکی ........ ٥٤١
نەخۆشیەکانی دڵ ........ ٥٤٢
نەخۆشیەکانی منداڵان ........ ٥٤٥
پسپۆڕی دەمار ........ ٥٤٦
پزیشکی ئەقڵی و دەروونی ........ ٥٥٠
پزیشکی چاو ........ ٥٥٣
پزیشکی گوێ و قوورگ ........ ٥٥٦
پسپۆڕی پێست و نەخۆشیەکانی زاوزێ ........ ٥٦١
پسپۆڕی تیشک ........ ٥٦٥
ڕۆڵی ژنان لە بەرەوپێش بردنی زانستی پزیشکیدا ........ ٥٦٨
پێشکەوتنی پزیشکی پارێزکاری ........ ٥٦٩
فەلسەفە و تەندروستی ........ ٥٦٩
بیری تەندروستی ........ ٥٧٠
تەندروستی وەک کێشەی نەتەوەیی ........ ٥٧١
تەندروستی گشتی لەووڵاتانی تردا ........ ٥٧٣
پەیدابوونی پزیشکی هەرەوەزی ........ ٥٧٤

# بەشی بیستەم

ڕۆژنامەگەری، لیستی سەرچاوەکان و مێژووی پزیشکی ........................................ ٥٧٧
زۆربوونی گۆڤارە پزیشکیەکان.................................................................. ٥٧٧
گوڤارە پزیشکیە ئەمریکیەکان .................................................................. ٥٨٠
گۆڤارە پزیشکیەکانی فەرەنسا.................................................................. ٥٨١
گۆڤاری پزیشکیەکانی ئەڵمانیا و وولاتانی تر.......................................................... ٥٨٢
گۆڤارەکانی تایبەت بە مێژووی زانستی پزیشکی .................................................. ٥٨٣
سەرچاوەناسی (بیبلیۆگرافیای) پزیشکی...................................................... ٥٨٥
مێژوونووسانی پزیشکی سەردەمانی دوای .................................................... ٥٩٠
ئۆسلەر و مێژووی زانستی پزیشکی .............................................................. ٥٩٦
کۆتایی .......................................................................................... ٥٩٩

# نووکە قەڵەمێک

گومانی تیادا نی یە وەرگێڕان هونەرەو ئەم هونەرەیش کارکردن تیایدا سەختە. وەرگێڕان خۆی بۆ خۆی بریتی یە لە گواستنەوەی دەق لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، یان با بڵێین دۆزینەوەی دەقە لەناو دەقدا بە بێئەوەی دەقە ڕەسەنەکە واتای ڕاستەقینەی خۆی وون بکات، یان وون بکرێت. دەبینین لەم چەند ساڵەی دوایدا بواری وەرگێڕان زۆر کاری لەسەر دەکرێت و بگرە بە سەدان کتێب، نامیلکە... هتد لەبوارە جیاوازەکاندا بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی وەرگێڕدراون. کەسی وەرگێڕ لە کاتی وەرگێڕاندا زۆر جار بە پێی ئەو دەقەی وەرگێڕانی بۆ دەکات تووشی سەرئێشەی خۆی دێت، بەتایبەتی لەکاتی وەرگێڕانی دەقە زانستیەکاندا. منیش دەمێکە وەک خوێنەرێک کەڵکەڵەی وەرگێڕان لە مێشکمدا بووە تا شتێک پێشکەشی کتێبخانەی کوردی بکەم و کە لێنێکی تیادا پڕ بکەمەوە. بەدوای زۆر کتێبدا گەڕام تا وەرگێڕانی بۆ بکەم. زیاتر پێم خۆش بوو کتێبێک بدۆزمەوە و وەرگێڕانی بۆ بکەم، بوارەکەی کەم کاری تیادا کرابێت. دواجار ئەم کتێبەی بەڕێز دکتۆر دوگڵاس گوثری سکۆتلەندیم دۆزیەوە و بەم شێوەیە وەرمگێڕاوە، کە خوازیارم کەڵکی لێوەرگرن. دیارە لەم دوایانەدا هەندێک کتێب لە بواری پزیشکیدا وەرگێڕدراون، بەڵام کتێبی تایبەت بە بواری مێژووی زانستی پزیشکی بە گشتی هەر زۆر کەمە. دیارە ئەمە هەر لە کتێبخانەی کوردیدا وانیە، بەڵکو زۆرێک لە کتێبخانەکانی جیهانیشی گرتۆتەوە. یەکێک لە کێشەکانی وەرگێڕانی ئەم

کتێبە ئەوە بوو، زۆر زاراوە هەبووە بۆ دۆزینەوەی ماناکانیان چەند فەرهەنگی پزیشکی گەڕاوم، بەڵام کەڵکی نەبووە. جا هاتووم یان لە پەراوێزدا یان لە نێو دوو کەوانەدا ماناکانیانم ڕوونکردۆتەوە. ئەم کتێبەی مێژووی زانستی پزیشکی زۆرێک لە بوارەکانی وەک فیزیا، فەلسەفە، ئەستێرەناسی، ڕۆنامەگەری، ژیاننامەو گەلێک بواری تر لەخۆ دەگرێت، جالەبەر ئەوە مەرج نی یە بە تەنها ئەوانەی لە بواری تەندروستیدا کاردەکەن بیخوێننەوەو کەڵکی لێوەرگرن. دەکرێت هەر خوێنەرێک بە گشتی بیخوێنێتەوە. یەکێکی تر لە هۆکارەکانی وەرگێڕانی ئەم کتێبە ئەوەیە بۆ ئەوانەی قۆناغی ئامادەی تەواو دەکەن و ئەیانەوێت لە کۆلیژی پزیشکی بە هەموو بە شەکانیەوە بخوێنن، بەخوێندنەوەی ئەم کتێبە ئاستی خۆیان بە جۆرێک لە جۆرەکان بۆ دەردەکەوێت. کارکردن لە بواری پزیشکی یان تەندروستی یەکجار سەختە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت فێرخواز نەتوانێت شارەزای لەم بوارەدا پەیدا بکات. ئەم بوارە لەوەتەی دونیا هەیە فرت و فێڵی تیادا دەکرێت، هەر سەردەمەی بە شێوەیەک. هیوادرام ڕۆگارێک بێت مێژووی پزیشکی کوردستانیش بنووسرێتەوە تاوەکو هەموو ئەو بەڕێزانەی خزمەتیان کردووە، خزمەتەکانیان بنرخێنرێت. هەندێک لە پزیشکان خزمەتی بەرچاویان بە کتێبخانەی کوردی کردووە و فەرهەنگ یان با بڵێین کتێبی بەنرخیان پێشکەشی ئەو کتێبخانەیە کردووە. منیش بە بێ گەڕانەوە بۆ ئەو فەرهەنگانە هەرگیز نەمدەتوانی ئەم کتێبە وەربگێڕم. لە کانگای دڵەوە سوپاسیان دەکەم. هەروەها زۆر سوپاسی ئەو پزیشکانەش دەکەم لە پشت ڕاستکردنەوەی هەندێک باباتدا هاوکاریان کردم.

وەرگێڕ

# ژیاننامەی دکتۆر دوگلاس گوثری

دکتۆر دوگڵاس گوثری لە ٨ ی ئەیلووی ساڵی ١٨٨٨ دا لە شاری دیسارت لە وولاتی سکۆتلەندا لە دایک بووە. لە شاری ئێدنبرەی پایتەخت لە ئامادەیی شاهانە و لە زانکۆکانی ئێدنبرەو پاریس و جێنا خوێندوویەتی و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە پزیشکی و نەشتەرگەریدا لە ساڵی ١٩٠٧ دا بەدەست هێناوە. لە ساڵی ١٩٠٩ دا بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆڕی قورگ و لووت و گوێدا بەدەست هێناوە. لە ساڵی ١٩١٣ دا بووە بە ئەندامی کۆلێژی شاهانەی نەشتەرگەرانی ئێدنبرە و لەساڵی ١٩٦١ دا بووە بە ئەندامی کولێژی شاهانەی پزیشکان. بۆ ماوەی شەش ساڵ لە شارۆچکەی لانارک کاری پزیشکی کردووە و لە جەنگی جیهانی یەکەمدا لە ڕێخکراوی سوپای شاهانەی پزیشکی وەک فەرمانداری نەخۆشخانەی شاهانەی هێزی هەوایی، خزمەتی کردووە. لە ساڵی ١٩١٩ دا لە نەخۆشخانەی شاهانەی منداڵاندا بووە بە نەشتەرگەری قورگ و گوێ. لە ساڵی ١٩٢٠ دا بووە بە وانەبێژی نەخۆشیەکانی قورگ و لووت و گوێ لە زانکۆی پزیشکی شاهانەی ئێدنبرەدا. دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٥ دا دەستی لە کارکردن هەڵگرت، لە شوێنی جۆن کۆمری (١٨٧٥-١٩٣٩ز) پزیشک کرا بە وانەبێژی مێژووی زانستی پزیشکی لە زانکۆی ئێدنبرەدا و تا ساڵی ١٩٥٦ خەریکی وانەبێژی بوو. لە ٨ ی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٥ دا کۆچی دوای کردووە. ئەمانەش بەشێکن لە بەرهەکانی:

- *Early Text-Books of Otology*. London: Headley Brothers, 1940.
- *John Hunter: Surgeon and Naturalist.* Edinburgh: Oliver & Boyd, 1942.
- *Religio medici*: *A Tercentenary Tribute*. London: Lancet Office, 1943.
- *Medicine: Art or Science?* London: Samuel Temple, 1947.
- *Lord Lister, His Life and Doctrine*. Edinburgh: Livingstone, 1949.
- *Some Early Herbals and Pharmacopoeias*. Edinburgh: Edinburgh University, 1950.
- *Observations on Primitive Medicine, with Special Reference to Native African Medicine*. London: Royal Society of Medicine, 1951.
- *History of the Royal Medical Society, 1737–1937*. Edinburgh: Edinburgh University Press, 1952. (With James Gray)
- *From Witchcraft to Antisepsis, a Study in Antithesis*. Lawrence: University of Kansas Press, 1955.
- *Medical and Literary Contributions to the Transactions of the Royal Society of Edinburgh: 1783–1900*. Edinburgh: Royal Society of Edinburgh, 1958.
- *The Royal Edinburgh Hospital for Sick Children 1860–1960*. Edinburgh: Livingstone, 1960.
- *Scottish Influence on the Evolution of British Medicine*. London: Pitman Medical Pub. Co, 1960.
- *A History of Medicine*: 2nd Edition. Edinburgh: T. Nelson and Sons, 1960.

- *Plants As Remedies: The Debt of Medicine to Botany*. Edinburgh: Botanical Society of Edinburgh, 1961.
- *A Short History of the Royal Society Club of Edinburgh 1820 to 1962*. Edinburgh: Royal Society Club, 1962.
- *Janus in the Doorway*. London:. Pitman Medical Pub. Co.,1963.
- *The Medical School of Edinburgh.* Edinburgh: University of Edinburgh, 1964.
- *Extramural Medical Education in Edinburgh, and the School of Medicine of the Royal Colleges*. Edinburgh: E. & S. Livingstone, 1965.
- *The Aesculapian Club of Edinburgh*. Edinburgh: University of Edinburgh, 1968

# پێشەکی

لـە مانگـی ئـازاری سـاڵی ١٩٤٤ دا کاتێـک بەڕێـز وینسـتن چەرچـڵ لـە زانکـۆی شـاهانەی پزیشـکان وتـاری دەدا، وەهـای گـووت «تـا زیاتـر ئـاوڕ لـە ڕابـردوو بدەینەوە، داهاتوومان گەشـتر دەبێت». ئەم ڕاسـتیەش بوو بە پاسـاوێکی زۆر باش بۆ نووسـینەوەی ئـەم کتێبـە. ڕابردوو بناغـەی ئێسـتاو داهاتووشـە. مێژوو بـەردی بناغەی هەمـوو زانسـتێکەو پایەیەکی پتـەوی ڕێبـازی لێکۆڵینـەوەی هـەر بابەتێکە. جالەبەرئەوە دەکرێـت مێـژووی زانسـتی پزیشـکی وەک بناغەیـەک و پێشـینەیەک بـۆ خوێندنـی زانسـتی پزیشـکی سـەردەم کەڵکی لێوەرگیرێت. جێـی داخیشـە بەهـۆی پێشـکەوتنە خێراکان و دۆزینـەوە نوێیەکانی ئـەم سـاڵانەی دوای، پێشـەنگە کۆنـەکان لەبیرکراون. لەگـەڵ ئەمەشـدا زانـا مەزنەکانی وەک هارڤی، هەنتـەر و لیسـتەر هـەر بە گەورەیی ناویـان دەهێنیـن و لـە بیرەوەریماندا ماونەتـەوە. بەگشـتی مێـژووی زانسـتی پزیشـکی بەپێـی پێویسـت ئـاوڕی لێنەدراوەتەوە.لـە ئێسـتادا لـە بەریتانیـادا لـە هیـچ کۆلێژێکـی پزیشـکی بـە شـێوەیەکی تایبـەت بابەتـی مێژووی زانسـتی پزیشـکی، نەدەخوێنرێت و نـە هیـچ گۆڤارێکیشـی بـۆ تەرخـان کـراوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا بەشـی مێـژووی زانسـتی پزیشـکی کۆمەڵگـەی شـاهانەی بەریتانـی، زۆر کاریـان بـۆ بەرزکردنـەوەی ئاسـتی ڕۆشـنبیری پزیشـکی کردووە و بەدەرکردنی گۆڤاری پزیشکی (Proceeding)[1] زیاتـر

١ Proceedings of the Royal Society of Medicine: گۆڤارێکی پزیشکیە بەشێوەی وەرزی لەسـەرەتای سـەدەی نۆزدەیەمەوە لەسـاڵی ١٨٠٦ دا لەشـاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا دەردەکرا. دیارە ئەم گۆڤارە سـەرەتا بەناوی (Medico-Chirurgical Transactions) دەردەکرا. ئێستاش ماوەو دکتۆر کامران عەباسی سەرنووسـەریەتی.

خەڵکیان بەم بابەتە ئاشنا کردووە. خۆی هەر زۆر جار لە کۆندا کاری پزیشکی بە نائاسایی تەماشا کراوەو هەندێک جاریش وەک کارێکی چێژبەخش. ئێستاش مێژووەکەی بەرەو نەمان دەچێت و لە دونیای ئەمڕۆماندا زۆر بەکەمی بایەخی پێدەدرێت. لە لایەکی ترەوە دەبێت بزانین مێژووی زانستی پزیشکی و گرنگیەکەی بۆ زانستی پزیشکی ئەمڕۆ لە لای نەوەی نوێ زۆر بایەخی پێدەدرێت.

پێشینەی مێژوویی شتێکی گرنگ و پێویستە بۆ ئەوانەی پیشەی پزیشکی بە پیشەیەکی گرنگ تەماشا دەکەن. لەبەرئەوەی لەم ساڵانەی دوایدا هیچ کتێبێک لە بەریتانیا بۆ لەسەر ئەم بابەتە نەنووسراوە، هەوڵماندا وە لەم کتێبەدا پوختەیەک لەبارەی پێشکەوتنەکانی زانستی پزیشکی هەر لەسەردەمی ئیمهۆتێپەوە تا سەردەمی پزیشکی لێهاتووی کەنەدی، ویلیام ئۆسلەر، بخەینە ڕوو. ئەم کتێبەش هەموو شتێک لە خۆناگرێت و زۆر ناویش، کە شایانی ئەوەن بخرێنە بەرچاو، لابراون تا بەهۆی درێژدادرێیەوە جوانی وچێژی خۆی لەدەست نەدات.

مێژووی زانستی پزیشکی نابێت هەر سەرکۆزەرەیەکی ژیاننامەو تێکەڵەو پێکەڵەیەکی بەروارو ڕووداوەکان بێت، بەڵکو دەبێت زیاتر شێوازی پێشکەوتنی چارەسەرکردن لەسەردەمی کۆنەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، بخاتە بەرچاو.

کاری زانا پێشەنگەکان و شارەزایان و پسپۆڕی، لقەکانی زانستی پزیشکی بەدرێژای سەردەمەکان و نەخشەی جوگرافیای زانستی پزیشکی هەر لەسەردەمی یۆنانیەکانەوە تاسەردەمی سالێرنۆو پادواو پاشانیش بەڕێگەی لەیدن بۆ ئەمەریکاو بەریتانیا، سەردەمی لیکۆڵەرە بلیمەتەکانی وەک هارڤی، کلۆد بیرناردو لیستەرو زۆریکی تر، هەموو ئەمانە تەنها چەند باس و خواسێکی کەمن کە مێژوونووس دەبێت لە مۆزایکی مێژووی زانستی پزیشکیدا کاریان لەسەر بکات. هەرباس وخواسێکی تر درێژەپێدانی ئەو بابەتانەیە کە باسمان لێوەکردوون. ئەمەش شتێکی ڕوونەو هیواخوازین ئەم کتێبە هەرچەندە بێ کەم و کورتی نیە، داهێنانەکانی ڕابردوو بخاتە بەرچاو و یارمەتیمان بدات چارەسەری کێشەکانی ئەمڕۆمان بکەین و ببێتە بەردی بناغەی هەموو پێشکەوتنەکانی بواری زانستی پزیشکی لەداهاتوودا. وەک ڕێنیشاندەرێک بۆ ئەو خوێنەرانەی ئارەزووی لێکۆڵینەوەی چڕن، ئاماژەمان

بە سەرچاوەکان کردووەو مافی دەستەبەرکردنی زانیاریەکانیشمان بەخشیووە. هەروەها بیبلۆگرافیای کتێبە پۆلێن کراوەکان، کە زۆر زانیاری ئەم بابەتە فرەڕەهەندەی تیایە، خستۆتە بەرچاو. لە هەڵبژاردنی وێنەکاندا هەوڵمانداوە خۆمان لەشتی بێ کەڵک بەدووربگرین و وێنە و تابلۆکان لە سەرچاوە ڕەسەنەکانیانەوە وەرگرتووە. بەجۆرێک لە جۆرەکان جوگرافیا پەیوەندی بە مێژووەوە هەیەو بۆ وەها کتێبێکیش نەخشە شتێکی پێویستە. هەر زۆر بە پێویستمان زانیوە پوختەیەکی سادە، کە تیادا هەندێک لە ئامانجە گرنگەکانی فێرکاری زانستی پزیشکی لەخۆ بگرێت، بخەینە ڕوو. خۆی نەخشەکانمان وەک ڕێبەرێکی ناوازە بۆ ئەو خوێنەرانە دانراوە، کە پێدەچێت زیاترخوازیار بن لەڕێگەی ئەتڵەسە فێرکارییەکانەوە، ڕێچکەی توێژینەوەکانیان بگرن .

دیارە دانانی وەها کتێبێک بەبێ هاوکاری تەواو ناکرێت و پێم خۆشە دەست خۆشی لە هەموو ئەو دۆستانە بکەم کە یارمەتیان داوین لەنووسینەوەی ئەم کتێبەدا. کۆچکردوو دکتۆر جۆن دیکسۆن کۆمری، یەکەمجار لە چوونە سەر ڕێگە سەرەتایە سەرنجڕاکێشەکانی زانستی پزیشکی ڕێنمای کردین. جێی خۆیەتی ڕێز لە بیرەوەری وەها کەسێک بگیرین، کە بە نووسین و وانەکانی کارێکی کردووە لە ئێدنبرەدا مێژووی زانستی پزیشکی لای قوتابی و فێرخوازان گرنگی پێبدرێت.

هەروەها خۆمان بە قەرزاری بەرێز ئەلیکسەندەر میلیزی هاوڕێ و مامۆستامان دەزانین. بەڕێز میلز دەست نووسە سەرەتاییەکەی خوێندەوەو بە ڕەخنەی بنیاتنەر لە قۆناغەکانی سەرەتای نووسینەکەدا، زیاتر هاوکاری کردین. هاوکاری سەرەتایی کەسێک، کە زۆر شارەزای لە مێژوو و کاری سەرنووسەریدا هەبێت، شتێکی کەم نی یە.

کەسێکی تری بەخشندە کە هاوکاری کردووین، بەڕێز جی.ئێف .هەومی بەڕێوەبەری کتێبخانەی کۆمەڵگەی شاهانەی پزیشکی بووە، کە گەلێک پێشنیاری بەنرخی خستەڕوو. بە لێهاتووی و گەورەی خۆی لە ڕێی کتێب و سەرچاوەکانەوە ، وەڵامی گەلێک پرسیاری داینەوە.

ئەو لایەنانەی دی لەڕێی پسپۆڕیەکانیانەوە هاوکاریان کردووین و کە ئەبێت

لـه كانـگای دڵـەوە سوپاسـیان بكەیـن، كارمەندانـی كتێبخانـەكان، سـتافی كتێبخانـەی نیشـتیمانی سكۆتلەندا، كتێبخانـەی زانكـۆی ئێدنبـرە وكتێبخانـەی هەنتێریانـی زانكـۆی گلاسـكۆ، كتێبخانـەی سـگنێتی ئێدنبـرە، كتێبخانـەی زانكـۆی شـاهانەی پزیشـكان و نەشـتەرگەرانی ئێدنبـرە بـوون. هەروەهـا زۆر سوپاسـی هەمـوو ئـەو دۆسـت و هاوپیشـانە دەكەیـن، كە بـە دابین كردنـی سـەرچاوەو پشتڕاستكردنەوەی دەقەكانـەوە هاوكاریـان كردیـن.

لـە هەمـوو كتێبێـكا بوونـی پێڕسـتێكی بـاش كارێكـی پێویسـتە. جێـی خۆشـحاڵیە هـاوكاری كەسـێكی زۆر لێهاتـووی وەک دكتـۆر جـەی .سـی .كۆرسـۆن لـە كتێبخانـەی زانكـۆی ئێدنبـرەدا لـە دانانـی پێڕسـتی ئـەم بەشـەی كتێبەكەمـان، مسـۆگەربووبوو.لە كۆتایـدا پێمـان خۆشـە سوپاسـی بێپایانـی چـاپ گـەرەكان بكەیـن هـاوكاری زۆریـان كردیـن و گـەورەی خۆیـان نواند، لـە كاتێكا كاری چـاپ كـردن زۆر سـەرئێشـەو تەنگ و چەڵەمـەی هاتـە ڕێ.

***دوگڵاس گوثری، ئێدنبرە، مانگی شوباتی ساڵی ١٩٤٥***

بـە یـادی زۆرێـک لـەو پزیشـكانەی هەرچەنـدە زۆر ناویـان لـە نـاو ناوانـدا نـی یـە، ڕۆڵیـان لەپێشخسـتنی زانسـتی پزیشـكیدا دیاربـووە.

كـێ دەزانێت داخـۆ باشـترینەكان خەڵـک دەیاننـاسـن یـان داخـۆ كەسـانێكی زۆر نەبن لەبیركرابن، لێهاتووتـر بن لەوانـەی سـەردەمێک لـە سـەردەمەكان یـاد دەكرێنەوە ؟

***تۆماس براونی***

بەشـێک لـە چاكەكانـی دونیـا مێژووكـرد نـی یـە، مەرجیـش نـی یـە ئـەو شـتانەی لای مـن و تـۆ زۆر خراپـن وەهـا ڕوویاندابێت. بەشـێكی لـە كارە باشـە دیـارەكان هـی ئەوانەیـە كـە لـە ژیانـی پەنهانیدا دڵسـۆزانە ژیـاون و لەنـاو ئـەو گۆڕانـەدان كـە كـەس ناچێت بەلایاندا!

***جۆرج ئیلیۆت***

# بەشی یەکەم

## پەیدابوونی زانستی پزیشکی

بایەروونی شاعیری گەورەی ئینگلیز وتوویەتی «هیچ شتێک وەک دەستپێک سەخت نیە». پێدەچێت ئەم ووتەیەش کتومت بەسەر مێژووی زانستی پزیشکیدا جێبەجێ ببێت چونکە ناتوانین بە ئاسانی وەسفی ئەو ئامێرانە بکەین کە پێشینانمان شێوازەکانی چارەسەرکردنیان پێ دۆزیوەتەوە و پەرەیان پێداوە. خۆی بەگشتی لەسەرەتادا کارکردن لە بواری پزیشکیدا بە گۆترە بازی بووە و هیچ بەڵگەیەکی نووسراو یان نەخشەیەکی وەها کۆنیش نەماوەتەوە هی قۆناغێکی تاڕادەیەک درەنگی مرۆڤی چاخی بەردین دەربخات. جا ئەو نەخشەو نووسراوانە ئەگەریش هەبن، پێدەچیت لێکدانەوەی هەڵەیان بۆ بکرێت.

## کەرەستەو نەخشە و ئێسکە زۆر کۆنەکان

جادووگەران و پزیشکان کۆنترین چینی پێشەوەر بوون، کە ڕۆڵیان لە پێشخستنی کۆمەڵگەدا هەبووە. لەسەر ڕووی ئەشکەوتی «سێ برا» دا لە فەرەنسا لە زنجیرە چیاکانی پیرنیزدا، نیگارێک هەیە پێدەچێت کۆنترین وێنەی دۆزراوەی پزیشکێک یان جادووگەرێک بێت. ئەم نیگارە، کە لەسەر پێستی گیانلەبەرێک نەخشێنراوە، پەلەکانی بە چەند خەتێکی بۆیە ڕازێنراوەتەوەو سەریشی دوو

شـاخی گـەورەی پێوەیـە. ئـەم مرۆڤـە نەناسـراوە ترسـناکە تاڕادەیـەک شـێوەی لـە جادووگـەرە پزیشکە ئەفریقیەکانی سـەدرەمی نۆێ دەچێت. دەووترێت ئـەم مرۆڤـە لـە ڕەگـەزی ئۆرگناسـیانەو دەووروبـەری پانـزە هـەزار سـاڵ پێش زایـن ژیـاوە، کـە مێژووەکـەی لەچاخـی بەردینـەوە نزیکـە. دەش گوترێـت مـاوەی ئـەم چاخـە پێنـج سـەد هـەزار سـاڵ بـووە. خـۆی دیاریکردنی کاتی چاخـە دێرینـەکان تـەواو وورد نـی یـە، بەڵکو لـە باشـترین حاڵەتدا هـەر بەشـێوەی گریمانەیـی دەبێت.

گەلێک تاشـەبەردو بـەردە ئەسـتێی بەکارهاتـوو دۆزراونەتـەوە، کـە مرۆڤـی کـۆن وەک کەرەسـتەو چـەک کەڵکیـان لێوەرگرتـوون. پێدەچێت هەندێکیـان وەک ئامێـری پزیشـکی بەباشـی بەکارهێنرابـن، هـەروەک چـۆن هێشـتا دانیشـتوانی ڕەسـەنی ئۆسـتڕاڵیا چەقـۆی بەردیـن لـە ڕێوڕەسـمی خەتەنەکـرن دا بەکاردێنـن.

بێجگـە لـەو ئاسـەوارانەش ئێسـکە پەیکـەری مرۆڤـی کـۆن و ئێسـکی مرۆڤـی سـەردەمانی چاخـی بەردینـی کـۆن و نوێـش دۆزراونەتـەوە، کـە دەیسـەلمێنن لـەو سـەردەمانەدا نەخۆشـی ڕۆماتیـزم و سـیل هەبـووە! لەسـاڵی ۱۸۹۱ دا دکتـۆر یوجێن دوبـوای زەویناسـی هۆڵەنـدی و پسـپۆڕی بـواری ئیسـکە بەبـەرد بـووەکان، لەدوورگـەی جاڤا لـە ئیندۆنیزیا ئێسکی ڕانی مرۆڤێکی شێوە مەیمونی دۆزیـەوە، گرێی ئێسکی گـەورە یـان ئاوسـاوی لـە نزیـک کۆتـای بەشـی سـەرەوەی ئـەو ڕانـەدا هەبـوو. مرۆڤی جاڤا سـەربە ڕەگەزێکی زۆر کۆنـی مرۆڤـی شـێوە مەیمـوون بـووە، کـە نزیکـەی چـوار هـەزار سـاڵێک لەمـەو بـەر لەنـاو چـووە. هەروەهـا پرۆفیسـۆر ڕۆی مـوودی زەویناسـی ئەمریکـی لـە ڕێگـەی دۆزینـەوەی دەینەسـوری ئەپاتۆسـارۆس لـە ویلایەتـی وایۆمینـی ئەمریکاوە، کـە گرێیەکـی ئێسـکی لـە بڕبڕەی کلکیدا هەبـووە، سـەلماندوویەتی پێش ئـەوەی مـرۆڤ هەبـوو بێت نەخۆشـی هـەر هەبـووە. دەکرێت بڵێیـن ملیۆنـان ساڵە نەخۆشـی هەبـووە.

ژمارەیەکـی بێشـوومـاری کاسـە سـەر هـەن، کـە بێگومـان سـەلمێنەری ئـەوەن نەشـتەرگەری کاسـەی سـەریش ئەنجـام دراوە. هـەر لەسـەردەمانی کۆنـەوە کۆنتریـن نەشـتەرگەری ئەنجامدرابێت، نەشـتەرگەری کاسـەی سـەرە. ئەمـەش جێگای تێڕامانە. دەشـکرێت زیاتـر لەسـەرچاوەی ئـەم بابەتـە بکۆڵینـەوە تـا پاڵنەرەکانـی ئەنجامدانـی

ئـەم نەشـتەرگەریە شـەن و کـەون بکیـن. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش بـا ئێسـتا سـەرنج بدەینـە سـەر ڕوانینـی مرۆڤـی سـەرەتای لەسـەر نەخۆشـی.

خۆی سەرچاوە دیارەکانی زانیاری مێژووی زانستی پزیشکی لەسەردەمانی زۆر کۆندا، زۆر کەمن .لەگەڵ ئەوەشدا چەند جۆرێکی دیاری لێکۆڵینەوەی زانیاری هـەن، شـایانی ئـەوەن بـە ووردی کاریـان لەسـەر بکرێت. پێش هەموو شـتێک ئەمانـە بیروبـاوەڕ و نەریتـی مرۆڤـی سـەرەتایین، کـە هێشـتا مـاون و لەسـەردمی نوێدا بەهەڵـە پێـی دەڵێن مرۆڤـی دڕنـدە. وێڕای ئەمـەش پزیشـکی میللـی پشـتاو پشـت و هاتووەو لـەزۆر شـوێنی جیهانیشـدا کاری لەسـەر دەکرێت.

## مرۆڤی سەرەتایی و ڕوانینی لەبارەی نەخۆشیەوە

هەڵـە ناکەیـن گـەر بڵێیـن مرۆڤـی سـەرەتایی لەسـەردەمی خۆیـدا هاوشـێوەی مرۆڤی سەرەتایی لەمڕۆدا هەڵس وکەوتی کردووە. پێدەچێت خەڵک دووگریمانەی هەڵـە بـۆ ئـەم قسـەیە بکات.

پەرەسـەندنی مـرۆڤ هەرگیز بـەو ئاڕاسـتەیەی سـەرەوە نەبـووە، جا لەبەرئـەوە پێدەچێـت مرۆڤـی سـەرەتایی لەسـەردەمی ئێسـتاماندا هەڵـس و کەوتـی خـراپ بووبێـت و تەنانـەت لـە پێشـێنانی زۆری کۆنـی خـۆی زیرەکتـر نەبـوو بێـت.

دەی پێدەچێـت زۆر کـەم لـە کۆمەڵگـە سـەرەتاییە ڕەسـەنەکان بـە بـاش یـان بـە خـراپ کاردانەوەیـان بەرامبـەر شارسـتانیەتی سـەردەم نەبووبێـت. جـا لەبـەر ئـەوە ئەنجامدانی توێژینەوە لە بواری مرۆڤناسیدا سنووردار بووە. بوارەکەش بەردەوام کـەم دەبێتـەوەو لەبـارەی ڕەگـەزی مرۆڤـە ڕەسـەنە کەنارگیـرەکان وەک جۆرێکـی مـرۆڤ، زانیـاری کەمـمان دەسـت دەکەوێت.

سـەرباری ئـەو ئاسـتەنگیانەی بەتێپەڕبوونـی کات لـەم جیهانـە بەیەکچـووەوە لەیەکچووەدا هاتوونەتە پێش، زۆر زانیاری بەسوودمان لەبارەی زانستی پزیشکی لای مرۆڤـی سـەرەتایی لـەم سـەردەمانەی دوایـدا دەسـت کەوتـووە. مـرۆڤ دەگاتـە ئـەو بـاوەڕەی شـێواز و نەریتـی ژیانـی مرۆڤـی سـەرەتایی لەمڕۆدا لـە هـی مرۆڤـی سـەرەتایی لەسـەردەمانی کـۆن بچێت.

## گرێکوێرەی مردن

پێدەچێت مرۆڤی سەرەتایی لە قۆناغی بەرایی پەرەسەندنیدا بەدوای چارەسەری کێشەی نەبڕاوەی مردندا گەڕابێت. گومانی تیا نیە مرۆڤی سەرەتای باوەڕی وابووە، هەروەک مرۆڤی سەرەتایی لە دونیای سەردەمدا هەمان بڕوای هەیە، کە مرۆڤ لەسەرەتادا چارە نووسی ئەوە بووە هە ر تاڵاوی مردن نەچەژێت! مردنیش خۆی سزای تاوان بووە. بەگوێرەی سەنتەری ئەفسانەی ئەفریقی بانتو هەر کە مرۆڤ پیربوو لەڕێگەی لابردنی پێستیەوە دەتوانێت خۆی گەنج بکاتەوە، بەڵام ئەوە گرنگ بووە ئەم لابردنی پێستە بە نهێنی ئەنجام بدرێت. پیاوێکی بەتەمەن گەمژانە ڕێگە بە کچەزایەکی دەدات ئەم کارەی ببینێت، بەو هۆیەشەوە ئەکەوێتە بەر تووڕەی خواوەندەکان و ببڕای ببڕای خێر و بەرەکەت لە کارەکەیدا نامێنێت. بە گوێرەی ئینجیلیش « خواردنی میوەی قەدەغەکراوی بەهەشتی عەدەن، هۆکاری لەناو چوونی دونیاو هەموو واوەیلایەکە».

جا هەر بە سەرنجدانێکی هاکەزایی لەسەر ئەو هەموو بیروباوەڕانەی لەبارەی مردنەوە هەن، زۆر لە مەبەستە سەرەکیەکەمان دووردەکەوینەوە. بازیاتر لێکۆڵینەوە لە ڕوانینی مرۆڤی سەرەتایی لەبارەی نەخۆشیەوە بکەین.

## گرێکوێرەی نەخۆشی

لەهەر شوێنێکی جیهان لە نەخۆشی بکۆڵیەنەوە، هەر دەگەینەوە بە هەمان ئەنجام. بەو واتایەی مرۆڤی سەرەتایی بڕوای وانیە کارەساتە سروشتیەکان ببنە هۆی نەخۆشی. نەخۆشیە جۆراوجۆرەکان وەک کاردانەوەی خراپی خواوەند یان هێزی سەروو سروشت یان بوونەوەرێکی زیندوو یان مردوو، وێنا کراون. بە واتایەکی تر، نەخۆشی زیاتر وەک دیاردەیەکی جادووگەری یان ئاینی تەماشاکراوە وەک لەوەی دیاردەیەکی سروشتی بێت.

ویلیام هاڵس ڕیڤەرز ریڤەرز، کە توێژینەوەکانی لە فیلادیلفیادا بەناوبانگن، دەڵێت « حاڵەتی پێوەدانی مار بەو شێوازە بیرکردنەوەی ئێمە نی یە پەیوەندی بە سروشتی ئاژەڵێکی ژەهرینەوە هەبێت، بەڵکو وابڕوادەکرا جاووگەرێک ماری

لەسەر ڕێگەی قوربانیەک دابنێت یان جادووگەرەکە هێزێکی تایبەتی پێ ببەخشێت یان تەنانەت وا لێک دەدرێتەوە ئەو مارەی بە قوربانیەکەوە دەدات هەر مار نەبوو بێت، بەڵکو جادووگەرەکە خۆی بێت لەشێوەی مارەکەدا»!

بەتێڕامان لەم بیروباوەڕە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی لای مرۆڤی سەرەتای نەخۆشی دوو هۆکاری گریمانەکراوی هەبووە یەکەم :- کاریگەری مادەی نا تەندروست کە دەچێتە ناو جەستە. دووەمیش:- دەرهێنانی ڕۆحی قوربانیەکە لە جەستەی. دەکرێت بۆ هۆکاری یەکەم باسی نموونەی ( ئێسک تێگرتن) بکەین، کە لە ئۆستڕالیادا باوە. لە دونیادا مرۆڤی ڕەسەنی ئوستڕالی بە سەرەتاییترین جۆری مرۆڤ لە سەردەمی ئەمڕۆماندا دادەنرێت. ئەم ڕەگەزەی مرۆڤیش سەرنجی زۆر مرۆڤناسی بەتوانای ڕاکێشاوە. ئێسکەکە دارێکی درێژی باریکی ئەڵقە ئەڵقەیە بۆ دیاری کردنی ژمارەی قوربانیەکان، بەمەبەستێکی خراپ بەکاردەهێنرێت و بەشێوەیەکی تایبەت هەڵدەگیرێت و بەرەو ڕووی قوربانیەک دەهاوێژرێت. بە گۆرانیەکی خۆشیش ڕێوڕەسمێک بەڕێوە دەچێت. پاشان ئێسکەکە دەنێژرێت و هێرش بەرەکەش چاوەڕێی نەخۆش کەوتنی دوژمنەکەی دەکات. قوربانیەکە هەر کە دەزانێت بە ئێسک هێرشی کراوەتە سەر، دەسەوەسان نابێت. تەنانەت وازانراوە لە ترسیشدا بمرێت. لە حاڵەتەکانی تردا، دەرکەوتنی نەخۆشیەکە یەکەم ئاماژەیە بۆ کەسە نەخۆشەکە، کە ئێسکەکە لەو گیراوە. هەرچۆنێک بێت دۆستانی نەخۆشەکە بەدوای ئێسکەکەدا دەگەڕێن، ئەگەر دۆزیانەوە، مانای وایە زوو چاک دەبێتەوە. دەی هەوڵی تۆڵە سەندنەوە لە هێرشبەرەکەش دەدەن، کە بە مشت بەتوندی لێی یان هەر پێدەچێت بیکوژن. بۆ چارەسەری نەخۆشیەکە، شارەزای پزیشکی لە ڕێگەی مژینەوە کار لەسەر چارەسەری نەخۆشیەکە دەکات. تف و بەڵغەم دەکاتە ناو دەستی. باوەڕ ناکەیت چی دەکرێت لە دوایدا ؟ قوربانیەکە تەماشای ناو لەپی کەسە شارەزاکە دەکات، بەردێکی کریستاڵی بچووکی تیادایە کە سەرچاوەی هەموو نەهامەتیەکەیەتی. با درێژەی نەدەینێ، دواتر نەخۆشەکە تەندروستی بەرەو باش بوون دەڕوات و زوو چاک دەبێتەوە! هەروەها لە مێلانیزیاشدا وابڕوادەکرێت هۆکاری نەخۆشی تێگرتنی ئێسک یان ئەو تەقەکەری تارمایە بێت، کە پێی دەڵێن تاماتێکتوا. ئەمەش دار حەیزەرانێکی ناوبۆشە کە بەشە ئێسکەکانی مردووی

تیادایە. کاتێک دوژمنەکە دەبینرێتەوە، سەری دارەکە لادەبرێت و ڕۆحە پیسەکەش لەجەستەی قوربانیەکە دەردەچێت. دووەم بیروباوەڕی باو ئەوەیە کە هۆکاری نەخۆشی جیابوونەوەی ڕۆح بێت لە جەستە. لەبۆڕنیۆدا ئەم بیروباوەڕە بەربڵاوە. کەسێکی ڕۆحانی شارەزا بانگ دەکرێت تا چارەسەری نەخۆشەکە بکات. دکتۆر چارلس هەوز چۆنیەتی ڕۆح کێشانی لە کتێبە ناوازەکەیدا بەناوی (باس و خواسی شیردەرەکانی بۆڕنییۆ) خستۆتەڕوو. ڕێوڕەسمێک لەڕێگەی داگیرسانی ڕووناکی مەشخەڵێکەوە دەست پێدەکات و نەخۆشەکەش لە شوێنێک ڕادەکشێ و کۆمەڵێک دۆست و بینەر لێی کۆدەبنەوە. مامۆستای ڕۆحانی دەکەوێتە حاڵەتی بێئاگاییەوە و ڕۆحی خۆی دەنێرێت تا ڕۆحی نەخۆشەکە بدۆزێتەوە و ڕازی بکات بگەڕێتەوە. بەچاوی نوقاوەوە باس و خواسی گەشتی گەڕانەکەی بەدوای ڕۆحەکە دەهۆنێتەوە. دواجار دوای ئەوەی دەکەوێتە حاڵەتی خەواندنی موگناتیسیەوە، ڕۆح کێشێک وەک کەسێکی بواری پزیشکی لە ئوستراڵیادا زیخ و دەنکە تەزبیح پیشان دەدات، کە ڕۆحەکەی تیایە. سەری نەخۆشەکەی پێ دەهەسوێت و ڕۆحەکە دەچێتەوە شوێنی خۆی. لەڕێگەی بەستنی گەڵای باوەشێنی دار خورمای بچووک بەدەوری مەچەکی نەخۆشەکەوە، ڕێگری لەدووبارە دەرچوونی ڕۆحەکەی دەکرێت. هەروەها لە ڕێگەی لوولەی مژینەوە ئازاری جەستەی نەخۆشەکە چارەسەر دەکرێت. مامۆستای ڕۆحانی وەک جادووگەرێک دەنکە دەرمانی ڕەشی بچووک دروست دەکات تا بە هەمووان بڵێت هەوڵەکانی بێئاکام نەبووە. پێدەچێت ئەمەش بۆ پیشاندانی ئەوە بێت مرۆڤی سەرەتایی لە سەردەمی نوێ وهەروەها لە سەردەمە زۆر کۆنەکانیشدا هۆکاری نەخۆشی بۆ هێزە سەرو سرشتیەکان گەڕاندبێتەوە یان بیگەڕێننەوە و بەو میتۆدانەش چارەسەری کردبن، کە هاوشێوەی ئەوانەن ئەمڕۆ چارەسەرکارە دەروونیەکان کاریان پێدەکەن. خۆی لەڕاستیدا هەر هەمان تاسەو حەمامە و چەندە بچینە ناو ووردەکاریەوە گۆڕانکاری بەدیدەکەین، کەچی بۆ چەندین سەدە سەرچاوەکانی چارەسەر هەر بەهەمان شێوە بووە.

## نەشتەرگەری کونکردنی کاسەی سەر بە مشار لەسەردەمی کۆندا

با ئێستا باس لەم نەشتەرگەریە سەیرە بکەین، کە بەڵگەی ئەوەیە نەشتەرگەری کاسەی سەر لە زۆر شوێنی دونیادا لە سەردەمی کۆندا ئەنجامدراوە. ئێستاش لای چەند کۆمەڵگەیەکی دیاری سەرەتاییەوە هەر ئەنجام دەدرێت.

لەساڵی ١٨٦٥ دا دکتۆر پوونیەیری پزیشکی گشتی ئارەزوومەند لەبواری شوێنەواردا لە نزیک زنجیرە چیاکانی سیڤێدا، گۆڕێکی زۆر کۆنی لە ئێگێغ لە ناوەڕاستی فەڕەنسادا دۆزیەوە. کاسە سەرێکی تیابوو لە دەورەبەری پشتی سەری کونێکی گەورەی تیابوو کە لێواری زۆری سافی هەبوو. لەگەڵ کاسەی سەرەکەدا چەند پارچە بەردێکی خڕو ناڕێکی دۆزیەوە، کە وا دیار بوون لەکاسەی سەری یەکێکی ترەوە دەرهێنرا بن. وابڕوای کرد کاسە سەرەکە بەمەبەستی بەکارهێنانی وەک گۆزەی ئاو خواردنەوە کون کرابێت. ئەمەش نەریتێکی باو بووە لای مرۆڤی سەرەتایی و پێدەچێت مرۆڤی چاخی بەردینی نوێش هەر ئەم کارەی کردبێت. دواتر لە ناوچەی بریتانی و هەندێ ناوچەی تری فەڕەنسادا کۆمەڵێک کاسە سەری تری کونتێکراو دۆزرانەوەو لە ساڵی ١٨٧٦ دا پڕۆفیسۆر پۆڵ بڕۆکا لە پاریس ئەوەی خستە ڕوو، کە بۆچوونەکەی دکتۆر پڕۆنیۆ هەڵە بووەو بە مەبەستی ئەنجامدانی نەشتەرگەری کاسە سەرەکان کونکرابوون و لەسەر نەوەکانی مرۆڤی چاخی بەردینی نوێش نەشتەرگەریەکان ئەنجام دراون. ئەو ئامێرەش بۆ بڕینی کاسەی سەرەکە بەکارهێنراوە، کڕێنەری بەردە چەرخ بووە. وێڕای ئەوەش بڕۆکا بڕوای وابوو ئەو کەسانەی لە ژێر ئەم نەشتەرگەریەکەدا ڕزگاریان بووە هێزی ئەفسانەییان هەبووە. کاتێکیش مردوون بەشەکانی کاسەی سەریان بەتایبەتی لێواری کونە دروست کراوەکان زۆر داخوازیان لەسەر هەبووە و وەک نووشتەو چاوەزار بۆ چارەسەری گەشکە و نەخۆشی مێشک کەڵکیان لێوەرگیراوە! بەو جۆرە لێکدانەوەی بۆ بەشەکانی ئەو کاسەی سەرانە کرد کە پڕونییر دۆزیبوویەوەو ئەم پارچە ئێسکانەش کە بە زۆری شێوەیان بازنەی کونکرابوون تا وەک ملوانکە لە مل بکرێن و پێیان ووتراوە ”rondelle“ یان ملوانکەی شێوە گوڵ. هەموو ئەو لێوارەی بەمشار نەشتەرگەری بۆ دەکراو

کوندەکرا، لانەدەبرا. ئەوەی پێویست بووایە بۆ خاوەنی کاسەی سەرەکە بە جێ دەهێڵرا بۆ دوای مردنی و لە هەندێک حاڵەتدا بەشە پوخت کراوەکان بە پارچە ئێسکی کاسە سەری تر جێگۆڕکێی پێدەکرا.

دوای دۆزینەوەی چەند کاسە سەرێکی تر، دەرکەوت نەشتەرگەریەکە تەنها لەسەر منداڵ نەکراوە هەروەک برۆکا وا بڕوای دەکرد. خۆی ئەو کاسە سەرانەی دۆزرابوونەوەو بەهۆی نەشتەرگەرییەوە کونیان تیاداکرابوو، هەموویان هی کەسانی پێگەیشتوو بوون. دەی دیارە گومانی تیانیە زۆربەی ئەو نەشتەرگەریانە بوونەتە هۆی چاک بوونەوەی کەسی نەخۆش. خڕی و سافێتی لێواری کونەکان بەڵگەی ئەوەیە نەخۆشەکە بەرگەی ئازار و ناڕەحەتیەکی زۆری گرتووەو بۆ چەند ساڵێکی تریش ژیاوە. هەر زۆر بەکەمیش، زیاتر لە یەک نەشتەرگەری کونکردن ئەنجام دراوەو لە وولاتی پیرۆش لەم دوایانەدا کاسە سەرێک دۆزراوەتەوە پێنج کونی تیادابووە. لەساڵی ١٨٩٤ دا دکتۆر مونیز پشکنینی بۆ هەزار کاسە سەر کرد، کە پێدەچوو مێژووەکەیان بۆ سەردەمی پێش شارستانیەتی ئینکا گەڕابنەوە. بۆی دەرکەوت نۆزدەیان نەشتەرگەیان بۆ کرابوو، یەکێکیشیان سێ نەشتەرگەری جیاوازی بۆ کرابوو. لەهەندێک لەم کاسە سەرانەدا کونەکە شێوە هێلکەی نەبووە، بەڵکو چوار گۆشەی بووە و ئاماژەکانیش ئەوە دەردەخەن چوار شوێنی سەرنجڕاکێشی بە مشار بڕدراوەو هەر یەکەیان بۆ لایەکی کونەکە بووە.

لەدوای بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکەی برۆکا، گەلێک نموونەی کاسە سەری کونکراوی مرۆڤی چاخی بەردینی نوێ بە نەشتەرگەری، لە فەڕەنسا و هەروەها تارادەیەکیش لەنەمسا و پۆڵەنداو ڕووسیاو ئەڵمانیا و ئیسپانیاش دۆزراونەتەوە. هەتا ئەم دوایانەش تەنها دوو نموونەی باوەڕپێکراو لە بەریتانیادا دۆزراونەتەوە. یەکێک لەوانە کاسە سەری کەسێکی پێگەیشتوو بووە لە ساڵی ١٨٦٤ دا لە ڕووباری تایمز لەنزیک پردی هامێر سمثی ئەمرۆ، لەکاتی دەردانی قوڕولیتەدا دۆزراوەتەوە. لەو شوێنەدا واپێدەچێت کۆمەڵە خانوویەکی لە دار دروست کراو هەبوو بن، بەڵگەش بۆ ئەوە دۆزینەوەی گەلێک مادەی بەردین و برۆنزە. کاسە سەرەکە، کە پێدەچێت هی مرۆڤی چاخی بەردینی نوێ بێت، کونێکی نائاسایی

لە تەوقەکەیدا هەبووە. ئەو کەسەش بەهۆی بوونی برین لە بەشی سەرەوەی ناو ئێسکی لووتدا نەشتەرگەریەکەی بۆ ئەنجام دراوە و خۆشبەختانەش لە مردن ڕزگاری بووە.

دووەم کاسە سەر لە بەریتانیدا لەساڵی ١٨٦٣ دا لە گۆڕێکدا لە نزیک بسلی، لە گلوستەرشایەر دکتۆر پەیت دۆزیویەتیەوە. نەشتەرگەری ئەم کاسەی سەرە تەواونەکراوە. لە بەشی پێشەوەی درزێکی بازنەی هەڵکۆڵراوە، بەڵام خەپلەی (دیسک) ئێسکەکە جیانەکراوەتەوە و پێدەچێت نەخۆشەکە لەکاتی ئەنجامدانی نەشتەرگەریەکەدا مرد بێت یان پێدەچێت نەشتەرگەرەکە لەبەر چەند هۆیەک لە نەشتەرگەریەکەدا سەرکەوتوو نەبوو بێت.

زۆر کاسەی سەری تری کونکراو لەبەریتانیادا دۆزراونەتەوەو دکتۆر تی .ویلسن .پای، کە زیاتر لەم بابەتەی کۆڵیوەتەوە، دوو نموونەی تری کاسەی سەری باس کردووە. هەردووکیان لەناوچەی دۆر سێت دۆزراونەتەوە. لەهەریەک لەو کاسەی سەرانەدا، خەپلەی گەورەی ئێسک لابراوە. ئەمەش پێدەچێت لە ڕێگەی کڕێنەرێکەوە یان مشارێکی بەردە ئەستێوە ئەنجامدرا بێت. بڕینی لێوارەکەشی هیچ ئاماژەیەکی چاک بوونەوەی پیشان نەداوە و مردنی نەخۆشەکەش هەر پێدەچێت بەهۆی نەشتەرگەریەکەوە بوو بێت. لەنێو ئەو نموونەی کاسەی سەرە بەریتانیانەی کە جێی گومانن، کاسەی سەری ژنێکی گەنجە، کە لە گۆڕێکی بەردین لە لای کۆشکی ماونت ستوارت لە دوورگەی بووت لەگەڵ ملوانکەیەکی خەڵوزی و کوپەیەک و پارچەیەک بڕونزدا پێکەوە، دۆزراونەتەوە. کاسە سەرەکە، کە کونێک لە بەشی پێشەوەیدا هەیە، ئینجێک لە سەرووی گۆشەی دەرەوەی چاڵی چاو کە بە لێوارێکی چڕی ئێسکینەوە دەورەدراوە، دکتۆر ڕۆبەرتۆ مۆنرۆ لەساڵی ١٨٩١ دا وەسفی کردووەو ئیستا لە مۆزەخانەی کۆمەڵگەی ئەنتیکەی سکۆتلەندایە. دیار نیە داخۆ کونەکە لەڕێگەی نەشتەرگەری کونکردنەوە یان نەخۆشی ئێسکەکەوە دروست بووە.

## نەشتەرگەری كونكردنی كاسەی سەر لای مرۆڤی سەرەتایی لە سەردەمی نوێدا

زانیاریمان لەبارەی نەشتەرگەری كونكردنی كاسەی سەرەوە هەر زۆر كەم لەبەردەستدایە و تا ئێستاش لە زۆر شوێنی جیاوازدا بە شێوەی بەرفراوان لە جیهاندا، وەک دوورگەكانی زەریای هێمن و قەوقازیا و جەزائیر، مرۆڤی سەرەتایی ئەم نەشتەرگەریەی ئەنجام داوەو ئەنجامیشی دەدات.

لە میلانیزیادا زۆر كاسەی سەر دۆزراونەتەوە، كە شوێنی هەڵكۆڵراوەكانیان زۆر لە شوێنە هەڵكۆڵراوەكانی كاسەی سەری مرۆڤی چاخی بەردینی نوێ دەچێت. ئەم كاسەی سەرانە لە نیو گینیا و ئەرخەبیلی بیسماركی دراوسێی و هەروەها لە كالۆدینیای نوێ و دوورگەكانی دراوسێی لۆیالتی گروپدا، دۆزراونەتەوە. هەموو ئەو كونانەی لە كاتی نەشتەرگەریەكەدا لەسەر كاسە سەرەكەدا دروست كراون، دەری دەخەن لێوارەكانی چاک بوونەتەوەو مەرجیش بووە كە نەشتەرگەریەكە ببێتە هۆی چاک بوونەوەی نەخۆشەكە. بەڕێز جەی .ئەی .كرەمپ دەڵێت " لە بەریتانیای نوێدا تەنها لە كاتی شكان یان شەڕی خێڵەكاندا ئەم نەشتەرگەیە ئەنجام دراوەو ئەو كەرەستەشی بۆ نەشتەرگەری بەكار هاتووە پارچە توێكڵ یان شووشەی ڕەشی گڕكانی بووە". بڕینەكەش بە دەرزی لاسكی مۆزی مژەر دەپێچرا. ئەگەری مردنی نەخۆشەكە نزیكەی لەسەتا بیست بووە، بەڵام زۆر جار هەر برینەكە خۆی زیاتر لە نەشتەرگەریەكە بووەتە هۆی مردن.

لە هەندێک لە دوورگەكانی زەریای هێمندا، ئەم نەشتەرگەریە بەمەبەستی چارەسەری گەشكە، سەرئێشە و شێتیش ئەنجامدراوە. لە كاتێكا وازانراوە لە ئیرلەندای نوێدا، كە دوورگەیەكە دەكەوێتە باكووری پاپا گینیای نوێ، زۆرێک لە خەڵكە ڕەسەنەكانیان ئەم نەشتەرگەریەیان ئەنجام دابێت تا تەمەنیان درێژ بێت!

لەساڵی ١٨٨٨ دا یەكێک لە نووسەرەكان وەها باسی نەشتەرگەری كونكردنی كاسەی سەری لە گۆڤاری پزیشكی (The Lancet) دا كردووە " دانیشتووانی ناوچەی داغستانی قەوقازیای سنووری دەریای قەزوین، ئەم نەشتەرگەریەیان

بۆ هەموو پێکانێکی کاسەی سەر ئەنجامداوەو هێرشبەریش دەبووایە هەموو تێچوویەکی نەشتەرگەریەکەی بدایە".

هیلۆتن سیمپسۆن لە کتێبەکەیدا بەناوی (زانستی پزیشکی و نەشتەرگەری لای عەرەبەکان، لێکۆڵینەوەیەک لەسەر شێوازی چارەسەرکردن لە جەزائیردا) باس و خواسێکی فرە چاکی لەبارەی نەشتەرگەری کونکردنی کاسەی سەر لای مرۆڤی سەرەتای لە سەردەمی نوێدا کردووە. سیمپسۆن چوار جار سەردانی زنجیرە چیاکانی ئۆڕاسی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی بیسکرا لە جەزائیر کردووەو بەهۆی متمانەپێکردنیەوە لای چارەسەرکارە ڕەسەنەکانەوە دەمودست توانیویەتی لێکۆڵینەوە لە شێوازەکانی نەشتەرگەری لای ئەوان بکات. مرۆڤ ئاوات دەخوازێت زیاتر لەم جۆرە گەشتە بکات، چونکە زۆر زانیاری لەبارەی زانستی پزیشکی لای مرۆڤی سەرەتایی لە سەردەمی نوێدا دەست دەکەوێت. شێوازی چارەسەرکردن لە چیاکانی ئۆڕاس بۆماوەییە، واتە پشتا و پشت لە باوانەوە بۆ نەوەکان دەڕوات. مێژووی زانستەکە ڕوون نیە. لەوانەیە بووترێت لێرە جۆرێکی خراپی زانستی پزیشکی یۆنانی یان کلاسیکیمان هەیە. ناشکرێت ئەم گریمانەیە نکۆڵی لێبکرێت، بەڵام ناشکرێت بەسەر زانستی پزیشکی لای مرۆڤی سەرەتایی و نەشتەرگەری لە مێلانیزیادا بسەپێنرێت، کە زۆر لە زانستی پزیشکی ئەفریقای باکوورەوە نزیکە. سیمپسۆن باس لە بەکارهێنانی ئەو دەرمانانەی کردووە، کە لە زۆر جۆری ڕووەکی خۆڕسک ئامادەکراون و کۆکراونەتەوە. هەروەها پێی وایە پزیشکە عەرەبەکان شارەزای باشیان لە بنەماکانی نەشتەرگەریدا هەبووە و ئێسکبەندیان بۆ چارەسەری شکاوی بەکارهێناوە و کاریگەری لەجێ چوونی ئێسکیشیان بەو ئێسکبەندانە کەم کردبێتەوە. هەروەها پێی وایە خەتەنەکردن، نەشتەرگەری دەرهێنانی بەرد و یان تەنانەت نەشتەرگەری پێوەنووسانی ئێسک و ئاڵوگۆڕی ئێسکێک کە بەهۆی نەخۆشیەوە یان پێکانەوە ووردو خاش بوو بێت، ئەنجام دابێت. ئێسکی سەگێک یان مەڕێکی تازە سەریڕاویان بەکار هێناوە و نەشتەرگەریەکەش زۆر سەرکەوتوو بووە.

جێی سەرسوڕمان نی یە ئەم نەتەوانە بەشێوەیەکی باو هەمیشە بۆ

چارەسەری هەندێک جۆری پێکانی سەر بە تایبەتی شکاوی و بەرکەوتنەوە، نەشتەرگەی کونکردنی کاسەی سەریان ئەنجام دابێت. لەکاتی نەشتەرگەریەکەدا ، دوو یاسا بەووردی ڕەچاو کراون : بەدیاری کراویش لەگەڵ کردنەوەی ئێسکەکەدا نابێت بەهیچ شێوەیەک دوو ئێسک لەیەک بدرێت. دەبێت پەردەی دەرەوەی مێشک و بڕبڕاگەی پشت بە وورياییەوە لە هەر برینداربوونێک بپارێزرێن. نەشتەرگەریەکە خۆی لە لابردنی بەشێکی بازنەی کاسەی سەر بە سیمێکی لوولەکی ئاسنینی گەرمکراو تا ئاستی سوورەوە بوون دەبینییەوە. پاشان بەبەکارهێنانێکی سنووورداری دلێری بچووک و مشاری ئاسنین، ئیسکەکە کونی تێکراوە. کەرەستەکانیش کە دەسکی تەختەییان هەبووە، شێوەیان جۆراو جۆر بووە. یەکێک لەو مشارانە زۆر لە مشاری هەی ئەمڕۆ دەچێت. نەشتەرگەرە عەرەبەکان پێشنیاری بەکارهێنانی مشاری کونکردنی کاسەی سەریان لەلایەن سیپسۆنەوە رەت کردۆتەوە. پێیان باش بووە ئەو کەرەستانەی خۆیان بەکار بهێنن، کە لەلایەن گەوهەرسازە ڕەسەنەکانەوە لە ناوخۆدا دروست دەکرا. پێدەچێت ئەو کۆمەڵە کەرەستەی سیمپسۆن دەستی کەتووە لە مۆزەخانەی پیت ڕیڤەرز لە ئۆکسفۆرد مابن. دەووترێت نەشتەرگەریەکانیش سەرکەوتوو بوون.



*شێوازی نەشتەرگەری کون کردنی کاسەی سەر لە سەردەمی زۆر کۆندا*

## پاڵنەرەکانی ئەنجامدانی نەشتەرگەری کاسەی سەر لای مرۆڤی سەرەتایی

جێی سەرسوڕمان نیە بابەتی نەشتەرگەری کونکردنی کاسەی سەر لای مرۆڤی سەرەتایی سەرنجی زۆرێک لە شوێنەوارناسە دیارەکانی ڕاکێشا بێت و زۆر تیۆریش لەو بارەیەوە بەرەوی پێدرابێت، بەمەبەستی ڕوون کردنەوەی ئەو پاڵنەرانەی وایان لە مرۆڤی چاخی بەردینی نوێ کردبێت ئەم نەشتەرگەریە ئەنجام بدات. پاڵنەرەکان بۆ دوو جۆر پۆلێن دەکرێن :یەکەم ئاینی، دووەم :پاڵنەری چاک بوونەوە. بە وەها پۆلێنکاریەک ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە هیچ جیاوازیەکی دیاری کراو لە نێوان ئەم دوو پاڵنەرەدا هەبێت.

هەموو ئەوانەی لە مێژووی زانستی پزیشکیان کۆڵیوەتەوە، بۆیان دەرکەوتووە لە سەرەتادا قەشەکان کاری پزیشکیان کردووەو کاری پزیشکی و ئاینی تەواو تێکەڵ بووبوون. هەر لەسەردەمانی کۆنەوە باس و خواسی نەخۆشی لە بیری مرۆڤی کۆندا هەر هەبووەو واپێدەچێت جێی خۆی بێت بڕوا بەو ڕوانینە بکەین کە زۆرێک لە شارەزایان خستوویانە ڕوو، بەوەی نەشتەرگەری کونکردنی کاسەی سەر بۆ دەرکردنی ئەو جنۆکەیە ئەنجام دراوە کە عەقڵی مرۆڤی داگیرکردبێت. نەبوونی هیچ شوێن برینێک لە کاسەی سەرە کونکراوەکەی مرۆڤی نوێدا زیاتر ڕاستی ئەم ڕوانینە دەسەلمێنێت. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا گەشکە، نەخۆشی مێشک، لووی سەر، فڕین و کرژبوونی لەسەرخۆی ماسوولکەکانی دەم و چاو هۆکارەکانیان بۆ ئەوە دەگەڕێنرێتەوە جن چووبێتە لەشی نەخۆشەوە. هەر کەسێک بەسەرهاتی ئەو کوڕە تووش بووەکە بە شاگەشکە لە ئیجیلدا لە پەیمانی نوێدا بخوێنێتەوە، بە بێئەوەی شارەزای لە دەمارناسیدا هەبێت، دان بەوەدا دەنێت، کوڕە جنۆکە چوو بێتە لەشیەوە. سەرباری ئەمەش چی چارەسەرێکی باشتر هەبووە وەک لەکاسەی سەر کونکردن تا جنۆکە لە جەستەی دەرچێت ؟ جێی خۆیەتی دان بەوەدا بنێین ئەوانەی لەژێر نەشتەرگەریەکەدا دەرچوون هێزی جادوویان هەبوو بێت یان ئەوانەی نووشتەو تەلسیمیان١ بەکاردەهێنا، کە لە لێواری ئێسکی سەرە کون کراوەکە وەردەگیرا، لەکاتێکا نەخۆشەکان بە

چەند هۆکارێکی تر دەمردن. بەتێپەڕبوونی کات نەشتەرگەری کونکردنی کاسەی سەر هەر بۆ شکان ئەنجام درا، کە پێدەچێت ئەمەش بە زۆری لە چاخی بەردیندا بوو بێت. بەم پێودانگەش بەڵگە هەیە لەسەر ئەوەی لە پیرۆدا کاسەی سەری دۆزراوە هەیە شکاوی تیایە، کە لەوێ شارستانیەتی ئینکا تا ئاخرو ئۆخری سەدەی شانزە مابوو. بەبەراوورد بەم سەردەمانەی دوای، نەشتەرگەری کونکردنی کاسەی سەر بۆ چارەسەری سەرئێشە، سەرەگێژە، فێ و هەروەها پێکانی کاسەی سەر ئەنجامدراوە، لە کاتێکا نەشتەرگەرە عەرەبە جەزائیریەکان هێشتا چەند ساڵێکی کەم لەمەوبەر نەشتەرگەری کونکردنی کاسەی سەریان تەنها لەکاتی پێکان یان لێدانی سەردا، ئەنجام دەدا. بەرەچاوکردنی ئەو ڕاستیانە، ناکرێت ئەو بۆ چوونەی دکتۆرئیمیلی گیارد بەڕاست بزانین بەوەی نەشتەرگەری کونکردنی کاسەی سەر مەبەست لێی چارەسەری پێکانی سەربوو بێت. ووردە ووردە بەمەبەستی چارەسەری شەقیقە و ئازاری دەمار و فێش ئەنجامدراوە. نەشتەرگەری کونکردنی کاسەی سەر لەسەرەتادا ئەو ڕاستیە بەرچاوانەی مێژووی زانستی پزیشکی دەخاتە ڕوو بەدیاری کراویش ئەوەی، کە هەر قەشەکان کاری پزیشکیان کردووە. خۆی لە سەردەمی هیپۆکراتس زانستی پزیشکی ڕێچکەی ڕاستەقینەی خۆی گرت و چیدیکە زانستی پزیشکی تێکەڵاو بە ئاین و جادو نەکرا.

## پزیشکی خۆماڵی یان پزیشکی میللی

هەروەک پێشووتر باسمان لێوەکرد، پێدەچێت مرۆڤی کۆن لەسەر بنەمای گیانکێتی[2] لە نەخۆشی ڕوانی بێت. بەڕوانینی مرۆڤی کۆن هۆکاری نەخۆشی کاریگەری خراپی دوژمنێک، دێوێک، خواوەندێک یان تەنانەت گیاندارێک بووە. بەو پێودانگەش بە پێی ئەو وەسیلانەی لەبەردەست بوون، بەمەبەستی چارەسەری نەخۆشی ڕۆحی پیس لە جەستە دەرکراوە هەروەک لە سەردەمی ئێستادا لەنێو دانیشتووانی ڕەسەنی دوورگەی بۆرنۆیۆدا دەبینرێت. پێدەچێت مرۆڤی

2 بریتی یە لە جۆرە ئەڵقەیەک یان بەردێکی نەخشێنراو کە باوەڕ دەکرێت هێزی ئەفسوناوی هەبێت یان بەختی پێوە بێت .ئەم ووشەیە لە بنەچەدا یۆنایە ، کە بەمانای ڕێوڕەسمی ئاینی دێت.

کۆنیش هۆکاری نەخۆشیان بۆ جیابوونەوەی ڕۆح لەجەستە گەڕاندبێتەوە. بەهەر حاڵ گومانی تیادا نیە خەڵکانێک هەبوون بانگەشەی ئەوەیان کردووە توانای چارەسەرکردنی نەخۆشیان هەبوو بێت. ئەم کارەش خۆی لە جن دەرهێنان لە جەستە، نووشتە، سەماکردن، دان جیڕکردنەوە، جادووگەری دەستی و هەروەها هەموو فرت و فێڵەکانی جادووگەری، دەبینییەوە.

لەهەندێک حاڵەتدا پێویست بووە چارەسەری فیزیکی و جەستەی پێکەوە کاریان لەسەر بکرێت. لەم بارەیەشەوە، باشترین نموونەی کاسەی سەری کونکراومان هەیە، کە خۆی لە خۆیدا وەسیلەیەک بووە بۆ ڕێگەدان بەدەرچوونی ڕۆحی پیس یان جنۆکە لە سەری نەخۆش. ئەمەش ووردە ووردە بووەتە شێوازی چارەسەکردنی شکاوی ئێسکی کاسەی سەرو گۆڕانکاری نائاسای ناو کاسەی سەر.

وەسیلەیەکی تری بڕواپێهێنەر بۆ دەرکردنی ڕۆحی پیس یان جنۆکە لە جەستە، نامە بووە. ئەمەش خۆی لە لێدانی پەلەکان لە لاکانەوە تا ئەملاولاکەی دەبینیەوە. دواتر خاوەنی ڕۆحە پیسەکە بەرچاو ڕوونی زیاتری لەبارەی نەخۆشیەوە پێئەدرا، شوێنی پەیامی نامەکە دەگۆڕاو بەرەو ناوەوە دەڕۆشت. پێدەچێت شێوازی ناشیرین و سروشتی قیزەونی زۆرێک لە ڕەچەتە کۆنەکان سەلمێنەری ئەو ڕاستیە بن. جۆرێک لە تەقالا هەبووە بەمەبەستی دەکردنی ئەو هێزە سەرو سروشتیەی جەستەی نەخۆشەکە، کە هۆکاری نەخۆشیەکە بووە. شێوازێکی تری سەیرو زۆر کۆنی چارەسەری نەخۆشی کە ئەمڕۆش هەر بەکاردەهێنرێت، لەسەر بنەمای گواستنەوەی نەخۆشی بووە لەنەخۆشێکەوە بۆ کەسێکی تر، بۆ گیاندارێک، یان تەنانەت بۆ ڕووەکیش. ماوەیەکی فرە زۆر نی یە واباوەڕ کراوە، کە دەست دان لەجەستە چارەسەری زۆر نەخۆشی بکات. مرۆڤی مردوو لە گەشتە درێژەکەیدا سوودی لەمە دەبینی. دیارترین نموونەیش دەست لێدانی تاوانباری لەسێدارەدراوبوو، کە کەسی جەلاد پارەیەکی زۆری بەهۆی ئەم خێرو بەرەکەتەوە بۆ نەخۆشەکە، وەردەگرت. لە لانکشایەردا بە پیاهێنانی زیخ بالۆکە لەناو دەبرا. پاشان زیخەکان لە جانتایەکدا دادەنرا و بەئەنقەست وون

دەکرا. [3]

هەرکە نەخۆشەکە بەرەو ڕێگای کەنیسە بەڕێ دەکەوت وکەسێک جانتاکەی بدۆزایەتەوە، بالۆکەی لێدەردەهات! لە جێشایەردا، بە دانانی بۆق لەناو دەمدا بۆ چەند ساتێکی کەم و پاشان دەرهێنانی، چارەسەری تلۆقەی ناودەم دەکرا. بە جۆرێک لە جۆرەکان بەهەمان شێواز کۆکە ڕەشە چارەسەر دەکرا، کە هەتاوەکو ئەم دوایانەش لە کامبەرلاندا کاری پێدەکرا. سەری ماسی تازە ڕاوکراو بۆ چەند ساتێک دەخرایە ناو دەمی منداڵەوە و پاشان ماسیەکە فڕێ دەدرایە ناو ڕووبارەوە و کۆکە ڕەشەکەی لەگەڵ خۆی دەبرد!

بە پێی بیروباوەڕی باو بۆ چارەسەری ددان ئێشە، هەر ئەوە پێویست بووە بنێشت لە بزمار بدرێت و پاشان بزمارەکە بە دار بەڕوویەکدا داکوترێت. پێدەچێت بە جۆرێک لە جۆرەکان هەمان بیروباوەڕ ئیلهام بەخشی دانیشتووانە ڕەسەنەکەی سیڵبۆڕن بوو بێت، کە بەڕای گیلبەرت کوایت ، داری تازە بڕاویان شەق دەکرد تا ئەو مناڵانەی تووشی قۆڕی (فتق) بوو بوون بە ڕووت و قووتی بەناو پارچەکانیدا بگەڕێت. دوای ئەوەی مناڵەکە تێر دەگەڕا پارچەکانی دارەکە بەیەکەوە کۆدەکرایەوە هەروەک چۆن گەشەیان کردبوو یەکیان دەگرتەوەو بەم جۆرەش لە نەخۆشیەکەی چاک دەبوویەوە! لە هەموو ئەم نموونانەوە دەردەکەوێت دەرپەڕاندن یان وەدەرنانی ڕۆحی پیس یان جنۆکە لای مرۆڤی سەرەتایی وەسیلەی چارەسەری نەخۆشی بووە. لە کەناری ڕووباری دیی لەنزیک ئابێردین گابەردێک هەیە ئاو کون کونی کردووە و ناویشی دەرزی شەیتانە. واباوەڕکراوە گاگۆڵکێ کردن بەناو کونەکەیدا بۆ چارەسەری نەزۆکی ژنانی باش بووبێت!

جا مرۆڤی سەرەتایی وورده وورده بۆی دەرکەوت هۆکاری هەموو نەخۆشیەکان هێزی سەرو سروشت نەبووە. نەخۆشی ئاسای هەبووە هەر چارەسەری سادەی پێویست بووەو لەم حاڵەتانەشدا پەنابردن بۆ جادووگەر یان پزیشک هەر پێویست

3 بریتی یە لە باوەڕبوون بە بوونی ڕۆح لە هەموو مەخلوقێکدا .ئەم بیروباوەڕە یەکەم جار ئێدوارد بوررنێت تیلۆر لە کتێبەکەیدا بەناوی (Primitive Culture) بەووردی لێکۆڵینەوەی لەسەر کرد.

نەبووە. کەسانێکی کەم لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بۆ چارەسەری هەڵامەت دەچنە لای پزیشک. دەی مرۆڤی سەردەمی کۆنیش تەنها کاتێک دەچووە لای پزیشک کە چارەسەرە ئاساییەکانی ناو ماڵەکەی کەڵکی نەبووایە. پێدەچێت دۆزینەوەی ئەم چارەسەرانەش کاتی خایاند بێت. چۆن پشیلەو سەگ گیا وەک دەرمان دەخۆن، دەی مرۆڤی کۆنیش بەهای چارەسەری چەند ڕووەکێکی وەها بۆ دەرکەوتووە. لەڕێی ئەزموونی تاڵەوە، جیاوازی نێوان دەرمانی ژەهراوی و زیان بەخشی کردووە. هەرچەندە شێوازەکانی چارەسەرکردن لای ئەو زیاتر جادوو خورافیاتی تیابووە، پەرەی بە سیستەمێکی پزیشکی ماڵداری داوە، کە کاریگەریەکانی لە نێو هەموو خەڵکدا تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان هەستی پێدەکرێت. با باسی نموونەیەکی زۆر سادە بکەین؛ مرۆڤی سەرەتایی بۆی دەرکەوتووە بەرکەوتنی ڕووەکی گەزنە دەبێتە هۆی ئاڵۆشی و سووتانەوە. هەروەها پەی بەوەش بردووە بەکارهێنانی نزیکترین گەڵای ترشۆکەی بێستانی تازە چەکەرەکردووی گەورەی بەردەست ئەو سووتان و ئاڵۆشیەی کەم کردۆتەوە. ئەمەش چارەسەرێکە هێشتا لە چەند وڵاتێکی تازەپێگەیشتوو لە دونیای ئەمڕۆماندا هەر بەکار دەهێنرێت. باشترین چارەسەرەکانی پزیشکی میللی هێشتا بنەماو سەرچاوەی لێکۆڵینەوەی زانستی ڕووەکناسی ئەمڕۆمانن. زانیاری زۆر باشیش لەبارەی زانستی پزیشکی میللیەوە لەبەردەستدایە، هەرچەندە فرت و فێڵی زۆریشی تیادەکرێت.

## نووشتە، چاوەزار و تەلیسم

بە لێکۆڵینەوە لە پزیشکی میللی زۆر بیرو باوەڕی سەیرو سەمەرەمان بەرچاو دەکەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بابەتە دەبێت توێژینەوەی لەسەر بکرێت چونکە بەشێکی گرنگی مێژووی زانستی پزیشکیە. خۆی هەمیشە چارەسەرەکان بەشێوەی حەب و دەرمان وەرنەگیراون، هەندێکیان وەک دۆعا یان تەلسیم هەڵدەگیران. کێ هەیە چەند هاوڕێیەکی نەبینیبێت لە ڕێگەی هەڵگرتنی پەتاتە لە باڵەکانیدا، یان پەلی ڕاستی پێشەوەی کەروێشکە کێوی پشکنینی بۆ ڕۆماتیزمە نەکردبێت؟ خورافیاتی وەها لە دونیادا باوە. کاژی مار، کڵاوەی ئەژنۆی مەڕ، بۆیەی نینۆک و هەموو جۆرەکانی تری نووشتە بەکارهێنراون و ئێستاش ڕۆژانە بەکاردەهێنرێن.

بەردی بازهەر[4] کە لە ڕیخۆڵەی بزندا دۆزراوەتەوە، تەواو دژە ژەهر بووە. دەش ووترێت لە سەرەتای داهێنان و نووسین و چاپکردندا ، ئەو نووشتانەی کە ئایەتەکانی و قورئان و ئینجیلیان تیادانووسراوە، هەرکەسێک بەکاری هێنابن لە زۆر نەخۆشی پاراستوونی.


یەکێک لەبەناوبانگترین ئەو نووشتانە بریتی یە لە (The Talisman) ، کە بەڕێز واڵتەر سکۆتی نووسەر، کردوویەتی بە ناونیشانی ڕۆمانەکەی. ئەویش خۆی لە خاوەنداریێتی لۆخ ئارتس لی لە نزیک لانارک دەبینێتەوە. لی پێنی، بەردێکی سووری تۆخە، خراوەتە دوو توێی پارەیەکی زیوی کە وێنەی ئێدواردی چوارەمی لەسەر بووە. سەردەمانێک ناوبانگی زۆری هەبووە. لەسەردەمی چارڵسی یەکەمدا شاری نیوکاسڵ درمێکی تیا بڵاوبوویەوە. ئەم تەلیسمە بە نرخی شەش هەزار پاوەند بۆ چارەسەری درمەکە مامەڵەی پێوە دەکرا. کەنیسەش لەگەڵ ئەم کارەدا نەبوو. لێێرد لییان تەمبێ کرد تاوەکو ئەوپەڕی پێی بکرێت ئەم تەلیسمە بەکار نەهێنێت.

لایەنێکی تری سەیری پزیشکی میللی خۆی لە گرنگی دان بە ڕەنگەکان دەبینیەوە، بۆ نموونە : سوور، کە ڕەنگی خوێنە بەجۆرێک لە جۆرەکان بۆ چارەسەرکردن بەکاردەهێنرا. مۆمیاکان بە قوورە سوورە سواق دەدران تا ڕەنگ و بۆی ژیانیان بۆ بگەڕێتەوە. پەردەی سوور لە ژووری نەخۆشدا دادەنرا تا ڕێگری لە تووش بوون بە نەخۆشی ئاوڵە بکات!

واش بڕوادەکرا فانیلەی ڕەنگ سوور ببێتە هۆی نەمانی قوڕگ ئێشەو دەزووی سووری چنراویش بەچواردەوری ملدا کە نۆ گرێی لێدراوە، ڕێگری لە لووت پژان کردبێت! لە چینی کۆنیشدا حەبی سوور بەکارهێنراوە. خۆی سوورکردنی ڕەنگی حەب و پارچە دەرمان لای زۆرێک لە دەرمانسازەکانی سەردەمی ئێستامان شتێکی پەسەندە. ڕەنگی شین وەک ڕەنگی سوور پەسەند نەبووە، کەچی لەم

4 Bezoar stone: جۆرە بەردێکە لە گەدەی زۆرێک لە گیانداران هەیە .زۆر جۆری هەیە، کە هەندێکیان ئەندامین و هەندێکی تریان نا ئەندامین. لەسەدەی دوانزەیەمدا پزیشکە عەرەبەکان ئەم جۆرە بەردەیان هێنایە ئەوروپا. لەسەدەی شەشەمدا بەشێوەیەکی باو ئەم جۆرە بەردە بەکاردەهێنراو بەهاکەی دەهێندەی ئاڵتوون بووە !

دوایانەدا ڕەنگی سەوز بەشێوەیەکی بەرچاو بەکارهێنراوە.



تەلیسمی *لی پێنی* کە *واڵتەر سکۆتی* ڕۆماننووسی ئینگلیز کردوویەتی بە ناونیشانی یەکێک لە ڕۆمانەکانی.



*بەردی شێوە بالۆکە، کە بۆ چارەسەری بالۆکە بەکارهێنراوە.*

## دەرمانی میهرەبانی

بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو سەرچاوەیەی پێی دەووترێت " دەرمانی میهرەبانی" کە لەم ووتە باوەدا شوێنی خۆی دەگرێت " تووک لەو سەگە لێبکەرەوە کە قەپت لێدەگرێت " هیچ باس و خواسێک لەبارەی پزیشکی میللیەوە تەواو شوێنی خۆی ناگرێت. بەکارهێنانی تووکی سەگ بۆ چارەسەری قەپ گرتنی سەگ، میتۆدێکی زۆر کۆن و باو بووە. تەنانەت لە چین و هەروەها لە بەریتانیاشدا کاری پێکراوە. دڵ و جگەری سەگ بۆ مەبەستی تریش بەکارهێنراون.

پێدەچێت نایاب ترین چارەسەر کە بنەماکەی دەرمانی میهرەبانی بووە، نەک تەنها بۆ برین بەڵکو بۆ ئەو چەکەش بەکارهێنراوە کە هۆکاری برینەکە بووە یان بۆ ئەو قوماشەش بەکارهێنراوە برینەکەی پێ پێچراوە. دەرمانەکە، کە کبریتی مسی سادە بووە، ڕێزدار کێنێلم دیگبی سەرسەختانە پێشنیاری کردووە. خۆی کێڵێنم پزیشک نەبووە، بەڵکو جووتیار بووە. دەی بیرۆکەی چارەسەری دەرمانی میهرەبانی داهێنانی کێنێلم نەبووە، واش پێناچێت سەرچاوەکەی بۆ سەردەمە زۆر کۆنەکان بگەڕێتەوە. هۆکاری سەرکەوتنی میتۆدەکەی کێنێلمیش خۆی لەو ڕاستیە دەبینیەوە کە برین بەسانای دەپێچرایەوەو چاوەڕی دەکرا تا خۆی سارێژ دەبوو.

جا بابەتی پزیشکی میللی پڕە لە خورافیاتی سەیر، بەڵام پێدەچێت زۆر ووترابێت لەسەر لایەنە باشەکەی کە هۆکارێکی پێشکەوتنی زانستی پزیشکی بووە. پێدەچێت هەر وازانراو بێت پزیشکی میللی تەنها تایبەت نەبووبێت بە ناوچە زۆر دوورە دەستەکان. تەنانەت پێدەچێت لە شارە گەورەکاندا بەشێوازی بۆماوەیی یان زارەکی کار بە پزیشکی میللی کرابێت. هەندێک لەم بابەتە لەناو ئەنتیکەکاندا ماونەتەوە و زۆر بەکەمی لەڕێگەی نووسینەوە زانیاریمان لەسەر ئەم بابەتە پێگەیشتووە.

فۆلکلۆر یان ئەوەی پێی دەڵێن " زانستی شوێنەواری مێشک " ڕێبەرێکی گرنگە لە پێشکەوتنی مێژووی بیری مرۆڤدا. بە لێکۆڵینەوە لە مێژووی مرۆڤایەتی،

مرۆڤ لەوانەیە زانیاری زیاتر لە بەسەرهات و نووشتەو خورافیات و پەندەوە وەک لە سیاسەت و ئاینەوە وەرگرتبێت، چونکە ئەوانەی پێشوو لە مرۆڤدا زگماکین ، لە کاتێکا ئەوانەی دواتر لەدەرەوەی خۆی بۆی هێنراوە.

## مێژووی کاری پزیشکی

بە گەڕان بەدوای چۆنیەتی داهێنانی شێوازی چارەسەرکردن لە سەردەمی کۆندا، بەو بەڵگە لاوازانەی لەبەردەستدان ناگەینە هیچ دەرەنجامێکی ئەرێنی. دەی ناشکرێت نکۆڵی لەوە بکەین چارەسەری پێکان و نەخۆشی دوو شتی جیاواز بوون.

ئەوەی یەکەمیان، کە بنەماکەی لەسەر بیروباوەڕی ئاینی یان جادووگەری بووە، خۆی لە کارکردن لەسەر ڕۆحی نەخۆشەکاندا بینیوەتەوە یان خۆی لە ڕازی کردنی ڕۆحی پیس یان جنۆکەیەدا دەبینیەوە تا لە جەستەی نەخۆش دەرچێت.

ئەوەی دووەمیان لەسەرەتادا تەنها بۆ چارەسەری نەخۆشیە سووکەکان بووەو پزیشکی خۆماڵی کاری لەسەر کردووە، کە بەشی زۆری تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان لە کۆمەڵگەدا شارستانیەتیەکاندا هەر ماونەتەوە.

لەگەڵ تێپەڕ بوونی کاتدا ئەم دوو میتۆدە تێکەڵاو بوون بۆ نموونە، نەشتەرگەری کونکردنی کاسەی سەر کە بەمەبەستی دەرکردنی جنۆکە لە جەستە ئەنجام دراوە، دواجار بۆ حاڵەتەکانی شکانی قورس و تەنانەت دواتر بۆ زۆرێکی تر لە نەخۆشیەکانی سەردا هەر ئەنجام دراوە . شایانی باسە پزیشکی میللی بۆ زۆرێک لە نەخۆشیە عەقڵیەکانیش سوودی لێ بینراوە، زۆریان بەجۆرێک لە جۆرەکان لەڕێگەی خورافیات و نووشتەو جۆرەکانی تری جادووەوە چارەسەر کراون. جا بەمەدا دەردەکەوێت بەدرێژایی چەندین سەدە هەر لە چاخی بەردینی نوێوە بەردەوام نەخۆشی وەک دیاردەیەکی سەروسروشت تەماشاکراوە.



دوو کاسەی سەری چاخی برۆنزی کە لەڕێگەی نەشتەرگەریەوە کونکراون

# بەشی دووەم

## یەکەمین  پیشەوەری بوای پزیشکی

دوای سـەردەمێکی زۆر دوو روو درێژ، کە ئێمە زانیاری بێ سنوورو نەزانراومان تیایانـدا دەسـت کەوتـووە، نووسـین و ڕۆژمێـر داهێنـران. بەمـەش نووسـینەوەی مێژوو بـوو بـە پێویسـتی.

دیمەنـی ئـەم مێـژووەش لـە میزۆپۆتامیـای لانکـەی مرۆڤایەتـی، دراوسـێی میسـر دەبینرێـت. لـە نێـوان سـنووری بیابانـی عەرەبـی و چیاکانـی ئاسـیای ناوەڕاسـتدا، وولاتێـکی پـڕ ئـاوی بـە ڕووبـارە گەورەکانـی دیجلـەو فـورات و نیمچـە بازنەیـی شـێوە قایشـی هەیـە بەنـاوی مانگـی بەپیت. لـەم سـەرزەمینەدا و لـە سـەردەمانێکی زۆر کۆنـدا نزیکـەی ٤٠٠٠ هـەزار سـاڵ پێش زایـن یەکـەم شارسـتانیەتی مـەزن بەنـاوی سـۆمەریەکانەوە وەدەرکـەوت، کـە دواتـر بـوو بـە بەشـێک لـە شارسـتانیەتی سـۆمەری و ئەکەدیـەکان.

شارسـتانیەتی مەزنی سـۆمەر نزیکەی دوو هەزار سـاڵێک مایەوەو بەو دوایانەش تەنها لـە ڕێگـەی هەڵکەندنـی شـاری دێرینـی ئـورەوە ئاشـکرا کـرا. شـاری ئوریـش

کەوتبووە کۆتای ڕۆژهەڵاتی وولاتی میزۆپۆتامیاوە لەسەر ڕووباری فورات و نزیکەی ١٠٠ میلێک لە کەنداوی فارسەوە دوور بووە.

سەرچاوەی سەرەکی داهاتی سۆمەریەکان کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ڕەشە وولاخ بووە. لای سۆمەریەکان سیستەمی ئاودێری و گواستنەوە لە ڕێی خاک و ئاوەوە پەرەی پێدراوەو زۆرێک لە خانووەکانی شاری ئوور گەرماو ئاوەڕۆیان هەبووە. هونەر و وەستایی پێگەیەکی گەورەیان هەبووە. باربەری ڕەوڕەوەدار و قاپ و قاچاخی لە مس دروست کراو بەکارهێنراون. کۆمەڵێک چەقۆی بچووکی لە مسی ڕەق دروست کراو دۆزراونەتەوە، کە باوەڕ دەکرێت کەرەستەی نەشتەرگەری بووبن. هێمای بزماری داهێنراو بۆ نووسینی سەر تاتە قوڕەکانیش بەکارهێنراوە. گومانی تیادا نیە سۆمەریەکان کاری پزیشکیان کردووە، هەروەک هەندێک لە تاتە قوڕە دۆزراوەکان ئەمەمان بۆ دەردەخەن. لە مۆزەخانەی وێلکەمدا[5] مۆری پزیشکێکی سۆمەری هەیە، کە نزیکەی ٣٠٠٠هەزار ساڵێک پێش زاین ژیاوە. پزیشکێکی بابلی لە مۆزەخانەی لۆڤەر مۆرێکی لێکچووی هەیە، کە مێژووەکەی بۆ نزیکەی ٢٣٠٠ ساڵ پێش زاین دەگەڕێتەوە . جالەبەر ئەوە وا دەردەکەوێت شارستانیەتی سۆمەری ململانێی شارستانیەتی میسری کردبێت یان لە ئەویش پێشکەوتووتر بوو بێت. خۆی ئەم دوو شارستانیەتیەتە مەزنە بازرگانی و کەلتوری هاوبەش لەنێوانیان هەبووە، لە کاتێکا وولاتی خۆهەلقورتێنەری فەلەستینی نیشتیمانی عیبریەکان وەک وولاتی ڕێگر کاری کردووەو سوودی لە هەردوولا بینیوە. شانشینی سۆمەری و ئەکەدی لە دەوروبەری ٢٠٠٠ هەزار ساڵ پێش زاین کۆتای پێهاتووە. وولاتەکەو شارستانیەتە شکۆدارەکەشی گەشتبوونە دوو نەتەوەی مەزن، بابلیەکان لای باشوورەوە کە پایتەختی بەناوبانگی بابیلۆنیان بنیاتنا، هەروەها ئاشووریەکان لە لای باکوورەوە، کە یەکەمجار لە ئاشووروداو دواتر لە نەینەوادا پایتەختی خۆیان بنیاتنا.

٥ Welcome Museum: مۆزەخانەیەکە لە شاری لەندەنی بەیتانیایە. ئەم مۆزەخانەیە بەرهەمە دەستیە پزیشکیەکانی تیادا پیشان دەدرێت.

# ئاکاری پزیشکی لە بابلدا

حامورابی (١٩٤٨-١٩٠٥پ.ز)دانەری بەتوانای کۆدی یاساکان، یەکێک بووە لە هەرە کۆنترین پاشاکانی بابیلۆن. ئەم کۆدانە، کە لەسەر ڕاگرەیەکی بەردینی بەنرخ هەڵکۆڵراون و لەپەرستگای بابیلۆندا دانراون، کۆنترین کۆدن مابێتنەوە. ئێستا لە مۆزەخانەی لۆڤەردان، کە باس لە موڵکداری، تاوانەکانی سەرپێچی و یاساکانی هاوسەرگیری دەکەن.

لە نێویشیاندا باس لە یاساکانی پزیشکیش کراوە، کە بەلای ئێمەوە بایەخێکی زۆری هەیە. بۆ نموونە تیایاندا هاتووە " ئەگەر پزیشکێک پیاو ماقوولێکی نەخۆش چارەسەر بکات و دوو مەڵێک بە چەقۆیەکی بڕۆنز دەربهێنێت و چاوی بپارێزێت دە شێکڵی[6]" زیوی پێدەدرێت .ئەگەر نەخۆشەکە کۆیلە بێت، سەردارەکەی دوو شێکڵی زیوی بۆ دەدات". پێدەچێت ئەم یاسایە بوو بێتە نەگبەتی بۆ پزیشک بەوەی " ئەگەر پزیشکێک بە چەقۆیەکی بڕۆنز دوومەڵێک دەربهێنێت بە جۆرێک ببێتە هۆی مردن یان کوێر بوونی نەخۆش، ئەو کاتە دەستەکانی دەبڕدرێت. لە حاڵەتێکدا نەخۆشەکە کۆیلە بێت، سزای پزیشکەکە سووکتر دەبێت، بە جۆرێک لەشوێنی ئەو کۆیلە کۆیلەی تر دەهێنرێت تا چارەسەری بکات".

"ئەگەر چاوی کۆیلەکە بەهۆی نەشتەگەرییەوە کوێر بوو، دەبێت پزیشکەکە پارەی نیوەی نرخی کۆیلەکە بە خاوەن کۆیلەکە بدات". پێدەچێت ئەم جۆرە سزایانە هەر زۆر بەربەستی لەبەردەم پزیشکە بەرز خوازەکانی بابیلۆندا دانابێت. وێڕای ئەوەش واپێدەچێت پیشەی پزیشکی لەو سەردەمە زۆر کۆنانەدا زۆری بایەخی پێدرابێت. گومانیشی تیادا نیە جادوو لە بواری پزیشکیدا کراوە و ڕێگاکانی چارەسەری نەخۆشیەکانیش لەسەر تاتە قوڕەکان ئاماژەیان پێکراوەو نووشتەکانیش بە جیا شوێنیان بۆ کراوەتەوە.

هیرۆدۆت لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بەناوی (مێژوو)[7]، کە لەدەوروبەری ٤٣٠

٦ پارەیەکی زیوین بووە لە سەردەمانی زۆر کۆندا لە ئیسرائیل و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەکارهێنراوە.

٧ Histories : کتێبێکی ناوازەی مێژوونووسی گەورەی یۆنانی هیرۆدۆتە. ئەم کتێبە بە بەردی بناغەی مێژوو دادەنرێت لە ڕۆژئاوادا. لەم کتێبەدا هیرۆدۆت باسی لە فراوان بوونی دەسەڵاتی ئیپراتۆریەتی دێرینی ئەخمینۆنی کردووە. دیارە ئەم کتێبە چەند بەرگێکەو بۆ گەلێک لە زمانەکانی جیهان وەرگێڕدراوە.


پێش زاین نووسیویەتی دەڵێت " هەموو کەسێک لە ووڵاتی بابل دا ئارەزووی هەبووە ببێتە پزیشک. بە پێی داب و نەریتیش خەڵک لەسەر شەقامەکان نەخۆشیان دادەنا تا هەر ڕێبوارێک ئەو نەخۆشیەی ئەوی هەبووایە یان بیزانیایە کێ ئەو نەخۆشیەی هەیە، ڕێنوێنی بکردایەو کەسیش ڕێگەی پێنەدەدرا هەروا بڕوات و هیچ نەڵێت". جا پیشەی پزیشکی لە کۆدی یاساکانی حامورابی بە جۆرێک لە جۆرەکان ئاماژەی پێکراوە. پێدەچێت هەر پیاوانی ئاینی کاری پزیشکیان کردبێت و کاری پزیشکیش تێکەڵ بە بیرە ئاینی و جادووگەریەکان کرابێت.

لە ڕووکاری ئەو جگەرە لە قوڕ دروست کراوانەی لە بابل دا دۆزراونەتەوە، دیارە زۆر کار بە فاڵ گرتنەوە کراوە. جگەری مەڕ زۆر بە جوانی چەند چواگۆشەیەکی تیا دەنەخشێنراو هەر یەکەشیان بە مێخی دارین کونی تیادەکرا و لەگەڵ جگەری گیانداری بەقوربانیکراودا پشکنینی بۆ دەکرا. هەر گۆڕانکاریەک لەسەر ڕووی جگەرە تازەکەدا بە ووریاییەوە بە مێخەک دیاری دەکراو هەر ئەنجامێکیش وە چنگ بکەوتایە وەک بەڵگە کەڵکی لێوەردەگیرا. پێدەچێت ئەم فاڵگرتنەوەیە لە ئینجیلا بەرچاومان بکەوێت بەوەی " پاشای بابل لەسەر ڕێگای دووڕیانێک دەوەستاو فاڵی دەگرتەوە هەتا بزانێت بە چ ئاڕاستەیەکدا تیروپشک بکات ؛ بەپرس و ڕاوێژکردن لەگەڵ بتەکانی ؛ بە پشکنینی جگەری ئاژەڵێکی سەربڕاو".[8]


زانیاری کەم لەبارەی زانستی پزیشکی لە بابل دا لەبەردەستدایە. ناوی یەک پزیشکیش نەماوەتەوە. دەی ئەو زانیاریە پێشینەییەی هەوڵماندواە هاکازای پێی بگەین، بەشێکی گرنگی مێژووی زانستی پزیشکیەو بووەتە پێشەکیەکی باشیش بۆ زانستی پزیشکی لە میسری کۆندا.

---

٨ ئینجیل :پەیمانی کۆن :کتێبی حەزقیل .بەشی ٢١ .ئایەتی ٢١



*باسی حاڵەتێکی شکاوی سەر لە پەڕاوی پزیشکیی ئێدوین سمیثدا*



مۆری پزیشکی سەردەمی بابلییەکان



جۆرە تاتە قوڕێکی جگەری مەڕ کە لە بابلدا بەکارهێنراوە. خۆی ئەمە لە مۆزەخانەی بەریتانیایە



*جۆره جگەرێکی برۆنزی بەکارهێنراوە لە شاری پیچێنزای ئیتاڵیادا*
*کە شێوە نووسینی ئێتروسکانی لەسەرە*

## کاریگەری نووسین و ڕۆژمێر

کاریگەری شارستانیەتی سۆمەری لەسەر شارستانیەتی میسر باسێکی جێی مشت و مڕەو ئێرە جێی ئەوە نیە خۆمانی پێوە سەرقاڵ بکەین. گومانی تیانیە ٤٠٠٠ هەزار ساڵ پێش زاین لەسەرەتادا لە میسردا حکومەتێک هەبووە، کاری ملیۆنان کەسی هەڵ سوڕاندووەو سیستەمێکی نووسینی وێنەی هەبووە، کە بووتە بنەمای سیستەمی ئەلف و بێ لەمڕۆدا. جۆرێک لە ڕۆژمێر هەبووە لەگەڵ ڕۆژمێرەکانی ئەمڕۆدا جیاوازی زۆر کەم بووە!

جەیمز بریستێدی میسرناس، مێژوونووس و شوێنەوارناسی ئەمریکی لە کتێبە سەرنجڕاکێشەکەیدا بەناوی (سەردەمانی کۆن) ئاماژە بەوە دەکات کە "بەدرێژای مێژووی مرۆڤایەتی، داهێنانی نووسین زیاتر لەهەر داهێنانێکی تر کاریگەری لەسەر پێشکەوتنی مرۆڤایەتی هەبووە". خۆی داهێنانی نووسین کاریگەری قووڵیشی لەسەر پێشکەوتنی زانستی پزیشکیش هەبووە. نووسینی هێرۆگلیفی

ڕێی بۆ نووسینی هێمایی خۆشکرد. بەمەش کۆنترین نوسینی ئەلف و بێ ٣٥٠٠ ساڵ پێش زاین کاری پێکرا. پێویستیەکانی نووسین داهێنران و زەلیش لەجیاتی خشتی قوڕ بۆ نووسین بەکارهێنرا. ئەستێرەناسیش بووە بنەمای دیاریکردنی ڕۆژمێر، کە بەرواری دەست پێکردنەکەی بۆ ٤٢٣٦ ساڵ پێش زاین دەگەڕێتەوە. بەڕوانینی بڕیستێدیش " ئەمە کۆنترین بەرواری تۆمارکردنی ڕووداوەکان بووە لە مێژوودا". ئەوەی جێی داخە زۆر کەم زانیاری لەبارەی شێوازی کاری پزیشکی لە میسردا لەم بەروارە کۆنەدا لەبەردەستدایە.

گەلێک خواوەند هەبوون ڕابەرایەتی هونەرو زانستەکانیان کردووە:- .ڕا (Ra) خواوەندی خۆر بووە، کە هێمانی سەرە بازی هەبووە، تۆث، ئەو خواوەندەی کە هێمایەکەی سەری حاجی لەق لەق بووە، دەووترێت بۆ تویێژینەوەی زانستی پەنای بۆ براوە. لە کاتێکا سێخت، کە هێمای سەرە شێری هەبووە، خواوەندی منداڵ بوون بووە. هۆڕاسی خواوەندی لەش ساغی لەگەڵ سێتی خواوەندی شەڕ و توندوتیژی، بەجەنگ هاتووەو چاوێکی لەدەست داوە. دواتر بە شێوەی موعجیزە ئاسا چاوی چاک بووەتەوە! چاوی هۆڕاس هێمای جادوو یان نووشتە بووە، کە لەگەڵ نووشتەی قاڵۆنچە ڕەشە بەکارهێنراوە، بەلای میسریەکان بەخت هێنەر بووە. دەووترێت ئەمە بنەچەی ڕەچەتەی پزیشکیە : واتە کۆنترین ڕەچەتەی پزیشکی بووە. جا چاوی هۆڕاس، کە هێمایەکی بەناوبانگ بووە، بە قۆناغی جۆراوجۆر تێپەڕیووە هەتا بەشێوەی باو هێمای هاوشێوەی (R) وەرگرتووە و لەسەر هەموو ئەو شتانەی مەترسیان لەسەر هەبووە وەک : کەشتی و گالیسکەو ڕەچەتەکان، دانراوە. دواتر ئەم کۆمەڵە خواوەندە زۆرە بەهاتنی ئیمهەوتێپی نەمر، خواوەندی بەناوبانگی پزیشکی، پێگەیان بەهێزتر بوو.

## سیخت ئێنانك و ئیمهەوتێپ

زۆر کەم زانیاری لەبارەی زانستی پزیشکی لە میسری کۆندا لەبەردەستدایە. جالەبەرئەوە ناتوانین مەزنترین پزیشکی ئەو سەردەمە دەستنیشان بکەین. دوو ناو هەن شایانی وەبیرهێنانەوەن، هەرچەندە سوود لەوە نابینین باس و خواسی

ئـەوە بکەیـن داخـۆ سـیخت ئێنانـک یـان ئیمهەوتێـپ وەک یەکـەم پزیشـکی ناسـراو دابنێیـن.

بەبۆچوونـی دکتـۆر ویذینتـۆن، سـیخت ئێنانـک پزیشـکی نموونـەی یەکێـک لـە فیرعەونـەکان بـووە و لـە دەوروبـەری ٣٠٠٠ هـەزار سـاڵ پێش زایـن ژیـاوە. لەنـاو گۆڕەکەیدا بە پێستی پڵنگ پێچراوەو دوو داردەستی پاشایانەی هەڵگرتووە، لەکاتێکا خێزانەکـەی لـە پشـتەوەی وەسـتاوەو دەسـتی لەسـەر شـانی دانـاوە. سـەبارەت بـە سیخیت ئینیاک بەکورتی ئەوە زانراوە " پزیشکی لووتی پاشا بووبێت". پاشای نەخۆش ئامادە بووە بە هەر خەڵاتێک پاداشتی خزمەتەکانی بداتەوە، بەڵام ئەم پزیشکە هەر ئەوەی پێباش بووە گۆڕی پاشا بەبەرد بڕازێنرێتەوەو حاڵەتەکەشی تۆماربکرێت. پێشنیاری ئەوەشی کردووە ئەمە لەشوێنی دیاریکراوی کۆشکدا هەڵبگیرێت و دواتر گۆڕەکەی دیاری بکرێت. بەو جۆرە سیخت ئینیاک بانگەشەی ئەوەی کردووە یەکەم پزیشک بوو بێت لەمێژوودا.

بـەلای مێـژوو نووسـانەوە "ئیمهەوتێـپ" نـاوی دووەم پزیشـکی ناسـراوە. ئـەم نـاوەش مانـای ئاشـتیخواز دەگەیەنێـت، کـە لەگـەڵ پیشـەی پزیشـکیدا دەگونجێت. دکتۆر ویلیام ئۆسلەر دەڵێت " ئیمهەوتێپ یەکەمین پزیشکی هەڵکەتووە بووە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا". سـەرباری ئـەوەش بەڵگـەی ئـەوە هەیـە کـە بانگەشـەکەرە ڕکابەرەکەی سیخت ئینیانک، پزیشکێکی بەتواناتر بووە وەک لە ئیمهەوتێپ. خۆی بۆ ماوەیەکی زۆر دوای مردنی یەکەمجار وەک جۆرە خواوەندێک پەرستراوەو دواجاریش وەک خواوەندی پزیشکی پەرسترا تا سەردەمی مەسیحیەت. هاوشێوەی ئیمۆنتێس لەلایەن یۆنانیەکانەوە وەک هاوتای ئایسکۆلاپیەسی خواوەندی پزیشکی، دەستنیشـان کـران. بـە پێـی ئـەو زانیاریانـەی ئێسـتا لەبەردەسـتدان، لەسـەردەمی ژیانیـدا ئیمهەوتێـپ کەمتـر وەک پزیشـک ناوبانگـی هەبـووە، زیاتـر وەک وەزیـرو بیناسـاز ناوبانگـی هەبـووە. ناتوانیـن ئـەو بـۆ چوونـەی دکتـۆر جەمیسـۆن بۆیـد هـەری و ئەوانـی ترکـە خستیانەتەڕوو بەڕاست بزانیـن بـەوەی ئیمهەوتێـپ زیاتـر لـە هیپۆکـرات بـە باوکـی زانسـتی پزیشـکی بناسـرێت یـان وەک شـوێن گـرەوەی خواوەنـدی چارەسـەر دابنرێـت. ئیمهەوتێـپ وەزیـری پلەیەکـی شازۆسـێر بـووە،

کە لەدەوروبەری ۲۹۸۰–۲۹۰۰ پێش زاین ژیاوە. هەروەها فەرمانبەری پلەیەکی دیوانی پاشایەتیس بووە و وەک یوسفیش سەرپەرشتی زۆرکاروباری حکومەتی کردووە. نەک تەنها لەبواری سیاسەتدا زۆر سەرکەوتوو بووە، بەڵکو وەک یەکێک لە مەزنترین بیناسازەکانی مێژووی مرۆڤایەتیش دەناسرێت. نەخشەی هەرەمی پلەداری ساکارای داناوە، کە هەموو ئەو گەشتیارانەی بەرەو سەرەوەی ڕووباری نیل دەڕۆن یان سەردانی شاری مێژووی مێمفسی دەکەن، دەتوانن ببینن.

ئەو گۆڕە گەورەیەی ئیمهەوتێپ بۆ سەرداره شاهانەکەی دروست کردووە، نەک تەنها کۆنترین بینای بەردینە لە جیهاندا مابێتەوە، بەڵکو سەرنجڕاکێشیشە وەک خاڵی وەرچەرخان لەنێوان ئەو گۆڕە سادانەی سەردەمی کۆن کە بەردەمەکانیان بەرد بووە لەگەڵ ئەو هەرەمە سادانەی لاکانیان ساف بووە و دواجار بوونەتە هەوێنی دروست کردنی هەرەمی مەزنی خۆفۆ، کە گەورەترینی هەرەمەکانەو مەزنترین تەلاری بەردینیشە لەسەردەمی نوێدا.

هەروەک پرۆفیسۆرهێنزی بریستێد ئاماژەی پێدەکات"زوو لەناوچوونی بەربەریەت و پێشکەوتنی شارستانیەت لە میسری کۆندا ڕووداوێکی زۆر گەورە بووە. لەدەوروبەری ۲۸۸۵پێش زاین، دوای کەمتر لە حەفتاو پێنج ساڵ، هەرەمی مەزنی خۆفۆ بنیاتنرا. ئەم هەرەمە نزیکەی دوو ملیۆن بەرد لە بنیاتنانیدا بەکارهێنراوە، کە کێشی هەریەکەیان نزیکەی دوو تەن و نیو بووە "! ئیمهەوتێپ بە شێوەیەکی ناوازە نەخشەی هەرەمی پلەداری زۆسێری داناوە. ئەم هەرەمە زیاتر لە ٦٩ مەتر بەرزەو لە ٦ پلەکانی فرە گەورە پێک هاتووە. پێدەچیت کاری بنیاتنانی وەها هەرەمێک هەر فرە سەخت بوو بێت.

ئەوەی جێی داخە هیچ شتێک لەبارەی ئیمهەوتێپەوە وەک پزیشک نازانین. سەرباری ئەوەش پێدەچێت کەسێکی دیاری بوارەکانی پزیشکی و بیناسازی و هەروەها سیاسیش بوو بێت، چونکە دوای مردنی بۆ ماوەی چەند سەدەیەک وەک خواوەندی پزیشکی پەرستراوەو سەرەتا وەک جۆرێک لە خواوەند بووە. دواجاریش لەدەوروبەری ٥٠٠ پێش زاین وەک خواوەندێکی تەواو پەرستراوە! گەلێک پەیکەرۆچکەی (پەیکەری بچووک) دۆزراونەتەوەو زۆربەیان لە برۆنزی

پوخت دروست کراون و وێنەی ئیمهەوتێپمان پیشان دەدەن کە دانیشتووەو خەریکی خوێندنەوەی ئەو کتێبەیە لەسەر ئەژنۆکانی داناون. دە پەیکەرۆچکەی وەها لە مۆزەخانەی بەریتانیدا هەن و مۆزەخانەی مێژووی پزیشکیش سی و یەک دانەی تیادایە لەگەڵ دوو پەیکەری تریش کە دوو پەیکەریان هی کەسایەتیەکانن بەپێوە وەستاون.

هەروەک زانراوە لە مێمفیس و تێبر و فیلا وەک ڕێزلێنان لە ئیمهەوتێپ سێ پەرستگا بنیاتنراون. لەوێ و لە شوێنانی تر ئیمهەوتێپ پەرستراوەو بەڵگەش هەیە بڕوابکەین خەواندنی موگناتیسی لە پەرستگاکاندا لە میسردا هاوشێوەی یۆنان کاری پێکراوە. لەو سێ پەرستگایە تەنها یەکێکیان لە دوورگەی فیلا لە دوورەوەی ڕووباری نیل ماوەتەوە. ئەو پەرستگایەش لە دوای بنیاتنانی بەنداوی گەورەی ئەسوان ژێر ئاو کەوت، کە نموونەیەکی ناوازەی بیناسازی میسری بووە. ئیمهەوتێپ لە نزیک شاری مێمفیس نێژراوە، بەڵام گۆڕەکەی هێشتا نەدۆزراوەتەوە. پێدەچێت ڕۆژگارێک بدۆزرێتەوە و بانگەشەی ناساندنی ئەم حەکیمە وەک "یەکەمین پزیشکی ناسراو" پشتڕاست بکرێتەوە.

## کاری پزیشکیی لە میسری کۆندا

باسمان لە داهێنانی نووسین و بەکارهێنانی زەلمان لە میسری کۆندا کرد، بەجۆرێک پێشبینی ئەوە دەکرێت بە لێکۆڵینەوە لەو زەلانەی ئێستا هەن، زانیاری تەواومان لەبارەی زانستی پزیشکی لەو سەردەمەدا دەست بکەوێت. هێشتا وەها پێشبینیەکیش نەخراوەتەڕوو. ئەو پەڕاوانەی ئێستا هەن تەنها بەشێکی ئەدەبیاتی مەزنی میسرن، کە بە پەڕاوە پارێزراوەکانی توتی، خواوەندی زانست دەستپێدەکەن. ئەو پەڕاوانە کە ژمارەیان ٣٢ دانەیە و ٦ دانەیان لەبارەی زانستی پزیشکیەوەیە لەپەرستگاکاندا وەک سەرچاوە پارێزراون و لە بۆنە پیرۆزەکاندا سوودیان لێوەردەگیرێت. هەموویان لەناوچوون هەرچەندە ئەو پەڕاوە پزیشکیانەی ئێستا لەبەردەستدان، هەر پێدەچێت لە پەڕاوە کۆنەکانەوە وەرگیرابن. پەڕاوەکانی هێرمێتێک بایەخی زۆریان پێدراوە، بەجۆرێک ئەگەر نەخۆشێک بمردایە هیچ

گازندەیەک نەدەکرا چونکە پزیشک تاڕادەیەکی زۆر بە ووتنەوەی ئەو پەڕاوانەوە پابەند بووە. ئەگەر پزیشک لەسەر میتۆدە پشت پێبەستراوەکانی چارەسەر نەڕۆشتایە و حاڵەتەکەی هەر تۆزێک کارەسات ئامێزانە کۆتای بهاتایە، ژیانی خۆشی دەکەوتە بەر مەترسی. بەو جۆرە یاساکانی ئاکاری پزیشکی لەمیسری کۆندا سزای زیاتری بۆ ئەوانە تیادا بووە، کە بە خراپی کاری پزیشکیان دەکرد وەک لە یاساکانی ئاکاری پزیشکی لە بابلدا.

جا ناکرێت بە ئارەزووی خۆمان بە پێی پەڕاوەکان هەڵسەنگاندن بۆ کاری پزیشکیی لە میسری کۆندا بکەین چونکە ئەم پەڕاوانە بە زۆری تەنها کۆمەڵە زانیاریەک و پوختەی پەڕاوە لەناوچووەکانی هێرمیتێکی تیایە. خۆی ئەو پەڕاوانە بۆ قوتابیانی زانستی پزیشکی زۆر زانیاری سەرنجڕاکێشیان تیادایە. پەڕاوی ئیبەرز دیاترین پەڕاوی پزیشکیە لەساڵی ١٨٦٢ دا پرۆفیسۆر جۆرج ئیبەرز لە یەکێک لە گۆڕەکاندا لە شاری تیبەدا دۆزیویەتیەوە، کە ئێستا لە زانکۆی لیپزیگ پارێزراوە. ئەمە نەک تەنها کۆنترین پەڕاوی پزیشکیە، بەڵکو بەگشتی لەهەموو بوارەکاندا بە کۆنترین پەڕاو دادەنرێت. پەڕاوەکەش لە ١١١ لاپەڕە پێک هاتووەو ٩٠٠ ڕەچەتەی تیایە و ساڵنامەیەکیش لە پشتەوەی هەیە، کە پێدەچێت بەدیاریکراوی لە دەوروبەری ١٥٠٠ ساڵ پێش زاین نووسرابێت.

زۆر بەڵگە لەبەردەستدایە دەیسەلمێنێت زۆربەی ئەم پەڕاوە لە سەرچاوەی ترەوە لەسەدەکانی لەسەدەکانی پێشوتردا وەرگیراون. بایەخەکەی خۆی لەو پەراوێزانەدا دەبینێتەوە کە نووسەرە ڕاستەقینەکەی دایناوە. ئەم پەراوێزانەش بەم جۆرەیە " ئەم چارەسەرەم بەکارهێناوە و هەر زۆر چاکە". هەروەک ئەو پەڕاوە پزیشکیانەی ئێستا دەچینەوە سەریان، پەڕاوی ئیبەرز زۆر نووشتەو جادووی تیابووە، کە دەرخەری ئەوەن چارەسەرەکان بە مەبەستی دەرپەڕاندن یان نەهێشتنی هۆکاری نەخۆشی پێشکەش کراون. لە میسردا هەر لە سەردەمانی کۆنەوە بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشی بیر لە دەرپەڕاندنی جن لە لەشدا کراوەتەوە. شێوازەکانی چارەسەریش لەکاتی وەرگرتنی دەرماندا خۆی لە دووبارە کردنەوەی دەستەواژەکانی وەک " بەخێربێیت فەرموو ئەوە چارەسەر

، ئەمـە چـی لـە دڵ و پەلەکانتـا هەیـە دەری دەپەڕێنێـت " دەبینییـەوە. ئەمـەش یەکێـک بـووە لـەو نووشـتە و جـادووە زۆرانـەی لـە پـەڕاوە پزیشـکیەکاندا خراوەتـە ڕوو. هەروەهـا باسـی چاوەزاریـش کـراوە، کـە خـۆی لـە وێنـەی خواوەنـدەکان و شتەکانی تـردا دەبینیـەوە. جا لەمل دەکرا یان بە پێ یان بە پەنجە گەورەی پێوە دەبەسـترا. هەندێـک جـار پەتـی گرێدراو بەکاردەهێنـرا. ئـەم پەتـەش بـەزۆری نـۆ گرێـی لێـدەدرا. ئەمـەش جـۆرە نووشـتەیەکە لـە کەلەپـووری گەلانـدا تـا ڕۆژگاری ئەمرۆمـان ماوەتـەوە.

زۆربـەی پەڕاوەکە لـە ڕەچەتـە پێکهاتووەو بۆ هـەر حاڵەتێکیش چارەسـەرەکە، دەرمانەکـەو بڕەکـەی و هەروەهـا زۆرجاریش ئـەو نووشـتەیە و ویـردە گونجاوەکـە بـۆ جـۆری نەخۆشـی بەکاردێت، خراوەتـە ڕوو. لـە نێـو ئـەو دەرمانانـەی باسـیان لێوەکـراوە، ڕۆنـی گەرچەکـە کـە وەک دەرمانـی ڕەوانـی و هەروەهـا وەک نەوتـی چـراش بەکارهاتـووە. دەنکەکانـی هەجوێـراوەو لەگـەڵ بیـرە قـووت دراوەو بـۆ چارەسـەری نەخۆشـی هەناویـش سـوودی لـێ بینـراوە. ڕۆنەکەشـی بـۆ چارەسـەری برینی قورس و سـووتاوی سـوودی لێ بینراوە . زمانە بەرخی شـاخدار[9]، دەرمانێکی تـرە کـە بـۆ ماوەیەکـی زۆر لەبواری دەرمانسـازیدا بۆ نەهێشـتنی ئـازاری ئاوسـان، سـوودی لـێ بینـراوە. هەروەهـا بـۆ قاندانیـش بەمەبەسـتی دەرپەڕاندنـی جن لەلەشـدا بەکارهێنـراوە!

یەکێـک لـە چارەسـەرە سـەیرەکان خـۆی لـە بەکارهێنانـی زراوی زۆرێـک لـە گیانکەبـەران بینیوەتـەوە، بـۆ نموونـە:زراوی بـەراز بـۆ چارەسـەری نەخۆشـی چـاو بەکارهێنـراوە، ئـەو مادانـەی تـری لەشـی گیانلەبـەر بەکارهێنـراون هەندێکیـان زیـان بەخـش بـوون، لەکاتێکا وا بەبـاش زانـراوە چـەوری زۆرێـک لـە گیانلەبـەران بەکاربهێنرێـت. چـەوری ئەسـپی ئـاوی، شـێر، تیمسـاح ، قـازو بزنـە کێـوی وەک ڕەچەتـە بـۆ چارەسـەری سـەر ڕووتانـەوە بەکارهێنـراون. خـۆی وا پێدەچێـت لـەو سـەردەمەدا دەرمانسـازەکان لـە ڕاوکردنیشـدا شـارەزابوو بـن. لـە پـەڕاوی ئیبـەرزدا زۆر کـەم بـاس لـە نیشـانە یـان دەسـتنیشـان کردنـی نەخۆشـی کـراوە. لـە یەکێـک لـە

٩ Hartshorn : نـاوی کاربۆناتـی ئەمۆنیۆمیشـە، کـە لـە دروسـتکردنی تـۆزی نـان کـردن و پێکهاتەکانـی ئەمۆنیۆمـدا، بەکاردەهێنرێـت .

بەشە سەرنج ڕاکێشەکانیدا باس لە فرمانی دڵ کراوە، کە بەئەندامێکی زۆر گرنگ دانراوە. مێشکیش گرنگیەکی کەمی پێدراوە. لەکاتی مۆمیاکردنی بە ووریاییەوە شوێنی دڵ بەجێهێڵراوە و بە پێچەوانەوە ئەندامەکانی تر لابراون. دیارە ترپە لە بەشی زۆری جەستەدا هەستی پێدەکرێت و ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ لێدانی دڵدا. هەر لەو پەڕاوەدا باسی سێ خوێنبەر لە هەر باڵ و لاقێکدا و چواریش لە سەرداو چواریش لە جگەرداو هەروەها چواریش لەسەر سیەکاندا کراوە. واباوەڕکراوە گوێیەکان ئەندامی هەناسەدان و بیستنیش بوو بن! باسکردنەکەش وەها بووە "هەناسەی ژیان لە ڕێگەی گوێی ڕاستەوەیە و هەناسەی مردنیش لە ڕێگەی گوێی چەپەوەیە"! ئەم زنجیرە توێژینەوەیە زۆر تێکەڵ و پێکەڵە دەرخەری ئەوەیە بە جۆرێک لە جۆرەکان هەوڵدراوە تا چۆنیەتی کارکردنی جەستەی مرۆڤ ڕوون بکرێتەوە. جا وادەردەکەوێت پزیشکی ئەو سەردەمە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی ئەزموونکردنی هەڕەمەکییەوە کاری کردبێت. هەر لەو پەڕاوە پزیشکیەشدا باسی ئەوە کراوە کە میسریەکان وەک نەریت لەهەر مانگێکدا بۆ ماوەی ٣ ڕۆژی لەسەر یەک شرینقەی کۆمیان بەکارهێناوە. دواتریش ئەم وەسیلەی پاکژکەرەوە بۆ چارەسەری نەخۆشیش کەڵکیان لێوەرگرتووە. هەر لە پەڕاوەکەدا بەدیاریکراوی باس لە نەخۆشیەکانی گەدە، ڕیخۆڵە و هەروەها تا و نەخۆشیەکانی چاویش کراوە.

وەک دەردەکەوێت سروشتی ئەم نەخۆشیانە هەر لەسەردەمانی کۆنەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان گۆڕانکاری کەمی بەسەر هاتووە. کبریتاتی مس بەشێوەیەکی بەربڵاو بۆ چارەسەری نەخۆشیەکانی چاو بەکارهێنراوە. هەر بە لێکۆڵینەوە لە پەڕاوی ئیبەرز دەردەکەوێت لە میسری کۆندا بە پشت بەستن بە ئەزموون یان جۆرەکانی جادووگەری، نەخۆشی چارەسەر کراوە.

خۆی هەتا چەند ساڵێکی کەمیش لەمەوبەر بەبەراوورد بە ئاستی گشتی ڕۆشنبیری زانستی پزیشکی لە میسردا بە پێی پێوسیت گرنگی پێنەدرا تا بەوەرگێڕانی پەڕاوەکەی ئیدووین سمث ڕوانینێکی ئاقڵانەترو زانستی تر هاتە کایەوە. ئەم پەڕاوە هەر لەهەمان شوێن و کاتی پەڕاوی ئیبەرز دۆزرایەوە و

بە ناوی هەڵگرەوەکەی بوو هەتا کۆچی دوای کرد. دوای مردنی پێشکەشی مۆزەخانەی مێژوویی نیویۆرک کرا. بەم دوایانە پرۆفیسۆر هێنری برێستێد لێکۆڵینەوەی لەسەر کردووەو وەسفی کردووە و ئەوەشی خستۆتە ڕوو، کە مێژووی ئەم پەڕاوە کەمێک لەپێش مێژووی پەڕاوی ئیبەرزەوەیە. پەڕاوی ئیدوین جۆرێکە لە کتێبی دەستی لەسەر چارەسەری برین و خوێن تێزان، لەسەرەوە دەست پێدەکات تا ئەندامانی تر.

ئەوەی جێی داخە باس وخواسەکەی بە قەفەسەی سنگ کۆتای دێت. هەر لەبەر ئەوەشە بە پەڕاوێکی ناتەواو دادەنرێت. بەڵگە هەیە دەیسەلمێنێت ئامێرەکانی نەشتەرگەری لای میسریەکان بەکارهێنراوەو شکاویش لە ڕێگەی ئێسکبەندەوە چارەسەرکراوە. برینیش لەڕێگەی گۆشتی خاو چارەسەر کراوە. لە ڕۆژی یەکەمدا برینەکە پێچراوە. ئەم بیرۆکەیە لە هەندێک شوێندا هێشتا هەر کاری پێدەکرێت. دواتر برینەکە بەزی بەسەردا دەپێچراو هەنگوینیشی بۆ بەکار دەهێنرا. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە لەناو پەڕاوەکەدا بەم شێوە سەردەمیانە باس لە حاڵەتی شەویلگەیەکی لەجێ چوو کراوە " ئەگەر پشکنین بۆ کەسێک بکەیت شەویلگەی خوارەوەی لە جێ چووبێت و پێویست بکات دەمی بکەیتەوەو دواتر نەتواتێت دەمی دابخاتەوە، دەبێت دوو پەنجەی ئەسپێ کوژەت بخەیتە سەر هەردوو کۆتاییەکانی شەویلگەکە لە ڕووی ناوەوەی دەمەوەو پەنجەکانی ترت لە ژێر چەناگەی دانێیت تا دێنە خوارەوەو دەچنە شوێنی خۆیان"!

ئەو پەڕاوە پزیشکیانەی تر، کە دۆزراونەتەوە ، بچووکترن و کەم کورتی زیاتریان تیایە وەک لەوانەی باسکراون. پەڕاوی هارست، کە لەساڵی ١٨٩٩ دا لە میسری سەروودا دۆزراوەتەوە، ئێستا لە زانکۆی کالیفۆڕنیایە. ناوەڕۆکەکەی زۆر لە ناوەڕۆکی پەڕاوی ئیبەرز دەچێت و مێژووەکەی بۆ ١٤٠٠ ساڵ پێش زاین دەگەڕێتەوە. بەڕێز فلێندەز پێتری پەڕاوێکی تری بەناوی پەڕاوی کاهونی لە ساڵی ١٨٨٩ دا دۆزیەوە. ئەم پەڕاوە لەساڵی ١٨٥٠ پ.ز بەشێوەی بەش بەش نووسراوە. وا پێدەچێت تیایدا باس لە چارەسەری نەخۆشیەکانی زاوزێ و منداڵ بوون کرا بێت و کتێبێکی مەنهەجی زۆر چاکی نەخۆشیەکانی ژنانیش بوو بێت.

لـه مۆزەخانـەی بەریتانـی پەڕاوێکـی تـر بەشـێوەی بـەش بـەش هەیـە. بەشـی زۆری لـە نووشـتە پێـک هاتـووە، کـە هەندێـک جـار پێـی دەڵێـن پـەڕاوی پزیشـکیی لەندەن. پێدەچێت مێژووەکەی بۆ سـەردەمانێکی زۆر کۆن بگەڕێتەوە. دوو پەڕاوی تـر لـە مۆزەخانـەی بەرلیـن هەیـە. یەکێکیـان پەڕاوێکـی خراپـە، بـەڵام بابەتەکانـی نـاوی لـە بابەتەکانـی ئیبـەرز دەچێت. ئەوەکـەی تریـان بەڵگەنامەیەکـی کـورت و سەرنجڕاکێشـە و لەدەوروبەری ١٤٥٠ پێش زاین نووسـراوە. ڕەچەتەو نووشـتەی بـۆ خۆپاراسـتنی دایـکان و منـاڵان و هەروەهـا چارەسـەری نەخۆشـیەکانی منـاڵان تیایـە. پێدەچێت کۆنتریـن پـەڕاو بێت لەبـارەی پزیشـکی منـاڵان دۆزرابێتـەوە.

زۆر پـەڕاوی تـری پزیشـکیی دۆزراونەتـەوە، کـە زۆربەیـان هـی ئـەم سـەردەمانەی دوایـن و هەمووشـیان لـە ڕەچەتـەو چـاوەزار پێـک هاتـوون. لەکاتێـکا لـە قاهیـرە دەسـت نووسـێکی سـەردەمی قیبتیەکان لـە سـەدەی دەیـەم هەڵگیراوە. وەکو پەڕاوە کۆنەکانـی تـر تیایـدا بـاس لـە چەنـد دەرمانێـک کـراوە، بـەڵام ئامـاژە بـە وەسـیلەی دەستنیشـان کردنـی نەخۆشـی نەکـراوە.

## مۆمیاکردن و لێکۆڵینەوە لە نەخۆشی لە ڕێگەی مۆمیاکان

هیـچ بـاس و خواسـێکی زانسـتی پزیشـکی لـە میسـری دێرینـدا بـە بێ گەڕانـەوە بۆ هەندێـک داب و نەریتـی سـەیری پاراسـتنی جەسـتەی مـرۆڤ لـە دوای مـردن، تـەواو جێـی خـۆی ناگرێـت.

خـۆی جەسـتەی مـردووەکان لـە لمـی ووشـکی گەرمـی بیابـان دەنێـژراون و بـۆ چەندیـن سـاڵ لـە حاڵەتێکـی بێوێنـەی پاراسـتندا دەمانـەوە. پێدەچێت ئەمـەش بـەو مانایـە بـوو بێـت بـەلای میسـریەکان پاراسـتنی سروشـتیانەی جەسـتەکان بـە وەسـیلەی دەسـتکرد شـتێکی پەسـەند بـوو بێـت و بەبڕوای ئـەوان یارمەتیدەر بـوو بێـت دوای مـردن جەسـتە تێـک نەچێـت.

هەرکـە داب و نەریتـی مـردوو ناشـتن گـۆڕانـی بەسـەردا هاتـووە، ئەمـە بووەتـە پێویسـتی چونکـە ئـەو جەسـتەیەی لـەژووری گـۆڕێـک یـان خانەیەکـی هەرەمەکانـدا دادەنـرا، چیدیکـە کاریگـەری ووشـکەرەوەی گـۆڕی بیابانـی لەسـەر نەدەمـا.

مۆمیاکردن لە میسردا لە دەوروبەری (٤٠٠٠ پ.ز – ٦٠٠ ز) ئەنجام دراوە و بە قسە نزیکەی حەوت سەد ملیۆن جەستە مۆمیا کراوە! هیرۆدۆتی مێژوونووسی گەورەی یۆنانی وەسفێکی نموونەی ئەم کارەی کردووە و وتوویەتی "یەکەمجار پارچە ئاسنێکی لاریان هێناوەو لەڕێگەیەوە مۆخی سەریان لە برناخی لووتی مردووەکەوە هێناوەتە دەرەوە، بەو جۆرە بەشێکی جەستەیان پاک کردۆتەوە .

لە کاتێک ئەوەی لە کاسەی سەرەکەدا ماوەتەوە لە ڕێگەی دەرمانەوە لایان بردووە . پاشان بەبەردی تیژ جەستەکەیان بڕیوە و ئەوەی لە وورگیدا بێت دەریان هێناوە و بە ڕووەکی لەولاو، سینەمەکی و دەرمانی تر پڕیان کردۆتەوە و بۆ ماوەی هەفتەیەک لەناو کاربۆناتی صۆدیۆمدا دایان ناوە. دواتر جەستەکەیان شۆردووە و لە سەرەوە تا پێیەکان بە برین پێچی ڕیشاڵی چاک، کە جەوی پێوەکرابێت پێچاویانە و بردویانەتە لای خزم و کەس و کارەکەی. ئەوانیش لێی کۆبوونەتەوەو لە ناو سندووقی تەختەیی ، کە شێوەی لەمرۆڤ چووە، دایاننناوە. سندووقەکەیان توونـد بەستووە و لە ژووری مەزارگە لە سەرەوەدا هەڵیان گرتووە. ئەمە گرانبەهاترین شێوازی مۆمیاکردنی جەستەی مردووەکان بووە".

هەروەها شێوازێکی تری هەرزانتری مۆمیاکردن دانانی ڕۆنی گەرچەک بووە لە ناو لەشدا یان دانانی جەستەکە بووە لە گەرماوی خوێنیدا بەشێوەیەکی سادە. دیارە ئەم شێوازە تێچووی کەمتر بووە. وورگ هەڵدڕەکان، کە بەچاوێکی سوکەوە تەماشا دەکران، وورگی مردوویان هەڵدەدڕی. جا ئەمانیش لەبەر بژێوی ژیانیان ناچار بوون وەها کارێک بکەن. مۆمیاکەرانیش، کە ئەندامەکانیان لادەبرد، ڕێزێکی زۆریان لێ دەنرا. بەووریاییەوە بە ساغی دڵیان لە شوێنی خۆیدا دەپاراست. بەپێچەوانەوە ئەندامەکانی تریان لادەبردو بە هەندێک مادەی پارێزەر چارەسەریان دەکردو بە گورزە دەیان پێچاو لە جەستەکەدا دایان دەنایەوە.

بەڕێز وارن داوسۆنی میسرناس لەو بڕوایەدایە جەستەکەیان لەڕێگەی گەرمیەوە ووشک کردبێتەوە یان ئاوەڕووتیان کردبێت، هەروەک زۆر جەستەی مۆمیاکراو هیمای ئاگر پیشان دەدەن. لە کاتی ئەم پڕۆسەی گەرم کردنەدا

بەزۆری جەویان بەکارهێناوەو هەروەها برین پێچەکانیان لە جەوی گەرمکراودا خوساندووە.


ئەوەی زیاتر جێی سەرنجە سەرەڕای پشکنینی دوای مردن، کە بەشێک بووە لە پڕۆسەی مۆمیاکردن. میسریەکان نە زۆر ئارەزوویان لە توێکاری یان فەسلەجە بووە و نە گرنگیشیان بە هۆکاری مردن داوە. سەرباری ئەوەی بەم شێوازە سەیرە مۆمیاکردن ئەنجام دراوە، سوودی خۆشی هەبووە بەوەی یارمەتی پشکنەری داوە لێکۆڵینەوە لە نەخۆشی مۆمیاکان بکات. زۆر ڕاستی سەرنجڕاکێشیش تۆمارکراون، بۆ نموونە وازانراوە نەخۆشی ڕۆماتیزم زۆر بەربڵاو بوو بێت و کلۆربوونی دانیش زۆر دەگمەن بوو بێت.

نەخۆشیەکانی میرانە، میزەڕۆ، بەردی گورچیلە، زەرداویش و هەروەها نەخۆشی پۆت[10] و سیفەتە تێکدەرەکانی لەو مۆمیانەدا بینراون، کە مێژووەکانیان بۆ ٣٤٠٠ پێش زاین گەڕاوەتەوەو لەسەر گۆڕەکانیش وێناکراون. ئیلیۆت سمیث و دێری باسیان لە مۆمیای نێسپێریهانی خاوەن شکۆیەکی پایەداری بنەماڵەی بیست و یەکەم کردووە. لەم مۆمیایەدا دەردەکەوێت کە کۆمبوونی ناوچەی قەفەزەی سنگ لە ئەنجامی نەخۆشی و داخزانی بڕبڕەکانی پشت و هەروەها دوومەڵی گەورەی ماسولکەی کەمەر بووە. دەبینین لە جەستە مۆمیاکراوەکانی تردا پەردەکانی سی پێکەوە نووسێنراوەو تەنانەت هەوکردنی ڕیخۆڵە کوێرە دەستنیشان کراوەو هێلکەی بەلهارزیاش لە گورچیلەی جەستە مۆمیاکراوەکاندا دۆزراوەتەوە. بەمەشدا دەردەکەوێت نەخۆشی درێژخایەنی بەلهارزیا لە میسری کۆندا، هەر زۆر بەربڵاو بووەو ئێستاش هەر بەربڵاوەو ئەم نەخۆشیە لەسەردەمانێکی زۆر کۆنەوە لەو وڵاتەدا هەر هەبووە.

دوو نەخۆشی تر لەو سەردەمە کۆنانە لە میسردا، کێمکردنی درێژخایەنی خانەکانی پووک، ڕۆماتیزمی جومگە زۆر بەربڵاو بوون و پێدەچێت زۆریش کاریگەریان لەسەر یەک هەبوو بێت. لەو ئێسکە پەیکەرانەی مارک ڕووفێری، پسپۆڕی نەخۆشیەکانی سەردەمی کۆن، پشکنینی بۆ کردوون هیچ بەڵگەیەکی

١٠ Potts disease: پێشی دەووترێت سیلی بڕبڕەی پشت :جۆرە نەخۆشیەکە دەبێتە هۆی گۆشەداربوونی توندی بڕبڕەی پشت .

بوونی نەخۆشی فەڕەنگی و ئێسکەنەرمە نەدۆزراونەتەوە، بەڵام کۆمەڵێک پەیکەرۆچکەو نموونەی هەڵدڕاوی مرۆڤی گڕگن[11] لە کتێبەکەیدا بەناوی(چەند لێکۆڵینەوەیەک لەو نەخۆشیانەی لە میسری کۆندا هەبوون)، دەبینرێن. پێناچێت میسریەکان ڕۆحیەتی لێکۆڵینەوەیان هەبوو بێت یان وەک یۆنانیەکان تینووی زانیاری بووبن. لەبەر ڕۆشنای ئەو بەڵگانەی هەن زۆر ئەستەمە باوەڕبکەین ئایسکۆلاپیەس لە پێگەی شکۆداری خواوەندێکی وەک خواوەندی زانستی پزیشکی لەسەردەمی خۆیدا لابەرین و ئیمهەوتێپ لەشوێنی دابنێین، هەروەک چەند نووسەرێک خستوویانەتە بەرباس . لە نێو ئەوانەی مردوون، دەبێت هیپۆکراتس بە باوکی زانستی پزیشکی دابنێین. دەی با ڕێزی ئیمهەوتێپی پزیشکیش بگرین، کە بە خۆشی هات و بوو بە ڕێنیشاندەریشمان، ئەو یەکەمین پزیشکی ناسراویشە.



مۆمیای قەشە نێسفێرهان (١٠٠٠پ.ز)؛ دیارە ئەم وێنەیە نەخۆشی سیلمان پیشان دەدات.

١١ achondroplasia: بریتی یە لە گەشە نەکردنی ئاسایی ئێسک لە قۆناغی کۆرپەلەیی دا، کە دەبێتە هۆی جۆرێک لە کورتە باڵای و.نیشانەکەی بریتی یە لە گەورە بوونی سەرو کورتی پەلەکان.




پەیکەرۆچکەی ئیمهەوتێپی پزیشک

## باسی زانستی پزیشکیی له ئینجیلدا

هەرکە توێژینەوەمان لەبارەی زانستی پزیشکی لەسەردەمانی کۆندا ڕێڕەوی خۆی وەرگرێت، کارێکی ئاسایيه بمانەوێت بۆ دەست کەوتنی زانیاری بگەڕێنەوە بۆ ئینجیل.

ئەوەی جێی داخە ئەم گەڕانەوەيە جێی نائومێدیە لەبەر هۆیەکی دیاریکراو، لەپەیمانی کۆندا زۆر بەکەمی باسی پزیشک کراوە، ئەگەریش باس کرابێت ، تەنها خودا بە چارەسەرکار دانراوە. هەر بەپێی پەیمانی کۆن خوا بەخشەری ژیان و تەندروستی بووەو نەخۆشی و بەڵای بۆ مرۆڤ بەهۆی گوناهکردنەوە ناردووە. تەنها ئەوانەی شایانی چارەسەر بوون، کە تووشی نەخۆشی دەبوون، چارەسەری بۆ دەناردن. لە ئینجیلدا هاتووە " ئەگەر بە باشی گوێم لێبگرن و ئەوەی ڕاستە لەبەرچاوی بگرن و هەموو فەرزەکانم بە جێ بهێنن، هیچ نەخۆشیەک لەوانەی تووشی میسریەکانم کرد تووشی ئێوەی ناکەم چونکە من یەزدانم و چارەسەرکارم"[12].

هەر شێوازێکی چارەسەر مرۆڤ بیخستایەتە ڕوو پەسەند نەدەکرا چونکە وابڕوادەکرا ئەمە ببێتە هۆی غافڵ بوون لە خوا. هەر لە ئینجیل و لەپەیمانی کۆندا باسی چەند چارەسەرێک کراوەو لەهەموو حاڵەتەکانیشدا چارەسەرەکان هەر پیاوانی ئاینی کاریان لەسەر دەکردن.

هەر لەئینجیلدا بەم جۆرە باس لە چارەسەری گولی کراوە: ئەلشەعیش نێردراوێک دەنێرێتە لای نەعمانی سەرکردەی سووپای پاشای ئارام کە تووشی گولی بووە، پێی دەڵێت " بڕۆ لە ڕووباری ئوردون حەوت جار خۆت بشۆ، چاک دەبێتەوەو پاک دەبێتەوە"[13]. لەم ئایەتەشدا وەها باسی چارەسەری دوومەڵ کراوە : ئیشیا بە حەزقیا دەڵێت " نیوە لمەکێک لە هەنجیر دروست بکەن، ئەوانیش هێنایان و خستیانە سەر دوومەڵەکەو چاک بوویەوە"[14].

١٢ ئینجیل ، کتێبی دەرچوون (٢٦،١٥)
١٣ ئینجیل .پاشایان ٢ : ٥، ١٠
١٤ ئینجیل .پاشایان ٢ : ٢٠، ٧

ئەمـەش ئایەتێکـی تـرە بـاس لـە موعجیـزەی چـاک بوونـەوەی نەخۆشـێک دەکات "دوای ماوەیـەک کـوڕی ژنـی خـاوەن ماڵێک نەخـۆش کـەوت، نەخۆشـیەکەی بەجۆرێـک سـەخت بـوو کـە هەناسـەی لێبـڕا. ئینجـا ئەلیـاس کوڕەکـەی بـردو لـە ژوورەکـەی سـەرەوە هێنایە خـوارەوە بۆ نـاو ماڵەکە و دایە دەسـت دایکی .ئەلیاس گووتـی :ببینـە، کوڕەکـەت زینـدووە "[15]. هـەر لـە ئینجیلـدا وەهـا باسـی مامـان ، ئامێرەکانی منداڵ بـوون و کورسـی تایبـەت بە مامانی کراوە، " فیرعـەون بە دوو مامانی ژنـە عیبرانی بـە ناوەکانی شیفرە و پوعـەی گـوت ، ئێوە کە کاری مامانی بۆ ژنـە عیبرانیـەکان دەکـەن تەماشـایان بکـەن لەسـەر کورسـی منداڵ بوون، ئەگـەر کوڕیـان بـوو بیکوژن، ئەگـەر کچیـان بـوو مەیکوژن، بـەڵام ئەمـان لەخـوا ترسـان و فەرمانەکەیـان جێبەجێ نەکـرد و منداڵـە کوڕەکانیـان ڕزگار کـرد.

جـا بانگـی کـردن و پێـی ووتـن :بـۆ واتـان کـردووە، منداڵـە نێرینەکانتـان ڕزگارکـردووە؟ ئەمانیـش ووتیـان چونکـە ژنـە عیبریـەکان وەک ژنـە میسـریەکان نیـن، ئـەوان چالاکن و پێش ئـەوەی مامـان بێتـە لایـان منداڵیـان دەبێت. بـەو هۆیـە خـودا ڕەحمـی بـە مامانـەکان کـرد، گەلیـش چەنـد هێنـدە و زۆر بەهێـز بـوو"[16]. تەنها نەشـتەرگەریەکیش لەئینجیلـدا باسـی لێوەکرابیت خەتەنەکردنـە، کـە قەشـەکان بەشـێوەی ڕێوڕەسـمی ئاینـی ئەنجامیـان دەدا هـەروەک لـەم ئایەتانـەدا باسـکراوە " ئەمـەش پەیمانەکەمـە بەجێ دەهێنن لـە نێوان من و ئێوە و نەوەکانـی دوای خۆتـان، هەمـوو نێرینـەکان خەتەنـە بکـەن. هـەر نێرینەیەکـی خەتەنـە نەکراویـش کـە خەتەنـە نەکرێـت، ئـەوە لـە نەتەوەکـەی دادەبڕدێـت چونکـە پەیمانـی منـی شـکاندووە"[17]. "چیبـۆرە بەردەئەسـتییەکی هەڵگـرت و کوڕەکـەی خەتەنەکـرد پارچـە گۆشـتەکەی لـە پێیەکانـی دا گوتـی چونکـە تـۆ زاوای خوێنـی منـی"[18].

هـەر لـە ئینجیلـدا هاتـووە پێغەمبـەر ئیشـیا لەبـارەی برینێکـی تیمارنەکراوەوە <u>فەرموویەتـی</u> "لـە بنـی پێـی هەتـا تەوقـی سـەری کـوا سـاغی تیایـە ؟ هـەر بریـن

١٥ ئینجیل .پاشایان ١ : ١٧ ( ١٧-٢٣)

١٦ ئینجیل .دەرچوون١: (١٥-٢٠)

١٧ ئینجیل .پەیدابوون :١٧(١٠-١٤)

١٨ ئینجیل .دەرچوون١: (١٥-٢٠)

و شین و مۆر بوونەوەیە، ئەمە تازە لێی دراوە و برینەکەی نە بەستراوەو نە بە ڕۆن نەرم کراوە ".[19] بە تێڕامان لە ئینجیل دەردەکەوێت جوولەکەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان شارەزاییان لە فریاکەوتنی سەرەتایی هەبووەو شکاویشیان چارەسەر کردووە هەروەک لەم ئایەتدا دەردەکەوێت " ئەی نەوەی مرۆڤ، من بازووی فیرعەونی پاشای میسرم شکاند .یەکناگرێتەوە، نە بە پەلیکە دارو نە بە پێچانەوەی، تا بەهێز بێت و شمشێر بە دەستەوە بگرێتەوە"[20].

وێڕای ئەم نائومێدیەی بەهۆی نەبوونی سەرچاوە لەسەر زانستی پزیشکی و نەشتەرگەریەوە هاتۆتە کایەوە، بەلای منەوە ئینجیل خەزێنەی زانیاری تەندروستی کەسێنی و کۆمەڵە و تەنانەت دەکرێت بەیەکەم کتێبی مەنهەجی تەندروستی گشتی دابنرێت. بەشی ساینزەیەم و چواردەیەمی کتێبی لاوی لە ئینجیلدا ڕێمای ڕوونی تیایە، کە قەشەکان لە کاتی چارەسەری نەخۆشی گولیدا دەتوانن کەڵکی لێوەرگرن. جیاکردنەوەی نەخۆش، شۆردن یان سووتاندنی ئەو جلەی نەخۆشیەکەی پێوەیە، پاکژکردنەوەی خانووەکان لە میکرۆب لەکاتی پێویستیا و تەواو لەناو بردنیان، هەموو ئەمانە لە ئینجیلدا بە درێژی باسیان لێوە کراوە.

## یەکەمین پیشەگەری ناسراوی بواری پزیشکی

لە زۆر شوێنی پەیمانی کۆنی ئینجیلدا وەها باسی نەخۆشی تاعون کراوە "بیست هەزار کەس بەهۆی گوناحی بەعلی بەعۆرەوە تووشی نەخۆشی تاعونە بوون و مردن"21. "پرسیان چۆن قوربانی بۆ ئەو گوناحە بکەین؟ ئەوانیش وتیان ، بە پێی ژمارەی حوکمڕانە فەلەستییەکان پێنج پارچە زێڕ لە شێوەی ئاوسان و پێنج جرجی زێڕین، چونکە خۆتان و حوکمڕانەکانتان تووشی هەمان دەرد بوون. پەیکەری ئەو مایەسیری و جرجانە دروست بکەن کە زەوی پیس کردووە و خودای ئیسرائیل شکۆدار بکەن، بەڵکو ڕەحم بە خۆتان و نیشتیمانتان

---

١٩ ئینجیل. پەیدابوون:١٧(١٠-١٤)

٢٠ ئینجیل. پاشایان:٢،٧-٢٠

٢١ ئینجیل. ئیشیا:٦-١

بکات ”22. پێدەچێت ئینجیل یەکەم سەرچاوە بێت تیایدا ئاماژە بەوە کرابێت جرج هۆکاری بڵاوبوونەوی تاعون بێت

پەیمانی کۆن زۆر زانیاری لەبارەی تەندروستی کەسێنی تیادایە . نموونەیەک دەکرێت بیخەینە ڕوو ئەوەیە کە « هەموو سەربازێک ئەبێت لەگەڵ شتومەکەکانی خاکەناز هەڵگرێت، بۆ ئەوەی دوای پیسایی کردن چاڵی پێ هەڵبکەنێت و پیساییەکەی پێ داپۆشێت».[23] پاک و خاوێنی بەشێک بووە لە ئەخلاق و تەنانەت بەشێکیش بووە لە خواپەرستی. بۆ یەکەمجارلەمێژوودا لەپێناوی بەرژەوەندی گشتیدا مرۆڤ ملکەچی کۆمەڵگا بووە. لەهەر کوێدا پێویست بووایە دەبووایە تاک واز لە خۆشگوزەرانی و دڵخۆشی خۆی بهێنایە. ویژدانی کۆمەڵگا بەخەبەر هات و جوولەکەکانیش بوون بە پێشەنگ لەبواری تەندروستی گشتیدا.

نەک تەنها لە ئینجیلدا بەڵکو لە کتێبی تەلمۆدیشدا (سەدەی پێنجەمی زاین) زۆر زانیاریمان لەسەر تەندروستی تاک و کۆمەڵ دەست دەکەوێت. خۆی تەلمۆد کتێبی دەستوورو یاساکانە، بەڵام چەند زانیاریەکی لەبارەی زانستی پزیشکی لای جوولەکەکان تیادایە، کە لە کتێبی پەیمانی کۆندا نی یە . هەر لە تەلمۆد دا زۆر بەدرێژی باس لە توێکاری مرۆڤ کراوە، بەتایبەتی بەجوانی باس لە ئێسکی کلێنچە کراوە. ئەم ئێسکە کەوتووەتە بەشی کۆتای بڕبڕەی پشتەوەو ئەو بەشەی جەستەشە، کە دوای مردنیش هەر دەمێنێتەوە. ئەم بیروباوەڕەش تا سەدەکانی ناوەڕاست ماوەیەوە و ئاشکرا نەکرا هەتا ڤیسالۆسی توێکارزان زۆر سەرسوڕهێنەرانە ئەمەو زۆر ڕاستی سەرنجڕاکێشی تری لەبارەی توێکارزانیەوە، ووروژاند. لە تەلمودا باس لە خوێن گرتن، کەڵە شاخ، بەکارهێنانی ئێسکە بەند و برین پێچی کراوە. لەو سەردەمەدا خوێندنی پزیشکی بەشێوەی ڕێکخراو نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا پزیشکی میللی زۆر پێشکەوتوو بووە.

جا بەلێکۆڵینەوە لە ئەدەبیاتی عیبری لە سەردەمانی کۆندا، ئەگەینە ئەو دەرەنجامەی هەرچەندە لە نێو جوولەکەکاندا نە پزیشکی گەورە هەڵکەوتووە و نە

٢٢ ئینجیل حەزقیل:٣٠-٢١

٢٣ ئینجیل :دەرچوون ٣٣ :١٣

کەسیان پزیشک بوون، کەچی بە پەرەپێدانی ویژدانی کۆمەڵایەتی لەنێو خەڵکدا و بە کارکردن لەسەر وەسیلە ناوازەکانی ڕێگریکردن لە نەخۆشە درمیەکان و باس کردنی تەندروستی کۆمەڵ، ڕۆڵیان لە بەرەوپێش بردنی زانستی پزیشکی گیراوە.

## زانستی پزیشکی لە هیندی کۆندا

بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرەتای کاری پزیشکی کۆن لە ڕۆژهەڵاتدا، هیچ باس و خواسێک لەبارەی یەکەمین پیشەوەری بواری پزیشکی شوێنی خۆی بە تەواوی ناگرێت. بەهۆی ئەوەی ڕاستی و خەیاڵ لە نووسینە ڕۆژهەڵاتیەکاندا بەسەختی لێک جیادەکرێنەوە، زانیاریمان لەبارەی زانستی پزیشکی لە هیندا لە سەردەمی کۆندا بێ کەم و کورتی نابێت.

بە پێی کتێبی ڕێک ڤیدای کۆنترین بەڵگەنامەی سانسکریتی، کە لە دەوروبەری ١٥٠٠ ساڵ پێش زاین نووسراوە، لەو سەردەمەدا بەزۆری لەڕێگەی جادوو یان نووشتەوە چارەسەری نەخۆشی کراوە. لەڕێگەی بەرهەمێک یان زنجیرە بەرهەمێکی دواتر کە دەوروبەری ٧٠٠ ساڵ پیش زاین نووسراون بەناوی ئایور ڤیدا، زۆرتر زانیاریمان لەبارەی زانستی پزیشکیەوە دەست دەکەوێت. دەووترێت بەشێکی ئەو بەرهەمە هەردوو پزیشک چارەکەو سوسرِوتا نووسیبێتان هەرچەندە دەست نووسەکە مێژووەکەی بۆ پێش ئەو دوو پزیشکە مەزنە دەگەڕێتەوە.

چاراکە لەسەرەتای سەردەمی مەسیحیەت ژیاوەو سورِوتاش لە دەوروبەری سەدەی پێنجەمی زاینی ژیاوە. نووسینەکانی سوسرِوتا زیاتر شایانی باس کردنن. سوسرِوتا لەسەر نەخۆشی مەلاریا نووسیویەتی، کە وابڕوا دەکرا مێشوولە هۆکارەکەی بێت، لەسەر تاعوون نووسیویەتی، کە کاتێک بڵاوبووەتەوە زۆر جرجی مردوو بینراون.

لەسەر نەخۆشی سیل نووسیویەتی، کە نیشانەکانی پژانی خوێن لەسیەکان و کۆکەو تا بووە . هەروەها لەسەر نەخۆشی ئاوڵەش نووسیویەتی، کە زۆر بەر بڵاو بووە. پزیشکە هیندیەکان زۆر دەرمانیان دروست کردووەو سوسرِوتاشی

مەزنیش باسی حەوت سەد و شەست گیای پزیشکی کردووە. بەزۆری هیندیەکان مەڵهەم، شۆرگە و تۆزی پژمینیان بۆ چارەسەری نەخۆشیەکانی پێست بەکارهێناوە. هەروەها کەڵکیان لە هەناسە هەڵکێشان وەک چارەسەر وەرگرتووە.

هەندێک لەو زانیاریە گشتیانە زۆر جێی بایەخن. سورسورتا وتوویەتی «ئەو کەسەی تەنها لە زانستێکدا شارەزایە وەک باڵندەی یەک باڵ وایە». پێدەچێت ئەمەش لای پسپۆرانی سەردەم جێی سەرسوڕمان بێت. ویزینتۆن وەها باسی لە ئەرکی نەشتەرگەری سەربازی لە هیندا کردووە «کاتێک پاشا لەگەڵ هێزەکەی بەرێکەوتووە، پزیشکێکی لێهاتووی لەگەڵ خۆی بردووە کە ئەبووایە خۆراک، ئاو، شوێنەکانی دەوارهەڵدانی ببینایە. ئەگەر ژەهری ببینایە، ئەبوایە لایبردایە. هەروەها دەبوایە سوپاکەی لە مردن و تێک شکان بپارێزایە و خێمەکەشی نزیک خێمەی پاشا بوایە و ئاڵایەکی بەسەرەوە بوایە تاوەکو کەسانی نەخۆش و ژەهر خوارد کراو زوو بیاندۆزایەتەوە».

سەرباری ئەمەش هیندیە کۆنەکان لە نەشتەرگەریدا زۆر شارەزا بوون. سوسرتا باسی زیاتر لە سەد ئامێری نەشتەرگەری کردووە. دیارە ئەمەش گەورەترین کاریگەری لەسەر شێوازی چارەسەرکردنی نەخۆشی هەبووەو داهێنانی ئەم ئامێرانەش کارێکی ناوازە و ئازایانە بووە. هەرچەندە پێدەچێت گران نەبێت بیسەلمێنین کە هەندێک لەم ئامێرانە خۆیان لە بنەچەدا یۆنانی بوون. ڕێگاکانی ئەنجامدانی نەشتەرگەری ووتراونەتەوەو قەدە ناوبۆشەکانی ڕووەک و هەروەها گەڵاو کولەکەی ملدار وەک مۆدێلی کارکردن، کەڵکیان لێوەرگیراوە. ئەم پێشەنگایەتیە لەبوای نەشتەرگەریدا بەگشتی زۆر ناوازە بووە چونکە زۆر کەم زانیاری لەبواری توێکاریدا هەبووە. واباوەڕکراوە دەمارو بۆریەکانی خوێن لە ناووکەوە سەرچاوەیان گرتبێت. زۆر ڕاستی دەربارەی زانستی توێکاری شێوێنراو بوون یان هەر ڕاست نەبوون.

سەرباری ئەمە هیندیەکان بە تەلاشی دارحەیزەران چارەسەری شکاویان کردووە و زۆر نەشتەرگەری وەک : مناڵ بوون، لابردنی لوو، لابردنی بەردی گورچیلەو میزەڵدانیان ئەنجامداوە. هیندیەکان ماوەیەکی زۆرنەشتەرگەری

لابردنی بەردی گورچیلەو میزەڵدانیان ئەنجامداوەو هەتا ئەم سەردەمانەی دوای نەشتەرگەرە ڕەسەنە لێهاتووەکان هەر ئەنجامیان دەدا. ئەوەی زۆر جێی سەرنجە و مێژووەکەی زۆر کۆنە نەشتەرگەری جوانکاری لووتە، کە خۆی یەکەمجار لە هیندا ئەنجام دراوە. زۆر جار ئەم نەشتەرگەریەش پێویست بووە چونکە کەسانی داوێن پیس کە سزا دەدران لووتیان دەبڕدرا. گەڵای داریان دەهێناو بە قەبارەو شێوەی دیاریکراو دەیانبڕی و بەکاریان دەهێنا و پێستی ڕوومەت یان تەوێڵیان وەردەگرت و پێکەوە قاڵبی لووتێکی تازەیان بۆ دروست دەکردو لەشوێنی لووتە بڕاوەکەدا دەیاندووریەوە. بەم جۆرە هیندیەکان بوونە پێشەنگ لە نەشتەرگەری جوانکاری لەسەردەمی نوێدا.

## کاریگەری چینیەکان لەسەر پێشکەوتنی زانستی پزیشکی

با زیاتر سەرنج بخەینە سەر ڕۆژهەڵات و لە کاریگەری و ڕۆڵی چینیەکان لەبواری زانستی پزیشکیدا زانیاری بەدەست بخەین. دەووترێت چینیەکان زۆر داهێنانیان لەم بوارەدا کردووە هەرچەندە پێدەچێت لە سەردەمانی دواتردا لە ئەوروپادا ئەمانە دووبارە داهێنرابنەوە. لە بواری زانستی پزیشکیدا چینیەکان ڕەسەنایەتیان پاراستووە و بیرۆکەی نوێیان هێناوەتەوە ئاراوە. دکتۆر چی مین یۆنگ (١٩٣٢ز) خۆی یاداشتی کردووە و دەڵێت "هەرگیز لەسەر یەک بابەت کاریان نەکردووە کە تەواو تیایدا سەرکەوتوو بن". دەی ئێستا هەوڵ دەدەین بیسەلمێنین مێژووی زانستی پزیشکی لای چینیەکان شایانی ئەوەیە لێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر بکرێت.

خۆی نازانرێت کێ یەکەم پیشەوەری بواری زانستی پزیشکی بووە لای چینیەکان لەگەڵ ئەوەشدا کەس وەک شێن نونگی، کە دەوروبەری سێ هەزار ساڵ پێش زاین ژیاوە، زیاتر بانگەشەی ئەوەی کردبێت (باوکی ئەم زانستە) بوو بێت لە چیندا. ئەم ئیمپراتۆرەی چین زۆر لێهاتوو بووەو نەک تەنها داهێنانی لە بواری کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵی دا کردووە، بەڵکو بۆ چەند ساڵێکیش ئەزموونی لەسەر خودی خۆی کردووەو گەلێک دەرمان و ژەهری دۆزیوەتەوە.

ئەمەشی لە کتێبی (دەرمانسازی چینی) دا باس کردووە. ئەم کتێبە دواتر چەندان جار چاپکراوە، کە باسی زیاتر لە هەزار دەرمانی تیایە و هێشتاش لە چیندا بەکاردەهێنرێت. دەی پێنج هەزار ساڵ ماوەیەکی هەر فرە زۆرە بۆ کتێبێکی پزیشکی. زۆرێک لەو دەرمانانەی باسیان کراوە، ماوەیان بەسەرچووە. زۆری تریشیان بێ کەڵک و بێ بەرهەم بوون، بەڵام هەندێکیان وەک : تلیاک، ڕێواس، ئاکەنایت، کرۆتۆن، کە هەرچەندە نموونەیەکی کەمن باسمان کردوون، لەڕۆژگاری ئەمڕۆشدا بەکاردەهێنرێن. هەروەها چینیەکان چارەسەرە نائەندامیەکانی وەک ئاسن، زەڕنیخ و گۆگردیان بەکارهێناوە. توێژینەوەی زانستیش لەسەر هەندێک لە دەرمانە بەناوبانگە چینیەکان لەم ساڵانەی دوایدا ئەنجامدراوەو ئەنجامی دڵخۆشکەرەشی هەبووە.

یەکێک لەو دەرمانانەی بەم شێوازە دروست کراون (ئیفیدرینە )، ئەمەش قلیەی ئەلکالیە جودایە لە گیای چینی ما هوانگ و پێدەچێت مادەی تری بەسوود لە گیای چینیدا بدۆزرێتەوە. دوای ماوەیەکی تر ئیمپڕاتۆریەکی تری چینی کتێبێکی تری چاکی بەسوودی نووسی. واباوەڕدەکرێت هوانگ تی ٢٦٥٠ پ.ز کتێبی(زانستی پزیشکی ) نووسیبێت، کە بناغەی هەموو زانستی پزیشکیە لە چیندا. دەقەێکی تیایە زۆر جار بۆ پاڵپشتی ئەو بۆچوونە وەردەگیرێت بەوەی چینیەکان چەندین سەدە بەر لە هارڤی سووڕی خوێنیان دۆزیبێتەوە. ئەمەش دەقەکەیە "دڵ هەموو خوێنی لەش دەجوڵێنێت، بەردەوام خوێن هات و چۆ دەکات و هەرگیز ناوەستێ". زیاتر سوود لەم کتێبە دەبینین کاتێک دەگەین بەو ڕاستیەی، بەهۆکاری ئاینی چینیەکان زۆر بەکەمی توێکاری لەشیان کردووە و هەروەها بیرۆکەکانیان لەبارەی توێکاری و فەسلەجەوە هەر زۆر ناڕاست بوون.

لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ووردە ووردە زانستی پزیشکی لە چیندا لە جادووگەری و فاڵ گرتنەوە تەتەڵە کراوە و تیۆرەیەک پەرەی پێدرا کە دواتر بوو بەبنەمای هەموو کارێکی پزیشکی. دوو ڕێبازی سەرەکی، یانگ و ین، کاریان پێکرا. وا باوەڕدەکرا ئەم دوو هێزە دژ بەیەکە بەسەر هەموو شێکدا زاڵ بوو بن. ئەوانەش داکشان و هەڵکشان، نێرو مێ، مردن و ژیان، خۆر و مانگ، گەرمی

ساردی، بەهێزی و لاوازی ...هتد. بەلای ئەوان هەموو شتێک لە گەردووندا لە سەر ڕاگرتنی هاوسەنگی بەند بووە لە نێوان ئەم دوو هێزەدا و بەشێوەی ئاسای ئەم بنەمایە لەش ساغی و نەخۆشیشی دەگرتەوە. ڕێسایەکی تر ئەوەبووە کە پێنج توخمەکە خاک، ئاگر، ئاو، تەختەو کانزا پێکهێنەری جەستەی مرۆڤن. هەروەها پێکهاتەی پێنجەمی جادوویی ئەندامەکانی (دڵ ، جگەر ، سپڵ ، سی و گورچیلە ) و ڕەنگەکان و کەش و هەواو تەنە ئاسمانیەکانیشی دەگرتەوە. وابڕوادەکرا لەش ساغی لە نێو زۆرێک لە پێکهاتەکاندا هاوسەنگی گەورەی ڕاگرتبێت. تا ڕادەیەک سەربەخۆییانە بەهەمان شێوە ئەم تیۆریە لای یۆیانیەکان پەرەی پێدرا، کە ئەمانیش هۆکاری نەخۆشیەکان بۆ تێک چوونی هاوسەنگی پێکهاتەکان دەگەڕاندەوە.

لەسەردەمانی کۆندا شێلان و دەرزی ئاژنین وەک شێوازەکانی چارەسەر کاریان پێکراوە. بۆ یەکەمجار لە چیندا مەساجکەرە نابیناکان کاریان کردووە. دەرزی ئاژنین خۆی لەدانانی دەرزی درێژو چاک لەزۆر شوێنی دیاریکراوی لەشدا دەبینیەوە و زیاتر لە ٣٠٠ دەرزی بە شوێنە جیاوازەکانی لەشدا دەچەقێنرا. پێدەچێت ئەم کارە زیانی لە سوودی زیاتر بوو بێت لەگەڵ ئەوەشدا بۆ چارەسەری ئازاری شادەمارو ئاوسانی لیمفەکان سوودی لێوەرگیراوە. چارەسەرێکی تری مەساجکەر بەکارهێنانی مۆکسا بووە، کە مادەیەکی قووچەکی بچووکی گڕگرتووە بۆ زۆر شوێنی جەستەدا بەکارهێنراوەو پاشان داگیرسێنراوە. نەخۆشیش ئەبووایە لەکاتی بەکارهێنانیدا چاک دانی بەخۆیدا بگرتایە. لەسەردەمانی زۆر کۆندا لە چیندا کوتان دژی نەخۆشی ئاولە ئەنجامدراوە. هەوای ناو توێکڵی ووشکەوەبوو لەڕێگەی فووتێکردنەوە کراوەتە ناو لووتی نەخۆشدا. هەروەها چینیەکان لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەندامی گیانلەبەرانەوە چارەسەری نەخۆشیان کردووە، بۆ نموونە ڕژێنی دەرەقی مەڕیان بۆ چارەسەری نەخۆشی ڕژێنی دەرەقی بەکارهێناوە.

لەسەرەتای سەردەمی مەسیحیەتدا دوو پزیشکی بەناوبانگ بەناوەکانی چان چونگ کین و هواتوەوە دەرکەوتن. چان چونگ کین لە دەوروبەری ١٩٥ زاینی

ژیاوە و هەندێک جار بە هیپۆکراتی چین ناودەبرێت. کتێبەکەی لەسەر تایەکان یەکێک بووە لەو کتێبانەی بووەتە سەرچاوە لەپزیشکی چینیدا. پێدەچێت یەکەمین کەس بوو بێت بە ئاوی سارد چارەسەری هەندێک جۆری تای کردبێت. هەروەها دەست پێشخەری لە توێژینەوەیەک لەسەر نەخۆشی کردووە، کە زیاتر پشتی بە بینینی نەخۆش بەستووە وەک لە ڕوانینی ڕاستەقینەی هیپۆکرات. سەرباری ئەمەش بەهۆی ئامانجە دیارەکانی و بیرۆکە ناوازەکانی، زۆر ڕێزی لێنراوە. هواتو (١١٥-٢٠٥ ز ) بەناوبانگترین نەشتەرگەر بووە لە چینی کۆندا. پێش ئەوەی نەشتەرگەری نەخۆشەکانی کردبێت، دەرمانی سڕکردنی پێداون، کە وابڕوا دەکرێت حەشیش بوو بێت. ئەم نەشتەرگەرە بە دۆزەوەی سڕکردن دادەنرێت.

نەشتەرگەریەکانی سک هەڵدڕین و لابردنی سپڵی ئەنجام داوە، بەڵام چونکە هیچ کام لە کتێبەکانی نەماوەتەوە، هیچ لەبارەی شیوازی ئەنجامدانی نەشتەرگەریەکانی نازانین. هواتوو زۆر بەناوبانگ بووەو بەجۆرێک لە هەندێک پەرستگادا تا دوای مردنیشی لەم سەردەمانەی دوایدا پەیکەرەکانی هەرمابوون. یەکێک بووە لەوانەی لێکۆڵینەوی ووردی لەسەر ترپەی دڵ کردووە، کە شێوازێکی پشکنینی زۆر بەناوبانگە لە پزیشکی چینیدا. چینیەکان باسی دوو سەد جۆری ترپەیان کردووە و واش بڕوا کراوە تەنها لە ڕێگەی ترپەوە نەخۆشیە هەناویەکانی مرۆڤیان دەستنیشان کردبێت. پێدەچێت پشکنینەکە چەند کاتژمێرێکی پێ چووبێت و ترپەکەش لە زۆر شوێنی جیاوازی لەشدا هەستی پێکرابێت. چینیەکان هەمیشە بایەخی زۆریان بە مێژوو داوەو نووسینە پزیشکیە کۆنەکان لە نووسینە پزیشکیەکانی سەردەمی نوێ لای ئەوان، بایەخدارتر بووە.

لەساڵی ١٧٤٤ دا ئیمپراتۆر کیەن لونگی گەورە پاڵپشتیکاری زانستی پزیشکی، بیرۆکەی کۆکردنەوەی هەموو ئەو زانیاریە پزیشکیانەی کە لەبەردەستدابووە، هات بە مێشکدا. هەموویانی لە ئینسایکلۆپیدیایەکی ناوازەی چل بەرگی بەناوی (ئاوێنەی ئاڵتوونی زانستی پزیشکی) لەبارەی پزیشکی و نەشتەرگەری کە کۆمەڵێک پسپۆڕ ئامادەیان کردبوو، بڵاوکردەوە. دوای ماوەیەکی کەم،

پێشەنگەکانی بواری پزیشکی لەسەردەمی نوێدا هاتنە چین و کاریگەریان لەسەر بیروباوەڕە باوەکان دانا. یەکێک لەو پزیشکە پێشەنگانەی پزیشکی ئەورووپی هێنایە ڕۆژهەڵات، تۆماس ڕیچاردسۆن کۆلیج بووە. تۆماس ڕیچاردسۆن نەشتەرگەرێکی گەنج بووەو لە کۆمپانیای ئیست ئیندیا کاری کردووە. لەساڵی ١٨٢٧ دا لەشاری ماکاو نەخۆشخانەیەکی بۆ نەخۆشیەکانی چاو کردۆتەوە. دوای چەند ساڵێکی کەم کۆلیج هاوکاری پیتەر پارکەری پزیشکی مژدەبەخشی ئەمریکی کرد لە دامەزراندنی نەخۆشخانەیەکی گشتی شاری کانتۆندا. یەکێک لە ئامانجە سەرەکیەکانی ئەم نەخۆشخانەیە ئاشنا کردنی لاوانی چینی بووە بە پزیشکی ڕۆژئاوای. لەنێو ئەو لاوانەشدا سون یان سێنی (١٨٦٧-١٩٢٥ز) یەکەمین سەرۆک کۆماری چین دەبینرێت، کە دەرچووی زانکۆی هۆنگ کۆنگ بووە، بەڵام بەردەوام لە نەخۆشخانە و زانکۆی گوانجۆ چالاکانە خزمەتی کردووەو ئێستاش هەر ئەو نەخۆشخانەو زانکۆیە هەر بەناوی ئەوەوەیە.

یەکەمین چینی لەدەرەوەی وڵات زانستی پزیشکی خوێندبێت ۆنگ فۆن بووە، کە لە ئێدنبرە لەساڵی ١٨٥٥دا زانکۆی تەواو کردووەو پاشان لەشاری کانتۆن لە وڵاتی خۆی تا مردنی لەساڵی ١٨٧٨ دا، کاری پزیشکی کردووە. دوای ئەوە کاری لە پێشینە لە شاری کانتۆن و زۆر شوێنی تردا بنیاتنانی نەخۆشخانەو دامەزراندنی زانکۆدا بووە. جا لەسەرەتادا ئەم دامەزراوانە پزیشکە ئەمریکی و بەریتانیەکان خزمەتیان تیایاندا دەکرد. ئێستاش ئەو چینیانە بەڕێوەی دەبەن، کە شیاوی کارەکەن. دەی ئەوانەشی لە بواری پزیشکیدا کاردەکەن پێویستیان بە ڕاهێنانی زۆرە. هەندێک لە بیرۆکەو میتۆدە زۆر کۆنەکان هەر کاریان پێدەکرێت. چینیەکان پەرە بە سیستەمێکی کارپێکردنی پزیشکی دەدەن، کە پاشکەوتەی فێرکاری ڕۆژئاواییە و ئەوەشی لە داب و نەریتی کۆندا لای چینیەکان ڕێزی لێنراوە، دەپارێزرێت.

هەتا ئەم ساڵانەی دوایی زانستی پزیشکی لە یاباندا پاشکەوتەی ڕێنمایە وەرگیراوەکانی زانستی پزیشکی چینی بووە. کاتێک کاریگەری پزیشکی ئەڵمانی زیادی کرد، زۆرێک لە پزیشکە نموونەییەکانی یابان لە ئەڵمانیا ڕاهێنانیان کردو

زمانی ئەڵمانیش وەک زمانی ڕۆژنامە زانستیەکان بەکارهێنرا. یابان بە جۆرێک لە جۆرەکان لە بواری پزیشکیدا پێشکەوت، بە تایبەتی لە بواری بەکتریا ناسیدا. کیتاساتۆ و نۆگوچی لەو کەسایەتی و پزیشکانە بوون جێ دەستیان لەم مەیدانەدا دیار بووە. بەکورتی بەپێی ئەوەی لەم بەشەدا باسکراوە، ئەبێت بووترێت بابلی و میسریەکان کاریان بە جۆرێکی کردەنی و جادووی پزیشکی کردووە، کە بە یاسای تایبەت ڕێکخراو بووە، بەڵام بە هیچ ڕۆحیەتێکی قووڵ لێکۆڵینەوەیان لە هۆکاری نەخۆشیان نەکردووە. عیبریەکان زۆر گرنگیان بە شارەزایی لە تەندروستی تاک و کۆمەڵ داوەو بەردی بناغەی درمناسی و تەدروستی گشتیان داناوە. هیندیەکانیش ڕۆڵی گەورەیان لەبوای نەشتەرگەریدا هەبووە، لەکاتێکا چینیەکان خاوەنی زۆر دۆزینەوە بوون لە بواری پزیشکیدا، کە لەسەردەمانی دواتردا بەرهەمی کارەکانیان بەتەواوی چنرانەوە.

# بەشی سێیەم

## زانستی پزیشکیی لە یۆنانی کۆندا

شارستانیەتی ئەمڕۆمان زۆر قەرزاری یۆنانی کۆنە. زۆربەی هەرە زۆری ئەو بابەتە زانستی و ئەدەبیانەی مایەی کامەرانی و خۆشبەختی ژیان بووە، لە یۆنانەوە سەرچاوەی گرتووە . فەلسەفە، مێژوو، شیعر، شانۆ، پەیکەرتاشی، بیناکاری، بیرکاری، ئەستێرەناسی، زانست، پزیشکی، هەموو ئەمانە سەرچاوەکەیان لە یۆنانەوە بووە. جا یۆنانیەکان لە چەند ڕوویەکەوە گەشتبوونە ئاستێکی پێشکەوتن هەرگیز وێنەی نەبووە.

زانستی پزیشکی ئاوێزان بە ڕۆحیەتی لێکۆڵینەوەی زانستی و دوور لە جادووگەری، کاریگەری لەسەر هەموو بەرهەمەکانی هیپۆکراتی باوکی زانستی پزیشکی هەبوو. ئەم پزیشکە ئیلهام بەخشە بەدێژای چەندین سەدە پێشەنگێکی بەناوبانگ بووە و تا ئەمڕۆش هەر دان بە گەورەی ئەودا دەنرێت. جێی خۆیەتی لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی پێشکەوتنی زانستی پزیشکی لە یۆنان و ئەو هەنگاوانەی پێشکەوتنەکەیان تا سەردەمی زێڕینی هیپۆکراتس گەیاندووە، بکەین.

بەشوێن کەوتنی وەها لێکۆڵینەوەیەک، ئاستەنگی لە جیاکردنەوەی ڕاستی و خەیاڵ ، مێژوو ئەفسانە، خواوەند و مرۆڤەکان دێنە بەردەممان. وێڕای ئەمەش پێدەچێت لەناو ئەو بێنەو بەردەی مێژووی پزیشکی، تووشی حەپەسان ببین. لەو سەردەمەدا ئەزموون و خورافیات کاریگەریان لەسەر زانستی پزیشکی هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەجۆرێک لە جۆرەکان زانستی پزیشکی پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە. گومانی تیا نیە چرای زانست لە بابل، میسر و تەنانەت لە وولاتی فارس و هیندستان گەیەنرایە یۆنان. هیرۆدۆتی مێژوو نووسیش باسی ئەمەی کردووە.

لە دوورگەکانی یۆنان ئەم زانستە لەسەردەمی پێش کۆماری هیلینی کاری لەسەر کراوە و پەرەی پێدراوە. جا بەبەراوورد بەم سەردەمانەی دوای و بەهۆی کارەکانی بەڕێز ئارثەر ئیڤانس و کەسانی ترەوە، گرنگی شارستانیەتی مینۆسە دەرکەوت. مینۆسەکان، کە ڕەگەزێکی نادیاریان هەیە، بنەوباریان لە دوورگەی کریتی یۆنان هەبووە. بە وێنەی سەر دیوارەکان و ئەو پەیکەرانەی کۆشکی نۆسۆسیان ڕازاندۆتەوە، دەردەکەوێت مینۆسەکان لە هونەرە جوانەکاندا زۆر پێش کەوتوو بوون. ئەوەی جێی داخە نووسراوێکمان لەسەر زانستی پزیشکی لەماوەی ٤٠٠٠-٢٠٠٠ پێش زایندا لەبەردەستدا نی یە، بەڵام ئەو مارەی کە هێمای چاک بوونەوەیە، لەسەر پەیکەرو گەرماوەکان نەخشێنراوەو کارە تەندروستیەکانیش ڕوون کراونەتەوە. زۆرێک لەو بابەتانەی بە وێنە ڕوونکراونەتەوە باسیان ناکەین، تاوەکو لە داهاتوودا دەربکەوێت مینۆسیەکان بە چ ئاستێکی زانستی پزیشکی گەشتوون.

## لەو شوێنەی دیلۆس هەڵسایەوەو فۆیبەس فڕی

دەکرێت لەسەر دوورگەی دیڵۆس زانیاری لەسەر سەرچاوەکانی چۆنیەتی چارەسەرکردنمان لە یۆنانی کۆندا دەست بکەوێت. دوورگەی دیلۆس، کە بەشێکە کۆمەڵە دوورگەی سایکلادیس، زێدی ئاپۆڵۆی خواوەندی بەناوبانگی تەندروستی بووە. بەهۆی ئەوەوە ئەم هێزەی بیری پزیشکی لە حەکیمی پەرستگای دیلفی،

بۆ خاکی ئایسکۆلاپیەسی پاڵەوان و خواوەندی پزیشکی، بۆ پاڵەوانەکانی هۆمەرو پزیشکە فەیلەسووفەکانی یۆنانەوە ڕاگوزەری کردو دواجار گەشتە دوورگەی کۆسی زێدی هیپۆکراتی باوکی زانستی پزیشکی.

بەپێی ئەفسانەی یۆنانی، دیلۆس سەردەمانێک دوورگەیەکی ناجێگیر بووە لە شوێنی دەریادا بەرزکراوەتەوە و زیۆس لەنگەری پێ گرتووەو تا گۆڕ بۆ لێتۆی ژنە خواوەند دابین بکات. لەوێ دوو خواوەند بەناوەکانی ئەپۆلۆ(فۆیبەس) و ئارتێمیس (دیانای ) ی هەبووە. دێلۆس، ئەو دوورگە دلڕفێنەی لای دەریایەکی ڕەنگ شینی ئاسمانی ساماڵە، گردی سینتۆس وەک تاج بەسەریەوەتی لە نزیکی لوتکەکەی ئەشکەوتێک هەیە، لەدرزێک لەناو بەردێکی بە دوو ڕیزە خشتی دروستکراو کە تاقێکی گەورە پێک دەهێنێت، دروست بووە. دیارە ئەمەش زێدی ئەپۆلۆ بووە. لەئەرخەبیلی ئیجەدا شوێنی خوشتری کەم تیایە. دیلۆس نەک تەنها شوێنی حەج کردن بووە، بەڵکو ناوەندی حکومەتی کۆمەڵی دیلیانیش بووە، کە شارێکی گەورەو بازاڕێکی نێودەوڵەتی و کاڵا سەرەکیەکانی وک گەنم و کۆیلەکانیش بووە.

هێشتا پێدەچێت ئەو نهۆمی بازاڕە ببینین، کە تەنها لە ڕۆژێکدا ١٥ هەزار کۆیلەی تیادا دەفرۆشرا. جا دێلۆس ئێستا دوورگەیەکە خەڵکی تیا ناژی و تەنانەت لە سەردەمی ئۆڤیدا وێرانەیەک بووە تیایدا مرۆڤ نوێژ یان نزای کردووە. تەنها چەند پایەیەکی وێران بوو وەک ئاسەواری پەرستگاکە ماون و چەند تەنکیەکی کەمی ژێر ئاوی شوێنی کۆشکەکانی سەردەمی پێشین دەبینرێن. لەنزیک ئەوەدا دوورگەی بچووکی ڕێینا هەیە کە وەک گۆڕستان و نەخۆشخانەی منالان بۆ خزمەتی خەڵک بووە چونکە لەسەرزەوی پیرۆزی دیلۆس نە ڕێگە دراوە منداڵ لەدایک ببێت و نە مردووش بنێژرێت.

## ئەپۆلۆ و حەکیمی پەرستگای دێلفی

بە پێی گێڕانەوەکان بێت ئەپۆلۆ زۆر لەسەر دوورگەی دیلۆس نەماوەتەوە. پێدەچێت لە کاتی گواستنەوەی بۆ دێلفی زۆر منداڵ بوو بێت چونکە دوای ئەوە

پەتی ناوکی جیابوویەوە. ئەمەش ڕاستیەکە لەسەر بەردێکی شێوە شەکری گەورە کە پێدەچێت لە نزیک پەرستگاکە بێت، باس کراوە. بە گوێرەی گێڕانەوەیەکی تر دەووترێت ناوک بۆ دیاریکردنی خاڵی ناوەڕاستی زەوی بووە. شوێنی تەواوی ئەم خاڵەش زیۆس بڕیاری لەسەر داوە، کە لە دوو جەمسەرە دژبەرەکەی زەوین. دوو داڵی بەرداوەو بەرەو بەرەو لای یەکتر فڕیون و لە دێڵفی بەیەک گەشتوون. بەردی پیرۆزیش هەیە، پێدەچێت مێژووەکەی بۆ ئەم سەردەمانەی دوای بگەڕێتەوە و لەمۆزەخانەی ناوخۆی لە کاستری پارێزراوە، کە گوندێکە پەرستگای دێڵفی داگیرکردووە و پارێزراوە. نزیکەی بە دووری نیومیلێک لەبەری ڕۆژهەلاتەوە هەڵکۆڵەرە فەرەنسیەکان هەموویان داناوە، پێش ئەوەی شوێنە تێک و پێک دراوەکانی بدۆزنەوە، کە پێدەچێت لە ئێستادا ببینرێت. لەسەرەوەی بەرزایی پارناسووسەوە، لەنزیک ڕێگەیەکی لێژو پێچاوپێچ لە بەندەری ئیتیاوە لە کەنداوی کۆرینث بە دووری دوانزە میل، پەرستگای دێڵفی دەبینرێت. تەنانەت ئەمرۆ شوێنێکی مەترسیدارەو دەکرێت بە ئاسانی لەوە تێبگەین بۆچی لە نەخشەکانی یۆناندا پێگەکەی بێ هاوتا بووە، هەروەک ئۆرشەلیم لای جوولەکەکان گرنگترین پێگەی هەبووە لە کۆتاییەکانی شارستانیەتی مەسیحیەتدا .

کاتێک ئەپۆلۆی منداڵ گەیشتە دیلفی، یەکەمین کاری کوشتنی ماری گەورەی پیثۆن یان زبەلاحێک بووە، کە ئەو پەرستگایەی تێک دابوو. دوای ئەوە دێلفی ناوبانگی دەرکردووەو بۆ چەند سەدەیەکیش بووە بە پیرۆترین مەزارگەی یۆنان، کە تیایدا ئەپۆلۆ پەرستراوە. لێرەوە سەرچاوە بەناوبانگەکەی وەحی دەرکەوت، کە وای کرد دێلفی ببێتە ڕازی خەڵکی. ئێستا لە تەنیشت ئەو ڕێگە پیرۆزە بە بەردی مەمەڕ ڕێژکراوەدا، کە گەشتیار بەسەر گردەکەی نزیک پەرستگای ئەپۆلۆدا سەردەکەوێ، سەکۆیەکی بازنەی هەیە. لەنزیک ئەو سەکۆیە، درزێک لەبەردێکدا هەبووە، کە دووکەڵی ژەهراوی لێدەرهاتووە.

لەسەرەوە پشتۆکێک هەبووە ژنە قەشەیەک لەسەری دانیشتووە و گەڵای درەختی دەفنەی[٢٤] جویوەو دەبەنگانە وەلامی پرسیاری داوەتەوە .هەرچەندە ئەم

٢٤ درەختێکی هەمیشە سەوزی ناوچەکانی دەریای سپی ناوەڕاستە، کە گەلاکەی بۆنێکی خۆشی هەیەو بۆ چێشت لێنان بەکاردەهێنرێت.

وەڵامانە هیچیان بەسەر هیچەوە نەبووە. زیرەكانە بە شێوەی دێڕە هۆنراوەی دوانزە بڕگەی نووسراون، كە زۆربەی كات ماناكانیان ڕوون نەبووە. ئەمەش نووسراوەكەیە بە زمانی كوردی :-

«دەی خەڵكی كامارینا پێیان خۆش بوو ئاوی دەریاچەیەكی نزیك شارەكەیان ووشك بكەن، كە بە هۆكاری بڵاوبوونەوەی مەلاریایان دادەنا. ئەمەش جێی گومان بوو، بەڵام ڕاوێژكارەكەیان لەكاتی ڕاوێژكردنا داوای كرد دەریاچەكە دەستی لێنەدرێت. ئەم ئامۆژگاریەش ژێر پێ خرا و دەریاچەكە بەردرایەوەو خاڵی بوو. دوژمنیش بە ووشكانیدا هات و شارەكەش داگیركرا». خزمەتكارەكانی پەرستگا هەموویان خەڵاتی باشیان پێدەدرا.

خۆی ئەو خەڵاتانەی بۆ پەرستگای دێلفی دەهێنران هێندە زۆرو بەبایەخ بوون و كە خەزێنەو پێگەی چاكیان لای بەخشەرەكان بۆ دروست دەكران. هەندێك لەمانە لەناو چوون یان بەجۆرێك لە جۆرەكان چاككراونەتەوەو ئەمڕۆ گۆڕەپانی پیرۆزیان ڕازاندۆتەوە. یەكێك لە باشترین ئەو خەڵاتانەی لەم چەند ساڵانەی دوایدا دۆزراوەتەوە، پەیكەری زۆر جوانی بڕونزی كەسێكی ئاژووتەری گالیسكەیەكە تەنانەت كتومت لە چاوی ڕەشی عاجی و برژانگی بڕۆنزی ڕەنگ كراو دەچێت. گومانی تیادا نیە زۆربەی كێشەكانی پەیوەست بە تەندروستی و نەخۆشی بەرەو ڕووی حەكیمی (وەحی) پەرستگای دێڵفی دەكران. لەو سەردەمەدا پێشبینی كردنی ماوەی نەخۆشی هێندەی چارەسەرەكەی گرنگ بووە، ئەمەش بنەمایەك بووە هیپۆكرات ڕوونكردنەوەی لەسەر داوە. تەنانەت تا ئەمڕۆش كاری پێدەكرێت، كاتێك نەخۆش دڵی بە دووبارە دڵنیابوونەوە زیاتر لە چارەسەرەكە خۆشتر دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا پێدەچێت لە دێڵفیدا ڕێنمای لەبارەی چارەسەرەوە پێش كەش كرابێت چونكە مرۆڤ باوەڕ بەوەناكا كۆمەڵە ڕاوێژكارێكی شارەزای ماندوونەناس لەوێدا هەلێكی زۆر دیاری وەها پلەبەرزكردنەوەیان لەدەست دابێت، كە خۆی لە چارەسەركردنی نەخۆشیدا دەبینیەوە. خۆی پەرستگای دێڵفی ناوەندی ڕاوێژكاری پزیشكی بووە لەگەڵ ئەوەشدا گرنگیەكەی لەلای مێژوونووسانی زانستی پزیشكیەوە بەهەند وەرنەگیراوە .

## خەواندنی موگناتیسی لە پەرستگادا

لە ئەپۆڵۆو سەرچاوەی وەحی دێڵفی بۆ ئایسکلاپیۆس و (کەلتوری خەواندنی موگناتیسی ) کە ناوەکەی پەیوەندی بەوەوە هەیە، دووریەکی ئەوتۆ نی یە. ئەپۆڵۆ هونەری چارەسەرکردنی فێری چیرۆن کردووە.

جیرۆن سێنتورێکی[٢٥] بەهرەمەند بووە، کە هەندێک جار بە خواوەندی نەشتەرگەری دادەنرێت. چیرۆنیش مامۆستای جەیسن و ئاشیک و ئایسکولاپیس بووە. ئایسکۆلاپیۆسی بەشێوەی سێبەر هەبووە، کە پێدەچێت لە دەوروبەری ١٢٥٠پێش زاین وەک مرۆڤ هەبوو بێت. بەگشتی لە پەسەتگای دێڵفی، چارەسەری موعجیزە ئاسای پێش کەش کردووە، بە موعجیزەی مردوو زیندوکردنەوەشەوە! گەلێک نەخۆشی چارەسەر کردووە بەجۆرێک پلۆتۆسی فەرمانڕەوای ژێرزەمین، لەترسی کەم بوونەوەی سەرچاوەی ڕۆحەکان پەنای بۆ زیۆسی خواوەندی باڵا بردووە. ئەمیش دەمودەست بە هەورە برووسکەیەک ملی لە لاشەی ئایسکۆلاپیۆس کردۆتەوە. دەی ئایسکۆلاپیۆس دوای مردنی بەرهەمی خۆی چنیەوەو بوو بە خواوەندو لەسەرتاسەری یۆناندا لە سەدان پەرستگادا پەرسترا. ئاسەواری ئەم پەرستگایانە و ئاسکلێپیا هێشتا هەر پێدەچێت مابن. یەکێک لەبەناوبانگترین پەرستگاکان لە ئیپداڕۆس بووە. هەروەها لە کۆس و ئەثینا و پێرگامۆس و گەلێک شوێنی تر پەرستگا هەبووە. زۆر نەخۆش بۆ چارەسەری نەخۆشیەکانیان لەڕێگەی خەواندنی موگناتیسیەوە ڕوویان لە ڤیستیڤاڵی ئاسکلاپییا لە پەرستکای ئەسکلێپیۆس کردووە.

لەکاتی گەیشتنیدا چاوەڕی دەکرا ئەم نەخۆشانە قوربانی بکەن و لەڕێگەی خۆشۆردنەوە خۆیان پاک بکەنەوە. پاشان لە هەیوانێک، کە هەموو لاکانی بە ڕووی هەوادا کراوە بوو، پاڵ دەکەوتن و دەخەوتن. لەشەودا ئایسکۆلاپیۆسی خواوەندی چارەسەر ئەهاتە خەویان و ئامۆژگاری پێش کەش دەکردن یان لەهەندێک حاڵەتی دیاردا نەشتەرگەری بۆ دەکردن و لە بەیانیشدا نەخۆشەکان چارەسەر دەبوون و هەیوانەکەشیان بەجێدەهێشت ! زۆر جۆری مار لە یۆناندا

٢٥ بوونەوەرێکی ئەفسانەییە، سەری مرۆڤەو ناو قەد و لاقەکانی ئەسپە.

دۆزراونەتەوە ، بەلێسانەوەی چاو یان شوێن ئازاری نەخۆشەکە چارەسەری نەخۆشی ئاسان کردووە! خۆی گرنگی مار وەک چارەسەر لەزانستی پزیشکیدا بەپێی پێوسیت ڕوون نەکراوەتەوە. لەنزیک هەر پەرستگایەک تۆلۆس هەبووە، کە بینایەکی بچووک بووە لە دوو دیواری بازنەی بەردین پێک هاتووە، لەچواردەوریدا چاڵێکی قووڵ یان بیرێکیان هەڵ دەکەندو پێشنیار دەکرا چەند مارێک لەوێ دابنرێن. لەلایەکی ترەوە پێدەچێت تۆلۆس پەرستگایەکی جێی قوربانی کردن بوو بێت . نەخۆش لە خەویدا ئیلهامی بۆی دەهات و ئایسکۆلاپیسی دەبینی، کە چواردەوری ڕووناکی بریسکەدار بووە یان لە حاڵەتەکانی تردا تەنها دەنگی خواوەندی گوێ لێدەبوو.

جا خەواندنی موگناتیسیش پشتی بەو میتۆدانە دەبەست سەرچاوەی وەحی دەیگونجاندو گومانیشی تیادا نیە هەردوو دیاردەکەش دەکرێت وەها لێک بدرێنەوە جۆرێکی چارەسەری دەروونی بوو بن. بەزۆری سەرچاوەی زانیاریمان لەبارەی خەواندنی موگناتیسی لە پەرستگادا لەڕێگەی ئەو نووسراوانەی سەر بەردی ستێلا٢٦ یان تەختە بەردانە دەست دەکەوێت، کە لە شاری ئێپیداوروس دۆزراونەتەوە. باسی چل و پێنج حاڵەت کراوە، ئەمەش هەندێکیانە :-

١- کلیۆوە، کە بۆماوەی پێنج ساڵ بە منالەوە دوو گیان بووە، وەک تکا کارێک هات بۆ لای خواوەندو لە هەیوانی ئاباتۆندا خەوت. هەرکە ئاباتۆنی بە جێهێشت و چووە دەرەوەی گۆرەپانی پەرستگا، کوڕێکی بوو. دەمودەست خۆی لە قوڕ ناو لەگەڵ دایکیدا دەستیان بە پیاسەکردن کرد!

٢- کوڕێکی لاڵ وەک تکاکار هات بۆ پەرستگا تا چارەی دەردی خۆی بکات. کاتێک قوربانی کردو ڕێوڕەسمەکانی بەجێ گەیاند، قەشەی کڵێسا کە ئاگری قوربانیکردنی هەڵگرتبوو ڕووی کردە باوکی کوڕەو ووتی « بەڵێن دەدەیت لەماوەی ساڵێکدا پارەی چاک بوونەوەکەی بدەیت، ئەگەر ئەوەی بۆی هاتوویت بێتەجێ ؟ لەپڕ کوڕە وەڵامی دایەوەو ووتی « بەڵێ « ! باوکیشی فرە سەری لەمە سوڕماو داوای لە کوڕەکەی کرد قسەبکات. کوڕەش قسەکەی دووبارە

٢٦ بەردێکی تەختە یادگاری لەسەر دەنووسرێت.

کردەوەو چاک بوویەوە !

٣- یوپۆس ماوەی شەش ساڵ سەری تیرێک لەناو ڕوومەتیدا بوو. هەرکە خەوت، خواوەند سەری ڕمەکەی دەرهێناو خستیە ناو دەستی . کەرۆژ بوویەوە، پەرستگای جێهێشت و چارەسەر بوو و ڕمەکەشی هەر لەدەستدا بوو !

٤- هێرمۆدیکسی خەڵکی شاری لامپساکۆس تووشی ئیفلیجی بوو بوو. هەرکە خەوت، خواوەند چارەسەری بۆ هێنا و فەرمانی پێکرد هەتا پێی بکرێت بەردێکی گەورە بۆ پەرستگا بهێنێت. کاتێک هەیوانی ئەباتۆنی بە جێهێشت ، فەرمانەکەی جێ بەجێ کرد و ئێستا بەردەکە لەبەردەرکی هەیوانەکەدایە.

٥- ئاجیستراتۆس بەهۆی سەرئێشەوە تووشی خەو زڕان بوو بوو. هەرکەهاتە هەیوانی ئەباتۆن، خەوی پیاکەوت و خەوی بینی. وای دەزانی خواوەند چارەسەری کردووەو سەرئێشەکەی لەکۆڵ بووەتەوە و بەپێوە وەستاندوویەتی و فێری زۆرانبازی کردووە. کە ڕۆژ بوویەوە، هەیوانی ئەباتۆنی بە جێهێشت و چاک بوویەوە. دوای ماوەیەکی تر لەیاریەکانی نیمیان[٢٧] بەشداری کردو لە زۆرانبازیەکەیدا براوەبوو!

بە خوێندنەوەی ئەو تۆمارانەی چارەسەرکردن لەپەرستگادا مرۆڤ دوو ڕاستی بۆ دەرەکەوێت. هەموو حاڵەتەکەکان بەبێ جیاکاری چارەسەرکراون و چارەسەرەکانیش بەشێوەی موعجیزە ئاسا بوون چونکە هەندێکیان هیوای چارەسەرکردنیان نەبووە. هیچ حاڵەتێک تۆمارنەکراوە چارەسەر نەکرا بێت و هیچ حاڵەتێکی مردنیش تۆمارنەکراوە. هەروەک دەبینین حاڵەتەکان چەن جیاواز و کێشەکان هەرچیەک بووبن، هیپۆکرات بە دڵسۆزیەوە توێژینەوەکانی خۆی تۆمار کردووە. پلۆتۆسی خواوەندی دەوڵەمەندی، کە ئەریستۆفانی شانۆنووس لە شانۆگەریەکەیدا وێنای کردووە ، سەرچارەوەیەکی تری زانیاری بووە لەسەر چارەسەرکردنی نەخۆشی لە ڕێگەی خەواندنی موگناتیسی لە پەرستگادا. لە گێڕانەوەیەکی خۆش و گاڵتەئامێزدا شەوێکیان لە هەیوانی ئاباتۆن، باس لەوە

٢٧ کۆمەڵە ڤیستیڤاڵێکی وەرزشی بوون، وەک ڕێز لێنان بۆ خواوەندی زیۆس ئەنجام دەدران، هاوشێوەی یاریەکانی ئۆلۆمپی لەسەردەمی کۆندا. بەدرێژای مێژوو هەر سێ شاری کلۆنای، ئارگۆس و کۆرینث میواندارى ئەم کۆمەڵە ڤیستیڤاڵەیان کردووە.

دەکات چۆن پلۆتۆسی نابینا  لە کاتی خەودا دوو مار چاوەکانی  دەلێسنەوەو بینای بۆچاوەکانی دەگەڕێتەوە! ئەریستیدیس، کە لە سەدەی دووەمی زایینیدا ژیاوە لە کتێبی ووتارە پیرۆزەکاندا وەک نەخۆشێک لە چەند پەرستگایەکی ئایسکولاپیەسدا، باس لە ئەزموونی خۆی دەکات. لەپەرستگای پێرگامۆس زۆربەی چارەسەرەکان بەسوود بوون، وەلێ ئەبێت لەبیرمان بێت ئەریستیدیس کەسێک بووە زۆر خەمی تەندروستی خۆی بووە و زۆر جار خۆی وادەرخستووە نەخۆش بێت و  تەنها کاتی زۆر پێویست کاری کردووە. دەگێڕنەوە بایەکی بەهێزو زووقمێکی توند هەلێکردبوو، خواوەند فەرمانی پێکردووە « تا خۆی لە قوڕ بنێت و  لە بیردا خۆی بشوات و سێ جار بەدەوری پەرستگادا ڕابکات».

ئەمیش فەرمانەکەی بەجێهێنا و تەندروستی ڕووی لە باشی کرد. لە ڕۆمانەکەی والتەر پیتەردا بەناوی  (Marius the Epicurean) دا لەبەشی  سێ یەمدا نەخۆشێک لەڕوانگەی خۆیەوە باس لە چارەسەری خەواندنی موگناتیسی لە پەرستگادا کردووە.

لەڕۆژگارەکانی سەرەتایی کارکردن بە کەلتووری چارەسەرکردن لە پەرستگادا، ئەو میتۆدانەی کاریان پێدەکرا تێکەڵ بەئاین بوون و هێزی سەروو سروشتی بوون. ڕیجیم کردن، حەمام کردن و ڕاهێنان کردن، بەشێکی هەرە گرنگی چارەسەری جەستەیی بوون. لەشوێنی ئەوەی نەخۆش بە تەنها شەوێک موعجیزە ئاسا چارەسەر بووایە، هەندێک جار بۆ چەند ڕۆژێک یان هەفتەیەک دەمایەوەو ئاوی دەبردو ، حەمامی دەکرد و، ڕاهێنانێکی زۆر سادەی دەکرد، وەک ئەوەی لە هەر گەڕاوێکی ئەمڕۆماندا دەکرێت. ئاسکلێپیا شوێنێکی تەندروست بووەو کانی سروشتی و دیمەنی دڵڕفێنی تیادا بووە. تەنانەت بەو وێرانەیەی ئێستا هەیە، ئێپیدۆرۆس شوێنێکی دڵگیرەو لە بەهاراندا گوڵاڵەی زۆر هەیەو گوڵە ڕەنگاو ڕەنگەکانی زیاتر بووەتە جێی سەرنج. لەوێ هۆبەکانی حەوانەوە بۆ نەخۆشان و دۆستان  دابین کراوە. هۆڵی شانۆی ئێپیدۆرۆس، کە زۆر ژیرانە پارێزراوە، یەکێکە لە باشترین هۆڵەکانی شانۆ  لە یۆناندا و جێی نزیکەی  دوو سەد هەزار کەسی  تیادا دەبێتەوە. هەروەها خەڵک دەتوانن سەردانی یاریگە

یـان گۆڕەپانـە وەرزشـیەکان  بکـەن و ئـەو بـەردە گەورانـەی شـوێنی دانیشـتنی نەخۆشـەکانی پەرسـتگاکە، ببینـن.

تـا سـەرەتای سـەدەی هەشـەتەمی پێش زایـن  چارەسـەرکردن بـە خەواندنـی موگناتیسـی لـە پەسـتگاکاندا  کاری پێکـراوە و هەتـا سـەردەمی مەسـیحیەتیش بـەردەوام بـووە. تەنانـەت پیدەچێت لـەڕۆژگاری ئەمڕۆمان لە یۆناندا، لە دوورگەکانی ئیجـەو ئاسـیای بچـووک و ئیتاڵیـادا، هێشـتا ئـەم کەلتـورە مابێـت. لەپەرسـتگاکانی پالێرمـۆو ناپۆلـی و سـاردینیاو هەروەهـا سـتیریادا خەواندنـی موگناتیسـی  هـەر ئەنجـام دەدرێـت. لەسـەر دوورگـەی پیـرۆزی تیتۆسـی نزیـک لـە دیلـۆس، سـاڵی دوو جـار ڤیسـتیڤاڵێکی پیـرۆزی ئاینـی سـازدەدرێت و زۆر نەخۆشـیش بەمەبەسـتی چـاک بوونەوەیـان لەنـاو پەرسـتگادا دەخەون.هەمـوو سـاڵێک  چەنـد موعجیزەیـەک توماردەکرێـت. هێشـتا ئـەم کەلتـورە بەڕادەیەکـی کـەم لـە قوبـرِوس و دوورگـەی ڕۆدس، زۆر کڵێسـای شـارەدێکانی  یۆنـان  و ئاسـیای ناوەڕاسـتدا مـاوە. ئـەم بابەتـە شـایانی ئەوەیـە لێکۆڵینـەوەی ووردی لەسـەر بکرێـت. مـاری هامیلتـۆن  لـە کتێبـە فـرە خۆشـە دانسـقەکەیدا بەنـاوی (مـاوەی داینگەیـی یـان چارەسـەری نەخۆشـی لـە پەرسـتگای بـت پەرسـتان و کڵێسـاکانی مەسـیحیەتدا)  کـە  لەسـانت ئەنـدرو   لـە سـاڵی ١٩٠٦ دا بـڵاو کراوەتـەوە، بەدرێـژی شـەن و کـەوی ئـەم بابەتـەی کـردووە. پێش ئـەوەی لەسـەردەمی یۆنانـی کۆنـەوە بـۆ سـەردەمی هیپۆکرات گـوزەر بکەیـن، دەبێـت بگەرێینـەوە  سـەر دوو سـەرچاوەی تـری زانیـاری، چونکـە هەردووکیـان ئەوەمـان بـۆ دەردەخـەن چـۆن زانسـتی پزیشـکی فـرت و فێڵـی جـادووی و ئەزموونی هێنایـە لـەرزەو دوا جاریـش بـوون بـە هەوێنـی لێکۆڵینـەوەی زانسـتی. بەبـێ گەڕانـەوە بـۆ مەزنتریـن ئـەو شـاعیرو فەیلەسـووفانەی، کـە زانسـتی پزیشـکیان کردۆتـە بەشـێک لـە لێکۆڵینـەوە  گشـتگیرەکانیان، هیـچ بـاس و خواسـێکی زانسـتی پزیشـکی لـە یۆنانـی کۆنـدا بـە تـەواوی جێـی خـۆی ناگرێـت .

## زانستی پزیشکی و نەشتەرگەری لای هۆمەر

خوێنەرە زانخوازەکانی نووسینەکانی هۆمەر، کاتێک دەبینن خواوەند و کاراکتەرەکان، ڕاستیە مێژوویەکان و خەیاڵی شیعری لە گێڕانەوەکاندا بە ئەستەم لەیەک جودا دەکرێنەوە، تووشی حەپەسان دەبن. دکتۆر هێنریچ شیلمانی بازرگانی ئەڵمانی و پێشەنگی بواری شوێنەوار، لە ڕێگەی ئەو پشکنینانەی بە هەڵکۆڵین لە ترۆی و میسینا لە دەوروبەری ساڵی ١٨٧٦ دا کردوونی، هەوڵیداوە ڕاستی و بەسەرهاتە ئەفسانەییەکانی ئیلیاو ئۆدیسە، ئاوێزان بکات. جا لەبەر ئەوە دەگونجێت گەڕیدەی سەردەمی نوێ لە یۆنان و وولاتانی دراوسێی، لە جەنگی تڕوادە و گەڕانەکانی ئۆدیسە تێبگات . کاتێکیش دەچێتە قەڵای میسینا لە دەروازەی کریتەوە، کە یەکێکە لە بەناوبانگترین دیمەنەکانی یۆنان و سەد تەن بەردی پادگای زۆر گەورەی تیایە و دوو شێر بەسەریدا دەڕوانێت، دەستەوەسان نابێت. ئەم دەروازەیە ئاگامێمۆنی پاشای موکنای پیدا تێپەڕیوە تا لە گەمارۆدانی ترۆیدا، یارمەتی مێنێلاوسی برای بدات. دوای دە ساڵ سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. کلیمنسترای ژنە ناپەکەکەی، لە گەرماودا کوشتوویەتی. ئەم هەڵمەتەش مێژوویەکی بەناوبانگی هەیە. هەورەها بەخوێندنەوەی داستانی ئیلیادا بۆمان دەردەکەوێت، لە نێو سوپای یۆنانیدا نەشتەرگەری ئەنجام دراوە. لە ئیلیادا وەها باسی جێگای برین پێچان کراوە " ئۆدیسەی ڕمبازی بەناوبانگ و ئاگامێمنۆنیش بریندار دەبن. یۆرپیلۆسیش تیرێک ڕانی دەپێکێت. برین پێچە شارەزاکانی بواری پزیشکیش خەریکی چارەکردنی برینەکانیان دەبن".

سەربازێکی بریندار فەرمانی پێدەکرێت " لە کوێ پێیکرا دانیشێت و شەرابە پاکەکەی بنۆشێت تا هێکەمێدی کچە پرچ جوانەکەی ئارسینۆس ئاو گەرم دەکات و دەیکات بە خۆێنە مەیوەکەدا". واش پێدەچێت دوو کوڕەکەی ئایسکۆلاپیەس، کە دوو نەشتەرگەری بەناوبانگ بوون لە جەنگدا بەشداریان کرد بێت. هەر لە ئیلیادا وەها باسیان کراوە " یەکێکیان لە تریکی و ئۆیشالیا دەسەڵاتدار بووە. دوو کوڕەکەی ئەیسکلێپیۆس، پۆدالاڕیۆس و ماچائۆن، پێشەوا و پزیشکی لێهاتوو بوون و سی کەشتی شێوە دەفریان ئامادە کردووە ".

کاتێک پێشەوای جەنگ بریندار دەکرێت ، ئاگامیمنۆن فەرمانی بە جارڕدەرەکەی دەکات کە تاپێی دەکرێت لەوێ ماچائۆنی کوڕە پاڵەوانی ئایسکۆلاپیەس و پزیشکی ناودار بانگ بکات تا مینێلائۆس ببینن ، کە شارەزای ڕمبازی بووەو لە پێناو شکۆ و خەمی ئەواندا بە تیر بریندار کراوە. ماچائۆن دێت و تیرەکە بە شکاوی دەردەهێنێت. کاتێک برینەکەی دەبینێت، خوێنەکەی هەڵمژدەمژێت و دانایانە دەرمانی ئازار شکێنی بۆ بەکاردەهێنێت ، هەروەک چۆن جەیرۆنی چاکەکار کاری بۆ سەرداری خۆی کردووە. هۆمەر لە ئیلیادا لە زۆر شوێندا باسی برینی کردووە. بەم نووسینەدا دەردەکەوێت هۆمەری شاعیر زانیویەتی ئێسکی دەفرۆکەی سمت چی یە، هەرچەندە نازانرێت مەبەستی چ ( بەستەرێک) بووە. "تیدەیدیسی پەڵەوانی هۆزی ئالیۆس بەردێکی بەدەستەوە گرتووەو لەپڕ کێشاویەتی بە سمتی ئەپیاسداو ئەوانەش لەوێدابوون بەو ئێسکی سمتەیان وتووە ئێسکی کووپە. جا کووپە ئێسکی وورد و خاش بووەو هەردوو ژێ ماسولکەییەکانی پچڕاوە. ئێسکە تیژبووەکەش پێستەکەی دڕیوە. پاشان پالەوانەکە لەسەر ئەژنۆ کەوتووەو و تاریکی شەو بەرچاوی گرتووە ".

هەر لە ئیلیادا هۆمەر باسی برینی کوشندەشی کردووە بۆ نموونە " ئاشیل کە بە شمشێر لە ملی دوکالیۆنی داوە و سەرو خوودەکەی بردووەو مۆخی ئێسک و بڕبڕەی پشتی لەسەر زەوی کەوتووە. یان دووبارە ئێدۆمینۆس بە تیر توونەد لە قوڕگی داوەو سەرەکەی دەرهێناوەو وەک دار بەڕوو یان سنەوبەر بەسەر زەویدا کەوتووەو پاشان ڕاکشاوەو نالاندوویەتی و خۆڵ و خوێنەکەی لەخۆی هەسیووە". بە بوونی ئەو شارەزاو پزیشکانەدا دەردەکەوێت، کە لانی کەم لەنێو سوپادا هەر تەنها پیاوانی ئاینی کاریان لەبواری پزیشکیدا نەکردووە. خۆی پزیشکی زیاتر لە نەشتەرگەری پشتی بە میتۆدە سیحرئاساکانی چارەسەر بەستووە. لەم ڕێگەیەشەوە ڕاستی سەرنجراکێش لەبارەی فێرکاری پزیشکی ئەو سەردەمە فێردەبین، وەلێ گرنگە بزانین پزیشکە ئاینیەکان لەگەڵ پزیشکانی ئاسایی کە هەردووکیان لەیەک سەردەمدا کاریان کردووە و هەریەکەیان لای چینێکی جیاوازی نەخۆشخانەکانەوە ڕاوێژیان پێکراوە، پێدەچێت هەریەک بە سەربەخۆ کاری کردبێت هەروەک لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا دەبینین. لە دوورگەی

کۆسی زێدی هیپۆکراتدا خاڵی هاوبەشی کەم لە نێوان کاری پزیشکی هیپۆکرات و پیاوانی ئاینی پەرستگای ئایسکللاپیاداهەبووە. تەنانەت لەسەردەمی هۆمەردا نزیکەی هەزار ساڵێک پێش زاین، جۆرە پێشکەوتنێک لەبوای پزیشکیدا هەبووە، کە زیاتر سەرچاوەکەی تویژینەوەو دانایی بووە، وەک لە جادوو خورافیات.

خۆی لە ئۆدیسە بەبەراوورد بە ئیلیاد باس لە جەنگە خوێناویەکان نەکراوە. بەمەش زانیاری سەرنجراکێش لەبارەی فێرکاری پزیشکی ئەو سەردەمە وەچنگ دەخەین. دەزانین " ئۆدیسەی بە کەشتیەکەی هێندە بەخێرای هاتووە تا بەدوای دەرمانی پێویستدا بگەڕێت کە پێدەچێت بەو هۆیەوە تیرە برۆنزیەکەی شکابێت "! هەروەها هێلین دەرمانی دژە خەمۆکی نیپێنثی بەکارهێناوە". پێدەچێت ئەمەش ئاماژەیەک بێت کە یۆنانیەکان زانستی پزیشکی لە میسریەکانەوە فێربووبن".

پاشان پێدەچێت هێلینی کچی زیۆس دەرمانی کردبێتە ناو ئەو مەیەی کە نۆشکراوە. دەرمانەکە بۆ کەمکردنەوەی ئازارو تورەی بووە و تا هەموو خەمەکان لەبیر بکرێن. ئەم دەرمانە بەسوودانە کە کچەکەی زیۆس بەکاری هێناوە و پۆلی دامای خێزانی ثۆن لە خاکی میسر پێیداوە. لەو شوێنەی ڕووەکی زۆر لێ دەڕوێت، زۆریان لە قاپدا ڕواون و زۆریشیان ژەهراوی بوون. لەوێ مرۆڤ بۆ خۆی وێڕای مرۆڤ بوونی پزیشکێکی لێهاتووش بووە!

## فەیلەسووفە پزیشکەکان لە یۆنانی کۆندا

بەهەوڵ و کۆششی فەیلسووفەکانی یۆنانی کۆن، پێنج سەد ساڵ دوای سەردەمی هۆمەر، کە پزیشکی یۆنانی بەهۆی ئەو پێش کەوتنە خێرایەی ڕوویدا ، مرۆڤ وای لێهات کوێرانە مل نەدا بەوەی هێزە سەرو سروشتیەکان یان یاسای ئەزموونی ئاراستەی بکەن و بەڵکو زیاتر خۆی بە دوای هۆکاری هەموو دیاردەکانی سروشتدا گەڕا. جا فەیلەسووفەکان بڕیاریان لەسەر خوولە پزیشکیەکان یۆنانی دەدا چەندی پێبچێت، کە هیپۆکرات و دواکەوتووەکانی دەیان ووتەوە. زۆر کەم زانیاری لەبارەی ژیانی ئەو فەیلەسوفانەو نوسسینەکانیان لەبەردەستدایە. جگە لە چەند شتێکی کەم نەبێت، هەمووی لەناو چووە. ئەوەشی

ماوەتەوە هەرکاتێک باسی بکەین هەرگرنگی خۆی هەیە. یەکێک لە مەزنترین ئەو فەیلەسوفانە فیساگۆرس (٥٨٠-٤٩٨پ.ز) بووە. جگە لەوەی کە خۆی خەڵکی دوورگەی سامۆس بووەو گەڕۆکێکی زۆر هەڵەوەڕ بووەو بۆ چەند ساڵێک لە کرۆتۆنی باشووری ئیتاڵیادا ژیاوە، هیچی تر لە بارەی ژیانیەوە نازانین. بە داهێنانی تیۆری ژمارەکان زۆر ناوبانگی دەرکردووەو و دەیش ووترێت دامەزرێنەری زانستی ژماردنیشە. ئەوەشی خستۆتە ڕوو کە ئاستی ئەو دەنگەی بەهۆی ژێیەکی درێژکراوەوە دروست دەبێت، بەندە لەسەر درێژی ژێیەکەو لە نێو ئەو درێژیانەدا ژمارەی ڕێژەی هەیە کە لە نێو شیعرە هەشت خشتەکەیدا سازان دروست دەکات. یەکەم کەس بووە ووتوویەتی زەوی شێوە گۆییە! باوەڕی بەنەمری و جووڵەی ڕۆحەکان هەبووەو هەروەها وتوویەتی گیانلەبەرانیش ڕۆحیان هەیە. فیساگۆرس و قوتابخانەکەی کاریگەری زۆریان لەسەر زانستی پزیشکی هەبووە. بیروڕاکانی بوونەتە هۆی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەو مرۆڤیان فێرکردووە تەنها بۆ دەستکەوتنی زانیاری بەدوای هۆکاری شتەکان نەگەڕێت، داخوا ئەو زانیاریەش ئەنجامی دەمودەستی کردەنی بەدەستەوە دەدەن یان نا. میتۆدی ژمارەکان بووبە هەوێنی هاتنە کایەی بیرۆکەی ڕۆژە سەختەکانی نەخۆشی و چوار پێکهاتەکەو شلەکانی لەش لای هیپۆکرات.

ئەلکامیۆنی کرۆتۆنی قوتابی فیساگۆرس، کە دەوروبەری ٥٠٠ ساڵ پێش زاین ژیاوە، زۆرتر بایەخی بە زانستی پزیشکی داوە. جا ئەم فەیلەسووفە توێکاری گیاندارانی کردووە و باسی دەمارەکانی بینین و جۆگەی ئۆستاکیشی کردووە. ڕوانینە سەیرو سەمەرەکەشی خستۆتەڕوو بەوەی بزن لە ڕێگەی گوێیەوە هەناسە دەدات. جیاوازی لە نێوان خوێنبەرو خوێنهێنەردا کردووەو ئەو ڕوانینەی ئێستای هەبووە، کە خوێنبەرەکان هەوایان تیادا بێت، چونکە دوای مردن کە کراونەتەوە، بۆش بوون.

ئەلکمایۆن تێبینی ئەوەشی کردووە مێشک، نەک دڵ سەرچاوەی هەستەکان و بیرکردنەوە بێت. هەروەها باوەڕی واش بووە هۆکاری نەخۆشی تێکچوونی هاوسەنگی مادە پێک هێنەرەکانی لەش بێت و تەندروستیش لەسەر ئەو

هاوسـەنگیە بەنـد بێـت. جـا بـۆ ئـەو مەبەسـتە، پیدەچێـت جێـی خـۆی بێت باسـی زیاتـر لـە فەیلەسـوفێکی قوتابخانەکـەی فیسـاگۆرس بکەیـن.

ئیمپیدۆکلیسی ئاگریسـێنتەم لـە سیسیلی لەنێوان سـاڵانی( ٥٠٤-٤٤٣) پێش زایـن ژیـاوە. ژیانـی پڕ بـووە لەسـەیرو سـەمەرە و زۆر موعجیزە درواتـە پاڵـی و دەیش ووترێت بەهـۆی بازدان لەسـەردەمی گڕکانی ئیتتـادا ژیانی کۆتـای پێهێنـاوە تـا ببێتـە خواوەنـد. بـاوەڕی وابـووە گـەردوون و ئەوەشـی تیایەتـی هـەر چـوار پێکهاتەکـەن ئەوانیش : ئاگر، هـەوا، خـاک و ئـاون. لەمـەوە دەزانین کرۆکی تیۆری توخمەکان بۆ شـارەزابوون بـووە لـە بواری پزیشـکی کرداری بـۆ چەندیـن سـەدە. ئێمپێدۆکڵس بڕواشـی وا بـووە ڕۆح ئـەو ئەندامـە بێـت لەڕێگەیـەوە ئـەو ڕۆحیەتـەی ژیـان و هەناسـەدانی پـێ دەستنیشـان دەکرێـت، بـە هەمـوو لەشـدا ڕۆچـوو بێـت. هەروەهـا بڕواشـی وابـووە هەناسـەدان لەڕێگـەی کونیلەکانی پێسـت و سـیەکانەوە بێت.

وتوویەتـی "هەمـوو بوونەوەرێـک لەنـاو گۆشـتەگەیدا بـۆری بێخوێـن هەیـە بـە دەرەوەی لەشـیدا بـڵاو دەبێتـەوەو لـە دەمـی ئـەم بۆریانـەدا چینەکانـی دەرەوەی پێسـت لەگـەڵ کۆمەڵـە بۆریەکانـی نزیکیـان دەبڕدرێـن تـا خوێنیـان تیـادا بمێنێتـەوە، لـە کاتێکا کونێکی ئاسـایی دروسـت دەبێت تـا هـەوای لێوە تێپەڕێت". چەمکی ڕۆح دواتـر لـە میتـۆدی کارکردنـی جالینـۆس و دواکەوتەکانیدا ڕێـرەوی خـۆی وەرگـرت. لەشـاری ئەگرگێنتـۆم بـۆ پشـکنینی درم زۆنـگاوی ووشـک کـرد و خانـووی قانـدا. بەمـەدا دەردەکەوێـت سـەرو سـەودای لەگـەڵ کاری پزیشـکیدا هەبـووە.

# بەشی چوارەم

## زانستی پزیشکی لای هیپۆکرات

ویڕای ئەوەی لەو سەردەمەدا یۆنان لە جەنگدا بووە، سەردەمی پیریکلس، کە لە ساڵی ٤٩٠-٤٢٩ پ.ز فەرمانڕەوای کردووە، سەردەمێکی بێوێنەبووە لەڕووی خۆش گوزەرانی و پێشکەوتنەوە لە یۆناندا. لەهیچ لەسەردەمێکدا لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕوووینەداوە لەکەمتر لە سەدەیەکدا ئەو هەموو پێشەنگە لەبوارەکانی هونەرو زاستەکاندا هەڵبکەون. لەبواری فەلسەفەدا سوقرات، لەبواری شانۆ یورپیدیس، لە هۆنراوەدا سۆفۆکلس و لە بواری جوگرافیادا ستڕابۆ هەڵکەوتن.

فەیدیاس نەخشەی پەرستگای بەناوبانگی پارثینۆنی دانا، هیرۆدۆتیش لەبواری مێژوودا دەستی بە نووسینەوەی کتێبی( مێژوو) کرد و پراکسیتیلیسیش پەیکەری جوان جوانی تاشی. هەر زووش ئەرستۆ و ئەفلاتۆنیش خەڵک دوای ڕێبازە فەلسەفیەکانیان کەوتن. ئەم سەردەمەش بوو بە هەلێکی ناوازە بۆ شوێنپێگرتنی زانستی پزیشکی و چوونە ناو قۆناغێکی مێژووی مەزنترین پزیشکی هەموو مرۆڤایەتی، کە ئەویش هیپۆکراتە.

## ژیانـنامەی هیپۆکرات

هیپۆکـرات لەدوورگـە بچووکەکـەی کـۆس لـە نزیـک کەناراوەکانـی ئاسـیای ناوەڕاسـت لەسـاڵی ٤٦٠ پێش زاینـدا لەدایـک بـووە. دەووترێـت نـەوەی ڕەسـەنی ئایسکولاپیەسـە، کـە خاوەنـی دوو کچ بـووە بەناوەکانی هیجیاو پاناسیا، ئەو دوو ناوەی بوونەتـە ویـردی سـەرزمان. هەروەهـا ووتـراوە هیپۆکـرات ئەندامـی دەسـتەی پزیشـکانی ئایسـکلۆپیدیاس بـووە و بەجۆرێـک لـە جۆرەکانیـش پەیوەنـدی بـە پەرستگای پیرۆزی ئاسکلێپیۆن هەبووە. ئەم پەرستگایە بەشێک لە وێرانەییەکەی بنیاتنراوەتـەوەو لەسـەر یاڵێکـی جوانـە، نزیکـەی سـێ میـل لـە ناوجەرگـەی شـارۆچکەی کۆسـەوە دوورە. بـەم دوایانـەش شـارەزایان ئـەم زانیارانەیـان ڕەت کردۆتـەوە و وتوویانـە نەریتـی چارەسـەری خەواندنی موگناتیسـی لـە پەرسـتگای ئایسـکلۆپیانا هەتـا دوای مردنـی هیپۆکـرات لـە کۆسـدا کاری پێنەکـراوە. وێـڕای ئەمـەش هـەروەک ئاماژەمـان پێکـرد بەلای زۆربـەی لێکۆڵـەرە گەڕیدەکانـەوە ڕوونـە، میتـۆدو تۆمارەکانـی قوتابخانـەی هیپۆکـرات بەتەواوەتـی لەوانـەی پیاوانـی ئاینـی پەرسـتگای ئاسیسـکولاپیەس جیـاواز بـوون.

تاکـە مووفەڕکـی[28] هیپۆکـرات لـە کۆسـدا مابێتـەوە، دارێکـی زەبەلاحـە بەنـاوی (Oriental Tree) کـە لـە ناوەڕاسـتی شـارۆچکەکەدایە. واباوەڕدەکرێـت لەژێـر سێبەرەکەیدا، کە ئێستا لـە ڕێگـەی کۆڵەکـەی تەختـەو پایـەی بـەردەوە ڕاگیرکـراوە، هیپۆکرات وانـەی بە قوتابیەکانی ووتبێتـەوەو لەدەشـت و دەریش کلینیکی هەبوو بێت. دوو هـەزارو پێنج سـەد سـاڵ تەمەنێکی زۆرە بۆ درەختێک، هێشـتاش زەحمەتە کەسـێک بـڕوا بـەوە بهێنێـت ئەمـە یادەوەریەکـی ڕەسـەنی زینـدووی مامۆسـتایەکی زیندوو بێت ، پەیوەندیەکی گرنگی نێوان خۆی و تەنانـەت ئەوانـەش بێت ئەمڕۆ لێوەی فێر دەبن. لە هەمـوو ڕوداوەکاندا وەک ئـەوەی هـەن و وەک ئـەوەی دەبێت بن، ئەم درەختە شـوێنی حەجی هەموو پزیشکە لە خواترسـەکان بووە. هیپۆکرات زۆر تەمەنـی کـردووە. بـەرواری مردنەکـەی بەدروسـتی نەزانـراوە، بـەڵام پێدەچێت سـاڵی ٣٥٥ پێش زایـن مردبێت. خـۆی بـەزۆری لـە کـۆس ژیـاوە.

٢٨ مووفەڕک : پاشماوەی شتی کۆن یان نەریتی کۆن هی کەسێک یان شوێنێک کە مابێتەوە.

وەک پیاوە داناکانی سەردەمی خۆی گەڕیدەیەکی مەزن بووەو لە ئیتسالی و ئەسیناو شوێنانی تر کاری پزیشکی کردووەو دواجار لە لاریادا کۆچی دوای کردووە. هیچ کام لەو پەیکەرو پەیکەرۆچکانەی هیپۆکرات ناتوانرێت وەک وێنەی ڕاستەقینەی دابنرێن، بەلام هەموویان هیپۆکرات وەک کەسێکی شکۆدارو بیریارو بەخشندە و مامۆستایەکی ئیلهام بەخش و پزیشکێکی نموونەی پیشان دەدەن.

## کۆبەرهەمی هیپۆکراتس

زانیاریمان لەسەر هیپۆکرات خۆی زۆر کەمە، بەڵام دەتوانین لەڕێگەی (کۆبەرهەمەکەیەوە) بە تەواوی شارەزای میتۆدەکانی دەبین. هیپۆکرات تەنها نووسەر نەبووە لە ڕێگەی نووسینی سەد کتێبێکەوە یان زیاتر کۆ بەرهەمی هەبوو بێت، بەلام ئەمە لەو بەهایەی کەم ناکەنەوە کە بێگومان ئەو سەرچاوەی ئیلهامی هەموو کتێبەکانی خۆی بووە. با درێژەی نەدەینێ چونکە زۆر ووتراوە لەبارەی نووسینە ڕەسەنەکانی هیپۆکراتەوە، داخۆ کام لە بەرهەمەکانی هیپۆکرات بەرهەمی ڕەسەنی ئەون و یان داخۆ پزیشک و نووسەری تریش نەبێت بەناوی هیپۆکراتەوە. بەوەرگرتنی ووتەکانی لەو بەرهەمانەی باوەڕدەکرێت بەڕاستی هی ئەوبن دەتوانین سوود لەو میتۆد، بیرۆکە، ڕێکار و بیرکردنەوانە وەربگرین، کە بوونەتە ئیلهام بەخشی هیپۆکراتی باوکی زانستی پزیشکی. بە لێکۆڵینەوە لە بەرهەمەکانی هیپۆکرات، مرۆڤ ڕەوشتی بەرزی کارکردنی، مکوڕبوونی لە دەستنیشان کردنی نەخۆشی و ووردبینی لە تویژینەوەو ڕوونیەتی لە تۆمارکردنی حاڵەتەکان بۆ دەردەکەوێت. بۆ وەها لێکۆڵینەوەیەک چیدیکە پیویستمان بە زمانی یۆنانی نابێت چونکە بەرهەمەکانی هیپۆکرات وەرگێڕاونەتە سەر زۆر زمان و لێکدانەوەی زۆریان بۆ کراوە. هەندێک لە کتێبەکانی، بەتایبەتی کتێبی (پەندەکان) تا سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم وەک کتێبی مەنهەجی لە قوتابخانەکان خوێنراوە. ئەوەی جێی داخە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ئەو کتێبانە کاریان لەسەر ناکرێت. هەرچەندە کتێبەکانی زۆر بابەتی کۆنی نا پێویستیان تیادایە، ئەوەی جێی سەرسوڕمانە نهێنی و بنەماکانی وانەووتنەوەی سەردەمیانەی تیادایە. یەکەمین چاپی تەواوی یۆنانی کتێبەکانی هیپۆکرات لەساڵی ١٥٢٦ دا ئادلوسی

فینیس بڵاوی کردۆتەوە. لەساڵی ١٥٢٥دا چاپی لاتینیەکەی لە ڕۆژنامەی کانفۆس لە ڕۆمادا بڵاوکراوەتەوە. گەورەترین وەرگێڕانی بەرهەمەکانی بۆ سەر زمانی فەڕەنسیە، کە دە بەرگەو لەنێوان ساڵانی ١٨٣٩-١٨٦١ لەژێر ناونیشانی (تەواوی بەرهەمەکانی هیپۆکرات) دا ئیمیلی لیتریێ، بڵاوی کردۆتەوە. دکتۆر فرانسیس ئادەمزی پزیشکی شارەدێ و و توێژەر لە بانکۆری لە ئەبێردینسایەر، کە بووەتە بابەتی وتارێکی سەرنجڕاکێشی کتێبەکەی دکتۆر جۆن براون بەناوی (Horae Subsecivae)، بەناوبانگترین وەرگێڕانی ئینگلیزی بۆ کۆبەرهەمەکەی کردووەو لەساڵی ١٨٤٩دا بڵاوکراوەتەوە. بەم دوایانە ویلیان هێنری جۆنس لەساڵی ١٩٢٣ دا جارێکی تر وەریگێڕاوەتە سەر ئینگلیزی و دەقە یۆنانیکەشی لە بەرامبەردا داناوە. ئەم وەرگێڕانەش چوار بەرگی بچووک و ناوازەیەو لە کتێبخانەی لۆئێب کلاسیکدا هەیە.

با چاوێک بە ناوەڕۆکی کتێبەکانی بخشێنین. هیپۆکرات یەکەم کەس بووە فەلسەفەی لە زانستی پزیشکی جیاکردۆتەوە و ڕێزێکی زۆری لە هەموو ئەوانە ناوە کە هۆگری زانست بوون.

## سوێنەکەی هیپۆکراتس

سەردەمانێکی زۆرە پزیشکان سوێنەکەی هیپۆکراتس دەخۆن. لەم سوێنەدا، پزیشک یان دەرچووی کۆلێژی پزیشکی، شکۆ و بەرپرسیاریێتی سوێندەکەی دەکەوێتە ئەستۆ. پێویستیشە ڕێز لە زانکۆکەی و هەر داهێنانێکی نوێ و پاراستنی نهێنی پیشەکەی بگرێت و خۆی لە قسەو قسە لۆک بە دوور بگرێت و لەسەروو هەموو شتێکیشەوە ڕەچاوی بەرژەوەندی نەخۆش بکات و نابێت چاوچنۆکیش بێت. هەندێک مشت و مڕ لەبارەی بەڵێنی ئەنجامنەدانی نەشتەرگەری بەردی گورچیلە هاتۆتە ئاراوە .

ئەمە هەر مانایەک بگەیەنێ دیارە لە چەند حاڵەتێکی دیاریکراودا، نەشتەرگەری بۆ پزیشک بە کارێکی نابەجێ دانراوە. تەنانەت لەسەرەتادا نەشتەرگەری کاری چینێکی لێهاتوو بووە. سوێندەکە شایانی ئەوەیە هەر هەمووی بنووسینەوە. بە

زۆر شێواز بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەرگێڕدراوە. ئەمەش سوێنەکەیە بە زمانی شیرینی کوردی:-

" سوێند بە ئەپۆلۆی پزیشک، بە ئەسکیولاپیەس، بە هیجیا، بە باناسیا، بە هەموو خواوەندەکان، شایەت بن بەسەرمەوە، بڕیار بێت تا پێم بکرێت ئەم سوێندو پەیماننامەیە جێبەجێ بکەم. وەک دایک و باوکم ڕێز لە مامۆستام بگرم. هەتا پێم بکرێت بژێوی ژیانی دابین بکەم. کاتێک پارەی پێویست بێت، یارمەتی بدەم. براکانی وەک براکانی خۆم تەماشا بکەم و ئەم زانستەیان پێ بگەیەنم. گەر بیانەوێت فێری ئەم زانستە ببن، بە بێ هیچ بەرامبەرێک فەرمان و ڕێنمای زارەکی و هەموو ڕێنماییەکانی تر بەکوڕەکانم و کورەکانی مامۆستاکەم و بۆ ئەم فێرخوازانەی پزیشکی کە سوێندەکە دەخۆن، بگەیەنم. بەپێی توانا چارەسەری نەخۆش بکەم، نەک هەستی بریندار بکەم یان ستەمی لێبکەم. گەر داواشم لێبکرێت، ژەهر بە هیچ کەسێک نادەم و هەرگیز شتی واش بۆ نەخۆش نانوسم. بەهەمان شێوە ڕاگرەی زێ بۆ خانمان بەمەبەستی لەباربردنی منداڵ بەکارنەهێنم. ژیانم و پیشەکەم بە پیرۆزی و پاکی ڕاگرم و چەقۆ بەکارنەهێنم بۆ ئەوانەی بەدەست بەردی گورچیلەوە دەناڵێنن و هەرکەس بە پێی پیشەی خۆی ڕێزی لێبگرم. بچمە هەرماڵێکەوە یارمەتی نەخۆش بدەم و لە هەر کارێکی خراپی بەئەنقەست یان ئازاردانێک، بەتایبەتی خراپ بەکارهێنانی جەستەی ڕەگەزی مێینە یان نێرینە کۆیلە بیت یان ئازاد، خۆم بەدوور بگرم. لەکاتی کارکردندا بێت یان کارکردندا نەبێت، ئەوەی ببینم یان ببیستم باسی نەکەم، هەرگیز ئەم شتانە نەدرکێنم و وەک نهێنی دەیانپارێزم. ئێستا ئەگەر کار بەم سوێندە بکەم و نەیشکێنم، هەم بۆ ژیانم و هەم بۆ پیشەکەم لە نێو خەڵکدا ناوبانگی خۆم دەپارێزم، بەڵام گەر پابەند نەبم بەئاکاری پزیشکیەوە، ناوبانگی خۆم و پیشەکەشم لەنێو خەڵکدا دەزڕێنم ".

لە نووسینەکانی تری هیپۆکراتدا زۆر باس و خواس لەبارەی سوێندەکەی و بنەماکانی کاری پزیشکی کراوە. لە کتێبی (بنەماکان) دا کە بەگشتی باوەڕدەکرێت دوای سەردەمی هیپۆکرات نووسرابێت، بەلام کتێبی یەکێک لە قوتابیەکانی قوتابخانەکەیەتی، ئەم ئامۆژگاریانەی تیایە "بیکەن لەڕێی خوا چاو

برسی مەبن، تا پێتان دەکرێ یارمەتی نەخۆش بدەن . بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ بەرژەوەندیەک خزمەتی مرۆڤ بکەن. بەهەموو شێوەیەک خزمەتی کەسانی نەدار بکەن چونکە لەهەر شوێنێک خۆشەویستی بۆ مرۆڤ هەبێت، خۆشەوستی بۆ زانستی پزیشکیش دەبێت". هەر نووسەری ئەو کتێبە زۆر بە تایبەتی ئامۆژگاری پزیشک دەکات کە " لە هەڵگرتنی نەخۆش خۆتان بەدوور بگرن تا بۆنتان هەر خۆش بێت". درێژەی دەداتێ و دەڵێ "من ڕێگریتان لێناکەم بەدوای خۆش بەختیدا بگەڕێن چونکە ئەوە شتێک نیە شکۆی پزیشک لەکەدار بکات".

## سروشتی نەخۆشی

هیپۆکرات زۆر شارەزای لەبوارەکانی فەسلەجە و توێکارزانیەوە نەبووە و نە گەرمی پێوی کلینیکی و نە بیستۆکی پزیشکیشی هەبووە. خۆی لە ڕێگەی گوێوە پشکنینی بۆ دڵ و سنگی نەخۆش کردووە، بۆ نموونە : وەسفی دەنگی پەردەی ئاوساوی کردووە کە بە دروستی بەدەنگی جیڕەی چەرمی چواندووە. کەرەستەی زانستی لەبەردەستا نەبووە، وێڕای ئەمەش شێوازی کارکردنی زانستیانە بووەو نووسینەکانیشی لێوان لێو بووە لە توێژینەوەی بایەخدارو بیرکردنەوەی ژیرانە. هەرگیز بڕوای بەوە نەبووە نەخۆشی سزای خواوەندەکان بێت. لە کتێبەکەیدا بەناوی (لەبارەی نەخۆشیە پیرۆزکراوەکە) کە باوەڕ دەکرێت نەخۆشی فێ بێت ، بەم جۆرە دەدوێت " نە ڕای منەو نەهی وەحی، کە نەخۆشی هۆکاری سروشتی هەیە و ئەوە ئەزموونی مرۆڤە وای لێکداوەتەوە هۆکاری ئاسمانی لەپشت نەخۆشیەوە هەبێت. تای سێ ڕۆژە یان چوار ڕۆژە بەلای منەوە پیرۆزتر نیە وەسزای خوای نیە وەک ئەم نەخۆشیە، بەڵام کەس پرسیاریان لەسەر ناکات". درێژەی دەداتێ و دەلێت "هەموو نەخۆشیەک سروشتی خۆی هەیەو هۆکارە دەرەکیەکانی وەک سەرما، خۆر، گۆڕینی کەش و هەوا دەبنە هۆی سەرهەڵدانی ". هیپۆکرات زانیویەتی خۆراک، پیشە و هەروەها کەش و هەوا کاریگەریان لەسەر نەخۆشی دەبێت. لەیەکێک لە کتێبە سەرنجڕاکێشەکانیدا بەناونیشانی (لەبارەی هەوا، ئاو و شوێنەکان) ئامۆژگاری پزیشکان دەکات "کاتێک لە شوێنێکی ناشارەزا کاردەکەن، دەبێت ڕەچاوی جوگرافیای شوێنەکە، بایەکانی،

سەرچاوەی ئاوەکەی، سروشت، خاکەکەی و خودی خەڵکەکەی بکەن. بەم جۆرە دەزانن کام نەخۆشی بەربڵاوەو لە کارەکانیاندا ئەوپەڕی سەرکەوتوو دەبن". هیپۆکرات زیاتر بەکاریگەری کەش و هەوا لەسەر مێشک و جەستە کاریگەر بووە و وتوویەتی "کاتێک زریانی زستان خاک ڕادە ماڵێت و خۆری گەرم تین لەزەوی هەڵدەستێنێت، مرۆڤ توندو کەلەڕەق و دوورەپەرێز دەبێت. بەگشتی لە زانستەکانا شارەزاتر دەبێت و لە جەنگیشدا ئازاتر دەبێت".

## گرنگی دەستنیشان کردنی نەخۆشی

بە لێکۆڵینەوە لە مێژووی سروشتی نەخۆشی، هیپۆکرات توانی پێشبینی چۆنیەتی پەرەسەندنی نیشانەکانی بکات، داخۆ حاڵەتی کوشندەی لێبکەوێتەوە یان نا. پێدەچێت بەهۆی تەمەن درێژێکەیەوە توانیبێتی لێکۆڵینەوە لە دەستنیشان کردنی نەخۆشی بکات. بەڕێز جەیمز ماکانزی، پسپۆڕی نەخۆشیەکانی دڵ، ئاماژەی بەمە کردووەو وتوویەتی "هیچ دکتۆرێک ئەوەنە تەمەن ناکات تا کتێبێکی جێی متمانە لەبارەی دەستنیشان کردنی نەخۆشیەوە بنووسێت". ئەمەش چەند دێڕێکە لە پێشەکی یەکێک لەباشترین کتێبەکانی بەناونیشانی( پێشبینی کاتی خایەنراوی سووڕی نەخۆشی) "وادەزانم باشترین شتێ بۆ پزیشک ئەوەیە کار بە پێشبینی کاتی خایەنراوی چارەسەری نەخۆش بکات. ئەگەر لەسەرەتادا ئەو نیشانانە بزانێت لە نەخۆشدا هەن یان دواتر چی ڕوودەدات، بە باشترین شێوە نەخۆشەکە چارەسەر دەکات".

بەم جۆرە باسی شێوازی پشکنینی ئاسایی کردووە " یەکەم پزیشک دەبێت ڕووی نەخۆش بپشکنێت، پەیڕەوی لە وەسفی کلاسیکیانەی (ڕووی هیپۆکرات) بکات، کە نیشانەکانی بریتین لە گیانەڵان، باریک بوونەوەی لووت، چاوە قووڵە، کرژبوونی ناوچەوان، هەوکردنی گوێ و کشانەوەی کڕکڕاگەکانی بەرەو دەرەوە، ووشک بوون و گرژ بوونی پێستی دەم و چاو، ڕەنگ زەردی یان ڕەشتاڵی ". بەجۆرێک لە جۆرەکان شکسپیر ئەم وەسفەی لەباسی مردنی فاڵستافدا کردووە " لووتی وەک قەڵەمی تیژ و کێڵگەی سەوزی بڕزکاو بووە". هەروەها لە کتێبی

(پێشبینی کاتی خایەنراوی نەخۆشی ) دا هیپۆکرات سەرنجی پزیشک بەلای شوێنی دانیشتنی نەخۆش، سروشتی هەناسەدان، دروست بوونی چڵم و گەلێک نیشانەی تر کە دەکرێت ماوەی خایاندنی نەخۆشی لەڕێگەوە بزانرێت، راکێشاوە. بڕگەی کۆتای کتێبەکە بەم جۆرەیە " پەشیمان مەبن لە لابردنی ناوی هەر نەخۆشیەک لە هەژمارەکەمدا چونکە لە هەموو حاڵەتەکاندا لە ڕێگەی هەمان ئەو نیشانانەی ئەو نەخۆشیانەی بوونەتە بارگرانی لەو کاتەی باسم کردوون، دەتوانن دەستنیشانیان بکەن". قوتابخانەی هیپۆکرات ڕکابەری خۆی هەبووە. لەنزیک دوورگەی کۆس، قوتابخانەی نیدۆس هەبووەو پزیشکانی ئەو قوتابخانەیە هەموو نیشانەکانیان وەک نەخۆشی پۆلێن کردووەو بۆ هەریەکەشیان چارسەریان داناوە.

بەلای ئەوانیش هەر ئەوە گرنگ بووە نەخۆشیەکان دەستنیشان بکەن و چارەسەریان بکەن. نە هۆکاری نەخۆشی و نە پێشبینی کردنی ماوەی نەخۆشیان بەلاوە گرنگ نەبووە. لەلایەکی ترەوە هیپۆکرات خۆشی توێژەر بووە و زانیویەتی چۆن حاڵەتەکان بەڕوونی و بەووردی تۆماربکات و چارەسەرە خۆپێهەڵکێشەرەکانی پەرستگاکانی ئەیسکولاپیەسی بەلاوە گرنگ نەبووە. بابەتیانە سەرکەوتن و شکستی تۆمار کردووە. لەلای ئەو ڕێژەی مردنی ئەو ٤٢ حاڵەتەی لە کتێبی (درمەکاندا) دا باسی کردووە، لە سەتا شەست بووە، بەڵام ئەبێت لەبیرمان بێت کە زۆربەی حاڵەتەکانی مردن هۆکارەکانیان نەخۆشیە توندو قورسەکان بووە.

نەخۆشی مەلاریا و هەروەها نەخۆشی کەفسەیش[29] زۆر بەربڵاو و کوشندە بوون. دەگونجێت ئەمە حاڵەتێکی تای میزە ڕەشە بێت. فیلیسکۆس لە پەنا دیوارا دەژیاو و تایەکی توندی هەبوو و ئارەقی زۆر کرد. یەکەم ڕۆژ چووە سەر جێگا، شەویش نەخۆش کەوت. لەڕۆژی سێیەمدا تا نیوەڕۆکەی وا پێدەچوو تاکەی نەمابێت، بەڵام دەمەو ئێوارە تاکەی توونـد بوو، زیاتر ئارەقی کرد، تینووی بوو، زمانی ووشک بوو، میزی ڕەش بوو، خەویشی لێ نەکەوت و بەتەواوی

٢٩ نەخۆشیەکە بەهۆی هەوکردنی ڕیخۆڵەکان و کۆڵۆنەوە سەرهەڵەدات ، کە زەحیرەیەکی توونـدی لەگەڵدایە.

هۆشی بەلای خۆیدا نەما. ڕۆژی پێنجەم هات و شەوێکی شوومی بەدوای خۆیدا هێندا. قسەی هەلەق و بەلەقی کرد، میزی ڕەش بوو، ئارەقەی کرد. لەڕۆژی شەشەمدا لە دەوروبەری نیوەڕۆدا مرد. جا ئەو هەناسەیەی خۆی بۆ ئامادە کردووە هەڵیکێشێ، زۆر دەگمەن و درێژ بوو". دوایین ڕستە وەسفی ئەو جۆرە هەناسەیە، کە پێی دەڵێین جەین ستۆکس[30].

حاڵەتێکی تر، کە دەکرێت وەریبگرین، پێکانێکی سەرە کە ئاوسانی گوێ و هەوکردنی پەردەی مێشکی بەدوادا هاتووە بەم جۆرەبووە " نێریۆسی کچە حۆریە بیست ساڵیەکە، کە یاری لەگەڵ کچێکی هاوێ ی دەکرد، بەدەست کێشای بەتەوقی سەریدا. بەرچاوی ڕەش بوو، هەناسەی لێبڕا. لەگەڵ گەشتنە ماڵ، تووشی تایەکی توند و سەرئێشە بوو، دەموچاوی سوور هەڵگەڕا. لەڕۆژی حەوتەمدا زیاتر لە پڕی کوپێک کێمی سورباوی پیس لە گوێی ڕاستی هاتەدەرەوەو تۆزێک حەوایەوە، بەڵام تایەکە لێی هەڵدایەوە، هۆشی نەماو لەزمان کەوت. لای ڕاستی دەموچاوی داخزاو گرژ بوو، لەرزە لەرزی تێ کەوت و هەناسەی لێبڕا. زمان و چاوەکانی لەکار کەوتن و لەڕۆژی نۆیەمدا مرد".

## چارەسەری نەخۆشی لای هیپۆکرات

هیپۆکرات زۆر بەکەمی دەرمانی بۆ چارەسەرکردن بەکارهێناوە. گرنگی بە ماوەی خایاندنی نەخۆشی داوەو قسەی لەسەر سروشتی نەخۆشی نەکردووە. بڕوای وابووە زۆرێک لە نەخۆشیەکان لەسەر بنەمای (Vis Medicatrix Nature) خۆبەخۆ چارەسەر دەبن. وتوویەتی "سروشت خۆی چارەسەرکاری نەخۆشیە. دەبێت لە دەست وەردانی مشەخۆرانە خۆمان بەدوور بگرین". وێڕای ئەوەش ئامۆژگاری باشیشی خستۆتە ڕوو، گەرماو و تیمارکردنی بەکارهێناوە کاتێک پارێزێکی سادەی نوسیووە. دەکرێت لە ڕێگەی کتێبەکەیەوە بەناوی (ڕێجیم کردن لە نەخۆشی توند ) لێکۆڵینەوە لە میتۆدەکانی هیپۆکرات بکەین. هیپۆکرات جۆی هاڕاوی بۆ پارێزکردن بەلاوە باش بووەو هەندێک جاریش هیچ خواردنێکی تری باس نەکردووە. ئەمەش بەلای یۆنانیەکانەوە گران نەبووە، کە ژیانیان

٣٠ جۆرێکی هەناسە وەستانە، لەو کەسانەدا هەستی پێدەکرێت، کە نەخۆشی دەمارو دڵیان هەیە.

سادە بووەو ڕۆژانە دوو ژەم یان تەنانەت یەک ژەم نانیان خواردووە .

هەنگوینشی بەلاوە پەسەند بووە و پێی وابووە سرکەو هەنگوین ئازار نەهێڵن. وتوویەتی " ئەگەر کەسێک زۆر تینووی بوو، ئاو و هەنگوێنی بدەرێ ". لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا گلۆکۆز شوێنی هەنگوینی گرتۆتەوە. خۆی هیپۆکراتس هەر لەبوای پزیشکیدا کاری نەکردووە. نەشتەرگەرێکی باش بووە و کێمی لە لەش دەرهێناوەو چارەسەری شکاوی کردووە و لەڕێگەی بەکارهێنانی "مێزی تایبەتەوە" شوێنی لە جێچوونی چارەسەر کردووەو تەنانەت نەشتەرگەری کونکردنی کاسەی سەریشی ئەنجامداوە. ئەمەشی بەڕوونی لە کتێبی (لەبارەی برینەکانی سەر ) دا باس کردووە.

بەکارهێنانی قەتران لای ئەو بۆ چارەسەری برین بوو بە ئیلهام بەخشی داهێنانی میتۆدی بەکتریاکوژ. تەنانەت لە ناملیکەکەیدا بەناونیشانی (لەبارەی نەشتەرگەریەوە ) ئامۆژگاری بەپێزتر دەخاتە پێش چاومان. ئەم پوختەیە، کە وەک ئەوە وایە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بۆ نەشتەرگەری نووسیبێت " نەشتەرگەر نابێت نینۆکی کورت یان درێژ بێت. باشی پێکهاتەی پەنجەکان ئەوەیە ئەسپێ کوژە ڕێک بەرامبەری دۆشاومژە بێت. دەبێت هەموو نەشتەرگەریەک بەیەک دەست یان هەردوو دەست بەیەکەوە ئەنجام بدات". هەروەها باسی بەکارهێنانی ئاوی کوڵێنراو، شوێنی ڕووناکی، ئامێرەکان و دیاردە دەرەکیەکانی کردووە و جەختی لەسەر پێویستی " توانا، خێرای، ئازار نەبوون، ڕەونەقی و ئامادەباشی" کردۆتەوە.

## کتێبی (پەندەکان )

بەبێ گەڕانەوە بۆ کتێبە بەناوبانگەکەی بەناوی (پەندەکان ) هیچ باس و خواسێک لەبارەی هیپۆکراتسەوە، بەتەواوی جێی خۆی ناگرێت. یەکەم بەشی ئەم کتێبە کەڵکی ئەوتۆی نیە. نووسیویەتی " ژیان کورتەو زانستیش زۆرە، هەلەکانیش دێن و دەڕۆن، ئەزمونکردنیش تاڵەو کاری هەڵسەنگاندنیش سەختە ". ئامۆژگاری پزیشک دەکات تا بەردەوام ئامادە بێت لە کاتی خۆیدا ئەرکی سەرشانی

جێبەجێ بکات. بەجۆرێک پێویستە نەخۆش ژینگەی دەرەوە لەگەڵ ژینگەی نۆرینگە بسازێت. ئەمانە کۆمەڵێک لە ئامۆژگاری یان قسە نەستەقەکانیەتی، کە دەیسەلمێنن شێوازی وانەووتنەوەی ئەم مامۆستا مەزنە زۆر کاریگەر بووە.

١- هەڵگرانی نەخۆشیە توندەکان تا زیاتر پابەند بن بە چارەسەرەکانەوە ، باشتر چارەسەر دەبن.

٢- کەسانی بەساڵاچوو زۆر بەئاسانی بەرگەی ڕۆژووگرتن دەگرن، کەسانی تەمەن مام ناوەند و گەنج کەمتر بەرگە دەگرن و منداڵیش لەهەمووی خراپتر، بەتایبەتی ئەوانەی ژیانێکی زۆر خۆشیان هەیە وەک لەوانەی ژیانێکی سادەیان هەیە.

٣- لەکاتی یان لە دوای نەخۆشی، نەخۆش بێزار مەکە و هیچ ئەزموونێکی لەسەر مەکە، نە بە پاککەرەوەو نە بە هیچ مادەیەکی ئالۆشاوی تر، لێی گەڕێ بابڕوا بەڕێی خۆیەوە.

٤- خەوی بێ ووڕێنەش خۆشە.

٥- کە زۆر برسیت بوو، ڕێجیم بکە. نابێت نەخۆش گوێ بە ماندوو بوون بدات.

٦- تێگەیشتنی نەخۆش بۆ هەر نەخۆشیەک کاریگەری لەسەر دەبێت و چێژ لەو خواردنەش وەرەگرێت کە دەیخوات، وە بەپێچەوانەشەوە .

٧- بەگشتی کەسانی بەساڵاچوو کەمتر تووشی نەخۆشی دەبن وەک لە کەسانی گەنج، دەی وەها تێگەشتنێک بەگشتی لەکەسانی بەتەمەندا بە زۆری تا مردن دەمێنێتەوە.

٨- بەگشتی ئەو نەخۆشیانەی لەکاتی باراندا سەرهەڵدەدەن، تای درێژخایەن و بەلەفیڕەو خۆرەو فێ و گەشکە و وەناقن. لەکاتی بێبارانیشدا نەخۆشیەکانی سیل، چاو، جومگە، میزە چرکێ و سک ئێشە سەرهەڵدەدەن.

٩- نەخۆشی لەهەموو وەرزەکان سەرهەڵدەدات، بەڵام لە هەندێک وەرزی دیاریکراودا هەندێک لە نەخۆشیەکان زۆرترو توندتریشن.

١٠- لـه زسـتاندا نەخۆشـیەکانی وەک ئاوسـان و سـووتانەوەی پـەردەی سـی، حاڵەتـی هەڵامـەت، ئـازاری قـورگ، سەرئێشـەو، سـەرەگێژەو فـێ سـەرهەڵەدەن.

١١- بەپێـی تەمەنـە جیـاوازەکان ئـەم نەخۆشـی و حاڵەتانـە تووشـی منـاڵ ئەبـن :
- ئاوسـانی پـەردەی نـاودەم، ڕشـانەوە، کۆکـە، خـەوزڕان، تـرس و هەوکردنی گوێیـەکان.

١٢- کەسـانی بەتەمـەن گرفتـی هەناسـەدانیان دەبێـت، ئاوسـانی پـەردەی چڵمیـن، میزگیـران، ئـازاری جوومگـەکان، سەرەسـوڕێ، ئاڵۆشـی، بەلەفیـڕە، هەوکردنی گوێیـەکان و لـووت، کەمـی توانـای بینیـن و گـوێ گرانـی بەدوادایـت.

١٣- ئەوانـەی تووشـی نەخۆشـی دەردەکۆپـان دەبـن، یـان لەمـاوەی چـوار ڕۆژدا دەمـرن یـان لـەو نەخۆشـیە قوتاریـان دەبێـت و چـاک دەبنـەوە.

١٤- بەگشـتی نەخۆشـی سـیل لـە نێـوان تەمەنـی هـەژدە بـۆ سـی و پێنـج سـاڵی سـەرهەڵەدا.

١٥-ئەگەر کەسێکی توشبووی نەخۆشـی سیل بەلەفیرەی هەبوو، ئەوە نیشـانەیەکی کوشندەیەتی.

١٦- کاتێـک کەسـێک شـێرپەنجەی نادیـار (شـاراوەی) هەبێـت، باشـترە هیـچ چارەسـەری نەدەینێ، چونکە چارەسـەرەکە وای لێدەکات زووتـر بمرێت، بەڵام پێنەدانـی چارەسـەر تەمەنـی درێـژ ئـەکات.

١٧- کە بلق لەناو میزا بوو، ئەوە نیشـانەی نەخۆشـی گورچیلەکانە و نەخۆشـیەکەش تەشـەنە دەسێنێت.

١٨- خەوزڕان و زۆر خەوی، دەبنە هۆی نەخۆشی.

١٩- ئـەو نەخۆشـیانەی دەرمـان چارەیـان نـاکات، چەقـۆ چارەیان ئـەکات. ئەوانەشـی چەقـۆ چارەیـان نـاکات ، ئاگـر چارەیـان ئـەکا، ئەوانەشـی ئاگـر چارەیـان نـاکا، ئـەوە هـەر چـارە ناکرێن!

تەنهـا چەنـد قسـەیەکی نەسـتەق و پەنـدو ئامـۆژگاری کەمـی ئـەم مامۆسـتا

گەورەیەمان وەرگرتووە، بەڵام پێدەچێت ببنە مشتێک لە نموونەی خەروارێک تا خۆش مەشرەبی و توێژینەوەی نموونەیەکانی ئەم مامۆستایە پیشان بدەن. بەسەدان لێکدانەوە لەسەر قسە نەستەقەکانی بڵاوکراونەتەوە.

بەرهەمە ڕەسەنەکانی ئەم نووسەرە شایانی ئەوەن هەموو پزیشک و نەشتەرگەرێک بیخوێنێتەوە. نووسینەکانی هیپۆکرات تەنها لەڕووی مێژووییەوە گرنگ نین . بیرۆکەی گرنگی دانی تەواو بە نەخۆش وەک لە تیۆرە زانستیەکانی نەخۆشی یان لە پشکنینە دیارەکانی تاقیگە، سیندینهایم و بۆریهاڤ، زیندوویان کردۆتەوەو ئەمڕۆش سەرنجی هەندێک لە پزیشکە مەزنەکانی ڕاکێشاوە. زۆرجار بەخۆشی بێت یان بە ترشی ئەم ڕاستیەمان بەبیرناهێنرێتەوە کە " نەخۆشی خۆبەخۆ چارەسەر دەبێت ". پزیشک یان پسپۆڕی هەر بوارێک بێت، ئەبێت پشکنین بۆ تەواوی بارودۆخی نەخۆش بکات و وەک سروشت ناسێکیش هەڵس و کەوتی لەگەڵ بکات. ئەمە پەیامی هیۆپکراتس بووە بەر لە ٢٤٠٠ ساڵ و تا ئەمڕۆش ماوەتەوە.



ئۆمفالۆس لە دێلفی، ڕێگەی گەشتنە پەرستگای ئەپۆلۆ



ئەو شوێندرەختەی دەووترێت هیپۆکراتی پزیشک لەوێدا وانەی ووتبێتەوە.



ئەم پەیکەرە لە دوورگەی کۆسدا دۆزراوەتەوە، کە بڕوادەکرێت هی هیپۆکراتی پزیشک بێت.

## کاریگەری ئەرستۆ لەسەر زانستی پزیشکی

دوای سەردەمی هیپۆکرات، کەسێک هات خۆی بەپزیشک نەدەزانی و کاریگەری قووڵیشی لەسەر زانستی پزیشکی دانا. ئەرستۆ (٣٨٤-٣٢٢ پ .ز) پێدەچێت بلیمەتترین و مەزنترین زانا بوو بێت جیهان بەخۆیەوەی بینیبێت. ئەرستۆ هەر فەیلەسوفێکی بلیمەت نەبووە، پیشەکەی وەک یەکەم زیندەناس بایەخێکی فرە گەورەی بۆ زانستی پزیشکی هەبووە. لە ئەبیتا ژیاوەو قوتابی ئەفلاتۆن بووە و مامۆستای ئەسکەندەی مەزنیش بووە، کە لەماوەیەکی زۆر کەمدا چارەنووسی مێژووی هەموو مرۆڤایەتی گۆڕی. ئەرستۆ بناغەدانەری زانستی توێکاری بەراووردکاری و کۆرپەلەزانیش بووە. توێکاری گەلێک گیانداری کردووەو بەتایبەتی ئارەزووی توێکاری ماسی و مالووسکەی هەبووە. لێکۆڵینەوەکەی لەبارەی سەیروسەمەرەی پزدانگی سەگی دەریایی لە سەرەتای سەردەی نۆزدەیەم سەلمێنرا، تەنانەت خولیاو سەرنجی فەسلەجەناسی مەزن، جۆهان مۆلەریشی ڕاکێشا. هەروەها وەسفێکی دروستی ژیانی مێش هەنگی کردووەو سەکردەکەیانی بە شاژن ناوبردووە، بەبێ ئەوەی ڕەگەزەکەی زانیبێت! لێکۆڵینەوەی لە چۆنیەتی پێکەوە کۆبوونەوەیان، هەنگوین خڕکردنەوە و بنیاتنانی شانەکانیانی کردووە. ئەرستۆ باسی بوونەوەرە زیندووەکانی تەواوی جیهانی کردووە و زۆرێک لەباسکردن و پۆلێنکاریەکانی تا ئەمڕۆش کەڵکیان لێوەردەگیرێت. لە پەیبردن بە چەمکی پەیژەی سروشت، پێدەچێت یەکەمین تروسکای تیۆری بەسەرچووی پەرەسەندن وێنا بکرێت. بەهەمان شێوەی هیپۆکرات و پێشینانی تری باوەڕی وابووە کە جەستەی مرۆڤ چوار سیفەتی بنەرەتی تیایە: گەرمی، ساردی، ووشکی و تەڕی و وە لەچوار شلە پێک هاتووە: خوێن، بەڵغەم، زەرداوی زەردو ڕەش.

هەر بە بڕوای ئەو تێکچوونی هاوسەنگی شلەکان دەبێتە هۆی نەخۆشی. لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ئەمە بە تێکچوونی هاوسەنگی دەردراوەکانی جەستە لێک دەدرێتەوە. توێژینەوەکەی لەبارەی گەشەی چینی تەنکی هێلکە بووەتە یەکەمین زنجیرە توێژینەوەی بەرفراوانی کۆرپەلەزانی لە سەدەکانی دواتردا.

## پزیشکە ڕووەکناسەکان

دوای ئەرستۆ زیندەناسێکی تر، تیۆفراتۆس (٣٠٧-٢٥٦ پ.ز)، کە خۆی لەبنەچەدا ڕووەکناس بووە، لەڕێگەی کتێبە ناوازەیەکەوە بەناوی (Historia Plantarum) بەردی بناغەی زانستی ڕووەکناسی دانا. ئەمەش بۆ چەندین سەدە کتێبێکی نموونەی بواری ڕووەکناسی بوو. لەڕووی پزیشکیشەوە بایەخی هەبووە چونکە نووسەر تەنها باسی پێکهاتە و مێژووی سروشتی ڕووەکی نەکردووە، بەڵکو باسی بەکارهێنانەکەشی بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی کردووە. باسی چۆنیەتی کۆکردنەوەی بخوور، گەلەک و شەق کردنی ڕووەکی بەمەبەستی دەرهێنانی شیلەکەی کردووە. هەروەها باسی ڕواندنی تۆوی ڕووەکی کردووەو یەکەم کەسیش بووە جیاوازی نێوان ڕووەکی تاک ماڵ و جووت ماڵیشی کردووە. دوای سێ سەد ساڵ، دیۆسکۆریدس نەشتەرگەری یۆنانی لە سوپاکەی نیرۆنی ئیمپڕتۆردا، بەردی بناغەی زانستی دەرمانسازی دانا. لە کتێبەکەیدا بەناوی (دەرمانسازی گشتی )، کە چارەسەرە کانزاییەکانی وەک خوێی ئاسنین و مسی تیایە، بۆ چەند سەدەیەک وەک سەرچاوەیەکی نموونەی بەکارهێنراوە. تیۆفراستۆس یەکێک بووە لە دواین توێژەرە مەزنەکانی سەردەمی کلاسیکی باڵا. چیدیکە یۆنان وەک ناوەندی باڵای ڕۆشن فکری نەمایەوەو سەردەمی دواکەوتوویی دەستی پێکرد، بەڵام مەشخەڵی زانستی پزیشکی لە یۆناندا کە هیپۆکرات و قوتابیە خەمخۆرەکانی هەڵگری بوون، جوان دەدرەوشایەوەو زۆر توێژەری تر نەک تەنها لەسەردەمی ئیمپڕاتۆریەتی ئەسکەندەری مەزندا، بەڵکو تا چوار سەدە لە ئیمڕاتۆریەتی ڕۆمانیدا پاراستیان.

# بەشی پێنجەم

## زانستی پزیشکی لە سەردەمی ئەسکەندەری مەزن و ڕۆمانەکاندا

خۆری سەردەمی زێڕین لەیۆناندا ووردە ووردە بەرەو ئاوابوون دەڕۆی و ئەو وولاتەش، کە لانکەی گەلێک لێکۆڵەرو هونەرمەند بوو، ئەبووایە بووایەتە ڕێنیشاندەری گەلێک وولاتی تریش، تا ئەوانیش بەهەمان شێوە کەڵک وەرگرن. دەی کەچی ڕۆشنبیری لە یۆناندا لەناو جەرگەی خاکی خۆیدا بنکۆڵ بوو، بەڵام بەهیچ شێوەیەک لەناو نەچوو و هێشتاش پەیامەکەی نەگەشتبووە داو مەنزڵی چونکە وابڕوادەکرا تا دوورە وولاتان کاریگەری هەبێت و لەچەند ڕوویەکەوە ناوبانگی زیاتر دەنگ بداتەوە. ئەسیناش بووە ئیلهام بەخشی ئەسکەندەریە و ڕۆماش. ئاسای بوو لە ئەسکەندەریە زانستی پزیشکی لەدەستی یۆنانیەکان بمێنێتەوە، بەڵام شتێکی سەرنج ڕاکێشە هەموو پزیشکە مەزنەکانی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانی، یۆنانی بوون و هەتا لەسەردەمی ڕێنیسانسادا بیری نوێ و وانەی زیاتری ڕۆشنگەری هاتنە کایەوە.

## زانكۆی پزیشكی ئەسكەندەریە

با پێش ئەوەی باسی پێشكەوتنی زانستی پزیشكی یۆنانی و ڕۆمانی بكەین كە لە ڕاستیدا سەردەمێكی نوێ بوو، ئاوڕێك لەسەردەمی هیپۆكرات لەڕێگەی كورتە ئاماژەیەك بۆ زانكۆی پزیشكی ئەسكەندەریە بدەینەوە. ئەوەی جێی داخە سەرچاوەی زانیاری لەو بارەیەوە زۆر كەمە. گومانیشی تیادا نیە ئەسكەندەی مەزنیش لەهەڵمەتە ڕاماڵەرەكەیدا بەرەو پێش هەنگاوینا و ئەوەی هاتە بەردەمی ڕایماڵی. نەك تەنها یۆنان و ئاسیای ناوەڕاست و میسری گرت، بەڵكو لەبەرەی ڕۆژهەلات وولاتی فارس و هیندی دوورە دەستیشی گرت و ئیمپراتۆریەتیەكی فرەگەورەی دامەزراند، كە پێدەچێت تا پێش مردنی لەتەمەتی ٣٣ ساڵیدا گەورەترین ئیمپراتۆریەت بوو بێت. خۆی گەر بە چاوێكی دووربینانە تەماشای سەردەمی پێش ئەسكەندەر بكەین لە هەڵمەتەكەیدا كۆمەڵێك زانای لەگەڵ خۆی بردووە، كە لە ڕێگەی كارەكانیانەوە بەرهەمی زانستی زۆریان بۆ ئەو وولاتانە زیاد كرد كە گرتنی. پێش مردنی ئەسكەندەر بەساڵێك لە ٣٣٢ پێش زایندا شاری ئەسكەندەریە بنیاتنراو لەوێش خانەی فێربوون و كتێبخانەیەكی بەرفراوان دروست كرا، كە دواجار ٧٠٠ هەزار كتێبی لەخۆ گرت. لەناوچوونی كتێبخانەكە بەهۆی سووتانیەوە لەلایەن حەشاماتێكی توندڕەوەوە، كە مەبەستیان بوو لە تاوانەكانیان قوتاریان بێت تا ژیانێكی نوێ دەست پێبكەن، كارەساتێكی هێندە گەورە بوو هەرگیز لەیاد ناكرێت. زانیاریمان لەبارەی زانكۆی پزیشكی ئەسكەندەریەوە كەمە، تەنها ئەوە نەبێت لەكاتی بنیاتنانیدا دوو كەسی مەزن، هیرۆفیلۆس و ئیراسیستراتوس بەڕێوەیان دەبرد و هەردووكیان لەدەوروبەری ساڵی٣٠٠ پێش زایندا لەدایك بوون. نووسینەكانی ئەم دوو مەزنە لەناوچوون، بەلام لە ڕێگەی نووسینەكانی جالینۆس و نووسەرانی ترەوە هەندێك شت لەبارەیانەوە فێردەبین.

خۆی هیرۆفیلۆس توێكارزان بووە و پێش دەچێت یەكەم كەس بوو بێت بەئاشكرا توێكاری جەستەی مرۆڤی كردبێت. ئەو وەك یەكێك لە ناولێنەرەكانی یەكێك لە گیرفانەكانی خوێنهێنەری مێشك بەناوی (بەیەك گەیەنەری گیرفانەكانی لووت) ناوی دەمێنێتەوە. یەكەم كەسیش بووە دوانزە گرێی ناو ناوەو ترپەی

دڵی ژمادووە. گومانیشی تیادانیە توێژینەوەکەی لەسەر توێکارزانی لە سەردەمی خۆیدا کارێکی ناوازە بووە. ئیراسیس تراتوس، کە هەندێک بەبناغەدانەری فەسلەجەی دادەنێن، جیاوازی نێوان مێشک و مێشکۆڵە و دەمارە جووڵەو دەماری هەستەوەریشی کردووە. دەماری بە بۆری ناوبۆشی پڕ لە شلە وەسف کردووە. ئەزموونەکانی کاریگەریان لەسەر پێشکەوتنی زانستی پزیشکی لەیۆناندا هەبووەو وایان لێکرد ئەو ڕوانینە باوە ڕەت بکاتەوە کە هۆکاری نەخۆشی بۆ بوونی ئەو شلانە لە لەشدا دەگەڕاندەوە لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر نەدەگونجان، بەڵکو ئەو هۆکاری نەخۆشی بۆ خوێن زۆری دەگەڕاندەوە. باوەڕی وابووە ئەو هەوایەی دەچێتە ناو دڵ و سیەکانەوە بۆ ووزە دەگۆڕێت و پاش خوێنبەرەکان بەناو لەشدا گوزەریان پێدەکەن. دیارە جالینۆسیش ڕوونکردنەوەی لەسەر ئەم ڕوانینە داوەو گۆڕیویەتی، بەڵام بەتوندی ڕەخنەی لەبیرۆکەکانی ئیراسیستراوس گرتووە. ئەوەی زۆر مایەی شەرمەزاریە ئەو دوو پزیشکە دیارەی سەردەمی ئەسکەندەر توێکاری مرۆڤیان بە زیندووی کردووە.

بەڕوانینی سێڵسەسی فەیلەسووف بەفەرمانی شاهانە لەزیندان تاوانباریان دەردەهێنران و بەزیندووی توێکاری لەشیان بۆ دەکردن. درێژەی دەداتێ و دەڵێ " ئەمە لەو کاتەدا باشترین ڕێگای بەدەست هێنانی زانیاری بووە"! بەتێپەڕبوونی کاتیش ناوبانگی شاری ئەسکەندەریە بەرەو نەمان چوو. لەدوای ئیمپراتۆریەتیەکەی ئەسکەندەریش، ئیمپراتۆریەتی ڕۆما هات. بەمەش مەیدانێکی نوێ بۆ پزیشکی یۆنانی دروست بوو.

## شارستانیەتی ئێتروسکانەکان و نیشتەجێ کۆنە یۆنانیەکانی ڕۆما

ڕۆما هەروا لە هەوانتە دروست نەبوو و سیستەمی تەندروستی یۆنانیش بەپەلە پروزێش نەهێنرایە ئەوێ، بەڵکو زیاتر لە ڕێگەی پرۆسەیەکی پلەبەندی تەتەڵەکرەوادا هێنرا، کە هیشتا لەو کاتەی یۆنان ناوەندی ڕۆشنبیری جیهان بوو، دەستی پێکردبوو. ڕۆما زانست و هونەری لە شوێنانی ترەوە وەگرت.

مێژووی نەتەوەی  ئیترۆسکانەکان31 ڕوون نی یە، بەڵام دەبێت دان بەوەدابنێین ئەوان دامەزرێنەری ڕۆما بوون و ئەفسانەی ڕۆمۆلۆس و ڕۆمۆسیش قبووڵ بکەین . وەک نەتەوە سەرەتاییەکانی تر داب و نەریتی تایبەت بەخۆیان  هەبووەو زانراویشە کاری فاڵ گرتنەوەشیان ئەنجام داوە. لەڕێگەی پشکنینی جگەری گیانلەبەری سەربڕاوی بە قوربانیکراو پێشبینیان بۆ داهاتوو کردووە. مۆدێلی جگەری برۆنزی و کتێبی خوێندن لای ئەم نەتەوە  دۆزراونەتەوە، کە لەو تاتە قوڕانە دەچن لە بابلدا بەکارهێنراون. گومانی تیادا نیە کاریان بە  میتۆدە  توندو بەزەبرەکانی چارەسەر  کردووە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات  سیستەمێکی خۆماڵی تەندروستیان نەبووە. پزیشکی ڕۆمانی بەشێوەیەکی سەربەخۆ نەبووە. پیشەی پزیشکی لەئاست شکۆی هاولاتی ڕۆمانی نەبووە. هاولاتی ڕۆمانی لە کۆندا پیشەی پزیشکی فێری خۆی و خێزانی کردووەو  لە  خواوەندەکان پاڕاوەتەوە. پێش هاتنی یۆنانیەکان هیچ پزیشکێک نەبووە. هەموو کەسێک خۆی پزیشکی خۆی بووە، هەروەک چارڵس دارم بێرگی مێژوونووسی فەڕەنسی بواری پزیشکی دەڵێت  " پزیشکیان نەبووە، بەلام بێ دەرمانیش نەبوون. جا ڕۆما بوو بووە مەیدانێکی باشی پزیشکە  خولاوە  یۆنانیەکان و سەرباری ئەمەش ڕۆما وەک سیسلی و نیوەی باشووی ئیتاڵیا، کە هەر بەشێک بوون لە یۆنان، دراوسێ و نزیکی یۆنان بوو. زۆرێک لەو پزیشکە سەرەتاییانەی یۆنانی لە ماڵە ڕۆمانیەکاندا کۆیلە بوون. پزیشکان شکۆیەکی ئەوتۆیان نەبوو  تا ساڵی ٤٦ پێش زاین  یۆلیس قەیسەر رازی بوو تەواوی مافی هاوولاتی ڕۆمانیان پێببەخشرێت".

## گاڵتەکردنی ڕۆمانەکان بە زانستی پزیشکی یۆنانی

خۆی لەڕۆمادا هەر لە کۆنەوە پزیشکی یۆنانی زیاتر لە ئاستێکی نزمدا بووە. بەپێی نووسینەکانی هاوچەرخ بێت کۆچبەرە یۆنانیەکان گوێیان بە ئامۆژگاریە بەنرخەکانی هیپۆکرات نەداوەو بەخراپی کەڵکیان لە  دەوڵەمەندە ڕۆمانەکان بینیوە. کاتۆ  (٢٣٤-١٤٩ پ.ز)  یەکەم پەخشان نووسی لاتینی بووە ڕقی لە

31 دانیشتوانی  کۆنی ئیتروریا (ئیتاڵیا) بوون، کە لە نێوان ڕووبارەکانی تیبەر و ئارنۆ لە ڕۆژئاواو باشووری ئەپێنینیس دەژیان .لەسەدەی شەشەمی پێش زاین شارستانیەتە کەیان گەشتە لووتکە.

یۆنانیەکان و کارەکانیشیان بووە. نامیلکەیەکی ئامۆژگاری بۆ کوڕەکەی بەناوی (Prae cepta ad Filium) نووسیووە و تیایدا دەڵێت " سوێندیان خواردووە بەدەرمانەکانیان هەموو بەربەرەکان لەناو بەرن و بە چاوێکی سووکەوە لە ئێمەش بڕوانن . جا بزانن ڕێگە نادەم پزیشک بێتە ناو وولاتەوە".

بەقسەی هۆراس بێت کاتۆ هەشتاو پێنج ساڵێک ژیاوە و ئەو ڕەچەتە خوازراوەی بۆ خۆی و خێزانی نووسیوە کەلەرم بووە، کە لەدەرەوە بەکارهێنراوە یان بە مەی چاک شۆراوەتەوەو خوراوە. ئەمە دەرمانی هەموو دەردەکان بووە و زۆرێک لەڕۆمانەکانیش بەکاریان هێناوە. پێدەچێت ئەم لووت بەرزیە بەرامبەر پزیشکە یۆنانیەکان تا سەردەمی مەسیحیەت بەردەوام بوو بێت. پلینی گەورە (٢٣-٧٩ ز ) نووسەر و سروشتناس و فەیلەسووفی ڕۆمانی مێژووی جاویدانی سروشتی لە ٣٧ کتێبیدا باس کردووە، کە تیایدا نەک تەنها باسی گیانەوەری ئەسپی باڵداری ئەفسانەی کردووە، بەڵکو باسی پزیشکی ئەو سەردەمەشی کردووە. درێژەی دەداتێ و دەڵێ "ئەوەی جێی داخە هیچ یاسایەک بۆ سزادانی پزیشکی نەفام نەبووە. سزای لە سێدارەدان هەرگیز بەسەریاندا جێبەجێ نەکراوە، وێڕای ئەمەش ئێمەیان کردبووە تاقیگە تا لێوەی فێر ببن"! پلینی، ئەو توێژەرە ووردبینە زۆر لە نزیکەوە لێکۆڵینەوی لە گڕکانی ڤێسوڤیەس کردووە، کاتێک گڕکانەکە شاری پۆمپیۆی ڕاماڵی ئەمیش بووەتە قوربانی. ئێمە قەرزای پلینین، بەو زانستەی پێی بەخشیوین. ئارکاگاتوس لە ساڵی ٢١٩ پێش زاین یەکەمین پزیشکی پیشەوەر بووە هاتۆتە ڕۆماوە. یەکەمجار ناوبانگێکی باشی دەرکردووەو متمانەی پێکراوە. هەرچەندە دواتر شکۆی نەماوە و پاشان وەک پیاوکوژ تەماشایان کردووە. هەروەها هەندێک لە شاعیرە لاتینەکان هەجووی پزیشکە یۆنانیەکانیان کردووە. مارشاڵی شاعیر (٤٠-١٠٢ز) بەم جۆرە لە هۆنراوەیەکی بەد وێژیدا (هەجو) باسی پزیشکێکی چاو دەکات :-

Hoplomachus nunc es : fueras ophthalmicus ante :

Femedicus quod facis hoplomachus .

(You are now a gladiator , formerly you were an oculist :

As a medical man you did what you now do as a gladiator)

” ئێستا تۆ زۆرانبازیت ، پێشووتر پزیشکی چاو بوویت و وەک پزیشکێکی زۆرانباز کارت کردووە“.

لە هۆنراوەیەکی تری چێژبەخشدا، مارشیال ئەوە دەخاتە ڕوو فێرکاری کلنیکی لە ڕۆمادا هەبووە. وەرگێڕانی ئینگلیزی هۆنراوەکە بەم جۆرەیە :-

I’m ill .I send for Symmachus : he’s here,

A hundred students following in the rear :

All paw my chest , with hands as cold as snow :

I had no fever , but I have it now .

[32]((Cito , Tuto , et Jucunde))

ئەسکلێپپیادیسی پاشای پزیشکان لەو یەکەمین پزیشکە یۆنانیانەی هاتووەتە ڕۆما، شایانی ئەوەیە باسی بکەین. ئیبن سینا، کە لە بیثینا لە کەناراوەکانی باشووری دەریای ڕەش لەدایک بووە، لەگەڵ ئەوەدا نەبووە ئەم نازناوە لە ئەسکلێپپیادیس بنرێت. ئەسکلێپپیادیس لە ئەسیناو ئەسکەندەریە خوێندوویەتی و دواجار لە ڕۆمادا نیشیتەجێ بووە. لەوێ هەر زوو داناى و کەسایەتیە بەهێزەکەی وایان لێکرد ببێتە پزیشکێکی دیاری سەردەمی خۆی و هاوڕێی سیسرۆ و مارک ئەنتۆنی. دەووترێت ڕۆژێکیان لە ڕۆمادا دەگەڕا ڕێوڕەسمێکی بەخاک سپاردنی بینی، مردوو هەڵگرەکان لاشەیەکی مردوویان داناو پشوویاندا. کاتێک دای بەلایاندا، هیوای ژیانی لە مردووەکەدا بینی. خزمەکانی مردووەکەی ڕازیکرد بەخاک سپاردنەکەی دوابخەن و لاشەکە بگەیەننەماڵێکی دراوسێی. دوای چەند پشکنینێک لای پزیشک، سەریان سوڕما بەوەی کە بینیان کابرا نەمردووە ! ئەم هەواڵە زوو لە ڕۆمادا بلاو بوویەوەو هەروەک وا لێک دەدرایەوە، ئەسکلێپیادیس نەخۆشی کەم نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا لێوەشاوەییەکەی بووە مایەی سەرکەوتن. دواکەوتەیەکی دیاری هیپۆکراتسی باوکی زانستی پزیشکی بووە. دەی خۆشی

32 دیارە ئەو ووشانە لاتینینین و بەمانای ” بەخێرای و بە سەلامەتی و بەخۆشی“ دێن.

بە "هیپۆکراتی نەخۆشی درێژخایەن" ناسراوە. خۆی کاری بە ئامۆژگاریەکانی هیپۆکراتس نەکردووەو نکۆڵی لە چارەسەری خۆبەخۆی نەخۆشی کردووە و بە بێ بایەخی داناوەو هەر زۆر بە ناڕاستی زانیوە. بڕوای بە مەرجە بنەڕەتیەکانی پزیشک هەبووە، هەرچەندە چارەسەری فیزیکی و خۆراکیەکانی (گەرماوکردن و شێلان و... هتد) وەک لە چارەسەکردنی لە ڕێگەی دەرمانەوە ، بەلاوە باشتر بووە. داهێنەری ئەو بیرۆکەیە بووە کە نەخۆشی دەبێت بەخێرای، بێ مەترسی و دڵخوازانە چارەسەربکرێت. بڕواشی وا بووە لەڕێگەی کونی پێستەوە جەستە تووشی نەخۆشی ببێت و هەموو شانەکانیش بگرێتەوە.

گەر ئەم کونانە زۆر گرژ بن یان زۆر بکشێن، نەخۆشی سەرهەڵدەدات . بە هاوسەنگی نێوان گرژبوون و خاوبوونەوەی ئەم کونانە مرۆڤ لەشی ساغ دەبێت.

ئەم تیۆریە (میتۆدیزم ) ثیم سۆنی قوتابی ئەسکلپییادیس (١٤٣-٤٣ پ.ز) قسەی لەبارەوە کردووە، کە لەسەردەمی فەرمانڕەوای ئۆگەستۆس دا لە ڕۆمادا کاری پزیشکی کردووە. لەم دویانەدا بووە بناغەی هەمان ئەو تیۆرانەی، ئازاردان و جوانی، کە پڕوسایس و بڕوان پەرەیان پێداون و تەنانەت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا هاوشێوەیان هەیە. دەووترێت ئەسکلێپیادیس یەکەم نووسەر بوو بێت باسی نەشتەرگەری بۆری هەوای کردبێت، هەرچەندە نازانریت داخۆ خۆی ئەو نەشتەرگەریەی ئەنجامداوە یان نا. زۆربەی نووسینەکانی لەناو چوون، بەڵام بەشێکیان لە لای نووسەرانی تر پارێزراون.

## بزاوتە جیاوازەکانی زانستی پزیشکی

پێدەچێت جێی خۆی بێت لێرەدا تیشکێک بخەینە سەر ئەو بیروباوەڕو کەلتوورانەی بەشێوەیەکی بەرفراوان کاریگەریان لەسەر زانستی پزیشکی لەدوای سەردەمی هیپۆکرات داناوە. لەجیاتی ئەوەی باسی ئەوە بکەین هیپۆکرات بڕوای بە بە چارەسەری خۆبەخۆی نەخۆشی و توێژینەوەی نەخۆش لەسەر جێگا هەبووە ، زۆر تیۆری تر لەبارەی نەخۆشیەوە خراونەتە ڕوو، هەوڵ دراوە

هەموو دیاردەکانی نەخۆشیزانی لە ڕێگەی گونجانیان لەگەڵ ئەو تیۆریانەدا ڕوون بکرێتەوە. زانستی پزیشکی زۆری بەدەست تیۆرە داهێنراوەکانەوە چەشتووە، بەتایبەتی کاتێک ئەم تیۆرانە جێی توێژینەوەی کلینیکیان گرتۆتەوە.

لەسەردەمی یۆنانی – ڕۆمانەکاندا، توندڕەوەکان، ئەزموونگەر، میتۆدیستەکان[33]، ڕۆحانیەکان و هەڵبژێرەکان، ئەمانە ئەو چینانە بوون کە قوتابی مێژووی پزیشکیان سەرسام کرد. باسی هەندێکیانمان کرد، هەندێکی تریان پێویست ناکات زۆر خۆمانیان پێوە سەرقاڵ بکەین. توندڕەوەکان ، کە جالینۆس پێی باشە بە ئەقڵانیەکان ناویان بهێنین و بەلای هیپۆکراتەوە ئەوپەڕی متمانەپێکراو بوون، بڕوایان وابووە بەکرداری کردنی زانستی پزیشکی ئەبێت لە فەسلەجەوە دەستپێبکات. تەنها هەڵەشیان ئەوە بوو تەواوی سەرخانی زانستەکەیان لەسەر بناغەیەکی ناتەواو جێگیرکرد. ئەزموون گەرەکانیش گرنگیان بە هۆکاری شتەکان نەدەدا، بەڵکو هەر پشتیان بە ئەزموون دەبەست. باسیان لە نەخۆشی و چارەسەری پێویست دەکردو گرنگیشیان بە کرداریکردنی زانستی پزیشکی دەدا. بەلای ڕۆحانیەکانیشەوە ، هۆکاری نەخۆشیەکان بێزاربوونی گیانە(ڕۆح)، کە لە ڕێگەی ترپەوە هەستی پێدەکرێت. ئەم ڕۆح یان هەناسەیە بزوێنەری مێشکەو مێشکیش فەرمان بە هەموو ئەندامەکانی جەستە دەکات.

ئەم چەمکەش هەمیشە لای فەیلەسوف و شاعیرانەوە جێی بایەخ بووە. ڕۆحانیەت لە سەدەی حەڤدەدا جۆرج ستاڵی پزیشک و فەلیەسووف زیندووی کردەوەو ناوی گیانکێتی(animism) لێنا. ڤان هێلمۆنیتسی کیمیاگەر، فەسلەجەناس و پزیشک باسی ئەمەی کردووە. پێشووتر باسمان لە تێمیسۆنی میتۆدیست کرد. سەبارەت بە بیروباوەڕەی هەڵبژێرەرەکان، ئەمانە کەسانێکی ئازاد بوون خۆیان لەگەڵ هەموو تیۆرەکان دەگونجاند تا پێویستیەکانی پێ جێبەجێ بکەن. ئەو حیزب و ڕێبازە ئاینیانە هاوشێوەی ئەوانەی باسمان کردن و زۆرجاریش پێناسەکردنیان ئەستەمە.

33 بە کەسێک دەووترێت باوەڕی بە بزووتنەوەی کڵێسای ئینجیلی پڕۆتستانتی بەریتانی هەبێت، کە مێژووکەی بۆ سەدەی هەژدەیەم دەگەڕێتەوە.

پێدەچێت لە هەموو سەردەمێکدا هەبن. پێش ئەوەی دەست لەم بابەتە بێکەڵکە هەڵگرین، پێدەچێت جێی خۆی بێت باس لە میتۆدیستێکی تر بکەین، کە زۆر جار بە بناغەدانەری پسپۆڕی زانگەری[34] دادەنرێت. سۆڕانۆسس (٧٨-١١٧ ز) هەرچەندە خۆی خەڵکی ئاسیای ناوەندە، لە ڕۆمادا کاری پزیشکی کردووە چونکە ئەویّ بووە بووە مەیدانێکی باشی چالاکیەکانی. کەسێکی پایەدار و پزیشکێکی کلینیکی چاک بووە و جێی خۆیەتی بە کەڵە زانای بواری زانگەری و نەخۆشیەکانی ژنان و منالان لە ئەوروپای ڕۆژهەلاتدا دابنرێت. توێژینەوەکەی بۆ ماوەی چوارده ساڵ وەک تاکە سەرچاوە لەم بوارەدا مایەوە و بووبە سەرچاوەیەکی سەرەکی کتێبی ( DerRosengarten) ی یوچاڕیۆس ڕۆزلینی پزیشکی ئەڵمانی، کە تۆماس ڕایناڵدی پزیشکی ئینگلیزی لەساڵی ١٥٤٥ دا بەم ناونیشانە ( لەدایک بوونی مرۆڤ) وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی. سۆڕانۆس باسی گێڕبوونی پیّ و خوولی مامانی کردووە. هەروەها باسی چۆنیەتی بەستنی ناوکەپەتکیشی کردووە. پێشنیاری شۆردنی چاوی منداڵی تازە لەدایک بووشی کردووە و وتوویەتی "دەبێت دوو ڕۆژ تەنها ئاوی کولاو وهەنگوین بە منال بدرێت و ڕۆژی سێیەمیش چاودێری بکریت". دەووترێت سۆڕانۆس یەکەم نووسەر بووە باسی نەخۆشی ئێسکەنەرمەی کردبێت. لەبارەی پێگرتنی منداڵەوە ووتویەتی" نابێت ئەمە پەلە پەلی تیا بکریت چونکە پێدەچێت پێش ئەوەی منال ئێسکەکانی خۆیان بگرن، پەلەکانی لەکار بکەون".

## چارەسەری خومارشکێنی دژە ژەهر

کە باسی سەردەمی مێژووی پزیشکی لەنێوان مردنی هیپۆکرات و لەدایک بوونی حەزرەتی مەسیح (خوای لیّ ڕازی بێت) بکەین، دەبێت باسی ئەو پاشایەش بکەین ناوەکەی بۆ چەندین سەدە وەک دەرمانی دژە ژەهر مایەوە. میتریداتسی چوارەمی پاشای پۆنتۆس، کە پێی خۆش بووە ئەزموون لەسەر تاوانکارە بەدبەختەکان بکات، بانگەشەی ئەوەی دەکرد دژە ژەهری بۆ بەهەموو

34 ئەو لقەی زانستی پزیشکیە گرنگی بە چاودێریکردنی ژنان لە کاتی دووگیانی، منداڵ بوون و زەیستانیدا دەدات.

گیانلەبەرێکی خشۆکی ژەهراوی و مادەی ژەهرین دۆزیبێتەوە.

ئەم دەرمانەش (دژە ژەهری تریاک) سەرنجی دەرمانسازانی بەجۆرێک ڕاکێشابوو، کە ویلیام هێبێردین لەساڵی ١٧٤٥ دا بابەتێکی توندی لەسەر بەکارهێنانی نووسی و بووە هۆی ئەوەی لە گەلێک کتێبدا ناوی دەرمانەکە لابدرێت. میتریداتیکەم ئەو دەرمانە ڕەسەنەی نزیکەی پەنجا پێکهاتەی تیادابووە، لە نێویشیانا گۆشتی ماری ژەهراوی و هەموو بەرهەمەکانی سەوزەوات.

ڕەچەتەکەی جالینۆسیش حەفتاو سێ پێکهاتەی تیادابووە. داوای کردووە بکرێتە حەب و هێندەی دنکە ترێیەک بێت. دە دانە پێش و پاش نان خواردن، بخورێت. بۆئەوەی وەک خۆی باس لە میتریداتسی پاشا بکەین، دەبێت لەبیرمان بێت ئەوە ئەو بوو وەک دەووترێت ، ئەوەی دۆزیەوە ووردە ووردە لەڕێگەی ژەمە دەرمانەوە بەرگری لەش بۆ چەند ژەهرێکی دیاریکراو زیاد دەکات. دەرمانی دژە ژەهری تریاک پێکهاتەیەکی جیاوازی هەبوو، هەرچەندە هەردوو دژە ژەهرەکە لای خەڵک وەک یەک بوون . پێکهاتەی سەرەکی تریاک دۆشاوی خورمای ڤینیسیا بووە، بەڵام لەهەمان کاتدا نموونەی دەرمانێکی فرە پێکهاتەش بووە. لەڕاستیشدا کتێبی لیستی دەرمانی کۆلێجی شاهانەی پزیشکانی لەندەن ، کە مێژووەکەی بۆ ساڵی ١٧٢٤ دەگەڕێتەوە، تەنها باسی شەست و دوو پێکهاتە دەکات. پێدەچێت تریاک زۆر بەکارهێنرا بێت و تا دواساتەکانی سەدەی هەژدەیەمیش، نەک هەر بۆ چارەسەری گازگرتنی گیانداری ژەهرین، بەڵکو بۆ کەم کردنەوەی کاریگەری ژەهرو هەروەها گەلێک نەخۆشی تر بەکارهێنرابێت ، کە لەهەر حاڵەتێکدا ئەبووایە بۆ ماوەی حەوت ساڵ ڕۆژانە دووجار بخورێت! خۆی چارەسەرێکی گشتگیر بووە هەرچەندە نووسەرێک لەباسی ئەم دەرمانەدا وتوویەتی "دەی دەرمانێکی وەها بچووک چارەی ئەو هەموو دەردە ناکات".

## باسی ئارێتۆسی پزیشکی دواکەوتەی هیپۆکراتس

نابێت وابزانین هەموو پزیشکانی سەردەمی یۆنانی –ڕۆمانی لەوانە بوون پشتیان بە تیۆریەکانی هیپۆکرات و دەرمانی دژەژەهری تریاک بەستبێت. لەبارەی

ئەرێتاوسی کاپادۆسیانەوە، هیچ شتێک نازانین، ئەوە نەبێت لەسەدەی دووەمی زاینیدا لە ئەسکەندەریە ژیاوە. ناڕوونیەک لەبارەی ئارێتاوس هەیە و سەیریشە زۆر کەم لەبارەی وەسفە کلاسیکیەکانی لەبارەی نەخۆشیەوە زانراوە یان بۆ ماوەی هەزار ساڵێک دەبێت وەرگیراون. پێدەچێت هاوچەرخی گالینۆس بوو بێت، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کامیان باسی ئەوەی تریانی نەکردووە. ئارێتۆس لە هیچ پسپۆڕێکی پزیشکی ووتەی وەرنەگرتووە هیپۆکرات نەبێت، تەنانەت بە سیڵسۆشەوە ، کە پێدەچێت پێش سەردەمی ئەو ژیابێت. یەکەمین کاری ئارێتۆس لە نووسینەکانی ئایتۆسی پزیشکی یۆنانیدا بەدی دەکرێت، کە لەسەدەی شەشەمی زایندا ژیاوە. لەهەموو ئەو سەردەمانەی ئارێتۆس کاری پزیشکی گەورەی کردووە، بە بێدەنگی تێپەڕیووەو بە بڕوای مێژوونووسانی پێشینیش ئەو تەنها ڕوونووسیارێک (کۆپی کەر) بووە. ئەو نووسینە ڕەسەنانەی ئارکێجنسی پزیشکی یۆنانی وەک خۆیان وەرگرتووە، کە لەناوچوون.

ئارێتۆس دواکەوتەیەکی نزیکی هیپۆکرات و توێژەرێکی وورد بووە، سەرباری ئەمەش کتێبەکەی بەناوی (لەبارەی هۆکاری نەخۆشیە تووندەکانەوە) هەتا ئەم سەردەمانەی دوای نەبێت زۆر بایەخی پێنەدراوە. جۆن ویگانی پزیشکی بەریتانی پێداچوونەوەیەکی جوانی بۆ دوو دەست نووسی کردووە، کە لە کتێبخانەکانی ڤاتیکان و بۆدلیاندا لەبەردەستدا بوون و لەساڵی ١٧٢٣دا خانەی چاپی کلاڕێندۆن، بڵاویکردۆتەوە.

دواتریش فڕانسیس ئادەمزی پزیشک و توێژەری سکۆتلەندی لەژێر ناونیشانی (بەرهەمە بەردەستەکانی ئارێتاوسی ئەنەدۆڵی ) وەرگێڕانە ئینگلیزیەکەی لەگەڵ دەقە یۆنانیەکەیدا لەساڵی ١٨٥٨ دا بۆ خانەی سیدێنهامی ئامادە کردووە. ئارێتۆس پزیشکێکی بەهرەمەند بووەو نووسینەکانی ڕوون و سەرنجڕاکێش بوون. باسی لەو نەخۆشیانە کردووە، کە هیپۆکرات باسی کردوون. نەخۆشی بۆ دوو جۆر پۆلێن کردووە :- توندو درێژخایەن. لە نێو نەخۆشیە توندەکاندا باسی سییەسۆ[35]١،

35 بریتی یە لە نەخۆشیەکی توونەد، کە یەکێک لە نیشانەکانی ئاوسانی سیەکانە. هۆکارەکەی بەکتریا، ڤایرۆس یان زیندەیەکی ترە.

سیپۆشە سۆ[36] ، ئێسکەنەرمەو دەردە کۆپانی کردووە . هەروەها لەنێو نەخۆشیە درێژخایەنەکاندا باسی لە عەقڵ تێک چوونی درێژخایەن و ئیفلیجی و سیلی کردووە. لەبارەی سیلەوە ووتویەتی " بە زۆری لاوازەکان ئەگەری تووش بوونی سیلیان هەیە. ئەوانەی دەفەی شانیان وەک باڵی باڵندەیە یان دەرگای لۆچینە . ئەوانەشی قورگیان گەورەیە و زەردهەڵگەڕاون و سنگیان تەسکە ئەوانیش هەر ئەگەری تووش بوونیان هەیە ". یەکەم کەس بووە جیاوازی لە نێوان ئیفلیجی بڕبڕەی پشت و مێشکدا کردووە و ووتویەتی ئەگەر کاریگەریەکە مۆخی ئێسکی بڕبڕەی پشت بگرێتەوە، بەشە هاوپەیوەندیەکانیشی تووشی ئیفلیجی دەبن، بەڵام گەر مێشک بەشێوەیەکی سەرەتای لەبەشی ڕاستەوە تووش بێت، بەشی چەپیش دەگرێتەوە، وە بە پێچەوانەشەوە. هۆکاری ئەمەش بۆ گۆڕانکاری لە سەرچاوەی دەمارەکاندا دەگەڕێتەوە. هەریەکەیان بۆ لای ئەوی تریان دەکشێت، بە ڕاس و چەپ لەشێوەی پیتی (X) دا یەکتر دەبڕن".

ئارێتۆس نەخۆشی شەکرەی ناوناوە ڕاگوزەر. وتوویەتی "خۆشبەختانە ئەم نەخۆشیە دەگمەنە و خۆی لە شلەوەبوونی گۆشت و ئێسک بۆ میز دەبینێتەوە. چونکە جۆگەلەکان زۆر دەکرێنەوە، گورچیلە و میزەڵدان ناتوانن میز ڕاگیرکەن. نەخۆش هەرچەنێک شلە بخواتەوە، هەر ئەڵێ بابێ و ناتوانێت نە خۆی لەخواردنەوە نە لە میزکردن بگرێتەوە چونکە شلە لەلەشیدا نامێنێتەوە، بەڵکو لەش وەک کەناڵێک وایە لەڕێگەیەوە پێدەچێت تێپەڕێت. دەی ژیانیش خۆی پێنج و دوو ڕۆژێکە و زۆر ناخایەنێت".

ئارێتۆس ڕوونووسیارێکی بەناوبانگ بووە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەسەنیەتی لە نووسینە کلینیکیەکانیدا هەر دەبینرێت و تا ئەمڕۆش کتێبەکانی شایانی خوێندنەوەن و دەرخەری ئەوەشن موریدی ڕاستەقینەی هیپۆکرات بووە. سەرباری ئەمەش توێژەرێکی دژ بە تیۆرو بیرۆکە پێشبینی کراوەکان بووە و شێلگیرانە یارمەتی نەخۆشی داوە.

---

36 بریتی یە لە ئاوسانی پەردەی سی، کە زۆرجار بەهۆی ئالۆزبوونی نەخۆشیەکی وەک سییەسۆوە ڕوودەدات.

## سێڵسەس و کتێبی (لەبارەی زانستی پزیشکیەوە)

ئێستا دێینە سەر باسی نووسەرێک، هەرچەندە یۆنانی نەبووە و تەنانەت پێدەچێت کاری پزیشکیشی نەکردبێت، ناوی خۆی بە درەوشاوەیی لە لاپەڕەکانی مێژووی زانستی پزیشکیدا نەخشاندووە. ڕۆمانەکان پێیان شەرم بووە کاری پزیشکی بکەن و پێیان وابووە ئەوە ئیشی کۆیلەو بێگانەکانە. خۆی پیشەی پزیشکی بووبە بەشێک لە سەرچاوەی بیرکردنەوەی پیاوماقووڵە داناکان. سێڵسەس، کە ئەندامێکی بنەماڵەی خانەدانی کۆڕنێلی بووە، ئینسایکلۆپیدیایەکی گەورەی لەبارەی فەلسەفە، ستراتیژی سەربازی، یاسا، زانستی پزیشکی و ...هتد لەساڵی ٣٠ زاینیدا نووسیووە. تەنها بەشێکی مابێتەوە خۆی لە هەشت بەرگدا دەبینێتەوە بەناونیشانی (لە بارەی زانستی پزیشکیەوە)، کە بەلاتینی نووسیوویەتی. جێی سەرسوڕمان نیە پزیشکە یۆنانیەکان بە زەحمەت دەستیان پێی گەیشتووە، تەنانەت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا پشتگوێ خراوە. دواجار لە فلۆرانسادا لەساڵی ١٤٧٨ دا پاپا نیکۆلاسی پێنجەم (١٣٩٧-١٤٥٥ز) دەست نووسەکەی ئاشکرا کرد و لە یەکەمین کتێبە پزیشکیانە بووە بە چاپ گەیەنراوە. پاشان سێڵسەس درەنگ وەخت بە شایستەی ناوبانگی دەرکرد. ئەم ئینسایکلۆپیدیایە بە زمانێکی جوان و دڵنشینانە نووسراوەو سەرنجی توێژەرانی بواری پزیشکی ڕاکێشاوە. وەسفێکی ڕوون و بابەتیانەی زانستی پزیشکی سەردەمی خۆی تیایەو بێ وێنەیەو هێشتاش شایانی خوێندنەوەیە. زۆر چاپی بڵاو کراوەتەوە. لەساڵی ١٧٥٦دا دکتۆر جەیمز گریڤی سکۆتلەندی بەجوانی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی و بڵاوی کردۆتەوە. بەم دوایانەش لەساڵی ١٩٣٥ دا واڵتەر جۆرج سپێنسەری نووسەر، وەرگێڕانێکی ئینگلیزی بۆ کردووەو لاتینیەکەشی لەگەڵدا داناوە. سێڵسۆس بلیمەتانە جیاوازی نێوان کشتوکاڵ و زانستی پزیشکی لە ڕێگەی ئەم ڕستەی سەرەتای کتێبە پزیشکیەکەیەوە، دەخاتە ڕوو " گەر کشتوکاڵ سەرچاوەی خۆراکی لەش ساغانە، زانستی پزیشکیش سەرچاوەی چارەسەری نەخۆشانە". بەشێوەیەکی بابەتیانە لەسەرەتادا لە ئینسایکلۆپیدیاکەیدا دەست بە باس و خواس لەبارەی زانستی پزیشکی یۆنانی دەکات. یەکەمین دوو بەشی ئینسایکلۆپیدیایەکەی باس

لە توانای هەرس و کاریگەری زۆر جۆری خواردن و خواردنەوە و کۆمەڵێکی زۆری خۆراکیش دەکات چونکە ڕۆمانەکان زۆر گرنگیان بە سفرەو خوان داوە. باسی چارەسەری خۆراکی و تەکنیکی خوێن وەرگرتنیشی کردووە و وتوویەتی " زۆر ئاسانە بۆ کەسێک شارەزای تیایدا هەبێت، بەڵام سەختە بۆ کەسێک شارەزای تیادا نەبێت چونکە خوێنهێنەرەکان نزیکی خوێنبەرو دەمارەکانن". لەبەشی سێ یەمی ئینسایکلۆپیدیاکەیدا، باسی چارەسەری تایەکان، تێکچوونی درێژخایەنی عەقڵ، نەخۆشیەکانی دڵ، کەم هێزی، حاڵەتی ئاوبەنگی، نەخۆشی سیل، زەردووی و ئیفلیجی کردووە. جێی خۆیەتی باسەکانی بخوێنینەوە تا لە چارەسەرە سەردەمیەکانی نەخۆشی تێبگەین. لەم بەشەدا باسی چوار هۆکاری سەرەکی هەوکردنی کردووە، کە قوتابی زانستی پزیشکی لەمڕۆدا پێی ئاشنان :- گەرمی ، سووربوونەوە، ئاوسان و ئازار.

لەبەشی چوارەمدا باسی لە نەخۆشیە هەناویەکان کردووە. سێڵسۆس لەباسی سەرو لەوێشەوە بۆ قورگ و قورقوڕاگەو وورگەوە دەستی پێکردووە و بە باسی پێیەکان کۆتای پێهێناوە. یەکەم حاڵەت باسی کردووە ئاوبەنگیە، دواجاریش باسی نەخۆشی دەردەشای کردووە. لە بەشی پێنجەمدا باسی دەرمان و بەکارهێنانەکەی و هەروەها چارەسەری برینی کردووە. لەنێو ئەو دەرمانانەی زۆر باسی کردوون، گەلەک، خوێی باروود، زەعفەران و سەوسەنن. باسی گیا ئادەم و گوڵاڵە سوورەی بۆ کەم کردنەوەی ئازار کردووە، کە سەرەتایترین دەرمانی سڕکردن بووە. لە بەشی شەشەم دابە تایبەتی باسی پێست، چاو، گوێ، ددان و نەخۆشیە زایندەییەکانی کردووە. باسی وەسیلە پەسەندەکانی لابردنی مادەی زیادەی پشت گوێی تیادا کردووە. نەخۆش لەسەر بۆردێک لەو لایەی نەخۆشیەکەی هەیە، داناوەو و بە چەکوش لە بۆردەکەی داوەو و بەهۆی لەرینەوەی گوێیەوە چی تیابێت لە گوێیەوە هاتۆتە دەرەوە.

لەدوو بەشەکەی تردا باسی نەشتەرگەری کردووە. لە بەشی حەوتەم باسی شێوازی ئەنجامدانی نەشتەرگەریەکانی وەک :- لابرنی سەری ڕم، غودە، قۆڕی (فتق)، لابردنی بەردی گورچیلەو میزەڵدان و گەلێک نەشتەرگەری چاو،

لەنێویشیانا، ئاوی سپی چاوی کردووە. نەشتەرگەری لابردنی ئاوی سپی چاو لەڕێگەی دەرزیەکەوە ئەنجامداوە، کە کردوویەتیە ناو دوو چینی چاودا تا گەشتووەتە ئاوە سپیەکەو پاشان هاتووەتە دەرەوەو لەوانەیە لەبەشی خوارەوەدا جێی خۆیگرتبێت. هەروەها بەشێوەیەکی سەردەمیانە باسی نەشتەرگەری دەرهێنانی ئالووەکانی کردووە و ووتوویەتی " دوای ئەوەی ئالووەکان تووشی هەوکردن دەبن، ڕەق دەبن چونکە بە پەردەیەکی تەنک دادەخرێن. ئەبێت لە دەوروبەرەوە بە پەنجە جیابکرێنەوەو دەربهێنرێن". هەر لەم بەشەدا باسی مەرجەکانی نەشتەرگەری کردووە و وتوویەتی "ئەبێت نەشتەرگەر گەنج یان تەمەنی مام ناوەند بێت، دەستی بەهێزو بەخۆوە بێت. بەهەدوو دەستی وەک یەک کارزانانە کاربکات. توانای بینینی چاک بێت و ڕۆحیەتی کارکردنی هەبێت . هەر هیوای چارەسەرکردنی نەخۆشی هەبێت، بەڵام هەست و سۆز وای لێنەکات بە دەست و بردانە کار نەکات".

لەبەشی هەشتەم و کۆتایدا بەووردی باسی چارەسەری شکاوی و لەجێچوونی کردووە. باسی بەکارهێنانی ئێسکبەندی کردووە ، کە لەڕێگەی برینپێچی ڕەقەوە بە نیشاستە جێگیر کراوە. بۆ ئەو خوێنەرانەی پێیان خۆشە بیخوێننەوە، ئینسایکلۆپیدیایەکەی سێلسەس بەرهەمێکی پزیشکی کلاسیکیە بەتامی سەردەم و بەرهەمێکی باشی زانستی پزیشکیشە. سێلسەس ڕاستیەکانی خستۆتە ڕوو و ژیرانەش لەتیۆەگلان لەم تیۆر یان مشتومڕ خۆی بەدوور گرتووە. ئەو کەرەستە پزیشکیانەی باسی لێوەکردوون، لەو کەرەستە پزیشکیانە دەچن لەماڵی نەشتەرگەرێکی شاری مێژووی پۆمپی ئیتاڵیا دۆزراونەتەوە ، کە ئێستاش لە مۆزەخانەی ناپۆلی پارێزراون.

## جالینۆس، پزیشکە دیکاتۆرەکە

سەردەمی یۆنانی – ڕۆمانی بەهۆی هەڵکەوتنی کەسێکەوە، کە وانەکانی بۆ ماوەی ١٢٠٠ ساڵ کاریگەری تەواویان لەسەر زانستی پزیشکی هەبوو، گەشتە لووتکە. لەنێو بێنەو بەردەیەی سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا نەک ڕوانینەکانی

هەرپەسەند بوون، بەڵکو هەرکەسێکیش جیاوازلە ئەو بیری بکردایەتەوە بە یاخی دادەنرا. ئەمەش تێگەیشتنی ئاسانە : جالینۆس وەک باربەری ڕۆح لە جەستەی دەروانی و ئەمەش ڕوانینێک بوو سروشتیانە لەگەڵ سەردەمی نوێی یەکتاپەرستی مەسیحیەت و ئیسلامدا یەکی دەگرتەوە. سەرباری ئەمەش وانەکانی هێندە عەقیدەیی بوون نەدەکرا ڕەخنەیان لێ بگیرێت و مشت و مڕیان لەسەر بکرێت چونکە جالینۆس وەڵامی بۆ هەموو پرسیارێک و چارەسەری بۆ هەموو کێشەیەک پێبوو! جالینۆس هێندەی هیپۆکرات مەزن نەبووە و دانی بەشارەزای ئەودا ناوەو شێوازی بەکارهێنانی چارەسەر لای ئەو و جالینۆس لەیەکەوە نزیک بوون. بەگشتی دواکەوتەی هیپۆکراتس و ئەرستۆ بووەو وەک هیپۆکراتس بڕوای بە چارەسەری خۆبەخۆی نەخۆشی هەبووەو وەک ئەرستۆش بڕوای بە دەسەڵاتی خودا هەبووەو هەرگیز بەبێ ئامانج کاری نەکردووەو بەهیچ شێوەیەک بڕوای بەبەخت نەبووە.

جالینۆس (١٣١-٢٠٠ز) لەپێرگامۆس لە ئاسیای بچووک (ئەنادۆڵ) لەدایک بووە، ئەو شارەی کە ئێستا ناوی پیرگامونەو نزیکەی پەنجا میلێک لە باکووری ئیزمیرەوە دوورە و پێگەیشتنی یەکجار سەختە. مرۆڤ لەسەر یاڵێکەوە بەرز بڕوانێت، وێرانەی هۆڵی شانۆیەکەو پەرستگای ئاسکلێپیۆن دەبینێت، کە هەمان ناوبانگی شارۆچکەی مێژووی ئیپیدۆڕۆسی هەبووە، بەڵام سەرتاپای پەرستگە جوانەکەی ئاسکلێپیۆن شوێنەوارناسە ئەڵمانیەکان سەدەی ڕابردوو لایانبردووە تا دووبارە لە شاری بەرلین بنیات بنرێتەوە. لەوێش لە مۆزەخانە تایبەتیەکەی پێرگاموونــدا بوو بە یەکێک لە گەورەترین گەنجینەکانی هونەر لە ئەڵمانیا دا. جالینۆس کوڕی نیکۆنی بیناساز و بەهرەمەند و دەوڵەمەند بووە .وتوویەتی " باوکم زۆر ڕوو خۆش و خێرۆمەن بووە، دایکیشم کەسێکی زۆر توورە بووەو گازی لە خزمەتکارەکانی گرتووەو بەردەوام هاواری بەسەریاندا کردووە". دەی دیاریشە جالینۆسیش کوڕی باوکی خۆی بووە. باوکی لەخەویدا جالینۆس دەبینێت دەبێتە پزیشکێکی بەناوبانگ، جالەبەر ئەوە بەباشی فێری خوێنەواری کرد. یەکەم جار لە پێرگامۆس و ئیزمیردا فەلسەفە و پاشان لەئەسکەندەریە زانستی پزیشکی خوێند. دوای خوێندن و گەڕان لە یۆنان ، ئیتاڵیاو فەلەستین، لەتەمەنی بیست و

هەشت ساڵیدا گەڕایەوە پێرگامۆس و لەقوتابخانەی زۆرانبازان کرا بە نەشتەرگەر، ئەو کارەی ئەزموونێکی باشی لەچارەسەرکردنی بریندا پێبەخشی. ناوبانگی دەنگی دایەوەو دوای چوار ساڵ لە ڕۆمادا گەڕا تا ئەزموونی زیاتر پەیدا بکات. لەوێ کاری پزیشکی دەکردو وانەی دەووتەوەو ئەزموونی دەکرد، خەڵکێکی زۆر ڕوویان تێدەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا دوای چەند ساڵێک کەم گەڕایەوە پێرگامۆس. دەووترێت هۆکاری گەڕانەوەکەی بۆ خۆ قووتارکردن بووە لە نەخۆشی تاعوون، بەڵام لێکدانەوەیەکی تر کە زیاتر جێی باوەڕە ئەوەیە، سەرکەوتنەکەی وای کرد هاوپیشەکانی دوژمنایەتی بکەن و ژیانی دژوار و تووشی مەترسی بێت لە ڕۆمادا. دواتر ئیمپراتۆر مارکۆس ئۆرێلۆس پێویستی تێکەوتووە و ووتویەتی " تەنها یەک پزیشکمان هەیە، ئەویش جالینۆسە". بانگهێشتی ڕۆما کرایەوەو سی ساڵی تر تا مردنی لەوێ مایەوە.

## جالینۆس وەك پزیشكی ڕاهێنەر

لەڕووی کردارییەوە، جالینۆس پەیرەوی لە میتۆدەکەی هیپۆکرات کردووە و تیۆری بوونی شلەکانی پێ ڕاست بووە. بەپێی ئەم تیۆرەش جەستەی مرۆڤ لە خوێن ، بەڵغەم ، زەرداوی زەردو ڕەش پێک هاتووە. لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بیردۆزی شلەکان گۆڕا بۆ بیردۆزی کەسایەتیەکانی مرۆڤ :- گەشبین، هێمن، ڕەشبین و تووڕە. ئەم زاراوانە تا ئەمڕۆش بەکاردەهێنرێن. هەر بەڕوانینی جالینۆس چوار توخم : هەوا ، ئاگر ، خاک و ئاو هەروەها چوار سیفەت : گەرمی ، ساردی ، تەڕی ، ووشکی هەن و چارەسەری نەخۆشیش لەسەر بنەمای زاڵ بوون و پەیوەندی نێوان توخم و سیفەتەکانە. جالینۆس هۆکارە سەرەتای و ڕێخۆشکەرەکانی نەخۆشی زانیوە. ئەوانەش کۆمەڵە زاراوەیەکن ئەمڕۆش بەکاردەهێنرێن. پشتگیری" تیۆری هەرسی" هیپۆکراتی کردووەو لە چارەسەری بریندا کەڵکی لێوەرگرتووە. لەگەڵ ئەوانەدا نەبووە کێمکردنیان بۆ چارسەری برین بەباش داناوە، کە ئەمەش بەشێوەیەکی بەرچاو ڕێگری لە پێشکەوتنی نەشتەرگەری کردووە. جالینۆس بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی ریجیم کردن، شێلان و ڕاهێنان کردن و هەروەها زۆر دەرمانیشی بەکارهێناوە.

بەرهەمە سەوزەییە سادەکانی بە "دەرمانە سروشتیەکانی" جالینۆس ناسراون. زیرەکیەکەی وەک پزیشکی دەستنیشان کەری نەخۆشی لە حاڵەتی نەخۆشیەکەی یودامۆسی فەیلەسوفدا دەردەکەوێت کە جالینۆس چەند لە دەستنیشان کردنی نەخۆشیدا شارەزابووە. ئەم فەیلەسوفە پەنجەی شایەتمان و پەنجە تووتەی دەستێکی ئیشی نەدەکرد و پزیشکەکانیش نەیاندەزانی چۆن چارەی دەردەکەی بکەن. جالینۆسیش هات و بێ دوودڵی ووتی "جەنابی فەیلەسوف لە گالیسکە بەربووەتەوەو ملیشی بەتوندی کێشاویەتی بەبەردی تیژدا". بەپشت بەستن بە تواناکەی لەبواری فەسلەجەدا، بۆی دەرکەوت گورزە دەماری قۆڵی کە لە ملدان هۆکاری ئەو حاڵەتە بووە و بەبەکارهێنانی دەرمانی ئازار کوژ سەرکەوتووانە دەردەکەی چارەکرد. جالینۆس ئەم سەرکەوتنەی بە کارێکی ئاسایی دانەناوە چونکە خۆی کەسێکی توندو کەلەڕەق بووەو دەستنیشان کردنی حاڵەتەکەشی زۆر لە حاڵەتە ڕوون و سادەکانی هیپۆکرات جیاواز بووە.

## یەکەم فەسلەجە ناسی ئەزموونگەر

جالینۆس هەر بەهۆی کارە کلینیکیەکانیەوە ناوبانگی دەرنەکردووە، بەڵکو بە توێژینەوەکانیشی هەر بەناوبانگ بووە، کە بوونە بناغەی فەسلەجەناسی ئەزموونیی. هەڵسەنگاندنی بۆ گرنگی توێکاری لە زانستی پزیشکیدا کردووەو وتوویەتی " پزیشکێک شارەزای توێکاری نەبێت وەک بیناسازێک وایە شارەزایی لە نەخشەدا نەبێت"! خۆی توێکاری مەیمون و بەرازی کردووەو بێ دوولی دۆزینەوەکانی بەسەر توێکاری مرۆڤدا جێبەجێ کردووە. بەم جۆرەش کەوتووەتە هەڵەی زۆرەوە. لەسەردەمی ئەودا توێکاری جەستەی مرۆڤ یاساغ بووەو لەگەڵ ئەمەشدا لە ئێسکەپەیکەری مرۆڤی کۆڵیوەتەوە. جالینۆس بناغەی توێکاریەکەی لەسەر توێژینەوەی مەیمونی باوبەری داڕێژاوە، کە ئەم گیاندارە بەئاسانی لەئەوروپادا دەست دەکەوێت، بەڵام ئێستا هەر لە بەرزایەکانی جەبەل تاریقدا ماوە. بەجوانی باسی ماسوولکەکانی مەیمونی کردووەو لەبواری توێکاریش کەڵکی لەمە وەرگرتووە. ئاشنای هەموو پێکهاتەکانی مێشک بووەو حەوت جووت دەماری سەری ناسیووەتەوە و یەکەمیان جووتە دەماری چاو

بووەو پێنجەمیشیان جووتە دەماری ڕوو و بیستن بووە بەیەکەوە. یەکێک بووە لەوانەی جیاوازی نێوان دەمارە هەستەوەرەکان و بزوێنەرەکاندا کردووەو بەسۆزە کۆئەندامی دەماریشی دۆزیوەتەوە. زۆر بەباشی لێکۆڵینەوەی لە بەرازکردووە و کاریگەریەکانی دابەش بوون یان نیمچە دابەش بوونی درکە پەتکی لە زۆر ئاستدا خستۆتە ڕوو. هۆکاری دروست نەبوونی دەنگیشی بۆ دابەش بوونی دەماری خوارەوەی قوڕقڕاگە[37] گەڕاندۆتەوە. هەروەها بەهۆی ئەزموون کردن لەسەر گیانلەبەرەوە شوێنی میزبەرەکانی دۆیوەتەوە.

## جووڵەی خوێن ، نەك سوڕی خوێن

بەبڕوای جالینۆس ڕۆح (گیان ، هەناسە) بنەمای هەرە گرنگی ژیانە، کە لەڕێگەی کرداری هەناسەدانەوە دەچێتە سیەکان و لەوێشەوە لەگەڵ خوێندا تێکەڵ دەبێت. ئەو خوێنەی لەناو جگەردا لەگەڵ خۆراک یان کیلۆسەوە دروست دەبێت، لەڕێگەی خوێنهێنەری دەرگاوانیەوە[38] دەگاتە ڕیخۆڵە. لە جگەردا خوێن کە هەناسە فرمانی پێدەکات، بە ناو سکۆڵەی ڕاستدا تێپەڕ دەبێت و پاشان دابەش دەبێت تا خۆراک بە هەموو شانەو ئەندامەکان بدات. هەروەها خوێن بە ناو سیەکاندا تێپەڕ دەبێت تا لەڕێگەی هەناسەدانەوە مادە پیسەکان بکاتە دەرەوە. بەشێک لە خوێنی خوێنهێنەرەکان لەکاتی گەیشتن بە دڵ، بەناو کونە بچووک و نەبینراوەکانی دیواری وورگدا تێپەڕ دەبن و لەگەڵ ئەو خوێنەی، کە لەسیەکانەوە بەهۆی خوێنبەری سیەکانەوە دەگات، دەتوێنەوەو دەبێتە جۆری دووەمی هەناسە(ڕۆح) .ئەم خوێنە لە دڵەوە بەناو لەش تێپەڕدەبێت تا هێز بە ئەندام و شانەکان ببەخشێت. ئەو خوێنەی دەگاتە مێشک بەڕۆحی گیاندار بارگاوی دەبێت و بەرەو پێشەوە لەڕێگەی دەمارەکان دەبردرێت و باوەڕدەکرێت لەکاتی ژیاندا کەم ببێت، تا هەست و جووڵە بە جەستە ببەخشێت.

جالینۆس بڕوای وابووە خوێنبەرەکان نەک هەرهەوا بەڵکو خوێنیشیان تیادابێت،

---

37 هەریەکێک لە بەسۆزە دەمارەکان دەگرێتەوە لەسەرەوەی گرێی ملەوە، کە دەماری سەرەوەی قوڕقڕاگە بەیەکەوە دبەستێت و گەروو زمانە چکۆلە دەجوولێنێت.

38 ئەو خوێنهێنەرەیە خوێن لە ئەندامەکانی هەرس، سپڵ و پەنکریاسە و زراوەوە بۆ جگەر دەگوازێتەوە.

هەروەک پێش سەردەمی خۆی واباوەڕدەکرا. سەرباری ئەمەش زانیویەتی دڵ جووڵەی خوێن ڕێک دەخات، بەڵام نەیزانیوە سووڕی خوێن هەیە. باوەڕی وابووە خوێن لەناو دەمارەکاندا دادەکشێ و هەڵدەکشێ و بیرۆکەکەی لەبارەی هەبوونی پەردەی کونین لە دڵدا یەکێکە لەدەرەنجامە هەڵەکانی کە بەتاوان دانراوە. هەموو ووتەکانی جالینۆس کوێرانە بۆ چەندین سەدە وەرگیراوە و کاریان لەسەر کراوە.

## جالینۆس وەك نووسەر

جالینۆس نووسەرێکی فرە بەرهەم بووەو دەووترێت زیاتر لە پێنج سەد کتێبی نووسیووە، بەڵام زۆرێک لەدەست نووسەکانی لە ماڵەکەیدا لەڕۆما بەهۆی ئاگرکەوتنەوە لەناوچوون. ئەوانی تریان هەشتا دانەیان نەبێت، هەموویان لەناوچوون. زۆرجار لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ئەم دەست نووسانە نووسراونەتەوە، چاپ کراون و بڵاوکراونەتەوە. یەکێک لە کتێبەکانی، کە ئێستا زۆر دانسقەیە، فرانسوا ڕابێلیسی پزیشک و لێکۆڵەری فەرەنسی کاری هەڵەچنی بۆ کردووە. هەندێک لە بەرهەمەکانی بۆ گەلێک زمان وەرگێڕدراون. چارڵس ڤیکتۆر دارمبێرگی مێژوونووسی بواری پزیشکی پێداچوونەوەی بۆ کتێبی (بەرهەمە توێکاری، فەلسەفی و پزیشکیەکانی جالینۆس) کردووە. خۆی بەرهەمەکانی بەزمانی ئینگلیزی زۆرترین پێداچوونەوە و هەڵەچنییان بۆ کراوە. یەکێک لە کتێبە هەرە بەناوبانگ و تایبەتیەکانی جالینۆس، ئارثەر جۆن برۆکی پزیشکی بەریتانی بەناونیشانی (لەبارەی توانا سروشتیەکانەوە) بۆ کتێبخانەی کلاسیکی لوئەیبی وەرگێڕاوە. ماکس سیمۆنی پزیشکی ئەڵمانی، وەرگێڕانی بۆ یەکێک لە کتێبەکانی جالینۆس بەناونیشانی (حەوت بەرهەمی توێکاری جالینۆس ) کردووە. نووسینەکانی جالینۆس نموونەی کاری باڵای پزیشکی ڕۆمانی-یۆنانی بوون. بۆ ماوەی چەند سەدەیەک بێ چەن و چوون یەکێک بووە لە پزیشکە دیارەکان. جالینۆس نا بەڵکو هیپۆکرات، ڕێبەری پزیشکانی سەردەکانی ناوەڕاست بووە : توند و دەمارگیر بووە و بە پیرۆز تەماشا کراوە هەتا ئەو کاتەی پاڕاسێلسۆس چاونەترسانە لەڕێگەی بە ئاشکرا سووتاندنی کتێبەکانیەوە وانەکانی پێشکەش کرد و ڤێسالیۆسیش زۆر بابەتی ناڕاستی لەبارەی توێکارزانیەوە

لەڕێگەی توێکارکردنی جەستەی مرۆڤەوە خستەڕوو هەروەها ئامبرِواس پارێش موشەمای سادەی لەشوێنی ئاوی کوڵاو بەکارهێنا دانی بەوەدانا گەر ویست هەبێت، دەکرێت چارەسەر زوو بجرێتەڕوو.

## نووسەرە بێزەنتیەکان

بە بڕوای ئێدوارد گیبۆنی مێژوونووسی ئینگلیز، سەدەی دووەمی زاینی کە جالینۆسی تیایدا ژیاوە، خۆشترین و دڵگیرترین سەردەم بووە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. دەی دوای دوو سەدە لە ئاشتی، ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بەرەو نەمان چوو. داگیرکەرە بەربەریەکان، گۆتیەکان، ڤاندالەکان و هویتیەکان لە هەموو کون و کەلەبەرێکەوە دەرکەوتن. هەرچەندە لەڕێگەی جەنگ و دیبلۆماسیەتەوە، مارکۆس ئۆرێلۆسی ئیمپراتۆری بەناوبانگ و شارەزا سەردەمی کەوتنی تێپەڕاند و کۆستانتینش بە گواستنەوەی پایتەختەکەی لە ڕۆماوە بۆ قوستەنتینیە ئیپراتۆریەتیەکەی لە کەوتنێکی چاوەڕوان کراو، پاراست. دەی لەسەدەی پێنجەم دا کەوتنی ئیمپراتۆریەتەکە بەتەواوی بوو بە ڕاستی. دوای ئەو هەموو ساڵەو هەر لە سەردەمی مردنی جالینۆسەوە تا هەرەس هێنانی دەسەڵاتی ڕۆمانەکان، کۆمەڵێک پزیشکی شارەزا کە هەرچەندە گیانی ڕەسەنایەتیان تیادا کەم بوو، لە ڕێگەی کۆکردنەوەو لەبەرگرتنەوەی زۆرێک لە نووسینەکانی پێشینان ، کە پێدەچوو بێ چەن و چوون بەرەو لە ناوچوون برۆن ، ئاهێکیان بە گیانی زانستی پزیشکیدا کردەوەو بوونە جێی ستایشی نەوەکانی داهاتوو.

یەکێک لەیەکەمین ئەو نووسەرانە ئۆریباسیۆسی(٣٢٥-٤٠٣ ز) پزیشکی ئیمپراتۆری فرە نابووت کراو، جولیانی هەڵگەڕاوە بووە. جولیان دواین ئیمپراتۆری ڕۆمانی بووە دژایەتی مەسیحیەتی کردووەو جیهانی شارستانیەتی کۆنی یۆنانی بەلاوە پەسەند بووە. ئۆریباسۆسیش وەک جالینۆس خەڵکی بێرگامۆس بووە و نووسەرێکی کارامە بووە. حەفتا کتێبی لەبارەی زانستی پزیشکی و نەشتەرگەری داناوە و لەو ژمارەیەش بیست و پێنجیان ماونەتەوە. ئەمانەش لەوەرگێڕانە فەرەنسیەکەی دارمبێرگدا لە شەش بەرگدا بە باشی پارێزراون. ئۆڕیباسیۆس

ژیرانە لە سەرچاوە ڕەسەنەکانەوە زانستی وەرگرتووە. ئەمەش بەهایەکی زۆری بەبەرهەمەکەی بەخشیووە. هەروەها زانستنامەیەکی بەناوبانگی بەناوی(Euporist) بۆ کوڕەکەی ئامادەکردووە، کە ڕێنمای پزیشکی و سوودەکانی فریاکەوتنی سەرەتایی تیادا خستۆتە ڕوو. بەلای ئۆریباسیۆسەوە، ئێمە قەرزاری زانستی ئانتیلەسین، کە لەڕێگەی پێچان یان دوورینەوەی سەروو خواری شوێنی پێکراوەوە، چارەسەری کیسە خوێنی کردووە. هەروەها باسی کونکردنی بۆری هەواشی کردووە. ئایتۆس نووسەرێکی تری بێزەنتی بووە لە سەدەی شەشەمدا، کە خەڵکی ئامیدای لای ڕووباری دیجلە بووە. وەکو ئەو دوو نووسەرە گەورەی ئێستا ئاماژەیان پێدەکەین، مەسیحی بووە. ئەمەش لەوانەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە چونکە بێ دوودڵی بە پشت بەستن بە ئینجیل نووشتەی کردووە، بۆ نموونە بۆ دەرهێنانی ئێسقانی لەقورگا گیراو، ملی کەسی تووش بووی گرتووە و پێی وتووە "هەر کە لازارۆس[39] لە گۆرەکەیەوە دێت و یونسیش لە حوتەکە دێتە دەرەوە، هەڵبەزو دابەز بکە".

کتێبەکەی بەناوی (Tetrabiblion) ، کە شانزە بەرگە و هەرچەندە وەک ئەوەی ئۆریباس وورد نیە، پزیشکانی سەردەمی ڕێنیسانس و بۆیرهاڤیش زۆر بایەخیان پێداوە. بەشێکی تیایە تایبەتە بە ژەهر. زۆر جێی بایەخ و سەرنجڕاکێشیشە. دەووترێت لەو کتێبەیدا بە باشترین شێوەی کۆن باسی نەخۆشیەکانی چاو، گوێ، لووت و قوڕگی کردووە. هەرچەندە چاپێکی تەواوی سەردەمیانەی بەرهەمەکەی لەبەردەستدا نیە، بەڵام چاپێکی لاتینی سەدەی سانزەیەمی ماوەتەوە. ئەسکەندەر تڕاڵیۆس(٥٢٥-٦٠٥ز) یەکێکی ترە لەو پزیشکانەی شایانی وەبیرهێنانەوەیە، هەروەک زۆر جار نووسەرەکانی دوای خۆی زانیاریان لە بەرهەمەکانی وەرگرتووە.

جۆن فرەیند کە کتێبەکەی بەناوی ( مێژووی پزیشکی کرداری ) هێشتا شایانی خوێندنەوەیە، تاڕادەیەکی زۆر باسی نووسینەکانی ئەسکەندەرو ئایتیۆسی کردووە. دەووترێت ئەسکەندەر زۆر گەڕاوەو لە ڕۆمادا وانەی وتووەتەوەو کاری

39 ئینجیل :یوحەنا ١١:

پزیشکی کردووە. تاکە نووسەری بەئەزموونی بێزەنتی بووە، کە نووسینەکانی ڕەسەنیەتیان پێوە دیارە. وێنەووردکارە کلینیکیەکەی هەوکردنی سینگ بە بەرهەمێکی ناوازەی دادەنرێت. پێدەچێت یەکەم کەس بوو بێت جیاوازی لەنێوان گەندە خۆرە ناوەکیەکانی کرمی ئەسکارس و کرمی شریتی دەبووسدا کردبێت، کە بە ڕووەکی سەرخەس و هەنار چارەسەری کردوون. یەکەم کەسیش بووە باسی بەکارهێنانی گیای ڕێواس و سورنجانەی کردووە. کتێبەکانی بەزۆری لە زانکۆی پزیشکی سالێرنۆ خوێنراون. کۆمەڵێک لە چاپە لاتینی و یۆنانیەکانی بڵاوکراونەتەوە و لەساڵی ١٨٧٩ دا تیۆدۆر پۆستمانی پزیشکی ئەڵمانی چاپێکی وەرگێڕدراوی بە زمانی ئەڵمانی بڵاوکردۆتەوە. برونێتیش بە چوار بەرگ لە نێوان ساڵانی ١٩٣٣-١٩٣٧ دا چاپێکی بە زمانی فەرەنسی بڵاوکردۆتەوە. پۆڵس ئەخیانتی (٦٠٧-٦٩٠ز) دوایەمین پزیشکی سەردەمی پێشینی یۆنانی-ڕۆمانی بووە. بەرهەمە حەوت بەرگیەکەی، کە خۆی ناوی ناوە (Epitome) (پوختە)، بەرگی شەشەمی تایبەت بووە بە نەشتەرگەری و تا ئێستاش بە باشترین نووسینیشی دادەنرێت. عەرەبەکان زۆر گرنگیان پێداوە و پاراستوویانە . لەسەدەکانی دواتردا زانیاری زانستی پزشکی یۆنانیان بە زیندووی ڕاگرتووە. فرانسیس ئادەمزی پزیشک و وەرگێڕی سکۆتلەندی، وانەکانی پۆڵسی لە کتێبێکدا بەناوی(حەوت کتێبەکەی پاوڵ ئەخینتا) بۆ ئەکادیمیای سیدێنهام وەرگێڕاوە.

## تەندروستی گشتی لە ڕۆمادا

پێش ئەوەی بە مێژووی زانستی پزیشکی لەسەردەمی یۆنانی –ڕۆمانی دا گوزەر بکەین، با بۆ ساتێکیش بزانین ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی چ خزمەتێکی بە زانستی پزیشکی کردووە. لەڕووی دەستنیشان کردن و چارەسەری نەخۆشیەوە ڕۆڵی ڕۆمانەکان پەراوێزخراوە چونکە هەروەک زانیمان یۆنانیەکان زانستی پزیشکیان بەکرداری کرد، بەڵام گەر وێنەکە بە شێوەیەکی فراوانتر وەربگرین تا سوودەکانی تەندروستی گشتی تاڕادەیەک بزانین، ئەبێت دان بەوەدا بنێین ڕۆما نموونەیەکی دیاری پێشکەوتنی جیهان بووە. سیستەمی تەندروستی ڕۆمانی و دابینکردنی ئاوەکەی، لەمێژوودا وێنەی نەبووە. لەسەردەمی ئیتروسکانەکاندا

زەلکاوەکانی دەوروبەری ڕۆما ئاوەڕۆیان بۆ دروست کرابوو. دواتر لەسەردەمی پاشا تارکینۆسدا لە سەدەی شەشەمی پێش زایندا ئاوەڕۆی گشتی دروست کرا. تا سەدەی سێیەمیش ڕووباری تایبەر تاکە سەرچاوەی دابینکردنی ئاوی شاری ڕۆما بووە، بەڵام دواتر دەست کرا بە دروست کردنی چەند کەناڵێکی ئاوی، کە جۆگەی سەربەخۆی دابینکردنی ئاوی خاوێن بوون و سەرچاوەکانیشیان چەندەها میل دوور بوون. لەسەردەمی سەرەتای مەسیحیەتدا کاتێک ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لە لووتکەی دەسەڵاتی نزیک دەبوویەوە، چواردە کەناڵی ئاوی دروست کران. بە گشتیش ڕێژەی دابین کردنی ئاو گەشتبووە نزیکەی ۳۷۸ لیتر بۆ هەر کەسێک، ڕێژەیەک تا ئەمڕۆ بۆ هیچ شارێک دابین نەکراوە! خانووەکانی ڕۆما بۆری ئاوی خاوێنیان بۆ دایبن کرابوو.

گەرماوی گشتی گەورەی ساردو گەرم هەبوون لەگەڵ ژووری خۆگۆڕیندا، هۆڵی جیمناستیک و مەلەوانگەش هەبوو. زۆرێکیان لەلایەن ئیمپراتۆرەکان و دەوڵەمەندەکانەوە دروست کرابوون و گەرماوەکانی دیۆکلێتیان مانەوەو ئەوانەی کاراکایا زۆر دلڕفێن بوون. لەسەردەمانی دواتردا کانیاوە سروشتیەکانی چارەسەر پارەیان بۆ دابین دەکرا.

## خزمەتگوزاری تەندروستی لە ڕۆمای کۆندا

ڕۆمانەکان قایل بوون بەوەی واز لەکاری پزیشکی و نەشتەرگەری بۆ یۆنانیەکان بهێنن، لەگەڵ ئەوەشدا هەستیان بە گرنگی فێربوونی پزیشکی و خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ هەژاران و سوپاو هێزی دەریاوانی کرد. بەسەرپەرشتی ئیمپراتۆر ڤێسپاسیان (٦٩-٧٩ ز) مامۆستایانی زانستی پزیشکی لە بودجەی گشتی پارەیان بۆ دابین دەکرا تا بژێوی پزیشکەکان مسۆگەر ببێت و خزمەتگوزاریە پزیشکیەکان پێشکەش بکەن. پیشەوەرانی بواری پزیشکی خزمەتی سەربازیشیان دەکرد. پلەی فەرمیان نەبوو، وەلێ لە باج و فەرمانی جەنگی بەخشرا بوون. نەشتەرگەرە لەشکرییەکان و نەشتەرگەرانی پشتیوان هەبوون بەهەرەوەزی کاریان دەکرد. هەموو کەشتیەک نەشتەرگەری خۆی

هەبووە. لەسەر مۆنومێنتی تراجان، پەیکەرێک دروست کراوە لەگەڵیدا شوێنێکی برینپێچی فریاکەوتنی سەرەتایی هەیە.

لە سەرەتای ئیمپڕاتۆریەتەکەدا، پزیشکانی گشتی دادەمەزرێنران تا چارەسەری هەژاران بکەن و سەرپەرشتی خزمەتگوزای تەندروستی لە ناوچەکانیان بکەن. ئەم پزیشکانە پارەی باشیان پێدەدراو بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوانیان بەسەر شارۆچکە و شوێنە جیاوازەکان دابەش بوو بوون. پزیشکانی ڕۆما، کە پزیشکی دادوەری بوون، زۆر ڕێزلێگیراو بوون و لای حکۆمەتیش دەسەڵاتیان هەبوو. لە نێویشیانا ئاندرۆ ماچووس هەبوو، دەرمانی دژە ژەهری"ثریاک"ی دروست کرد هەروەک باسمان لێوەکرد.

## سیستەمی نەخۆشخانە ڕۆمانیەکان


یەکەم نەخۆشخانە لە ڕۆمادا زۆر باس و خواسی لەسەر کراوە. تاعوون یان ئەو درمانەی تر لە شارەکەدا لەساڵی ٢٩٣ پ.ز بڵاو بوویەوە، پەیامێک بوو نێردرا تا ئێپیداورۆس بەهانای شارەکەوە بێت. مارێکی پیرۆز متمانەی چارەسەرکردنی پێبەخشرا. هەر کە کەشتی لەناو ڕووباری تایبەر بەڕێ کەوت، مارەکەش بەمەلە بەرەو کەنارەکە ڕۆشت و لەسەر دوورگەی سانت بارتۆلۆمێۆ خۆی بینییەوە. تاعوونەکە بنەبڕ نەبوو، لەسەر دوورگەکەش کە شێوی لە کەشتی دەچوو مارەکەی تیادابوو، دەستەیەکیش لە پێشەوە پێک هێنرابوون. لەوێ نەخۆشخانەیەک دروست کرابوو. دوای چەند ساڵێک ڕەبەنێک بەناوی ڕاهیەر هات تا لە لەندەندا نەخۆشخانەی قەشە باتۆلۆمیۆ دروست بکات. لەڕۆژەکانی سەردەمی کۆماریدا پیاوان کۆیلە نەخۆشەکانیان بۆ نەخۆشخانەی سەر دوورگەکەی ڕۆما دەنارد تا لەماڵەوە چاودێریان نەکەن. بەو جۆرە نەخۆشخانەکە بوو بە پەناگەی نەخۆشە هەژارەکان. دواتر لەسەدەی یەکەم و دووەمی زاینیدا، گەلێک نووسەر باسیان لەبوونی نەخۆشخانەی تایبەت بە پەککەوتووان دەکرد، کە پێدەچێت وەک خانەی چاودێری تەندروستی بوو بن، دواجار بوو بێتنە دامەزراوەی گشتی. واباوەڕدەکرێت ژووری تایبەت لەنێو نەخۆشخانەکان بۆ

نەخۆش و سەربازە بریندارەکان لەنێو سوپا تۆکمە ڕێکخراوەکەی ڕۆمانیدا هەبوبێت. ئەمانەش لە چەند شوێنێکی یەکجار گرنگدا بنیات نرابوون و ئەو شوێنانەش هەڵکەنرابوون . یەکێک لەناوازەترین نموونەی ئەم نەخۆشخانانە لە نۆڤایسیەمە لە نزیک دۆسۆڵدۆرف، کە مێژووەکەی بۆ دەوروبەری ساڵی ١٠٠ ی زاینی دەگەڕێتەوەو لەسەر سیستەمی ڕاڕەو بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەرانەی سەردەمیانە بنیاتنراوە.

## کەوتنی ڕۆما

دواجار ڕەنگە بووترێت ڕۆما کە بەبێ یارمەتی یۆنانیەکان ڕۆڵی کەمی لە پێشخستنی پزیشکیدا دەگێڕا، لەڕێگەی هێنانەکایەی سیستەمێکی تەندروستی گشتی، کە لەزۆر ڕووەوە هاوشێوەی نەبووە، بووبە نموونەیەکی جوان بۆ جیهان.


هۆکارەکانی ڕووخانی ئیمپڕاتۆریەتە فرە بەهێزەکەی ڕۆمانی زۆرو فرە ڕەهەند بوون و ئەمەش کاریگەری لەبیرکردنەوەی گەلێک لە مێژوونووسان کردووە. گومانی تیادا نیە هۆکاری کەوتنی ئەو ئیمپڕاتۆریەتە گەندەڵی ئەخلاقی، سیاسی، نەمانی کشتوکاڵ و دانانی باج بوون، بەڵام هۆکارێکی تریش هەبوو لای مێژوونووسانی زانستی پزیشکی بایەخی تایبەتی هەبووە. جۆرە مەلاریایەکی توند بڵاو بوویەوەو بووە هۆی مردنی هەزاران کەس و باری جەستەیی و ئەقڵیی هەزارانی تری شێواند. هەندێک لە شارەزایان بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی لەناوچوونی ڕۆمایان داناوە. لەسەردەمی ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتیدا تاعونەکەی ساڵی ٥٤٢، کە زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی قوستەنتینیەی لەناوبرد، لە ڕۆژهەڵاتدا هەمان ئاکامەکانی نەخۆشی مەلاریاکەی ڕۆژئاوای لێکەوتەوە.



کۆمەڵێک کەرەستەی نەشتەرگەری سەردەمی ڕۆمانەکان کە لە شاری پۆمپەیدا دۆزراونەتەوە



پردی گارد لە فەڕەنسا کە ڕێڕەوێکی گواستنەوەی ئاو بووە و مێژووی دروستکردنەکەی بۆ سەردەمی ڕۆمانەکان دەگەڕێتەوە



گەرماوی شاهانەی کاراکایا لە ڕۆمای دێریندا

# بەشی شەشەم

## زانستی پزیشکی لای عەرەبەکان :زانکۆی پزیشکی سالێرنۆ

هەروەک زانیمان ڕوونووسیارە بێزەنتیەکان دواین کەسانێک بوون چەند خشتێکی کەمیان بۆ تەلاری فرە گەورەی پزیشکی یۆنانی –ڕۆمانی دانا. یۆنان شکۆی نەماو ڕۆماش گەورەیەکەی لەدەستدا. سەردەمە تاریکەکان هاتن و بۆ ماوەی هەزار سالّی پڕ لەناسۆری، فێربوون ڕێزێکی ئەوتۆی نەما. ئەزموون کردنیش بایەخی نەما و ڕەسەنایەتیش بووبە دێوەزمە. زانستی پزیشکی سەردەمێکی دووروودرێژی دەست بەسەری و پەیمانی کۆیلایەتی بەخۆوە بینی. ئەمەش بەردەوام بوو هەتا چاونەترسەکانی سەردەمی ڕێینسانس شەڕی دژی داب و نەریتیان بەرپاکرد. هەندێک جار دەووترێت مکوڕبوون لەسەر توندرەوی و وانە کاریگەرەکانی جالینۆس بەربەستی پێشکەوتنی زانستی پزیشکی بوون. دەی جالینۆس لەسەر بیروباوەڕی یەکتاپەرستی بووەو لای ئەو ڕۆح لەجەستە گرنگتر بووەو کڵێسای مەسیحیەتیش بەچاوی ڕێزەوە تەماشای دەکرد. گومان لەوەدا نیە بەهۆی ڕەت کردنەوەی ڕوانینەکانی، سەردەمە تاریکەکان لەڕووی زانستی پزیشکیەوە تاریکتر بوون، بەڵام داخۆ سەردەمی دوای ئەم هەمووە

ڕووداوە هێندە تاریک بوو ؟ گومانی تیادا نیە بەبەراوورد بە سەردەمەکانی پێش و پاشی خۆی، جیهان کەم پێشکەوتنی بەخۆوە بینی. سەرەڕای ئەمەش نەک تەنها خەزێنەی کۆکردنەوەی زانستی پزیشکی یۆنانی بۆ نەوەکانی داهاتوو پاراست، بەڵکو کاریگەری خۆشی هەبوو. لەوکاتەدا دوو چینی جیاواز، پیاوانی کڵێسا و توێژەرە عەرەبەکان، کاریان لەبواری پزیشکیدا دەکرد. با بزانین چ ڕۆڵێکیان گێڕا؟

## کاریگەری مەسیحیەت لەسەر زانستی پزیشکی

نکۆڵی لەوە ناکرێت لەسەرەتادا کڵێسا ڕێگر بووە لە پێشکەوتنی زانستی پزیشکی. حەزرەتی مەسیح (دوودی خوای لێبێت) فەرمانی بە دواکەوتووەکانی کرد چارەسەری نەخۆش بکەن و زۆر نموونەی کرداری هێزی چارەسەرکردنی پیشانداون. لەگەڵ ئەوەشدا مەسیحیەکان لەسەرەتادا ڕاقەی دەقاودەقیان بۆ ئەمە دەکرد. نکۆڵیان لەوە دەکرد پزیشکان توانای چارەسەرکردنی نەخۆشیان هەبێت. دەیانووت نابێت هیچ شتێک لەسەرووی دەسەڵاتی خوای باڵادەستەوە بێت. نوێژوو ڕۆژوو دەبووایە وەک یەکەمین سەرچاوەی چارەسەر ئەنجامبدرانایە. زانستی پزیشکی دەبووایە پێگەی کڵێسای لەبەر چاو بگرتایە. هەروەها ڕوانینی دواکەوتووانەی مەسیحیانە لەبارەی نەخۆشیەوە هەبووە. تەنانەت قەشە باسیڵی مەزنیش کە لە ساڵی ٣٧٢ دا یەکەم نەخۆشخانەی بەناوبانگی دروست کرد، نکۆڵی لەوە دەکرد هەموو نەخۆشیەکان هۆکاری سروشتیان هەبێت. مەسیحیەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد بەزۆری بەهۆی گوناهەوە مرۆڤ تووشی نەخۆشی دەبێت و چارەسەری ئەمەش تەنها نوێژو تەوبە کردنە. نکۆڵیشیان لە ڕوانینە زانستیەکانی هیپۆکراتیش دەکرد. خەڵک گەڕابوونەوە سەر بیروباوەڕی پەرستگاکانی ئیسکۆلاپیا. موعجیزەکانی چاک بوونەوە لە کڵێسادا شایەتیان لەسەر دراوە. گومانیش لە ڕوودانیان ناکرێت و هەر ڕووش دەدەن، بەڵام لەسەرەتادا هیچ شێوازێکی تری چارەسەر لای مەسیحیە کەلە ڕەقەکانەوە قبوڵ نەدەکرا و ڕێی پێنەدەدرا.

ویڕای ئەمانەش، جەستەی مرۆڤ بە پیرۆز دەزانراو توێکاکردنیشی یاساغ کرابوو. دواتر موسوڵمانانیش هەر توێکاریان یاساغ کرد. لەسەرەتادا توێکاری و فەسلەجە بوو بوونە دوو زانستی پەراوێزخراو و نەدەخوێنران، تەنها لە نووسینەکانی جالینۆسدا نەبێت. ئەم کۆت و بەندانە دەستی قوتابیانیان بەست بۆ خوێندنی پزیشکی و کەسە زۆر زیرەکەکانیش بۆ کڵێسا دەبران و لەوێ هەرچی بیری دواکەوتوو هەبوو دەردخواریان دەدرا. دوژمنایەتی کردنی فێربوونی زانستی پزیشکی لەساڵی ٣٩١ دا گەیشتە لووتکە، کاتێک حاشاماتێکی زۆر لە مەسیحیە توندڕەوەکان ئاگریان لە کتێبخانەی گەورەی ئەسکەندەریە بەرداو زۆرێک لەگەنجینەکانی فێربوونیان لەناودا. پاشان لەسەرەتای مەسیحیەتدا، مەسیحیەکان گاڵتەیان بەزانستی پزیشکی دەهات و بەمەش کڵێسا کاریگەری خراپی خۆی گێڕا. سەرباری ئەوە کاتێک هەڵسەنگاندن بۆ هەموو بەڵگەکان دەکەین، دەبێت دان بەوەدا بنێین بەگشتی مەسیحیەت لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی پزیشکیدا بووە.

ئەو بەزەی و ئارامگریە بێ سنوورەی کڵێسا هەیبوو بۆ چارەسەری نەخۆشی، هەر نالێبووردەییەکی کاتیش بەرامبەر زانستی پزیشکی بینیبێتمان، لەبەین دەبات. ئەبێت لەبیریشمان بێت ئێمە قەرزاری ڕەبەنەکانی سەدەکانی ناوەڕاستین بۆ ئەو نووسینە دینیانەیان کە کایگەریان لەسەر ڕەوتی زانستی پزیشکی دانا. ڕەبەنەکان شەو ڕۆژ لە پەرستگاکاندا خەریکی وەرگێڕان و نووسین بوون تا دواجار داهێنانی چاپ وای کرد هەمووان بە ئاسانی فێر ببین.

## هەڵاتنی خۆری زانستی پزیشکی لای عەرەبەکان

لەسەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا عەرەبەکان بوون بە دووەم گەورەترین گەنجینەی فێربوونی زانستی پزیشکی. کاریگەری ئەوان لە کاریگەری کڵێسای مەسیحیەت زیاتر بوو چونکە پزیشکە عەرەبەکان نەک تەنها کەڵکیان لە ڕوانینی پێشینانی خۆیان وەرگرت، بەڵکو بەرهەمە ڕەسەنەکانی خۆیانیشیان خستە سەر، کە لەگەڵ زانستی پزیشکی ئەمڕۆشدا یەک دەگرنەوە. جا پێویستە ئەوە ڕوون بکرێتەوە ووشەی، عەرەب و عەرەبی تەنها لەڕووی زمانەوانیەوە بەکاردەهێنرێن،

کە ئەم پزیشکانە پێیان نووسیوە و قسەیان پێکردووە. خۆی ئەم پزیشکانە هەموویان بەرەگەز عەرەب نەبوون، کەمیان عەرەب بوون. هەندێکیان سووری و هەندێکیان فارس و هەندێکیشیان کە ئیمپڕاتۆریەتی ئیسلام بەرفراوان بوو، ئیسپانی بوون. هەمووشیان موسوڵمان نەبوون، زۆرێکیان مەسیحی و هەندێکیشیان جوولەکە بوون. لەسەرەتای ئەو سەردەمەدا کە مەسیحیەکان هیچ لێبووردەییەکیان نەبوو حەزیشیان لە فێربوون نەبوو، موسوڵمانان حەزیان بە فێربوون بوو. مەگەر پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لێبێت) نەیفەرمووە " ئەی بەندەکانی خوا بەدوای چارەسەرا بگەڕێن، چون خوا بۆ هەموو دەردێک دەرمانی داناوە"؟ دوای ئەوە برایانی توێژەر لە ئیمپڕاتۆریەتی ئیسلامیدا هەبوون و دانایانیش زۆر ڕێزیان لێدەنرا. عەرەبەکان بەهیچ جۆرێک دواکەوتوو نەبوون، هەروەک دکتۆر ویزینتۆن ئاماژەی بۆ کردووە " ئیمپڕاتۆری بێزەنتیەکان سەری سوڕما بەوەی بینی عەرەبەکان یاسایان هەبووەو و ڕێگەیان بە کۆکردنەوەی دەست نووسە یۆنانیەکان داوە، وە ڕوونووسێکی بە وێنە ڕوونکراوەی دیۆسکۆردیۆس باشترین دیاری قبوڵکراو بووە بەسەرکردەیەکی دۆستی بەخشیبێت".

عەرەبەکان ژیرانەو هۆشمەندانە سیستەمی تەندروستی خۆیان دارشت، کە بە وەرگێرانی کتێبە یۆنانیەکان بۆ سەر زمانەکەیان دەستیانپێکرد. دواتر لەسەر ئەمانە نەیان نووسی و خەریکی توێژنەوەی ڕەسەنانەی تایبەت بە خۆیان بوون. زۆر ڕاستی لەبارەی تا و درمەکان دۆزیەوە و هەروەها زۆر گرنگیان بە نەخۆشیەکانی چاو دا، کە لە ڕۆژهەلاتدا بەر بلاوبوون. عەرەبەکان گەورەترین ڕۆڵیان لە بواری پزیشکی دەرمانسازیدا گێرا و زۆر دەرمانی نوێیان داهێناو باسیان لەبەکارهێنانیان کرد. ووشەی drug (دەرمان) لە بنەچەدا ووشەیەکی عەرەبیە. هەروەها ووشەکانی (alcohol , spinach , jujube , sugar, syrup , alkali )، کە کۆمەڵێکی کەمن ناومان هێناون، هەموویان عەرەبین. جەوی، کافوور، زەعفەران، گەلەک، میسک، لۆدانوم، نەفتە، سینەمەکی و زۆرێکی تریش لە نموونەی دەرمانە عەرەبیە ڕەسەنەکانن. عەرەبەکان لەبواری کیمیادا، کە ئەو زانستیە زیاتر پەیوەندیدارە بە دەرمانەوە، کاری ناوازەیان کردووە. میتۆدۆی دڵۆپاندن، هەڵچوون، بەبلوێربوون و زۆر کاری تریان خستە سەر ڕێی خۆی، کە کیمیا

گەرانی ئەمرۆ پێیان ئاشنان. زۆرجار زانستی کیمیا بۆ مەبەستی دۆزینەوەی دەرمانی ئەفسانەی ئەکسیری نەمری و کاریگەری ئەستێرەکان لەسەر کانزاکان ، بەکارهێنراوە. وێڕای ئەمەش کاری باشیش کراوە. بەلای عەرەبەکانەوە جابری کوڕی حەیان ، کە هەندێک جار بە (jebir ) یان (Geber ) ناوی دەهێنرێت، باوکی زانستی کیمیا بووە. ئەم زانایە لەسەدەی حەوتەمی کۆچیدا ژیاوەو زۆر کتێبی نووسیوەو هەندێکیشیان ماونەتەوە. پاشان عەرەبەکان کاریگەریان لەسەر زانستی پزیشکیش هەبووە. با ئێستا چاوێک بە ژیان و نووسینەکانی هەندێک لە پزیشکە عەرەبەکاندا بگێڕین.

## نەستۆریەکان و زانکۆی پزیشکی جوندی شاپوور

پێغەمبەری ئیسلام (دروودی خوای لێبێت) لەساڵی ٥٧٠ زاینیدا لەدایک بووەو ئیمپراتۆریەتی ئیسلامیش، کە خۆی (دروودی خوای لێبێت) دامەزرێنەرەکەیەتی دواجار لەئیسپانیاوە تا سەمەرقەند درێژ بوویەوە، بۆ ماوەی پێنج سەد ساڵ لەسەدەی حەوتەمی زاینییەوە، واتە لەسەردەمی پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لێبێت) تا سەدەی سازنزەیەمی زاینی، سەردەمی وێرانکردنی بەغدا لە لایەن تەتەرەکانەوە مایەوە. هەرپێش هاتنی پێغەمبەریش (دروودی خوای لێبێت)عەرەبەکان گرنگیان بە زانستی پزیشکی دابوو. ئەم پێگەیەش زیاتر مەسیحیە ڕۆشنبیرەکان کاریان لەسەر دەکرد. نەستەڕۆسی گەورە قەشەی ئۆرشەلیم بە تۆمەتی کوفرکردن لەساڵی ٤٣٠زاینیدا شاربەدەرکراو لەگەڵ کۆمەڵێک لە یارو یاوەرانی بەرەو ئیدسا(ئۆرفا) بۆ ئاسیای ناوەند هەڵاتن. لەوێش زانکۆیەکی پزیشکی بنیاتنا. لەو سەردەمەدا بەهۆی ستەمی زۆرەوە بەرەو جوندی شاپوور لەباشووری ڕۆژئاوای وولاتی فارس کەوتە ڕێ. لەوێش کوڕۆسی پاشای ساسانی، کە پایتەختەکەی قەتسیفۆن بوو، زانکۆیەکی بنیاتنا. تاقی کیسرا هێشتا شوێنێکی بەناوبانگە، بەڵام سەبارەت بە شاری گەورەی جوندی شاپوور هیچ ئاسەوارێکی ئەوتۆ نەماوەتەوە، هەرچەندە جۆرج ڕاولینسۆن لەساڵی ١٨٩٨ دا بانگەشەی ئەوەی کرد کت و مت شوێنەکەی کەوتبێتە نێوان گوندێکی ڕەسەنی نێوان شارەکانی دزفوڵ و توستەر. لەوێ بۆ ماوەی دوو سەدە نەستۆریەکان خەریکی وەرگێڕانی نووسینە پزیشکیە یۆنانیەکان بوون بۆ زمانی عەرەبی. هەندێل جار وەرگێڕانیان لە زمانی

سریانیشـەوە کـردووە. پرۆفیسـۆر ئێـدوارد گرانڤیـڵ براونـی ڕۆژهـەڵات نـاس دەڵێـت " هەندێک لـە وەرگێڕانـە سـریانیەکان هێنده ووشـە بـە ووشـە بـوون مانـای خۆیانیـان نـەدەدا بەدەسـتەوە". گـەر وەرگێڕ لەمانـای ووشـەیەکی یۆنانـی تێنەگەیشـتایە، بـە ڕێنووسـی یۆنانـی دەینووسـی و ماناکـەی بـۆ خوێنـەر بەجـێ دەهێشـت تـا خـۆی لێکدانـەوەی بـۆ بـکات. لـە کاتێکا وەرگێڕانـە عەرەبیـەکان ڕێـک و ڕەوان بـە باشـی کاریـان تیـادا دەکرا. عەرەبـەکان وەرگێڕانیـان بـۆ نووسـینەکانی هیپۆکرات، جالینۆس، دیۆسـکۆریدس، ئۆریباسـیۆس و پـاوڵ ئەخینـان کـردووە.

بەڕێوەبـەری نەخۆشـخانەی گـەورەی جونـدی شـاپور دکتـۆر جەرجیـس بوخـت یشـوو بـووە. یەکـەم کەسـی بنەماڵـەی شـەش نەوەکـەی پزیشـکە سـەنگینەکان بـووە. کەسـێکی تـری بەناوبانگـی ئـەم بنەماڵەیـە، کـە مەسـیحی سـووری بـووە، جوبرەئیلـی کـوڕەزای جـۆرج و پزیشـکی دادوەری لای هارونـە ڕەشـیدیش بـووە. پێدەچێـت یەکێـک بـوو بێـت لـە دەوڵەمەنتریـن پزیشـکەکان لـە مێـژوودا، بـەو پێیـەی لـە ڕێـی پیشـەکەیەوە بـڕی سـێ ملیـۆن پاوەنـدی دەسـت کەوتـووە. لەیـەک بۆنـەدا بـۆ چارەسـەرکردنی نەخۆشـیەکی خەلیفـە هارونـە ڕەشـید بـڕی بیسـت و پێنـج هـەزار پاوەنـدی وەرگرتـووە، لـە کاتێـکا مووچـەی مانگانـەی هـەزار پاوەنـد بـووە! هەمـوو سـەری سـاڵێک هـەزارو دووسـەد و پەنجـا پاوەنـدی وەک دیـاری پێدەبەخشـرا.

حونەینـی کـوڕی ئیسـحاق پزیشـکێکی تـری مەسـیحی جونـدی شـاپوور بـووە، کـە زیاتـر بـە حونەیـن یـان جۆهانیتـۆس ناسـراوەو لەسـەرەتای سـەدەی نۆیەمـدا ژیـاوە. وەرگێڕانـی بـۆ نوسـینی گەلێـک لـە نووسـەرە ناودارەکانـی یۆنانـی کـردووە، بەجۆرێـک دەووترێـت بـۆ وەرگێڕانـی دەسـت نووسـەکانی بەهێنـدەی قورسـای خۆیـان زیاتـری پـارەی وەرگرتـووە! ڕەسـەنایەتی لـە بەرهەمەکانـی وەک (کێشـەکانی زانسـتی پزیشـکی) (دە توێژینـەوە لەسـەر چـاو) دیـارە. (دە توێژینـەوە لەسـەر چـاو) پێدەچێـت کۆنتریـن کتێبـی خوێنـدن بـوو بێـت لەبـارەی پزیشـکی چـاوەوە نووسـرابێت. لـەو سـەردەمەدا ئـەو کاغـەزەی لەچیـن داهێنـرا شـوێنی پـەڕاو و کاغـەزە ڕەقـەی گرتـەوەو کارگەیەکـی کاغەزیـش لەسـاڵی ٧٩٤ دا لـە بەغـداد دامەزرێنـرا.

## ڕازی و ئیبن سینا

زانستی پزیشکی لای عەرەبەکان قۆناغێکی پڕ چالاکی بەخۆیەوە بینی و یەکێک لە مەزنترین گەر مەزنترینیش نەبیت لە پزیشکان دەرکەوت، ئەویش ئەبو بەکر موحەمەدی کوڕی زەکەریایە(٨٦٠-٩٣٢ز). ئەم پزیشکە لە شاری مێژووی ڕای لە وولاتی فارس لە نزیک تارانی ئەمڕۆ لەدایک بووە و نازناوی ڕازی بووە.

خۆی فەیلەسووف و مۆسیقار بووەو لە تەمەنی چلساڵیدا دەستی بە خوێندنی زانستی پزیشکی کردووە. گەورەیی کتێبەکانی دەری دەخات چۆن دوای ئەوە سوودی باشی لەو تەمەنەی ماویەتی، وەرگرتووە. دەووترێت ئینسایکلۆپیدیایەکەی بەناوی (الحاوی في الطب) نزیکەی دە کیلۆ بووە! ڕازی لە زێدی لە دایک بوونی لەشاری ڕای و دواتریش لە شاری بەغداد کاری پزیشکی کردووە.

دەووترێت کاتێک داوای لێکرا شوێنێک بۆ نەخۆشخانە دیاری بکات، چەند پارچە گۆشتی لە چەند شوێنی جیاوازی شار دانا. ئەو شوێنەی بۆ نەخۆشخانەکە هەڵبژارد کە گۆشتەکەی لەماوەیەکی ئەوپەڕی درێژتردا تیادا گەنی و خۆشی بووە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە. لەسەرەتای کارکردنیدا لەگەڵ فەرمانڕەوای بوخارا بووەتە دەمەقاڵەی، کە فەرمانی دەرکرد بە کتێبەکەی خۆی لەسەری بدرێت تاوەکو سەری بشکێنرێت یان کتێبەکەی پەڕپەڕ بێت.

دەووترێت سەری بەجۆرێک بریندار بووە دواتر کوێر بووە! کاتێک پیر بووە پێشنیاری نەشتەرگەری بۆ کرا تا بەشکو چارەسەری کوێریەکەی بۆ بکریت. ئەمیش ڕەتی کردۆتەوەو وتوویەتی " هەرچی نەهامەتی و دەدرەسەری هەیە لە دونیا بینیومە، لەگەڵ ئەوەشدا دەردەداری ڕێگر نەبووە پەیامم لە ژیانیدا بگەیەنم". نزیکەی سەدو پەنجا کتێبی نووسیوەو هەندێکیشیان لەناوچوون! بەناوبانگترین کتێبی لەبارەی ڕۆڵە گەورەکەیەتی لە زانستی پزیشکی و جیاوازی نێوان نەخۆشیەکانی ئاوڵەو سورێژەی کردووە. دیارە لای عەرەبەکان هەر ئەو دوو نەخۆشیە درمیە زانراو بوون. ڕازی بە ڕوونی لە یەکێک لە کتێبە پزیشکیە ناوازەکانیدا، باسی هەریەک لەو دوو نەخۆشیەی کردووە. ئێمە هەر یەک

ڕستەی لێوەردەگرین " نیشانەکانی وروژاندن، هێڵنج و ئۆقرە لێبڕان لە نەخۆشی سووریژەدا دیارترە وەک لە نەخۆشی ئاوڵە، لە کاتێکدا پشت ئێشە لە نەخۆشی ئاوڵەدا زیاتر هەستی پێدەکرێت". دکتۆر ویلیام گرن هیل یەکێک لە کتێبەکانی ڕازی بە ناونیشانی (لەبارەی نەخۆشیەکانی ئاوڵەو سوریژەوە ) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی و بۆ ئەکادیمیای سێدنهامی ئامادەکردووە و لەساڵی ١٨٤٨ دا بڵاوکراوەتەوە. بەناوبانگترین بەرهەمی ڕازی ئینسایکلۆپیدیایەکی پزیشکیە بەناوی (الحاوی في الطب ). ڕوونووسە (نوسخە) لاتینیەکەی ئەم ئینسایکلۆپیدیایە بەناوی (Liber Continens)، کە لەساڵی ١٤٨٦دا لە شاری برێشیای ئیتاڵیا بڵاوکراوەتەوە، ئێستا زۆر دانسقەیە و هیچ دەست نووسێکی تەواوی سەرچاوە ڕەسەنەکەی نەماوە. ڕۆژهەلات ناسی بەریتانی، پرۆفیسۆر ئێدوارد گرانڤیل براونی یەکێک لە کتێبەکانی بەناوی (زانستی پزیشکی لای عەرەبەکان ) وەرگێڕاوە و ئێستا لە بەریتانیا لە کتێبخانەی بۆدلێندایە. گومان لەوە دەکرێت تەنانەت بەهیچ جۆرێک بەشێکی ئینسایکلۆپیدیایەکەشی مابێتەوە. ڕازی کتومت میتۆدی عەرەبیانەی پێشەکی دانانی بۆ ڕوانینەکانی لەگەڵ نووسەرانی تردا گونجاندووە. ووتویەتی " فلان و فیسار نووسەر دەڵێن، دەی منیش وادەڵێم". لەبارەی نەخۆشی تەنگە نەفەسیەوە وتوویەتی " بن ماسویەی پزیشک ئەڵێت" با ئەوانەی تووشی تەنگەنەفەسی دەبن چوار گرامێک لە هاڕاوەی جگەری ووشکەوەکراوی ڕیوی لە گەڵ خواردنەوەکانیان بخۆن". جالینۆسیش ئەڵێت " خوێنی کوندە پەپوو تێکەڵی شەرابی بکرێت بۆ چارەسەری تەنگەنەفەسی باشە". منیش دەڵێم "ناکرێت خوێنی کوندە پەپوو وەربگیرێت چونکە خۆم تاقیمکردۆتەوەو سوودی نەبووە". ئینسایکلۆپیدیایەکەی گەلێک حاڵەتی تیایدا بەجوانی تۆمارکراون چونکە ڕازی هەر زۆر پەیوەست بووە بە میتۆدەکانی هیپۆکراتەوە. هەندێک جار ئەو بانگەشەیەی بەدرۆ خستۆتەوەو زۆر جاریش سەلماندوویەتی بەوەی نەخۆشی بەئاسانی لەڕێگەی پشکنینی میزەوە دەستنیشان بکرێت. هەروەها هەر زۆر دژایەتی هەموو جۆرە جادوو قوڵ برینێکی کردووە.

ئینسایکلۆپیدیایەکەی تەنها بابەتی پزیشکی لە خۆ نەگرتووە، بەڵکو بابەتەکانی فەلسەفە، ئەستێرەناسی و بیرکاریشی لەخۆ گرتووە چونکە وەک زۆرێک لە زانایانی

تر لە زۆر بواردا شارەزا بووە. (Liber Almansories ) کتێبێکی تری مەنهەجی پزیشکیەتی، قەبارەکەی لە ئینسایکلۆپیدیایەکە بچووکترەو وەک ئەویش زانیاری سەرنجڕاکێشی تیا نیە و پێشکەشی خەلیفە مەنسووری کوڕی ئیسحاقی کردووە. لەم کتێبەدا باسی خوێندنەوەی ڕووی مرۆڤ کردووە و ئامۆژگاری لەبارەی کڕینی کۆیلە، پزیشکی گەشتیاری و پێوەدانی گیاندارە ژەهرینەکان، خستۆتەڕوو.

ئیسحاقی کوڕی سلێمانی (٨٤٥–٩٤٠ز) هاوچەرخی ڕازی، لە بەشێکی تری ئیمپڕاتۆریەتی ئیسلامدا ژیاوەو شایانی ئەوەیە ناوی بهێنرێت. ئەم پزیشکە جوولەکەیەکی خەڵکی میسرو پزیشکی فەرمانڕەواکانی توونس بووەو کتێبی لەبارەی ڕجێم کردن، تایەکان، دەرمانە سادەکان و میزەوە داناوە. کۆکراوەی بەرهەمەکانی، کە لەساڵی ١٥١٥ دا چاپ کراون، هەتا کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەیش زۆر خواستیان لەسەر بووە. ڕۆبەرت بۆرتۆنی توێژەری ئینگلیز، بەشێک لە ووتەکانی ڕازی بۆ کتێبەکەی بەناوی (Anatomy of Melancholy) وەرگرتووە. ئەمانە چەند نموونەیەکی کەمی قسە نەستەقەکانیەتی، کە لەکتێبی (ڕێبەریک بۆ پزیشکان) دا وەرمانگرتووە:–

١– هەر کە نەخۆش نەخۆشیەکەی زۆر قورس بوو باخەڵی ببڕە چونکە هیچ گومانی تیادا نیە هەرکە چارەسەرکرا، هەر بە خەیاڵیشیدا نایە چیت بۆ کردووە.

٢– کە دکتۆر لێی قەوما، جوکە لە دەمتەوە نەیەت و تۆش بێیت لۆمەی بکەیت چونکە ڕۆژان ڕۆژیان لە دواوەوەیە.

٣– چارەسەری نەخۆش وەک کونکردنی مرواری وایە. پزیشک ئەبێت بە ووریاییەوە کاری لەسەر بکات نەوەکو مرواریەکە بشکێنێت و دوایەکا پارە نەکات.

لەسەردەمی ئیبن سینا دا (٩٨٠–١٠٣٧ز) زانستی پزیشکی لای عەرەبەکان گەشتە لووتکە. ئیبن سینا هاوشێوەی ڕازی فارس بووە و لە نزیک بوخارا لەدایک بووە و بەپێی هەندێک سەرچاوە بە پاشای پزیشکان دانراوە. خۆی هەر لە منداڵیەوە بلیمەتی پیوە دیار بووە و پێش ئەوەی بگاتە تەمەنی دە ساڵی قورئانی

پیرۆزی لەبەر کردووە. هەر کە سەرقاڵی زانستی پزیشکی بوو، ناوبانگێکی زۆر گەورەی پەیدا کرد و لەتەمەنی هەژدەساڵیدا وەک پزیشکی دادوەری دەستنیشان کراوە! خەڵاتی ئەم پزیشکە پایەبەرزە ئەوە بووە کەی بیەوێت سەردانی کتێبخانەی شاهانە بکات، کە گەلێک دەست نووسی بەنرخی تیابووە. پێدەچێت ئیبن سینا گەڕیدەیش بوو بێت. خیفا، جورجان، ئیسفەهان و هەمەدانیش گەڕاوەو هەر لەهەمەدانیش دوای دەردە سەریەکی زۆر کۆچی دوایی کردووە. هێشتا خەڵکێکی زۆر سەردانی گۆڕەکەی دەکەن. بەهۆی ئەوەی زۆر گرنگی بە نەخۆش داوە، زۆر کەم پەرژاویەتیە سەر تەندروستی خۆی و زۆر شلگیرانە کاری کردووەو حەزی لە خواردنەوەی مەشروب و گۆرانی میللی هەبووە. کەسایەتی ئیبن سینا هاوشێوەی کەسایەتی عومەری خەیامی شاعیر بووە. ئەمەش وای کردووە زۆرێک لە نووسەران ئیبن سینا بە عومەری خەیامی شاعیر بچوێنن. خۆی عومەری خەیام وەک شاعیر لە وولاتی فارسدا زۆر ڕێزی لێنەگیراوە و تەنها لە بەریتانیادا بەهۆی ئەوەی ئێدوارد فلتەزاردی شاعیری ئینگلیز چوارینەکانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی، بووە بە کەسێکی جەماوەری.

ئەم چوارینەی خەیام هەر ئەڵێ ی وەبالای ئیبن سینا بڕاوە :-

Up from Earth’s Centre through the seventh Gate
I rose, and on the Throne of Saturn sate,
And many Knots unravel’d by the Road;
But not the Knot of Human Death and Fate.

هەژاری موکریانی شاعیریش وەها کردوویەتی بەکوردی :-

ئەم ژینە کە ڕابرێ، چ شیرین و چ تاڵ
تووش بی بە مەرگ، چ دەربەدەر بی، چ لەماڵ
بێ خەم بژی! خۆش بە! پاشی مەرگی من و تۆش
بێپسانەوە دێن ڕۆژ و شەو و مانگ و ساڵ

گومانی تیادا نیە کەسایەتی ئیبن سینا هاوشێوەی کەسایەتی خەیامی شاعیر

بووه. ئیبن سینا پەنجاو هەشت ساڵ تەمەنی کردووە و پێدەچێت بەهۆی زۆر خواردنەوەی کحول مردبێت. بەرهەمەکانی زۆر بایەخدار بوون و کاریگەری گەورەیان لەسەر زانستی پزیشکی لە ئەوروپادا بەجێهێشتووە. تا لە ژیاندا بووە وەک فەیلەسووف ناسراو بووە، ئێستاش وەک پزیشک هەر کاریگەری خۆی هەیە. پرۆفیسۆرئێدوارد براونی ڕۆژهەڵات ناس، بە هاوشانی ئەرستۆی داناوە. دکتۆر ماکس مەیەرۆڤی ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی، لەبارەی کتێبە گەورەکەی ئیبن سیناوە بەناوی (القانون فی الطب) دەڵێت «پێدەچێت هیچ کتێبێکی پزیشکی نەنووسرابێت هێندە لێکۆڵینەوەی لەسەر کرابێت و هێشتاش لەئێستادا لە ڕۆژهەڵاتدا بخوێنرێت». ئەو کتێبە کە پێنج بەرگە شێوازی وانە ووتنەوەی جالینۆس و ئەرستۆ بەیەک دەبەستێتەوە. کتێبێکی دوورو درێژەو ئەڕنۆڵد فیلانۆڤا پزیشکی ئیسپانی بە «شەڕە پشیلە « وەسف کردووەو ئیبن زوهری پزیشک و شاعیری عەرەبیش وەک «کاغەزی بێ کەڵکی فڕێدراو» وەسفی کردووە. دەی بەم دوایانەش لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بایەخی خۆی پەیداکردەوەو وەک کتێبی مەنهەجی لە زۆرێک لە زانکۆ پزیشکیەکاندا خوێنرا. تەنانەت لە مۆنبیلیەدا لەساڵی ١٦٥٠ دا دواجار چەند جارێک چاپکرا و زۆری توێژینەوەی لەسەر کرا. لەساڵی ١٩٢١ دا دکتۆر ئۆسکار گرونەری پزیشکی بەریتانی بەرگی یەکەمی کتێبەکەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی. ئەمانەش چەند نموونەیەکی قسە نەستەقەکانی ئەم کتێبەی ئینب سینان -:

١-بۆ ئەوەی لاشەو ساغ بێت، ئەبێ دڵت گەرم بێت، دەمارت(ئەعسابت) سارد بێت و ئێسکت سووک بێت.

٢- وورگ ئێشەی زۆر تای لەگەڵدا بێت مەترسیدارە.

٣-گەر نەخۆشێک دەستی جوڵاند، وەک بڵێی شت لەدەستی ئەکەوێتە خوار، ئەوە مانای وایە عەمری خوا ئەکا.

ئیبن سینا بۆ یەکەم جار لە کتێبی قانوندا، نەخۆشی سیلی وەک نەخۆشیەکی درمی وەسف کردووە. بەرگی پێنجەمی کتێبەکەی تایبەتە بە دەرمان و میتۆدەکانی ئامادەکردنی وکاریگەریەکانی. تا سەردەمی ڕێنیسانسیش کتێبی قانون

بڕواپێکراوترین کتێبی پزیشکی بووە. ئەم کتێبە زۆر زانیاری پزیشکی تیادایە، کە لە کتێبە مەنهەجیە پزیشکیەکانی سەردەمدا نیە. دوای لێکۆڵینەوە لەسەر هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێ بوون، ئیبن سینا ئامۆژگاری بەنرخ دەخاتە ڕوو، کە هێشتا دەکرێت کەڵکی لێوەرگیرێت. باسی لە کاریگەری سەرچاوەی ئاو، ژینگە، وەرزەکان، خۆشۆرین نووستن و نەمانی سۆز لەسەر تەندروستی کردووە و هەندێک خاڵی گرنگی لەسەر چارەسەری بەنرخی مۆسیقا خستۆتەڕوو. هەر لەو کتێبەدا ئامۆژگاری گەشتیارانی کردووە و باسی چاودێری کەسانی بەتەمەنیشی کردووە. میتۆدی دەربڕینەکەی، کە دڵنیایی و بڕواداربییە، لەوەی جالینۆس دەچێت و هەر بەو پێودانگەش بەزۆری شێوازی وانە ووتنەوەی چەندین سەدە دوای مردنی جێی متمانە بووە.

## نەشتەرگەرە عەرەبەکانی ئیسپانیا

عەرەبەکان لە بواری نەشتەرگەریدا زۆر شارەزا نەبوون. لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامداو تەنانەت بەدرێژای مێژوو و تا ئەم سەردەمانەی دوایش، نەشتەرگەری وەک بەشێکی لاوەکی زانستی پزیشکی تەماشا کراوەو ئەنجامدانیشی درابووەوە دەستی کەسانی تایبەتەوە وەک لە توێژەران. لەم ساتەی قسەی تیادا دەکەین، هێشتا لەمپەرێکی کاریگەرتر لە ڕێی پێشکەوتنی نەشتەرگەری هەبوو، ئەویش پشتگوێ خستنی زانستەکانی توێکاری و فەسلەجە بووە. لەسەردەمی ڕێنیسانسدا ئەم دوو زانستە بەنرخە لەڕیزی پێشەوەی ئەو زانستانە بوون بوژێنرانەوە. جالەبەر ئەوە زۆر گرنگە بزانین بە لێکۆڵینەوە لە کۆتای ئەو سەردەمەدا، نەشتەرگەرێکی عەرەب بە بیری نوێ وەدەرکەوت. ئەبو قاسمی زەهراوی (٩٣٦-١٠١٣ز) لە قورتوبە لەدایک بووە. لەو سەردەمەدا ئەندەلووس بوو بە قیبلەی زانستی پزیشکی. قورتوبە شارێکی بەرفراوان و گرنگ بووە و ژمارەی دانیشتووانەکەی زیاتر لە ملیۆنێک بووە و ناوەندی بازرگانی و ڕۆشنبیریش بووە. دەووترێت کتێبخانەیەکی دوو سەد هەزار کتێبی و پەنجا نەخۆشخانەشی تیابووە و لەسەدەی هەژدەیەمدا زانکۆی تیا بنیاتنراوە. بەمەدا دەردەکەوێت لەسەردەمی ئەم پزیشکە مەزنەدا شارەکە پێگەیەکی دیاری لە فێربوونی زانستی پزیشکیدا

هەبووە. ئەلزهراوی زۆری کاری کردووە تا نەشتەرگەری پێشبکەوێت. ووتوویەتی «دکتۆری لاکۆلان و بازاڕی و دواکەوتوو کارەساتیان بەسەر نەشتەرگەریا هێناوە».

(التصريف لمن عجز عن التأليف) بەناوبانگترین کتێبێتی و تیایدا بە تێروتەسەلی باسی زانستەکانی نەشتەرگەری و پزیشکی کردووە. ئەو بەشەی لەبارەی نەشتەرگەرییەوەیە، کە بەجیا نووسراوە، یەکەمین نووسینە لەبارەی نەشتەرگەری، کە بەوێنە ڕوون کرابێتەوە. ئەم کتێبە گەلێک وێنەی ڕوون کەرەوەی ئامێرو کەرەستەکانی نەشتەرگەری تیادایە. ئەلزەهراوی دەڵێت « دوو جۆر نەشتەرگەری هەیە، ئەوەی سوود بەنەخۆش دەگەیەنێت و ئەوەشی ماڵی نەخۆش کاول ئەکات». نەشتەرگەرێکی پارێزکار بووەو ئەمەش لە دروشمی «ئاگای» کە بە سەرەتاو کۆتای کتێبەکەیدایە، دەبینرێت. داخ کردنی پێ پەسەند بووەو یەکەمین کتێبیشی لەبارەی سوودەکانی داخ کردنەوە بووە. کتێبی دووەمی دەقاو دەق لە پۆڵس ئەخینی وەرگرتووەو لەبارەی نەشتەرگەری دەرهێنانی بەردو جۆرەکانی تری نەشتەرگەریەوەیە. کتێبی سێ یەمیشی تایبەتە بە شکان و لەجێ چوون. جێی خۆیەتی بەراووردی میتۆدەکانی نەشتەرگەری ئەلزەهراوی و نەشتەرگەرە عەرەبەکانی ئەمڕۆماندا بکەین، هەروەک هیڵتۆن سیمپسۆن لە کتێبەکەیدا باسی لێوەکردووە. لەسەدەی دوانزەدا ئیسپانیا بووبە قیبلەی زۆرێک لە پزیشکە عەرەبەکان. زۆر کەم لەبارەی ژیانی ئیبن زوهر(١٠٧٢-١١٦٢ز) زانراوە، بەلام زانستنامەکەی بەناوی (التيسير في المداواة والتدبير) کاریگەریەکی فرە گەورەی لە ئەورووپادا هەبووەو زۆر ڕوونووسی (کۆپی) بەلاتینیش ماوەتەوە. بەهۆی دۆزینەوەی هۆکاری ئالۆشی بەڵەکەوە، کە زیندەوەرێکی زۆر بچووکە و زۆر بەئەستەم دەبینرێت، ناوبانگێکی زۆری پەیدا کردووە.

ئیبن زوهر توێژەرێکی ووردبین بووە. هەندێک حاڵەتی سەرنجڕاکێشی تۆمارکردووە، بۆ نموونە: حاڵەتی شکانی لە ڕێگەی پشوودانەوە چارەسەر کردووە. دەووترێت یەکەم کەس بووە وەها ئامۆژگاری نەخۆشێکی تووشبوو بە تەسک بوونەوەی سورێنچک بەهۆی شافی خۆراکەوە کردووە « هەر نانی


برژاو و چۆلەکەی کولاو بخۆ و بۆ ماوەی دوو مانگیش لەسەر پشت ڕاکشە، بە جۆرێک نوێژەکانیشت هەر بەدڵ بکە». ئەویش واچاک بوویەوە هەروەک بڵێی هیچی لێ نەقەوما بێت.

ئیبن ڕوشد (١١٢٦–١١٩٨ز) هاوڕێ و قوتابی ئیبن زوهر بووە. فەیلەسوفێکی ئازادیخوازی قوتابخانەکەی ئەرستۆ بووە ، کە بیروڕا نوێگەریەکانی تووشی سەریەشەی زۆری کردووە. دوای ئەوەی زۆربەی ژیانی لەزیندانندا لە قورتوبە بەسەر بردووە، لە مەغریب کۆچی دوای کردووە. کتێبە پزیشکیەکەی بەناوی (الکلیات فی الطب) وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی لاتینی، لەگەڵ ئەوەشدا ئیبن ڕوشد زیاتر کاریگەری لەبواری فەلسەفەدا هەبووە.


فەیلەسووفێکی تری دیار موسای کوڕی مەیمونی (١١٣٥–١٢٠٤ز) جوولەکە بووە، کە لەشاری قورتووبە لەدایک بووە. لەکاتێکا هاتۆتە مەیدانەکەوە، خۆری ڕۆشنبیری عەرەبی لەئاوابووندا بووە. بیروباوەڕی ئیسلامی پێ ڕاست نەبووە، لەبەر ئەوە شاربەدەر کراوەو ڕووی لە وولاتی مەغریب و شاری قاهیرە کردووە. لەوێ یاساکان توند نەبوون و ناوبانگێکی وەها گەورەی پەیدا کرد، کە سەرباری ئەوەی جوولەکە بووە، کرایە پزیشکی سەلاحەدینی ئەیوبی، ئەو سەرکردەیەی زۆرجار لەگەڵ خاچپارێزەکاندا جەنگاوە. هەروەها دووترێت ڕیچارد شێردڵ، خۆی داوایکردووە ئەم پزیشکە کاری بۆ بکات، بەڵام ئەم ڕەتی کردۆتەوە. خۆی دەیش ووترێت ئەم ئەو پزیشکە بێت بەناوی (ئەلحەکیم) لە ڕۆمانی (Talisman) ی واڵتەر سکۆتدا. ڕێنمای نامەیەکی پزیشکی بەناوی (کتێبی ئامۆژگاری) بۆ کوڕە گەورەکەی سەلاحەدین نووسیووە. لەم ڕێنمای نامەدا ئیبن مەیمون باس لەوە دەکات سەروەت وسامان گرنگیەکی ئەوتۆی نیە.

کەسایەتی گرنگە و خۆشبەختی ڕاستەقینە تەنها لە ڕۆحانیەتدایە. لە یەکێکی تر لە نووسینەکانیدا باسی کاریگەریەکانی ژەهری کردووە، بەتایبەتی پێوەدانی مار، دووپشک وگازگرتنی سەگ ولەهەمووشی خراپتر گازگرتنی کەسی ڕۆژووەوانە. چارەسەرەکەشی بریتیە لە کردنەوەی شوێنی برینەکە و دەرهێنانی ژەهرەکە لەڕێگەی مژینەوە بە کەڵەشاخ، شەقکردن ، داخ کردن و دانانی برین پێچێکە بەسەر

برینەکەدا، گەر برینەکە لە پەلەکاندا بێت. وتوویەتی  نەخۆشی هاری نەخۆشیەکی درێژخایەنە. لەم بەرهەمە و هەروەها لە توێژینەوەکەی  بەناوی (لەبارەی هۆکارو سروشتی نەخۆشیەوە) ئەم پزیشکە لە ڕێگەی پێدانی هەندێک دەرمانی سادە لەبری تێکەڵەی ئاڵۆزو دژایەتی کردنی هەموو جۆرەکانی جادوو ئەستێرەناسی، دانایی خۆی سەلماندووە. بەگەلێک هۆکار لەم توێژینەوەدا دەردەکەوێت  ئەم پزیشکە لەسەردەمی خۆیدا زۆر دووربین بووە و هەروەها دانایانە گرنگی بە بوونی  هەوای پاکژ داوە.  بڕوای وابووە ئەبێت عەقڵ و جەستەش  هەردووک پێکەوە تەندروست بن . (ڕوانینی جالینۆس بۆ پەندەکان ) بەنرخترین کتێبێتی . لەم کتێبەدا  ١٥٠٠ ووتە لە ژێر ٢٥ ستوونەدا ڕێک خراون. هەمووشیان بەرجەستەی وانەکانی جالینۆسن و بەکورتەیەکی ستایش ئامێزانە دەربڕدراون. ئەو پزیشکە پیشەوەرە سەرقاڵانەی  کاتیان نیە لە  بەرهەمە ڕەسەنەکان و ئاڵۆزەکانی جالینۆسدا بەدوای زانیاریدا بگەڕێن، دەتوانن سوود لەو کتێبە کورتەی موسای کوڕی مەیمون وەربگرن.  موسای کوڕی مەیمون زۆر کاری  لە قاهیرەدا کردووەو نووسینە ئەدەبیە باڵاکانی دەری دەخەن توێژەرێکی چوست و چالاک و کۆششکارێکی ماندوونەناسیش بووە. کتێبی (پەندەکان) بەووردی پەراوێزی بۆ داناوە و ئاماژەی بۆ  سەرچاوەی هەر قسەیەکیشی کردووە. موسای کوڕی مەیمون هەر پزیشکێکی بەناوبانگ نەبووە، فیلەسوفێکی بەهرەمەندیش بووە. لە کتێبی  (Guide for the perplexed) دا کاری لەسەر ئاشت کردنەوەی ئاین و زانستی پزیشکی کردووە و ئەوەشی خستۆتەڕوو ئەم دووانە  تەواوکەری یەکدین. لای ئەو هەمیشە مرۆڤایەتی لە پێش هەموو شتێکەوە بووە. گۆڕەکەی لە شاری تەبەریەیە لە ئیسرائیل و  هێشتاش خەڵک زیارەتی دەکەن. ئەمەش جێی سەرسوڕمان نیە چونکە لای هاوپیشەکانی زۆر ڕێزی لێنراوەو بە یەکێکیش لە مەزنترین پزیشکە جووەکان دانراوە. هەموو کتێبەکانی بە زمانی عەرەبی نووسراون و کۆمەڵێکی کەمیان وەرگێڕانیان بۆ کراوەو لەسەدەکانی پانزەو شانزەدا بەزمانی لاتینی چاپ کراون، بەڵام هیچ کتێبێکی بەزمانی ئینگلیزی لەبەردەستدا نین.



چارەسەرکردنی ترازانی کۆلەکەی پشت: ئەم وێنانە لە کتێبی (قانون فی الطب)ی ئیبن سیناوە وەرگیراون.



کەلووی کڵێسای شاری قورتوبە کە ناوەندی ڕۆشنبیری عەرەبەکان بوو لە ڕۆژئاوادا.
دیارە ئەم کڵێسایە پێشتر مزگەوت بووە.

## دۆخی نەخۆشخانەکان لە کۆتای سەردەمی ئیمپڕاتۆریەتی ئیسلامدا

پێشووتر باسمان لەگرنگی نەخۆشخانە فێرکاریە گەورەکانی جوندی شاپوورو بەغدا کرد. لەو نەخۆشخانانەش گرنگتر، نەخۆشخانەکانی دیمەشق و قورتوبەو قاهیرە بوون. بۆ نموونە نەخۆشخانەی مەنسوور لە قاهیرە بۆ حاڵەتە گشتیەکان، بۆ هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ بۆ برینداران، بۆ نەخۆشیەکانی چاو و بۆ تا بۆ سارکردنەوەش، قاوشی هەبووە. حەوشەی بۆ وانە ووتنەوەش تیادابووە، کە باخچەیەکی ڕووەکی و دەرمانخانەیەک و کتێبخانەیەکی بە دەستەیەکی شەش کارمەندی تیادا بووە.

لەو نەخۆشخانەدا پەنجا کەس شەوڕۆژ بەبێ وەستان قورئانیان خوێندووە، لە کاتێکا لە شەودا مۆسیقای خاو لێدەدرا تا ئەوانەی خەو زڕاو بوون بحەوێنەوە. هەروەها چیرۆک خوانەکانیش هەموانیان کەیف خۆش دەکرد. هەموو نەخۆشێک لەکاتی دەرچوونی لە نەخۆشخانە بڕێک پارەی پێویستی پێدەدرا و چاک دەبوویەوە تا ئامادەی کارکردن دەبوو! ئێدوارد تیۆدۆر ویزنتۆنی پزیشکی بەریتانی دەڵێت "ئەم نەخۆشخانەیە لەساڵی ١٥٨٤ دا بنیاتنرا. وەستاو تەختەسازەکانی لەسەرانسەری میسرەوە هێنرابوون. بێ ئیشەکانی سەر شەقام و غەوارەکان، پێگەیان هەرچی بوو بێت، ناچار کراون لەم کارە پیرۆزەدا جێدەستیان دیار بێت، بەجۆرێک زۆرینەی خەڵک خۆیان کاریان تیاداکردووە".

کاتێک ئەم نەخۆشخانەیە کرایەوە، خۆری پزشنگداری زانستی پزیشکی لای عەرەبەکان ئاوابوو بوو. ئیمپڕاتۆریەتی ئیسلامی ناچار بوو ملکەچی فەرمانە قورسەکانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا ببێت. لەساڵی ١٢٣٦ دا شاری قورتوبە کەوت، دوو سەدە دواتریش شاری گرانادا کەوت. لەساڵی ١٢٥٨ دا مەغۆلەکان شاری بەغدایان وێران کرد. وولاتانی ئیسلامی هێندە تێک چوو بوون هەر کەڵکی فێربوونیان بۆ توێژەران تیا نەما و هەرچۆنێکیش بێت زانکۆی پزیشکی بەناوبانگی سالێرنۆ پێگەی خۆی زۆر بەباشی قایم کرد. جارێکی تر ئەورووپا بوو بە ناوەندی ڕۆشنبیری جیهان.

بەو جۆرەش سەردەمی زێڕینی زانستی پزیشکی لای عەرەبەکان کۆتای هات. بەپێی هەندێک توێژینەوەی تریش ڕۆڵی عەرەبەکان لە پێشخستنی زانستی پزیشکیدا هەر گەورەتربووە لەوەی ئێستا بانگەشەی بۆ دەکرێت. ئەوەی ئەم ڕۆڵە گەورەیە دەردەخات ئەوەیە عەرەبەکان نەک هەر پاریزگاریان لە زانستی پزیشکی یۆنانی کرد، بەڵکو خۆشیان داهێنانی نوێیان کرد. دکتۆر ئۆتۆ مەیەرۆڤی ئەڵمانی دەڵێت " زانستی پزیشکی ئیسلامی ڕەنگ دانەوەی ڕووناکی خۆری سەردەمی هیلینیکی بوو. کە سەردەمەکەی تەواو بوو، وەک مانگ لەسەردەمە تاریکەکاندا دەدرەوشایەوە. هەندێک ئەستێرەی گەشاوە ڕووناکی خۆیان بەخشی و مانگ و ئەستێرەکانی هاوشێوەی لەبەرەبەیانی سەردەمی ڕێنیسانسدا وون بوون، هەرچەندە کارگەیان تا ئەمڕۆش دەبینرێت".

## زانستی پزیشکی لای ڕەبەنەکان

دوای کەوتنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، زانستی پزیشکی بە دوو ئاڕاستەی جیا پەلی هاویشت، کە پێنج سەدە دواتر لە زانکۆی پزیشکی سالێرنۆ یەکیان گرتەوە. یەکێک لە ئاڕاستەکان، زانستی پزیشکی بووە لای عەرەبەکان، کە هەر ئێستا گەشتێکی دوو درێژمان بە نێویدا کرد. ئاڕاستەیەکی تریان، کە خۆی لە زیندان و دێر و کڵێساکاندا دەبینیەوە، هەندێک جار بە زانستی پزیشکی ڕەبەنەکان ناودەبرێت. کارێکی هەروا ئاسان نیە خۆمان لەقەرەی ئەم بابەتە بدەین. ئەم ئاڕاستەیە پێشکەتوو نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا خزمەتێکی گەورەی کردووە بەگواستنەوەی بۆ سەردەمێکی ڕۆشنگەرتر، کە بووە بەشێک لە میراتی گەورەی زانستی پزیشکی یۆنانی. پێدەچێت بەو جۆرە نەبووایە لەناو بچووایە. گەڕانەوەی زانستی پزیشکی بۆ سەر دەستی قەشەکان جێی سەرسوڕمان نەبوو. یەکێک لەبنەما سەرەکیەکانی ئاینی مەسیحی چارەسەرکردنی نەخۆش بووەو خۆدوورگرتنی ژیرانە بووە لە شەڕی دونیایی، کە کڵێساکان پێشکەشیان دەکرد. لەو کاتەدا دەست نووسەکانی شارەزایانی زانستی پزیشکی یۆنانی لە کڵێسادا پارێزراوبوون. بۆ چەندین ساڵ زۆرێک لە ڕەبەنە نەناسراوەکان تەنها هەوڵیاندا نووسینی نووسەرە کلاسیکیەکان ڕوونووس بکەن(کۆپی کردن)، وەرگێڕن و

ڕاڤەیان بۆ بکەن. زۆرجار باخچەیەکی گیای لە تەنیشت کڵێساکان هەبووە، کە تیایدا چارەسەری گیای سادە بەرەوی پێدەدرا. بەشێکی تریش بریتی بوو لەخانەی پەککەوتووان، کە تیایدا نەخۆش چاودێری دەکرا تا دۆخی تەندروستی باش دەبوو.

دەی وەسیلە فیزیکیەکانی چارەسەر تەنها وەک بەشێکی ئاسایی چارەسەر لای ڕۆمانەکان تەماشا دەکرا. خۆی گەر سەرەتا مەسیحیەکان نەخۆشیان وەک سزای تاوان نەبینایە، هەروەک پێشێنە بت پەرستەکان وابوون، لای کەم دەکرا بەشێوەیەکی هێمانەنە وەک ڕێسایەک دەست و پەنجەیان لەگەڵ نەرمکرایە. گومانی تیادا نیە توێژینەوە لەسەر هۆکارە سروشتیەکانی نەخۆشی ئەنجام دراوە. سەیر لەوەدا بووە ئەو وەسیلانەی چارەسەر کە کڵێسا بەپەسەندی زانیون، وەک هەمان ئەو وەسیلانەی پەرستگاکانی ئەسکولاپیەس بوون. نوێژ، سروتی ئاینی و نزا لە دەرمان بە گرنگتر دەزانران و نەخۆشیش ڕووی لەو کڵێسایانە دەکرد، کە قەشەو گیان بەخشان شێلگیرانە تیایاندا خزمەتیان دەکرد. پەیمانەکانی بەخشین زیندوو ڕادەگیران. هەروەها خەواندنی موگناتیسی کاری پێدەکرا، هەرچەندە ئێستا لە جیاتی کڵێسای مەسیحیەکان لە پەرستگای بت پەرستان کاری پێدەکرێت.

لە نێو ئەو قەشە مەسیحیانەی لەسەرەتای مەسیحیەتدا سەرقاڵی چارەسەرکردن بوون، دوو برای دووانە بوون بەناوەکانی کۆسماس و دامیان. ئەم دوو قەشە پزیشکە عەرەب بوون، کە زۆر گەڕاون و لەبارەی مەسیحیەتەوە ووتاریان داوەو نەخۆشیان چارەسەر دەکرد. نە بە سووتاندن و نە بە بەردبارانکردن نەتوانراوە بکوژرێن. بڕیاردرا لەڕێگەی خنکاندیان لەئاودا لەناو ببرێن و دوو فریشتە رزگاریان کردوون. لەساڵی ٣٠٣ زاینیدا سەربڕدراون! بوونەتە یارمەتیدەری قەشە نەشتەرگەرەکان و موعجیزەکانیان، کە لەسەردەمی ژیانیاندا پیشانیان دەدا، دوای مردنیشیان لە کڵێساکانی بیزەنتیم (قوستەنتینیە) و شوێنانی تر هەر دەبینران. لەو سەردەمەدا کەسانی نوێگەر نزیک بوون لەوەی لەسەر دەستی مەسیحیەکان تووشی دەردەسەری ببن. جێی سەرسوڕمان نیە پرسیلیانی ڕەبەنی ئیسپانی

لەساڵی ٣٨٥ زاینیدا زیندە بەچاڵ کراوە، هەر لەبەرئەوەی بانگەشەی کردبوو کە بە جۆرێک لە جۆرەکان نیشانەکانی بازنەی بورجەکان کاریگەری لەسەر فرمانی ئەندامە جیاوازەکانی لەش هەبێت. ئەم ڕوانینەش دواتر سنگ فراوانە قبوڵ کرا! قەشە پاتریک، کە لە ئیرلەندادا کاری مژدەبەخشی دەکرد، لەوێ ناوەندێکی تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە کردەوە. قەشە کۆلۆمبا، گاڵ و کوثبێرت دواکەوتەی ئەو بوون. قەشە کۆلومبا لە دوورگەی بچووکی ئیۆنای سکۆتلەندادا لەساڵی ٥٦٣ دا گیرسایەوە و کڵێسایەکی بنیاتنا، کە باخچەیەکی گیای و خانەی پەککەتووانی تیادابوو. قەشە گاڵ لەساڵی ٦١٤دا سەرانسەری سویسرا گەڕا.

هێشتا یەکێک لە کانتۆنەکانی ئەو وولاتە هەر بەناوی ئەوەوەیە و ئاسەواری کڵێساکەی و باخچەکەی هەر ماوەتەوە. باخچەکەی شوێنی تایبەتی بە ڕووەکە پزیشکیەکانی وەک : شلێر، مریەم، ئەسپەندی، ڕازیانە، نەعناع، پونگە، گوڵبەندی، شاخی، زیرەو گەلێکی تری تیادا بووە. قەشە کونبێرت، کە لەساڵی ٦٣٥ دا لەدایک بووە، لە دوورگەی لیندیوڤارن لە کەناراوەکانی نۆرثمبریان لە سکۆتلەندا نیشتەجێ بووە. دەست نووسێکی وێنەی سەدەی دوانزە لە کتێبخانەی بۆدلیاندا هەیە، باسی زۆرێک لەچارەسەرە موعجیزە ئاساکانی ئەوی تیادایە.

## ڕۆڵی قەشە کۆشکارەکان لە بەرەوپێش بردنی زانستی پزیشکیدا

لەسەدەکانی ناوەڕاستدا جگە لە قەشە کۆسماس و دامیان و ئەوانەی تر کە باسمان کردن، زۆری تر هەبوون خەریکی چارەسەرکردنی نەخۆشی بوون. هەر کە کڵێسای مەسیحی لە سەرەتای سەردەمی مەسیحیەتدا دەسەڵاتی بەرفراون بوو، قەشە کۆششکارەکان هەوڵیاندا جێگرەوە بۆ نیشانەکانی بازنەی بورجەکان بدۆزنەوە، کە وابڕوا دەکرا کاریگەریان لەسەر ئەندام و بەشە جیاوازەکانی مرۆڤ هەبێت. جا قەشە بلێس قورگی پێ بڕاو، قەشە بێرتاردینیس سیەکان، قەشە ئاپۆیۆتاش دانەکان، قەشە لاورەنس پشت و قەشە ئیرامۆرسیش وورگ. هەندێک جار زیاتر لە قەشەیەک ئەندامێکیان بەرکەوتووە، بۆ نموونە:- ئەو قەشە

کۆششکارەکانی ئەندامی چاویان پێبڕاوە، قەشە بریگێت و تریدرداناو لووسیان بوون. ئەمەش بەگوێرەی شوێنەکانیان بووە. زۆرجار ئەم پەیوەندیدارکردنە لەسەردەمی ژیانی قەشەکان ناودەنرا. بۆ وێنە، دەووترێت تریدوانای سکۆتلەدا، کە سەرۆک هۆزی پیکت عاشقی چاوەکانی بووە، چاوەکانی دەرهێناون و پێشکەشی خۆشەویستەکەی کردووە و بەشیش تەقاندوونی! وێنەکانی قەشە تریدران هەر بۆ خۆیان بەڵگەی ئەم ڕووداوەن. ئەم باوەڕبوونە بە نەریت کەلەناوبردنی سەختە، بەو ڕستەیە دەسەلمێنرێت بەوەی لەم دوایانەدا لەساڵی ١٩٢٧ دا بە بۆچونی دکتۆر جۆن کۆمڕی ئەوانەی تووشی نەخۆشیەکانی چاو دەبن هێشتا لە هۆلی ڕوود لە ئێدنبرە سەردانی بیری قەشە تریدوان دەکەن، هەرچەندە بیرەکە لەشوێنی خۆی لابراوەو براوەتە شوێنێکی تر نزیکی میلێک دوورە.

ئەو قەشانەی تر کە شانازی هەبوونی هێزی چارەسەری نەخۆشیە دیارەکانیان پێبڕاوە، قەشە دیمفنایە، کە شەهیدێکی سەدەی حەڤدە بووە و یەکێک بووە لەو قەشانەی نزای کردووە تا شێتی چارەسەر بکا. قەشە ئاڤێرتین نزای بۆ چارەسەری سەرەگێژەو گەشکە کردووە، لەکاتێکدا قەشە ڤیاگرێ نزای بۆچارەسەری نەخۆشیەکانی ڕیخۆڵە ئەستوورە و مایەسیری یان قنچکە سلاوە کردووە، کە دیارە ئەم نەخۆشیانە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بەریلاو بوون. پەیکەری ئەم قەشەیە لە خانەی پشوودانی میوانان بووە لە پاریس، کە لەوێ بۆ یەکەم جار گالیسکە بەکرێ دراوە. ئەمەش بووە هۆی هاتنە دونیای ووشەی فەڕەنسی (fiacre)، کە مانای ژوریلەی ئەسپ دەگەیەنێت. قەشە ڕۆک یەکێک لەناودارترین قەشە کوششکارەکان بووە، کە نزای بۆ چارەسەرکردنی تاعون کردووە. ئەم قەشەیە لەسەرەتای سەدەی چواردەیەم لە خێزانێکی خانەدان لە مۆنبیلیە لەدایک بووەو تواناو سامانی خۆی بۆ خزمەتی تووش بووانی ئەم نەخۆشیە تەرخان کردووە، کە لە ئەورووپادا ماڵوێرانی لێکەوتەوە. هەڵگری پەیامی میهرەبانی بووەو سەردانی گەلێک شاری کردووەو خودی خۆشی لەشاری پیاچێنزا بووەتە قوربانی نەخۆشی تاعون. لەوێ لەپاڵ دیوارەکان لێکۆڵینەوەی کردووە تا کۆچی دوایی کردووە. هەموو ڕۆژێک سەگەکەی پارچەیەک نانی بۆ هێناوەو کەس شوێنیشی نەزانیوە. پاشان شەوێک فریشتە دەرکەوتووە و

ئازارەکەی چارەسەرکردووە! دوای ئەوەی گەڕاوەتەوە زێدی خۆی لە مۆنبیلیە، خەڵک نەیانناسیوەتەوەو وایان زانیوە سیخوڕ بووە و دەست گیر کراوەو خراوەتە زیندانەوە. لەوێ مردووەو ئەم نامەیەشی لەدوای خۆی بەجێهێشتووە " نزام بۆ هەموو ئەوانە کردووە کە تووشی نەخۆشی تاعوون بوون". ئەم نەریتەی قەشە ڕۆک دەمودەست شوێنی خۆی نەگرت، بەڵام لەسەدەی پانزەیەمدا زۆر کاری لەسەر کرا. پەیکەرەکەی زۆرجار لە ڕێپێوانەکاندا هەڵگیراون تا پشکنینی نەخۆشی پێبکرێت! هەردوو قەشەش سەبەستیان و سیپریان کاریان بۆ چارەسەری نەخۆشی تاعون کردووە.

## سەمای سایدنهام و ژەهراوی بوون بە ئێرگۆت

هەندێک لە قەشەکان ناویان بەناوی نەخۆشیەکانەوە بووە. نموونەیەکی دیار قەشە ڤیتۆس یان نەخۆشی کۆریایە (لەرزەیە). قەشە ڤیتۆس گەنجێکی شاری سیسیلی بووە پێش ئەوەی لەسەردەستی ئیمپڕاتۆر دیۆلێکتان لەساڵی ٣٠٣ دا شەهید بکریت، نزای دەکر تا هەموو ئەوانەی یادی ڕۆژی شەهید بوونی دەکەنەوە، لە نەخۆشی سەمای شێتێتی (سایدنهام) پارێزراو بن. سەمای قەشە جۆن یان قەشە ڤیتۆسە کە زۆر پەیوەندی بە قەشە ڤیتۆسەوە هەیە، نیشانەکەی ئەوە بووە کەسی تووش بوو بەردەوام بەدەم وورێنەکردنەوە سەمای کردووەو تەواو کونترۆڵی لەدەست داوە و بەهۆی ماندووبوون بەزەویدا کەوتووە. جا دواین نەخۆشی زانراو ئەم نیشانەی هەبوو بێت لەسەدەی چواردەیەمدا لە ئەڵمانیاو هۆڵەندادا بڵاوبووەتەوە، سەردەمەکەی لەگەڵ سەردەمی بڵاوبوونەوەی تاعوون نزیکە. سەمای شێتێتی مێژووەکەی بۆ سەدەی دەیەم یان پێشتر دەگەڕێتەوە و ناوبەناویش لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بڵاوبووەتەوە. لەئیتاڵیادا بەتایبەتی لە ئاپۆلیادا هۆکاری بڵاوبوونەوەکەی بۆ گازگرتنی جاڵجاڵۆکەیەکی ژەهری بەناوی گورگە جاڵجاڵۆکە دەگەڕێنرێتەوە و ووتراویشە لەڕێگەی مۆسیقای خاوەوە چارەسەرکراوە. نەخۆشی (ئاڵوودەبوونی سەماکردن) دوای نەمانی نەخۆشی سەمای قەشە ڤیتۆسی ئەڵمانی، لەسەدەی حەڤدەدا زۆر باو بووە. سەمای شێتێتی ئەڵمانی وەک کاری شەیتان لێی ڕوانراوەو واش باوەڕ دەکرا تەنها چارەسەرەکەی

هەر لە کڵێسادا بێت، تا پاراسێلسوس سەلماندی ئەوە تەنها نەخۆشیەکەو ناوەکەیشی سەمای شێتێتیە. ئەو نەخۆشیانەی پاراسێلسوس ڕاستی بوونیانی سەلماندووە، نابێت بەناوی قەشەکانەوە ناوبنرێن چونکە هۆکاری سەرهەڵدانی هەموویان بۆ هۆکارە سروشتیەکان دەگەڕێنرێتەوە.

ئەوەشمان بیرنەچێت لەبارەی نەخۆشی پیرۆزکراوی فێوە، هەمان بۆچوونی هەبووە. قەشەیەکی تر، کە ناوەکەی بەسەر نەخۆشیدا براوە، قەشە ئەنتۆنی بووە. زۆر لێکدانەوە بۆ ئاگرەکەی ئەنتۆنی کراوە. هەندێک جار ناوەکە لە سەردەمی نوێدا بۆ نەخۆشی سوورکەش بەکاردەهێنرێت. قەشە ئەنتۆنی لەساڵی ٢٥١ دا لەووڵاتی میسر لەدایک بووە. ئەو نەخۆشیەی ناوی ئەمی بەسەردا براوە، درم ئاسا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەربڵاوبووە، کە ئەم ناوانەشی هەبووە (ignis sacer) (mal des ardents),( feu sacre). ئەوەی دواییان ئێستا واباوەڕ دەکرێت بە ناوی تاعوونە ڕەش بێت. دوانەکەی تریان هاو واتای " ئاگرەکەی قەشە ئەنثۆنی " بوون. هەندێک حاڵەت یان درم لەوانەیە سوک بوو بن، بەلام لێکدانەوەی ژیرانە دەری دەخات ئاگرەکەی قەشە ئەنثۆنی پەیوەندی بە ژەهراوی بوون بەمادەی ئەرگۆسەوە هەبووبێت. ئەو قوتابیانەی بەدەست ئازاری سوتێنەری توندەوە ناڵاندوویانە و پەلەکانیان گرژ بوون، قۆناغێکی درێژو ئەوپەڕی ئازاراوی یان جیابوونەوەیان بەدوا هاتووە. نەخۆشیەکە لە سەدەکانی دەیەم و یانزەیەمدا لە فەڕەنسادا زۆر بەربڵاو بووە، بەڵام زۆر نەخۆشی تر دوای ئەوە سەریان هەڵداوە. لەسەدەی نۆزدەیەمدا نەخۆشی ژەهراوی بوون بە ئەرگۆس لە ڕووسیادا سەری هەڵداوە. قەشە ئەنتۆنی پیاوێکی باڵا بەرزی گاڵۆک بە دەست بووە . زەنگی پێبووە و بەرازێکی لەپاڵدا بووە و زەنگێک بەیەکێک لە گوێیەکانیەوە بووە. کۆمەڵێک ئاوها وەسفیان کردووە. کۆمەڵێک لە فەرمانڕەوا ژیرو دیارەکان پاڵپشتی هەنگاوەکانی فێربوونیان لای ئەو ڕەبەنانە لەسەردەمە تاریکەکاندا دەکرد. ثیۆدۆریکی شای ئۆستروگۆتەکان ئەو ووڵاتانەی داگیری کردبوو سوودی لە کلتوریان وەردەگرت وپاڵپشتی ڕەبەنەکانی کرد تا چاودێری نەخۆشەکان بکەن. پێشووتر پزیشکە ڕۆمانەکانیش هەروایان کرد. وەزیری دەسەڕاسی کاسیۆدۆڕۆس لە خاکی باوباپیرانی خۆی لە سیکلاشی

لە کالابریای ئیتاڵیادا دوو کڵێسای بنیاتناو پاڵپشتی کۆکردنەوەو ڕوونووسکردنی دەست نووسە پزیشکیەکانی کرد. قەشە بینديکیتی نورسیا لە کاری خێرخوازیدا لەگەڵ ثیۆدۆریکدا بوو.یەکێک لە ئامانجە سەرەکیەکانی چاودێریکردنی نەخۆش بووە. یاساکانی ڕەبەنە بینديکیەتیەکان کەمتر توونـد بوون و زیاتر تەندروست بوون وەک لە یاساکانی تر. کاتژمێرەکانی خەو و ڕاهێنان کردن گونجاو بوون و هەروەها کاتێکی زۆریش بۆ لێکۆڵینەوەو لەبەرگرتنەوەی دەست نووسەکان هەبووە. ئەمەش لای دەسەڵاتداران پەسەند بووە. ڕەبەنەکان پاڵپشتی دەکران تا لێکۆڵینەوە لە زانستی پزیشکی یۆنانی بکەن و بەرهەمەکانی هیپۆکرات و جالینۆس و دوانبێژە بێزەنتیەکان بخوێننەوەو لەسەری هەمووشەوە شارەزای لە بەرهەمەکانی دیۆسکۆردیس  لەسەر سروشت و بەکارهێنانی گژوگیا، پەیدا بکەن. لەسەر لووتکەی تلەی بەردینی مۆنت کاسینۆ لە نزیک سالێرنۆ بیندیکت کڵێساکەی بنیاتنا، کە بووە هەنگاوێکی گرنگ لە دامەزراندنی یەکەمین زانکۆی بەناوبانگی پزیشکیدا. شارڵمان و ئەلفرێدی مەزن لەنێو ئەو فەرمانڕەوا مەزنانەدابوون  کە هەوڵەکانی  ڕەبەنەکانیان بەلاوە چاک بووە .  (The Leech Book of Balk) کۆنترین دەست نووسی پزیشکیە مابێتەوەو لەسەدەی دەیەمدا نووسراوە. ئەم دەست نووسە کۆمەڵێک  نووشتەی سەیرو سەمەرە و ناوی گەلێک چارەسەری گیای و چۆنیەتی بەکارهێنانیانی تیادابووە. پێش ئەوەی کۆتای بەم  بابەتە ووشکەی زانستی پزیشکی لای ڕەبەنەکان بهێنین ناوێکی تر هەیە ئەبێت بێتە نێو ناوان، ئەویش هێڵدیگاردبینگە (١٠٩٨-١١٧٩ز)، کە باوەڕ دەکرێت زۆر چارەسەری موعجیزە ئاسای لا بوو بێت.

ئەم خانمە ڕۆشنفکرو و دانایە هەندێک جار بەناوی قەشە هێێدگاردەوە ناوی هێنراوە. دوای مردنی وەک قەشە نەناسراوە و بەزۆری  وەک ڕەبەن لە کڵێسای بندیکتندا لە شارۆچکەی بینگێن لەسەر ڕووباری ڕاین ژیاوە. لەبواری زانستی پزیشکیدا  زۆر کاری نەکردووە و سەرنجڕاکێشترین نووسینەکانی ئەوانەن باس لە ڕوانینەکانی دەکات لەبارەی پێکهاتەی گەردوون و سروشتی ڕۆح. ئەو وێنە ناوازانەی لە بەرهەمەکیدایە بەناوی  (Scivias) لەوێنەکانی ولیام بلەیک دەچێت. خۆی هەندێکیان زنجیرە هێڵیکی  بەرگریکارانەن  کە بۆ دکتۆر چارڵس سینگەری

دەردەخـەن، هێڵـدگارد بەهـۆی شـەقیقەوە مـردووە. کتێبـی (physica) هەندێـک چارەسـەری نایابـی تیادابـووە. بـۆ چارەسـەری گـەڕی مەڵهەمێکـی دانـاوە کـە لـە جگـەری یـەک شـاخەی ئەفسـانەیی و سـپێنەی هێلکـە دروسـت کـراوە و تەنانـەت بـە خوێنەریش دەڵێت چۆن یـەک شـاخە بگیرێت بـەوەی کیژۆڵـە بکرێتـە داو بۆی.

## زانکۆی پزیشکی سالێرنۆ

بەشـە سەرنجڕاکێشـەکەی کەناراوەکانـی شـاری سـالێرنۆ کـە نزیکـەی سـی و پێنج میلێک لـە باشووری ناپۆلیەوە دوورە، وەک پێگەی یەکەمین زانکۆی پزیشکی دەستنیشـان کراو لـە ئەوروپادا مایەوە. لـە سـالێرنۆ بەجۆرێک لـە جۆرەکان دوای پێنـج سـەدە لـە چـەق بەسـتوی لـە کڵێسـاکانی جیهانـی مەسـیحیەت و لەشـارەکانی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی، فێربوونی زانستی پزیشکی لەسـەر بناغەیەکی پتەو خۆی گرت. زانکۆی سـالێرنۆ نـە هیـچ بلیمەتێکی تیاهەڵکەوت و نـە هیـچ دۆزینەوەیەکی نـاوازەی تیابـوو. دەی لانـی کـەم دەتوانیـن بانگەشـەی ئـەوە بکەیـن ئـەو تـۆوەی لەوێ چاندرا بەرهەمەکەی بەتـەواوی لـە دوای چەند سـەدەیەکی کـەم لەسـەردەمی پرشنگداری ڕێنیسـانس بینرا. بەهـۆی ئـەوەی لەسـەرەتای سـەردەمی ڕۆمانەکانـەوە، پەناگەیەکـی پزیشـکی بەناوبانـگ بـووەو بەئاسـانی لـە هەمـوو لایەکـەوە خەڵکـی پێدەگەیشـت و نزیکـی ئـەو شـوێنانەی سیسـیلی و باشـووری ئیتاڵیـا بـووە، جێـی سەرسـوڕمان نیـە کـە سـالێرنۆ وەک (کۆمەڵگـەی هیپۆکـرات) هەڵبژێرابێـت، کـە شـوێنی یەکتربینینی پزیشـکان بووە لە هەمـوو ڕەگـەز و بیروباوەڕەکان. سـەردەمی پێشـکەوتنی سـالێرنۆ سـەردەمی خاچییەکانیشـی گرتۆتـەوە. سـەبارەت بـە مێـژووی سـەرەتای زانکۆکە زۆر زانیاری وورد لەبەردەسـتدا نیە. بەپێی گێڕانـەوەکان چـوار کەسـایەتی دیـار بەناوەکانـی ئێلینۆسـی جـوو، پۆنیتوسـی یۆنانـی، ئەداڵـی عـەرەب و سـالێرنۆی لاتینی، دایانمەزراندووە. هیچ نەبێت وەها گێڕانەوەیەک دوو دەرەنجامی لێهەڵەنجێنرێت: زانکۆکـە بـۆ هەمـووان بـەدەر لـە جیـاکاری زمـان و نەتـەوە کـراوە بـووە و دامەزراویەکـی عیلمانـی بـووە نـەوەک ئـەوەی هەندێـک والێکیـان دەدایـەوە بەرهەمـی کەنیسـەی نزیـک لـە مۆنت کاسـینۆ بـوو بێت. دەی زانراویشـە پەیوەنـدی دۆسـتانە لـە نێـوان ڕەبەنەکانـی بیندیکتن و سـالێرنۆشـدا دا هەبـووە. پێدەچێت کەمـە

گومانێکیش لەسەر ئەوە هەبێت دەست نووسە پزیشکیە کۆکراوە بایەخدارەکان لە مۆنت کاسینۆدا بۆ پزیشکانی سالێرنۆ لەبەردەستدا بوو بن. هەندێک پیان وایە شارڵمان زانکۆکەی دامەزراندبێت و هەندێکی تر وای بۆ دەچن بەرهەمێکی ڕەسەنی پزیشکی عەرەبی بوو بێت، بەڵام بەڵگەی بەهێز بۆ سەلماندنی هەریەک لەم بۆچوونانە لەبەردەستدا نیە.

ئێستا بەگشتی هەمووان کۆکین لەسەر ئەوەی زانستی پزیشکی لە سالێرنۆ بە کەمی یان هیچ کاریگەریەکی عەرەبەکانی لەسەر نەبووە. جا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ قسەی هەستینگ ڕاشداڵی فەیلەسووف و بیریاری ئینگلیز، کە لە کتێبە بەناوبانگەکەی بەناونیشانی (زانکۆکانی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا) دەڵێت " تا ئێستا زیادبوونی ناوبانگی سالێرنۆ بەهۆی کاریگەری ڕۆژهەڵاتەوە بووە و هەر ئەم کاریگەریەش بووە داغان بوونی زانکۆکەی لێکەوتەوە. پێشکەوتنی زانستی پزیشکی لە وولاتانی تر، بووە هۆی ئەوەی عەرەبەکان زیاتر گرنگی بەو زانستە بدەن لە سەدەی سیانزەیەمدا. بەمەش پارێزکارەکانی (کۆمەڵگەی هیپۆکرات) جەماوەریان پاشەکشەی کرد. ئەو ڕاستیە بەرچاوانەی هەڵێنجراون لە ڕێگەیەکی تاڕادەیەک ناڕووندا لەبارەی سەدەی نۆیەمەوە ئەوەیە زانکۆکە لەسەدەی دەیەم و یانزەدا ناوبانگەکەی گەشتە لووتکە، لەسەدەی سیانزەیەمیشدا بوو بە ڕێخۆشکەر بۆ دامەزراندنی زانکۆی پزیشکی ناپۆلی و زانکۆکانی تر لە مۆن بیلیەو بۆڵۆنیادا، هەرچەندە ناونانەکەشی دواکەوت. دواجار لەساڵی ١٨١١دا ناپلیۆن زانکۆکەی داخست و لەڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا هیچ ئاسەوارێکی نەماوەتەوە. شازادە ڕۆبەرت گیسکاردی سوارچاکی نۆرمانی، زۆر کاری بۆ زانکۆکە کرد و لەساڵی ١٠٧٥ دا دوای هەشت ڕۆژ لەگەمارۆدان شارۆچکەکەی گرت و کردی بە پایتەختی خۆی. دواجار بوو بە ناوەندێکی گەورەی بازرگانی و کشتوکاڵیش.

لەبەر کەمی زانیاری لەبارەی مامۆستایانی ئەو زانکۆ پزیشکیەوە هەمانە، پێویستمان بە توێژینەوەکانی دی ڕێنزی پزیشک و نووسەری ئیتاڵی دەبێت، کە هەموو ئەو زانیاری و دەست نووسانەی لەبەردەستدا بووە، بڵاوی کردۆتەوە.

یەکێک لەمامۆستا پێشێنەییەکانی زانکۆی پزیشکی سالێرنۆ گاریۆپۆنتۆس بووە، کە کەم زانیاری لەبارەی ژیانیەوە زانراوە. کتێبە مەنهەجیەکەی لەسەر زانستی پزیشکی بەناوی (Passionarius) دەنگدانەوەی گەورەی هەبووە، هەرچەندە بەشێوەیەکی سەرەکی لە نووسینە یۆنانیەکانەوەی وەرگرتبوو. ڕادشاڵ ئەم کتێبەی بە کۆکەرەوەی نەریتەکان وەسفی کردووە. گاریۆپۆنتوس پزیشکی ڕۆحانی بەلاوە گرنگ نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا زانستی لە هیپۆکرات وەرگرتووە و زۆر ڕێزی بۆ داناوە. بارتۆلۆمیۆس ئەنگلیکۆسیش کتێبی (Practica)ی نووسی، کە کتێبێکی مەنهەجی پزیشکی بووە، تیایدا جەختی لە گرنگی ترپەو میزی بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشی کردۆتەوە و هەروەها برینی بۆری خوێن و ڕیجیم کردن وەک وەسیلەی چارەسەر، پیشنیار کردووە. بارتۆلۆمیۆ ئینسایکلۆپیدیایەکی بەناوبانگی بەناونیشانی (لەبارەی خەسڵەتی مادەکانەوە) نووسیووە. ئەم ئینسایکلۆپیدیایە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بەتایبەتی لەسەدەی سیانزەدا خوێنەری زۆر هەبووە و بووەتە سەرچاوەی زانیاری ژیان و فێربوون. لەساڵی١٣٩٧ دا جۆن تریڤیسیا ئەم ئینسایکلۆپیدیایەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی. چاپەکەی ویزکین درۆرد پێداچوونەوەی بۆ کردووە و لەساڵی ١٤٩٥ دا بڵاوکراوەتەوە. یەکێک لە کۆنترین و باشترین ئینسایکلۆپیدیایەکان بووە لە ئینگلتەرا چاپ کرابێت. دوای ئەوە بێرشلێت، کە کتێب کۆکەرەوەیەکی بەناوبانگ بووە، چاپێکی تری بڵاوکردۆتەوە. ئەوەی زیاتر جێی بایەخە ئەو ژنە پزیشکانەن لەم زانکۆ پێشکەوتووەدا وانەیان وتووەتەوە.

لێرە جارێکی تر دەچینە ناو دونیای ئەفسانەوە، چونکە نازانین داخۆ ژنانی سالێرنۆ هەر پەرستارو مامان بوون ؟ ئێمە هەر زیاتر بە ناوە سەرنجراکێشەکانیان ئاشناین، ئۆرتولا، ئابێلا، ڕێبیکا، کۆنستانداو ....هتد. دەووترێت تۆوتولا لە دەوروبەری ساڵی ١٠٥ دا لەسەر مامانی نووسیبێت و هێشتاش نووسینەکەی زیاتر وەک سەرچاوەی ( Dame Trot ) ی بەسەرهاتە سەردەمیە جوانەکان دادەنرێت. وانەی توێکاری لەڕێگەی توێکارکردنی بەرازەوە نەک مرۆڤ دەووترایەوە، کە باوەڕدەکرا تا ڕادەیەک ئەندامەکانیان وێکچوو بن. کۆفۆ توێژینەوەیەکی بەناونیشانی (توێکاری بەراز) ئەنجام داوەو وەک کتێبی

مەنهەجی بۆ بابەتی توێکاری بایەخێکی گەورەی هەیە. زۆرجار ئەو ناوەی بۆ زانکۆی پزیشکی سالێرنۆ دەگەڕێنرێتەوە، قوستانتینی ئەفریقیە، کە زۆر کتێبی عەرەبی بۆ زمانی ئینگلیزی وەرگێڕاوە و زانستی پزیشکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای بەیەک گەیاندووە. قۆستانتین لە کارث لە دایک بووەو سەردانی وولاتانی فارس و هیندی کردووەو زیاتر لە سی ساڵ گەڕاوەو زانستی پزیشکی خوێندووە. لەگەڕانەوەیدا بۆ کارث، دژایەتی کراوە چونکە زۆر زانا بووەو لەبەر مەترسی لەسەر ژیانی ناچار بووە هەڵبێت.

وەک پەناگەیەک ڕووی لە سالێرنۆ کرد و لەوێ زانستەکەی دانی پیانراو لە دادگای ڕۆبەرت گیسکارد پێشوازی لێکرا. گومان لەوە دەکرێت لە زانکۆی سالێرنۆ وانەی ووتبێتەوە و زۆریش لە شارەکەدا نەماوەتەوە. هەر زوو لە گردی مۆنت کاسینۆدا لەنزیکی ڕۆمادا خانەنشین بووەو بووەتە ڕەبەن. نووسینی پزیشکە عەرەبەکان و پزیشکە یۆنانیەکان و بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕاوە، کە لای عەرەبەکان پارێزراوبوون. دەووترێت قۆستانتین وای نیشانداوە زۆرێک لەو نووسینانە هی خۆی بوو بێت، زۆریش باسی سەرچاوەی زانیاریەکانی خۆی کردووە. کتێبی (Pategni ) کۆکراوەی هەموو بوارەکانی پزیشکی بووە. چارڵس سینگەری مێژوونووسی بواری پزیشکی، پێی وایە زیادەڕەوی زۆر لەبارەی کۆستانتینەوە کراوە، بەڵام هەروەک دیارە کۆستانتین جێی متمانە بووە لەبەر ئەو کۆششە زۆرەی کە لە خستنەبەردەستی سەرچاوە دەوڵەمەندەکانی زانستی پزیشکی عەرەبی بۆ خوێنەرە لاتینیەکانی کردوویەتی . کۆدەنگی لەسەر ئەوە هەیە کۆستانتین تامو چێژێکی عەرەبیانەی بە سالێرنۆ نەبەخشیوەو بەووتەی ئێدوارد تۆراندیکی گەورە دەروناسی ئەمریکی "دەبێت وەک زۆربەی نووسەرانی ناو کۆکراوەکەی دی ڕێنزی وەک نووسەرێکی سالێرنۆ دابنرێت".

نەشتەرگەری لە سالێرنۆدا پشت گوێ نەخرابوو. لەوێ ڕۆجەر پالێرمۆ کاری لەسەر ئەم زانستە کرد و لەساڵی ١٠٨٠ دا کتێبی (نەشتەگەری) نووسی. هەندێک جار ئەم کتێبە ناوەکەشی هەر بە دێڕی سەرەتایەتی (Post fabricam mundi) دەناسرێتەوە. چەند سەدەیەک وەک کتێبێکی ناوازە تەماشا کراوە.

ڕۆڵاندی پارمـای گـەورە نەشـتەرگەری ئیتاڵـی و قوتابـی ڕۆجـەر پێداچوونـەوەی بـۆ کـردووە. خـۆی نەشـتەرگەری لای ڕۆجـەر پارێزکاریانـەو نـا کاریگەربـووە و کێمکردنیشـی وەک پێشـینەیەکی گرنگـی چـاک بوونـەی برینـی دانـاوە. دوورینـەوە و دەرمانـی خوێنبـڕی بـۆ چارەسـەری مایەسـیری بەکارهێنـاوە. لـەو ڕۆژگارانـەدا نەخۆشیەکانی پێستیش نەشتەرگەریان بۆ کراوە و بەزۆریش بە مەڵهەمـی جیوەی چارەسـەردەکران.

کەسـێکی تـر کـە ڕۆڵـی گـەورەی لـە زانکـۆی پزیشـکی سـالێرنۆدا هەبـووە، پێترۆس موسـاندینۆس بـووە، کـە کتێبی (میتـۆدە خراپەکانی ئامادەکردنی خـواردن و خواردنـەوە)ی نووسـیووە. ئەمـەش کتێبێکـی مەنهەجـی بـووە لەبـارەی هونـەری چێشـت لێنـان لـە ژووری نەخۆشـدا. ئـەوەی زیاتـر جێـی سـەرنجە لەساڵی ١١٤٠دا ئارخیماتیـۆس کتێبێکـی لەسـەر ئـاکاری پزیشـکی بەنـاوی (سـەردانی دکتـۆر)ی نووسـی. ئەمـەی وەرگیـراوە بەرچـاو ڕوونیـەک لەسـەر چۆنیەتـی ئامۆژگاریەکانـی دەدات " کە بانگت دەکەن بۆ لای نەخۆش، پشت بەخوا و ئەو فریشتەیە ببەستە کـە ڕێنوێنـی تۆبیـای کـرد. جـا تـا پێت دەکرێت لـە پەیامنێرەوە فێرببە، بـە جۆرێک ئەگـەر هیچـت لـە ڕێگـەی ترپـەی دڵـی نەخۆشـەوە بـۆ دەرنەکـەوت، بـا هـەر هیـچ نەبێت سـەرنجی بەلای خۆتا ڕاکێشیت و لەڕێگەی زانینی حاڵەتەکەیەوە متمانـەت پێبکات. لەکاتی گەیشتندا پرسیار لـە هاوڕێیانی بکـە تـا بزانیت باسـی حاڵەتەکـەی دەکات چونکـە گـەر پرسـیاری لێبکەیـت دوای پشـکنین، نەخـۆش زۆر ئەترسـێت. پاشـان دابنیشـەو شـتێک بخۆرەوە و پەسنی نیشتیمان و ماڵی بکە گەر شایستەی ئـەو پەسـنکردنە بێت یـان پەسـنی خێزانی بکـە. لـە دەربڕینی بیـروڕادا پەلـە مەکـە چونکـە هـەر کاتێک بێت دەتوانی بیروڕای خۆت بۆ دۆسـتانی دەرببڕیت. گەر بۆ نـان خواردنی ئێوارە بانگهێشت کرایت، پەلـە مەکە بۆ ئـەوەی یەکـەم شـوێن بگریت. زۆر پرسـیار لـە نەخۆش بکـە تـا بزانێت تۆ لەبەر چێژو خۆشی دانیشتنەکەوە ئەو لەبیرناکـەی و لەکاتی بەجێهێشـتنیاندا سوپاسـی بکـە تـا بزانێت گرنگی بێدەدەیت".

## مەنهەجی خوێندن لە زانکۆی پزیشکی سالێرنۆدا

خوێندنی زانستی پزیشکی لە زانکۆی سالێرنۆدا بە گۆترە بازی نەبوو. لەسەر دەستی پاشا ڕۆجەڕی دووەمی سیسیلی و بەفەرمانێکی دادوەری فەرمی لەسەدەی دوانزەیەمدا کار بە زانستی پزیشکی کرا. دواتر ئیمپڕاتۆر فریدریکی دووەم، بەتواناترین و ڕۆشنبیرترین خانەی هوهنشتاوڤن لە ساڵی ١٢٢١ دا فەرمانی دەرکرد بەوەی نابێت هیچ کەسێک کاری پزیشکی بکات تا بەفەرمی پشکنینی بۆ نەکرێت و مامۆستایانی زانکۆی سالێرنۆش ڕەزامەندی لەسەر نیشان نەدەن، تاوەکو فەرمانەکانی پاشا بەهۆی ئەزموونی پزیشکەکانیەوە، نەبنە مایەی مەترسی. وێڕای ئەمەش بۆ ئەوەی کەسێک لەم زانکۆیە پزیشکیە بیخوێندایە ئەبوایە تەمەنی لەسەر بیست و یەک ساڵ بوایەو لێهاتووی خۆی بسەلماندایە و سێ ساڵیش لۆجیکی بخوێندایە. ماوەی خوێندنی پزیشکی پێنج ساڵ بوو و هەروەها قوتابی ساڵێکیش لەژێر سەرپەرشتی پزیشکێکی پیشەوەری بەتەمەندا کاری دەکرد. پاڵێوراو دوای دەرچوونی لە تاقیکردنەوەکان، سوێندی دەخوارد یارمەتی زانکۆکەی بدات و بەبێ بەرامبەر خزمەتی هەژاران بکات و دەرمانی زیانبەخش نەدات و هیچ شتێک بەهەڵە نەنووسێت و کلینیکی فرۆشتنی دەرمانیش دانەنێت. ئەنگوستیلەیەک، چەپکە گوڵێک و کتێبێکی وەردەگرت. دوای ئەوە لەخۆی ڕادەبینی کاری پزیشکی بکات. هەروەها بۆ یەکەمجار لە زانکۆی سالێرنۆدا کەسی قاڵ بوو بەکاری پزیشکی بە پزیشک دادەنرا. زانکۆی سالێرنۆ یەکەمین هەوڵێک بوو بۆ ڕێکخستنەوەی ووتنەوەی وانەی پزیشکی بەبێ هیچ کۆت و بەندێکی ئاینی و نەتەوەی. زانکۆی سالێرنۆ یەکەم زانکۆشە دوای خوولێکی دیاری خوێندن و تاقیکردنەوە، بڕوانامەی تیادا دەبەخشرا.

## دەرچووە بەناوبانگەکان

زانکۆی سالێرنۆ ناوبانگی گەشتە دوورە ووڵاتان. پیەر گیلی پزیشکی شاهانەو مامۆستاو شاعیر، یەکێکە لەوانەی بە مەبەستی خوێندن ڕووی لەم زانکۆیە کرد. پیەر پزیشکێکی ناوداری فەڕەنسی بووەو دواتر لە زانکۆی پاریس

خەریکی وانەبێژی بووەو دوای سەردەمێکی تریش دوو هۆنراوەی دوانزە برگەی بە ناونیشانی ( میز و ڕاچەنین ) نووسی، کە زۆر ناوبانگی دەرکردووە. میکایڵ سکۆت قوتابیەکی تری بەناوبانگی زانکۆی سالێرنۆ بووە، کە نەک تەنها لەبواری پزیشکی، بەڵکو لە زانستی ئاڵۆزی ئەستێرەناسی و وەک پیشەورەیش ناوبانگی زۆر هەبووە . لە یەکێک لە ڕەچەتەکانیدا مایکڵ سکۆت بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش باسی مێژووی کۆنی سڕکردنی کردووەو وتوویەتی " تلیاک و سێوە شەیتانە [40]١، سڕکەری هەموو ئەندامەکان بهێنەو ووردو خاشیان بکەو لەگەڵ ئاودا تێکەڵیان بکە. گەر بتەوێت شوێنی کەسێک ببڕیت، پەڕۆیەک بکە بەناو ئەم گیراوەیەدا و لەناو برناخی کەسەکەدا دایبنێ. هەر زوو بە جۆرێک خەوی لێدەکەوێت هەرچیت بیەویت دەتوانیت پێی بکەی". بەئاسانی تێناگەین چۆن ئەم مادە گۆراوانە توانای مژینیان هەیە، بەڵام سەرکەوتووانە بۆ سڕکردن بەکارهێنراون. نیکۆلاسی سالێرنۆ، لە زانستنامەکەیدا بەناوی (دژە ژەهر) کە پێدەچێت لە سەدەی یانزەیەمدا نووسیبێتی، لەساڵی ١٤٧١ دا لەشاری ڤینیسیادا چاپکرا. تیایدا باسی لە مادەی ووڕێنە کەری (سۆپۆریفێرا)ی کردووە. پزیشکێکی تری بێزەنتی بەناوی نیکۆلاس میرێپسۆس کە لە نیوەی دووەمی سەدەی سیانزەدا ژیاوە ، کتێبێکی بەناونیشانی (دژە ژەهری بچووک) داناوە. چەند ساڵێک لەمەوبەر تیۆدۆر هوسمان لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی لەسەر (ڕووەکی بێهۆشکەری ویتانیا) و میتۆدەکانی سڕکردنی لەکاتی نەشتەرگەری لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کردووە.

## هۆنراوەی فێرکاری(گوڵە زەمەقی پزیشکی )

هەروەک ئارتورۆ کاستیگلیۆنی مێژوونووسی بواری پزیشکی دەڵێت " بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەم بەرهەمە ئەدەبیە بەناوبانگەی زانکۆی سالێرنۆ، هیچ باس و خواسێک لەبارەی زانکۆکەوە بەتەواوی شوێنی خۆی ناگرێت". ئەم هۆنراوەیەش تا سەردەمی ڕێنیسانس کۆڵەکەی کاری ئەدەبیاتی پزیشکی بووە. هۆنراکە

40 ڕووەکێکی بۆن ناخۆشە، گەڵاکانی سیفەتی پێوەنووسانیان هەیە و گوڵەکانی ڕەنگیان قاوەی و زەردباوە . ئەم ڕووەکە لە کۆنەوە لە بواری پزیشکیدا سوودی لێوەردەگیرێت.

چەند شاعیرێک نووسیویانەو نازانرێت چی ساڵێک نووسراوە. کارڵ سوودهۆفی مێژوونووسی بواری پزیشکی، بڕوای وایە لە سەدەی سیانزەیەمدا نووسرابێت. ئەم هۆنراوەیە بەشێوەی چەند دەست نووسێکی جیاواز هەیە و تا ساڵی ١٨٤٦ ، ٣٠٠ چاپی جیاوازی بڵاوکراوەتەوە. باوەڕپێکراوترین دەست نووسی، ئەوەی ئارنۆڵد ڤیلانۆڤای پزیشک و چاکسازی ئاینیە، کە لە پەراوێزەکەیدا باسی کردووە.

ئەم هۆنراوەیە لە ٣٥٢ دێڕ پێک هاتووە ، بەڵام لە چاپەکانی دواتردا ژمارەی دێڕەکان بە دەیان جار زیادیان کردووە و بۆ چەندین زمان وەرگێڕدراون. هەندێک لە دێڕەکانی کراونەتە پەند. خۆی ئەم هۆنراوەیە تاکە بەرهەمی پزیشکیە کە زۆرترین خەڵک پێی ئاشنا بووبێت. ئەم هۆنراوەیە بە شێوەی نامیلکەیە و لەبارەی پزیشکی میللیەوەیە. دەووترێت بۆ چارەسەری برینی ڕۆبەرتی شازادەی نۆرماندی کوڕی ویلیامی داگیرکەر نووسراوە، کە لەکاتی گەڕانەوەیدا لە هەڵمەتی خاچپارێزەکاندا لە سالێرنۆ ماوەتەوە. لەوێ چاوی بە سیبیلای خۆشکەزا گەورەی ڕۆبەرت گیسکارد کەوتووە، کە دەووترێت لەخەودا برینەکەی مژیووەو چاک بووەتەوەو دواتریش بووەتە هاوسەری! بەشداری نەکردنی ڕۆبەرت لە هەڵمەتی خاچپارێزکاندا بووە هۆی لە دەستدانی تەختی پاشایەتیەکەی و وە بەهۆی ناپاکی براکەیشیەوە ماوەیەکی زۆر تا مردنی زیندانی کرا. هەندێکی تریش پێیان وایە هۆنراەکە پێشکەشی یەکێک لە پاشاکانی فەڕەنسا کراوە.

یەکێک لە کۆنترین چاپەکانی بە زمانی ئینگلیزیەو بەڕێز جۆن هاڕینتۆن بۆ شاژنە ئێلیزابێثی وەرگێڕاوەو دواجار لەساڵی ١٦٠٧ دا بڵاوکراوەتەوە. هەریەک لە بەڕێزان ئەلیکساندەر کرۆک لەساڵی ١٨٣٠ دا و پرۆفیسۆر جۆن ئۆدۆرنۆز لە ساڵی ١٨٧٠ دا چاپەکانی تریان بڵاوکردۆتەوە. لەو چاپەی ئەلیکساندەر کرۆک بڵاوی کردۆتەوە ڕێنمایە تەندرۆستیەکان بەشێوەیەکی جوان ئاماژەیان پێکراوە، بەڵام پێویست ناکات هەموو هۆنراوەکە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. هەر کەسێک لەبواری پزیشکیدا کاربکات و بیخوێنێتەوە، کەڵکی لێوەردەگرێت. ئەمانەش چەند دێڕێکی هۆنراوەکەن :-

The Salerne School doth by these lines impart

All Health to England’s king ,and doth advise
From Care his head to keep , from wratre
Drink not much Wine ,sup light and soon arise

هەر لە هۆنراوەکەدا بە گرنگیەوە بەم شێوەیە باس لە ڕێجیم کردن کراوە :-

A king that cannot rule hin in his diet ,
Will hardly rule his Realm in peace and quiet .

لەسەر شیر، مراوی، پەنیر، بۆ هەڵبژاردنی سێ خۆراک بەشێوەی هەڕەمەکی، ئەم بۆچوونانە دەربڕاون :-

Cow’s milk and Sheep’s do well, but yet an Asss
Is best of All , all the other passes .

هەنێک ڕێنمای جوانیش لەسەر پاراستنی چاوەکانیش بەم شێوەیە خراونەتە ڕوو :-

Good sport it is to see a Mallard killed,
But with their flesh your flesh should not be filld.

هەروەها بەم شێوەیەش باسی کۆمەڵێک چارەسەری گیایش کراوە :-

For healthy men may cheese be wholesome food
But for the weak and sickly tis not good .

تیۆری پێکهاتەکان جێی تیۆری سیفەتەکانی گرتەوە، هەروەک هێشتا بە (Temperaments) ناودەبرێت :-

Four Humours reign within our body wholly ,
And these compared to four Elements ,
The Sangun , Choller , Flegme , and Melancholy .

بە تێروتەسەلیش باسی وەرگرتنی خوێن لە خوێنهێنەرو کاتی ئەنجامدانی

نەشتەرگەری بەپشت بەستن بە مانگەکانی ساڵ کراوە :-

Three special months ,September , April , May

There are in which tis good to ope a vein .

In these three months the moon bears greatest way .

هۆنراوەکە بەم شێوە جوانە کۆتای دێت :-

And here I cease to write , but will not cease

To wish you live in health , and die in peace :

And ye our Psychic rules that friendly read ,

God grant that Physic you may never need.



الفصل الخامس والعشرون في كي الابط

اذا انخلع رأس العضد بسبب رطوبات مزلقة او لم يثبت في حين رده بعد انخلاعه حتى يصير له ذلك عادة يرد ثم ينخلع عند ادنى حركة كما شاهدنا مراراً فينبغي ان يرد الفك اولا ثم يستلقي العليل على ظهره او على الجانب الصحيح ثم ترفع الجلد الذي في داخل الابط الى فوق باصبعك من يدك اليسرى ان كان المفصل انخلع الى داخل ثم تحمي المكواة ذات السفودين الى، هذه صورتها

ثم تكوي بها الجلد حتى تنفذها الى الجانب الآخر وتأتي شكل الكي اربع كيات وقد تكوى بمكواة ذات السفافيد الثلاث فيكون شكل الكي حينئذ ست كيات ويكون السفافيد رقة المرود وهذه صورة المكواة ذات السفافيد الثلاث

صورة اخرى

وقد تزاد على هذا العدد واحدة فيكون الكيات ثمانية ثم تحمل على الكي الكراث المدقوق مع الملح ثم تلزم العليل الدعة ولا تحرك العضو زماناً حتى تقوى.

لاپەڕەیەک لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد لەساڵی ١٧٧٨دا، دیارە ئەمەش لە لاپەڕەیەکی کتێبی ”التصریف“ی نەشتەرگەری مەزنی عەرەبی، ئەبو قاسمی زەهراوی وەرگیراوە. لەم لاپەڕەیەدا باس لە داخ کردن کراوە.

# بەشی حەوتەم

## زانستی پزیشکی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا

بۆ ئەوەی لەبارەی سەدەکانی ناوەڕاستەوە بنووسین، دەبێت هەڵسەنگاندنێکی وورد لەسەر توانای ڕەخنەگرتنی مێژوونووسانەوە بکەین. زۆرجارسەدەکانی ناوەڕاست بە سەردەمی دارمان و چەق بەستووی دادەنرێت. دیارە ناوە باوەکەشی دەرخەری پێشنەکەوتن و خورافیات و دواکەوتوویییە. خۆی لەم سەردەمەدا زانستی پزیشکی زۆر بەرەو دواوە چوو. چەمکی باوی نەخۆشی هەروەک سەردەمانی کۆن تەماشا دەکرا.

بەپشت بەستن بە دەرکەوتنی ئەستێرەکان و پشکنینی میز نەخۆشی دەستنیشان دەکرا و لە ڕێگای وەرگرتنی خوێن و بەکارهێنانی گژوگیاوە نەخۆشی چارەسەردەکرا. دیارە بەهەڵە تێگەیشتنێکیش لەم بابەتە هەبوو. زانستی توێکاری بەپشت بەستن بە سەرچاوە زۆر کۆنەکان یان لە باشترین حاڵەتدا لەڕێگەی توێکاری گیاندارانەوە دەووترایەوە. خوێندنی کیمیا بەمەبەستی دۆزینەوەی دەرمانی بەهێزکەری ژیان(ئێکسیر) بووە و هەروەها بە ناچارکردنی نەشتەرگەر یان

دەست تێوەردانی کەسانی دی نەشتەرگەری ئەنجامدەدرا. جا جێی سەرسوڕمان نیە لەساڵی ١٢٥٠ دا کاتێک خانەدانێکی پۆلۆنیا برینێک لە جەستەیدا دروست بوو، لەترسی ئەنجامە کوشندەیەکەی کەس نەبوو کار لەسەر حاڵەتەکەی بکات. دواجار هەگ لوکای نەشتەرگەر، حاڵەتەکەی چارەسەری کرد، بەڵام تەنها دوای ئەوەی سی لە دۆست و نزیکەکانی سوێندیان خواردبوو لە حاڵەتی مردنی نەخۆشەکەدا نابێت هیچ خراپەیەک بەرامبەر نەشتەرگەرەکە بکرێت. خۆشبەختانە برینەکەی چارەسەر کراو هەموو شتێ بەخۆشی کۆتای هات. دەی زانستی پزیشکی لەسەدەکانی ناوەراستدا نەبووە خەمی گشتی. لێرەو لەوێ ئاسۆیەکی ڕووناک دەردەکەوت تا مژەدی باشتر فێربوونی ئەم زانستە بدات. زانکۆ پزیشکیەکان کرانەوەو میتۆدەکانی وانە ووتنەوەش چاکسازیان تیادا کرا. زانستی توێکاری پڕ بوولە هەڵە تێگەیشتنەکانی جالینۆس. دەی ئەو تێگەیشتنانە وەک بنەمای نەشتەرگەری دانیان پیانراو هەروەها هەندێک شارەزای ڕێچکەشکێنیش گومانی خۆیان لە جالینۆس دەربڕی. لەبواری نەشتەرگەریدا هەندێک میتۆدی نوێ خرانە ڕوو و تەنانەت پێشنیاری ئەوەش کرا لە چارەسەرکردنی بریندا، گرنگی بە کێمکردن بدرێت. ڕێگاکانی چارەسەر ئەگەریش بە جۆرێک لە جۆرەکان توونـد بوو بێتن، خرانەڕوو تا ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی تاعوون بگیرێت.

بەو جۆرە تاڕادەیەک زانستی پزیشکی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا پێشکەوت. ئەو زانیاریانەی لەبارەی ژیان و بەرهەمەکانی پزیشک و نەشتەرگەرەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لەبەردەستدان زۆر کەمن ، بەڵام لاپەرەیەکی گەورە لە مێژووی زانستی پزیشکیدا پڕدەکەنەوە .

## زانکۆی پزیشکی مۆنبیلیەو بۆلۆنیا

زانکۆی پزیشکی سالێرنۆ هەوێنی دروست بوونی زانکۆی پزیشکی مۆنبیلیە بوو. هەستینگز ڕاشداڵی فەیلەسوف و بیریاری ئینگلیز دەڵێت "پێدەچێت زانکۆی مۆنبیلیە لقێکی زانکۆی سالێرنۆ بوو بێت". دوای سەردەمێکی تر زانکۆی بۆلۆنیا، کەزانکۆیەکی بەناوبانگی تەواوی دان پێانراو بوو، وەک زانکۆیەکی توێکاری و

نەشتەرگەری ناوبانگی دەرکرد.


مۆنبیلیە وەک سالێرنۆ بوو بە ڕووگەی (قیبلە) زانستی پزیشکی، وەک لانکەی بەرهەمە ڕۆشنبیرەکان، لە نێویشیانا بەرهەمە ناودارەکانی یۆنان، ناوبانگی دەکرد. سەرباری ئەمەیش لە ئیسپانیاو ئیتاڵیادا خەڵک بە ئاسانی پێی دەگەیشتن ، جالەبەر ئەوە بنیاتنانی وەها زانکۆیەکی پزیشکی لەوەها پێگەیەکدا جێی سەرسوڕمان نەبووە. نازانرێت کەی ئەم زانکۆیە دامەزراوە. پێدەچێت لە سەدەی دوانزەیەمدا بوو بێت .لە سەدەی سیانزەیەم و چواردەیەمدا زۆر ناوبانگی هەبووەو کاتێک کۆمەڵێک لە ناوداران کە دواتر باسیان لێوە دەکەین، بەبەردەوامی سەردانیان دەکرد. لەگەڵ بنیاتنانی زانکۆ پزیشکیەکانی پادواو پاریس و ڕۆشتنی پاپا لە ئەڤینۆتن، خەڵک بەکەمی ڕوویان لە مۆنبیلیە کرد. سەرباری ئەمەش چارەنووسی وەک چارەنووسی سالێرنۆ نەبوو. تا ئەمڕۆش وەک ناوەندێکی فێربوونی زانستی پزیشکی ماوەتەوەو لەساڵی ١٨٩٠دا یادی سەت ساڵەی دامەزراندنی زانکۆکە کرایەوە.

ئەرنۆڵد ڤیلانۆڤا لەسەرەتادا دیارترین مامۆستای زانکۆی مۆنبیلیە بووە، کە ناوەکەی وەک پەراوێز نووسێک لەسەر هۆنراوەی فێرکاری (گوڵە زەمەقی پزیشکی)ی سالێرنۆ باسکراوە. ئەرنۆڵد لە ئیسپانیا لە دایک بووە، بەڵام بەزۆری لە مۆنبیلیە ژیاوە. بەهۆی ئەوەی دەرچووی بوارەکانی ثیۆلۆجیاو یاساو هەروەها پزیشکیش بووە، لە دادگادا زۆر ڕێزی لێنراوەو دوو پاشاو سێ پاپا لای ئەو چارەسەیان وەرگرتووە. کاتێک ڕوانینە نوێیەکانی بووە مایەی دروست بوونی ململانێ لە نیو کڵێساکاندا، پەنای بۆ پاپا بۆنیفاسی هەشتەم برد تا داڵدەی بدات. ئەمیش ئامۆژگاری کرد دەست لە ثیۆلۆجیا هەڵگرێت و لە بواری پزیشکیدا کاربکات. دوای مردنی وەک زەندیق و شەریکی شەیتان ناوی هێنراو هەندێکیش لە بەرهەمەکانی بە ئاشکرا سوتێنران. (پوختەی کاری پزیشکی ) ناوی بەناوبانگترین کتێبێتی لەبواری پزیشکیدا و چەندین جار لە سەدەی سانزەیەمدا چاپ کراوە. کارکردنی ئەرنۆڵد لەبواری نەشتەرگەری و پزیشکیدا لەم ووتە هەڵبژێراوانەدا " کە دوومەڵ پێگەی نەیتەقێنیت، هەراسانت دەکات". شوێن قەپی

سەگی هار بگوشە تا خوێنی لێدێت"، دیارە.

هەروەها ئامۆژگاریشی هەیە بەزۆری لە کتێبەکانی سەردەمی نوێدا نیە، بۆنموونە دەڵێت " بۆ دوورخستنەوەی مشک، هەنارو گوڵە خەوبەن و گۆگرد و ڕبڵی ڕۆبیانی پیا بکە، مشکەکە ئەو ناوە جێدەهڵێت و ببڕای ببڕای نایبینیتەوە". لەسەرەتای یەکێک لە کتێبەکانی لەسەر ژەهر وەها دەدوێت " بەیارمەتی خودا، لەم کتێبەدا پێشنیار دەکەم گرنگی بە نەخۆشیەکانی ژنان بدرێت، چونکە ژن مەخلوقێکی ژەهراویە. دواتر چارەسەری ئەم گیانەوەرە ژەهرینە دەکەم"!

وەک پزیشک و زانا یەکێک بووە لەوانەی زۆر بەدوای دەرمانی ئیکسیری ژیاندا گەڕاوە. جا لەو کحولی براندیەی دروستی کردووە و بەکاریهێناوەو لە ڕەچەتەیەکدا بەناوی ( aqua vitae) ئامازەی پێکردووە . بە لێکۆڵینەوە بۆی دەرکەوتووە دەکرێت لە ڕێگەی کحولەوە سوودی گژوگیا بزانرێت. هەروەها بە داهێنەری خوم لە سەردەمی نوێدا دادەنرێت. واباوەڕدەکرێت ئەرنۆڵد ویستی ئەوەی هەبوو بێت لە دۆگماو فەلسەفەی ئەزموونگەری خۆی بەدوور بگرێت و پشت بە توێژینەوەکانی خۆی ببەستێت. توێژەرێکی کۆششکار بووە و لەسەردەمی خۆیدا بە نامۆ تەماشا کراوە و چاونەترسانەش ڕەخنەی لە جالینۆس و عەرەبەکان گرتووە.




کلێشەیەکی دارین لە کتێبی دێ باڵنەیس لە ساڵی ١٥٥٣دا.خۆی ئەمە گەرماوێکی گشتییە. هەندێک لە نەخۆشەکان لە نێویشیانا پیاوێک لە ناوەڕاستی گەرماوەکەدا، دارشەق بەکاردێنن

## قوتابییە ئینگلیزەکانی زانکۆی مۆنبیلیە

قوتابیانی گەلێک وولات، لە نێویشیانا کۆمەڵێک لە قوتابیە ئینگلیزە نوێخوازەکان، بە زانکۆی مۆنبیلیە سەرسام بوون. گێلبەرتووس ئەنجلیکۆس باسێکی لەسەر زانستی پزیشکی نووسیووە و هیچی نوێی تیانەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەچەتەی مەڵهەمەکەی بەناوی مەڵهەمی گیلبەرت بۆ چارەسەری نەخۆشی میرانە هی ئەوەیە لە بواری دەرمانسازیدا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا سوودی لێ وەربگیرێت. وتوویەتی "پێست چێنێکی قایمە ، خەیارو گوڵە ئەسپەندی، تەرخوونە کێویلە، سنەوبەر، چەوری قازو ڕێوی و وورچی وەک یەک لێبدە، پاشان بیکوڵێنەو مۆم بدە لەو چەوریەی دەکەوێتە سەرەوە تا ببێتە مەڵهەم".

جۆن گادیسۆنیش قوتابیەکی تری بەناوبانگی ئینگلیزی زانکۆی مۆنبیلیەدا بووە، کە لە ئۆکسفۆرد لە مێرگۆن کۆلێج بووەتە پرۆفیسۆر و کتێبێکیشی بەم ناونیشانە سەیرە (گوڵی ئینگلیز)، نووسیووە. باوکی، کە بەردی کلسی لیلنی هەبووە، چارەسەری کردووەو بەم جۆرەش باسی لە حاڵەتەکەی کردووە "بەردێکم لەناودەمی باوکم لە ژێر زمانیدا بینی. قەبارەکەی نزیکەی ئەوەندەی پەنجە تووتە دەبوو، کە کاتی خۆی هەڵم گرت تا لە زانکۆکان بیخەمە ڕوو. بە چەقۆیەکی چاک دەرم هێنا. سەرەتا وامەزانی ئەو شوێنە تووشی هەوکردن بووە. بەهۆی خواردنەوەی شیرەوە کە زۆر حەزی لێبوو، دروست بووبوو. بەهۆی زۆر تووڕەبوونیشیەوە ڕەق بوو بوو". جۆن کەسێکی نوێگەر بووە. کوڕی پاشا ئێدواردی دووم، کە ئاوڵەی هەبوو ، بەقوماشی سوور پێچای و جێگای خەوەکەی و پەنجەرەکانی ژوورەکەی ڕەنگی سوور کرد. بەو شێوەیە بێ هیچ بریندارکردنێک چارەسەری کرد .

جۆن فرێند لەبارەی جۆن گادێسدێنەوە ووتوویەتی "هیچی لەدەست دەرنەئەچوو، بەردەکەی توانەوەو لەڕێگەی مەڵهەمەوە شلەی نەخۆشی میرانەی دەرهێناوە". چارەسەری پەرکەمی بە ملوانکە لەمل کردن کردووەو بەگیراوەی ئاوی (aqua vitae)(ئاوی ژیان) چارەسەری ئیفلیجی کردووە". دەی کتێبی(گوڵی ئینگیلز) شتی نوێی کەم تیابووەو گای دوچالیاک، کە کەمێک دواتر باسی دەکەین،

وتوویەتی " گوڵێکی ئینگلیزی بێتام بووەو هیچ جوانیەکی نەبووە .تەنها چەند ئەفسانەیەکی کەم نەبێت". واباوەڕدەکرێت چۆسەری هاوچەرخی جۆن گادیسێن لە کتێبی (بەسەرهاتەکانی کانتێربێریدا) وەک پزیشکی نەشتەرگەری باسی کردبێت. لەم وەسفەدا دەردەکەوێت باوەڕی بە ئەستێرەناسی و نەخۆشیزانی سیفەتەکان هەبووە :-

Well could he gesse the ascending of the star
Whererin his patientes fortunes settled were
He knew the course of every maladye ,
Were it of cold or hete or moyst or drye ,
And where they endangered , and of what humour ,
He was a very parfit practisour .

بێرنارد دو گورۆن، کە قوتابی و هەروەها مامۆستایەکی تری زانکۆی مۆنبیلیە بووە، لەڕێگەی نووسینی کتێبی (ڕووەکی زەمەقی پزیشکی) کە هێشتا بە شێوەی دەست نووسێکی دەگمەن لەبەردەستایە، جێ دەستی دیارە. لەو کتێبەدا بۆ یەکەمین جار باسی پشتێنی قۆڕی (فتق) و چاویلکەشی، کردووە. هەندێک لە مێژوونووسان بە ناوەکەیدا وا لێکیان داوەتەوە بێرنارد سکۆتلەندی بوو بێت، بەڵام لە ئێستادا بەگشتی واباوەڕدەکرێت لەبنەچەدا خەڵکی شاری گۆردۆنی فەڕەنسا بێت.

## زانستی پزیشکی لای پاپا

لەناو قوتابیە دیارەکانی زانکۆی مۆنبیلیەدا پێدەچێت جێی خۆی بێت باسێکی کورتی پێترۆس هیسیانۆسی پزیشک بکەین، کە بووەتە پاپا. هیسیانۆس لە شاری لیشبۆنە لەدایک بووەو دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر چاک وەک قوتابی ثیۆلۆجیا و زانستی پزیشکی ، بووەتە پزیشکی پاپا گریگۆری دەیەم. پاش ماوەیەکی کەم، بەهۆی کۆمەڵە ڕووداوێکی چاوەڕوان کراوەوە بەناوی جۆنی یانزەیەم کراوە بە پاپا. ( خەزێنەی تەندروستی) بەناوبانگترین و پڕخوێنەرترین کتێبی بووە.

بەمردنێکی زۆر سەختانە دونیای بەجێهێشتووە، کاتێک سەقفی کۆشکەکەی بەسەریدا ڕووخاوە . لەخۆبای بووەو لەگەڵ ئەوەشدا تەنها پاپا بووە دانتی لەبەهەشتدا بینیویەتی!

## زانستی پزیشکی و نەشتەرگەی لە بۆڵۆنیادا

تادییۆ ئاڵدێرۆتی (١٢٢٣-١٣٠٣ز) یەکێک بووە لە کۆنترین مامۆستاکانی زانستی پزیشکی لە زانکۆی بۆڵۆنیادا، کە هەندێک جار بەناوی تادام فلۆرەنتینیشوێنی زێدی لەدایک بوونیەوە ناوی دەهێنرێت. تادییودە مامۆستایەکی خۆشەویست بووەو دەیش ووترێت قوتابیان بە گەرموگوڕی بۆ وانەکانی دەهاتن. زۆر توێژینەوەی کردووە، بەڵام بە نووسینی پێشەکیەک بۆ جۆرێکی نۆژی ئەدەبیاتی پزیشکی بەناوی( ئامۆژگاریەکان) ناوبانگی دەرکردووە. گفتوگۆی لەبارەی حاڵەتە کلینیکیەکان کردووەو باسی لە نیشانەکانی نەخۆشی کردووەو زانیاری تەواوی لەسەر چارەسەرەکان خستۆتەڕوو. هەندێک جار ئەم ئامۆژگاریانە ئاڕاستەی نەخۆشی نەبینراو، پزیشکی خولاو یان ڕاوێژکار کردووە. کتێبی (ئامۆژگاریەکان ) خەسڵەتی سەدەکانی ناوەڕاستی تیادابووە و ڕەنگدانەوی جۆرێک خوێندنی فەلسەفەی پزیشکی بووە.

هەروەها لە بۆڵۆنیادا دوو نەشتەرگەر هەبوون. باوک و کوڕێک بوون، کە بەشایستەی خۆیان ناوبانگێکی زۆریان پەیدا کرد. باوکەکە، ناوی هەک لۆکاک بوو، کە لەساڵی ١٢٥٢ دا مردووەو کەم لەبارەی ژیانیەوە زانراوە، ئەوە نەبێت کە شۆڕەسواری مەیدانی نەشتەرگەری بووە لە ڕۆژگاری خۆیدا و هەموو نووسینەکانی لەناوچوون . ثیۆدۆرۆکی کوڕیش بەتێگەیشتنی ڕۆژگاری خۆی ثیۆلۆجیاو زانستی پزیشکی بەیەکەوە گرێداوە. ثیۆدۆرک بووەتە سەرۆک قەشەی سێرڤیا لە ئیتاڵیا و کتێبێکی بەناوی (نەشتەرگەری ) نووسی. بەمەدا دەدەکەێت یەکێک بووە لە هەرە مەزنترین نەشەرگەرەکانی مێژووی مرۆڤایەتی. یەکێکیش بووە لەوانەی باوەڕی وابووە دروست بوونی کێمی ناو برین نە پێویست و نە خوازراوە. پێی باش بووە برین بە برین پێچی سادەی ناو مەی بپێچرێت.

هەروەها ئیسفەنجی سڕکردنی بەکارهێناوە و سێوە کیویلە و تلیاکی لێداوە، پێش ئەوەی لە لووتی نەخۆشی بدات لەئاوی گەرمدا خووساندویەتی.

پێدەچێت جێی خۆی بێت لێرەدا قسەیەک لەبارەی سێوە کێویلە یان گیا ئادەمە وەک یەکێک لە کۆنترین چارەسەرە گیاییەکان بکەین، کە پێشووتر وەک پێکهاتەیەکی بەناو بەنجی ئیسفەنجی ناوی هێنراوە. ئەم گیایە هێشتا لەناوچەکانی دەریای ناوەڕاستدا هەیە، کە ڕەگ داکوتاوەو زۆرجاریش ڕەگەکەی درێژ دەبێت و هەندێک لێکچووشی لەگەڵ مرۆڤدا هەیە. خۆی دوو جۆری نێرو مێی لای پێشینان لەیەک جیاکراونەتەوەو وێنەی لەزۆر گیای تردا هەیە. لەبارەی بەکارهێنانیەوە لەزانستی پزیشکیدا دیۆکۆریدس، لە کتێبی (گژوگیادا) وتوویەتی " ئاوی نیانی ڕەگەکەی بەکاربهێنرێت، بەجۆرێک بدرێت لەو شوێنەی ئەو کەسەی یان دەبڕدرێت یان داخ دەکرێت، هەست بە ئازار ناکات چونکە هەر هۆشی بەلای هیچدا نابێت". پێدەچێت ئەمە کۆنترین زانیاری بێت لەبارەی سڕکردنەوە لە کاتی نەشتەرگەریدا نووسرابێت. هەروەها گیا ئادەم بۆ چارەسەری نەزۆکیش بەکارهێنراوە. شکسپیر بەبەردەوامی باسی لە سێوە کێویلە و کاریگەریەکانی کردووە. ئەمەش لەم نووسینەیدا دەبینرێت :-

Not poppy ,nor mandragora ,  
Nor all the drowsy syprus of the world ,  
Shall ever medicine thee to that sleep sweet  
Which thou owdst yesterday .

Othello , III , iii , 331

Give me to drink mandragora,  
That I might sleep out this great gap of time  
My anatomy is away.

Antony and Cleopatra, I. v .4

Or have we eaten on the insane root  
That takes the reason prisoner ?

Macbeth , I. iii . 85

And shrieks like mandrakes torn out of the earth ,
That living mortals hearing them , run mad .

Romeo and Juliet, IV .iii .47

دواین دوو دێڕ ئاماژەیە بەوەی کۆکردنەوەی گیا ئادەم بێ مەترسی نەبووە چونکە کاتێک گیایەکە لەڕەگەوە دەردەهێنرێت، زریکەیەکی لێوە دێت کە دەبێتە هۆی شێت بوون یان مردنی ئەوانەی گوێیان لێدەبێت. جالەبەر ئەوە ڕەگەکەی تەنها لەڕێی ئەسکەتەوە بەهێواشی دەستکاریان دەکرد و پاشان بە سەگێکیانەوە دەبەست کە کاری هەڵکەندەنەکەی تەواو دەکردو دواتریش دەمرد. لۆلۆبۆس ئاپۆلیۆس لە کتێبی (Herbarium ) دا ڕێنمای کۆکردنەوەی ئەم جۆرە گیایەی خستۆتە ڕوو، کە دەکرێت کاری لەسەر بکرێت .وتوویەتی " کاتێک دەست و پێیەکانی دەبینن، باش بیبەستن. لاکەی تری پەتەکە بگرن و لە ملی سەگەکەی بپێچن تا برسی بێت . دواتر گۆشت بخە بەردەمی سەگەکە بە جۆرێک دەمی نەگاتێ، تەنها ئاوی جۆی ترشاو لەبەردەمیدا ڕاکێشە ".

بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێت ثیۆدۆریکی بۆلۆنیا نەک تەنها پێشەنگ بووە لە بواری پاک کردنەوە (لە دژی بەکتریا و زیندە زیانبەشەکانی تریش )، بەڵکو لەبواری سڕکردن و چەند وەسیلەی تری نەشتەرگەریشدا پێشەنگ بووە، کە شەش سەدە دواتر لە نێو ڕای گشتی قبوڵ کران. ویلیام سالیگیت مامۆستایەکی تری هەڵکەوتووی زانکۆی بۆلۆنیا بووە. ئامانجی ئەم مامۆستایە یەکگرتنەوەی زانستی پزیشکی و نەشتەرگەری بووە و هەروەها لە هەردوو بوارەکەشدا ئەسپی خۆی لە مەیدانەکەدا تاوداوە. زانیویەتی حاڵەتی ئاوبەنگی و ئاوسانی گورچیلەی پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە و بە گیراوەی سرکەی هەنگوین و ئاوی جۆ چارەسەری کردووە. جیاوازی لە نێوان خوێن بەربوونی خوێنهێنەر و خوێنبەری کردووەو جەختی لەسەر گرنگی زانستی توێکاری کردۆتەوە. بەو جۆرەش پێشبینی چاکسازی پێویستی کردووە. ژیرانە ئامۆژگاری پزیشکانی

کـردووەو ووتوویەتـی "بیرکەنـەوەو هێمـن بـن، ڕوو گـرژ مەبـن. لەگـەڵ دۆسـت و خزمانـی نەخۆشـدا کـەم قسـەبکەن". ویلیـام دوو قوتابـی بەناوبانگـی هەبـوو، ئەوانیـش دوموندڤیـڵ و لانفرانـک میـلان بـوون.

هێنـری دو مۆندڤیـل (١٢٦٠-١٣٢٠ز) نەشـتەرگەرێکی شـارەزا بـووەو وەک مامۆسـتاکەی جەختـی لەسـەر پێویسـتی شـارەزایی لـە بـواری زانسـتی توێکاری کردووەتـەوە. پێشـنیاری چارەسـەری ووشـکی برینـی کـردووە، بـەڵام پێـی بـاش نەبووە نەشـتەرگەری نـوێ ئەنجـام بدات. وەهـا باسـی مەرجەکانـی نەشـتەرگەری کـردووە " نەشـتەرگەر هـەر ئەبێت ناوبانگـی هەبێت، بەهـەر جۆرێـک جیـاواز بێت لـەو شـێوازەی بـە گشـتی کاری پێدەکرێـت ".

لـەو کاتـەدا کڵێسـا کاریگـەری لەسـەر زانسـتی پزیشـکی نەمابـوو. هەندێـک لەڕەبەنـەکان، کـە هەندێـک چارەسـەری سروشـتیان پـێ پەسـەند نەبـوو، دەسـتیان وەردەدا لـە کاری پزیشـکی و ئەمـەش لەگـەڵ ڕوانینەکانـی هێنـری دو مۆندڤیـل تێک دەگیرا. دەی خودی خۆی کاری بە یاسـای ئاکارە باڵاکان نەکردووە، کاتێک پێشنیاری ئەوەی کردووە بۆ بەرزکردنەوەی وورەی نەخۆش وتوویەتی "دەکرێت نامـەی درۆینـە بنوسـرێت و باسـی مردنـی دوژمنـی تیابکرێـت یـان گـەر قەشـەی کڵێسـا بێت ئەبێت هەواڵی مردنی سـەرۆک قەشـەکان و هەڵبژاردنی خۆی پێبدرێت. مۆسـیقای بـۆ لێبـدەن و سەرەخۆشـی لێبکـەن وەک ئـەو ڕەبەنانـەی کـە خەشـم و تـووڕەی دژیـان نیشـان دراوە، چاوەڕێیـان دەکـرد لەبـەر خزمەتەکانیـان پـارەی باشـیان پێبدرێت". هەروەهـا وتوویەتی "لەکاتی چارەسـەرکردنی کەسـی لێقەوماودا، دەبێت دۆستەکانی دووربخرێنـەوە چونکـە پێدەچێت ببنـە هـۆی بوورانـەوەی یـان جـاڕس کردنـی نەخۆشـەکە". دەی هەندێک جـار دەکرێت پـارە زیاتر لـەو کەسـانە وەربگریـن سـەریان دەشکێت یـان دەبوورێنـەوە وەک لـە خـودی نەخۆشـەکە. باشـتر وایـە زۆر لەسـەر هێنری نەڕۆین. ئـەو ڕەنگـە هـەر خەریکی کەیف و سـەفای خۆی بوو بێت. خۆشـی وتوویەتـی "گـەر پزیشـکێک بەبـێ ئامانج بچێتـە لای نەخۆشـێک، دەبێـت پێـی بڵـێ کارەکـەی ڕێگـری لێـدەکات چێدێکـە بێتـە لای، جالەبـەر ئـەوە دەبێـت پێـی بڵێت بچێـت بـۆ لای نەشـتەرگەر". دیـارە ململانێـی نێـوان پزیشـکان و

نەشتەرگەران لەو سەردەمەدا بەگشتی و لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بە تایبەتی توند بووە. ئێمە هەر هەندێک لە ئامۆژگاریەکانی هێنریمان خستەڕوو، بەڵام ئەو هەر دەبێت وەک نەشتەرگەرێک و توێکارزانێکی گەورە دابنێین. لەبارەی جالینۆسەوە وتوویەتی " خودا هەر جالینۆسی دروست نەکردووە ". بەمەدا دەردەکەوێت هێنری توێژەرێکی پیگەیشتووی دوور بین بووە و ڕوانینەکانیشی پێشکەوتوو بووە. لەبارەی پەیوەندی نزیکی نێوان زانستی پزیشکی و نەشتەرگەری، وتوویەتی" هیچ نەشتەرگەرێک بەبێ زانستی پزیشکی شارەزایی پەیدا ناکات ، هەروەک هیچ کەسێک نابێتە پزیشکێکی باش گەر گرنگی بە زانستی نەشتەرگەری نەدات". نووسینەکانی لەبارەی نەشتەرگەریەوە، کە ئێدوارد نیکێزی نەشتەرگەر و نووسەری فەرەنسی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی، لە چاپێکی ناوەزەدا لەساڵی ١٨٩٣ دا بڵاوکراوەتەوە.



وێنەیەک ئەفسانەی ڕووەکی سێوە کێویلەمان پیشان دەدات. ئەم وێنەیە نیگارکێشێکی ئەنگلۆ ساکسۆنی کێشاویەتی و لە مۆزەخانەی بەریتانیە.



مامۆستایەکی بابەتی توێکارزانی لە سەدەی ١٤دا ئێسکە پەیکەرێک نیشانی قوتابییەکی دەدات. ئێسکەکان بەپێی ڕوانینەکانی پێش سەردەمی توێکارزانی بەناوبانگ، ئەندریاس ڤێسالیۆس باسکراون. وێنەکە لە کتێبی (نەشتەرگەری) گای دو چاولیاکەوە وەرگیراوە.

## زانکۆ پزیشکیەکانی پاریس و پادوا

مۆنبیلیە وەک گرنگترین زانکۆی پزیشکی بۆ ماوەیەکی زۆر نەمایەوە. ناوەندەکانی تری فێربوون پەیدا بوون. پاریس و پادوا وورده وورده بوونە زانکۆ پێشەنگەکانی مێژووی زانستی پزیشکی. زۆرمان لەسەر لانفرانکی قوتابی سالیسێت ووت، لەو سەردەمە کۆنانەی کە بوون بە پێشەنگی نەشتەرگەرانی لە فەرەنسادا.

گیدۆ لانفرانکی لەسەرەتای ژیانیدا لە میلانۆدا ژیاوە، بەڵام کەوتە ناو مشت و مڕی نێوان گۆلف و گیبێلین و بە ناچاری ئیتالیای بەرەو بەرەنسا جێهێشت. لەبەر ئەوەی لە پێشووتردا نەشتەرگەرێکی بەناوبانگ بوو، لە پاریس بەگەرمی پێشوازی لێکراو لەساڵی ١٢٩٥ دا بوو بە ئەندامی زانکۆی نەشتەرگەرانی سانت کۆم. بە پێچەوانەی سالسێتی مامۆستایەوە، لانفرانک داخکردنی پێ باش بووە. نەشتەرگەرێکی چاوکراوە بووە، بەڵام نەشتەرگەری دەرهێنانی بەردو قۆڕی ئەنجامنەداوە. شارەزای دوورینەوە بووە، بەڵام توونـد بەدەستی فشاری خستۆتە سەر کۆم و خستویەتیە شوێنی خۆی. ئەمەشی وەک باشترین وەسیلەی چارەسەری مایەسیری داناوە. لێشی دەگێڕنەوە کاتێک منداڵێک چەقۆیەکی بەدەستەوە بووایەو بکەوتایە و خوێن هێنەرێکی ملی بریندار ببوایە، لانفرانک پەنجەی بەشوێنی برینەکەدا دادەنا بۆ ماوەی کاتژمێرێک. جا یاریدەدەرێکیشی دەرمانی خوێن وەستانی بخورو ئەڵۆی و سپێنەی هێلکەو فەروەی کەروێشکی کێوی دەهێنا تا خەریکی چارەسەرکردنی بێت. زۆرلە کاری خۆی رازی بووەو دژی ئەوەش بووە نەشتەرگەرە سەرتاشەکان نەشتەرگەری خوێنهێنەرو نەشتەرگەری ئاسای ئەنجام بدەن. لانفرانک مامۆستایەکی لە دڵا خۆشەویست بووە و هەرئەمەش وایکرد زانکۆی پزیشکی پاریس زۆر ناوبانگ دەربکات. وتوویەتی" دەبێت نەشتەرگەر لە لۆژیک و فەلسەفەدا زۆر شارەزا بێت بۆ ئەوەی بۆچوونەکانی بە ڕوونی باس بکات و بەڵگەی سەلمێنەریشیان بۆ بهێنێتەوە". لەساڵی ١٢٩٦ دا ڕێبەریەکەی بەناوی (نەشتەرگەری گەورە) نووسی و لەساڵی ١٤٩٠ دا بە فەڕەنسی چاپ کرا. لەم ڕێبەریەدا باسی زۆر چارەسەری

کـردووه، لەنێویشـیاندا گرنگـی بـە دوورینـەوەی  ووردی کۆتـای دەمـارە دابـەش بـووەکان داوە. ئەمـەش کارێـک بـوو نەشـتەرگەرەکانی تـر گرنگیـان پێنەدابـوو.

لەهەمـان کاتدا زانکۆی پادوا ڕۆڵێکی هـەر فرە گـەورەی  لە دووبـارە  فێربوونی زانسـتی پزیشـکیدا گێڕا. پیتـەر ئابانۆی مامۆسـتا، ئەسپی خۆی لە مەیدانەکە تاوداو بـە بیـرە پێشـکەوتووەکانی زەمینـەی بـۆ وەهـا جوڵانەوەیەکـی گـەورە خـۆش کـرد. پیتـەر  پێش ئـەوەی لـە پادوا نیشـتەجێ بێت، نـەک هـەر بـەدوای زانسـتدا دەگـەڕا، بەڵکـو شـارەزای لـە زانسـتی پزیشـکی یۆنانیشـدا هەبـوو. ئەمـەش لـەو کاتـەدا کارێکـی نـاوازە بـوو. جـا هێنـدە شـارەزابوو دەیتوانـی بەزمانـی ڕەسـەنی خۆیـان نووسـینە کلاسیکیەکان بخوێنێتـەوە و بـە وەرگێڕانێکـی نـاوازە چ بـە نووسـین و چ بـە زارەکـی بـۆ قوتابیەکانـی ڕوون بکاتـەوە. کتێبەکانـی داخـوازی زۆریـان لەسـەر بـووەو خۆشـی زۆر کاری لەبـواری پزیشـکیدا کـردووە. سـەرباری ئەمـەش زۆر لێکۆڵینـەوەی لەبـواری فەلسـەفەدا کـردووە.

ڕوانینەکانـی لـە ڕوانینەکانی ئەرسـتۆو ئیبن ڕوشـدەوە نزیک بـوون  و هەوڵـی ئاشـت کردنـەوەی فەلسـەفەو زانسـتی پزیشـکی دا.  زۆر کەسـیش  پێش ئـەم بـە هەمـان مەبەسـت کوششـی خۆیـان کـرد و هێشـتاش ئـەم بـوارە زۆر کاری تیـادا دەکرێت. هـەر  لەبـەر ئـەو مەبەسـتە بـوو کتێبە گەورەکەی نـاو نـا (ئاشـت کـەرەوە). ئـەم کتێبـەی لەبـارەی زانسـتی پزیشـکی و گەلێـک بابەتـی تـرەوە بـوو. بـە هەمـان شـێوازی تۆمـاس بـڕاون لێکۆڵینـەوەی لـە کێشـە گـەورە و پرسـیارە سـەختەکان کـردووە. باسـی ئـازارو ژمـارەی  ژەمـە خۆراکـی پێویسـتی ڕۆژانـەو چۆنیەتـی خەوتنیشـی کـردووە.

جێی سەرسـوڕمان نیە کە ئەم نووسـەرە بەهۆی گۆڕانی ڕوانینەکانی و زۆر توێژینەوەکـردن لەگـەڵ کڵێسـادا کەوتووەتـە ململانێـوە و دواجـار بوێرانـە ئـەوەی خسـتە ڕوو موعجیـزە دیـارەکان دەکرێت بەئاسـانی لێکدانەوەیـان بـۆ بکرێـت. بـۆ نموونـە وەهـا لێکدانـەوەی بـۆ یەکێـک لـە دەقەکانـی ئینجیل کـردووە:-

لازارۆس[41] لەوانەیە بێئاگابوو بێت لەوەی ژیانی چێتر پارێزراو بێت. خۆی مردنەکەی بەهۆی نەخۆشیەوە وای لێکرد بە زیندووی نەسوتێنرێت و هاوڕێکانیشی ناچار بوون تەرمەکەی بشارنەوە. جالەبەر ئەوە پەیکەرەکەیان سوتاندو کڵێساش دەستی بەسەر سەروەتەکەیدا گرت. بەم جۆرە بە پێی پێوست بەدوای ڕاستیەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا گەڕاین .

## ڕۆجەر بیکۆن و ئەلبێرتۆس ماگنۆس

جێی خۆیەتی لێرەدا بۆ پارێزگاری لە ڕیزبەندی کرۆنۆلۆژی باسی دوو توێژەری مەزن بکەین، یەکێکیان ئینگیلیزێکی فرانسیسکانیە و ئەوی تریان ئەڵمانیەکی دۆمینیکیە. هەریەکەیشیان کاریگەریان لەسەر ڕەوتی ڕۆشنگەری سەردەمی خۆیان هەبووە.

ڕۆجەر بیکۆن (١٢١٤-١٢٩٤) توێژەرێکی دووربین بووەو خۆی واش پێدەچێت دوورتر لە سەردەمی خۆی(سەدەکانی ناوەڕاست) ڕوانیبێتی. هەتا ماوەیەکی زۆریش دوای مردنی گرنگیەکی ئەوتۆ بە نووسینەکانی نەدرا و ئاسانیش نیە هەڵسەنگاندن لەبارەی کاریگەری ڕۆجەر لەسەر بیری ئێستامان بکەین. ماکس نیۆوبێرگەری پزیشکی نەمساوی دەڵێت " ناوی ڕۆجەری ڕۆشنبیر هەرگیز لە مێژووی مرۆڤایەتیدا لەبیرناکرێت. ئەو ئەستێرەیەکە هەمیشە لە ئاسماندا دەدەرەوشێتەوە". هەروەک زۆرێک لە پێشینانی خۆی، زۆری بەدەست کڵێساوە چەشت و تا کۆتای ژیانی پیشەگەری بۆ ماوەی چواردەساڵ زیندانی کرا. دیارە ئەمەش بەربەستی لەبەردەم نووسینەکانی دانا. هێشتا زۆرێک لە نووسینەکانی بڵاونەکراونەتەوەو یەکەم ڕوونووسی (نوسخە) کتێبەکەی بەناوی (بەرهەمە چاکەکە) لەساڵی ١٧٣٣ دا چاپ کرا. خۆی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد قوتابی بووەو ماوەیەکیش لە پاریس وانەی ووتوەتەوە. لەوێ نازناوی (دکتۆری داهێنەر)ی

41 ئەو کەسە بوو حەزرەتی مەسیح (سەلامی خوای لێبێت) بەشێوەی موعجیزە ئاسا لە گوندی بێثانی زیندووی کردۆتەوە. زۆرجار لازارۆس لەبواری زانست و داب و نەریتەکاندا وەک ئاماژەیەک بۆ زیندووبوونەوەی ژیان، ناوی دەهێنرێت. هەردوو کڵێسای ئۆرثۆدۆکسی ڕۆژهەلاتی و کاثۆلیکی ڕۆمانی ڕوانینی جیایان لەسەر کۆتای ژیانی ئەو هەیە.

لێنراوە. دەوڵەمەند بووەو پارەیەکی زۆری بۆ ئەزموون کردن خەرج کردووە. بمانەوێت و نەمانەوێت وەک داهێنەری تەلەسکۆب ، میکرۆسکۆب، قایشی خۆهەڵدانی ناو ئاو، چاویلکە و باروت، شانازی بە ناوی ئەوەوە دەکرێت. هەروەها پێشبینی داهێنانی فڕۆکەو وەسیلەکانی گواستنەوەی میکانیکیشی کردووە. ڕۆجەر پزیشک نەبووە، بەڵکو فیزیاناس و بیرکاری زان و فەیلەسووف بووە. زۆرتر گرنگی بە لایەنی کرداری دا وەک لە تیۆری ، بەمەش کاریگەری لەسەر زانستی پزیشکی دانا. زانستی پزیشکی لەسەر ڕێڕەوی فەلسەفەی ئەڕستۆ شوێنی خۆی گرت. فەلسەفەی مەسیحیەت، لەگەڵ لەگەڵ مشتومڕە بێ سوودەکانی کە لێبوردەییان بۆ ژیان و ڕاستی نەبوو، بیری باوی ڕۆژگاری ئەو بوو. جالەبەر ئەوە ڕوانینی نوێ هەر زۆر پێویست بوو. پێدەچێت ئەمەش تەنها کەسێکی وەک ڕۆجەر بیکۆنی ، توێژەری چالاک و ئەزموون گەری ماندوو نەناس پشتگیری کردبێت، کەوا پێدەچێت بە چەند سەدەیەک پێشبینی ووتە بەناوبانگەکەی جۆن هەنتەری کردبێت " بیری لێمەکەرەوە، ئەزموونی بکە ".

لەپاریس ڕۆجەر بیکۆن لەگەڵ ئەلبێرتۆس ماگنۆس بوونە دۆستی یەک. ماگنۆس یەکێک بوو لە دیاترین ڕۆشنبیرەکان لە سەدەکانی ناوەراستدا. رەبەنێکی دۆمینیکی بووەو لە پاریس و کۆڵن وانەی وتووەتەوە. بەپێچەوانەی بیکۆن، ئەلبێرتۆس دواکەوتەیەکی نزیک و وەرگێڕی بەرهەمەکانی ئەرستۆ بووە. بەهۆی ئەوەی زانایەکی ئینسایکلۆپیدیای بوو تەنها لەبارەی فەلسەفەو ثیۆلۆجیا نەی نووسیووە، بەڵکو لەبارەی هەموو زانستە سروشتیەکان و هەروەها لەبارەی موعجیزەو ئەستێرە ناسیشەوە نووسیویەتی. شارەزای لەبواری گیاناسیش بووە. کتێبەکەی بەناوی (لەبارەی سەوزەکانەوە )، کە لەدەوروبەری ساڵی ١٢٥٠ دا نووسیویەتی بۆ چەند ساڵێک وەک سەرچاوە بەکارهاتووەو زۆر توێژینەوەی بەپێزی لەبارەی ڕووەکناسیەوە تیادا بووە. چارڵس سینگەر، ئەم کتێبەی بە کتێبەکەی نیکۆلاسی دیمەشقی بەناوی (لەبارەی ڕووەکەکانەوە) بەراوورد کردووەو بە کتێبێکی ئاسای داناوە.

## ڕێچکەگرتنی زانستی پزیشکی

بەهای توێکاری وەک بناغەی زانستی پزیشکی لە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا بەرز نرخێنرا، بەڵام ووتنەوەی ئەم بابەتە بەهۆی ئەو دژایەتیە زەقەی لەسەر توێکاری جەستەی مرۆڤ هەبوو، هەر بەشێوەی تیۆری بوو. لەساڵی ١٣٠٠ دا پاپا بۆنیفاسی هەشتەم فرمانێکی دەرکرد که ڕێگەی بە کوڵاندن و لێکردنەوەی ئەندامانی لاشەی مردووە خاچپارێزەکانی دەدا تاوەکو ئێسکەکانیان بۆ زێدی خۆیان بگەڕێنرێنەوە. جاروباریش پشکنینی دوای مردن لەبەر هۆکاری دادوەری ئەنجام دراوە و ئاسانیش نیە جیاوازی لە نێوان وەها پشکنینێک و توێکاری گشتیدا بکرێت، بەڵام کەمە توێکاریەکی جەستەی تاوانبارێکی لەسێدارەدراو بە ئاشکرا بوو بە شتێکی ڕێگەپێدراو. ئەم ڕێکاریەش بەناوی (توێکاری گشتی ) ساڵی یەک جار یان کەمتر کاری پێدەکرا. بۆ نموونە لە زانکۆی توبینگن، ڕێگەدەدرا هەموو سێ ساڵ جارێک لاشەی تاوانبارێک توێکاری بۆ بکرێت. هەموو ئەوانەی بەشداری ئەم کارەیان دەکرد دەبووایە زۆر شارەزابوونایە و دواتریش ئامادەی ناشتنی لاشەکە بوونایە. توێکاریەکەش بەبەرچاوی توێژەران و شارەزایان وهەروەها پزیشکان و قوتابیانەوە ئەنجامدەدرا . وورگ و قورگ پشکنینی ئاساییان بۆ دەکرا و تەنها چەند ڕۆژێکی کەمی پێدەچوو. جا توێکاریکە خزمەتکارێک ئەنجامی دەدا و مامۆستایەکیش لەسەر سەکۆیەکی بەرز دادەنیشت و لە دوورەوە دەستی بۆ ئەو ئەندامە جیاوازە پیشان دراوەکان درێژ دەکرد . زۆربەکەمی کاسەی سەر دەکرایەوەو ماسوولکەو دەمارو بۆری پەلەکان بەڕێک و پێکی توێکاریان بۆ نەدەکرا.

وەک یەکەمین هەوڵێک بۆ دەرباز بوون لەو دۆخە، مۆندۆ دو لوزیو (١٢٧٥-١٣٢٦) زانستی توێکاری بە شێوەی بەش بەش ووتەوە. مۆندۆ لە بۆڵۆنیا لەدایک بووەو هەر لەوێش وانەی وتووەتەوە. بەهۆی ئەوەی حەزی لە کاری حکومی بووە، لە بەڕێوەبردنی شارەکەیدا پۆستی پێدراوە. لەژێر ڕێنوێنی ئەودا، زانستی توێکاری وەک بناغەیەکی گەورەی بەرنامەی خوێندنی زانستی پزیشکی دانی پیانرا. کتێبەکەی بەناوی (توێکاری )کە لەساڵی ١٣٦١ دا نووسیویەتی، یەکەمین

ڕێبەری کرداری زانستی توێکاریە، جالەبەرئەوە بە زیندووکەرەوەی زانستی توێکاری دادەنرێت . گومانی تیادا نیە ئەم درێژەی بەهەڵەکانی جالینۆس دا. لە کتێبەکەیدا ئەندام یان بەشە سروشتیەکانی پەیوەندیدار بەهەرسکردن و ئەندامە ڕۆحیەکانی تا پێکهاتەی سینەی و ئەندامەکانی ئاژەڵ یان بەشەکانی ناو مێشکی باس کردووە. گەدەی وەک ئەندامێکی نیمچەگۆی و جگەریشی وەک ئەندامێکی پێنج پلەو دڵیش وەک ئەندامێکی سێ سکۆڵەی و مێشکیش لەژێر کۆنترۆڵی گورزە دەماردا، وەسف کردووە. بۆ لەخۆگرتنی هەموو ئەمانە، وێنەی ژینگەی ژوورێکی حەوت بەشی کۆرپەلەی نەخشاند.

بەشێوەی ئاسایی باسی لە دەست و پێیەکان کرد. لەبارەی ئێسکەکانیشەوە وتوویەتی "باشترە دوای پاکردنەوەی لەڕێگەی کوڵانەوە توێژینەوەیان لەسەر بکرێت". دەی بەلای ئەوەوە ئەم کارەش گوناح بووە"! زۆرێک لە زاراوە توێکاریەکانی عەرەبی بوون : بۆ نموونە بە بەدیواری وورگی وتووە (mirach )سک ( sinak) پریلۆتیۆم (siphac). ئەم بەکارهێنانی زاراوانە بۆ چەندین ساڵ بەردەوام بووە تا زاراوە یۆنانیەکان یان ئەوانەی بنەچەکانیان لاتینی بوون، شوێنیان گرتنەوە. دەی سەرباری ئەو هەموو کەم و کورتیانە، کتێبی (توێکاری) ی مۆندینۆس بۆ ماوەی زیاتر لە دوو سەدە وەک کتێبێکی نایابی مەنهەجی خوێنرا. دواجار لە پادوا لە ساڵی ١٤٧٨ دا بڵاوکرایەوەو دوای ئەوە چل جارلەسەریەک چاپ کرا. مۆندینۆس لەبواری توێکارزانیدا شۆڕشی بەرپانەکرد، بەڵام یەکەم هەنگاوی لەم بوارەدا نا بەوەی دەست بەرداری کورسی پرۆفیسۆری بوو. گوێی بەناوبانگی خۆی نەدا تا ببێتە نموونە بۆ ئەوانی تر. بەدەستی خۆی کاری توێکاری ئەنجامداوەو کچە قوتابیەکی زیرەکی بەناوی ئەلیکساندریا گالیانی هاوکاری کردووە. پێدەچێت هێشتا کاتی تەواو دووبارە بووژاندنەوەی زانستی توێکاری نەهاتبێت، کە ئەبووایە بە نەشتەری ئاندریاس ڤیسالیۆس بگەیشتایەتە مەنزڵی خۆی.

# دووباره بووژانەوەی زانستی نەشتەرگەری

گای دو چاولیاکی قوتابی مۆدۆنیس بەناوبانگترین نەشتەرگەربووە لەکۆتای سەدەکانی ناوەڕاستدا. گای کوڕی جوتیارێکی فەڕەنسی بووە و زانستی پزیشکی و ثیۆلۆجیای لە زانکۆی مۆنبیلیەو بۆلۆنیا خوێندووەو بووتە پزیشک و کاتبی پاپا کلیمەنتی پێنجەم و میراتگرەکانی. بەزۆری لە ئەفینۆن ژیاوەو لەوێ لەکاتی بڵاوبوونەوەی تاعونە کوشندەکەی ساڵی ١٣٤٨ دا، خزمەتێکی بێوێنەی کردووە. فرانچیسکۆ پێترارکای توێژەر، بەهۆی تاعوونەوە مرد و گای دوچاولیاکیش خۆی خۆشبەختانە چاک بووەتەوە. چەند ساڵێک دواتر لێهاتووانە کتێبێکی بەناوی (نەشتەرگەری شارەزا) نووسی، کە بە هۆیەوە ناوبانگێکی زۆری پەیداکرد. گای توێژەرێکی زۆر شارەزا و هەروەها پزیشک و نەشتەرگەرێکی باشیش بووە. تەنها سوودی لە ئەزموونی کەسانی دی وەرنەگرتووە، بەڵکو خۆشی بۆ نووسینەکانی خەریکی ئەزموون و توێژینەوە بووە. مایەی سەرسوڕمان نیە کە توێژینەوەکەی متمانەی پێکراو جۆزیف ماڵگێنی نەشتەرگەرو مێژوونووسی بواری پزیشکی لەبارەی توێژینەوەکەیەوە ووتوویەتی "هیچ نووسینێک لەسەردەمی هیپۆکراتەوە لەسەر نەشتەرگەری بە شێوەیەکی ئاوا ڕوون و پوخت وەک ئەوەی گای نەنووسراوە". خۆی دەست نووسەکەی بە لاتینی بووە. سەرەتا لەساڵی ١٤٧٨ دا بەزمانی فەڕەنسی چاپ کراوەو هەتا سەدەی شانزەیەمیش بەشێوەیەکی بەرچاو کەڵکی لێوەرگیراوە.

لەم کتێبەدا گای باسێکی مێژووی زانستی پزیشکی دەکات وئەمەش یەکەمین کتێبە لە سەردەمی سیلوسەوە لەو بوارەدا نووسرا بێت. ڕەخنەی لە پێشینانی خۆی گرتووە و وتوویەتی " وەک تووتی لەیەکەوە فێردەبن". خۆشی زیاتر کاری بە میتۆدی نەشتەرگەری ئەبو قاسمی زەهراوی پزیشکی ئەندەلووسی کردووە.

لەڕێگەی میتۆدە ووشک و توندەکەیەوە چەند میتۆدێکی دیاری نەشتەرگەری پەرەپێدا، کەزۆر پیویست بوو باشتر بکرێن، هەر بۆ نموونە بەکارهێنانی مەڵهەم و هەرزوو (پلاستەر) و داخ کردن لە جیاتی پێچانی ئاسایی پێباشتر بووە. دەی لەبوارەکانی تردا چاکسازی کردووەو شایانی ئەوەیە بە " زیندووکەوەرەی

نەشتەرگەری " دابنرێت. وتوویەتی "نەشتەرگەری باش دەبێت خۆش دوو، خۆڕاگر، لە خواترس و میهرەبان و خاوەن شکۆی خۆی بێت، نەک چاوبرسی بێت ". دیارە زۆر شارەزا بووە لە پیشەکەی خۆیدا. زۆر شێلگیرانە هەوڵی داوە چارەسەری یەکجاری قۆڕی (فتق) بکات، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو حاڵەتێکدا نەشتەرگەری بەپێویست نەزانیوە. بەپێی گونجاوی، بەکارهێنانی پشتێنەی قۆڕی پێ باش بووە .هەر کاتێک نەشەرگەری ئەنجامبدایە، نەخۆشەکەی بەشێوەی ترێندلێنبێرگ[42]١ داناوەو وە ڕەخنەی لەو میتۆدە باوەی قۆڕکردنی گون گرتووە کە دەبووە هۆی لەناوبردنی جۆگەکەی. پێدەچێت یەکەم کەس بوو بێت لە ڕێگەی ڕاکێشانەوە چارەسەری شکاوی کردبێت. لەبارەی چارەسەری شکانی ڕانەوە وتوویەتی " تەلاشەدار بەکاردێنم و برێک شتێکی قورسی پێوە دەنووسێنم، چاودێری تێپەڕبوونی ئەو پەتە دەکەم کە کێشەکەی لەسەر خریلەیەکی بچووک ڕادەگرێت. بەجۆرێک ڕانەکە بە شێوەی ئاسۆی بجووڵێت .هەروەها پەتێک بە جێگەی خەوی نەخۆشەکە هەڵدەواسم تا بەئاسانی شوێنی نەخۆشەکە بگۆڕدرێت ". بەم داهێنانەشی دڵی هەزاران نەخۆشی خۆشکرد. گای گرنگی بە زانستی توێکاری داوەو وتوویەتی" بە بێ توێکاری ناکرێت، نەشتەرگەری ئەنجام بدرێت. نابێت بەهیچ شێوەیەک دکتۆری لاکۆڵان نەشتەرگەری قۆڕی (فتق) و دەرهێنانی بەردی گورچیلە و ئاوی سپی چاو ئەنجام بدەن." گای لەبواری ددان سازیشدا کاری گەورەی کردووە، کە شایانی باس کردنە . لەم بارەیەوە وتوویەتی "بۆ چاودێری و پاکردنەوەی ددانەکان ڕێنمای دەخمە ڕوو تا نەڕزێن و پێشنیاریش دەکەم دانی کەسانی تری یان دانی دەستکردی لە ئێسک دروست کراو، لە شوێنی دانە کەوتووەکان دابنرێن ".

---

42 ئەوەیە نەخۆش تەخت لەسەر پشت دادەنرێت و پێ یەکانیشی ١٥-٣٠ پلەیەک لەسەروی سەریەوە بێت .دیارە ئەم شێوە دانەنەی نەخۆش لە پزیشکی ئەڵمانی فریدریک ترێدیلینبێرگ (١٨٤٤-١٩٢٤ز) بۆ یەکەم جار پێی هەڵساوە .



نەخۆشخانەی شۆڕەسواران لە دوورگەی ڕەودی یۆناندا



دەروازەی نەخۆشخانەی شۆڕەسواران



حەوشەی نەخۆشخانەی شۆڕەسواران

## نەشتەرگەرە ئینگلیز و ئەڵمانەکان

گومانی تیادا نیە لەم سەردەمەدا زۆر نەشتەرگەر هەڵکەوتن، بەڵام تاکە نەشتەرگەر ئێمە زانیاریمان لەبارەیەوە هەبێت، جۆن ئادێرینی (١٣٠٧-١٣٩٠) ئینگلیزە. توێژینەوەیەکی بەوێنە ڕوون کراوەی لەسەر برینی (قڵیشی ) کۆم ئەنجامداوە و بەڕێز دارسی پاوەری (١٨٥٥-١٩٤١) نەشتەرگەر و مێژوو نووسی بواری پزیشکی بە ڕەگەز ئینگلیز، لەساڵی ١٩١٠ دا چاپی کردووە. بە توێژینەوەکەیدا دەردەکەوێ توێژەرێک و نەشتەرگەرێکی زۆر شارەزابووە.

لە مۆنبیلیە خوێندوویەتی و لە فەڕەنساشدا بۆ ماوەیەک وەک نەشتەرگەری بواری سەربازی خزمەتی کردووە و لە جەنگی کریسی دا بەشداری کردووە. لەگەرانەوەیدا لە نیوارک، کە ناوەندێکی گرنگ بووە، کاری کردووە و پاشان ڕووی لە شاری لەندەن کردووە. جۆن ئاردێرین پسپۆڕی نەخۆشیەکانی قوڵۆن و کۆم بووەو بە لێهاتووی خۆی داهێنانێکی نوێی لە نەشتەرگەری قڵیشی کۆمدا کردووە. دیواری کۆمی بە وورياييەوە بڕیوەو بە ئەسفەنجیش پشکنینی بۆ خوێن

بەربوون کردووە. لەدیاریکردنی شێرپەنجەی ڕاستە ڕیخۆڵەدا شارەزا بووە و وەسفێکی ڕوونی کردووە.

وتوویەتی " چارەسەرەکەی تەنها دەرمانی هێورکەرەوەیە و نابێت نەخۆش هیچ نەشتەرگەریەکی بۆ ئەنجام بدرێت و دەبێت دۆستانیشی لە مەترسی ئەو نەشتەرگەریە ئاگادار کرێتەوە". پێدەچێت جۆن نەشەتەرگەرێکی گەڕۆکیش بووبێت، کە بەمەبەستی ئەنجامدانی نەشتەرگەری زۆر گەڕابێت و پارەیەکی زۆری لە نەخۆش وەرگرتبێت. ئەمەش سالانە نەخۆشەکە لە ژیانا بمایە بەردەوام پارەی لێوەردەگرت. دیارە زۆر کاریکردووەو کەسانی ناودارو دەسەڵاتدارنیش ڕوویان تێکردووە. مەرجی ئەخلاقی گەورەی بۆ نەشتەرگەران داناوەو ئامۆژگاری کردوون لەخۆبای نەبن و خێرخوازو کۆششکاربن و ڕێک پۆش و دەست پاک بن و نینۆکیشیان بکەن. لەو سەردەمەی ئەودا چاوەزار بەکارهێنراوە. بەڵگەش بۆ ئەمە ناوی ئەم قەشانە (بەڵتاسەر) (کاسبار) ( مولکەنێر) بەناچاری لەسەر پەنجە تووتەی نەخۆشانی فێ بە خوێن دەنووسرا. دەبوایە نەخۆش بۆ ماوەی مانگێک بەستەیەک کاغەزی پێبوایە و ئەو ناوانەی تیادا بوایە و ڕۆژانە سێ جار نوێژی خواوەند بخوێنێت و سێ جاریش سروود یان نوێژی ئاینی (سلاوت لێ بێت ئەی مەریەم) بخوێنێت. سەرباری ئەو چاپەی ئێستا لەبارەی توێژینەوەکەی لەسەر قلێشی کۆم و مایەسیری و شافەوە باسمانکرد، زۆربەی نووسینەکانی جۆن ئازدێرین هێشتا بەشێوەی دەست نووسن.

هەرچەندە نووسینەکەیان هی سەدەی دوانزەیە، جێی خۆیەتی لێرەدا باسی سێ نەشتەرگەری ئەڵمانی بکەین. ئەم نەشتەرگەرانە نووسینەکانیان بەزمان دایکی خۆیان نووسیووە، کە بەرچاو ڕوونیمان لەبارەی کاریگەری جەنگ لەسەر زانستی پزیشکی پێدەدەن. هێزیج ڤۆن فۆلسپوتت نەشتەرگەرێکی سەربازی خەڵکی باڤاریا بووە و لەساڵی ١٤٦٠ دا کتێبێکی بەناونیشانی (Bündth –Ertznei )لەسەر برین پێچی و چارەسەری برینی نووسیووە، کە بەم دوایانە لەساڵی ١٨٦٨ دا دۆزراوەتەوەو لەچاپ دراوە . خۆی کاری لەسەر چارەسەری شوێن برینی تیر کردووە . نووسینەکەی یەکەم ئاماژەی

کورتی لەسەر دەرهێنانی گولەو نەشتەرگەری جوانکاری دەم و چاو تیادایە. هەر لەو سەردەمەدا نەشتەرگەرێکی دیکەی سەربازی بەناوی هیەرۆنییۆس برۆتشویگ لەساڵی ١٤٩٧ دا یەکێک لە کتێبە بە وێنە ڕوون کراوەکانی بەناوی (the Buch der Cirurgia Hant wirckung der Wundertzny) نووسی، کە ئێستا بۆ کتێب کۆکەرەوەکان بایەخێکی گەورەی هەیە. فیلدین گاریسۆنی مێژوونووسی بواری پزیشکی دەڵێت "برۆنشویگ یەکەم کەسە بە درێژی باسی لە شوێن برینی گوولە کردبێت ".

ماوەیەک دواتر هانس ڤۆن گێرسدۆرف، کە چل ساڵ لە هەڵمەتە جیاجیاکاندا بەشداری کرد، بە درێژی باسی نەشتەرگەری لە بواری سەربازیدا کرد. کتێبەکەی بە ناوی (Feldtbuch der Wundtartzney) لەساڵی ١٥١٧ دا بڵاوکراوەتەوە . بە کەرەستەی تایبەت گوولەی لە جەستە دەرهێناوەو پاشان شوێن برینەکەی ڕۆنی تۆزێک گەرمی لێداوەو پێچاویەتی. دوای پشکنینی مایەسیری لەڕێگەی فشارکردن و دەرمانی خوێن بڕەوە، کۆتکە داری لە میزەڵدانی گیانداران داناوە. کتێبەکەی وەک ئەوەی برۆنشویگ، هەندێک وێنەی فێرکاری زۆر گرنگی تیایە.

## تاعوون

بەبێ باس کردنی تاعوونە ماڵ وێرانکەرەکەی سەدەی چواردەیەم، کە بووە هۆی مردنی نزیکەی چوار یەکی دانیشتووانی ئەوروپا، هیچ باس و خواسێک لەبارەی زانسنی پزیشکیەوە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە تەواوەتی شوێنی خۆی ناگرێت. نیوەی دانیشتووانی لەندەن بەو دەردە مردن و لە ئەڤینۆنیش پاپا ڕووباری ڕۆنی بە پیرۆز زانی تا جەستەی مردووەکانی تێ فڕێبدرێت. کەشتیەکانیش زەبوونانە بە بێ کەشتیوان لە دەریای ناوەڕاست و باکوور جمەیان دەهات و هەر کە دەگەیشتنە کەناراوەکان دەردەکە بڵاودەبوویەوە. ئەم دەردە لەناوەڕاستی ئاسیا تەشەنەی سەندو بە ڕێگا بازرگانیەکان گەیشتە ئەوروپا، کە لەساڵی ١٣٤٨ دا ماڵوێرانی زۆری لێکەوتەوە. لەئیتاڵیاو فەرەنسا بۆ ئینگلتەراو ئەڵمانیا بڵاوبوویەوەو دواجاریش لەساڵی ١٣٥٢ دا گەیشتە ڕووسیا. لەو کاتەدا دەردەکە

کاریگەری کەم بوویەوە، هەرچەندە دوای چەند ساڵێکی کەم بەشێوەیەکی توند (بەڵام وەک ئەوەی سەرەتا نا ) سەری هەڵدایەوەو لەسەدەی حەڤدەیەمدا بەرەو نەمان چوو. بۆکاسیۆ لە کتێبەکەیدا بەناوی (Decameron) باسێکی سەرنجڕاکێشی ئەم دەردەی لە ئیتاڵیا کردووەو وتوویەتی " کە تەماشات دەکرد بەزەیت بە حاڵی خەڵکدا دەهاتەوە. ڕۆژانە هەزاران کەس نەخۆش دەکەوتن و بە بێنازی دەمردن. زۆرکەس لەسەر سەقامەکان دەمردن و زۆرێکی تریش لەماڵەکانیان دەمردن و بەبۆنی لاشەکانیان دەیاندۆزینەوە. خاکی پیرزۆ بەس نەبوو بۆ سووتاندنی ئەو هەموو لاشەیە، کە بەسەدانیان لەخەندقەکاندا دادەنران و وەک شت و مەکی سەرکەشتی و تۆزێک خاکیان بەسەردا دەکرا". دەردەکە بە هەردوو شێوەی سییەکی[43] و خەیارەیی[44] بڵابوویەوە. خوێن هەڵهێنانەوە نیشانەی مردنێکی بێ چەن و چوون بوو. هەروەها پەڵەی ڕەشی سەر پێستیش دەبووە هۆی ئاوسانی سەر یان بن باڵ. بۆکاسیۆ درێژەی دەداتێ و دەڵێت " چەند پیاوی نەبەرد، چەند کیژی جوان، لەگەڵ کەس و کاریان نانی بەیانیان دەخواردو شەویش نانی شێوانیان لە ناو گۆڕ دەخوارد ". چارەسەر نەبوو درەنگیش ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی ئەم دەردە کوشندەیە کرا.

لەگرنگترین ڕێگای خۆپاراستن، جیاکردنەوەی مرۆڤ و ئاژەڵ بوو. یەکەم جار لە ڕاگوسا لەدەریای ئەدریانیک لەساڵی ١٣٧٧ دا بە ناچاری مرۆڤ و ئاژەڵ لەیەک جیاکرانەوە. دیارە ئەوروپییەکان بەهۆی ئەو دەردەوە شپرزە بوون و تۆقین. جوولەکەکان بە ژەهراوی کردنی بیرەکان تاوانبارکران و زۆرریکیشیان بە زیندووی سوتێنران! جوتیاران کێڵگەکانیان نەدەکێڵی و شوانەکانیش ڕانە مەڕەکانیان نە دەلەوەڕاند. پەڕگیرەکانیش لەبەر گوناهەکانیان بە قامچی لەخۆیان دەدا، کە وەها سزایەکی بۆ مرۆڤایەتی هاتووە. چارەسەر زۆر کەم بوو، هەرچەندە بۆ بەرچاوڕوونی خەڵک هۆکارەکانی تووش بوونی نەخۆشیەکە دەنووسران. پزیشکانیش ئامۆژگاری خەڵکیان دەکرد کار بە خوێن گرتن بکەن و سرکەش بخۆن. جا نیشانەیەکی ئەم دەردە کوشندەیە کراوەتە ناونیشانی یەکەمین کتێبی

43 پەیوندی بە هەوکردنی سییەکانەوە هەیە.

44 بریتی یە لە ئاوسان و داگیرسانی لووەکانی ئەشکنج.

چاپکراو لە ئینگلتەرادا. خەڵکی لە ڕێگای قاندانی خانووەکانیان بەسنەوبەرو مادە بۆندارەکانی تر هەوڵیان دەدا خۆیان لەم دەردە بپارێزن. پزیشکان دەست کێشیان لەدەست دەکردو بەربووریان(سەدریە) دەپۆشی و هەروەها توورەکەیەکیان دەبەست بە دەمیانەوە، کە ئیسفەنجێک بوو لەناو سرکە و سیردار چێنی دەیاخووساند. ئەوانەی لەبارەی هۆکارەکانی تووش بوونی ئەم دەردە دەیانووسی، ئامۆژگاری خەڵکیان دەکرد خێرا بەرەو شوێنە دوورەکان هەڵبێن و درەنگیش بگەڕێنەوە.

## دۆخی نەخۆشخانەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا

هەر لەسەردەمانی کۆنەوە، مەسیحیەکان چاودێری کردنی نەخۆشیان بە ئەرکی خۆیان زانیوە. ئاساییە واتێبگەین نەخۆشخانەکان لە سەرەتادا دامەزراوەی ئاینی مەسیحی بوون. هەرچی لەمپەرێک لەبەردەم ڕەوتی زانستی پزیشکیدا دانرابێت، نەبووەتە بەربەست بەڵکو زیاتر پاڵنەر بووە بۆ دابین کردنی خانو و چاودێریکردنی نەخۆش و کەسانی بریندار. لە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا زۆر نەخۆشخانەی باش بنیاتنران، کە قاوشە گەورەکانیان نهۆمی کاشی ڕێژکرا و پەنجەرەی گەورەیان هەبووە. نووێن و شوێن خەویشی بۆ نەخۆشەکان تیادابووە. ئەم نەخۆشخانانە هەریەکەیان سەرچاوەیەکی باشی ئاوی هەبووە و ئاوەڕۆشیان بۆ دابین کرابوو. یەکێک لە کۆنترین نموونەی ئەو نەخۆشخانانە هێشتا لە دوورگەی ڕۆدی یۆنان ماوەتەوە .

لەویَ لەسەردەمی خاچپارێزەکاندا سوارچاکەکانی قەشە جۆن نەخۆشخانەکەیان بنیاتنا. سەرەتا سوارچاکەکان لە ئۆرشەلیم جێی خۆیان قایم کردو پاشان لە دوورگەی ڕۆد و دواجار لە ماڵتا کاری بنیاتنانەکە، هەرچەندە زۆری گۆڕانی بەسەرداهاتووە، تایبەتمەندی خۆی پاراست و تا ئەمڕۆش ماوەتەوە.

هەندێک لەنەخۆشخانە زۆر چاکەکانی لەندەن لەو سەردەمەدابەسەرپەرشتی کڵێسا بنیات نران بۆ نموونە: نەخۆشخانەی قەشە بارتۆلۆمیۆ و نەخۆشخانەی قەشە تۆماس . نەخۆشخانەی قەشە بارتۆلۆمیۆ هەروەک بەڕێز نۆرمان مۆڕ

باسی کردووە، پێدەچێت کۆنترین نەخۆشخانە بوو بێت لە بەریتانیادا. لەپێشتردا لە بەریتانیادا زۆر نەخۆشخانەی تر هەبوون. هەندێکیان بۆ نەخۆشان و ئەوانی تریش بۆ حاجی و گەشتیاران و بەساڵاچووان بووە.

بەڕێوەبردنی نەخۆشخانەکان لەدەستی کڵێسا نەمایەوەو کەوتۆتە دەست شارەوانیەکان و لەسەدەی چواردەیەمدا زۆرێکیان بوون بە دامەزراوەی فەرمی. سەرباری نەخۆشخانەکان دامەزراوەی تریش هەبوون تیایاندا کەسانی هەڵگری نەخۆشی گولی جیادەکرانەوەو چاودێری دەکران. لەسەدەکانی ناوەڕاستدا گولی نەخۆشیەکی باو بوو. زۆر خانەی چاودێریکردنی هەڵگرانی نەخۆشی گولی لە بەریتانیا و سەرانسەری ئەوروپا دا هەبوون. کاتێک کەسی گول دەچووە دەرەوە، دەبوایە جلی جیاکەورەوە لەبەربکات و زەنگ یان شتێکی ئاگادارکەرەوە هەڵبگرێت تا خۆی بناسێنێت. بەو جۆرە خەڵک دەیانزانی ئەو کەسە نەخۆشی گولی هەیە. لەدوای سەدەی چواردەیەم ژمارەی تووش بووانی گولی بەردەوام کەمی کرد و لەسەدەی حەڤدەیەمدا تاڕادەیەکی زۆر نەخۆشیەکە لەئەوروپا بەرەو نەمان چوو.



کلێشەیەکی دارین تیایدا چارەسەری دەستێکی شکاو دەکریت.



وێنەیەک شێوازی دەرهێنانی کرم لە لەشدا پیشان دەدات،

## وێنە ڕوون کەرەوە پزیشکیەکان

جێی خۆیەتی کەڵک لە وێنە بچووکە نەخشێنراوەکانی ناو دەست نووس و کتێبە پزیشکیە کۆنەکان وەربگرین . لەسەردەمی موندینوسدا تەنها وێنە لەسەر توێکاری دەنەخشێنرا. واش باو بووە وێنەی ئێسک و ماسوولکە و بۆری خوێن و دەمار و هەناو بەشێوەی زنجیرەی بۆق بنەخشێنرێت. بەزۆری ژمارەیان پێنج بووە، کەتیایاندا پێکهاتەکان بەشێوەیەکی پڕکێماسی و زۆر ناسروشتی پیشان دەدران. لە توێژینەوەکانی پرۆفیسۆر کارڵ سوودهۆفی بە ڕەگەز ئەڵمانی و مێژوونوسی بواری زانستی پزیشکی ، زانیاری زۆرمان لەبارەی ئەو وێنانەوە دەست دەکەوێت . کتێبی (ئاشت کەرەوە) ی پیتەر ئابانۆی فەیلەسووف و ئەستێرەناسی ئیتاڵی و پرۆفیسۆری بواری پزیشکی کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، یەکەمین وێنەی ماسوولکەی مرۆڤی تیادایە. شێوەی تەواوی ماسوولکەکانی توێکاری بۆ کراوە. وێنەیەکی تری زۆر باو لەسەر بورجەکانە، کە پەیوەندی تەنە ئاسمانیەکان بەڕووی مرۆڤەوە دەردەخەن. ئەمەش بیروباوەڕێکە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ئیشی لەسەر کراوەو زیاتریش لەسەدەی شانزەدا برەوی پێدرا. بۆ نموونە وابڕوا دەکرا، بورجی گا دەستی بەسەر مل و قورگدا گرتبێت، بورجی دووپشک پەیوەندی بە کۆئەندامی زاوزێوە هەبێت، بورجی گێسک پەیوەندی بە ئەژنۆیەکان و بورجی نەهەنگ بە پێیەکانەوە.

باشترین کاتی پێدانی دەرمان و وەرگرتنی خوێن بە لێکۆڵینەوە لەو بوورجانەو مانگەوە دیاری دەکران. خۆی کاریگەری مانگ لەسەر نەخۆشی بیروباوەڕێک بوو تا ئاخرو ئۆخری سەدەکانی هەژدە بەربڵاو بووەو بابەتی کتێبێکی دکتۆر ڕیچارد مید بووە. کتێبەکانی بوای نەشتەرگەری لەسەدەکانی ناوەڕاستدا زۆرجار وێنەی ڕوون کەرەوەیان لەسەر مرۆڤی بریندار تیابووە و زۆر شوێنی برینیان و هەروەها شوێنی بەستەری خوێنبەرەکان پیشان داوە. وێنەیەکی تری دیاری ڕوون کەرەوەی ئەم کتێبە نزیکەی ٢٨ خوێنهێنەری پیاوێک پیشان دەدات، کەدەکرێت بەمەبەستی لابردنی کۆلێسترۆڵ یان سەرچاوەی هەوکردنەکەی خوێنی لێوەرگیرێت. عەرەبەکان پێیان وابووە دەبێت خوێن لە خوێنهێنەرێکی زۆر دوورو

لە بەشە تووش بووەکە بەنەخۆشی وەربگرین وەک لە بەشێکی تری لەش، ئەم میتۆدەش پێی دەووترێت "قیزکردنەوە".

پییەر بریسۆت (١٧٥٤-١٧٩٣ ) ئەوەی خستەڕوو میتۆدی پێچەوانەی وەرگرتن، کە هیپۆکرات کاری پێکردووە و خۆی لە وەرگرتنی خوێن لەنزیکی شوێنی تووش بوونەکە لەهەمان شوێنەوە، کارێکی پەسەند بووە.

لەکتێب و دەست نووسەکانی سەدەکانی ناوەراستدا زۆر وێنەی ڕوون کەرەوەی تر هەن، کە دەکرێت لەبارەی زانستی پزیشکی لەو سەردەمەدا زۆر کەڵکیان لیوەرگرین. کاری توێکارزان، کە خۆی لە توێکارکردن و پیشاندانی جەستەدا دەبینیەوە، بابەتێکی خوازراوی نیگارکێشە هۆڵەندیەکان بووە لەسەدەی هەژدەیەمدا. هەروەک پێشووتر باسمان لێوەکرد، بە وێنە کۆنەکاندا دەردەکەوێت کارە راستەقینەکانی توێکاری لای توێکارزانەکان خۆیانەوە ئەنجامنەدراوە. دواجار بابەتێکی تری باوی بەوێنە پیشان دان کە لە وێنەکێشەکانی ئەم دوایانەدا دەبینرا، بریتی بووە لە دەستنیشان کردنی نەخۆشی لەڕێگەی پشکنینی میزەوە. پزیشک هەندێک جار پاڵتۆیەکی شینی فەروەداری لەبەردەکردو کڵاوێکی قەیفەیی لەسەردەکردو چەند مستیلەیەکی لەدەست دەکرد. لوولەشووشەیەک کە میزی نەخۆشی تیادابووە دەیداوە بەر ڕووناکی و لەهەمان کاتیشدا چاودێری ترپەی نەخۆشەکە دەکرد. دایکی نەخۆشەکەش دەوەستاو بەنیگەرانیەوە چاوەڕێی وەڵامی پزیشکی دەکرد. زۆر نیگارکێشی تریش و نیگاری دارین لەسەر زانستی پزیشکی ئەو سەردەمە بەرچاوڕۆشنیمان پێدەدەن چۆن لە بواری دەرمانسازیدا کارکراوەو چۆنیش نەشتەرگەری ئەنجام دراوەو گەلێک بابەتی تریش. بەم جۆرە دەکرێت کەسێک بەبێ ئەوەی کێشەی خوێندنەوەو وەرگێڕانی هەبێت شارەزای لەمێژووی ئەو بوارە پەیدا بکات.

## گرنگی ڕووەکناسی له زانستی پزیشکیدا

پزیشکانی پێش سەردەمی پێشکەوتنی دەرمانی دەستکرد پێویستیان بە زانیاری لەسەر ئەو ڕووەکانە هەبووە، کە لەبواری پزیشکیدا بەکارهێنراون . لەنێو کۆنترین کتێبەکانی بواری ڕووەکناسیدا ئەوەی دیۆسکۆریدیسە بەناوی ( لەبارەی دەرمانە پزیشکیەکانەوە ) کە پێنج بەرگەو تەنها دەست نووسە مابێتەوە و ئێستا لە کتێبخانەی ئیمپڕیاڵدایە لە ڤێنا. لەساڵی ٥٧٢ ی زاینیدا بۆ خولیانا ئاتیکای کچی ئیمپڕاتۆری بێزەنتی نووسراوە.

دواتریش ئەپۆلیۆس پلاتۆیکەس کتێبی (Herbarium )ی نووسی، کە ئەبێت ئەم نووسەرە لە ئەپۆلیۆسی نووسەری کتێبی (The Golden Ass) جیابکرێتەوە. چاپی دەست نووسەکەی سەدەی نۆزدەیەمی پارێزراوە. هەتا ئەم دوایانەش لە مۆزەخانەی بەریتانیدا وەرگێڕانێکی ساکسۆنی چاپەکەی مابوو، کە لە دەوروبەری ساڵی ١٠٠٠ ی زاینیدا نووسراوەو لەساڵی ١٨٦٤دا تۆماس ئۆسواڵد کۆکاکینی(١٨٠٧-١٨٧٣ز) زمانەوان، بە ئینگلیزیەکی سەردەمیانە نووسیویەتیەوە. پێشووتر باسمان لە کتێبی (the Leech Book of Bald )کرد، کە تیایدا هۆکاری نەخۆشیان بۆ ژەهری فڕیو یان پێوەدانی بوونەوەری نامۆ دەگەڕاندەوە. ئەمەش بیروباوەڕی سەردەمی ساکسۆنیەکان بووە. لەبارەی نووسین یان چاپ کراوەکانی بواری ڕووەکناسی، (Ortus Sanitatus) یەکێک بووە لە کۆنترین ئەو کتێبانەی، کە نازانرێت نووسەرەکەی کێ یە. ئەم کتێبە لەساڵی ١٤٩١ دا لە ئەڵمانیا چاپ کراوەو گەلێک وێنەی بەدار هەڵکۆڵراوی جوانی تیادابووە. لە کۆنترین ئەو کتێبە ئینگلیزیانەی لەبواری ڕووەکناسیدا چاپ کراون، کتێبەکە بەناوبانگەکەی ڕیچارد بانکس بەناوی (Herball)، هەروەها کتێبەکەی پیتەر تریڤێریس بەناوی (The grete herbal ). ئەو دوو کتێبە لەنێو کۆنترین ئەو کتێبانەن بەزمانی ئینگلیزی لەبواری ڕووەکناسیدا چاپ کراون، لەگەڵ ئەمەشدا بانگەشەی ڕەسەنێتی بۆ هیچ کام لەم دوو کتێبە ناکرێت.

کتێبە بە وێنە فرە جوانە ڕوونکراوەکانی بواری ڕووەکناسی لەسەدەی شانزەیەمدا لە ئەڵمانیا چاپ کراون. ئۆتۆ بڕونفێلس لە کتێبەکەیدا بەناوی(وێنە

گیاییـه ژیاریـەکان) مەرجـی نـوێ و باشـی  ووردبینـی دانـاوە. لەکاتێـکا لەسـاڵی ١٥٤٣ دا کـە ڤیسـالیۆس و کۆپەرنیکۆس نووسـینە مێژووی و ناوازەکانی خۆیانیان بڵاودەکردەوە، چاپە فلاندەرزیەکەی لیۆنارد مۆسیش  بەناوی (مێژووی ڕووەک)، کە بە وەسـفە ووردو نەخشـە دارینە ڕەنگاورەنگەکان ئاماژەی بۆ دەکرێت، بڵاوکرایەوە. ڕووەکـی فوشسـیا بەیـادی ئـەوەوە ناونـراوە. لەپێشـەنگەکانی ڕووەکناسـی ئینگلیـز ویلیـام توونـە، کـە هەندێک جـار بـە " باوکـی ڕووەکناسـی بەریتانـی " ناودەبرێـت و کتێبەکـەی بەنـاوی  (New Herball) لەسـاڵی ١٥٥١  دا بڵاوکراوەتـەوەو  پێشکەشـی شـاژنە ئێکیزابێـث کـردووە. دوای تونـەر، جـۆن جێـراردی  ڕووەکناسـی پاشـا جەیمزی یەکـەم هـات، کـە زیاتـر لـە هـەزار جـۆری جیاوازی ڕووەکـی لـە باخچەکـەی لـە هۆڵبـۆڕن لـە لەندەنـدا چانـدووە. وەک دەووترێـت ڕووەکـی تاتەشـی چانـدووە، کەبـەم دوایانـەش لـە ڤێرجینیـاوە هێنایـان. کتێبەکـەی  بەنـاوی  (Herball ) لەسـاڵی ١٥٩٧دا چاپ کـراوە. ئـەم کتێبـە  لەبارەی گەشـەی زمانـەگا لـە قۆرتەکانی(چاڵەکانـی) سـەر ڕێگای پێکادیلـی و گەشـەی گوڵـە شەسـت پەڕەوەیـە  لـە گەڕاوەکانـی پادینتۆن.

سـەدەیەک دواتـر، کتێبێکـی بەناوبانگـی جـۆن پارکینسـۆن بەنـاوی (باخچـەی گوڵـە ڕەنگاوڕەنگـەکان ) بڵاوکرایـەوە. ناونیشـانی ئـەم کتێبـە جۆرێکـی ڕەسـەنایەتی لـە بەکارهێنانـی ناوەکـەی خـۆی (Park-in-Sun ) ی تیادایـە. لاپـەرەی سـەرەتای کتێبەکـە وێنـەی گیانـەوەری ڕووەکـی ئەفسـانەی تارتـاری تیادایـە، کـە وا باوەڕکراوە بەشـێوەیەکی سـەیر ئـاژەڵ و ڕووەکـی تیـا ئامێتـە بووبێـت. بـەرخ، کـە حـەزی بـە بەلاسـکی گـوڵ بـوو، خـۆراک لـە لـق و گـەڵای چـواردەوری  وەردەگرێـت. ئەمـەش کاتێکـە کـە رووەک یـان ئـاژەڵ ، لەناودەچێـت. بـۆ چەندیـن سـەدە ئـەم ئەفسـانە سـەیرە بـاوەڕی پێکـراوە. بارکیـن سـۆن دوایـن ڕووەکناسـی مەزنـی ئینگلیـزە، ڕووەکناسـی لـە زانسـتی پزیشـکی جیاکردبێتـەوە. بـواری کارکـردن بەرفـراوان بـوو، کاتێـک نیکـۆلاس کوپییـەر تورەیـی کۆلێـژی پزیشـکانی دامرکانـدەوە لەڕێگـەی یـەک خسـتنی دەسـتووری دەرمانسـازیەوە. لەسـاڵی ١٦٤٩دا دوو کتێبـی بەناونیشـانەکانی (English Physician Enlarged)، (Physical Directory) نووسـی.

(English Physician Enlarged) توێژینەوەیـەک بـووە لەبـارەی کاریگـەری

ئەستێرەناسی لەسەر ڕووەکناسی، کە گەلێک جار چاپکراوە و بڵاوکراوەتەوە. هەرچەندە توێژینەوەی زانستی لەسەر نەدەکرا.

رووەکناسی لەڕێگەی هەوڵ و تەقالاکانی ویلیام کۆڵی نووسەری کتێبی (زانستی کۆکردنەوەی ڕووەک )لەساڵی ١٦٥٦ دا، هەروەها ئێلیزابێث بلاکوێڵ کەلەساڵی ١٧٣٧ دا کتێبی ( Curious Herbal )ی نووسی، جەیمس نیوتن کە لە ساڵی ١٧٥٢ دا کتێبی ( Compleat Herbal )ی نووسی، گەلێک ڕووەکناسی تری ناوداریش، ئاهێکی وەبەرداهاتەوە. تەنانەت لەڕۆژگاری خۆیدا دواین بەشی ڕووەکناسی لەڕێگەی کتێبی (ڕووەکناسی سەردەم ) دا کە لەساڵی ١٩٣١ دا چاپکراوەو مۆد گریڤی ڕووەکناسی ئینگلیز نووسیویەتی، دەکرێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. دیارە ئەوانەی باسمان کردن ناوی هەموو ڕووەکناسە مەزنەکان نەبوون. ئەو خوێنەرەی پێی خۆشە گەڕان بەناو بابەتەکەدا بکات لەم بەرهەمانەی دوای، ئاگنز ئاربەر، ئێلینەر سینکلێر ڕۆددا، زانیاری تەواوی دەست دەکەوێت. ئاگنز ئاربەر زۆربەی ئەو زانیاریانەی سەرەوەی وەرگرتووە. یەکەم شت باسی کردووە ژمارەیەک وێنەی دارینی نەخشێنراوی ڕووەکە بەراییەکانن. زۆرێک لەم دەرمانانەی پێشووتر لە ڕووەکەوە دروست دەکران، ئێستا بە ڕێگەی کیمیای دروست دەکرێن. بەم جۆرە زانستی کۆکردنەوەی ڕووەک و بەکارهێنانیان بۆ ئامادەکردنی دەرمانی تێکەڵ، ئێستا تەنها لای جەند ڕووەکناسێکی کەم کاری پێدەکرێت و پزیشکی ڕووەکناسی تاڕادەیەک گرنگیەکەی کەم بووەتەوە. خۆی ووشەی (sampling) (کۆکردنەوەی ڕووەک) چیدیکە بەکارنەهات، هەرچەندە ئێمە هێشتا قسە لەسەر تێکەڵ کردنی دەرمان دەکەین. گژوگیا بوو بە جۆرێک لە بابەتی ئاسایی لە نێوان دەرمان و خۆراکدا. دەی زانستی گیاناسی تەنها بۆ مێژوونووسی بواری زانستی پزیشکی گرنگی زۆری نیە، بەڵکو بۆ دەرمانسازیش گرنگی خۆی هەیە چونکە توێژەری بواری دەرمانسازی کار لە بوارێک دەکات هێشتا زۆری تیاماوە بدۆزرێتەوە .

# بەشی هەشتەم

## زانستی پزیشکی لەسەدەکانی پانزەو شانزەدا:
## چاکسازو شۆڕشگێڕەکان

بزاڤی گەورەی ڕێنیسانس کە لە کۆتای سەدەی چواردەیەم دەستی پێکردو دوای دوو سەدە گەشتە ترۆپک، تەنها لە ژیانەوەی کەلتوری کلاسیکی دێرینی یۆنانی و ڕۆمادا خۆی نەبینیەوە بەڵکو گۆڕانێکی ڕیشەی بوولە ڕوانینی بیرمەندان، کە هەوڵیان دەدا لە فەلسەفەی دۆگمای و سنووره کۆنەواریە (تەقلیدیەکانی) سەپێنراوەکانی لای کڵێساش خۆیان قوتار بکەن.

ئیتاڵیا بەتایبەتی بوو بە لانکەی بزاڤەکە. لەوێ لە شاری دانتی و پێترارک، کۆسیمۆی فەرمانڕەوای دەسەڵاتدار و ساماندار و لۆرێنزۆی برای زۆر گرنگیان بە هونەرو ئەدەب دا. لە ئیتاڵیاوە بزاڤی ڕۆشنگەری گەشتە وولاتانی تری ئەوروپا و دواجاریش گەشتە ئینگلتەرا، کە لەوێ سەردەمی زێڕینی شاژنە ئێلیزابێث بوو. لەسەرەتادا خەڵک داوای ئازادی بیرکردنەوەیان دەکرد . هەروەها داوادەکرا شکۆی مرۆڤ و فەلسەفەی ژیان و بەمرۆڤ بوون جێی فەلسەفەی

ووشـک و زڕی سـەدەکانی ناوەڕاسـت بگرێتـەوە. گەلێـک دۆزینـەوە ڕێگایـان بـۆ هێنانـەدی ئامانجـە باڵاکانـی ڕێنیسـانس خـۆش کـرد.

داهێنانـی چـاپ، دۆزینـەوە و فـراوان بوونـی جیهـان لـە ڕێگـەی دۆزینـەوەی ئەمریکاو ڕێگەی هیندە سـوورەکان، گۆڕانـی شـێوازی شـەڕو ململانـێ، کـە داهێنانی باروتـی لێکەوتـەوە، هەریـەک لەمانـە کاریگـەری قووڵیـان لەسـەر بەئاگاهاتـن و ژیانەوەی ڕۆشـنبیری لەسـایەی ڕێنیسانسـدا دروسـت کـرد. دەی لەوانـەش گرنگتـر گۆڕانـی ڕیشـەی ڕوانینـی خەڵـک بـوو، کـە بابەتیانـەو بـێ لایەنانـە هەڵسـەنگاندیان بۆ داهێنانـەکان دەکـرد. ئـەم گۆڕانـەش هـەر لەهەوانتـەوە نەبوو. بەگشـتی کاریگـەری لەسـەر هەمـوو خەڵکیـش نەبـوو. جەنگێکـی قورسـی درێژخایـەن پێویسـت بـوو. زەحمـەت بـوو کاتێکـی دیاریکـراو بـۆ وەهـا بزاڤێـک دابنێیـن، کـە لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا زۆر بـە هێمنانـە دەسـتیپێکرد. پێشـووتر زانیمـان لێـرەو لـەوێ دەنگـی نـاڕەزای لەبـارەی میتـۆدە کۆنەکانـی زانسـتی پزیشـکیەوە هەبـوو. دەی بەگشـتی کۆدەنگـی هەیـە، کـە سـاڵی ١٥٤٣ سـاڵی ترۆپکـی پێشـکەوتنی پزیشـکی و زانسـتە چونکە لـەم سـاڵەدا نیکۆلاس کۆپەرنیکۆس بەبڵاوکردنـەوەی توێژینەوەکـەی بەنـاوی (لەبـارەی سـووڕانەوەی گۆیـە ئاسـمانیەکان) شۆڕشـی لەبـواری ئەسـتێرەناسـیدا بەرپاکـردو ئاندریـاس ڤێسالیۆسـیش لـە ڕێگـەی بڵاوکردنـەوەی کتێبکـەی بەنـاوی( لەبـارەی ڕایەڵـەی جەسـتەی مرۆڤـەوە ) شۆڕشـی لەبـواری پزیشـکیدا بەرپاکـرد. دکتـۆر جەیمـز مـۆرز بـۆڵ لەژیاننامـەی ڤیسالیۆسـدا دەڵێت " نووسـینە جوانەکانـی ڤیسـالیۆس بـە بـەراوورد لەگـەڵ نووسـینەکانی جالینـۆس، مۆندینـۆس و ئەوانـی تـرەوە ئاسـمان و ڕێسـمانە ". لەنێـو پزیشـکە مەزنەکانـی سـەردەمی ڕێنیسانسـدا، ڤیسـالیۆس دیارترینیانـە.

## هونەرو زانستی توێکاری –لیۆناردۆ داڤینچی

یەکێک لە دەرکەوتەکانی بزاڤی ڕێنیسانس بایەخدان بوو بەجوانی جەستەی مرۆڤ. چدیکە جەستەی مرۆڤ وەک وەسیلەیەکی گوناهکار تەماشا نەدەکرا تا بشارێتەوە یان شتێکی هێندە پیرۆز بێت، کەنەکرێت تەنانەت پشکینیشی بۆ بکرێت. نموونە بالاکانی کلاسیک ڕۆحیان بەبەردا کرایەوەو نیگارکێشانیش یەکەمین چین بوون ئەسپی خۆیان لە مەیدانەکەدا تاودا. ئەم نیگارکێشانە هەوڵیان دەدا کەڵک لە توێکارزانەکان وەربگرن، بەڵام توێکارزانەکان هەر ملکەچی نەریت بوون و کارەکەیان بەو کۆت و بەندانەی بەسەر توێکارزانیدا سەپێنرابوو، سەخت کرابوو. دەی ئەم کۆت و بەندانە ووردە ووردە لابران و هەندێک لە نیگارکێشە بوێرە زانخوازەکانیش ڕێچکەیان شکاندو نەشتەریان بەکارهێنا تا لەبارەی پێکهاتەی مرۆڤەوە خۆیان زانست وەرگرن.

مایکڵ ئەنجلۆ، ڕافائیڵ و ئەلبێرت دورێد لەو نیگارکێشانە بوون خۆیان بە زانستی توێکاریەوە قاڵ کرد. مەزنترینیشیان لیۆناردۆ داڤینچی (١٤٥٢-١٥١٩) بوو. ئەم نیگارکێشە بەهرەمەندو شارەزایە کەسێک بوو بە بیرە ڕەسەنەکانی پێشی سەردەمی خۆی کەوت. داڤینچی پێشبینی داهێنانی فڕۆکە و میتۆدە سەردەمیەکانی شەڕو ململانێی کرد و باسی زۆر کێشەی بواری ئەندازیاری کرد، کە دواتر خرانە بواری کرداریەوە. دۆزینەوەشی لەبواری توێکاریدا هەبووە وەک بۆشای شەویلگەو بەستەرەی ناوەندی دڵ.

یەکەم کەس بوو لەڕێگەی ئامێری بە مۆم بوونەوە ناومێشک پیشان بدات و بەدروستی وێنەی کۆرپەلە و توێژەکانی لەناو پزوودا بکێشێت. خۆی ئامانجی ئەوەبوو لێکۆڵینەوە لە ئێسک و ماسوولکەکان و پەیوەندیان بە هونەرەوە بکات. بەڵام ئامانجی گەورەتر بوو، پشکنینی ئەندامە وورد ترەکانی وەک هەناو، مێشک و بۆرییەکانی خوێن و بەتایبەتی دڵی کرد. هەوڵیدا بەهاوکاری لەگەڵ مارکۆ ئەنتۆنیۆ دیلا تۆڕێ پالیادا نووسینێکی زۆر چاکی لەسەر توێکاری بڵاوبکاتەوە، بەڵام بەهۆی مردنی مارکۆوە ئەم کارە نەهاتە بەرهەم. خۆی چەند ساڵێکی کەمە ڕۆڵی لیۆناردۆ لەبواری توێکاریدا بەتەواوی نرخێنراوە. بەسەدان نەخشەو

دەست نووسی ئەم نیگارکێشە هەڵکەتووە لە کتێبخانەی ڕۆیاڵ لە ویندسۆر پاریزراون و هەر بەم دوایانەش چاپ کراون. جێی خۆیەتی ئەم نیگارکێش و پەیام هێنەرەی سروشت، بە پێشەنگێکی بواری توێکاری دابنێین.

## هەر دەربارەی توێکاری ---ئەندریاس ڤێسالیۆس

پێشەنگی توێکاری لەسەردەمی ڕێنیسانسدا بێت یان بگرە لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەندریاس ڤێسالێۆسە (١٥١٤-١٥٦٤). ڤێسالیۆس لە برۆکڵ لە دایک بووەو هەر خێزانەکەی بەزۆری پزیشک بوون. باوکی دەرمانسازی ئیمپراتۆر چارڵسی پێنجەم بووەو باپیری و باپیری باپیری و تا شەش پشتی کەسانی دیاری بواری پزیشکی بوون.

ئەندریاسی لاو وەک باسی دەکات، توێکاری سەگ، مشک و گیانەوەرە بچووکەکانی تری کردووە. ئەمەش ڕێبازێکی بواری پزیشکی بوو، کە دواتر زۆر کەس لەسەری ڕۆشتن. لەزانکۆی لۆڤان سەرکەتووانە خوێندنی تەواوکردووە و زمانەکانی یۆنانی و لاتینی تەنانەت عەرەبیشی زانیوە. دواتریش بەمەبەستی خوێندنی پزیشکی ڕووی لە پاریس کردووە . سیلڤیەس و گینتێر، کە دوو توێکارزانی فرە بەناوبانگی زانکۆی لۆڤان بوون، مامۆستای ڤێسالیۆس بوون. جاکۆب سیلڤیەس (١٤٧٨-١٥٥٥) هەرچەندە مامۆستایەکی نایاب بووە، دواکەوتەیەکی هێندە سەرسەختی جالینۆس بووە کاتێک پێکهاتەیەکی بدۆزایەتەوە لەگەڵ ڕێبازی جالینۆسدا یەکانگیر نەبوایە دەیووت تۆ بڵێی لەسەردەمی جالینۆسەوە مرۆڤ شێوەی جۆرێکی تر بوو بێت ؟ کاردان دەڵێت "سیلڤیەس باسی بەشەکانی پەلەکانی سەگی کردووە و لەوانەکانیدا بەشە قورسەکانی توێکاری لابردووە (نەک تەنها ئەو، کەسێکی تر بەهەمان ناو سەدەیەک دواتر پرۆفیسۆرێکی لەیدین باسی درزی مێشکی سیلڤیەسی کردووە ) ". سیلڤیەس بابەتیانە نووسینی نووسەرانی تری هەڵنەسەنگاندووە. بەتوندی دۆزینەوە توێکاریەکانی ڤیسالیۆسی ڕەت کردۆتەوەو تەنانەت ناوی وەک خۆی نەهێناوە و بە کەسێکی شێتی داناوە، کە هەوای ئەورووپای ژەهراوی کردبێت. جۆهانز گونتێر ( ١٤٨٧-١٥٧٤)، کەسێکی

لەخۆبووردە و هێندە هەژاریش بووە بەناچاری لەسەر شەقامەکان سواڵی کردووە! لە لوڤان بوو بە پڕۆفیسۆری زمانی یۆنانی و لەتەمەنی سی و هەشت ساڵیدا لەبواری پزیشکیدا خوێندی و لەپاریس بووبە پڕۆفیسۆری توێکارزانی. لەوێ ناوبانگی لەبواری توێکاری و وانە ووتنەوەدا پەیداکرد، بەجۆرێک دواجار بووبە خانەدانی ستراسبۆرگ و پاشان خانەنشین بوو.

گونتێر زۆر کاری گەورەی لە بواری توێکاریدا نەکردووە، بەڵام یەکێک بووە لەوانەی نووسینەکەی ڤیسالیۆسی لاوی ناساندو پاڵپشتی کرد. بائێستا باس لە پیشەکەی بکەین. ڤیسالیۆس بە جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە لەپاریس درێژەی بە خوێندن دا. بەهۆی گەران بەدوای زانستدا مەترسی گەورە لەسەر ژیانی دروست بوو. بەهۆی هەڵایسانی جەنگەوە ناچار بوو بۆ ماوەیەک بۆ لۆڤان بگەڕێتەوە. لەدەرەوەی دیوارەکانی شار لەسەر پەتی سێدارەیەک ئێسکە پەیکەری تاوانبارێکی دۆزیەوە، کە بە هیچ شێوەیەک نەشوێوێنرابوو، بەستەرەکانی تێک نەچووبوون. بەیاریدەی هاوڕێکەی ماڵەکەی کرد بە ئەنتیکەخانەی کارەکان، کە بۆ لێکۆڵینەوەکانی بەهایەکی گەورەیان هەبوو. لەگەڵ تەواو بوونی خوێندنەکەی لەپاریسدا، ڤیسالیۆس گەشتی بۆ ئیتاڵیاکرد و لە ڤینیسیادا چاوی بە بەلجیکیەکی تر بە ناوی یان ستیفان ڤان کالکاری خوێندکاری بەشی هونەر و قوتابی تیزیانۆ ڤێسیلۆی نیگارکێشی بەناوبانگی ئیتاڵی کەوت، کە دواتر بە هەڵکۆڵینە ناوازەکانی بەرهەمەکانی ڤێسالیۆسی ڕازاندەوە.

دوای ئەوەی لەساڵی ١٥٣٧ دا لە زانکۆی پادوا بووبە پڕۆفیسۆری نەشتەرگەری و توێکاری، لەوکاتەدا ڤێسالیۆس چووە ناو سەخترین و پڕ بەرهەمترین ساڵەکانی ژیانی پیشەگەرییەوە. لە دوو بۆنەدا سەردانی بۆلۆنیای کرد و لەوێ خولی پێدانی ڕێنمای پێشکەش کرد. لەپادوادا لە پۆلێکی قەرەباڵغی ٥٠٠ کەسیدا وانەی وتەوەو سەرقاڵی ئامادەکردنی وانە ناوازە توێکاریەکانی بوو. ئینسایکلۆپیدیای (المنصور) ی زەکەریای ڕازی وەرگێڕاوە، کە پوختەیەک بووە لەسەر شێوازی چارەسەرکردن و کراوەتە کتێبێکی مەنهەجی بایەخدار. دواتر هەوڵەکانی لەبواری توێکارزانیدا چڕکردەوە چونکە بەبەردەوامی خەریکی ووتنەوەی زانستی توێکاری

بوو. زۆر لیکۆڵینەوەی لە بواری توێکاریدا کردو شێوازە هەڵەکانی وانە ووتنەوەی توێکاری لەو سەردەمەدا دەستنیشانکرد و چیدیکە بۆ دواین جار جالینۆس یەکەمین شارەزا تەماشا نەکرا. دوای ساڵێک لەپادوادا شەش زنجیرە لەوحە تابلۆی بەناونیشانی ( لەوحە توێکاریەکان) بۆ قوتابیانی بڵاوکردەوە. لەمانەش تەنها دوانیان ماون. ئەمەش پێشەکیەک بوو بۆ کتێبە گەورەکەی بەناونیشانی (فابریقا )، ووشەیەک کە لە ئینگلیزیدا مانای (میکانیزم) یان (کارکردن) دەگەیەنێت. ئەم کتێبە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٥٤٣ دا بڵاوکرایەوە. لەو کاتەدا ڤێسالیۆس تەمەنی بیست و هەشت ساڵ بوو. هەر لەهەمان ساڵدا پوختەیەکی زۆر دەگمەنی کتێبەکە بڵاوکرایەوە. هیچ لەوحەیەکی لەبواری توێکاریدا نەبینراوە بە هێندەی ئەوانەی کتێبی (فابریق ) یان ڕازاندۆتەوە، جوان بن. شێوەکانی ئێسکە پەیکەرو ماسوولکەکانی لەڕووی هونەریەوە زۆر جێی بایەخن و وەک نموونەی باڵا نەوە لە دوای نەوە نیگارکێشەکان کەڵکیان لێوەرگرتووە. ئەوە توێکاریەکی مردوو نیە لێرەدا وەک نموونە بەرچاوە. بابەتەکانی پڕاوپڕن لە ژێنوارو دەربڕین. ڤێسالیۆس هەوڵیدا بەشێوەی کرداری وێنەی جەستە بکێشێت و هەروەها وانەی فەسلەجە و توێکاری بڵێتەوە. دیارە فێسالیۆس لە وێنەی لاپەرەی سەرەتای کتێبی (فابریقا) دا لەبەردەم کۆمەڵێک بینەری زانخواز خەریکی توێکاریە. خۆی ئەم کتێبە حەوت بەرگە و بەزۆری تیایدا گرنگی بە لەوحە دراوە.

بوونی ئەو باس و وەسفی پێکهاتەکانە تیایدا وای کردووە ئەم کتێبە لە هەموو کتێبەکانی تری سەردەمی پێش خۆی بە بایەختر بێت. ڤیساڵیۆس ئەو تێگەیشتنەی جالینۆسی ڕاستکردەوە کە پێی وابووە شەویلگەی خوارەوە لە تاکە ئێسکێک و قەفەزەی سنگیش لە تەنها سێ بەش پێکهاتبێت نەک حەوت. زمانەی لە خوێنهێنەردا دۆزیوەتەوە، بەڵام بایەخی پێنەداوە. تێبینی ئەوەشی کردووە هەموو خوێنبەرێک سەرچاوەی کارکردنی هەناوە و خوێنهێنەرێکیشی لەگەڵدایە. گەشتە ئەو دەرەنجامەی ئەمەش ڕێکخستنێکی ئاسای " هاوبەشی چوونە دەرەوەو هاتنە ناوەوەی مادەکان بێت". لەیەکەم چاپی کتێبەکەیدا دانی بە بوونی کوندا لە دیواری جیاکەرەوەی دڵدا ناوە، بەلام لە چاپی دوومیدا کە لەساڵی ١٥٥٥ دا بڵاوکراوەتەوە، جەختی لەوە کردۆتەوە وەها کونێک بوونی

نەبێت و خوێنیش نەتوانێت ڕاستەوخۆ لە سکۆڵەیەکەوە بۆ ئەوی تر بڕوات. ئەمەش سەرەتای ڕەتکردنەوەی تەواوی ڕێبازی جالینۆس بوو، کە دواتر بووبە یەکێک لەو بنەمانەی هارڤی لە دۆزینەوەی سووڕی خوێندا پشتی پێبەست. دەی ئەو بە یەکێک لە بناغەدانەرانی زانستی مرۆڤناسیش دادەنرێت . ووتویەتی " ئەڵمانەکان سەریان خڕەو بەلجیکیەکانیش سەریان درێژە". جۆئان ئۆپۆرنیۆس لە بازڵ کتێبی (فابریقا )ی چاپکرد و ڤێسالیۆسیش بەمەبەستی ئاگاداربوون لە کتێبەکەی چووەتە ئەو شارەو کتێبەکەش بەوپەڕی ووریاییەوە چاپکرا. تەنانەت لە نامە هونەریە سەرەتاییەکانیدا ، وێنەی پەری تیادایە کە خەریکی توێکاری و چالاکی ترن. ئەمەش نواندنێکی گاڵتەجاڕیانەی قوتابیەکانی بووە. لەگەڵ بلاوکردنەوەی کتێبی (فابریقا)و پوختەکەیدا ئەم زانا گەورەیە پەیامی خۆی گەیاند. زۆر بوێرانە شۆڕشی لەبواری توێکارزانیدا بەرپاکرد و هەڵەی لە پێشینانی خۆشی گرت، بەڵام ئەمیش خۆی بەر نەشتەری ڕەخنە کەوت. لەچەند ڕوویەکی دیاریکراودا بیرۆکەکانی هەر زۆر دژایەتی کران و خۆشی تووشی زۆر مشت و مڕی تاڵ و سەرئێشە بوو. پێدەچێت هەرئەمەش وایکردبێت واز لە پزیشکێتی ئیمپڕاتۆڕی پێنجەم لە پادوا بهێنێت و ڕوو لە مەدرید بکات و پاشان ببێتە پزیشکی فیلیپی دووەمی کوڕی چارڵسی پێنجەم. هەردوو پاشا زۆر ڕێزیان لێنا و کارەکەکانیشی زۆر بایەخی پێدرا، بەڵام دوای ئەوە خەریکی کاری توێکاری نەبوو و کتێبە مێژووییەکەی لەماوەی کەمتر لە سێ ساڵدا تەواو کرد. سەردانی ئیسپانیاو هۆڵەندای کردووە و لەویش ماوەتەوە، بەڵام کەم لەبارەی دەربارەی ژیانی لەو دوو وولاتەدا زانراوە. لەساڵی ١٥٦٤ دا بەمەبەستی حەج کردن سەردانی کڵێسای قیامەتی لە ئۆرشەلیم کردووە و هۆکاری ئەم حەج کردنەشی نەزانراوە. دەووترێت کەسێکی خانەدان، کە ڤێسالیۆس سەردانی کردووە ، مردووە و دوای مردنی پشکنینی بۆ کردووە ، کاتێک بە جۆرێک لە جۆرەکان هیوا هەبووە لە ژیاندا مابێت. ئەنجامی پشکنینەکانیش لەو ڕۆژگارانەدا، کە دەکرێت باشیش بیریان لێکرابێتەوە، کارەساتاوی بوون.

هەر بەو مەرجەش لێ خۆش بوون بۆ پزیشک دەردەکرا تا تاوانەکەی بسڕێتەوە، کە سەردانی ئۆرشەلیمی بکردایە. لە گەڕانەوەیدا لەسەر دوورگەی

زانکیتۆس کەشتیەکەی تێک شکاو لەدەروازەی کەنداوی کۆرینث لەوێ لەمانگی ئابی  ساڵی ١٥٦٤ دا مرد.

## سووڕی بچووکی خوێن –سووڕی سیەکان

ڤێسالیۆس، ئەو پزیشکە مەزنە مردو دوای خۆی هاوچەرخان و میراتگرەکانی کەڵکیان لە زانستەکەی وەرگرت، بەڵام دەکرێت هەر ناوی هەندێکیان  بهێنین چونکە هەموو قوتابیەکی بواری توێکاری بەو ناوانە  ئاشنان.

لەپادوای دوای ڤیسالیۆسدا، ڕێڵدۆس کۆلۆمبۆس (١٥١٠–١٥٩٩)  ئەسپی خۆیان لەمەیدانەکەدا تاودا. ڕێڵدۆسی توێکارزان و نەشتەرگەر لە بانگەشەکانیدا بەزۆری بایەخی بە دۆزینەوەی خوێنبەرو خوێنهێنەری سیەکان دەدا یان کەمتر بایەخی بە سووڕی خوێن  دەدا. لەڕێگەی ئەزموونەوە  ئەوەی خستە ڕوو خوێن لە سیەکانەوە بۆ ناو خوێنهێنەر دەڕوات. وتوویەتی " خوێن لە شا خوێنبەرەوە بۆ ناو سیەکان دەڕوات .پاشان لەگەڵ هەوادا تێکەڵ دەبێت و بەناو خوێن هێنەردا بۆ لای چەپی دڵ تێپەڕ دەبێت ". کتێبەکەی بەناوی (لەبارەی زانستی توێکاریەوە) لەساڵی ١٥٥٧  دا بڵاوکرایەوە. ماوەیەکی زۆر دوای ئەوەی پادوای بەرەو ڕۆماش  بەجێهێشت. کۆلۆمیۆس لێکۆڵینەوەکانیشی بڵاوکردەوە. پێش شەش ساڵ توێکارزانێکی تری نەناسراو لای کۆلۆمیۆس هەمان دۆزینەوەی خستەڕوو، هەرچەندە هەردوو توێژەرەکە پارێزەری ڕێبازی (گیان ،ڕۆح) ی جالینۆس بوون. پێناچێت هیچ کامیان بەدروستی  پەیان بە سوڕی گشتی خوێن بردبێت. میکایل سێرڤێتۆس ( ١٥٠٩–١٥٥٣)  ئەو ئیسپانیە بەدبەختە، باسەکەی لەبارەی سووڕی هەوای لە کتێبێکی ئاینیدا بەناوی (زیندووکردنەوەی مەسیحیەت) بڵاوکردەوە، کە بەکەمی بایەخی پێدرا. ناوەڕۆکی کتێبەکە لەسەر تووڕەی نووسەرە لە کڵێسا. دوای ئەوەی کالڤن حوکمی کافربوونی دا، لە ٢ ی مانگی تشرینی  یەکەمی ساڵی ١٥٥٣  دا لە جەنەوا  لەگەڵ کتێبەکانیدا بەزیندووی سووتێنرا. تەنها سێ دەست نووسی ناتەواوی کتێبەکە لە ڤێناو پاریس و ئێدنبرەدا پارێزراون. لەیەکێک لە بڕگەکاندا لەو کتێبەدا وەها باسی سووڕی هەوای کردووە " خوێن لە

خوێنبەری سییەکانەوە بۆ خوێنهێنەری سیەکان دەچێت و لەڕێگەی ڕێڕەوێکی درێژەوەبووی ناوی سیەکان لەوکاتەی کە ڕەنگی ئاڵ دەبێت و لەو هالاوە ڕەشەی لە ڕێگەی هەناسەدانەوە دروست دەبێت، تێدەپەڕێت ". جا لەم برگەیەدا هیچ ئاماژەیەکی لەبارەی سووڕی سیستەماتیکیانەی خوێنی تیادا نیە، تەنانەت ووشەی سووڕیشی تیادا بەکارنەهێناوە. لێرەدا دەکرێت باسی کەسێک بکرێت لەمەیدانەکەدا بانگەشەی ئەوەی کرد پێشبینی دۆزینەوەکەی هارڤی کردبێت.

ئاندریا سێساڵپینۆ (١٥١٩-١٦٠٣)، کە لە ڕۆمادا وانەی توێکاری وتووەتەوە، ڕووەکناسێک و کانزاناسێکی مەزن بووە. ڕاستە سێساڵپینۆ وتوویەتی دڵ سەرچاوەی بۆریەکانی خوێنە، نەک جگەر هەروەک جالینۆس و دواکەوتەکانی وەها باوەڕیان دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا ووتوویشێتی "خوێن لە دڵەوە بۆ هەموو بەشەکانی تری جەستە دەڕوات ". بڕواشی بەوە هەبووە خوێن بەناو خوێنبەرو خوێنهێنەرەکاندا وەک یەک بڕوات وەهەرچەندە واش دەردەکەوێت بڕواشی بە بیردۆزی " هەڵکشان و داکشان " زیاتر لەهەر چەمکێکی تری سوڕی خوێن هەبووبێت ". لە ئێستادا بەڵگەی زۆر بەهێزتر پێویستن تا چاو لە مەزنی هارڤی وەک دۆزەرەوە بپۆشین.

خۆی ئەم توێکارزانانە ڕێگایان بۆ دۆزینەوەکەی هارڤی خۆش کرد. هیلاتیمۆس فابریسیۆسی(١٥٣٣-١٦١٩) مامۆستای هارڤی، یەکێک بووە لە جێنشینەکانی ڤیسالیۆس لە پادوادا. توێکارزانێک و کۆرپەلەناسێکی بەناوبانگ بووەو لێکۆڵینەوەی تایبەتی لەسەر زمانەی ناو خوێنهێنەرەکان کردووە هەرچەندە پێش خۆی توێکارزانەکان ئاشنای ئەم پێکهاتانە بوون. بڕوای وابووە ئەم زمانانە یارمەتی هاتوچۆکردنی خوێن بدەن، بەلام سەرکەوتووانە باسی گرنگیەکەی نەکردووە وەک ئەوی هارڤی کردوویەتی، کە ئەم زمانانە تەنها لەیەک ڕووەوە کاریگەر بوون. فابریسیۆس هەر توێکارزان نەبوو بەڵکۆ نەشتەرگەرێکی هەڵکەوتووش بوو، کە بەشێکی سەروەتەکەی بەمەبەستی بنیاتنانی هۆڵێکی زۆر گەورەی توێکاری لە پادوادا، تەرخانکرد .

## فالۆپییۆس و یۆستاشیێۆس

لـەم سـەردەمە پرشـنگدارو پڕجموجوڵـەدا، زۆر توێکارزانـی مـەزن دەرکەوتـن وخزمەتیـان کـرد. گیلیـۆ کاسـێرۆ، کـە دوای فابریسـیۆس لـە پـادوا هـات، لەبـواری توێکارزانی بەراووردکاریدا پێشـەنگ بـوو. پێشـتریش ڤۆلچێر کواتێر ( ١٥٣٤-١٥٩٠) هەبـوو، کـە باسـێکی چڕوپـڕی لەبـارەی توێـکاری گوێـوە لـە گرۆنینگـی کـردووە. فێلیکـس پلاتـەر (١٥٣٦-١٦١٤) لەبـازڵ هەبـوو، کـە هەتـا بڵێـی کاری لەبـواری توێکاریـدا کـردووە و لەڕێیانـەوە زۆر ڕاسـتی لەسـەر نەخۆشـێزانی خسـتەڕوو. جیۆڤانـی ئینگراسـیا (١٥١٠-١٥٨٠) لەناپۆلـی هەبـوو، کـە ئاوزەنگـی و پـەردەی ماسـولکەی گرژکـەری دۆزیـەوەو هەروەهـا جیاوازی نێوان نەخۆشـی سـوورێژەو سوورەتایشـی کـرد. بۆ تەواوکردنی باسـەکە، هێشـتا ئەبێت باسـی دوو کەسـی تـر بکەین کە ناوەکانیان لە توێکارزانیدا وەک نەخشـی سـەربەردە، ئەوانیش فالۆپییۆس و یۆستاشیۆسـن.

گابرێـل فالۆپیـۆس (١٥٢٣-١٥٦٢) لەپـادوادا ماوەیەکـی کـەم لـەدوای کۆڵۆمبـس و ڤیسالیۆسـەوە هـات. هەڵسـا بـە تەواوکردنـی کارەکانـی ڤیسـالیۆس و تەنانـەت لـە ڕەخنەگرتـن لـە بیرۆکەکانـی جالینۆسـدا لـە پێشـینەکانی خـۆی توندتـر بـوو. بـەو تەمەنـە کورتـەی، سـەرباری دۆزینـەوەی جۆگـە و ڕێـڕەوی فالـۆب کـە بەنـاوی خۆیەتی، زۆر کاری تری بەئەنجام گەیاند. لەپادوادا وانەی لە بوارەکانی توێکاری، نەشـتەرگەری و ڕووەکناسـیدا وتووەتـەوەو کارەکانیشـی لەهەمـوو ئـەم بوارانـەدا هـەر زۆر جێـی بایەخـن. ویزینتـۆن وتوویەتـی " بەهـۆی کەسـایەتی و هەروەهـا ناوازەیی کارەکەی، فالۆپیۆس بە یەکەمین توێکارزانی ئیتاڵی دادەنرێت". لە کاتێکا ڤیسـالیۆس لـە پـادوادا بـوو، بارتۆلۆمیـۆس یوستاشـیۆس (١٥٢٠-١٥٧٤ ) سـەرۆک بەشـی توێکاری بـوو لـە ڕۆمـادا. دواکەوتـەی جالینـۆس بوو، لەگـەڵ ئەمەشـدا زۆر دۆزینـەوەی لەبـواری توێکاریـدا هەبـووە. خـۆی ناوبانگـی بـە وێنـە ئەتڵەسـیەکان و لەوحـە مسـەکان دەرکـرد، کـە هـەر دوای چەنـد سـاڵێکی کـەم لـە بڵاوکردنـەوەی کتێبی( بەرهەمـەکان) ی ڤیسـالیۆس، تـەواوی کـردن. بەهـۆی کێشـەی دارایی و چەنـد کێشـەیەکی تـرەوە، تـا لـە ژیانـا بـو بەرهەمـی ( تابلۆ توێکاریـەکان) بڵاونەکرایـەوە.

بۆ ماوەی ١٣٨ ساڵ تابلۆکان وون بوون و پاشان لە ڕۆادا لە کتێبخانەی پاپادا دۆزرانەوەو لانسیسی پزیشکی پاپا لە ساڵی ١٧٤٤ دا بڵاوی کردنەوە و دەقەکە هەر نەدۆزرایەوە.

پرۆفیسۆر چارڵس سینگەر ڕای وایە لەگەڵ تەواوکردنیان، لەوحەکان بڵاوکراونەتەوە، ناوی یۆستاسشیس لەتەنیشت ناوی ڤیسالیۆسی هاوبەشی دامەزرێنەری زانستی توێکاری سەردەم بووە. خۆی ئەو وێنانە وەک لەوحەکانی ڤێسالیۆس هونەری نەبوون. لەهەندێ ڕووەوە ووردترن بوون و نموونەی داهێنان بوون. دەکرێت لەنێویانا ناوی بۆری هەوا، ماسوولکەی ڕیشووی و زانیاری زۆر لەسەر ماسوولکەکانی دەم و چاو، گەروو، گورچیلەو پێک هاتەکانی تر بهێنرێت، لە کاتێکا یەکەمین لەوحەی زنجیرەکە نەخشی بەسۆزە کۆئەندامی دەمارە. جۆگەی ئۆستاشی لە لەوحە توێکاریەکاندا بەتەواوی پیشان نەدراوە، بەڵام لە لەوحەکانی (دەربارەی ئەندامەکانی بیستنەوە)، کە لە ساڵی ١٥٦٣ دا چاپکراوەو پێدەچێت یەکەمین کتێبی تەواوبێت لەسەر توێکاری گوێ، ئەم ئەندامە بە جوانی پیشاندراوە. ڤێسالیۆس و هاوکارەکانی گەلێک ڕاستیان خستەڕوو، بەجۆرێک جێی سەرسوڕمان نیە وورده وورده لەبواری توێکاری سەردەمدا پەی بە گرنگیەکەیان ببرێت.

## نەشتەرگەری مرۆڤ ، ئامبرواس پارێ

داهێنانی باروت بەو هەموو ئاکامەماڵوێران کەرەیەوە زیاتر لە بەکرداری کردنی ڕاستیە توێکاریەکان، جێگەی بۆ نەشتەرگەری لە سەردەمی ڕێنیسانسدا خۆش کرد. شەڕ هەمیشە خزمەتی بواری نەشتەرگەری کردووە و نەشتەرگەرە پێشەنگەکانی ئەم سەردەمەش وەک سەردەمەکانی تر، نەشتەرگەری بواری سەربازی بوون. لەسەدەی نۆزدەیەمدا دووبارە نەشتەرگەری بووژانەوەی ڕاستەقینەی بەخۆوە بینی. لەو سەردەمەدا، کە سەردەمی هەڵسەنگاندنی زانست بوو، زۆر گۆرانکاری ڕووی نەدا. نەشتەرگەریش، بەبەراوورد بە گۆرانکاریە ڕیشەی و سەرنجراکێشەکانی ئەو بوارە لەلای ڤیسالیۆس یان بەبەراوورد بە

شۆڕشە بەزەبرو نالێوبوردەکەی پاڕاسیڵسۆیس بەرامبەر داب و نەریت لە بواری پزیشکیدا، کە ئێستا ئاماژە بەبەرهەمەکەی دەکەین، زۆر گۆرانکاری گەورەی بەسەردانەهات. پێشتر لەسەدەکانی ناوەڕاستدا دو چیاک، جۆن ئاردێن و کەسانی دیکەش لەبواری نەشتەرگەریدا کاری گەورەیان کرد. لەم سەردەمەدا هەرچەندە زۆر جار بە سەردەمی قەیرانی بیرکردنەوە دادەنرێت، پێشکەوتنی بەردەوام ڕوویدا. زەمینە بۆ نەشتەرگارێکی مەزن زۆر خۆش کرا، کە بە کەسایەتیە دیارەکەی، بە بوێریەکەی، بەپەرۆشیەکەی، نەشتەرگەری بردە ئاستێکی باڵاترەوە و نازناوی باوکی نەشتەرگەری سەردەمی لێنرا. ئەوەش ئامبرواز پاریێ (١٥١٠-١٥٩٠) بوو، مەزنترین نەشتەرگەری سەردەمی ڕێنیسانس و یەکێک لە باشترین نەشتەرگەرەکانی مێژووی مرۆڤایەتیش بووە. لەڕاستیدا خۆی زیاتر مرۆڤ دۆست بووەو وەک لە توێژەرو زمانی لاتینی و یۆنانیشی نەزانیوە. زیاتر بڕوای بە بواری کرداری هەبووە وەک لە تیۆری ناو کتێبەکان. سەرباری ئەمەش بەناوبانگێکی زۆری هەبووەو نەشتەرگەری بۆ چوار پاشای فەڕەنسا یەک لەدوای یەک کردووە. دادوەرێکی حەکیم و دیندارێکی سادەش بووە، کە بە کارەکانی نیشتیمان پەروەرەی خۆی سەلماندووە. دەکرێت بکرێتە نموونەی باڵا بۆ هەموو نەشتەرگەرەکانی سەردەم.

با زیاتر باسی ئەم نەشتەرگەرە بکەین. لە خێزانێکی سادە، لە لاڤال لە موایەت لەدایک بووە. لەوێ باوکی وەستای دروست کەری کابینە بووە و بەپێی هەندێک گێڕانەوەش لە کۆمت دو لاڤال سەرتاش و خزمەت کار بووە. کاترینی خوشکی لەگەڵ کاسپارد مارتین هاوسەرگیری کردووە، کە نەشتەرگەری و سەرتاشی لەپاریس کردووە. جانی برایشی بووەتە نەشتەرگەرو سەرتاش و لە ڤیتری لە بریتانی کاری کردووە. پێدەچێت ئامبرواس لای براکەی کاری کردبێت، کە باش فرت و فێڵی سوڵکەرەکانی دەردەخست. ڕووی سواڵکەرێکی هەڵماڵی باڵی تاوانبارێکی لەسێدارەدراوی دەست کەوتبوو، کە وای دەرەخست باڵی خۆی بێت. ڕووی دانەیەکی تری هەڵماڵی لەڕێگەی مۆمی ڕەنگاوڕەنگەوە وای دەرەخست ئازاری بەسۆیی هەبێت. هەرچۆنێک بێت لەسەرەتادا ڕاهێنانەکانی ئامبرواسی لاو بە هیچ کلۆجێک ئەکادیمیانە نەبووە. دەی دواجار گەشتە پاریس

و دەستی لەکاری سەرتاشی هەڵگرت و ڕووی لە کاری نەشتەرگەری کرد. لە نەخۆشخانەی گەورەی ئۆتێل دیو سەرکەتووانە مۆڵەتی مانەوەی بەدەست هێنا. لەوێ بۆ ماوەی سێ ساڵ مایەوەو بناغەیەکەی پتەوی بۆ پیشەیەکی ناوازە دانا.

## کتێبی (گەشتێك بەناو شوێنە جیاوازەکاندا)

لەسەردەمی پارێدا فەڕەنسا تووشی زۆر جەنگ هات، بەرامبەر ئیتاڵیا، ئەڵمانیا، ئینگلتەرا، وە دوجاریش تووشی شەڕی ناوخۆ بوو، کە بۆ هەگنۆتەکان[45]ماڵ وێرانکەر بوو. ئاسای بوو نەشتەرگەر بە پەرۆشەوە بەدوای بوارێکدا بۆ بەهرەکانی لە خزمەت کردن لەسووپادا بگەڕێت. ئامبرۆاس پارێ پەیوەندی بە سوپاوە کردو بۆ ماوی سی ساڵ، لە پاریس لەکاتی وەستانی شەڕەکاندا زۆر هەڵمەتی گەڕانی ئەنجامدا. لەو سەردەمەدا ڕێکخراوی تایبەت بە پزیشکان نەبوو. نەشتەرگەر یاوەری سەربازانی دەکردو ئەگەریش پێویست بووایە خزمەتی دەکردن و پاداشتی بۆ وەردەگرتن. لەساڵی ١٥٣٧ دا پاشا فرانسیسی یەکەم (مەزن) هێرشی بردە سەر شاری تورین و پارێش بۆ یەکەم جار چالاکانە لە مەیدانی جەنگدا خزمەتی کرد. بەشێوەیەکی بابەتیانەو بە هێڵکاری لە کتێبەکەیدا بەناوی (گەشتێک بە نێو شوێنە جیاوازەکاندا) باس و خواسی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەم کتێبە سەرنجڕاکێشە پڕە لە باس و خواسی بەسوود و سەرکەشیانە. وێنەیەکی ڕوونی ژیانی نەشتەرگەرێکی سەدەی شانزەیەم پیشان دەدەن، کە هەندێک جار مایەی بەزەی پیهاتنەوەیەو و هەندێک جاریش مایەی کەیف خۆشیە و بەڵام هەمیشە سەرنجڕاکێشە. پارێ تەمەنی کردبوو، کاتێک ئەم یادەوەریانەی لە کتێبەکەیدا لە وەڵامی هێرشەکانی گورمیلێنی ڕاگری کۆلێژی پزیشکانی پاریس نووسی. لەو کاتەدا ململانێ و شەرەقسە زیاتر لە نێوان پزیشکان و نەشتەرگەران دا هەبوو. زۆر جار مشت و مڕەکە لە نێوان سێ چیندا بووە.

نەشتەرگەرە ڕۆب درێژەکانی کۆلێژی سانت کۆم ، هەڵس و کەوتیان لەگەڵ

٤٥ ئەو فەڕەنسیە پڕۆتستانیانە بوون لە سەدەکانی ١٧ و ١٨ دا، کە زۆرێکیان لەبەر بیروباوەڕەکانیان تووشی دەردەسەری زۆربوون.

ئەو نەشتەرگەرە سەرتاشانەدا[46] نەدەکرد، کە بە پلە نزمتر تەماشا دەکران. پزیشکەکانیش خۆیان لەسەروو هەردوو چینەکەوە دەبینیەوەو هەر نەشتەرگەرێک بە بوێریەوە کاری پزیشکی بکردایە، خراپ سەرکۆنەیان دەکرد. جا ئەبێت گورمیڵینی ڕاگر چۆن تووڕە بووبێت بەرامبەر نەشتەرگەرێکی سەرتاش، کە ئارەزووی چاپ کردنی کتێبێکی هەبووبێت. نەک تەنها باسی نەشتەرگەری، بەڵکو باسی تاعون و زانگەری و نەخۆشیەکانی ترو گەمژەی پزیشکانی لەبەکارهێنانی ئەم چارەسەرانەی وەک تۆڕی مۆمیا و شاخی گیانەوەری ئەفسانەی یەک شاخە کردبێت. سەرباری ئەمەش پارێی نووسەری تازە پێکەوتوو بەزمانی دایکی خۆی نووسیویەتی، نەک بە زمانی شکۆداری لاتینی. لە یەکێک لە گۆڤارە چێژبەخشە ئەدەبیەکاندا، کە هاوشێوەی یاداشتەکانی ساموێڵ پیپی و بینفێنیتۆ سیلینی پەیکەرتاش و گەوهەرسازی ئیتاڵی بەبەها بووە، وەها ڕاستەوخۆ وەڵامی گورمیلیۆنی داوەتەوەو ووتوویەتی " ئێمە ناتوانین سوپاسی ڕاگرێک بکەین هەر خەریکی ئاژاوە بێت"! دیارە زۆر جار بەشێوەی گاڵتەئامێز پارێ گورمیلیۆنی بە " مامۆستا داماوەکەم" ناوبردووە و ئەمەشی بە تانەوتەشەر نەزانیوە. لە شوێنێکی تردا وەها وڵامی گورمیلیۆنی داوەتەوە " تۆیەک هێشتا ئەنجامی لیکۆڵینەوەکانت وەک بڵقی سەرئاوە، دێیت فێری نەشتەرگەریم دەکەیت ؟ بۆ فێربوونی نەشتەرگەری ئەبێت چاو و دەستەکانمان کار بکات، نەک وەک تۆ مامۆستا داماوەکەم لەسەر کوسی دانیشتوویت و لە چەقە چەق زیاتر هیچی تر نازانیت"!

هەر لە باسی بینینی یەکەم دیمەنی شاری توریندا درێژەی دەداتێ وباسی ئەوە دەکات چۆن فێری نەشتەرگەری بووە و دەڵێت "بەهەڵەداوان خۆمان کرد بە ناو شارەکەدا. تەویلەیەکی ئەسپمان دۆزیەوە تا ئەسپەکانمانی تیا دابنێین. چوار سەربازی تیادابوو لە گیانەلادا بوون، سیانیان درابوونە پاڵ دیوارەکە. نە دەیانبینی، نە دەیان بیست و نە قسەیان دەکرد. هێشتاش جل و بەرگەکانیان بۆنی

٤٦ ئەو پیشەگەرانەی بواری پزیشکی بوون لەسەدەکانی ناوەڕستدا، کە بە پێچەوانەی زۆربەری پزیشکانی ئەو سەردەمەوە، بەزۆری نەشتەرگەری بریندارانی شەریان دەکرد. زۆریان خۆبەخۆ وەک شاگرد یان وەک بەردەست فێردەبوون، بە بێ ئەوەی لە ئەکادیمیایەکی دیاریکراودا بخوێنن.

سووتاوی بارووتی لێدەهات. کاتێک بەبەزەییەوە تەماشام دەکردن، سەربازێکی بەتەمەن هات و لێمی پرسی داخۆ ڕێگایەک بۆ چارەکردنیان هەبێت؟ منیش ووتم نەخێر. پاشان چووە لایان و بە هێمنانە وەک بڵێی پەرداخە ئاو دەخواتەوە سەریبڕین! منیش پێم ووت " تۆ کەسێکی خراپیت ". ئەویش وەڵامی دایەوەو ووتی ئاوا نزام کردووە "لەتەنگانەیەکی وەهادا من بوومەتە فریاد ڕەسیان، تۆ بڵێی منیش بکەومە تەنگانەوە"؟ پارێ لە توریندا زۆر بریندار دۆزیوەتەوەو بەو جۆرەی جۆن دی ڤیگۆ ئامۆژگاری کردبوو، هەنگاوی بۆ چارەسەرکردنیان ناوە.

درێژەی دەداتێ و دەڵێت " بەڕۆنی ترێ مارانەو ئاوی زۆر گەرم، بەڵام هەر زوو سەرچاوەی ڕۆنەکەی دوای هات و پاشان بەناچاری هەرس کەری هێلکەوڕۆنی گوڵ و تەرپەنتینم[47] بەکارهێنا. ئەو شەوە خەو لەچاوم بڕا لەترسی ئەوەی بریندارەکان لە بەیانیدا بمرن. زوو لە خەو هەڵسام و زۆر سەرسام بووم و بینیم ئەوانەی ڕۆنی هەرس کەریان لێدرابوو ئازارەکەیان کەم بوو بوو، برینەکانیان نەدەسووتایەوە، لەکاتێکا ئەوانەی ڕۆنی کوڵاویان بەکارهێنابوو لەبەر ئازاری زۆر تایان بەرز بوو بوو برینەکانیان ئاوسا بوو".

پاشان بینیم "ئەو برینانەی بەهۆی شوێن پڵاشەی تۆیەوە دروست بوون ، ژەهراوی نەبوون یان هەروەک دەڵێت " هیچ جۆرە ژەهرێکی تیا نەبووەو پێویستیان بە چارەسەرێکی ئەوتۆ نەبووە. دواتر چیدیکە ئەو پیاوە داماوانەی گولە تۆپ سووتاندنی چارەیانم پێنەکرا. لەتورین چاوم بە نەشتەرگەرێکی تر کەوت، کە مەلهەمێکی بۆ سارێژبوونی برین داهێنابوو، ئەنجامی زۆر چاکی دابەدەستەوە .بە کوڵاندنی گوڵە شلێرو تووتکەی سەگ و کرمی زەوی لە تەرپەنتیندا دروستم کرد. وەها چارەیەک من بە ڕێکەوت ڕێم لێکەوتبوو. بزانن بێ گەڕانەوە بۆ کتێب چۆن فێری چارەسەرکردنی برینی شوێن تۆپ بووم".


ڕۆژێکیان یەکێک لە خانەدانەکان وەها باسی پارێی بۆ ژەنراڵەکەی کرد " نەشتەرگەرێکی لاوتان لایە ، بەڵام زانست و ئەزموونی زۆرە و باش ئاگاتان لێی

٤٧ بریتی یە لە و شیلاوەی لە زەمقی ڕاتینجی سنەوبەر دروست دەکرێت.

بێت".هەر کە پاریێ گوێی لەم قسەیە بوو زۆر بە سادەی وەها وەڵامی دایەوە " ئەو بەڕێزە نازانێت سێ دانە ساڵی ڕەبەق لە ئۆتێل دیودا لە پاریس ژیاوم و لەگەڵ نەخۆش بەرکەوتنم هەبووە". گەشتی دواتری پاریێ بۆ ناوچەی بریتانی فەڕەنسا بوو. وا چاوەڕوان دەکرا لەوێ بمێنێتەوە، بەڵام ئەمەش وادەرنەچوو. لەسەردەمی داهێنانی زۆرانبازی فرە بینەرەکاندا، زۆر نەشتەرگەری ئەنجامدران. پاریێ بە درێژی باسی ڕکابەریەکی زۆر وەحشیانە دەکات، کە بە کوشتن کۆتای هاتووە. دوای چەند ساڵێکی کەم لە شاری بولۆنگدا ، پەیوەندی بە سوپای ئینگلیزەوە کرد و ئەمبرواسیش بۆ یەکەم جار لە ژێر ئاگردا ئەمسەرو سەری بوو، کاتێک هەستی بە گرەکەی کرد هەرچەندە تۆپەکەش لە دوورەوە بووە. جا بە تەنزەوە وتوویەتی "مامۆستا داماوەکەم، گەر تۆ لەوێ بوویتایە، من هەر نەدەترسام".




بەرگی کتێبی(لەبارەی پێکهاتەی جەستەی مرۆڤەوە)ی توێکارزانی بەناوبانگ ئەندریاس ڤێسالیۆس.



چەند کەرەستەیەکی دەرهێنانی سەرە ڕم و تیرۆچکە لە سەدەی شانزەیەمدا



وێنەی(پیاوە بریندارەکە) کە لە بەرهەمێکی نەشتەرگەری بەناوبانگ ئامبرِواس پارێوە وەرگیراوە

## من برینەکەم پێچام و خواش چارەسەری بۆ نارد

شـوێنێکی تـری هەڵمەتەکـەی ئەڵمانیـا بـوو. پـاڕێ بۆمـان دەگێڕێتـەوە چـۆن سـەربازێک لەهەوڵدانی بۆ بەزۆر وەرگرتنی ئازووقە لە جووتیاران لە گەڕانەوەیدا هێندە بە سەختی برنیدا بوو، هاوڕێکانی گۆڕیان بۆ هەڵکەند . ئەمەش بوو بە هەلێک تا نەشتەرگەر توانای خۆی دەربخات و بیسەلمێنێت لە پسپۆڕیەکەیدا شارەزایە.

جا پاریێ دەڵێت "شـوێنی پزیشـک، دەرمانسـاز، نەشـتەرگەرو چێشـت لێنـەرم بۆ ئامادەکرد. دواجار برینەکـەم پێچـاو خـواش چـارەی بۆ نـارد". دیـارە ئەمـەی بە فەڕەنسیەکی کۆن دەربڕیوە، کە بووەتە ویردی سەر زمان. لەکۆتای جەنگی ئەڵمانیادا وەها باسی نەخۆشیێکی تری کردووە " کامپەکە بێ سەروبەر بوو. منیش لەگەڵ ئاغاکەمدا کە لاقیم بڕیبوو، گەڕامەوە پاریس. برینەکەیم پێچاو خواش چارەی بۆ نارد و بەئاسانی گواسترایەوە تا زیاتر نەسووتێت و خوێنەکەی بوەستێت، هەروەک تۆش لە کتێبەکەتا باست کردووە مامۆستا داماوەکەم".

هەر لە کتێبەکەیدا دوای سەربووردەی سەرکەشیەکانی لە گەمارۆدانی مێتزدا و ڕۆشتنی بۆ لای شای ناڤار، کە فرە خراپ بریندار بووە ، باسی ئەوە دەکات چۆن دوای جەنگی سانت کێتین مەیدانی جەنگەکە مرۆڤ و ئەسپی مردوو تەنی بووی، گەلێک مێشی شین و سەوز لەسەر سەریان بەرز دەبوونەوە، بەجۆرێک بەری خۆریان لێدەگرتن. لەو شوێنەی مێشەکانی لێبوو، ئاسمانیان داگیرکردبوو، تاعونیان لەگەڵ خۆیان هێنا. مامۆستا داماوەکەم خۆزگە لەوێ بوویتایە. باسی دۆزینەوەکەشی دەکات بەوەی بۆی دەرکەوتووە لە جیاتی داخکردن بۆ وەستاندنی خوێن بەربوون لە کاتی بڕینی ئەندامێکدا، دەکرێت دەزوو بەکاربهێنرێت بۆ بەستن و گرێدانی دەماری خوێن. بە شێوازە ناوازەکەی خۆی زۆر بەسەرهاتە جوانەکانی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە بەوەی لە سەرەتای ژیانی پیشەگەری خۆیدا وەک نەشتەرگەری سەربازی خزمەتی پاشای فەڕەنسای کردووە. دواتر هاوسەرگیری کردووەو لە پاریس لە نزیکی پۆنت سانت میکایڵ خانووی دەست کەوتووەو تا کۆتای ژیانی، لەوێ ژیاوە. لەساڵی ١٥٤١ دا بووە

سەرتاشی نەشتەرگەرو سیانزە ساڵ دواتر و کارکردنی زۆری بەشێوەی فەرمی ، وەک دۆستێکی نزیکی زانکۆی سانت کۆم وەرگیراو بە ناچاری وەک کەسێکی زۆر دیار دانی پیانرا، بەدەر لەوەی نەشتەرگەرێکی سەرتاش بوو بێت یان نا، لاتین بوو بێت یان نا.

## ئامبرۆاس پارێ لە دادگادا

لە ساڵی ١٥٥٩دا و دوای تەواوبوونی هەڵمەتەکەی، پارێ بۆ هەمیشەی لە پاریس نیشتەجێ بوو. دەووترێت جگە لە نەشتەرگەری پاشای ناڤارێ، نەشتەرگەری چوار پاشای فەڕەنسا بووە. لە ٢٩ی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٥٥٩ دا هێنری دووەم لەکاتی کێبڕکێیەکی دۆستانەی لەگەڵ خانەدانی مۆنتمگری، کاپتنی پاسەوانی سکۆتلەندادا، بە سەختی بریندار بوو. ڕمێک ڕێک چاوی ڕاستی پێکا. پارێ و گەلێک نەشتەرگەر چوونە سەری و ڤیسالیۆسیش بەفەرمانی فیلیپی ئیسپانیا لە بڕوسێلەوە هات. توێکاریان بۆ سەری چوار تاوانبار کرد، تادڵنیابن لێدانی ڕمەکە کوێی پێکاوە، بەڵام کەڵکی نەبوو. لەڕۆژی سیانزەیەمدا پاشا مرد و کاثرینی میدیسی بەدناوی بێوەژن و سێ کوڕی لاوازو بێفەڕی لەدوا بەجێما تا بچنە سەر تەختی پاشایەتی . فرانسیسی دووەمی کوڕە گەورەی و هاوسەری ماری ستیوارتی ساژنی سکۆتلەندا، تەنها هەژدە مانگ دوای باوکی ژیا. لەتەمەنی ١٧ ساڵیدا بەهۆی نەخۆشی گوێ و سەرئێشەی توندەوە، کە پێدەچێت ئاوسانی پەردەی مێشک بوو بێت، گیانی لەدەستدا.

گومانی ئەوە دەکرێت بەفەرمانی شاژنی دایک، پارێ ژەهری کردبێتە گوێی. سەرباری ئەم تۆمەتە پڕ لەقینە، پارێ بەفەرمانی چارڵسی نۆیەم، کە چواردە ساڵ دواتر مردو پاشان بەفرمانی هێنری سێ یەم کە ساڵێک پێش مردنی پارێ غافڵ کوژ کرا، بە ناچاری ڕووی لە دادگا کرد . دوو ڕۆژ پێش کوشت و بڕە وەحشیانەکەی سانت باتۆلۆلیۆمیۆی ڕۆژی ٢٢ ی مانگی ئابی ساڵی ١٥٧٢ دا، ئامبراوس پارێ بەمەبەستی چارەسەر سەردانی ئەو ئەمیری کۆلێنی و ژەنەڕاڵە هەگنوتەی کرد، کە پیاو کوژێک خراپ برینداری کردبوو. پارێ خۆشی

مەترسی گەورە لەسەر ژیانی هەبوو، بەو پێیەی وابڕوا دەکرا هەگنۆتی بێت. چارڵسی نۆیەم هەرچەندە خۆی لەگەڵ کشتوبڕەکەدا بوو، پاریێ لە ژوورەکەی خۆیدا داڵدەدا، هەروەک وتوویەتی " نابێت کەسێک، ئەو هەموو ڕیزەی هەبێت، بکوژرێت ". زۆرجار بیری لەوە دەکردەوە داخۆ ئامبرواس هۆگنۆتی یان کاثۆلیک بووە. گومان لەوەدا نیە دوو جار ڕێو ڕەسمی هاوسەرگیری بەیاساکانی کاثۆلیکی ئەنجامداوەو هەر نۆ منداڵەکەشی لە کڵێسای ڕۆمانیدا لەئاو هەڵکێشراون[48]. لەبواری نەشتەرگەریدا هەر کاری لەسەر برینی شوێنی تۆپ نەکردووە، بەڵکو بەدرێژی باسی لەچارەسەری شکاوی و لەجێ چوونیش کردووە. بۆ چارەسەری قۆڕی کاری بە خەساندن نەکردووە. باوەڕی وابووە نەخۆشی فەڕەنگی هۆکاری دروست بوونی کێمە خوێنە. گیرەی خوێنبەر و گەلێک کەرەستەی تری داهێناوەو زانیویەتی چۆن چاودێری نەخۆش بکات. زۆر حەزی لە هەموو پسپۆڕیەکانی زانستی هەبووەو پشکنینی بۆ چارەسەری ژنانی بەساڵاچوو کردووەو تەنانەت ڕەچەتەی قۆڵبڕەکانیشی کڕیوەو تا بە گشتی کار لەسەر هەموویان بکات. ئەگەر چی باوەڕی بە ڕۆحی شەڕانگێزی دەسەڵاتی قەشەکان و کاریگەری ئەستێرەکان هەبووە، بەڵام کارەکانی هێشتا شایانی خوێندنەوەن. ئەمانە هەندێک ڕێساو یاساکانی نەشتەرگەرین لای پارێ :-

١-ئەوەی لەپێناوی پارە نەشتەرگەری ئەنجام بدات، هەر سپێ لەباخەڵیا سەوزەڵە خانمە کات[49].

٢-با نەشتەرگەر زانستیشی هەبێت، ئەزموونی نەبێت کەڵکی نی یە.

٣-چارەسەرێک لەسەر بنەمای پشکنینی وورد بێت باشترە لە چارەسەرێکی تازە داهێنراو.

٤-کارێکی ژیرانەیە هەمیشە هیوا بە نەخۆش ببەخشین، تەنانەت ئەگەر نیشانەکانی نەخۆشی نەخۆشەکە کوشندەش بن.

---

٤٨ ڕێوڕەسمێکی تایبەتە لە ئاینی مەسیحیەتدا تیایدا (منداڵ بە تایبەتی ) لە ئاودا هەڵدەگوزرێت و ناوی لێدەنرێت.

٤٩ مەبەست لەوەیە قەت باخەڵی پارە وەخۆیوە نابینێت.

وەک چۆن هەنتەر زۆر جار وەک نموونەی باڵا ناوی دەهێنرێت، پارێش وەک یەکێک لە نەشتەرگەرە پێشەنگەکان لە مێژوودا ناوی دەهێنرێت.


## نەشتەرگەرە گەڕۆکە بەرد دەرهێنەرەکان

بۆ ئەوەی وێنەی سەردەمەکە لەبەرچاومان ڕوون بێت، هەر دەبێت باسی کەمێک لە نەشتەرگەرە باشەکانی ڕێنیسانس بکەین. دیارە ئەو نەشتەرگەرە گەڕۆکانەی متمانەیان پێدەکرا تا نەشتەرگەری دەرهێنانی بەردی میزەڵدان ئەنجامبدەن، زۆر گلەییان لێدەکرا. زۆرێکیان لێهاتوو و بەئەزموون بوون و هەندێکی تریشیان نەشتەرگەری تریشیان ئەنجامدەدا. یەکێک لەناودارترین ئەم نەشتەرگەرانە پیەر فرانکۆی (١٥٠٥-١٥٧٠) بە بنەچە پرڤینسی بووە، کە لەبێرن و دواتریش لە لۆزان ژیاوە . جۆزیف مالگین دەڵێت " فرانکۆ نەشتەرگەرێکی بلیمەت بووە ".

فرانکۆ یەکەم کەس بووە نەشتەرگەری لابردنی بەردی میزەڵدانی ئەنجامداوە. دوای ئەوەی نەیتوانیوە لە ڕێگەی ناوگەڵەوە بەردێکی گەورە دەربێنێت، لە میزەڵدانیەوە دەریهێناوە، بەڵام پێی باش نەبووە بەشێوەیەکی ڕۆتینی ئەم میتۆدە نوێیەی کاری لەسەر بکرێت. جا لە ساڵی ١٧١٨ دا جۆن دوگڵاسی لەندەنی، برای جەیمس دوگلاسی توێکارزان، ئەم جۆرە نەشتەرگەریەی ئەنجامدایەوە. فرانکۆ مەقاشی بەهێزی بۆ ووردو خاش کردنی بەرد داهێنا، تا ووردو زیخاوەکەی بە ئاسانی بە نێو برینداا تێپەر ببێت. لەگەڵ ئەو میتۆدە باوەدا نەبووە بەرد لە لەڕێگەی ئەو دەرمانانەی دەرخواردی نەخۆش دەدرا لەناوببرێت. توێژینەوەی لەسەر قۆڕی نووسیوە و یەکەم کەسیش بووە باسی نەشتەرگەری قۆڕی سیخناخ بووی کردووە. نەشتەرگەی نەخۆشی ئاوی سپی چاویشی ئەنجامداوەو بانگەشەی ئەوەشی کردووە لە زۆربەی نەشتەرگەریەکانیدا سەرکەوتوو بوو بێت. وێڕای سەرکەوتنەکانی ئاواش بەئاماژە نیگەرانی خۆی دەربڕیووەو ووتوویەتی " کە پزیشک تووشی نەهامەتی هات، دەتوانێت داکۆکی لەخۆی بکات. کەچی ئێمەی نەشتەرگەر تووشی ناخۆشیەک بین، ژیانمان ئەبێتە دۆزەخ".

دواتر دوو نەشتەرگەری ڕەبەنی فەڕەنسی  بەرد دەرهێن بەناوەکانی برایان جاک و جین ئەسپی خۆیان لە مەیدانەکەدا تاودا. جاک  بولیو (١٦٥١-١٧١٩) بە بنەچە خەڵکی فەڕەنسای ناوەڕاست بووەو بەمەبەستی ئەنجامدانی نەشتەرگەری زۆر شوێن گەڕاوە. بە بێ ئامادەبوونی  نەشتەرگەر یان پزیشکی ئامادە هەرگیز نەشتەرگەری ئەنجامنەداوە. هیچ حەق دەستێکی بۆ نەشتەرگەریەکانی وەرنەگرتووە، ئەوە نەبێت نەخۆش وەک بەخشی پێیداوە. ئەوەشی هەر بۆ ئەوە بووە ژیانی ئاسایی خۆی پێ بەڕێبکات و  ئەوەکەی تری  بە هەژاران بەخشیووە. لەساڵی ١٦٩٧ دا سەردانی  پاریسی کرد و لەوێ نەشتەرگەرەکان چاویان بە سەرکەوتنەکانی هەڵنەهات و هەوڵی پاشقول گرتنیان لێدەدا، بەجۆرێک ناچاریان کرد ئەو شارە بەجێبهێڵێت. نەشتەرگەری دەرهێنانی بەردی لە لاکانەوە ئەنجام دەدا دواتریش بووبە نەشتەرگەریەکی باو و زۆر جاریش بە ناوەکەی خۆیەوە ناونراوە.


سەدەیەک دواتر جان باسێلهاکی ( ١٨٠٣-١٨٨١) کە وەک جاک ڕەبەنی فرانسیسکانی و پیشەگەر و پیاوی ئاینی بوو، نەشتەرگەری دەرهێنانی بەردی هێندە شارەزایانە ئەنجام دەدا  توانی متمانەی  یەکێک لە نەخۆشخانەکانی  پاریس بەدەست بهێنێت. باسێلهاک  ئامێری لابردنی بەردی میزەڵدانی داهێنا، کە چەقۆی شاراوەی تیابوو و کاری بڕینی ووردترانە  دەکرد. بە قسەی خۆی  لە هەزار حاڵەتدا چارسەری زیاتر لە نۆسەد یانی کردبێت!



کۆمەڵە گیرەیەکی هەڵکێشانی ددانی زیادە دیارە ئەم وێنەیە لە کتێبی (باس و خواسێکی گشتگیر لەبارەی زانستی نەشتەرگەرییەوە)ی پیتەر لۆوی نەشتەرگەرەوە وەرگیراوە



وێنەیەک دەووترێت هی هانس هۆڵبەینی نیگارکێشی ئەڵمانی بێت، کە تیایدا شا هێنری هەشتەم لە ساڵی ١٥٤٠ دا ئاماژە بۆ تۆماس فیکاری دەکات.



کۆمەڵە کەرەستەیەکی بڕینەوەو داخ کردن لە بواری نەشتەرگەریدا دیارە ئەم وێنەیەش هەر لە کتێبەکەی پیتەر لۆوی نەشتەرگەرەوە وەرگیراوە.

## نەشتەرگەری لە ئیتاڵیا و ئەڵمانیادا

هـەروەک باسـمان کـرد، توێکارزانـە ئیتاڵیەکانـی سـەردەمی ڕێنیسـانس نەشـتەرگەریش بـوون. دەووترێـت لـە نەخۆشـخانەی ڕاوێـژکاری لـەو شـوێنەی هێنری دووەم مرد، ڤیسـالیۆس چاوی بە پاریٚ کەتووە. جیرۆلامۆ فابریزۆ و گیدۆ گیدیـش، کـە توێکارزانـەکان بـە ناوەکانیـان ئاشـنان، زۆر لـە بـواری نەشـتەرگەریدا کاریـان کـردووە.

دەی دەبێت بەدیاریکراوی باسـی داهێنـەری نەشـتەرگەری جوانکاری لووتیـش بکەیـن. ئـەم نەشـتەرگەریە بۆ دروست کردنـەوەی ئـەو لووتانە بووە، کە دەبڕدران. گاسـپاری تاگلیاکۆزی (١٥٤٦-١٥٩٩) بۆڵۆنـی ئـەم نەشـتەرگەریەی ئەنجامـداوە. چێنێکی پێستی باڵ و پەلی وەردەگرت و لە شوێنی لووتدا دەیدوریەوە هەتا شـوێنی خـۆی دەگـرت. کڵێسـا هـە زۆر دژی ئـەم نەشـتەرگەریە بـوو و هـەر هەوڵێکی بـۆ جوانترکردنـی کاری خوایـی شـەرمەزار دەکـرد. ئـەم جـۆرە نەشـتەرگەریەکەش تـا سـەدەی نۆزدەیـەم نەبوژێنرایـەوە. پێشـووتر ئاماژەمـان بـە نەشـتەرگەری لـە ئەڵمانیـادا لـەو سـەردەمە کـرد، بـەڵام ناوێـک هەیـە ئەبێـت لەیـاد نەکرێـت. ئەویـش فابریسـیۆس هیلاندۆسـی (١٥٦٠-١٦٠٤) خەڵکـی دۆسـۆڵدۆرفە. لەشـەڕی سـی ساڵەدا[50]، ئەزموونێکـی زۆری پەیـدا کـرد، کاتێـک ئامێـری پەسـتێنەری ڕاوەسـتانی خوێنـی داهێنـاو پێویسـتی بڕینـی لەڕێگـەی شـانە تەندروسـتەکانەوە لـە حاڵەتـی لەناوچوونـی شـانەکاندا خستەڕوو. میتۆدەکانی کارکردنی توند بوون، بەڵام لەبێرن نەخۆشـخانەیەکی دانـا و شـیلگیرانە کاری کـرد تـا پیشـەی نەشـتەرگەری هێنـدەی پیشـەی پزیشـکی بەرەوپێـش ببـات. لەکتێبەکەیـدا بەنـاوی (چەنـد توێژینەوەیـەک لەبـارەی نەشـتەرگەری) وێنـەی زۆرێـک لـەو ئامێرانـەی تیـادا دانـا، کـە دایهێنـاون. جۆهـان سـکۆڵ تیتـۆس ئەڵمانـی، داهێنەرێکـی بلیمەتـی تـرە لەبـواری ئامێرەکانـی نەشـتەرگەریدا. لەسـاڵی ١٦٥٣ دا کتێبەکـەی بەنـاوی (ئامێرەکانـی نەشـتەرگەری) بڵاوکردۆتـەوە، کـە وێنـەی گەلێـک ئامێـری سـەرنجڕاکێشـی تیادایـە.

---

٥٠ ئەو شـەڕەبوو لـە نێوان کاثۆلیک و پرۆتستانەکاندا ڕوویدا. لەسـاڵی ١٦١٨ دەستیپێکردو لەسـاڵی ١٦٤٨ کۆتـای هـات.

## نەشتەرگەری لەسەدەی شانزەدا لە بەریتانیادا

لەسەرەتای سەدەی چواردەیەمدا، سەرتاشە نەشتەرگەرەکانی بەریتانیا بەشێوەی کۆمەڵ خۆیان ڕێکخستەوە. هەر شارۆچکەیەک جێی بایەخ بووایە کۆمەڵی خۆی دەبوو. هەرچەندە تۆماری ئەم کۆمەڵانە لەبەردەستدا نیە، بەڵام بە پێی خەملاندن ژمارەیان بە نزیکی بیست بۆ سی کەس دەبوون.

دەربارەی ناوی ئەندامان چەند ناوێکی کەم نەبێت، هیچی تر نازانین. جۆن ئاردێرن، کە باسمان لە نووسینەکانی کرد، یەکێک بوو لەو نەشتەرگەرە ئینگلیزە دەگمەنانەی لەسەر پسپۆڕیەکەی نووسیویەتی و هەندێک بیرۆکەی لەبارەی میتۆدە باوەکانی نەشتەرگەری خستۆتەڕوو. خۆی لەسەدەی شانزەدا نەشتەرگەری وورده وورده ناسێنرا. ناوی تۆماس ڤیکاری (١٤٩٥-١٥٦١) لەبەر دۆ هۆکار لەبیرناکرێت: یەکەمین کەسە کتێبی مەنهەجی لەبارەی توێکاریەوە بەزمانی ئینگلیزی نووسیبێت و یەکەمین سەرۆکی ڕێکخراوی پزیشکی (کۆمەڵەی هەرەوەزی سەرتاشە نەشتەرگەرەکان ) بووە.

لە مەیدستۆن کاری کردووەو لە لەندەنیش وەک سەرتاشی نەشتەرگەر زوو کاری کرد و هێندە ناوبانگی دەرکرد لەساڵی ١٥٣٥ دا بووبە نەشتەرگەری پلەیەکی پاشا هێنری هەشتەم. (خەزێنەیەک لە توێکاری جەستەی مرۆڤ بۆ ئینگلیزەکان) یەکێکە لە کتێبەکانی لەبارەی توێکاریەوە. دەووترێت ئەم کتێبە لەساڵی ١٥٤٨ دا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام هیچ سەرچاوەیەکی چاپی یەکەمی لەبەردەستدا نیە. کۆمەڵێک لە هاوڕێکانی لە نەخۆشخانەی بارتۆلۆمیۆ لەدوای مردنی لەساڵی ١٥٧٧دا دووبارە چاپیان کردۆتەوە و تا سەدەی حەڤدەیەمیش وەک کتێبێکی مەنهەجی خوێنراوە. ئەو باس و خواسانەی لەبارەی توێکارزانیەوە لە کتێبەکەیدا هەیە بۆ سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە، سەرباری ئەوەی نووسەر لە پادوا خوێندوویەتی.

لەساڵی ١٥٤٠ دا ڤیکاری ڕۆڵی سەرەکی لە وەرگرتنی ڕەزامەندی شاهانەی بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکێتی نەشتەرگەران و سەرتاشانی نەشتەرگەر گێڕا.

بۆنـەی دامەزراندنـی ڕێکخراوەکـەش بـە وێنەیەکـی بەناوبانگـی هۆڵبەیـن لەسـەر دەسـەڵاتی کۆلێژی شاهانەی نەشتەرگەران یادی کراوەتـەوە. بەپێی یاسـای ساڵی ١٥٤٠ نەشتەرگەر نەدەبوو بەهیچ شێوەیەک کاری سەرتاشی بکات. ئەم ڕێکخراوە دەسـەڵاتی هەبـوو سـزای پێبـژاردن بەسـەر سەرتاشـە نەشـتەرگەر و نەشـتەرگەرە پیشـەوەرە بێ مۆڵەتەکانی شـاری لەندەندا بسـەپێنێت. جا ئەم ڕێکخراوە دەسـەڵاتی توێکارکردنـی جەسـتەی دوو تاوانبـاری لەسـێدارەدراویان بەمەبەسـتی لێکۆڵینـەوە هەبـوو.

یەکێـک لـە کۆنتریـن ئـەو مامۆسـتا زۆر بەناوبانگانـەی بـواری پزیشـکی و نەشتەرگەری لەنۆتینهام ولەندەندا کە لەژێر ڕێساو یاساکانی ئەو ڕێکخراوە کاری کـردووە، جۆن بانێتـەرە (١٥٣٣-١٦١٠). بانێتـەر زۆر کۆششـی کـردووە تـا هـەردوو زانسـتی نەشـتەرگەری و پزیشـکی یـەک بخـات و لـەو بارەیەشـەوە ووتوویەتـی " یەکگرتنەوەیان سوودی بۆ هـەردوو پسـپۆڕیەکە هەیە. هەندێک کەسی دواکەوتـوو، هـەر بـەزۆری زۆرداری دەیانەوێت نەشـتەرگەر کار لەسـەر جەستە نـەکات! بـا هـەر تۆزێک بە زمانمـان دۆست بۆ خۆمـان پەیدا ئەکەین چونکە هەموومـان پێویسـتمان بەیەکدی هەیـە". لەمۆزەخانـەی جۆن هەنتـەر لەشـاری گلاسـکۆدا، وێنـە توێکاریەکانـی و هەروەهـا وێنەیەکـی سـەردەمیانە پارێـزراوە، کـە تیایـدا دەردەکەوێـت بانێتـەر لەسـاڵی ١٥٨١ دا لـە هۆڵـی سەرتاشـە نەشـتەرگەرەکانی لەندەنـدا خەریکـی وانەبێژیـە لەبارەی هەنـاوەوە. هـەر لـەو وێنـە سـەردەمیەدا ئـەو کتێبە کراوەیـەی لـە تەنیشـتێتی کتێبەکـەی کۆڵۆمبسـە، کـە لەپـادوادا دوای سـەردەمی ڤیسـالیۆس هـات. بـەم جـۆرە بۆمـان دەرکـەوت بانێتـەر نوێگـەری لەبواری توێکاریدا کـرد. لەئینگلتـەرا هاوشـێوەی فەڕەنسـا، جەنـگ بـوو بـە مەیدانێـک بـۆ نەشـتەرگەری و سـەر لەسـەر دادەنـرا. دەکرێـت باسـی نەشـتەرگەرێکی سـەربازی بکەیـن، کـە بـە نووسـینە ناوازەکانـی هەندێک زانیـاری لەبـارەی میتۆدەکانـی نەشـتەرگەری سـەربازیدا، خسـتۆتەڕوو.

ویلْیـام کلاوێسـی (١٥٤٠-١٦٠٤) نەشـتەرگەری شـاژنە ئێلیزابێث و نەخۆشـخانەی سـانت بارتۆلۆمیۆ، ئارەزووی کرد لەنـاو سوپادا لـە فلاندەرز و لەبەرپەرچدانەوەی هێزی دەریاوانیدا خزمـەت بکات. خۆی نووسـینەکانی بـەزۆری لەبـارەی نەخۆشـی

زاوزێ بوون، کە تیایدا زیاتر گرنگی بە بەزمانی بازاڕی زیاتر داوە وەک لە زمانی لاتینی. کتێبێکی بچووکی زۆر چاکی بەم ناونیشانە گەورەیە (کتێبێکی بەسوود و پێویست بۆ هەموو ئەوانەی گڕی بارووت دەیانسووتێنێت، هەروەها بۆ چارەسەری برینی ئەو شوێن فیشەکانەی شەڕ کە بەگشتی لە دونیای ئەمڕۆماندا لە دەریا و ووشکانیدا، دەتەقێنرێن)، دەربارەی شوێنی برینی فیشەکەوە نووسیووە. کلاودێس زۆر توێژینەوەی باشیشی ئەنجامداوە. لێکۆڵینەوەشی کردووە تا بزانێت داخۆ شوێنی برینی فیشەک ژەهراویە یان نا. بۆی دەرکەوتووە کاتێک تیر دەهاوێژرێت پەڕەکەی نابینرێت، جالەبەر ئەوە ڕاشکاوانە وتوویەتی" فیشەک لەڕێی گەرمیەوە ناکرێت پاک بکرێتەوە و دەکرێت زۆرترین ژەهر بۆ ناو شوێنی برین ببات". هەندێک باسی خۆشیشی لەبارەی ئامێرە بەکارهاتووەکانی نەشتەرگەری هەیە.

تۆماس گاڵیش (١٥٠٧-١٨٨٦) یەکێکی تر بووە لەنەشتەرگەرە سەربازیەکان، کە لە کتێبەکەیدا بەناوی (برینی شوێن فیشەک ) سەلماندوویەتی بەپێچەوانەی ڕوانینی باوەوە فیشەک پێویستی بەوەها گەرمیەک نیە لە جووڵەیدا تا شوێنی برین داخ بکات. گاڵ خاوەنی بیروڕای خۆی بووە و پێدەچێت یاسا ئەخلاقیەکانی کاریگەری باشی لەسەر نەشتەرگەران هەبوو بێت، کە لەو کاتەدا بواری نەشتەرگەری زۆر فرت و فێڵی تیادا دەکرا.

جۆن ووداڵ (١٥٦٩-١٦٤٣) یەکێکی ترە لە نەشتەرگەرەکانی شاژنە ئێلیزابێث، کە لەبواری نەشەرگەری دەریاوانی و لە شارەکانیش ئەزموونێکی زۆری هەبووە. لە کۆمپانیای (East India)و هەروەها لە کیشوەری ئەورووپاشدا خزمەتی کردووە. (Viaticum) ,( The Pathway to the Surgeons Chest) (The Surgeons Mate) لەو کتێبانەن تیایاندا بەدرێژی باس لە کەرەستە و کەل و پەلە پێویستیەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانیشیانی کردووە. هەندێک جار دووداڵ وەک دۆزەرەوەی ئاوی لیمۆ بۆ چارەسەری ئێسکەنەرمە ناوی دەهێنرێت. هەر بەرلەوەی جەیمز لیند لەساڵی ١٧٥٣ دا توێژینەوەکەی لەسەر ئەو بابەتە بڵاو بکاتەوە، ووداڵ باسی شەربەتی سەوزەو میوەکانی کردووەو هیچ کام لەمانە ترشی چەوری زاخیان نەبووە.

## پزیشك و نەشتەرگەرە دێرینەكانی سكۆتلەندا

زۆر كـەم زانیـاری لەبـارەی كاری پزیشـكی و نەشـتـەرگەری لـە سـكۆتلەندادا لەسـەردەمانی كۆنـدا هەیـە. پێشـووتر باسـی میكایـڵ سـكۆتمان(١١٧٥-١٢٣٢) كـرد. زانیـاری زۆریـش لەبـارەی ژمـارەی دەسـت نووسـی پزیشـكیە گایلیكیـەكان[51]، كـە لەسـەدەی دوانـزە تـا چـواردە نووسـراون، لەكتێبەكـەی جـۆن كۆمریـدا بەنـاوی (مێـژووی زانسـتی پزیشـكی لـە سـكۆتلەندادا) خراونەتـە ڕوو.

كۆمـری نـاوی گەلێـك پزیشـكی پێشـەنگ دەهێنێت لـە نێویشـیانیا ویلیـام چێڤێز (١٤٢٨-١٤٩٧)، كـە لەسـانت ئەنـدرۆز كاری كـردووەو لەبـواری ثیۆلۆجیـادا زۆر شـارەزا بـووە و لەسـاڵی ١٤٨٧ دا بووەتـە سـەرۆك قەشـەكان لـە سـكۆتلەندادا. چیڤێـز توێژەرێكـی زۆر بەناوبانـگ بـووە، كـە لەلۆڤـان خوێندوویەتـی و لـە سـانت ئەنـدرۆزدا كتێبخانەیەكـی بایەخـداری دروسـت كـردووە. زانیـاری زۆر كەممـان لەبـارەی نووسـینە پزیشـكیەكانیەوە هەیـە. هـەر ئـەوە دەزانیـن لەسـەدەی پانـزەدا پیشـەگەرێكی زۆر نـاوداری سكۆتلەنداو پزیشـكی پاشـا جەیمـزی سـێ یـەم بـووە و بـە مووچـەی سـاڵانەی بیسـت پاوەنـد كاری كـردووە.

وەك شـوێنانی تـر لەسـكۆتلەندادا، نەشـتەرگەران و سەرتاشـە نەشـتەرگەرەكان نەشـتەرگەریان ئەنجـام دەدا. لەسـاڵی ١٥٠٥ دا ڕووداوێكـی گرنـگ لـە ئێدنبرە ڕوویـدا و پاشـا جەیمـزی چـوارەم بەفرمانـی شـاهانە وەڵامـی سـكاڵای دوو پیشـەگەری دایـەوە. بەپێـی ئـەم فرمانـی شـاهانەیە چەنـد مـاف و جیـاوگ (ئیمتیـاز) لـەم بـوارە نوێیـەدا بـە ڕێكخـراوی (یەكێتـی سەرتاشـە نەشـتەرگەرەكان) بەخشـرا، كـە دواتـر ناوەكـەی بووبـە ( كۆلێژی شاهانەی نەشـتەرگەرانی ئێیدنبرە). ئـەم ڕێكخـراوە تەنهـا مافـی كاركردنـی لـە شـارۆچكەی بەرگـدا هەبـوو. تاقیكردنـەوەی ئـەو پاڵێوراوانـەی دەكـرد، كـە پێیـان خـۆش بـوو ببنـە ئەنـدام تیایـدا. تاقیكردنـەوەكـەش بوارەكانـی توێكاری، سروشـت، شـێوەی جەسـتەی مـۆرڤ، شـوێنی خوێنهێنـەرەكان، هەڵدڕینـی بـۆری خوێـن و نیشـانەی ئەسـتێرەی بورجەكانیشـی، دەگرتـەوە. دواتـر هەمـوو نەشـتەرگەرێك ئەبووایـە توانـای خوێندنـەوەو نووسـینی هەبووایـە وەك ئـەوەی لـە

٥١ گەیلیكیەكان هەر سكۆتلەندیەكانن، كە بەزمانی ناوچەی خۆیان (گایلیكی ) قسەدەكەن.

بەڵگەنامەکاندا هاتبوو ." دانیشە ، بنووسەو بخوێنەرەوە". سەرباری ئەمەش ئەم ڕێکخراوە دەسەڵاتی ئەوەی هەبوو هەموو ساڵێک جەستەی یەک تاوانباری لەسێدارە دراو توێکاری بکات. دواجارو لەهەمووشی سەیرتر ڕێکخراوەکە لەناو سکۆتلەندا دەستی بە ویسکی فرۆشتن و قۆرخکاری کرد. بەم بەزمەش ڕێکخراوەکە وورده وورده مەرگی خۆی ڕاگەیاند. بۆ وەرگرتنی هەر پاڵیوراوێکیش بڕی پێنج پاوەندی وەردەگرت تا ئەندامەکانی ڕێکخراوەکە نانی ئێوارەی پێ پەیدا کەن. ئەوەی جێی داخە تا ساڵی ١٥٨١ هیچ زانیاریەک لەبارەی کۆبوونەوەکانی یاداشت نەکراوە. لەم ساڵەدا پیشەکە کەوتە دەستە گیلبەرت پڕیمبڕوسی (١٥٣٥-١٦١٦) بەتواناوە ، کە لەساڵانی ١٥٨١ – ١٥٨٢ و دووبارە لەساڵی ١٦٠٢ دا بە یاریدەدەری قەشە هەڵبژێرا.

ئەوەی جێی داخە لەدوای خۆی هیچ نووسینێکی نەماوەو کەمیش لەبارەی پیشەکەیەوە دەزانین. لە بنەماڵەیەکی بەناوبانگ بووە، کە ئێستا ئارشیباڵد پڕیمۆز دەم چەرموویانە. وادیارە پڕیمبڕۆس دەرمانسازیش بووە. لەساڵی ١٩٠٤ دا ئارشیباڵد پڕیمۆز گیراوەیەکی هەویری، کەناوی گیلبەرت پڕیمڕۆزی لەسەر بوو لە کێڵگەیەکی نزیک هاویک دۆزرایەوە، پێشکەشی زانکۆی شاهانەی نەشتەرگەرانی ئێدنبرەی کرد. ئێستا گیراوەکە لە کۆلیج میوزیەمدا پارێزراوە.

پیتەر لۆوی (١٥٥٠-١٦١٢) نەشتەرگەری هاوچەرخی سکۆتلەندی، بەناوبانگترین کتێبی بەناوی (باس و خواسی تەواوی شێوازی زانستی نەشتەرگەری) پێشکەشی گیلبەرت پڕیمۆزی هاوڕێی کرد. دەووترێت یەکەمین کتێبی مەنهەجی بووە لەبارەی نەشتەرگەریەوە بەزمانی ئینگلیزی نووسرابێت. لۆوی خۆی خەڵکی گلاسکۆ بووە، کە زیاتر لە بیست ساڵ وەک قوتابی و نەشتەرگەری سەربازیش قاڵ بووە. پاشان گەراوەتەوە تا لەنیشتیمانی خۆی کاری نەشتەرگەری بکات. دوای ئەوەی بۆی دەرکەوتووە پزیشکە ڕاهێنەرەکان زۆر ناشارەزا بوون و ڕێکخراوی تایبەت بە پزیشکان کەم بووە، هەوڵیدا چاکسازی لەو بوارەدا بکات. کۆڵی نەدا تا لەساڵی ١٥٩٩دا ڕەزامەندی پاشا جەیمزی پێنجەم بۆ کردنەوەی کۆلێژی پزیشکان و نەشتەرگەرانی گلاسکۆ وەرگرت، کە دواتر لەساڵی ١٩٠٩ دا

ناوەکەی گۆڕا بۆ "کۆلێژی شاهانەی پزیشکان و نەشتەرگەرانی گلاسکۆ". ئامانجی ئەمەش کۆکردنەوەی هەموو ئەوانەبوو کە کاری پزیشکی یان نەشتەرگەریان دەکرد، نەک تەنها نەشتەرگەران و سەرتاشانی نەشتەرگەر وەک لە لەندەن و ئێدنبرەدا هەبوو.

ئەم کۆلێژەش دەسەلاتی تاقیکردنەوەی پاڵێوراوانی هەبوو و هەروەها چاودێری کاری پزیشکیشی لە گلاسکۆو باشووری رۆژئاوای سکۆتلەندا دەکرد. ئەم بەشە هەر ئەم دەسەلاتەی مایەوە هەتا خۆتۆمارکردن بۆ بەشی پزیشکی کاری پێکرا. گومانی تیادا نیە هەتا سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم زانکۆی گلاسکۆ بڕوانامەی پزیشکی نەدەدا بە دەرچووەکانی بواری پزیشکی، بەلام جیاووگی (ئیمتیازی) کارکردنی لەبوارەکانی پزیشکی و نەشتەرگەری لە ناو گلاسکۆدا دەبەخشی. ئەم بەشە، کە بەدەست وەردان لەمافەکان تۆمەتبارکرا، لەساڵی ١٨١٥ دا سکالای دژی چوار پزیشکی گشتی گلاسکۆ، دەرچووانی چوار زانکۆی سکۆتلەندی تۆمارکرد تا ڕێگرییان لێبکرێت کاری نەشتەرگەری نەکەن. داواکاری بەشەکە لەبەرچاو گیراو بڕیاردرا سەرپێچیکاران، هەرچەندە هەموو دەسەلاتێکی کارکردنیان لەبواری پزیشکی هەبوو، لەڕووی یاساییەوە لەکارکردن لە بواری نەشتەرگەریدا لەیان نزیک گلاسکۆدا دانیان پیادا نەدەنرا تا لە تاقیکردنەوەکانی بەشەکەدا دەرچوون. پاشان زانکۆی گلاسکۆ بەشی ماستەری لە بواری نەشتەرگەری کردەوە، بەلام لەساڵی ١٨٢٦دا بەشی پزیشکی سکالایەکی تری تۆمارکرد تا ڕێگری لە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر بکەن کارنەکەن. دووبارە دادگا لەبەرژەوەندی بەشەکە بڕیاری دا، هەرچەندە تەنها دوای چواردە ساڵ زانکۆ ناچار کرا خەرجی زۆر بۆ دەرچووەکانی دابین بکات. ئەم بێنەو بەردە هەر زوو لەبیرکرا، لەو کاتەی یاسای پزیشکی ساڵی ١٨٥٨ دا سەرتاپای دۆخەکەی گۆڕی .

بەپێی یاساکە ئەنجوومەنی گشتی پزیشکی دەسەلاتی پێدرا بەوەی بڕیار بدات کێ مافی کارکردنی لەبواری پزیشکیدا هەبێت. یەکێک لە ئامانجە سەرەکیەکانی بەشەکەی پیتەر لۆوی، چارەسەرکردنی هەژاران بوو بە بێ بەرامبەر. ئەم ئامانجەش بۆ ماوەی دوو سەد ساڵ کاری بۆ کرا. پاشان کە نەخۆشخانەکان

کرانـەوە، لەشـوێنی چارەسـەری بێبەرامبـەر کوتانـی بێ بەرامبـەری ئەنجـام دەدراو ئەمـەش بەدرێـژای سـەدەی نۆزدەیـەم بـەردەوام بـوو. تەنانـەت تـا ڕۆژگاری ئەمرۆمـان ئامانجـی سـەرەکی نەخۆشـخانەکان بەمانـای ووشـە بـەرز ڕاگیـراوە. گـەر بەکرداریـش نەبووبێـت، هەمـوو کۆبوونەوەیـەک بـە وەهـا قسـەیەک کۆتـای پێهێنـراوە "هـەژار بەبێ بەرامبـەر چارەسـەرکەن، خـواش لـە بـەڵا لاتـان ئـەدات".

# بەشی نۆیەم

## پزیشکانی سەردەمی ڕێنیسانس

دوای ئەوەی بەباس و خواسی نەشتەرگەری لەسەردەمی ڕێنیسانسدا لەڕۆژگاری ئامبرواس پاریَ و تا رۆژگاری پیتەر لۆوی گوزەرمان کرد، با ئێستا بگەڕێینەوە و لێکۆڵینەوە لەبارەی پێشکەوتنی زانستی پزیشکی لە سەردەمی ڕێنیسانسدا بکەین. پاڕاسیڵسوس، ئەو پیاوە پێخاسە پێشەنگە بوو بەهەوڵدان بۆ هێنانەکایەی میتۆدی سەردەمیانەی باشتر، شۆڕشی دژی ڕابردوو بەرپاکرد.

## بەزم و ڕەزمەکانی پاڕاسیڵسوس

ئاسان نیە بەپێی پێویست هەڵسەنگاندن بۆ کاریگەری پاڕاسیڵۆس لە سەر پێشکەوتنی زانستی پزیشکی بکەین. پاڕاسیڵسۆس تا لەژیاندا بووە دوژمنی زۆر هەبووە. چەند سەدەیەک دوای مردنی دوو ڕوانینی باو لەبارەی ئەوەوە هاتنە کایەوە. هەندێک پێیان وایە پاڕاسیڵسوس کەسێکی قۆڵبڕو سەرخۆش و ساختەچی و بێ ئابڕووی خۆهەڵکێش بووە، لە کاتێکا ڕەخنەگرە بەویژدانەکان بە کەسێکی

عەقڵ ناتەواویـان دانـاوە. لەسـەدەی نۆزدەیەمیشـدا، ڕۆبـەرت براونینـی شـاعیر، هۆنراوەیەکی لەسـەر پاڕاسیلسـوس نووسـی و وەک چاکسـازێکی مەزنـی وەسفی کرد ، کە خەڵک بەهەڵە خوێندنەوەیان بۆ کرد. ویلیام ئۆسلەر پاڕاسیڵسوسی بە "لۆثـەری پزیشـکی " داناوە و گاریسـۆنیش زۆر پەسنی کـردووەو بـە " مەزنترین بیریـاری داهێنـەری سـەدەی شـانزەی " دانـاوە. هەروەهـا ویزینتۆنیـش وتوویەتـی "هـەر زوڕناژەنـی دوای ڤیسـاڵیۆس و هارڤیـە". گومانـی تیـا نیـە نووسـینەکانی پاڕاسیڵسـۆس بە هیچ کلۆجێک تێگەیشـتنیان ئاسـان نیە. مێژوونووسە ئەڵمانیەکانی بواری پزیشکی، بەتایبەتی سـوود هۆڤ نووسـینەکانی پاڕاسیڵسوسیان زۆر بەلاوە نـاوازە بووە. تیۆرەکانی ئاڵۆز بـوون، نووسینەکانیشـی وەرنەگێڕاونەتـە سـەر زمانی ئینگلیزی و بەمـەش قوتابی بەکەمی لەنووسـینەنەکانی تێگەیشـتوون و بەردەوامیش جەمـاوەری کـەم بـووە.

فیلیپـەس ئۆرۆلـۆس ثیۆفراسـتوس یـان باشـتر بڵێیـن پاڕاسیڵسـۆس (١٤٩٠-١٥٤١) لـە ئەینسـیڵدنی لـە نزیک زیورخ لەدایک بووە. کوڕی پزیشـکێکی گوندنشـینی تێکۆشـەر و زۆر ڕۆشـنبیر بـووە. هاوسـەرگیری لەگـەڵ بەڕێوەبـەری نەخۆشـخانەی ناوخـۆی گەشـتیاران کـردووە.

هەرکـە پاڕاسیڵسـوس تەمەنـی گەشـتە دوانـزە سـالان، باوکـی وەک پزیشـکی شـارۆچکەی ڤیـلاج دەستنیشـان کـراوە. لـە نزیـک ئـەم شـوێنە کانی فافۆن هەبـووە، کەیەکـەم جارسـەرنجی پاڕاسیڵسۆسـی بۆ زانسـتەکانی کانزازانـی و کیمیا ڕاکێشـاوە. لەتاقیگـەدا هـاوکاری باوکـی کـردووەو دواتـر دامەزراوەیەکی بـۆ کارکردنی بنیاتنـاوە. دەووترێت لەزانکۆی بازڵدا خوێندوویەتی، بەڵام ئێمە زانیاریمان لەبارەی سـەردەمی قوتابیەتـی ئـەو نیـە. ئـەوەی ئەیزانیـن ئەوەیـە لەتەمەنـی بیسـت و سـێ سـاڵیدا دەسـتی بەگەشـت کـردن کـردووەو مـاوەی دوانـزە سـاڵ بـەردەوام بـووە. وتوویەتـی "پزیشـک دەبێـت گەڕیدەیـش بێـت تـا لـە دونیـا وورد ببێتـەوەو کارکردنیـش بـێ ئەزمـوون نابێـت". بـۆ ماوەیـەک لـە مۆنبیلیـە و هەروەهـا لـە ناوەندەکانـی فێرکاری ئیتاڵـی لـە بۆلۆنیـاو پـادوا کاری کـردووە. پاشـان چڕتـر بەنـاو ئەوروپـادا گـەڕاوەو سـەردانی فەڕەنسـا، ئیسـپانیا، تورکیـاو هەروەهـا ڕووسیاشـی کـردووە. لـە هۆڵەنـدا خزمەتـی

سـەربازی کـردووە و سـەردانی کانەکانـی تەنەکـەی کۆڕنۆڵـی کـردووە. خەزێنـەی کانـزای لـە سـوێدا دۆزیوەتـەوە. لـەو سـاڵانەدا تـا پێـی کـراوە سـەرقاڵی نووسـین و وانـە ووتنـەوە بـووە، تاوەکـو ناوبانـگ دەربکات. لەگەڕانەوەشـیدا بـۆ سویسـرا لەساڵی ١٥٢٦ دا، بەهـۆی کاریگـەری ئیڕاسمۆسـەوە وەک پزیشـکی شـار لـە بـازڵ و وانەبێژی پزیشـکی لـە زانکۆدا دەستنیشـان کراوە. لـەوێ تـا بڵێـی توونـد بـووەو دەسـەڵاتدارانی زۆر نیگـەران کـردووە.

لەجیاتـی زمانی ئەڵمانی بە زمانی لاتینی وانـەی دەووتـەوە و خـۆی دەرمانی بۆ خـۆی ئامادە دەکرد. هەروەهـا هێرشـی توندی دەکردە سـەر نووسـەرە دێرینـەکان و تەنانـەت ڕەخنـەی توندیشـی لـە میۆتدی قوتابیە هاوچەرخەکانی خۆشـی دەگرت. وتوویەتی"تەنهـا ئـەو نەخۆشـانە لێـم ڕازیـن کـە چارەسـەرم کـردوون". پێشـتر بـە بەروچـاوی خەڵکـەوە کتێبەکانی جالینـۆس و ئیبـن سـینای سـووتاند و دەسـتی بـە وانەکانی کرد. باوەڕیشـی وابوو بۆ ئـەوەی پێش بکـەوین دەبێت بە هیچ شـێوەیەک ئـاوڕ لـە ڕابـردوو نەدەینـەوە! هـەر لەبـارەی ئیبـن سـیناو جالینۆسـەوە وتوویەتـی "هـەر بخـەوم لـە خۆتـان و نووسـەرەکانیشـتان زیاتـرم پێدەکرێت، جالینـۆس و ئیبن سـیناش ناگەنـە نووکـی پێڵاوەکـەم".

پاڕاسێلسـۆس لـە جیاتـی ڕۆبـە قەیفەیـی پزیشـکی، جلـی سـادەی لەبەرکـردووە. دەووترێـت وەک خوویەکـی نامـۆ لەکاتـی لێکۆڵینەوەکانـی شمشـێری ڕاوەشـاندووە. ئەمـەش لـە زۆرێـک لـە نیگارەکانیـدا دەردکەوێـت. جێـی سـەرسـوورمان نیـە بەهـۆی دژەبـاوی و توندڕەویەکـەی، زۆر دوژمنـی بـۆ دروسـت بـوو. دیـارە ئەمـەش بـێ بـاج نەبـوو. دوای دوو سـاڵ لـە بێنـەو بـەردە ناچـار کـرا بـازڵ بەجێبهێڵێـت و دووبـارە دەسـت بـە گەشـتەکانی بکاتـەوە. پاڕاسێلسـۆس لـە کۆڵمـار، سـانت گالێـن، زیوریـخ و شـوێنانی تر، بەسـەرکەوتووی کاری کرد و سـەرباری دژبەریەکی زۆر لە ئەورووپادا ناوبانگـی دەرکـرد. دواجـار لەسـاڵی ١٥٤١ دا گەشـتە سـاڵزبۆرگ و بەگەڕانێکـی تاقەت پڕووکێنانـە ، نـەک بـەدوای ئاڵتـون یـان پلـەو پایـەدا بەڵکـو زانیـن و ڕاسـتیدا زۆر شـەکەت بـوو. گەشـتەکانی کۆتـای پێهێنـاو لـەوێ لـە ٢٤ی مانگـی شـوباتی سـاڵی ١٥٤١ دا کۆچـی دوایکـرد.




وێنەیەکی جیرۆم کاردانی بیرکاری زان و پزیشک و زیندەناس و فیزیاناس و کیمیاگەر و ئەستێرەناس و ئەستێرەزان و فەیلەسووف و نووسەر و قومارچی ئیتاڵی




کەلووی ئەبرەشیەی هامیڵتۆن کە جیرۆم کاردان نەخشاندوویەتی کاتێک لە ساڵی ١٥٥٢دا سەردانی سکۆتلەندای کردووە



دەروازەی ئابڕوو لە وڵاتی فەڕەنسادا

## کتێبەکانی پاڕاسیڵسۆس

هەرچۆنێک لەو بێنەوبەردەیەی هێشتا سەبارەت بە کەسێتی و کاریگەری پاڕاسیڵسۆس هەیە بڕوانین، هەر دەبێت دان بەوەدابنێین ئەو یەکێک بووە لە سەرنجڕاکێشترین کەسایەتیەکانی بواری پزیشکی لەسەردەمی ڕێنیسانسدا. نووسەرێکی فرە بەرهەم بووە. خۆی تا لە ژیانا بووە زۆر کەم لە نووسینەکانی بڵاوکراوەتەوە. خۆشی باسی لەوە کردووە بەلای کەمەوە بیست ساڵ دوای مردنی خەڵک دەزانن چی کردووە . هەرواش دەرچوو چونکە یەکەم چاپی نووسینەکانی، کە جۆهانس هوسەری سویسری پێداچوونەوەی بۆ کردوون، لەساڵی ١٥٩١دا بڵاوکرانەوە.

خۆی هەندێک لە نووسینەکانی سەرباری ئەوەی هی ئەو نەبوون،

خاوەنداریەتیەکانیان بۆ ئەو گەڕێندراونەتەوە. هەندێکیان لە لایەن هەڵگرانی میتۆدی پاڕاسیڵسۆسەوە نووسراون، کە بە دیاری کراوی لەبەریتانیاو ئەڵمانیادا بە سەدەیەک یان زیاتر بە وانەکانی پاڕاسیڵسۆسەوە پابەند بوون. زۆرێک لەوانە ئەندامی کۆمەڵەیەکی ئایینی بوون بەناوی ڕۆزێکرۆزیەکان. ئەو ئەندامانەی دەووترێت ڕۆزیکرۆزی ڕەبەن دامەزرێنەری ئەم کۆمەڵەیە بووەو ئێستا ئەم ڕەبەنە بە کەسێکی ئەفسانەیی دادەنرێت. ڕۆبەرت فلەدی (١٥٧٤-١٦٣٧) کیمیاگەر، بانگەشەکاری هەرە دیاری ئەم کۆمەڵەیە بووە لەبەریتانیادا. ( سوودە گرنگەکانی بەردی کل) یەکێکە لەو کتێبانەی دەووترێت بازڵ ڤالانتینی ڕەبەن لەسەدەی چواردەدا نووسیبێتی، کە بووە هۆی برەو پێدانی بەردی کل وەک مادەیەکی چارەسەر. ئێستا ئەم کتێبە بە هی پاڕاسیڵسۆس دادەنرێت.

## ڕوانینی کیمیاگەرانە لەبارەی ژیانەوە

ناکرێت بەئاسانی و بەکورتی باس لە وانەکانی پاڕاسیڵسۆس بکەین. دەی شەن و کەوکردنی بیرە تەواو لەناوچوو و ناڕوونەکانی پاڕاسیڵسۆس، کە لەڕێگەی نووسینەکانیەوە خستوویەتیە ڕوو، بەهیچ ئامانجێکی دیاریکراومان ناگەیەنێت. هەر کورتەیەک بەسە باسی بکەین. لە کتێبە ناوازەکەیدا بەناوی (Paramirum ) پاڕاسیڵسۆس ئاماژەی بەوەداوە مرۆڤ لە سێ توخم پێک دێت : گۆگرد، جیوە و خوێ. ئەوەی دەسووتێت گۆگردەو ئەوەی دووکەڵ دەکات جیوەیەو خۆڵەمێشەکەش خوێیەکەیە. هەموو فرمانێکی لەش بەندە لەسەر ڕێژەو چالاکی ئەم توخمانە و هەموو نەخۆشیەکیش بەهۆی ناهاوسەنگی ئەو سێ توخمەوە سەرهەڵدەدات. دەکریت لەڕێگەی یەکێکیان یان وەرگیراوەکانیان چارەسەربکرێت، جالەبەرئەوە تەنها سێ نەخۆشی و سێ چارەسەر هەیە.

لە دونیای ئەمڕۆماندا هەر کەسێک ئەو قسانە بکات ڕاوی دەنێن، بەلام لای کەم دەبێت دان بەوەدا بنێین پاڕاسیڵسیۆس کارئاسانی بۆ ڕەچەتە نووسین کردووە. هیچ پێویست ناکات ڕێچکەی ئەم بنەمایانە ڕوون بکەینەوە، بەڵام ئەبێت ئاماژە بە بنەمایەکی تری گرنگی وانە ووتنەوەی پاڕاسیڵسۆس بکرێت. وتوویەتی

" هەموو زانستی پزیشکی چوار پایەی سەرەکی هەیە، فەلسەفە، ئەستێرەناسی، کیمیاو ئەخلاق.

بە ڕوانینی ئەو فەلسەفە دەروازەی زانستی پزیشکیە: هەموو ئەوانەی لەڕێگەی ترەوە چوونەتە ناو زانستی پزیشکیەوە خۆیان پیاو کوژبوون: ئەستێرەناسیش زانستێکی پێویستە: چارەسەری ڕاستەقینە لە ئاسمانەوە دەست دەکەوێت. کیمیاش بۆ ئامادەکردنی چارەسەرە پێویستیەکانی نەخۆشی گرنگە: ئەخلاقیاتیش لەهەموویان گرنگترە هەرچەندە تەنها چەند پزیشکێکی کەم لەڕێگەی ژێربێژیەوە فێری ئەخلاقیات کراون.

لەڕێگەی فەلسەفەوە، پاڕاسیڵسیۆس زانیاری لەسەردیاردە سروشتیەکان خستەڕوو. گرنگی بە بواری کرداری داوە وەک لە تیۆری و دواکەوتەیەکی سەرسەختی هیپۆکرات بووە. زۆر حەزی لە داتاشینی ووشە بووەو کرۆکی ووشەی (archaeus )ی بۆ توخمەکان داناوە، کە بریتیە لە نوێبوونەوەی سروشت و میکانیزمی قەرەبووی جەستەی مرۆڤ. زۆر گرنگی بە زانستی توێکاری نەداوە و خۆیشی نەیتوانیوە بە توێکارکردنی جەستەی مردووان زانستی دەست بکەوێت.

دەی دوای چەند ساڵێکی تر ڤێساڵیۆس تێڕوانینەکانی گۆڕانی بەسەرهات و توێکاری کردە زانستێکی زیندوو! هەرچی سەبارەت بە پایەی دووەمە پاڕاسیڵسۆس بڕوای بەو جۆرە لە ئەستێرەناسی نەبووە لەسەردەمی خۆیدا هەبووە. ئەو بڕوای وابووە ئەستێرەکان کاریگەریان لەسەر ژیانی سەرزەوی هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا نەبووە ئەستێرەکان چارەنووسی مرۆڤ دیاری بکەن و باوەڕی بە بورجەکانیش نەبووە.

سەبارەت پایەی سێیەم، کە کیمیایە و خۆی کاری لەسەر کردووە، فەلیەسووفەکان گرنگیان پێنەداوە. زانستی کیمیا زیاتر ڕێگایەک بووە بۆ ناساندنی تەندروستی و نەخۆشی. وتوویەتی "ئامانجی کیمیاگەر جیاکردنەوەی ژەهرە لەخۆراک چونکە ئەگەر ئەمە نەکرێت، ژەهرەکە لە ددان یان لەناو ئەندامەکاندا شوێنی خۆی دەگرێت". بۆ ئەم شوێن گرتنەش ووشەی (tartar) (بەڵخی ددان) ی داتاشیوە. باوەڕی وابووە هۆکاری نەخۆشی میرانەو بوونی بەرد بووبێت

لەجەستەدا.

سەبارەت بە پایەی چوارەم کە ئەخلاقە، بەلای ئەوەوە کاریگەرترین چارەسەر بووە. وتوویەتی "پزیشک دەبێت لەخواترس بێت چونکە زانستی پزیشکی هەر زانست وەرگرتن نیە. هەندێک چارەسەر هەیە ڕۆحیە، بۆ نموونە گوڵە شلێر عەتری نەبینراو لێ بەرهەم دێت و هەروەهاش ڕۆحیانەتیش کاریگەری لەسەر چارەسەر دەبێت". هەروەها وتوویەتی " تەنها ئیمان بوون بەخوا ڕێگری لەوە دەکات مرۆڤ بەرەو خراپ بوون بڕوات". گومانی تیا نیە کەسێک ئەوەنە بەتوانا بوو بێت لەبواری نووسیندا ناکرێت تەنها مەشروب خۆرێکی بێئاگای دابنێین، هەروەک یەکێک لە دژبەرەکانی وەها باسی پاڕاسیڵسۆسی کردووە.

دەووترێت باوەڕی بە دەرمانی میهرەبانی هەبووە. ئەمەش کارکردنێکی سەیر بووە، کە دواتر بەڕێز کێنێڵم دیگبی پەسەندی کردووە. دیارە ئەمە خۆی لەبەکارهێنانی دەرمانی تایبەتدا بەسەر ئەو چەکەی کە دەبووە هۆکاری برین دەبینیەوە وەک لەوەی بەسەربرینەکەدا بەکاربێت. پێشووتر ئاماژەمان بەم شێوازە سەیرەی چارەسەر کرد.

ئەمە هەندێک جار تیۆریەکی مەترسیدار بووە. ڤان هێڵمۆنت زیندانی کرا هەر لەبەرئەوەی بانگەشەی بۆ ئەم جۆرە لە چارەسەر دەکرد، کە بووەتە هۆی تووڕەی قەشەکان. هەروەها پاڕاسیڵسیۆسیش باوەڕی بە ڕێبازی هاوسەنگی یان چوون یەکی هەبووە. بۆ نموونە ڕووەکی ساکلامین یان پەنجەی مریەمی بۆ نەخۆشیەکانی گوێ بەکارهێناوە چونکە گەڵاکەی وەک شێوەی گوێی مرۆڤ بووە. سی ڕێوی بۆ چارەسەری نەخۆشیەکانی سی و دەرمانی زەردیشی بۆ چارەسەری زەردوویی بەکارهێناوە. ئەم دوو بیرۆکەیە لە پێڕەوی چارەسەرکردنەکەیدا ڕۆڵێکی گەورەیان نەبووە. پاڕاسیڵسۆس ئاسن، بەردی کڵ، خوێ کانزایەکان و مادە نائەندامیەکانی تریشی بۆ چارەسەرکردن بەکارهێناوەو لەم ڕووەشەوە کاری زۆر گەورەی کردووە. بەدوای بنەما چالاکەکان گەڕاوە. پاڕاسیڵسۆس لۆدانۆمی پێباش بووە، کە یەکێک بووە لە چارەسەرە خوازراوەکان.

هیچ ئەنجامێکی دیاریکراویش لەبارەی ئەمەوە نەخراوەتە ڕوو، ئەوە نەبێت

ئـەم دەرمانـە ئـەو تلیاکـەی تیانیـە ئێمـە پێـی ئاشـناین. تـا دەهـات پاڕاسیڵسـۆس لـە نەشـتەرگەریدا سـەرکەوتنی زیاتـری بەدەسـت دەهێنـا، هەرچەنـدە بەبـڕاوی ئـەو نەشـتەرگەری دەرهێنانـی بـەرد تاکـە نەشـتەرگەری پەسـەند بـووە. باسـی میتـۆدی سروشـتی سـاڕێژبوونی برینـی لـە ڕێگـەی پێچانـی بـە بالـم[52] کـردووە.

## ئامانجی پاڕاسیڵسۆس

مـرۆڤ هـەر ڕوانینێکی لەبـارەی ئـاکاری کەسـێنی پاڕاسیڵسـۆس و ڕۆڵـی ئـەوی لـە پێشـکەوتنی زانسـتی پزیشـکیدا هەبێـت، دەبێـت دان بـەوەدا بنێـت ئـەم پزیشـکە کاریگـەری لەسـەر بیـری ڕەسـەنایەتی هەبـووە چونکـە ئـەو تەنهـا ڕەسـەنایەتی بـەلاوە گرنـگ بـووە. ئامانجـی ئـەو لەیەکێـک لـە تابلۆکانـی بـەم شـێوەیە ئامـاژەی پێـداوە :-

Eins Andern Knecht soll niemand seyn

Der fur sich bleyben kann alleyn,

خانمە ستۆدارتیس لە کتێبە ناوازەکەیدا وەها وەرگێرانی بۆ کردووە :-

That man no other man shall own

Who to himself belongs alone

پاڕاسیڵسـۆس نـەوەک ڤیسـالیۆس و نـەوەک هارڤـی بـووە. پێدەچێـت هـەر بەزگماکی نەخۆشـی فەرەنگی هەبووبێت یان وەک دەووترێت پێدەچێت ئالـوودەی کحـول بووبێـت. گومانـی تیـادا نیـە کەسـێکی خۆهەڵکێـش، نالێبـووردە، بەلەنـگاز بووەو لـە زانسـتی پزیشـکیدا نموونـەی کەسـێکی فیلسـتینی بـووە. سـەرەڕای ئەمـەش دڵسـۆزو ڕاسـت گـۆو لـە خواترسـیش بـووە. بەهـۆی ئـەوەی ڕەفتـاری سـەیر بـووە، خەڵـک لێکدانـەوەی هەڵەیـان بـۆ کەسـایەتی ئـەو کـردووە. دەی هێشـتاش وەک یەکێـک لـە کەسـایەتیە گەورەکانـی مێـژووی زانسـتی پزیشـکی دادەنرێـت. بـەم هۆنـراوەی ڕۆبـەرت براونیـن بـاس و خواسـەکەمان بەجوانـی لەبـارەی پاڕاسیڵسـۆسـەوە کۆتـای

٥٢ مادەیەکی چەوری بۆنخۆشی زەمقی یە برینی پێ ئەپێچرێت یان دائەپۆشرێت .

پێدێنین:-

Into a dark tremendous sea of cloud

It is but for a time :I press Gods lamp

Close to my breast :its spledour , soon or late ,

Will pierce the gloom :I shall emerge one day

## ئەستێرەناسی، جەبرو زانستی پزیشکی

کاتێک پاڕاسیڵسۆس زوڕنای ڕەخنەی دەژەنی و شمشێری چاکسازی لەسویسرادا ڕادەوەشاند، لەئیتاڵیا توێژەرێکی بەهرەمەند دەرکەوت، هەرچەندە زوو لەبیرکرا. فەیلەسووفێکی فرە خۆشەویست لای جەماوەر و نوێگەرترین پزیشک بوو لەسەدەی شانزەیەمدا. جیرۆم کاردان (١٥٠١-١٥٧٦) لەشاری میلان لە دایک بووەو بە پێی بورجەکەشی، کە زۆر گرنگی پێدراوە، ئەستێرەیەکی بەدبەخت دەستی بەسەر ڕەسەنایەتی ئەودا گرتووە. ئەستێرەناسی تەنها یەکێک بووە لەو بابەتە زۆر خوازراوانەی کاریگەری لەسەر دژبەیەکی کەسایەتی جیرۆم هەبووە، کە ڕوانینەکانی دەربڕی کۆمەڵێک قسەی گاڵتەجاڕیانەی سەدەکانی ناوەڕاست و دانایی سەردەمی ڕێنیسانس بوون. هێنری مۆڕلی پزیشک و پڕۆفیسۆری بواری ئەدەبیاتی ئینگلیزی دەڵێت " ئەوەی زانراوە کاردان ژیانێکی سەیرو سەمەرەی بەسەربردووە. پڕبووە لە پەڕگیری و دژبەیەکی و ئەوپەڕی هەستی نائاسای و بێ مانای خراپ".

منالی و لاوێتیە ناخۆشەکەی، کۆششی بەو هەژاریەوە وەک پزیشکێکی گوندی، سەرەڕۆی کردن لە پێناو بژێوی ژیاندا، هەستانەوە یەکلایکەرەوەو سەرسوڕێنەرەکەی لەم ئاستەوە بۆ بوون بە پڕۆفیسۆری پزیشکی لە پادواو پاڤیادا، کارە گەورەکانی لەبواری بیرکاریدا، ناوبانگی وەک پزیشک، خەم و خەفەتی لەتەمەنی پیریدا، دوای ئەوەش لەسێدارەدانی کوڕەکەی وەک بکوژو دواجاریش مردنەکەی لەڕۆمادا وەک خانەنشینی پاپا، درێژەی هەموو ئەم باس

و خواسەی پیشەکەی مۆڕلی و واتەرز، لە ژیاننامەکەیدا یاداشتیان کردووە. هەروەها لە ژیاننامەکەی خۆشیدا بەناوی (کتێبی ژیانم) ،کە لەساڵی ١٥٧٥ دا نووسیویەتی، ئەم باس و خۆاسانە بەرچاودەکەون. دیارە ژیاننامەکەی خۆی جین ستۆتەر وەرگێڕانی بۆ کردووەو ئەوپەڕی شایانی ئەوەیە شان بەشانی ژیاننامەی بێنڤێنوتۆ کێلینی هاوچەرخی دابنرێت. نووسینێکی بێوێنەیە کە تیایدا بیروڕاو تێڕوانینەکانی خستۆتەڕوو.

## پزیشکی ڕاوێژکاری لە ئێدبرەدا

خۆشترین کات لە ژیانی پیشەگەرە کارەساتاویەکەی جیرۆم کاردانا، گەشتەکەی بووە بۆ سکۆتلەندا لەساڵی ١٥٥٢ دا بەمەبەستی بینینی ئارکیبۆڵد هامیلتۆنی برای خانەدانی ئاران و باوەڕپێکراوی وولاتی سکۆتلەندا لەسەردەمی ماری ستیوارتدا. ئەبرەشیە تەنها وەک سەرۆک قەشەکان نەبووە، بەڵکو وەک براو ئامۆژگاریشیان بووەو لەڕووی کرداریشەوە وەک فەرمانڕەوا بووە، کە بوونی ئەو وەک بوونی نیشتیمان وابووە.

زانستی پزیشکی لەو کاتەدا پاشەکشەی کرد بەوەی پزیشکی تایبەتی ئەبرەشیە کە ئیسپانیەکی بەناو کاسانات بووە، بەناچاری لە ئیتاڵیاوە پزیشکێکی ڕاوێژکاری بۆ سکۆتلەندا هێناوە. جیرۆم کاردان چەند مانگێک لەئێدنبرەو مۆنیمەیڵ ژیاو خەریکی چارەسەری حاڵەتێکی تەنگەنەفەسی بووە، کە بەشێوەیەکی سەرسوڕێنەرانە بەپێی زانستی سەردەم ئەنجامی زۆر سەرکەوتووانەی هەبووە. دوای ئەوە بیست ساڵ ژیا و دواجاریش ئەبرەشەی بەدبەخت لەبەر ناپاکی لەسێدارە درا. کاردان لە گەشتەکەیدا چاوی بە کۆمەلێک زانای دیار کەوت: لەپاریس جین فیرنێل، پزیشکی نموونەی و سیلڤیەسی توێکارزان، لەلەندەن شازادە ئێدواردی پێنجەم و لە زیوریخیش، سروشتناسی مەزن کۆنراد جێسنەر.

## پزیشکە بەهرەمەندەکە

جیرۆم نووسەرێکی کۆششکار بووەو جاکۆب سپۆنی پزیشک و شوێنەوارناسی فەڕەنسی سەد ساڵ دوای مردنی کۆبەرهەمەکانی، کە بە نزیکی دە بەندی گەورەی کاغەزی چاپکراو بووە، بڵاو کردۆتەوە. نزیکەی سێ یەکی نووسینەکانی لەبواری پزیشکیدا بووە.سەرباری ژیاننامەکەی خۆی،کە دواین نووسینی بووە، زانستنامەیەکی لەسەر جەبر بەناوی (کتێبی زانستە مەزنەکە)هەیە. تیایدا یاسای شیکارکردنی هاوکێشەی ژمارە سێ جاکانی خستۆتەڕوو. خۆی هەرچەندە ڕکابەرێکی بیرکاری زانی بەناوی تارتاتیلیا دۆزیبوویەوە، دەی یاساکە هەر بەناوی ئەمەوەیە. پێدەچێت کاردان زیاتر وەک بیرکاریزان ناوبانگی دەرکردبێت. کتێبێکی لەبوارێکی زۆر جیاوازدا نووسیوەو لەساڵی ١٦٥ دا بڵاوکراوەتەوە. تیایدا باسی ناسینەوەی کەسایەتی مرۆڤی کردووە لەڕێگەی خوێندنەوەی ڕوویەوە. ئەمەش لێکۆڵینەوەیەکی هاوشێوەی ناولەپ خوێندنەوە بووە و گومانیشی تیادا نیە، بابەتێکی ئەوپەڕی خۆش و سەیرو سەمەرەی توێژینەوە بووە. بەڕێز واڵتەر سکۆت لەبەشی سی و دووەمی ڕۆمانەکەیدا بەناوی (سەرۆک کلێسا) وەها ئاماژەی بۆ ئەم بابەتە کردووە "ڕووی بۆ نەخوێنراوە تا ڕوو خوێنێک خوێندنەوەی بۆ کرد". (بەووردی) دیارترین کتێبی کاردانە، جۆرێکە لە ئینسایکلۆپیدیای خێزانی تیایدا باسی بەبازاڕکردنی کووتاڵی لۆکە، دەرهێنانی کەشتی نقوم بوو، دەستنیشان کردنی جۆرەکانی قارچک، مێژووی شاخەکان، درەوشانەوەی ئەستێرەکان، ئیشارەت دان لەڕێگەی لایت و هەروەها بەستەرەی (شەفت) کاردانیشی، کردووە. دیارە ئەم کتێبە بەرهەمێکی فرە ناوازەی کاردان بووە، کە ئێستا لە ناوچووە.

(کتێبی ژیانم )، وەک یەکێک لە لەناوازەترین بەرهەمە ئەدەبیەکانی ئەو سەردەمە پرشنگدارە بەتایبەتی توێژینەوەکانی لەسەر دیاردەکانی سەروو سروشت شایەنی خوێندنەوەیە چونکە تیایدا گرنگیەکی زۆری بە خەو و مژدەدان و جاڕدانی هەواڵی ناخۆش داوە. نووسینەکانی جیرۆم کاردان سەرنجی زۆرێک لە توێژەرانی ڕاکێشاوە.

ڕۆبەرت بۆرتۆن بەشێوەی دووبارە لە کتێبەکەیدا بەناوی( Anatomy of Melancholy) ووتەکانی کاردانی لە کتێبەکەی (بە ووردی) وەرگرتووە. بەڕێز تۆماس براونیش ستایشی کاریگەریە عەقلانیە گەورەکەی کردووە. کاردان لە بواری پزیشکیدا دۆزینەوەی گەورەی نەبووە و پزیشکیکی ئەزموونگەر بووە. دەی وەکو جۆن هەنتەر، بە خستنەڕووی ڕاستیەکان و ڕوون کردنەوەی بیرۆکەکانەوە، ڕێگەی لێکۆڵینەوەی بۆ ئەوانەی دیکەی ئاسانتر کردو هەر شایستەی ئەوەیە کتومت وەک یەکێک لەپزیشکە مەزنەکانی سەردەمی ڕێنیسانس دابنرێت.

## مێژووی نەخۆشی فەڕەنگی (سیفلیس)

مێژووی ئەم نەخۆشیە لەڕێگەی سەرهەڵدانی ناوبەناوی تاعوون و درمەوە دیاریدەکرێت. ئەو دوو نەخۆشیە ماڵ وێرانکەر بوون، لەگەڵ ئەمەشدا بوونە هەوێنی توێژینەوە لە بواری پزیشکیدا. باسمان لە نەخۆشی تاعوون کرد. باسی نەخۆشی ئارەق کردنەوەش دەکەین. لەساڵی ١٤٩٥ دا کاتێک چارڵسی هەشتەمی پاشای فەڕەنسا گەمارۆی ناپۆلی دا، لەوێ نەخۆشیەکی تری ترسناک سەری هەڵدا، کە نیشانەکانی بریتی بوون لە گەرمە ژەنەیەکی دیاری پێست، دروستبوونی برین و لەناوچوونی گەورەی هەموو شانەکان . ئەم نەخۆشیە بووە هۆی مردنی زۆر کەس و ئەوانەشی لەسەرەتا تووش بوون چەند ساڵێک هەر نەخۆشیەک لەجەستەیاندا کاریگەری مابوو. دەووترێت لەڕێگەی دەریاوانەکانی کریستۆڤەر کۆلۆمبس بۆ داگیرکەرە ئیسپانیەکانی ناپۆلی گوازرابێتەوە، کە ئەمانیش لە هیندی ڕۆژئاوا لە کاریبی نەخۆشیەکەیان گرتبوو. لەبەرامبەریشدا لە ئیسپانیەکانەوە بۆ داگیرکەرە فەڕەنسیەکانی گوازراوەتەوە. فەڕەنسیەکانیش پێیان دەووت نەخۆشی ناپۆلیایی، ئیسپانیەکانیش پێیان دەووت نەخۆشی فەڕەنسی. خۆی فراکاستۆریەس یەکەم کەس بوو ناوی نەخۆشی (فەڕەنگی ) (syphilis) داتاشی، کە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان ماوە. دۆزینەوەی نەخۆشی فەرەنگی پێش ئەو سەردەمە بابەتێکی جێی باس و خۆاسە . گومانی تیادا نیە نووسەرە کۆنەکان ناوی ئەو نە خۆشیەیان نەهێناوە. گەر هەبووبێتیش، بەشێوەی کەم بووە. لە هەر حاڵەتێکدا لە گەمارۆدانی ناپۆلیدا یان بۆ چالاکردنەوەی یان هێنانەناوەی بووە. لەوێ دەمودەست وەک

نەخۆشیەکی تاڕادەیەک زۆر توندی لێهات، کە هەرگیز وێنەی نەبووە .

## باسی نەخۆشی فەرەنگی لە هۆنراوەدا

لەساڵی ١٥٢١ دا فڕاکاستۆریەس هۆنراوەیەکی بەناونیشانی (فەڕەنگی یان نەخۆشیە فەڕەنسیەکە) نووسی و لەساڵی ١٥٣٠ دا بڵاویکردەوە. هیەڕۆنیۆش فڕاکاستۆریەش (١٤٨٣-١٥٥٣) لە خێزانێکی خانەدانی ڤیرۆنا لە دایک بووەو هەر بە زۆریش لەو شارە ژیاوە. بەو سامانەی هەیبووە، توانیویەتی ژیانی خۆی بۆ خوێندن تەرخان بکات. بیرکاری و زەویناسی و گەردوونزانی خوێندووەو کاری بە زانستی پزیشکیش کردووە. سەرباری ئەم زانستە قورسانە، تا ڕادەیەکیش لە بوارەکانی مۆسیقاو هۆنرەوەشدا شارەزا بووە. کۆپەرنیکۆس لە پادوادا هاوڕێی بووە، بەڵام کاتێک کۆپەرنیکۆس لە بواری گەردووناسیدا قاڵ بوو، فڕاکاستۆریەس هەر گرنگی بە زانستی پزیشکیدا. هۆنراوەکەی لەسەر نەخۆشی فەرەنگی، یەکەمین و بەناوبانگترین هۆنراوەیە لەسەر ئەو نەخۆشیە نووسرابێت. لە کۆپلەیەکی ناوازەدا هاوشێوەی ڤێرجیلی شاعیری ڕۆمانی، باس لە شوانێکی لاوی ئەفسانەی بەناوی سیفیلۆسەوە کردووە، کە بەهۆی هەندێک گوناحەوە خەشم و تووڕەی خواوەندەکانی بەسەرا ڕژاوە و تووشی نەخۆشیەکی درمی پیس بووە. ئەمەش هۆنراوەکەیە:-

He first wore Buboes dreadful to the sight

First felt strange pains , and sleepless passed the light ,

From him the malady received its name .

The neighbouring shepherds catchd  the spreading Flame

هیچ گێڕانەوەیەک لەناو هۆنراوەکەدا نیە. سیفیلەس تەنها ئەو نەخۆشە بووە، کە شاعیروەسفی نەخۆشیەکەو چارەسەریەکەی لە ڕێگەی گوایلکەم یان درەختی پیرۆزەوە، خستۆتەڕوو. خۆی ئەم چارەسەرە لەبنەچەدا لە ئەمریکادا هەبووە، کە لەگەڵ نەخۆشیەکەدا بۆ ئەوروپا گوازراوەتەوە. لەساڵی ١٥١٩ دا

ئۆرلیچ ڤۆن هەتینی لێکۆڵەرو شاعیرو پاشبیژ(هەجووکەر) ی ئەڵمانی، کە خۆی تووشبوویەکی نەخۆشیەکە بوو، پەسنی گرنگی ئەم چارەسەرەی لە زانستنامەیەکدا کرد. دوای بیست ساڵ بەم ناونیشانە (درەختی گوایکەم بۆ چارەسەری فەرەنگی و دەردەشا) وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی ئینگلیزی.

## یەکەم درمناس

فڕاکاستۆریەس هەر تەنها باسی نەخۆشی فەرەنگی نەکردووەو ناوی لێبنابێت. هەر زۆر حەزی بە کارکردن لەبواری نەخۆشیە درمەکانیش هەبوو. یەکەم کەسیش بووە نەخۆشی ڕەشە گرانەتای ناسیوەتەوە. لەساڵی ١٥٤٦ دا کتێبە ناوازەکەی بەناوی (لەبارەی نەخۆشی درمیەوە) بڵاوکردەوە، کە تیایدا باسی لە سێ ڕێگەی هەوکردنی نەخۆشی درمی کرد. هەوکردن لە ڕێگەی ڕاستەوخۆوە، هەوکردن لە ڕێگەی ( fomites)، کە ووشەیەکە یەکەم کەس بووە بۆ جل و ئامێری هەوکەرەوە بەکاری هێناوە، هەروەها هەوکردن لە شوێنی دوورەوە، وەک ئەوەی لە ئاوڵەو تاعوندا هەیە. باسەکەی زۆر سەردەمیانە بووە. لەسەردەمی ئەودا بەکتریا نەدۆزرایەوە، بەڵام فڕاکاستۆریەس گریمانەی بوونی تەنۆچکەی هەست پێکراو یان توخمی نەخۆشی کردووە، کە بە خێرای چەند هێندە دەبێت و چەشنەکەی پەرە پێدەدات. سەدان ساڵ تێپەڕی بەبێئەوەی هیچ سوودێکی کردارەکی لە وەها ڕوانینێکی دووربینانە وەربگیرێت. سەرباری ئەمەش ناچارین فراکاستۆریەس بە بناغەدانەری زانستی درمناسی دابنێین. لەپاڕاسیڵسیۆس و کاردان سەریرسەمەرەتر و خۆش خولقتر بووەو کاری زۆر گەورەی لە بواری پزیشکیدا کردووە. مردنەکەی زۆر خەم هێنەرانە بووەو دوای چەند ساڵێکی کەم لەیادی ئەودا پەیکەرێکی لەناو یەکێک لە مۆنومێنتەکان بۆ دروست کرا، کە هێشتا یەکێک لە دیمەنە دیارەکانی شاری ڤیرۆنا دەڕازێنێتەوە.

## پزیشکە کۆنەکانی بەریتانیا

زانستی درمناسی لە ئیتاڵیا پەیدا بوو و وورده وورده شوێنی خۆی گرت. چەند ساڵێک دواتر لە بەریتانیا برەوی پێدرا. گومان لەوە دەکرێت ئەو پزیشکانەی

ئێستا باسیان دەکەین، کتومت هی سەردەمی ڕێنیسانس بوو بن. گومانی تیادا نیە ڕۆحیان بە بەرهەمە پزیشکی کلاسیکیان کردەوە، بەڵام وەک دواکەوتەی جالینۆس مانەوە. لەسەردەمی ئێلیزابێثا کەسانی وەک فرانسیس بیکۆن، دیکارت و گالیلۆ لە ڕێگەی وورووژاندنی میتۆدی عەقڵانیەوە، وایان کرد زانست ببێتە چەند پسپۆڕیەکی بەسوود. هەر ئەبوایە بلیمەتێکی وەک ویلیام هارڤی بهاتایەتە مەیدانەکەوە تا زانستی پێش سەردەمی خۆی یەک بخات و هەنگاو بە هەنگاو دۆزینەوە نایابەکەی سوڕی خوێن نوێ بکاتەوە. پێشووتر باسمان لەو کەسانە کرد، کە ئاستی زانستی نەشتەرگەریان لە بەریتانیاو سکۆتلەندادا بۆ پێگەیەکی شیاوی دانپیانراوی شاهانە بەرز کردەوە. جا کاتی ئەوە هاتووە ئێستا باسی ئەو ناودارانە بکەین، کە بەهەمان شێوە لە بواری پزیشکیدا خزمەتیان کردووە.

## زانکۆی شاهانەی پزیشکی

تۆماس لیناکری (١٤٦٠-١٥٢٤) لە کانتەر بەری لەدایک بووە و لە زاکۆی ئۆکسفۆردا خوێندنی تەواوکردووە. دواتر گەشتی ئیتاڵیای کردووە. لە بۆلۆنیا بە "لاتینیە نایابەکە " ناسراو بوو، لە فلۆرانسیش دڵخۆش بووە لۆرێنتۆ دێ مێدیسی بینیووە، کە بواری پێدا لەگەڵ کوڕەکەی خۆیدا مامۆستای بۆ بگرێت. لەڕۆماشدا زانستی پزیشکی خوێند. دەووترێت یەکەم ئینگلیز بووە بەیۆنانی ڕەسەن لە ئەرستۆو جالینۆس تێگەشبێت. دووبارە گەڕاوەتەوەو لە زانکۆی ئۆکسفۆرد وانەی یۆنانی ووتوەتەوە و سەرپەرشتی پەروەردەو تەندروستی شازادە ئارثەری کوڕی هێنری حەوتەمی کردووە. سێ سەردەمی فەرمانڕەوای یەک لە دوای یەک بەردەوام وەک پزیشکی دادوەریش کاری کردووە. گەورەترین کاری لیناکری، بەدەر لە وەرگێڕانی نووسینە کلاسیکیە یۆنانیەکان، خۆی لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی بەدەسەڵاتا دەبینیەوە بۆ ڕێکخستنی کاری پزیشکی. ژیرانە پەی بەوەبرد کە زانستی پزیشکی ڕەبەنە نەخوێنەوارەکان دەستیان تێوەردا، زۆرجار لە ڕێگەی بەخشینی ئەبڕەشیەکانیان و قۆڵبڕەکان و ئەزموونگەرەکانیانەوە.

جا لەبەر ئەوە لەساڵی ١٥١٨ دا پاشا هێنری هەشتەم بە نامەیەک ڕەزامەندی

بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی پزیشکانی دەربڕی، کە دواتر لەساڵی ١٥٥١ دا بوو بە زانکۆی شاهانەی پزیشکانی لەندەن. ئەم ڕێکخراوە دەسەڵاتی ئەوەی هەبوو بڕیار بدات کێ لەناو شارو حەوت میل لە دەوروبەری شار کاری پزیشکی بکات، تاقیکردنەوە بە ڕاهێنەران بکات و مۆڵەتیان پێ بدات. لە سەرانسەری شانشینی یەکگرتوودا دەرچووانی ئۆکسفۆردو کامبرج لەمە بەخشرابوون .

هەروەها زانکۆکە دەسەڵاتی پشکنینی هەبوو، سەرپێچی بنووسێت و تەنانەت زیندانی ئەوانەش بکات، کە یاساکانیان پێشێل دەکرد. یەکەمین سەرۆکی زانکۆ نوێیەکە دکتۆر تۆماس لیناکری ڕۆشنبیر بووە. نەک تەنها توێژەری نموونەیی بەرهەمە کلاسیکەکان بووە لە ڕۆژگاری خۆیدا وەک لە بڕاونینی زمانزان دەیگێڕنەوە، بەڵکو توانستی لە کارکرندا جێی ستایش بووەو ئیرازمۆسیش نەخۆشی ئەو بووە. لیناکری بەرامبەر ساختەچیەکان ڕق ئەستوور بووە و زۆر بەئەمەک بووە بەرامبەر هاوڕێکانی و لای هەموو چین و توێژەکان زۆر خۆشەویست بووە. بەهۆی بوونی بەردەوە لە میزەڵدانیدا مردووەو لە کەنیسەی سانت پاوڵ بەخاک سپێراوە. نیگارە بەناوبانگەکەی، کە هانس هۆڵبەینی نیگار کێشی ئەڵمانی نەخشاندوویەتی، ئێستا لە کۆلێژی وەفادارانی کۆچکردوو لەزانکۆی ئۆکسفۆرد کە خۆی تیایدا ئەندام بووە، ماوە.

جۆن کایۆسی(١٥١٠-١٥٧٣) پزیشک و توێژەرێکی دیاری زانکۆی کامبرجی دەستە خوشکی زانکۆی ئۆکسفۆرد بوو لەو سەردەمەدا، کە بە بنەچە خەڵکی شاری نۆرویچ بووە. هەر لە تەمەنێکی کەمدا لە کۆلیجی گۆنڤیل لە زانکۆی کامبرج وەرگیراوەو پاشان لە پادوادا زانستی پزیشکی خوێند. لەوێ لەو خانووەی ڤیسالیۆسی تیا ژیا، نیشتەجێ بوو. ماوەیەک لە شارەکانی نۆرویچ و شرووبێری هێندە سەرکەوتووانە کاری پزیشکی کرد، کە داوای لێکرا ببێتە پزیشکی هێنری هەشتەم. دەی دواتر بوو بە پزیشکی پاشا ئێدواردی پێنجەم، ماری تودۆر و شاژنە ئێلیزابێثیش. کایۆس زۆر ڕێزی لە لیناکری دەگرت و دوای ئەو بۆ ماوەی نۆ ساڵ سەرۆکی زانکۆی پزیشکان بوو. لەسەردەمی شاژنە ماریدا، لەساڵی ١٥٥٧ دا مۆڵەتی دامەزراندنی کۆلێژی گۆنڤیلی پێدرا و بە زۆری بەچاکەو

گەورەی خۆی کۆلێژەکە دامەزرا. لە دەروازەی کۆلێژەکەدا لەسەر فەرمانی ئەو ئەم سێ ووشەیە " خاکێتی ، چاکەکاری و مەردایەتی" نووسراوە. دواتر بوو بە ڕاگری کۆلێژەکە و بەناوی ئەوەوە ناونرا و لەو کەنیسەشی بەناوی خۆیەوە بوو، بەخاک سپێرا. لەسەر گڵکۆکەی ئەم ڕستە شیوەن ئامێزە نووسراوە "ماڵ ئاوا کایۆس". چەند ساڵێکی کەم پێش مردنی خەریک بوو تووشی جۆرێک لە ئابڕوچوون بێت کاتێک دەرکەوت جبەی قەشەیەتی لەکاتی ڕێوڕەسمی کاثۆلیکیدا لەبەرکردووەو دواتریش بەبەروچاوی خەڵکەوە جبەکە سووتێنرا.

## ۆکسفۆرد و کامبرج

کایۆس نووسەرێکی کۆششکار بووەو لە نێو بەرهەمەکانیدا، وەشانە (نوسخە) لاتینیەکانی جالینۆس، زانستنامەکانی لەسەر خوێندنەوەی یۆنانی و لاتینی و ڕووەکە دەگمەنەکانی بەریتانیا، دەبینرێن.( De Ephemera Britannica ) یەکێکە لە کتێبەکانی دەربارەی ئاسەوارە مێژووییەکانی زانکۆی کامبرج. لەسەر داوای کۆنراد جێسنەری پزیشک و سروشتناس و زمانەوانی سویسری، کە بەهۆی نەخۆشی تاعونەوە لەساڵی ١٥٦٥دا مردووە، کتێبێکی بەناونیشانی (De Canibus Britannicis ) نووسی. ئەمەش کتێبێکی نایاب بووە لەبارەی مێژووی بەخێوکردنی سەگی ماڵی لەبەریتانیادا.

ئەو ململانێیەکی دوورو درێژی لەگەڵ زانکۆی ئۆکسفۆردی ڕکابەری زانکۆی کامبرج هەبوو سەبارەت بەوەی کام لەم دوو زانکۆ کۆنتر بێت. کاتێک شاژنە ئێلیزابێث لەساڵی ١٥٦٤ دا سەردانی زانکۆی کامبرجی کرد، ووتاربێژی گشتی وەک بڵێی تازە بە خەبەر دێت ووتی "زانکۆی کامبریج کۆنترە". دیارە ئەمەش کاریگەری دەروونی لای کایۆس دروستکرد و هاتە گۆو وەهای گووت " کاکە زانکۆی کامبریج ساڵی ٨٧٠ زاینی ئەلفرێدی مەزن دایمەزراندووە". کامبرج چۆن ئێمەی بە پاڵەوانی داناوە ، کە هەوڵماندواە بیسەلمێنین ئەو زانکۆیە لە ساڵی ٣٩٤پ.ز دا لە ڕۆژگاری کانتابێری پاشای ئیسپانیادا پێگەی فێربوون بووە، جا لەبەر ئەوە مێژووەکەی هەزار ساڵێک لە پێش ئۆکسفۆردەوەیە ". ئەم بێنەو

بەردە کۆنەی نێوان ئەم دوو زانکۆیە ئێستا هەر باوی نەماوە.

## نەخۆشی ئارەقە

خۆی کاری سەرەکی کایۆس لە بواری پزیشکیدا باسکردنی کلاسیکیانەی نەخۆشی ئارەقەی ئینگلیزی بووە. ئەم نەخۆشیە بە شێوەی زنجیرە درمێکی توونـد لەساڵی ١٥٥١ دا سەری هەڵدا و ئینگلتەرای وێران کرد. لەو کاتەدا کایۆس لە شروس بێریدا کاری پزیشکی دەکرد. شانازی ئەوەی پێدەبڕێت لەساڵی ١٥٥٢ دا کتێبی (ئامۆژگاری لەبارەی ئەو نەخۆشیە باوەی ناوی ئارەقەیە) نووسی چونکە پزیشکانی تر نەیاندەزانی نووسەرە یۆنانیەکان باسی ئەم نەخۆشیەیان کردووە و هەر تەواو بێهیوا بوون. لەگەڵ ئەوەی کایۆس هەوڵی دا ئەوە روون بکاتەوە نەخۆشیەکە قسەی پڕووپوچی گاڵتەجاڕیانەیە، کتێبێکی بەناوبانگی دیاری نووسی، کە تیایدا کتومت بەشێوەی سەردەمیانەیە باسی نەخۆشیەکەی کرد. ڕەخنەی لە شێوازی ژیانی ناتەندروست و بێتامی سەردەمی خۆی گرت و ئامۆژگاری ژیرانەشی خستۆتە ڕوو. بانگەشەی بۆ هیچ چارەسەرێکی خۆی نەکرد، بەڵام باسی رەگی چینی ، گرایکام و تەنانەت دژە ژەهریشی کرد. کایۆس زانی لەشارۆچکەی شرسشبێری، بۆ پێنجەم و دواین جار نەخۆشیەکە تەشەنەی کردووە. لەسەرەتاوە نەخۆشیەکە لە نێوان سەربازەکانی هێنری حەوتەم و ئاغایانی ڕیچمۆند بڵاوبوویەوە، کە لە فەڕەنسا لە شوێنی حەوانەوەی میلفۆڕد دادەنیشت. لە ٢٢ ی مانگی ئابی ساڵی ١٤٨٥ دا لە جەنگی بۆسۆرشدا ئاغایانی ڕیچمۆند سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست هێنابوو. لەوابوو بچنە تەختی پاشایەتی بەریتانیا و تا بنەماڵەی سەرکەوتووی تیۆدۆر بناسرێت. نەخۆشیەکە زۆر بە خێرای تەشەنەی سەند و لە ناوەڕاستی مانگی ئەیلولدا لە لەندەن گەشتە تینی خۆی و بەو هۆیەشەوە ڕێوڕەسمی تاج لەسەرکردنی پاشایانە بە ناچاری دواخرا.

دەووترێت لە سەد کەس نەوەدو نۆی لەناوبردووە و ڕێژەی مردن کارەساتاوی بووە. دوو شارەوان و شەش ئەندام شارەوانی لەماوەی هەفتەیەکدا مردن چونکە نەخۆشیەکە کەسی نە دەبوارد. خۆی ئەم نەخۆشیە بەرپرسانی لەناودەبرد و

زیاتر تووشی خانەدانەکان دەبوو وەک لە هەژاران. ئیش و کار بەتەواوی ڕاوەستا، زانکۆی ئۆکسفۆردیش داخرا، بە هەزاران کەسیش کە زۆربەیان لە شەقامەکان دەووڕانەوە، گیانیان لەدەستدا. لە یەک هەفتەدا تینی نەخۆشیەکە نەما. چۆن بە خێرای تەشەنەی سەند، هەر ئاواش نەما. کەچی بەریتانیای ڕامالی، بەلام نە لە سکۆتلەندا و نە لە ئیرلەندا و نە لە ئەوروپادا بلاونەبوویەوە.

نیشانەکانی نەخۆشیەکە بە لەرزو تای لەناکاو، سەرئێشە و خەوالوویتیەکی توندو زگ ئێشەو ئارەق کردنەوەیەکی زۆر دەستی پێدەکرد. تەنها بیست و چوار کاتژمێری دەخایاند، بەلام بە ماوەیەکی کەم زۆرکەس مردن و هەندێکیش لەکاتژمێرەکانی سەرەتای بلاوبوونەوەی نەخۆشیەکە گیانیان لەدەستدا. بۆنی ناخۆش و هەندێک جاریش حەساسیەتی توورەکەیی لە نیشانەکانی نەخۆشیەکە بوون. چارڵس کرەیتۆنی بەرەگەز ئینگلیز و پزیشک و نووسەری بواری پزیشکی لە کتێبەکەیدا بەناوی (مێژووی درمەکان لە بەریتانیادا ) وتوویەتی :- ئارەق کردنەوەی زۆر، سووربوونەوەی ڕوو لەگەڵ جەستەدا، تینیۆتی بەردەوام، تای زۆر و بوونی سەرئێشەی توند بەهۆکاری دوکەڵ و ژەهر لە نیشانەکانی نەخۆشیەکە بوون. دیارە ئەمەش وەسفێکی سەردەمیانەی نەخۆشیەکە بووە.

بەڕوانینی زۆرێک لە مێژوونووسان زۆر خواردنی گۆشت، خواردنەوەی سرکەی سێو، کەمی سەوزەی پاکژکراو، زۆری جل و بەرگ بەتایبەتی ئەو کلاوە ئەستوورانەی پیاوان لەسەریان دەکرد، پێدەچێت دیارترینیان خووی پیسی کەسێنی و کەمی سابوون، لە هۆکارەکانی بلاو بوونەوەی نەخۆشیەکە بوو بن. سەبارەت بە چارەسەکردنی هەر زوو دەرکەوت تاکە هیوای نەخۆش، دەمو دەست بردنی بووە بۆ سەر جێگا تا ئارەق کردنەوەکەی نەمێنێت و بە هیچ کلۆجێک تا تەواوبوونی ٢٤ کاتژمێرەکە ڕێگەی پێنەدەرێت بخەوێت. هیچ دەرمانێکی بەرگری نەبوو. زۆر کەسیش لە ڕێگەی دوو تا سێ کەسەوە یان زیاتر کە هەڵگری نەخۆشیەکە بوون، تووش دەبوون. ئەم نەخۆشیە جارێکی تر لە هاوینی سالانی ١٥٠٨ ، ١٥١٧ ، ١٥٢٨ ، ١٥٥١ دا سەریهەڵدایەوە. ئەوەی ساڵی ١٥٠٨ توند نەبوو. حاڵەتە کوشندەکانیش زۆر نەبوون. کەچی دووبارە لەساڵی

١٥١٧ دا بە توونـدی بڵاوبوویـەوە، کـە زۆر کەسـی لەسەرانسـەری بەریتانیـا کـردە قوربانـی. ئـەم نەخۆشـیە لـە مانگـی حوزەیرانـی ١٥١٧دا بڵاوبوویـەوە و تـا کۆتـای سـاڵ هـەر مایـەوە. سـەرباری ئەمـەش هـەر لـەو کاتـەدا نەخۆشـی تریـش بڵاوبـوو بوویـەوە، تاعـوون، سـوریژە و دەردەکۆپـان، کـە بوونـە هـۆی مردنـی زۆر کـەس، بەوانەشـەوە لـە نەخۆشـی ئارەقـە لەنـاوی نەبـردن. توندترینیـان ئـەوەی مانگـی ئایـاری سـاڵی ١٥٢٨ بـوو، کـە نـەک تەنهـا بەخێـرای بڵاودەبوویـەوە و خەڵکێکـی زۆری کـردە قوربانـی، بەڵکـو بەپێچەوانـەی نەریتـی ئاسـای خۆیـەوە لەباکـووری ئەوروپـا لـە سـاڵی ١٥٢٩ دا توندتـر تەشـەنەی سـەند. لـە ڕێگـەی هامبۆرگـەوە بەنـاو ئەڵمانیـاو بـۆ هۆڵەنـداو هەروەهـا لـە وڵاتـە ئەسـکاندەناڤیەکانیش بڵاوبوویـەوە.

جارێکـی تـر هـەر بـەو شـێوە خێرایـە بڵاوبوویـەوە، وەهـاش بـەرەو نەمـان چـوو. دوایـن جـار لـە سروشـێسـیدا لـە مانگـی نیسـانی سـاڵی ١٥٥١دا بـە شـێوەیەکی تونـد بڵاببوویـەوە. لەچەنـد ڕۆژێکـی کەمـدا لـەو شـارۆچکەیەدا نۆسـەد کـەس مـردن. کـەس بیـری لای ئیشـی خـۆی نەمـا و ژنـان لـە شـەقامەکاندا ئاهونزایـان دەکـرد و شـەوڕۆژ لەسـەر قەبـران تەقـەی بێـڵ دەهـات! بێئـەوەی کـەس بزانێـت نەخۆشـیەکە لەسـەر مێـز، لـە گەشـتکردندا لەهەمـوو کاتەکانـی ڕۆژدا بڵاودەبوویـەوە و هیـچ تینـی خـۆی لەدەسـت نـەدەدا، بەجۆرێـک لەمـاوەی یـەک بـۆ دوو کاتژمێرێکـدا چەندیـن کـەس دەمـردن. ئەمـەش ئـەو نەخۆشـیە بـوو کـە کایـۆس لـە نامیلکـە بەناوبانگەکەیـدا بەنـاوی ( دوایـن بڵاوبوونـەوەی نەخۆشـیەکی سـەیر) باسـی کـرد.

سروشـتی ئـەم نەخۆشـیەش زۆر بـاس و خواسـی لەسـەر کـراوە، بـەڵام هەرگیـز بەشـێوەی بڕواپێکەرانـە ڕوون نەکراوەتـەوە. ئـەم نەخۆشـیە نـە ئەنفلۆنـزا بـوو نـە جۆرێکـی دیاریکـراوی گرانەتـا بـوو. گـەر لەڕۆژگارانـەی ئەمڕۆمـان بووایـە ، پێدەچێـت بـە یەکێـک لـە درمـە ڤایرۆسـیەکان دابنرایـە. ماوەیەکـی زۆر داوی نەمانـی نەخۆشـیەکە لەبەریتانیـادا، لـە باکـووری فەڕەنسـا پەتایـەک بـە نـاوی "ئارەقـەی پیـکاردی " بڵاوبوویـەوە. سـەرەتا لەسـاڵی ١٧١٨ دا سـەریهەڵدا و بـۆ مـاوەی سـەدەیەک سـاڵانە بەردەوام بڵاودەبوویـەوە! نیشـانەکانی وەک نیشـانەکانی نەخۆشـی ئارەقـەی ئینگلیزی بـوون، بـەڵام ماوەکـەی زۆرتـر بـوو. کەسـی نەخـۆش دوو ڕۆژ حەساسـیەتی

دەبوو. دوای ئەوە نزیکەی هەفتەیەک پێست هەڵدانی بەدوادا دەهات. لەهەندێک ڕووەوە لە تای قورمزی توند دەچوو، بەڵام هیچ نیشانەیەکی هەوکردنی قورگی لەگەڵدا نەبوو. ئێستا بە گشتی دان بەوەدا دەنرێت هەردوو نەخۆشیەکە " تای سەربازی " بوون هاوتا لەگەڵ تای ڕۆماتیزمدا.

## کتێبە کۆنەکانی زانستی پزیشکی لەبەریتانیادا

دەکرێت لێکۆڵینەوە کورتەکەمان لەسەر زانستی پزیشکی سەردەمی ڕێنیسانس بە جوانی بەباس کردنێکی کورتی چەند کتێبێکی کەمی سەردەمیانە کۆتای پێبێت، کە لە نێو یەکەمین کتێبە پزیشکیە چاپ کراوەکانی بەریتانیان. هیچ کام لەو کتێبانە مۆرکی ڕەسەنایەتیان پێوە دیار نیە، بەڵام هەموویان لە ئێستادا وەک نموونە لە بواری پزیشکی کرداریدا جێی بایەخن و بە ڕوونیش وێنەی پێشکەوتن و کاریگەری زانستی پزیشکیمان لەسەردەمی ویلیام هارڤیدا پیشان دەدەن. فیڵدن گاریسۆن لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بەناوی (مێژووی زانستی پزیشکی) ئاماژە بەوە دەکات یەکەمین نووسینی پزیشکی لە بەریتانیادا چاپ کرابێت نووسینێکی کورت بووە لەبارەی نەخۆشی تاعوونەوە بە ناونیشانی ( ئەو ڕشانەوە و ئازارە کاتیە پێویست و هیوابەخشەی کە دژە تاعوونە). ئەمەش وەرگێڕانی کتێبێکی ئەبرەشە کانوتوشی ڤاستێرناس بوو، کە لە جۆهان جاکۆبی مۆنبیلیەی وەرگرتبوو. ئەو ڕوونووسە(کۆپی) لە کتێبخانەی جۆن ڕیلاندا لە شاری مانچستەردایە لەساڵی ١٩١٠ دا دووبارە ڕوونووسێکی تری لێوەرگیرا، کە دە لاپەڕە بووە. دیارە ئەم ڕوونووسە لاپەڕەی ناونیشانی نیە و بەم بڕگەیە دەست پێدەکات :-

(لێرەدا ڕشانەوەیەکی کەم دەستپێدەکات، کە سوودی خۆی هەیە و بۆ چارەسەری دەردە ئارەقە باشە ....... هتد). واباوەڕدەکرێت ویلیام دێ ماچلینیا لەدەزگای چاپەکەی خۆیدا لە هۆڵبڕۆندا لەساڵی ١٤٨٥دا چاپی کردبێت. تەنها دوو ڕوونووسی تری دۆزراوەتەوە. یەکێکیان لە مۆزەخانەی بەریتانیایەو ئەوەکەی تریان لە کتێبخانەکەی زانکۆی کامبرجدایە. خۆی کتێبەکە لەدەوروبەری نێوان

سالآنی ١٤٦١ بۆ ١٤٦٣ نووسراوه، هەر دوای ئەوەی نەخۆشی تاعوون سویدی تووشی کارەسات کرد. نووسەرەکەشی نۆستۆنی ئەبرەشەی ئەرۆسیاس بووه، کە ناوه لاتینەکەی کتێبەکە (Vasteras) بووه. دیاره ئێستا بە هیچ شێوەیەک هیچ ئەبرەشەیەکی ئارثۆس ناوێکی نەبووه لەناوی نوتسۆن بچێت. چاپێکی لاتینی ئەم کتێبە بچووکە ماوه و مێژووەکەی بۆ سالی ١٤٩٤ دەگەرێتەوه. ئێستا لە زانکۆی شاهانەی پزیشکانی لەندەن پارێزراوه و چاپی تری ئینگلیزیەکەشی لەسالآنی ١٥١٠ و ١٥٣٦ بلاوکراوەتەوه . بە بروای هەندێک لە شارەزایان کتێبی (کورتەیەک لەبارەی تەندروستیەوه) یەکەمین کتێبی پزیشکیە بەزمانی ئینگلیزی چاپ کرابێت. ئەم کتێبە ئاندرۆ بۆرد چاپی کردووەو لەسالی ١٥٤٧دا بلاوکراوەتەوه.

ئەندروو بۆرد (١٤٩٠-١٥٤٩) کەسایەتیەکی سەیری هەبووه و وەک پزیشک، گەشتیار و هەندێک جار زیاتر وەک رەبەن کارثۆسیانی بووه و لە زانکۆی ئۆکسفۆرد خوێندوویەتی. وەک بۆمان باس دەکات لە سەرانسەری جیهانی مەسیحیەتدا وەک غەواره ژیاوه. زانستی پزیشکی لە مۆنبیلیە خوێندووەو کە بە " شکۆدارترین زانکۆی جیهانی بۆ پزیشک و نەشتەرگەران لەقەلەمدراوه". گەشتی گەلێک شوێنی تری لە ئەوروپاو بەریتانیادا کردووه. دەووترێت لەکاتی گەشتەکانیدا لە بازارو لەکاتی کرین و فرۆشتندا حەزی لە گالتەو گەپ کردووەو ویستویەتی خۆش مەشرەبانە هەلس و کەوت بکات. هەندێک بە کەسێکی قۆشمەچیان داناوه. بەهەرحال هەلەیەکی گەورەیە ئاندرۆ بۆرد بە کەسێکی قۆشمەچی دابنرێت. وەک یەکێک لە پزیشکانی هێنری هەشتەم، پێگەیەکی گەورەی لە بواری پزیشکی دادوەریدا هەبووه. نووسینەکانی سەرنجراکێش و ژیرانە بووه و دیاریشە کەسێکی بووه لە زانستدا رۆچووه. (پێشەکیەک بۆ زانست) (رجێم کردن لەپێناوی لەش ساغی) (کورتەیەک لەبارەی تەندروستیەوه)، ئەمانە ناوی هەندێک لە کتێبەکانی بووه. ئەوەی یەکەمیان خۆشترین زانستنامەیە، تیایدا باسی هەریەک لەو وولاتانە دەکات سەردانی کردوون. هەروەها باسی سروشت و شێوازی ئاخاوتنی میللەتانیشی کردووه. یەکێک لە بابەتەکانی چۆنیەتی فێرکردنی مرۆڤە تا بە هەموو شێوازەکانی ئاخاوتن بدوێت. بەشێوەیەکی زۆر سەردەمیانە لیستی

گرێیەکانی گەلێک لە زمانەکانی لە نێویشیانا کرۆنیستی، وێڵشی، کاستیکینی، هۆڵەندی عیبری و جیبسی ڕۆمانی زیاد کردووە. ساڵێکیش لە سکۆتلەندا ژیاوەو لەشاری گلاسکۆدا کاری پزیشکی کردووە، بەڵام دیارە حەزی بە سکۆتلەندیەکان نە کردووەو متمانەی پێیان نەبووە .وتوویەتی " هەموویان خەریکی ماستاوکردن و درۆو دەلەسەن". لە کتێبی (ڕێجیم کردن) دا نەک هەر بەتەنها باسی خواردن و خواردنەوەی کردووە، باسی تەندروستی، نەخۆشی، بگرە شێوازی ماڵداری، بەکارهێنانی داهات بەباشترین شێوە، هەروەها لایەنەکانی تەندرروستی کەسێنی، لەبەرکردنی پۆشاک، ڕاهێنان کردن و خەویشی کردووە. ئامۆژگاری خوێنەرانی کردووە پەنجەرەی ژوورەکانیان دابخەن، لەسەر لای ڕاست بخەون، سەریان لەسەر بەرزی بێت و شەوانە کڵاوی قورمزی لەسەر بکەن.

## کتێبی ( کورتەیەك لەبارەی تەندروستیەوە)

لە ڕوانگەی پزیشکیەوە ئەم کتێبە باشترین کتێبی ئاندروو بۆردیە. لەم فەرهەنگە ڕەسەنە بچووکە پزیشیکیەیدا، نووسەر بە کورتی و بە شێوەیەکی ژیرانە مەبەستی سەرەکی خۆی خستۆتەڕوو. جا لەبەر ئەوە وتوویەتی "گەر هەموو ئەوەی لە هەگبەمایە بم نووسایە، مناڵ و پاڵیش لای من ئەبوون بە دکتۆر! هەر لەبەر خۆشەویستی کارەکەم ئەم کتێبەم دانا". بۆردی هەرگیز لەپێناوی بەرژەوەندی کەسێنی کاری نەکردووە .

وتوویەتی " لە ژیانما نە لای چاپ گەر، نەلای هیچ کەسێک هیچم نەبووە، خوا باشم بۆ بکات". هەندێک لە بیرۆکەکانی ناوەڕۆکی ئەم نووسینە جوانە پێدەچێت لەمانەی خوارەوە وەرگیرابێت. درێژەی دەداتێ و لەسەر سپڵ دەڵێت " خۆی ووشەی سپڵ یۆنانی یە. لاتینیەکەی( Liena) یەو بە ئینگلیزی پێی دەڵێن ( spleen ). ئەندامێکی ئیسفەنجیە لەژێر پەراسووی بەشی چەپدا یە، کە مرۆڤ دڵخۆش دەکات و دەیخاتە پێکەنین و دژە خەمۆکیشە ". ئەم کتێبە چەند بەشێکی تایبەت بووە بە سەرخۆشی، گریان، مۆسیقا، ژن، درم و گەلێک بابەتی تر. نووسینەکانی بۆردی هیشتا شایانی خوێندنەوەن. لەساڵی ١٨٧٠دا

فریدریـک فارنڤاڵـی زمانەوانـی ئینگلیـز، بەشـێوەیەکی نایـاب ئـەم نووسـینانەی بـۆ خانـەی بڵاوکردنـەوەی (Early English Text Society) ئامادەکـردووە.

## پزیشکی منالأن لە بەریتانیادا

هـەر لەسـەردەمی بـۆردا، پزیشـکێکی تـر بەنـاوی تۆمـاس فایـەر(١٥١٠-١٥٦٠) هەڵکەوت. هـەر ئـەوە لەبارەیەوە دەزانین لـە لەندەن پارێزەر بووە و پێش ئـەوەی دەست بە کاری پزیشـکی بکات، کتێبێکی بەناوی (کتێبی منـاڵان) نووسـیوە و لـە سـاڵی ١٥٤٥ دا بڵاوکراوەتـەوە. ئەمـەش یەکەمیـن کتێبی ئینگلیـزی بـووە لەبـارەی پزیشـکی مناڵانـەوە نووسـراوە. جۆن ئایکینـی پزیشـک و نووسـەری ئینگلیـزی لـە ژیاننامـەی پزیشکاندا بـاس لـەوە دەکات " کتێبەکە لـە زمانی فەڕەنسیەوە وەرگێڕانی بۆ کـراوەو ڕەسـەنیەتی پێوە دیـار نیـە، بـەڵام کۆکراوەیەکی باشـە لەسـەر هەمـوو ئـەوەی لەبـارەی بابەتەکـەوە زانـراوە". ئەمـەش بەشـێکە لـە ئامۆژگاریەکانـی ئـەم پزیشـکە :-

١- سـەری کەروێشـکی کێوی، تێکەڵی چەوری کەڵەشـێرو هەنگوینی بکەو بیدە لە پووکەکانی دانت پاک دەبنەوە.

٢-بینینـی خـەوی ناخـۆش وبوونـی تـرس بەهـۆی بـەرز بوونـەوەی دووکـەڵ و بۆگەنـی جگەرەیـە بـۆ نـاو مێشـک. چارەسـەرەکەشـی پیدانـی هەنگویـن و هـاڕاوەی تـۆوی گوولـە دارچاخەیـە[53].

٣- نابێت زۆر مناڵ ڕاوەشێنین چونکە ئەمە ئەبێتە هۆی ڕشانەوەی".

## کتێبی (لەدایك بوونی مرۆڤ)

یەکەمیـن کتێبـی چاپکـراوی ئینگلیـزی لەسـەر مامانـی وەرگێڕانێکـی کتێبێکـی بۆچاودیـۆس ڕۆسـیلینە بەنـاوی ( ژنـە سک پڕ و مامانەکانی ناوچـەی ڕۆزگارتـن). ئـەم کتێبـە زۆر بەناوبانـگ بـووەو بـۆ چەنـد زمانێکیـش وەرگێـڕدراوە. ڕۆسـیلیش

٥٣ ڕووەکێکە بەشێوەی گیا و دەوەن هەیە تۆوەکەی سـوورە . گوڵێکی گەورەی پەمەیی یـان سـوور یـان ئەرخەوانی دەگرێت، بۆ ڕازاندنەوەی باخچەکان بەکاردەهێنرێت.

پزیشـک بـووەو لـە ۆرمـزر پاشـان لـە فرانکفۆرت کاری پزیشـکی کـردووە.

کتێبەکەشی یەکەمین کتێبی تایبەت بە مامانیە چاپ کرابێت و لە ساڵی ١٥١٣ دا بڵاوکراوەتـەوە. جاکۆب ڕیـۆف ڕوونووسـێکی باشـتری بـە ناونیشـانی (مامانـە شـارەزاکە) لەسـاڵی ١٥٥٤ دا بڵاوکـردەوە. ئەمـەش هـەر لـە ڕوونووسـە لاتینیەکەی کتێبەکەی ڕۆسیلیەوە وەرگیرابوو، کە لەساڵی ١٥٣٢دا بە ناونیشـانی (ئەندامەکانی مـرۆڤ ) ڕۆسـیلین بـڵاوی کردۆتـەوە. وەرگێڕانـە ئینگلیزیەکەشـی بەناونیشـانی ( لـە دایک بوونـی مـرۆڤ ) ، تۆمـاس ڕاینالّد لەسـاڵی ١٥٤٥ دا ئامـادەی کـرد. ئـەو تەنیـا ڕوونووسـەی لـە مۆزەخانـەی بەریتانیـەو ئێسـتا لەبەردەسـتدایە ڕیچـارد جۆنـاس ئامادەی کـردووە ،کە مێژووەکـەی بۆ سـاڵی ١٥٤٠ دەگەڕێتـەوەو پێدەچێت تۆمـاس ڕاینالّد لـە لەنـدەن چاپـی کردبێت. دکتۆرجۆن ولیـام پالانتینی سـکۆتلەندی دەڵێت "چوارده چاپـی یـەک لـەدوای یەکی هەموویـان کە لێکۆڵینـەوەی ووردیـان بۆ کـراوە نـاوی تۆمـاس ڕاینالّیانیـان لەسـەر بـووە ، هەرچەنـدە دیـار نیـە داخـۆ دوو کـەس بـەو نـاوەوە هەبـوو بێـت ، یەکێکیـان وەک چاپگـەرو ئـەوی تریشـیان وەک پزیشـک ؟ ئێسـتا هەمـوو چاپەکانـی زۆر بەکەمـی دەسـت دەکـەون. ئـەم کتێبـە بـە کۆمەڵـە وێنەیەکـی توێکاری کتێبی (فابریقا)ی ئەندریـاس ڤیسـالیۆس، بـە کۆمەڵـە وێنەیەکی کتێبی (لـە دایـک بـووان) کـە شـوێنە جیاوازەکانـی منـداڵ لـە منداڵدانـدا بـۆ دەخاتـە ڕوو، بـە نەخشـێکی دارین کە کورسـی دانیشـتنی ژنـان پیشـان دەدات، ڕازێنراوەتـەوە. کتێبی (لەدایـک بوونـی مـرۆڤ ) تـا سـەدەی هەژدەیـەم وەک کتێبـی مەنهەجـی لـە بـواری مامانـی خوێنـراوە. لـە بەشـی دواتـردا دەبینیـن ویلیـام هارڤـی نـەک بەتەنهـا بابەتـی کێشـەی سـووڕی خوێنـی یـەکلا کـردەوە، بەڵکـو کاری گـەورەشـی لەبـواری مامانـی لەبەریتانیـادا کـرد .هـەر ئەویـش ڕێنیسـانسـی هێنایـە بەریتانیـا.

# بەشی دەیەم

## سەردەمی ویلیام هارڤی، زانستی پزیشکی لەسەدەی حەڤدەیەمدا

سەدەی حەڤدە سەردەمی چالاکی ڕشنبیری چڕوپڕ بوو لە هەموو هونەرو زانستەکاندا. سەردەمی زێڕینی زانستی پزیشکی بوو. بیرۆکەی نوێ هاتە ئاراوە و پەرەیان پێدرا و دۆزینەوەی نوێ خرایە ڕوو و کاریان لەسەر کرا. بەگشتی خەڵک ڕەخنەیان لە سەردەمی ڕابروو گرت و تینووی زانستیش بوون. دەی لەو سەردەمەشدا هەر کار بە بە چەمک و میتۆدە کۆنەکان دەکرا، بە جۆرێک دەبینین بەڕێز تیۆدۆر تورکێتی، نوێ خوازترین پزیشکی سەردەمی خۆی هێشتا دەرمانی خومار شکێن و چارەسەری گیای و کرمی زەوی بەکاردەهێنا. تۆماس براونی مەزنیش هێشتا بڕوای بە جادووگەران هەبوو. زۆرێک لە شارەزا دیارەکان بڕوایان بە کاریگەری گەورەی ئەستێرەکان لەسەر کۆنترۆڵکردنی تەندروستی و نەخۆشی هەبوو. وەک هەموو قوتابیەکی شکسپیریش دەزانێت ، بیردۆزی شلەکانی نەخۆشیزانی جالینۆس، هێشتا پێگەی خۆی لەدەست نەدا. ژمارەی دواکەوتە حەق پەرستە کۆنەپارێزەکانی جالینۆس و قوتابخانەکەی لە

ڕادەبەدەر زیادیاندکرد. هەندێکیشیان بە پەرۆش بوون شتێک ببیننەوە تا شوێنی چەمکە بەسەر چوەکانی پێ بگرنەوە.

لە نێو توێژەرە زانست پەروەرەکانی سەدەی حەڤدەیەم ویلیام هارڤی حەکیم و بلیمەت و بەناوبانگ دەبینرێت، کە شۆڕشی لە بواری پزیشکیدا بەرپاکرد. پێش ئەوەی باس لە کارەکانی هارڤی بکەین، جێی خۆیەتی چاوێک بەو پێشینە فەلسەفی و زانستیەدا بخشێنین لەسەردەمی سەرەتای ئەم سەدە گەورەیەی پێشکەوتنی پزیشکیدا، هەبووە.

## فەیلەسوف و زاناکان

دۆزینەوەی زانستی بە بێ چاکسازی لەبواری فەلسەفەدا نەدەکرا. بیکۆن و دیکارت دوو چاکساز بوون و هەریەکەشیان ژیرانە ڕوانینی خۆیان دەربڕی و ئامادە نەبوون لە پێناوی ڕاستیدا ببنە قوربانی. دەی هەریەکەشیان بە جۆرێک لە جۆرەکان کاری گەورەیان لە زانستی مرۆیدا کردو میتۆدە کارپێکراوە بەسوودەکانیش کاریگەری لەسەر ئەوان هەبوو.

فڕانسیس بیکۆنی (١٥٦١-١٦٢٦) فەیلەسوف و دەوڵەتمەدار، زۆرجار لە گەڵ هاوتاکەی خۆی بەناوی ڕۆجەر بیکۆن بەراوورد کراوە، کە لە نووسینەکانیدا هیچ باس و خواسێکی لەبارەوە نەکردووە. هەردووکیان دژی میتۆدە نوێیەکانی لێکۆڵینەوە بوون. پێیان وابوو بواری کرداری زیاتر لە بواری تیۆری کاریگەرترە. هەردووکیشیان وایان لە خەڵک کردووە سەربەخۆییانە بیربکەنەوە و خەریکی ئەزموون کردن ببن و بە دوای ڕاستیدا بگەڕێن. وتوویانە « مرۆڤ زیاتر لە ڕێگەی ئەزموونەوە بە ڕاستی دەگات وەک لە پسپۆڕی». ڕۆجەر زاناو فەیلەسوفیش بووە، فڕانسیسیش بەوە دڵخۆش بووە ڕێگاکان بدۆزێتەوەو ڕاستیە زانستیەکانیش بخاتە بەرچاو. هەر کارکردن بە یاسا تاکە هۆکاری پێشکەوتنی زانست نەبوو.

دواتر فڕانسیس بیکۆن هەموو هەوڵێکی هەر بۆ ئەوە بوو کار لەسەر زیرەکی بکات. هیچ قوتابخانەیەکی فەلسەفی نوێی دانەمەزراند وەک ئەوەی

دیکارت کردی. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر دانا و دووربین بووە، کە دەربڕی ڕۆحی نوێگەری سەردەمەکەی بووە. بەشێوەیەکی سادە میتۆدی عەقڵانی ئەفلاتۆنی زیندووکردۆتەوە. لە کتێبەکەیدا بەناوی (ئەندامە نوێیەکە ) وتوویەتی " پێویستە مرۆڤ خۆی لەم چوار بتە، دەسەڵاتی سەپێنراو، بەیت و بالۆرەی خەڵک، لایەنگیری یاسای و لایەنداری کەسێنی، بەدوور بگرێت و لەجیاتی ئەوانە کار بە میتۆدی هاندەرانەی ئەقڵانیەتی پشت بەستوو بە ئەزموون بکات". ئیسحاق والتۆنی نووسەری ئینگلیز " بە پاڵەوانی گەورەی سروشتی" داناوە.

دیارە زانست کاریگەری گەورەی لەسەر دیکارتی فەیلەسوف هەبووە. تا لە ژیاندا بوو زۆر کەڵک لە کارەکانی وەرنەگیرا، بەڵکو چەند سەدەیەک دوای مردنی ئەم فەیلەسوفە تاڕادەیەک کاریگەری لە بواری زانست و پزیشکی دانا. کەسێتیەکی سەیری هەبووە. لەلایەک تابلێی خانەدان، دانا و لە لایەکی ترەوە تابلێی توورەو تیژ بووە! دیکارت بەدەر لە کاراکتەرە کەسێنیە جیاوازەکەی، فەیلەسوفێکی ڕکشاری بەبەزەی فەڕەنسیش بووە. دواتر کاریگەریەکەی گەورەتر بوو، بەوەی نەک تەنها قوتابخانەیەکی نوێی بیرکردنەوەی دامەزراند، بەڵکو یەکەمین کتێبی مەنهەجی لەبارەی فیسیۆلۆجیاوە بەناوی (لەبارەی پێکهاتەی مرۆڤەوە) نووسی. ئەم کتێبەش چەند ساڵێک دوای مردنی بڵاوکرایەوە.

ڕینیە دیکارت (١٥٩٦-١٦٥٠) قوتابیەکی زیرەک بوو. دوای وازهێنانی لە زانکۆ، پەیوەندی بەسوپاوە کرد تا گەشتی جیهان بکات. ئەمەش بۆ فەیلەسووف کارێکی سەیر بوو. دەی زۆربەی ژیانی لە هۆڵەندا بەسەربرد. لەوێ بۆ زیاتر لە بیست ساڵ بە گۆشەگیری ژیا و کاری لەسەر فەلسەفەکەی کرد. دواجار بانگهێشتنامەیەکی شاژنە کریستیانای سویدی قبووڵ کرد تا لە دادگادا کار بکات، بەڵام بەهۆی سەختی کەش و هەواوە ئەم کارە زۆر ئاستەنگی هاتە ڕێ. دواجار بەهۆی هەوکردنی سیەوە لە ماوەی هەژدە مانگدا مرد.

فەلسەفەی دیکارت کاریگەری بەرچاوی لەسەر زانستی پزیشکی هەبوو. لەسەرەتادا بەپەرۆشەوە بیری داهێنەرانەی خۆی لە زانستنامەکەیدا بەناوی( باس و خواسێک لەبارەی میتۆدەوە )خستە ڕوو. هەوڵیدا بە هیچ شێوەیەک پشت

بە زانینی پێشین نەبەستێت، تاوەکو فەلسەفەکەی تەواو نوێگەریانە بێت. بە پێی فەلسەفەی دیکارت عەقڵ و مادە پێک هێنەری گەردوونن، بەڵام پەیوەندی لە نێوانیان نیە. چەند بەڵگەیەکی سەیری هێنا و ووتی" شوێنی ڕۆحی لە ڕژێنی سنەوبەری مێشکدایە". بەلای دیکارتەوە جەستە وەک ئامێرێکی دروست کراوی خوایە، کە لە هەموو کەرەستەیەکی داهێنراوی مرۆڤ باشترە. ئاژەڵ ئەقڵ و ڕۆحیان نییەو لە ڕاستیدا هەر بوونەوەری ڕۆبۆت ئاسان. لە لایەکی ترەوە، مرۆڤ هەرچەندە وەک ئامێر وایە خاوەنی ئەقلیشە، کە کار لەسەر جەستە دەکات". بە بیرکردنەوەی ئاگایانە بەڵگەی لەبارەی بوونی عەقڵەوە خستەڕوو. وتوویەتی " گومانی تیادا نیە جگە لەبیرکردنەوە هیچ دەسەڵاتێکی ترمان نیە . پێناچێت بیرکردنەوە وەهم بێت و هیچ شتێکی تر جێی دڵنیای نیە". کرۆکی فەلسەفەکەی خۆی لەم ووتەیەدا بەرجەستە دەبێت " من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم ". ئەم بیرکردنەوەیە کاریگەری لەسەر پێشکەوتنی زانستی پزیشکی هەبوو و بەشێوەیەکی کاریگەر سەرنجی قوتابخانەی "چارەسەرکارە فیزیایەکانی " ڕاکێشا، کەوەک داهێنراوێکی میکانیکی لە جەستەی مرۆڤیان دەڕوانی. سەرباری ئەمەش دیکارت داوای کردووە ڕێز لە پزیشکان بنرێت چونکە خۆی گرنگی بە فەسلەجەو کارەکانی هارڤی داوە. یەکەم کەس بووە وتوویەتی "کونیلە لە کۆتای خوێنبەرەکاندا هەیە و لەڕێگەیەوە خوێن بۆ ناو خوێنهێنەر دەڕوات و بۆ دڵیش دەگەڕێتەوە".

چۆن فەلسەفە کاریگەری لە سەر پێشکەوتنی زانستی پزیشکی دانا، بەهەمان شێوەش زانست بووە هەوێنی پێشکەوتنی زانستی پزیشکی. ئەستێرەناسیش، کە تا سەردەمی ڕێنیسانس بەشێک بوولە ئەستێرەزانی، هەر بابەتی خلافاندن و پاشقول لێگرتن بوو. کۆپەرنیکۆس ئەم زانستەی لەسەر بناغەیەکی پتەو دانا. تیکۆبراهی و کیپلەری قوتابی، بە بێ بوونی هیچ تەلسکۆپێک، دۆزینەوەی ناوازەیان خستەڕوو.

لەم بێنەو بەردەدا گالیلی گالیلۆی (١٥٦٤-١٦٤٢) نووسەری ئیتالی ئەسپی خۆی لە مەیدانەکەدا تاودا، کە بەدۆزینەوەکانی زانستی پزیشکی زۆر بەرەوپێش

بـرد. گالیلـۆ زانسـتی پزیشـکی خوێنـد و لـەو سـەردەمەدا گرنگـی بـە زانسـتی پیرکاری نـەدا چونکـە بڕوای وابوو ئـەو دوو زانسـتە دژبەیـەک بن. گالیلۆ لـە پیرسـا لەدایـک بـووەو لەوێـش خوێندوویەتـی.

پێـش ئـەوەی تەمەنـی بگاتـە بیسـت سـاڵی، یەکەمیـن دۆزینـەوەی گـەورەی خـۆی خستەڕوو. لەکڵێسـادا تەماشـای جووڵـەی گڵۆپێکـی لـەرە لەرکـەری کـردوو و لەگـەڵ لێدانـی دڵـی خۆیدا بـەراووردی کـرد. بۆی دەرکـەوت دەکرێت بـۆ تۆمارکردنـی کات کەڵکـی لێوەرگیرێت. بـەو شـێوەیە بنەمـای کارکردنـی بەندۆڵـی دۆزیـەوە. ئەگەریـش تەلەسکۆبیشـی دانەهێنابێـت، بەتـەواوی ڕێـگای بـۆ داهێنانـی ئـەو ئامێـرە خـۆش کـرد هەرچەنـدە تەلەسـکۆبەکەی تەنهـا تـا ئەنـدازەی تیـرەی سـی و دووی گەورەکـرد. ئەوەشـی خسـتەڕوو گەلەئەسـتێرەی ڕێـگای شـیری لـە کۆمەڵـە ئەسـتێرەیەک پێـک هاتـووەو لەسـەر رووی مانـگ شـاخ هەیـە و لەسـەر رووی خۆریـش پەڵـە هەیـە، کـە لەگـەڵ خوولگەکەیـدا ئەوانیـش دەجووڵێـن! ئـەم دۆزینـەوە دژەباوانـە بوونـە مایـەی تووڕەبوونـی کڵێسـا و گالیلـۆش ناچـار کـرا سـوێند بخـوات تـا نکۆڵیـان لێبکات. خـۆی گێڕانەوەیـەک هەیـە بـەوەی دوای پێلێنانـی بەئاشـکرا بەمینگـە مینگـەوە وتووبێتـی "دەی هـەر دەسـووڕێتەوە"! گالیلـۆ گرنگـی زۆری بـە میکانیـک و پێوانەکردنـی لـە بـواری زانسـتدا. بەمـەش کاری دۆزینـەوەی میتـۆدە جیاوازەکانـی دەستنیشـان کردنـی نەخۆشـی لەزانسـتی پزیشـکیدا خێراترکـرد.

هـەر لەسـەرەتای سـەدەی حەڤدەیەمـدا یەکەمیـن کتێبـی زانسـتی فیزیـا بەنـاوی (لەبـارەی موگناتیـزەوە )، کـە ویلیـام گیلبـەرت (١٥٤٠-١٦٠٣) داینـاوەو لەبەریتانیـا چاپکـراوە، کەوتـە بـەر دیـدی خوێنـەران. گیلبـەرت لـە کۆلێچسـتەر لەدایـک بـووە، لەکامبـرج خوێندوویەتـی، لـە لەنـدەن کاری پزیشـکی کـردووە و بووەتـە پزیشـکی شـاژنە ئێلیزابێـث و جەیمـزی یەکـەم و هەروەهـا بووەتـە سـەرۆکی زانکـۆی پزیشـکان. کتێبەکـەی لەسـەر هێـزی کێـش کردنـی موگناتیـس نازنـاوی باوکـی زانسـتی کارەبـای لێنـراوە. گیلبـەرت ئـەوەی دۆزیـەوە زەرەک لەڕێگـەی لێخشـاندنەوە ووزەی کارەبـا بەرهـەم دەهێنێـت. ووشـەی کارەبـا ( electricity) ی داتاشـی. ئەمـەش لەووشـەی (electron)وەرگیـراوەو نـاوە یۆنانیکەشـی بریتـی یـە لـە (amber )(مـورووی


کارەبا) . بەم جۆرە فەیلەسوف و زانایانی سەدەی حەڤدەیەم لەڕێگەی پەیبردن و ئەزموونەوە شوێن گرەوەیان بۆ کاری تیۆردانانی توێژەرە بیرکەرەوەکان دانا.


W P

The Breuiary of Healthe, for all maner of syckenesses and diseases the which may be in man or woman, doth folowe. Expressynge the obscure termes of Greke, Araby, Latyn, and Barbary, in English concernyng Phisicke and Chirurgerie, compyled by Andrewe Boorde, of Physycke Doctoure, an Englyshe man.
(:)

Anno. 1557.

بەرگی کتێبی(پوختەیەک لەبارەی تەندروستیەوە)ی پزیشک




دیمەنێکی منداڵ بوون لە سەدەی شانزەیەمدا وەک دەردەکەوێت ژنە دووگیانەکە لەسەر مێزی منداڵ بوونەکە سێ مامان لەگەڵیدا خەریکین. لای پەنجەرەکەشەوە ئەستێرەناسێک بەپێی بورجەکە خوێندنەوە بۆ لەدایکبوونی منداڵەکە دەکات. ئەم کلێشە دارینە لە کتێبی (لەبارەی چەمک و وەچەی مرۆڤەوە)ی مامانی شارەزای سویسری جاکۆب ڕوێفەوە وەرگیراوە.

## ویلیام هارڤی بلیمەت

ئێستا دەچینە ناو باس و خواسی کەسێک، کە شۆڕشی لە زانستی پزیشکیدا بەرپاکردووە، تا کرۆکی بیرکردنەوە بگۆڕێت و بناغەی کارکردنی زانستی پزیشکی سەردەمیانەدا دابنێت. خۆی کارەکانی هارڤی لە ڕێگەی دەیان ژیاننامەو سەدان وانەی خۆیەوە هێندە ناوبانگیان دەرکردووە هەر پێویست دەکات پوختەیەک لەبارەیانەوە بخەینە ڕوو.

ولیام هارڤی (١٥٧٨-١٦٥٧) لە شارۆچکەی فۆلکیستۆنی بەریتانیا لەدایک بووە. شەش برای هەبووە و خۆشی برا گەورەیان بووە. تۆماس هارڤی باوکی لەساڵی ١٦٠٠ دا بووەتە سەرۆک شارەوانی فۆلکێستۆر و گۆڕی خۆی و خێزانەکەشی بەناوی جۆئان، لەیەکێک کڵێسای ئەبرەشیەکاندایە. پێنج لەبراکانی ویلیام لەلەندەندا بازرگانی بەناوبانگ بوون.

ویلیام لە قوتابخانەی ڕێزمانی کانتەربەری و لە کۆلێژی کایۆسدا لە زانکۆی کامبرج سەرکەوتووانە خوێندنی تەواوکردووە. دواتر ڕووی لە زانکۆی بەناوبانگی پادوا کردووە، کە لەوکاتەدا وەک لانکەی خوێندنی پزیشکی ناوبانگی لە لوتکەدا بوو. هارڤی چوار ساڵ لە پادوا خوێندی و وەک پزیشک بە پلەی نایاب لەساڵی ١٦٠٢ دا زانکۆی تەواوکرد. وەک ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران نوێنەرایەتی وولاتەکەی کردو خەلاتی " درەختی خێزانی " یان "پاڵتاوی سەربازی "لە هۆڵی زانکۆ پێبەخشرا. خەلاتەکەی دەستێکەو مۆمێکی داگیرساوی هەڵگرتووە و بەدەوریدا دوو ماری لێک ئالاو هەن، کە لەساڵی ١٨٩٢ دا دۆزرایەوە. فابریسۆسی جێنشینی ڤێسالیۆس لە پادوادا مامۆستای بووە، کە کتێبێکی بەناونیشانی (لەبارەی زمانەی خوێنهێنەرەکانەوە) داناوە. فابرێسیۆس پەی بە گرنگی ڕاستەقینەی زمانەی خوێنهێنەرەکان نەبرد. وایدەزانی کە ئەو زمانانە ڕێگری لە زۆر کشانی ئەندامەکان بگرن. هارڤی هات و گرنگی ڕاستەقینەیانی وەک بەشێکی سووڕی خوێن خستەڕوو.

کە گەڕایشەوە لەندەنیش، هارڤی خەریکی کاری پزیشکی بوو. بە چەند ساڵێکی

کەم بووە ئەندامی کۆلێژی پزیشکان و هەروەها لە نەخۆشخانەی بارتۆلۆمیۆش کاری پزیشکی کرد. بەپێی یاسای ئەم نەخۆشخانەیە ئەبوایە بۆ ماوەی ساڵێک هەفتانە ڕۆژێک چارەسەری نەخۆشە هەژارەکان بکات. ئەم کارەشی لە هۆڵی نەخۆشخانەکەدا ئەنجامدەدا. ئەم هۆڵەش ئاگردانێکی گەورەی تیابوو لە دارستانی شاهانە لە ویندسۆر داری بۆ دەهێنراو گەرم دەکرا.

بەم دامەزراندنەی تا بڵێی ناوبانگی دەرکردو بووبە وانەبێژی لۆمیلیانی توێکاری نەشتەرگەری. هۆڵی وانەبێژیەکە لەساڵی ١٥٨١ دا بەگزادە لوملی و دکتۆر کالدویڵ بنیاتیاننا، کە بەدرێژای ساڵ هەفتەی دووجار زنجیرەیەک وانەی تیا دەووترایەوە. هەموو ساڵێک بابەتەکان گۆڕانیان بەسەردا دەهات، تا لە ساڵی شەشەم و کۆتادا هەموو کۆرسەکان پێداچوونەوەیان بۆ دەکرا. هەموو ساڵێک وانەبێژ پێش و پاش خوانی ئێوارە بۆ ماوەی پێنج ڕۆژی لەسەر یەک ئەبوایە توێکاری جەستەی مرۆڤی بکردایە. گەر توێکاریەکە زۆری بخایاندایە، پیشانی خەڵکی دەدرا.

بەڕێزساموێل پیپیش لەبەرواری ٢٧ ی مانگی شوباتی ساڵی ١٦٦٢ دا گێڕانەوەیەکی هەست بزوێنی لەبارەی چوونی بۆ بینینی توێکاریەکی دکتۆر تێرنی میراتگری هارڤیەوە دەگێڕێتەوە. هەفتەیەک پێش مردنی شکسپیر، لە ١٦ ی نیسانی ساڵی ١٦١٦ دا یەکەمین وانەی خۆی ووتەوەو بەرنامەی بۆ چل ساڵی داهاتووی دانا. وانەکانی ساڵی یەکەمی هێشتا لە مۆزەخانەی بەریتانیدا پارێزراون. نووسینەکەی وەک شەڕە پشیلەیە و زۆر پزیشک پێیان پەسەند بووەو تێکەڵەیەکی سەیری لاتینی و ئینگلیزی بووە. بە تێبینیەکانیدا دەردەکەوێت هارڤی لەبارەی سووڕی خوێنەوە بە جۆرێک لەجۆرەکان بەرچاو ڕوون بووە. وتوویەتی " خوێن بەبەردەوامی بە شیوەی بازنەیی دەجولێت و ئەمەش بەندە بە لێدانی دڵەوە". دەی دوای دوانزە ساڵ و لەهەمان کاتدا بەووردی بەرهەمی تەواوی دۆزینەوەکەی لە کتێبێکی بچووکی قەبارە حەفتاو دوو لاپەڕەی بە ناونیشانی (ڕاهێنانی توێکاری لەسەر جوولەی دڵ و خوێن لە گیانداراندا)، بڵاوکردەوە. ئەم کتێبەش لە شاری فرنکفۆرت لە ئەڵمانیاش لەساڵی ١٦٢٨ دا چاپ کرا.

لەسـەرەتای کاری پیشـەیدا، یەکێـک لـە ناسـراوەکانی وەهـا وەسـفی کـردووە " هارڤـی کەسـێکی بـاڵا کورتـی پێسـت کاڵ و چاوڕەشـی تـۆخ بـووە. قـژی ڕەش و لـوول بـووەو لـە قسەکردنیشا خێرابووە و هەمیشـە بـە تـرس و لـەرزەوە خەنجـەری بچووکـی هەڵدەگـرت ". هارڤـی وەک پزیشـکێکی کلینیسـیان ناسـراو بـوو، لەگـەڵ ئەمەشـدا لـە ڕووی کرداریشـەوە خزمەتـی گـەورەی کـرد. دەی کاتێـک بانگەشـەی بـۆ دۆزینـەوە مەزنەکانـی دەکـرد، زۆری بەرامبـەر کـرا. نەخۆشـەکان ڕوانینـە دژە باوەکانیانـی لـە پزیشکێکی پیشـەگەری وەهـا چاکـەوە پێ پەسـەند نەبـوو. پێدەچێت زۆرێکیـش گوێیـان بـەو ڕوانینانـەی نەدابێـت. بەپێـی نەریتـی ئـەو سـەردەمەش، هارڤـی بەسـواری ئەسـپ گـەڕاوەو نەخۆشـیش بەپێ لەدوایـەوە هاتـووە. لەسـاڵی ١٦١٨ دا هارڤـی وەک پزیشـکی تایبەتـی پاشـا جەیمـزی یەکـەم دەستنیشـان کـرا. پاشـا چارڵسـی یەکەمیـش کـردی بـە پزیشـکی خـۆی. هارڤـی پەیوەندیەکـی تونـدو تۆڵـی لەگـەڵ دیوانـی پاشـا چارڵسدا هەبـوو. سـەردانی دادوەری لینۆکسـی کـردو و پەیامـی فەڕەنسـاو ئیسـپانیای پێگەیاند. ئەمیش وەڵامـی لـۆرد دۆچێستەری وەزیـری دەرەوەی دایـەوەو گازنـدەی کەمـی کەرەسـتەی توێکاری کـرد چونکـە زۆربەکەمـی سـەگ، مانـگا، هەبـوو یـان هـەر بەردێکـی تـری دەسـت کەوتـووە تـا توێکاری لەسـەر بکات. دوای چەند سـاڵێکی تـر هاوەڵی ئاغـای ئاڕندۆیڵی بۆ ئەڵمانیا کرد و لەکاتـی گەشـتەکەیدا یەکێـک لـە خواپێداوان پاداشـتی کـرد. دکتـۆر هارڤـی لێکۆڵینـەوەی لـە درەخـت و ڕووەکـە نامـۆکان کـرد. هێنـدە قـاڵ بـوو هـەر گوێـی لێ نەبـوو جەنابـی ئاغـا چ بـەزم و ڕەزمێکـی بەسـەر هـات.

لەسـاڵی ١٦٣٣دا ئەرکێکـی گرنگتـری لـە ئەسـتۆگرت و سـەردانی پاشـای سـکۆتلەندای کـرد تـا لـە کڵێسـای هۆڵـی ڕوود تاجـی لەسـەر بنرێـت و لـەوێ کاری دادوەری بکات. لەکاتـی سـەردانەکەی بـۆ ئێدنبـرە هارڤـی بـواری بـۆ ڕەخسـا سـەردانی دوورگـەی بـاس ڕۆک بکات. لـە زانسـتنامەکەیدا لەبـارەی پەرەسـەندنەوە باسـی چۆنیەتـی زیـاد بوونـی سەرسـوڕهێنەرانەی باڵنـدەی کەرەواڵـەی[54] کـردووە.

٥٤ جۆرە باڵندەیەکی گەورەی دەریاین ڕەنگیان سپی یەو سەریان زەرد باوە و سەری باڵەکانیان ڕەشە .ئەم باڵندەیە لەژێر ئاودا ڕاوە ماسی یان هەر نێچیرێکی تری دەکات.توانای خۆ فڕێدانی بۆ ئاو لەبەرزی ٣٠ مەترەوەیەوە و بەخێرای ١٠٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا خۆی دەخاتە ناو ئاوەوەو نێچیرەکەی ڕاو دەکات.


خۆشبەختانە پاشاش زانستنامەکەی بەلاوە پەسەند بوو، جا مۆڵەتی پێدا لە پارکی شاهانەدا توێژینەوە لەسەر ئاسک بکات. هارڤی زۆر لێکۆڵینەوەی گرنگی لە بواری توێکاری بەراووردکاری دا ئەنجامدا. دەی دوای سەدەیەک جۆن هەنتەریش لەهەمان بواردا کاری کرد، بۆ نموونە هارڤی ئەوەی دۆزیەوە لێدانی دڵ لە گیانەوەرە خوێن ساردەکانی وەک بۆق و ماسی و ئاسانتر هەستی پێدەکرێت. لێکۆڵینەوەی لە هەموو گیانداریکی بینراو کرد. ئەوەی جێی داخە زۆرێک لە نووسینەکانی لەسەر توێکاری بەراووردکاری لەناوچوون. ماوەیەکی کەم دوای سەردانەکەی بۆ سکۆتلەندا، پاشا چارڵس فەرمانی پێکرد تا بەمەبەستی زانینی هۆکاری مردنەکەی پشکنین بۆ تۆماس پار بکات، کە وەک دەووترێت لەتەمەنی سەدو پەنجا ساڵی مردبێت!

پار بە بنەچە خەڵکی شرۆپسشایەر بوو. هیچ گرفتێکی تەندروستی نەبوو. دوو جار یەکەمجار لە تەمەنی هەشتاو هەشت ساڵیدا و دووەم جاریش لەتەمەنی سەدو بیست ساڵیدا، هاوسەرگیری کردووە. بەهۆی ئەوەی زۆرلە شاری لەندەن وەک ئەندامی خێزانی ئاغای ئارۆندێل نەبووە، تەمەنی درێژتر بووە! هارڤی بۆی دەرکەوت مردنەکەی بەهۆی هەوکردنی سیەوە بوو. هۆکاری نەخۆشیەکەشی بەهۆی کەش هەوای پیسی لەندەن و گۆڕانی لەناکاوی ئاستی بەرزی ژیان و خواردنی زۆرەوە بوو. دوای چەند ساڵێکی کەم، پاشا چارڵس دووچاری شەڕی نەگریسی ماڵوێرانکەری ناوخۆ بوویەوە. لە جەنگی ئیمهێڵی ساڵی ١٦٤٢ دا، هارڤی بەشداری کرد. دەیش ووترێت بەرپرسی دوو شازادەبووە و بەجۆرێک لە جۆرەکان لەنزیکی مەیدانی جەنگ سەرقاڵی کتێب خوێندنەوە بووە. کاتێکیش بەهۆی گەرمی تۆپەوە دەستی لە لێکۆڵینەوەکانی هەڵگرتووە، ناچار بووە شوێنی خۆی بگۆڕێت. دوای شکستی لایەنگرانی شاهانە، هارڤی لە ئۆکسفۆرد خانەنشین بوو. لەوێ بەردەوام خەریکی لێکۆڵینەوەکانی بوو لە لەبواری کۆرپەلەزانیدا و دووەمین کتێبی ناوازەی خۆی بەناونیشانی (لەبارەی وەچەی گیاندارانەوە) لەساڵی ١٦٥١ دا بڵاوکردەوە. خۆی ناوەڕۆکی ئەم کتێبە لە ناونیشانی کتێبێکی تر وەرگیراوە، بەڵام دەکرێت وەک یەکەمین کتێبی ڕەسەن لەسەر مامانی دابنرێت، کە نووسەرێکی ئینگلیز بڵاوی کردبێتەوە.

پێرسڤاڵ ویڵبەری (١٥٦٠-١٦٣١) پزیشکی زانگەری هاوچەرخ، کتێبێکی بەناونیشانی (چەند لێکۆڵینەوەیەک لەسەر مامانی) نووسی، کەبەم دوایانە بەشێوەیەکی ناوازە لەساڵی ١٨٦٣دا چاپ کرا. بەشێکی کتێبەکەی هارڤی لەسەر زانگەریە بەناونیشانی (لەبارەی لەدایک بوونەوە ). ئەمەش هەر تایبەتە بە بەشی زاندن. برەوی بەو ڕوانینە دا بەوەی ئاولەمە لەڕێگەی جووڵەی چالاکەوە یاریدەی منداڵ بوون بدات. ئەمەشی بە جووڵەی ئەو جووجکەیەی بەراوورد کرد، کە سەر لە هێلکەکەیەوە دەردێنێ یان ئەو پەپوولەیەی لە قۆزاخەکەیەوە دێتەدەر. هەروەها باسی حاڵەتی دووگیانێکی درۆینەی کردووەو بەم شێوەیە دواوە " هەرچیم کردو سەرم دەرهێناو بردم نەمتوانی باوەڕی پێبێنم دوو گیان نیە تا دواجار هیواکانی ئەو ژنە وەک بەفری بەرهەتاویان لێهات". هارڤی تەمەنی لەسەروو حەفتاو پێنج ساڵ بوو، نەخۆشی میرانەی هەبوو، کەچی هەر مێشکی وەک جاران چالاک بوو. زۆر بەخشندە بوو و مۆزەخانەکە و کتێبخانەکەی پێشکەشی زانکۆی پزیشکان کرد. خۆشی کرا بە سەرۆکی زانکۆیەکە، بەڵام بەهۆی هەڵکشانی تەمەن و نەخۆشیەوە ئەو پۆستەی وەرنەگرت. لە ٣ ی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٦٥٧ دا لەتەمەنی هەشتا ساڵیدا کۆچی دوای کرد و لاشەکەشی کفن نەکرا، بەڵکو بە فافۆن پێچراو لە هێمستێدا لە تیسێکس، کە نزیکەی پەنجا میلێک لەلەندەنەوە دوورە، بەخاک سپێرا.



یان ستینی نیگار کێشی بەناوبانگی هۆڵەندی کە زیاتر لە ٢٠ وێنەی بە شێوازی جۆراوجۆر لەژێر ناونیشانی (سەردانی دکتۆر)دا نەخشاندووە



کلێشەیەکی دارین لە کتێبی(لەبارەی کونیلەی خوێن هینەرەکان)ی فابرییسیۆسی نەشتەرگەر و توێکارزانی ئیتاڵی

## کتێبی ( لەبارەی جووڵەی خوێنەوە)

(لەبارەی جووڵەی خوێنەوە) کتێبێکی توێکاریە لەبارەی جووڵەی دڵ و خوێنی گیانداران. پێدەچێت چاکترین نووسینی بواری ئەدەبیاتی پزیشکیش بێت. هارڤی ئەم کتێبەی پێشکەشی پاشا چارڵسی یەکەم کردووەو تیایدا پاشای بە دڵ چوواندووە، کە سەرچاوەی هەموو هێزو دەسەڵاتێکە. وتوویەتی " ئەوەی لە دڵایە هەر سوودی بۆ پاشا دەبێت ". پێش سەردەمی هارڤی وا باوەڕدەکرا خوێن بجووڵێت، بەڵام جووڵەکەی بە شێوەی چوون و هاتن وێنا دەکرا. واباوەڕ دەکرا کرژ بوون یان خاو بوونەوەی دڵ و خوێنبەرەکان پەستان بخەنە سەر خوێن. خوێنیش لەڕێگەی کونی بەربەستەکانەوە، لە سکۆڵەی ڕاستەوە بۆ

چەپ بڕوات. سەرباری ئەمەش جگەر وەک ئەندامی سەرەکی خوێن دادەنرا. ئاندریا سیسالپینۆی پزیشک و فەیلەسوف و ڕووەکناسی ئیتاڵی، باسی جووڵەی بەردەوامی خوێنهێنە کلۆرەی خوارووی لە ڕێگەی دڵەوە بۆ شاسووەوە دەمار کرد، بەڵام هێشتا بڕوای بە چوون و هاتنی خوێن هەبوو. وتوویەتی " هەر گەرمیە نەک خوێن لەکاتی خەودا لە خوێنبەرەوە بۆ خوێنهێنەر تێدەپەڕێت". گومانی تیا نیە سێرڤیتوس سوڕی بچووکی خوێنی (سووڕی هەوا)ی دۆزیوەتەوە، بەڵام بە هیچ کلۆجێک ئەوەی نەخستۆتە ڕوو سووڕەکە ڕێکخراو بێت. ڤێسالیۆس ئەوەی دۆزیەوە کونیلە لەنێوان سکۆڵەکاندا نیە، بەڵام لە کاتی خۆیدا ڕوانینەکەی قبوڵ نەکرا.

هارڤی بلیمەت زۆر لە پێش پێشینانی خۆی بوو. هەموو چەمکی سوڕی خوێنی گۆڕی و سەلماندی دڵ هات و چۆ بە خوێن دەکات. ووردە ووردە بە کارە گەورەکانی لەڕێگەی بەڵگەی ئەزموونی بەردی بناغەی دۆزینەوە گەورەکەی دانا، بە جۆرێک هەر کەسێک ئەم دۆزینەوەیەی ڕەت بکردایەتەوە بە بەڵگەی بنج بڕ وەڵام دەدرایەوە. وتوویەتی" دڵ ماسوولکەیەکی ناوبۆشەو خوێنیش کە بۆ ناو خوێنبەرەکان پاڵدەنرێت، هەر ترپە زیاد دەکات". هەروەها وتوویەتی "زنجیرە جووڵەی خوێن وەک ئەو بڕنەوە وایە کە بە بەردە ئەستێکەی ئیش دەکات. بەردە ئەستێکە دەدات لە ئیستیلەکە و باروتەکە دەسووتێنێ و فیشەکەکەی ناوی دەتەقێ و هەمووی لە چاو تروکانێکا دەردەچێت". درێژەی دەداتێ و دەپرسێت " خوێن لەکوێوە دێت و بۆ کوێ دەڕوات"؟ خوێنهێنەر بەتاڵ ناکرێتەوەو خوێنبەریش نادڕێت، وەک ئەوەی باوەڕدەکرێت". هارڤی لە زۆر شوێندا باسی خوێنبەرو خوێنهێنەری بەیەکەوە کردووەو هەستی بە کاریگەریەکەشی کردووە.

لەهەر لێدانێکی دڵدا ئەو بڕە خوێنەی دیاری کردووە کە پاڵی پێوە دەنرێت تا بزانێت لەماوەیەکی کورتدا بڕی ئەو خوێنەی بەکارهێنراوە چەند بووە. لەئەنجامی ئەم بیرکردنەوەو ئەزموونە ووردەدا وای زانیوە جووڵە نیە ، وەک لە سووڕی خوێندا هەبووە. لەمەوە هارڤی یەکەمجار تێگەیشتنێکی نوێی لەبارەی فرمانەکانی جەستەی مرۆڤ خستەڕوو، هەروەک ڤیسالیۆس ڕوانینێکی نوێی

لەبارەی پێکهاتەی جەستە خستە ڕوو .هارڤی هیچ ڕوانێکی چەق بەستووانەی لەبارەی هۆکاری سووڕی خوێنەوە پێشنەخست. وتوویەتی "دیار نیە داخۆ ئەمە هۆکارەکەی خۆراک پێدانە یان هەر پەیوەندی بە دڵەوە هەیە "؟

## شیرییەکان[55] (لاکتی ) ، لیمفاویەکان[56] ، موویەکان[57]

گاسپاڕی ئاسێلی (١٥٨١-١٦٢٥) شیریەکانی دۆزیەوە و جان پاکێتیش لەساڵی ١٦٤٧ دا ئەوەی خستەڕوو ئەمانە پەیوەندیان بە تەوژمی خوێنەوە هەیە. هارڤیش ئەمانەی ڕەت کردەوەو لە نامەیەکدا لەساڵی ١٦٤٨ دا تیایدا بوونی کیلۆسی لە شیریەکاندا بۆ " زۆری خۆراک پێدانی " گەڕاندەوە. دەی ئەم دوو بەرهەمە گرنگیەکی زۆر زۆریان بۆ توێژینەوەکانی هارڤی هەبوو. ساڵێک پێش ئەوەی کتێبەکەی هارڤی (لەبارەی جووڵەی خوێنەوە ) بڵاوبکرێتەوە، کتێبەکەی گاسپاری ئاسێلی پزیشکی ئیتاڵی بەناوی ( De lactibus sive lacteis vensive) کە یەکەمین کتێبە لەسەر توێکاری وێنەی نەخشێنراوی ڕەنگاوڕەنگی لەخۆگرتبێت، لەساڵی ١٦٢٧دا بڵاوکرایەوە . ئاسێلی باس لەوە دەکات لەو کاتەی توێکاری سەگی کردووە، بینیویەتی لیمفە بۆریە مەیلەو سپیەکان بەسەر ڕیخۆڵەبەستەکەیدا (مێزەنتەری) بڵاوبوونەتەوە.

لەو کاتەی قوتابی بوو، پیکێت لە ڕێگەی شوێن پێهەڵگرتنی تەواوی خولی شیریەکانەوە دۆزینەوەکەی ئەسلێی تەواوکرد و ئۆلاف ڕودبێکیش، کە قوتابیەکی سویدی بووە لەپادوادا، لەساڵی ١٦٥٧ دا بۆریە لیمفەکانی دۆزیەوەو لە شیریەکانی جیاکردەوە.

جێی سەرسوڕمان نیە بڵاوکردنەوەی کتێبی( لەبارەی جووڵەی خوێنەوە ) مشت و مڕی گەرمی زیاتری بەدوای خۆیدا هێنا. هارڤی ژیرانە لەگەڵ ڕەخنەگرەکانیدا هەڵس و کەوتی کرد. لە ڕێگەی کتێبێکی بچووکەوە بەناونیشانی

---

٥٥ ئەو بۆریچکانەی هەڵگری لیمفەکانی ڕیخۆڵەن، کە کیلۆس لە ڕیخۆڵەوە بۆ سووڕی لیمفاوی و لەوێشەوە بۆ کەناڵی سنگ دەگوازنەوە.

٥٦ ئەو ڕێڕەوە لیمفیانەن شلەیان پێدا تێدەپەڕێت.

٥٧ ئەو بۆرێچکانەن وردە خوێنبەر و خوێنهێنەرەکان بەیەکەوە دەبەستنەوە.

(لەبارەی سووڕی خوێنەوە)، کە لەساڵی ١٦٤٩دا بڵاوکرایەوە، بە درێژی وەڵامی جین ڕیۆلانی توێکاررزانی فەرەنسی دایەوە. ڕیۆلان پرۆفیسۆری بواری توێکاری بووەو لەپاریس وەکو، گای پاتینی پرۆفیسۆری زانستی پزیشکی و نووسەری کۆبەرهەمی بەناوبانگی ( Letters ) کە گومانی لە بەرهەمەکەی هارڤی هەبوو، دواکەوتەیەکی سەرسەختی جالینۆس بوو. تا دەهات ژمارەی لایەنگرەکانی هارڤی لە نەیارەکانی زۆر زیاتر دەبوو. تا لە ژیانا بوو بە چاوی خۆی بینی ڕوانینەکانی قبوڵکران و کاریان لەسەر کرا. دۆزینەوەی سووڕی خوێن کارێکی یەکجار گەورە بوو. میتۆدی دۆزینەوەی سووڕی خوێن وەک خودی دۆزینەوەکە دڵخۆشکەرانە بوو. لەو سەردەمەوە هەموو توێژەرەکان گرنگیان پێدا.

تەنها یەک ئەڵقە لە زنجیرەی دراماکەی هارڤیدا ما بوو، ئەویش بەچاو بینینی دۆزینەوەکەی بوو. هارڤی دەیزانی چەند جۆرێک لە جۆگە لە نێوان بچووکترین خوێنبەرو خوێنهێنەردا هەیە و لە ڕێگەیەوە دەبێت خوێن تێپەڕێت تا سووڕەکەی تەواوبکات. داهێنانی ووردبین یاریدەی ماسیلیۆ ماڵپێچی (١٦٢٨-١٦٩٤) دا تا بەڵگەی پێویست بخاتەڕوو. لەکاتی پشکنینی سی بۆقدا، کۆمەڵە تۆڕێکی لە بۆریچکەکانی خوێندا بینی، کە خوێنهێنەرەکانی بە خوێنبەرەکانەوە بەستبووەوە. لەو کاتەدا سووڕی خوێن بەتەواوی سەلمێنرا. ماڵپێچی لەڕێی ووردبینە سادەکەیەوە دۆزینەوەی تریشی خستە ڕوو. یەکەم کەس بوو باسی چینەکانی پێست، لیمفە گرێیەکانی سپڵ و کلافۆکەکانی گورچیلەی کرد. بەهۆی پشکینینی تەواوی دونیای ڕووەک و گیاندارانەوە، بوو بە کۆششکارێکی ماندوونەناس کە نازناوی دۆزەرەوەی ووردبینی توێکاری پێبرا. دواتر ئانتۆنیۆ ڤالساڤای (١٦٦٦-١٧٢٣) قوتابی هات و ئەسپی خۆی لە مەیدانی توێکاری و فەسلەجەی گوێدا تاودا. کتێبێکی بە ناونیشانی (لەبارەی گوێی مرۆڤەوە) نووسی و بەهۆیەوە ناوبانگی پەیداکرد. هارڤی زۆر بابەتیانە و زانستیانە سروشت و میکانیزمی سووڕی خوێنی خستەڕوو، بەڵام باسی لە هۆکاری دروست بوونی سووڕی خوێن نەکرد. ڕوانینی باو ئەوە بوو دڵ خوێن گەرم دەکات، پاشان لە نێو بۆریەکان هاتوچۆ دەکات و سارد دەبێتەوە. هارڤی ئاماژەیەکی کورتی بەو بابەتە داو وتی " نازانم داخۆ دڵ گەرمی یان ڕۆحیەت بە خوێن دەدات یان

داخۆ سووری خوێن بۆ مەبەستی ساردبوونەوە یان خۆراک پێدانی خوێنە "؟

ووردە ووردە چوار زانای گەنجی بلیمەتی ئۆکسفۆرد ئەم بابەتەیان یەکلاکردەوە، کە پێشووتر ناویان لە نێو دامەزرێنەرانی کۆمەڵگەی شاهانەدا هەبوو. هەریەکەیان کاری گەورەیان لە بواری فەسلەجەی هەناسەداندا کرد.

یەکەمجار بەڕێز ڕۆبەرت بۆیلی ( ١٦٢٧-١٦٩١) کوڕی ئاغای کۆرک هات و سامان و بەهرەی خۆی خستە خزمەتی زانست. لەڕێگەی تاقیکردنەوەی پەمپی هەواوە، ئەوەی خستە ڕوو " لەبۆشایدا مشک یان باڵندەی بچووک توانای ژیانیان نامێنێت و مۆمیش ناسوتێت .هەرچەندە ئەگەر سەرچاوەی هەواکە لەکاتی خۆیدا نوێ بکرێتەوە ، باڵندە یان گیاندارەکە ژیانی بۆ دەگەڕێتەوە. لەمەوە دەردەکەوێت هەوا بۆ ژیان و سووتانیش پێویستە".

ڕۆبەرت هووکی شارەزانی بواری ووردبین و یاریدەدەری بۆیل، کە ئێستا باسی دەکەین، سەلماندی ئەوە جووڵی هەوانیە بەتەنها بەڵکو هەوا خۆیەتی کە ژیانی لەسەر بەندە. چیدیکە سیەکان وەک ئەو دەمگایانە تەماشا نەدەکران دڵی ئاگرین سارد بکەنەوە. دوای لابردنی دیواری سنگ لەسەگدا، هووک هەندێک دەمگای لە ڕووی سیەکاندا کردەوەو پاشان لە ڕێگەی فووکردنە بۆری هەواوە، بە جۆرێک کە هەوا لە ڕێگەی دەمگاکانەوە تێپەڕی، توانی ڕێ لە مردنی سەگەکە بگرێت. خۆی ئەمەش یەکەمین تاقیکردنەوەی هەناسەدانی دەستکرد بوو.

دەی هێشتاش تێگەیشتنێک لە پەیوەندی نێوان هەواو خوێن نەهاتە ئاراوە. ئەم بابەتەی هەناسەدان دوو کەسی سکۆتلەندی کۆڕنیشی، لۆوەر و مایە یەکلاییان کردەوە. ڕیچارد لۆوەر(١٦٣١-١٦٩١) لە کتێبەکەیدا بەناوی (چارەسەری دڵ) وتوویەتی " ڕەنگی ڕووی کلۆخوێنی تازە کاتێک هات و چۆ دەکات و هەوای بەردەکەوێت، دەبێتە سووری تۆخ. ئایا ئەم گۆڕانی ڕەنگی خوێنە ڕوودەدات کاتێک خوێن بەناو سیدا هات و چۆ دەکات"؟ لۆوەر ئەزموونەکەی هووکی دووبارە کردەوەو هەر هەمان شتی بۆ دەرکەوت. بۆشی دەرکەوت لەکاتی وەستاندنی هەناسەدانی دەستکردا، خوێنی ناو سیەکان ڕەش و ژەهراوی دەبن و کاتێکیش هەناسەدانەکە دەست پێدەکاتەوە، دووبارە خوێنەکە ڕەنگی دەبێتەوە

سووری تۆخ. سەرباری ئەمەش هەندێک خوێنی ڕەشی لە خوێنهێنەری بەتاڵەوە وەرگرت و لەڕێگەی سیەکانەوە هەڵی پژاند. بۆی دەرکەوت ڕەنگی وەک ڕەنگی خوێنی خوێنبەر بوو بە سووری تۆخ. ئەنجامی ئەو دوو تاقیکردنەوەیەش بۆ ئەوە بوو بسەلمێنرێت چوونە ناوەوەی هەوای پاکژ بۆ ناو خوێن بۆ بەردەوامی ژیان پیویستە. گەر وانەبووایە، لە پیسترین زیندانـدا هاوشێوەی دلڕفێنترین سەوزایی دەمانتوانی هەناسە بدەین. لۆوەر یەکەمین کەس بووە کرداری خوێن گواستنەوەی لە نێوان گیاندارانـدا ئەنجامدابێت. ئەمەش ڕێی بۆ ئەو هەوڵانەی گواستنەوەی خوێن لە گیاندارانەوە بۆ مرۆڤ وەک هۆکاری بووژانەوەی دوای خوێن بەربوون، خۆش کرد. هەروەک پێشبینی دەکرا ئەنجامەکان مایەی دڵخۆشی نەبوون چونکە هیچ لەبارەی لەناوچوونی خڕۆکە سوورەکان و کۆمەڵەکانی خوێنەوە نەدەزانرا.

لۆوەرپێی وابوو هەڵتۆقینی زیادی چڵمی لووت، کە بەهۆی هەڵامەتەوە دروست دەبێت، لەڕێگەی پەردەی چڵمی لووتەوە سەرهەڵەدا نەک لە ڕێگەی پاک بوونەوەی مێشکەوە هەروەک پێشووتر وابڕوا دەکرا. ئەم سەلماندنەش بۆ زانستی پزیشکی گرنگ بوو.

دواین فەسلەجەناسی ئەم زانکۆ نایابەی ئۆکسفۆرد جۆن مایۆیە (١٦٤٣-١٦٧٩). لە تەمەنی سی و شەش ساڵیدا زۆر کاری گەورەی کرد و کتێبێکی بەناوی ( پێنج بەرهەمی چارەسەری پزیشکی فیزیکی) نووسی، کە بە بەرهەمێکی پزیشکی کلاسیکی دادەنرێت. مایۆ پێش ئەوەی خولیای زانستی پزیشکی بێت، پارێزەربوو. پێدەچێت ئەمەش وای لێکردبێت تاڕادەیەک بە ووردی و ڕوونی بنووسێت. پێداچوونەوەی بەتەواوی کاری هەناسەدان کرد و کاری گەورەشی لەو بوارەدا کرد.

باسی میکانیزم وجووڵەی هەناسەی لە ڕێگەی ماسوولکەکانی نێوان سک و سنگ و پەراسووەکان و هەروەها قۆناغی نسکەنسکردنی جووڵەی ناچالاکی هەناسە کرد. ئەمەش تا ئەمڕۆ هەر سوودی خۆی هەیە. لەبارەی هۆکاری هەناسەدانەوەوە، دیاربوو بەلای مایۆوە "هەندێک لە پێکهێنەرە پێویستیەکانی

هـەوای ژیـان لـە کاتـی هەناسـەداندا دەچنـە نـاو خوێنـەوە. هەمووی هـەر پەیوەندی بـە هـەواوە نیـە چونکـە کاتێـک گیانداریکـی بچـووک یـان مۆمێکـی داگیرسـاو لـە یـەک دەفـردا دادەنرێـن، مۆمەکـە دەکوژێتـەوەو گیاندارەکـەش دەمرێـت لەگـەڵ ئەوەشـدا هەواکـە دەمێنێتـەوە. شـتێکی پێویسـت لەنـاو هەواکـەدا هەیـە، کـە وا لـە مۆمەکـە بـکات بگرێـت و واش لـە گیاندارەکـەش بـکات بـژی. سـووتان و هەناسـەدان وەک یـەک وان". لـەو کاتـەدا ئـەو مادەیـەی سـەرنجی کیمیاگەرانـی ئـەو سـەردەمەی ڕاکێشـابوو نیتراتـی پۆتاسـیۆم بـوو. ئـەو پێکهێنـەرەی بـارووت خـۆی بـۆ خـۆی مادەیەکی گڕگرتـوو نەبـوو، بـەڵام لەبۆشـایدا زۆر دەسـووتا کاتێـک لەگـەڵ گۆگـردا تێکـەڵ دەکـرا. لـەو تاقیکردنـەوەی سـەرەوەدا، مۆمەکـە یـان گیاندارەکـە وێنـەی گۆگردەکـە دەنوێنێت. هـەروەک مایـۆ ئامـاژەی بـۆ دەکات "سـەرچاوەی نیتراتەکـە ئـەو تەنۆچکـە گڕگرتووانـە بـووە هەوایـان تیادابـووە و بـۆ ژیانیـش پێویسـت بـووە. کاتێـک هەناسـەدانەکە تـەواو دەبـوو، گەردیلەکانـی نیتراتەکـە سـەرچاوەیان نەدەمـا. دڵێـش لـە لێـدان دەوەسـتاو ئەمـەش دەبـووە هـۆی مـردن". خـۆی مایـۆ ئۆکسـجینی دۆزیـەوە، هەرچەنـدە نازنـاوی دۆزەرەوەی پـێ نەبـڕا تـا دوای زیاتـر لـە سـەدەیەک دووبـارە جۆزیـف پریسـتی ئۆکسـجینی دۆزیـەوە. کارە مەزنەکانـی مایـۆ لـە بـواری فەسـلەجەدا هـەر لەبیـر ناکرێـن. دەی ناویشـی لەناوەندەکانـی توێژینـەوەی زانسـتی پزیشـکی، هەمیشـە وەک ئەسـتێرەی درەوشـاوەیە.

## ووردبین ناسە زۆر کۆنەکان

ماڵپیێچـی بـە بەکارهێنانـی ووردبیـن کارەکـەی هارڤـی گەیانـدە ئامانجـی خـۆی. پێدەچێـت پێشـەنگەکانی کـۆن بـەم ئامێـرە ئاشـنا بـوو بـن، هەرچەنـدە بەڵگـەی یەکلاییکـەرەوە لـەو بـارەوە نیـە. کۆنتریـن ووردبیـن لـە ئاسـتەم بینێکـی (عەدەسـە) جـووت قووچەکـی سـادە دروسـت کـراوە. ڕۆجـەر بیکـۆن یەکەمجـار پێشـنیاری بەکارهێنانـی ئاسـتەم بینـی لـە جێگـەی چاویلکـە کـرد. ماڵپیێچـی و لیڤانهۆکیش ئاسـتەم بینـی سـادەیان بەکارهێنـا. زەکەریـاز جانسـی، چاویلکەسـازی هۆڵەنـدی، بەڕێکـەوت لـە دەوروبـەری سـاڵی ١٦٠٩ دا لـە ڕێگـەی دانانـی دوو ئاسـتەم بیـن لـە بۆریەکـدا بنەمـای دروسـت کردنـی تەلەسـکۆب و ووردبینـی دۆزیـەوە.

گالیلۆ ئـەم دۆزینـەوەی خسـتە بـواری کرداریـەوە، بـەڵام ئامێرەکـە بـۆ چەنـد سـاڵێک هـەروەک گەمـە منداڵانـە تەماشـادەکرا. ئاشـانا سـیۆس کریچـەری (١٦٠٢-١٦٨٠) پرۆفیسـۆری فەسـلەجە لـە وزبـۆرگ، یەکـەم کـەس بـوو وردبینـی بـۆ لێکۆڵینـەوەی نەخۆشـی بەکارهێنابێـت . پشـکنینی خوێنـی تـووش بوویەکـی بـە تاعـوون کـردو گەلێک کرمـی بچووکی دۆزیـەوە، کـە ئاسـاییانە بەچـاو نەدەبینـران. دەووترێـت ئـەوەی کریچـەر دیویەتـی کۆمەڵێـک خرۆکـەی سـووری خوێـن بـووە چونکـە بـە ئاسـتەم بینـی وەهـا ئاسـت نـزم ناکرێـت بەکتریـای چیلکەیـی نەخۆشـی تاعـوون ببینرێـت. دەی هەوڵەکەشـی بەرهەمـی هەبـوو چونکـە ئەوەشـی سـەلماند نەخۆشـیە درمیـەکان لـە ڕێگـەی زینـدەوەرە زۆر بچووکەکانـەوە دەگوازرێنـەوە.

فراکاسـتۆریەس هەمـان ڕوانینـی پەرەپێدا، بـەڵام هیـچ بەڵگەیەکـی وەچنگ نەکەوت تـا پاڵپشـتی پێبـکات. یەکێـک لەمەزنتریـن وردبیـن ناسـە سـەرەتاییەکان مەزنـەکان ڤـان لیڤانهۆکـی(١٦٣٢-١٧٢٣) بـازرگان بـوو. بەهـۆی خـۆش گوزەرانیەکەیـەوە، نـەوەد سـاڵی ڕەبەقـی لەژیانـی بـۆ لێکۆڵینـەوەی وردبیـن تەرخـان کـرد. لیڤانهـۆک ئاسـتەم بینەکانـی خـۆی ووردو خـاش کـردو وردبینـی خـۆی دروسـت کـرد. زیاتـر لـە دوو سـەد دانـەی بـۆ خـۆی دروسـت کـرد، هەرچەنـدە ئاسـتەم بینـی سـادەی بەکارهێنـاو تەنهـا ١٦٠ دانەیـان توانـای گەورەکردنـی هەبـوو . زۆر توێژینـەوەی بایەخـداری ئەنجامـدا. کۆمەڵگـەی شـاهانەی پزیشـکی هەندێکیانـی وەرگێـڕاوەو بڵاویکردوونەتـەوە چونکـە لیڤانهـۆک جگـە لـە هۆڵەنـدی هیـچ زمانێکـی تـری نەدەزانـی. لەڕێگـەی دۆزینـەوی موولوولەکانـی خوێـن لـە کلکـی سـەرەمێکوتەدا کارەکـەی ماڵپیچـی بەرفراوانتـر کـرد و خڕۆکـە سوورەکانی خوێنی دۆزیـەوە. بۆی دەرکـەوت ئـەو خڕۆکانـە لەماسـی و ووشـکاوەکیەکاندا شـێوە هێلکەیـن و لەمـرۆڤ و شیردەرەکانیشـا شـێوەیان خـڕە. هەروەهـا باسـی لـە میلدار(هێـڵ هێـڵ) بوونـی ڕیشـاڵە ماسـوولکەییکان، پێکهاتـەی ئاڵـۆزی چـاوی مێـرووەکان و زۆرێـک لـە مێش و مەگـەزی گۆمـە پەنـگ خواردووەکانـی کـردووە، کـە قوتابیـان زۆر پێـی ئاشـنان. گەورەتریـن خزمەتـی ئـەم زانخـوازە کۆششـکارە بـە زانسـتی پزیشـکی کردبێـت، وەسـفی کردنـی بەکتریـاو زینـدەوەرە تـاک خانەییـەکان بـووە. پشـکنینی بـۆ ئـەو گیـراوە سـپیەی لەسـەر دانەکانـی دایانبـوو کـرد و بینـی زینـدوەوەرە بچووکـەکان

ژمارەیـان لـە ژمـارەی هەمـوو دانیشـتوانی هۆڵەنـدا گەلێـک زیاتـرەو زۆر دڵگیرانـە دەجووڵان. لیڤانهۆک هـەر سـەردانی لەندەنی نەکردبوو، کەچی لەساڵی ١٦٨٠ دا کردیـان بـە ئەندامـی کۆمەڵگـەی شـاهانەی پزیشـکی.

پێشـەنگێکی تـری بـواری ووردبینـی کـە ئەویـش هۆڵەندیـە یـان سـوامێردامی(١٦٣٧-١٦٨٠) خەڵکـی ئەمسـتەردام بـووە. کەسـێکی نەخـۆش بـووە، بـەڵام تـا بڵێـی چـالاک بـووەو بـەو تەمەنـە کورتـەی گەلێـک بەرهەمـی بەپێـزی هەبـووە. خـۆی بەرهەمەکانـی لەبـارەی پێکهاتـەی مێرووەکانـەوە بـووە و هەندێـک توێکاری نایابی ئەندامـە ناوەکیەکانـی هەنـگ، پوشـکە بەقنـەو گەلێـک جـۆری تـری گیاندارانی، کردووە. دەست نووسـەکانی، کـە بەوێنـەی نـاوازە ڕازێنرانەتـەوە، چەند ساڵێک دوای مردنی بڵاوکراوەتـەوە. بۆیرهاڤی هۆڵەندیش خەرجی بڵاوکردنـەوەی هەندێکیانـی لەژێـر ناونیشـانی (ئینجیلـی سروشـت) لـە ئەسـتۆ گـرت.


ئـەم کتێبە زۆرترین توێژینـەوەی تیایـە، کە تاکە توێژەریک لەبـارەی ووردبینـەوە ئەنجامـی دابێت. هـەر لـەو سـەردەمەدا لـە بەریتانیـادا، ووردبیـن ناسـەکان میتـۆدی نوێیـان خسـتەڕوو. کۆنتریـن و لێهاتووترینیـان ڕۆبـەرت هوکـی (١٦٣٥-١٧٠٣) سـەرۆکی کۆمەڵـگای شـاهانە ی پزیشـکی بـوو. کتێبێکـی بەنـاوی (وێنۆچکـە) (Micrographia ) نووسـیووە، کـە بـە بەرهەمێکـی کلاسـیکی پزیشـکی دادەنرێـت. مەگـەر وێنـە ڕوون کەرەوەکانـی بەرهەمەکانـی سـوامێردام هێنـدەی وێنـە ڕوون کەرەوەکانی ئـەم کتێبـە جوان بن. لەباس کردنی بەشـێکی دەمەوانـەدا، کـە زیاتـر لـە شـانەی هەنـگ دەچێت، یەکـەم کـەس بووە ووشـەی ( cell) (خانـە) ی بەکارهێنـاوە. بـەم جـۆرە بـەر لـە چەنـد سـاڵێک پێشـبینی تیـۆری خانـەی لای ڤێرچـۆ کـرد. ئەوەشی خستەڕوو " نووکی دەرزی لەژێر ووردبینـدا کۆمەڵـە کون و ڕووشـاوی تیادایـەو دەمـی گوێزانـی تیژیـش وەک کێڵگـەی کێڵـراوی پڕ لـە شـەق و کەلێنـە".

زۆرێک لە نیگارەکانی لەبواری زیندەوەرزانـی ڕووەک و مێرووەکان دووبـارە بەشـێوەی وێنەی نموونەیی نەخشـێنراونەتەوە. نیهمیا گروو (١٦٤١-١٧١٢) لەبواری ووردبینی ڕووەکیدا ئەسـپی خـۆی لـە میدانەکـەدا تـاودا. گروو پزیشـکێکی لەندەنی و سـکرتێری کۆمەڵگـەی شـاهانە پزیشـکی بـووە. لـە کتێبەکەیـدا بەنـاوی (توێـکاری

ڕووەکـەکان)، لـە پێکهاتـەی دەفرئاسـای ڕووەکـەکان کۆڵیوەتـەوە و وتوویەتـی ڕووەک لـە گیاندار دەچێت و بۆشـی دەرکەوتـووە ڕووەکەکانیش ڕەگەزیان هەیە. لـە کتێبەکەیدا گەلێک وێنـەی ڕازێنراوی جـوان هـەن.



تۆماس هارڤی لێکۆڵینەوەکانی لەسەر ئاسک نیشانی شا چارڵزی یەکەم دەدات.




ووردبینەکەی ڤان لیڤان هۆک



ووردبینەکەی ڕۆبەرت هووک

## ڕێکخراو گۆڤارە پزیشکیەکان

باسمان لە کۆمەڵگەی شاهانەی پزیشکی کرد، کە ڕێکخراوێکی زانستی بوو لە سەدەی حەڤدەیەمدا دامەزرا. ئیتاڵیا ڕۆڵی باڵای گێڕا، کاتێک لەساڵی ١٦٠٣ دا فیدریگۆ سینسی ڕۆشنبیرو خانەدان لە ڕۆما ئەکادیمیای زانستی ( Dei Lincei) دامەزراند .ئەم ڕێکخراوە فرەچالاکەی زانایان کۆششی بۆ چارەسەکردنی زۆر کێشە کرد. گالیلۆش یەکێک بوو لە ئەندامە سەرەتاییەکانی ئەم ڕێکخراوەکە. لەپاریس ئەکادیمیای زانستی دامەزرێنراو لەساڵی ١٦٦٦ بە هاوکاری کۆلبێرتی وەزیری لویسی چواردەیەم، پشتگیری شاهانەی پێ بەخشی. ئەم ئەکادیمیایەش گەلێک بەرهەمی زانستی گرنگی بڵاوکردەوە. لەشاری هالی ئەڵمانیاشدا ئەکادیمیای زانستی لیۆپۆڵدینا لەساڵی ١٦٥٢ دامەزرێنرا.

بەناوبانگترینی ئەو ئەکادیمیانەش، کۆمەڵگەی شاهانەی پزیشکی بوو. لەساڵی ١٦٤٥ دا بەشێوەیەکی زۆر ئاسایی دەستی بەکارکردن کرد، کاتێک کۆمەڵێک لە زانایان ڕێکخراوی (Invisible College ) یان دامەزراند، کە بۆ گفتوگۆکردن لە ماڵی ئەندامەکان پاشان لە پەیمانگای گرێشام کۆبوونەکانیان ئەنجامدەدا. ئەمەش هەندێک جار بێ مەترسی نەبوو چونکە کڵێسا چاودێری دەکرد. دوای چەند ساڵێکی کەم کۆمەڵێک لە زانایانی ئۆکسفۆرد، کە زۆربەی هەرە زۆریان فەسلەجەناس بوون، بەمەبەستی بەرەوپێش بردنی بوارەکەیان کۆبوونەوەیان ئەنجامدەدا.

تۆماس ویلیش، فرانسیس گلیۆن، ڕیچارد لەوەر، ڕۆبەرت بۆیل، هووک، جۆن مایۆ و کریستۆفەر ڕێن، کۆمەڵێک بوون لەو زانایانە. هەموو ئەو زانا مەزنانەی لە ڕێگەی بەرەوپێش بردنی زانستە سروشتیەکانەوە ئامانجی کۆمەڵگەی شاهانەی پزیشکیان بەدیهێنا. دواجار پاشا چارڵسی دووەم باوەڕنامەی شاهانەی بەخشی و لەساڵی ١٦٦٣ دا و لەو کاتەدا کۆمەڵگەی شاهانە چالاکانە دامەزراو دوای دوو ساڵ دەستی بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری زانستی (Philosophical Transactions) کرد. کۆمەڵگەی شاهانە بەرپرسیارێتی گەلێک بڵاوکراوە، لەنێویشیانا کتێبی (بنەما لۆژیکیەکانی فەلسەفەی سروشتی) ئیسحاق نیوتنی، لەئەستۆگرت. ئەم کتێبەش چاکترین کتێبی بواری فیزیایە، کە لەوکاتەی ساموێل پیپی سەرۆکی ڕێکخراوەکە

بوو لەساڵی ١٦٨٧دا، چاپ کرا.

لەلایەکەوە وا بروا دەکرا گۆچانەکەی کۆمەڵگەی شاهانە وەک گەمە مناڵانە بێت، کە لە پەرلەماندا کەوتە بەر تانەو تەشەری ئۆلیڤەر کرۆمویڵ، بەڵام ئەم بەسەرهاتە خۆشە هێشتا پشت ڕاست نەکراوەتەوە. هەر لەو سەردەمەدا مۆزەخانەو باخچەی تایبەت بە ڕووەکناسی هەبوو کە خەڵک ڕووی تێدەکردن. لە نموونەی ئەو باخچانەو بەناوبانگترینیان باخچەی ڕووەکی پاریس بوو، کە کاردینال ڕیشیلێو لە ساڵی ١٦٢٦ دا بنیاتینا. خۆی هەموو زانکۆیەکی پزیشکی باخچەی ڕووەکی بۆ چاندنی ڕووەکە پزیشکیەکان هەبوو.

بەڕێز ڕۆبەرت سیبالدی پزیشکی پێشەنگی ئێدنبرە، مکوڕ بوو لە سەر دامەزراندنی زانکۆی شاهانەی پزیشکانی ئێدنبرە و بنیاتنانی باخچەیەکی ڕووەکی پزیشکی، کە یەکەمین بوو لەو باخچانەی لەناو یان نزیکی شار بنیات نران. لە لەندەن بەڕێز هانس سکۆئان باخچەیەکی ڕووەکی پزیشکی لە چێڵسیدا هەبوو، کە لەساڵی ١٧٢٢دا پێشکەشی (کۆمپانیایەکی دەرمانی کرد ) و ئێستاش ماوە.

ئەرکی سەرەکی مۆزەخانەی بەریتانی کۆکردنەوەی بەرهەمەکانی کۆمەڵگای شاهانەی پزیشکی بوو. لەساڵی ١٦٧٦دا ئەم ئەرکە بە مۆنتاگ هاوس سپێرا، کە بەڕێز ڕۆبەرت هووک بۆ ئەو ئەرکەی بنیاتینا بوو. دواتر بەڕێز هانس سلۆئانی (١٦٦٨-١٧٥٣) پزیشکی بەناوبانگ، کە لە بلومێزبێری و دواتر لە چێڵسیدا ژیاوەو پزیشکی شاژنە ئان بووەو زیاتر لە شەقامێکی لەندەن بەناوی ئەوەوەیە، لە هیندی ڕۆژئاوا لە کاریبی کۆمەڵێکی زۆر ڕووەک و گیانداری بۆ هێنا. دوای بەڕێز ئیسحاق نیوتنیش بوو بە سەرۆکی کۆمەڵگەی شاهانەی پزیشکی.

هەر لەسەدەی سەدەی حەڤدەیەمدا دەستکرا بە بڵاوکردنەوەی گۆڤارە پزیشکیەکان. زانایان لە زۆر شوێنی دونیاوە لە گۆڤاری زانستی (Philosophical Transactions ) کۆمەڵگەی شاهانەی پزیشکی دەیانووسی. پێش ئەوە لەساڵی ١٦٦٥ دا گۆڤاری زانایان هەبوو، کە یەکەمین گۆڤاری زانستی بووە بەزمانی ناوبازاڕی بڵاوکراوەتەوە.

هەروەها نیکۆلاس بلێنی (١٦٥٢-١٧٢٢) نەشتەرگەری لویسی چواردەیەم و ماریا ترێزای شاژن، یەکەمین گۆڤاری پزیشکیان بەناونیشانی (دۆزینەوە نوێیەکانی بوارە پسپۆڕە جیاوازەکانی پزیشکی)، دەرکرد. دوای ئەوە گۆڤارێکی تری پزیشکی بەزمانی ئینگلیزی بەناونیشانی (Medicina Curiosa) دەرکرا. ئەم گۆڤارە تەنها ماوەیەکی کورت هەبوو و دوو ژمارەشی لێدەرکرا. لەبەشی دواتردا بە درێژی باسی زۆر بوونی گۆڤارە پزیشکیەکان دەکەین.




سانکتۆریۆس لەسەر ئامێری هاوسەنگیەکەی دانیشتووە. ئەم وێنەیە بەرگی کتێبی(acitatS anicideM)یە.



وێنەیەک کە شێوازی توێکاریمان پیشان دەدات کە لە یەکێک لە بەرهەمەکانی فریدریک ڕویچی ڕووەکناس و توێکارزانی هۆڵەندییەوە وەرگیراوە

## لەیدینی ناوەندی پزیشکی

باسمان لە سوامێردام و لیڤانهۆک کرد، کە دوو زانای پێشەنگی هۆڵەندی بوون لەبواری ووردبینیدا. دیارە ئەم دوو زانایە هیچ کامیان کاری پزیشکیان نەکردووە. دەی زانکۆی گەورەی پزیشکی لەیدین پێش ئەو سەردەمە دامەزرا. لەساڵی ١٥٧٥ دا پاشا ویلیامی سێ یەم ویستی خەڵاتی دانیشتووانی شاری لەیدین بکات لەبەر بەرگریە قارەمانەکە و سەرکەتنەکەیان بەرامبەر ئیسپانیەکان، کە لەشەڕەکەی ساڵی پێشوودا تۆماریان کردبوو. داوای لێکردن لە نێوان هەڵگرتنی باج بۆ ماوەی دە ساڵ و دامەزراندنی زانکۆیەک یەکێکیان هەڵبژێرن. ئەوانیش ژیرانە ئەوەی دووەمیان هەڵبژارد و ئەمەش بووە مایەی خۆشحاڵی. لەو کاتەدا چاکسازی ئاینی وای کرد ئاستی جەماوەری لە ناوەندەکانی فێربوون لە ئیتاڵیاو فەڕەنسادا و لە زانکۆی لەیدیندا کەم بێتەوە. زانکۆی لەیدین دامەزراوەیەکی مەسیحی پڕۆتێستانتی بوو، کەچی بۆ هەموو قوتابیەکی پڕۆتێستانتی، کاثۆلیکی و جوو وەک یەک کراوە بوو. بەفەرمانی پاپا، ئەوانەی کاثۆلیکی نەبوون لە زانکۆکانی ئیتاڵیادا دەرکران. زانکۆی پادواش لە ڕێگەی دامەزراندنی زانکۆیەکی تر بۆ ئەوانەی پەیرەوی کاثۆلیکی نەبوون، فەرمانەکەیان ژێر پێ خست و وەها کردارێک شکۆی ڕێنیسانسی ئیتاڵی شکاند، کە لەو کاتەدا زوو بەرەو لەناو چوون دەڕۆشت. ناوەندی فێربوونی پزیشکی لە یۆنانەوە بۆ سالێرنۆ و پاشانیش لە سالێرنۆوە بۆ مۆنبیلیە و دواجاریش بۆ پادوا گوازرایەوە. تا دەهات قوتابی لە گەلێک لە وولاتانی ئینگلتەرا، سکۆتلەندا، ئیرلەندا و تەنانەت ئەمریکاش ڕوویان لە زانکۆی پزیشکی لەیدین دەکرد. جۆن جەیمز یەکەمین قوتابی ئینگلیزی وەرگیراو بووە، کە دواتر بووەتە پزیشکێکی دیاری شاری لەندەن. لاتینی زمانی خوێندنی زانکۆی لەیدین بوو، بەمەش ئەم زانکۆیە لە جیهاندا ناوبانگی دەرکرد. لە لەیدین گەلێک توێکارزانی ناودار وانەیان دەووتەوە. فرانسیسکۆس سیلڤیەسی(١٦١٤-١٦٧٢) توێکارزان، مامۆستای خۆشەویست و دۆزەرەوەی قڵیشەی سیلڤیەس لە مێشکدا لەوێ وانەی وتووەتەوە. دواتر زیاتر باس لەمە دەکەین. هەروەها گۆڤێرت بیدلۆش

(١٦٤٩-١٧١٣) لەوێ مامۆستا بووە، کە ئەتڵەسێکی ناوازەی لەسەر توێکاری هەیە. ئەوەی جێی داخە ویلیام کاوپەری توێکارزانی ئینگلیز، ئەم ئەتڵەسەی دزی.

پیتەر پۆ (١٥٦٤-١٦١٧) یەکێک لە بەهرەمەندترین پرۆفیسۆرەکانی زانکۆی لەیدین بوو. لە پادواو پاریسیشدا قوتابی فابرسیۆس بوو. لە گەڕانەوەیدا بۆ زێدی خۆی بووە بە بەڕێوەبەری باخچەی ڕووەکناسی و پرۆفیسۆری توێکارزانی. ڕۆڵێکی دیاری لەدامەزراندنی بەشی توێکارزانی زانکۆی لەیدیندا هەبوو.

دەووترێت لەماوەی بیست و دوو ساڵ کارکردنی وەک مامۆستا، توێکاری بۆ شەست جەستە کرد. ئەمەش بۆ ئەوسەردەمە کارێکی ناوازە بوو. پۆ پێشەنگی بواری مرۆڤناسیش بوو و لە زانستنامەکەشیدا لەسەر ئێسکناسی، باسی جیاوازی کاسەی سەری زۆر ڕەگەزی جیاوازی مرۆڤ کرد. کاری پزیشکیشی کردووەو لەکاتی بڵاوبوونەوەی تاعوندا زۆر شێلگیرانە کاری کردو باسێکی لەسەر نەخۆشیەکەش نووسی، کە دوای مردنی بڵاوکراوەیەوە. شایانی ئەوەیە وەک یەکێک لە مەزنترین کەسایەتیەکانی زانکۆی لەیدین ناوی بهێنرێت.

فریدریک ڕویچ (١٦٣٨- ١٧٣١) توێکارزانێکی تری زانکۆی لەیدین بووە. لەڕێگەی کوتانی بۆریەکانی خوێن بە مادەیەک کە لەگەڵ ساردبوونەوەیدا ڕەق دەبوو، میتۆدێکی پاراستنی جۆرەکانی توێکاری داهێنا. ژمارەیەکی زۆر لەو مادانە هەبووەو بە شێوازێکی زۆر جوان زیادیان کردووەو لەنێو کابینەکاندا ڕێک خراون و بە ڕووەک و شیلانەی ووشک ڕازێنراوەتەوە. دواجار ئەمانەش بە قەیسەر پیتەری مەزن فرۆشراون.

نیکۆلاس تولْبی (١٥٩٣-١٦٧٤) پزیشکی هۆڵەندی، دیارترین توێکارزانی هۆڵەندیە وەک دیارترین کەسی لە ناو وێنەکەی ڕێمباندتدا بەناوی (وانەیەکی توێکاری) دەبینرێت. تولْب یەکەم کەس بووە باسی نەخۆشی

بەری بەری[58] لە کاریبیدا بکات. نیگارکێشە هۆڵەندیەکان شەیدای دیمەنەکانی توێکاری بوون. بەزۆری پزیشکە ئاساییەکانی وەک دانهەڵکێشە گەڕۆکەکان و ئەو پزیشکە قۆڵبڕانەی بەردی درۆینەیان لە مێشکی قوربانیەکانیان دەردەهێنا، بوو بوونە کەرەستەی تابلۆ و نیگارەکانیان. ( پزیشکی ددان، هاموشۆی دکتۆر) لەنموونەی نیگارەکانی یان ستینی نیگارکێشی بەناوبانگە. لەم سەدەیەدا زانستی توێکاری لە وولاتانی تریش هەر زۆر پێش کەوت. بارثۆلین، ستێنسن، ویرسونگ، برونەر، پاشێونی، پەیەیەر، ڤیوسێنس، وارتۆن، مەییۆم و شنایدەر لە یادگەی ئەو خوێنەرانە دەمێننەوە، کە توێکارزانی لە ڕێگەی لوولەو لیمفە گرێ و هەندێک پێکهاتەی تری توێکاری بە ناوی دۆزەرەوەکەیانیانەوە فێردەبن.

ڕیگینەر دو گراف (١٦٤١-١٦٧٣) فەسلەجەناسێکی مەزنی هۆڵەندی بوو. ڕیگینەر سیکڵدانۆچکەی گرافی[59] هێلکەدانی دۆزیەوەو توێژینەوەی لەسەر دەردانی لیک و زەرداویش ئەنجامدا. هێندرێک ڤان دێڤێنتەری (١٦٥٧-١٧٢٤) پێشەنگی پزیشکی زانگەری بوو و لەشاری هاگ کاری دەکرد. یەکەمین کەسیش بووە لێکۆڵینەوەی لە جۆرە جیاوازەکانی حەوزی مێینەو کاریگەریەکانیان لەسەر کارکردن کردووە. لەبەشی دواتردا باس لە پەیوەندی نێوان زانکۆی لەیدین و ئێدنبرە دەکەین.

٥٨ جۆرە نەخۆشیەکە بەهۆی کەمی وەرگرتنی ڤیتامین B-1 لە خواردەمەنیدا پەیدا دەبێت .ئەم نەخۆشیە دوو جۆری هەیە ، تەڕ و ووشک. جۆری تەڕەکەی کاریگەری لەسەر دڵ و هەناسەدان دەبێت.لە حاڵەتی توونددا ئەم جۆرە لەوانەیە ببێتە هۆی ناکام بوون یان پەک کەوتنی دڵ .جۆری ووشکەکەی زیان بە دەمار دەگەیەنێت و لەوانەیە ببێتە هۆی کەم هێز بوونیشی .دواجاریش لەوانەیە ببێتە هۆی ئیفلیج بوونی دەمار .ئەم نەخۆشیە گەر چارەسەر نەکرێت ، مەترسی لەسەر ژیان دروست دەکات.
٥٩ سیکڵدانۆچکەیەکی خڕی بچووکە کەوتۆتە ناو چینی توێکڵی گەرادانانەوەو گەرا (هێلکۆکە) یەکی لەناودایە.

# بەشی یانزەیەم

## زانست و خورافیات :گەڕان بەداوی سەرچاوەی نوێدا

وێڕای کارە ناوازەکانی هارڤی، توێکارزانە هۆڵەندیەکان، ووردبین ناسە پێشەنگەکان و فەسلەجەناسە لاوەکانی ئۆکسفۆرد، پێویست دەکات لەبەر چەند داهێنانێکی تر چاوێکی تر بەم سەدەیەدا بخشێنین و هەر بەکورتی لێی بکۆڵینەوە. لەم سەدەیەدا کۆمەڵێک توێژەری زۆر شارەزا هاتنە مەیدان. هەندێکیان هەوڵیاندا هەموو دیاردەکانی تەندروستی و نەخۆشی لەسەر بنەمای مادی لێک بدەنەوە.

لەناوەڕاستی ئەم سەدەیەدا، چاکسازیەکی زۆر چاک لە بە تیۆرکردنی وانەکانی تۆماس سیدینهام ئەنجامدرا. سیدنهام بانگەشەی گەڕانەوەی بۆ میتۆدەکانی هیپۆکرات دەکرد و ئەوەی بە بیری پزیشکەکان دەهێنایەوە زانستی پزیشکی هەر بەتەنها زانست نییە، بەڵکو هونەریشە. هێشتاش کەڵکەڵە و خەیاڵ پڵاوی لە زانستی پزیشکی ئەو سەردەمەدا مابوو. ڕیچارد وایزمانی نەشتەرگەری پێشەنگی سەردەمی خۆی، باوەڕی بە کاریگەی دەست لێدانی شاهانە[60] بۆ چارەسەری

٦٠ ئەمەش دەست پیاهێنانی پاشاکان بووە بە جەستەی ئەوانەی بەتایبەتی تووشی نەخۆشی گەروەخرە (سیلی لووی لەمفاوی ژێرمل) بوون تا چارەسەر ببن .

نەخۆشی دەردەباریکە هەبوو. تەنانەت زانای پایەدار تۆماس براونی، هەر زۆر بڕوای بە کاری ژنە جاووگەرەکان هەبوو. ئێستا با زۆر وودتر هەریەکە لەو باسانەی سەرەوە شەن و کەو بکەین.

## جەستەی مرۆڤ :ئامێرە یان لوولەی تاقیکردنەوە؟

لەسەرەتای سەدەی حەڤدەیەمدا دوو ڕوانینی سەیر لە زانستی پزیشکیدا هەبوو. لەو سەردەمەدا خواستێکی میللی بۆ وەلاوە نانی ڕابردوو هەبوو، تا بیرە بەسەرچووەکان بە بیری نوێ جێیان بگیرێتەوە.

هەندێک لەو بیرانە لەگەڵ عەقڵدا یەکانگیر نەبوون و کە بەکرداری دەکران بەرهەمیان نەدەبوو. دەی ئەوانە زیاتر وەک بەردی بناغەی ژیری بوون، جالەبەر ئەوە دەکرێت لە هەرباس و خواسێکی زانستی پزیشکی لەو سەردەمەدا دەربکەون. قوتابخانەیەکی پزیشکی وەک ئامێر لە جەستەی دەڕوانی و هەوڵی دەدا هەموو فرمانەکانی لەڕێگەی پزیشکی فیزیایی یان میکانیکیەوە ڕوون بکاتەوە. قوتابخانەکەی تر وەک کۆمەڵە کار یان کاردانەوەی کیمیایی لە ژیانی دەڕوانی و جەستەشی بە جۆرێکی لوولەی تاقیکردنەوە وێنا دەکرد. ئەم تیۆرەش ناوی چارەسەری کیمیایی بوو. هەروەک پێشتووتر باسمان کرد، دیکارت لایەنگری بۆچوونی چارەسەری فیزیکی مرۆڤ بوو و وەک ئامێر لەمرۆڤی دەڕوانی. خۆی دیکارت سەرەتا فەیلەسووف بوو و بە ڕێکەوتیش بوو بە فەسلەجەناس.

سانتۆریۆ سانتۆریۆ(١٥٦١-١٦٣٦) یەکێک بووە لەو یەکەمین چارەسەرکارە فیزیاییانەی، کە بە دیزاینکردنی کۆمەڵێک ئامێری داهێنراو کۆششی کرد تا لە بواری پزیشکیدا خزمەت بکات. سانتۆریۆ یەکەمین گەرمی پێوی کلینیکی داهێناوە، کە دەردەرە[61] کانولایەک بووە بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆری هەوا. هەروەها ئامێری ترپە پێویشی داهێنا. دوای سەدەیەک بەڕێز جۆن فلۆیەریش هەمان ئامێرێ تری ترپە پێوی خستە ڕوو، کە لە کتێبەکەیدا بەناوی (ئامێری ترپە پێوی پزیشک) وەسفی کرد. بەناوبانگترین داهێنراوی سانکتۆریەس ئەو

٦١ ئامێرێکی نووکتیژە لەگەڵ کانولادا بۆ کونکردن یان دەرهێنانی ئاو لە بۆشاییدا بەکاردەهێنرێت.

ئامێری کێشانە یان تەرازووە بووە کە بەشێکی زۆری ژیانی بۆ تەرخان کرد. لەم تەرازووەدا دانیشتووە، نانی خواردووە و تەنانەت خەوتووشە. کێشی " ئارەقی نەبینراوی" خەملآندووە و زۆر گرنگیشی پێداوە. ئەنجامەکانی ئەم کارە پێشەنگە، کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن سازوچوو(مێتابۆلیزم) لە کۆبەرهەمی قسە نەستەقەکانیدا بەناوی (Medicina Statica ) خستەڕوو. ئەم کۆبەرهەمەش لەساڵی ١٦١٤دا بڵاوکراوەتەوەو سەدەیەک دواتر جۆن کوینسی وەریگێڕاوەتەوە سەر زمانی ئینگلیزی. سانکتۆریەس وتوویەتی "دەبێت ئارەق دەردان لە ئارەق کردنەوە جیابکرێتەوە. ئارەق دەردانی بەسوود ئەوە نیە لەگەڵ ئارەق کردنەوەدا ڕوودەدات، بەڵام ئەو هالاوە هەست پێ نەکراوە کە لە ڕۆژێکدا بە بڕی نزیکەی کیلۆ و نیوێک لە بۆشاییدا دەردەدرێت، ئەو ئارەق کردنەوەوەیە هەستی پێناکرێت و سروشتیەو نیشانەی ساغڵەمیە، بەڵام ئارەق دەردان بە پێچەوانەوەیە. ئارەق کردنی هەست پێنەکراو لەکاتی خەودا زیاترە وەک لە کاتی بیداریدا و بڕەکەشی نزیکەی کیلۆ و نیوێک دەبێت. ئارەق کردنەوەی هەست پێنەکراو جەستەی مرۆڤ سووکتر دەکات وەک لە بێهۆشکردنی". سانتۆریۆ زۆر سەرقاڵی ڕوانینەکەی بوو. حیکمەت نامەکەشی زۆر ووتەی ژیرانەی تیادایەو کتێبەکەشی یەکێکە لە سەرنجڕاکێشترین بەرهەمە پزیشکیە کلاسیکیەکان.

جیۆڤانی ئەلفۆنسۆ بۆڕێلی (١٦٠٨-١٦٧٩) کەسێکی تری سەر بە قوتابخانەی چارەسەری فیزیکە. بۆڕێلی زۆرجار وەک دامەزرێنەری ئەم قوتابخانەیە دادەنرێت و زیاتر لە سانتۆریۆس لە بەکرداریکردنی بنەماکانی میکانیکی چارەسەری کێشەکانی تەندروستی و نەخۆشی قاڵ بووە. لەشاری پیزای ئیتاڵیا پرۆفیسۆری بیرکاری بووەو هاوڕێیەکی گیانی بە گیانی ماڵپیچی بووە. لەو کاتەدا توێژینەوەی لەسەر جووڵەی گیانداران کردووە و کتێبە نایابەکەی بەناونیشانی (لەبارەی جووڵەی گیاندارانەوە ) نووسیووە. ئەم کتێبەش دوای مردنی بڵاوکراوەتەوە. وەک دیکارت شاژنە کریستیانی سویدی پاڵپشتی کردووە و دواتر لە ڕۆما نیشتەجێ بووە. کاری لەبواری جووڵەی میکانیکی و ستاتیکی جەستەدا کردووە و لە ڕێگەی ووردبینی بیرکاریانەوە مەزەندەی ئەو هێزەی کردووە، کە بەکاریگەری ماسوولکەکان و یاسا فیزیکیەکانەوە بەرفراوان

بووەو لە جوولەی گیاندارو فڕینی باڵندەدا هاتۆتە کایەوە. وتوویەتی" هەموو ماسوولکەیەک لەکاتی گرژبووندا قەبارەی زیاد دەکات و ڕەق بوون و گرژیەکەشی بەهۆی ئاوسانی مادەی ماسولکەیی شتێکی دەرەوەی خۆیەتی. چەند مادەیەکی لەش دەبێت لە ڕێگەی دەمارەوە بگەنە ماسوولکەکان". بەلای بۆرێلیەوە ئەم مادەیە " ئاووگی دەمارە " کە بەناو دەماردا هاتوچۆی دەکات، هەروەک خوێن بەناو خوێنبەرو خوێنهێنەرەکاندا هاتوچۆدەکات. ئەوەشی خستۆتەڕوو فرمانی دڵ وەک فرمانی هەریەک لە ماسوولکەکان وایە. هەموو تیۆریەکانی بۆرێلی تەنها لەڕووی مێژییەوە بایەخدارن. هەر زوو سەلمێنرا کاری جەستە کتومت وەک یاساکانی بیرکاری نیە. ئەمەش لای سێیەمین ئەندامی کۆمەڵەی چارەسەرە فیزیک ناسە ئیتاڵیەکانەوە ڕوون کرایەوە.

جۆرجیۆ باگلیڤی (١٦٦٨-١٧٠٦) پرۆفیسۆری توێکاری لە ڕۆمادا، نەک تەنها فیزیاناسێکی شارەزا بووە، بەڵکو کیلینیسیانێکی زۆر بەتوانا و مامۆستایەکیش بووە لە دڵی خەڵکدا خۆشەویست بووە. جەستەی مرۆڤی بە کۆمەڵێک ئامێری میکانیکی بەراوورد کردووەو وتوویەتی " دان وەک مەقەستە، قەفەزەی سنگ وەک مووشە دەمە، دڵ و بۆریەکان وەک تەنکی هەڵگرتن و دابەشکردنی ئاوە، ، گەدەش وەک ئاشی هاڕین. کاتێک بوو بە پرۆفیسۆری بەشی پزیشکی، هەر زوو بۆی دەرکەوت ناکرێت هەموو شتێک لە رووی فیزیکیەوە ڕوون بکرێتەوە. بەهۆی باوەڕنەبوونی بە بیری ئەوسەردەمەی ، بۆی دەرکەوت باشترین سەرچاوەی زانستی پزیشکی کاری لەسەر بکرێت سەربوردەی نەخۆشە. بواری تیۆری وەلاوە ناو گرنگی سەرەکی بە نەخۆش دا. لە کتێبەکەیدا بەناوی (لەبارەی کاری پزیشکیەوە ) دەڵێت " عەقڵ و توێژینەوە دوو بنەما سەرەکیەکەی چارەسەرکردنی نەخۆشن". دواکەوتەیەکی سەرسەختی هیپۆکرات بووە و بۆچوونی وابووە تەنها لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە خودی نەخۆشەوە فێری چارەسەرکردنی نەخۆش دەبین و سروشتیش باشترین پزیشکە. بەلامانەوە جێی سەرسوڕمان نی یە باگلیڤی زۆر کاری پزیشکی کردبێت و ڕێزی لێنرابێت. ئەوەی جێی داخە ئەم کەڵە زانایە کەم ژیاوە. باسمان لە جەستەی مرۆڤ لەڕوانگەی چارەسەری فیزیاییەوە کرد.

با ئێستا بچینە سەر باسی ئەو چارەسەرکارە کیمیاویانەی کە وەک کۆمەڵێک ئەزموونی کیمیای لە ژیانیان روانیوە و بەراووردی جەستەیان بە لوولەی تاقیکردنەوە ( پشکنین ) کردووە. جیان باتیست ڤان هیلمۆت (١٥٧٧-١٦٤٤) دامەزرێنەری قوتابخانەی چارەسەری کیمیای بووە. ئەم دواکەوتەیەی پاڕاسیلسۆس ماستەری لۆڤانی وەرنەگرت چونکە پێی وانەبوو شارەزای لە هیچ بوارێکدا هەبێت. نەیتوانی ببێتە کاین چونکە هەر خەریکی تانە و تەشەردان بوو لە خەڵک. هەروەها بەشی یاساشی پێ پەسەند نەبووە چونکە پێی وا بووە هەمیشە بنەماکەی لەسەر ڕاستی و دادگەری نەبووە. دواجار هیوای لەسەر زانستی پزیشکی هەڵچنی و ژیانیشی هەر بۆ خزمەتی ئەو زانستە تەرخان کرد. هەوڵیشیدا ڕوانینەکانی پاڕاسیلسۆس بەرەوپێش ببات ، کە ڕێزێکی زۆری لێناوە. وەک پاڕاسیلسۆس بڕوای وابووە "هێزی ژیان" کە ئەو بە (Blas)ناوی بردووە، هەموو کارەکانی جەستە ئاڕاستە دەکات. ئەم هێزەی ژیان دەبێتە هۆی تاو و کۆکەو .. هتد. هەوڵیداوە دەرهاویشتە زیان بەخشەکانی نەهێڵێت، بەڵام زۆرجار هەر زۆر چالاک بووەو هەر دانەمرکاوەتەوە. بۆ ماوەیەکی زۆر (Blas) لەبیرکرا. ڤان هیلمۆنت دڵنیاتر بوو کاتێک ووشەی (Gas) ی داتاشی. ئەوەی خستەڕوو ئەمە مادەیەک یان کۆمەڵە مادەیەکی ترشاو بیت و کاریگەریان لەسەر خۆراک پێدان، جووڵە، هەرس و هەموو فرمانە زۆر پێویستیەکان هەبێت. بۆی دەرکەوت گازهەروەک ئێستا ئێمە بە دوانە یۆکسیدی کاربۆن ناوی دەهێنین، بەڵام خۆی پێی دەووت " گازی سیلڤیستەر "، لەکاتی ترشانی مەی و گڕگرتنیدا دروست دروست دەبێت. کیمیا لای ڤان هیلمۆنت بەڕادەیەکی زۆر بە ڕۆحی کیمیاگەرانی سەدەکانی ناوەراست ئاوێزان بوو، ئەمەش وایکرد نووسینەکانی ناڕوون بن.

فرانسیسکۆس سیلڤیەس (١٦١٤-١٦٧٢) لە لەیدین فەسلەجەی کیمیایی لەسەر بناغەیەکی پتەوتر دانا. ئەم پرۆفیسۆرە هەڵسەنگاندنی کیمیاگەرەکانی پێ ڕاست نەبوو و ئەوەشی خستەڕوو ترشان لەگەڵ دەربازبوونی گازدا، تەنها یەکێکە لەو گۆرانە کیمیایانەی لە جەستەدا ڕوودەدات. سیلڤیەس لێکۆڵینەوەی لە لیک، شلەی پەنکریاس و زەرداو .. هتد کردو ئەنجامیشی لێیانەوە دەست کەوت. بەلای ئەوەوە، زانیاری لەسەر ترش و ئەلکالیەکان نەک کلیلی چارەسەری کێشەکانی ژیانە،

بەڵکو ڕێنیشاندەری چارەسەرە گونجاوەکەیشە. دەی سیلڤیەس تەنها کیمیاگەرو فەسلەجەناس نەبوو، بەڵکو کلینیسیانێکی زۆر مەزنیش بوو. دەووترێت یەکەم کەس بووە لە زانکۆی لەیدیندا ڕێنمایە کلینیکیەکانی خستۆتەڕوو. مامۆستایەکی نموونەیی بووە و سەرنجی گەلێک لە قوتابیانی ڕاکێشاوە.

تۆماس ویلیس (١٦٢١-١٦٧٥) کلینیسیانێکی تری مەزنی ئینگلیزی هاوچەرخی سیلڤیەس بووە، کە برەوی بە قوتابخانەی چارەسەری کیمیایی داوە. وتوویەتی " ئەو پزیشکەی چاودێری کرداری ترشانی جەستە دەکات و خۆی ئامادە دەکات ڕێگری لە هەر ناڕێکیەک بکات یان چاکی بکاتەوە، وەک دروست کەری بیرە یان بازرگانی مەی وایە ". ئەم پرۆفیسۆرەی فەلسفەی سروشتی لە ئۆکسفۆرد و لایەنگری سەرسەختی شاهانە لە جەنگی ناوخۆدا، کە دواتر لە لەندەندا بووە پزیشکێکی نوێخواز، بە توێژینەوەکانی لەسەر کۆئەندامی دەمار هەر زۆر ناوبانگی دەرکرد. لە کتێبەکەیدا بەناوی (توێکاری مێشک) بۆ یەکەمجار وەسفی مێشکی کرد. بەڕێز کریستۆفەر ڕێنی (١٦٣٢-١٧٢٣) وێنەی ڕوون کردنەوەی بۆ داناوە، کە نەک تەنها نەخشەی کڵێسای قەشە پاوڵی کێشاوە، بەڵکو لە دامەزراندنی کۆمەڵگەی شاهانەی پزیشکیشدا جێ دەستی دیار بووە. ولیس پزیشک نەبووە، بەڵام یەکەم کەس بووە چارەسەری لەڕێگەی دەمارەوە کردووە. ئەم کلینیسیانە بە هۆی سووری ویلیس، ڕێکخستنەوەی کاری خوێنبەرەکانی ناو مێشک، دیاردەی باشتر بیستن لە ژاوەژاودا " درۆبیستن " و هەروەها دۆزینەوەی شەکری ناو میز، ناوبانگی دەرکردووە.

## پزیشکی کلینیکی لە بەریتانیادا

فڕانسیس گلیسۆن (١٥٩٧-١٦٧٧ز) زانایەکی دیاری هاوچەرخی ویلیس بوو، کە دوای هارڤی بوو بە وانەبێژی لوومیلیان و لە زانکۆی کامبرجیش بوو بە پرۆفیسۆری زانستی پزیشکی. لە کتێبەکەیدا بەناوی ( توێکاری جگەر) بۆ یەکەم جار وەسفێکیووردی کییفی جگەری کردووە. زانستنامەکەی بەناوی (لەبارەی نەخۆشی ئێسکەنەرمەوە ) وەک بەرهەمێکی کلاسیکی لەبارەی ئێسکەنەرمەی

منالانـەوە زۆر ناوبانگـی دەرکـردووەو باسـی ئالۆشـی خۆڕسـکانەی شـانەکانی لەشیشـی کـردووە. ئەمـەش ڕوانینێـک بـوو دواتـر ڤـۆن هالـەری توێـکارزان و فەسلەجەناسـی سویسـری پـەرەی پێـداوە.

لەبـارەی ئێسـکە نەرمـەوە وتوویەتـی "منالـی تـووش بـوو ناتوانێـت جومگـە بچووکەکانـی ڕاوەشـێنێت و یـاری پێبـکات و وەک منالانـی تـر دلخـۆش نابێـت. بەهـۆی بوونـی ئاژشـکە لـە لەشـیدا، تەنها کاتێک بەنەرمـی جومگەکانی بەکاردێنێت و زۆر پشـوو دەدات ، دلخۆش دەبێت". بەراووردی سنگی لەرزۆکی بە ستوونەی کەشـتی نقـووم بـوو یـان سـنگی مریشـک کـردووە چونکـە ناوەڕاسـتەکەی بـۆ خالێـک بـەرز دەبێتـەوەو لاکانـی دادەبەزێتـە خـوار. گلیسـتۆن یەکێـک بـوو لـە سـێ پزیشـکە پێشـەنگە مەزنەکـەی بـواری کلینیکی شـیکاری لـە سـەدەی حەڤدەیەمـدا. ئەو دوانەکـەی تـر مایـەرن و سـیدینهامن. ئـەم پزیشـکانە پێشـەنگی بـواری لێکۆلینـەوەی پزیشـکی کلینیکـی بـوون لـە بەریتانیـادا.

ڕێـزدار تیـۆدۆر تورکێـت (١٥٧٣-١٦٥٥) ناسـراو بـە مایـەرن، لـە هایدلبێـرگ و مۆنبلییـەدا زانسـتی پزیشـکی خوێنـدووە و بۆماوەیەکیـش لـە پاریـس کاری پزیشـکی کـردووە. لەسـالی ١٦١١ دا لـە لەنـدەن نیشـتەجێ بـووە. هـەر زوو لـەوێ وەک پزیشـکێکی لێهاتوو ناوبانگێکی زۆری پەیداکرد. بوو بە ئەندامی کۆمەلگەی شاهانەی پزیشـکان و پزیشـکی پاشـا جەیمـزی یەکـەم، کـە نازنـاوی شـۆڕە سـواری لێنـاوە. پێداچوونـەوەی بـۆ یەکـەم چاپـی کتێبـی( Pharmacopoeia)ی کۆلێـژی شـاهانەی پزیشـکان کـردووە، هەرچەنـدە هەندێـک لـە ڕەچەتەکانـی پێکهاتـەی وەک کاسـەی سـەری هـاڕاوی مـرۆڤ، خوێنـی جانبـاز، بەلسـەمی شەمشـەمە کوێـرەی تیادایـە.

کالۆمێل[62] و دەرمانـی گیراوەی شـلەی جیوەی ناسـراو بـە " ڕەشـە تۆپـە "ی داهێنـاوە. وەهـا بـاس و خواسـی تەندروسـتی پاشـا جەیمـزی یەکـەم دەگێڕێتـەوە" پاشـا جەیمـز لـەو کاتـەی تەمەنـی پەنجـاو حـەوت سـال بـوو، بیـری زۆر تیـژ بـوو، بەجۆرێـک هـەر حـەزی بـە چوونـە سـەر دەریـا خواردنـەوەی مـەی یـان هاژووتنـی

٦٢ هاڕاوەیەکـی قـاوەی یـان سـپییە :پێشـی دەووترێـت جیـوەی شـیرین یـان کلۆریـدی جییـۆز وەک دەرمانـی ڕەوانـی بەکاردەهێنرێـت.

گالیسکە هەبوو. سەرما زۆر کاری تێکردو بەهۆی کێشەی دانیەوە زۆر خۆراکی قووت دەداو زۆر ڕقی لە ئاو خواردنەوەو هەموو جۆرە خواردنەوەیەک بوو". مایەر لە باسی نەخۆشیەکانی تری ئەم پاشایەدا بەردەوام دەبێت و زانیاری لەسەر هەموو شتێک دەدات و هەموو باس و خواسێک دەکاتەوە، کە پێدەچێت وەک شێوازێکی حاڵەت وەرگرتن کەڵکی لێوەرگیرێت. ئەم پزیشکە کەم بایەخی بە هۆکاری نەخۆشی داوە و کاتێک پاشا ئازاری هەبووە پێشنیاری بۆ کردووە بحەوێتەوە. ئەمەش بووتە کێشە بۆی. وتوویەتی " پاشا گاڵتەی بە دەرمان هاتووەو و زۆر بەچاوی ڕێزەوە تەماشای پزیشکی نەکردووە و زۆر کەم بە پێویستی زانیوە". بەمەدا دەردەکەوێت مایەرن توێژەرێکی ووردبین بووە. ئەم بەسەرهاتە لە مۆزەخانەی بەریتانیدا پارێزراوە و بەڕێز تۆماس مۆڕ وەرگێڕانی بۆ کردووە. دەست نووسە کۆنەکەی بە زمانی لاتینی بووە .

## گەڕانەوە بۆ هیپۆکراتس :تۆماس سێدینهام

گومانی تیادا نیە تۆماس سێدینهامی (١٦٢٤-١٦٨٩) ناسراو بە هیپۆکراتی ئینگلیز، مەزنترین پزیشکی کلینیکی سەدەی حەڤدەیەم بوو. کەڵە پیاوێکی وەها ئەبوایە بهاتایەتە مەیدانەکەوە تا زانستی پزیشکی لە کۆت و بەندی فەلسەفەی ئاینی سەدەکانی ناوەڕاست قوتار بکا. سێدینهام کلینیسیانێکی بێ وێنە بووە و ڕوانینەکانیشی بەشێوەیەکی هەر فرە ناوازە ڕوونکردۆتەوە. دوو لە قوتابیەکانی پرسیاریان لێکردووە داخۆ چ کتێبێکی فێرکاری پزیشکی بخوێننەوە. یەکەمجار بەشێوەیەکی گاڵتەئامێز وەها وەڵامی بەڕێز ڕیچارد بلاکمۆری داوەتەوە و وتوویەتی " ڕۆمانی دۆن کیشۆت بخوێنەرەوە، ڕۆمانێکی زۆر چاکە و خۆیشم هەر خەریکی خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانەم". وە لەوەڵامی بێڕێزیەکەیدا بۆ بەڕێز هانز سلۆثان، کە لە گەواهی نامەکەیدا بە ڕووەکناسێکی باش و توێکارزانێکی لێهاتوو وەسفی کردووە، وتوویەتی "ڕووەکناسی، قسەی قۆڕ، دەی کوڕی چاک برۆ وەڕێی خۆتەوە. هەر فێری چارەسەری نەخۆشی ئەبیت". جا دواتر سلۆئان کاری لەسەر پڕۆژەکەی بۆ کۆکردنەوەی ڕووەک لە جامایکا کرد. سێدینهام پێی وتووە باشترە لە گەڕانەوەیدا بۆ زێدی خۆی لە حەوزی پارکەکەی سانت

جەیمزدا خۆی بخنکێنێت. بەمەدا دەردەکەوێت سیدینهام زۆر تاقەتی فێربوونی کتێبە پزیشکیەکانی نەبووەو کەمیش بایەخی بە زانستە سروشتیەکان داوە.

ئەمەش ڕای ئەو پزیشکانە بوو، کە لە سەردەمێکی دیاری مێژوودا، ئەوەیان خستەڕوو ڕوانینی باو لە تیۆری ناڕوون باشترە. سیدێنهام لە خێزانێکی سەرمایەداری پاکدین، لەواین فۆرد ئێگڵ لە دۆرسێت لە دایک بووە، بەڵام کەم لەبارەی ژیانی منالیەوەی زانراوە. بەهۆی شەڕی ناوخۆوە، لێکۆڵینەوەکانی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد تەواونەکردووە. لەو کاتەی باوک و چوار برای لە سوپاکەی کۆڕن وێڵدا خزمەتیان دەکرد، سیدینهامی لاویش پەیوەندی بە سوپاوە کرد و بۆ ماوەی چوار ساڵ وەک لێپرسراوی پاسەوانی سەربازی خزمەتی کرد. لە نووسینەکانیدا بە هیچ شێوەیەک باسی ئەزموونە سەربازیەکانی نەکردووە، کە پێدەچێت ئەمەش وایلێکردبێت زۆر لێبووردە بوو بێت. ئەمەش دواتر لە ژیانیدا ڕەنگی داوەتەوە. لە نێو هاوڕێکانیدا ڕۆبەرت بۆیڵی کیمیاگەر، جۆن لۆکی پزیشک و فەیلەسووف لە زانکۆی ئۆکسفۆردا، دەبینرێن. پێناچێت هەر چاوی بە هارڤی کەوتبێت، کە ئەویش بێگومان لایەنگری فەرمانڕەوای شاهانە بووە.

سێدنهام خوێندنی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد تەواوکرد و لە مۆنبیلیەش لەسەر لێکۆڵینەوە پزیشکیەکانی بەردەوام بوو. دواتر گەڕایەوە لەندەن و لەوێ دەستی بەکاری پزیشکی کرد. بەهۆی ڕوانینە سیاسیەکانیەوە، هەرگیز نەبووەتە ئەندامی کۆلێژی شاهانەی پزیشکان. شانازی ئەوەی پێدەبڕێت سەرباری ئاستەنگ و دژایەتی کردنی زۆر، زۆر کاری گەورەی کردووە. پزیشکی دادگای شاهانە نەبووە، بەڵام بووەتە پزیشکی زۆر کەسایەتی دیار. بە تابلۆکانیدا دەردەکەوێت "کەسێکی چوارشانەی قژ درێژ، بەجۆش و خرۆش ، میهرەبان چاکەکار و خاکی بووە و حەزی بە خۆدەرخستن نەبووە". دوای مردنی خەڵک هەستیان کرد چ خزمەتێکی گەورەی کردووەو کارەکانی نرخێنران. دەووترێت بۆیرهاڤ، لەکاتی وانە ووتنەوەدا لە لەیدین لە کاتی ناوهێنانی سێدینهامدا هەمیشە وەک ڕێزلێنان کڵاوەکەی لەسەری دادەگرت.

لەڕۆژگاری خۆیدا زۆر کەس پێی سەرسام بوون. یەکێک لەوانە قوتابیە

زانخوازەکەی، تۆماس دۆڤەری (١٦٦٠-١٧٤٢) نەشتەرگەری ناو کەشتی چەتەی دەریایی و فریادڕەسی ئەلیکساندەر سێڵ کێرک بووە. تۆزی دۆڤەر ئێستاش بەکاردەهێنرێت و کتێبە جوانەکەشی بەناوی (میراتی پزیشکە دێرینەکە بۆ وولاتەکەی خۆی ) شایانی خوێندنەوەیە. دۆڤەر، دکتۆر سیدینهامی چاکەکار و ڕاستگۆی زۆر لە خۆی بە داناتر زانیوە. دەگێڕێتەوە چۆن لەو کاتەی تووشی نەخۆشی ئاوڵە بووە، بە بێ بوونی ئاگر لە ژوورەکەیدا و پەنجەرەکان بەبەردەوامی کراوەبوون و جل و بەرگی نووستنەکەشی شپرزە بوو. دوانزە بوتڵی بچووکی بیرە بیست و چوار کاتژمێر لەوێ کەوتبوو، سیدینهام چارەسەری کردووە.

سیدینهام هەر لە هەڕەتی لاوێتیەوە بەدەست نە خۆشی دەردە شاوە نالاندوویەتی. لە دوادوایەکانی تەمەنیدا بەرد لەمیزەڵدانیدا دروست بووە . لەماڵەکەی خۆیدا لە پۆڵ مۆڵ کۆچی دوای کرد و لە پیکادڵی لە کڵێسای سانت جەیمز بەخاک سپێرا. لەوێ لە کۆلێژی پزیشکان لە ساڵی ١٨١٠ دا ، لەوحەیەکی نەخشی بەردینی بە یادی ئەو دانراوە. نووسەرێکی فرە بەرهەم بووە . (توێژینەوە پزیشکیەکان) بەناوبانگترین بەرهەمێتی، کە تیایدا باسی تایەکانی کردووە.

(زانست نامەیەک لەسەر دەردەشا[63]) ئەمیش هەر لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانێتی. بەوەرگرتنی کورتەیەک لە هەریەک لەو بەرهەمانەدا دەردەکەوێت باسەکانی زۆر پوخت و ڕوون بوون. لەبارەی نەخۆشی سووریژەوە وتوویەتی "بەگشتی منداڵ تووشی سووریژە دەبێت. لە ڕۆژی یەکەمدا سەرمای دەبێ و دەلەرزێ. <u>لە</u> ڕۆژی دووەمدا تایەکەی تەواو بەرز دەبێتەوەو زمانی سپی

٦٣ داء الملوک : جۆرێکی باو و ئاڵۆزی جومگە هەوکردنە، کە دەشێت هەر کەسێک تووشی ببێت. لە نیشانەکانی بریتین لە بوونی ئازاری توند و لەناکاو، ئاوسان، سووربوونەوەو ئازاردان لە جومگەکاندا، بە تایبەتی لە جومگەی پەنجە گەورەی پێدا. ئەم هەوکردنە جاری واهەیە وا لە کەسی تووش بوو دەکات وەک بڵێی لەسەر ئاگرە. نیشانەکانی دەکرێت بگۆڕێن، بەلام هەر دەکرێت دیاری بکرێن. ترشی یوریکی ناو میز هۆکاری سەرهەڵدانیەتی. ئەم ترشە بەشێوەیەکی ئاسای مادە پیورینیەکان لەناو لەشدان تێک دەشکێنێ. ئەم نەخۆشیە بە چەند ڕێگایەک چارەسەر دەکرێت لەوانە :- زۆر خواردنەوەی شلەمەنی هەروەها ئاویش. دوورکەوتنەوە لە خواردنەوەی مەی یان کەم خواردنەوەی. خواردنی ئەو خواردنە پرۆتینییانەی چەوریان تیادا کەمە. کەم خواردنی گۆشتی سوور، ماسی و پەلەوەر. ڕێگە گرتن لە زیاد بوونی کێش، بەلام خێرا دابەزاندنی کێشیش هەر باش نی یە چونکە ئەمەش لەوانەیە بەشێوەیەکی کاتی ترشی ناو میز زیاد بکات.

هەڵەگەڕێت و تینووی دەبێت و خەو دەیباتەوە. بەردەوام لووت و چاوی ئاوی لێدێت تا ڕۆژی چوارەم دیاریدەکانی زیاد دەکات و پاشان لە ڕوو، ناوچەوانیدا خاڵی سووری بچووک و شوێنی گازی کێچ دەردەکەویت، کە زۆردەبن و بەیەکەوە کۆدەبنەوە تا ڕوو بەپەڵەی گەورە نیشانە دەکەن. خاڵەکان بە بەشەکانی تری لەشدا بڵاودەبنەوە و لەڕۆژی هەشتەمدا نامێنن. لەڕۆژی نۆیەمدا خاڵەکان لە هیچ بەشێکی جەستەدا نامێنن".

سیدینهام بە گوێرەی ئەزموونی دووروو درێژی خۆی لەبارەی دەردەشاوە دواوە و وتوویەتی "کەسی تووش بوو دەچێتە سەر جێگەو بە تەندروستیەکی باشەوە دەخەویت. درەنگانێکی شەو لە کاتژمێر دوودا بە هۆی ئازاری توند لە پەنجە گەورەی پێیدا خەبەری دەبێتەوەو پاشان سەرمای دەبێت و دەلەرزیت و کەمێک تای دەبێت و ئازارەکەی زیاتر دەبێت. ئەمەش درێژبوونەوەیەکی توندو بچڕانی پێبەستەکانی و ئازارێکی تاقەت پڕووکێن و فشارێک یان توونەد بوونەوەیەکی ناخۆشە. شەو بە ئازارەوە سەر دەنێتەوەو هەر هەوڵێکیش بۆ کەم کردنەوەی ئازارەکە کەڵکی نابێت. دواجار نەخۆشەکە دەتوانێت پشوو بدات. کاتێک دەزانێت لە بەیانیدا پێیەکانی دەئاوسێت و دوای چەند ڕۆژێکی کەمی تر پێیەکەی تری دەئاوسێت و تووشی هەمان ئازار دەبێت".

خۆی سیدینهام کلینیسیان بووە و بەگشتیش بیرۆکەی چارەسەری کیمیایی فیزیای ڕەت کردۆتەوە. میتۆدەکەی خۆی لە توێژینەوەی ووردو تۆمارکردنی دیاردەکانی نەخۆشیدا بینیوەتەوە. میتۆدی هیپۆکراتی هەر فرە پێچاک بووە و چارەسەری سادەشی بەکارهێناوە. لەڕێگەی ساردکردنەوەوە چارەسەری تا ی کردووە. نەخۆشی سیلی لە ڕێگەی هەوا هەڵمژینەوە لەکاتی غاردانی ئەسپدا چارەسەر کردووە. بەووریایشەوە کاری خوێن گرتنی لە نەخۆش ئەنجامداوە. سیدینهام یەکێک بووە لەو یەکەمینانەی ئاسنی بۆ چارەسەری کەم خوێنی پێشنیار کردووە.

ئامۆژگاری خەڵکی کرد قەنینەی درەختی کینای بەکاربهێنن. ئەم درەختە دواتر لە ووڵاتی پیرۆدا ناسێنرا و لە چارسەرکردنی لەرزوتا یان مەلاریادا،

کە نە خۆشیەکی زۆر توند و بەربڵاوبوو لە بەریتانیا لە سەدەی حەڤدەیەمدا، کەڵکی لێوەرگیرا. لەڕێگەی شیلاندن بە جیوە و هەنگوین تا لیک کردنی سروشتیانە، چارەسەری نەخۆشی فەرەنگی کردووە. لەو بڕوایەدا بووە زیاتر لیک کردنەوەکە وەک لە جیوەکە کاریگەری لەسەر چارەسەرەکە هەبێت. یەکێک لە دەرمانە پەسەندەکانی تلیاک بووە، لە شێوەی بۆیەدا کە زەعفەران، پلی سیر و دارچینی تێکەڵاو کردووە. گیراوە تلیاکیەی سیدینهام بۆ چەندین ساڵ خەڵک وەک چارەسەر کەڵکیان لێوەرگرتووە. سیدینهام وایکرد خەڵک کار بە گۆترەبازی نەکەن و ڕێنوێنی کردن کار بە زانست بکەن چونکە تەنها زانستە دەکرێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. بەمەش گەورەترین خزمەتی بە زانستی پزیشکی کرد.

## مێژووی بەکارهێنانی درەختی کینا

باسمان لە بەکارهێنانی نیانی درەختی کینا لە لەلایەن سیدینهامەوە بۆ چارەسەری لەرزوتا کرد. دەکرێت زیاتر باس و خواسی ئەم بابەتە بکەین. هەموو قوتابیەکی مێژووی زانستی پزیشکی بە بەسەرهاتە ڕۆمانسیەکەی دۆزینەوەی درەختی کینا ئاشنایە. لەسەرەتای سەدەی حەڤدەیەمدا، ئاغا ژنی شینجۆن، خێزانی نوێنەری پاشای پیرۆ، تووشی لەرزوتا بوو. پارێزەرەکەشی پێشنیاری بەکارهێنانی قەنینەی نیانی درەختی کینای بۆ کردو ئەمیش بەکاریهێناو موعجیزە ئاسا چاک بوویەوە. ئێستا ئەم قەنینەیە پێی دەڵێن تۆزی ئاغا ژن. دوای چاک بوونەوەی وەک پێزانینێک، بڕێکی زۆری لەم دەرمانەی بەسەر هاوڵاتیانی لیمای پایتەختدا دابەش کرد. دەیش ووترێت دواتر دەرمانەکەی لە ئیسپانیادا ناساند. یەکەمجار سەبەستیان بادۆ لەساڵی ١٦٦٣ دا بەسەرهاتەکەی یاداشت کردو بەڕێز کلیمەنتس مارخام لە کتێبەکەیدا بەناوی (بیرەوەری درەختی کینای ئاغاژن)، کە لە لەندەن لەساڵی ١٨٧٤ دا بڵاوکراوەتەوە، بەسەرهاتەکەی باس کردۆتەوە.

ئەوەی جێی داخە، ئەم بەسەرهاتە ئەفسانەییە جوانە لەم دوایانەدا بەڕێز ئەلێک ویلیام هاگیز لە توێژینەوەکەیدا تانەو تەشەری قیزەونانەی لێداوە. دوای

لێکۆڵینـەوە لـە تیانووسـە ڕۆژانەییـە سـەرەتاییەکەی ئاغـای چینچـۆن، سـەلماندی ئاغـاژن پێش ئـەوەی مێردەکـەی بۆ پیرۆ بنرێت، مردووە. وێڕای ئەمـەش خێزانی دووەمـی، کـە یـاوەری کـردووە، لەشـی هـەر فـرە سـاغ بـووە. بەهیـچ شـێوەیەک نەگەڕاوەتـەوە ئیسـپانیا، جالەبـەر ئـەوە نەبەدرەختـی کینـا چارەسـەر بـووەو نـە بردوویەتیە ئەوروپاش! هاگیس لـە خستنەڕووی هەڵەکانی پەیوەست بە درەختی کینا زیاتر ڕوونکردنەوەی داوە و وتوویەتی " ناوی کینا لەبنەچەدا بەسەر درەختی میرۆکسـیۆندا جێبەجێ دەبێت کە باڵسـامی پیرۆی دەگرت. هەروەهـا بۆ بەرهـەم هێنانـی ڕووەکـی کینـاش بەکارهێنـراوەو بـەم جۆرەش هـەردوو بەرهەمەکـەش زۆر جـار لەیـەک جیانەکراونەتـەوە. جـا نیانی درەختی کینـای پیـرۆ لەئەوروپـادا هێنـدە داخـوازی لەسـەر هەبـوو، بەشـی پێوسـیت دابیـن نەکراو هەندێـک جاریـش بـارەکان بەفـرت و فێـڵ زۆر نیانـی کینایـان تێکـەڵ دەکـرا".

بۆ چەندین سـاڵ گرنگی ئـەم بەرهـە نەزانرا. هـەردوو دەرمانەکە بە بێ جوداکاری و بەشـێویەکی سروشـتیانە کـە ئەنجامـی دژبەیەکیـان هەبـوو، بەکارهێنـران. دواجـار نیانـی درەختـە پیرۆیەکـە وەلادا نـراو نیانـی کینـا جێگای گرتـەوە.

## تاعونە بەربڵاوەکەی لەندەن

یەکێـک لـەو نەخۆشـینانەی سـێدینهام باسـی کـردووە تاعوونـە، کـە لەسـاڵی ١٦٦٥ دا لەشـاری لەندەنـدا هەلێکـی گـەورەی بـۆ ڕەخسـاند تـا دەسـت بـە لێکۆڵینـەوە بـکات. جـا کاتێـک نەخۆشـیەکە تـەواو تەشـەنەی سـەندو زۆربـەی نەخۆشـەکان بـۆ دەوروبـەری شـار هەڵهاتـن، ژیرانـە پێکـەوە لەگـەڵ خێزانەکەیدا لێکۆڵینەوەیـان لەسـەر نەخۆشـیەکە کـرد. پێشـتووتر چەنـد جارێـک نەخۆشـیەکە لەلەندەنـدا بـڵاو بوویـەوە، بـەڵام تاعوونـە گەورەکـە ( تاعونـی هـەزاران ) ی سـاڵی ١٦٦٥ لـە هەموویـان توندتـر بـوو. ناوەکەشـی پڕبەپێسـتی خـۆی بـوو چونکـە نەخۆشـیەکە لـە کوخەکانـەوە سـەری هەڵـدا. لـەوێ خانـووە دارینـەکان، کـە ڕووناکـی و هەوایـان کەمبـوو، سـەرچاوەی ئـاو و تەندروسـتیان نەبـوو، ڕێخۆشـکەر بـوون بـۆ بڵاوبوونـەوەی وەهـا نەخۆشـیەک. ئـەو خانووانـەی نەخۆشـیەکەی تیـا بڵاوبوویـەوە بـە ناچـاری داخـران و بـە هێمـای

خاچی سوور وەک نیشانەیەک بۆ نەخۆشیەکە دەستنیشان دەکران، بەمەش دۆخەکە خراپتر بوو. سامویڵ پیپی لە یاداشتنامەی ڕۆژانەکەیدا بە دێژی باسی ئەم نەخۆشیەی کردووە. کاتێکیش زۆر خانووی دەستنیشان کراوی لە ڕووی لەیدین بینیوە، ترسی خۆی نەشاردۆتەوە کە ببێتە قوربانی. وتوویەتی " خوا بەزەیی پیامانا بێتەوە، ئەڵێی ڕۆژی حەشرە . هەریەکەو خەمی خۆیەتی . دەی خوایە رەحمان پێبکە و ئارامیمان پێ ببخشە تا ئەم بەڵایەمان لەکۆڵ بێتەوە".

جگە لە پزیشەکەکان، هیچ کەسێک نەدەهاتە ناو خانووە نیشانەکراوەکان، نەبەجێی دەهێشتن. کاتێکیش پیرەژنەکان چاونەترسانە پشکنینیان بۆ جەستەی مردووان دەکرد تا هۆکاری مردنەکانیان بزانن، ئەوانیش هات و چۆیان دەکرد. زۆرجار جەستەکان پەڵەی ڕەش و سووریان پێوەبووە، کە کەمێک پێش مردنیان دەردەکەوتن و پێیان دەووتن " نیشانەی خوایی".

زۆرجار ئەم نیشانانە دەرخەری هاتنی نەگبەتی بوون. زۆر گرنگی بە مردنی نەخۆشەکان نەدەدرا. زۆریش گرنگی بە ناشتنی قوربانیەکانی نەخۆشیەکەش نەدەدرا. زۆر جاریش یاساکانیش پشتگوێ دەخران. زۆر کەس لە ماڵەکانی خۆیان هەڵدەهاتن و نەخۆشیەکە بڵاودەبوویەوە. ئەوانەشی کە دەمانەوە، کەمیان لەژیاندا دەمان. دانیاڵ دیڤۆ لە ڕۆمانەکەیدا بەناوی (بەسەرهاتی تاعونی ساڵ)، هەرچەندە لەو کاتەدا تەمەنی تەنها شەش ساڵ بووە و قورسە وەک گەواهیدەر وەری بگرین، دەڵێت "هەموو ماڵ و شەقامەکان بەیەکەوە پاک دەکرانەوەو چی دەرمانیش هەبوو چارەی نەخۆشیەکەی نەدەکرد". ئەو هەموو پزیشکەشی کە تووش نەخۆشیەکە بوون، مادەی پارێزەریان لەدەمدا بوو. خەڵک رەچەتەیان بۆ یەکتر دەنووسی تا نیشانەکان لەسەریان دەردەکەوتن و وەلادا دەهاتن و دەمردن بەو نەخۆشیەی هەریەکە وەک دوژمن بۆ ئەوی تری باس دەکرد.

هەزاران سڵاو بۆ ئەو پزیشکە بوێرانەی کە لە لەندەندا مانەوە تا بەرەنگاری نەخۆشیەکە ببنەوە، گەرچی دەرمانی پێوستیان بۆ بنەبڕکردنی لەبەردەستا نەبوو. هەموومان قەرزاری دکتۆر ناثانێل هۆگزین (١٦٢٩-١٨٨)، کە یەکێک بوو لەو پزیشکانەی لەلەندەدا مایەوە تا چارەسەری نەخۆشەکان بکات. لە کتێبەکەیدا

بەناوی(دەرد) بەشێوەیەکی زۆر سەردەمیانە باس و خواسی نەخۆشیەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەم کتێبە یەکەمین جار لەساڵی ١٦٧٢دا بڵاوکرایەوەو ئێستا زۆر بەدەگمەن دەست دەکەوێت. هۆگز باسی ئەوەمان بۆ دەکات چۆن ڕۆژانە گەڕاوە لەو کاتەی نەخۆشیەکە تەشەنەی سەندووەو دەڵێت " زوو لەخەو هەڵدەسام و ژەمە دەرمانێکی شتنەوەی دژە نەخۆشیەکەم وەردەگرت. بۆ ماوەی دوو تا سێ کاتژمێر حاشاماتێکی زۆرم لەناو نەخۆشخانەدا دەبینی. پاشان نانی بەیانیم دەخواردو و لە ماڵەکاندا سەردانی نەخۆشەکانم دەکرد. لە بەردەرگای هەر ماڵێکدا بە قاندان دەمودەست لەسەر خەڵووز هەندێک شتم دەسووتاند. لەهەمان کاتدا لەبزینەم دەمژی ، کە ڕووەکی گەلەک، دارچینی و ڕەگی فریشتە ی تیابووە. پێش ئەوەی بچمە ژووری نەخۆش، پشکنینم بۆ دەکرد تا بەباشی هەناسە بدات و بێتەوە سەرخۆی. دواتر گەڕامەوە ماڵەوەو نانی نیوەڕۆم خوارد. پێش و دوای هەر ژەمێک گلاسێک مەیم دەخواردەوە. دوای سەردانکردن و گەڕانێکی زۆر، تا کاتژمێر هەشت یان نۆی شەو دەگەیشتمەوە ماڵەوە. مەیە دانراوەکەم هەڵدەدا، کە بەهۆی ئەمەشەوە زۆر دەخەووتم و بەدرێژای شەو کونەکانی پێستم باش بوون. دوو جار نەخۆش کەوتم و ترسم هەبوو تووشی تاعون بووبم ، بەلام گلاسێک مەیم هەڵدەداو وەک بڵێی هەر هیچ نەبوو بێت".


هۆگز زۆر ژیرانە چارەسەری تووش بووانی تاعوونی کردووە. ئامۆژگاری نەخۆشەکانی کردووە تا پێیان بکرێت پشوو بدەن، خواردنی سووک بخۆن و زۆر ئارەق بکەنەوە لەڕێگەی وەرگرتنی گیای ڕەگە مارانە، کە بەلای ئەوەوە چارەسەرێکی خوازراو بووە. وتوویەتی "بەردی بازهەر، شاخی یەک شاخە هاڕاوەی بۆقی ووشکەکراوم بەکارهێنا، بەلام ئەم بەناو چارەسەرانە هیچ کەڵکیان نەبوو". باسی چەند ڕەچەتەیەکی کردووە، لە نێویشیانا ڕەچەتەی (دژە تاعون )، کە دوانزە پێکهاتەی تیادابووە. لە کتێبەکەیدا بەناوی (Pharmacopeia) باسی ئەم ڕەچەتەیەی کردووە. هەروەها باسی ڕەچەتەیەکی بەرێز تیۆدۆر مایەرنی کردووە، کە بیست و نۆ دەرمانی لەخۆگرتووە. هۆگز بۆی دەرکەوت نەخۆشیەکە لەڕێگەی هەواوە دەگوێزرێتەوە و بەمەش هەستی بە گرنگی هەوای پاکژ کرد، کاتێک تیژەبا بوو بە هۆی لەناوبردنی هالاوی ژەهرین. هەروەها

پەی بەگرنگی پاکردنەوە بەهەڵم نەک بەخەڵووز برد، کە بۆنی ناخۆش و گۆگردی دەردەدا. پەی بە گرنگی درەختی سنەوبەریش برد، کە بۆنی خۆش و هێورکەرەوە دەردەدات. جۆرج تۆمسۆنی پزیشکی هاوچەرخ لە کتێبەکەیدا بەناوی (Loimotomia) باس لە هەوڵە ستایش ئامێز بەلام بێ ئاکامەکەی کردووە، کە لەڕێگەی پشکنینی دوای مردن بۆ دۆزینەوەی هۆکاری نەخۆشیەکە داویەتی. وابـاوەڕ دەکرا سەگ هۆکاری نەخۆشیەکە بێت، جالەبەرئەوە سەگەلێکی زۆر سەربڕان! جرجیش لەناونەبرا کە هۆکاری راستەقینەی نەخۆشیەکە بوو! ئەم دەردە لەهاوینی ساڵی ١٦٦٥ دا توند تەشەنەی سەندو لەمانگی حوزەیران سەری هەڵداو لەمانگی ئەیلولدا تەواو توونـد بوو.

پاشان وورده وورده کەم بوویەوە تالەمانگی تشرینی دووەمدا نەما. پاشاو داروودەستەکەی بۆ سالیسبەری هەڵهاتن و دوای ئەوەش نەخۆشیەکە لە ئۆکسفۆردو سالیسبۆریشدا بڵاوبوویەوە. ئەو خەڵکە داماوەش کە توانای هەڵهاتنیان نەبوو، تووشی گەلێک مەینەتی بوون. کارو کەسابەت نەماو شەقامەکانیش چۆڵ بوون. تەنها دەنگی زەنگ و خڕەی گالیسکەی شکاو دەبیستراو بە هاواری "مردووەکان بێننە دەرەوە " بێدەنگی دەشکێنرا. ڕێوڕەسمی ناشتن یاساغ کرابوو، کفن دەست نەئەکەوت و حەوشەی کڵێساکانیش هەر زوو پڕبوون لەمردوو! دواتر چاڵی گەورە بۆ جەستەکانیان هەڵدەکەنراو تەنانەت بەهۆی بۆگەنی ئەو جەستانەی لە هاوینیدا کە زیاد لە پێویست گەرم و شێدار بوون، هەوا پیس بوو. بەردەوام ڕێژەی مردن بەرزدەبوویەوە، بەجۆرێک سێ بۆ چوار یان پێنج هەزار کەس لەهەفتەیەکدا دەمردن! ژمارەی دانیشتوانی لەندەن نیو ملیۆن کەس دەبوو. لەهەفتەی سێ یەمی مانگی ئەیلولدا، ژمارەی مردووان بۆ ٨٢٩٧ کەس بەرزبوویەوە. ساموێل پیپی دەڵێت "ئەمە زۆرترین ڕێژەیە تا ئیستا هەر زۆر هەمووماى خەمباری کردبێت. گەشتمە ماڵەکەم و تا پێم کرا بەو شێوەیە هەڵس و کەوتم کرد خوای پێی ڕازی بێت تاوەکو لە نەخۆشیەکە بەدوورم بگرێت". هۆگز دەڵێت " لەهەفتەی سێ یەمی مانگی ئەیلولدا دوانزە هەزار کەس مردن و پێدەچێت ئەم خەملاندنەش لە هی دەزگا فەرمیەکان ووردتر بووبێت. دوای ئەوە نەخۆشیەکە وورده وورده بەرەو نەمان چوو. هیوا شوێنی ترسی گرتەوەو

ڕێژەی مردنیش بەبەردەوامی کەمی کرد. لەمانگی کانوونی یەکەمدا، دەستە دەستە خەڵک بەرەو شار گەڕانەوەو دووکانەکانیش کرانەوەو بەشێوەیەکی ئاسایی ژیان دەستی پێکردەوە. دەی ساڵی دواتر لە چواردەوری شار، نەخۆشیەکە هەر مابوو بەجۆرێک نۆرویچ، دووەم شاری بەریتانیا دوو هەزارو پێنج سەد کەسی تیا مردو و زۆرێک لە شارۆچکەکانی تریش بەهەمان شێوە بەدەست نەخۆشیەکەوە زۆریان چەشت.


لەهەمان کاتدا ئاگرە گەورەکە شاری لەندەنی لەنەخۆشیەکە پاک کردەوە. بەم جۆرەش نەخۆشیەکە نەما، کە بووە هۆی مردنی زیاتر لە پێنج یەکی دانیشتوانی شارەکە. تەشەنەسەندنی ناو بەناو نەبێت، لە بەریتانیا ببرای ببڕای نەخۆشیەکە نەبینرایەوە".



وێنەیەک کە سووڕی ویلیسمان نیشان دەدات




وێنەیەک کە تیایدا دەردەکەوێت کەسێک بەهۆی تاعوونە ماڵ وێران کەرەکەی لەندەنەوە مردووە.



وێنەیەک کە لە کتێبی (لەبارەی مرڤەوە)ی ڕێنێ دیکارتی فەیلەسووفی فەڕەنسیەوە وەرگیراوە و ڕژێنی سنەوبەریمان نیشان دەدات. دیارە ئەم ڕژێنە شوێنەکەی بە پیتی (H)ی ئینگلیزی دەست نیشانکراوە

## نەخۆشی دەردەباریکە و دەست لێدانی شاهانە

لەسەدەی حەڤدەیەمدا بواری نەشتەرگەری پێشکەوتنی زۆری بەخۆوە نەبینی . هەروەک باسمان کرد، لە ئەڵمانیا نەشتەرگەرانی وەک ویڵهێڵم فابرِی و جۆهان سکوڵتێتوس(١٥٩٥-١٦٤٥) هەڵکەوتن. کتێبەکەی جۆهان بەناوی Armamentarium (Chirurgium) وێنەی زۆرێک لە کەرەستە پزیشکیە داهێنراوەکانی خۆی تیادایە. گۆتفرەید پورمان (١٦٤٩-١٧١١) نەشتەرگەرێکی سەربازی بووە لە ئەڵمانیادا، کە نووسینەکانی زۆر جێی بایەخن. لەفەرەنساو بەدیاریکراوی لە پاریسدا پیەر دیۆنیس هەڵکەوت، کە خولی فێرکاری لەبارەی نەشتەرگەری لەسەر جەستەی مردوو پێشکەش دەکرد. کتێبێکی مەنهەجی چاپ کردووە، کە وێنەی کەرەستە پێویستیەکانی بۆ هەموو نەشتەرگەرێک تیادابووە.

لەبەریتانیادا نەشتەرگەرێک هەبوو کە کارەکەی وەک کاری تۆماس سیدێنهام بوو بۆ پزیشکی بەریتانی. ڕیچارد وایزمانی (١٦٢٢-١٦٧٦) باوکی نەشتەرگەری ئینگلیز، شایانی ئەوەیە ناوی لەگەڵ ناوی سیدێنهام بهێنرێت. جاهەردووکیان لەشەڕی ناوخۆدا لە دوو لای دژ بەیەک خزمەتیان دەکرد، وایزمان وەک سوارچاک و سیدینهامیش وەک لایەنگری سەرسەختی پارتی پەرلەمانی. پێویست ناکات زۆر لەسەر وایزمان بدوێین. لەڕاستیشدا زانیاریەکی کەممان لەبارەی ژیانی سەرکەشیانەی ئەو زانایە لەبەردەستدایە. بۆماوەیەکی زۆر لە بەشی دەریاوانی هۆڵەندیدا نەشتەرگەر بووە و پاشان لەگەڵ سوپاکەی پاشا چاڕلزی یەکەم و هەتا دواجار لە ورسێسستەر لەساڵی ١٦٥١ دا کرۆموێل سوپاکەی شکست پێهێناوە. هەروەها لە بەشی دەریاوانی ئیسپانیاشدا، خزمەتی کردووە. دوای هاتنەوەی سەردەمی پاشایەتی، وایزمان گەڕایەوەو لە لەندەندا کرا بە نەشتەرگەری پاشا چاڕلسی دووەم. ئەمەش پلەو پۆستێک بوو بۆماوەی شانزە ساڵ هەتا مردنی دڵسۆزانە خزمەتی تیاکرد. وایزمان هەر زۆر سوودی لە ئەزموونی نەشتەرگەری دەریاوانی و سەربازی وەرگرت. (کۆمەڵە توێژینەوەیەک لەبارەی نەشتەرگەریەوە) ناوی یەکێک لە کتێبەکانیەتی، کە لەساڵی ١٦٧٦ دا بڵاوکرایەوە. ئەم کتێبە باشترین کتێبی بواری نەشتەرگەری بوو لەبەریتانیادا. گەر پێشتر بڵاوبکرایەتەوە، وایزمان زیاتر ناوبانگی دەردەکردو بەتەواوی بۆ بواری پزیشکیش سوودی لێ دەبینرا.

پێدەچێت باشترین زانستنامە ئەوە بێت لەبارەی نەخۆشی دەردە باریکەوە نووسیبێتی، کە بەزمانی سەردەم پێی دەڵێین سیل. ئەم نەخۆشیە بەشێوەیەکی سەرەکی کاریگەری لەسەر لیمفە ڕژێنەکانی مل دەبێت. پێشیان دەووت " خراپەی پاشا "، جا لەبەر ئەوە واباوەڕ دەکرا لە ڕێگەی دەست لێدانی شاهانەوە چارەسەر بکریت. لە فەڕەنسادا ئەم کاریگەرە ئاسمانیەی پاشاکان بۆ سەردەمی کلۆڤیس دەگەڕایەوە. دەووترێت لویسی جواردەیەم، دەستی لە هەزارو پێنج سەد کەس دابێت و ئەم کاری دەست لێدانەش لە فەڕەنسا تا ساڵی ١٧٧٥ بەردەوام بوو. یەکەم پاشای ئینگلیز چارەسەری بەدێتی کردبێت ئێدواردی دانپێنەر بووە و بەتێپەڕبوونی کاتیش چارەسەرکردنەکەشی ڕێوڕەسمی گەورەی

بۆ سازدەدرا. بیروباوەڕی ئاینیش بەسەر ڕێوڕەسمەکەشدا زاڵ بوو. هەموو نەخۆشێک پارەیەکی ئاڵتوونی وەردەگرت و هەروەک ویلیام وادی نەشتەرگەری ئینگلیزو و نووسەری بواری پزیشکی لە یاداشتەکانیدا دەڵێت " تاکە خراپەی هەندێک لەوانەی نەخۆشی دەردە باریکەیان هەبوو و چارەسەرکران، هەژار بوون. ئەمەش وایکرد نەخۆشی زیاتر بێن و پزیشکانی شاهانەش زیاتر ناوبانگ دەرکەن، کە شایستە نەبوون. لەسەردەمی ستۆاردا ئەم داب و نەریتە بەتەواوی برەوی پێدرا. جۆی براونیش، کە کتێبەکەی بەناوی (دەردەباریکە) وەیەو تێگەیشتنێکی نموونەییە لەسەر بابەتەکە، تیایدا دەڵێت "بەگشتی هەموو ساڵێک پاشا چارڵسی دووەم کاری دەست لێدانی بۆ چوار هەزار کەس کردووە". لەساڵی ١٦٦٠ دا لەو ساڵەی گەرایەوە بۆ سەر تەختی پاشایەتی، کاری دەست لێدانی بۆ ٦٧٢٥ کەس کرد و تا کۆتای فەرمانڕەواییەکەی بەگشتی ئەو ڕێژەیە گەشتە ٩٢١٧ کەس. تەنانەت لەسەردەمی غوربەتیەکەشیدا لە هۆڵەندا ، ئەوەنە تووش بوو چواردەوریان دەدا تا چارەی دەردیان بکەن بە جۆرێک لە یەکێک لە بۆنەکاندا شەش کەس بوونە ژێر پێیەوەو مردن !". پاشا ویلیام گومانی لەو هێزەی شاهانە هەبوو، جالەبەر ئەوە کاری دەست لێدانی بۆ کەم کەس دەکردو بە نەخۆشی دەووت " خوا شیفات بدات و بیێتەوە سەرباری خۆت ". دەی شاژنە ئان دووبارە ئەم نەریتەی زیندوو کردەوە و بوو بە دوایەمین چارەسەرکاری شاهانە. یەکێک لەو نەخۆشانەی کاری دەست لێدانی بۆ کرد دکتۆر ساموێڵ جۆنسۆن بوو، کە تەمەنی تەنها نزیکەی دوو ساڵێک دەبوو.

با بچینەوە سەر باسی ڕیچارد وایزمان. جێی سەرسوڕمان نی یە ئەم نەشتەرگەرە هەڵکەوتووە لەبارەی نەخۆشی دەردەباریکە نووسیویەتی، بەهۆی ئەوەی سەرداری شاهانەکەی بانگەشەی ئەوەی کردبێت بەشێوازێکی زۆر ناوازە چارەسەری بکات. وایزمان زۆر جوان باسی نەخۆشی دەردەباریکەی کرد و باوەڕی بەو موعجیزەیەش بوو، کە پاشا پیشانی دا. ئەمەش لەم ووتەیەیدا دەردەکەوێت " من بۆ خۆم گەواهیدەری سەدان نەخۆش بووم، کە تەنها بە دەست لێدانی خاوەن شکۆ، بە بێ هیچ نەشتەرگەریەک چارەسەر بوون. کەواتە جەنابی پاشا نەبێت، نەشتەرگەری کەڵکی چی یە"؟ بە ووتەی ئەو " گوناح

بووە کەڵک لەو هێزە گەورەیە وەرنەگیرێت". لەو سەردەمەدا دەردەباریکە زۆر تەشەنەی سەند، بەجۆرێک وایزمان مادەی کلینیکی گەورەی هەبوو، کە کردیە سەرچاوەی ڕەچەتەکانی.

ئەمەش بڕگەیەکی کتێبەکەیەتی" نەخۆشیەکە بەزۆری گاریگەری لەسەر لوو، ماسوولکە، هەناو ، پەردە، ژێ و ماسولکەکان دەبێت. هەرگیز نەم بینیوە نەخۆشیەکە کاریگەری لەسەر دەمار یان مێشک هەبووبێت. ئەم نەخۆشیە بەزۆری کاریگەری لەسەر لووەکان دەبێت بەجۆرێک نووسەران بەگشتی ئەم نەخۆشیەیان زیاتر بە لووەکان پەیوەندیدار کردووە. بەزۆریش کاریگەری لەسەر ئێسکیش دەبێت. بەهۆی ئەم نەخۆشیەوە ئێسک دەئاوسێت و ڕووی دەرەوی ڕەق دەکات، ئاوگەکانی ناو ئێسکیش هەموویان پیس دەبن و دەگەنێن". لە زانستنامەیەکی تریدا، وایزمان بەشێوەی هێلکاری باسی برینەکانی شوێن فیشەکی کردووەو لەڕێی ئەزموونی زۆری خۆیەوە باسی زۆر حاڵەتی کردووە. بە لێهاتوویی خۆی، بناغەیەکی پتەوی بۆ نەشتەرگەری لە بەریتانیادا داناو زۆر بە چاکی ئەم ئەرکەی جێبەجێ کرد.

## کتێبی (ئاینی پزیشکێك )

ئەم بەشە بە باسی چەند فەلیەسوفێک دەست پێدەکەین، کە کاریگەریان لەزانستی پزیشکی هەبووە. پێدەچێت بەجۆرێک لە جۆرەکان جێی خۆی بێت ئاماژە بۆ پزیشک و فەیلەسوفێک بکەین، کە کاری گەورەی لە ئەدەبیاتی پزیشکی ئینگلیزیدا کردووە.

بەڕێز تۆماس براونین (١٦٠٥-١٦٨٢) زیاتر وەک نووسەر ناسراوە وەک لە پزیشک، لەگەڵ ئەوەشدا پێگەیەکی گەورەی لە مێژووی زانستی پزیشکیدا هەبووە و نووسینەکانی شایانی ئەوەن هەموو پزیشکێک سەرنجیان بداتێ. لە لەندەن لەدایک بووەو لە ئۆکسفۆرد خوێندوویەتی و دواتر لە زانکۆ نموونەییەکانی کیشوەری ئەورووپادا، لە مۆنبیلیە، پادواو لە یدایدندا خوێندویەتی.

دوای ماوەیەکی کەم لە گەڕانەوەی، لەدەرەوەی وولات لە نۆروێچ نیشتەجێ

بووە. لەوێ بۆ ماوەی چل و شەش ساڵ کاری پزیشکی کردووە. لەگەڵ دۆرۆثی میلێهام هاوسەرگیری کردووەو خاوەنی دە منداڵ بووە. ئێدواردی کورە گەورەی، کتێبێکی بەناوبانگی لەسەر گەشت کردن نووسیووە، کە لەزانستی پزیشکیدا دەنگدانەوەی گەورەی هەبووە و بووەتە سەرۆکی کۆلێژی شاهانەی پزیشکی. تۆماس براونین لایەنگری شاهانە بووە، بەڵام لە کتێبەکانیدا ژیرانە خۆی لە سیاسەت بەدوور گرتووە. لە نۆرویچ بە شیوەیەکی چڕو پڕ کاری پزیشکی کرد و وەک سروشتناس و ئاسەوارناسیش ناوبانگی دەرکرد. هەر کە پاشا چارڵسی دووەم لەساڵی ١٦٧١ دا سەردانی شارەکەی کرد، خەڵاتی شۆرەسواری پێبەخشی. هەر دوای ئەوە سێ ساڵی ڕەبەق خەریکی لێکۆڵینەوە بوو.

لە تەمەنی سی ساڵیدا بەناوبانگترین کتێبی بەناوی (ئاینی پزیشکێک )ی نووسی. تۆماس مەبەستی نەبوو ئەم کتێبە بڵاوبکاتەوە، بەڵکو بەشێوەی دەست نووس هاوڕێکانی دەستاو دەستیان پێکرد. یەکێک لە دۆستەکانی چاپی کردو بەبێ پرس ڕوونووسێکی گەشتە دەست کێنێلم دیگبی بەدناو، کە کتێبێکی بەناونیشانی (چەند قسەیەک لەسەر کتێبی ئاینی پزیشکێک) لەسەر نووسی. بەم جۆرەش پەلەکرا لە بڵاوکردنەوەی چاپە مۆڵەت پێدراوەکەی ساڵی ١٦٤٣، کە سەرباری بوونی ڕوانینە دژەباوەکانی تیایدا، لە بەریتانیاو ئەوروپادا پێشوازیەکی گەرمی لێکرا. دوو چاپی لەسەردەمی ژیانی نووسەردا بڵاکراونەتەوەو دواتریش هەر زۆر چاپ کراوەتەوە. ئەم کتێبە کاتێک نووسرا بیری نوێی زانست و پزیشکی لە کڵێسا جیادەکرایەوە. لەسەرەتادا ناونیشانەکەی دژبەیەک بوو چونکە وا وێنا نەدەکرا پزیشک پیاوی ئاینی بێت. براونی هەوڵی دا ئاین و عەقڵ ئاشت بکاتەوە، هەرچەندە دانی بەوەدا ناوە " زۆرشت بەپێی ئاین ڕاستە، کە ناچن بە عەقڵدا و هەستیشیان پێناکرێت". بە عەقڵی زانستیانەی ئەو، لێکدانەوەی ووشە بە ووشەی کتێبەکان شتێکی پەسەند نەبووە. وتوویەتی " لەبارەی بەشی یەکەمی کتێبی دروست بوونی تەوراتەوە دان بەوەدا دەنێم ناڕوونیەکی زۆری تیایە. زۆر چاک دەزانم چۆن موسا (سەلامی خوای لێبێت ) مانگا ئاڵتوونیەکەی سووتاندووە. جا ئەو مادە خەیاڵیە لە ئاگردا ناتوێتەوە". هەر بڕوای بەوە نەبووە لەدوارۆژدا لێپرسینەوە هەبێت، هەروەک کتێبی پیرۆز باسی لێوەدەکات چونکە ئەو هەر

عەقڵی نەیبرپیووە شوێنێک بەناوی دۆزەخەوە هەبێت! بەهۆی ئەوەی کەسێکی دڵسۆزی کڵێسای ئینگلیزی بووە، ملکەچی ڕێچکەکان نەبووە، جا لەبەرئەوە دژی ڕیجیم کردن، قۆشمەچێتی و هیچ شتێک نەبووە و بەلای ئەوەوە هەموو شوێن و ژینگەیەک وەک یەک بووە. کارکردنی ئەو وەک پزیشک وای لێکرد گرنگی بە بواری ئاڵوزی تویکاری بدات و بە پاراستنی تەندروستی مرۆڤ سەرسام بێت.

وتوویەتی " من کە پشکنینم بۆ ئەندامانی جەستەی مرۆڤ کردووە، دەزانم ئەو جەستەیە چەند هەستیارە. پێم سەیرە ئێمە هەمیشە نەخۆش نین. بۆم دەرکەوتووە هیچ ئەندامێک یان ئامێرێک ڕۆحی هوشیاری تیا نیە. دەی ئێمە مرۆڤین و نازانین چۆن شتێک لەناو ئێمەدا هەیە بە بێ ویستی ئێمە دەبێت دوای ئێمەش هەر وابێت".

لەوێوە لەقسەکردن کەوتووە. ناکرێت زۆرێک لە ووتەکانی ناو کتێبەکەی وەرگرین، هەرچەندە ئەمانەش دەربڕی تەواوی بیرە سروشتیە سەمۆنیایەکەی بەرهەمەکەی نین. وەک بڵێی بە زمانی مۆسیقا دەدوێت و بیری مرۆڤ دەوروژێنێت و ڕوانینێکی کارەساتاویانە لەسەر کێشە ئاڵۆرەکانی ژیان دەخاتە ڕوو. نهێنی مردن بەڕێز تۆماس براونی حەیران کرد. وتوویەتی "ئێمە هەر فەریکە فەیلەسوفین. گفتۆگۆی نێوان دوو منداڵ لە منداڵداندا لەسەر بارودۆخی ئەم دونیایە پێدەچێت بەشێوەیەکی جوان نەفامیمان لەبارەی دونیاکەی ترەوە پیشان بدات".

جێی سەرسامی نیە زۆرێک لە زانایان بە براونین سەرسام بوون لە نێویشیانا کۆلرپیج ، لامپ، جۆنسۆن و لۆدوێڵ و لەسەردەمی نوێشدا، پزیشکی بەتواناو بەناوبانگ، بەڕێز ویلیام ئۆسلەر. بەلای ئۆسلەرەوە، براون پاڵەوان و نموونەیەک بووە قوتابیانی پزیشکی دەبێت کەڵکی لێوەرگرن. وتوویەتی " نەک تەنها سەرنجراکێشترین بیرە باڵاکان و قەڵغانی زمانی شیرین وا دەکەن خوێنەر حەزی بە ئەدەبیاتی جوان بێت، بەڵکو کتێبی (ئاینی پزیشکێک) پڕە لە ئامۆژگاری ناوازە بۆ گەنجان. قووڵ بوونەوە لە خود، دڵسۆزی لە کارکردن، زۆر ڕێزگرتنی مرۆڤ، هەموو ئەمانە لەخەرمانی نووسینەکانی بەێز تۆماس براوندا دەچنرێنەوە".

براونی لەکتێبی (کووپەی هەڵگرتنی تۆزی مردوو) دا، زۆر بە ڕوونی لەسەر دوو بابەتی خوازراوی وەک مردن و ژیان دواوە. لە کتێبی (باخچەی شا کورشی مەزن) دا باسی لە باخچە زۆر کۆنەکان و زۆر بابەتی تریشکی کردووە. (لێکۆڵینەوەیەک لە هەڵە باو و گشتیەکان ) ناوازەترین بەرهەمێتی و لێکۆڵینەوەی لەسەر هەموو بەشەکانی زانست تیادایە. جا لەم بەرهەمەدا داوادەکات لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەدا میتۆدی بیکۆنی (فرانسیس بیکۆن) بەکاربهێنرێت. ئەوەی زۆر مایەی سەرسوڕمانە براون سەرباری ڕوانینە سەردەمیەکانی، بڕوای بە ژنە جادووگەرەکان هەبووە و تەنانەت بەرگری لە دوو پیرەژنی تۆمەتبار بە جاووگەری کردووە. خەڵکی بڕوایان وابوو بەڕێز تۆماس براون دەستی لە لە سێدارەدانی ئامی دونی و ڕەوز کەلێندەر هەبوو بێت، کە بە جادووکردن لە دادوەری دادگای باڵا، ماتیۆ هاڵ لەساڵی ١٦٦٤ دا تۆمەتبارکران. دکتۆر ویلیام ویڵەوبی فرانسیس هەڵەی ئەم ڕوانینەی خستۆتەڕوو، کە بە دوو ووتار لە ڕۆژنامەی( Norfolk Chronicle) دا لە مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩١١ دا سەرنجی داوەتێ. دوو ووتارەکەش بەڕێز ماڵکۆڵم لێتس دوای لێکۆڵینەوەیەکی فەرمی دادگایەکە نووسیویەتی. بەڕێز تۆماس براون لە دادگا ئامادە بوو و لە قۆناغی سەرەتایی دادگایەکەیدا دادوەر داوای لێکرد ڕوانینی خۆی بڵێت. ئەمیش دەمودەست ڕوانینی خۆی لەسەر جادووگەری خستەڕوو. ڕوانینێک کە زۆربەی شارەزایانی هاوچەرخی لەگەڵیدا بوون، بەڵام لەسەر تۆمەتباران خۆی بوارد. زۆر پێدەچێت ئەو جادووگەرانە بەهۆی ئەو سکاڵایەی لەدژیان خرابووە تۆمەتبارکرابن، نەک زۆر جێی داخە هەندێک لە ژیاننامەنووسانی براون زۆر لەسەری ئەو ڕوانینەی ڕۆشتوون، بەجۆرێک ئەمە بووەتە هۆی لەکەدارکردنی ناوبانگی وەها کەسایەتیەکی گەورەو پیرۆز. بەبڕوابوون بە هێزی سەرووسروشت ئەم ڕەونەقیەی تا دوای ڕێنیسانسیشدا درێژە پێدا. ئەم دانایە هەر شایستەی ڕێزلێنانە.

# بەشی دوانزەیەم

## زانستی پزیشکی لە سەدەی هەژدەیەمدا

سەردەمانێکی پێچوو تا دۆزینەوە نایابە پزیشکیەکانی سەردەمی ڕێنیسانس لەژیانی ڕۆژانەدا بەشێوەی کرداری کەڵکیان لێوەرگیرا. دۆزینەوە نوێیەکان بەبێ ئەوەی بخرێنە بواری کردارییەوە، بە تیۆری دەخرانە ڕوو و پاشانیش سەردەمێک داهات، پێویست بوو ئیستێک بگیرێت و هەڵسەنگاندێکی گشتگیر بۆ بارودۆخەکە بکرێت.

کۆمەڵە زانیاریەکی نوێ ئەبوایە پێداچوونەوەیان بۆ بکرایەو پۆلێنکاریان بۆ بکرایە، گەر یاسا و فرمانەکان وێکچوو بوونایە. ئەمەش وێنەی بارودۆخەکە بوولە نزیکی سەرەتای سەدەی هەژدەیەمدا، هەتا دوو زانا هاتن و ئەسپی خۆیان لە مەیدانەکەدا تاودا. بۆ چارەسەری ئەم گەڕەلاوژێ و بێ سەروبەریە، نیوتن کاری بە یاساکردو لیناوسیش پەیڕەوی دانا. لەبواری پزیشکیشدا، یەکێک لە دیارترین پزیشکەکانی هەموو مێژووی مرۆڤایەتی بەناوی بۆیرهاڤ دەرکەوت.

بەڕێز ئیسحاق نیوتن ( ١٦٤٢-١٧٢٧) خەمی یەکەمی زانستی پزیشکی نەبوو.

دەی سەلماندی یاسا دیاریکراوەکان کاریگەریان نەک لەسەر جەستەی مرۆڤ، هەموو تەنێکی گۆی زەوی، بەڵکو لەسەر تەنە ئاسمانیەکان و تەواوی گەردونیش هەیە. کۆمەڵە یاسایەکیش بۆ هەموو ئەوانە هەیە کە کاریگەری قووڵی لەسەر هەموو زانستەکان هەیە. کتێبەکەی بەناوی ( Principia )، کە لەساڵی ١٦٨٧ دا بڵاوکراوەتەوە، بەگەورەترین سەرکەوتنی ئەقڵی مرۆڤ دادەنرا. هەر ماوەیەکی کەم دوای ئەوە زانایەکی تر، بەناوی کارڵ ڤۆن لینێ ناسراو بە لیناوس (١٧٠٧–١٧٧٨) هات. پزیشکێکی سەرکەوتوو و هەروەها یەکێک لە مەزنترین ڕووەکناسەکانی هەموو مێژووی مرۆڤایەتیە. باخچەکەی لە ئەپساڵە، میتۆدی جووت ناوی پۆلێنکردنی ڕووەکەکانی خستۆتەڕوو، بەوەی هەریەکەیان ڕەگەزو چەشنی خۆی هەبێت. بەم جۆرە وەسیلەی پۆلێنکردنی لە زانستدا داهێنا. بەمەش لەڕێی ڕێساوە سنوورێک بۆ ئەو گەڕەلاوژەیە دانرا. کتێبەکەی بەناوی (سیستەمی سروشتی ) لە ساڵی ١٧٣٥ دا بڵاکراوەیەوەو میتۆدەکەشی بۆ گیانداران و ڕووەکیشی بەرفراون کردو تەنانەت نموونەی باڵای مرۆڤی ژیریشی گرتەوە[64]. سەرباری ئەو بنەما گشتیانەی نیوتن و لیناوس دایاننا، زۆر "سیستەم " و تیۆری تر لەو کاتەدا پەرەپان پێدرا. زۆرێک لەوانە ئێستا کەڵکیان نەماوەو لەبیرکراون، بەڵام ڕۆڵی گرنگیان لە پێشکەوتنی زانستی پزیشکی هاوچەرخدا هەبووە. پێویستە هەندێک ئاماژە بە ئەو تیۆر و خەرجیدەرەکانیان بکرێت. لای کەم دەبێت زۆر زیاتر باسی بۆیرهاڤ بکەین، کە دواتر سەرنجی خوێنەر بۆ

## گیانکێتی (ڕۆحانیەت ) و زیندەبەخشێتی

کێشمە کێشمی بەردەوامی نێوان زانستی پزیشکی و ئاین، یەکێکە لە لایەنە دیارەکانی مێژووی زانستی پزیشکی. لەسەردەمی بێنەو بەردەدا، بۆشاییەکی گەورە لە نێوان ئەم دووانەدا دروست بوو و هەریەکەشیان سەربەخۆیانە پێش دەکەوت. هەروەک بینیمان، زانستی پزیشکی هێندە مادیانە بوو، کە فرمانی جستەی مرۆڤ لە ڕووی تەندروستی و نەخۆشیەوە بەسادەیی بوونە پرسیاری کیمیا و فیزیا. دەی کەسانی تریش هەبوون بە پێچەوانەوە بیریان دەکردەوە. لەم

٦٤ زیاتر مەبەستی مرۆڤی سەردەمی نۆییە. خۆی بە لاتینی مانای مرۆڤی ژیر دگەیەنێت.

سـەردەمەدا  پەیامبەرێکی پزیشـک بەنـاوی جـۆرج ئێرنەسـت سـتاڵ (١٦٦٠-١٧٣٤) هەڵکـەوت و بوێرانـە جەختـی لەسـەر بـوون و گرنگـی ڕۆحـی نەمرانـەی مـرۆڤ کـردەوە. سـتاڵ لـە زانکۆی تـازە بنیاتنـراوی هاڵـدا  پرۆفیسـۆری زانسـتی پزیشـکی بـوو وازی لـە فیزیـاو کیمیا هێنـاو تەنانـەت نکۆڵـی لـەوەش کـرد زانسـتی توێـکاری بـۆ پزیشـک زۆر پێویسـت بێـت! نـەوەک دیکارتیش دانـی بـەوەدا نـا ڕۆح و جەسـتە هەریەکەیـان بەجیـا کاری خۆیـان بکـەن. بـە ڕوانینـی سـتاڵ، ڕۆح و جەسـتە زۆر ئاوێزانـن و سـەرچاوەی هەمـوو جوڵەیەکی گرنگیش ڕۆحـە. ئەوەشـی خسـتۆتە ڕوو ڕۆح ڕێگری لـە بۆگـەن بوونـی جەسـتەی بێ ڕۆحـی دوای مـردن دەگرێت. هـەر بـە ڕوانینی ئـەو گومانـی تیـا نیـە  دواجـار جەسـتە دەمرێـت، بـەڵام ئـەوە کاتێکـە  ڕۆح لـە جەسـتەدا جێـی نابێتـەوە. سـتاڵ  ڕوانینەکانـی نـوێ نەبـوو. ئـەو ڕۆحانیەتیـەی ئـەو پێشـووتر، وەک سروشـت یـان گیـان و لەسـەردەمی نوێشـدا وەک عەقڵـی بەئـاگا و ئەقڵـی ناوەکـی، وەسـف کـرا. هەوڵیـدا ڕوانینـی پزیشـکان و بیرناسـان یەکبخـات، بـەڵام سـەرکەوتوو نەبـوو. بـەلای پزیشـکانەوە، گیانکیەتـی  هـەر زۆر بێ مانـا بـووە و بەڵگـەی لەسـەر نەبـووە و شـێوازێکی زۆر سـادەی بێ کەڵکانـەی چارەسـەرکردنی نەخۆشـی بـووە. لـە لایەکـی ترەوە بیرناسـەکان بەدەسـت ئـەو بەکـەم زانینـەی ڕۆح وەک  بەرگریکـەر دژی مـردن و نەخۆشـی هەراسـان بـوو بـوون. زۆر جاریـش بەرگریەکـە بێ کاریگـەر بـووە. بـەم جـۆرە ڕوانینەکانـی سـتاڵ بوونـە جێـی گومـان و زۆر بڕواپێهێنـەر نەبـوون، سـەرباری ئەمـەش سـتاڵ خاوەنـی کەسـایەتیەکی سـەرنجڕاکێش نەبـوو. ڕەخنـەی قبـوڵ نەدەکـرد و قسـەلەڕوویش  بـوو.  بۆیرهاڤیش ڕەخنـەی لـێ هەبـووە و وەک  " سـەروسروشـت ناسێکی(مێتافیزیسـیان) ڕەزا قـورس " وەسـفی کـردووە، لەگـەڵ ئەوەشـدا لەڕێگـەی دژایەتیکردنـی بیـری مادەگەرایـی و گرنگیـدان بـە لایەنـی دەروونـی نەخۆشـی، خزمەتێکـی باشـی نـەوەی سـەردەمی خـۆی کـردووە. گـەر لـە ڕۆژگاری ئەمڕۆمانـدا بووایـە، پێدەچـوو ببایەتـە پزیشـکێکی دەروونـی بەناوبانـگ.

لـەو سـاڵەی سـتاڵ مـرد، جۆزیـف بارتێـز (١٧٣٤-١٨٠٦)  لەدایـک بـوو. دوای ئـەوەی دانـی بـەوەدا نـا بابەتـی ڕۆح یـان جەسـتە بـە ئاسـانی یـەکلا ناکرێتـەوە. هێزێکـی زاڵـی ناسـاند بەنـاوی زیندەبەخشـێتی  بـەوەی نـە ڕۆح نـە جەسـتەیە. ئـەم

بیرەی پێشکەوتنی کەمی بەخۆوە بینی چونکە دیار بوو ئەمەش هەر ناوێکی تر بوو بۆ هێزی ژیان و زۆرێک لە توێژەرانیش سەریان لێ دەرنەکرد. بیری زیندەبەخشێتی لەبیری گیانکێتی زیاتری نەبەخشی.

زۆرجار لە مێژووی زانستی پزیشکیدا پرۆفیسۆرێکی هاوەڵی ستاڵ بەناوی فریدریچ هۆفمان (١٦٦٠-١٧٤٢) لەگەڵ ئەودا ناوی دەهێنرێت. دەی ستاڵ و هۆفمان لەکەم شتدا ڕوانینەکانیان لەیەک نزیک بوو. هۆفمان کەسێکی میهرەبان و خۆش دوو بووەو هەموو تایبەتمەندیەکانی پزیشکی سەرکەوتووی تیا بووە. نەک تەنها کاری پزیشکی زۆر کردووە، بەڵکو وەک مامۆستاش زۆر بەناوبانگ بووە. سیستەمی پزیشکیەکەی لەسەر ئەو بیروباوەڕە بووە گەردون مادەیەکی زۆر گرنگ تەنیویەتی لە هەموو مادەیەکی تر باشترە جگە لە ڕۆح و عەقڵ. ئەم مادە تەڵخەش دۆخی جەستەی بەشێوەیەکی هاوسەنگی بەهێز هێشتۆتەوە.

بە بڕوای هۆفمان هۆکاری نەخۆشی زۆر یان کەم گرژبوونی ماسوولکەیە. زیاد بوونی گرژی ماسولکە دەبێتە هۆی نەخۆشی توند، لە کاتێکا کەمی کشانی ماسولکە دەبێتە هۆی نەخۆشی درێژخایەن، جالەبەرئەوە پەنا بۆ چارەسەری هێورکەرەوە بۆ نەخۆشی توند دەبرێت. دەرمانی بەهێزکەر بۆ چارەسەری نەخۆشی درێژخایەن بەکاردەهێنرێت. گومانی تیادانیە هۆفمان بازرگانی بە هەندێک دەرمانی یاساغەوە کردووە، بەڵام نابێت ئەمە وامان لێبکات ناوی ئەو بەکەم بگرین چونکە لەو سەردەمەی ئەودا ئەمە شتێکی باو بووە. (Spiritus Aetheris Co) دەرمانێکی ئازار شکێنە، کە ئەو ئامادەی کردووەو ئێستاش هەر کەڵکی لێوەردەگیرێت. (سیستەمی عەقڵانی تەندروستی) ناوی کتبێکی نۆ بەرگی قەبارە گەورەیەتی و لە نێوان ساڵانی(١٧١٨-١٧٤٠) نووسیویەتی و دەمێکە لەبیرکراوە.

## ژەمە دەرمانی زۆر و کەم

کە هۆفمان لەوابوو بمرێت، لە سکۆتلەندا جۆن براون ( ١٧٣٥-١٧٨٨) هاتە دونیاوە. ڕوانینەکانی زۆر نزیک بوو لەوانەی هۆفمانەوە و ئەمەش مقۆمقۆی زۆری دروست کرد. جۆن لە خێزانێکی هەژار گوندی بێرۆک شایار لەدایک بووەو لە بەشی زمانەوانی دەندی زانکۆی ئێدنبرەدا خوێندوویەتی. جا خۆی بۆ خوێندن لە بواری پەروەردەو بیرناسیدا تەرخان کرد و لە هیچیشیاندا سەرکەوتوو نەبوو. دواتر ڕووی لە خوێندنی پزیشکی کرد. ئەوەی جێی داخە کەسێکی حولحی و گاڵتەباز بووە و فشەکەریەکەشی وای لێکردووە لە نێو هاوپیشەکانی خۆشەویست نەبێت. سەرەتا کەڵن پەیوەندی هاوڕێیەتی لەگەڵدا پچڕاند، کە وەک سکرتێرو مامۆستای خێزانەکەی دایمەزراندبوو. براون توێژەرێکی نموونەیی زمانی لاتینیش بوو. بەردەوام بوو لە خوێندنی پزیشکی و تەنانەت سەرکێشی زیاتری لە ووتنەوەی وانەی زانستی پزیشکیدا لە زانکۆدا کردو کتێبەکەی بەناوی (پسپۆڕیەکانی پزیشکی ) لەساڵی ١٧٨٠ دا بڵاو کردەوە. لەم کارانەشدا سەرکەوتوو بوو و ڕوانینەکانیشی لە سیستەمێکدا بەناوی "سیستەمی براونی " دەربڕی و قوتابیەکانیشی بەسنگ فراوانیەوە پێشوازیان لێکرد. مشت و مڕی توند لە کۆمەڵگەی شاهانەی پزیشکی هاتەئاراوە، کە بڕوان دووجار سەرۆکی بووەو لە نێوان قوتابیەکانی بڕوان و قوتابیەکانی کەڵن و هەردوو مامۆستاکە دوژمنایەتیەکی ئاشکرا پەیدا بوو.

یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەم هەراوهوریایە ئەوە بوو، براون پێی خۆش نەبوو لە ئێدبرە خوێندن تەواو بکات و ناچاربوو بۆ خوێندنی پزیشکی ڕوو لە سانت ئاندرس بکات. هەواڵی داهێنانی سیستەمەکەی گەیشتە کیشوەری ئەورووپاش. لەوێ مشت و مڕەکە توندتر بوو، بە جۆرێک زانکۆی گۆتێنگین ناچار داوای لە سووپا کرد دەست وەردان بکات تا دۆخەکە هێوربکاتەوە. کەچی براون لە نیشتیمانی خۆی هەر قوتابیەکانی ڕێزیان لێدەنا. براون نێوانی لەگەڵ هاوپیشەکانیشی هەرە فرەخراپ بوو و تەنانەت لەبەر قەرزو قۆڵە ڕاپێچی زیندان کرا. بەوجۆرە لەساڵی ١٧٨٦ بڕیاریدا ڕوو لەلەندەن بکات. جێی داخە لەوێش هەر بژێوی ژیانی باش

نەبوو تا بەکولە مەرگی لەساڵی ١٧٨٨ دا سەری نایەوە. ئەمەش کورتەیەک بوو لە ژییاننامەی جۆن براونی ناسراو بە (پاڕاسێلسیۆسی سکۆتلەندا).

سیستەمەکەی براون هەر زۆر سادە بوو. بە ڕوانینی ئەو ژیان لەسەر چەند کارتێکەرێکی وەک گەرمی، خۆراک، جووڵەی ماسولکە، هێزی بیرکردنەوە و سۆز ....هتد، بەندە. نەخۆشیش بەهۆی زۆر و کەمی بەکارهێنانی ئەمانەوە سەرهەڵەدا. بەکارکردن لەسەر ئەم سیستەمە، براون هەموو نەخۆشیەکی بۆ دوو جۆر پۆلێن کرد ; توونـد، ئاسایی. هەر بە ڕوانینی ئەو ئیتر پێوست نیە خۆمان سەرقاڵ کەین بە جۆری تری دەستنیشان کردنی نەخۆشیەوەو چارەسەریش ئاسانە. دەبێت ژەمە دەرمانی گونجاو بەگوێرەی جۆری نەخۆشیەکە دیاری بکرێت. بەکەمی باس و خواس لەوە کراوە کە ژمارەی ئەوانەی بەهۆی ئەم سیستەمەوە بوونەتە قوربانیانی لە ژمارەی قوربانیانی شۆڕشی فەڕەنسی و جەنگەکانی ناپلیۆن پێکەوە زیاتر بووە!

هەر سەبارەت بە ژەمە دەرمان و لەلایەکی ترەوە هاوچەرخێکی براون بەناوی ساموێل هانمان (١٧٥٥-١٨٤٣) دەرکەوت، کە بەشێوەیەکی کەم کاریگەرتر بەلاّم بەشێوەیەکی نوێگەریانەتر ڕوانینی زانستی پزیشکی داڕشتەوەو کاریگەریەکەشی تا ئەمڕۆ هەر هەستی پێدەکرێت. هانمان بەزۆری لەلایپزیگ ژیاوە و بناغەدانەری میتۆدی "چارەسەری نموونەییە"، کە میتۆدێکی چارەسەری پزیشکیە لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەو دەرمانانەی نیشانەکانی ئەو نەخۆشیانە دەردەخەنەوە، کەڵکیان لێوەرگیراوە. بنەمای سەرەکی ئەم میتۆدە نەک هەر خۆی لە بەکارهێنانی بڕێکی زۆرکەمی دەرماندا، بەڵکو لە هەڵبژاردنی دەرماندایشدا دەبینیەوە. چارەسەر وەک چارەسەر، بەمانایەکی تر ئەو دەرمانەی کاتێک بۆ کەسێکی لەش ساغ دادەنرێت و دەبێتە هۆی دەرکەوتنی جەند نیشانەیەکی دیار، دەبێتە هۆی ئەو نەخۆشیەی کە ئەو نیشانانەی تیا دەرەکەوێت. لەڕێگەی چەندین ئەزموونی خوی و هاوڕێکانیەوە ، هانمان لە پۆلێن کردنی ئەو دەرمانانەی کە بۆ میتۆدەکەی بەسوود بوون، سەرکەوتنی بەدەستهێنا. بۆی دەرکەوت ڕووەکی بێلادۆنا[65] دەبێتە هۆی

٦٥ ڕووەکێکی لە ئۆڕاسیا دەڕوێت ، گوڵەکەی ڕەنگی سووربـاوەو لە ئەمەریکاشدا زۆر دەچێنرێت.

دەرکەوتنی ئەو نیشانانەی کە لەوانەی سووره گرانەتا دەچن، جالەبەر ئەوە لە چارەسەری ئەو نەخۆشیەدا بەکاریهێنا .

بەهەمان شێوە بۆ لەرزوتا درەختی کیناو بۆ تەنگەنەفەسی گوڵی ڕەگە ئاڵتونیەی بەکارهێنا. گومان لەوەدا نیە بەکارکردن لەسەر ئەم دەرەنجامانە، هانمان زۆر زانیاری لەبارەی کاری دەرمانەوە پێبەخشین. بنەمایەکی تری میتۆدەکەی ئەوەبوو تەنها یەک چارەسەر لەیەک کاتدا دەبێت بەکاربهێنرێت و دووەم ژەمە خۆراک نابێت بەکاربهێنرێت، مەگەر ئەوەی یەکەم کاری خۆی نەکات. بنەمای سێ یەمی ئەوە بوو، کە ژەمە دەرمان دەبێت هێندە کەم بێت بەجۆرێک تەنها کاریگەری لەسەر نەخۆشیەکە هەبێت. هانمان ئەوەی خستەڕوو کە تا ژەمە خۆراکیەکان کەمتر بێت، کاریگەریەکەیان زیاتر دەبێت و جەختی لە بەکارهێنانی دەرمان وەک چارەسەرکردەوە و زۆرجار دەرمانەکەی بە ئاو ڕوون کردۆتەوە. وتوویەتی" نەخۆش هەستیاریەکی نائاسای بەدەرمانی وەرگیراو دروست دەکات، بەو مەرجەی چارەسەری دروست دەستنیشان کرابێت". لەساڵی ١٨١٠ دا کتێبەکەی بەناوی (ڕوانینی ئەقڵانیانەی پزیشکی) نووسی و ڕوانینەکانی تیادا خستەڕوو. ئەو دەرمانسازانەی، کە پێدەچێت کەڵکیان لەم میتۆدە وەرنەگرتبێت، زۆر دژایەتیان کرد. دەی ئەم میتۆدە گەلێک دواکەوتەی هەیە و کاتێکیش ناسێنرا، سوودی خۆی هەبوو لە خستنەڕووی مەترسی بەکارهێنانی بڕە دەرمانی زۆر، کە لەو کاتەدا باو بوو.

## زانستی پزیشکی کلینیکی لای بۆیرهاڤ

کاتی ئەوە هاتووە واز لەباسی ئەم تیۆرناس و توندرەوانە بهێنین و بچینە سەر باسی ئەوانەی دڵخوازانە ئەوپەڕی کەڵکیان لەو زانستەی لەبەردەستدایە وەرگرت. ئەمانە هەر فرە هەوڵیاندا ئەو میتۆدانەی وانە ووتنەوە دابهێنن، کە باشترین ئەنجامی لە پزیشکی کرداریدا هەبوو.

دیارە مەزنترین مامۆستای بواری پزیشکی کلینیکی سەدەی هەژدەیەم و یەکێک لە مەزنترینەکانی هەموو مێژووی مرۆڤایەتی، هێرمان بوێرهاڤی(١٦٦٨-١٧٣٨)

لەیدینیە. کوڕی قەشـەیەکی گونـد نشـینی دەسـت کورتـی دڵ پـاک بـوو. وەک قوتابیەک ژیرانە فێری بیرکاری و زمانە پێشین و سەردەمیەکان بوو. پێدەچێت ئامادەبوونی لەوانەکانی تویکاری و دانانی وەک بەشێکی پێویستی خوێندنی ئـازاد، یەکەمجـار سـەرنجی ئـەوی بـۆ زانسـتی پزیشـکی ڕاکێشـابێت. لەگـەڵ ئەوەشدا باوکی وا هەستی دەکرد ئەو گەنجە فرە شارەزایە نەدەبوو لە کڵێسا دابـڕێت. هێرمـان تیۆلۆجیای خوێند و جەیمزی برا بچووکیشی بەشی پزیشکی خوێنـد. دواجاریـش جەیمـز بـوو بـە وەزیـر و هێرمانیـش بـوو بـە پزیشـک! وەک دەووترێت بـاس و خواسـەکەش بـەم جۆرەیە. هێرمانـی لاو لـە بەلەمێکی شـێوە پاکەتیدا گەشتی دەکـرد، کاتێـک مشـت ومڕێـک لـە نێـو سەرنشـینەکاندا لەبـارەی سـپینۆزای فەیلەسوفەوە سـەری هەڵدا، کـە ئەوروپـای حەیـران کـرد بـوو. ئـەو فەیلەسووفە بانگەشـەی ئـەوەی دەکرد خـودا لـە هەمـوو شـوێنێک هەبێت. یەکێک لـە سەرنشینەکان زۆر لە بەگژداچوونـەوەی وەهـا بیروباوەڕێکی داهێنراودا توندبوو، تـا بویرهـاڤ لێـی پرسـی تـۆ کتێبەکانـی سـپینۆزات خوێندۆتـەوە وا سەرشـێتانە ڕەخنـەی لێدەگرێت؟ کاکـی سەنشـینیش بێدەنـگ بـوو، بـەڵام هـەر تۆڵـەی خـۆی کـردەوە. بۆیرهـاڤ گەیشـتە لەندەن و بـۆی دەرکـەوت پێش ئـەوەی بگاتـە ئـەویَ، دەنگۆی ئەوە بڵاودەبێتـەوە گوایە خۆی دواکەوتـەی سپینۆزایە. قسـەکردنیش بۆ خەڵکی وەک ئاسـنی سـارد کۆتـان بـوو.

جا بۆیرهاڤی لاوی ئاین پەروەر مکوڕبوو لەسـەر ئەوەی پیشـەکەی بگۆڕێت و خـۆی لەگـەڵ ئـەو بانگەشـەیە بگونجێنێت، کـە هـەر زۆر سـەرنجی ڕاکێشـابوو. هـەر زوو سـەرکەوتنی بەدەسـت هێنـا. وەک وانەبێژێکـی لاوی بـواری پزیشـکی، سـەرنجی زۆر قوتابی ڕاکێشا. بە دیاریکردنیشی وەک سـەرۆک بەشی ڕووەکناسـی و پزیشـکی لـە لەیدنـدا لەسـاڵی ١٧٠٩ دا، هێنـدە ناوبانگـی دەرکـرد قوتابـی لـە سەرانسـەری ئەوروپا و تەنانـەت ئەمریکاش دەهاتن تـا لای ئـەو وانـە بخوێنن. بۆ زیاتر لـە بیست ساڵ، شۆڕەسواری مەیدانی زانستی پزیشکی بوو لە ئەوروپادا.

بە بیَ خۆئامادەکردن بە لاتینیەکی زۆر چاک وانـەی دەووتـەوە. هـەر تیۆر یان سیسـتەمێک، کـە خزمەتـی مەبەسـتەکەی بکردایـە، کاری لەسـەر دەکـرد. پێدەچێت

ئـەوەی هیپۆکـرات نەبێـت  بۆیرهـاڤ لەگـەڵ هیـچ میتۆدێکـی تایبەتـدا نەبووبێـت. هـەروەک هیپۆکـرات لای ئـەو مەبەسـتی سـەرەکی خزمەتکردنـی نەخـۆش بـووە. توێژینـەوەی لـە وتووێژکـردن بـەلاوە باشـتر بـوو. تەنهـا شـوێنی دوانـزە نەخۆشـی پێدرابـوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا کەڵکـی زۆری لـەم کەمـە شـوێنە  وەرگـرت.  کارکردنـە زۆر و تایبەتیەکـەی  لەبـواری پزیشـکیدا سـەرنجی نەخۆشـانی لـە تـەواوی دونیـای شارسـتانی ڕاکێشـا، بـە جۆرێـک بەئاسـانی بـڕوا بـە بەسـەرهاتە بـە ناوبانگەکـەی ئـەو نامەیە بەناونیشـانی "دکتـۆر بۆیرهاڤی ئەوروپا" دەکەیـن لەچینـەوە بەبێ هیـچ دواکەوتنێـک ئاڕاسـتەی  کـرا.

جـا بۆیرهـاڤ  کەسـێکی  هـەر زۆر سـەنگین، میهرەبـان، بیـر تیـژو فـرە زانـا و چوسـت و چالاک بـوو. گومانیشـی تیادا نیە خاوەنی جەسـتەیەکی پتەو بوو، لەگەڵ ئەمەشـدا  لەسـاڵانی دوایـدا هـەر زۆری  بەدەسـت نەخۆشـی دەردەشـاوە چەشـت. ئـەو سـیفەتانەش بـووە کـە وایـان لێکـردووە ببێتـە مامۆسـتایەکی خۆشەیسـت و پزیشـکێکی نوێخـواز لای خەڵکـی.

(دەزگا تەندروسـتیەکان (١٧٠٨) ، پەنـدەکان (١٧٠٩) ) دوو لەبەرهەمـە گەورەکانیەتـی ، کـە زۆر جـار چـاپ کـراون و زۆریـش لەسـەریان نووسـراوە. (پێڕسـتی ڕووەکـەکان(١٧١٠)) ئـەو بەرهەمەیەتـی پێڕسـتی باخچـە ڕووەکیەکانـی لەیدینی تیادایـە، کـە پۆلێنکاری بۆ کـردو بەرفراوانـی کـرد. ناوبانگـی وەک پزیشـک و ڕووەکناسـی نموونەیـی نەبووەتـە مایـەی دڵخۆشـی ئـەو و  لەسـاڵی ١٧١٨  دا ڕەزامەندی دەربڕی ببێتە سـەرۆک بەشـی کیمیاو لەسـاڵی ١٧٣١ دا کتێبی (بنەماکانی کیمیـای )  بڵاوکـردەوە، کـە بـۆ چەنـد سـاڵێک پێـوەی قـاڵ بـوو.

لەسـەردەمی خۆیـدا خۆشەویسـت و ڕێـزدار بـووەو هێشـتاش لـە لەیدیـن بـە پەیکەرێکـی نـاوازە، بـە تـەلارە پزیشـکیەکانی بۆیرهـاڤ، بـە  خانووەکـەی لەزێدی خـۆی  کـە شـوێنی چالاکیـە چڕوپڕەکانـی  بـوو، بـە  ئـەو خانـووەی لـە لای شـار هەیبـووە، کە دیاری نەخۆشـێکی سـوپاس گـوزار بـوو ، بـە  ئـەو باخچـە ڕووەکیانـەی کـە هـەر زۆر حـەزی پێکـردن، یـادی زینـدوو رادەگیرێـت.

دوای بۆیرهـاف مامۆسـتایەکی تـری سـەنگین لەسـەدەی هەژدەیـەم بەنـاوی

ویلیـام کەڵـن (١٧١٠-١٧٩٠) هەڵکـەوت. کەڵـن لـە هامیڵتـۆن لـە لانکشـایەر لەدایـک بـووە و لـەوێ باوکـی پارێزەربـووە و بریـکاری دادوەری هامیڵتـۆن بـووە.

لـە قوتابخانـەی ڕێزمانـی هامیڵتۆنـەوە ڕووی لـە زانکـۆی گلاسـکۆ کـرد. دەی بەهـۆی ئـەوەی بەشـێکی پزیشـکی ڕێکخـراو نەبوو، لـە لای نەشـتەرگەرێک و دواتر لە لای دەرمانسـازێک لـە لەندەندا کاری کـرد. هەروەهـا وەک نەشـتەرگەری کەشـتیوانی گەشـتی بـۆ هینـدی ڕۆژئـاوا لـە کاریبـی کاری کـرد. دوای ئـەم ڕاهێنانـەی گەشـتە ئـەو بڕوایـەی لـە زێـدی خۆیـدا کاری پزیشـکی بکات، بەتایبەتـی پاڵپشـتی دادوەری پێخـۆش بـوو. لـەو سـەردەمەدا لەگـەڵ ویلیـام هەنتـەری بەڕەچەڵەک لانارک شـایەری، دۆسـتایەتی پەیـدا کـردو هەردووکیـان مکـوڕ بـوون پێکـەوە کاربکـەن. هەریەکەیـان دەسـتی ئـەوی تـری کـراوە کـرد، بەشـێوەی نۆرەبـڕ تـا زیاتـر لێکۆڵینـەوەی پزیشـکی ئەنجامبدات.

سـاڵی دواتـر هەنتـەر ڕووی کـردە لەنـدەن و تـا بەتـەواوی ئەسـپی خـۆی لـە مەیدانـی توێکاریـدا تاوبدات. بەرەزامەنـدی دۆسـتانەی هـەردوولا وازیـان لـە کاری پێکەوەیـی هێنـا. خـۆی کەڵنیش کەسـێکی بەرزخـواز بـوو. دواتریـش دەبینیـن ئەمیـش لـە گلاسـکۆ بەشـێوەی فراوان کاری کـردو بەڕەزامەنـدی دەسـەڵاتداران نـەک بە تەنها لەسـەر ویسـتی خـۆی نـەک وانـەی کیمیـای ووتـەوە، بەڵکـو وانـەی ڕووەکناسـی و بابەتـی پزیشـکی وتـەوە. خـۆی دەکرێـت بـە دامەزرێنـەری زانکـۆی پزیشـکی دابنرێت.

لەسـاڵی ١٧٥١ دا و لەتەمەنی چل و یەک سـاڵیدا لە گلاسـکۆ، بوو بە پرۆفیسـۆری زانسـتی پزیشـکی . لـەو بـوارە و لەبـواری کیمیاشـدا بـەردەوام تاسـاڵی ١٧٥٥ کاتێـک بـوو بـە سـەرۆک بەشـی کیمیـا لـە ئێدنبـرە، وانـەی ووتـەوە. وانەکانـی نموونەیـی بـوون و لەجیاتـی زمانـی لاتینـی بـە زمانـی ناوچـەی وانـەی دەووتـەوە. کەڵـن ئـەو تایبەتمەندیـەی بـە ئێدنبـرەی بەخشـی، بـە گلاسکۆشـی بەخشـی. لـە ئێدنبرەشـدا ئـەو فـرە بەهرەیەشـی بـە جـێ دەسـتیدا دیاربـوو. هـەر بـە تەنهـا بەووتنـەوەی وانـەی کیمیـا قایـل نەبـوو. لەبـارەی پزیشـکی کلینیکـی لـە تیمارگـەی شاهانەشـدا وانـەی وتووەتـەوە. ئـەوەش هەمـوو شـتێک نەبـووە چونکـە لەسـاڵی ١٧٦٦ دا بـوو بـە سـەرۆکی بەشـی پزیشـکی تیـۆری و فەسـلەجە، کـە دوای مردنـی ڕۆبـەرت ویـت ئـەو

جێگای گرتەوە. لەهەمان کاتدا لەبەر جۆزیف بلاک دەست بەردری سەرۆکایەتی بەشی کیمیا بوو، کە ئەویش لە گلاسکۆ قوتابی خۆی بوو. دەی شارەزاییەکی باشیشی لەم بابەتەدا وەدەست هێنابوو.

دواجار لەگەڵ جۆن گریگۆری (١٧٢٤-١٧٧٣) ڕێکەوتن، کە لەئابەردینەوە هاتبوو تا ببێتە پرۆفیسۆری بواری پزیشکی کرداری و هەردووکیان بەشێوەی جێ گۆڕکێ، لەسەر ئەم بابەتە وانە بڵێنەوە. کە گریگۆری مرد، کەڵن بوو بەتاکە پرۆفیسۆر و لەوکاتەدا تەمەنی شەست و سێ ساڵ بوو. کەچی بۆ پانزە ساڵی تریش بەبەردەوامی وانەی وتەوە. لە کیرکێنستن لە نزیک ئێدنبرە خانەنشین بوو. دوو ساڵ دواتر لەوێ کۆچی دوای کرد. دوای خۆی جەیمز گریگۆری بوو بە جێگرەوەی، کە کوڕی دکتۆر جۆن گریگۆری ناوبراو بوو. هەردووکیان ئەندامی دیاری خێزانی ئابێردین بوون، کە لە پێنج نەوە شانزە پرۆفیسۆریان تیا هەڵکەوت! (یەکەمین هەنگاوە کرداریەکانی چارەسەر) ناوی کتێبێکی مەنهەجی ناوازەی کەڵنە. شانازی ئەوەشی پێدەبڕێت سەرنجی بە گرنگی پەیوەندی نێوان کۆئەندامی دەماری بەنەخۆشی داوە. هەروەها هەوڵیداوە نەخۆشیەکان پۆلێن بکات، هەروەک ليناوس پۆلێنی ڕووەکەکانی کردووە.

دەی وەک دۆزەرەوەش دانانرێت. تیۆرەکانی تەنها بەمەبەستی ڕوون کردنەوەی ڕوانینەکانی بەکارهێناوە و پابەندی هیچ میتۆدێک نەبووە و ووتوویەتی " خوا کڵاوی بۆ بەڕووش دروست کردووە "[66].

هەروەک زانیمان جۆن براونی قوتابی و سکرتێری، کە زۆر جڵەوی نەفسی خۆی گرت و دەمارگیرانە دوای میتۆدەکەی کەوت، زۆر ژیرانە داکۆکی لە فەلسەفەی ڕاستی مامۆستاکەی کرد. بە زمانی ناوچەی خۆی وانەکانی وتووەتەوەو ئەمەش سەرنجی زۆر کەسی ڕاکێشا. سەرکەوتنەکەی بەهۆی زۆر دان بەخۆداگرتن و میزاجە خامۆشەکەی بووە. زۆر گرنگی بە قوتابیەکانی داوە و ماڵ و کتێبخانەکەی و تەنانەت سامانەکەیشی خستۆتە خزمەتیان. هیپۆلیتۆ یۆناندی (١٧٥٥-١٨٣٣) پزیشک و نیشتیمان پەروەری ئەمەریکای باشوور، یەکێک

٦٦ واتا کەس پەکی ناکەوێت.

بووه لە قوتابییەکانی، کە میتۆدەکانی لە لەیدین و ئێدنبرە وە بۆ شاری لیما لە پیرۆ گواستۆتەوە. توێژینەوەکەی بەناوی (لووتکەی لیما) نووسینێکی پزیشکی کلاسیکیە، کە شیاوی ئەوەیە زۆتر گرنگی پێبدرێت.

## قوتابییەکانی بۆیرهاڤ

بۆیرهاڤ و کەڵن دوو مامۆستای مەزنی پزیشکی کلینیکی سەدەی هەژدەیەم بوون. بۆیرهاڤ لەسەرەتای سەدەی هەژدەیەمدا و کەڵنیش لە کۆتای سەدەی هەژدەیەمدا دەرکەوتن. بۆ ئەوەی باشتر لە مێژووی زاستی پزیشکی لەو سەدەیەدا بگەین، ئەبێت لەبارەی ژیان و بەرهەمی هەندێک لە هاوپیشەو قوتابیانی ئەم دوو کەڵە زاناوە بدوێین. بۆیرهاڤ سەرنجی چەندین قوتابی بە لای لەیدنیدا راکێشا، کە دواتر ناوبانگیان دەکردو و هەر دەکریت باسی کەمێکیان بکەین. یەکێک لە دیارترینیان ئەلبێرت ڤۆن هالەری (١٧٠٨-١٧٧٧) خەڵکی بێرن بووە.

هەر لە منداڵیەوە هەڵکەوت بەپێچەوانەی زۆرێک لە مناڵە بلیمەتەکانی تر، کارەکانی لەسەردەمی پێگەیشتنیدا بووە مایەی بەدیهێنانی بەڵێنەکانی سەرەتای تەمەنی. لە مێژوودا ناوی وەک شاعیر، ڕووەکناس، لەسەر هەمووشەوە وەک فەسلەجەناسێکی مەزنی مێشک دەمێنێتەوە. لەتەمەنی دە ساڵیدا هۆنراوەی بە زمانی لاتینی نووسیوەو پێش تەمەنی پانزە ساڵیش وانەی زانستی داناوە! دوای ئەوەی لە لەیدین لای بۆیرهاڤ خوێندی، سەردانی پاریس و لەندەنی کرد و لە بێڕن دەستی بەکاری پزیشکی کرد. داوای لێکرا لە زانکۆ تازە دامەزراوەکەی گۆتینگێندا ببێتە پرۆفیسۆر. لەوێ بۆ ماوەی حەڤدە ساڵ لێبڕاوانە کاری کردو و پاشان گەڕایەوە بێرنی نیشتیمانی خۆی. تامردن لەوێ بەردەوام خەریکی توێژینەوەو نووسین بوو. هۆنراوەکانی لە ئاستێکی بەرزدان، بەتایبەتی هۆنراوەی " Die Alpen "، کە تیایدا وەسفی چیاکانی سویسرای کردووە و پێیان سەرسام بووە.


کتێبەکەی بەناوی (جیهانی ڕووەکی سویسرا) لەبواری ڕووەکناسیدا زۆر ناوبانگی دەرکردووە. دەی لەبواری فەسلەجەشدا زۆر ناوبانگی هەبووەو بەشان

و باڵیشیدا هەڵدراوە. وەک دامەزرێنەری فەسلەجەی هاوچەرخ دانراوە چونکە چی نووسین لەسەر ئەم بابەتە هەیە کۆی کردووەتەوەو ڕێکی خستووە، کە لەپێش سەردەمی خۆی ئەم کارە نەکراوەو لەسەر بنەمای دۆزینەوەکانی خۆی گەلێک ڕاستی زانستی خستۆتەڕوو. سەلماندی ماسولکەو دەمارە هەستەوەرەکان سیفەتی هەستیاریان هەیە. ئەمەش گەورەترین دۆزینەوەی ئەم زانایە بوو. سەلماندووشیەتی شانە ماسولکە سیفەتی هەستەوەری هەیە. ئەم سیفەتەش لە ماسولکەدا خۆکردەیە و ناکەوێتە سەر ئەو دەمارەی خۆراک بە ماسوولکە دەگەیەنێت. پێشووتر گلیسۆن گریمانەکەی خستبووەوە ڕوو، کەچی هالەر لە ڕێگەی زنجیرە ئەزموونێکی پشت بەستوو بە شانە ماسوولکەی لابراو، گریمانەکەی سەلماند. هالەریش بەردی بناغەی تیۆری کاری ماسولکەی دانا. کتێبە هەشت بەرگیە قەبارە گەورەکەی بەناوی (بنەماکانی فەسلەجە)، بەشێک بووە لە نووسینەکانی. ئەم توێژەرە لێهاتووە زۆر خزمەتی لەبواری پزیشکیدا کردووە و یەکێکە لە مەزنترین کەسایەتیەکانی مێژووی زانستی پزیشکی.

## زانکۆ پزیشکیە کۆنەکەی ڤێنا

جێرهارد ڤان سوێتێن (١٧٠٠-١٧٧٢) یەکێکی ترە لە قوتابیە ناودارەکانی بۆیرهاڤ، کە دوای تەواوکردنی خوێندن لە لەیدنیدا، لەوێ سەرکەوتووانە خەریکی کاری وانەبێژی بووە. تەنانەت وەک جێگرەوەیەکی شایستەی بۆیرهاڤ ناوی دەهێنرێت. بەهۆی ئەوەی کاثۆلیکی ڕۆمانی بوو، ئەگەری هەبوو ئەو پۆستە وەرنە بگرێت. هەرچەندە خۆشبەختانە بەهۆی ئەوەی بەشێوەیەکی لێزانانە چارەسەری نەخۆشی خوشکەکەی کرد، ژنە ئیمپڕاتۆڕ ماریا تێرێزا متمانەی پێبەخشی. ژنە ئیمپڕاتۆڕیش سوێتێنی داوای لێکرد تا ڕوو لە ڤێنا بکات و ببێتە پزیشکی تایبەتی. ئەمیش ڕووی لە ڤێنا کرد، بەڵام کەیف خۆش نەبوو بەوەی تەنها ببێتە خزمەتکار. مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی دووبارە زانکۆ پزیشکیەکەی ڤیەنا بنیات بنرێتەوە. زۆر بەکارامەی و لێهاتوویی ئەم کارەکەی بەئەنجام گەیاند. حکومەتیش سەرپەشتی زانکۆکەی کرد و ڤان سوێتێنیش بوو بە سەرۆکی.

جا هەروەک پێشبینی دەکرا، ئەم کارە ڕووبەڕووی ڕەخنەی توند بوویەوە. ئەندامەکانی تری زانکۆکە بەدەست وەردانی کەسێکی هۆڵەندی و سنووردارکردنی دەسەڵاتیان هەراسان بوون. دەی ڤان بە شارەزای خۆی بارودۆخەکەی تێپەڕاندو ڕووبەڕووی ئاستەنگەکان بووەوە. ئەو وەک سەرۆکێکی بەتوانا وایکرد زانکۆی پزیشکی ڤێنا " زانکۆ نمونەییەکە " پێگەی قایم بێت و زۆر پێشکەوێت. ئەنتۆن دی هاین (١٧٠٤-١٧٧٦)، کە ئەویش دوای خۆی بوو بە سەرۆکی زانکۆکەو کۆششکارێکی پێداگرو کلینیسیانێکی نموونەیی هۆڵندی بوو، زانکۆکە بەردەوام پێشکەوت و ناوبانگی زیاتر بوو. بەهەست کردن بە گرنگی توێژینەوەو وانە ووتنەوەوە، ژیرانە کاری لەسەر سیستەمێکی وەرگرتنی قوتابی کرد، کە ڕۆژ بە ڕۆژ پێشکەوتن و گۆڕانی زانیاری زۆری بە دوادا دەهات. زانستنامەیەکی لەسەر چۆنیەتی چارەسەرکردن نووسی. تیایدا دژایەتی خۆی بۆ وەرگرتنی نەریتی باوی دەرمانی زۆر دەربڕی و پاڵپشتی میتۆدی هیپۆکراتی کرد.



وێنەی هێرمان بۆیرهاڤی مەزنترین پزیشک و مامۆستای بواری پزیشکیی لە سەردەمی خۆیدا. خۆی ئەم وێنەیە بەرگی یەکێک لە کتێبەکانێتیکە تیایدا لە لەیدندا ووتار بۆ ئامادەبوویەکی زۆر دەدات.



وێنەیەک کە پیشانمان دەدات شا چاڕڵزی دووەم کاری دەست لێدان بۆ چارەسەری نەخۆشی دەردە باریکە دەکات

## زانکۆی لەیدین و ئێدنبرە

هەرکە زانکۆی لەیدین لە جیهاندا ناوبانگێکی زۆری پەیداکرد، زۆر قوتابی بەریتانی بەمەبەستی خوێندن ڕوویان تێکرد. بەڕێز تۆماس براون یەکێک بوو لەو قوتابیانەی لەساڵی ١٦٣٠ دا لەوێ خوێندنی تەواوکرد. چرای زانست، کە لە یۆناندا هەڵکرابوو، هێنرایە سالێرنۆو مۆنبیلیەو پادوا و پاشان هێنرایە لەیدین. لەسەرەتای سەدەی هەژدەیەمشدا لە ئێدنبرە هەڵگیرا، کە دواتر بوو بە ناوەندی فێربوونی زانستی پزیشکی.

لەسەرەتای ساڵی ١٦٦٠ دا، بەڕێز ڕۆبەرت سیباڵد (١٦٤١-١٧٢٢) ماوەی ساڵ و نیوێک لە لەیدین لە لای سیلڤیەس و مامۆستایانی تردا خوێندی. پاشان گەڕایەوە ئێدنبرە و وەک دامەزرێنەری زانکۆی شاهانەی ئێدنبرە، یەکەمین پرۆفیسۆری زانستی پزیشکی زانکۆی کۆنی ئێدنبرە، جوگرافیزانی شاهانەی سکۆتلەنداو نووسەری کۆمەڵێک کتێب لەسەر مێژوو و شوێنەوارناسی، ناوبانگی دەرکرد. یەکێک بوو لەو سێ کەسەی لە زانستی پزیشکی لە زانکۆکەکەدا کرا بە پرۆفیسۆر. ئەوانی تر دکتۆر جەیمز هەڵکیتی، قوتابیەکی تری لەیدین و دکتۆر ئەرشیباڵد پیت کایرین (١٦٥٢-١٧١٣) بوون. پیت کایرین تەمەنی تەنها سی و شەش ساڵ بوو، کاتێک بووبە پرۆفیسۆرو لەسەردەمی خۆیدا بەناوبانگترین پزیشکی سکۆتلەندا بوو. ئەلیکساندەر مۆنرۆ و پیت کایرین ڕۆڵیان لە دامەزراندنی زانکۆی پزیشکی ئێدنبرەدا گێڕا. پیت کایرین، کە ئەندامی بنەماڵەی بەناوبانگی فیفاشابووە، پێشئەوەی زانستی پزیشکی بخوێنێت، بەشی ئاین ناسی و یاسای تەواوکرد. لە ئێدنبرەو پاریس خوێندوویەتی و لەساڵی ١٦٨٠ دا لە شاری ڕانس بووە بە پزیشک. ساڵێک دواتر بووە بە گەنجترین ئەندامی زانکۆی شاهانەی پزیشکی لە ئیدانبرەدا. هەر لەو کاتەدا لە نووسینێکیدا بە توندی پاڵپشتی لە بانگەشەی دۆزینەوەی سووڕی خوێنی لە لایەن هارڤیەوە کرد. دواتر ئەم بانگەشەیە بەبێ مەرج لە جیهاندا قبوڵ کرا.

پیت کایرین کاری لەسەر ڕوانینەکانی چارەسەری قوتابخانەی فیزیکی کردو هەروەک بینیمان، هەموو چالاکیەکانی جەستەی لەسەر بنەمای میکانیکی لێک

دایـەوە. نووسـینەکانی لـە دوتویـی کتێبێکـدا بەنـاوی (توێژینـەوە پزیشـکیەکان) بڵاوکردۆتـەوە. ئەمـەش وایکـرد ناوبانگـی زیاتـر بێـت و لەسـاڵی ١٦٩٢ دا بکرێتـە پرۆفیسـۆری زانسـتی پزیشـکی لـە زانکـۆی لەیدینـدا. هـەر بەهـۆی ئەمیشـەوە ناوبانگـی زانکـۆی پزیشـکیەکە زیاتـر بـوو. جـا لەبـەر هـۆکاری خێزانـی، لـە کۆتـای سـاڵی یەکەمـدا لـە هۆڵەنـداوە بەناچـاری گەڕایـەوە ئێدنبـرە. بۆیرهاڤـی پزیشـکی بەناوبانـگ و جێگرەوەی لـە لەیدنـدا، هەروەهـا ڕیچـارد میدی پزیشـکی بەناوبانگـی لەنـدەن، قوتابـی ئـەو بـوون.

پیـت کایریـن کەسـایەتیەکی بەهێـزی هەبـووەو کاتێـک بـووە بـە یەعقوبـی[67] و ئیپیسـکۆپالیەت، بەباشـی تێدەگەیـن بۆچـی نەبووەتـە کەسـایەتیەکی جیهانـی. دەی نـاوی ئـەو شـایانی ئەوەیـە زۆر بەرزڕاگیرێـت لـە مێـژووی زانسـتی پزیشـکیدا. پیت کایـرن لـە تەمەنـی شەسـت و یـەک سـاڵیدا مـرد و لـە حەوشـەی کڵێسـای گـرەی فریـارز بەخـاک سـپێرا. لەنێـو ئـەو ئاسـەوارانەی تـری بەجێـی هێشـتووە، بوتڵێکـی گـەورەی مەیـە، لەگـەڵ ئـەو ڕێنمایانـەی داوا دەکات کـە لەگـەڵ گەڕانـەوەی ستیوارتدا مەیەکـە بخورێتـەوە. ئەمـەش ڕوویـنەدا. هەروەهـا لەسـاڵی ١٨٠٠ دا کۆمەڵێک پزیشـکی ئیدنبـرە، بەسەرپەرشـتی ئانـدرۆ دونکانـی (١٧٤٤-١٨٢٨) پرۆفیسـۆری پەیمانـگای پزیشـکی کـە دوای گریگـۆری هـات، وایـان پێبـاش بـوو لەسـەر وەسـیەتی خـۆی گۆڕەکـەی بگەڕێننـەوە شـوێنی خـۆی. وەسـیەتەکەش جێبەجێکـراو وە یـادگاری کۆچکـردووش بـە خواردنـەوەی مەیەکـە ڕێـزی لێنـرا.

---

٦٧ لێرەدا مەبەست لـە لایەنگری پاشـا جەیمزی دوورخراوە و ئەوانـەی دوای ئـەون لـەدوای شۆڕشـی مەزنی بەریتانیا لەساڵی ١٦٨٨ دا. بزووتنـەوەی یەعقوبیـەت لـە سـاڵی ١٦٨٨ ەوە تـا سـاڵی ١٧٥٠ کان بـەردەوام بـوو.

# بەشی سیانزەیەم

## زانستی پزیشکی لە سەدەی هەژدەدا :
## کاریگەری بنەماڵەی مۆنرۆ

جۆن مۆنرۆ یەکێک بوو لە قوتابییەکانی پیت کایرن لە زانکۆی لەیدیندا، کە لە سوپاکەی ویلیامی ویلیامی سێیەمدا نەشتەرگەر بوو. کەسێکی خوێنەوار و زۆر شارەزای بوارەکەی خۆی بوو. ئاواتی ئەوە بوو لە ئێدنبرەدا زانکۆیەکی پزیشکیی لە هاوشێوەی ئەوەی لەیدین دابمەزرێنێت. جا هەوڵی دا سەرنجی پزیشکان و نەشتەرگەران بۆ دامەزراندنی ئەم زانکۆیە ڕاکێشێت. هەورەک پێشووتر باسمان کرد، بەدەستنیشان کردنی سیبالْد، هالْکێت و پیت کایرین وەک پرۆفیسۆری پزیشکی، هەندێک پێشکەوتن روویدا و بابەتەکانی ڕووەکناسی و کیمیا ووترانەوە. مۆنتەیث، ئیلیۆت مەکگێل و درەمۆندیش، لە هۆڵی توێکاری زانکۆی شاهانەی نەشتەرگەراندا وانەی توێکاریان ووتەوە. لەساڵی ١٧٠٣ دا ڕۆبەرت ئیلیۆت وەک توێکارزانی گشتی لە زانکۆی پزیشکی ئێدنبرەدا بەمووچەی ساڵانەی پانزە پاوەند دامەزرا. ئەو کاتەش دەرفەتی کاری زیاتر هاتەپێش و جۆن مۆنرۆی نەشتەرگەری سەربازی، بەسوود وەرگرتن لە بارودۆخەکە، بەشێوەیەکی

تایبەت ئەسکەندەری کوڕی بۆ پۆستی پرۆفیسۆری توێکاری ئامادەکرد. دوای ئەوەی خوێندنی لە ئێدنبرە تەواوکرد، لە لەیدین لای بۆیرهاڤ و لە لەندەنیش لای چێسلدێن، درێژەی بە خوێندن دا. هەر لەو سەردەمەدا باوکی چی لەدەست هات کردی تا ڕێی بۆ خۆش بکات و ئەگەری سەرکەوتنی زیاد بکات.

لە گەڕانەوەیدا بۆ ئێدنبرە ئەلیکساندەر مۆنرۆ (١٦٩٧-١٧٦٧) ناسراو بە پریمۆس، تا ناوی خۆی و کوڕەکەی و کوڕەزاکەی کە هاوناو بوون، لەیەک جیابکاتەوە، تەنها تەمەنی بیست و دوو ساڵ بوو کرا بە پرۆفیسۆری توێکارزانی!

لەیەکەم خوولیدا پەنجا قوتابی بەژداریان کردو تا دەهات ژمارەی قوتابیەکانی زیادیان دەکرد. دەووترێت لە یەکەم وانەیدا پاشا پرۆڤۆس، دادوەر، پزیشک و نەشتەرگەرە پیشەنگەکانی ئێدنبرە ئامادەبوون و ئەم پرفیسۆرە گەنجەش ئەوەنە هەراسان بوو بەتەواوی ووتەکانی لەبیرچوویەوە. دەی دەم و دەست وانەیەکی نەنوسراوی زۆر بە سەرکەوتووی ووتەوە. بە پێی گێڕانەوەیەکی تر دەووترێت لەماڵەوە بابەتەکانی بە جێهێشتبوو. هەرچۆنێک بێت سەربەرزانە ئەو ساتە دژوارەی تێپەڕاند. لە سەرەتادا مۆنرۆ لەهۆڵی نەشتەرگەران وانەی دەووتەوە، بەڵام لەساڵی ١٧٢٥ دا بەهۆی خۆپیشاندانێکی گشتی دژ بە فراندنی جەستەی مردووان لەناو گۆڕەکانیاندا، بە ناچاری لەناو زانکۆدا بەدوای ڕێوشوێنی تردا گەڕا. جا جەنگێک لە نێوان قوتابی و خزمانی کۆچکردوویەک بۆ خاوەنداریەتی جەستەی ژنێکی تازە لەسێدارە دراو لەوکاتەدا هەڵایسا. هەر کە شەرەکە گەرم بوو، پیرەژنەش بەناوی ماجی دیکسۆن لەناو کفنەکەی هاتە دەرەوە و چەند ساڵێکی زۆر ژیا! بەگوێرەی گێڕانەوەیەکی تر، ماجی دیکسۆن بە بنەچە خەڵکی مەسلێربووەو گەشتی بۆ ئەوێ کردووە. لە کاتێکدا لە بەرفەمێل ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنی هەبوو، جەستەکەش زیندوو بووەتەوە و هەڵگرانی تەرمەکە و ماتەم گێڕانی تۆقاندووە! ئەمەش نزیکەی سەدەیەک پێش سەردەمی کوشتاری ترسناکی بوورکی و هاریدا بوو. مۆنرۆ بەسنگ فراوانیەکی زۆرەوە بۆ ماوەی سی و هەشت ساڵ بەردەوام وانەی نەشتەرگەری و توێکاری ووتەوە و زۆریش لەبواری پزیشکی کرداریدا کاری کرد. لەدوای جەنگی پڕیستۆن لەساڵی ١٧٤٥ دا،

چالاکانە کاری لەسەر بریندارن دەکرد. جۆن سروزەری نەشتەرگەر و توێکارزان، لە بارەیەی مۆنرۆوە وتوویەتی "کەسێکی مەزن و بەڕێز بووەو بەشایستەی نازناوی باوکی زانکۆی پزیشکی ئێدنبرەی بەدەست هێناوە".

## بنیاتنانی (دامەزراندنی) زانکۆی پزیشکی ئێدنبرە

بەهۆی ڕاچەنینیان بە سەرکەتنی مۆنرۆ، چوار ئەندامی پێشەنگی زانکۆی شاهانەی پزیشکان، دکتۆر سانت کلێر، رەزەفۆرد، پلەمۆرد و ئینیس، لە شارەوانی سکالایان تۆماردکرد تا ببنە پرۆفیسۆر لە زانکۆدا. هەر چواریان لەساڵی ١٧٢٦دا بوون بە پرۆفیسۆر. هەمووشیان لە زانکۆی لەیدین لە لای بۆیرهاڤ خوێندیان و هەروەها جەیمز کراوفۆرد و چارڵس پرێستۆن بوون بە پرۆفیسۆری کیمیا و ڕووەکناسی. ئاندرو سانت کلێر فەسلەجەی ووتەوە و جۆن ڕەزەفۆردی، باپیری واڵتەر سکۆت وانەی پزیشکی کرداری ووتەوە.

ئەندرو پلەمەرو جۆن ئینێس بە هاوبەشی وانەکانی کیمیاو پزیشکیان ووتەوە. هەر لە ساڵی ١٧٤٦دا نازناوی پرۆفیسۆری بۆ بەشی مامانی بەخشرا. جۆزیف گیبسۆنیش، کە لە لەیدندا پرۆفیسۆری مامانی بوو، لەوێس هەر بوو بە پرۆفیسۆری مامانی. دەی خۆشی یەکەمین کەسە لە زانکۆدا پلەی پرۆفیسۆری مامانی وەرگرتبێت. لەساڵی ١٧٣٩ دا کۆچی دوایی کرد. خۆی کاتێک تۆماس یۆنگ لەساڵی ١٧٥٦ دا بووبە پرۆفیسۆر، زنجیرە وانەکان بە ڕێک و پێکی ووترانەوە.

بە هەوڵ تەقالای ئەلیکساندەر هامیڵتۆنی (١٧٣٩-١٨٠٢) جێنشینی یۆنگ، نەخۆشخانەی منداڵ بوون بنیاتنرا، کە لەساڵی ١٧٩٣ دا لە خانەی پەککەوتووان جوداکرایەوە.

لەسەرەتادا بەشێوەیەکی کەم لە "ژووی کرێدا" و دواجاریش بە کردنەوەی شوێنی مانەوەدا لە نەخۆشخانەدا لە ساڵی ١٧٤١ دا و هەروەها دابین کردنی شوێنی خەو لە نەخۆشخانەدا، برەوێکی زۆر بە فێرکاری کلینیکی درا. پاشان بە شێوەیەکی فەرمی زانکۆی پزیشکی ئێدنبرە بنیاتنرا.

دوای مۆنرۆی باوک، لە ساڵی ١٧٥٨ دا مۆنرۆی کوڕ (١٧٣٣-١٨١٧) ناسراو

بە مۆنرۆی دووەم هات. مۆنرۆی کوڕ لە باوکی شارەزاتر بوو. لە لەندەندا لە لای ویلیام هەنتەر و لە بەرلینیش لە لای مێکڵ و هەروەها لە لەیدینشدا خوێندی. وانەبێژێکی رەوانبێژو زمان پاراو بوو، وەکو باوکیشی هەر بە شێوازی زارەکی وانەی دەووتەوە. جا بۆ ماوەی پەنجا ساڵ پرۆفیسۆر بوو و چل هەزار قوتابی ئامادەی وانەکانی بوون! مۆنرۆ کونیلەی ئێسکی دۆزیوەتەوە، کە بەناوی خۆیەوەتی و هەموو قوتابیەکی بەشی توێکاری پێی ئاشنایە. توێژینەوەی بە پێزیشی لەسەر توورەکەی پرۆتینی[68] و لیمفەکانیشەوە، ئەنجام داوە. تا تەمەنی پەنجا ساڵی هیچ کام لە نووسینە بەپێزەکانی بڵاونەکردۆەتەوە. توێکارزانێکی بەناوبانگ و پزیشکێکی نموونەیی سەردەمی خۆی بوو. لە حاڵەتەکانی نەشتەرگەریش ڕاوێژی پێدەکرا، لەگەڵ ئەوەشدا خودی خۆی نەشتەرگەری نەکردووە! گومانی تیا نیە شایستەیی سەرکەوتن بووە. باوکی کەسێکی مەزن بوو، بەڵام ئەم هەر بەمەزنی لەدایک بوو. مەرج نییە هەمیشە خۆش بێت کوڕی باوکێکی ناودار بیت، لەگەڵ ئەوەشدا مۆنرۆ لەڕووی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەوە شوێنی باوکی گرتەوەو لەسەردەمی خۆیدا شۆڕەسواری مەیدانەکە بوو. جێی داخە ئەو بەها بەرزە لەنەوەی دواتردا ڕێزی لێنەگیرا. دووبارە پۆستی پرۆفیسۆریەکە بوو بە پشتاو پشت و ئەمجارەیان لەساڵی ١٧٩٨ دا، درا بە ئەلیکساندەر مۆنرۆی سێ یەم (١٧٧٣-١٨٥٩). ئەمیش دڵخۆش بوو بە خوێندنەوەی وانەکانی باپیری بۆ قوتابیەکانی، کە سەد ساڵێکی بەسەردا تێپەڕیبوو. جا خۆی هەرگیز لە لەیدین نەژیاوە و هەرگیزیش بە باس نەکردنی ئەم ڕستەیە "کاتێک لە زانکۆی پزیشکی لەیدین لەساڵی ١٧١٩ دا قوتابی بووم " تووشی کێشە نەبووە. دەی چل ساڵیش سەرۆکی بەشی پزیشکی بوو. بەم جۆرە لە ئێدنبرەدا لەماوەی سەدو بیست و شەش ساڵدا سێ نەوەی یەک لە دوای یەکی مۆنرۆ، وانەی توێکاریان ووتەوە! لەسەرەتای سەدەی هەژدەیەمدا، پرۆفیسۆرێکی توێکارزانی وەک پاشکۆیەک بۆ بابەتەکی وانەی نەشتەرگەری دەووتەوە. نەشتەرگەرانی ئەو سەردەمەش پیشەگەر بوون، وەک ئەلیکساندەر وودی (١٧٢٥-١٨٠٧) کەسایەتی باڵابەرزی بەتین، ناسراو بە لۆنگساندی وود. زۆرجار لەکاتی کارکردنیدا قەلەڕەشکەو مەڕ چواردەوریان دەدا. یەکەم کەس

٦٨ تورەکەیەکی پڕ لە شلەی لینجە و بەتایبەتی لەناو جومگەکاندا هەیە.

بووه لە ئێدنبرەدا چەتری هەڵگرتبێت. سەرباری ئەم سەیرو سەمەرانەشی، وەک پزیشکی پێشەنگی ئێدنبره دادەنرا.

بە تەقالای خۆی وایکرد نەخۆشخانەی ئێدنبرە ناوبانگ دەربکات، لە هەمان کاتدا بەهۆی خۆش خولقی و کۆمەڵایەتی بوونی خەڵک زیاتر حەزیان بە پیشەکەی کرد.



وێنەی ویلیام کەلنی سکۆتلەندی کەپزیشک و کیمیاگەر و شارەزای بواری کشتوکاڵیش بووە. دیارە ئەم وێنەیە پیتەر کۆچرانی نیگارکێش نەخشاندوویەتی




وێنەی ئەلیکساندەر مۆنرۆی یەکەم کە ئالان ڕامسەی نیگارکێشی سکۆتلەندی نەخشاندوویەتی.

## فێرکاری نەشتەرگەری

هەر دوای ماوەیەکی کەم، بینامین بێڵ (١٧٤٩-١٨٠٦) هات، کە بە یەکەمین زانای نەشتەرگەری ئێدنبرە دادەنرا. لە لەندەن و پاریسدا خوێندوویەتی وئەو زانستەی ئەو هەیبوو هەر لە سکۆتلەندادا بەدەست نەدەهێنرا. لە تەمەنی بیست و چوارساڵیدا وەک نەشتەرگەری نەخۆشخانەی شاهانە دەستنیشان کراو هەر زوو بوو بە نەشتەرگەری نمرە یەکی سکۆتلەندا. کتێبێکی قەبارە گەورەی نموونەییە شەش بەرگی لەبارەی نەشتەرگەری بەناونیشانی (بنەماکانی نەشتەرگەری) نووسی، کە وەرگێڕاوەتە سەر زمانەکانی فەڕەنسی و ئەڵمانی و بۆ چەندین ساڵ کەڵکی لێوەرگیرا. بینیامین بێڵی باپیرە گەورەی جۆزیف بێڵی(١٨٣٧-١٩١١) نەشتەرگەرێکی بەناوبانگ بوو. کاتێک ئارثەر کۆنان دۆیلی چیرۆک نووسی بەناوبانگی سکۆتلەندی وەک کاراکتەری شێرلۆک هۆڵمز لەیەکێک لە زنجیرە چیرۆکەکانیدا وێنای کرد، زیاتر ناوبانگی دەکرد. نەشتەرگەرێکی تری دیاری ئێدنبرە بە هەمان ناو، بەڵام بێ ئەوەی پەیوەندی بە بینیامینەوە هەبێت، جۆن بێڵە (١٧٦٣-١٨٢٠). نەشتەرگەرێکی شارەزا بووە و زۆر لەو بوارەدا کاری کردووە. هەرچەندە بەهۆی ئەو هێرشە ڕقاویانەی پڕۆفیسۆر جەیمز گریگۆری ڕق ئەستور کردیە سەری، کە ئەویش بە ڕێزەوە وەڵامی دایەوە، لە پڕ لە نەخۆشخانەی شاهانە دەرکرا. بەڕێز چارڵز بێڵ برا بچووکی بووە. دواتر دێینە سەر باسی ئەویش.

## هۆم، وایت و گریگۆری

هەر لەو سەردەمەدا ووتنەوی بابەتەکانی تر لەو پسپۆڕە ڕەسەنانەوە، کە پۆستەکانیان بەدەست بوو بۆ جێگرەوە بەتواناکانیان، دەستا و دەستی کرد. چارڵس ئاڵستۆنی قوتابی بۆیرهاڤ، بوو بە پرۆفیسۆری بەشی ڕووەکناسی. لەساڵی ١٧٣٨ دا بابەتی زانستی پزیشکیشی بۆ زیاد کرا. پزیشکی دەرمانسازی لەساڵی ١٧٦٨ دا کرا بە بەشێکی تایبەت و فرانسیس هۆمیش (١٧١٩-١٨١٣) بووبە یەکەم پڕۆفیسۆری ئەم بوارە. هۆم لە کاتێکا لە فلاندەرز خزمەتی سەربازی

دەکرد، فرمانی بە شۆڕەسوارانی کرد تەنها ئاوی کولێنراو بخۆن. گومانیشی تیانیە بەهۆی ئەمەش ژیانی زۆر کەسی ڕزگارکرد. لە کاتێکدا لە کیشوەری ئەوروپادا دەرفەتی بۆ رەخسا ئامادەی وانەکانی بۆیرهاڤ بێت، قوتابیەکی تری پالێوراوی لەیدین بوو تا ببێتە پرۆفیسۆر لە ئێدنبرەدا.

لەو ڕۆژگارانەدا پێگەی لەیدین و بە تایبەتیش ڕێچکەی بۆیرهاڤیش زۆر خزمەتی ئێدنبرەیان کرد. ڕۆبەرت وایت (١٧١٧٦٦) یەکێکە لە پرۆفیسۆرە مەزنەکانی تر. بە تیۆری و کرداریش وانەی پزیشکی وتەوە و توێژینەوەی چڕوپڕی لەسەر ئەگەری توانەوەی بەردی ناو میزەڵدان لە ڕێگەی کوتانی ئاوی کلس و سابوونەوە، ئەنجام داوە.

یەکەمین کەس بوو شوێنی کاردانەوەی ناو دڕکە پەتکی دیاریکردو ئەوەشی خستۆتەڕوو ئەو جێگەیە جیاوازی لەگەڵ مێشکدا هەیە. کتێبێکی زۆر ناوازەی بەناوی (چەند توێژینەوەیەک لەسەر سروشت، هۆکار و چارەسەری نەخۆشیەکانی دەمار، خەمۆکی و هیستریا) نووسیووە. وەسفە نموونەییەکانی ئەو بۆ هەوکردنی سیلاوییبوونی مێشک و دەردەکۆپان بەبەرهەمی پزیشکی کلاسیکی دادەنرێن. یەکێک بووە لە کۆنترین پرۆفیسۆرە لێهاتووەکانی ئێدنبرە. جۆن گریگۆری بوو بە جێگرەوەی وایت وەک پرۆفیسۆر لەبواری پزیشکی کرداریدا. وایتیش یەکێک بوولە شارەزاترین پرۆفیسۆرە کۆنەکانی ئێدنبرە. لە دامەزراوەکانی پزیشکیشدا ویلیام کەڵن جێگای گرتەوە، کە هەندێک باس و خواسمان لەبارەی بەرهەمەکانیەوە کرد.

جەیمز گریگۆری (١٧٥٣-١٨٢١) کە دوای کەڵن هات، لە زانکۆی پزیشکی لەیدین خوێندوویەتی. جا لەو سەردەمەدا مردنی بۆیرهاڤ بەجۆرێک لە جۆرەکان ناوبانگی زانکۆکەی کەمکردەوە. هەروەک پێشووتر باسمان کرد، گریگۆری لە بنەماڵەیەکی ناوداربووە و لە بواری کرداریدا وەک مامۆستاش زۆر سەرکەوتوو بوو. کتێبەکەشی بەناوی (پوختەی زانستی پزیشکی) زۆر کەڵکی لێوەرگیرا و وەک مۆدێلێکی ووردو ڕەونەقی پزیشکی کلاسیکی دادەنرێت. هاڕاوەی گریگۆری، کە لە مەگنیسیۆم، ڕێواس و زەنجەفیلی پێک هاتبوو، هێشتا ناوبانگی خۆی هەیە.

جا گیگۆری زۆر مینجەمینج کەر بووەو نەک تەنها لەگەڵ جۆن بێڵی نەشتەرگەردا دەمەقاڵەی هەبووە، بەڵکو لەگەڵ جەیمس هامیڵتۆنی هاوپیشەشی ، کە وەک خۆی توند بوو، بەشەر هات و لێیدا. جەیمز هامیڵتۆن دوای باوکی وەک پرۆفیسۆری مامانی وانەی وتەوە. جیاوازی ڕاو بۆچوون بووە هۆی پاشەکشەکردنی گیگۆری لە داگاداو لەوێ هامیڵتۆن وەک قەرەبوو سەد پاوەندی پێدرا. باس و خواسی ئەوە هەیە گریگۆری ووتبێتی " هیچ زەرەرێکم نەکرد، بای پارەکە لێمدا"!

ئەمەش بەشێک بوو لە بێنەوبەردەی زانستی پزیشکی لە سەدەی هەژدەیەمدا. جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەبکەین پرۆفیسۆر جەیمز هامیڵتۆن دواین کەس بوو لە ئێدنبرەدا لەو سەدەیەدا سەردانی نەخۆشی لەناو کابینەی گواستنەوەدا کردبێت، کە تا ساڵی ١٨٣٠ بۆ مەبەستی گواستنەوە کەڵکی لێوەرگیرا.

## زانستی پزیشکی لە ناو سوپاو هێزی دەریاوانیدا

وەک بەرچاو ڕوونیەک بۆ ئەم زانیاریە هاکەزاییەی لەسەر پێشکەوتنی زانکۆی پزیشکی ئێدنبرە هەیە، جێی خۆیەتی کەمێک پەسنی دوو دەرچووی ئەم زانکۆیە بکەین، کە لە ڕێگەی خزمەتەکانیان لە بوارەکانی سەربازی و دەریاوانیدا، جێ دەستیان دیارە.

بەڕێز جۆن پرینگڵ (١٧٠٧-١٧٨٢) کوڕی بەڕێز جۆن پرینگڵی ڕۆخبورشایەر بووە. سەرکەوتووانە لە زانکۆکانی سانت ئاندرۆسی، ئێدنبرە و لەیدین دا خوێندوویەتی. لەساڵی ١٧٣٠ دا بووبە پزیشک لە زانکۆی لەیدیندا و گەڕایەوە تا لە ئێدنبرەدا نیشتەجێ ببێت. لەوێ کرا بە پرۆفیسۆری فەلسەفەی ئەخلاقیات و ئەرکەکانی ئەم بەشەی لەگەڵ کاری زانستی پزیشکی گرێ داو لە هەردوو بوارەکەشدا ناوبانگی دەرکرد.

لەساڵی ١٧٤٢ دا بوو بە پزیشکی فیدڵ مارشاڵی دیپلۆمات و پاشان لە سەرانسەری کیشوەری ئەوروپادا بوو بە فەرماندەی سوپای بەریتانیا. لە جەنگی دێتینگێندا لەسەر پێشنیاری پرینگڵ لەگەڵ فەرماندەی فەڕەنسادا کاریان لەسەر ئەوەکرد، نەخۆشخانە سەربازیەکانی هەردوولا بکرێنە پەناگە و بەهاوبەشی

بپارێزرێن. ئەمەش چاودێری توندی لەسەر دانراو دواجاریش دامەزراندنی ڕێکخراوی خاچی سووری لە جەنگەکانی سەردەمی نوێدا لێکەوتەوە. لەڕاستیدا بڵاوکراوەیەکی ڕوانینەکانی جان هێنری دونانک، خاوەن بانکێکی سویسری بوو لەسەر مەترسیەکانی مەیدانی جەنگ لە کتێبێکدا بەناوی (بیرەوەری جەنگی سۆڵفێرینۆ) لەساڵی ١٨٦٢دا، کە ڕێی بۆ ڕێکەتنامەکانی جنێفی لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٦٣ دا خۆش کردو تیایدا لەبارەی پاراستنی نەخۆش و برینداران و ئەوانەی دێنە لایان ڕێکەوتنی نێودەوڵەتی واژۆ کرا. لە ساڵانی دواتردا ڕێکەوتنامەکە پیاداچوونەوەی بۆ کرا و ئەو ئاریشەیەی چارەسەرکرد، بەوەی دەبێت کار بۆ ئەوانەش بکرێت سەردانی برینداران دەکەن و نیشانەی "خاچی سووریش و لە وولاتە ئیسلامیەکانیشدا " مانگی سوور " وەک هێمای جیاکەورەوە، کاریان پێکرا.

بێینەوە سەر باسی پڕینگڵ. کە گەڕایەوە بەریتانیا، لەژێر دەستی فەرمانڕەوای کەمبەرلاندا خزمەتی کرد. لە ساڵی ١٧٤٥ دا لە نێو سوپادا ڕەوانە کرا بەمەبەستی دامرکاندنەوەی یاخی بوونی یەعقوبیکان و لە جەنگی کەلۆدێنیشدا بەشداری کرد. لەوێ لە نێو دوسەد کەسی بریندار جۆرێکی نوێی برینی بەناوی "برینی شمشێری یان دەم پانی " دۆزیەوە. ئەم جۆرە برینە سەرەتا خوێنی زۆری لێ دەڕاوت، بەڵام بەئاسانی سارێژ دەبێت. بەڕێز ستیوارت ثڕیپلاند، کە میرێکی تری باڕۆنی بوو، سەرۆکی بەشی خزمەتگوزاری تەندروستی بوو لەناو سوپاکەی پاشا چاڕلس ئێدوارد ستیواردا. ثڕیپلاند دەرچووی زانکۆی ئێدنبرەو یەعقوبیەکی سەرسەخت بوو. دواتر لە ئێدنبرە نیشتەجێ بوو و بوو بە سەرۆکی زانکۆی شاهانەی پزیشکان.

لەساڵی ١٧٥٢ دا پڕینگڵ کتێبێکی بەناوبانگی بەناوی (چەند توێژینەوەیەک لەسەر نەخۆشیەکانی ناو سووپا) بڵاوکردەوە، کە گەلێک جار پێداچوونەوەی بۆکراو بۆ سەر زمانەکانی فەڕەنسی، ئەڵمانی و ئیتاڵیش وەرگێڕدرا. لەو کتێبەدا پێشنیاری باشترکردنی هەواگۆڕکێی لەسەربازگە، زیندان و نەخۆشخانەکاندا کردووەو راسپاردەی تری دیاری خستۆتەڕوو، کە کاریگەری لەسەر ئاسوودەی

و باشتربوونی تەندروستی سەربازەکاندا هەبووە. زۆر کەم لە پزیشکان وەک ئەم خزمەتی بەرچاویان بە مرۆڤایەتی کردووە. زنجیرەیەک توێژینەوەی کورتی بەناوی (چەند توێژینەوەیەک لەسەر مادە گەنیو و دژە گەنیوەکان ) نووسی و لە کۆمەڵگەی شاهانەدا خوێنرایەوە. بۆ یەکەمجار تیایدا ووشەی " antiseptic " "دژە گەنینی " بەکارهێنا.

ئەو توێژینەوانە پاشکۆی ئەو توێژینەوانەن لەسەرەوە باسکراون. پڕینگڵ بوو بە ئەندامی زانکۆی شاهانەی پزیشکان و پزیشکی پاشا جۆرجی سێ یەم و سەرۆکی کۆمەڵگەی شاهانە. لەگەڵ کچی دکتۆر ویلیام ئۆلیڤەری داهێنەری بسکیتی باث، هاوسەگیری کرد.

هەر لەو سەردەمەدا جەیمز لیندی (١٧١٦-١٧٩٤) نەشتەرگەر، هاوشێوەی ئەو خزمەتەی بەڕێز جۆن پڕینگڵ لە بواری سەربازیدا کردی، ئەمیش لە بواری پزیشکی دەریاوانیدا خزمەتی کرد. لیند لە ئێدنبرە لە دایک بووەو خوێندوویەتی. لەتەمەنی بیست و سێ ساڵیدا پەیوەندی بە هێزی دەریاوانی کرد. نۆساڵ خزمەتی کرد و زۆربەی کات لەدەریاکانی ناوچەی کەمەرەیی دا بوو. لەساڵی ١٧٤٨ دا خانە نشێن بوو. دەستی لە کاری دەریاوانی هەڵگرت. لە ئێدنبرەدا بۆ ماوەی دە ساڵ کاری پزیشکی کرد. پاشان بوو بە پزیشکی نەخۆشخانەی هاسلەر. لەوێش بۆ ماوەی بیست و پێنچ ساڵ خزمەتی کرد. کاتێک پەیوەندی بە هێزی دەریاوانیەوە کرد، بینی باردۆخەکە هەر زۆر لەڕووی تەندروستیەوە خراپە. کابینەکان سارد، شێدارو بێکەڵک بوون، خواردنیش گۆشتی گەنیوی ڕەشە وولاخ، بەراز، پسکیتی کەڕوو کردوو بوو، ئاوی پیس هەبوو، جالەبەر ئەوە لە هەموو گەشتێکدا نەخۆشی ئێسکەنەرمە بڵاوبووەتەوە. لە وەها دۆخێکدا، دەریاوانی نەشارەزاو و پزیشکی شارەزا هەردووکیان بەوپەڕی نیگەرانییەوە تامەزرۆی سەوزەو میوەی خاوێن بوون، کە دەکرا وەک چارەسەر کەڵکیان لێوەرگیرێت. جەیمز لیند لە کتێبە سێ بەرگەکەیدا بەناوی (توێژینەوەیەک لەسەر نەخۆشی ئێسکە نەرمە) باسی ئەم بارودۆخەی کردووە. ئەم کتێبە یەکێکە لە سەرنجڕاکێشترین و گرنگترین نووسینەکانی لەمێژووی زانستی پزیشکیدا، کە

لەساڵی ١٧٥٣ دا بڵاوکراوەتەوە.

جۆن نیڤتۆن، پزیشکێکی تری هێزی دەریاوانی ئەو سەردەمە، لە یاداشتنامەی ڕۆژانەکەی خۆیدا وتوویەتی "گەلێک کەسی هەژاربوون هەبوون، پەلیان ئاوسا بوو، ڕەنگیان لێبڕابوو، دەمیان خوێنی لێ ئەهات و مات و مەلوول بووبوون". لۆرد ئانسن لەکاتی گەشتەکەیدا بەدەوری جیهان، لەسەدا حەفتاو پێنجی هاوەڵەکانی لە کەشتیەکەیدا بەهۆی نەخۆشی ئێسکەنەرمەوە گیانیان لەدەستدا. بەهۆی کارەساتی هێزی دەریاوانیەوە، زۆر جار لیند لە قاوشەکانی هاسلەردا سێ سەد بۆ چوار سەد نەخۆشی هەبوو. هیچی لەبارەی ڤیتامینەکانەوە نەدەزانی، کەچی بۆ چارەسەری نەخۆشیەکە پێشنیاری بەکارهێنانی ئاوی لیمۆی دەکرد! بەهۆی هەوڵ و تەقالاکانیەوە، وەک بڵێی سیحر ئاسا نەخۆشی ئێسکەنەرمە بەرەونەمان چوو، هەرچەندە هێندە نەژیا تا بەرهەمی هەوڵ و تەقالاکانی بەچاوی خۆی ببینێت.

یەکەم کەس نەبوو پێشنیاری بەکارهێنانی ئاوی لیمۆی بۆ چارەسەری نەخۆشی ئێسکەنەرمە کردبێت. سەدەیەک پێشتر جۆن ودۆڵ لە کتێبەکەیدا بەناوی(هاوڕێی نەشتەرگەر) ئەم پێشنیارەی خستبووەوە ڕوو. جۆن هوکسامی (١٦٩٢-١٧٦٨) پزیشکی بەناوبانگی بەریتانیش، کە کتێبێکی بەناونیشانی (توێژینەوەیەک لەسەر تا) لەساڵی ١٧٥٠ دا نووسی و توێژینەوەی لەسەر ئاسەواری بەسوێی نەخۆشی قورگ و سک ئێشەی دیڤۆن شایەر ئەنجامدا، پێشنیاری بەکارهێنانی سرکەی سێو و هەروەها سەوزەواتی بۆ ڕێگریکردن لە نەخۆشی ئێسکەنەرمە کرد. ئەو سک ئێشەی دیڤۆن شایەرەی ئەم لێکۆڵینەوەی لەسەر کرد، بەڕێز جۆرج باکەریش (١٧٢٢-١٨٠٩) سەلماندوویەتی، بەوەی ئامێری گوشینەری میوە بەهۆی فافۆنەکەیەوە میوەکە ژەهراوی دەکات.

## دووبارە باسی زانستی پزیشکی لەسەدەی هەژدەیەمدا

لەشاری لەندەن و لە سەرەتای سەدەی هەژدەیەمدا شارەزایانی وەک چێزڵدا، پۆت و لەسەروو هەموویانەوە جۆن هەنتەر، لەبواری نەشتەرگەریدا قاڵ بوون.

لەبواری پزیشکیدا، ڕادکلیف، میر، فۆزەرگێڵ، لیستۆم، ویزەرین، بای، و هێبەردین و گەلێکی تر بوون بە پێشەنگ. سێیەم گرنگترین پسپۆڕی زانستی پزیشکی بەناوی ( زانگەری ) لەو کاتەدا لەسەر بنەمایەکی زانستی، ڕێچکەی خۆی گرت.

## مامانە پیاوەکان، سمێڵی و هەنتەر

پێش سەدەی هەژدەیەم، بەزۆی مامانەکان کاریان لە بواری زانگەریدا دەکرد. جا گۆڕانکاریەکی گەورە ڕوویداو پسپۆڕانێکی تر ئەسپی خۆیان لە مەیدانەکەدا تاودا، کە پزیشکە پیاوەکانی بواری مامانی بوون. ئەم پزیشکە پیاوانە لەگەڵ هاوپیشەکانیانا لای خەڵک خۆشەویست نەبوون. ئەم پزیشکانە تەنها لە حاڵەتە دەگمەنەکانی منداڵ بوونا نەشەرگەران داوایان لێدەکردن یارمەتیان بدەن. بەچەند هۆکارێکی دیاریش، تەنانەت لەگەڵ پزیشکە پیاوەکانی بواری مناڵ بوون، بێزراوتر بوون.

پێشووتر کۆمەڵێک لە پزیشکە بەناوبانگەکان لە بواری منداڵ بوونا پسپۆڕیان وەرگرتبوو. هەروەک باسمان کرد، ویلیام هارڤی یەکەم کەس بوو لەسەر ئەم بابەتە نووسیبێتی و پاش ئەویش ڕیچارد مانینهامیش یەکەمین کەس بوو بنەمای " قاوشی زەیستانی " دانابێت. ویلیام کیڤاردیش یەکەمین کەس بوو لەداوی چامبەرلینز مەقاشی بەکارهێنا. ئیدمەند چاپمانیش یەکەمین کەس بوو وێنەی مەقاشی دروست کرد و وەسفی کرد. مامانە پیاوەکانی تر خەرمانی زانیاریان لەبواری زانگەریدا زیاد کرد، لە کاتێکا لە ئیرلەندادا بەڕێز فیلدین ئۆلد ڕۆلی لە دامەزراندنی زانکۆی بەناوبانگی مامانی دوبلندا گێڕا.

ویلیام سمێڵی (١٦٩٧-١٧٦٣) شۆڕەسواری مەیدانی مامانی بوو لە بەریتانیادا. سمێڵی لە لانارک لەدایک بووەو لە گلاسکۆدا زانستی پزیشکی خوێندووە و لە زێدی ڕەسەنی خۆیدا بۆ ماوەی شانزە ساڵ کاری پزیشکی کردووە. ماوەیەکی کەم لە پاریسدا ژیاوەو لەساڵی ١٧٣٩ دا لە لەندەندا نیشتەجێ بووە. هەر زوو بوو بە پزیشکێکی نموونەیی بواری زانگەری و وەک مامۆستاش زۆر سەرکەوتوو بوو. ماوەی دە ساڵ لە لەندەندا وانەی وتەوەو نۆ سەد قوتابی ئامادەی وانەکانی

بوون. لەگەڵ ئەم قوتابیانەشدا کاری لەسەر هەزارو سەدو پەنجا حاڵەتی لەدایک بوونی منداڵ کرد. لە لای شەقامی پاڵ مۆڵ و دواتریش لە واردۆر ستیدا ژیا.

هەر کە لەساڵی ١٧٥٩ دا خانەنشین بوو، گەڕایەوە لانارکی زێدی خۆی و لە سمیلەمدا کە ئێستا هەتیوخانەیە، بووبە خاوەنی خانووی خۆی و هەر لەوێش کۆچی دوای کرد. کتێبخانەکەی، کە وەسیەتی کرد بدرێت بە شارۆچکەی لانارک، هێشتا لەوێ پارێزراوە. وێنەکەشی، کە دەووترێت خۆی نەخشاندبێتی، لەزانکۆی شاهانەی نەشتەرگەرانی ئێدنبرەدا پارێزراوە.

کتێبە بەناوبانگەکەی بەناوی (توێژینەوەیەک لەسەر مامانی ) لەساڵی ١٧٥٢ دا بڵاوکراوەتەوە. لەو کتێبەدا بەڕوونی باسێکی میتۆدی کارکردنی لەبواری مامانیدا کردووە. زۆر هەڵەشی ڕاست کردۆتەوە و ڕێسای ژیرانەی بۆ کاری زانگەری داناوە. خۆی داهێنەری مەقاش نەبوو هەروەک هەندێک جار ئاماژەی پێدەکرێت، بەڵام یەکەم کەس بوو ئەم ئامێرەی بەکارهێنا. بەکارهێنانەکەی کردە یاسایەک بەوەی تا بکرێت کەم بەکاربهێنرێت. هێندە بەکارهێنانی مەرجدار کردبوو بۆ نەخۆش و مامانەکان، کە بووبە نەریت نەدەکرا بە بێ زانیاری هەریەکەیان بەکاریبهێنرێت. لەسەرەتادا سمێڵی مەقاشی دارینی بەکارهێنا تا لە دەنگی زرە زڕی چەقۆی کانزای بەدووربێت. لەقۆناغی دواتردا لە کاتی کارکردنیدا چەقۆی بەچەرم داپۆشراوی بەکارهێنا. شێوەی مەقاشی باشترکرد و کردی بە کەوانەی لەگەنیی (حەوزی). دواتر ئیتیەن تارنیەری پزیشکی زانگەری فەڕەنسی، تەوەرەی ڕاکێشەری دەسکەکانی داهێنا. مێژووی داهێنانی مەقاشی مامانی زۆر مشت و مڕی لەسەر هەبوو، بەڵام ئێستا کۆڕاییەک هەیە بەوەی داهێنەرەکەی پیتەر چامبەرلینی گەورە بوو بێت. چامبەرلینی گەورە پەنابەری هۆگنۆتی بوو و داهێنانەکەشی بۆ ماوەی سەدو بیست و پێنج ساڵ لای بنەماڵەکەی بەنهێنی مایەوە. ئەم پیتەر چامبەرلینە، پێشەنگی بنەماڵەکی خۆی بوو. شەرەفی ئەوەی پێبڕا لەساڵی ١٦٢٨ دا تا بانگهێشت بکرێت سەردانی هێنریتا ماریای، خێزانی پاشا چاڕلزی یەکەم بکات. دوای وەرگرتنی بەرپرسیارێتی مامانی، لەکاتی چوونە ژوورەکەی شاژاندا لەترسا بووڕایەوە.

لەنـاو چـوار نـەوەی چامبەرلینـزدا، حـەوت پزیشـک هەڵکەوتـن. لـە نێویشـیانا سـێ کـەس بەنـاوی پیتـەرو دوو کەسـیش هەگـز هەبـوون. گومانیشـی تیـادا نیـە هەریەکەیـان میراتـی نهێنـی هەڵگرتنـی مەقاشـیان لابـوو. دیـار بـوو پیتـەری گـەورە داهێنەرەکـەی بـوو. لەسـاڵی ١٨١٨ دا گەلێک مەقـاش لـە وودهـام مۆرتیمـەر هۆڵدا لـە نزیک ماڵدۆن لـە ئێسێکسدا دۆزرانـەوە، ئـەو خانـوەی یەکـەم جـار خاوەنداریەکـەی بـۆ دکتـۆر چامبەرلینـی (١٦٠١-١٦٨٣) بـرازای داهێنەرەکـەو دیارتریـن ئەندامـی خانەوادەکـە، دەگەڕایـەوە. دوای ئـەوەی دکتـۆر هـەک چامبەرلینـگ لەسـاڵی ١٧٢٨ دا کۆچـی دوای کـرد، هیـچ کوڕێکـی نەبـوو تـا لەسـەر کارەکـەی بـەردەوام بێـت و ووردە ووردە بـە ئامێرە نهێنیەکـە زانـراو زۆری جـۆری تـری لـێ دروسـت کـرا. بـۆ نموونـە جـان پالفینی (١٦٥٠-١٧٣٠) نەشـتەرگەری بەلجیکی، کـە لـە پاریـس کاری پزیشـکی دەکـرد، جۆرێـک لـە مەقاشـی دروسـت کـرد، کـە لـە دوو کەوچکـی ئیسـتیل پێـک هاتبـوو پێیـان دەووت دەسـتەکانی پاڵڤین. پالڤینیش هیـچ وەسـفێکی ئامێرەکـەی نەکردبـوو. ئێمـە خۆمـان بەقـەرزاری پرۆفیسـۆر مایلـز فلیپـس دەزانیـن، کـە دیـارە زۆر حـەزی لـەم بابەتـە بـووەو زانیـاری لەسـەر قوفڵـی کەوانـەی لەگەنیـی خسـتۆتە ڕوو. چاپمـان قوفڵـی ئینگلیـزی دانەهێنـا، کـە ئێسـتاش بەکاردەهێنرێـت. هەرچەنـدە هەندێـک نووسـەر پێیـان وایـە ئـەو داهێنەرەکەیەتـی. گومانـی تیـادا نیـە برغـۆی بەکارهێنـاو لەسـەرهەر گوێزانێـک هێڵێکـی ئاسـای کێشـا. سـیمێڵی لەسـاڵی ١٧٤٤ -١٧٤٥ دا دەمەتیغـی بـۆ قڵیـش دروسـت کـردو قوفڵـی داهێنـاو زۆرجـار شـانازی ئـەو داهێنانـەی پێدەبڕێـت.

وادیـارە سـەربەخۆیانە بینیامیـن پەگـی نەشـتەرگەری سـکۆتلەندی کەوانـەی لەگەنیی ناسـاندبێت، کـە لەسـاڵی ١٧٥٤ دا نووسـیویەتی " ئـەو مەقاشـەی مـن چواردە سـاڵ لەمەوبـەر دامهێنـا، لیڤرێـت لەسـاڵی ١٧٤٧ دا مەقاشـە دەسـک تازەکـەی بـۆ ئەکادیمیـای پاریسـی نمایـش کـرد. سـمێڵیش، کـە کەسـێکی ڕاسـتگۆ بـووە، لەبـارەی مەقاشـە درێـژە جووتـە کەوانەییەکـەی لەسـاڵی ١٧٥٣ دا وتوویەتـی "مـن و چەنـد پیشـەوەرێکی تـر چەنـد سـاڵێک لەمەوبـەر دامانهێنـا".

ویلیام سـمێڵی بۆ ماوەی سـێ سـاڵ لەلەندەن ژیا. کاتێک هاوەڵ و هاونیشـتمانێکی

لاوی، کە بڕیار بوو ببێتە توێکاررزان و پزیشکێکی زانگەری بەناوبانگ پەیوەندی لەگەڵدا پەیداکرد. هەرچەندە ئەو برایەی دوای چەند ساڵێکی کەم لەگەڵیا هاتە لەندەن، ناوبانگی لەکەدارکرد. ویلیام هەنتەریش (١٧١٨-١٧٨٣) وەک جۆنی برای لە کێڵگەی لۆ کاڵدەروود ئیست کیلبرید، کە حەوت میل لە گلاسکۆوە دوورە، لەدایک بووە. وەک پێشبینی کرا، بۆ ماوەیەکی کەم لە شارۆچکەی هامیلتۆن لەگەڵ دکتۆر ویلیام کەڵندا کاری کرد. هەر زوو دوای ئەوەی گەیشتە لەندەن، ویلیام هەنتەر داوەت نامەکەی جەیمز دووگلاسی پزیشک و توێکاررزانی قبوڵ کرد تا لەگەڵیدا بژی و ببێتە مامۆستای کوڕەکەی. دوای مردنی جەیمز دوگلاس هەنتەر، دەستی کردە ووتنەوەی وانەی توێکارزانی و دوای چەند ساڵێکی کەم لەگەڵ دوگلاسی پزیشکی لاو، سەردانی لەیدینی کردو کارەکانی توێکاررزانی مەزن، ئەلبینوسی بینی، کە ناوبانگی لە لووتکەدا بوو، تەواوکرد. ویلیام هەنتەر دامەزرێنەری زانکۆی وینز میلی ستریتی توێکاری بوو، کە بۆ چەندین ساڵ لە لەندەندا قیبلەی فێرکاری توێکاری بوو. کۆمەڵێک نموونەی توێکاری و نموونەی تری لەگەڵ نموونەکەی دکتۆر جۆن فۆزەرگیڵدا کۆکردەوە، کە ئێستا لە مۆزەخانەکەی هەنتەر لە گلاسکۆدا پارێزراون. هەروەها بووبە پزیشکی پێشەنگی بواری زانگەریی لە لەندەندا. سەرەتا ئەو ناوبانگەی لەگەڵ سمیڵی هەیبوو، بەڵام دواتر کارەکەی لە کارەکانی سمیڵی بەرفراوانتر بوو. سەرباری ئەمەش، هەنتەر جوان پۆش و پاک و خاوێن بوو و بەپێچەوانەی سمیڵی کە تاڕادەیەک بێ ئابڕوو بوو .بە کولەمەرگی ژیا و هاوسەرگیری نەکردووەو تا کۆتای تەمەنی شیلگیرانە کاری کردووە. هەرچەندە لە دواساتەکانی تەمەنیدا لەگەڵ براکەیدا تووشی بێنەو بەردە بووە. چاکترین کاریشی دانانی ئەتڵەسێک بووە بە بەناوی (توێکاری ژنی دووگیان ). پزیشکێکی پارێزکاری بواری زانگەری بووە و باوەڕی وابووە حاڵەتەکان هەرکاتێک گونجاو بێت سروشتیانە خۆیان چارەسەر ببن. زۆر بە کەمی مەقاشی بەکارهێناوە و هەر پێی خۆش بووە مەقاشی خۆی بەکاربهێنێت.

## نەشتەرگەری لەسەدەی هەژدەیەمدا

ویلیام چیسڵدین و پێرسیڤاڵ پۆت هەردووکیان دوو نەشتەرگەری بەتوانا، بەناوبانگ و نموونەیی بوون لە سەرەتای سەدەی هەژدەیەمدا، کە نووسینەکەیان پێدەچێت ڕەنگدانەوەی نووسینەکەی ، جۆن هەنتەری قوتابیە زیرەکەکەیان بوو بێت.

ویلیام چیسڵدێن ( ١٦٨٨-١٧٥٢)، کە قوتابی ویلیام کاوپەری توێکارزان بوو، لە نەخۆشخانەی سانت تۆماسدا بوو بە نەشتەرگەر و وەک پزیشکی دەرهێنانی بەردو یەکێک لە ناودارترین کەسەکانی سەردەمی خۆی، ناوبانگی دەرکرد. بەڕێز ئیسحاق نیوتن و پاپا ئەسکەندەریشی بینیووە.

پاپا لەم کۆپلەیەدا وەها باسی ئەو پزیشکانە دەکات، کە سەردانیان کردووە :-

Ill do what Mead and Cheselden advise ,

To keep those limbs and to preserve those eyes .

چیسێڵدن لە یەکەمین ئەو نەشتەرگەرانە بووە نەشتەرگەری ڕەشێنەی چاوی بۆ کوڕێکی نابینا ئەنجام دا و لەڕێگەی دانانی بیلبیلەیەکی دەستکردەوە، توانای بینینی بۆ گەڕاوەتەوە. لە نەشتەرگەری دەرهێنانی بەردا زۆر شارەزا بووە. زۆر جار نەشتەرگەری کردووە یەک خوولەکی پێچووە و دەیش ووترێت ئەوپەڕی پەنجاو جوار خوولەکی پێچووە تا نەشتەرگەری ئەنجام بدات، ئەمەش وەک ئەوە وایە بڵێین حوشتر ئەچێتە کونە دەرزیا! چاکسازی لە تەکنیکی نەشتەرگەری کردووەو لەسەرەتادا لەسەر ڕیگای سەروبەرەوە نەشتەرگەری ئەنجامی داوە، کە دکتۆر جۆن دووگڵاس پێشنیاری کردبوو، بەڵام دواتر وازی لەم ڕێگەیە هێنا و کاری لەسەر ئەنجامدانی نەشتەرگەری لە ڕێگەی ناوگەڵ کرد. پێشووتر برایان جاکی نەشتەرگەری بەرد دەرهێن، بەرد دەرهێنانی بە دڕینی یەکلایی لە ڕێگەی نێوانە میزەڵداندا پەسەند کرد چونکە ئەم ڕێگەیە مەترسی کەمتر و ئاسانتریش بوو. چیزێڵدین شێوازی ئەم نەشتەرگەریەی گۆڕی و ڕێژەی مردنی بۆ لەسەدا حەوت کەم کردەوە. ئەمەش ژمارەیەکی سەرسوڕهێنەربووە لەسەردەمی پێش

بەکارهێنانی سڕکردنا. (هێڵکاری ئێسک) یەکێکە لە بەرهەمە سەرەکیەکانی، کە کتێبێکی جوانی بەوێنە ڕوونکراوەیە لەسەر ئێسکی مرۆڤ و گیانداران. هەندێک لەوێنەکانی هەر زۆر پێکەنیناوین. وەکو زۆرێک لە توێکارزان و نەشتەرگەرەکانی تر، چێزێڵدێن نەخشەسازیش بووە. نەخشەی پردی تەختەیی فۆلهامی لەساڵی ١٧٢٩ دا داناوە، کە بەسەر ڕووباری تایمزدا دەڕوانێت.

پێرسیڤاڵ پۆت (١٧١٤-١٧٨٨) نەشتەرگەرێکی تری بەناوبانگی شاری لەندەن بووە، کە وەسفێکی کلاسیکیانەی نەخۆشی سیلی بڕبڕەی پشت و شکاوی سەرەوەی پاژنەی کردووە. ئەمەش هەر بەناوی خۆیەوەتی و بەدروستی پێی دەڵێن نەخۆشی پۆت یان شکاوی پۆت. هەتا کاتی مردنی لەتەمەنی حەفتاو چوار ساڵیدا، پۆت لە نەخۆشخانەی سانت بارتۆلۆمیۆدا نەشتەرگەری کردووە و لەو سەردەمەشدا تەمەنی خانەنشین بوون دیاری نەکرابوو. لەخانووەکەیدا لە بارلەین، گەلێک نەشتەرگەری ئەنجامدا. نەشتەرگەری بۆ کەسانی ناوداری وەک ساموێڵ جۆنسن و داڤید گاریک ئەنجامداوە. کەسێکی چوست و چالاک و کۆمەڵایەتی بووەو لای هەموو چین و توێژەکان ڕیزی لێگیراوە. دەووترێت دەبێت هەموو نەشتەرگەرێک زۆر شارەزای لە نەشتەرگەری یان بریندا هەبێت. ئەم زانا مەزنەش لەساڵی ١٧٥٦ دا سوودی لە ئەزموونی کەسێنی خۆی وەرگرت.

کاتێک لەسەر ئەسپەکەی لە ڕێگەی ئۆڵد کێنتدا بەرەو خوارکە دەهات، کەوتە خوارەوەو تووشی شکانێکی ئاڵۆزی ئێسکی قامیشە بوو. وەک هەندێک جار دەووترێت پێکانی پۆت نەبوو، بەڵکو شتێکی توندتربوو. هەر کە کەوتە سەر زەویەکە، زانی پێکانەکەی زۆر توند بووە و بیشجووڵایە حاڵی خراپتر دەبوو. جا داوای دەرگایەک و دوو دەسکی کورسی کرد تا دارباسێکی (نەقالە) پێ دروست بکەن و بیخەنە سەری و بیگەیەننەماڵەوە. خۆشبەختانە ئێدوارد نووس، کە یەکێک بوو لە مامۆستا دێرینەکانی، پەلی چارەکرد. ئەمەش شتێکی کەم نەبوو، لە کاتێکا بۆ چارەسەری زۆربەی هەرە زۆری شکانی ئاڵۆز پەنا بۆ بڕینەوە دەبرا. بەشێوەیەکی ئاسایی چاک بوونەوەکەش کاتی پێدەچوو. پۆتیش دەستی بە نووسینی بەناوبانگترین کتێبی بەناونیشانی (زانستنامەیەک

لەسەر قۆڕی ) کرد. بەمەش خۆی لەگەڵ دۆخەکەدا گونجاند. پۆت هێندەی جۆن هەنتەری قوتابی خۆی مەزن نەبوو، لەگەڵ ئەمەشدا هەوڵێکی زۆری دا نەشتەرگەری بخاتەوە سەر ڕێڕەوی خۆی، بە جۆرێک لەگەڵ ڕوانینی نوێی فەسلەجەو پزیشکیدا یەک بگرێتەوە.

## بۆچی بیری لێبکەینەوە، بۆچی ئەزموونی نەکەین؟

لەساڵی ١٧٤٨ دا جۆن هەنتەر(١٧٢٨-١٧٩٣) ، کە بچووکترینی منداڵی خێزانێکی یانزە کەسی بوو، لە نزیک گلاسکۆ، لە لۆند کالدێرووداا لە ماڵەکەی خۆیدا سواری ئەسپ بوو تا لە لەندەندا بگاتە براکەی. لەماوەی دوو هەفتەشدا گەشتە شوێنی خۆی. جۆن هیچ مەیلێکی خوێندنی نەبوو، بەڵام تا بڵێی حەزی بە باڵندە، هەنگ، گیا و هەموو دیارەکانی سروشت دەکرد. ویلیام، کە دەساڵ لە مامۆستاکەی بەتەمەنتر بوو، فێری توێکارکردنی پەلی سەرەوەی کرد و هەر زوو وەک توێکارزانێکی هەڵکەوتوو ئەسپی خۆی لە مەیدانەکەدا تاودا. هەروەها جۆن لە لای دوو نەشتەرگەری مەزن، چێسیڵدێن و پۆت، دەستی بە خوێندنی توێکارزانی کرد. گەلێک ووتاربێژ زۆرجار ژیاننامەی جۆن هەنتەریان گێڕاوەتەوە. ئێمەش هەر بەکورتی ژیاننامەکەی باس دەکەینەوە. بەهۆی مەترسی نەخۆشی سیلەوە ئامۆژگاریان کرد تا بەدوای شوێنێکی گەرمتردا بگەڕێت پشووی تیادا بدات. بۆ ئەمەش پەیوەندی بە سوپاوە کرد و وەک نەشتەرگەری باڵا لە دوورگەی بێڵ و پورتوگال بۆ ماوەی چوار ساڵ خزمەتی کرد.

هەر کە لە کاری سەربازی نەما، ویلیام هیۆسۆنی (١٧٣٩-١٧٧٤) بوو بە یاریدەدەری. هیۆسۆن گەنجێکی شارەزا بوو. سەلماندی لیمفە بۆریەکان لە گیاندارانیدا هەن و فرمانی خۆیان جێبەجێ دەکەن. ئەوەشی سەلماند قەتیغ بوونی خوێن بەهۆی رەق بوونی خڕۆکەکانی خوێنەوە نیە، بەڵکو بەهۆی مادەیەکی ناو پلازمایە پێی دەڵێن " لیمفی قەتیغماو "، دواتریش پێیان دەووت " فایبرینۆجین " یان "ڕیشاڵ دروستکەرە". لە تەمەنی سی و شەش ساڵیدا و دوای توێکارکردنی برینێک بەهۆی نەخۆشی ژەهراوی بوونی خوێنەوە، کۆچی دوای کرد. هەرکە

جۆن هەنتەر لە پورتوگال گەڕایەوە، دەستی بە توێژینەوەی چڕوپڕ لە توێکاری بەراووردکاری و فەسلەجەدا کرد و تا کۆتای تەمەنی لەم بوارەدا قاڵ بوو. وانەی توێکاری دەووتەوە، هەرچەندە وانەبێژێکی باشیش نەبووە.

جارێکیان داوای لە دەرگاوانێک کرد تا ئێسکەپەیکەرێکی بۆ بهێنێت و وەک پیاو ماقوڵ (Gentleman) هەڵس و کەوتی لەگەڵ بکات. دواتر وانەی لەبارەی تەواوی ئەو زانستانە ووتەوە، کە پەیوەندیان بە نەشتەرگەییەوە هەبوو. گومانیشی تیادا نیە نەشتەرگەری لەئاستی تەکنیکیەوە بۆ ئاستێکی زانستی بەرز برد.

جۆن هەنتەر بناغەدانەری نەخۆشیزانی توێکاریە. ئابێرنێثی، ئاستلی کۆپەری لەندەنی، فیلیپ فیزیکی ئەمریکی و ئێدوارد جێنەری پزیشکی گوندنشین، کە بە داهێنای ئامێری کوتانی ئاوڵە ژیانی چەندەها کەسی ڕزگار کرد، هەموو ئەمانە قوتابی جۆن هەنتەر بوون. خۆشبەختانە ئەو نامانەی هەنتەر بۆ ئێدوارد جێنەری نووسیون، پارێزراون. لە یەکێک لە نامەکاندا ئەو ووتە باوەی تیادایە " بۆ بیربکەینەوە، بۆ خۆمان هەوڵ نەدەین ئەزموونی کەین"؟ ئەزموونەکە پەیوەندی بە پلەی گەرمی سڕبوونی ژیژکەوە هەبوو. یەکێک لەو بابەتانەی هەنتەرو جێنەر توێژینەوەیان لەسەرکرد. هەروەها لێکۆڵینەوەیان لەپەڕی باڵندەی بچووک و سیفەتەکانی باڵندەی کوکو[69]، مێژووی ژیانی مارماسی و گەلێک بابەتی تری سەرنجڕاکێش کردووە. تا دوای مردنی هەنتەر، کوتان زۆر گرنگی پێنەدرا. جۆن هەنتەر لەبواری نەشتەرگەری کرداریدا سەرکەوتوو بوو. جا لە مەیدانی گۆڵدن سکوێیەرەوە بۆ ماڵ براگەورەکەی لە لای شەقامی جێرینم پاشانیش بۆ شوێنێکی گەورە لە لای مەیدانی لیستەرسکوێیەردا، ماڵەکەی گواستەوە. لەوێ لە ماڵەکەی خۆیدا ژووری ڕاوێژکاری و وانەبێژی و مۆزەخانەی هەبوو. بۆ چەندین ساڵ لێبڕاوانە لێکۆڵینەوەو کۆکردنەوەی بۆ سیانزە هەزارو شەش سەد چەشنی گیانداران کردووە، کە دواجار لە مۆزەخانەکەی جێیان بۆ دابینکرا. زۆر بەسەرهات لەبارەی لێکۆڵینەوەکانی لە مادە و توێکاریەکانی هەر لە هەنگەوە بۆ نەهەنگ، گێڕدراونەتەوە. ئێسکەپەیکەری چارڵس بیرن ناسراو بە زەبەلاحە


٦٩ باڵندەیەکی ڕەوەندی ڕەنگاوڕەنگە لە کۆتر ئەچێت. هێلکەکەی ئەخاتە هێلانەی باڵندەی ترەوە بە ئەندازەی کۆترێک ئەبێت. کۆچکەرەو زۆر قیژە قیژ دەکات و دەنگێکی سەیری هەیە.

ئیرلەندیەکە[70]، کە هەنتەر بەهەڵەداوان لە سەردەمی ژیانی خاوەنەکەیدا داوای دەکرد و دواجار بە پێنج سەد پاوەن دەستی کەوت، یەکێک بوولە گەنجینەکانی مۆزەخانەکەو جۆن هەنتەریش وێنەی پێیەکانی کێشاوە. سەرباری دامەزراوەکەی، هەنتەر خانووەکەی لاپاڵی شارو زەویەکی لای ئیرل کۆرتدا هەبوو. لەوێ هەموو جۆرێکی گیاندار، باڵندە و ماسی بەخێو دەکردو گەلێک ئەزموون و کاری توێکاری کرد. لەساڵی ۱۷۷۳ دا یەکەم شەپۆلی نەخۆشی سنگە کوژێ هات، کە بەهۆی ئەو نەخۆشیەوە لەساڵی ۱۷۹۳ دا جۆن هەنتەر مرد. گومان لەوەدا نیە تووشی نەخۆشی فەڕەنگی مێشکیش بووە.


ئەمەش لە ئەنجامی خۆکوتانێکی سەرکەشانە بوو تا دڵنیا بێت داخۆ فەرەنگی و سوزەنەک هەمان نەخۆشین یان نا ! دوای کۆبوونەوەی پارێزگارانی نەخۆشخانەی سانت جۆرج دەمو دەست گیانی لەدەستدا، کە لەو نەخۆشخانەدا بۆ چەند ساڵێک وەک نەشتەرگەر خزمەتی کردبوو. جەستەکەی تا ساڵی ۱۸۵۹ لەکڵێسای سانت مارتن بە ئەمانەت بەخاک سپێرا. دووبارە لەسەر داوای فرانک بەکلاندی نەشتەرگەر لە کڵێسای وێست مینیستەردا بەخاک سپێرایەوە.

جۆن هەنتەر دۆزینەوەی گەورەی نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا داینەمۆی گەلێک لە دۆزینەوەکان بوو. گەلێک توێژینەوەی نوێی ئەنجامداوە، کە پێشەنگانی تر کەڵکیان لێوەرگرتووە. کۆبەرهەمە ناوازەکەی لە مۆزەخانەی زانکۆی شاهانەی نەشتەرگەران، بەهۆی کاری دوژمنکارانەوە بەم دوایانەوە خراپی پێکرا، بەڵام ناوی جۆن هەنتەر وەک یەکێک لە مەزنترین نەشتەرگەرەکان هەمیشە لە مێژووی زانستی پزیشکیدا دەمێنێتەوە.


۷۰ ئەم پیاوە لەسەردەمی خۆیدا بە هەیکەلە گەروەکەی بەناوبانگ بووەو باڵای نزیکەی دوو مەتر و سی و یەک سانتیمەتر بووە. لەساڵی ۱۹۰۹ دا هارڤی کەشینی نەشتەرگەری بەناوبانگی ئەمریکی پشکنینی بۆ ئێسکەکانی ئەنجام داو دەرکەوت مردنەکەی بەهۆی شێرپەنجەی لووی ژێرمێشکی بووە.



وێنەی ویلیام سمێلی بلیمەتی بواری مامانی




وێنەی گیرە درێژەکەی سمێڵی، کە تیغەکەی بە زێواری چەرم بەستراوە.




١-ئەو مەقاشانەن پیتەر چامبەرلینی گەورە لە دەوروبەری ساڵی ١٦٣٠دا دروستی کردوون.

٢-ئەو مەقاشەیە پاڵفین دروستی کردووە لە ساڵی ١٧٢٠دا.

٣-ئەو مەقاشەیە سمیڵی دروستی کردووە لە ساڵی ١٧٤٥دا.

٤-ئەو مەقاشەیە دووسێ دروستی کردوو لە ساڵی ١٧٣٣دا.

٥-ئەو مەقاشەیە چاپمان دروستی کردووە لەساڵی ١٧٣٣دا.

٦-ئەو مەقاشەیە بوڕتۆن لەساڵی ١٧٥١دا دروستی کردووە.

## قوتابی و هاوچەرخانی جۆن هەنتەر

جۆن هەنتەر گەلێک قوتابی بەناوبانگی هەبوو. هەریەکە لە نەشتەرگەرە دیارەکانی لەندەن ئابێرنێثیبێر، ئاستلی کووپەر و یەکەم نەشتەرگەری مەزنی ئەمریکی، فیلیپ سینگ فیزیک، قوتابی ئەو بوون. جۆن ئابێرنێثی (١٧٦٤-١٨٣١)، کە لەلەندەندا لە خێزانێکی بەرەچەڵەک سکۆتلەندی لەدایک بووە، دوای پۆت بوو بە نەشتەرگەری نەخۆشخانەی بارتۆلۆمیۆو میراتگری گەلێک لە کارەکانی جۆن هەنتەری مامۆستای خۆی بووە. وانەبێژێکی زمان پاراو و سەرنجڕاکێش و خۆشەویست بووە لای قوتابییەکانی. لە بواری کرداریدا لەگەڵ نەخۆشدا توند و قسەڕەق بووە و زۆر باس و خواسیش لەسەر ئەمە هەیە. ئامۆژگاری ئەندامێکی ئەنجوومەنی خواپێداوانی شاری کرد بوو وتبووی "ڕۆژی چوار ژەمت بەسە. خۆ دەستیان نەگرتوویت، هەر پەیا ئەکرێت".

نەخۆشێکی تری تووشبووی بە وەسواسی ناردبوو تا ڕاوێژ بە دکتۆر ڕۆبێرتسنی ئینڤرنسی بکات، لە کاتێکا دکتۆرەکە هەر بوونی نەبووە. بەهۆی ترسیەوە لە حوکمێکی نەزانراوی لەسەر گەشتی بەرەو باکوور، کە گەڕایەوە لە ئابێرنێثینی توورەبوو. وای لە نەخۆشەکە کرد نەخۆشیەکەی لە بیربچێت و بەتەواوی چارەسەر ببێت. ئابێرنثی ئەوەی خستەڕوو هەموو ئەو نەخۆشیانەی برینکاری نین و پەیوەندیان بە ڕووی دەرەوە نیە، هۆکارەکانیان تێک چوونی هەرسەو ئەو چارەسەرانەشی لای ئەو پەسەند بوون، کالۆمێل و حەبی ڤیاگرا بوون. نەشتەرگەرێکی بەتواناو لێهاتووش بووە. یەکەم کەسیش بووە نەشتەرگەری کلۆتی دەرەوەی خوێنبەری لەکاتی کشانی بۆری خوێندا ئەنجام دابێت.

بەڕێز ئاستلی پاستۆن کووپەر(١٧٦٨-١٨٤١)، کوڕی قەشەیەکی نۆرفۆلک و نەوەی بنەماڵەی پاستۆنی بەناوبانگ (بەنامەکانی پاستۆن ) بووە. ئەم نامانە دەربڕی ژیانی هۆگرانەی خێزانیە لەسەدەی پانزەیەمدا. ئاستلی کووپەر کەسایەتیەکی بەهێزی هەبووەو ڕووجوان و پایەدار و خۆش مەشرەب و ئەهلی دڵ بووە. لای نەخۆشیش جێی متمانە بووە و لای قوتابییەکانیشی خۆشەویست بووە. نەشتەرگەرێکی وورد و چاوکراوە بووەو گەلێک نەشتەرگەری گەورەی ئەنجام

داوە. زۆر جارداهاتی ساڵانەکەی پانزە هەزار پاوەند بووە. دەووترێت چارڵسی خزمەتکاری بۆ ڕێکخستنی نۆرەی نەخۆشەکانی ساڵانە شەش سەد پاوەندی دەست کەوتووە. گەورەترین نەشتەرگەری ئاستلی کووپەر، بەستنی شادەمارێک بووە لە کاتی بوونی کیسە خوێندا. دەی یەکەم کەسیش بووە جومگەی سمتی بڕیبێتەوە. بەناوبانگترین نەشتەرگەری ئەنجامی دابێت دەرهێنانی کیسێکی چەوری بووە لە سەری پاشا جۆرجی چوارەمدا. بەهۆی ئەم کارە سەرکەوتووانەوە بارۆنێک(میرێک) خەڵاتی کرد. زۆر خزمەتی لە بواری نەشتەرگەریدا کردووە و زانستنامەی لەسەر قوڕی، شکاوی، لەجێ چوون و نەخۆشیەکانی سنگ، نووسیووە.

فیلیپ سینگ فیزیکی(١٧٦٨-١٨٣٧) باوکی نەشتەرگەری ئەمریکی، یەکێکی تر بووە لە قوتابییەکانی جۆن هەنتەر. هەنتەر زۆری لێکرد تاوەک یاریدەدەری لە لەندەندا بمێنێتەوە، بەڵام ئەو گەڕانەوەی بۆ ئەمریکا هەڵبژارد. زۆری پێنەچوو دەستی بەکارکردن کرد، زەردوتایەکی توند بڵاوبوویەوە. فیزیک دڵسۆزانە خزمەتی نەخۆشەکانی دەکرد تا خۆشی تووشی نەخۆشیەکە بوو. خۆش بەختانە چاکیش بوویەوە، هەرچەندە هەرگیز وەک پێشووی لێنەهاتەوە. دەی هەر زوو بەهۆی شارەزاییەکەی لە بوای نەشتەرگەریدا ناوبانگی دەرکرد و بوو بە نەشتەرگەری نەخۆشخانەی پەنسیلڤانیاو پرۆفیسۆری نەشتەرگەری لە زانکۆی پەنسیلڤانیا. وەک جۆن هەنتەر نەشتەرگەرێکی پارێزکاربووە و زۆربەی جار نەشتەرگەری لابردنی بەردو دەرهێنانی ئاوی سپی چاوی کردووە. گۆڕانکاری و چاکسازی لە چارەسەری شکاویدا کردووە. کەسێکی کۆششکارو وانەبێژێکی باش و متمانەپێکرابووە. بەهەموو پێوەرێک، پێشەنگێکی لێوەشاوەی زۆرێک لەو ئەمریکیە مەزنانە بووە، کە دواتر ڕۆڵیان لە پێشخستنی بواری نەشتەرگەریدا هەبووە. لە کیشوەری ئەورووپاشدا کۆمەڵێک نەشتەرگەری دیار هەبوون. لە ئیتاڵیا ئانتۆنیۆ سکارپا (١٧٥٢-١٨٣٢) هەبوو، کە لە ئەسمانی توێکارزانیدا ئەستێرەیەکی درەوشاوەیە، وێڕای ئەمە وەک نەشتەرگەر و پسپۆڕی نەخۆشیەکانی چاویش ناوبانگی هەبووە. لە ناپۆلیش ئیتاڵیەکی تری هاوچەرخی سکارپا بەناوی دۆمینیکۆ کۆتۆگنۆ(١٧٣٦-١٨٢٢) هەبوو، کە شلەی ئاڵۆزی مێشک، شلەی بڕبڕەی پشت و

گوێی ناوەوەی دۆزیەوە و تیۆریەکەی لەبارەی بیستنەوە بەووردی خستەڕوو. هەروەها توێژینەوەیەکی بەناوبانگی لەسەر نەخۆشی کەژۆک[71] نووسیووە. ئانتۆنیۆ ڤالسڤا (١٦٦٦-١٧٢٣) ناوێکی تری دیارە، کە هەموو پزیشکێکی پسپۆڕی قوڕگ، لووت و گوێ پێی ئاشنایە. لەساڵی ١٧٥٤ دا کتێبە بەناوبانگەکەی بەناوی (لەبارەی گوێی مرۆڤەوە) بڵاوکردۆتەوە.

لۆرێنز هیستەری (١٦٨٣-١٧٥٨) نەشتەرگەری پێشەنگی بەڕەگەز ئەڵمانی، لەساڵی ١٧١٨ دا کتێبەکەی بەناوی (نەشتەرگەری) بڵاوکردەوە. ئەمەش کتێبێکی مەنهەجی پڕخوێنەری خۆش بووە و وێنەی ڕوون کەرەوەی چاکی تیادابووە. جان لویس پتی (١٦٧٤-١٧٥٠) داهێنەری شەتەک(تۆڕینکێت)[72]، ناودارترین نەشتەرگەری فەڕەنسا بووە. پتی یەکەمین کەسیش بووە بەسەرکەوتووی نەشتەرگەری چووکڵە ئێسکی پشت گوێی ناسراو بە (ماستۆید)ی ئەنجامدابێت. مشاری نەشتەرگەری کاسەی سەری بەکارهێناوە و زۆر بەسەختی بەناو چینە فرە ڕەقەکەیدا چووە، کە بۆنی ناخۆشی زووخاوی لێهاتووە. بەمەش نەخۆش زوو چاک ئەبوویەوە. تا دوای مردنی هەواڵی چۆنیەتی ئەنجامدانی نەشتەرگەریەکەی پتی باس و خواسی بڵاونەکرایەوە، جالەبەر ئەوە کەم بووەتە جێی سەرنج. دوای سەدەیەک شوارتزی نەشتەرگەری ئەڵمانی، نەشتەرگەری ئێسکی چوکڵەی گوێی لەسەر بنەمایەکی زانستی داڕشت. لەنێو نەشتەرگەرە پاریسیەکانی تری ئەو سەردەمەدا فرانسوا چۆپارت (١٧٤٣-١٧٩٥) هەبوو، کە چاکسازی لەبواری تەکنیکی بڕینەوەی ئەندامەکاندا کرد. پییەر جۆریف دیسۆڵتیش (١٧٤٤-١٧٩٥) هەبوو، کە میتۆدی باشتری بۆ چارەسەرکردنی شکان خستەڕوو.

---

٧١ ژانی ڕەگی کلۆت :- نەخۆشییەکە نیشانەی ژانە بەدرێژای ڕەگی کلۆت ( سمت و لاق) دا ، بێجگە لە سڕی و مێروولەکردن و ئازار لە هەمان ناوچەدا.

٧٢ بریتی یە لەو ئامێرەی بۆ گوشاردنی پەلەکان بەکاردەهێنرێت لە کاتی فریاکەوتنی لەناکاو، نەشتەرگەری یان دوای نەشتەرگەری تاوەکو خوێنیان لێنەچۆڕێت.

## کارکردن لەبواری نەخۆشیزانیدا

لەسەدەی هەژدەیەمدا ئەو پێشەنگانە دەرکەوتن، کە گرنگی توێکاری مردوو و نەخۆش و هەروەها گرنگی نەخۆشیزانیان بۆ پزیشک، خستەڕوو. شۆڕەسواری ئەم وەرچەرخانەش جیۆڤانی بانیسا مۆرگان (١٦٨٢-١٧٧١) بووە، کە ئارتورۆ کاستیگلیۆش بە پێشەنگ و توێژەرێکی ماندوو نەناسی داناوە. لە بۆلۆنیا لە لای ئەنتۆنیۆ ڤالساڤۆ خوێندوویەتی و پاشان گەڕاوەتەوە تا لە شارۆچکەی فۆرلی زێدی خۆیدا کاری پزیشکی بکات. وەک قوتابیەکی بەپەرۆشی بەرهەمە پزیشکیە کلاسیکیەکان، شاعیر، شوێنەوارناس و پێشووتر وەک توێکارزان ناوبانگی دەرکردووە، بەجۆرێک لەتەمەنی بیست و نۆساڵیدا لە پادوادا داوای لێکرا ببێتە پرۆفیسۆری توێکارزانی. نازناوێک کە بەتاسەوە بۆ ماوەی پەنجاو شەش ساڵ تیایا قاڵ بوو. لە لایەک کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر یەکگرتنەوەی توێکارزانی و نەخۆشیزانی و لەلایەکی تریشەوە کاریگەری لەسەر پزیشکی کلینیکی دانا. ئەو دۆزینەوانەی لەڕێگەی پشکنینی مردوو دەیخستنە ڕوو، پەیوەندیان بە نیشانە کلینیکیەکانەوە هەبوو. خۆی لە ڕاستیدا مۆرگانی بە بناغە دانەری توێکاری نەخۆشیزانی دادەنرێت. بە درێژای ژیانی شێلگیرانە بەمەبەستی زانینی هۆکاری نەخۆشی و ئەو گۆڕانکاریانەی لە پشکنینی مردوودا دەبینرێت، خەریکی توێژینەوە بووە.

لە تەمەنی حەفتاو نۆ ساڵیدا ئەنجامی توێژینەوەکانی بڵاوکردەوە. ئەو بەرهەمە ناوازەی کە دواتر نووسی، تیایدا بەدرێژی باسی مێژووی حاڵەتەکان و دەرکەوتنی نەخۆشی حەوت سەد حاڵەتی کردووە. زۆرێک لەو پشکنینانەی وەسفی کردوون، حاڵەتی نەخۆشیەکانی وەک بەمۆم بوونی جگەر، هەوکردنی سی و جگەر و زۆر جۆری لوویان تیادا بووە. یەکەم کەس بووە سەلماندی دوومەڵی مێشک زیاتر ئەنجامی کێم کردن و هەوکردنی گوێیە وەک لەوەی هۆکاری بوونی کێم و زووخاوی گوێ بێت. لەساڵی ١٧٦١ دا کتێبێکی ناوازەی پێنج بەرگی بەناونیشانی (شوێن و هۆکاری نەخۆشیەکان) بڵاوکردەوە.

لە ساڵانی دواتری سەدەی هەژدەیەمدا، توێکاری نەخۆشیزانی لە ڕێگەی

بەرهەمی توێژەرێکی تری بەهرەمەند بەناوی ماری فرانسوا خافیێر بیشای (١٧٧١-١٨٠٢) قوتابی و یاریدەدەری پیەر دوسوڵت لە پاریسدا، زیاتر پێشکەوت. ماری بیشای بناغەدانەری زانستی شانەزانیە، کە بریتی یە لە لێکۆڵینەوەی شانە یان پەردەکان لە ڕێگەی سەرنجدان بە گۆڕانکاریەکانی نەخۆشیزانی لە خانەی شانەیی، دەماریی، ئێسکین، ڕیشاڵی و ماسوولکەی ....هتد. بەگشتی ژمارەیان بیست و یەک دانەیە. لە کتێبەکەیدا بەناوی (Traité des Membranes)، کە لەساڵی ١٨٠٠ دا بڵاوکراوەتەوە، ڕوانینەکانی خستۆتەڕوو. بەبۆچوونی بیشا، گۆڕانکایەکانی نەخۆشیزانی زیاتر کاریگەریان لەسەر شانەکان هەیە وەک لە ئەندامەکان. ئەم تێگەیشتنە بووە هەوێنی پێشکەوتنێکی گەورە و جێی خۆی گرت، تا دۆزینەوەکانی تری ڤیرچۆ ئەوەیان دەرخست هۆکاری نەخۆشی ئەو خانانەن شانەو ئەندامەکان پێک دێنن. بیشا لە تەمەنی سی و یەک ساڵیدا کۆچی دوای کرد، بەڵام هێشتا ئەو یەکێکە لە شۆڕەسوارانی مەیدانی مێژووی زانستی پزیشکی.

سیێ یەم پسپۆڕی بەناوبانگی بواری نەخۆشیزانی، ماتیۆ بالی (١٧٦١-١٨٢٣) برازای برایان هەنتەرو کوڕی پرۆفیسۆری ئیلاهیاتی گلاسکۆ بووە. لە بالیۆل کۆلیجی زانکۆی ئۆکسفۆردا خوێندوویەتی و لە لەندەن نیشتەجێ بووە . لەوێ بۆ ماوەی بیست ساڵ وانەی توێکاری وتووەتەوە و دواجار وەک پزیشک ناوبانگێکی زۆری دەرکردووە. پزیشکی نەخۆشخانەی سانت جۆرج و پاشا جۆرجی سیێ یەم بووە، کە دواجار نەخۆش بووە بەمەبەستی چارەسەر چووەتە لای. هەروەها سەرۆکی زانکۆی شاهانەی پزیشکانیش بووە. خۆی گەورەترین کاری، بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی بووە بەناونیشانی (توێکاری مردوو یان نەخۆش) لەساڵی ١٧٩٣ دا. ئەم کتێبە ناوازەیە نموونەییە، کۆمەڵە وێنەیەکی ڕوون کەورەوەی هەڵکۆڵراوی نایابی تیادایە. جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەبکەین وێنەی دکتۆر ساموێل جۆنسۆنیش لەم کتێبەدا هەیە، کە سیەکانی ئاوساوە.

## کوتان

ئاوڵە، کە ئێستا تاڕادەیەک نەخۆشیەکی دەگمەنە، لەسەدەی هەژدەیەمدا زۆر بەر بڵاوبوو. ڕێژەی مردن بەهۆی ئەم نەخۆشیەوە زۆر بەرز بوو. ئەوانەشی نەمردن زۆریان دەموچاویان کون کون بوو بوو. حاڵەتی کوێربوونیش هەبوو. پەنا بۆ هەموو ڕێگەیەکی چارەسەری ئەم نەخۆشیە دەبرا.

کاتێکیش خانم ماری ۆرتلی مۆنتاگۆ خێزانی باڵوێزی بەریتانیا لە تورکیا کوتانی هێنایە بەریتانیا لەساڵی ١٧١٧ دا، دەست خۆشی لێکراو بەشێوەیەکی بەرفراوانیش کاری پێکرا. دوای ئەوەی سەرکەوتووانە شەش تاوانباری سزادراو کوتانیان بۆ ئەنجامدرا، زۆرێک لە ئەندامانیماڵی شاهانەش کوتران و بەمەش خەڵک گرنگیان بە کوتان دا.

لەڕۆژهەڵاتیشدا زۆر کار بەکوتان دەکرا. لە چیندا بۆ چارەسەری نەخۆشی ئاوڵە، نەخۆشیان دەکوتا بەجۆرێک ووردتکە نانیان دەئاخنیە ناو لووتی. لە بەریتانیادا کوتان خۆی لە برینداکردنی ڕووی باڵدا دەبینیەوە، بەجۆرێک دەزوویەک دەکرا بەناو برینەکەدا تا لە سەرچاوەی تلۆقەی ئاوڵەکە دەخووسا. بەو وەسیلانە نەخۆشیە سووک دەبوو. دواتریش نەخۆش ترسی تووش بوونەوەی نەدەبوو. پزیشکیە پیشەگەرەکانیش لەناوخۆی وولاتدا شارەزاییان لە کوتاندا پەیدا کرد و بۆ ئەو مەبەستەش بنەکەکانی کوتان کرانەوە.

تۆماس دیمسداڵی (١٧١٢–١٨٠٠) پزیشکی کواکەر[73]، کە لە شارۆچکەی هێرتفۆردا کاری پزیشکی کردووە، یەکێک بووە لە سەرکەوتووترین ئەو پزیشکانەی کوتانی ئەوڵەیان ئەنجام داوە. هەر کاترینی شاهبانووی (ژنە ئیمپڕاتۆر) ڕووسیا ناوبانگی بیست، دەمودەست ناردی بەدوایدا تا خۆی و کوڕەکەی بکوتێت. ئەمەش بێ مەترسی نەبوو.

٧٣ ئەندامێکی کۆمەڵەیەکەی مەسیحیەتە بەناوی کۆمەڵەی دۆستان. ئەم کۆمەڵەیە ڕێوڕەسمی تایبەتیان نی یە. زیاتر کاریان بەگژداچوونەوەی جەنگ و توندوتیژیە. لەسەدەی حەڤدایەمدا لەبەریتانیادا ئەم کۆمەڵەیە لەسەر دەستی جۆرج فۆکس دامەزرێنرا.جۆرج و هاوبیرانی بەهۆی بیروباوەڕەکانیانەوە دەچەوسێنرانەوە. یەکێک لەبیروباوەڕەکانیان ئەوە بوو کە خوا لە هەموو کەسێکدا هەیە.

گەشتەکەی دیمسدالْ بۆ سانت پیترسبۆرگ، ئامادەکاریەکانی بۆ دەربازبوون، کۆشش و سەرکەوتنە گەورەکەی، خەڵات کردنی بە دوو هەزار پاوەند ،خانەنشین بوونی بە مووچەی پێنج سەد پاوەند و بەخشینی پلەی بارۆنی(میری)، ئەمانە بەشێکن لە زنجیرە ڕووداوە سەرنجڕاکێشەرەکانی مێژووی زانستی پزیشکی. ئەبێت ئەم پزیشکە هەستی بە چ خۆشیەک کردبێت کاتێک لە یاداشتەکانیدا نووسیویەتی " کاثرین هەتا بلێی ئاوڵەیەکی توندی هەبوو. خوا کردی و چاک بوویەوە. لەشاری سانت پترسبۆرگ و مۆسکۆدا دوو سەد کەسم کوتا و هەمووشیان چاک بوونەوە. بۆ ئەنجامدانی کوتانیش پێستم تۆزێک دەڕووشاند یان زۆر بەکەمی برینداریم دەکرد و زۆرجاریش کە منالْ لە خەودا بووە کوتاومە". خەڵک سوودیان لە کوتان وەرگرت، بەڵام ئەمەش نەبووەهۆی ئەوەی ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکە بکرێت و ڕێژەی مردنیش کەم نەبوویەوە!

## پیشەی ئێدوارد جێنەر

ئەمەش دۆخی تەندروستی بوو هەتا ئێدوارد جێنەری (١٧٤٩-١٨٢٣) پزیشکی لادێی و یەکێک لە مەزنترین خێرخوازەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، هاتە مەیدانەکەوە. پێشووتر ناوی ئەم قوتابیە "مرۆڤە خۆشەویستەمان"هێنا، هەروەک هاوڕێکانی جۆن هەنتەریش هەر بەهۆی خۆشەویستیەکەیەوە بە هەنتەری خۆشەویست ناویان دەبرد. ئاماژەشمان بەو تۆێژینەوانەی بواری فەسلەجەو مێژووی سروشتدا کرد، کە جێنەر بەهاوکاری لەگەڵ جۆن هەنتەری مامۆستای مەزنیدا، ئەنجامیان دا. بەم هۆنراوانەی ( Adress to Robin , Signs of Rain)، کە لە ژیاننامەکەیدا بڵاوکراوەتەوە، دەردەکەوێت عاشقی سروشت و توێژەرێکی بەپەرۆش بووە. کوڕی قەشەی گەورەی بەکەرلی لە گلۆسێستەرشایەر، ڕێزدار ستیفن جێنەر بووەو لە زێدی خۆیدا کاری پزیشکی کردووەو هەرلەوێش ئیلهامی دۆزینەوە گەورەکەی بۆ هات. نە ژیانی شاری پێخۆش بووە و نە سەروەت و سامانیش. جا کاتێک ناوبانگی گەشتە لووتکە، داوای لێکرا ڕووبکاتە لەندەن و داهاتی ساڵانەی دە هەزار پاوەندی بۆ پێشنیار کرا. ئەمەی نەویست و وەهاش بۆ هاوڕێیکی دوا " سامانەکەم بەشی ئەوە دەکات خەونەکانمی پێ بێنمە دی .

ئیتر ناوبانگ چیە؟ هەر ناوی زل و دێی وێرانە ". بەو جۆرە لە بەرکەلی ژیاو هەر لەوێش مرد.

بیرۆکەی کوتان لەڕێگەی کچە کرێکارێکەوە گەیەندرایە جێنەر، کاتێک ئاماژەی بەوەکرد بوو من "تووشی ئاولە نابم چونکە پێشتر تووشی ئاولەی وولاخ بووم". لەو کاتەدا ئاولەی ڕەشە وولاخ نەخۆشیەکی تاڕادەیەک سووک بوو. لە ڕێگەی گوانی مانگاوە بۆ دەستی کەسی شیردۆش دەگوازرایەوە. ئەم نەخۆشیە خۆی لە هەڵتۆقینی دوومەڵێک دەبینیەوە، کە هەستێکی گشتی بێزارکەری بەدوادا دەهات. بەگشتی لە گلۆسیسترن شایەردا وا دەزانرا ڕوانینی کچە کرێکارەکەی شیرەمەنیەکە ڕاست بێت. جێنەر وای دەزانی وەها زانستێک دەکرێت بخرێتە بواری کرداریەوە. زیاتر لە بیست ساڵ لەم بابەتەدا قاڵ بوویەوەو بە بۆچوونەکانی هاوڕێ پزیشکەکانی هەراسان کردبوو. تەنانەت هەڕەشەی دەرکردنی لە یانەی (هەرەوەزی پزیشکی )ی لێکرا. دواجار لە چواردەی ئازاری ساڵی ١٧٩٦ دا، بەوپەڕی بوێریەوە کارە هەرە گرنگەکەی ئەنجامدا. جەیمس فیسی تەمەن هەشت ساڵی لە ڕێگەی کێمی دەستی کرێکارێکی شیرەوە بەناوی سارا نێلزەوە ، کە تووشی ئاولەی وولاخ بوو بوو، کوتا. دوای هەشت هەفتە جێنەر کوڕەکەی لە دژی ئاولە کوتاو هیچ نەخۆشیەکی لێ دەرنەکەوت. لەو کاتەدا دۆزینەوەکەی تەواو سەلماندو روانین و توێژینەوەکانی لە نامیلکەیەکی حەفتاو پێنج لاپەرەییدا بەم ناونیشانە گەوریە (لێکۆڵینەوەیەک لە هۆکار و کاریگەریەکانی کوتانی ئاولە، ئەو نەخۆشیەی لە هەندێک لە ناوچەکانی ڕۆژئاوای بەریتانیادا هەبووە بەتایبەتی لە گلۆسێستەرشایەردا و پێی دەڵێن ئاولەی مانگا)، خستەڕوو. لە هەموو شوێنێک، لە ناوەوە و دەروەی بەریتانیادا خەڵک تێگەیشتن کوتان چاکە. جێنەریش پیرۆزبای لێکراو ڕێزی لێنرا. گەر جێنەر خۆپەرست بووایە و دۆزینەوەکەی بە نهێنی بمایاتەوە، پارەی بەسەرا ئەباری. جێنەر هێندە بەخشندە بوو بێ پێچ و پەنا دۆزینەوەکەی خستەڕوو. تەنانەت تووشی زیانی دارایش بوو.

هەرخۆشی بوو وای لە حکومەت کرد قەرەبووی بکات، بەوەی هەر ئەو بوو خزمەتێکی هێندە گەورەی کردبێت. بەو جۆرە لەساڵی ١٨٠٢ دا دە هەزار

پاوەندی پێ بەخشرا و لەساڵی ١٨٠٧ دا پیست هەزار پاوەندی تریش بۆ ئەو بڕە زیاد کرا. بۆ ماوەیەکی کەم لە لەندەندا کاری پزیشکی کرد، بەڵام هەر زوو گەڕایەوە تا وەک پزیشکی گوندی لە بێرکەلیدا کاربکات. لەوێ لە سەیوانێکی باخچەکەیدا هەژارانی دەکوتا و چاوپێکەوتنی لەگەڵ گەلێک لە میوانەکاندا دەکرد. ژمارەیەکی زۆریش نامەی بۆ دەنێردرا، کە کاری لەسەر دەکردن. لەهەمان کاتدا ڕێژەی تووش بوون و مردن بەهۆی نەخۆشی ئاولە بەبەردەوامی کەمی دەکرد. گرنگی کوتان سەلمێنراو بنەمایەکیش دانرا، کە دواجار بەرگری مرۆڤی بەرامبەر نەخۆشیەکانی گرانەتا، کۆلێراو .... هتد، بەهێزکرد.

## پزیشکە کواکەرە ئەمریکیەکان

فۆزەرگیڵ لەساڵی ١٧٦٩ دا نووسیویەتی "با یادی نەمران بکەینەوە. لەوانەیە ئەمە وابکات یادی ئەوانەی تریش بکرێتەوە کە شایستەن". فۆزەرگیڵ خۆی لە هەموو کەسێک شایستەترە یاد بکرێتەوە. کۆمەڵەی دۆستان (کواکەر)، کە بە میهرەبانی و خۆشەویستیە زۆرەکەی بۆ دادپەوەری ناوبانگی هەبوو، لەسەدەی هەژدەیەمدا لەبواری پزیشکیدا پزیشکە شارەزا و دڵ گەورەکانی وەک فۆزەرگێڵ و لیستۆن ڕابەرایەتیان دەکرد. هەروەها ویلیام توکیش، کە لە نەخۆشخانە دروونی ( The York Retreat ) چارەسەرێکی مرۆڤانەی شێتی خستەڕوو، هەر لایەنگری کۆمەڵەی دۆستان بوو. پێش ئەو کاتە نەخۆشانی دەروونی زیندانی دەکران و بە زنجیریش بێبەزەییانە دەبەسترانەوە. تەنانەت لە نەخۆشخانەی دەروونی بێدلامدا نەخۆشانی دەروونی وەک گیانداری دڕندە تەماشا دەکران.

جۆن فۆزەرگیڵ(١٧١٢-١٨٨٠) لە یۆرک شایەر لە دایک بووە. لەو کاتەی قوتابی بوو لە ئێدنبرە، یارمەتی مۆنرۆی دا کتێبەکەی لەسەر ئێسکناسی دابنێت و لە زانستەکانی تریشدا شارەزای پەیداکرد. دوای ئەوە لە لەندەن نیشتەجێ بوو، هەر زوو لەسەر پشتی خەڵکی ڕەش و ڕووت و باخەڵی خواپێداوان چاک خۆی فێرکرد. چەند توێژینەوەیەکی لەسەر جۆرێکی توندی نەخۆشی ئەنجامدا، کە گومانەکرا سوورەتا (تای قورمزی) بێت. ئەنجامی توێژینەوەکانیشی لە دووتوێی

کتێبێکدا بەناوی (باس و خواسی قورگ ئێشەی تووند) لەساڵی ١٧٤٨ دا بڵاوکردەوە. بەمەش ناوبانگی دەرکرد و هەروەها لەگەڵ چارەسەرێکی سووکتری بوو بۆ نەخۆشیەکە وەک لەوەی ئێستا کاری پێدەکرێت. هەر کە پێگەی گەورەتر بوو، سامانی زیاتر بوو. زۆر حەزی کرد لە زانستی ڕووەکناسی و ناساندنی ڕووەکە نوێیەکان لە بەریتانیادا کاربکات. بۆ ئەم مەبەستە لەساڵی ١٧٦٢ دا لە پارکی ئەپتۆنی ناوچەی ئێسێکس، لە باخچەیەکی دوو سەد مەتری گەورەدا دەستی بە ڕووەک ناشتن کرد. لەوێش لە شەتڵگە گەرم و کراوەکاندا، دۆستەکانی و کاپتنە دەریاوانیەکان و ئەو ڕووەک کۆکەرەوانەی دایمەزراندبوون، بەهەزاران ڕووەکی ژەهراویان بۆ کۆکردەوە.

باخچەکەی، کە لای پارکی گشتی هام وێستدایە، وەک پارکی گشتی کیو گرنگە. بەهۆی شارەزای لەبواری پزیشکی، بەکارهێنانی نیانی درەختی کینای بەرفراوان کردو تەنانەت لە باخچەکەی خۆشیدا ڕووەکی کینای ڕواند. پێشنیاری بەکارهێنانی ڕووەکی کاکوژیشی[74] بۆ ئازاری دەمار کرد. بۆ یەکەم جاریش بنێشتی کرژکەرەی ناسراو بە (کینۆی ) ناساند و وایکرد خەڵک ڕوو لە بەکارهێنانی بەردی کلیش بکەن. بەکارهێنانی قاوەی کردە نەریت. بەمەش لەهیندی ڕۆژئاوادا لە ناوچەی کاریبی بڕێکی زۆری داری قاوە ڕووێنران. لە باخچەکەشیدا لە ئەپتۆن، دارێکی قاوەی پانزە مەتری هەبووە. یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین توێژینەوەکانی لەبارەی مێژووی بەکارهێنانی قاوەوەیە. شایانی باسە ووتاری بەناونیشانی (کەش و هەوا و نەخۆشی ) نووسیووە، ئەمەش تۆماری مانگانەی چوار ساڵی (١٥٧١-١٥٧٤) کارکردنی بوو. توێژینەوەکانی لەسەر چاک بوونەوەی پیاوێکی بە ڕواڵەت مردوو لەڕێگەی پڕکردنەوەی سی یەکانی بە هەوا، بوو بە ئیلهامی داهێنانی هەناسەدانی دەستکرد. لەسەر نەخۆشی فێ، هاری، وەناق، سنگە کوژێ، سەرئێشەو بابەتەکانی تر نووسیویەتی و شێوازی نووسینیشی ووردو جێی ستایش بووە. ڕیشەکێش کردنی کۆیلایەتی، تۆمارکردنی لەدایک

٧٤ ڕووەکێکە لە کۆمەڵەی گێزەر. گوڵەکەی لە شێوەی چەتردایەو سپییەو قەدەکەی سەوزەو پنکە پنەکی سووری تیایە. توێکڵەکەی بۆ دەباخکردن بەکاردێت. بۆنێکی بۆگەنی لێدێت لە بۆنی مشک دەچێت. مادیەکی ژەهری سرکەری لێ دەردەهێنرێت پێی دەووترێت (کونین) یان (کونوسین). جاران دەردخواردی تاوانبارەکانیان دەدا بەمەبەستی کوشتنیان.

بـووان و مـردووان ( هەرچەنـدە ئەمـەش تـا سـاڵی ١٨٣٧ نەبـوو بـە ناچـاری )، بەرفراوان کردنی شـەقامە بەناوبانگەکانی لەندەن ، بەکارهێنانی گەنمە شامی یان پەتاتـە بۆ زیاد کردنی هەویری گەنم و دابین کردنی ماسی هەرزانتر بۆ هـەژاران، هەمـوو ئەوانـە ئـەو بوارانانـەن هەوڵیدا چاکسـازیان تیـادا بکات.

بەهـاوکاری جـۆن هـاواردی (١٧٢٦-١٧٩٠) هاوڕێـی، پەرەیـان بـە بەرنامەیـەک دا بـۆ باشـترکردنی رەوشـی زیندانـەکان. لەهەمووشـی گرنگتـر هەرچەنـدە تیایـدا سـەرکەوتوو نەبـوو، هەوڵـە نەپسـاوەکانی بـوو لەسـاڵی ١٧٧٤ دا لەگـەڵ هاوڕێـی نزیـک و فەیلەسـوف و سیاسـەتمەداری مـەزن، بینیامیـن فرانکلیـن (١٧٠٦-١٧٩٠)، بەمەبەسـتی ڕێگـری کـردن لـە تێکچوونـی پەیوەنـدی نێـوان بەریتانیـاو کۆلۆنیـە ئەمریکایـەکان. یەکێـک لـە کاریگەریەکانـی جەنگـی سـەربەخۆی ئەمریـکا ئەوەبـوو وایکـرد کۆمەڵێـک پزیشـک و نەشـتەرگەری ئەمریکـی ناوبانـگ دەربکـەن، کـە لـە کاتێـکا لەبـواری سـەربازیدا خزمەتـی چاکیـان دەکـرد، گرنگیشـیان بـە کاری نەخۆشـخانەو فێرکاری پزیشکی دا. لەنێو ئـەو پزیشـک و نەشـتەرگەرانەدا، مۆرگان و شـیپێن هەبوون. پێش ئەوانیش کادوالادێر هەبـوو، دوای ئەوانیش بییامین ڕەش هـات. تۆمـاس کادوالادێر(١٧٠٨-١٧٧٩) پێشـەنگێکی کۆلۆنیـاڵ بـوو، کـە لـە لەندەنـدا زانسـتی پزیشـکی خوێنـدو پاشـان لەگـەڵ ویلیـام پێتـدا ڕووی لـە پەنسـیلڤانیا کـرد. یەکـەم کـەس بـوو لـە فیلادفیـادا زانسـتی توێـکاری ووتـەوە.

هەروەهـا ڕۆڵـی لـە بنیاتنانی نەخۆشـخانەو کتێبخانـەدا گێڕاوە. (بـاس و خواسـێک لەسـەر ژەهـراوی بـوون بـە قورقوشـم) بەناوبانگتریـن بەرهەمێتـی، کـە بینیامیـن فرانکلیـن لەسـاڵی ١٧٤٥ دا چاپـی کـردووە. جـۆن مۆرگانی بەڕەچەڵـەک فیلادلفی و دەرچـووی زانکـۆی ئێدنبـرە، دامەزرێنـەری بەشـی پزیشـکی زانکـۆی پەنسـیلڤانیاو پـەروەردەی پزیشـکی بـووە لـە ئەمریـکادا. لـە زانکـۆی ئێدنبـرە لـە لای مۆنـرۆ خوێندوویەتـی و هەروەهـا لـە پادواشـدا سـەردانی مۆرگانـی کـردووەو پێنـج سـاڵ لـە ئەوروپـادا پێکـەوە کاریـان کـردووە. دوای ئـەوەی کـرا بـە پرۆفیسـۆری بـواری پزیشـکی لـە زێـدی خـۆی، بـوو بـە یەکـەم ئەمریکـی خـۆی بـۆ بـواری پزیشـکی کـرداری تەرخـان بـکات. لەگـەڵ هەڵایسـانی جەنگـی سـەربەخۆی ئەمریـکا، بووبـە

بەڕیوەبەری گشتی بەشی پزیشکی لەسووپادا. بەهۆی ناکۆکی سیاسیەوە، بە شێوەیەکی ناڕەوا لەساڵی ١٧٧٧ دا لە پۆستەکەی دەرکرا. ویلیام شیپێنیش (١٧٣٦-١٨٠٨)، کە ئەمریکیەکی تری دەرچووی زانکۆی ئێدنبرە بوو، بە شوێن گرەوەی دیاریکرا. دواتر بێ تاوان دەرچوو و پۆستەکەی پێدارایەوە، بەلام ئەو برینی دەرکردنەی هەر سارێژ نەبوو. سەرباری ئەوەی پلەی پرۆفیسۆری توێکاری و نەشتەرگەری هەبووە، شیپێن یەکەم مامۆستای پزیشکی زانگەریش بووە لەئەمەریکادا. کەمە گومانێک هەیە بەوەی فۆزەرگیڵ لەکاتی خوێندنیا لە ئەوروپادا هاوڕێیەتی مۆرگان و شیپێنی کردبێت و لەگەڵ ویلیام پێتدا بەناوی ئەوانەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەریان لە دامەزراندنی ئەم زانکۆ نوێیە پزیشکیدا هەبووبێت.

بینیامین ڕەشی (١٧٤٥-١٨١٣) پزیشکی کواکەری بەناوبانگ، کە پرۆفسۆر و جێگرەوەی مۆرگان بوو لە فیلادیلفیادا، قوتابیەکی تری فیلادیلفیا بوو بەمەبەستی بینینی فۆزەرگیڵ ڕووی لەلەندەن کرد. زانستی پزیشکیشی لە زانکۆی ئێدنبرە لەساڵی ١٧٦٨ دا تەواوکردووە. لە فیلادلفیا بۆماوەی چل و چوار ساڵ زانستی پزیشکی ووتەوەو وەک ( سێدینهامی ئەمەریکا ) ناوبانگی دەرکرد. چالاکانە دژایەتی جەنگ، کۆیلایەتی، کحول و سزای لەسێدارەدانی کردو ئەمەش بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەری نەرێنی لەسەر کاردکردنی ئەو دروست کرد. ناوی ئەو وەک ئەستێرەیەکە هەمیشە لە ئاسمانی زانکۆی بینیامین ڕەشی پزیشکیدا دەدرەوشێتەوە. کاتێک جۆن فۆزەر گێڵ لەتەمەنی شەست و هەشت ساڵیدا بەهۆی شێرپەنجەی پرۆستاتەوە مرد، پزیشکێکی تری کواکەر بەناوی لێت سۆم شوێنی گرتەوە، کە لە فۆزەرگێڵ بەناوبانگترە.

جۆن کۆئاکلی لێتسۆمی (١٧٤٤-١٨١٣) کوڕی پەموو چێنێکی هیندی ڕۆژئاوا بووە. باوکی حەوت جمک (دووانە) کوڕی هەبووە. ئەمیش یەکێک بووە لەو تەنها جمکەی لەژیاندا ماونەتەوە. بەمەبەستی خوێندن نێرایە بەریتانیاو دوای ئەوەی لە لانکشایەر ڕووی لە کۆلێژ کرد، لە لای دەرمانسازێکی نەشتەرکار لە سێتڵ لە یۆرک شایەردا کاری بەردەستی کرد. هەر کە تەمەنی گەورەبوو، گەڕایەوە

زێدی خۆی تا داوای بەشە میراتی خۆی بکات. لەو کاتەدا باوکیشی کۆچی دوای کردبوو، دایکیشی هاوسەرگیری کردبوو. ئەو میراتەشی بۆ لێستۆمی لاو بەجێ مابوو، کۆمەڵە زنجیەک (کۆیلەی ڕەشپێست) بوون. ئەمیش دەمودەست ئازادی کردن. بەم جۆرەش بێ هیچ سەروەت و سامان و دۆست و نزیکێک شانی دایە بەر ژیان.

قۆڵی لێهەڵماڵی و لە دوورگەی تۆرتۆلادا دەستی بەکاری پزیشکی کرد و هەر زوو بەشی ئەوە پارەی پەیدا کرد پێی بگەڕێتەوە ئەوروپا. ماوەیەک خەریکی لێکۆڵینەوە بوو. دواتر لە ئێدنبرە، پاریس، لەیدین و لەندەندا دەستی بەکارکردن کرد، هەروەک پێشتووتر ئاواتی بۆ ئەمە دەخوازی. فۆزەگیڵ، کەزیاتر بەرەو ڕۆژئاوا دەڕۆشت، دەستی هاوکاری بۆ درێژ کرد و زوو ئاهێک وەبەری ژیانیدا هاتەوەو سەرکەوتنێکی کەم وێنەشی بەدەست هێنا. چەندین ساڵ داهاتی ساڵانەی پێنج هەزار پاوەند بوو. دەووترێت ئەو داهاتە بۆ دوانزە هەزار پاوەند زیادی کرد و لەساڵی ١٧٩٥دا هەشتاو دوو هەزار نەخۆش سەردانیان کرد! هەروەها دەیش ووترێت لە گەشتە دوورودرێژەکانیدا ڕۆژانە بەغاردان سێ جووت ئەسپی شەکەت کردووە! دەمێکە ماڵەکەی لێت سۆم لە لەین بڕووک کۆرتی نزیک لە گیڵد هۆڵدا، نەماوە. لەو کاتەدا لە نزیکی کامبەروێڵدا، کە گوندێکە نزیکی چوار میلێک لە لەندەوە دوورە، خانوویەکی بۆ خۆی و خێزانی دروست کرد. خانووەکەی بەناوی گرەوڤ هێڵ، لەسەر زەویەکی دڵنشین بوو. شەست و چوار کورە هەنگی تیابوو. ئەمیش وەک فۆزەگیڵی پێشینی خۆی، ڕووەکناسێکی کۆششکار بوو.

لێت سۆم کەسێکی باڵا بەرزی ڕوو زەرد بووەو لەو کاتەی لە هیندی ڕۆژئاوا نیشتەجێ بوو، نیشانەی پیری لێدەرکەوت. بە شێوازی ئاسایی کواکەریانە پۆشاکی پۆشیوە. کەسێکی خۆش خولق و ڕووخۆش بووە و لەگەڵ منالا منالْ بووەو لەگەڵ گەورەشا گەورە. بەهۆی ڕەسەنیەتی و بەزەی و ئازادیخوازیەکەیەوە، لای جەماوەر زۆر خۆشەویست بووە. گرنگی بە کوتان داوەو دژی ڕەخنەگرەکانی جێنەر وەستاوەتەوە، کاتێک جەنگی لایەنگران و دژبەرانی کوتان

توونـد بووەتـەوە. یەکێـک لـە کارە گەورەکانـی لەسـاڵی ١٧٧٣ دا دامەزراندنـی ڕێکخـراوی پزیشـکی لەنـدەن بـوو، کـە ئێسـتاش ڕۆڵ و پێگـەی خـۆی هـەر مـاوە. سـەرەتا تەنهـا سـی پزیشـک، سـێ نەشـتەرگەرو دە دەرمانسـاز مافـی ئەوەیـان هەبـوو ببنـە ئەندام. لەڕۆژانـی سـەرەتادا لیت سـۆم گەلێک توێژینـەوەی ئەنجامـدا، کاتێـک کـەس بابەتـی ئامادەنەدەکـرد. شـێلگیرانە کاری دەکـرد تـا لەسـەرکەوتنی ڕێکخراوەکە دڵنیاتر بێت. تەنانـەت کردی بـە شـوێنی کۆبوونـەوەش. یەکێکی تـر لـەو ڕێکخراوانـەی لیت سـۆم شلگیرانە داکۆکی لێکرد و دەستی لـە دامەزراندیا هەبوو لەسـاڵی ١٧٧٤ دا، کۆمەڵگـەی شـاهانەی مافـی مـرۆڤ بـوو. لێکۆڵینـەوەی لەبـارەی هەناسـەدانی دەسـتکردی لای فۆزەرگێـڵ کـرد. یەکێکـی تـر لـەو دامەزراوانـەی لیت سـۆم لەسـەرەتادا ڕۆڵـی لـە بنیاتنانیـدا هەبـووە و ئێسـتاش مـاوە، (نەخۆشـخانەی شـاهانەی گەرماوکردنـی لای دەریـا) بـووە لەشـارۆچکەی مارگەیتـدا. مێـژووی بنیاتنانـی ئـەم نەخۆشـخانەیە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٧٩٦. لەسـەرەتادا مەبەسـتی سـەرەکی لەبنیاتنانی ئـەوە بووە ببێتە پەناگەیـەک بۆ منداڵانی لاواز و تووشبووانی سیل تـا لـە کەنـاری دەریـادا خۆیـان بدەنـە بـەر خـۆر، بـەڵام ئێسـتا ئەمـە مەبەسـتی سـەرەکی نیـە. ئـەم نەخۆشـخانەیە بـوو بـە ئیلهامـی بنیاتنانـی ئـەو بووژانگانـەی[75] بـەڕووی هـەوادا کـراوەن لـە سـەردەمی نوێـدا.

لیت سـۆم سـاڵانە جارێک سـەردانی ئـەم نەخۆشـخانەیەی دەکـرد. شـەوانە بـە ئەسـپ و عارەبانـە لەلەندەندا دەهاتـە خـوارەوە. خـۆی هـەر خـووی وابـوو، سـەردانی نەخۆشـخانەکانی دەوروبـەری لەندەنـی دەکـرد. هەروەهـا لـە لەنـدەن سیسـتەمێکی خستەڕوو، کـە لـە ڕێگەیـەوە نەخۆشـانی کـەم دەرامـەت هاوشـێوەی نەخۆشـانی دەرەوە چارەسـەریان بۆ دەکرا و تەنانـەت لـە ماڵەکانـی خۆشـیاندا پزیشـکانی پایـە بـەرز بەمەبەسـتی چارەسـەرکردن، سـەردانیان دەکـردن. ئەمـەش پێـش هەبوونـی بەشـی خزمەتگـوزاری دەرەکـی لەنەخۆشـخانەکاندا بـوو. سیستەمەکەشـی لـە سەرانسـەری وڵاتـدا لـە گەلێک شـار و شـارۆچکەدا، کاری پێکرا. جا ئـەم هۆنراوەیە، کـە گەلێـک جـار بڵاوکراوەتـەوە، هـەر ئەڵێـی وەبـاڵای ئـەم پزیشـکە مانـدوو نەنـاس

٧٥ ئەو نەخۆشـخانانەن تیایاندا نەخۆشیە درێژخایەنەکانی وەک، سیل و نەخۆشیە دەروونیەکان، چارەسـەر دەکرێن.

و ڕكشاره ووتراوه. زۆرێک لەوانەی لێت سۆمیش ناناسن، هەر بەم هۆنراوەیە ئاشنان. دەووترێت خۆشی نووسیبێتی. ئەمەش هۆنراوەکەیە:-

When any sick to me apply ,

I physicks , bleeds , and sweats em :

If after that they choose to die ,

Whats that to come , I.Letssom .

## دارشەقی سەر ئاڵتوونی

پزیشکە تەڕپۆشەکانی سەدەی هەژدەیەم، پانتۆڵێکی کوڵی تەسک، پووتێکی گەورەی جوان، گوێرەوی و پێڵاووی ئاوزوونەداریان لەپێدەکرد. پاڵتاوی قەیفەیی دووگمە ئاڵتۆنیان لەبەر دەکرد، بارۆکەو کڵاوی سێگۆشەییان لەسەر دەکرد، دەست کێشیان دەکردە دەستیان و فەروەشیان لەبەردەکرد. بەشێکی تری پێویست لە کەل و پەلەکانی پزیشکەکان دارشەقەکەیان بووە لەگەڵ فانیلە زیوینە کون کونەکانیان، کە چەند پێکهاتەیەکی بۆنخۆشیان تیادابووە. باوەڕدەکرا ئەم دارشەقانە لە نەخۆشی بیانپارێزێت! ئەم دار شەقانە سەرەکانیان شێوە خاچی زیوین بوون. جۆن ڕادکلیفی وەک سەرۆکی زانکۆی شاهانەی پزیشکان دارشەقی وەهای بەدەستیەوە دەگرت. لەو پێگەی خۆیدا بۆ ڕیجارد میدی جێگرەوەی خۆی هەڵگرت و دەست بە دەستی پێکرا بۆ ئەوانەی دواتر تا گەیشتە سەردەمی ماتیۆ بایلی. خێزانەکەی بایلی پێشکەشی بەڕێز هێنری هاڵفۆردی، سەرۆک بەشی دواتری کرد. کاتێک بینای زانکۆ نوێیەکە لەپاڵ مۆڵ ئیستدا لەساڵی ١٨٢٥ دا کرایەوە، گۆچانەکەی لەوێ دانا. تا ئێستاش لەوێ لە کتێبخانەکەدا لەناو سوشەدا پارێزراوە. بەسەرهاتی هەندێک لەو سەرۆک زانکۆیانەی، کە ئەو گۆچانەیان هەڵگرتووە، لە کتێبێکی سەرنجراکێشدا بەناوی (دارشەقی سەر ئاڵتونی) خراوەتەڕوو. دیارە ئەم کتێبە، کە ویلیام ماک میکایلی (١٧٨٤-١٨٣٩) دایناوە و بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٨٢٧ دا بڵاوکراوەتەوە، دەکرێت بۆ بەشی شوێنەواریش کەڵکی لێوەربگیرێت. ماک ئەندامی دیاری زانکۆکەو پزیشکی شاهانەش بووە. چاپە دووەمە گەورەکەی

لەساڵی ١٨٢٨ دا بڵاوکراوەتەوە و ویلیام مەنکیش پێداچوونەوەی بۆ چاپی سێیەمی کردووە. چاپەکانی پێشووتری وێنەی زۆر جوانیان تیادابووە. ڕادکلێف و مید یەکەمین دوو کەس بوون گۆچانەکەیان بە دەستەوە گرتووە.

وێک چوونێکی سەرنجڕاکێشی فۆزەرگیڵ و لێت سۆمیان پیشان داوە، هەرچەندە سەردەمێکی کەمێک پێشتر دەرکەوتن. جۆن ڕادکلیفی (١٦٥٠-١٧٢٩) پزیشک، لە ئۆکسفۆردا خوێندوویەتی و هەر لەوێش و دواتریش لەلەندەندا کاری پزیشکی کردووە. سەرکەوتنە گەورەکەشی زیاتر بەهۆی دانایی و سەلیقە ناوازەییەکەی بووە وەک لە کاری پزیشکیەکەی. خۆی کاتێک پرسیاری لەسەر شوێنی کتێبخانەکەی لێکرا، دەستی بۆ سووچێکی ژوورەکەی درێژکرد، کە جۆرە گیایەک، ئێسکە پەرێک و کەمێک شوشەی دەرمانی تیا دانرابوو. دەی ئەوەندەش کاری کرد تا پارەی پێویست لە ئۆکسفۆردا بۆ بنیاتنانی نەخۆشخانەی ڕادکلێف، ڕوانگەی ڕادکلێف و کتێبخانەی ڕادکلێف، ببەخشێت. ڕادکلێف پزیشکی پاشا ویلیامیش بووە، کە بێڕێزی بەرامبەر کردووە. هەروەها پزیشکی شاژنە ماریش بووە، کە دواین جار بەهۆی نەخۆشی ئاوڵەوە مرد. ئەمیش هاوشێوەی هەندێک لە پزیشکان ووتویەتی "وەک پزیشکێکی پیشەوەر بۆ هەموو نەخۆشیەک بیست چارەسەرم پێیە. لە سەرەتای کاری پیشەیدا بیست نەخۆشیم دۆزیوەتەوە، بەڵام یەک دانە چارەسەریشیم بۆ هیچ کامیان نەبووە"!

بەم شێوەیە ئامۆژگاری ڕیچارد میدی (١٦٧٣-١٧٥٤) جێگرەوە خۆشخوو و شارەزای کردووە " خۆشم دەوێیت مید. ڕەچەتەیەکی بێ هەڵەت دەدەمێ. لە بواری کاردکردنتا بۆ هەموو نەخۆشیەک بەکاری بهێنەو سەرکەوتوو دەبیت". هەندێک جار دەکرێت میتۆدە سەپێنراوەکان لەبواری پزیشکی کرداریدا سوودیان هەبێت. دەی رادکلێف زۆر کاری لەسەر کردوون و میدیش کاری لەسەر ئاسان کردنی میتۆدەکان کرد. هەروەک پێشتر ووتمان، مید لە زانکۆی لەیدن قوتابی پیت کایرین بووە و هەورەها وەک پزیشکی پاپا ئەسکەندەریش بووە. کاتێک چووە ماڵی ڕادکلێف لە بلومزبەری سکوێیەر، زۆر سەرکەوتووانەتر لە ڕادکلیفی پێشینی خۆی کاری کرد . شاژنە ئان لە سەردەمی ترۆپکی دەسەڵاتیدا خۆیدا،

نەخۆشی مید بوو. لەو سەردەمەدا ژیان ئاسایی و دڵنشینانە بوو. خەڵک بە زۆری سەرقاڵی هونەر و زانست بوون. دەی ئەو نەک تەنها پزیشکێکی ناسراوبوو، بەڵکو وەک توێژەرو خەزێنەداری زانیاری ناوبانگی هەبوو. خاوەنی یەکێک لە باشترین کتێبخانەکانیش بوو، سەرباری مۆزەخانەیەکی گەورە، کە بوو بە ڕووگەی میوانە دیارەکانی شاری لەندەن. دەرمانسازەکان هەوڵیان دەدا فرە کەڵک لە کارەکانی وەرگرن، کە بە کۆڵێک دەردەوە دەهاتنە لای. ئەمیش بە بێئەوەی نەخۆشەکان ببینێت، هەوڵی چارەسەرکردنی دەردەکانیانی دەدا. ئەمەش بوو بە بەشێک لە کارکردنی ڕۆژانەی لە قاوەخانەی تۆم لە کۆڤێنت گارندا. کرێی کارکردنیشی بڕی نیو جونیە بوو. نووسەرێکی فرە بەرهەم نەبوو. لە کتێبەکەیدا بەناوی (باس و خواسێکی میکانیکیانە لەبارەی ژەهرەکانەوە)، چەند توێژینەوەیەکی بەپێزی لەسەر ژەهری مار، خستەڕوو. دەی لە کتێبێکی سەرنجڕاکێشی تریدا بەناوی (باس و خواسێک لەبارەی کاریگەری خۆر و مانگ لەسەر جەستەی مرۆڤ)، ئەوەی خستەڕوو تا سەردەمی ئەو ئەستێرەزانی پێگەی خۆی لەبواری پزیشکی کرداریدا هەر ماوە.

جۆن فرەیند (١٦٧٥-١٧٢٨) یەکێک بوو لەو هاوڕێیانەی، کە چەند مانگێک لەبەر پاڵپشتی کردنی جووڵانەوەی یەعقووبی زیندانی کرا.

لەو کاتەشی لە کۆشکی شاهانەدا بوو کتێبەکەی بەناوی (مێژووی زانستی پزیشکی ) نووسی، کە هێشتا بە سەرچاوەیەکی ڕەسەن دادەنرێت. دەووترێت کاتێک فرێند ئازاد کرا، مید هەزاران پاوەندی پێدا کە لەکاتی دیارنەبوونی لە نەخۆشەکانی وەرگرتبوو. ساموێڵ جۆنسن ئاوا باسی ڕیچارد میدی کردووە"هیچ کەسێک هێندەی ئەو لە ژیاندا ماندوو نەبووە". دارشەقە سەرئاڵتۆنیەکە لە میدەوە بۆ ئاسکیۆ پاشان بۆ پیت کایرین و دواجار بۆ بایلیێ دەستاودەستی پێکرا، کە دوای مردنی بە پێی پێویست چیدیکە وەک سیمبولی پیشەی پزیشکی تەماشا نەکرا. لە نێو ئەو هەموو پزیشکە دیارانەی سەدەی هەژدەیەم، هێندە بەسە باسی دوانیان بکەین، کە هەریەکەیان ئەستێرەیەکی درەوشاوەیە لە ئاسمانی مێژووی زانستی پزیشکیدا.

## هێبەردین و ویزەرین

ویلیام هێبەردینی گەورە (١٧١٠-١٨٠١)، وایکرد زانستی پزیشکی پێگەی گەورەترو بایەخدارتر بێت، بەشێوەیەکی بەرچاویش خزمەتی زانستی کرد. وەک دەرچوویەکی زانکۆی کامبرج، بۆ چەندین ساڵ مەیدانیانە خزمەتی کرد و پزیشکی تایبەتی پاشا جۆرجی سێیەم و هەروەها ساموێل جۆنسنیش بوو. ڕوانینی تایبەتی خۆی بۆ هەموو ئەو حاڵەتانە هەبوو، کە ئەهاتنە بەردەستی. لەتەمەنی حەفتاو دوو ساڵیدا، کتێبێکی نایابی بەناوی (لێکدانەوەکان) بۆ کوڕەکەی نووسی، کەلەبەر داواکاری خۆی تا ساڵێک دوای مردنی بڵاونەکرایەوە. ئەم کتێبە دەکرێت ئێستاش کەڵکی لێوەرگیرێت چونکە باشترین وەسفی نەخۆشی تیادایە : بۆ نموونە باسی نەخۆشی سنگە کوژێی کردووە، هەرچەندە یەکەم کەس نەبووە وەسفی ئەم نەخۆشیەی کردبێت. وتوویەتی " نەخۆشیەکی دڵ هەیە، نیشانەی توند، تایبەت و مەترسیداری هەیە . زۆر زۆریش دەگمەن نیە. شوێنی نەخۆشیەکە، کە هەستی هەهەناسە سواربوون و دڵەڕاوکێ دروست دەکات، ئەمانە زیاتر گومانمان بۆ نەخۆشی سنگە کوژێ دەبات . هەموو نەخۆشێک لەناکاو وەلا دێنێ و بەزۆریش دەمودەست دەمرێت".

دیارە یەکەم پزیشک نەبووە، باسی نەخۆشیەکی کردبێت کۆتاییەکی وەها تاڵی هەبێت. ئەم باس و خواسە لە کتێبی (ژیاننامەی ئێدواردی میری کلارێندۆندا)، کە ئێدوارد هایدی (١٦٠٩-١٦٧٤) کوڕی نووسیویەتی، بەرچاو دەکەوێت. ئێدوارد وەها باسی مردنی باوکی کردووە "ئازارێک لە باڵیدا هەبوو. بێئەوەی هیچ کام لە پەلەکانی جووڵە بکات، هات وەلاو مرد".

خزمەتێکی تری گەورە، کە هێربەردین لە سەرەتای کاری پیشەیی خۆیدا بەزانستی پزیشکی کردووە، بڵاوکردنەوەی ووتارێک بووە لەسەر دەرمانی دژە ژەهری میترادایت. لەو ووتارەدا زۆر دژی ئەم دەرمانی دژە ژەهرە قسەی کردووە، بەهۆی ئەمەشەوە لەناو دەرمانەکاندا لابراوە. هێبەردین نەوەدو یەک ساڵ تەمەنی کرد و تاکۆتای تەمەنی توانای زیهنی هەر مابوو. دکتۆر ساموێل جۆنسۆن بە دواین پزیشکی ڕۆمانەکانی داناوە .

ویلیام وێزەرین (١٧٤١-١٧٧٩) کوڕی پزیشکێکی گوندنشینی شرۆپشایەر بووە. لەساڵی ١٧٦٦دا لە ئێدنبرە خوێندنی تەواوکردووە و ماوەیەکیش لە ساتفۆڕدا کاری پزیشکی کردووە. پاشان لەسەر پێشنیاری دکتۆر ئیرامۆز داروینی باپیری چارلز داروین، لە بێرمینگهام نیشتەجێ بووە. ڕووەکناسێکی شارەزابووە و کتێبی (ڕووەکەکانی وولاتی بەریتانیا) ی نووسیووە، کە زۆر ناوبانگی دەرکردووە. ئەندامی کۆمەڵەی مانگی بێرمینگهام بووە، کە کۆبوونەوەکانی لەکاتی مانگ پڕیدا (مانگی چواردەدا) دەبەست. وەک جێنەر، پزیشکێکی پیشەورەی ناوچەیی بووەو هەروەها وەکو ئەویش پزیشکی میللیی بووبە سەرچاوەی ئیلهامی دۆزینەوە گەورەکەی. ویزەرین بە ئاگابووە لەوەی خەڵکی شرۆپشایەر گیازەنگۆڵەیان بۆ چارەسەری ئاوبەنگی بەکارهێناوە. وتوویەتی "هۆکاری ئەم حاڵەتە ڕەنگە پەیوەندی بە نەخۆشی دڵەوە هەبێت. گیازەنگۆڵە باشترین چارەسەرە، ئەگەر ژیرانە بەکاربهێنرێت و ڕێگری لە هێڵنجدانی نەخۆش بکرێت". لەساڵی ١٧٨٥ دا ڕوانینەکانی لە کتێبێکی پزیشکی کلاسیکی، دەگمەن و بایەخداردا بەناوی (باس و خواسێک لەسەر گیازەنگۆڵە) دا، خستەڕوو. لەم کۆپلە هۆنراوە هاوچەرخەدا وەها باسی ئەم گیایە کراوە :-

leaves , with caution given,) foxglove(The

Another proof of favuoring Heaven

Will happily display

The rapid pulse it can abate ,

The hectic flush can moderate

And, blest Him Whose will is fate,

May give a lengthened day.




ئەو قوتکەیەی دوای چاندنی لەسەر سەری کەڵەشێر گەشەی کردووە. هەنتەر گەلێک تاقیکردنەوەی لە بواری چاندنی شانەدا ئەنجام دا.



جۆن لێتسۆمی پزیشک لە کۆمەڵگەی پزیشکیی لەندەندا ووتار دەدات.

## لێدان و گوێ لێگرتن

تا پێش سەدەی هەژدەیەم وەسیلەکانی دەستنیشان کردنی نەخۆشی کەم بوون. پزیشک هەر لە سەرەتای رۆژگارەکانی کارکردندیدا هەستی بە ترپە دەکرد، بەڵام بە ووردی ژمارەی لێدانەکانی نەدەزانی تاوەکو بەڕێز جۆن فلۆیەر (١٦٤٩-١٧٣٤) کاتژمێری ترپە پێوی داهێنا. لەساڵی ١٧٠٧ یشدا کتێبێکی بە ناونیشانی (کاتژمێری ترپە پێوی پزیشکی ) نووسی . کاتژمێرێکی تایبەت، کە بۆ یەک خوولەک کاری دەکرد، پێویست بوو دابهێنرێت چونکە لەو کاتەدا کاتژمێر چرکەشی لەسەر پەپکەکەی تۆمار نەدەکرد.

تا کۆتای سەدەی هەژدەیەم بەکارهێنانی گەرمی پێو کلینیکی سەخت بوو تا جەیمس کوری (١٧٥٦-١٨٠٥) سکۆتلەندی کە لە لیڤەرپووڵدا کاری دەکرد، هات و بەو بیرۆکەیەی سانتۆریەس خستیەڕوو ئیلهامی بۆ هات. لەو کاتەی بە ئاوی سارد چارەسەری گرانەتای دەکرد، لەڕێگەی گەرمی پێوەوە ئەنجامەکەی بۆ دەرکەوت. لەهەمان کاتدا لە ڤیێنادا لیۆپۆد ئاڤین بروگەری پزیشکی نەمسایی لەساڵی ١٧٦١ دا، توێژینەوەیەکی نەوەدو پێنج لاپەڕەیی بەناونیشانی ( لەبارەی پیاکێشانی سنگەوە) بڵاوکردەوە. یەکەم باسی لەسەر لێدان وەک وەسیلەیەکی دەستنیشان کردنی نەخۆشی تیادا خستەڕوو.

لیۆپۆڵد ئۆنبرۆگەر (١٧٢٢-١٨٠٩) کوڕی خاوەن مەیخانەیەک بوو لەشاری گرازدا. زۆرجار لێدانی بەکارهێناوە تا لە ئاستی عارەقی کەمۆڵەکەی باوکی دڵنیابێت. کاتێک بوو بە پزیشک لە نەخۆشخانەی ڤێنادا، ئەم بنەمایەی بۆ سنگی مرۆڤی بەکارهێنا. توێژینەوەکەی وەها دەست پێدەکات " لێرەدا وەسیلەیەکی نوێی پشکنینی نەخۆشی سنگ دەخەمە بەر دیدی خوێنەرانم. ئەمەش خۆی لە لێدانی قەفەزەی سنگدا دەبینێتەوە. بەمەش دۆخی ناو ئەو قەفەزەی سنگ دەزانین". بۆ ماوەی بیست ساڵ توێژینەوەکەی گرنگیەکی کەمی پێدرا. دواتر جان نیکۆلاس کۆرڤیزارت (١٧٧٥-١٨٢١) پزیشکی تایبەت و هاوڕێ ی ناپلیۆن پۆبناپارت ساڵێک پێش مردنی ئۆن برۆگەر، توێژینەوەکەی وەرگێڕایە سەر زمانی فەڕەنسی و وایکرد خەڵک کار لەسەر میتۆدەکەی بکەن . ئۆنبیرۆگەر مۆسیقاری بووەو لەسەر داخوازی ماریا ترێزا ئۆپێرایەکەی بەناونیشانی( دووکەڵکێش پاکەرەوە ) داناوە.

هەرچەندە لە سەدەکانی دواتردا ژیاوە، لێرەدا جێی خۆیەتی باسی دۆزەرەوەیەکی تری بواری پزیشکی بکەین. ئەویش ڕێنێ ثیپفیڵ هیاسینت لایەنکە (١٧٨١-١٨٢٦)، کە لە گیمپەر لە بریتانی لەدایک بووە و هێشتا پەیکەرەکەی لەوێ ماوە. لەشاری نانت بووبە یاریدەدەری خاڵی و دەستی بە کاری پزیشکی کرد. دواتر ڕووی لە پاریس کرد و لەوێ لای کۆرفیسارت و دوپوی ترێت خوێندی و زۆر ناوبانگی دەرکرد. ئەوەی جێی داخە تووشی نەخۆشی سیل هات و دواجار لەتەمەنی چل و پێنج ساڵیدا کۆچی دوای کرد. دوای ئەوەی کرا بە پزیشکی نەخۆشخانەی ملێکەر لەساڵی ١٨١٦ دا، هەلی بۆ هەڵکەوت پشکینین بۆ نەخۆشێک بکات، کە بەهۆی قەڵەویەکەیەوە نەدەتوانرا گوێ لەترپەی دڵی بگیرێت. دەووترێت بە بینینی دوو منداڵ کە یاریان بە پارچە تەختەیەک دەکرد، ئیلهامی بۆ هات. یەکێکیان لە تەختەکەی دەدا یان دەیرووشاند، ئەوەکەی تریان گوێ ی خستبووە سەر سەرە بە مشار بڕاوەکەی و گوێی دەگرت. هەندێک بەستە کاغەزی لوول کردو خستیە ناو لوولەکێکەوەو لایەکی لەسەر سنگی نەخۆشەکە داناو خۆشی گوێی خستە سەر لاکەی تری، بەم جۆرە گوێی لە ترپەی دڵی نەخۆشەکە بوو. وتوویەتی " لە جیاتی ئەوەی ڕاستەوخۆ گوێ لەسنگی نەخۆشەکە بگرم، بەشێوەیەکی باشترو ڕوونتر کاری خۆمم کرد". لە

بواری پزیشکیدا لە دێر زەمانەوە گوێگرتن لە سنگی نەخۆش هەبووەو تەنانەت هیپۆکراتیش باسی جیرەی قوماشی کردووە کە لە نەخۆشی سینگدا دەیبیسێ، بەڵام هەروەک و لاینێک ووتویەتی "میتۆدیکۆن نەک تەنها بێ کاریگەر بوو، بەڵکو گونجاو ووردیش نەبوو و لە نەخۆشخانەکانیشدا کاری پێنەدەکرا". ئەو بیستۆکەی، کە لاینیک لە کتێبەکەیدا بەناوی (گوێگرتنی ناڕاستەخۆ لە سنگی نەخۆش لە ڕێی بیستۆکەوە) دا باسی کردووە ، تەختەیەکی لوولەکی بووە و تیرەکەی ئینج و نیوێک و درێژێکەشی یەک پێ بووە . سێ هێڵی پان و کونکراوی تیادا بووە و لە یەکێک لە کۆتاییەکانیدا بەشێوەی ڕەحەتی ناوبۆش کراوە. تەواوکردنی دۆزینەوەکەی و دانانی زانستنامەکەشی فرە سەخت بوو. بەناچاری لە بریتانی خانەنشین بوو تا ئاهێکی وەبەردا بێتەوە. کارەکەی دەنگدانەوەی لە پاریسدا هەبوو. لە وولاتانی تریشدا پێشوازیەکی باشی لێکرا. لاینیکیش نەک تەنها وەسفی ئەو شتانەی کردبوو لە ڕێگەی بیستۆکەوە بیستبووی، بەڵکو زاراوەی نوێی وەک ( pectoriloguy aegophony crepitations , rhonchi) داتاشی.

لە چاپی دووەمی کتێبەکەیدا بەدرێژی باسی لە نە خۆشیەکانی سنگ کرد. ئەمەش وایکرد هەمیشە کتێبەکەی جێی بایەخ بێت. زۆر لە خۆبووردووانە دانی بە کاری زانایانی تردا ناوە ، بۆ نموونە وتوویەتی "کارپێکردنی میتۆدە نوێیەکە نابێت وامان لێبکات هەوڵ و کۆششی ئۆنبروگەر لەبیر بکەین". لەساڵی ١٨٢٢دا هێندە متمانەی پێکرا تا پۆستی سەرۆکایەتی بەشی پزیشکی لە زانکۆی فەرەنسادا وەربگرێت، بەڵام ئەرکی ئەم گەورەتر بوو. چارەنووسەکەی وابوو چوار ساڵ دواتر بەنەخۆشی سیل، کە زۆر هەوڵیدا کاری لەسەر بکات، بمرێت.

## پاك و خاوێنی و تەندروستی گشتی

باسمان لە تەندروستی کۆمەڵ و ڕێگری لە نەخۆشی لە ڕێگەی وەسیلە جۆراوجۆرەکانی پاک و خاوێنیەوە لە سەدەی هەژدەیەمدا کرد. لەساڵی ١٧٠٠ دا بێرناردیۆ ڕامازینی (١٦٣٣-١٧١٤) پرۆفیسۆر لە مۆدێناو پادوادا، یەکەمین کتێبی لەسەر کاری نەخۆشیەکان بڵاوکردەوە. کتێبەکە ئەم ناونیشانە درێژدادڕەی هەبوو

(لەبارەی نەخۆشیە داهێنراوەکان، ئەوانەی ناوی تایبەتی شیاویان هەیە). ڕامازینی باسی لە نەخۆشیەکانی سی، کانزاهەڵکەن، وەستاکانی بەردو نەخۆشیەکانی چاوی ئاسنگەر، زەڕەنگەرەکان و سەرئاو پاککەرەوەکان، ژەهراوی بوونی چاپ گەر و گڵکارەکان بە فافۆن و ژەهراوی بوونی ئەو نەشتەرگەرانەی کە لەڕێگەی شێلانەوە چارەسەری نەخۆشی دەکەن، کردووە. هەروەها باسی نەخۆشی مامانەکان، جەستە هەڵگر، مەیفرۆش، پێستە خۆشکەر، جگەرە فرۆش و ڕاوچیانی ماسی و تەنانەت ڕۆشنبیرانیشی کردووە. وای لێهاتووە هەرکەس بێئیش بێت بڵێ خۆشی لەخۆم! کتێبەکەی ڕامازینی یەکێک بووە لە سەرنجڕاکێشترین کتێبەکانی لەبواری پزیشکیدا لەسەردەمی خۆیدا.

لەکۆتای ئەو سەدەیەدا جۆهان پیتەر فرانک (١٧٤٥-١٨٢١) پەرەی بەبەرنامە ناوازەکەی بۆ بە یاسایکردنی تەندروستی گشتیدا. فرانک کوڕێکی هەژاربوو. بەهەوڵ و کۆششی خۆی ناوبانگی دەرکرد. لە پاڤیا و دواتریش لە ڤێنادا بوو بە پرۆفیسۆر. بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری تەندروستی، نەک لە نێو خەڵکدا بەڵکو لەنێو فەرمانڕەواکانیشدا، کۆششی زۆری کرد. وتوویەتی" دەبێت فەرمانرەواکان فێربکرێن گرنگی بە تەندروستی بدەن".

لەکتێبێکی گشتگیری پێنج بەرگیدا بەناوی (سیستەمێکی تۆکمەی سیاسەتی تەندروستی) ڕوانینەکانی خستەڕوو. ئەم سیستەمە تۆکمەیەی پرۆگرامی تەندروستی سەرچاوەی ئاو، ئاوەڕۆ و تەنانەت خۆپاراستنی تەندروستی لەزانکۆکاندا لەخۆدەگرت، بەڵام خەمی گەورەی ئەوەبوو حکومەت بەرپرسیارێتی تەندروستی گشتی لەخۆبگرێت. جۆن دەبێت بە پێشەنگێکی مەزنی یاسادانەری بواری تەندروستی دابنرێت. ووردە ووردە خەڵک گرنگیان بە هەوا گۆڕکێی باش بۆ خانو دامەزراوە گشتیەکان دا. یەکێک لەو یەکەمین کەسایەتیانەی پشتگیری لەمە کرد، بەڕێز ستیڤن هاڵز (١٦٧٧-١٧٦١) بوو. هاڵز قەشەیەکی شارەزای خەڵکی میدڵ سێکس بووە و یەکەم کەسیش بووە لەڕێگەی دانانی لوولە شووشەوە لەناو خوێنبەری ئەسپدا، فشاری خوێنی دۆزیوەتەوەو پێوانەی کردووە. ئەو هەواگۆڕکێ یەی بەپێی کارکردنی ئاشی هەوا داینا، بۆ سەقفی

زیندانیەکەی نیوکەین گونجاو بوو. ئەمەش یەکێک بوولە فراوانترین ئەزموونەکان لەبواری هەواگوڕکێدا، کە بەشێوەیەکی بەرچاو ڕێژەی مردنی بەهۆی نەخۆشی رەشە گرانەتاوە کەم کردەوە. پێویستی هەواگۆڕ کێی پاک بەگشتی دانیپیانرا، زیاتر کاتێک ئەو بەشەی ئۆکسجینی لە لای لاڤۆیسێرەوە پیشان درا. پێش ئەوی باسی کارەکانی بکەین، دەبێت ئاماژە بە دوو کیمیاگەری تر بکەین، کە لەپێناوی چارەسەرکردنی کێشەی هەناسەداندا کۆششیان کردووە.

جۆزیف بلاک (١٧٢٨-١٧٩٩)، قوتابی کەلن و جێگرەوەی لە سەرۆکایەتی بەشی کیمیا لە گلاسکۆدا دواتر لە ئێدنبرەدا، ئەوەی خستەڕوو کاتێک قسڵی مام ناوەندی ئاوی بۆ قسڵی خێرادا دەسووتێنرێت یان کاتێک لەگەڵ ترشدا کارلێک دەکات، بەهۆی دەردانی گازەوە کێشی کەمدەکات. پێشووتر وا دەزانرا ئەو قسڵە کێشی زیاد دەکات و مادەیەکی نامۆ وەردەگرێت بەناوی (فلۆجیستۆن ). بلاک ئەم بیرۆکەیەی بەدرۆخستەوە و هەروەها بۆشی دەرکەوت ئەو گازەی دۆزیبوویەوە بەرهەمی گڕگرتن و ترشان بووە و لەناو هەوای پیسیشدا هەبووە و ناوینا هەوای جێگیر. ڤان هێلمۆنتسیش ناوینا " سیلڤەستری" و ئێمەش پێی دەڵێین "گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن".

جۆزیف پریستلی (١٧٣٣-١٨٠٤) وەزیری بێدەربەست، کە بەدرێژای ژیانی ململانێی لەگەڵ نەخۆشی و هەژاری و بێهیوایی کردووە، هەنگاوی دووەمی نا. جۆزیف لە نزیک لیدز لەدایک بووەو وەک وەزیر لەوێ و دواتر لە وارینتۆن و بێرمینگهامدا خزمەتی کرد. لە کۆتای ژیانیدا کەوتە ناو مشت و مڕی ئاینیەوەو بە لایەنگریکردنی کۆماری خوازەکانی فەرەنسا تۆمەتبار کرا. ماڵەکەی و کڵێسا بچووکەکەی سوتێنران و بەناچاری بەرەو ئەفریقا هەڵهات و هەر لەوێش سەری نایەوە. سەرباری لەمپەری زۆر، برێستلی توانایەکی گەورەی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی لەبواری کیمیادا هەبوو. وتوویەتی" ڕووەکە گەشەکردووەکان توانای گەڕاندنەوەی ئەو هەوایەیان هەیە کە بەهۆی گڕگرتن یان هەناسەدانەوە پیس دەبێت". خۆی ئۆکسجینی ئامادەکردو ناوی لێنا "هەوای داماڵراو لە فلۆجیستۆن". سەرباری ئەمەش بەتەواوەتی کێشەکەی چارەسەرنەکرد چونکە

بەڕوونـی لەدەسـت بیرۆکـەی فلۆجیسـتۆنی ئەفسـانەی قوتـار نەبـوو.

دەی ئەنتـوان لاڤۆسـێر گرنگی و سیفەتەکانی ئۆکسـجینی دۆزیـەوە و سـەلماندی هـەوای مەلمـژراو ئۆکسـجینی تیادایـەو هـەوای دەردراویش دوان ئۆکسـیدی کاربۆن. لاڤۆسـێر کیمیاگەرێکـی مـەزن بـوو. نـەک تەنهـا بیـردۆزی فلۆجسـتۆنی بـە ڕاسـتیە زانسـتیەکان هەڵوەشـاندەوە، بەڵکـو بەرنامـەی بـۆ ڕووناکـی شـەقامەکان دانـاو لەبـواری کشتوکاڵیشـدا چاکسـازی کـردو بەهـای جـۆرە جیاوازەکانـی خۆراکیشـی هەڵسـەنگاند. ڕوانینەکانـی لـە لای شۆڕشـگێڕانەوە قبوڵنەکـرا و خزمەتـە گـەورە زانسـتیەکانی لەبیرکـراو خۆشـی لـە سـێدارە درا!

بەم جۆرە باسـی لاڤۆسـێر، کە هەر لەسـەردەمی پاڕاسیڵسۆسـەوە شۆڕەسـواری مەیدانـی چاکسـازی بـوو لـە زانسـتی کیمیـادا، کۆتـای هـات. هەرچەنـدە پزیشـک نەبوو، لەبـواری تەندروسـتیشـدا نموونـە بـوو. یەکـەم کەسـیش بـوو ئـەوەی خسـتۆتەڕوو گۆڕانـی کیمیـاوی لەکاتـی هەناسـەدانا ڕوودەدات و پیویسـتیشـە لـەو بینایانـەی خەڵکی لێ نیشـتەجێن بۆشـاییەکی هـەوای دیاریکـراو بۆ هـەر تاکێـک دروسـت بکرێت.




وێنەی کۆمەڵێک پزیشکی قۆڵبڕ، ئەوانەی وەک پزیشک خۆیان ناساندووەو درۆیان کردووە.

## مێسمەریزم ( خەواندنی موگناتیسی) ، کەلەسەرناسی ، پزیشکە قۆڵبڕەکان

پێدەچێت لە سەدەی هەژدەیەمدا خەڵک زۆر خۆش باوەڕبووبن. بەراوورد بە ڕابردوو پزیشکە قۆڵبڕەکان و ڕێچەکەکانی باوەڕ، فرە بازاڕیان گەرم بوو. هەندێک لەو میتۆدە نوێیانەی چارەسەر پزیشکەکان خۆیان بازاڕیان بۆ گەرمە کرد.

فرانز ئانتۆن مێسمەر (١٧٣٤-١٨١٥)، لە ڤێنادا زانستی پزیشکی خوێند. هەروەک باسمان کرد، چارەسەری نەخۆشی دەردەباریکە لەڕێگەی دەست لێدانی شاهانەوە لەسەدەی حەڤدەیەمدا زۆر باو بوو. ڤالانتین گریاترەیکیس ئیرلەندی بڕیاریدا مۆڵەتی شاهانە بۆ خۆی وەربگرێت و ناوبانگێکی گەورەی پەیدا کرد، کاتێک لەڕێگەی دەست لێدانەوە جنۆکەو نەخۆشی لە لاشە دەردەکرد. جا لەو کاتەدا مێسمێر بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە لەڕێگەی دەست لێدانەوە توانای چارەسەرکردنی نەخۆشی هەبێت. پێدەچێت بەهۆی ئەم وەسیلەیەوە کاری بە خەواندنی موگناتیسی کردبێت و سەلماندبێتی نهێنی سەرکەوتنەکەشی بەهۆی بە موگناتیس بوونی گیاندارانەوە بووبێت. بۆ ئەوەی ئەم خەواندنی موگناتیسیە بە بێ کەموکورتی ئەنجام بدات، مێسمەر هەوڵی دا بیرۆکەکانی لەسەر بنەمای زانستیانە دابڕێژێت. جێی خۆیەتی بە یەکێک لە یەکەمین دامەزرێنەرەکانی قوتابخانەی چارەسەری دەروونی دابنرێت. جا چارەسەرەکەی لەسەر بنەمای کارپێکردنی موگناتیس بوو تا بۆی دەرکەوت دەکرێت هەمان ئەنجامی لەڕێگەی بەکارهێنانی دەستەکانیەوە بەدەست بهێنێت. ناوبانگێکی زۆری پەیدا کرد بەتایبەتی لە پاریسدا، کە لەوێ زۆرکەسی ناودار ڕاوێژیان پێدەکرد. مێسمەری دواکەوتەی خۆی هەبوو. هەندێکیان لەبواری پزیشکیدا شارەزانەبوون و بگرە بێویژدانیش بوون. جەیمز گراهامی ئێدنبرە پەرستگەیەکی خەواندنی موگناتیسی لە پۆڵ مۆڵدا لە لەندەن لە ساڵی ١٧٨٠ دا بنیاتنا. ئەمەش خانوویەک بوو پێویستیەکانی ناوی بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێشانە تیادا دانرابوو. ئاوێنەی گەورە، تۆپی شوشە، گڕی هەناسەی ئەژدیها و ئامێری کارەبای تیادا بوو.

جا لەو کاتەدا بەرهەمە زانستیەکەی گالڤانی و ڤۆڵت سەرنجی خەڵکیان ڕاکێشا و گراهامی قۆڵبڕیش توانی خێرا ئەم دەرفەتە بۆ خزمەتکردنی مەرامەکانی خۆی بقۆزێتەوە. لە پەرستگادا خەریکی وانەبێژی بوو، بە یاریدەدەری ئیمالیۆن ، کە دواتر بوو بە خانم هامیلتۆن و هاوڕێی لۆرد نیلسۆن. بۆ هەر وانەیەک دوو بیسەری بە ڕووەکی گینیا دەهەنووی و بەڕێژەیەکی دیاریکراویش کرێی ڕاوێژکاریشی هەبوو. هەرچەندە سەروەت و سامانێکی پێکەوەنا، هەر زوو لەدەستیداو دەیش ووترێت شێت بووەو بەهەژاریش سەری ناوەتەوە! لەئەمریکادا ئێلیشا پێرکێنز لە کەنێکتیکەت بە توولە کانزاییەکەی خەڵکی فریوەدەدا، کە جووتی بە نزیکەی دوو پاوندێک دەفرۆشت. دەووترێت کاتێکیش بۆ پێست بەکاردەهێنرا بەجوڵەیەکی کاریگەر هەموو نەخۆشیەکی چارەسەر کردووە! جۆشوا وارد، پزیشکێکی تری قۆڵبڕی بە ڕەگەز ئیتاڵی بوو، کە "بەوارده خاڵە" ناسراو بوو بەهۆی ئەوەی هەر لە دایک بوونیەوە خاڵ بەڕوویەوە بووە. قەترەو حەبەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو بازاڕیان هەبووە و داواشی لێکراوە ڕەچەتە بۆ پاشا بنوسێ. بەو بۆنەیەوە ڕێی پێدراوە بە گالیسکە لەناو پارکی سانت جەیمزدا هات و چۆ بکات.

Of late , without the least presence to skill ,

Wards grown a famed physician by a pill

پێدەچێت بەدناوترینی ئەو پزیشکە قۆڵبڕانە، کرۆزی سالی ماپ بووبێت، ئەو ئێسکگرەوەیەی لەشارۆچکەی ئیپاسیۆم پارەی پێدرا تا لەوێ نیشتە جێ ببێت. لەوێ بەگالیسکەیەکی گەورە و جوانەوە حەفتەی دووجار بەیاوەری چوار کەس بەجۆش خرۆشەوە دەهاتنە لەندەن تا لە خانەی گرێسیان کۆخی خەریکی ڕاوێژکاری بن. بۆماوەیەک مەرامە گڵاوەکەی سەری گرت، هەتا وورده وورده خەڵک لێی دوور کەوتنەوە و کەس نەیزانی چی بەسەرهات.

شڤالیەر تایلەر یەکێکی تر بوو لەو پزیشکەی قۆڵبڕانەی میتۆدی تایبەت بە خۆی هەبوو. بەدەوروبەری شاردا دەگەڕاو وانەی لە بارەی چاوەوە دەووتەوە و وەک پزیشکی تایبەتی شاهانەش بواری چاو کاری دەکرد. زۆر کەسی فریو داوەو

تەنها دکتۆر جۆنسن نەبێت، کەوەها باسی کردووە " هەتا بلێی کەرە ". ویلیام هۆگارثی نیگارکێشی بەناوبانگی ئینگلیز، لە کارتۆنە بەناوبانگەکەیدا بەناونیشانی ( کاری کۆمپانیا شەریفەکەی قەبرنێژان) هەریەکە لە کافایلەر تایلەر، سپۆت وارد و خانمە ماپی وێنا کردووە. ویلیام ڕیدی بەرگردوو خۆی خوێنەواری نەبوو، دەی پزیشکی چاوی شاژنە ئان بوو! هێندە بەباشی چارەسەری نەخۆشیەکانی چاوی ئەم شاژنەی دەکرد، یاریدەدەرەکەی نازناوی شۆڕەسواری پێبەخشی. لەنێو پێرستێکی تەواو جیاوازی ئەو پیشەوەرە سەیرو قۆڵبڕانەدا ناوی فرانز جۆزیف گاڵمان (١٧٥٨-١٨٢٨) بەرچاو دەکەوێت. گاڵ دامەزرێنەری زانستە درۆی کەلەسەرناسی و قوتابی ڤان سوەیتین بووە لە ڤیێنادا. وتوویەتی "هەندێک شوێنی دیاریکراوی مێشک سیفەتە جۆراو جۆرەکانی مێشک دیاری دەکەن و ئەو ناوچانەشی لەسەر ڕووی کاسەی سەردان گرنگی خۆیان هەیە".

بەگوێرەی تیۆریەکەی ئەو، دەکرێت لەڕێگەی پشکنین یان لێدانی سەرەوە لەبارەی خەسڵەتە عەقڵی و ئەخلاقیەکانی ترەوە دڵنیا بین. ئەوەی جێی داخە زانستی کەلەسەرناسی لەبنەڕەتدا بابەتێک بوو بەڕاستی شایستەی توێژینەوە بوو. بەهۆی ئەوەی پزیشکە قۆڵبڕەکانەوە دەستیان تێوەردا، وەلا ڕێدا برا. گاڵ لەگەڵ جۆهان سپورژێمی بەناو ئەوروپادا گەشتی کردووە. سپورژێمیش دواتر ڕووی لە ئەمریکا کرد.

هەرچەندە گاڵ فریودەرنەبوو، زانستە نوێیەکەی بوو بە مژاری گشتی. لەساڵی ١٨٢٣دا ووتارێک لەبارەی زانستی کەلەسەرناسی لە کۆمەڵگەی شاهانەی پزیشکی ئێدنبرەدا خوێنرایەوە و هێندە مشت و مڕی بەدواداهات تا کاتژمێر چواری بەیانی خایاند. ووتارەکەش ئاندرو کۆمبی (١٧٩٧-١٨٤٧) پزیشکی پێشەنگی ئێدنبرە نووسیبووی. کۆمب لە گەڵ جۆرج برای، کە داد نووس بوو، زۆر کۆششیان کرد تا ئاستی ووشیاری جەماوەر لەبواری تەندروستی و پسپۆڕی کەلەسەرناسیدا بەرزبکەنەوە. لەو کاتەوە زۆر هەوڵدرا لەنێو زانستە باوەڕپێکراوەکاندا کەلەسەرناسی پێگەی بۆ دابنرێت و پەیوەندی نزیکی نێوان قەبارەو شێوەی سەرو سیفەتەکانی مێشک و ئارەزووەکانی تاک، بسەلمێنرێت.

ناتوانیـن بڵێیـن کەلەسەرناسـی بابەتـی خـوازراوی گاڵ و سـپورزهیم بـوو، دەی لەگەڵ ئەوەشـدا پێدەچێت ئـەم زانستە ئەمڕۆ بەلای ئێمـەوە جێی گاڵتەبێت. دەبێت متمانـە بـە دامەزرێنەرەکانـی ئـەم زانسـتەوە بکرێـت، کـە بـەلای کەمـەوە خاوەنـی بیروبـاوەڕی ڕەسـەنی خۆیـان بـوون و یەکەمیـن کەسـانێک بـوون گرنگیـان بـە شـوێنی فرمانەکانـی مێشـک دا، هەرچەنـدە سـەردەمێکی زۆر تێپـەڕی پێش ئـەوەی ئـەم پسـپۆڕیە بناغەیەکـی زانسـتی و عەقڵانـی بـۆ دابنرێـت.

# بەشی چواردەیەم

## پێشکەوتنی زانستی پزیشکی لەسەدەی نۆزدەیەمدا

پێدەچێت تا هەنگاو بەرەو سەردەمی نوێ بنێین، مێژووی زانستی پزیشکی ئالۆزترو دژبەیەکتر بێت. بۆئەوەی لەو زانیاریە بەڕاست زانراوانە دڵنیا بین، هەر ئەوەندە بەسە لەنێو ئەو هەموو زانیاریە تێکەڵ و زۆرو زەوەندەدا بژاردە بکەین، کە دەشێت هەر کتێب یان بەرهەمێک زیاتر لە بەرگێک بێت.

مەیلێک پەیدا بووە تا لەم دوایانەدا گرنگی بە مێژووی نوێی زانستی پزیشکی بدرێت. فیلدین گاریسۆن نیوەی کتێبە مێژوویەکەی بەناوی (پێشەکیەک لەبارەی مێژووی زانستی پزیشیکەوە) بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردووە. ئارتورۆ کاستیلۆتیش سێیەکی کتێبەکەی بەناوی (مێژووی زانستی پزیشکی ) بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردووە. مێژووی نوێی زانستی پزیشکی خۆی لە زانستی کارپێکرا و ئەو ئەدەبیاتەی ئاوێزانی دەبێت، دەبینێتەوە. دەی هۆکارێکی تریش هەیە وادەکات نووسین لەبارەی مێژووی نوێی پزیشکیدا ئاسان نەبێت، بۆ نموونە ناکرێت بەردەوام بەراووردی دۆخی تەندروستی و نەشتەرگەری ئەمڕۆ لەگەڵ پەنجا یان

سەد ساڵێک لەمەوبەر بکەین.

مێژووی سەردەمە زۆر کۆنەکان ئەو بەراووردەی پێویست نیە و ڕاستیەکان بەتەواوی لێکۆڵینەوەیان تیاداکراوە، کە لەبەر ڕۆشنای ئەمڕۆماندا بەهاو شوێنی خۆیان پێدراوە و یەکلاکراونەتەوە. بەو جۆرە لەباتی هەوڵدان بۆ هەڵسەنگاندنی دۆزینەوەکانی ئەمدوایانە و ڕاستیەکان وەک ئەوەی هەن بخرێنە بەرچاو، کارێکی ژیرانەیە لەم قۆناغەدا زانیاریەکان کۆبکەینەوە نەک شیکاریان بۆ بکەین تا ڕاستیە دیارەکان کورت و کرمانجی بخرێنە بەرچاو و ڕەخنەکانیش بۆ نەوەکانی داهاتوو جێبهێڵین. ئەم هێڵکاریەی مێژووی زانستی پزیشکی بەپێی پێویست لەڕێگەی تەماشاکردنی هەندێک لەپێشکەوتنە گەورەکانی زانستی پزیشکی لە سەدەی نۆزدەداو ژیانی هەندێک پزیشکی ناوداری ئەو سەدەیە، شوێنی خۆی دەگرێت.

## بەڕێز چارڵس بێڵ و بەرهەمەکانی

بەڕێز چارڵز بێڵ (١٧٧٤-١٨٤٢) یەکێکە لەناوە دیارەکان لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا. بێڵ مەزنترین دۆزەرەوەی بواری پزیشکی دوای هارڤی بووەو ناوی دەبێت لەگەڵ ئەوانەدا بێت، کە ڕۆڵیان لە پێشکەوتنی زانست و کەم کردنەوەی ئازاری مرۆڤدا هەبووە. ویلیام بێڵی باوکی بەڕێزیان کە قەشەیەکی ئیسکۆپیادیس بووە داهاتی ساڵانەی بیست و پێنج پاوەند بووە، سەرباری ئەمەش هەرسێ کوڕەکەی جوان پەروەردە کردووە و هەموویان بوون بە کەسانی ناودار. جۆن بوو بە نەشتەرگەر، ڕۆبەرت بوو بە داد نووس و پرۆفیسۆری گواستنەوە و جۆرج جۆسیفیش بوو بە پرۆفیسۆری یاسای سکۆتلەندی و نووسەری کتێبی مەنهەجی بەناوبانگ. چارڵسی کوڕە بچووک تەمەنی تەنها پێنج ساڵ بوو، کاتێک باوکی مرد و باری دارای زۆر خراپ بوو. وتوویەتی " هەر لای براکانم لەڕێگەی لاسای کردنەوەوە شتم وەرگرت و فێری خوێنەواری بووم. دایکم تاکە مامۆستام بوو". بێڵ هێشتا مندالّ بوو، لە بواری تویکاریدا یارمەتی جۆنی برای دەدا. ژیرانە توانستە گەورەکەی بەکارهێناو ئەمەش بەڕادەیەکی زۆر کاریگەری لەسەر سەرکەوتنی هەبوو لەکارەکانی دواتریدا. خۆی ئەم پێکەوە کارکردنە نەبووە

مایەی دڵخۆشی، کاتێک جۆنی برای بەقووڵی کەوتە مشت و مڕی پزیشکیەوە. ئەو ستەمەی بەرامبەر ئەو کرا بەرامبەر چاڕلزیش کرا، کە لەوەها بارودۆخێکدا هەلی سەرکەوتنی کەمبوویەوە. جالەبەرئەوە لەساڵی ١٨٠٤ دا بڕیاریدا بچێتە لەندەن و دەست نووسی یەکەم کتێبی گەورەی بەناوی (لەبارەی توێکاری دەم و چاو) لەگەڵ خۆی بۆ ئەوێ ببات. دیارە ئەم کتێبەی بۆ وێنەکێشەکان نووسی، کە لەساڵی ١٨٠٦ دا بڵاوکرایەوە و ئەمیش هەر زوو ناوبانگی دەرکرد، هەرچەندە ئەمە نەبووە مایەی دەستەبەرکردنی کورسی توێکارزانی لە ئەکادیمیای شاهانە. هەروەک زۆرێکی تر لەوانەی پێش خۆی، هەوڵێکی زۆری دا تا لەلەندەندا سەرکەوتووبێت. لەساڵی ١٨٠٧ دا لە لیستەر سکویتەردا کەلاوەیەکی دەست کەوت و لەوێ لە بواری توێکاری قاڵ بوو و وانەی دەووتەوە. بەو نامانەی لەو ڕۆژگارە سەرەتاییانەدا بۆ جۆرجی برای و پرۆفیسۆری پاپار لە ئێدنبرەدا ناردووە، دەردەکەوێت زۆر متمانەی بەسەرکەوتنی خۆی هەبووە و زۆریش هۆگری ئەو برایەی بووە.

دوای چەند ساڵێکی کەم چاڕلس بێڵ لەگەڵ ماریۆن شۆی خوشکە بچووکی خێزانی جۆرج، ژیانی هاوسەری پێکهێناو پێداچوونەوەی بە نامەکانی چاڕلس بێڵ کرد، کە شەیدایانە باسی ژیانی دەکرد. لەساڵی ١٨١٢ دا لە بەشی توێکاری زانکۆی ونیرمڵ ستریتدا وەرگیرا، کە هەنتەر وایکرد ئەم زانکۆیە ناوبانگی دەربکات و وەک زانکۆیەکی تایبەت تا کاتی داخرانی لەساڵی ١٨٢٦ دا بمێنێتەوە. لەوێ بێڵ کاری توێکاری دەکرد و وانەی دەووتەوە و لێکۆڵینەوەی لە فرمانەکانی دەمار دەکردەوە. کتێبە گەورەکەی هێشتا ناوبانگی خۆی هەیە. سەردانی نەخۆشخانەی هاسلاری کرد تا بریندارانی کۆڕونا ببینێت و یارمەتیان بدات. لەساڵی ١٨٧٥ دا جەنگی واتەرلۆ بووبە مەیدانێکی باش تا برینداران چارەسەر بکات. بێ هیچ دوودڵەیەک بڕۆکسلێ بەچێ هێشت، کە لەوێ دیمەنەکانی نەهامەتی مرۆڤ کاریگەری قووڵیان لەسەر ناخی دروست کرد. بۆماوەی هەفتەیەک ڕۆژانە ئەوەندە نەشتەرگەری دەکرد تا جلەکانی لە خوێندا دەقیان دەگرت و نەیدەتوانی بە دەستەکانی چەقۆ هەڵگرێت. خۆی لەسەرەتادا لەبەر وەها کارێک زۆر ڕێزی لێگرا. لە یاداشتەکانیدا وەها باسی مەیدانی جەنگی واتەرلۆی کردووە "بێدەنگی

باڵی کێشابوو بەسەر مەیدانەکەدا، جگە لە چەند پیرە پیاوێکی داماو گولە تۆپیان کۆدەکردەوە کەسم نەبینی. هەروەها لە هەموو لایەکەوە شەڕ هەبوو. ئاسەواری ئەسپ و سمم بینی. کاغەز، کڵاوی سەربازی و زینی ئەسپ ... هتد هەموو مەیدانەکەی داپۆشیبوو".

هەر لەساڵی ١٨٥١ دا لە نەخۆشخانەی میدڵ سێکس کرایە نەشتەرگەر، کە ناوبانگی زۆری پەیدا کرد. لەوکاتەدا ژیانی هاوسەری پێکهێناو لە سۆهۆ سکوێیەر ٣٤ دا دەژیا، بەڵام هێندە لەزانستدا قاڵ بوو نەیتوانی لە بوارەکانی تردا کاربکات. پێدەچێت زۆر پێویستی بە پارە بووبێت. کۆلێژی شاهانەی نەشتەرگەرانی ئێدنبرە بۆ مۆزەخانەکەی، کەئێستا بە موڵکی ئەوان دادەنرێت، بڕی سێ هەزار پاوەندیان پێدا. لە نێو کەل و پەلە سەرنجڕاکێشەکانی ناو مۆزەخانەکەدا، وێنەی بریندارانی تۆپی جەنگی واتەرلۆ هەن، کە دواتر کێشاونی. لەساڵی ١٨٢٤ دا لە لایەن زانکۆی شاهانەی نەشتەرگەرانی بەریتانیاوە کرا بە پرۆفیسۆری توێکارزانی و نەشتەرگەری. لەوێ بە تاسەوە وانەکانی ئامادە دەکرد و پێش کەشی دەکردن، بەجۆرێک جۆش و خرۆشێکی زۆریان دروست کرد.


توێژینەوەکانی لەسەر دەمار بووە هەوێنی دۆزینەوە گەورەکەی . ووتی "دوو جۆری دەمار هەیە، هەستەوەر و ووروژێنەر. هەریەکەیان یارمەتیدەری ڕاپەڕاندنی فرمانەکانی خۆیەتی". لەساڵی ١٨٠٧ دا لە ڕێگەی نووسینەوە نوێترین بیرۆکەکانی لەسەر توێکاری مێشک بۆ جۆرجی برای خستەڕوو. لەساڵی ١٨١٠ دا باسی چۆنیەتی کردنەوەی بڕبڕەی پشتی گیاندارانی کردو ووتی "دەزووەکانی دواوەوەی دەماری سمیرەم کردەوە و بۆم دەرکەوت هیچ جووڵەیەکی تیا نەبوو. پاشان دەستم لە دەزووەکانی پێشەوە دا دەمودەست بەشەکانی گرژبوون". بەم جۆرە فرمانی دەماری بڕبڕەی دۆزرایەوە. چارڵس بێڵ حەزی لە ئەزموون کردن لەسەر گیانداران نەبوو، بەڵام ئەم بابەتەی بۆ ماجێندی بەجێهێشت تا ئەنجامەکانی پشتڕاست بکاتەوە. جا هەندێک ئەزموونی تریشی ئەنجامداو ووروژێنەری چینکەی توتیاو چنگاڵی زیوینی بەکارهێنا.

لەساڵی ١٨١٤ دا وەها بۆ جۆرجی برای نووسیووە " ئێستا دەزانی ئەوەی دەمەوێت بیسەلمێنم ئەوەیە دووجار دەمار هەیە". دەی ئەمەی سەلماندو زۆر ڕاستی تریشی لەبارەی دەمارەوە دۆزیەوە. جا هەموو قوتابیەک کاتێک توێکاری دەماری هەناسەی سینەیی و دەرەکی بێڵ دەکات، کە سەرچاوەی ماسولکەی ئەڕەییە زلەیە، ئەو ماسولکەیەی لەکاتی هەناسە هەڵکێشانا پەراسووەکان بەرزدەکاتەوە یان کاتێک حاڵەتێکی " ئیفلیجی بێڵ" دێتە بەردەمی، ئەم ڕاستیەی بۆ دەرەکەوێت. ئەمەش کاریگەریەکی دیاری کارکردن بوو لە سەر نەشتەگەری. بێڵ سەلماندیشی دابەش بوونی دەماری دەم و چاو، ئازاری دەمار چارەسەر ناکات. هەموو ئەو دۆزینەوانە پێکەوە، لەگەڵ کۆمەڵێک زانیاری ووردی چل حاڵەتی کلینیکی و وێنەی جوان، لە کتێبێکدا بەناوی (کۆئەندامی دەماری جەستەی مرۆڤ)دا خستەڕوو. ئەمەش بە کتێبێکی پزیشکی کلاسیکی دادەنرێت و یەکەمین کتێبی مەنهەجیە لەسەر پسپۆڕی دەمار لە سەردەمی نوێدا نووسرابێت. لەساڵی ١٨٣٠ دا چاپکرا و دواتر بێڵ نازناوی سوارچاکی پێبەخشرا. هەرپێش ئەو سەردەمەش دان بە گەورەی ئەودا نرا بەتایبەتی لە ئەورووپادا، کە لەو کیشوەرەدا لە هارڤیش بە مەزنتر دادەنرا. کاتێک بێڵ سەردانی پاریسی کرد پرۆفیسۆر پیەر ڕووی، پزیشکی ناوداری فەڕەنسی پۆلی وانە ووتنەوەکەی بەجێهێشت و وەهای گووت " بەڕێزان هەر بینینی چارڵس بێڵ هەموو شتێکە".

لەساڵی ١٨٣٥ دا بەشی نەشتەرگەری لە ئێدنبرەدا پرۆفیسۆری نەما. بەڕێز چارڵس بێڵ لە لەندەن کرا بە پرۆفیسۆر و ئەویش قبوڵی کرد چونکە لەوبڕوایەدا بوو ئەو شارە شوێنێکی خۆش بێت بۆ ژیان، بەڵام بۆ ئەوە نەشێت تیایا بمرێت. دەی لە جێ هەڵکەنرانەکەی لە تەمەنی شەست و دووساڵیدا هێندە سەخت بوو تووشی شکستی کرد. خۆی زۆر جار لە ئێدنبرەدا باریکرد، وەک بڵێی لەشاری مردووان دەگەڕێ. جا بوو بە پرۆفیسۆری بەشی نەشتەرگەری و کتێبێکی لەسەر نەشتەرگەری بڵاوکردەوە. پێداچوونەوەی بە کتێبەکەی پێشووی لەسەر کۆئەندامی دەمار و زانستنامەکەی بریج وتەر بەناوی (دەست، میکانیزم و بەهرە پێویستیەکەی وەک خەڵاتێکی خوایی) کرد. دیارە ئەم زانستنامەیە دەنگدانەوەی گەورەی هەبوو و گەلێک پێداچوونەوەی بۆ

کرا. لە نێو خانەدانەکانی سکۆتلەندادا هەر زۆر کاری کرد. بەمەش دەسەڵاتی زیادیکرد و پاڵپشتیشی کرا تا دوای خولیای خۆی بکەوێت، کە ڕاوە ماسی بوو. خولیایەکی تری وێنەکێشان بوو، کە هەر لەمنداڵیەوە لەناخیدا بوو. لەساڵی ١٨٤٠ دا دوومانگ لە ئیتاڵیادا مایەوەو خەریکی وێنەکێشان و لێکۆڵینەوەی هونەر بوو. تەندروستی تێک چوو. دوو ساڵ دواتر کاتێک سەردانی هاوڕێیەکی لەهاڵەو نزیکی ۆرسێستەر کرد، کۆچی دوای کرد.

بێڵ لەساڵی ١٨٠٤ دا ئێدنبرەی بەجێهێشت. جۆنی برای بەردەوام خەریکی نەشتەرگەری بوو، بەڵام لە توێکارزانیدا هەر جۆن بارکلەر(١٧٥٨-١٨٢٦) مامۆستای پێشەنگ بوو. بارکلەی، کە پەروەردەی کڵێسا بوو، لەتەمەنی سی و هەشت ساڵیدا خۆبەخۆ دوای یارمەتیدانی جۆن بێڵ بۆ ماوەیەک، دەستی بە ووتنەوەی وانەی توێکاری کرد. یەکەم توێکارزان بوو نەک هەر لە بواری پزیشکی توێکاریدا کاری کرد، بەڵکو ڕۆڵیشی لە پێشخستنی توێکاری بەراووردکاریدا هەبوو. ئەلیکساندەر مۆنرۆ هیچ دژایەتیەکی وەها مامۆستایەکی بەتوانای نەکرد. بارکلیش ناچار بوو ڕۆژی دووجار وانەبڵێتەوە تا بەو هەموو قوتابیە زۆرەی ڕابگات. جا هەندێک جار مەبەستی ئەوە بوو، دوای دەرکردنی بێڵ بەردەوام بەوانە ووتنەوە کۆرسەکان پڕبکاتەوە.


Great Windmill Street.

I Certify that Mr Andrew Dunlop
hath attended my Lectures on Surgery during
two Course with great Diligence.
Charles Bell
London Soho Square
July 1825

ئەو بڕوانامەیەی چارڵز بێڵی پزیشک و فەیلەسووفی سکۆتلەندی دەیبەخشی




ئەو بیستۆکە پزیشکیەی ڕێنێ لاینێکی پزیشک و مۆسیقار دروستی کردووە.

## کارەساتی ڕۆبەرت نۆکس

لەساڵی ١٨٢٦ دا ڕۆبەرت نۆکس (١٧٩١-١٨٦٢) جێی بارکلەی گرتەوە، کە بەدیارترین توێکارزانی ئێدنبرە دادەنرا. نۆکس گوتاربێژێکی بەهرەمەندو مامۆستایەکی ئیلهام بەخشیش بوو. بە چەند ساڵێکی کەم پێنج سەد قوتابی بەمەبەستی خوێندن ڕوویان تێکرد. ئەمانەش هەر قوتابی بەشی پزیشکی نەبوون، بەڵکو خانەدان و پارێزەرو هونەرمەندان و نووسەرانیش بوون. بۆ ماوەی پێنج ساڵ وەک نەشتەرگەری سەربازی کاریکرد. لەجەنگی واتەرلۆدا خەریکی تیمارکردنی برینداران بوو و سێ ساڵیش لە باشووری ئەفریقیا ژیا. لەوێ لەشاری کەیپی پایتەخت هەر زۆر سوودی لە لێکۆڵینەوەی مرۆڤناسی و مێژووی سروشت بینی. ئەو گۆڤارانەی لەبارەی لێکۆڵینەوەکانی بوو، گەلێک ڕێکخراوی ڕۆشنبیری لە ئێدنبرەدا کەڵکیان لێوەردەگرتن. ئەمەش وایکرد پۆستی بەڕێوەبەری مۆزەخانەی زانکۆی شاهانەی نەشتەرگەران وەربگرێت. پێشووتر

نۆکس ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە زامنکردنی کۆبەرهەمەکانی بەڕێز چارڵس بێڵ بۆ ئەم مۆزەخانەیە.

کاتێک نۆکس وەک مامۆستای توێکاریزانی ناوبانگی گەشتە ترۆپک، پیشەکەی بەهۆی کاری بکوژانی بورکی و هیپەرەوە تووشی شکستی گەورە بوو. هەر لەسەرەتای سەدەی هەژدەیەمەوە ڕێگری دەکرا جەستەی مرۆڤ توێکاری بکرێت و داخوازی زۆری بابەتەکانیش، بەتایبەتی لە ئێدنبرەدا، بووە ڕێخۆشکەر بۆ کارە ئابڕووبەرەکانی "مردوو دزەکان"، کە لەناو گۆڕەکاندا نەک تەنها لە ئێدنبرەو چواردەوریدا بەڵکو لە گلاسکۆ و کێلگە دوورەکانی دوبلن و لەندەنیشدا جەستەی مردووە تازە نێژراوەکانیان دەدزی تا بە توێکاریزانەکانی بفرۆشن. لەساڵی ١٨٢٩ دا لە ماڵی ویلیام هێیەردا لە بەندەری ڕۆژئاوای ئێدنبرەدا پیرە پیاوێکی کرێچی گیانی لەدەستدا، کە توانای پێدانی کرێ خانووی نەبوو. هێیەر بەیارمەتی تۆماس بورکی، کە کرێچیەکی تری بوو و وەک خۆشی ئیرلەندی بوو، لەڕێگەی فرۆشتنی جەستەکە بە دکتۆر نۆکس بە حەوت پاوەندو دە سەنت، بیرۆکەی بواردنی لەقەرزەکەی هاتە مێشک. جا ئەم بەزمەیان سەریگرت. داوتر ئەم دوو چەتەیە چەند کەسێکیان کشتوبڕ کرد، بە فێڵ قوربانیەکانیان هێنایە ناو خانووەکەوە و خواردنەوەیان دەرخوارد دان و خنکاندیانیان تا ئاسەواری توندوتیژی لە جەستەیان دەرنەکەوێت. سی و دوو کەسیان بەو دەردە برد و جەستەکانیان بەمەبەستی توێکاری فرۆشتن. پێش ئەوەی ئەم پەندەرانە دادگای بکرێن و هەر کە دواین جەستە لە ژوورەکەی دکتۆر نۆکسدا دۆزرایەوە، دژایەتیەکی زۆری کرا. جا لۆرد کۆک بەرن لە کتێبەکەیدا بەناوی (یاداشتەکانی ژیانم) دا دەڵێت " گومانی تیانیە توێکارزانەکانمان ڕاست بوون و دکتۆر نۆکسیش لە هەموویان ڕاست گۆتر بوو".

لەو بارودۆخە ناهەموارەدا و سەرباری ترس و شڵەژانێکی زۆر، دکتۆر نۆکس بوێری و ئازایەتی خۆی نواند. دواجار بێدەنگی شکاند و ژیرانە وەڵامی شکاتکارەکانی دایەوە و لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی ئەو دەستەیەی هاوڕێکانی پێکیان هێنابوو بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی بێلایەنانە لە مەسەلەکە،

پشتگیری کارەکانی خۆی کرد و دۆخەکەی هێورکردەوەو لە پیشەکەشی وەک مامۆستای توێکارزانی بەردەوام بوو.

توێژینەوەی لەسەر نەهەنگ بۆ کۆمەڵگەی شاهانە ئامادەکرد. ئەمەش لەو کاتەدا بەلای توێکارزانەکانەوە جێی بایەخ بوو. هەر لەو کاتەدا جۆن گودسێر(١٨١٤-١٨٦٩) دوای مۆنرۆ وەک پرۆفیسۆری توێکارزانی هات و شکۆشی بۆ بەشەکە گەڕاندەوە، کە مامۆستاکەی پێش خۆی زۆر نەنگانە کاری تیادا کرد. هۆکارە هەرچیەک بوو بێت، ووردە ووردە نۆکس پێگە و پایەی خۆی لەدەستدا و دواجار لە دۆخێکی تەمومژاویدا لە لەندەن گیانی لەدەستدا. لەگەڵ ئەوەشدا جێی داخ و ناحەقیە ناوی ڕۆبەرت نۆکس لەگەڵ ناوی پیاوکوژانی وەک هێیەر و بورکی بهێنین چونکە ئەو توێکارزانێکی بەناوبانگ و مامۆستایەکی مەزنیش بوو.

## توێکارزانی لای هێنلێ و هێڕتلێ

پێشووتر باسمان لە زیادبوونی وانەکانی توێکارزانی لە ئەمەریکا لەسەر دەستی پێشەنگانی وەک ڕەش، مۆرگان و شیپێن کرد. لەهەمان کاتدا لەئەوروپادا کۆمەڵێک توێکارزانی مەزن هاتنە مەیدانەکەوە.

جاکۆب هێنلێ (١٨٠٩-١٨٨٥)، کە بەهۆی دۆزینەوەکانی لەبواری ووردبینی توێکاریدا ناوبانگێکی گەورەی لە مێژووی پزیشکیدا هەیە، هەنگا و بە هەنگاو لە زیورخ و گۆتینگێندا نازناوی پرۆفیسۆری وەرگرت. وەک قوتابیەک لەبەرلیندا لە ژێر کاریگەری جۆهانسن مۆلەردابوو، کە خۆی بە قەرزاری پاڵپشتیەکانی دەزانی. بیچات بەردی بناغەی شانەزانی دانا. هێلنیش کاری لەسەر تەواوکردنی تەلارەکەی کرد. لێکچواندنەکە گونجاوە، هەروەک هێنلێ لە کتێبە ناوازەکەیدا بەناوی (توێکاری سیستەماتیکی) لەڕونگەی تەلارسازیەوە لە جەستەی مرۆڤی ڕوانی. وێنە جوانەکانیشی هەرکاری خوی بوون چونکە ئەو نیگارکێشێکی دەست ڕەنگینیش بوو. لە هەر سێ بەرگی کتێبەکەیدا، باسی ئەندامە بینرا و نەبینراوەکانی هەموو جەستەی کردووە. هێنلێ بۆریچکەکانی گورچیلەی دۆزیەوە و یەکەمین جار وەسفی ڕووکەشە خانە و هێڵەکانی ڕووی جەستە و

چینی ماسولکەیی خوێنبەرەکان و توێکاری ووردیلەی چاو و گەلێک پێکهاتەی مێشکی کرد. دەی زۆر بایەخی بە شانەزانی نەدا. لە کتێبەکەیدا لەسەر هاڵاو و درم ڕوانینی خۆی خستە ڕوو، بەوەی نەخۆشیە درمیەکان بەهۆی زیندەکانەوە سەرهەڵدەدەن. بەم جۆرەش نقوڵانەی پەیدابوونی زانستی بەکتریاناسی لێدا. سەرباری ئەم هەموو چالاکیە زانستیانە، خەریکی کەمان ژەندنیش دەبوو چونکە مۆسیقارێکی لێهاتووش بوو. لەساڵانی دواتریشدا بووبە کەمانژەن.

کارسیۆن هێنڵ بە یەکێک لە مەزنترین توێکارزانەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دادەنرێت، کە دۆزینەوەکانی لەبواری شانەزانیدا هاوشانی دۆزینەوە توێکاریەکانی ڤێسالیۆسە.

جۆزیف هێرتڵ (١٨١٠-١٨٩٤) توێکارزانێکی تری ناودار بوو، کە زیاتر خەریکی وانە ووتنەوە بوو وەک لە توێژینەوە. هێرتڵ کوڕی مۆسیقارێکی هەنگاری بوو، کە بۆ ماوەی سی ساڵ یەکەم سەرۆکی بەشی توێکارزانی بوو لە ڤێنادا. مامۆستایەکی لە دڵا خۆشەویست و سەرنجڕاکێش بووەو سەرنجی قوتابیانی لە هەموو بەشەکانی ڕاکێشاوە، لە کاتێکا لەسەر ڕێبازە دیارەکانی توێکارزانی ڕۆشتووە. بە زانیاریە هەمەچەشنەکانی سەرنجی گوێگرانی ڕاکێشاوە چونکە توێژەرێکی فرە خوێنەوار بووە. بەهۆی دۆستایەتی و بەخشندەییەکەی، لای چەندین نەوەی خۆشەویست بووە. هەرچەندە کتێبەکەی وێنەی ڕوون کەرەوەی تیا نەبووە و زۆر بە ڕوونی و سادە نووسراوە، لەماوەی چل ساڵدا بیست جار پێداچوونەوەی بۆ کرا. هێرتڵ خۆی بەتایبەتی بۆ بواری ئێسکناسی تەرخان کرد و کۆمەڵێکی زۆر ئێسکە پەیکەری نایابی مرۆڤ و گیاندارانی لای خۆی کۆکردەوە. پەرەی بە تەکنیکی "ئامادەکاریەکانی داخوران"ی بواری نەخۆشیزانی و توێکاریدا. ئەمەش بریتیە لە کوتانی بۆریەکانی خوێنی ئەندامێک یان بەشێکی جەستە و پاشان شانەکانی تر لە ڕێگەی ترشەوە لەناودەبرێت تا هەموو بۆریەکانی خوێن جوان ببینرێن.

لەو سەردەمەدا کارڵ ئێژنەست ڤۆن بابەر (١٧٩٢-١٨٧٦) و دواتریش قەشە پیترسبۆرگ هەتا پێیان کرا پەرەیان بە زانستی کۆرپەلەناسی دا. پاوڵ بڕۆکاش

(١٨٢٤–١٨٨٠) ئەو نەشتەرگەرە فەڕەنسییەی کە ناوەندی بزوێنەری ئاخاوتنی دۆزیەوە و شوێنی فرمانەکانی مێشکی ناساند، زانستی مرۆڤناسی زۆر بەرەوپێش برد. بڕۆکا میتۆدەکانی پێوانەکردن و وەسف کردنی کاسەی سەری دۆزیەوە و کاری گەورەی لەبواری نەشتەرگەری کونکردنی کاسەری لەسەردەمانی کۆندا کردووە.

## فەسلەجەو فیزیا

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا زانستی فەسلەجە ڕێچکەی خۆی گرت. جۆهان مۆلەر (١٨٠١–١٨٥٨) یەکێک لە یەکەمین و مەزنترین بانگەشەکارانی ئەم زانستە بوو. مۆلەر لە خێزانێکی سادە لەدایک بووەو باوکیشی، کە پینەدۆزێک بوو لە شاری کۆبلێنزی ئەڵمانیا، بوو بە پێشەنگێکی مەزن لەبواری فەسلەجەدا. وەک جۆن هەنتەر زۆر ئارەزووی لە بواری توێکاری بەراووردکاریدا هەبووە، بەڵام گەورەترین کاری بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی بوو بەناوی (فەسلەجە). ئەم کتێبە تا بڵێی توێژینەوەی بە پێزی تیادا بووە و فەسەلجەی وەک پسپۆڕیەکی سەربەخۆ ناساندووە. مۆلەر وەک مامۆستای توێکارزانی و فەسلەجە لەشاری بۆن دەستی بە کاری ئەکادیمیانەی خۆی کرد. لەوێ جاکۆب هێنڵ یارمەتی دەدا. لەساڵی ١٨٣٣ دا بوو بە پرۆفیسۆری توێکارزانی و فەسلەجە لە بەرلیندا. ئەم پۆستەش تا مردنە کتوپڕەکەی لە تەمەنی پەنجاو حەوتساڵیدا لەسەری بەردەوام بوو. کۆششکارێکی بەتواناوماندونەناس بوو.

گەلێک توێژینەوەی لە گۆڤاری (ئەرشیفی توێکارزانی و فەسلەجە) بڵاوکردەوە، کە چەند ساڵێک پێداچوونەوەی بۆ کردووە. دۆزینەوەشی لەبواری کۆرپەلەناسیدا بەناوی "جۆگەی مۆلەر" هەیە. هەروەها دۆزینەوەکانی بەڕێز چاڕلس بێڵی لەبارەی رەگی دەمارەکانی بڕبڕەی پشت و پێگەیانی سەلماند. یاسای تایبەتی بە دەمارە ووزە دانا. هەولێدا بیسەلمێنێت دەنگ لە ڕێگەی دەنگە ژێیەکانەوە دروست دەبێت. یەکەمین کەسیش بووە بەگوێرەی دەرکەوتە جیاوازەکانیان لەژێر ووردبیندا، پۆلێنی بۆ گرێیەکان کردووە. لەکتێبەکەیدا لەسەر فەسلەجە،

باسی زانستی دەروووناسیشی کردووەو ئازادانە قسە نەستەقەکانی سپینۆزای فەیلەسووفیشی وەرگرتووە.

هیشتا دەکرێت باس و خواسە ژیرانەکەی لەسەر سیفەتی سروشتی مێشک بخوێنینەوە و کەڵکی لێوەربگیرین. کەسایەتیەکی سەرنجڕاکێشی هەبووە و مامۆستایەکی ئیلهام بەخشیش بووەو هەمیشە بەدەم قوتابیەکانییەوە بووەو پاڵپشتی کردوون، جالەبەر ئەوە زۆر خۆشیان ویستووە. گەلێک کەسی بەناوبانگی وەک، هێنڵ، ڤێرچۆ، هێلمۆڵتز و ...هتد دواکەوتەی ئەو بوون. پێشووتر باسمان لە هێنڵی توێکارزان کرد. ڤێرچیۆی نەخۆشیزان دواتر هات. پێدەچێت هێلمۆڵتز مەزنترین قوتابی مۆلەر بوو بێت. ئەو شارەزایەی بواری فیزیاو فەسلەجە، کە دونیا قەرزارێتی.

هێرمان ڤۆن هێلمۆڵتز (١٨٢١-١٨٩٤) لە پۆتسدام لە دایک بووە. لەسەری دایکیەوە ئەچێتەوە سەر ویلیام پێنی دامەزرێنەری ویلایەتی پەنسلڤانیا. باوکی کە مامۆستای فەلسەجە بووە، هەوڵیداوە کوڕەکەی گرنگی بە خوێندنی کلاسیکی بدات، بەڵام هێرمانی کوڕ زیاتر خۆی بۆ زانستەکانی فیزیاو کیمیا تەرخان کرد. لەو سەردەمەدا زۆربەکەمی لەڕێگەی زانستەوە بژێوی ژیان دابین دەکرا، جا هێرمانی کوریان نارد تا لەبواری پزیشکی بخوێنێت. لەدوای خوێندنەکەی، لەناو سوپادا بوو بە نەشتەرگەر. هەرکە کاتی بۆ بلوایە، خۆی بە زانستەوە قاڵ دەکرد. توێژینەوەیەکی بەناوی (لەبارەی پاراستنی ووزەوە) لە گۆڤارە ئەرشیفیەکەی بڵاوکردەوە ، کە وایکرد ناوبانگ دەربکات و لەساڵی ١٨٢٩ دا لە زانکۆی کۆینسبرگ بووبە پرۆفیسۆری فەسلەجە. ئەمەش بووە ڕێخۆشکەر تا توێژینەوەی بە پێز بکات. بە وەسیلەی کارەبای ڕێژەی ناردنی هێزی بزوێنەری دەماری جێگیرکرد. دواتر هەر لەسەرەتای توێژینەوەکانی، کە هەوێنی بڵاوکردنەوەی کتێبە گەورەکەی بوو لەسەر (فەسلەجەی بینایی )، ئامێری پشکنینی تۆڕی چاوی داهێنا و ئەو خۆشیە گەورەیەی پێبڕا ببێت بە یەکەم کەس تورِی چاوی بوونەوەرێکی زیندوو ببینێت. ئەم ئامێرە لەڕووی دەستنیشان کردنی نەخۆشیەوە لە زانستی پزیشکیدا بایەخێکی گەورەی هەبوو. دەی سەرەتا وەک گەمە مناڵانە

تەماشا دەکرا، تەنانەت هێلمۆڵتز لەکاتی توێژینەوەکانیدا خۆشی داهێنانەکەی وەک شتێکی هاکەزای تەماشا دەکرد! ئەو توێژینەوانەی لەبارەی میکانیزمی گونجاندن و کێشەی ڕەنگ بینین بوون. لەساڵی ١٨٠١ دا تۆماس یۆنگ (١٧٧٣-١٨٢٩) ی پزیشکی نموونەیی چاو، کە لەلەندەندا کاری دەکرد، توێژینەوەیەکی بەناونیشانی (میکانیزمی کارکردنی چاو) ئامادەکرد. هێلمۆڵتز ڕوانینەکانی یۆنگی سەلماند و ڕوون کردنەوەی لەسەریان دا. بەو جۆرە تیۆری بەناوبانگی ڕەنگ بینینی یەنگ و هێلمۆڵتز هاتە کایەوە. لەساڵی ١٨٥٦ دا بۆ یەکەم جار سەردانی بەریتانیای کردو بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی بەریتانی لە هاڵدا.

لەوێ بەم جۆرە دواوە" هەندێک توێژینەوەی زانستی گرنگ ئەنجامدران و هەندێکیشیان وەک گەمە منالانە بوون". دوو ساڵ دواتر لەسەر بانگهێشتی بەڕێز ویلیام تۆمسۆن و دواتریش لۆرد کێلڤن، سەردانی سکۆتلەندای کرد. بۆ ماوەی چل ساڵ ئەم دوو زانا بەناوبانگە تامردن هاوڕێی گیانی بەگیانی ئەو بوون. دوای تەواوکردنی توێژینەوەکانی لەسەر فەسلەجەی چاو کە داینەمۆی دەرکەوتنی زۆر ڕاستی و بیری نوێ بوون، هێلمۆڵتز گرنگی بە هەستی بیستن دا. ئەم بابەتەش بۆ ئەو کەسەی زۆر ئارەزووی لە مۆسیقا بوو بێت، زۆر جێی بایەخ بوو.

لەبەر تەندروستی خێزانەکەی سەرۆکایەتی بەشی توێکاررزانی و فەسلەجەی لە بۆندا وەرگرت، بەلام پێی باش نەبوو وانە لەبارەی توێکارزانیەوە بڵێتەوە. دوای سێ ساڵ گواستنەوەکەی بۆ هایلدبێرگ، دڵخۆشی کرد. لەوێ زیاتر هەلی بۆ ڕەخسا تا زۆرتر گرنگی بە فەسلەجە بدات. نوێگەری لە بواری فەسلەجەی بیستندا کرد، کە تیایدا گەلێک دۆزینەوەی خستەڕوو. وەک ئەو دۆزینەوانەی پێشووتر لەبواری فەسلەجەی بینیندا خستبووینە ڕوو، مایەی خۆشحاڵی بوون. وتوویەتی " بیرکاری و مۆسیقا زۆر جیاوازن، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی لەنێوانیان هەیە و سوود بەیەکتریش دەگەیەنن". کتێبە ناوازەکەی بەناوی (ئاوازی هەستەکان)، کە بەزمانێکی سادەو ئاسان نووسیووە، بەلای ئارەزوومەندانی مۆسیقاو زانایانیشەوە جێی بایەخە. ئەم کتێبە بە بەرهەمێکی کلاسیکی دادەنرێت و پردی نێوان زانستی بیستن و مۆسیقاشە. لەو دۆزینەوە زۆرانەی هەیبووە

روون کردنەوەی لەسەر تیۆری زرنگاندنەوەی بیستن داوە، کە لەسەردەمی ئێستاماندا بەشێوەیەکی گشتی قبوڵ کراوە.

لەساڵی ١٨٧١ دا هێلمۆڵتز کرایە پرۆفیسۆری فیزیا لەبەرلیندا، کە تاکۆتای تەمەنی لەوێ ژیا. لەو کاتەدا گرنگی بە جوولەی کارەبای دا. هێنریچ هێرتزی زانای بلیمەتی جوانە مەرگ، لەو بوارەدا هاوکاری کرد. بە دۆزینەوەی "شەپۆلەکانی هێرتز" گواستنەوەی بێتەلی کردە ڕاستی. هێلمۆڵتز لەساڵی ١٨٨٥دا دەستی لە پۆستەکەی هەڵگرت تاوەکو ببێتە سەرۆکی پەیمانگای فیزیکی تەکنیکی، کە حکومەت بنیاتی نابوو. سەرەڕای هەڵکشانی تەمەنی کە حەفتا ساڵ دەبوو، هەر بەرهەمی زانستی هەبوو. ئاواتێکی گەورەی بەدیهات کاتێک لەساڵی ١٨٩٣ دا سەردانی ئەمەریکاری کرد، بەڵام تەندروستی تا دەهات خراپتردەبوو. هەر زوو دوای گەڕانەوەی مرد. تاڕادەیەک باسی کارەکانی هێلمۆڵتزمان کرد. نەک لەبەرئەوەی یەکێکە لەمەزنترین زانایانی هەموو مێژووی مرۆڤایەتیە، بەڵکو لەبەرئەوەی بە بەرهەمەکانی سەلماندی دەکرێت بۆ زانستێک کەڵک لە زانستێکی تر وەرگرین ، بۆ نموونە دەکرێت فیزیا خزمەت بە بواری فەسلەجە بکات.

ئیمیل دو بوا ڕەیمۆند (١٨١٨-١٨٩٦) هاوڕێیەکی نزیکی هێلمۆڵتزو هەروەها قوتابی مۆلەر بوو، کە زۆر ئەزموونی لەسەر فرمانی دەمارە ماسوولکە کرد و گەلێک ڕاستی نوێی ئاشکرا کرد و بناغەی زانستی فەسلەجەی لای عەرەبەکان دانا. ئۆگەستۆس واڵەر (١٨١٦-١٨٧٠) هاوچەرخێکی تری بوو لەبەریتانیادا، کە ئەویش لەهەمان بواردا کاری دەکرد. واڵەر ئەوەی خستەڕوو گۆڕانە بنچینەییەکان لەبەشی دووری توورەکەی دەماری توندبوو ڕوودەدات. لەئەمەریکاش هێنری باودیچ (١٨٤٠-١٩١١)، کە ئەزموونەکانی لەبواری سڕکردنی دەماردا بوو، بەردی بناغەی یەکێک لە میتۆدەکانی لەبارەی سڕکردنی بەشگەیی(مەوزوعی) دانا. دواتر جۆرج کرێلی نەشتەرگەری ئەمریکی، ئەم میتۆدەی تۆکمە کرد.

کارڵ لودویگ (١٨١٦-١٨٩٥) هاوچەرخێکی تری هێلمۆڵتزە، کە بەهۆی داهێنانی گەلێک ئامێرەوە هەموو قوتابییەکی بەشی پزیشکی بەناوی ئاشنان. کاتێک پرۆفیسۆری فەسلەجە بوو لە زیوریخ و دواتریش لە ڤێناو لیپیزیگدا، زۆر کۆششی

کرد تا زانیارمان لەبارەی پەستانی خوێن و زمانی گورچیلەوە بەردەست بخات. سەرنجی قوتابی لە سەرانسەری جیهاندا ڕاکێشا بەجۆرێک کاتێک قوتابیەکی بەپەرۆشی ببینایە کێشەیەکی بهێنایەتە بەردەمی، هەوڵیدەدا کێشەکەی چارەسەری بکات و متمانەی بۆ بگەڕێنێتەوەو سەرکەوتوو بێت. زۆربەی ئەو کارانەی کە مۆرکی ئەو بوون، دواتر بەناوی یەکێک لە قوتابیەکانیەوە بڵاوکراونەتەوە. زۆرێک وەک مەزنترین مامۆستای فەسلەجەیان لەمێژووی مرۆڤایەتیدا داناوە. هەر لەو سەردەمەدا خوستوس ڤۆن لیبیگ (١٨٠٣-١٨٧٣) بەردی بناغەی فەسلەجەی کیمیای دانا. زۆر کاری لەبواری کیمیای ئۆرگانیدا کرد و کرداری ترشان و بۆگەن بوونی هەر زۆر بە پێویست دانا. لەمەشدا بەهەڵەدا چوو. هێشتا ناوی لەناو ناوانایە، بەڵام زیاتر بە نووسینەکانی بەناوبانگە بەتایبەتی بە چەمکی زیندەچالاکی.

## فەسلەجەناسە نموونەییەکانی بەریتانیا

مارشاڵ هاڵ (١٧٩٠-١٨٥٧)، یەکێک بوو لە فەسلەجەناسە بەریتانیە دیارەکان لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا. کەسێکی بەتوانا و پڕ جموجوڵ بوو. هەوڵیدا بە وردی لەبواری پزیشکی کرداریدا داهێنان بکات. توێژینەوە گرنگەکانی لەبواری فەسلەجەدا وایانکرد ناوبانگی بۆ هەتا هەتایە بمێنێت. دوای ئەوەی لە زانکۆی ئێدنبرە وەرگیرا و لە پاریس و گۆتینگێندا لە لێکۆڵینەوەکانی بەردەوام بوو، لە زێدی خۆی لەشاری نۆتینهام دەستی بەکارکردن کرد و وەک نەریتی ئاسای بە ئەسپ دەگەڕا. دەی هەلی ئەوەی بۆ ڕێکەوت کتێبی (دەستنیشان کردنی نەخۆشیەکان ) لەساڵی ١٨١٧ دا بنووسێت، هەرچەندە سەرەتای کتێبەکە دکتۆر ماتیۆ بایلی نووسی و زۆر ناوبانگی دەرکرد. هاڵ دژی میتۆدی باوی خوێن لێگرتنیش بوو. هەروەها پێی وابوو نەشتەر ئامێرێکی بچووک و فیتنەیەکی گەورەیە. هەرکەبوو بە پزیشکی نەخۆشخانەی نۆتنهام ناوبانگی زیاتر بوو، بەجۆرێک لەساڵی ١٨٢٦ دا ڕووی لەلەندەن کردو لەوێ لەساڵی یەکەمدا هەشت سەد پاوەند داهاتی بوو. لە مانچستەر سکوێیەردا لەماڵەکەی خۆیدا بەمەبەستی تاقیکردنەوەکانی بەشێوەیەکی ڕێک و پێک ئەنجام بدات، گیانداری لەقەفەسدا

ڕاگیردەکرد. وەک جۆن هەنتەریش لێکۆڵینەوەی لە سڕبوونی گیانداران کرد. گەورەترین بەرهەمی دۆزینەوەکەی بوو بەناوی "کاردانەوەی خۆنەویستانە"، کە لەو توێژینەوەیەیدا بۆی دەرکەوت کاتێک پێستی سەلەمەندەر (بۆقی کلکدار) ی شتی پیا دەچەقاند، دەجوولا. گرنگی پەیوەندی نێوان دەمارە هەستەوەر و بزوێنەرەکان و ئەو بەشەی بڕبڕەی پشت، کە سەرچاوەی کارکردنیان بوو، سەلماند.

هاڵ لەبارەی "کاردانەوەی خۆنەویستانە" ڕوونکردنەوەی دا و کۆکین، چاو نووقاندنی خۆنەویستانەی چاو لەکاتی ترس، یەکەم هەناسەی منداڵی تازە لەدایک بوو ...هتد، وەک نموونە هێنایەوە. ئەم دۆزینەوە گرنگە بەتوندی ڕەخنەی لێگیراو تەنانەت وەک تیۆرێکی پڕوپوچ و سووککراو، کۆمەڵگەی شاهانەش ڕەتی کردەوە بڵاوی بکاتەوە. دەی لە ئەوروپادا قبوڵ کراو زۆریش ستایش کرا. هاڵ بەم هەموو دژایەتیەی کۆڵی نەدا.

بەردەوام بوو لە توێژینەوەکانی تا دواجار خۆشبەختانە لەهەموو جیهاندا ڕوانینەکانی قبوڵ کرا. لە نەخۆشخانەی سانت تۆماس وانەی لەسەر نەخۆشیەکانی دەمار دەووتەوە، بەڵام لە لەندەندا هەرگیز لە نەخۆشخانەدا کاری نەکرد. کاری خێرخوازی کردووە و سەرکەوتووانە هەڵمەتی بۆ ڕێگری کردن لە جەڵد لێدان لە ناو سوپادا ئەنجامداوە. سەردانی ئەمریکاشی کردووە بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی کۆیلەکان. بەمانەدا دەردەکەوێت کەسێکی خێرخواز بووە. میتۆدی تریش هاتنە کایەوە، بەڵام پێدەچێت میتۆدەکەی ئەویش بوو بێتە فریادڕەسی زۆر کەس. وادیارە هێشتا بەرهەمەکەی مارشاڵ هاڵ بەتەواوی دانی پیادا نەنراوە. گومانی تیا نیە یەکێکە لەمەزنترینەکانی سەردەمی خۆی . وەک بەڕێز چارڵس بێڵ ڕەفتاری جوان بووە و نموونەیەکی هاوشێوەی ئەویش بووە.


ویلیام شارپی (١٨٠٢-١٨٨٠) یەکەمین فەسلەجەناسی بەریتانی بوو، کە هەموو هەوڵێکی لەبواری فەسلەجەدا خستەگەر. شارپی دەرچووی زانکۆی ئێدنبرە بووەو دواتر لە پاریس خوێندوویەتی. لەوێ لە کلینیکی بەناوبانگی دوپوی ترێن بۆماوەیەکی زۆر، هاوڕێی جەیمس سیم بوو. بۆ ماوەیەکی کەم لەگەڵ دکتۆر

ئارنۆتی زرباوکیدا لە ئاربرۆندا کاری کرد، بەڵام زیاتر خولیای لە زانستدا بوو و خۆی بۆ بواری فەسلەجە تەرخان کرد. دوای سێ ساڵ سەردانی ئەڵمانیا، فەرەنساو ئیتاڵیای کرد و زۆر شارەی پەیداکرد. پاشان گەڕایەوە ئێدنبرە و بە شێوەی نیمچە فەرمی وانەی توێکارزانی ووتەوەو یارمەتی ئالن تۆمسۆنی دا و کاری لەسەر ئەو توێژینەوە کرد، کە بووە هەوێنی دۆزینەوەی "چالاکی برژانگی". ئەمەشی لە توێژینەوەکەیدا بەناونیشانی (لەبارەی جووڵەی تایبەتی شلەی سەری هەندێک لە گیانداران) دا خستەڕوو. لەساڵی ١٨٣٦ دا لە زانکۆی لەندەندا بوو بە پرۆفیسۆری فەسلەجە. هەر لەوکاتەدا ڕیچارد کواینیش بوو بە پرۆفیسۆری توێکارزانی. خۆی هەردوو بابەتەکەش پێشووتر بەیەکەوە باوکی کواین دەیووتەوە. بە سنگ فراوانیەوە بۆماوەی سی ساڵ وەک پرۆفیسۆر کاری کرد. بەنووسینی بەشەکانی ووردە توێکاری، هاوکاری جۆن کواینی توێکارزانی بەناوبانگی ئیرلەندی کرد تا کتێبی (بنەماکانی توێکاری ) بنووسێت. دیارە هێشتا ئەم کتێبە بەناوبانگە وەک سەرچاوە کەڵکی لێوەردەگیرێت. شارپی کەسێکی رەوشت بەرزو خۆش مەشرەب بوو. مامۆستایەکی ئیلهام بەخشیش بوو، کە پێگەی ئەو لە بەریتانیادا وەک پێگەی مۆلەر بوو لە ئەڵمانیادا. فەسلەجە هەر وەک بەشێکی لاوەکی توێکارزانی و فیزیا تەماشا دەکرا، هەتاوەکو شارپی گرنگیەکەی لە نێو زانستەکاندا بۆ دەرکەوت. هەروەها وەک سکرتێریش بۆ ماوەی بیست ساڵ لە ڕێکخراوی شاهانەدا خزمەتی گەورەی کرد.

بۆردۆن ساندێر سۆن، مایکڵ نۆستەرو گەلێکی دیکەش قوتابی ئەو بوون، کە زۆر کۆششیان کرد تا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم زانستی فەسلەجە بەرەو پێش بەرن. جۆن هەگز بینێت (١٨١٢-١٨٧٥) پێشەنگێکی کۆنی بواری فەسلەجە بوو لە ئێدنبرەدا، کە دوای ئالن تۆمسۆن بوو بە پرۆفیسۆری فەسلەجە. هەگز پزیشکی نەخۆشخانەی شاهانەش بوو. ئەمەش ڕێی بۆ خۆشکرد کار لەسەر هەردوو بواری زانستی فەسلەجە و پزیشکی کلینیکی بەیەکەوە بکات. هەگز بەکرداری لێکۆڵینەوەی لە زانستی شانەزانی کرد و لە ڕووی پزیشکیەوە گرنگی چەوری جگەری نەهەنگی دۆزیەوە. یەکەم کەسیش بوو وەسفی نەخۆشی شێرپەنجەی خوێنی کرد.



پەیکەری ژان ژوپی، دووەم نەخۆشی پاستۆر کە لەگەڵ سەگێکی هاردا وەگیر هاتووە. ئەم پەیکەرە لە حەوشەی پەیمانگای پاستۆرە لە پاریس.



قاوشی ڕاهیری لە نەخۆشخانەی سانت بارتۆلۆمیۆ لە ساڵی ١٨٣٢دا



وێنەیەکی دکتۆر جۆزیف بێڵ

## کلۆد بێرناردی بلیمەت

کلۆد بێرنارد(١٨١٣-١٨٧٨) زانایەکی تری بەناوبانگی فەرەنسی بواری فەسلەجە بووە لەسەدەی نۆزدەیەمدا. بێرنارد لە خێزانێکی سادە لەدایک بووەو باوکی لە سانت ژولیەن لەناوچەی بوژاڵوای نزیک لیۆن، ڕەزەوان بووە. وەک گەنجێک لای دەرمانسازێک کاری شاگردی کردووە، بەڵام ئەمەی بەلاوە پەسەند نەبووە. هەر کاتی هەبووایە، خەریکی نووسینی هۆنراوەو شانۆ دەبوو. لە تەمەنی بیست و یەکساڵیدا کەڵکەڵەی پارە لێیدا. دوای ئەوە بەمەبەستی پێکەوەنانی سەروەت و سامان ڕووی لە پاریس کرد. ئەو ڕەخنەگرەی بواری شانۆ ئەم ویستی لای کار بکات زۆر لێهاتووانە ئەمی ناسی و زانی شایستەی ئەم کارەیە، بەڵام ژیرانە ئامۆژگاری کرد تا لەبواری پزیشکیدا بخوێنێت. لەم بارەیەوە وتبووی "برۆ ببە بە دکتۆر پارەت بەسەرا ئەبارێت".

دوای تەواوکردنی خوێندن، بێرنارد هاوکاری ماژدێنی فەسلەجەناسی پێشەنگی فەرەنسی و داکۆکیکەری سەرسەختی ئەزموونگەری فەسلەجی کرد. بەمەش دەستی بە پیشەی ناوازەی خۆی کرد. ماژێندی ئەزموونی لە بیرکردنەوە پێ گرنگتر بوو. لێرەو لەوێ چەقۆکەی بەکاردەهێنا تا بزانێت چی دەست دەکەوێت. بەملاولادا دەیچەقاند بەهیوای ئەوەی هەندێک ڕاستی نوێ بدۆزێتەوە. کلۆد بێرنارد بەباشی دەرکی بە کەموکورتیەکانی میتۆدەکانی مامۆستاکەی کرد و هەوڵیشیدا زانستیانە لەو بابەتانەدا توێژینەوە بکات.

یەکەمین کتێبی لەبارەی هەرسکردنەوە نووسی. لەڕێگەی کۆمەڵە ئەزموونێکی ووردی داڕێژراوەوە، ئەوەی دۆزیەوە هەرسکردن لەگەدەدا تەواونابێت، هەروەک وابڕوا دەکرا. لەم بارەیەوە وتوویەتی" هەرسی ناو گەدە هەر تەنها قۆناغی ئامادەکارییە. کرداری هەرس لەڕیخۆڵەدا لە ڕێگەی ڕژێنی پەنکریاسەوە بەردەوام دەبێت". لەکاتی ئەم زنجیرە ئەزموونەدا بوو یەکێک لە سەگاکانی ناو تاقیگەکەی، کە کانولا لە بۆری پەنکریاسیدا دانرا بوو، هەڵهات. خانەوەنە داخ لەدڵەکەشی، کە پۆلیسی پشکنەر بوو، گەڕاندبوویەوە. بێرنارد نەیدەزانی چۆن سەگەکە هێنرابووە ناو تاقیگەکە، کەچی هەر زوو خاوەنەکەی هێورکردەوەو چارەسەری سەگەکەی

کرد. ئەم ڕووداوەش لە کۆتایدا هەموو ئەوانەی خەمباربووبوون، دڵخۆش کرد.

گلایکۆجین دۆزینەوەیەکی تری گرنگی بێرنارده، کە ئەمەش ئەنجامی ئەزموونە سیستەماتیکی و پلان بۆداڕێژراوەکانی بوو. سەلماندی جگەر هەر شلەی زراو دەرنادات، بەڵکو شەکریش دەردەدات و ئەم فرمانەش پشت بە شەکری ناو خواردن نابەستێت. خۆی لەڕاستیدا بێرنارد زاراوەی "دەردانی ناوەکی" بەکارهێنا. بەمەش ڕێی بۆ دۆزینەوەی گەلێک هۆرمۆن خۆشکرد، کە ئێمە ئێستا پێیان ئاشناین. وێڕای ئەمەش دەردانی شەکر لە جگەردا ئەو ڕاستیەی سەلماند دەکرێت جەستەی گیاندار مادە بەرهەم بهێنێت و تێکیشی بشکێنێت. هەر لەو کاتەدا دۆزینەوەکەی کاریگەری زۆر گەورەی دروست کرد. سەرباری ئەمەش ئەوەشی خستەڕوو، جەستە هەر تەنها کۆمەڵە ئەندامێک نیە هەریەکەیان فرمانی تایبەت بە خۆی هەبێت. کلۆد بێرنارد کاری لەبواری دۆزینەوەکەی لەسەر فرمانی گلایکۆجینی جگەرکرد تا گەیاندیە ئەنجامی زانستیانەی خۆی و زۆر کەم شت ما تا دوای خۆی لەم بوارەدا توێژینەوەی تیابکرێت.

سێیەمین دۆزینەوەی لەبواری میکانیزمی کارکردنی بزوێنە دەماردا بوو. بێرنارد کاریشی لەسەر پلەی گەرمی لەشی گیانداران کرد، کاتێک ئەوەی دۆزیەوە دابەش بوونی بەسۆزە دەماری پشتە ملی کەروێشک پلەی گەرمی لەشی لە بەشی سەر و ملیەوە بەرز بوویەوە. بە ووردبینی خۆی دەرکی بە گرنگی ئەم لایەنەی بابەتەکە کردو دەستی لە بابەتە سەرەکیەکەی خۆی هەڵگرت تا لە کاریگەری دەمار لەسەر پلەی گەرمی لەش دڵنیا بێت. لە کاتێکا لێکۆڵینەوەی لە فرمانی ڕژێنی ژێر شەویلگە دەکرد، بۆی دەرکەوت بەسۆزە دەمار هۆکاری کرژبوونەوەی بۆریەکانی خوێنە و دەماری تەپڵە پەتیش هۆکاری گرژ بوونی ماسوولکەکانی گەرووە. بەو جۆرە راستیە بنچینەییەکانی فەسلەجەی فراوان بوونی بۆریەکانی خوێنی دۆزیەوە. لەساڵی ١٨٥٤ دا دان بە گەورەی کلۆد بێرناردا نرا، کاتێک لەزانکۆی سۆربۆندا کرا بە سەرۆکی بەشی فەسلەجە. بەسەرکەوتنەکانی لەخۆبای نەبوو. کۆڵیشی نەدا هەتا بابەتەکەی بەرەو پێش برد. هەرگیز شتی بێکەڵک لەوانەکانیدا نەبوو، بەڵکو لە هەموو وانەیەکیدا نوێگەری

هەبوو زیاتر لەوەی دووبارە بوونەوەی تیا بێت. لەدوارۆژەکانی تەمەنیدا کاری فرە گەورەی لە بواری پزیشکیدا کرد. باسی لە بنەما سەرەکیەکانی توێژینەوە کرد. کتێبەکەی بەناوی (پێشەکیەک لەبارەی لێکۆڵینەوەی پزیشکی ئەزموونگەری)، کە لەساڵی ١٨٦٥ دا بڵاوکراوەتەوە، بە یەکێک لە باشترین کتێبەکانی بواری پزیشکی کلاسیکی دادەنرێت. هەرکەسێک توێژینەوە لەبواری پزیشکیدا بکات، پێویستی بەخوێندنەوەی ئەم کتێبە دەبێت.

گرنگە بزانین دیکارت و بێرنارد ئەو دوو کەسایەتیە مەزنە فەرەنسیە بوون، کە لە ڕێچکەی توێژینەوەی زانستی لایاندا، تا بنەما پێویستیەکانی توێژینەوە دابنێن. بە بڕوای کلۆد بێرنارد "هیچ شوێن ڕێباز یان سیستەم بۆ بواری فەسلەجە نیە. شتێک نیە لە سروشتدا بە ناوی سیستەم. ئەمە هەر لە عەقڵی مرۆڤدا جێی دەبێتەوە. ئەوەی دەیزانین کاریگەری لەسەر ئەوە هەیە کە نایزانین". بەواتایەکی تر حەزی بە هاوکێشەی قبوڵکراو نەبوو. بەو پێودانگەش دەستی کرد بە دانانی بنەمایەکی باشی ئەزموونگەرای. بێرنارد ئەوەشی خستەڕوو ئەوەی زانا بێت خۆی ئەبێت بزانێت لە کوێوە دەست پێبکات.

لێکۆڵینەوەی لە سروشت کرد و دەرکی بەڕاستیەکانیش کرد و لە ڕێگایانەوە بیردۆزەیەکی لا گەلاڵە بوو. لەڕێگەی ئەزموونەوە ووردەکاری یان هەڵەو خەوشی گریمانەکەی شەن و کەو کرد. ووتی " بیرکردنەوە لە پێش و پاشی ئەزموون پێویستە ، ئەگینا بۆ خودی ئەزموون گرنگ نیە. خەیاڵ وەکو چاکەت وایە. دەکرێت کسێک هەرکە چووە تاقیگە دایدەکەنێ و کە هاتە دەرەوەش لەبەری دەکاتەوە". ئەوەش فەلسەفەی کلۆد بێرنارد بوو. پێدەچێت گیانی شاعیریێتی هۆکاری دانانی گریمانەکەی بووبێت و سەرکەوتووانە کاری بۆ ئەزموونەکەی کردبێت. هەروەها توانستێکی تەکنیکی گەورەی هەبووە. وتوویەتی " عیلمی عەمەل باخی بێبەرە". بێرنارد لە دواین ڕستەی زانستنامەکەیدا وەها دواوە " سەربەخۆی و ئازادی عەقڵی مرۆڤ پێویستی حەتمین بۆ پێشکەوتنی مرۆڤایەتی".

## نەخۆشیزانی و بەکتریاناسی

دۆزینەوەی بەکتریا وەک هۆکاری زۆرێک لە نەخۆشیەکان، گۆڕانی ڕیشەی لەبواری نەخۆشیزانیدا هێنایە کایەوە. ئەو گۆڕانکاریەش لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا ڕوویدا. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا ڕۆکیتانسکی و ڤیرچۆ دوو لەمەزنترین بانگەشەکەرانی نەخۆشیزانی بوون. ڤێرجۆن زۆرجار بە مەزنترین نەخۆشیزانی هەموو مێژووی مرۆڤایەتی دادەنرێت.

کارڵ ڕۆکیتاسکی (١٨٠٤-١٨٧٨) بە ڕەگەز چیکی، ماوەی سی ساڵ لە ڤێنادا پرۆفیسۆری بواری نەخۆشیزانی بوو. دەووترێت بەهەزاران پشکینینی بۆ مردووان کردووە و لەڕێگەی ئەم ئەزموونە زۆرەوە کۆمەڵە باسێکی ڕوون و عەقڵانیانەی لەسەر نەخۆشی نووسی، کە هەر شایانی ئەوەن شانبەشانی بەرهەمەکانی مۆرگانی و ماتیۆ بایلی پێشینانی خۆی دابنرێن. ئەو نەخۆشیزانی بەبەردی بناغەی زانستی کلینیکی داناوە. نەخۆشیەکانی خوێنبەربوون یەکێکە لەو بابەتانەی توێژینەوەی لەسەر کردووە و زانستنامەیەکی گەورەشی لەسەر نووسی. لەسەر نەخۆشیەکانی دڵیش نووسیویەتی. هەروەها لەبارەی ئەوەی خۆی ناوی ناوە "پووکانەوەی زەردی تیژی جگەر" و گەلێک نەخۆشی تر نووسیوویەتی. کەسێکی خۆش دوو میهرەبان بووە. ئامۆژگاری کوڕەکانی کردووە، کە دونیان پزیشک و دووانیشیان مۆسیقاژەن بوون یان بڵێین دووانیان، چارەسەرکاو دووانی تریشیان لوورەلووکەر. پێی ووتوون "چارەی دەردی هەر لایەکتان لای لاکەی ترە".

جا ڕۆدۆڵف ڤیرچۆ (١٨٢١-١٩٠٢) دیارترین نەخۆشیزان و یەکێک لە بەناوبانگترین پزیشکەکانی سەدەی نۆزدە بووە. یەکێک بووە لەو کەسە نموونەییانەی سەرکەوتووانە زۆر کاری لە ژیانیدا کردووە. ڤێرچۆ وەک مرۆڤناس، نەخۆشیزان و سیاسەتمەداریش ناوبانگی دەرکردووە. لە زۆر بواردا لە نێویشیانا لەسەر شێوەی ڕەگەزی منداڵی ئەڵمانی، شوێنی دەریاچەکان و تاتۆکردن و گەلێک بابەتی پەیوەندیداری تریش توێژینەوەی چاکی ئەنجامداوە. لەساڵی ١٨٧٩ دا لەکاتی سەردانکردنی شاری ترۆیدا، یاوەری دکتۆر شلیمانی کردو باسێکی لەسەر دۆزینەوە ناوازەکانی لەوێ نووسی. لەبواری سیاسەتدا کارەکانی زۆر

جێی باس نەبوون.

لە ئەڵمانیادا بۆ چەندین ساڵ بە جۆرێک لە جۆرەکان بە مەزنترین پزیشک دانراوە. وەک داکۆکیکەرێکی دیموکراسی و ئازادی، زۆر دژی سیاسەتی بسمارکی یەکەم ڕاوێژکاری ئەڵمانیای کردووە. لەساڵی ١٨٨٠ دا و بۆ ماوەی ١٣ ساڵ بوو بە ئەندامی پەڕلەمان و بەزۆریش بەهۆی هەوڵ کۆششەکانی ئەوەوە، سیستەمی ئاوەڕۆ و سەرچاوەی ئاوی بەرلین بەپێی مەرجەکانی سەردەم بنیات نران. دەی لەگەڵ ئەوەشدا وەک نەخۆشیزان لەمێژووی زانستی پزیشکیدا ڤیرچۆ دەناسرێت. لەبیستەکانی تەمەنیدا بوو بەمەبەستی پشکنینی گرانەتا بۆ سیلسیسیا نێردرا. لە ڕاپۆرتەکەیدا بارودۆخی ناهەمواری کۆمەڵایەتی خستەڕوو. ڕاسپاردەکانی زۆر تۆکمەبوون، بەجۆرێک بەرپرسانی شاری بەرلین دووریان خستەوە.

خۆشبەختانە لەوورزبۆرگ بوو بە پرۆفیسۆری نەخۆشیزانی و دوای چەند ساڵێکی کەم دووبارە  بانگهێشتی بەرلین کرایەوە تا لەویش وەک پرۆفیسۆر خزمەت بکات. لەسەرەتای ژیانی پیشەگەری خۆیدا گۆڤارێکی بەناونیشانی (ئەرشیفی توێکاری نەخۆشیزانی) دەکرد، کە دواتر ناونیشانەکەی بوو بە "ئەرشیفی ڤیرچۆ". زۆر کاری لەبواری نەخۆشیزانیدا کردووە و یەکەم کەسیش بووە باسی نەخۆشی زیاد بوونی خڕۆکەی سپی خوێنی کردووە. هەروەها باسی نەخۆشی تریخینییا، سەرگەورەبوون و گەلێک نەخۆشی تریشی کردووە. گەورەترین کاری  ڕوانینی بووە لەسەر خانە، کە وەک هۆکاری سەرەکی گۆڕانکاریەکانی نەخۆشیزانی داناوە. بە بڕوای ئەو خانەی تایبەت لەناو شانە تووشبووەکان بە نەخۆشیدا نین و هەموو  پێکهاتەیەکی نەخۆش لەو خانانە پێک هاتووە، کە لەوانەی پێش خۆی وەرگیراون. دروشمەکەی بەناوی "خانە خانە دروست دەکات " بوو بە هەوێنی نووسینی کتێبەکەی بەناوی (نەخۆشیزانی خانە). ئەم کتێبە لەساڵی ١٨٥٨دا بڵاوکرایەوەو تێگەیشتنی کۆنی شلێنەیی لەبارەی نەخۆشیزانیەوە گۆڕی. کتێبەکەی پێشکەشی پرۆفیسۆر جۆن گودسێری کرد، کە لە بواری زاڵ بوونی خانەدا زۆر سوودی لێوەرگرت. هەر لەسەردەمی ڤیرچۆدا خۆیدا پێویست بوو بەشێوەیەکی بەرچاو ڕوانینەکانی شەن و کەو بکرێت، بەڵام

لەهەمـان کاتـدا ئـەم ڕوانینانـە  پێشـکەوتنی گەورەیـان وەدیهێنـا. ڤێرچـۆ ژیانێکـی پڕچالاکـی هەبـوو. لـە پەیمانگەکەیـدا بـەش بەحاڵـی خـۆی نزیکـەی بیسـت و سـێ هـەزار چەشـنی  گیانداری کۆکـردەوەو داینـان! زۆر ڕیـزی لێگیـراوەو ئـەو هەمـوو ساڵە لـە کۆششـکردن لەبەرژەوەندی چاکسـازی کۆمەڵایەتـی و تەندروسـتی بەپێـی خۆی پاداشت درایەوە، کاتێک یادی هەشتا ساڵەی لەدایک بوونی کرا بە پشـووی نیشـتمانی  و نەخۆشـخانەیەکی گـەورەی شـارەوانی  بـە نـاوی ئـەوەوە نـاو نـرا.

## پەیدابوونی  زانستێکی نوێ

لویـس پاسـتۆری (١٨٢٢-١٨٩٥) فەڕەنسـی، هاوچەرخێکـی تـری ڤێرچـۆ  بـوو. دەرچـووی بەشـی پزیشـکی نەبـوو، بـەڵام بـە یەکێـک لـە دیارتریـن کەسـایەتیەکانی بـواری مێـژووی زانسـتی پزیشـکی دادەنرێت. بـاس و خواسـی ژیانـی زۆری لەبارەوە ووتـراوە، چالەبەرئـەوە هـەر پێویسـت دەکات سـەرەقەڵەمێکی لێبدەیـن. پاسـتۆر لـە شـارۆچکەی دۆڵ لەدایـک بـووە.

لـەوێ باوکـی لـە سـوپاکەی ناپلیۆنـدا  سـەرباز بـووە. گەڕاوەتـەوە تاوەکـو ببێتـە دەبـاغ و خەریکـی کاری خـۆی بیـت. پاسـتۆری لاو هەندێـک بەهـرەی وێنەکێشـانی تیابـوو، بـەڵام کاتێـک لـە پاریـس خوێنـدی توانسـتی زانسـتی ئـەو بەردەرکـەوت. پاشـان ژیانـی سـەرقاڵی و چەرمەسـەری ئـەو دەسـتی پێکـرد و هەرجارێـک و بـە دەردێکـەوە گرفتاربـوو، لـە هەریەکەشـیانا وانـەی گـەورەی بـۆ مرۆڤایەتـی تیـادا بـوو. لێکۆڵینـەوەی لەبـارەی نەخۆشـیەکانی مـەی، مێـروو، گیانـدارەماڵیـەکان و مـرۆڤ کـرد و ڕوون کردنـەوەی لەسـەریان دا. پاسـتۆری پرۆفیسـۆری کیمیـا بـوو، لـە ستراتسبۆرگ و لیلیدا و دواجـار بـۆ مـاوەی زیاتـر لـە بیسـت سـاڵ لـە پاریسـدا ژیـا. دواتـر شـەش سـاڵ لـە پەیمانـگای پاسـتۆردا خزمەتـی کـرد، کـە لەسـاڵی ١٨٨٨ دا لەبـەر ڕێـزی ئـەو بنیاتنرابـوو. لـەوێ  زۆربـەی کات لـە خۆبووردانـە کاری دەکـرد و خێزانـە دڵسـۆزەکەی یارمەتـی دەدا، کـە باشـترین هاریـکاری بـوو. توێژینـەوەی لەبـارەی بلوێربوونـەوە کـردووەو تێبینـی کرداری  ترشـانی  لـە هاوکێشـەکانیدا کرد. بەمـەش هـۆکاری گەنیـن و ترشـانی دۆزیـەوە، کـە بـۆ چەندیـن سـاڵ لای ئـەو جێـی

سەرنج بوو. ئەوەشی  خستەڕوو ترشان تەنها کاردانەوەیەکی کیمیای نیە، بەڵکو هۆکارەکەی میکرۆبە. بە دامەزراندنی لە لیلدا ناوبانگی دەرکرد. لەوێ ئەوەی دۆزیەوە، میکرۆب وا لە مەی و شیر دەکات بترشێت و ئەمەش دەکرێت لەڕێگەی بەکارهێنانی گەرمی یان پاستۆرکردنەوە  ڕێگری لێ بکریت. پاشان کاری کرد تا دڵنیا بێت لەوەی داخۆ ئەو میکرۆبانەی  دەبنە هۆی ترشان لەخۆوە کاردەکەن یان لەنێو هەوادا هەن. پاستۆر سەلماندی میکرۆب لەهەوادا هەیە. ئەمەش بوو بە  ڕێخۆشکەر بۆ لیستەر کار بە بنەمای نەشتەرگەری بکات و  ئەنجامی سەرسوڕهێنەرانەی لێوە هەڵەنجێنێت. هێشتا بەم توێژینەوە قاڵ بوو، کاتێک داوای لێکرا بچێتە باشووری فەڕەنسا تا لێکۆڵینەوە لە نەخۆشی کرمی ئاوریشم بکات، کە لەوێ بوو بووە هەڕەشە لەسەر پیشەسازی وولات. دوای سێ ساڵ لە کارکردن، دوو نەخۆشی جیاوازی دۆزیەوەو ڕێگاکانی ڕێگرکردنیانی خستەڕوو، کە بوونە مایەی بووژانەوەی پیشەسازی وولات. لەکاتی کارکردندا تووشی ئیفلیجی مێشک بوو، جا خۆشبەختانە  دوای ئەم نەخۆشیە سەخت و درێژخایەنە، چاک بوویەوە. لەو کاتەدا کیمیاگەر نەبوو، بەڵکو زیاتر بەکتریاناس بوو. جا توانا لێوەشاوەکەی خۆی بۆ ڕێگرکردن لە نەخۆشی دەردەسپڵ (ئانترۆکس) تەرخان کرد، کەجۆرێکی نەخۆشی بوو لە فەڕەنساداو هەڕەشەی لەناوچوونی مەڕو ڕەشەووڵاخی دەکرد. پاستۆر کاری لەسەر ڕاسپاردەکانی جێنەر کرد، بەمەش  جۆرێکی لاوازی بەکتریای ئامادەکرد. جۆرێکی کۆف کە زیانی کەم بوو کاتێک گیانداری پێدەکوترا و  دەبووە هۆی کەمە هێرشێک و بڕێک لەبەرگری دروست دەکرد. هەمان ڕێکار بۆ ڕێگریکردن لە کۆلێرای مریشک گیرایە بەر، ئەو نەخۆشیەی کە زیانێکی زۆری لێکەوتەوە. جا بەناوبانگترین  دۆزینەوەی پاستۆر لە ٦ ی مانگی تەمموزی ساڵی ١٨٨٥ دا بوو، کاتێک چارەسەری  جۆزیف مەیستەری کرد. جۆزیف کوڕێکی خەلکی ئەلساسی بوو، سەگێکی تووش بوو بە نەخۆشی هاری گازی لێگرتبوو. دوای چەند مانگێکی کەم، حاڵەتێکی تری سەرکەوتووانە چارەسەر کرد. شوانێکی ناوچەی جوڕا بەناوی ژوپی سەگێکی فرە هار گازی لێگرتبوو، کاتێک بەدەست ڕایکێشابوو تا هاوڕێکانی بپارێزێت. لەبەر ئازایەتیەکەی ئەو کوڕە بۆ یادگاری لە پەیمانگای پاستۆر لە پاریس

پەیکەرێکی بۆ دروست کراوە.

دوای چەندین تاقیکردنەوە پاستۆر گەیشتە ئەو دەرەنجامەی ئەو ڤایرۆسەی دەبێتە هۆی نەخۆشی هاری، لەناوەندە کۆئەندامی دەماری مرۆڤ و گیاندارداییە. لە مۆخی ئێسکی بڕبڕەی پشت، ڤایرۆسێکی لە قاڵب دراوی بۆ کوتان دەرهێناو بەهۆی سەرکەوتنی ئەزموونە سەرکەشیەکانیەوە "پەیمانگای پاستۆر" لە زۆر شوێنی جیهاندا دامەزرێنرا و ڕێژەی مردن بە نەخۆشی هاری بۆ کەمتر لەسەدا یەک کەمبوویەوە. دەتوانین بڵێین کشتوکاڵ، پیشەسازی، زانستی پزیشکی و مرۆڤایەتی بەگشتی بۆ هەتا هەتایە قەرزاری ئەم زانا لێهاتوو و کۆششکارەیە. بەڕێز لیستەر لە کۆبوونەوە گەورەو بەجۆش و خرۆشەکەی پاریس لەیادی حەفتا ساڵەی لەدایک بوونی پاستۆردا وەهای گووت" کورە هیچ کەس لەم دونیایەدا نیە هێندەی تۆ خزمەتی زانستی پزیشکی کردبێت ". پاستۆر، کە چووە ژوورەوە و لەسەر باڵی سەرۆک کارۆتن پاڵ کەوت، بەخۆشی بە ئامادەبوونی شاندە بیانیەکان وەها بیروڕای خۆی دەربڕیەوە " زانست و ئاشتی ئەبێت بەسەر نەزانی و جەنگدا سەربکەون و گەلانیش یەک بگرن نەک یەک قڕبکەن، بەڵکو خزمەت بە یەکدی بکەن و داهاتووش بۆ ئەوانەیە زۆر کاریان بۆ نەهێشتنی نەهامەتی مرۆڤ کردووە. مەبەستم تۆیە لیستەری ئازیز". پاشان پاستۆر و لیستەر یەکیان بینی و لەنێو هاواری " بژی پاستۆر " دا باوەشیان بەیەکتردا کرد.

ئەو کۆبوونەوە مێژوویە بووبە دەستپێکی سەردەمێکی نوێی زانستی پزیشکی و نەشتەرگەری. پاستۆر گەلێک قوتابی بەناوبانگی هەبووە، دیارترینیان میتچینکۆف (١٨٤٥-١٩١٦) زانای ڕووسی بووە، کە لەساڵی ١٩٠٨ دا خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە. میتچینکۆف لەخێزانێکی سادەو خاکی لە نزیک خارسۆف لەدایک بووە. وەک جۆن هەنتەریش، پەرۆشی زانیاری بووەو دواجار ئەم پەرۆشیەشی بووە هەوێنی گەلێک لە دۆزینەوەکانی. ماوەیەک لە ئۆدیسا وانەی لەبارەی ئاژەڵ ناسی وتەوە و پاشانیش لە سیسیلی خەریکی توێژینەوە بوو. لەکاتی کارکردنی لە تاقیگەی دەریای مێسینا، کە توێژینەوەی لەبارەی کرداری هەرس کردن لە

کرمۆکەی ئەستێرەماسی و تەختەکرمەدا دەکرد، ڕێبازی "ڤاکۆسیتۆسی" لا گەلالە بوو. ئەمەش بریتی یە لەناوبردن یان هەڵووشینی بەکتریا لەڕێگەی خڕۆکە سپیەکانی خوێنەوە. مارچین کۆڤ گوێی لە پلەو پایەو سەروەت و سامان نەبوو. لەساڵی ١٨٨٨ دا لە ڕووسیا دەستبەرداری پۆستەکەی بوو تا لە ژێر دەستی پاستۆر لە پاریسدا کار بکات. باس و خواسی میهرەبانی پاستۆر بەرامبەر ئەو، توێژنەوەکانی کە وایان کرد ناوبانگ دەربکات، لە ژیاننامەکەیدا لە لایەن ئۆلگا مێچینکۆفی خێزانیەوە، کە وەک زانایەکی ڕێنیشاندەر یارمەتی داوە ، زۆر بەجوانی خراوەتە ڕوو.

دواتر ماچینکۆف زیاتر گرنگی بە بابەتی ژەهراوی بوونی خوێنی ڕیخۆڵەدا و ئەگەری درێژبوونی ژیانی لەڕێگەی هەڵوشینی ترشی لاکتیکی، خستەڕوو. دوای پاستۆر، ئیمیل ڕووی (١٨٥٣-١٩٣٣) جێگرەوەی هات، کە لەگەڵ پاستۆردا وەک مەزنترین بەکتریاناسی فەرەنسی دادەنرێن. ڕوو گەلێک دۆزینەوەی ناوازەی هەبوو. ئاووگی دژەوەناقی ئامادەکرد و ئەوەشی خستەڕوو، کە دەکرێت مەیمونی هەڵگری نەخۆشی فەرەنگیش بکوترێت. خۆی دەست بەکاربوونی وەک بەڕێوەبەری پەیمانگای پاستۆر بەڵگەی گەلێک لە دۆزینەوە گرنگەکانیەتی.

جۆرج ویداڵ (١٨٦٢-١٩٢٩) بەکتریاناسێکی تری ناوداری پاریس بوو، کە لە ساڵی ١٨٩٦دا پشکنینی خێرای بۆ دەستنیشان کردنی نەخۆشی گرانەتا دۆزیەوە. دیارە ئەم پشکنینە بەناوی خۆیەوەتی و زۆر بایەخدارە. ڕۆبەرت کوخیش (١٨٤٣-١٩١٠) ئەو پێشەنگە مەزنە ئەڵمانیەیە، کە ئەبێت لەگەڵ پاستۆردا وەک دامەزرێنەری زانستی بەکتریاناسی ناوی بهێنین. کوخ لە کۆتینخێن لای هێتڵ خوێندوویەتی و مەشقەوەرێکی گوندی بووە، کە لەجەنگی نێوان ئەڵمانیا و فەرەنسادا بەشداری کردووە. لە گوندێکی وێڵستەین دەستی بە توێژینەوە گرنگەکانی کرد و ئەوەی دۆزیەوە ئەنثراکس، ئەو نەخۆشیە مرۆژەڵە بەهۆی بەکتریایەکی گەورەیە، کە ئالیۆس پۆلێندەری پزیشکی ئەڵمانی لەساڵی ١٨٤٩ دا دۆزیویەتیەوە. دەرکەوت هۆکاری نەخۆشیەکە پیس بوونی ژینگە نەبووە و لەساڵی ١٨٧٦ دا ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی بڵاوکردەوە. بەم لێکوڵینەوە لە نەخۆشی ئەنثراکس، دەرکەوت

ئەم نەخۆشیە فرە درمیە دەکرێت هۆکارەکەی ووردە زیندەوەر بێت. بەڕای کوخ دیاریکردنی جۆری زیندەوەر کاتێک قبوڵ دەکرێت ڕاستیە زانراوەکانی ناسراو بە "گریمانەکانی کوخ" شوێنی خۆیان بگرن. وتوویەتی "ئەو میکرۆبەی بەشێوەی جۆراوجۆر هەیە دەکرێت توانای ئەوەی هەبێت لەدەرەوەی لاشەدا گەشە بکات و ئەگەر گیانداریکی ساغی پێبکوترێت، پێدەچێت ببێتە هۆی نەخۆشیەکە". کوخ ڤایرۆسی کۆلێرای دۆزیەوەو ئەوەشی خستەڕوو نەخۆشیەکە لەڕێگەی ئاوی خواردنەوەوە دەگوزرێتەوە، جالەبەر ئەوە دەکرێت ڕێگری لێبکرێت. گەشتی ئەفریقای باشووری کرد تا لێکۆڵینەوە لە تاعوونە ڕەشە بکات. گەشتی بۆ هینیدیش کرد تا لێکۆڵینەوە لە تاعوون بکات و هەروەها گەشتی بۆ دوورگەی جاڤای ئەندەنوزیا کرد تا لێکۆڵینەوە لە هۆکاری نەخۆشی مەلاریا بکات. کوخ هەر زۆر گرنگی بە نەخۆشی سیل دا. لەساڵی ١٨٨٢ دا بەکتریای نەخۆشیەکەی دۆزیەوە و لەساڵی ١٨٩٠ دا چارەسەیکی نوێی خستەڕوو، کە خۆی لە دەرهێنانی گلیسرینی بەکتریاکەوە دەبینیەوە، بەڵام لەئاست چاوەڕوانی ئەودا نەبوو. زۆرجار خەڵاتی ڕێزلێنانی پێدراوە و لەساڵی ١٩٠٥ دا خەڵاتی نۆبلی لەبواری پزیشکیدا وەرگرت. لەساڵی ١٨٩١ دا پەیمانگەیەکیان لە برلین بۆ چارەسەری نەخۆشیە درمیەکان بۆ کوخ دامەزراند. لەوێ بەردەوام کاریکرد تا لە ١٩٠٤ دا خانەنشین بوو. دوای شەست ساڵ لەمردنی، سوتووی جەستەی هەڵگیرا. کوخ ژیانێکی پڕ کۆشش و بەرهەمداری هەبوو، زۆر خزمەتی بە مرۆڤایەتی کرد. دەکرێت ئێستا باسی کەمێک لەو بەکتریاناسانە بکەین، کە کوخ مامۆستایان بووە.

ئیمیڵ ڤۆن بێرین (١٨٥٤-١٩١٧) چەند ساڵێک لە پەیمانگاکەی کوخدا کاری کرد و پاشان بوو بە پرۆفیسۆر. سەرەتا لە هاڵداو دواتریش لە ماربۆرگ کاری کرد. کاری گەورەی ئەو دۆزینەوەکەی بوو لەساڵی ١٨٩٠ دا لەبارەی بنەمای چارەسەری زەرداو، مەین و دژە ژەهراوی بوونی قوڕگ، کە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش ڕێژەی مردنی کەمکردەوە. یەکەمین نەخۆش لەڕێگەی ئەم میتۆدە نوێیەوە چارەسەرکرابێت، مناڵێک بوو لە کلینیکیەکەی ڤۆن بێرگمان لە بەرلیندا لەشەوی سەری ساڵی ١٨٩١ دا. شیباسا بۆڕۆکیتاسانۆی هاوکاری ڤۆن بێهرین، بۆماوەی شەش ساڵ لای کوخ کاری کرد و پاشان گەڕایەوە زێدی خۆی.

لـەوێ پەیمانگەیەکـی بـۆ چارەسـەری نەخۆشـیە درمیـەکان دامەزرانـد، کـە لەساڵی ١٨٩١ دا بووە بەڕێوەبەری. لەساڵی ١٨٩٤ دا بەکتریای تاعوونی دۆزیەوە، دۆزینەوەیەک سەربەخۆیانە لە هۆنگ کۆنگ ئەلیکساندەر یەرسنی بەکتریاناسی فەڕەنسی خستیەڕوو. ڤۆن بێرین و کیتاساتۆ پێکەوە دژە ژەهری دەردە کۆپانیان دۆزیەوە، کە ئەنجامی سەرسوڕهێنەری هەبوو. جا پۆڵ ئیرلیچی پزیشکی ئەڵمانی،زیاتر ڕوون کردنەوەی لەبارەی بیرۆکەی دژە ژەهر دا و سیستەمێکی بۆ پێوانەکردنی ژەمە دەرمان خستەڕوو.

جۆرج گافکی (١٨٥٠-١٩١٨) کرایە جێنشینی کوخ، کە لە میسر، هیندستان لە دەستەی قەلاچۆکردنی نەخۆشی کۆلێرا لەئەڵمانیادا یاوەری کرد. گافکی وەک کەسایەتی و وەک زانایش زۆر ڕێزی لێنراوە. دۆزەرەوەی بەکتریای گرانەتا بووەو زۆر کاری لە بواری بەکتریاناسیدا کردووە.

دوای گافکی فریدریچ لۆیڤلەر(١٨٥٢-١٩١٥) هات، کە یەکێکە لە مەزنترین بەکتریاناسەکان و نووسەر و مامۆستایەکی نموونەیش بووە. بەکتریای دوو شاخەو ڕژێنەکان بەشێک بوون لەدۆزینەوەکانی و هەروەها میتۆدی نوێی بۆ لەناوبردن و بەخێوکردنی بەکتریاش داهێنا. ڕیچارد فیفەر (١٨٥٨-١٩٤٥) یەکێکی تر بوولە هاوەڵەکانی کوخ، کە لە برێسلاو لەساڵی ١٩٠٩ تا ساڵی ١٩٢٦پرۆفیسۆر بووە. دۆزینەوەکانی زۆر جێی بایەخ بوون. بەکتریای ئەنفلۆزاو بەکتریای کاتەر هاڵیسی دۆزیوەتەوە. ئەلبێرت نەیسەری (١٨٥٥-١٩١٦) پزیشکێکی تری بواری پێست و بەکتریاناسێکی خەڵکی برێسلاو بووە، کە میکرۆبی نەخۆشی سیلی دۆزیوەتەوە. یەکەمجار بەکتریای نەخۆشی گولی لە لایەن ئارسور هانسنی (١٨٤١-١٩١٢) پزیشکی نموونەیی و شارەزا لەبواری نەخۆشی گەڕی لەسەردەمی خۆیدا، دەسنیشان کرا. نەخۆشیەکە لەو وڵاتە تەشەنەی سەندبوو. ئەلبێرت فرانکێلیش (١٨٤٨-١٩١٦)، کە پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشیەکانی سنگ بوو، بەکتریای نەخۆشیەکانی سی دۆزیەوە. بەو جۆرە بەشێوەیەکی خێرا زنجیرەی بەکتریای هۆکاری گەلێک لە نەخۆشیە درمیەکان دۆزرایەوەو لە زۆر حاڵەتیشدا میتۆدی کاریگەری چارەسەرکردن خرانەڕوو. لەبەریتانیادا بەجۆش و خرۆشەوە

لێکۆڵینەوە لە زانستی نوێی بەکتریاناسیدا کرا. باسی هەریەک لە بەڕێزان ئەلمۆرث ڕایتی، پێشەنگی چارەسەری کوتان و دژەگرانەتا و هەروەها ویلیام بۆگ لیشمانی پزیشکی سەربازی، دەکەین. بەڕێز جەرمان سمیس ودهێد (١٨٥٥-١٩٢١) پرۆفیسۆری نەخۆشیزانی لە کامبرج، زۆر کاری لەبواری بەکتریاناسیدا کرد و سەرنووسەری گۆڤاری (نەخۆشیزانی و بەکتریاناسی ) ش بوو. بەڕێز ئەلیکساندەر ئۆکستۆن (١٨٤٤-١٩٢٩) لەکاتێکا لەساڵی ١٨٨٢ دا لە ئابەردین کاری لەبواری بەکتریاناسی کێمکردندا دەکرد، سەرەتا بەکتریای ستافیلیای دەستنیشان کرد و ناویشینا و لە بەکتریای گرێی جیای کردەوە. ئۆکستۆن لە زانکۆی ئابێردیندا بوو بە پرۆفیسۆر و هەروەها لە نەخۆشخانەی شاهانەی ئابێردیندا بوو بە پزیشکی سەرەکی. لەکتێبەکەیدا بەناوی (یادەوەری سێ هەڵمەتەکە) باس و خواسی ئەزموونە گەورەکانی خۆی لەبواری نەشتەرگەری سەربازیدا کردووە.

زۆرێک لەبەکتریاناسە بەریتانیەکانی تر، کە قوتابیان بە کارە گرنگەکانیان ئاشنان هێشا خۆشبەختانە لەژیاندان. ثیۆبۆڵد سمث (١٨٥٩-١٩٣٤) یەکێکە لە دیارترین بەکتریاناسەکان لە ئەمریکا، کە لەبەشەکانی دواتردا باسی دەکەین. زیاتر بە کتێبەکەی لەسەر دەردە ڕەشە ووڵاخ، زۆری هەستیاری و جیاکردنەوەی سیلی مرۆڤ لە سیلی ووڵاخ، ناوبانگی دەرکردووە.

ویلیام هێنری وڵێچ (١٨٥٠-١٩٣٤) بەکتریاناسێکی تری بەناوبانگی ئەمریکی بووە، کە ماوەیەک لە ئەڵمانیا خوێندوویەتی و سەرۆکی بەشی نەخۆشیزانی بووە لە زانکۆی جۆن هۆپکینز لە بەڵتیمۆردا. لەوێ بۆ ماوەی سی و چوار ساڵ خزمەتی کردووە. لەو کاتەشدا ویلیام ئۆسلەری سەرۆک بەشی پزیشکی، هاوپیشەی بووە. لەساڵی ١٨٩٢ دا وێڵچ بەکتریای گازە خۆرەی دۆزیەوە، کە هەندێک جار پێی دەڵێن بەکتریای وێڵچ. وێڵج کەسێکی زۆر خوێنەوار بووە و مامۆستایەکی زۆر سەرکەوتووش بووە. کاریگەریەکەی لە هەموو ئەمریکادا هەستی پێکراوە. حەزە زۆرەکەی بۆ مێژووی زانستی پزیشکی وای لێکرد دواتر دەست بەرداری بواری نەخۆشیزانی و تەندروستی گشتی ببێت تا پۆستی پرۆفیسۆری مێژووی زانستی پزیشکی وەربگرێت. کتێبخانەکەی ویلیام وێڵج و

پەیمانگای مێژووی پزیشکی لە باڵتیمۆردا نموونەن بۆ یادەوری ئەم مامۆستاو توێژەرە مەزنە.


ئەو بەکتریاناسانەی تر دەکرێت باسیان لێوەبکەین :هێندە بەسە ناوی دوو کەس بهێنین، کە قوربانی ئەو نەخۆشیانە بوون لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردوون. هاوار تایلەر ڕێکێتس (١٨٧١-١٩١٠)، کە بەهۆی گرانەتاوە لەشاری مەکسیکۆ گیانی سپارد، ئەوەی دۆزیەوە ئەم نەخۆشیە بەهۆی زیندەوەری زۆر بچووکەوە سەرهەڵدەدا، کە نەبەکتریایە نە زیندە بەراییەکان. ئەم گروپە، کە بە درمە ڕیکیتیسا ناسراون، سنگەتاش لەخۆدەگرێت و لەڕێگەی ئەسپێوە دەگوازرێتەوە و هەروەها تای ڕووباری یابانی و شاخە بەردینەش لەخۆ دەگرێت. دانێڵ کاربۆن لە لیما لە ساڵی ١٨٨٥ دا دوای ئەوەی دژی بالۆکەی پیروانە خۆی کوتا، گیانی لەدەستدا. لەبەشی هەژدەیەمدا باسی هەندێک لەو کۆششکارانەی تر دەکەین، کە ژیانیان بۆ قەلاچۆکردنی نەخۆشیەکانی ناوچەگەرمەکان تەرخان کردووە.



وێنەی ڕیچاڕد بڕایتی پزیشکی ئینگلیز(١٧٨٩-١٨٥٨)



گورچیلەکانی جۆن کین، ئەو دەریاوانەی لە نەخۆشخانەی گای بەهۆی ئاوسانی گورچیلەکانیەوە مرد. بە لێکۆڵینەوە لەم گورچیلانەو چەند حالەتێکی تر ڕیچار بڕایتی پزیشک هۆکاری حالەتی ئاوبەنگی بۆ نەخۆشی گورچیلە گەڕاندەوە.




وێنەی دانیاڵ درەیکی پزیشکی ئەمریکی(١٧٨٥-١٨٥٢)



وێنەی ئێفڕایم ماکدوێڵی پزیشکی ئەمریکی(١٧٧١-١٨٣٠) کە سەرکەوتووانە بۆ یەکەم جار گرێی هیلکەدانی لابرد.

# بەشی پانزەیەم

## کلینیسیانەکانی سەدەی نۆزدەیەم

دوای ئـەوەی زانیمـان بنەمـا زانسـتیەکانی پزیشـکی و نەشـتـەرگەری لەسـەدەی نۆزدەیەمـدا پێشـکەوتنی بەخـۆوە بینـی، بـا ئێسـتا ئـاورێ لـە لایەنـە کلینیکیەکـەی بدەینـەوە. لێکۆڵینـەوە لـە سـەرچاوەی بیـرو کاری پزیشـکی بکەیـن، هـەروەک لـە ژیان و بەرهەمی هەندێک لـە پێشـەنگە مەزنەکاندا ڕەنگی داوەتـەوە. سـەختە لەنێو ئـەو ژمـارە زۆرەی شـارەزایانی ئـەو سـەردەمەدا کۆمەڵێکـی کـەم هەڵبژێریـن، کـە دەکرێـت زانیـاری لەسـەر زانسـتی پزیشـکی لـە نیـو ژیانیـان وەچنـگ بخەیـن.

نـاوی زۆرێـک لـە مەزنـەکان لابـراون هەتاوەکـو بـەم پوختەیـە زیاتـر پەیامـی مێـژووی زانسـتی پزیشـکی بگەیەنیـن، وەک لـەوەی تەنهـا ژییاننامـەی پزیشـکان کۆبکەینـەوە.

# پزیشکەکانی لەندەن و ئێدنبرە

لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا کۆمەڵێک پزیشک هاتنە مەیدانەکەوە، کە ناوەکانیان بەسەر گەلێک نەخۆشی و نیشانەدا براوە، جالەبەرئەوە هێشتا بەناوەکانیان ئاشنایین. گومانی تیادا نی یە ریچارد برایت (١٧٨٩-١٨٥٨) یەکێک لەدیارترین و بەناوبانگترین پزیشکەکانی سەردەمی خۆی بووە. کوڕی خاوەن بانقێکی ساماندار بووە و لە ئێدنبرە زانستی پزیشکی خوێندووەو لەساڵی ١٨١٣ دا زانکۆی تەواوکردووە. هێشتا قوتابی بوو خۆی و هێنری هۆلاندی هاوڕێی بەرێزی لە گەشتێکدا بۆ ئایسلەندا، هاوەڵی بەرێز جۆرج ماکێنزیان کرد. برایت وێنە ڕوون کەرەوەکانی بۆ کتێبەکەی ماکێنزی بەناوی (گەشتەکانی ئایسلەندا) کێشاوە. هەروەها نووسینی لەسەر ڕووەکناسی و ئاژەڵناسیش هەبووە. لەگەڕانەوەیدا بۆ ماوەیەک لەنەخۆشخانەی گای خەریکی لێکۆڵینەوە بووە، پێش ئەوەی خوێندنی پزیشکی لە ئێدنبرەدا تەواوبکات. دوای تەواوکردنی خوێندنەکەی، چەند مانگێک لە کیشوەری ئەوروپادا ژیا. ئەمەش وەک گەشتێک بووە هەوێنی بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی بەناوی (گەشتێک بەناو هەنگاریای خوارووی). دیارە ئەمەش کتێبێکی باش بووەو وێنەی ڕوون کەرەوەی جوانی تیادا بووە، کە گەلێک زانیاری و هەندێک توێژینەوەی بەپێزی لەسەر زەویناسی تیادا بووە. برایت لەلەندەن نیشتەجێ بووەو لە بلومزبەری سکوێیەر کاری کردووەو لەساڵی ١٨٢٠ دا لەنەخۆشخانەی گای بووە بە پزیشکی یاریدەدەر و لەساڵی ١٨٢٤ دا بوو بە پزیشکی گشتی. بەپەرۆشەوە خەریکی کارەکەی بووە و بۆ چەند ساڵێک ڕۆژانە لە نەخۆشخانەکەدا بەشێوەیەکی ڕێک و پێک کاری کردووە. یەکەم کەس بووە نیشانەی ئاوبەنگی دەستنیشان کردووە. هەروەها ئەوەشی خستەڕوو نەخۆشی گورچیلە ئەبێتە هۆی دروست بوونی ئەلبوومین (پرۆتین) لەناو میزدا. توێژینەوەکانی لەیەکەم بەرگی کتێبەکەیدا بەناوبانگەکەیدا بەناونیشانی (ڕاپۆرتی حاڵەتە تەندروستیە هەڵبژێراوەکان لەڕوانگەی دەستنیشان کردن و چارەسەری نەخۆشی بەگەڕانەوە بۆ توێکاری نەخۆشی ) بڵاوکردەوە. بیست و سێ حاڵەتی نەخۆشی بەردی گورچیلە، نەخۆشی فەرەنگی و بە پرۆتینبوونی میز و

لەگەڵ ڕاپۆرتی پاش مردنی هەموو حاڵەتە کوشندەکان، بەدرێژی باسی لێوە کردوون. ڕاپۆرتەکان لەڕێگەی لەوحەی ڕەنگاوڕەنگی هونەری ئاست بەرزەوە ڕوونکراونەتەوە. بڕایت نووسەرێکی بەتوانا بووە و هەوڵیداوە "توێژنەوەی وورد و دڵسۆزانەی دوای مردن لەگەڵ نیشانە دەرکەوتووەکانی سەردەمی ژیان"، بەیەکەوە گرێ بدات. بەرگی دووەمی ڕاپۆرتەکانی تایبەت بووە بە نەخۆشیەکانی دەمار. لەساڵی ١٨٤٢ دا نۆ قاوش شان بەشانی یەک دانە بۆ نەخۆشیەکانی گورچیلە لە نەخۆشخانەی گایدا دروست کران، تاوەکو توێژینەوەیەکی چڕ لەسەر کاری شەش مانگە بکات. بەم جۆرە توێژینەوە بە پێزەکانی بڕایت سەلمێنران و ڕاستی نوێ ئاشکرا کرا. هەر بەوە نەوەستا لێکۆڵینەوە لەسەر نەخۆشی بکات، بەڵکو لەسەر لووی وورگ، زەردوویی و شەکرەی میزەوە لێکۆڵینەوەی کرد.

لەڕێگەی ووتنەوەی وانەی زانستی پزیشکی و بەشداریکردن لە نووسینەوەی کتێبێک بەناونیشانی (پێویستیەکانی پزیشکی کرداری)، هاوکاری تۆماس ئەدیسۆنی پزیشک و زانای بەریتانی کرد. ئەوەی جێی داخە ئەم کتێبە هەر تەواو نەکرا. بڕایت مرۆڤێکی خۆشەویست و میهرەبان بوو و ڕاوێژکارێکی زۆر بەناوبانگیش بوو. نەک بە هۆی نەخۆشیەکەی خۆیەوە هەروەک هەندێک جار بانگەشەی بۆ دەکرێت، بەڵکو بەهۆی نەخۆشی زمانەی شاخوێنبەری دڵەوە، لە تەمەنی شەست و نۆ ساڵیدا کۆچی دوای کرد.

تۆماس ئەدیسۆن (١٧٩٥-١٨٦٠) هاوچەرخێکی دیار و هاوپیشەی ڕیچارد بڕایت بووە لەستافی نەخۆشخانەی گای. ئەدیسۆن لەنزیک نیوکاسڵ ئۆن تین لە دایک بووە. خۆی حەزی لێبووە وەک خەڵکی کەمبەرلاند بناسرێت، هەروەک خێزانەکەشی ماوەیەکی زۆر پەیوەندیان بە لەینەزکۆستی نزیک کاڕلیزڵ هەبووەو باوکیشی خاوەنی خانەی بانکی بووە لە نزیک لەپتەر کۆست. زۆر جار پشووەکانی لە لەینەرکۆست بەسەر بردووەو لەوێش لە حەوشەی کڵێسا ماوەتەوە. لەساڵی ١٨٩١ دا بەشی پزیشکی لە ئێدنبرە تەواوکرد و دواتریش لە هانۆن گاردین لە لەندەندا دەستی بەکاری پزیشکی کرد. ئەمەش هەنگاوێکی بوێرانەبوو بۆ پزیشکێکی نەناسراوی خەڵکی باکوور کە لە شاری لەندەندا کار

بکات. زانیاری لەبارەی ژیانی منداڵیەوە زۆر کەمە، بەڵام بە لێوەشاوەی خۆی ناوبانگی دەرکردووە و لەساڵی ١٨٢٤ دا لەنەخۆشخانەی گای بووە بە یاریدەدەری پزیشک و دواتریش بووەتە پزیشک. بۆ زیاتر لە چل ساڵ مامۆستایەکی نموونەی بووە لە گایدا. لەوێ سەربارى هەڵس و کەوتە خۆبەزل زانی و تایبەتەکەی، قوتابیەکانی زۆر ڕێزیان لێناوە. زمانی گەیاندنی زۆر ڕوون و ڕەوان بووە. بەهۆی ئەوەی کەسێکی دوورەپەرێز بووە، زۆر بەکەمی لەڕۆژگاری خۆیدا لەدەرەوەی پیشەکەیدا ناسراو بووە. ئەو کتێبە پزیشکیەی لەگەڵ برایتدا نووسیویەتی باس و خواسی کلینیکی چاکی لەسەر پاشکۆی کرمە یان با بڵێین ڕیخۆڵە کوێرە تیادا بووە، چەندین ساڵ پێش ئەوەی هەوکردنی ڕیخۆڵە کوێرە ببێتە ووشەیەکی باو.

ئەدیسۆن زیاتر گرنگی بە نەخۆشیەکانی سنگ داوە و هەر زۆر کارەکانی لایینێکی لا پەسەند بووە، هەرچەندە لە زۆر بابەتدا ڕوانینی لەگەڵ ئەودا جیاواز بووە. لە توێژینەوەکەیدا بەناوی (لەبارەی نەخۆشی سیلەوە) وتوویەتی "بە زۆری بەهۆی هەوکردنی سیەوە، گۆڕانکاری لەو سیەدا ڕوودەدات کە تووشی نەخۆشی سیل دەبێت". لە کاتێکا ئێستا داندەنرێت بەوەی ئەو دەربڕینە بەتەواوی ڕاست نیە، دەی پەیبردنیش بەچۆنیەتی ئەم کارە خۆی لەخۆیدا کارێکی مەزن بوو. لەساڵی ١٨٤٩ دا ئەدیسۆن بۆ یەکەمجار وەسفی جۆرێکی ناوازەی کەم خوێنی کرد. لە حاڵەتە کوشندەکاندا، حاڵەتێکی تووشبووی لووی سەر گورچیلەی دۆزیەوە. لەسەر توێژینەوەکانی بەردەوام بوو و حاڵەتەکانی کۆکردەوەو دواجار لەساڵی ١٨٥٥ دا توێژینەوەیەکی چل لاپەڕەیی بەناونیشانی ( لەبارەی هۆکارە بونیادی و ناوەکیەکانی نەخۆشیەکانی لووی سەر گورچیلە)، بڵاوکردەوە . دوو نەخۆشی لەیەک جیاکردەوە : یەکێکیان کەم خوێنی، کە بەگشتی پێیان دەووت (پیس) و تیایدا هیچ ئەندامێکی زیان لێکەوتوو نەدۆزرایەوە.

ئەوی دیکەیان کەم خوێنیەک بوو پەیوەندی بە پێستی بڕۆنزی و لووەکانی سەرگورچیلەوە هەبوو و ئێستا پێی دەڵێن "نەخۆشی ئەدیسۆن". ئەدیسۆن زۆر کاری نەکرد و هەر دوای مردنی ناوبانگی دەرکرد، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێک بوو لە مەزنترین پزیشکەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم.

بەڕێز ویلیام وایتی گەڵ (١٨١٦-١٨٩٠) پزیشکێکی پێشەنگی بوولە لەندەندا، کە لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا هەڵکەوت و بووە بە نموونەی باڵای پزیشکی کلینیکی. کەسایەتیەکی بەهێزی هەبووەو زۆریش داناش بووە. لە کۆڵچێستەر لە دایک بووەو تەمەنی تەنها دە ساڵ بوو، کاتێک باوکی بەهۆی نەخۆشی کۆلێراوە مرد. ژنێک و شەش منالی لەپاش بەجێما، کە ویلیام منالی ناویان بوو. دواتر لە ژیانیدا ویلیام گەڵ سەرکەوتنەکەی بۆ ئەو کارانە دەگەڕاندەوە دایکی دەیدا بەسەریدا، کە خووی کارکردن و پیشەسازی و کۆڵنەدانی لە گیانی منالەکاندا ڕواندبوو. گەڵی لاو لە قوتابخانەدا توانای خۆی سەلماند و سەربەخۆیانە زمانی یۆنانی خوێند و دواتر بەڕیوەبەری قوتابخانەکەی جۆشیدا تا لەقوتابخانەکەدا وانەی زمانی یۆنانی بڵێتەوە. جا لەو بارەیەوە وتوویەتی " هەر کە دەستت بە وانە وتنەوە کرد، فێردەبیت". گەڵ بۆ ماوەیەک ئارەزووی چوونە سەر دەریای هەبوو. لەتەمەنی سیانزە ساڵیدا خۆشبەختانە چاوی بە بەڕێز بینیامین هاریسنی بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی گای کەوت. پێشووتر هاوڕێی ئەدیسۆن و بڕایت وبوو وە سەردانی برازاکەی، قەشەی ئەو کڵێسایەی تیایدا دەژیا، دەکرد. بەڕێز هاریسن ویلیام گەڵی بانگهێشت کرد تا وەک کرێکار لە نەخۆشخانەی گای ئیش بکات. شوێنی مانەوەی بۆ دابین کرد و سووکە مووچەیەکی بۆ بڕیەوە. ئاقڵانە پێی ووت " من یارمەتیت دەدەم گەر تۆ یارمەتی خۆت بدەیت ". ویلیامیش کاری بە ئامۆژگاریەکەی کردو سەربەرزانە دوای چەند ساڵێکی کەم بڕوانامەی پزیشکی بەدەست هێنا. لەو کاتەدا بووبە مامۆستای زانستی پزیشکی و فەلسەفەی سروشتیشی دەووتەوە چونکە هێشتا ئەو پسپۆڕیە جیا نەبوو. تا هاوسەگیری کرد لەساڵی ١٨٤٨ دا، لە گای دەژیا. هەر ئەو ساڵە پەیوەندی بە دەستەی نەخۆشخانەکەوە کرد و سەرەتا وەک یاریدەدەر پزیشیک کاری کردو دواتریش وەک پزیشک تا کاتی خانەنشین بوونی دوای بیست ساڵ کاری کرد. گەڵ لە زۆر بواردا کاری کردووە. تەماحی پارە پەیداکردنی نەبووە، لەگەڵ ئەمەشدا سەروەت و سامانێکی زۆری بەجێهێشت. دوای ئەوەی سەردانی پاشا ئێدواردی سێ یەمی کرد لە وێڵز، پلەی بارۆنی پێ بەخشرا. لەو کاتەدا لە نەخۆشخانەی ساندرینگام لەساڵی ١٧٨١ دا، ئەو پاشایە گرانەتایەکی هەر فرە

توندی گرتبوو. کەسێکی ناسراوی بەم جۆرە باسی بەڕێز ویلیام گەڵی کردووە " هەمیشە لەسەر پێ بووەو پشکنینی ووردی بۆ هەموو حاڵەتێک کردووە. لەکاتی بڕیاردانـدا ئـەو پـەڕی بەکورتـی بوێرانـە و دوور لـە سـۆز ووشـەکانی دەربڕیـوە و هەڵـس و کەوتـی لـە قاوشـی نەخۆشـخانەو لـە کۆشـک و تـەلاردا وەک یـەک بووە". درێژەی دەداتێ و دەڵێت "ئەو هەر تەنها خەمی نەخۆشی بوو. نەخۆشی لـە ڕوانگـەی حاڵەتەکـەی یـان نەخۆشـیەکەی تەماشـا نەدەکرد ". خۆشـی لەبـارەی کچێکـی تـووش بـوو بـە هیسـتریا وتوویەتـی "هیـچ کێشـەیەکی نیـە. خـۆی کێشـەی بـۆ خـۆی دروسـت کـردووە ". ئەمانـەش بەشـێکن لـە ووتەکانـی :-

١-"ناتوانم "هەر قسەی گەمژە و لە خۆڕازیەکانە و لە زانستدا شوێنی نابێتەوە.

٢-کەسانی گەنج و بەتەمەن و نەخۆش ئەبێت هەمیشە یارمەتی بدرێن.

٣-گـەر ویسـتت هەبێت، دڵنیابە بەسـەر نەخۆشیەکانی سیل، فەرەنگی و ئالۆشیشـدا زاڵ دەبێت.

بەڕێـز ویلیـام گـەڵ کـەم دەرمانـی بەکارهێنـاوەو زۆر جاریـش هـەر بـەکاری نەهێنـاوە. توێژینەوەیەکی بەنـاوی (چارەسـەری ڕۆماتیزمـی توند بـە ئـاوی کانزایـی ) نووسـیووە . لـەم توێژینـەوەدا ئامـاژە بـەوە دەکات نەخۆشـیەکە دەبێـت بـە پێـی سروشتی خۆی چارەسـەر بکرێت. دەی لەڕاستیشـدا چارەسـەرەکەی زۆر زانسـتیانە بووە و ڕاسپاردەکانیشـی ڕوون بوون. ڕەچەتەکانی هەمیشـە سادەبوون و باوەڕی بە جۆراوجۆریەتی دەرمـان نەبـووە. زۆر ئارەزووی بەڕاهێنـان و خـۆش گوزەرانـی پەرسـتاران هەبووە. وتوویەتـی " هەندێک جار لەبەر پارە و هەندێک جاریش وەک پیشـە چاودێری نەخـۆش دەکرێت. دەبێت ئـەم کاری چاودێریـە بکرێتـە ناچـاری". گـەڵ نووسـینی کـەم هەبـوو، بـەڵام زۆر توێژینـەوەی بەپێـزی ئەنجـام دا. ئـەوەی دۆزیـەوە نەمانـی جووڵـەی لـەش بەهـۆی بڕبڕەکانـی پشـتەوەیە. باسـی نەخۆشـی (میکسـیدیما)[76] کـردووەو زۆر جـۆری نەخۆشـی بڕایتـی لێـک جـودا کردۆتـەوە و پێشـنیاری بەکارهێنانـی نێـرەی ڕووەکـی سەرخەسـی بـۆ چارەسـەرکردنی کرمـی

٧٦ نەخۆشیەکە بەهـۆی کـەم چالاکی لیکە ڕژێنەکانـەوە سـەرهەڵدەدات. ئـەم نەخۆشـیە دەبێتـە هـۆی کەمـی چالاکی جەستەی و عەقڵی و ئەستووربوون یان ووشک بوونـەوەی پێست.

شـریتی کـردووه. زمانەوانێکـی شـارەزابووە و حەزیشـی لەهۆنـراوە هەبـووەو زۆر شـەیدای سروشـیش بـووە. تەنانـەت هەڵـس و کەوتـی چۆلەکەکانی لەندەن سـەرنجی ئـەم پیـاوە دڵ گـەورەیـان ڕاکێشـاوە.

بەڕێـز سـامویڵ ویڵکـس (١٨٢٤-١٩١١) هاوڕێـی بەڕێـز ویلیـام گەڵـدا بـووە. کەسـێکی میهرەبـان و سـەرنجڕاکێش و نووسـەرێکی کـەم وێنـە بـووە. ویلیـام جێنـەری (١٨١٥-١٨٩٨) هاوڕێـی خـۆی ڕکابـەری سـەرەکی بـووە، کـە لەڕێگـەی کارکردنـەوە سـەروەتی پێکەوەنـاوە. بەشـێوەی سـەرەکی بـەو کارانـەی لـە بـواری تایەکانـدا کردوونـی، ناوبانگـی دەرکـردووە. لەنێـو کلیسـیانە مەزنەکانـی سـەردەمانی دواتـردا نـاوی ویلیـام ئۆسـلەر دەبینرێـت، کـە لەبەشـی دواتـردا بـاس لەکارەکانـی دەکەیـن. بەڕێز کلیفۆرد ئەڵبـەت و زۆرێکـی تـر، کاریـان کـرد تـا پسـپۆڕی لەیەکێـک لـە بـوارە زۆرەکانـی پزیشـکی کلینیکـی وەرگـرن، کـە ووردە ووردە شـوێنی خـۆی دەگـرت. ئەنـدرو دونـکان، کـە پێشـتر باسـمان لـە بەرهەمەکانـی کـرد، لەگـەڵ جـۆن هەگـز بینێـت پزیشـکی کلینیکیـان لـە ئێدنبـڕە زۆر بـەرەو پێـش بـرد.

ڕۆبێـرت کریسـتۆن (١٧٩٧-١٨٨٢) کلینیسـیانێکی تـری نـاودارە، کـە باوکـی پرۆفیسـۆری زمانی لاتینی بووە. دوای تەواوکردنی خوێندن لە ئێدنبرەدا، ژەهرناسـی لای تورڤێـلا خوێنـدو لەگەڕانەوەیـدا کـرا بـە پرۆفیسـۆری پزیشـکی دادوەری. بـە نووسـینی کتێبـە بەناوبانگەکـەی بەنـاوی (لەبـارەی ژەهرەکانـەوە) ناوبانگـی زیاتـر پەیـدا کـرد.

بووبـە نموونەیەکـی بـاڵا لـە بـواری خۆیـدا و لـەزۆر بۆنـەدا تاجـی لەسـەر نـراوە. کاری گـەورەی لـە بـواری دەرمانسـازیدا کـردووە. چەندیـن سـاڵ پزیشـکێکی ڕاوێـژکاری نموونەیـی بـووە لـە سـکۆتلەندادا.

## پزیشکی کلینیکی لە دوبلن، پاریس و ڤێنادا

ڕۆبـەرت گرەیـڤ و ویلیـام سـتۆک دوو ناودارتریـن پزیشـکی زانکـۆی پزیشـکی ئیرلەنـدا بـوون. هەردووکیـان باوکیـان پرۆفیسـۆر بـووەو بەشـی پزیشـکیان لـە ئێدنبـڕە تەواوکـردووە.

ڕۆبـەرت گرەیڤـس (١٧٩٦-١٨٥٣)، کـە باوکـی پڕۆفیسـۆری لاهوتیـەت بوولـە کۆلێجـی ترینیتی دوبلندا، چەند سالێک لـە ئەوروپادا لـە خوێدنی بالادا قاڵ بـووە. لـە ئیتالیـادا سـوودی لـە هاوڕێیەتـی ویلیام تورنـەری نیگارکێشـی بەناوبانگ بینی. لـە نەمساشـدا ئەزموونێکـی تاڵـی هەبـوو. بەهـۆی سـیخوڕی کـردن بـۆ ئەڵمانیـا زیندانـی کـرا، جـا بەتـەواوی شـارەزای لەزمانـی ئەڵمانیدا پەیدا کرد. کـە گەڕایـەوە دوبلـن، کـرا بـە پزیشـکی نەخۆشـخانەی میـث. لـەوێ ئـەو سیسـتەمەی ڕێنمـای کلینیکـی خسـتەڕوو، کـە لـە ئەوروپـادا بـووە بـووە جێـی سـەرنجی، بـە دیاریکـراوی ئـەو سیسـتەمەی نەخۆشـەکان ڕادەسـپێرێت قوتابیانـی خوێندنـی بـالا ببینـن، کـە بەرپرسـیارن لای پزیشـکان و سـوود لـە ڕەخنـەو ئامۆژگاریـەکان وەرگـرن. دواتـر گرەیڤـس بـوو بـە پڕۆفیسـۆری پەیمانـگای پزیشـکی فەسـلەجەو زۆر توێژینـەوەی لـە گۆڤـاری پزیشـکی دوبلنـدا بڵاوکـردەوە، کـە خـۆی سەرنووسـەری بـووە. (وانـە کلینیکیـەکان لەبـارەی کاری پزیشـکیەوە) بەرهـەم یـان بڵێیـن کتێبـی هـەرە گـەورەی بـووە. جـا ئـەم کتێبـە زۆر ناوبانگـی هەبـووەو وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمانـی فەڕەنسـی و ئاڕمانـد تڕۆسـۆی پزیشـکی نـاوداری فەڕەنسـی پێشـەکی بـۆ نووسـیووە. تڕۆسـۆ گرەیڤـی بـە مامۆسـتایەکی نموونـەی پزیشـکی کلینیکـی دانـاوە. نەخۆشـی گریڤـس یـان بـا بڵێیـن "گەورەبوونـی بـەر چـاوان " ئـەو نەخۆشـیەیە کـە زۆر بـە جوانـی وەسـفی کـردووە، هەرلەبـەر ئەوەشـە بەنـاوی خۆیـەوە ناونـراوە. یەکێـک لەکارەکانـی لەناوبردنـی برسـێتی و پاکردنـەوە لـە پیسـێتی و نەهێشـتنی خوێـن بەربـوون بـووە لەڕێگـەی چارەسـەرکردنی تایەکانـدا. وتوویەتـی "تـا پێتـان دەکرێـت زۆر خواردنـی بـاش بخـۆن". هەتـا شـیوەنی بـۆ خۆشـی کـردووەو وتوویەتـی " ئـای باوکـە گیـان تـا دایگرتـم "! بەڕێـز ویلیـام هـاڵ وایتـی نووسـەری بەریتانـی لەبـارەی ئـەم پزیشـکەوە وتوویەتـی " هیـچ شـتێک هێنـدەی وانـە کلینیکیەکانـی گرەیڤـس بـۆ چارەسـەری نەخۆشـی چـاک نەبـووە".

ویلیـام سـتۆکس (١٨٠٤-١٨٧٨) هاوڕێـی تەمەنـی گرەیـڤ و هاوپیشـەشـی بـووە لـە دەسـتەی پزیشـکانی نەخۆشـخانەی میـث. کـوڕی وانیلـی سـتۆکسـی پڕۆفیسـۆری زانسـتی پزیشـکی لـە ترینیتـی کۆلیـج و ئەندامێکـی نـاوداری کۆمەڵگـەی دوبلـن بـووە. ویلیـام لەسـاڵی ١٨٢٥ دا بڕوانامـەی لـە ئێدنبـڕە بەدەسـت هێنـاوە و هـەر ئـەو سـاڵە

کەهێشتا تەمەنی تەنها بیست و یەک ساڵ بوو، توێژینەوەیەکی کورتی لەسەر بیستۆکی پزیشکی بڵاوکردەوە. بە لێکۆڵینەوە لە کتێبەکەی لاینیک ئیلهامی نووسینی ئەم توێژینەوەیەی بۆ هات، کە ئەم کتێبە شەش ساڵ پێشتر بڵاو کرابووەوە. وەک پزیشکی نەخۆشخانەی میث شوێنی باوکی گرتۆتەوە و لە نزیکەوە لە ناساندنی سیستەمە نوێ یەکەی ڕێنمای کلینیکی لەگەڵ گرەیڤس هاریکار بوو، کەوای کرد زانکۆکە ناوبانگ دەربکات و کاری نەخۆشخانەکە ڕایی بکات. ستۆکس وەک گرەیڤس مامۆستایەکی مەزن و کۆششکارێکی گەورە بووە. لەکاتی بڵاوبوونەوەی دەردە کۆلێرا و گرانەتادا هەر فرە کاری کردووە و خزمەتێکی کەم وێنەی کرد، کە ئەو دوو نەخۆشیە لەو کاتەدا ئیرلەندایان کاول کرد بوو. کتێبەکەی بەناوی (دەستنیشان کردن و چارەسەری نەخۆشیەکانی سنگ)، کە لەساڵی ١٨٣٧ دا بڵاوکرایەوە، وەک کلینیسیان زۆر ناوبانگی پێدەرکرد. دوای چەند ساڵێکی تر، کتێبێکی تری بەناونیشانی (نەخۆشیەکانی دڵ و شاخوێنبەر) بڵاوکرایەوە. لەساڵی ١٨٤٥ دا بوو بە پرۆفیسۆری ڕیگیەس[77] لە بواری پزیشکی لە زانکۆی دوبلندا. ئەم پۆستەش تا مردن لەسەری بەردەوام بوو. ستەوکس بە ئەزموونی زۆری خۆی بۆی دەرکەوت گرنگیەکی زۆر بە نیشانە دیارەکان، بە تایبەتی بە نەخۆشی زمانەی دڵ دەدرێت و تەندروستی ماسوولکەی دڵ لە تەندروستی زمانەکانی گرنگترە. ئەمەش ڕاستیەک بوو بەڕێز جەیمز ماکەنزی دوای پەنجا ساڵ جەختی لەسەر کردەوە. لەگەڵ جۆن چەیندا، کە پیاوێکی سکۆتلەندی بوو لە دوبلندا کاری دەکرد، وەسفی جۆرێکی هەناسەدانیان کرد بەناوی هەناسەدانی چەین-ستەوکس و بۆیان دەرکەوت بە قورسی هەڵدەکێشرێت. هەروەها لەگەڵ ڕۆبێرت ئادەمزدا کۆمەڵە حاڵەتێکی خاولێدانی دڵ و لە هۆش خۆچوونیان تۆمارکرد. دیارە ئێستا ئەم نیشانەیە پێی دەڵێن نیشانەی "ستەوکس-ئادەمز". ستەوکس خاوەنی زانستێکی بەفراوان بووەو گەلێک ئاواتی هەبووە. یەکەمین دبلۆمی بەریتانی لە تەندروستی گشتیدا خستەڕوو و بەشێوەی بەرچاویش چاکسازی لە بواری پزیشکیدا لە ئیرلەندا کرد. حەزی بە هونەر و نووسینی نامە هەبووە و گەلێک هاوڕێی هەبووەو ماڵەکەشی

٧٧ مەبەست لەو پرۆفیسۆرەی زانکۆیە بە پاڵپشتی شاهانە دەکرێت بە پرۆفیسۆر.

بووەتە خانەخوێی میوانە دیارەکانی دوبلن.

بەڕێز دۆمینیک کۆریگان (١٨٠٢–١٨٨٠) پزیشکێکی دیاری تری ئیرلەندی بووە لەسەدەی نۆزدەیەمدا. دوای تەواوکردنی خوێندن لە ئێدنبرەدا، کارگان لە زێدی خۆی لە دوبلن نیشتەجێ بوو. پێگەی گەورە بوو. هەروەها بەشێوەیەکی بەرفراوان کاری کرد. خۆی ئەم زانایە زیاتر بەهۆی کارەکەی لەسەر نەخۆشی شاخوێنبەر ناوبانگی دەرکرد، کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد هۆکاری نەخۆشی سنگە کوژی بێت. جا ئاڕماند ترۆسۆ ئەمەی بە نەخۆشی کۆیگان ناوبرد. لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا پاریس بوو بە پێشەنگی بواری پزیشکی لە ئەوروپادا. پاشان زانستی پزیشکی لەئەڵمانیا گرنگی پێدرا. پێشووتر باسمان لە بەرهەمە نەمرەکەی لاینێکمان کرد. فڕانسوا جۆزیف ڤیکتۆر بروسێ پزیشکێکی تری بریتۆنی بووە لەو سەردەمەدا، کە لە پاریسدا کاری پزیشکی کردووە. لە مێژووی زانستی پزیشکیدا هێندەی لاینیک پایەدار نەبووە. چاوەش (ئەفسەر) و پزیشکیش بووە لە سوپاکەی ناپلیۆندا، وا پێدەچێت کەڵکی لە تاکتیکی سەربازی بۆ بواری پزیشکی کرداری مەدەنیدا وەرگرتبێت چونکە لەسەر ڕێبازی پاڕاسیڵسۆس ڕۆشتووە.

چوست و ڕکشار بووە، کە سەلماندوویەتی نەخۆشی بونی نیە و تەنها نیشانە بوونی هەیە و هەوکردنی ڕیخۆڵە سەرچاوەی زۆربەی نەخۆشیەکانی مرۆڤە. بەجۆرێک هێزی چارەسەری سروشت بوونی نیەو برسێتی و بەکارهێنانی دەرمان چارەسەری هەموو دەردێکە. شۆڕشێکی گەورەی لە پیشەسازی دەرماندا بەرپاکرد. دەووترێت لەساڵی ١٨٣٣ دا چل ملیۆن زاروو هاوردەی فەڕەنسا کرا. بروسایس بە دیارترین پزیشکی بواری خوێن لە مێژوودا دادەنرێت.

پیەر چاڕڵس ئەلیکساندەر لویس (١٧٨٧–١٨٧٢) کلینیسیانێکی تری زۆر بەناوبانگ بووە. بەتوێژینەوەکەی لەسەر نەخۆشی سیل و بە پشت بەستن بە لێکۆڵینەوە لە نزیکەی دوو هەزار کەیس و گەلێک پشکنینی دوای مردن، ناوبانگی دەرکردووە. بۆی دەرکەوت نەخۆشیەکە لە ناواخنی سیدا هەیە. بەهەمان شێوە لێکۆڵینەوەی چڕی لە سەر نەخۆشی گرانەتا کردووەو گرنگی ئامارکردنی لەکاری پزیشکیدا سەلماند. لویس وەک مامۆستایەک زۆر ڕێزی لێنراوە، بەتایبەتی لای

ئەو هەموو قوتابییە ئەمریکانەی وانەی پێوتوونەتەوە.

پیەر بریتۆنوو (١٧٧١-١٨٦٢) کلینیسیانێکی تری دیاری فەرەنسیە، کە باسی نەخۆشی دەردە کۆپانی کردووەو یەکەم کەسیش بووە ناوی نەخۆشیەکەی بردووە. هەروەها نەشتەرگەری دووشاخەی بۆری هەواشی کردووە. ئارماند ترۆسۆ (١٨٠١-١٨٦٧) یەکێک لە قوتابیەکانی بریتۆنووە، کە پزیشکێکی دیاری پاریس بووەو یەکەم کەس بووە لەڕێگەی هەناسە هەڵمژینەوە بۆشای پەردەی سی دۆزیبێتەوە. جۆرج دیۆلافۆی (١٨٣٩-١٩١١) قوتابی ترۆسۆ، چاکسازی لەم ڕێکاریەدا کرد. دیۆلافۆی پزیشکێکی نایاب و مامۆستایەکی بەهرەمەند بووە، کە لەبەر خۆشەویستی پێیان وتووە "دیۆلافۆی گیان". دیۆلافۆی کاری ئەو ئامێرە مژۆکەی تەواوکرد، کە ترۆسۆ دایهێنابوو.

جۆزیف سکۆدا (١٨٠٥-١٨٨١) شۆڕەسواری بواری پزیشکی کلینیکی بوو لە ڤێنادا. سکۆدا کوڕی ئاسنگەرێکی پیلسێن بووە. خێزانی کارسازێکی دەوڵەمەند بەهرە و بلیمەتی ئەوی ناساند ، کاتێک بەڵێنی پێدا یارمەتی بدات، گەر بێتە ڤێناو زانستی پزیشکی بخوێنێت. سکۆداش ئەمەی قبوڵ کردو بە پێ بە شەش ڕۆژ ڕێکردن گەشتە ڤێنا و بە هەموو جۆرێک سەلماندی جێی متمانەی ئەو خانمەیە. دوای تەواوکردنی خوێندن، لێکۆڵینەوەی لە چارەسەری نەخۆشیەکانی سنگ کرد و کتێبێکی گرنگی لەسەر گوێگرتن و لێدانی سنگی بۆ دەستنیشان کردنی نەخۆشی نووسی. هەوڵی دا بۆ هەموو دەنگێک کارە مۆسیقیەکەی دیاری بکات. زۆرکاری کرد تا بەردی بناغەی دەستنیشان کردنی نەخۆشی لە ڕوانگەی جەستەوە لەسەردەمی نوێندا دابنێت، هەرچەندە ڕۆڵی لەبواری چارەسەردا نەبووە. یەکەم کەس بووە بەزمانی ئەڵمانی لە زانکۆی پزیشکی ڤێنادا وانە بڵێتەوە . کارڵ وندەرلیچ (١٨١٥-١٨٧٧) یەکێک بووە لە زرنگتین کلینیسیانەکانی ئەڵمانیا. زۆر قەرزاری ئەم پزیشکەین لەبەر ئەو خشتەیەی لەبارەی پلەی گەرمیەوە دایناوەو تا ئەمڕۆش بەڕێک و پێکی بەکاردەهێنرێت. لەو کاتەدا درێژی گەرمی پێوی کلینیکی پێیەک بوو، کە بیست خولەکەی پێدەچوو تا پلەی گەرمی تۆماربکات.

لەبارەی ویندەرلیچی پرۆفیسۆری زانستی پزیشکی لە لاپزیک وتراوە " تای وەک نەخۆشی دانا و کردی بە نیشانە". فریدریچ ثیۆدۆر فریدریچس (١٨١٩-١٨٨٥) پێدەچێت ڕابەری بانگەشەکارانی پزیشکی کلینیکی بوو بێت لە ئەڵمانیادا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا. وانەبێژێکی نموونەیی و نەخۆشیزانێکی شارەزابووە. لە برێسلا و پاشان لە بەرلیندا پرۆفیسۆر بووە و لەویَ بۆ ماوەی چەند ساڵێک زۆر کاری کردووە. هەر زۆر ئارەزووی لە کیمیای ژیاری هەبووەو لەو بوارەشدا توێژینەوەی بەپێزی لەسەر هەرس کردن، نەخۆشیەکانی جگەر و شەکرەیش ئەنجامداوە. مادەکانی لوسین و ئیرۆسینی ناو میز و نەخۆشی کوشندەی پووکانەوەی زەردی توندی جگەریشی دۆزیوەتەوە.

دوای فریدریچ لەبەرلیندا ئێرنەست ڤۆن لەیدین (١٨٣٢-١٩١٠) هات، کە وەک مامۆستایەکی کلینیکی لە کارە پیرۆزەکەی لەنەخۆشخانەی شاغیتیَ خزمەتی دەکرد. چارەسەری نەخۆشانی سیلی کردووە، بەمەش زۆر خزمەتی بە خەڵک کردووە. کوسمۆڵ و نۆثناگێل دوو کلینیسیانی تری ئەم سەردەمە پرشنگدارە بوون، کە هەردوو کیان حەزیان لە بواری دەرمانسازی بوو. ئەو لقەی زانستی پزیشکی تایبەتمەند نەبوو بوو لەو کاتەدا. هەردووکیان زۆر خوێنەوارو خاوەن زانستی بەرفراوان بوون.

ئەدۆلف کۆسمۆڵ (١٨٢٢-١٩٠٢)، کەدواجار لە ستراسبۆرگ بوو بە پرۆفیسۆری بواری پزیشکی، یەکەم کەس بوو وەسفی ئیفلیج بوونی لاکێشە مۆخ و لەهۆشچوونی بەهۆی شەکرەش کردبێت. زۆر لە بواری گرفتەکانی ئاخاوتندا کاری کردووەو یەکەم کەسیش بووە هەوڵیداوە ئامێری پشکنینی سورێنچک و ڕیخۆڵەدا دابهێنێت.

هێرمان نۆثناگێلی (١٨٤١-١٩٠٥) زانای بواری پزیشکی کلینیکی لە ڤینادا، هاوپیشەکانی و قوتابیەکانی وەک یەکێک لە کەسایەتیە جەماوەریەکانی سەردەمی خۆی، زۆر ڕێزیان لێگرتووە. وەک ڤۆن لەیدین کە بۆ ماوەیەک یارمەتیدەری بوو، حەزی لەبواری دەرمانسازی بووە و کاری لەو بوارەشدا کردووە. لەگەڵ ڤیرچۆدا پێکەوە کتێبێکی بیست و چوار بەرگیان بەناوی (پسپۆڕی نەخۆشیزانی

و چارەسەر) یان نووسی. ئەمەش وایکرد ئەم پزیشکە بەتەواوی ناوبانگ دەربکات. ئەم کتێبە لەساڵی ١٩٠٥ دا تەواوکرا و وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی. نۆثانگێڵ بەهۆی نەخۆشی سنگە کوژێوە مرد و تۆمارێکی نووسراوی هەستە بە ئازارەکانی خۆی تا ساتەوەختی مردنی بۆ بەجێهێشتین. لەو سەردەمەدا هەر زۆر خواست لەسەر پسپۆڕی لەبواری پزیشکی کلینیکی دا هەبوو. ئێمەش لە بەشی نۆزدەیەمدا باس و خواسی لەسەر دەکەین.

## پزیشکە نموونەییەکانی ئەمریکا

پێشتر باسمان لە دامەزراندنی زانکۆی پزیشکی لە فیلادلفیادا لە سەدەی هەژدەیەمدا کرد. لەنێو دەرچووانی ئەو زانکۆ بەناوبانگەدا کۆمەڵە پزیشکێکی زۆر هەبوون لە پێناوی پێش خستنی زانستی پزیشکیدا زۆر کۆششیان کرد.

دانیاڵ دڕەیک (١٧٨٥-١٨٥٢) لە مەزنترین ئەو پزیشکانە بووە، کە بە دیارترین کەسایەتی بواری پزیشکی لە ئەمریکا دانراوە. لە خێزانێکی هەژار لەدایک بووەو بە هێزو بازوو لێهاتووی خۆی ناوبانگی بۆ خۆی پەیدا کردووەو هەرگیز سەردانی ئەوروپای نەکردووە. وەک گەڕیدە ژیاوەو لە حەوت شوێنی جیاوازدا کاری پزیشکی کردووە و تەنانەت ئەوەشی خستۆتەڕوو چۆن پزیشکی خولاو بتوانێت زانیاری بەدەست بهێنێت. لە زنجیرە نامەی یادەوەریەکانیدا بەناوی (سەردەمی کۆن لە ویلایەتی کینتاکی) باس و خواسی لەبارەی کارەکانی کردووە. دامەزرێنەری زانکۆی پزیشکی ئۆهایۆ و سینسیناتی و سەرنووسەری گۆڤاری (زانستی پزیشکی ڕۆژئاوایی) بووە. کۆششی سی ساڵی گەڕان و توێژینەوەکانی لە بەناوبانگترین کتێبیدا بەناوی (نەخۆشیەکانی ڕۆماتیزمی بیابان لە ئەمەریکای باکووردا) خستەڕوو. ئەم کتێبە یەکێکە لە باشترین لێکۆڵینەوەکانی لەبارەی جوگرافیای نەخۆشی. باسی بارودۆخی ژیانی لە ڤاڵی میسیسیپیدا بە پێی ژینگە، ڕووەک، گیاندار، ڕیجێم و کارو نیشتە جێ بوون، کردووە. دوای مردنی دووەم بەرگی کتێبەکەی چاپ کرا. لەم بەرگەدا باسی تا و نەخۆشیە بەربڵاوەکانی تری کردووە و بەگوێرەی دابەشبوونی جوگرافیایان پۆلێنی کردوون. دڕەیک پیاوێکی

باڵا بەرزی قۆزی نەرم و نیان و بەشکۆ بووە، کە وەک هاوپیشەکانی زۆر لای خەڵک خۆشەویست بووە.

ویلیوم بومۆنتیش (١٧٨٥-١٨٥٣) هەر هاوچەرخی درەیک بووە. نەشتەرگەرێکی سەربازی بووە، کە چارەسەری برینی گەدەی ئەلێکسیس سانت مارتینی گەڕیدەی بەناوبانگی کەنەدی کرد، دوای ئەوەی گولە پێکای. مارتین دوای ناسورێکی زۆر چاک بوویەوە، کە بوو مۆنت وەک هەلێکی کەم وێنە بۆ لێکۆڵینەوە لە هەرس کردن لێی ڕوانی. بەهۆکاری دیاری کەسێنی و ئابووری، بەدوادا چوونی بۆ نەخۆشیەکە کرد تا توێژینەوەکانی لەسەر ڕێژەی هەرسی خۆراکی جۆراوجۆر و پێکهاتەی ترشی گەدە تەواوبکات. لە کتێبەکەیدا بەناوی (ئەزموون و توێژینەوەکان لەسەر ترشی گەدە و فەسلەجەی هەرس) توێژینەوەی چاکی لەبارەی نەخۆشیەکانی گەدەوە خستۆتەڕوو.

## ئێفرایم ماکدوێلی پسپۆڕی بواری هێلکەدان

ئێفرایم ماکدوێڵ( ١٧٧١-١٨٣٠) شارەزایەکی تر و پێشەنگێکی بواری نەشتەرگەری بووە. لە ڤێرجینیا لەدایک بووە و لای جۆن بێڵ لە ئێدنبرەدا خوێندوویەتی و لەشارۆچکەی دانڤێڵی ویلایەتی کینتاکی کاری پزیشکی کردووە. لەمانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٠٩ دا نەشتەرگەری هێلکەدانی کرد. ئەمەش خۆی لەخۆیدا سەرکەشیەکی بوێرانەبوو لەو بارودۆخ و ڕۆژگارەی پێش ئەوەی خاوێنکەرەوەی میکرۆب و سڕکردن دابهێنرێن. نەخۆشەکەش خاتوو جەین تۆد کڕاوفۆردی خیزانی جووتیارێک بوو. ماکدوێڵ بردیە ماڵەکەی لە دانڤێڵ، کە شەست میلێک لە کابینەی نەشتەرگەیەکەیەوە دوور بوو. پێنج ڕۆژ لە جێگادا مایەوەو لەڕۆژی بیست و پێنجەمدا گەڕایەوە ماڵ و سی و پێنج ساڵی تریش ژیا! لەساڵی ١٨١٧ دا ماکدوێڵ ئەم حاڵەتەو حاڵەتی دوو کەسی تری یاداشت کرد.

لە ژیانی پیشەیی خۆیدا سیانزە نەشتەرگەری هێلکەدانی کرد و هەشت نەخۆشیان چارەسەر بوون. ئەو نەشتەرگەریەی بۆ خانمە کڕاوفۆردی ئەنجام دابوو یەکەمین نەشتەرگەری هێلکەدان بوولە ئەمریکادا ئەنجام درابێت، جا لەبەر

ئەمەو سەرکەوتنەکانی دواتری ماکدویێڵ شایانی هەموو ستایشێکە. زۆر جار ڕۆبەرت هوسوتۆنی سکۆتلەندی بە پێشەنگی سەدە لەم بوارەدا دادەنرێت، کە لەساڵی ١٧٠١ دا نەشتەرگەری بڕینی توورەکەیەکی گەورەی هێلکەدانی ئەنجامدا و برینەکەی وورگی بە دەسرێکی خووساو لە کحولی براندی گەرمی فەڕەنسیدا پێچا. نەخۆشەکەش، کە مارگارێت میللەر بوو، بەتەندروستیەکی باشەوە سیانزە ساڵی تر ژیا. بە بۆچوونی هەندێک لە شارەزایان نەشتەرگەریەکی هۆستۆن نەشتەرگەری هێلکەدان نەبووە، بەڵکو بڕین و چاکردنی کیس بووە، دەی لەگەڵ ئەوەشدا ئەم نەشتەرگەریە کارێکی بوێرانە بوو، شایستەی ئەبوو یاداشت بکرێت و بەهیچ شێوەیەک بەکەمزانینی نەشتەرگەریەی دواتری ماکدوێڵ نەبوو.

جەیمز ماریۆن سیمس (١٨١٣-١٨٨٣) لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا لەبواری نەخۆشیەکانی ژنان کاری بەپێزی کرد. لەبەر ئەو نەشتەرگەریە سەرکەوتووەی بۆ چارەسەری ناسوری گوڵینکی دوانەیی ئەنجامیدا، لەئەمریکا و هەروەها لە ئەوروپاشدا زۆر ناوبانگی دەکرد. زۆر خانمی دەردەدار لەڕێگەی ئەم نەشتەرگەریەوە چارەسەر کران. لەئەمریکا گەلێک نەشتەرگەری دیار دەرکەوتن، بەلاّم کەمیان وەک ڤالانتین مۆتی (١٧٨٥-١٨٦٥) قوتابی بەڕێز ئاستلی کووپەر بوون، کە لە نەشتەرگەری خوێنبەردا کاری ناوازەی کرد. یەکەم کەس بووە نەشتەرگەری خوێنبەری بۆ کیسە خوێن کردبێت. زۆر نەشتەرگەری تریشی ئەنجام داوە، کە دەکریت بە کاری بوێرانە و لێهاتووانە دابنرێن. ڕۆڵی سەرەکی لە دانانی بەردی بناغەی زانکۆی نیۆرکی پزیشکیشدا هەبووە. دواتر ساموێڵ داڤید گرۆس (١٨٠٥-١٨٨٤) خەڵکی فیلادلفیا هات. کەسێکی شارەزاو ئەکادیمی و نەشتەرگەرێکی بەتوانابووە، کە لەسەر نەخۆشیزانی، نەشتەرگەری و مێژووی زانستی پزیشکی لەئەمریکادا نووسیوویەتی.

# مێژووی سڕکردن

گومانی تیادا نیە باس و خواسی سەرەتای کاری پزیشکی لە ئەمریکادا وامان لێدەکات باس و خواسی سڕکردنی گشتی و ئەو مشت و مڕە بەردەوامە چەند ساڵیەشمان لەبارەی کاری لەپێشینە بۆ دۆزینەوەی گەلێک دەرمانی بەکارهێنراوی وەک تلیاک، سێوە جنۆکە و حەشیش بەمەبەستی کەم کردنەوەی ئازار لەسەردەمانی زۆر کۆن بە بیردەهێنێتەوە و هەروەها ئەو هەوڵە زۆرانەمان بەبیر دەهێننەوە بەمەبەستی بێهۆشکردنی نەخۆش لەکاتی نەشتەرگەریەکاندا، بەگەڕخراون. مێسمەرو دواکەوتەکانی خەواندنی موگناتیسیان بەکارهێنا و ئەنجامی دڵخۆشکەریشیان هەبوو و هەروەها لەڕێگەی پەستانی خوێنبەرەکانی کاڕۆتیدەوە نەخۆش بێهۆش دەکەوت. دەووترێت ئەمەش بۆ سەردەمی ئاشووریەکان دەگەڕێتەوە.

بەڕێز هەمفری داڤی لەساڵی ١٨٩٩ دا ئەوەی دۆزیەوە، کە ئۆکسیدی نایترۆجین یان (گازی پێکەنیناوی ) دەبێتە هۆی بێهۆش کردن. وتوویەتی "دەکرێت ئەم گازە ئازار لەناو ببات و دەشکریت لەکاتی ئەنجامدانی نەشتەرگەریدا کەڵکی لێوەربگیرێت". لەساڵی ١٨١٥ دا مایکڵ فارادای بۆی دەرکەوت ئیثەر هەمان کاریگەری هەیە و لەچەند ساڵێکی کەمدا "ئیثەر فرۆلیکس " بووبە دەرمانێکی بێهۆشکەری باو. لەساڵی ١٨٢٤ دا دکتۆر هێنری هیکماف ئەنجامی هەندێک لە تاقیکردنەوەکانی لەسەر گیانداران بڵاوکردەوەو ئەوەشی خستەڕوو دەکرێت هەڵمژینی دوان ئۆکسیدی کاربۆن و گازەکانی ئۆکسیدی نایترۆجین بۆ بێهۆشی و بێهەستی کەڵکی لێوەرگیرێت. باوەڕیشی وابوو ئەمە بۆ نەشتەرگەری کەڵکی لێوەرگیرێت. وەک کەسێکی نامۆ تەماشا دەکرا. ئەوەی جێی داخ و خەفەتە هەر بە جوانە مەرگی لەتەمەنی بیست و نۆ ساڵیدا سەری نایەوە.

جا ئێستا دێینەوە بۆ ئەمریکا. لەوێ لەساڵی ١٨٤٢ دا کڕاوفۆرد لۆنگی (١٨١٥-١٨٧٨) پزیشکی لادێی، کاری لەسەر مادەی ئەثیر فرۆلێکسدا کرد. لەو کاتەدا بۆی دەرکەوت سووکە برین ئەو مادەی بۆ بەکاربهێنرێت، ئازاری نابێت. جالەبەر ئەوە ئیثەری بۆ کوڕێک بەناوی جەیمز ڤێنابڵ بەکارهێناو بەبێ ئازار لوویەکی

ملی بۆ لابرد. لۆنگ بۆ حاڵەتی تریش ئیثەری بەکارهێنا، بەڵام بەهۆی ئاستەنگی ئابووری یان دووربوون بووە لە ژیانی شارستانی وایکردووە تاساڵی ١٨٤٩ ڕوونکردنەوەی گرنگیی دۆزینەوەکەی نەخاتەڕوو؟ لەهەمان کاتدا پزیشکە پیشەنگەکانی تر لەم مەیدانەدا کوششیان دەکرد و کارەکانیشیان گرنگیان پێدرا. ئەمەش لەو کاتە دەستی پێکرد گاردنەر کۆلتمۆنی وانەبێژی کیمیا لەساڵی ١٨٤٤ دا سەردانی هارتفۆڕی کرد. یەکێک لە تاقیکردنەوەکانی لەسەر ئۆکسیدی نایترۆجین بوو. هۆڕاس وێڵسی (١٨١٥–١٨٤٨) دانسازی خۆجێی بۆی دەرکەوت، ئەو قوربانیەی گازەکەی هەڵمژی لە حەیوەتا لاقی بریندار کرد، بەڵام هەستی بەئازار نەکرد. ڕۆژی دواتر وێڵس داوای لە کۆڵتۆن کرد گازەکە بەکاربهێنێت، لەو کاتەی دکتۆر ڕیگزی هاوڕێی خەریکی کێشانی کاکیلەیەک بوو. هەر کەوێڵز بە ئاگا هاتەوە هاواری کرد" ئەی هاوار چەند دانکێشانێکی خۆشە، لەژیانما شتی وام نەدیوە"! دوای هەوڵێکی سەرکەوتووانەی لە بەکارهێنانی ئۆکسیدی نایترۆجیندا، وێڵز ئەمەی بۆ خەڵکی خستەڕوو. ئەوەی جێی داخە ئەمە زۆر بڕواپێهێنەر نەبوو. خەڵکیش نەک هەر متمانەیان بە دەرمانەکە نەما بەڵکو دۆزەرەوەکەشی لەکەدار بوو، کە دواجار وازی لە کاری دانسازی هێناو بووبە بازرگانی تابلۆو نیگار. هەر هیوابڕاو بوو و دواجاریش هەر بەژیانی تایبەتی خۆیەوە سەرقاڵ بوو. لەساڵی ١٨٦٩دا دووبارە کۆڵتۆن مادەی ئۆکسید نایترۆجینی وەک سڕکەری ددان ناساند. ساڵی دواتر لە لەندەندا جۆزیف کلۆڤەر ئەم مادەیەی وەک پێشەکیەکی یارمەتیدەر بۆ سڕکەری ئیثەر، پێشنیار کرد. بگەڕێینەوە سەر سەروبەندی ڕووداوەکان لە ئەمریکادا. هۆڕاس وێڵز هاوبەشێکی بەناوی ویلیام تۆماس مۆرتۆنەوە (١٨١٩–١٨٦٨)هەبوو، کە لەگەڵیدا تاوتوێی بەکارهێنانی ئۆکسیدی نایترۆجینیان کرد. هەر کە کاریان بەیەکەوە نەما، مۆرتۆن ڕووی لەبۆستن کرد. لەوێ لەسەر تاقیکردنەوەکانی بەردەوام بوو. وەکو وێڵز پێی وابوو ئۆکسیدی نایترۆجین گازی بێهۆشکەرە و دواتریش لەسەر پێشنیاری دکتۆر چاڕلس جاکسۆن مادەی ئیثەری تاقیکردەوە.

لە تاقیکردنەوەکانی لەسەر خۆی و پاشان نەخۆشێکی ددان بەناوی ئیبێن فرۆست لەبارەی سوودی دەرمانەکەوە، دڵخۆش بوو. مۆرتۆن جۆن کۆلێنز

وارنی نەشتەرگەری ڕازیکرد تا لە ١٦ی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٤٦ دا، ڕێگەی پێبدات میتۆدەکەی بخاتە بەردەم کۆمەڵێک پزیشک لە نەخۆشخانەی گشتی ماساچوستیس دا. نەشتەرگەریەکەش بڕین بوو لە ملی کوڕێکی لاو بەناوی کێلبەرت ئابۆت و بە بێ ئازاریش ئەنجامدرا. وارن گوتی" کوڕینە ئەمە درۆ و دەلەسە نیە". دەی لە گێڕانەوەکەدا کێشە بۆ مۆرتۆن دروست بوو. ئیشی دەرمانەکەی بە نهێنی هێشتەوەو ڕەنگی کردو بۆنەکەی لابرد تا وا خۆی دەرخات کە دۆزەرەوە نیە. تەنانەت دووبارە ئەزموونی کردەوەو لەگەڵ جاکسۆندا ناویان لێنا " لیۆثیۆن". مۆرتۆن پزیشک نەبوو. دەگونجێت گوێشی بەوە نەدابێت دۆزینەوەکەی بەمەبەستی دەستکەوتنی سەروەت و سامان قۆستبێتەوە و وەها ڕەفتارێک، کاریگەری خراپی لەسەر پیشەی پزیشکی هەبوو و ئیشی ڕاستەقینەی ئیثەریش هەر زوو ئاشکرا کرا. لەو کاتەدا مشت و مڕی گەورەکە لەبارەی ئیثەر هاتە ئاراوە و لە هەموو جیهاندا پەسەند کرا. ئۆلیڤەر وێندڵ هۆڵمزیش ناوی دۆزەرەوەی سڕکردنی خستەڕوو و تا بڵێی بەشان و باڵیدا هەڵدرا، بەڵام دۆزەرەوەکە کێ بوو؟ لۆنگ، مۆرتۆن، جاکسۆن و کەس و کاری وێلز، کە لەو کاتەدا لە ژیاندا نەمابوون و هەموویان داوایان کردبوو کۆنگرێسی ئەمریکا سەد هەزار دۆلار بە داهێنەرەکە ببەخشرێت. ئەوەشیان بەبیرهێنابوویەوە، کەحکومەتی بەریتانیا سی هەزار پاوەندی بە ئێدوارد جێنەر بەخشی. ئەم بێنەوبەردە چەند ساڵێک بەردەوام بوو و خەڵاتەکەش هەر نەبەخشرا. لە باخچە گشتیەکانی بۆستندا مۆنۆمۆنتێک بۆ ئیثەر بەم ناونیشانە"بەیادی ئەو ئیثەرەی کە هەڵی دەمژی هەست بە ئازار ناکەیت" هەیە. ناوی دۆزەرەوەکە باس نەکراوە و هەندێک نووسەر کەیسێکی بەهێزیان لەبەرخاتری مۆرتۆن درووژاندووە، بەڵام ئێستا بەگشتی وادەزانرێت بەهێزترین بانگەشە بۆ ناونیشانەکە ئەوەی کراوفۆرد لۆنگە. لەو کاتەدا هەواڵی دۆزینەوەی سڕکردن گەیشتە ئەوروپا. ڕۆبەرت لیستۆن لەبەریتانیادا یەکەمین نەشتەرگەری بە دەرمانی سڕکەری ئیثەر لەنەخۆشخانەی زانکۆی کۆلیجی لەندەن، لە ٢١ مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٤٦ دا ئەنجامدا. پیتەر سکوایەریس کاری سڕکردنەکەی ئەنجامدا و دواتر جۆزیف لیستەری قوتابی، یەکێک بوو لەوانەی ئامادەی بینینی نەشتەرگەری بڕینی ڕانی بوو. نەخۆشەکەش

فریدریک چەرچڵی مەی گیٚر بوو، کەتەمەنی سی و شەش ساڵ بوو.

لەهەمان کاتدا جەیمز یۆنگ سیمپسۆنی (١٨١١–١٨٧٠) پرۆفیسۆری مامانی لە ئیٚدنبرەدا، کاری لەسەر روانینیێکی خۆی و هاورێکانی دەکرد. بەمەبەستی دۆزینەوەی سڕکردنی گشتی تاقیکردنەوەی لەسەر ئیثەر کرد، بەڵام واهەستی کرد بەکارهێنانەکەی لە بواری مامانیدا گونجاو نەبێت. ئیٚوارەیەک کۆمەڵە توێژەرێک کلۆرۆفۆرمیان تاقیکردەوە، کە مادەیەک بوو کوثری کیمیاگەری نیۆرکی لەساڵی ١٨٣١ دا دۆزیەوە و هەروەها سوبەیدان و لاینیکیش هەر لەهەمان کاتدا بۆ خۆیان دۆزیبوویانەوە. بەم دوایانەش جان دوماسی کیمیاگەری فەڕەنسی، لەساڵی ١٨٣٥دا وەسفی کرد و ئامادەی کرد و بۆیەکەم جار ناوینا.


جا کەم نەبوون ئەوانەی دەرمانی سڕکردنیان بە خراپ دادەنا، بەڵام هیچ کام لەو کیمیاگەرانە وایان نەدەبینی مادەکە لەبواری کرداریدا سوودی هەبێت. داڤید والدی، کیمیاگەری شاری لیڤەرپوول، نموونەیەکی کلۆرۆفۆرمی بۆ پرۆفیسۆر سیمپسۆن میٚسرز نارد. دونکان، فلۆکهارت و ئەنجوومەنی ئیٚدنبرە ئامادەکاری زیاتریان بۆ کرد. لە ئیٚوارەدا لەکاتی تاقیکردنەوەدا، دەرمانە نوێیەکە زوو کاری خۆی کرد و هەرکە سیمپسۆن بەهۆش هاتەوە و بینی هاوپیشەکانی لەژێر میٚزەکەدا مەلوول بوون. ووتی " ئەمە زۆر لە ئیثەر کاریگەرترە". سیمپسۆن لە ١٠ی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٤٧ دا کتێبەکەی بەناوی (باس و خواسی دەرمانە نوێیە سڕکەرەکە) بۆ رێکخراوی پزیشکی–نەشتەرگەری ئیٚدنبرە نارد. دوای پێنج رۆژ لەنەخۆشخانەی شاهانەدا کلۆڕۆفۆرمی بۆ کوڕێکی گوندنشین بەکارهێنا، کە تەنها بەزمانی گایلیکی سکۆتلەندی قسەی دەکرد، لە کاتێکدا پرۆفیسۆر جەیمز میللەر بەشێکی جومگەی بۆ هەوکردنی مۆخی لابرد. دوای پەنجا ساڵ کلۆرۆفۆرم وەک دەرمانی سڕکەر لە بەریتانیادا بەکارهێنراو شانازیەکەش بۆ دکتۆر جۆن سنەو(١٨١٣–١٨٥٨) گەڕێنرایەوە، لەبەر ئەو توێژینەوانەی لەسەر باشترین میتۆدی بەکارهێنانی کردوونی. ئەمەشی لە کتێبە دانسقەکەیدا بەناوی (لەبارەی کلۆڕۆفۆرم و دەرمانە سڕکەرەکانی ترەوە) باس کردووە. لە دوو بۆنەدا سنەو کلۆڕۆفۆڕمی بۆ شاژنە ڤیکتۆریا بەکارهێنا. یەکەم پزیشکی سڕکردن بووە لە

دواین دەیەی ئەو تەمەنە کورتەیدا، هەموو ساڵێک زیاتر لە چوار سەد جار مادەی سڕکەری بەکارهێنابێت. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەو دەرمانی مژۆکە ئیثەریەی ئەو دایهێناوە، شێوەکەی سەردەمیانەیە. جا سنەو پزیشکێکی نموونەی بواری خۆپاراستنیش بووە.

جۆزیف کلۆڤەر(١٨٢٥-١٨٨٢) پزیشکێکی تری بواری سڕکردن بووە لە لەندەندا، کە پێشنیاری بەکارهێنانی ئۆکسیدی نایترۆجین و ئیثەری بەشێوەی یەک لەدوای یەک کردووە. با جارێکی تر بگەڕێینەوە سەر باسی بەڕێز جەیمز یەنگ سیمپسۆن. ئەو تەنها دۆزەرەوەی دەرمانی سڕکەری مادەی کلۆرۆفۆرم نەبوو، بەڵکو دیارترین پزیشکی زانگەری سەردەمی خۆشی بووە. زۆر کاری لەبواری پزیشکیدا کردووە، بەڵام هەلی بۆ خۆشی ڕەخساندووە تا ببێتە شوێنەوارناسیش. (نەخۆشخانەکانی تایبەت بە نەخۆشی گولی لەسکۆتلەندا) و (ئایا پزیشک لەناو سوپای ڕۆمانیدا هەبووە؟)، بەشێکن لە توێژینەوەکانی. باوکی نانەوا بووە لە باتگەیتدا، کە هەژدە میل لە شاری ئێدنبرەوە دوور بووە. جا لە تەمەنی بیست و نۆ ساڵیدا پسپۆڕی وەرگرت و بوو بە سەرۆکی بەشی مامانی، کە لەوێ سی ساڵ خزمەتی کرد. نەک لەڕوانگەی پزیشکیەوە بەڵکو لەڕوانگەی ئەخلاقیەوە بەناچاری بەرگری لە کلۆرۆفۆرم کرد، دژ بەو دژبەرانەی کە دژایەتیان دەکرد. وتوویەتی" ئەم دەرمانە هیچ نەبێت ئاهو ناڵەی خانمان لەکاتی کارکردنیاندا ناهێڵێت". هەوڵەکانی لەڕێگەی بەکارهێنانی سووژنی درێژی ناسراو بە "سووژنە چارەسەر" بەمەبەستی داهێنانی میتۆدی ڕێگریکردن لە خوێن بەربوون، خستەگەڕ. ئەمەش بووە هۆی تووڕەیی سیمی نەشتەرگەری هاوپیشەی، کە لەو بوارەدا زۆر سنووری تێپەڕاندبوو. سیمپسۆن لەساڵی ١٨٦٦ دا بوو بە بارۆن.

کەسێکی میهرەبان و سەرنجڕاکێش بووەو لای نەخۆشەکانیشی خۆشەویست بووە، هەرچەندە واپێدچێت حەزی لە مشت و مڕ بووبێت. زۆرجار ڕوانینەکانی خۆی بەدروستی سەلماندووە. بەسەرهاتی ژیانی ئەم شارەزاو بەجەرگە، یەکێکە لەسەرنجڕاکێشترین بەسەرهاتەکان لە مێژووی زانستی پزیشکیدا. سیمپسۆن

یەکێک بوولەوانەی ڕەخنەی لە سیستەمی پاکژکردنەوەی لیستەر بۆ بەکتریاو میکرۆب گرت، دەی لەزۆر ڕووی ترەوە سەلماندی پیاوێکی دووربین بووە. تەکنیکی توێکاری هێلکەدان و بەکارهێنانی مەقاشی زانگەری بەشێوەیەکی بەرچاو بەرەوپێش برد. هات چاکسازی تیاکرد و تەنانەت پێشبینی دۆزینەوەی تیشکی سینیشی کرد، کاتێک وتی "دەشێت ڕۆژگارێک دابێت بتوانین لەڕێگەی کارەبا و ڕووناکی ترەوە جەستەی مرۆڤ بەڕوونی ببینرێت، بە جۆرێک پزیشک و نەشتەرگەر هەر بە تەماشاکردن پشکنینەکانیان ئەنجامبدەن"! کە سیمپسۆن کۆچی دوای کرد، خێزانەکەی ڕەتی کردەوە لە کڵێسای وێسمینیستەر بنێژرێت. لێرەدا باس و خواسی سیمپسۆن کۆتای دیت، بەڵام یادگاری دیاری ئەم کەڵە پیاوە نەخۆشخانەی منداڵ بوونی سیمپسۆنە، کە ئێستا بەشێکە لە نەخۆشخانەی شاهانەی ئێدنبرە.



لەم وێنەیەدا پیتەر سکوینت مادەی ئیسەر بۆ نەخۆشێک بەکار دەهێنێت لە نەخۆشخانەی زانکۆ لە ساڵی ١٨٤٦دا ، لە کاتێک دا ڕۆبەرت لیستۆن خۆی بۆ برینەوەی قاچی نەخۆشەکە ئامادە دەکات. جۆزیف لیستەری لاویش لای چەپەوە دەبینرێت و بەرامبەر لیستۆن وەستاوە.



وێنەی جەیمز سیمی پزیشک دانیشتووەو وانەی نەشتەرگەری دەڵێتەوە.

# بەشی شانزەیەم

## نەشتەرگەری لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا

هەرچی دۆزینەوەی پزیشکی سەدەی نۆزدەیەم هەیە بەکەم بایەخ تەماشاکراوە بەوەی لیستەریش، کە لە ڕێگەی ناساندنی میتۆدی پاکژکردنەوەی بەکتریاو میکرۆبەوە بەتەواوی شۆڕشی لەبواری نەشتەرگەری کرداریدا، هەڵایساند. دۆزینەوەکەی لیستەر تەنها دوای چەند ساڵێکی کەم بوولە دۆزینەوەی سڕکردن و سوودەکەی بۆ مرۆڤایەتی، کە ناساندنی دوو میتۆدی بەدواداهات و ناساندنەکەش بایەخی تایبەتی خۆی هەیە. بۆئەوەی بە جوانی باسی ئەو گۆڕانە بەرفراوانە بکەین کە لەڕێگەی سیستەمی پاکژکردنەوەوە هاتۆتە ئاراوە، دەبێت میتۆدی کەمێک لەو نەشتەرگەرانە تاوتوێ بکەین، کە دەمودەست پێش لیستەر هاتن.

لەو ڕۆژگارەدا بە پێی ئەو حاڵەتی خۆرەی[78] لە نەخۆشخانەکاندا هەبوو، ڕێژەی نەخۆشی دیاریدەکرا و گومانیشی تیانەبوو نەشتەرگەری هەر دەبووە

٧٨ بریتی یە لەحاڵەتی لە ناوچوونی شانەکان بەهۆی نەگەشتی خوێن بە شوێنێکی دیاریکراو. ئە حاڵەتە بەزۆری تووشی پەنجەکانی پێ و دەست و پەلەکانیش دەبێت .دەگونجێت لە ناو جەستەشا ڕووبدات و زیان بە ئەندام و ماسوولکەکانیش بگەیەنێت.

هـۆی بۆگەنبوونـی خوێـن. لەڕێگـەی بڕینـەوەوە شـکانی ئاڵـۆزی چارەسـەر دەکـرا و ڕێـژەی مردنیش لای کـەم لەسـەدا بیسـت و پێنـج بـوو. جانەشـتەرگەر پاڵتاوێکـی خوێنینـی کۆنـی لەبەردەکـرد.

ئـەم پاڵتـاوەش بڕێـک دەزووی ئاوریشـم لـە نـاو یەکێـک لەکونـی قۆنچەکانـەوە دانرابـوو، تـا لەکاتـی نەشـتەرگەریدا نەشـتەرگەر بـەکاری بهێنێـت. لەکاتـی پرۆسـە خاوەکـەی چارەسـەربووندا سـینیەکی توتیـا کـە کێمـی چاکـی تیادابـوو، لەبرینەکـەوە دڵۆپـەی دەکـرد. لەنـاو ئـەو کەمـە قاوشـەی نەشـتەرگەریدا بۆنێـک ئەهـات، مەگـەر هـەر خـوا خـۆی بیزانێـت چەنێـک ناخـۆش بـوو. جـا نەخۆشـی قوربەسـریش ئەبوایـە بەرگـەی ئـازاری نەشـتەرگەریەکەی بەبـێ سـڕکردن بگرتایـە! سـەرباری ئـەوەش ئەبووایـە بەرگـەی ئـازارو مەترسـی برینـە بۆگـەن بووەکەشـی بگرتایـە. نەشـتەرگەرەکەش، نـەک تەنهـا دەبووایـە چـاوی وەک چـاوی بـاز تیژبووایـە و هێـزی ڕۆستەمی زاڵـی هەبووایە و دەسـتی سـووک کردایە لەسـەر نەخـۆش، بەڵکو دەبووایـە جۆرێـک لـە کارامـەی و دەسـت و بـردی هەبووایە، کـە کـەم کـەس ئەمـەی هەبـووە .

ڕۆبەرت لیسـۆتن (١٧٩٤–١٨٤٧) هەموو سـیفەتەکانی نەشتەرگەری سـەرکەوتووی تیابـوو. کەسـێکی بەتوانـاو باڵابـەرزو جەربـەزەو میزاجـی بـووە. ناوبەونایـش خۆگرتـە و هەروەهـا بەهرەمەنـد بـووە لـە تەنزداو میهارەبـان لەگـەڵ نەخۆشـەکانی، زەنگیـن بووبێـت یـان هـەژار، بـەدڵ و بەگیـان کاری کـردووە. پێناچێـت کـەس هێنـدەی ئـەم نەشـتەرگەرە کارامـە بـوو بێـت. پێشـووتر زانیمـان لیسـتۆن یەکـەم کـەس بـوو لەبەریتانیـا کاتێـک لـە نەخۆشـخانەی زانکـۆی بـوو لەلەندەنـدا، دەرمانـی سـڕکەری ئیثـەری بەکارهێنـا. بەبینەرانـی ووت " ئـەم سـاختەچیە یانکیـە خراپـی بەسـەر خەواندنـی موگناتیسـیدا هێنـاوە." لیسـۆتن بـە منداڵـی لـە ئێدنبـرە ژیـاوە و باوکـی، کـە وەزیـر بـووە لـە ویسـت لۆثیـان ڕازیکـرد کاری دەریاوانـی نـەکات، کـە یەکەمیـن خولیـای بـووەو لـە خوێندنەکەشـیدا گرنگیەکـی زۆری پێـدا. یاریـدەدەری جۆن بارکلی توێکارزان بووەو بناغەیەکـی پتـەوی بـۆ زانسـتی نەشـتەرگەری داناوە. گەلێـک بەسـەرهات لەبـارەی سـەرکەشیەکانی وەک جەسـتەڕفێن ووتـراون، کـە لـەو

ڕۆژگارانـەدا مـادەی توێکاری زۆر کـەم بـووە. لەوانەیـە هـەر ئـەم ئـەو پاڵەوانـە بێـت بەنـاوی دکتـۆر ماکفـارلان، کـە نووسـەری نـاوداری سـکۆتلەندی ڕۆبـەرت لویـس ستیڤنسـن لـە کورتـە چیرۆکـی (جەسـتەڕفێن)دا وێنـای کـردووە. بەهـۆی دەمەقاڵێیەکـەوە لەگـەڵ بارکلی، لەساڵی ١٨١٨ دا خۆی کاری وانەبێژی توێکاری لەئەسـتۆگرت. چەند سـاڵێکی کـەم جەیمز سیمی هاوڕێی، یاریدەدەری و هەروەهـا قوتابـی بـوو. پێنـج سـاڵ دواتـر لیسـتۆن بەتـەواوی بایەخـی بەنەشـتەرگەری دا، بەرپرسـیارێتی وانەبێـژی لـە ئەسـتۆگرت و سـەرکەوتووش بـوو. دۆسـتایەتیەکی نزیک و هاریکاری لەنێوان لیستۆن و سیمدا هەبوو. چەند ساڵێک لەوانەبێژی و نەشـتەرگەریدا هـاوکاری یـەک بوون. دواتـر پەیوەنـدی نێوانیـان گـرژی تێکـەوت و دواجار ئەو پەیوەندیە تەواو بچڕاو ئەو هاوکاریەش هەبوو کۆتای پێهات. لەساڵی ١٨٣٣ دا دەمەقاڵێەکـە توندتربـوو. دۆسـتانی هـەردوولا کەوتنـە نێوانیـان، کاتێـک هەردووکیـان خواسـتی بـوون بـە پرۆفیسـۆری نەشـتەرگەری کلینیکیـان خستەڕوو. سـیمش بـوو بـە پرۆفیسـۆر. دواجار ئاشـت بوونەوەیـەک هاتـە کایـەوەو ماوەیەکـی کـەم پێش مردنـی لەئێدنبرەدا لیسـتۆن سـەردانی سیمی کـرد. لەسـەرەتای سـاڵانی کارکردنیـدا، لیسـۆتن گەلێـک نەشـتەرگەری وەک دوورینـەوەی بۆریـە گەورەکانـی خوێـن، بڕینـەوە، دەرهێنانـی بـەرد، (کـە نابێـت لـە دوو یـان سێ خولـەک زیاتـری) پێبچێت، هەروەهـا لابردنـی لـووی نـاو گـون، (کـە کێشـەکەی ١٩ کیلۆ بووە!)، لەماڵـی نەخۆشـەکاندا ئەنجـام دا. ئەمـەش وای کـرد لیسـتۆن ناوبانگـی زیاتـر دەربـکات. زۆرحاڵەتـی چارەسـەرکردووە، کـە لـە نەخۆشـخانەی شـاهانە چارەسـەر نەکـراون و تەنانـەت بـەوەش تۆمەتبارکـراوە وای لـە نەخۆشـەکانی نەخۆشـخانەی شـاهانەی کردبێـت ڕوو لـە خـۆی بکـەن. ئـەم ڕەفتـارە برەپێـدراوە وای لـە بەڕێوەبەرانـی نەخۆشـخانەکە کرد لەساڵی ١٨٢٢ دا بڕیارێک دەربکەن، ڕێگری لە لیستۆن بکەن لـە هـەر سـات و بەهـەر هۆیـەک بێـت بێتـە نـاو نەخۆشـخانەکەوە. جـا لەڕێگـەی نامەیەکـی کـراوەوە بـۆ لـۆرد برۆڤۆسـت بێتاوانـی خـۆی سـەلماند. ئـەم ڕووداوە ناخۆشـە وایکـرد دامەزراندنـی لەدەسـتەی نەخۆشـخانەکەدا بـۆ مـاوەی پێنـج سـاڵ دوابکەویت. لـەو کاتـەدا بـەردەوام کاری کـرد و ئاسـتەنگی نەیارە هاوچەرخەکانـی خۆی تێپەڕاند. دواجار لەساڵی ١٨٢٧ دا بەهەلومەرجێکی دیاریکراو لەکاتی خۆیدا

دامەزرێنرا. لیستۆن زیاتر لە نەشتەرگەریدا بلیمەت بوو وەک لە هەر بوارێکی تر. جا چەند توێژینەوەو کتێبێکی لەبارەی نەشتەرگەریش بڵاوکردەوە. دوای ئەوەی سیم بوو بە پرۆفیسۆر، لیستۆن بووبە نەشتەرگەر لە نەخۆشخانەی شاهانە، بەڵام هەر هیوابراوبوو. جا کارێکی ئاساییە کورسی نەشتەرگەری لە زانکۆی لەندەندا وەرگرتبێت، کاتێک بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو لەساڵی ١٨٣٥ دا پێی درا. لە لەندەندا بەگەرمی پێشوازی لێکراو مەیدانیانە کاری پزیشکی کرد و بوو بە مامۆستایەکی بەناوبانگ، سەرباری ئەوە کاتی خۆی بۆ وەرزش و یەخت کردن و ڕاوکردن تەرخان دەکرد. کتوپڕ لەتەمەنی پەنجاو سێ ساڵیدا بەهۆی کیسە خوێنی شا خوێنبەرەوە کۆچی دوای کرد، کە وەک دەووترێت بەهۆی شکانی ستوونی بایەوانی یەختەکەیەوە، پچڕاوە.

جەیمز سیم (١٧٩٩-١٨٧٠) پزیشکێکی تری زۆر بەناوبانگی بواری نەشتەرگەری بوو. کاتێک لیستۆن لە لەندەندا کۆچی دوای کرد، سیم کورسی نەشتەرگەری لە کۆلێجی زانکۆ وەرگرت، بەڵام مەرجەکانی قبوڵ نەبوو. هەروەها دەستیشی لەکارکێشایەوەو لەماوەی شەش مانگدا گەڕایەوە ئێدنبرە. لەوێ هەمان پۆستی وەرگرت، کە لەو کاتەدا پڕنەکرابوویەوە. سەرباری ئەم سەرکەشیە سەرنەکەوتووە لە لەندەندا، سیم لەکاتی پیشە سەختەکەیدا لە ئێدنبرە مایەوەو ئەو زانیاریانەش لەبارەی لەدایک بوونی لە پرینسێت و بوونی باوکی وەک نووسەری سیگێث و چوونە قوتابخانەی ئامادەی هەبوو، هەموویان وایانکرد ببێتە هاوڵاتیەکی ڕەسەنی ئێدنبرە. وەک لیستۆن وەرزشەوان نەبووە، بەڵام هەر بۆی لوابێت لێکۆڵینەوەی لەبواری ڕووەکناسی و کیمیادا کردووە. خۆی لەتەمەنی شانزە ساڵیدا میتۆدی کارکردنی قوماشی ئاودانەدەری خستەڕوو، کە دواتر کاری لەسەر کراو بەرهەمهێنەرەکەی بەناوی ماکینتۆش، داهێنانی تیادا کرد. وەک قوتابیەکی پزیشکی سیم، هاوەڵی بارکلەی و دۆستێکی نزیکی لیستۆن بوو. وەک دەزانین لەگەڵ لیستۆن لەڕێگەی وتنەوەی توێکارزانی و کارکردن لە بواری نەشتەرگەریدا، دەستی بەکاری پیشەیی خۆی کرد. بەمەبەستی کارکردن لە دوو بۆنەدا سەردانی ئەوروپای کرد تا لە نەخۆشخانە نموونەییەکانی فەڕەنساو ئەڵمانیادا لێکۆڵینەوە لەبواری نەشتەرگەریدا بکات. مایلز دەڵێت " کاتێک لەپاریس

لەگەڵ شارپی هاورێ بوو، سیم حاڵەتی قەوس بوونی پەنجە و مەقاشە ئێسک برەکەی لیستۆنی خستەڕوو. هێشتا ئەم ئامێرە ڕۆژانە بە پێی پێوست لە گەلێک لە نەخۆشخانەکاندا بەکادەهێنرێت. سیم شێوازێکی ڕوون و پوخت و ئەدەبیانەی هەبوو.

دکتۆر جۆن براون لەبارەیەوە ووتویەتی "هەرگیز ئەو نە ووشەیەک، نە دڵۆپەیەک مەرەکەب یان دڵۆپەیەک خوێنی بەفیڕۆنەداوە". زانستنامەکەی بەناوی (لەبارەی بڕینەوەی جوومگەی نەخۆشەکانەوە) هاوارێک بوو بۆ چارەسەری پارێزکاریانەی جوومگە تووشبووەکان بە سیل، لە کاتێکا چارەسەر باو هەر بڕینەوە بوو. (بنەماکانی نەشتەرگەری) کتێبێکی مەنهەجی بوو، کە زۆر خوێنەری هەبوو و پێنج جاریش پێداچوونەوەی بۆ کرا. سمیسیش وەک لیستۆن هەر لەماڵانا نەشتەرگەری ئەنجامدەدا چونکە لەوکاتەدا ژوانی (مەوعید) لە نەخۆشخانە دانەدەنا. بەیاریدەی لیستۆن سەرکەوتووانە بڕینەوەی جومگەی سمتی ئەنجامدا. ئەمەش نەشتەرگەریەک بوو پێشووتر لە سکۆتلەندا ئەنجام نەدرابوو. هەروەها سەرکەوتووانەش سارکۆمایەکی (لووی گۆشتنی زۆرپیس) زۆر گەورەی شەویلگەی خوارەوەی لابرد، کە چێوەکەی پانزە ئینج بوو و گەلێک لە نەشتەرگەرانی تر توانای ئەو نەشتەرگەریەیان نەبوو. لەساڵی ١٨٢٩ دا و لەتەمەنی سی ساڵیدا، هەوڵی دا ببێتە ئەندامی دەستەی نەشتەرگەرانی نەخۆشخانەی شاهانە .لەساڵی ١٨٢٧ دا وەرگیراو بەڕیوەبەرەکانیش ئەو ناکۆکیەیان بەلاوە پەسەند نەبوو لەنێوان دوو نەشتەرگەرەکەدا هەبوو. هەروەها سەرکەوتووش نەبوون لەوەرگرتنی سیمدا. سەرباری ئەو دژایەتیەی لیستۆن و بەهۆی شکستی سیم لە وەرگرتنی کورسی بەشی نەشتەرگەری، جۆن لیزارسی (١٧٩٤-١٨٦٠) هاوپیشەی ناوداری، وەرگیرا.

لەگەڵ ئەوەشدا سیم دوای ئەو شکستەشی، کۆڵی نەداو لە توانای خۆی دڵنیا بوو و خزمەتەکانی بوونە جێی دەست خۆشی. هەموو داواکاریەکەی دروست کردنی نەخۆشخانەیەک بوو. بە بێهیواییەوە لەدەرگای نەخۆشخانەی شاهانەی داو سووربوو لەسەر ئەوەی نەخۆشخانەیەک دروست بکات. خانوویەکی گەورەی

دەستەبەرکردو لەسەر ئەستۆی خۆی چاکی کرد. تاڕادەیەکیش قوتابیەکانی یارمەتیان دا. لەوێ بەردەوام بوو لەوانە ووتنەوە و کارکردن و پەرەدان بەو چاکسازیانەی بواری نەشتەرگەری، کە هێشتا بەناوی خۆیەوەن. خانەی مینتۆ لە ٨ ی مانگی ئاياری ساڵی ١٨٢٩ دا کرایەوە و ئەمیش یەکێک لە بەناوبانگترین نەشتەرگەریەکانی لەوێ ئەنجامدا، ئەویش لابردنی مەمک بوو. دکتۆر جۆن براونی نووسەری کلینیکی سیم، لە کورتە چیرۆکێکی خەمهێنەردا بەناوبانگدا بەناوی " ڕاب و هاوڕێکانی " ئەم بەسەرهاتەی بۆ هەتا هەتایە یاداشت کرد. چوارساڵ دواتر، پڕۆفیسۆر ڕەسیڵی وەرگری شارەزای کورسی کلینیکی نەشتەرگەری لەتەمەنی هەشتاو یەک ساڵیدا، بڕیاری خانەنشین بوونی دا. جا مەرجی ئەوەی هەبوو جێگرەوەکەی ساڵانە سێ سەد پاوەنی پێبدات. لیستۆن بیری لەوەها سەدایەک نەکردبووەوە و دوای دانوستانێکی ڕاشکاوانە و ڕێزدارانە، سیم قایل بوو لەو پۆستە دانرا. دانانەکەی سەرکەوتێکی گەورەبوو. لەماوەی چل ساڵی سەیروسەمەردەدا بوو بە یەکێک لە دیارترین پزیشکەکانی ئەوروپا. خۆی لە مشت و مڕ بە دوور گرتووە و دەبێت بەیەکێک لە بناغەدانەرانی زانستی نەشتەرگەری دابنرێت. لەماڵە دڵگیرەکەی لە میل بانکدا لەساڵی ١٨٧٠ دا کۆچی دوای کرد، کە ئێستا بەشێکە لەپەیمانگای ئاستڵی ئانسڵی. هێشتا شووشەی پەنجەرەکانی و هەندێک لە درەختی میوەکانی ماون. خانووەکەی بەشێوازێکی سەردەمیانە دروست کراوە.

ئەو کارە ناوازەی زاوا بەناوبانگەکەی بەرهەمی خۆی هەبوو. بەڕێز مایلز دەڵێت " کۆچی سیم کۆتای سەردەمێکی پڕشنگداری زانستی نەشتەرگەری بوو، هاتنی جۆزیف لیستەریش خۆی بۆ خۆی سەردەمێکی گەشاوەتر بوو".

## سێ نەشتەرگەرە مەزنەکەی لەندەن

ئێستا دەبێت باسی نەشتەرگەرێکی تری سکۆتلەندی بکەین چونکە بەرهەمەکەی ڕوون کەرەوەی ڕێبازی پارێزکاریانەی نەشتەرگەری و هەروەها خۆشی پردی پەیوەندی نێوان زانکۆی ئێدنبرەو لەندەن بوو. بەڕێز ویلیام فێرگوسۆن (١٨٠٨-

١٨٧٧) لە پریستۆن پاس لە دایک بووە و لە ئێدنبرە خوێندوویەتی. لەتەمەنی سی و دوو ساڵیدا لە نەخۆشخانەی کین کۆلێج بوو بە پرۆفیسۆری نەشتەرگەری و دیارترین نەشتەرگەر لە لەندەندا. هاوشێوەی دکتۆر نۆکسیش توێکارزانێکی کۆششکار بووە. لەساڵی ١٨٣٩ دا وەک نەشتەرگەری نەخۆشخانەی شاهانە شوێنی لیستۆنی گرتەوەو دوای ساڵێک کۆرسی نەشتەرگەری لە لەندەندا وەرگرت، کە لە سەر پێشنیاری بەڕێز ئاستلی کوپەر پێی بەخشرا. فێرگوسۆن هەتا پێی کراوە پاڵپشتی ئەو بیرۆکەیەی سیمی کردووە، کە داوای لابردنی بەشێکی جوومگەی نەخۆشەکانی دەکرد وەک لە هەمووی. تووشی سەرئێشەیەکی زۆر دەبوو تا پەلەکانی یەکێک دەپاراست و خۆشی دەیووت " کەم نیە کاتێک تەنانەت سەری پەنجەیەکیش بپارێزیت". نەشتەرگەریەکی بۆ لێوی کەروێشکێکی کێوی ئەنجامداو هەر زۆریش سەرکەوتوو بوو. لەنەشتەرگەری دەرهێنانی بەردا زۆر شارەزا بووە، بەڵام هەرپێی باش بووە بەرد ووردو خاش بکات. جا ئامێری ووردو خاش کردنی بەرد و گەلێک ئامێری تری داهێنا، کە هێشتا لە بواری نەشتەرگەریدا کەڵکیان لێوەردەگیرێت. فێرگوسۆن پیاوێکی بالا بەرز، جوان، هێمن، خاکی، میهرەبان و بەخشندە بووە. خۆی ئەم سیفەتاش وای کرد لای خەڵکی خۆشەویست بێت و توانست و کارامەییەکەی وەک نەشتەرگەر بوونە هۆی سەرکەوتنی لەبواری کارکردندا. نەشتەرگەری پاشا کۆنسرۆرت و شاژنە ڤیکتۆریاش بووە. لەساڵی ١٨٦٦ دا خەلاتی بارۆنی پێبەخشرا و لەساڵی ١٨٧٠دا بوو بە سەرۆکی زانکۆی شاهانەی نەشتەرگەران لە بەریتانیادا. لەساڵی ١٨٤٢ دا بەناوبانگترین کتێبی بەناوی (بنەماکانی پزیشکی کرداری) نووسی. بەڕێز جەیمز پاگێتی هاوچەرخی ئاوها وەسفی کردووە "مەزنترین نەشتەرگەری کرداریە لەم سەردەمەدا". با ئێستا بگەڕێیەوە سەر باسی پاگێت و بەڕێز بینیامین برۆدی، کە نەشتەرگەرێکی تری مەزن بوو ماوەیەک دواتر هات. لە لەندەنی پێش سەردەمی لیستەردا، هەریەک لە کەڵە زاناکانی وەک، فێرگوسۆن، پاگێت و برۆدی کۆمەڵە گوڵێکن بوون لەو باخچەیەی ناوی نەشتەرگەری بوو.

بەڕێز بینیامین کۆلینز برۆدی (١٧٨٣-١٨٦٢) بەپێی سەردەم لەڕیزبەندی یەکەم دێت. بەپێی ئەو ژیاننامەیەی لەبارەی خۆیەوە نووسیوویەتی ئەم نەشتەرگەرە

بەناوباگە، باپیری لە بانڤیشەرەوە وەک پەنابەرێکی یەعقوبی هاتۆتە لەندەن. باوکیشی، کە سەرۆک قەشەی خانەی قەشەکانی وینتەرسلەو بووە، کاریگەری لەسەر ئەم و براکەشی هەبووە بەجۆرێک " ئەوپەڕی هەوڵیداوە جوان پەروەدەیان بکات. هەر ئەوەو تەواو". هەموو کوڕەکان کاری باشیان کردووە، بەڵام بینیامین لەوانی تر جیاوازبوو. بینیامین باسی ئەوەمان بۆ دەکات چۆن بە سیانزە کاتژمێر بە گالیسکە لە سالیسبرِیەوە بۆ لەندەن هاتووە. باسی ئەوەشمان بۆ دەکات چۆن ئامادەی وانەکانی ئابێرنێثی بووە و چۆنیش لای دەرمانسازێک کاری کردووە ، کە کەرەستەکانی پێنج بتڵی گەورە بووە بەناوی " میستۆرڵی "، چۆنیش دکتۆر بایلی و بەڕێز جۆزیف بانکس وازیان لە هاوڕێیەتی هێناوە، چۆنیش یاریدەی بەڕێز ئێڤەرارد هەوی داوەو دواجاریش وەک نەشتەرگەر بووە بە جێگرەوەی لە نەخۆشخانەی سانت جۆرجداو چۆنیش کەڵکی لە زۆرێک لە کارە نەشتەرگەریەکانی بەڕێز ئاستلی کووپەر برِۆدیش، وەرگرتووە. ژیانێکی زۆر سەختی هەبووەو لەبوارەکانی فەسلەجە، نەشتەرگەری، فەلسەفەو بەرِیوەبردندا شارەزا بووە. کە لاو بووە، کاری لەبواری فەسلەجەی ئەزموونیدا کردووە، کاتێک توێژینەوەی لەسەر پلەی گەرمی لەشی گیاندار و کۆنترِۆڵی دەمار و فرمانی دڵ و ژەهری کردووە. بە کارەکانیدا دەردەکەوێت نەشتەرگەریەکی پارێزکار بووە، کە لەو سەردەمەدا پارێزکاری شتێکی باو بوو. بەئاسانی تێدەگەین چۆن نەشتەرگەر جوانی و چێژی نەشتەرگەریەکەی دەبەخشی لەڕێگەی کەمکردنەوەی برِین و ئەو مەترسیە ژەهراویانەی لێی دەکەوتەوە. (لەبارەی نەخۆشیەکانی جوومگەوە) ناوی دیارترین کتێبێتی، کە لە بوارێکی سەختی وەک نەشتەرگەریدا کتێبێکی بایەخدار بووە. بۆ ماوەی چەند ساڵێک داهاتی ساڵانەی دەهەزار پاوەند بووەو چەندین ساڵ لێبڕوانە کاری کردووە. لەتەمەنی پەنجاو چوار ساڵیدا بۆ یەکەم جار سەردانی ئەوروپای کرد. گومانی تیادا نیە لەم کارەش پەشیمان بووەوە، بەڵام ئەمەش زیاتر لە ڕوانگەی دڵسۆزی و نەریتی جوانی خۆی بوو بۆ کارەکەی وەک لە ڕوانگەی مادیەوە بوو بێت. وتوویەتی " بزانن مەرج نیە هەمیشە پیشەیەک لە ڕێگەیەوە پارەت تیا پەیداکرد، سەرکەوتووبیت تیایدا". ساڵانی دواتر کاری لەبواری فەلسەفەدا کرد و کارەکانیشی لەم بوارەدا

هاوشێوەی کارەکانی لەبورەکانی فەسلەجەو نەشتەرگەریدا، شایانی باسکردنن. مەبەست لە نووسینی زنجیرە ووتارەکانی بەناوی "پرسە دەروونیەکان" بۆ هێنانە کایەی سیستەمێکی تۆکمەی فەلسەفی نەبوو، بەڵکو یەکەمجار بۆ پیشاندانی ئەوە بوو گرفتی مرۆڤ ناتوانرێت چارەسەر بکرێت لەڕێگەی گەڕانەوە بە تەنها یەک بواری زانین و دووەمیش چۆن تا ڕادەیەکی زۆر دەتوانین توانا هەنووکەییکەنمان باشتر بکەین. ئەو بابەتانەی ئەو کاری لەسەر کردوون ئێستا بوونەتە پسۆڕی گشتی، بەلام بە بلاوکردنەوەی زنجیرە ووتارەکەی لە ساڵی ١٨٥٤ دا، بڕۆدی سەرنجی زۆر خوێنەری ڕاکێشا. نەشتەرگەری جۆرجی چوارەم، ویلیامی چوارەم و شاژنە ڤیکتۆریا بووەو بووەتە سەرۆکی زانکۆی شاهانەی نەشتەرگەران و کۆمەڵگەی شاهانە. لەساڵی ١٨٣٤ دا خەلاتی بارۆنی پێبەخشراو پێدەچێت گەورەترین ڕێزلێنان لە ساڵی ١٨٥٨ دا بووبێت، کاتێک بە سەرۆکی ڕێکخراوی تازە دامەزراوی ئەنجوومەنی گشتی پزیشکی هەڵبژێرا. ناوبانگی پیشەکەی، توانای لە بەڕێوەبردن، هەڵس و کەوتە سەرنجڕاکێشەکانی وایان کرد ئەو پۆستە وەرگرێت و ئەوەش گەورەترین دەستکەوتی ژیانی بوو. تێپەڕاندنی یاسای پزیشکی ساڵی ١٨٥٨، یەکێک بوولە گرنگترین ڕووداوەکان لە مێژووی زانستی پزیشکی لە بەریتانیادا.

دواجار دوای چەندین ساڵ لە بێنەو بەردەو بێ کاریگەری یاسا ناوخۆیەکان، مافی کارکردن لە دوورگە بچووکەکانی بەریتانیادا بۆ ئەو پزیشکانە سنووردارکرا، کە ناویان لەبەشی مۆڵەتی تەندروستی تۆمارکردبوو. ئاساییە کەسێکی پسپۆڕی وەک بینیامین بڕۆدی یەکەمین سەرۆکی ئەنجوومەنی گشتی، دەسەلاتی کۆنترۆڵکردنی کاری پزیشکی هەبووبێت. بڕۆدی تەمەنی سی و یەک ساڵ بوو، کە نەشتەرگەرێکی تری مەزن هاتە دونیاوە. پێدەچێت لیستەری لێدەرچێت، مەزنترینی سەدەی نۆزدە بووبێت، گەر ئەو ووشە کاریگەرە لە بەرفراوان ترین مانایدا بەکاربهێنین.

بەڕێز جەیمز فاگێت (١٨١٤-١٨٩٩)، یەکێکە لە ئیلهام بەخشترین کەسایەتیەکانی مێژووی زانستی پزیشکی. خۆی ژیاننامەی خۆی نووسیووە. هەر زۆر کەمن

ئەو پزیشکانەی ژیاننامەی خۆیان نووسیووە، لەگەڵ ئەوەشدا کاردان، ئامبرواس پاریَ، ساموێل گرۆس و بەڕێز جەیمز پاگێت وەک نموونەی ناوازە لەبەر دەستدان. پێدەچێت بەڕێز جەیمز پاگێت لەڕیزبەندی یەکەم بێت و دەبێت پزیشک جارێک یان چەند جارێک ژییاننامەکەی بیخوێنێتەوە، بەتایبەتی لەسەرەتای کاری پزیشکی خۆیدا.

جەیمز پاگێت بچووکترین منداڵ بووە لەو نۆ منداڵەی خێزانە پانزە کەسیەی، کە لەژیاندا مابوون. باوکی بیرە دروستکەر و خاوەن کەشتی یەرموث و ساماندارو ناودار بوو. تووشی شکستی دارای بوو، بەڵام دواتر جەیمز هەموو قەرزەکانی بۆ بژارد بەو خاوەن قەرزانەشی کە داوای قەرزەکانیان نەکردبوو، لەکاتێکا دەیتوانی پارەیان نەداتیَ. سەرەتا پاگێت بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەبەر دەستی چارڵس کۆستێرتۆنی پزیشک کاری کرد، بەم جۆرەش ئەزموونی کارکردنی وایکرد زیاتر حەزی لە لێکۆڵینەوە بێت. سیستەمی شاگردی دەکرێت لەڕۆژگاری ئەمرۆشدا کەڵکی لێوەرگیرێت. لەو سەردەمەدا لە بڵاوکردنەوەی کتێبی (مێژووی سروشتی یارمووث) هاریکاری چارڵسی کرد. ئەم کتێبە بە نیو قران فرۆشرا و باس و خواسێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. پاگێت کاری لەبوارەکانی ڕووەکناسی و وێنەکێشانیش کردووە. لەیادەوەریەکانیدا نووسیوویەتی "ڕووەکناسی کاریگەری گەورەی لەسەر ژیانم هەبووە. کە زانستێک سوودی نەبوو، بۆ هەوڵ بەدەست هێنانی بدەم"؟ لەتەمەنی بیست ساڵیدا چووە نەخۆشخانەی بارتۆلۆمیۆ، کە بووە وێستگەی سەرەکی کارکردنی ژیانی . گەر بەووردی "یادەوەریەکانی" بخوێنینەوە، دەزانین لەسەرەتای کاکردنیدا چەندێک بەرهەمی گەورەی هەبووە. کە قوتابی قۆناغی یەکەمی پزیشکی بوو، کرمە گوشت خۆرەی بەناوی (تریخینا )ی لە ماسوولکەی مرۆڤدا دۆزیەوە.هەموومان لە ژووری توێکاری کردندا بە دەستەواژەی "پەڵە بچووکەکان" ئاشناین، بەڵام پاگێت ئەوەی ئاشکراکرد هەریەک لەو پەڵانە کرمێکی بچووکە لە قاوغەکەی خۆیدا. دوای پاڵاوتن، بڕیاریدا لەلەندەن نیشتەجێ ببێت. لەڕێی نووسینی ستوونەی پزیشکیەوە بۆ "ئیسایکلۆپیدیای پێنی" ساڵانە نزیکەی پەنجا پاوەندی وەردەگرت. هەروەها لەبەر کارکردنی وەک چارەسەرکاری نەخۆشخانەی موزەخانەش، زیاتر لە چل پاوەندی دەست دەکەوت.

دووبارە کەتەلۆگی بۆ مۆزەخانەی کۆلێژی شاهانەی نەشتەرگەران دارشتەوە.

بەردەوامی بە کارەکانی ویلیام کلیفتی یاریدەدەرەی جۆن هەنتەر دا. ئەمەش ئەرکێک بوو زۆربەی کات ڕۆژانە بۆماوەی حەوت ساڵ پێوەی سەرقاڵ بوو. پێداچوونەوەی بۆ وانەکانی دەکرد و لە ڕۆژنامە پزیشکیەکانا بڵاویدەکردنەوە و زمانی ئەڵمانیشی دەخوێند تا وەرگێڕان بۆ بابەتە پزیشکیەکان بکات. لەساڵی ١٨٤٣ دا بوو بە قوتابی چاودێر و دوای حەوت ساڵیش لە نەخۆشخانەکە نیشتەجێ بوو. لەهەمان کاتدا بوو بە وانەبێژی فەسلەجە. زۆر هەوڵ و کۆششی لەم بوارەدا داو کاتی زۆری بۆ ئامادەکردنی وانەکانی تەرخانکرد. ویلیام سێن هاوس کیرکیس، یەکێک بووە لەقوتابیە هەرە باشەکانی و بابەتی وانەکانی پاگێتی بوونە هەوێنی نووسینی کتێبەکەی بەناوی (فەسلەجە). دواتریش بوو بە هەوێنی کتێبی فەسلەجەی هالیبرتۆن، کە ئێستا چاپی سی و حەوتەمی بڵاوکراوەتەوە. لەهەمان کاتدا پاگێت وەک نەشتەرگەر کاری دەکرد، بەڵام داهاتەکەی پێنج پاوەند بوو. لەساڵی ١٨٣٦ دا بوو بە پانزە پاوەندو چل و پێنج سەنت و لەساڵی ١٨٤٢ دا، پاش پانزە ساڵ لە کارکردن داهاتەکەی بوو بە سەد پاوەند. دواجار لە لەندەندا کارەکەی ئەوپەڕی بەرهەمی هەبوو، کاتێک بۆماوەی چەند ساڵێک ساڵانە دەهەزار پاوەندی دەست دەکەوت. ئەو ناوبانگەی تەنها لەڕێگەی پارەوە دیاری بکرێت، لەکەدار دەبێت. جا دەبەنگترین کەسیش لەڕێگەی خۆسەلماندن و بانگەشەکردن بۆ خود و یان تەنها خوێڕێتیەوە، دەتوانێت ئەو ناوبانگە بەدەست بهێنێت. لەساڵی ١٨٤٧ دا لە نەخۆشخانەی بارتۆلۆمیۆ کرا بە یاریدەدەری نەشتەرگەر و لەساڵی ١٨٦١ دا بوو بە نەشتەرگەر، بەڵام هەرگیز وەک نەشتەرگەر کارەکانی زۆر گەورە نەبوو. لە دەستنیشان کردنی نەخۆشیدا شارەزا بوو. دەووترێت نەخۆش دەبێت بچێتە لای پاگێت تا بزانێت چییەتی و پاشانیش بچێتە لای فێرگوسۆن تا چەسەر وەرگرێت. پاگێت بە توندی ڕەخنەی لەوانە گرتووە هونەر و زانستیان لەیەک جیاکردۆتەوە. ی‌ڕوای وابوو سەخترین کاری پزیشکی دەکرێت لەڕێگەیەکی زانستیەوە ئەنجام بدرێت و دەبێت هەموو کەسێک هەوڵ بدات کەمێک کاری ڕەسەنانە ئەنجام بدات. لەنووسینەکانیدا دەردەکەوێت فرە ئارەزووی لە توێژینەوەی ڕوون و پۆلێنکاری هوشیارانە هەبووە، کە هێشتا

بایەخی خوێندنەوەیان هەیە. پاگێت ووتاربێژێکی زمان پاراویش بووە. لەساڵی ١٨٥٣ دا یەکێک لە کتێبە نایابەکانی بەناوی (وانەکانی تایبەت بە نەخۆشیزانی توێکاری) نووسی و دواتریش لە ساڵی ١٨٧٥ دا کتێبێکی تری بەناوی ( ووتار و وانە کلینیکیەکان) نووسی. لای کەم دوو نەخۆشی بەناوی ئەوەوەیە، کە خۆی وەسفی کردوون. لە ووتارێکدا بەناونیشانی (قوتابی زانستی پزیشکی ئەبێتە چی ؟) باسی لە کاری هەزار لە قوتابیە کۆنەکانی نەخۆشخانەی سانت بارتۆلۆمیۆی کردووە.

بەڕێز جەیمز پاگێت و خێزانەکەی ژیانێکی خێزانی ئاسوودەیان هەبوو. وچانی نەدەدا لەکارکردندا، بەڵام لە ئێوارانەدا دوای سەرقاڵ بوونی لەڕۆژدا، دادەنیشت و نامەی دەنووسی و لەگەڵ خێزانەکەیدا توێژینەوەی ئامادەدەکرد. لە کاتێکا قسەیان دەکرد، مۆسیقایان لێدەداو گۆرانیان دەووت بێ ئەوەی وەڕەس ببن. لە نێو هاوڕێکانیدا هەریەکە لە کەسایەتیە بەناوبانگەکانی وەک بڕاونین، تێنیسۆن، گلادستۆن، داروین، ڕەسکین، پاستۆر و ڤێرچۆ، دەبینرێن. لەساڵی ١٨٧١دا کرا بە بارۆن.

لەهەمان ساڵدا دوای ئەوەی پشکنینی بۆ مردوویەک ئەنجامدەدا، بەهۆی ژەهراوی بوونی خوێنەوە لەوابوو گیانی لەدەست بدات. هەر دەیووت " باش بوو بە دە دکتۆرەوە چارەی تاقە کەسێکی وەک منیشیان کرد". بەڕێز جەیمز پاگێت تا کۆتای ئەو تەمەنە دووروودرێژەشی شێلیگیرانە کاری کرد. وتوویەتی " ماسی بگری هەر ئەبێت قوولت تەڕ بێت." سەرکەوتنەکەشی بەرهەمی کۆششی نەپساوەی بوو. ژیانی کۆمەڵێک دەست کەوتی ناوازەی تیابووە و خۆشی نموونەیەکی باڵایە بۆ هەموو نەشتەرگەران.

## دوپۆترێن، مامۆستا بەهرەمەندەکە

لە کیشوەری ئەوروپادا و لەسەردەمی پێش لیستەردا، گەلێک نەشتەرگەری نموونەیی دەرکەوتن : دیفێنباچ لە کۆتینگسبێرگ، لانگێنبێک لە بەرلین، میرڵدرۆپ لە برێسلاو، مالگێن، نیلاتۆن و ڤێلپوو، هەموو ئەمانە لەپاریس و هەروەها

دوپۆترێنی هاوپیشەیان، کە پێدەچیت مەزنترینیان بووبێت. دەکرێت لە کیشوەری ئەوروپادا دوپۆترێن نموونەی نەشتەرگەرێکی باش بوو بێت لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا. گیوم دیوپوترێت (١٧٧٧-١٨٣٥)، کە لەسەردەمی خۆیدا دیارترین نەشتەرگەری فەرەنسا و مامۆستایەکی مەزنی کلینیکی بووە، لەخانەوادەیەکی سادە لە گوندێکی دوورە دەست لەدایک بووە. لەڕووی کەسایەتیەوە، زیرەک و کەم دوو بووە و پێدەچێت منداڵێکی سەرنج ڕاکێش بووبێت چونکە لەتەمەنی چوار ساڵیدا خانمێکی دەوڵەمەند لای خۆی بەخێوی کردووە. لەو بۆنەیەدا ژن و پیاوێک ڕزگاریان کردووە، بەڵام دووبارە لەتەمەنی دوانزە ساڵیدا ئەفسەرێکی سەربازی دڵی لێی دەچیت، کە داوای لێدەکات ڕوو لەپاریس بکات و لەوێ بخوێنێت. ئەمیش داواکەی قبوڵ کردو بەو جۆرە دەستی بەپیشەیی خۆی کرد.

بەداهێنانی گەلێک ئامێرو ئەنجامدانی چەندین نەشتەرگەری، لەڕێگەی دیاریکردنی شوێنی چالاکیەوە لە ئوتێل دیو، کە سەنتەرێکی فێرکاری نەشتەرگەری بوو و لەهەر نەخۆشخانەیەکی تری پاریس ناوبانگی زیاتر بوو، زیاتر نەشتەرگەری بەرەوپێش برد. دوپۆترێن نووسینی کەم بووە، لەگەڵ ئەوەشدا لەڕێگەی ئەو وانە کلیکیە بڵاوپێکراوەکانیەوە کاریگەری گەورەی دروست کردووە. سیفەتە کەسێتیکانی سەرنج ڕاکێش نەبووە چونکە کەسێکی نالێبوردەو گاڵتەجاڕ بووە و جاری واش هەبووە هەر فرە توونت بووە. کەسێک بووە هەمووان پەسەندیان کردووە ، بەڵام کەم کەس خۆشی ویستووە و خەڵک هەر لێی تێنەگەیشتووە! پێدەچیت بەهەڵە لێی تێگەیشتبن. هەروەک بەڕێز ڕۆبەرت کریستیسۆن، کە بینیویەتی نەشتەرگەری بەرد دەرهێنانی بۆ منداڵێک ئەنجامداوە نووسیوویەتی"کورە ئەم کابرا مۆنە بەدناوە هەفرە مرۆڤدۆست و بە بەزەییە". شێوازی خۆگۆڕینی سەیروسەمەرە بووە و زیاتر بووەتە مایەی نەنگی چونکە بە ڕوانکەی سپی پیس و پۆخڵ و پاڵتاوێکی شڕومڕی کۆنی لەبەردەکرد و کڵاوێکی سەوزی لەسەر دەکرد و پاپوچێکی فەرشینی لەپێدەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کاری دەکردو وەک لاریش بووەتە باڕۆن. ئەو ئاسەوارانەی بەجێی هێشتووە بەشێکی دراوە بە مۆزەخانەی دوپۆترێن، کە ئێستاش ماوە.

ئانتوان لامبێرت (١٨٠٢-١٨٥١) یەکێک بووە لە قوتابیە ناودارەکانی، کە داهێنەری تەقەڵی (دروومانی) لامبەرتە، دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت چارەسەری دوورینەوەی ڕیخۆڵە ئەبێت ڕووە ئاوگیەکانی بە تەواوی یەکبگرێت. ماوەیەک دوای دوپۆترێن کوڕی ئاسنگەرێک هات بەناوی لویس ماری ڤێل (١٧٩٥-١٨٦٧)، کە بوو بە پڕۆفیسۆری نەشتەرگەری کلینیکی لە زانکۆی پاریس و کتێبێکی گشتگیری کاریگەری لەسەر نەشتەرگەری نووسی .

## مێژووی سیستەمی میکرۆب کوژ

سەختە هەڵسەندگاندنی تەواو بۆ کارە مەزنەکانی لیستەر بکەین. خۆشبەختانە ڕاستیەکان لەسەر ژیان و بەرهەمی بەجۆرێک زانراوە ئەو ڕووداوانەی بوونەتە هۆی دۆزینەوەکانی، تەنها پێویست دەکات بەکورتی باس و خواسی لەبارەوە بکرێت.

پێشووتر باسمان لە مەترسیەکانی نەشتەرگەری لە پێش هاتنی لیستەر کرد و باسی هەندێک لە نەشتەرگەرە بلیمەتەکانیش کرد، کە ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە بوونەوە. خۆی تا سەردەمی پێش لیستەر هەندێک لە نا دڵنیای و دڵە ڕاوکێ لەبارەی بنەماکانی دژەمیکرۆب هەبوو، هەروەک پێش هاتنی هارڤی بیرۆکە هەبوو و کار لەسەر سووڕی خوێن دەکرا. تەنانەت زاراوەی "دژەبەکتریا " بەکارهێنراوە، ئەگەر بەڕێز جۆن پرینگڵ لەسەدەی هەژدەیەمدا داشی نەتاشیبێت. خۆی بەسەرهاتی ئەم بابەتە سەدەیەک پێش ڤان لیڤان هۆک دەستیپێکرد، هەروەک پێشتر باسمان کرد . لیڤانهۆک و کیرچەر یەکەمین بەکتریاناسەکان بوون، هەرچەندە ڕوون کردوونەوەی خۆیان نەداوە لەبارەی ئەوەیان چیان لەڕێگەی ووردبینە سەرەتاییەکانەوە بینیووە. هەر لەهەمان سەردەمدا، فرانسیسکۆ ڕێدی شاعیر و مشەخۆرناسی ئیتاڵی، توێژینەوەی گرنگی ئەنجامدا. بەرهەمی توێژینەوەکانی لە کتێبێکی ناوازەدا لەبارەی مشەخۆرەکانەوە بەناوی (چەند توێژینەوەیەک لەبارەی ئەو زیندەوەرانەی دەکرێت لەناو زیندەوەری تردا بدۆزرێنەوە)، خستەڕوو. لەکاتی توێژینەوەکانی

بۆی دەرکەوت کرمۆکە لە خۆوە لەمادەی گەنیودا دەرناکەوێت و ئەگەریش گۆشت دابپۆشرێت لەبەر مێش، هیچ کرمۆکەیەک نابینرێت. لەم تاقیکردنەوە سەرەتایەدا، کەکەس پێشووتر بیری لێ نەکردبووەوە، ڕێدی بۆی دەرکەوت ئەو تیۆریەی ناوی "زاوزێ کردنی خۆوەکیە" و بەشێوەی بەرفراوان کاری پێدەکرێت، ڕاست نییە. ووتویەتی "هەر زیندوو لە زیندوو دروست دەبێت و کەس لەبنەدارەوە نەهاتووە". دوای سەدەیەک لازارۆ سپایانزانی (١٧٢٩-١٧٩٩) ، کە ئیتاڵیەکی تر بوو، هات و لەجیاتی کرمۆکە کاری لەسەر میکرۆب کرد. سپایانزانی زانایەکی ماندوونەناس و بەجۆش بووە و سەلماندوویەتی ووردە زیندەکان لەناو شلەی دەفرە گەرمکراوە داخراوەکاندا گەشە ناکەن. گەلێک تاقیکردنەوەی پێویست بوو تا بتوانێت وەڵامی نیدهامی قەشەی کاثۆلیکی ڕەخنەگری دیاری ئینگلیزی بداتەوە، کەبەردەوام داکۆکی لە زاوزێ کردنی خۆوەکی دەکرد، تادواجار سپایازانی بیرۆکەکەی ڕەت کردەوە. گومانی تیادانیە شۆڕەسوارێکی تری ئەم مەیدانە لویس پاستۆرە، کەبووە سەرچاوەی ئیلهامی لیستەر هەروەک باسمان کرد.

## کارەساتی تای زەیستانی (بەردەوام)

لەکاتێکا زاناکان ووردە ووردە لەچارەسەری هەوکردن بەهۆی گەنینەوە نزیک دەبوونەوە و نەشتەرگەرو پزیشکە زانگەرەکان وەسیلەی خۆپاراستنی ئەو دەردەیان دەدۆزیەوە، بەڵام نەیانتوانی بەتەواوەتی هۆکاری سەرکەتنەکەیان ڕوون بکەنەوە .سروشتی ترسناکی تای زەیستانی پزیشکانی شارەزای بواری زانگەری حەیران کرد تا ڕێگریەک بۆ بەرپێگرتنی بدۆزنەوە، بەڵام کەڵکی نەبوو، بەرەو پێش چوونیش لەسەر خۆبوو.

لەساڵی ١٧٧٣ دا چارڵس وایتی نەشتەرگەرو ڕوناکبیرو شارەزای بواری مامانی لەمانچستەردا، توێژینەوەیەکی بەناونیشانی (لەبارەی چاودێریکردنی ژنانی دووگیان و ئەو ژنانەشی لە کاتی زەیسانیدان) نووسی. تیایدا پێشنیاری کوتانی بە بەکارهێنانی دەرمانی ووشکەرەوە و دژەبەکتریا بۆ ناو کۆرپەلە بۆ

ئەو حاڵەتانەی بەهۆی ئاوی زەیستانی[79] بۆنی ناخۆش دەبێت، کرد. هەروەها گرنگی بە هەواگۆڕکێی خاوێن بۆ ژووری منداڵ بوون داوە. سوودی زۆری لە مێژوونووسانی بواری پزیشکی وەرنەگرت، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو نەشتەرگەرێک بوو کاری بە میتۆدی پزیشکانی پێش خۆی کردووە.

ئەلیکساندەر گۆردۆن (١٧٥٢- ١٧٩٩) یەکێکی ترە لەو پزیشکانەی کارەکانی هەر زۆر لەبیرکراون، کە لەساڵی ١٧٩٥ دا توێژینەوەیەکی بەناونیشانی (لەبارەی تای زەیستانی لە ئابێردیندا) نووسی. لەم توێژینەوەدا پێشنیاری ئەوەی کرد ئەو پەرستارو پزیشکانەی دەچنە لای ئەو نەخۆشانەی تای زەیستانیان هەیە، دەبێت بەوورییاییەوە خۆیان بشۆن و پۆشاکەکانیان ژیرانە بەهەڵم خاوێن بکەنەوە.

ئۆلیڤەر وێندڵ هۆڵمز(١٨٠٩-١٨٩٤)، کە زیاتر لەبواری ئەدەبیاتدا ناوبانگی زۆرتر بووە تاوەکو لەبواری پزیشکیدا، لەڕێگەی توێژینەوەیەکەوە بەناوی (لەبارەی تەشەنەسەندنی تای زەیستانی) زریانێکی لە وتووویژانەی دوژمنکارانەی هەڵکرد، کاتێک لەساڵی ١٨٤٣ دا بۆ ڕێکخراوی چاکسازی پزیشکی بۆستن خوێنرایەوە. چاکسازیەکە لای هەندێک لە پزیشکە کلاسیکیەکانەوە، وەک سووکایەتی سەیرکرا. هۆڵمز ژووری توێکاری بەهۆکاری سەرەکی تووشبوون بەنەخۆشی دانا و ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد دەستیان بشۆن و جل و بەرگەکانیان بگۆڕن، پێش ئەوەی بچنە ناویانەوە. ئەم پێشنیارە سادەیە بەهەند وەرنەگیراو دژایەتیش کرا. هۆڵمز بەڕێزەوە وەڵامی ڕەخنەگرەکانی دایەوەو ووتی "ئاسایيە با ئەم پێشنیارەی من کاری پێنەکرێت". پێدەچێت (نانی بەیانی ) بە ناوبانگترین بەرهەمی پزیشکی ئەو بوو بێت.

دوای پەنجا ساڵ لەبارەی ئەم بەرهەمەوە ووتی" خەڵکانێک دەنگیان لێ بەرزدەبوویەوەو دژی ئەم نووسینەی من بوون، بەڵام من زۆر لەوە گەورەترم کەسانی حولحولی بێن لەسەرم بکەنەوە". چوار ساڵ دواتر، سێمێلوەیسی پاڵەوانی ڤێنا چارەسەری ئەم دەردەی کرد.

---

٧٩ بریتی یە لە هەموو ئەو دەردراوانەی وەک خوێن و شانە و .... هتد ، کە لە زێیەوە لە هەفتەی یەکەم یان یەکەم و دووەمی دوای منداڵ بوونەوە ، دێنە دەرەوە.

لەسەرەتادا کە وەک هاوکار لە نەخۆشخانەی منداڵ بوون کاری دەکرد، ئیگناز فیلیپ سیمێلوەیس (١٨١٨–١٨٦٥) بۆی دەرکەوت ڕێژەی مردن لەو قاوشانەی کراوەبووەن بۆ قوتابیان زیاتر بووە لەو قاوشانەی تەنها مامانەکان ڕێگایان پێدەدرا بچنە ناوی. خۆی نەخۆشەکانیش تێبینی ئەوەیان بۆ کردبوو و داوایان دەکرد مامانەکان چارەسەریان بکەن. لەکاتێکا سیمێلوەیس هەوڵیدەدا ئەم ناچونیەکە لە ڕێژەی مردندا ڕوون بکاتەوە، کۆلێچسکای هاوڕێ و پرۆفیسۆری پزیشکی دادوەری، نەخۆش کەوت و بەهۆی برینی توێکاریەوە مرد. سیمێلوەیس بۆی دەرکەوت ئەو نیشانەو هەروەها دەرهاویشتە خراپانەی لەپشکنینی دوای مردندا دۆزرانەوە، تاڕادەیەکی زۆر لەوانەی تای زەیستانی دەچوو. لەساڵی ١٨٤٧ دا وەهای گووت" تای زەیستانی بەهۆی ئەو مادە بۆگەنانەی لە ووردە زیندەکانەوە وەردەگیرێت و لەڕێگای پەنجەکانی پشکنینەوە، بۆ ژنی دووگیان دەگوازرێتەوە. ئەو قوتابیانەی لەژووری توێکاری یان هۆڵی پشکنینی مردووان دێنە دەرەوە دەبێت بە کلۆریدی کلسی دەستەکانیان بشۆن". دەمودەست ڕێژەی مردن لەقاوشەکاندا لەژێر چاودێری ئەودا لە لەسەدا هەژدەوە بوو بە لەسەدا سێ و پاشان بوو بەلەسەدا یەک! پزیشکە زانگەرە پارێزکارەکانی ڤێنا هەر متمانەیان بە بەڵگەو تەنانەت ئەنجامی کارەکانیشی نەکرد. زۆر بەرگەی نەهامەتی گرت و دەست بەرداری پێگەکەی بوو و ڕووی لە بوداپێست کرد. لەوێ لەساڵی ١٨٦٢ دا، کتێبە ناوازەکەی بەناونیشانی(لەبارەی هۆکار و ڕێگریکردن لە تای زەیساتانی) بڵاوکردوە، بەڵام هەربڕوای بەڕەخنەگرەکانی نەهێنا. دواجار شێت بوو و بەهۆی برینی میکرۆب پاک کردنەوەوە لەپەنجەیدا گیانی لەدەستدا. بوو بە قوربانی ئەو نەخۆشیەی زۆر هەوڵیدا ڕێگری لێبکات! نەشتەرگەری تریش پێش سەردەمی لیستەر هەبوون گرنگی تەواویان بەپاک و خاوێنی دەست، ئامێرەکان و شوێنی نەشتەرگەری دەدا، هەرچەندە زۆر بە باشی هۆکاری پێشمەرجەکانیان بۆ ڕوون نەدەکرایەوە.

یەکێک لە سەرکەوتووترین ئەو پزیشکانە بەڕێز تۆماس سپێنسەر وێڵس (١٨١٨–١٨٩٧) بووە. نەشتەرگەرێکی بەناوبانگ و پزیشکی نەخۆشخانەی ژنانی لەندەنیش بووە. حەوت ساڵ وەک نەشتەرگەر لە هێزی دەریاوانیدا خزمەتی

کـردووه. دواتـر لـە لەنـدەن نیشـتەجێ بـووەو لـە نەخۆشـخانەی "سـاماریتانی شـاهانەدا " دا کاری کـردووه، کـە دواتـر تەنهـا بـوو بەدەرمانخانـە. ویـڵ لەبـواری توێـکاری هێلکەدانـدا زۆر سـەرکەوتووانە کاری کـردووە. نەشـتەرگەریەکانی بـە تەکنیکی سادە ئەنجام داوە، لەگەڵ ئەمەشدا زۆر گرنگی بە پاک و خاوێنی داوە. تـا ژووری نەشـتەرگەری تـەواو هێمـن نەبوایـە، نەشـتەرگەری ئەنجامنـەدەدا. لەماوەی سـی سـاڵی چالاکی کارکردنیدا، سپێنسـەر وێڵـز نەشـتەرگەری هـەزار حاڵەتی گرێی هێلکەدانـی کـردووە. جـا ڕێـژەی مردنـی بەجۆرێـک کـەم کـردەوە، بـە "نەشـتەرگەرە بێوەیەکـە" ناوبانگـی دەکـرد. سـەرکەوتنەکەی بـە هـۆی گرنگیدانـی تـەواوی بـوو بـە پاک و خاوێنی. سـەرباری ئەمـەش نەیتوانی هـۆکاری گرنگی ئەو پاک و خاوێنیـە ڕوون بکاتـەوە. لەبـواری توێژینـەوەدا زۆر لێهاتـوو نەبـووە، هـەروەک لیسـتەر بـە توێژینەوەکانـی گەشـتە ترۆپکـی سـەرکەوتن.

# بەشی حەڤدەیەم

## لیستەر و دواکەوتەکانی

بەپێی نەریت و ئەقڵیش، دەبێت مێژووی نەشتەرگەری بکەین بە دوو قۆناغ :- قۆناغی پێش لیستەرو قۆناغی پاش لیستەر. ئەو گۆڕانە سەرنجڕاکێشەی لیستەر کردی ئێستا لەجیهاندا دانی پیانراوە. بەداهێنانی سڕکردن کارێکی وایکرد نەشتەرگەری بێ ئازار ئەنجام بدرێت، بەڵام کارەساتی بۆگەنبوونی خوێن هەر چارەنەکرا. نەخۆش لەسەر مێزی نەشتەرگەری ڕووبەڕووی ئەو مەترسیە دەبوویەوە وەک ئەوە وابوو لەمەیدانی جەنگا بێت. جا بەڕێز جەیمز یەنگ سیمپسۆن، پێشنیاری کرد نەخۆشخانە کۆنەکان بروخێنرێن و کۆمەڵێک چادرگەی بچووک لە شوێنیان دابنرێن. لیستەر لەڕێگەی میتۆدێکی ڕوونترەوە چارەسەری بۆگەنبوونی خوێنی کرد. نەپساوانە کاری لەسەر تەواوکردنی سیستەمی ڕێگری کردن لە چوونە ناوەوەی میکرۆب بۆ ناو برین و لەناوبردنیانی کرد، کاتێک کە دروست دەبوون.


جۆزیف لیستەر (لیستەری خاوەن شکۆ) (١٨٢٧-١٩١٢) یەکەمین پزیشکی

خانەدانە، لە ئەپتۆن هاوس نزیک لە ئێسێکس لەدایک بووە. ناوچەکە ئێستا بووەتە بەشێک لە ئیست ئیندی لەندەن و ئەپتن هاوسیش نشینگەی سانت پیتەرە، کە بەسەر پارکی گشتی ویست هامدا دەڕوانێت. لەسەردەمی لیستەردا ئەپتۆن شارە دێیەک بوو، پارکەکەشی موڵکی ساموێل گورنی، پزیشکی پیشەنگی کواکەر بوو. لە سەدەی پێشووتریش موڵکی دکتۆر فۆزەرگیڵی پزیشکێکی تری کواکەر بوو، کە ئاماژەمان پێکرد. هەردوو لیستەرەکەش کواکەر بوون و جۆزیفیش میراتگری ئەو سادەی و هێمنی بووە، کە لە سیفەتەکانی کۆمەڵەی دۆستان (کواکەر) بوون. جەیمز جۆزیف لیستەری باوکی، بازرگانێکی سەرکەوتووی مەی بووە. هەر کاتی هەبووایە بە زانستەوە قاڵ دەبوو. ناوبانگێکی زۆری لەبەر چاکسازیەکانی لە تەکنیکی ووردبیندا دەرکرد، بەهۆی ئەمەشەوە وەک ئەندامی کۆمەڵگەی شاهانە وەرگیرا. لیستەر بڕوانامەی بەکالۆیۆسی لەلەندەندا بەدەست هێنا، پێش ئەوەی لە کۆلێج هۆسپیتەڵ وەک قوتابی بخوێنێت. لەسەرەتای قوتابیێتیدا، یەکەمین نەشتەرگەربوو ئیثەری لەم زانکۆدا بەکارهێنابێت. ئەمەش ئەزموونێک بوو بە بێگومان کاریگەری گەورەی لەسەر هەبوو، هەرچەندە لەنامەکانیدا باسی ئەمەی نەکردووە. لەساڵی ١٨٥٢ دا کۆلێژی پزیشکی تەواوکرد و هەروەها بووبە ئەندامی زانکۆی شاهانەی نەشتەرگەران. لەو کاتەدا زۆر ئارەزووی لە بواری فەسلەجە هەبوو. لە توێژینەوەکەیدا بەناوی (لەبارەی شانە کرژۆکەکانی گلێنەی چاو)، ڕاستی توێژینەوەکانی پرۆفیسۆر کۆلیکەری ووروزبوکی سەلماندو کاریشی لەسەر کردن. دیارە ئەم پرۆفیسۆرەش وەسفی بەرهەمەکەی لیستەری کردبوو. دووم توێژینەوەی لیستەر لەگۆڤاری(زانستی ووردبیندا) بڵاوکرایەوە، کە تیایدا باسی لەشانەی ماسوولکەی پێست و ئەو ڕیشاڵە پیلۆمەتریانەی کە هۆکاری دروست بوونی پێستە قازن، کرد.

لەگەڵ ئەوەشدا فەسلەجەی وەک بنەمای کاری نەشتەرگەری دادەنا، کە لە پێناویدا ژیانی بەخشی. وتوویەتی " خۆی فەسلەجە بۆ نەشتەرگەر گرنگترە تاوەکو پزیشک".



لیستەرو هاوڕێ نەشتەرگەرەکانی


249

air but the solids which cause the decompo-
sition. Take any fermenting liquid, say
wine, and place it in a flask with an ex-
tended neck so that the heat may be carri-
ed up to 212°, and then apply a spirit lamp
below the flask so as to expell the air and
destroy any thing that may be alive in it.
Take away the spirit lamp
and the air will reenter,
but any germs which may
happen to pass up the tube
will be killed by the heat.
What will be the result?
You have let the air reenter
but this air has been de-
prived of its germs and
the wine in the flask will remain for any
length of time, 20 years or more perfectly
sweet because the air that is now in the
flask deprived of its power of decomposi-
tion by being heated in a way calculated
to kill any thing that may be alive in it.

تێبینی یەکێک لەوانەکانی جۆزیف لیستەری پزیشک کە یەکیک لە قوتابیەکانی بەناوی ویلیامەوە نووسیویەتی.

## ژیانی منداڵی لیستەر لە ئیدنبرەو گلاسکۆدا

ویلیام شارپی پرۆفیسۆری فەسلەجەی لیستەر، ئامۆژگاری کرد لە لیکۆلینەوەکانی لەبواری نەشتەرگەریدا لە ئیدنبرەدا بەردەوام بێت. لیستەریش نامەیەکی بە پێشەکیەوە بۆ پرۆفیسۆر جەیمز سیم نارد، کە دواتر بوو بە شۆڕەسواری نەشتەرگەرانی ئەوروپا. جا لیستەر ڕۆشت تا مانگێک لەئێدبرەدا بمێنێتەوە، کەچی بۆماوەی حەوت ساڵ لەوێ مایەوە! لەساڵی ١٨٥٣دا بووبە نەشتەرگەری خۆجێی

لای سیم. دوانزە برین پێچیشیان لەگەڵ بوو، لەبەرخۆشەویستی پێیان دەووت "سەرۆک". ئەمەش نازناوێک بوو تا کاری دەکرد بەسەریدا بڕابوو. وەها بۆ باوکی نووسیووە " وانازانم وەک لیستۆن یان سیمم پێبکرێت، بەلاّم کۆڵیش نادەم. خۆی گرنگ ئەوەیە هەر زۆر حەزم بەکاری نەشتەرگەری هەیە. من ڕاستگۆو ڕاست بێژم. ئەمەش لەسەروو هەموو شتێکەوەیە".

ساڵێک دواتر ڕیچارد جەیمز ماکێنزی نەشتەرگەری لێهاتووی لاوی شاری ئێدنبرە، لەکاتێکا لە کریمیا خزمەتی دەکرد، بەهۆی نەخۆشی کۆلێراوە گیانی لەدەستدا. لیستەر دەستنیشان کرا تا وەک یاریدەدەری نەشتەرگەری نەخۆشخانەی شاهانەو وانەبێژی نەشتەرگەری لەزانکۆی ئێکسترا –مورات، ببێت بە جێگرەوەی. لەو کاتەدا لەڕونلاند ستریت کاری دەکرد و لە ٢٣ ی مانگی نیسانی ساڵی ١٨٥٦ دا لەگەڵ ئانی کچە گەورەی سیمدا هاوسەرگیری کرد، هەرچەندە بەهۆی ئەم هاوسەرگیریەوە ناچارکرا پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەی کواکەردا توند بکاتەوە. دوای سی و نۆساڵ لیستەر زۆر قەرزاربارى دڵسۆزی و یارمەتی هاوسەرەکەی بوو. وەک سکرتێری کاری کردو ڕۆژانە بۆ چەند کاتژمێرێک کاری نووسینی بۆ دەکرد. کاری بە کەرەستەکانی دەکردو لە ئەزموونەکانی یارمەتی دەداو هەوڵیدەدا دواکەوتنی لەژوان چارەسەر بکات. ئەمەش بەمانای کەمتەرخەمی ئەو نەبوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە بوو چونکە هێندە لە کارەکەیدا ڕۆچووبوو، پێدەچوو ژوانەکانی لەبیر نەمابێت یان لێان تێک چووبێت.

ئان شایانی ئەوپەڕی ستایشکردنە، لەبەر ئەو ڕۆڵەی لەسەرکەوتنی سیمی هاوسەری بەناوبانگیدا گێڕاویەتی. لەو سەردەمی کارکردنەدا، گرنگی بە لایەنی زانستی نەشتەرگەری داو خەریکی توێژینەوەبوو لەپێی بۆقێکدا، کە لە دودیستۆن لۆچدا گیرابوو. لەساڵی ١٨٥٧ دا ئەنجامەکانی قۆناغەکانی سەرەتایی هەوکردنی لە توێژینەوەیەکدا بۆ کۆمەڵگەی شاهانە خستەڕوو. ساڵی دواتر توێژینەوەیەکی بەناونیشانی (قەتیغ بوونی خوێن) نووسی. جا وا پێدەچێت لیستەر بەخاوی کاریکردبێت، هەروەک ئەو ڕاستیە دەزانین خانمە لیستەر وتوویەتی " لیستەری داماو، ئای چەند خاو خلیچکە"! جا دیاریکردنی لیستەر بە سەرۆک بەشی

نەشتەرگەری کلینیکی لەگلاسکۆدا کارێک بوو لەجێ خۆیدا بوو.

ئەمەش هەلێکی گەورەی بۆ ڕەخساند تا ئازادانە پەرە بە بیرۆکەکانی لەبارەی نەشتەرگەرییەوە بدات، کە بەبێ سەرپەرشتی خەزوری وەک سالانەی سەرەتای کاردکردنی بە بایەخ بوو. جا لەسالی ١٨٦٠ دا لیستەر ڕووی لە گلاسکۆ کرد، کە قیبلەی داهێنانەکەی بوو. قاوشەکانی لەنەخۆشخانەی شاهانەی گلاسکۆدا، کە لەسەر شوێنێکی کۆنی مردوو ناشتندا پڕکراو بوو لەکفنی قوربانیانی دەردە کۆلێرای سالی ١٨٤٩ دا، ئەوپەڕی ناتەندروست بوون لەو شارەدا. بەڕێز جەیمز ئێریکسن لەلەندەن و جەیمز یەنگ سیمپسۆن لەئێدنبرەدا، هەریەکەیان سەرچاوەی خۆرە، ماشەرە[80] و کێم کردنی خوێنیان، کە بوونە مایەی لەناوبردنی قاوشەکان، بۆ زۆر مانەوە لە نەخۆشخانە گەڕاندەوە. ئەمەش کارەساتێک بوو لە نەخۆشخانەکاندا خراپتر بوو وەک لە مالە تایبەتەکاندا و لەنەخۆشخانە فرە گەورەکاندا ئەوپەڕی خراپ بوو.

## سیستەمی میکرۆب کوژ

توێژینەوەکانی لیستەر لەسەر هەوکردن وایان لێکرد ئەو گومانە بکات شیبوونەوە یان بۆگەن بوون، هۆکاری کێم کردن و هەوکردنی برین بیت. واش گومانی دەبرد هۆکارەکەی تەنها گازەکانی هەوا نەبێت، بەلکو شتێک بێت هەوا لەگەل خۆی هێنابێتی. تۆماس ئەندرسۆنی پرۆفیسۆری کیمیا لە گلاسکۆدا، سەرنجی لیستەری بۆ کارەکانی پاستۆر ڕاکێشا. وەک پێشتر باسمان کرد، پاستۆر ئەوەی خستەڕوو گەنین ترشانێک نیە هۆکارەکەی ئەو ووردە زیندانە بێت، کە لەڕێگەی هەواوە بگوێزرێنەوە. بەلای لیستەرەوە، دۆزینەوەکانی پاستۆر ئیلهام بەخش بوون و بەردەوام هەم بە گوفتار هەم بە نووسینیش ئەمەکی خۆی بۆ پاستۆر دەربڕیووە. بە لێکۆلینەوە لەبەرهەمێکی پاستۆر، گەیشتە ئەو دەرەنجامەی هەوکردنی برین وەک بۆگەنبوونی مەی وابێت. جالەبەر ئەوە لیستەر بەدوای وەسیلەی لەناوبردنی ئەو ووردە زیندانەدا دەگەڕا. بۆ ئەم مەبەستەش ترشی

٨٠ erysipelas : نەخۆشیەکی توندی پێستە، حەساسیەتی لەگەلە . بەزۆری لەسەر لاق، پەنجەکانی پێ، دەست، دەم و چاو و بالەکان دەردەکەوێت . ئەم نەخۆشیە کاردەکاتە سەر بن توێخی پێست.


کاربۆلیکی هەڵبژارد، کە کالڤێرتی کیمیاگەری شاری مانچستەر، هەڵبژاردبوو، بەکاریشی هێنابوو بۆ پاکژکردنەوەو لابردنی بۆنی ناخۆشی ئاوەڕۆکان لەشاری کارلایلدا. هەروەها خویس لیمێری کیمیاگەری پاریسی، ترشی کاربۆلیکی بۆ لەناوبردنی میکرۆب و بەکتریا بەکارهێنا، هەرچەندە لیستەر ئاگاداری ئەو بەرهەمە نەبوو تا دووساڵ دوای تاقیکردنەوە بەراییەکانی، کە لەساڵی ١٨٦٦ دا ئەنجامیدان. گەر لیستەر بۆ میتۆدی چارەسەرکردنەکەی ووشەی " aseptic " "میکرۆبکوژ، خاوێنکەرەوە" بەکارهێنابێت، پێدەچێت تێنەگەیشتنی ئەوانەی ڕەواندبێتەوە کە وایان لێک دەدایەوە ئەو بەتەنها دژە ژەهری دۆزیبێتەوە. خۆی هەرگیز لیستەر ئەو بانگەشەیەی نەکردووە ترشی کاربۆلیک یان هەر میکرۆبکوژێکی دۆزیبێتەوە. ئەو شێوازی ڕێگریکردن و چارەسەری گەنینی برینی دۆزیەوە.

سەرەتا ترشی کاربۆلیکی خاو و گەلێک فۆرمی هەویر، پلاستەر یان پلاستەری لاکی، بەکارهێنا. دیارە پلاستەرە لاکەکە ترشی کاربۆلیکی تیادابوو. دواتر بۆی دەرکەوت بە بەکارهێنانی کەمتر ١لە ٢٠ یان ١ لە ٤٠گیراوەی شلەی شۆرەری پێستدا دەگات بە ئەنجامی خۆی. بۆ کەمکردنەوەی حەساسیەت، مادەیەکی پارێزەری وەک ئاوریشمی چووڕکراوی بەکارهێنا. هەر بەوەوە نەوەستا، بەڵکو سووریش بوو لەسەر ئەوەی هەر شتێک بەر برین بکەوێت، جل بێت، ئامێربێت یان پەنجە بێت، ئەبێت بە پاکژکەرەوە چارەسەربکرێت. تەنانەت کەشێکی پاکژکەرەوانەی لەڕێگەی پرژێنەری شلەی کاربۆلیکەوە ڕەخساند. خۆی سەرەتا پرژێنەرەکە بە دەست و پاشان لەڕێگەی مەکینەی یاریدەدەر و دواجاریش لەڕێگەی کەرەستەیەکی هەڵمینەوە کاری دەکرد، کە بۆماوەی چل ساڵ وەک بەشێکی زۆر گرنگی کەرەستەی پاکژکەرەوە مایەوە. لەکۆتای هەشتاکانی ئەو سەدەیەدا پرژێنەرەکە کاری پێنەکرا. لەو کاتەدا لیستەر پێداچوونەوەی بەڕوانینەکانی کرد و هێڵەکێکی زەردی پڕکراو لە ترشی کاربۆلیکی بەکارهێنا. لەشوێنێکی فراواندا زۆر جۆری خوێی جیوەیی تاقیکردەوە. لەسەرەتادا خورێنەری پلەبەرزو پاشان سیانیدی بەکارهێنا. دواجار جووتە هێڵەکی سیانیدی پەسەندکرد، کەسیانیدی جیوەو توتیای تیابوو. جا بەمەبەستی ناسینەوەی بەڕەنگی گوڵە بەڕۆژە ڕەنگ کرا.

لیستەر لەمانگی ئازاری ساڵی ١٨٦٥ دا، یەکەم سیستەمی پاکژکەرەوەی بۆ حاڵەتێکی شکاوی ئاڵۆز بەکارهێنا. ئەو حاڵەتە بۆ تاقیکردنەوەی میتۆدە نوێیەکەی زۆر گونجاو بوو چونکە دۆخەکەی هەر لەوە خراپتر نەدەبوو. ئەگەر چارەسەرەکەش سەرکەوتوو بووایە، پەلەکەش باش دەبوویەوە. لەساڵی ١٨٦٧ دا لیستەر یەکەمین ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی لە گۆڤاری پزیشکی (The Lancet) بە ناونیشانی (لەبارەی میتۆدە نوێیەکەی چارەسەری شکانی ئاڵۆز)، بڵاوکردەوە. وەسفی یانزە حاڵەتی کرد. نۆی چاک بوونەوە و دانەیەکی هی پەلەکان بوو، یەکێکیان هی بڕینەوە بوو، دانەیەکیشیان هی مردن. وتوویەتی " لەڕێی بەکارهێنانی ئەم میتۆدەوە، خوێن مەیووە لەجیاتی ئەوەی شل بێتەوە و بۆگەن بکات، چاک بووەتەوە و دواجاریش شوێنی خۆی گرتووە". ساڵێک دواتر لە "گۆڤاری پزیشکی بەریتانیدا" بابەتێکی بەناونیشانی (لەبارەی سیستەمی چارەسەری پاکژکەرەوە لە نەشتەرگەریدا)، نووسی. تیایدا ترشی کاربۆلیکی پەسەند کرد و وەسفی میتۆدەکانی خۆی کرد.



بنکەی پزیشکیی مایۆ کلینیک لەساڵی ١٩٢٨دا



وێنەیەک شێوازی نەشتەگەریمان لە شاری ئابێردینی سکتۆلەندادا پیشان دەدات. چوارەم کەس لای چەپەوە ئەلیکساندەر ئۆگۆستۆنی نەشتەرگەرە، کە یاریدەدەرێکیش دێت و پرژێنەری کاربۆن بەکاردێنێت، بەو جۆرەی لیستەر بەکاری هێناوە.

## گەڕانەوەی لیستەر بۆ ئێدنبرە

لەساڵی ١٨٦٩ دا پرۆفیسۆر سیم تووشی ئیفلیجی بوو، کەبەهۆیەوە ساڵێک دوای ئەوە کۆچی دوای کردو لیستەریش وەک نەشتەرگەری کلینیکی ئێدنبرەدا جێگەی گرتەوە. لەوێ لە توێژینەوەکانی بەردەوام بوو و ئامێری پرژێنەرەکەی ناساند. میزی کولاوی لەناو کۆمەڵە کەمۆڵەیەکی کراوە بەڕووی هەوادا دانا، ملی کەمۆڵەکانیان درێژکردو لوولیان دا تا تۆزیان تێنەچێت. بۆی دەرکەوت شلەکانی ناویان ڕوون بوویەوە. بەم جۆرە دۆزینەوەکانی پاستۆری سەلماند.

لیستەر ئەم کەمۆڵە بەناوبانگانەی بۆ ڕوون کردنەوەی وانەکانی بەکاردەهێنا. خۆی و خێزانی بۆ گەلێک کۆبوونەوەی پزیشکان لەلەندەن و شوێنانی تر

دەیانبردن و لەناو ژوریکە(تاکسی) و گالیسکەدا بەووریاییەوە لەسەر ئەژنۆکانیان دایاندەنان. لە ئێدنبرە لیستەر لەگەڵ پاستۆردا بوونە هاورێ. بەم جۆرەش پەیوەندیەکی درێژخایەن لە لای ئەم دوو زانایە دروست بوو، هەریەکەیان زۆر ڕێزی لەوی تر دەنا. لیستەر پێشنیاری بەکارهێنانی دەرزی ڕەشی سەلامەتی بۆ باش کارکردنی برین پێچ کرد چونکە ئەم دەرزیانە زۆر بەئاسانی دەبینران. هەروەها پێشنیاریشی کردووە ئەم دەرزیانە ڕێک لەو شوێنانەی برین پێچەکەدا دابنرێن، کە برینەکە ڕاستەوخۆ دەگرێتەوە. دیارە دانایانە و بە ووردی کاری کردووە. مەقاشی گیرفان (جیوب) و مەقەستی پشکنەرەی لیستەری دایهێناوە، کە هێشتا لە هەموو نەخۆشخانەیەک بەکاردەهێنرێت. ئەوەی پەیوەندی بە چارەسەکردنەوە هەبووبێت ئەم بەهەند وەری گرتووە. ئەمانەش دوولە ووتەکانێتی :-

١-تا لە ئیشا ووردتر بیت، سەرکەوتوو تر دەبیت.

٢- تەنها بە یەک یاسا کاربکە ئەویش : خوت لەشوێنی نەخۆش دابنێ.

سەربارى کارەکانى لەسەر پاکژکردنەوەی بەکتریا، لیستەر دەرزی تەدڵەی داهێناو ئەوەشی خستەڕوو دەکرێت بەدانانی لەڕۆنی کاربۆلیزکراودا بێ مەترسی کاربپێبکرێت. دەی بڕوای بە خەڵکی هێنا بۆری لاستیکی ئاوەڕۆش بەکاربهێنن، کە چەند ساڵێک پێشووتر چاسایناک خستبوویە ڕوو. یەکەمجار لەساڵی ١٨٧١ دا بەکاریهێنا. حاڵەتەکەش دوومەڵێکی بن باڵ بوو، نەخۆشەکەش ساژنە ڤیکتۆریا بووە. لیستەر چوو بۆ باڵمۆڕاڵ تا دوومەڵەکە دەربهێنێت، لە کاتێکا بەڕێز ویلیام جێنەر، کە ئەویش هەربۆ لای شاژن هاتبوو، کاری لەسەر پرژێنەرەکەی کرد. دوای چەند ساڵێکی کەم لیستەر کەوتە بەرداشێکی تەنگەوە، کاتێک شاژن داوای لێکرد بلاوکراوەیەکی گشتی بڵاوبکاتەوە و دژایەتی " توێکاری گیانلەبەری زیندوو " بکات، کە دواتر بووبە باسی کۆمیسیۆنی شاهانە. دەووترێت ئەم ڕووداوە وایکرد چەند ساڵێک درەنگ تر پلەی بارۆنی پێببەخشترێت.

قۆناغی دووەمی ژیانی لە ئێدنبرە پێدەچێت خۆشترین قۆناغی لیستەر بووبێت. لەو کاتەدا ئەوپەڕی ناوبانگی دەرکرد. قوتابیەکانی زۆریان خۆشدەویست، کلینیکیەکەشی سەرنجی زۆر میوانی دیاری بیانی ڕاکێشا. لەساڵی ١٨٧٥ دا

سەردانی ئەڵمانیای کرد و لەوێ بە جۆش و خرۆشەوە پێشوازی لێکرا، کەدواتر هەر لەوێ کاری لەسەر بیرۆکە نوێیەکانی کرد. لە ئەمریکاش کاتێک لە فیلادلفیا لەمانگی ئەیلوولی ساڵی ١٨٧٦ دا سەردانی کۆنگرێسی کرد، بەهەمان شێواز پێشوازی لێکرا.

## بەرهەمەکەی لیستەر و ساڵانی دواتری ژیانی لەلەندەندا

لەساڵی ١٨٧٧ دا و لەیادی پەنجا ساڵەی لەدایک بوونی لیستەردا، بەڕێز ویلیام فێرگوسۆن کۆچی دوای کرد و لیستەریش داوای لێکرا تا پۆستە چۆڵەکەی نەشتەرگەری کلینیکی لە کین کۆلێجی لەندەندا پڕبکاتەوە.

کاتێک قوتابیانی ئێدنبرە ئەم هەواڵەیان بیست، حەوسەد سکاڵایان تۆمارکرد و دوونیایان کردە تکاکار تا لەوێ بمێنێتەوە. لیستەر ئامانجی تایبەتی خۆی هەبوو. میتۆدی دژەبەکتریایەکەی لەزۆربەی هەرە زۆری جیهاندا قبوڵ کرا، کەچی زۆر لەلەندەندا کاری پێنەکرا. جا ڕووی لەلەندەن کرد و هەریەکە لە واتسن چەین و جۆن ستیوارتی یاریدەدەرانی لەگەڵ خۆی برد. بە جۆرێک لە جۆرەکان پێشوازیەکی ساردوسڕی لێکرا. قوتابیان بێباک بوون و تەنانەت پەرستارانیش دژبەرو هاوپیشەکانیشی ڕووخێنەرو بێدەربەست بوون. تەنانەت نەشتەرگەرانیش تۆقین، کاتێک بەستەری ئەژنۆی کردەوە تا کەشکە ئەژنۆی پێ ببەستێت. دەی لەگەڵ ئەوەشدا هیچیان پێ نەکرا، ئەوە نەبێت دەست خۆشیان لێکرد. وورده وورده رەخنەگرەکانی خۆیان دابەدەستەوەو میتۆدەکەی لیستەریش کاری پێکرا. زیاد لە پێویست حەزی لە بنیاتنانی پەیمانگای پاستۆری بریتانی بوو بۆ چارەسەی دەردەسەگ، کە لەساڵی ١٨٩٧ دا کرایەوە. پەیمانگای جێنەر، کەلەسەرەتادا بەو ناوەوە بوو و مەودای لەپەیمانگای پاستۆر فراوان تر بوو، لێکۆڵینەوەی لە هەموو نەخۆشیە درمیەکان تیادا دەکرا. لەساڵی ١٩٠٣ دا ناوی لێنرا پەیمانگای لیستەر بۆ تەندروستی پارێزکاری. باسمان لە هاوڕێیەتی لیستەرو پاستۆر کرد و هەروەها باسمان لەو کۆبوونەوە بەناوبانگی سۆربۆن کرد لەیادی حەفتا ساڵەی لەدایک بوونی پاستۆردا ئەنجامدرا. لیستەر لەساڵی ١٨٩٢ دا کاتی

خانەنشین بوونی هات و دەستبەرداری پۆستەکەی و کاری نەخۆشخانەکەش بوو.

لەساڵی ۱۸۹۳ دا خانمە لیستەر کۆچی دوای کرد. لەکاتێکا ماڵەوەیان لە پشوودابوون لە ئیتاڵیا، لیستەر نەیهێشت خەمەگەورەکەی کاربکاتە سەر ئەو کارە گشتیانەی کە جێی سەرنجی بوون. لەساڵی ۱۸۹۵ دا لەشوێنی لۆرد کلیڤنی بوو بە سەرۆکی کۆمەڵگەی شاهانە و لەساڵی ۱۸۹٦ دا بوو بە سەرۆکی ڕێکخراوی بەریتانی. لەساڵی ۱۸۰۷ دا کاتێک پلەی بەرزتر بوو، بە بەپشتگیریکردنی لەیاسای کوتان لەخانەی لۆردانداا، خزمەتێکی باشی کرد. لەساڵی ۱۹۰۲ دا بوو بە یەکێک لە ئەندامە سەرەکیەکانی کۆمەڵەی (فەرمانی شایستە)، کە لەساتی تاجدانان بەسەر ئێدواردی شەشەمدا دامەزرێنرا.

لەو کاتەدا تەندروستی لیستەر بەرەو خراپی دەڕۆشت و ووردە ووردە لەژیانی گشتی دووردەکەوتەوە، هەرچەندە لەیادی هەشتا ساڵەی لەدایک بوونیدا بەبەهێزیەوە دەرکەوت، کە بەجۆش و خرۆشەوە لەسەرانسەری جیهانیدا یادی کرایەوە. لەم کاتەدا گەڕابوویەوە ماڵەر لە کێنتدا و بەهۆی تەنەشەسەندنی نەخۆشیەکەیەوە لەوێ لە ۱۰ مانگی شوباتی ساڵی ۱۹۱۲ دا لەتەمەنی هەشتاو دوو ساڵیدا کۆچی دوای کرد .لەکاتی مردنیدا زۆر لاواندنەوەی بۆکرا، بەڵام هیچیان وەک ئەم لاواندنەوەی زانکۆی شاهانەی نەشتەرگەران نەبوو " ئای چەند نەرمونیان بوویت، چەند لەسەرخۆ بوویت، چەند خۆڕاگر بوویت، چەند خاوەن قسەی خۆت بوویت! لەگەڵ گەورە گەورە و لەگەڵ منالا منال بوویت. چەند سنگت بۆ دوژمنەکانیشت فراوان بوو، چەند خانەدان بوویت! تا دونیا بمێنێت کارەکانی تۆش دەمێنێت، لیستەر تۆ قەت لەبیر ناکرێیت، چرای ناوبانگیشت تا دونیا دونیا ناکوژێتەوە".

## دواکەوتەکانی لیستەر

لەو سەردەمە کورتەی لیستەردا، پێشکەوتنی بەرچاو لەبواری نەشتەرگەری و هەموو پسپۆڕیەکانیدا هاتە ئاراوە. جا ڕوانینەکانی قبوڵ کران و هەر زوو لە وولاتانی تر زیاتر لە نیشتیمانی خۆی نرخێنزان. جوست لوکاس چامپیۆنێغ

(١٨٤٣-١٩١٣) ، کەلای لیستەر لە گلاسکۆدا خوێندبووی، یەکەم کەس بوو لەڕێگەی کارکردن و نووسینی کورتە بەرهەمێکەوە بەناوی (نەشتەرگەری دژەبەکتریا) چەمکی " لیستەریزمی " هێنایە ناو فەڕەنساوە.

هەروەها شامپیۆنتیغ بەپاڵپشتی کردنی ئامانجی سەرەتای و کارکردنی بۆ چارەسەری شکان، ناوبانگی دەرکرد. لە ساڵانی دواتردا، خولێس پێیانی (١٨٣٠-١٨٩٨) پزیشکی نموونەیی نەخۆشیەکانی ژنان لە پاریس، دواکەوتەی لیستەر و یەکەم کەس بوو نەشتەرگەری هێلکەدانی لەفەڕەنسادا ئەنجامدا. پاوڵ ڕێکلۆس (١٨٧٤-١٩١٤) پێشەنگی بواری بەنجی ناوەکی، مارین تیۆدۆر توفیەر (١٨٥٧-١٩٢٩)، کەلە یەکەمین ئەو کەسانە بووە بەنجی بڕبڕەی پشتی کردووەو خزمەتی گەورەی لە گەلێک جۆری نەشتەرگەری و چارەسەری برینداا لەجەنگی گەورەدا کردووە و زۆرێکی تریش کە ناویان هەر لەناو ناوانایە، هەموو ئەمانە بواری نەشتەرگەریان لە فەڕەنسادا زۆر بەرەوپێش برد.

ماتیاس هیۆرۆنیمۆس ساکترۆسی (١٨٢٢-١٩٠٠) پرۆفیسۆری نەشتەرگەری کلینیکی لە کۆپن هاگن، یەکەمین کەس بوو نەشتەرگەری خاوێنکەرەوەی لەئەوروپادا ناساندبێت. لەنامەیەکدا لەساڵی ١٨٧٠ دا بۆ لیستەر، ئەوەی خستەڕوو لە نەخۆشخانەکەیدا چارەسەری "کێمکردنی خوێنی" کردووە.

لە ئەڵمانیادا لیستەر گەلێک دواکەوتەی هەبوو:- کارڵ تییەڕیج (١٨٢٢-١٨٩٥)، کەمیتۆدی نەشتەرگەری پینەکردنی پێستی داهێنا :ڕیچارد ڤۆلکمات (١٨٣٠-١٨٨٩)، کە ناوی لەیادگەی ئەو قوتابیانەدا باس و خواسی شانەماسوولکەی گرژبوو دەخوێنن ، دەمێنێتەوە، هەروەها جۆهان ڤۆن نوسبۆم (١٨٢٩-١٨٩٠)، نەشتەرگەری بەتواناو نووسەری فرەبەرهەم. گەلێک لەنامەکانی نووسێم بۆ لیستەر پارێزراون. وتوویەتی ئەنجامەکان باشترو باشتر دەبن ، برین زووتر ساڕێژ دەبێت و چاک دەبێتەوە و کێم کردنی خوێن و ماشەرە (سووکە ) تەواو بنەبڕ بووە. سترۆمێری کە ، باسمان لەبەرهەمەکی کرد، بەم هۆنراوەیە ڕوانینی خۆی لەسەر لیستەر خستۆتەڕوو :-

Mankind looks grateful now on thee

For what thou didst in Surgery

And Death must often go amiss,

By smelling antiseptic bliss .

## ئەنجامدانی نەشتەرگەری وورگ

تیۆدۆر بیلڕۆث (١٨٢٩-١٨٩٤) یەکێک لە لێهاووترین نەشتەرگەرە ئەڵمانەکانی سەردەمی لیستەر بووە. لە ڤێنادا وانەی وتووەتەوەو هەر لەوێش گەلێک نەشتەرگەری نوێی ئەنجامداوە، بەتایبەتی نەشتەرگەری وورگ، کە هەندێک جار بەداهێنەری ئەو نەشتەرگەریە دادەنریت. بێلڕۆث یەکەمین کەس بووە نەشتەرگەری شێرپەنجەی گەدە و نەشتەرگەری سورێنچکی ئەنجامدابێت. ئەم کارە مەزنانەش بە پشت بەستن بە میتۆدەکانی لیستەر بووە. لەبرێسلاودا جۆهان ڤۆت میکوسلسن ڕادێکی (١٨٥٠-١٩٠٥) قوتابیەکی پۆلەندی بێلڕۆث، هێشتا زیاتر بواری نەشتەرگەری وورگی ناساند. ئانتۆن ڤۆن ئیسگلیز، (١٨٦٠-١٩٣٩) یەکێکی تر بووە لە قوتابیەکانی بێلڕۆث. مامۆستایەکی بەناوبانگی نەشتەرگەری بووە لە زانکۆی ڤێنادا.

ئێرنستن ڤۆن بێرگمان (١٨٣٦-١٩٠٧٠) پرۆفیسۆر لەبەرلین، دواکەوتەیەکی تری لیستەر بووە. میتۆدی پاکژکەرەوەی ناساند. ئەوەش وەسیلەیەکی تری کارپێکردنی ئەو بنەمایانە بوو، کە لیستەر زۆر بەڕوونی خستبوویە ڕوو. ڤۆن بێرگمان پاکژکردنەوەی میکرۆبی لەڕێگەی بوخارەوە ناساندو نەخشەی هۆبەی نەشتەرگەری باشترکرد. ئۆگەست پییەر شوێن پۆستەکەی گرتەوە، کە بە چارەسەری ئازاری هەوکردنی لەڕێگەی چواندنی ناکاراوە، زۆر ناوبانگی دەرکردووە. فریدریچ ترێدلێنبەرگ (١٨٤٤-١٩٢٤) نەشتەرگەرێکی تری بەرلینە، کە ئەسپی خۆی لەمەیدانی نەشتەرگەریدا تاوداوە. ئەم نەشتەرگەرە سوودی بەرزکردنەوەی حەوزی لە چەند نەشتەرگەریەکی دیاریکراودا، خستۆتەڕوو. پاوڵ کڕاسکی (١٨٥٧-١٩٣٠) بۆ ماوەی سی و شەش ساڵ سەرۆک بەشی کلینیکی نەشتەرگەری بووە لە فرایبۆرگ. توێژینەوەیەکی لەسەر میتۆدی بڕینی ڕیخۆڵە

ڕاستە بۆ شێرپەنجە ئەنجامدا.

تیۆدۆر کۆشێر(١٨٤١-١٩١٧) کەڵە نەشتەرگەری سویسرا بوو لەسەردەمی خۆیدا، کە لە کلینیکیەکەیدا لە بیرن گۆڕانکاری ڕیشەی لەبواری نەشتەرگەری ڕژێنی دەرەقیدا کرد. دوو هەزار نەشتەرگەری دەرهێنانی ڕژێنی دەرەقی ئەنجامدا، کە ڕێژەی مردنەکەی لەسەدا پێنج بوو. کاری گرنگی لە جۆرەکانی تری نەشتەرگەریدا کردووە، کەبەهۆیەوە لە هەموو جیهاندا ناوبانگی دەرکردووە. وەک نوێنەری نەشتەرگەرانی ئیتاڵیا لەسەردەمی خۆیدا، دەکرێت ناوی ئێدواردۆ باسینی(١٨٤٤-١٩٢٤) بخرێتە ناو ناوانەوە. لەکلینیکیەکەیدا لەڕۆمادا پەرەی بەتەکنیکی نەشتەرگەری قۆڕی بن ران داوە، کە بەناوی خۆیەوەیە. هەروەها نەشتەرگەرێکی نموونەیی سەردەمی خۆی بووە لەئیتاڵیادا.

ئیڤان پیترۆڤیچ پاڤلۆڤ، (١٨٤٩-١٩٣٦) لەبواری نەشتەرگەری سەردەمدا لە ڕووسیادا ناوێکی دیارە. بە شێوەی کرداری نەشتەرگەری نەکردووە، بەڵام پێدەچێت مەزنترین نەشتەرگەری ئەزموونی سەردەمی نوێ بووبێت. توێژینەوەکانی لەسەر هۆکاری دەروونی دەردانی شلەی هەرسکەرو ڕوون کردنەوەی " وەڵامدانەوەی مەرجدار " ، کاریگەری گەورەی لەسەر گەلێک بابەتی نەشتەرگەری و پزیشکی هەبووە.

با بگەڕێینەوە سەر باسی نەشتەرگەری لەبەریتانیادا. جێی خۆیەتی لەم قۆناغەدا باسی یەکێک لە هاوچەرخەکانی لیستەر بکەین. بەڕێز جۆناثان هەچینسۆن(١٨٢٨-١٩١٣) نەشتەرگەر لە نەخۆشخانەی لەندەن، خاون زانست و ئەزموونێکی زۆر بووە. ڕوانینەکانی وەک ڕوانینەکانی جۆن هەنتەر بووە، کە زۆرجار لەگەڵ ئەودا وەک نموونە بەراوورد کراوە. توێژینەوەکانی لەسەر نەخۆشی فەرەنگی و گەڕی بەناوبانگن و کتێبەکەشی بەناوی( تۆمارەکانی نەشتەرگەری) بوونەتە سەرچاوەی زانیاری بۆ من[81] لەبواری نەشتەرگەریدا. لەم سەردەمەدا زیاتر بەڕێز سپێنسەر ویڵز لەبواری نەخۆشیەکانی ژناندا نەشتەرگەری ئەنجامدەدا، کە کاری زۆر گەورەی لەبواری نەشتەرگەری هێلکەدان

٨١ دیارە لێرەدا مەبەستی دکتۆر دوگڵاس گوثری نووسەری ئەم کتێبەیە.

دا کردووه. ڕۆبەرت لاوسۆن تایتی ( ١٨٤٥-١٨٩٩) قوتابی سیپمسۆن لە ئێدنبرەدا، لەبێرمینگهامدا زۆر کاری کردووە. لاوسۆن تایت هەر زۆر دژی ڕوانینەکانی لیستەر بووە و هەروەها نکۆڵی لە لەناوبردنی بەکتریای بەشێوازی پاکژکردنەوە کردووە. کەچی هەمیشە داکۆکی لە پاکژکردنەوەی تەواو و پاکژکردنەوە لە بەکتریای دەکرد. لەڕاستیشدا هەر ئەمەش خۆی هۆکاری سەرکەوتنە ناوازەکەی بوو لەبواری نەشتەرگەریدا. هاوارد کێڵ (١٨٥٨-١٩٤٣) نەشتەرگەری نموونەیی بواری نەخۆشیەکانی ژنان بووە لە ئەمریکادا، کە گەلێک میتۆدی نوێی نەشتەرگەری خستۆتەڕوو و لەبەکارهێنانی مادەی تیشکدەری ڕادیۆمیشدا شارەزابووە.

## دەستنیشان کردنی ڕیخۆڵە کوێرە

بەڕێز فریدریک تریڤس (١٨٥٣-١٩٢٣)، کە لە ساڵی ١٩٠٢ دا نەشتەرگەری هەوکردنی ڕیخۆڵەکوێرەی بۆ پاشا ئێدواردی پێنجەم ئەنجامدا، لە نەشتەرگەی ووگدا زۆر شارەزابوو و زۆریش بەرەو پێشی برد. ڕێگینالد هێبێر فیتز (١٨٤٣-١٩١٣) ئەو نەخۆشیزانە بوو هەوکردنی ڕیخۆڵە کوێرەی وەک ئازاربەخشێکی دیاری کراو، پێناسەکرد. لەتوێژینەوەکەیدا بەناوی (دڕانی ڕیخۆڵە کوێرە، زوو گەڕانەوە بۆ سەرەتای دەستنیشان کردن و چارەسەری)، تیایدا زیاتر تیشکی خستۆتە سەر نەخۆشیەکە و پەیوەندی بەهەوکردنی پەریتۆنەوە، کە پێشووتر بەهەڵە خەڵک لێی تێدەگەیشتن. یەکەم کەس بووە زاراوەی "هەوکردنی ڕیخۆڵەکوێرەی " بەکارهێناوە.

چارڵس مەکبەرنی (١٨٤٥-١٩١٣) یەکێک بوو لەو نەشتەرگەرە ئەمریکیانەی کاری گەورەی لەسەر ڕیخۆڵە کوێرە کرد، کە ئامێری برینی نەشتەرگەری داهێناوە. جۆن بلێر دیڤەری (١٨٥٥-١٩٣١) پرۆفیسۆری نەشتەرگەری لە فیلادلیفیا، ئەو نەشتەرگەرە شارەزایە بووە کە سەرباری هەندێک کاری گرنگی تری، توێژینەوەی لەسەر ڕیخۆڵە کوێرە ئەنجامداوە. نیکۆلاس سێنی (١٨٤٤-١٩١٣) سویسری پێشەنگێکی تری کۆنی بواری نەشتەرگەری وورگ بووە، کە لە منداڵیەوە هاتۆتە شیکاگۆ.

سێن کاری دوورینـەوەی ڕیخۆڵەکانـی لەڕێگـەی پلێتـی ئێسـکەوە ئەنجامـداوە، کەهەمـان کار بـوو بەنـاوی " قۆنچـەی مۆرفـی " یـان "دوورینـەوەی مۆرفـی" دوای چەنـد سـاڵێک بینیامیـن مۆرفـی ئەنجامـی دا .جـۆن بینیامیـن مۆرفـی مامۆسـتایەکی نەشـتـەرگەری بێوێنـە بـووە. سـەرەڕای ئاسـتەنگی زۆر، سـەرکەوتنی بەدەسـت هێنـاوەو ناوبانگـی دەکـردووە .

بـەم دوایانـە لۆیـاڵ داڤـزی نەشـتـەرگەری بەناوبانگـی ئەمریکـی، لـە ژیاننامەکـەی بینیامینـدا بەنـاوی (نەشـتـەرگەرە بلیمەتەکـە)، بەدرێـژی باسـی لـە کارە ناوازەکانـی ئـەم نەشـتـەرگەرە کـردووە. بیرکلـی جـۆرج ئانـدرو مۆینیهانـی (١٨٦٥-١٩٣٦) بەریتانی، داکۆکیکەرێکی دیـاری نەشتەرگەری وورگ بـووە، کە پڕفیسـۆری بـواری نەشتەرگەری بووە لـە لیدزدا. نووسـین و نەشتەرگەریشـی بەلاوە ئاسـان بـووە و زۆر کاری لـە بـەردی زراو بڕینـی ڕیخۆڵـەی دوانـزە گرێـدا کـردووە. لەبـەر ئـەو خزمەتـە گەورەیـەی لـە جەنگـی جیهانـی یەکەمـدا کـردی، پلـەی باڕۆنـی پێبەخشـرا. بەڕێز ئاربۆنثۆت لەین ( ١٨٥٦-١٩٤٣) تەکنیکی نەشـتەرگەری پلاتینکردنی شـکاوی لەڕێگـەی بەسـتنەوەی ئێسـکەوە بەپلێـت، داهێنـا. ئەمـەش ڕێکارێـک بـوو ڕاسـتی میتۆدەکـەی لیسـتەر، کـە بەشـێکی شـکاوی پەلـی بەوایـەر دەبەسـت، سـەلماند. لەیـن ڕوانینـی خـۆی لەسـەر پەنگخواردنـی درێخایەنـی ڕیخۆڵـە هەبـووە و بـۆ ئـەم مەبەسـتەش میتـۆدی کۆکردنـەوەی بازنـەی ڕیخۆڵـەی داهێنـا.

بەڕێز داڤید پێرسـیڤاڵ داڵ بریک ویلکی(١٨٨٢-١٩٣٩) کەسێکی ترە لەم دوایانەدا، کـە لەبـواری نەشـتەرگەری ووگدا کاری کـردووە. ویلکـی پڕۆفیسـۆری نەشـتەرگەری بـووە لـە لەزانکـۆی ئێدنبـڕەدا، کـە بەکارکردنـی لەسـەر بـەردی میزەڵـدان ناوبانگـی دەرکردووە.

## نەشتەرگەری لە ئەمریکادا

جـۆرج واشـنتۆن کرِیـڵ (١٨٦٤-١٩٣٤) بەکارەکانـی زانسـتی پزیشـکی لـە ئەمریـکادا بەشـێوەیەکی بەرچـاو بەرەوپێـش بـرد. توێژینەوەکانـی بەشـێوەیەکی سـەرەکی لەبـارەی هۆکارەکانـی شـۆکی نەشـتـەرگەری و باشـترین وەسـیلەکانی

خۆپارێزیان بووە، بەتایبەتی نەشتەرگەری ژەهری لیکەڕژێن. ویلیام ستیوارت هاڵستید (١٨٥٢–١٩٢٢)، ئەندامی تیمی مەزنی نەشتەرگەری "چوار پاڵەوانەکە" بوو، کە هەر لەسەرەتای بنیاتنانیەوە لەساڵی ١٨٨٩ دا وانەی پزیشکی لەزانکۆی جۆن هۆپکینزدا لە بەڵتیمۆر دەووتەوە. ئەوانی تر هەریەکە لە ویڵچی نەخۆشیزانی و ئۆسلەری پزیشک و کێلسنی پسپۆڕی نەخۆشی ژنان، بوون. هاڵسیتید دواکەوتەیەکی دیاری لیستەر بوو. یەکێکیش بوو لەوانەی کۆششی کرد تا کارەکانی لە بواری لەنەشتەرگەریدا بگاتە بەرهەم. بۆ ئەم مەبەستەش بەکارهێنانی دەستکێشی لاستیکی کردە نەریت، کە خۆی لەخۆیدا پێشکەوتنێکی گەورەبوو لەبواری نەشتەرگەریدا. نەشتەرگەری قۆڕی و لابردنی مەمەکیشی ئەنجامداوە. برایان مایۆ کلینیکێکیان لە ڕۆچێستەر لە ویلایەتی مینۆسیتادا دامەزراند، کە ئێستاش بەناوی ئەوانەوەیە. ئەمەش لوتکەی سەرکەوتنی نەشتەرگەری بوو لەئەمەریکادا. لەم دوایانەدا هێلین کلاپێساتڵ لە ژیاننامەکەیاندا، بەسەرهاتی سەرنجڕاکێشی هەردووبرای ناودار "دکتۆر ویل و چاڕلی" بە جوانی باس کردووە.

ویلیام جەیمس مایۆ (١٨٦١–١٩٣٩) و چاڕلس هۆڕاس مایۆ(١٨٦٥–١٩٣٩)، بەزۆری وەک یەک کەس ناوبانگیان دەرکردووە. بەردەوام هەریەکەیان ئەم دەستەواژەی بەکارهێناوە " من و براکەم". مایۆ کلینیک هەر زوو بوو بە شوێنێکی ناوداری نەشتەرگەری لەئەمریکاو ناوەندی توێژینەوە بۆ نەشتەرگەران لەسەرانسەری جیهاندا. دامەزاوەکەش بووە هۆی پێشکەوتنی وانە ووتنەوە لە بواری نەشتەرگەریدا. ئەمەش سەرکەوتنێکی تری بێوێنەی ئەم دوو برایە بوو. دکتۆر ویل بەزۆری گرنگی بەنەشتەرگەری وورگ دا، چاڕلسیش زیاتر گرنگی بە نەشتەرگەری ڕژێنی دەرەقی دا. هەردووکیان دوو مامۆستای ئیلهام بەخش بوون، کە هەر بە کارکردن بەشێوەی مەیدانیانە لەبوارەکانی خۆیاندا دڵخۆش دەبوون. هەردووکیان لەکاتێکی باشا لەدایک بوون، نە ئەوەندە زووبوو تا ئەو شەپۆلی پێشکەوتنە ئاڕاستە بکەن و دوای کارەکەی پاستۆرو لیستەر بکەون، نەئەوەندەش درەنگ بوو تا بەرهەمی پێشکەوتنەکانی قوتابخانەی کۆن بەژیرانەترین و باشترین شێوە بدوورنەوە. نەشتەرگەرەکان بەگشتی بەم

دوو برایە سەرسام بوون و ڕێزیان لێنان. بەمانای ووشە تا بڵێی لە شاری ڕۆچێستەردایشدا ڕێزیان لێنراو بە گەورە تەماشاکران.

## پسپۆڕی لەنەشتەرگەریدا

زیاتر لە کۆتای سەدەی نۆزدەیەمدا نەشتەرگەری بوو بە پسپۆڕی. لە بەشی دواتردا باسی زۆربوونی پسپۆڕی لەبوارەکانی زانستی پزیشکیدا دەکەین. لەهەمان کاتدا دەکرێت کەمێکیش لەبارەی پەیدابوون و پێشکەوتنی بوارە جیاوازەکانی نەشتەرگەریش بدوێین. پێشووتر باسمان لەپێشکەوتنی خێرای نەشتەرگەری وورگ کرد. تەنانەت لەوەش سەرسوڕهێنەرتر، پێشکەوتنی نەشتەرگەری ناوەندە کۆئەندامی دەمار بوو.

نەشتەرگەری دەمار لەو کاتەدا بەشێوەیەکی دڵخۆشکەرانە پێشکەوت. ئەم پێشکەوتنەش سەرەتاکەی لەشاری لەندەنەوە بوو، کاتێک بەڕێز ڕیکمان گۆدلی (١٨٥٩–١٩٢٥) برازا و نووسەری ژیاننامەی لیستەر، یەکەم کەس بوو سەرکەوتووانە نەشتەرگەری لابردنی لووی لەساڵی ١٨٨٤ دا ئەنجامدا. دوای پەنجا ساڵ لەو یادەدا بەڕێز ویلفرێد ترۆتەر، داخی ئەوەی دەخوارد کە لە وەها یادێکی گەورەی مێژووی پزیشکیدا ناوی نەخۆشەکە هەر زۆر بەکەمی دەهێنرێت. لەسەر تۆمارەکە ئاوهای نووسی " ئەو لاوە ناوی هەندەرسۆنە و بەبنەچە خەڵکی دەمفرێزە".

ئارثەر بارکەر (١٨٥٠–١٩١٦) یەکەم کەس بووە لە بەریتانیادا سەرکەوتووانە نەشتەرگەری لابردنی دوومەڵی گوێی لەساڵی ١٨٨٦ دا ئەنجامدابێت. هەر دوای ئەم بەڕێز ویلیام مەیسوانیش (١٨٤٨–١٩٢٤) هات، کە زنجیرە سەرکەوتنە سەرەتاییەکانی لە نەشتەرگەری دوومەڵی مێشکدا (بیست و چوار نەشتەگەری، بیست سێ چاک بوونەوە) هاوتای نیە. کتێبەکەی بەناوی (نەخۆشیەکانی کێمکردنی مێشک و بڕبڕەی پشت) بە بەرهەمێکی پزیشکی کلاسیکی دادەنرێت.

بەڕێز ڤیکتۆر هۆرسڵی، کەوەک گۆدلی نەشتەرگەری نەخۆشخانەی زانکۆ بووە، یەکەم کەس بووە لەساڵی ١٨٨٧ دا سەرکەوتووانە نەشتەرگەری لابردنی


بۆ گرێیەکی(لووی) ووردی دیاریکراوی بڕبڕەی پشت ئەنجامداوە. کاتێک لە جەنگی جیهانی یەکەمدا لە میزۆپۆتامیادا خزمەتی سەربازی دەکرد، هۆرسلی بەهۆی خۆربردنەوە گیانی لەدەست دا.

ویلیام ویلیامز کین (١٨٣٧-١٩٣٢) پزیشکی پێشەنگی نەشتەرگەر بوولە ئەمریکادا، کە کاری گەورەی لەبواری نەشتەرگەریدا کردووەو لەساڵی ١٨٨٨دا سەرکەوتووانە نەشتەرگەری لابردنی گرێی مێشکی ئەنجامداوە. هارڤی کەشین مەزنترین نەشتەرگەری بواری دەماربووە لە ئەمریکادا. دەمارناس و نەخۆشیزانێکی زۆر بەتوانا بووە ، کە پەرەی بە تەکنیکێک داوە خۆی خاوەنی بووە و توێژینەوەی کلاسیکی لەسەر گرێی لەش و گرێی دەماری بیستن بڵاوکردۆتەوە. ئەو ژیاننامەی بەڕێز ویلیام ئۆسلەری نووسیووە، کە لە کرۆکدا خۆی بابەتێکی پزیشکیە. لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا لەفەڕەنسادا خزمەتی کردووەو باس و خواسی ئەزموونەکانی خۆی کردووە. کتێبەکەی بەناوی (ژیان و بەرهەمەکانی ئەندریاس ڤێسالیۆس) لەساڵی ١٩٤٣ دا بڵاوکراوەتەوە.

فرانسیسکۆ دورانتی (١٨٤٤-١٩٣٤) شێوازی ئەنجامدانی نەشتەرگەری ئێسقانی سەری ناساند. پاوڵ برۆکا (١٨٢٤-١٨٨٠)، کە نووسینەکانی وەک مرۆڤناس هاوشێوەی نووسینەکانی نەشتەرگەرو توێکارزانەکانە، یەکەمین کەس بووە زانستەکەی لەبواری مێشکدا بۆ دەستنیشان کردنی گرێی مێشکدا کارپێکردووە و هەندێک لە شارەزایانیش بەدامەزرێنەری نەشتەرگەری دەماری دادەنێن لە سەردەمی نوێ یدا. ئەو دوو ناوە لە نێو ئەو کەسانەن لەسەرەتادا لە بواری نەشتەرگەری دەماردا لە ئەوروپادا کاریان کردووە. بوارێکی تری زۆر تایبەت کە لەو کاتەدا لەنەشتەرگەری جیاکراوەتەوە، نەشتەرگەری کۆئەندامی میزو زاوزێ بووە، کە بەئینگلیزی پێی دەڵێن "Urology."



وێنەی بارۆن لاری، نەشتەرگەری بڕواپێکراوی ناپلیۆن



ئەو ئیسعافەی باڕۆن لاری دروستی کرد




وێنەی جەیمز مەکگریگۆری بەڕێوەبەری گشتی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان

# بەشی هەژدەیەم

## (نەشتەرگەری بواری سەربازی و دەریاوانی : سەرهەڵدانی نەخۆشی لەناوچە خولگەییەکاندا )

گومانی تیادا نیە جەنگ، کە مایەی خەفەت و نەهامەتیەو لە هەموو سەردەمێکدا ماڵ کاولی زیاتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بێ دەرەنجامیش نابێت. خۆی مەیدانی جەنگ هەمیشە بواری کارکردنی نەشتەرگەران بووە و لەم ساڵانەی دوایشدا جەنگ بووەتە هەلی گەورەی کارکردن لەبواری تەندروستی گشتی و تەندروستی نیشتیمانی، کە لە کاتی ئاشتیدا ئەو بوارانە نیە.

## نەشتەرگەرە سەربازیەکانی سەردەمی کۆن

گومانی تیا نیە یەکەم نەشتەرگەر لە مێژوودا لەبواری سەربازیدا نەشتەرگەری کردووە و کاریشی لەسەر چارەسەرکردنی ئەو پێکراوانە کردووە، کە لەشەڕی ڕووبەڕوو یان شەری خێڵەکان تێوەگلاون. هۆمەری شاعیر ستایشی نەشتەرگەرە بلیمەتەکانی وەک ماجائۆن و پۆدالارا یۆسی کردووە. دەگونجێت سوپای ڕۆمانی

پزیشکیشی تیا بوو بێت. ئەسپ سوارانی یوحەنا خاچپارێزە بریندارەکانیان چارەسەردەکردو ئەمەش تا سەردەمی ئامبرۆاس پارێ بەردەوام بوو، کاتێک داهێنانی بارووت سەرئێشەی زۆری بۆ نەشتەرگەرانی سەربازی دروست کرد.

تۆماس گاڵی هاوشان و هاوچەرخی پارێ، یەکەم نەشتەرگەری ئینگلیز بووە توێژینەوەیەکی نایابی بەناونیشانی ( شوێن برینی گولە) لەساڵی ١٥٦٣ دا بڵاوکردۆتەوە. هیییۆرۆنیمۆس برۆنشریگی نەشتەرگەری ئەڵمانی، لە توێژینەوەکەیدا بەناوی (نەشتەرگەری برین) بۆ یەکەم جار باسی لە شوێن برینی گولە کرد. هەر دوای گاڵ ویلیام کلاوس هات، کە نەشتەرگەرێکی سەردەمی شاژنە ئێلیزابێث بوو. کلاوس لەبواری دەریاوانی و سەربازیشدا خزمەتی کردووە. هەروەک باسمان کرد، توێژینەوەکانی لەبارەی سووتانەوەی شوێن باروت بووە.

هەروەک پێشتریش باسمان لە کارەکەی کرد، ڕیچارد وایزمانیش نەشتەرگەرێکی مەزنی سەردەمی جەنگی ناوخۆی ئەمریکا بوو. هەر لەو جەنگەدا ویلیام هارڤی هەڵمەتبەرێکی هەر زۆر چاک بوو، کە زۆر لە نزیکەوە بەدواداچوونی بۆ سەرمایەی سەرداره کارەساتبارە شاهانەیەکەی کرد. باسمان لە کارە نموونەییەکانی بەڕێز جۆن پرینگڵ لەبوارەکانی تەندروستی سەربازی و هەروەها هەندێک نەشتەرگەری دیاری وەک جۆن هەنتەرو چارڵس بێڵ کرد، کە خەرمانی ئەزموونیان بۆ بواری پزیشکی شارستانی زیاد کرد، چ لەڕێگەی خزمەتی سەربازیەوە بێت یان لەڕێگەی بەسەرکردنەوەی شوێنی شەڕ بوو بێت .

## باڕۆن لاری و کارکردنی لەبواری نەشتەرگەری سەربازیدا

ساڵانی سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم هەر جەنگ بوو، کە بوو بە هەوێن بۆ پێشکەوتنی بواری نەشتەرگەری. لە سەردەمی ئامبرۆاس پارێدا، نەشتەرگەری لە مەیدانی جەنگدا پێشکەوتنی کەمی بەخۆوە بینی. لەو کاتەدا نەشتەرگەرێکی فەڕەنسی بواری سەربازی ئەسپی خۆی لەمەیدانەکەدا تاوداو ناوبانگی بۆ هەتا هەتایە مایەوە. ئەوەش باڕۆن لاری بوو، کە بەشداری لە هەموو هەڵمەتەکانی ناپلیۆندا کرد. وەک نەشتەرگەری سەرەکی لەسوپادا ئیمپراتۆر ناپلیۆنی سەرسام

کرد و دۆستایەتی لەگەڵ پەیداکرد.

دۆمینیک جینا لاری (١٧٦٦-١٨٤٢) بەرەچەڵەک خەڵکی باودێتی سەربەزنجیرە چیاکانی پرێنیتزە. هەر منداڵ بوو، باوکی کۆچی دوای کرد و خاڵێکی بەخێوی کرد و بوو بە نەشتەرگەری سەربازی و بەڕیوەبەری نەخۆشخانەی تولۆز. لەوێ لاری خەریکی خوێندنی پزیشکی بوو.

پاشان وەک نەشتەرگەر پەیوەندی بەهێزی دەریاوانی لەکەشتی فەرگانەی ڤیڤیلانتا کرد. زۆر بەزەحمەت لەکاتی تێکشانی کەشتیەکەدا بەهۆی زریانی کەناراوی نیوفاوند لاندەوە، دەربازی بوو. گەشتەکەی حەوت مانگی خایاند و بوو بە هەلێک بۆ ئەم لاوە نەشتەرگەرە تا لێکۆڵینەوە لە خراپی دەریاوانی، گیای ئێسکەنەرمە، دیمەنی کەش و هەوا، باڵندە، گیانداران، نەریتە رەسەنەکانی و ئەم شوێنە تازانەی جیهان بکات. لەگەڕانەوەیدا بۆ فەرەنسا لەپاریس لە نەخۆشخانەی لێقەوماوانی دیو خوێندی. هەندێک لە نەخۆشەکانی قوربانیانی شۆرشی فەرەنسی بوون، کە بەچاوی خۆی گەواهیدەریان بوو.

لەساڵی ١٧٩٢ دا جەنگ هەڵایساو لاریش دەمودەست پەیوەندی بەسوپاوە کردو دەستی بە کاری ڕاستەقینەی خۆی کرد. لەسەرەتای ژیانی پیشەییدا کاتێک لەسوپاکەی ڕایندا بوو ، " ئیسعافی تیژڕەوی " بەکارهێنا. ئیسعافی تیژڕەو کڵۆپ، دوو ڕەوڕەوەی هەبوو لەگەڵ باربەرێکدا، هەریەکەیان دوو ئەسپ ڕایدەکێشا. ئەم ئیسعافە هەمیشە بۆ بەرەی پێشەوەی جەنگ ئامادەکرابوو. لەو شوێنەی کە ئیسعافی قورسی پێنەدەگەیشت، بە خێرای برینداراانی پێهەڵدەگیرا تا تیماربکرێن. لاری بەهۆی ئەو ئیسعافەوە ناوبانگی دەکرد، بەڵام ئەو بەهیچ شێوەیەک تەنها کاری نەدەکرد. لە کتێبەکەیدا بەناوی (باس و خواسی هەڵمەتەکانی نەشتەرگەری و سەربازی) بەدرێژی باس و خواسی ژیانی سەرکەشانەی خۆی لەگەڵ سوپاکەی ناپلیۆندا کردووە.

لاری لەکارەکەیدا کۆششێکی کەم وێنەی کرد. لەنێو سەربازەکاندا هەر فرە خۆشەویست بوو. دەی جارێکیان لەمیسر هاوڕێ ئەفسەرەکانی دڵتەنگ کرد کە چەند ئەسپێکی سەربڕی و ویستی شۆربا بۆ بریندااران ئامادە بکات، لە کاتێکا

خواردن هەر فرە کەم بوو. ناپلیۆن هەر کە ئەم بەسەرهاتە ناخۆشەی بیست، ناردی بەدوای لاریدا و لێی پرسی " تۆ چۆن زاتت کرد ئەسپی ئەو ئەفسەرانە سەربڕیت و دەردخواردی بریندارانی بدەیت "؟ لاریش زۆر بەسادەی وەڵامی دایەوەو ووتی " زاتم کرد ". ناپلیۆنیش پێی ووت " وا تۆم کرد بە بارۆنی ئیمپراتۆریەتەکە"! هەرواش دەرچوو. لاری چارەسەری برینێکی پێی ناپلیۆنی کرد، کە کاتێک ئەسپەکەی جووتەی لێدابوو دروست بوو وو. ئەمەش تەنها برینێک بوو، کە هاتە بەردەستی.

لاری خۆشی دوو جار لەمیسر و واتەرلۆشدا بریندار بوو بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەر خزمەتی دەکرد. لەجەنگی ئەبوکیردا هەزارو نۆسەد بریندار هەبوو. لەو کاتەی لە پاڵیدا لەمەیدانی جەنگدا وێزەی گوولە دەهات، زۆر پەلی دەبڕیەوە. لەبەر ئازایەتیەکەی، جەنەڕاڵەکەی شمشێری ئازایەتی پێبەخشی. دوای ئەوە بەفەرمانی ئیمپراتۆڕ لەسەر شمشێرەکە نووسرا " ئەبوکیر لاری". لەشەڕی بۆڕۆدنیۆدا دوو سەد حاڵەتی بڕینەوەی پەلەکانی ئەنجامدا. یەکێک لە نەخۆشەکانی لەکاتی هەڵمەتەکەی سەر ڕووسیادا جەنەڕاڵ زایۆچێک بوو، کە لەژێر ئاگری دوژمن و سووکە بەفری ئاسماندا لاقی بڕی. جەنەڕاڵ پانزە ساڵی تر ژیاو کاتێک کۆچی دوای کرد، جێگری پاشای پۆڵەندا بوو.

لاری سەرسەختانە داکۆکی لەوە دەکرد دەمودەست لەڕێگەی پێچانی بازنەی[82] پەل ببڕدرێت، لەو کاتەی هیچ چارەیەکی تر نەبوو. لەو سەردەمەشدا بڕینەوە بۆ شکاوی ئاڵۆز یان برینی سەخت زۆر ئەنجامدەدرا. لە ساڵی ١٨٠٥ دا لاری بوو بە جەنەڕاڵی پشکنەری سوپا. لەپاشەکشە کوشندەکەی مۆسکۆدا ئامادەبوو، کاتێک سەرماکەی ئەوێ لەخودی دوژمن ترسناک تر بوو. ڕۆژگاری هەڵمەت بردنەکانی لە واتەرلۆدا کۆتای هات. هەر ئەبوایە تووشی هەژاری بووایەو دادگای بکرایە، کە ئەوەش چارەنووسی گەلێک لە دواکەوتەکانی ناپلیۆن بوو. هەروا دانەنیشت، کتێبێکەی لەبارەی نەشتەرگەریەوە نووسی. لەساڵی ١٨٣٠ دا سەردانی بەریتانیای کرد و بەڕێز ئاستلی کۆپەرو چەند نەشتەرگەرێکی تر

٨٢ بریتی یە لە جۆرێکی بڕینەوە، کە تیایدا پێستەکە بە شێوەی بازنەی دەبڕدرێت و ماسوولکەکان بەمولالادا بەیەکسانی دەردەپەڕن و ئێسکیش زیاتر دەردەپەڕێت.

بەگەرمی پێشوازیان لێکرد. هاونیشتیمانیانی هەمیشە زۆر ڕێزیان لێناوە و لەساڵی ١٨٣٠ دا بوو بە نەشتەرگەری سەرەکی لە لێزانڤالید لە پاریسدا. دە ساڵ دواتر لەپانزەی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٨٤٠ دا، بەشداری ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی ئیمپڕاتۆری کرد. وتوویەتی " لەژیانما قەت ئەوەندە دڵ گران نەبووم". ناپلیۆن وەسێتی کردبوو بڕی سەد هەزار فڕانک بدرێت بە باڕۆن لاری "شاپیاو". خۆی ناپلیۆن خۆشبەخت بوو نەشتەرگەرێکی هێندە لێهاتووی وەک بارۆن لاری لە لای خزمەتی دەکرد.

یەکێک لە کەڵە پیاوەکانی ناپلیۆن، گەورە پزیشکەکەی بوو بەناوی ڕێستێ نیکۆلاس دو فریچ دێسخێنتس (١٧٦٢-١٨٣٧). دوای تەواوکردنی خوێندن لە مۆنبیلیەدا، پەیوەندی بەسوپاوە کردو بەهۆی دڵسۆزی و لێوەشاویەکەی ناوبانگی دەرکرد. لەو کاتەی نەخۆشی تاعون لە میسر بڵاو بوویەوە، سەربازەکانی ناپلیۆن تۆقین. دێسخینتسیش بە بەرچاویانەوە بە ئەنقەست دژی کێمی نەخۆشیەکە خۆی کوتا. بەمەدا دەردەکەوێت ئەم پزیشکە زۆر چاونەترس بووە. خوا کردی ئەم کەرتڕیە نەیکوشت. لە هەموو هەڵمەتەکانی ناپلیۆندا بەشداری کرد و ئەوەی لە دەستی هات لەپێناوی تەندروستی و بەرزکردنی ئاستی ووشیاری تەندروستی سەربازەکاندا، کردی. دێسێخنێت گەلێک خەڵاتی پێبەخشرا و وەک لاریش بوو بە باڕۆنی فەڕەنسا. لەنێو ئەوانەی تر کاریگەریان لەسەر پێشکەوتنی نەشتەرگەری سەربازیدا هەبووە لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا، دوو کەسایەتی بەناوبانگ بوون هەرچەندە هیچ یەکێکیان سەرباز نەبوون.

جۆزیف فڕانسوا ماڵگێنی (١٨٠٦-١٨٦٥) نەشتەرگەر لە نەخۆشخانەی سانت لویسی پاریسدا، نەک وەک نەشتەرگەر بەڵکو وەک نووسەرێکی دیار و مێژوونووسێکی بواری پزیشکیش، ناوبانگی دەکردووە. نووسینەکانی لە ئاستێکی بەرزدا بوون. لەساڵی ١٨٤٠ دا چاپێکی نایابی بەرهەمەکانی ئامبرواس پارێی بڵاوکردەوە. خۆشی بەرهەمی چاکی لەبواری نەشتەرگەریدا هەبوو، لەنێویشیا توێژینەوەیەک لەسەر شکان و لە جێچوون، کە تیایدا پێشنیاری چارەسەری شکانی کڵاوەی ئەژنۆی لەڕێگەی قولاپەکانی ماڵگینەوە، کرد.

ئۆگەست نێلاتۆن (١٨٠٧-١٨٧٣) لە نەخۆشخانەی سانت لویس هاوپیشەی بوو. کەسێکی لەخۆبووردەو میهرەبان و دوور لە دەمە دەمێ بووە. نەشتەرگەرێکی چاوکراوە  و مامۆستایەکی لە دڵا خۆشەویستی بواری نەشتەرگەری بووە. جێی خۆیەتی وەک ئاماژەیەک ئەوە وەبیربهێنینەوە، نێلاتۆن داهێنەری میلی (پڕپب) پشکنەری فەخفوریە، کەهێشتا بەناوی خۆیەوەیە. ئەم ئامێرە بۆ دۆزینەوەی شوێنی گولە لە بریندا بەکاردەهێنرا و کاتێک لە گوولە قورقوشمەکەی دەدا، فەخفووریەکە کەسی بەکارهێنەری ئاگاداردەکردەوە. گاریبالدی یەکەمین نەخۆش بووە، کە بەم ئامێرە پشکنین بۆ برینەکەی کرابێت.

## نەشتەرگەری سەربازی لە بەریتانیادا

لەکاتێکا لە سوپاکەکەی ناپلیۆندا لاری پزیشکی بە توانا وەک سەرکردە خزمەتی دەکرد، بەهەمان شێوەش سوپای بەریتانی خۆشبەخت بوون، کە لەو کاتەدا جیمز مەکگریگۆڕ بوو بە بەڕێوەبەری گشتی خزمەتە تەندرووستیەکان. مەکگریگۆر پیاوێکی خەڵکی  ئینڤەرنێس بوو، کە لە ئابێردین و ئێدنبرە خوێندوویەتی و دامەزرێنەری کۆمەڵگەی پزیشکی ئابێردینیش بوو، کە ڕۆڵێکی گەورەی لە  پێشکەوتنی زانکۆی پزیشکی ئابێردن هەبووە. ڕاپۆرتەکانی مەکگریگۆر بەتایبەتی ئەوانەی لەبارەی تەندرووستی سەربازەکانن لە هیندو میسردا، پڕن لە زانیاری سەرنجڕاکێش. کەس وەک ئەو هەوڵی نەداوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری پزیشکی لە سوپادا، بە جۆرێک سەرنجی نەشتەرگەرە گەورەکانی ڕاکێشا. لە شارۆچکەی چاثامدا مۆزەخانەیەک و کتێبخانەیەکی بۆ کارمەندانی پزیشکی کردەوەو یارمەتی  بیوەژنان و هەتیوانیشی دەدا. جەیمز گوثری هاوڕێی زۆر نزیکی، یەکێک بوو لەو کارمەندانەی لای خۆی خزمەتیان کرد و ناوبانگیشی لەناوبانگی مامۆستاکەشی زیاتربوو و هەروەها  نازناوی لاری باریتانیای پێبەخشرا. گوثری پێدەچێت بە دیارترین نەشتەرگەری سەربازی لە مێژووی بەریتانیادا دابنرێت. خۆی بە بنەچە سکۆتلەندی بووە و  لە شاری لەندەن لە دایک بووە و وەک شاگردی دکتۆر فیلیپس لە پۆڵ مۆڵدا  دەستی بە پیشەی پزیشکی کردووە. هەر لە لاوێتیەوە لە تەمەنی شانزەساڵیدا، وەک کارمەندی نەخۆشخانەی یۆرک

لە چیڵسیدا لە نێو سوپادا کاری کردووە. لەوێ بە زەحمەت دەستی بە کارکردن کرد، کاتێک فرمان دەرکرا کە دەبێت هەموو ئەوانەی لە نەخۆشخانە کاردەکەن دەبێت هەڵگری بڕوانامەی پزیشکی بن. گوثری دەمودەست ناوی پێشکەش کردو بەئاسانیش لە تاقیکردنەوەی ئەندامێتی کۆلێژی شاهانەی پزیشکان دەرچوو. لەوە بە دواوە سەردەمێکی دووروو درێژی لە خزمەتی سەربازی دەستپێکرد. سەرەتا پێنج ساڵ لە کەنەداو پاشانیش لە نیمچە دوورگەیەکدا بۆ ماوەی شەش ساڵ و دواتریش هەرچەندە نیوەی کرێی کارکردنیان پێدەدا لە لەندەندا دەستی بە کارکردن کرد. ئەرکی سەربازی جێبەجێدەکرد تا تیماری برینداارانی بڕووسێڵسی دوای جەنگی واتەرلۆ بکات. لە تەمەنی بیست و شەش ساڵیدا لە دوای جەنگی ئەلبوێرادا، سێ هەزار برینداری تیمارکرد. لەوێ بەهۆی توانست و لێبڕاوەی بۆ ئەرکەکەی خەڵاتی وێلینتۆنی پێبەخشرا.

لە گەلێک جەنگدا بەشداری کرد و دووجاریش بریندداربوو. بەهۆی ئەوەی هەر خۆی تاق و تەنها دوو چەکی فەڕەنسی گرت، ناوبانگی دەرکرد. ئەمەش کارێک بوو جەنەڕاڵەکەی زۆر خۆشحاڵ کرد. توێژینەوەکەی بەناوی (بڕینی شوێن گولە) هێشتا شایانی خوێندنەوەیە. وەک لاری پێشنیاری کردووە کاتێک بڕینەوە پێویست بوو، دەبێت هەر زوو دوای برینەکە ئەنجام بدرێت، بەدیاریکراوی لەماوەی بیست و چوار کاتژمێردا و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا کاری بە میتۆدی بازنەی بڕینەوە کردووە. پێدەچێت یاساکە بەم شێوەیە بوو بێت "هەر کەوتیتە گومانەوە، پەلەکە ببڕەوە". ڕێژەی مردنی نەشتەرگەریەکانی لای ئەو لەسەتادا پەنجا بوو.

لەساڵی ١٨١٦ دا دوای ئەوەی نەیتوانی ببێتە شۆڕەسوار، نەخۆشانەیەکی بۆ نەخۆشیەکانی چاوی بەناوی "نەخۆشخانەی وێستمینیستەری شاهانە بۆ نەخۆشیەکانی چاو" دروست کرد. گوثری خۆشی لەگەڵ دەستەی بەڕیوەبەرانی نەخۆشخانەکەدا خزمەتی دەکرد. هەروەها بوو بە نەشتەرگەری نەخۆشخانەی وێستمینیستەریش. وەک چۆن لەبواری نەشتەرگەری سەربازیدا سەرکەوتوو بوو، وەهاش لە بواری نەشتەرگەری مەدەنیدا سەرکەوتوو بوو. دەی هەر کاریشی لەناو سوپادا کرد.

خوولی پێدانی ڕێنمای بۆ کارمەندانی پزیشکی لە هێزی دەریاوانی و سوپادا کردۆتەوە و تەنانەت خزمەتەکانی هێندە گەورە بوون، کە قوتابیەکانی جامی زێڕینیان پێبەخشی. لە توێژینەوەکەیدا بەناوی ( کاریگەری نەشتەرگەری چاو) پێشنیاری کرد بۆ چارەسەری ئاوی سپی چاو، لەجیاتی دانانی ئاستەم بین (عەدەسە) نەشتەرگەری ئەنجام بدرێت. لە ساڵی ١٨٣٠ دا گوثری کتێبێکی زۆر چاکی بەناوی ( نەخۆشی و برینی خوێنبەرەکان) بڵاوکردەوە. هەروەها لە ساڵی ١٨٥٥ دا کتێبەکەی بەناوی (چەند باس و خواسێک لەسەر نەشتەرگەری کاتی جەنگ) بڵاوکرایەوە. لەساڵانی ١٨٣٣ و ١٨٤١ و ١٨٥٤ دا سەرۆکی زانکۆی شاهانەی نەشتەرگەران بووە. پیاوێکی کورتەباڵای چالاک بووە و لەبواری سەربازیشدا ڕەق هەڵس و کەوتی کردووە، کە ئەمەش کاریگەری لەسەر کەسایەتی ئەو هەبووە. لە بواری نەشتەرگەری سەربازیدا خزمەتی گەورەی کردووە و یەکێک بووە لەو یەکەمین کەسانەی جەختی لە هەبوونی لیژنەی تەندروستی لەپەڕلەماندا کردۆتەوە.

## نەشتەرگەری سەربازی لە ئەڵمانیاو ڕووسیادا

شان بەشانی بەریتانیای مەزن و فەڕەنسا، نەشتەرگەری سەربازی لە نێو گەلانی تریشدا هەبوو. لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا، ئەڵمانیا لەم ڕووەوە دەستی باڵای هەبوو. کارڵ فێردیداند ڤۆن گرەیفی پرۆفیسوری نەشتەرگەری بوولە بەرلیندا، کە دەست و پێوندەکەی بەردی بناغەی نەشتەرگەری جوانکاری سەردەمیان دانا. تابلێی پەیوەندیەکی نزیکی لەگەڵ سوپادا هەبوو. هەر کە مرد، جۆهان فریدریچ دیفێنباچی نەشتەرگەری پێشەنگ هات، کە وەک جەنگاوەر و هەروەها وەک نەشتەرگەریش خزمەتی گەورەی کرد.

لە ساڵی ١٨٤٧ دا لە بەرلیندا بێرنهارد ڤۆن لانجێنبێرگ شوێنی دیفێنباچشی گرتەوە، کە خۆی لەبنەڕەتدا پسپۆڕی بواری نەشتەرگەری سەربازی نەبوو. دەکرێت لەم قۆناغەدا وەک ناودارترین کۆششکار و ماموستا ناوی بهێنرێت. زۆر نەشتەرگەری نۆێی داهێنا و ڕێکخراوی نەشتەرگەری لە ئەڵمانیا دامەزراند و

هەروەها گۆڤارێکی کاریگەری لەسەر نەشتەرگەری بەناوی (تۆماری نەشتەرگەریە کلینیکیەکان)، دەرکرد.

خۆی جۆرج فریدریچ لویس سترۆمەیەر(١٨٠٤-١٨٧٦) بناغەدانەری زاستی نەشتەرگەری سەربازی سەردەم بوو لە ئەڵمانیادا. سەرباری لێهاتوویەکەی وەک نەشتەرگەرێکی ڕکشاری سەربازی، لەبواری ئێسکسازی نەشتەرگەریشدا پێشەنگ بوو. هەروەها نەشتەرگەری ژێی ژێر پێیشی بەمەبەستی چارەسەری گێڕی قاچ ئەنجامداوە. فریدریچ ڤۆن ئیسمارک (١٨٢٣-١٩٠٨) باشترین نەشتەرگەری سەربازی بوو لە کۆتای سەدەی نۆزدەیەمدا، کە یەکەم مەیدانی برین پێچی لەکاتی جەنگی فەڕەنسی-پڕوسیەلکاندا دروست کرد و هەروەها پێشنیاری بەکارهێنانی برین پێچی لاستیکی ئیسمارکی بۆ چارەسەری خوێن بەربوون کرد. سەرسەختانە بەرگری لە بەکارهێنای "فریاکەوتنی سەرەتایی" لە هەردوو بواری سەربازی و مەدەنیدا کرد. بۆ ماوەی چل و دوو ساڵ سەرۆکی بەشی نەشتەرگەری بوو لە کیلدا. هەتا سەدەی نۆزدەیەم لە ڕووسیادا پیشەی پزیشکی زۆر گرنگی پێنەدرا.

پزیشکانی وولاتانی تر دەهاتن تا لە ڕووسیا سەروەت و سامان پێکەوە بنێن. باسمان لە تۆماس دیمسداڵی ئینگلیز کرد، کە شاژنە قەیسەر بانگهێشتی کرد تا دژی ئاوڵەکەی بیکوتێت. جەیمز ویلی دەرچووی زانکۆی ئابێردین یەکێک لەو سەرکەشانە بوو، کە هەوڵیدا لە ڕووسیادا کاربکات. ویلی لە لاوێتیدا لە تەمەنی بیست و دوو ساڵیادا ڕووی لە ئەڵمانیا کرد و هەر زوو ناوبانگی دەرکرد. باس و خواسی چارەسەرکردنی دوومەڵی قورگی یەکێک لە خزمەتکاران گەیشتەوە لای قەیسەر، کە دەمودەست کردی بە پزیشکی دادوەری. زۆر لای قەیسەر خزمەتی کردووەو زۆریش گەشتی کردووەو لەهەموو هەڵمەتەکانی ئەو سەردەمەدا بەشداری کردووە. دەووترێت نەشتەرگەرێکی باش بووەو بێگومانیش بەڕێوەبەرێکی بەتواناش بووە، کە زۆر هەوڵیدا زانکۆیەکی پزیشکی دابمەزرێنێت و هەردوو بواری سەربازی و مەدەنی ڕێکبخات. کاتێک کە یاوەری قەیسەر ئەلیکساندەری کرووە بۆ بەریتانیا لەساڵی ١٨١٤دا، شا ڕیجێنت کردوویەتی با

بـاڕۆن و زۆر جاریـش ڕێزلێنانـی بـۆ کـراوە. لەشـاری لینینگـراد لەسـاڵی ١٨٧٣دا، نەخۆشـخانەیەکی سـەربازی لەیـادی ئـەودا کرایـەوە.

نیکـۆلای پیرۆگـۆڤ (١٨١٠-١٨٨١) مەزنتریـن نەشـتەرگەری بـواری سـەربازی بـووە لـە ڕووسـیادا، کـە زۆر چالاکانـە بەشـێوەیەکی بەرچـاو لـەو بـوارەدا خزمەتـی کـردووە. لـە زۆر هەڵمەتـدا بەشـداری کـردووە و بـۆ مـاوەی سـاڵێک لـە کریمیـا لـە ڕووسـیادا خزمەتـی کـرد و هـەروەک فلۆرانس نایتنگەیڵ لـە بەریتانیا خزمەتـی کـرد. کاری پەرسـتاری خانمانـی ناسـاند و سـوورریش بـوو لەسـەر دابینکردنـی زیاتـری سـەرچاوەی ئاسـوودەیی پزیشـکی.

پیرۆگۆف لەسـەرەتای سـاڵی ١٨٤٧ دا کاری بـە دەرمانـی سـڕکەری ئیثـەر کـرد و هەروەهـا میتۆدێکـی بڕینـی پێـش بەنـاوی ئەوەوەیـە "بڕینـی پیرۆگـۆف". لەبەرلیـن و گۆتینهیـن خوێندوویەتـی. بـڕوای وابـووە توێـکاری بـە تەنهـا پێویسـتی نەشـتەرگەری پڕناکاتـەوە. جـا ئەتڵەسـێک و زیاتـر لـە دوو سـەد تابلـۆی لەسـەر توێـکاری بڵاوکـردەوە، کـە تیایانـدا وەسـفی گەلێـک شـانەی بەسـتووی کـرد. لەتەمەنـی سـی ساڵیدا بـوو بـە پرۆفیسـوری نەشـتەرگەری لـە سـانت پترسـبۆرگدا، ئـەم پۆسـتەش بـۆ مـاوەی چـل و پێنـج سـاڵ لەسـەری بـەردەوام بـوو. توێژینەوەکـەی بـە نـاوی (لەبـارەی نەشـتەرگەری سـەربازیەوە) لەسـاڵی ١٨٦٤ دا بڵاوکرایـەوە.

## فێرکاری نەشتەرگەری سەربازی

لەسـەرەتای سـەدەی نۆزدەیەمـدا، فێـرکاری نەشـتەرگەری سـەربازی وەک بابەتێکـی سـەربەخۆ بـرەوی پێـدرا. لەئێدنبرەی ناوەنـدی فێرکاری پزیشـکیدا لەساڵی ١٨٠٣ دا، بەشـێکی بـۆ جیاکرایـەوە. یەکەمیـن سـەرۆک بـەش، جـۆن تۆمسـونی کـوڕی جۆڵایەکـی پەیسـڵی بـووە. لـە گلاسـکۆ، ئێدنبـڕە و لەندەنـدا خوێندوویەتـی و پرۆفیسـوری نەشـتەرگەری کۆلێـژی شـاهانەی نەشـتەرگەران و نەشـتەرگەری نەخۆشـخانەی شـاهانەش بـووە، کاتێـک بەشـی نەشـتەرگەری سـەربازی دامـەزرا. بـۆ مـاوەی شـانزە سـاڵ لـەم پۆسـتە بـەردەوام بـوو، بـەڵام زۆر کاری گـەورەی تیانەکرد. گومانـی تیا نیە وەک هەوڵێک بۆ قەرەبووکردنـەوەی کـەم ئەزموونیەکـەی،

سـەردانی مەیدانـی جەنگـی واتەرلـۆی کـرد و بەمەبەسـتی چارەسـەر بریندارانـی دەبینـی. تۆمسـۆن دەسـتی لـە پۆسـتی سـەرۆک بەشـی نەشـتەرگەری سـەربازی هەڵگرت تـا ببێتـە سـەرۆک بەشـی پزیشـکی، کـە بەهـۆی مردنـی جەیمز گریگۆریەوە پۆسـتی سـەرۆکایەتیەکە بەتـاڵ بـوو بـوو. لەمەشـدا سـەرکەوتوو نەبـوو، بـەڵام دە سـاڵ دواتـر وەک یەکەمیـن پرۆفیسـور بـوو بـە سـەرۆک بەشـی نەخۆشـیزانی، کـە لەسـەر پێشـنیاری خـۆی دامـەزرا بـوو. جێـی سەرسـوڕمان نییـە دکتـۆر ڕۆبـەرت نۆکس باسـی تۆمسـۆنی کردووە، کـە سێ بەشـی جیاوازی کردووەتـەوەو خۆشـی بەڕێـوەی بـردوون. بـە "دامەزرێنـەرە پیرەکـەی بەشـەکان" نـاوی دەکـردووە.

لەسـاڵی ١٨١٣ دا تۆمسـۆن کتێبـە بەناوبانگەکـەی بەنـاوی (وانـەکان لـە بـارەی هەوکردنـەوە، خسـتنەڕووی ڕوانینێـک لەبـارەی میتۆدەکانـی نەشـتەرگەری ) بڵاوکردۆتـەوە. دیارە بڕوای بـە پسـپۆڕی نەبـووە و تەنانـەت پێشـی پەسـەند نەبـووە پزیشـکی لـە نەشـتەرگەری جیابکرێتـەوە، جـا لەبـەر ئـەوە لەڕوانگـەی پزیشـکی و نەشـتەرگەریەوە کاری لەسـەر هەوکـردن کـردووە.

بەڕێـز جـۆن باڵینـگاڵ (١٧٨٠-١٨٥٥) دوای تۆمسـۆن بـوو بـە سـەرۆک بەشـی نەشـتەرگەری سـەربازی، کـە لەبـواری سـەربازیدا هـەم لـە وڵاتـی خـۆی و هـەم لـە ڕۆژهەڵاتیـش ئەزموونێکـی زۆری پەیداکردبـوو و بـۆ ئـەم پۆسـتەش زۆر گونجـاو بـوو. باڵینـگاڵ مامۆسـتایەکی بـاش بـوو. لای قوتابیەکانـی خۆشەویسـت بـوو، هاوپیشەکانیشـی زۆر ڕێزیـان لێدەنـا. کتێبەکـەی بەنـاوی (کورتەیـەک لەبـارەی نەشـتەرگەری سـەربازیەوە)، کـە پێنـج جـار بڵاوکراوەتـەوە، وێنەیەکـی ڕوونـی ئـەم بابەتەمـان لـە سـەردەمی پێـش لیسـتەر دەخاتـە بەرچـاو.

حاڵەتـی لاڕەشـە یـان بـا بڵێیـن برینـی داخورانـی شـانەکان زۆر بەربـڵاو یوو و بـە ڕوانینـی باڵینگاڵیـش باشـترین چارەسـەر داخکـردن بـووە و باشـترین بریـن پێچیـش تـا بەکاربهێنرێـت قوماشـی گوشـێنەری ئـاوی سـارد بـووە. نەخۆشـی دەردە کۆپـان بـاو بـوو، بەتایبەتـی لـە هینـدو میسـردا. واش بڕوادەکرا نەخۆشـی دەردەکۆپان هۆکارەکـەی پێکانـی دەمـار بێـت، هەرچەنـدە ناوبەنـاو تەنانـەت دوای سـووکە برینیـش هـەر سـەری هەڵدەدایـەوە. لەبـارەی برینـی شـوێن گولـەوە بەتایبەتـی برینـی

بەستەرەکانەوە باڵینگاڵ "ڕوانینی خۆی لەسەر کاریگەرە سوودبەخشەکانی مژینی خوێن بە فراوانی و دووبارەکراوی"هەبوو. پێشنیاری ئەوەشی کرد، کە ئامێری مژەری خوێن بەبەرفراوانی لەنەخۆشخانە سەربازیەکاندا بەکاربهێنریت. لەبارەی شکانیشەوە وتوویەتی "جۆلانە پێکردن یان هەڵواسینی لاقی شکاو لەناو بێشکەدا هەروەک و دیوومە لە گەلێک لەنەخۆشخانەی وولاتاندا کارپێکراوە، دەکرێت سوودی لێوەرگیرێت و کاریگەری زۆری لەسەر ئاسوودەی سەرباز دەبێت لەو کاتەی ناچارە بە لاقی شکاوەوە بگەڕێت". بەوێنە ئەو ئامێرەی دایهێناوە خستویەتیە ڕوو. ئەوەی جێی سەرسوڕمانە وێنەکانیشی سەردەمیانەیە. لەبارەی میتۆدی چارەسەرکردنی شکانی ئاڵۆزیشەوە نووسینی هەبووە، کە بەم دوایانە دووبارە میتۆدەکە دۆزرایەوەو ناوی "میتۆدی قاڵبە گەچی داخراوی" لێنرا. زۆر کەم باس لەوە دەکرێت لاری لە میسردا چارەسەری شکانی ئاڵۆزی بە سەرینی پووشین کردووە، کە بەبێ کێشە بەجێیان هێشتووە تا شکاویەکە بەتەواوی چاک بووەتەوە. پاشان باسی ئەوە دەکات چۆن کوڕێکی بچووک هێنراوەتە خێمەکەی لە هیندا، کە شکاوی ئاڵۆزی لاقی هەبووە. ئەمیش خۆی ئامادەکردووە تا لاقی ببڕێت، کاتێک دایک و باوکی هاتوون و بردوویانەتە لای گڵکارێک کە لاقی بە تاتە قوورِ پێچاوەو دواجار کوڕەکەش چاک بووەتەوە! لەو بەشەی لەبارەی سەربازگیریەوەیە، وتوویەتی " گونجاوترین تەمەن بۆ سەربازی بیست و پێنجساڵیە. با لاوان تەنها لە نەخۆشخانەکاندا کاربکەن، نەک پلەو پۆست وەرگرن". لەم کتێبە خۆشە باس و خواسی نەخۆشی سەربازانی لە دەرەوەی وولات تیادایە، بە تایبەتیش تا، بەلەفیرە، نەخۆشی بێری بێری و کرمی گینی . لە ساڵی ١٨٥٥ دا بەڕێز جۆرج باڵینگاڵ لەناکاو کۆچی دوای کرد و پرۆفیسۆر سیمیش ئاگاداری وەزیری دەرەوەی تایبەت بە کاروباری جەنگی کردەوە بەوەی"ئەرکەکانی نەشتەرگەری سەربازی یان دەریاوانی تەنها لەڕێگەی کرداریەوە کارەکانی پێ جێبەجێ دەکرێت و بەشی نەشتەرگەری سەربازی هەر بارە بە ملمانەوە". جالەبەر ئەوە لەساڵی ١٨٥٦ دا ئەو بەشە هەڵوەشێنرایەوە.

## ڕێکخراوی  پزیشکی سەربازی شاهانە

سەرباری ئەو پەرۆشیەی بۆ فێرکاری  نەشتەگەری سەربازی هەبوو، بە بەراوورد  بوارێکی کەم  ڕەخسا بۆ پەرەپێدانی  ئەم بابەتە لەو ساڵانەی ئاشتی لە سەدەی نۆزدەیەمدا بەر قەراربوو. دەی کەسانی وەک ڕۆبەرت جاکسۆنی، پیاوە جوامێرەکەی سکۆتلەندا هەوڵی چڕوپڕیاندا تا زیاتر گرنگی بە خزمەتی پزیشکی لە سووپای بەریتانیدا بدرێت، کە بەمانای ووشە بەگژ ئەو نەشتەرگەرە جەنەڕاڵەدا چوویەوە دژایەتی هەر چاکسازیەکی دەکرد.

ماوەیەک لەبەر هەڵەشەییەکەی زیندانی کرا، بەڵام دواتر هەر ناوبانگی پەیداکرد .جا کتێبەکەشی  بەناوی (ڕوانینێکی ژیرانە لەبارەی ڕێکخستن، پەیڕە و ئابووری سوپا)، بەرهەمێکی کلاسیکی سەربازیە. جگە لە  جەیمز مەکگرگۆر، کە ئاماژەمان بە کارەکەی کرد، بەڕێوەبەری تریش هەبوون کە بە پێویستان زانیوە گرنگی بە بەشی  تەندروستی لە نێو سوپادا بدرێت. سەرباری ئەوە لەساڵی ١٨٥٤ دا کاتێک جەنگی کریمیا هەڵایسا، هیچ ڕێکخراوێکی تایبەتی پزیشکی نەبوو. هەر ئەفسەرێکی پزیشک جلی دەستەکەی (کەتیبە) خۆی لەبەر دەکرد. هەندێکیان دەسەڵاتیان پێدرابوو وهەندێکیشیان دەسەڵاتی جەنگیان هەبوو و هەر دوو لاشیان یارمەتی مادیان وەردەگرت. کەمێکیان لە نەخۆشخانە گشتیەکاندا کاریان پێسپێرابوو، بەڵام وەک یاریدەدەر بۆ پلەی جەنگاوەر مانەوە و تەنانەت بەڕێوەبەری گشتیش دەسەڵاتی کەم بوو. هەروەها دەرمانسازی سووپا هەبوون، کە خۆیان لە بنەڕەتدا کیمیاگەر بوون. پشکنینیان بۆ  کەل و پەل و کۆگا پزیشکیەکان  دەکرد. لە جەنگی کریمیەدا چاکسازی بوو بە شتێکی حەتمی. هێشتا نەخۆشخانەکان هەر مەدەنی بوون و پەرستاری سەربازیان نەبوو. زۆربەی کارگوزارەکان کەسانی خانەنشین بوون، کە بۆ ئەم ئەرکە ڕاسپێرابوون. یەکەمین هەوڵ بۆ چاکردنی بارودۆخەکە  ئەوە بوو کەسانی بەهێزیان بە سەرباز دەگرت، لەجیاتی کەسانی خانە نشین کراوی بێهێزدا، کە هەندێکیان تەنانەت توانای هەڵگرتنی دار تەرمیشیان نەبوو! کارگوزارەکان لەژێر یەک چەتردا کۆکرابوونەوە، ئەویش ڕێکخراوی دەستەی پزیشکی بوو. لەڕووی پەروەردەوە خراپ  بوون

و ڕاهێنانی تایبەتیان پێنەکرابوو و بۆ خۆشیان ئەفسەریان نەبوو، جالەبەر ئەوە بەرنامەکە لە سەرەتادا تووشی شکست بوو. لەم قۆناغەکەدا بوو کە فلۆڕەنس نایتنگەیڵ (١٨٢٠-١٩١٠) بەرپرسیاریێتی یاسایی گرتە ئەستۆ و پەرستاری ژنی هێنایە نەخۆشخانەی ناوچەی سکوتاری. هەموومان باش ئاشنای بەسەرهاتی فلۆڕانسی "کچە چرا هەڵگرین". لەبەر ئەو خزمەتەی لە شەڕی کریمیا بە بریندارانی کرد و سەرکەوتووانە گەڕایەوە بەریتانیا، خەرجی دروستکردنی زانکۆیەک بۆ پەرستاران لە نەخۆشخانەی سانت تۆماس دابینکرا. ئەم زانکۆیەش لەساڵی ١٨٦٠دا کرایەوەو دواتریش گەلێک زانکۆی هاوشێوە کرایەوە. پێش هاتنی سەردەمی داهێنانی خاوێن کەرەوەی بەکتریا، فلۆڕانس نایتنگەیڵ کاری گەورەی کرد و گۆڕانکاری ڕیشەی لە پیشەی پەرستاریدا کرد. نامیلکەکەی بەناوی (باس و خواسی پەرستاری)،هێشتا شایانی خوێندنەوەیە. بگەڕێینەوە سەر بابەتە سەرەکیەکەی خۆمان. دوای شەڕی کریمیا لەساڵی ١٨٥٧ دا، نەخۆشخانە سەربازیەکانی تایبەت بە ڕاهینانی ئەفسەران و ئەفسەرانی یەدەک دروست کران. ئەمانە پزیشک نەبوون، بەڵام لە زۆر دەستەوە دەسەڵاتیان پێدرابوو کاری پزیشکی بکەن. لەساڵی ١٨٧٣ دا ئەم سیستەمی دەستەی سەربازیە هەڵوەشێنرایەوە و دەستەی بەڕێوەبەرانی نەخۆشخانەکانیش لەلایەن ئەفسەرەکانەوە پاڵپشتی کران. لە هەنگاوی دواترداو لەساڵی ١٨٨٤ دا، ئەو بڕیارە گرنگە درا بەوەی کە دەستەکان دەبێت لەلایەن ئەفسەرانی پزیشکیەوە بەڕێوەببرێن و ناوەکە پێشوەکەشی "ڕێکخراوی دەستەی پزیشکی" گەڕێنرایەوە. دواجار ڕۆژگاری خۆی هات و بە فرمانی شاهانە شاژنە ڤیکتۆریا "ڕێکخراوی سەربازی شاهانەی پزیشکان"، هەموو پلە سەربازیە ئاساییەکان لەگەڵ ناونیشان، یەکپۆشی و ئەو باجەی کە دروشمی (دڵسۆزی لە تەنگانەدا)ی لەسەربوو، بەفەرمی دانیان پیادانرا.

کۆلێژی سەربازی پزیشکی شاهانە بۆ پێدانی ڕێنمای تایبەت بە کارگوزەرانی ڕێکخراوەکە، لەساڵی ١٩٠٢ دا کرایەوەو لەهەمان ساڵدا خزمەتگوزاری فریاگوزاری پزیشکیی بۆ هێنرا. کاتێک جەنگی جیهانی یەکەم لەساڵی ١٩١٤دا هەڵایسا، ژمارەی ئەندامانی کۆلێژی پزیشکی سەربازی شاهانە بەهەموو پلەکانیەوە نۆ هەزار کەس بوو. پاشان بۆ یەکەم جار لە مێژوودا بەتەواوی پیشەی پزیشکی لە

وولاتدا خرایە خزمەتی  سوپاوە، بە جۆرێک لە ساڵی ١٩١٨دا و لەکۆتای جەنگی جیهانی یەکەمدا، هێزی تەواوی ڕێکخراوەکە بوو بە  سەدو سی و سێ هەزار کەس. زیاتر لە ٧٤٣ ئەفسەرو ٦١٣٠ کەسی تر لەهەموو پلەکان لەو ڕێکخراوەدا لە جەنگەکەدا، گیانیان بەخت کرد. خۆی لەو جەنگەدا دەرکەوت، ڕاهێنانی تۆکمەو خزمەتگوزاری تەندروستی شتێکە هەرگیز ناتوانرێت نکۆڵی لێبکرێت.

## پزیشکی خۆپارێزی لەناو سوپادا

بێگومان ڕاسیان ووتووە ، لەجەنگدا خۆپاراستن لە نەخۆشی لە چارەسەری ڕاستەقینەی نەخۆش یان بریندار زۆر گرنگترە. لەساڵی ١٨١٧ دا ڕێژەی مردن لەناو سوپای بەریتانیا لەهیندستاندا لە سەدا هەشتاو حەوت بوو، ئەم ڕێژەیەش بە جۆرێک لە جۆرەکان تا نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم کەم نەبووەوە. سەرباری ئەوە لەماوەی پێنج ساڵدا (١٩٠٧-١٩١١) تێکڕای ڕێژەی مردن بووبە تەنها لەسەتا شەش. بە باشترکردنی ڕەوشی تەندروستی و هەروەها زیادبوونی زانیاری لەسەر هۆکاری نەخۆشی، زۆر ئامانجی تر بەدیهێنرا. لە جەنگی باشووری ئەفریقادا (١٨٩٩-١٩٠٢)، نەخۆشی گرانەتا لە دوژمن مەترسیدارتر بوو. ژمارەی ئەوانەی بەهۆی ئەو نەخۆشیەوە گیانیان لە دەستدا دوو هێندەی ژمارەی ئەوانەبوون کە بەهۆی چەکەوە کوژرابوون. لە جەنگی جیهانی یەکەمدا تاڕادەیەک نەخۆشی گرانەتا دەگمەن بوو. تەنانەت لە بنکە زۆر ناتەندروستەکانیشا بە دیاریکراوی لە گالیپۆلیدا، ڕێژەی مردن هەر زۆر کەم بوو. ئەم چاکسازیە گەورەیەش بەتەواوتی بە هۆی سەرکەوتنی کوتان بووە دژی نەخۆشی گرانەتا. دەکرێت ئەم ئەنجامە دڵخۆشکەرە بگەڕێنینەوە بو کارەکانی یەک کەس، ئەویش بەڕێز ویلیام بووگ لیشامانی (١٨٦٥-١٩٢٦) دەرچووی زانکۆی پزیشکی گلاسکۆیە. لە سەرەتای کاری پیشەی خۆیدا، میتۆدێکی سادەی لەکەدارکرنی مشەخۆری مەلاریای داهێنا. هەروەها توێژینەوەی ڕەسەنی لەسەر هۆکاری تای دەم دەم ئەنجامدا، کە هۆکاری بەرزی  ڕێژەی مردن بووە.

بێجگە لە بەڕێز ئاڵمرۆث ڕایت (١٨٦١-١٩٣٢)، کە پێش ئەم لە کۆلێژی پزیشکی

سەربازی لە نێتلیدا پرۆفیسۆری نەخۆشیزانی بووەو و بەجۆرێک لە جۆرەکان ناویشی پەیوەندی بە دۆزینەوەی چارەسەری کوتانیشەوە هەیە، لێشمان خۆی هەوڵیدا میتۆدێکی کوتان دژی گرانەتا دابهێنێت.

دواجار پێکوتەی لە سێ سەرچاوەوە ئامادەکرد، کە چالاک بوو دژی مشەخۆرەکانی گرانەتا، جمکە گرانەتا (پاراتیفۆدی) ئەی و بی کە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا زۆر کاریگەری باشی هەبوو. ڕێگری لەهەموو درمێکی سامناک دەکرد و زۆر کەسی لەمردن رزگار کرد. دوو ساڵ پێش مردنە لەناکاوەکەی لەتەمەنی شەست و دوو ساڵیدا، بوو بە بەڕێوەبەری گشتی.

## نەشتەرگەری لە جەنگەکانی سەردەمدا

جێی خۆیەتی لەبارەی گەلێک لەو هەڵمەتانە بدوێین، کە ئەو نەشتەرگەرانە یاداشتیان کردوون و خۆیان بەشداریان تیادا کردوون. وەسفە گرافیکیەکانی ئامبرواس پارێ بەڕوونی سیفەتی برینی شوێن گوولە لە سەردەمی خۆیدا نیشان دەدەن. نووسینەکانی لاڕی، گوثری و باڵینگاڵ بەڕوونی مەترسی مەیدانی جەنگمان لەو ڕۆژگارانەدا پیشان دەدەن. ناساندنی پاکژکەرەوەی میکرۆب و دەرمانی سڕکەر، پێکەوە لەگەڵ ئەو چارەسەرە سەرەتاییەی لە مەیدانی نەخۆشخانەکان دابین دەکرا لە جەنگی باشووری ئەفریقاو لە ڕێگەی بریندارانی پاکردنەوەی وێستگەکان لە جەنگی گەورەدا، بە شێوەیەکی بەرچاو مەینەتی بریندارانی کەمکردەوە. بە گشتی چیدیکە بڕینەوەی پەل بەهۆی برینەوە ئەنجامنەدرا.

دەکرێت سێ بەسەرهاتی هاوچەرخ لەم سەردەمەدا لە بواری نەشتەرگەری سەربازیدا وەبیر بهێنینەوە، کە تا بڵێی شایانی خوێندنەوەن. لە جەنگی ناوخۆی ئەمریکادا، مێژوونووس جۆرج ئەلێکساندەر ئۆتیسی (١٨٣٠-١٨٨١) هەڵکەوت، کە خزمەتی بەرچاوی کرد. لەساڵی ١٨٧٠ دا بەرگی یەکەمی کتێبەکەی بەناوی (مێژووی پزیشکی و نەشتەرگەری جەنگی یاخیبووان)ی بڵاوکردەوە. بەرگی دووەمی لەساڵی ١٨٧٦ دا بڵاوکردەوە و بەرگی سێیەمیشی دوای مردنی بڵاوکرایەوە. بەڕێز تۆماس لۆنگ مۆڕ، نوێنەری بەڕێوەبەری گشتی، کتێبێکی

نایابی بەناوی (لەبارەی شوێن برینی گولەوە) لەساڵی ١٨٧٧دا نووسی. جا بەشی زۆری کتێبەکەی لەبارەی گەلێک کەرەستەی دەستنیشان کردن و لابردنی گوولەوە بووە. خۆی لەجەنگی باشووری ئەفریقادا بەشێوەیەکی سەرەکی بە چەکی بادی شەڕ دەکرا.

بەڕێز جۆرج ماکینزی (١٨٥٣-١٩٣٤) نەشتەرگەر لەنەخۆشخانەی سانت تۆماس لە لەندەندا، باسی ئەزموونی خۆیمان لە باشووری ئەفریقادا بۆ دەکات. کتێبەکەی بووەتە هەوێنی لێکۆڵینەوەی کلینیکی سروشت و هۆکاری ئەو برینانەی بە هۆی گوولەی بچووکەوە دروست دەبن. جا لەگەڵ هەڵایسانی جەنگی جیهانی یەکەمدا بەهۆی چەکی نوێ و میتۆدە نوێ یەکانی جەنگەوە، بەشی پزیشکی سەربازی تووشی کێشەی گەورە بوو. لەو کاتەدا مردن بەهۆی برینداربوونەوە زیاتر بوو وەک لە نەخۆشی. هەروەها برینی بۆردومانکردن زۆر مەترسیدارتر بوو لە برینی شوێن گوولە. بۆ چارەسەری ئەمەش میتۆدی نوێی چارەسەرکردن داهێنران.

دەرمانی خاوێن کەرەوەی نوێی وەک فلاڤین و گەلێک ووشککەرەوە تاقیکرانەوە و تەکنیکی کارڵ داکین ناسێنرا و ڕێکاری لابردنی برین یان لابردنی ڕووشاوی، کاری پێکرا. کاری بەکۆمەڵ و جیاکردنەوەی پسپۆڕی، کە لە بواری مەدەنیدا سوودی خۆی هەبوو، لەنەخۆشخانە سەربازیەکاندا لەو کاتەدا کەڵکیان لێوەرگیرا. کڵاوی ئاسن ڕێژەی پێکانی سەری کەم کردەوە و هەڕەشەی نەخۆشی دەردەکۆپان و خورە لەڕێگەی کوتانی خۆپارێزیەوە ڕێی پێگیرا، لە کاتێکا هەمان ڕێکار مەترسی نەخۆشی گرانەتای زۆر کەمکردەوە. جۆرێکی نوێی "شەری خەندەق" بووە هۆی هەوکردنی گورچیلە و تا و هەوکردنی پێ، هەرچەندە ئەوەی دوواییان لاری پێشووتر وەسفی کردبوو. لە ساڵی ١٩١٨ دا و لە کۆتای جەنگی جیهانی یەکەمدا ئەنفلۆزایەکی زۆر بەربڵاو سەریهەڵدا، کە بووە هۆی مردنی هەزاران کەس و بارقوسیەکی یەکجار گەورەی لەسەر سەرچاوەکانی پیشەی پزیشکی دروست کرد. لە سەردەمی جەنگەکاندا، زانستی پزیشکی و نەشتەرگەری بەردەوام پێشدەکەوت. دەی لەگەڵ ئەوەشدا میتۆدی تری لەناوبردنی ژیانی مرۆڤ داهێنران بەجۆرێک لەسەرەتای گەورەترین

جەنگەکان لە مێژوودا، مرۆڤ نەک بە شیوەیەکی زۆر کرا بە ئامێر، بەڵکو هەرچی پیاو، ژن و منداڵ هەموویان لەبەرەی پێشەوەی جەنگ بوون. بەهۆی بەکارهێنانی گازی زیانبەخشەوە، لێکۆڵینەوەی زیاتر لە کەرەستە گونجاوەکانی خۆپاراستن کرا. بوونی مادەی تەقێنەر لەناو بۆمبە کوشندەو نوێیەکان و بۆمبی هەواییدا بوو بە هۆی زیاد بوونی ژمارەی برینداران، کە پێشووتر سروشتەکەی نەزانراو بوو، لە کاتێکا پێشکەوتنە بەرفراوانەکان لەبواری فڕۆکەوانیدا کێشەی نوێی سەبارەت بە تەندروستی و ئیشی دەستەی هێزی هەوایی دروست کرد. بەشێوەیەکی بەرفروان ئاسانکاری بۆ کاری خوێن گواستنەوە کرا. چارەسەری بۆگەنبوونی خوێن لە ڕێگەی دەرمانی سەلفامۆنید، میتۆدی چارەسەری پزیشکی و نەشتەرگەری داخراوی پلاستەری شکاوی ئاڵۆز، بەکارهێنانی پشکنینی دەروونی بۆ هەڵسەنگاندنی لەبواری خزمەتکردنندا و دۆزینەوەی پەنسیلین، هەموو ئەمانە مشتێکن لە خەرواری پێشکەوتنی زانستی پزیشکی لەکاتی جەنگدا و هیواخوازین بخرێنە خزمەتی ئاشتیشەوە.

## زانستی پزیشکی و نەشتەرگەری لەبواری دەریاوانیدا

زۆربەی ئەوی لەبارەی پێشکەوتنی پزیشکی سەربازی و نەشتەرگەری سەربازی ووتراوە، دەکرێت بواری دەریاوانیش بگرێتەوە چونکە هەردوو بواری خزمەتەکە بەیەکەوە زیاتر لەگەڵ هێزی هەوای سەردەم، ئێستا بەجۆرێک لێک نزیکن کە زۆرێک لە کێشە تەندروستیەکانی ئەمڕۆ هەر ئەو سێ بوارە دەگرێتەوە. لەو ڕۆژگارانەی کەشتیەکان کێشەو ئاستەنگی خۆیان هەبوو، کەس ئامادە نەبوو گوێ لە چاکسازانی بواری پزیشکی بگرێت. پێشووتر لەو ڕۆژگارانەدا هۆشداری لەو دۆخە ناهەموارە درابوو، کە لەسایەیاندا دەریاوانەکان دەژیان و کاریان دەکرد. هەر بە خوێندنەوەی ڕۆمانەکەی تۆبیاس سمۆلێت بەناوی (سەرکەشیەکانی ڕۆدیک ڕاندۆم) لەبارەی باس و خواسە بەرچاوە ژیاریەکانی لە بواری دەریاوانیدا، لەو ئاستەنگانە تێدەگەین. دیارە ئەو ئاستەنگانە زۆربەیان دەکرا هەر نەبن یان ڕێگریان لێبکرێت ، کە بوو بوونە دێوەزمە لای زۆرێک لە دەریاوانەکان.

تۆبیاس سمۆلێی (١٧٢١-١٧٧١) نەشتەرگەر، لە ڕێگەی ئەزموونی تاڵی کەسێنیەوە شارەزای لە بوارەکەی خۆیدا پەیداکرد. گومانی تیادا نیە پێشتر جەیمز لیند چەند چاکسازیەکی ئەنجامدا بوو. ئەو هەمیشە وەک پێشەنگێکی بواری پزیشکی دەریاوانی دەمێنێتەوە. دەکرێت باس لە دوو لە دواکەوتە نزیکەکانی بەناوی گیلبەرت بلەین و تۆماس تڕۆتەر بکەین.

بەڕێز گیلبەرت بلەین (١٧٤٩-١٨٣٤) دانیشتووی ڕەسەنی ئایرشایەری بووە، کە لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند لەدایک بووە. لە ئێدنبرە خوێندوویەتی و لە گلاسکۆ بڕوانامەی پزیشکی بەدەست هێناوە. پاشان بەهۆی کاریگەری ویلیام هەنتەرەوە، کە ئەم ئامادەی وانەکانی بووە لە لەندەندا، کراوە بە پزیشکی تایبەتی میری بەڕێز جۆرج ڕۆدنی. دوای ئەوەی لەساڵی ١٧٧٩ دا بەمەبەستی هەڵگرتنی گەمارۆی سەر جەبەل تاریق یاوەری ئەمیری کرد، بلەین بەجۆرێک شارەزای پەیداکرد کە کرایە پزیشکی دەریاوانی. دوای ئەوەش لە هیندی ڕۆژئاوادا چالاکانە خزمەتی کرد. لەساڵی ١٧٨٣ دا گەڕایەوە لەندەن و وەک نەشتەرگەر کاری کرد و کرا بە ئەندامی دەستەی نەخۆشخانەی سانت تۆماس. لەگەڵ ئەوەشدا لەو کاتەدا هێندە لەبواری دەریاوانی بەناوبانگ بوو، کە تا لەژیاندابوو حکومەت لەسەر بابەتەکانی تەندروستی گشتی و بەتایبەتیش لەبابەتی تەندروستی دەریاوانی ڕاوێژی پێدەکرد. جا جەیمز لیند لە ساڵی ١٧٥٣ دا پێشنیاری خواردنی میوەی خاوێن و سەوزەی بۆ ڕێگری کردن لە نەخۆشی ئێسکەنەرمە کرد. ئەمەش بەشێوەیەکی فەرمی کاری پێنەکرا تا بلەین لەساڵی ١٧٩٦ دا پاڵپشتی لێکرد و بەم کارەش متمانەی تەواوی بۆ هەوڵەکانی لیند گەڕاندەوە. کاتێک ئەم پێشنیارە کاری لەسەر کرا، دەمو دەست کۆتای هێنانی نەخۆشی ئەسکەرپووت بەفەرمی ڕاگەیەنرا. پێش ئەو سەردەمە لەناو دەریاوانەکان چوار دەرد :- تا، بەلەفیرە، ئێسکەنەرمە و دەردەکانی تریش، هەبوون. بەڕێز گیلبەرت بلەین لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی (چەند توێژینەوەیەک لە بارەی نەخۆشیەکانی تایبەت بە دەریاوانی) باس و خواسی ئەمەی کردووە. ڕێژەی ئەو دەریاوانەی تووشی نەخۆشی دەبوون نەدەگەیشتە لە سەدا یەک و لەنێو نەخۆشەکانیش ڕێژەی مردنیش لەسەدا چوارده بووە.

بلەین بەمەبەستی باشترکردنی هەواگۆڕکێ و پاکژی کەشتیەکان، پلانێکی دانا و داوایکرد سەرباری سەوزەو میوە، لەشوێنی مەی قورس شەرابی ئاسای بەکاربهێنرێت. بەپێویستیشی زانی کە هاوشێوەی تووتن و شلەی پاککەرەوە، سابوون بەکاربهێنرێت و دەرمان و کۆگا پزیشکیەکان کە تا ئەو سەردەمە نەشتەرگەر خۆی دابینی دەکرد، خەڵک خۆیان دابینی بکەن. پێشنیاری بەکارهێنانی نەخۆشخانەی بۆ کەشتیەکانیش کرد تا شوێنی ئەو نەخۆشخانانە بگرێتەوە لە کەنار دەریادا بوون، کە هەر فرە قەرەباڵغ بوون. بلەین لەساڵی ١٨١٢ دا لەبەر ئەو خزمەتە زۆرەی کردی، کرایە بارۆن و زۆر جاریش ڕێز لێنانی بۆ کراوە. تا ڕادەیەک کەسێکی تووند بووە و نازناوی "پەنجەزلی" لەنێو هاوەڵە بێ ئابڕووەکانی هەبووە. هەروەها نازناوی "باوکی زانستی پزیشکی دەریاوانیشی " پێ براوە.

تۆماس ترۆتەر(١٧٦٠-١٨٣٤) هاوپیشە و هاوچەرخێکی سکۆتلەندی بلەین بووە، کە هێندەی خۆی کۆششی کردووە تا چاکسازی بکات. هیچ پلەو پۆستێک بە پایەی تۆماس ترۆتەر نەبووە. لە مێڵ ڕەوز لەدایک بووەو لە ئێدنبرە خوێندوویەتی. لەساڵی ١٨٠٢ دا وەک نەشتەرگەر چووەتە بەشی دەریاوانی و لە نیوکاسڵ تا چەند ساڵێک پێش مردنی کاری کرد. ترۆتەر لە سەر گەلێک بابەت نووسی. چاکسازێکی دووربین و کارزان بووە. بەڕای هەمفری ڕۆلێستۆن کوششکارێکی جێی ڕێز بووە، بەلام بەو شێوە ئاساییەی چاوەڕوان دەکرا سەرکەوتوو نەبووە.

بەناو بانگترین کتێبی بەناوی (پزیشکی دەریاوانی) (١٧٩١-١٨٠٣) سێ بەرگە و جۆرێکە لە ئینسایکلۆپیدیای دەریاوانی. ترۆتەر لەبارەی نەخۆشی ئێسکەنەرمەوە وەهای گوتووە " بۆ چارەسەری ئەم نەخۆشیە ترشی سیتریکی بلورێن کراو باشترە لە شەربەتی لیمۆی هەڵگیراو". ئەم پێشنیارەش زۆر کەس لەسەردەمی ئەوەوە کاریان پێکردووە. بڕوای وابووە ئەو چارەسەرە زۆر سەرکەوتووانەی نەخۆشی ئێسکەمە نەرمە لە بواری دەریاوانیدا، دەبێت لە بواری بازرگانی دەریاوانیشدا کاری پێبکرێت. هەمیشە پێداگری کردووە کە دەبێت مووچەی

دەریاوان هاوتای مووچەی سەرباز بێت و پێشنیاری ئەوەشی کرد، دەریاوانەکان سیستەمی یەکپۆشی بیانگرێتەوە. ئەمەش لە ساڵی ١٨٥٧دا جێبەجێکرا. لە ساڵی ١٧٩٨ دا کار بە کوتان کراو ئەمیش بەپێویستی زانی لە بواری دەریاوانیدا کەڵکی لێوەرگیرێت. جا تا ساڵی ١٨٥٨ ئەم پێشنیارە لەبەرچاو نەگیرا. لەساڵی ١٨٠١دا بوو بە نیگابەخشی کۆمەڵێک نەشتەرگەری دەریاوانی تا مەدالیای زێڕ بە ئێدوارد جێنەری داهێنەری کوتان ببەخشن. پاڵپشتی ترۆتەر بۆ باشترکردنی دۆخی تەندروستی، مووچەی بەرزتر و پێدانی خۆراکی باشتر بە دەریاوانەکان، دەبێت هەمیشە لەتۆماری مێژووی دەریاوانی پزیشکی بنووسرێت.

بەڕێز ویلیام بۆڕنێتی (١٧٧٩-١٨٦١)سکۆتلەندی، یەکەمین بەڕێوەبەری گشتی پزیشکی دەریاوانی شاهانە بووە. لەتەمەنی لاوێتیەوە پەیوەندی بە بواری دەریاوانیەوە کردووەو دڵسۆزانە ئەرکەکانی بەجێهێناوە، بە تایبەتی لە جەنگی ترافالگاردا. بەهۆی لێهاتووی و دڵسۆزیەوە، زۆر ناوبانگی دەرکردووە. دوای ئەوەی لەساڵی ١٨٣١ دا کرایە شۆڕەسوار، بووبە بەرپرسی دەستەی پزیشکی شاهانە و دواتریش کرایە پزیشکی گشتی، ناونیشانێک کە گۆڕدرا بۆ پشکنەری گشتی نەخۆشخانەو کەشیگەلیەکان و دواجاریش لە ساڵی ١٨٤٤ دا گۆڕدرا بۆ بەڕێوەبەری گشتی بەشی پزیشکی دەریاوانی. بەڕیوەبەرێکی بەتوانا بووە و لە هەردوو نەخۆشخانەی گەورەی دەریاوانی هاسلەرو پلای ماوثدا، کتێبخانەو مۆزەخانەی کردۆتەوە. کتێبێکی گەورەی لەبواری پزیشکی بەناوی (باس و خواسی کاریگەری تای دەریای ناوەڕاست) نووسیووە، کە ئەم وابڕوای دەکرد ئەم تایە لە بنەچەدا درمی بێت. ئەمەش زۆر پێش دۆزینەوەی بەکتریای بروسێلا بوو. شلەی خاوێن کەرەوەی بورنێت، کە کلۆریدی توتیا پێکهاتەی سەرەکی بووە، بەشێوەیەکی بەرفراوان تا ئەم ساڵانەی دوایش بەکارهاتووە .

ئێدوارد کوتیشی (١٧٧٢-١٨٤٣) ئەمریکی مەزنترین پزیشکی پێشەنگی بواری دەریاوانی بووە، کە یەکەم نووسەری ئەمریکیە لەبواری پزیشکی دەریاوانیدا نووسیبێتی. کتێبەکەی بەناوی (چەند توێژینەوەیەک لەبارەی ڕێگاکانی پاراستنی تەندروستی سەرباز و دەریاوانەکان) لەساڵی ١٨٠٨دا بڵاوکراوەتەوە. ئەمەش

کتێبێکی بچووکی پڕ زانیاریە، تەنانەت دەکرێت نەشـەرگەرەکانی بواری دەریاوانیش لـەڕۆژگاری ئەمڕۆمانـدا کەڵکی لێوەرگریـن.

## پزیشکە دۆزەرەوەکان

هـەر لەسـەردەمی کۆنـەوە گەلێک لـە نەشـتەرگەرانی دەریاوانـی خۆیـان وەک سروشـتناس و دۆزەرەوە ناسـاندووە. بەڕێـز جـۆن ڕیچاردسـن (١٧٨٧–١٨٦٥)، کـە لـە دەمفریـس لەدایک بـووە و لـە گراسـمیەر مـردووە، لەبـواری پزیشـکی دەریاوانیدا چل و هەشـت سـاڵ خزمەتـی باشـی کـردووە و زیاتر لەنزیکـەوە لەگـەڵ بەڕێز جـۆن فڕانکلینـی دۆزەرەوەی بەسـتەڵەکدا کاریکـردووە. ئـەم نەشـتەرگەر و سروشتناسـە سـێ جـار گەشـتی بـۆ بەسـتەڵەکەکان ئەنجامـداوە. دوو جـار لەگـەڵ فڕانکلیـن و جارێکیش لەگەڕانێکی بێهـوودە بـەدوای فڕانکلیندا. هاری گودسـێری نەشـتەرگەری یاریدەدەر و بـرای جـۆن گودسـێری توێکارزان، هاوەڵـی فڕانکلینی لەدوایـن گەشـتیدا کـردووە.

ڕیچاردسـۆن لـە کتێبـە گـەورە چـوار بەرگیەکەیـدا بەنـاوی (-Fauna Boreali Americana) هەمـوو ئـەو شـتانەی پەیوەندیـان بـە گیاندارانـەوە هەیـە و کۆیکردوونەتـەوە و لـە یەکەمیـن دوو گەشـتیدا، خسـتوویەتیە ڕوو. لەسـاڵی ١٨٣٨ تـا سـاڵی ١٨٥٣ پزیشـکی نەخۆشـخانەی هاسـلەر پزیشـک بـووە. لـە سـاڵی ١٨٤٨دا گەشـتیکی دوو سـاڵەی بـە گەڕانێکـی بێهـوودە بـەدوای فڕانکلینـدا ئەنجامـدا. ڕیچاردسـۆن دە سـاڵی کۆتـای تەمەنـی خانەنشـینی، لـە گراسـمیەر بەسـەربرد و بەردەوام سـەرقاڵی کارکردن و لێکۆڵینـەوەی زانسـتی بوو. بەڕێز جۆزیـف داڵتـۆن هووکـەر (١٨١٧–١٩١١)، کـە بووەتـە جێگـرەوەی باوکـی بەڕێـز ویلیـام هووکـەر، وەک بەڕێوەبـەری باخچەکانی شـاهانە لـە کیـودا و تۆمـاس هێنری هوکسـڵی (١٨١٥–١٨٩٥)، کـە زیندەناسـێکی بەناوبانگ بـووە و وەک نەشـتەرگەر و سروشـتناسیش لـە دەرەوەی وڵات لەسـەر "کەشـتی شـاهانەی ڕاتڵ سـنەیکدا " کاریکـردووە و سـێ سـاڵ ڕووپێوی دەریـای مەرجانـی لـە ئوسـتڕاڵیادا کـردووە: هەمـوو ئـەم کەسـایەتیە ناودارانـە لـە هاسـلەردا قوتابـی ڕیچاردسـن بـوون.

جا گرنگیشە بزانین چارڵس داروین (١٨٠٩–١٨٨٢) کە هوکسلی زۆر داکۆکی لە ڕوانینەکانی دەکرد و خۆشی هەرچەندە پزیشک نەبوو، بە هۆی کتێبەکەیەوە بەناوی (ڕەگەزی جۆرەکان) هەر زۆر کاریگەری لەبواری پزیشکی دانا و لەڕێگەی گەشتێکی پێنج ساڵە لە ئاوەکانی باشووردا وەک سروشتناسێک لە "کەشتی شاهانەی بیگڵ"، دەستی بە ژیانی پیشەیی خۆی کرد. زۆرێک لە نەشتەرگەرەکانی تری بواری دەریاوانی خۆیان بۆ بواری دۆزینەوە تەرخان کردووە، بەتایبەتی لە ناوچە قوتبیەکاندا.

لە ساڵی ١٨٥٣ دا ئێلیشا کەنت کەین (١٨٢٠–١٨٥٧) نەشتەرگەری دەریاوانی ئەمریکی، بە کەشتی (ئەدڤانس) گەشتی گرد تا فرانکلین بدۆزێتەوە. تووشی مەینەتیەکی زۆر بوو و دوای دوو ساڵ و شەش مانگ گەڕایەوە. کەین زیاتر لە هەر دۆزەرەوەیەکی پێش خۆی لە ناوچەی بەستەڵەکی باکوور گەڕاوە و وێنەی هەزاران میلی لە کەناراوەکان کێشاوە.

جۆرج باسی (١٧٦٣–١٨٠٣) نەشتەرگەری دەریاوانی بەریتانی، کە زیاتر لەگەڵ ماتێو فلیندەرزی هاوڕێی ناوی دەهێنرێت و هەردووکیشیان خەڵکی لینکۆلێن شایەرن، بە «کەشتی شاهانەی ڕیلانەنس» گەشتی بۆ ئۆستڕالیا کرد و لە کەڵەکێکی بچووکی دوو مەترو نیویدا بەناوی «تۆم ثەم»، بەشێک لە کاناراوەکانی نیو ساوث ویڵزی دۆزیەوە. پاشان لە کەڵەکێکدا بە شەش سەرنشینەوە بەرەو باشوور گەشتی کرد و شوێنی زیاتر دۆزیەوە و نەخشەی شەش سەد میلی لە کەناراوەکانی دەریای تەزمانیا کێشا. ئەوەشی خستۆتە ڕوو کە تەزمانیا بەشێک نەبووە لە ئۆستڕالیا، بەڵکو لەڕێگەی نۆکەندێکەوە بەناوی نۆکەندی باسەوە جیاکراوەتەوە. لە گەشتێکی دواتردا باس و فلیندەرز بەناو تەزمانیادا گەڕان. پاشان لە کەشتیەکی بازرگانی خۆیدا، کە هەموو سەرنشینەکانی لەناوچوون، باس دەستی بە گەشتێک بۆ ئەمریکای باشوور کرد. لەم سەردەمانەی دوایدا جان چارڵۆت، کە خۆشی دەمارناس بووەو باوکیشی دەمارناسێکی بەناوبانگ بووە، چاوساغی دوو گەشتی بۆ بەستەڵەکی باشوور کرد. هەروەها ناوچەکانی جەمسەری باکووریشی دۆزیوەتەوە. کەشتیەکەی بەناوی (بۆنا؟) لەدوایین گەشتیدا

لە نزیک ئایسلاند نغرۆ بوو و هەموو سەرنشینەکانی خنکان.

ڕێزدار ئێدوارد ئەدریان ویلسن (١٨٧٢-١٩١٢) دواین نەشتەرگەر بووە، کە وەک دۆزەرەش کاری کردووە. ویلسن نەشتەرگەرو سروشتناس و نیگارکێشیش بووە، کە لە گەشتی (دۆزینەوەکەی) ساڵی ١٩٠١ و گەشتی (تێرا نۆڤا)ی ساڵی ١٩١٠ دا، هاوەڵی کاپتن سکۆتی کردووە. هەمووان بە چیرۆکی ئەفسانەیی دووەم و دواین (گەشتی تێرا نۆڤا) ئاشنان. کتێبە ناوازەکەی جۆرج سیڤەر بەناوی (ئێدوارد ویلسنی بەستووی باشوور)، لە نێو ژیاننامەی پزیشکانی سەردەمدا زۆر گرنگی پێدراوە. ویلسن کەسێکی خانەدان و بەڕێزیش بووە. دەکرێت چەند ووشەیەک لەبارەی ئەو پزیشکە دۆزەرەوانە بڵێین، کە شوێنانیان دۆزیوەتەوە. هێندە بەسە باس لەو دوو کەسە بکەین کاریان لە کیشوەری ئەفریقادا کردووە، هەرچەندە دەکرێت باس لە هەموو پزیشکە دۆزەرەوەکانی تری جیهانیش بکەین.

مونگۆ پارک (١٧٧١-١٨٠٦) دوای ئەوەی وەک نەشتەرگەری دەریاوان گەشتی بۆ دوورگەی سۆمەترای ئیندۆنیزیا ئەنجامدا، لە ڕێکخراوی پەرەپێدانی دۆزینەوەی شوێنەکانی ناوەوەی ئەفریقا، کە بەمەبەستی گەشەپێدانی بازرگانی لە ڕۆژئاوای ئەفریقا دامەزێنرابوو، خزمەتی کرد. لەوێ تەنها دوو هاوڵاتی ڕەسەنی ئەفریقی هاوەڵیان کرد و زیاتر لە دوو ساڵ بەدوای سەرچاوەی ڕووباری نەیجەردا گەڕا. هیچی لەم بارەوە دەست نەکەوت، بەڵام زۆر زانیاری بەنرخی کۆکردەوەو لەساڵی ١٧٩٩ دا بەسەرهاتی گەشتەکانی بڵاوکردەوە.

کە گەڕایەوە، بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە شاری پیبلز کاری پزیشکی کرد. لەوێ دۆستایەتی لەگەڵ بەڕێز واڵتەر سکۆتی شاعیر و ڕۆماننووسدا پەیدا کرد. پێدەچێت هەر ئەمیش کەسایەتی گیدۆن گرەی بوو بێت، کە واڵتەر سکۆت لە ڕۆمانی (کچەی نەشتەرگەر) دا وێنای کردووە. دەی لەگەڵ ئەوەشدا ژیانی پیشەگەری لە لادێدا نەبووە جێی سەرنجی و لەساڵی ١٨٠٥ دا لەگەڵ چل و چوار ئەورووپی تردا بەمەستی بەردەوام بوون لە دۆزینەوەکانی نەیجەردا، دووبارە بەکەشتی گەشتی بۆ ئەفریقا کرد. لە چل و چوارەش تەنها پێنجیان مانەوەو کاتێک گەشتنە ڕووبارەکە هەموویان خنکان، لە کاتێکا لە دانیشتوانی

ڕەسـەنی ئـەو ناوچەیـە هەڵدەهاتـن. دوای پێنـج سـاڵ ئـەو هەواڵـە کارەسـاتباراویە گەشـتە بەریتانیـا. داڤیـد لیڤینسـتۆنی (١٨١٣-١٨٧٣) نەمـر، پزیشـکێکی تـری دۆزەرە بـووە، کە وەک ئاشـەوان لـە بڵانتایەر نزیک گلاسـکۆ دەسـتی بەکارکردن کردووە. بەهـۆی ئـەوەی سـوور بـووە وەک پزیشـکێکی مژدەبەخش کار بکات، لەساڵی ١٨٤٠ دا لێهاتـووی خـۆی نوانـد و لـە ڕێکخـراوی مژدەبەخشـانی لەنـدەن خزمەتـی کـرد.

دۆزینـەوەی زامبێسـی، تاڤگەکانـی ڤیکتۆریـا، هەوڵەکانـی بـۆ دۆزینـەوەی سـەرچاوەکانی ڕووبـاری نەیجـەر، دیـار نەمانـی بـۆ چەندیـن سـاڵ لـە ناوجەرگـەی ئەفریقـادا، بینینی هێنری مۆرتۆن ستانلی ڕۆژنامەنووس و دۆزەروەی بەناوبانگی وێڵزی، کە بەمەبەسـتی دۆزینـەوەی ئـەو نێردرابـوو، مردنەکـەی لە گوندی چیتامبۆدا و بەخاکسـپاردنەکەی لـە کڵێسـای وێسـت مینیسـتەردا، ئەمانـە ئـەو ڕاسـتیانەن کـە بوونەتـە هەوێنـی بەسـەرهاتێکی ئیلهـام بەخـش و بەناوبانـگ. لیڤینسـتۆن لـە کتێبەکەیدا بەنـاوی (گەشـت و توێژینەوەکانی مژدەبەخشـان لـە باشـووری ئەفریقـادا) باسـی لـە مێشـی سـی سـی و نەخۆشـیەکانی ئەسـپ و ڕەشـە وولاخ کـردووە، کـە بەهـۆی گازگرتنی ئـەو مێشـەوە دروسـت دەبێت. خـۆی ئـەو دەردە خـەوەی بەهـۆی ئـەم مێشـەوە دروسـت دەبـوو، نـە دۆزرابوویـەوە. لیڤینسـتۆن یەکـەم کـەس بـووە کـە زەڕنیخـی بـۆ چارەسـەری نەخۆشـی «ناگانـەی» ئەسـپ بـەکار هێنابێت. کـەس وەک ئـەم مژدە بەخشـە دۆزەرەوە لەماوەی سـی سـاڵی خزمەتکردنی کاری بۆ جوگرافیای ئەفریقیـا کـردووە. کارە ناوازەکانـی بوونەتـە ئیلهـام بەخشـی دۆزەرەوەکانـی تـر و خۆشـی لـە هەموویـان مەزنتـر بـووە. جـا خەڵکـی ڕەسـەنی ئەفریقـا چیـان بـۆ نەکـردووە؟ تەنانـەت ئـەو عەرەبانەشـی بازرگانیـان بـە کۆیلەکانـەوە کـردووە، بـە چاوێکـی بەڕێـزەوە تەماشـایان کـردووە. ئـەو یـەک پەیامـی سـادەی هەبـووە «لـە خوابترسـە و بـاش کار بکـە».

## قەلاچۆکردنی نەخۆشی لە ناوچە گەرمەکاندا (کەمەرەیی)

سەدەیەک لەمەو بەر ژیان لە ناوچە گەرمەکاندا پڕ مەترسی بوو. خەڵک بە هەڵە لە نەخۆشیەکانی ناوچە گەرمەکان تێدەگەیشتن و وەسیلەی ڕێگرکردنیشیان کە ئێستا زانراوە، لەو کاتەدا نەزانراو بوو. بەسەرهاتی دۆزینەوەی هۆکارو چارەسەری نەخۆشیە دیاریکراوەکانی ناوچە گەرمەکان سەیر و ڕۆمانسیانەن و وامان لێدەکەن بڵێین ڕاستی لە خەیاڵ سەیرترە!

خۆی ئەمە بەسەرهاتێکی دوو روو درێژو ئاڵۆزە و بەتەواوی خزمەت بە ئامانجەکانی ئەم کارەی ئێستامان دەکات، تا ڕوماڵی دۆزینەوە سەرەکیەکان بکەین و چاوێک بەژیانی هەموو ئەو کەسە دیارانە بخشێنێت، کە کاریگەریان لەو ناوچانەدا هەبووە. جێی خۆیەتی باسی مەلاریا، زەردووتا و نەخۆشی کەم خەوی بکەین، کە سێ نەخۆشی بەربڵاوی ئەو ناوچانە بوون. هەر لەسەردەمانی زۆر کۆنەوە مەلاریا هەبووەو زیاتر لە ڕابردوودا بەربڵاوتر بووە وەک لە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان. لەسەردەمی سیدێنهامدا ئەم نەخۆشیە لە بەریتانیادا بەربڵاو بوو و تەنانەت لە سەدەی نۆزدەیەمیشدا تای هۆڕەکان «مەلاریا» هەر لە دەوروبەری کامبرج و لینکۆڵین شایەرو چەند ناوچەیەکی دیاریکراوی تریش هەبوو. ووشەی «مەلاریا» هەر لە بنەچەکەی خۆی وەرگیراوە، کە چەندین سەدە بەکاربراوە. « پالودیزم « هاوواتای نەخۆشی مەلاریایە ، کە هەمان واتا دەگەیەنێت، بەدیاریکراوی ئەو نەخۆشیەی بەهۆی بۆگەنی هۆڕەکانەوە سەر هەڵدەدات. زۆرێک لە توێژەران « ووردە خاڵیان یان ڕەنگیان» لە خوێنی ئەو نەخۆشانەدا دۆزیەوە، کە توشی مەلاریا بوون.

جا لە ساڵی ١٨٨٠دا ئەلفۆنس لاڤرینی (١٨٤٥-١٩٢٢) پزیشکی سوپای فەڕەنسی جێگیرکراو لە جەزائیردا، مشەخۆرەکەی لە خڕۆکەکانی خوێندا دۆزیەوە و یەکەم جەستەی خڕی بچووک و پاشان زیاد بوونی مادەی ڕەنگی و دواجاریش قامچیە دەرپەڕیوەکانی، بینی.

بۆ چەندین سەدە ڕوانینێکی تەم و مژاوی هەبوو، بەوەی مێروو بەجۆرێک

لە جۆرەکان کاریگەری لەسەر گواستنەوەی مەلاریاو نەخۆشی تر هەبێت. بەڕێز پاتریک مانسۆنی (١٨٤٤-١٩٢٢) دەرچووی زانکۆی ئابێردین، یەکەمین بەڵگەی ڕوونی لەبارەی بوونی پەیوەندی لەنێوان مێروو و نەخۆشی ناوچە گەرمەکاندا خستەڕوو. مانسۆن بیست و چوار ساڵ لە چیندا ژیا. سەرەتا لە فۆرمۆسا و ئامۆیدا و پاشان لە هۆنگ کۆنگدا، کە لەوێ لەساڵی ١٨٧٧دا ئەوەی خستەڕوو، ئاوڵەمەی کرمی ووردیلەی فلاریای دەردەفیل و چەند دەردێکی تریش، لەشەودا مێشە گەزە لە خوێنی مرۆڤدا دەبیات و لە جەستەی ئەو مێرووەدا گەشەی دەکات و لەو کاتەی جەستەی مرۆڤێکی تر دەگەزێت، دەگوازرێتەوە. ئەو توێژینەوەی مانسۆن، کە لەساڵی ١٨٧٩ دا لەسەر ئەم بابەتە بابەتەکە لەگۆڤاری (Transactions) ی ڕێکخراوی لینیەندا بڵاوکرایەوە متمانەی پێنەکرا، بەڵام لە هۆنگ کۆنگدا دەستی لە کارکردن هەڵگرت و دوای چەند ساڵێکی کەم لە لەندەندا دەستی کرد بە ئەنجامدانی توێژینەوەکانی. لەوێ کرا بە پزیشکی ڕاوێژکاری فەرمانگەی کۆنۆڵیاڵ. لەساڵی ١٨٩٧ دا زانکۆی لەندەنی پزیشکی ناوچەی ئیستوای دامەزراند و تا کۆتای ژیانی بەزۆری لەوێ کاری کرد. لەساڵی ١٨٩٤ دا مانسۆن چاوی بە بەڕێز ڕۆناڵد ڕۆسی (١٨٥٧-١٩٣٢) پزیشکی لاوی هیندی کەوت. دوای ئەوەی لە هیندستاندا دەستی لە کارکردن هەڵگرت، مشەخۆری مەلاریای لەناو خوێندا پیشاندا. لەو کاتەدا کۆمەڵێک توێژەر، بەتایبەتی لە ئیتاڵیادا دۆزینەوەکەی لاڤرێنیان سەلماند.

کامیۆ گۆلجی (١٨٤٤-١٩٢٦)، کە بە توێژینەوەکانی لەبارەی شانەزانی کۆئەندامی دەمارەوە ناوبانگی دەرکردووە، جیاوازی نێوان مشەخۆرەی نەخۆشیە دیارەکان و مەلاریای چوار ڕۆژەی کرد. هەروەها ئەوەشی دۆزیەوە قۆناغی بە سپۆڕبوون هاوشێوەی سووڕی توونـدی مەلاریایە. مانسن بڕوای وابوو دەرچوونی قامچی کە لە دوای دەرهێنانی خوێن لە جەستەی مرۆڤدا ڕوودەدات، پڕۆسەیەکی ئۆرگانی سروشتی سووڕی ژیانی مشەخۆرە و سەرباری ئەو گەشەکردنە زیاترەی لە هەندێک مێرووی مژەردا ڕوودەدات. ڕوانینەکانی بۆ ڕۆس ڕوونکردەوە، کە بە جۆشەوە هەوڵی چارەسەری ئەم دەردەی دەدا. دواجار لە ٢٠ ی مانگی ئابی ساڵی ١٨٩٧ دا، ڕۆس مشەخۆرەکەی لە گەدەی مێشوولەی باڵ

خاڵداری "ئانۆفیلدا " دۆزیەوە، هەروەک و چەند ساڵێک دواتر کۆششکارێکی تر بەناوی جیۆڤانی گراسی (١٨٥٤-١٩٢٥) ئیتاڵی سەلماندی، ئانۆفیل تاکە زیندەیە توانای گواستنەوەی مەلاریای هەبێت. ووردە ووردە سووڕی ژیانی مشەخۆرەکە لە مرۆڤ و مێشوولەدا بەڕوونی بەدیکرا. مانسۆنیش لەساڵی ١٩٠٠دا بەڵگەی بنج بڕی خستەڕوو، کاتێک مێشوولەی هەڵگری نەخۆشیەکەی لە ئیتاڵیاوە بۆ لەندەن نارد و ڕێگەیدا کوڕە مناڵەکەی، کە گەشەی بە مەلاریاکە دابوو و سێ لە یاریدەدەرەکانی کە بە تەندروستیکی تەواوەوە لە وەرزی هەبوونی مەلاریادا لە کوخێکی مێشوولە هەڵگردا لە کامپانا ڕۆماندا دەژیان، بگەزێت. مێشوولە و کرمۆکەی مێشوولە لەناوبران، گەڕاوەکان ئاوەڕووت کران، شوێنەکانی نیشتەجێ بوون پشکنران و و دەرمانی تایبەتی ئامادەکراوی کینین دابەشکرا. بەمەش کار لەسەر مێشوولە کرا و ئەنجامی دڵخۆشکەریشی لێکەوتەوە، سەرباری ئەمانە نەخۆشی مەلاریا بەهیچ شێوەیەک بنەبڕ نەکرا. زەردووتا نەخۆشیەکی تری کوشندەی ناوچەگەرمەکان بوو. سەردەمانێک لە ئەفریقای باشوور، هیندی لەڕۆژئاواو ئەمریکای باشووردا بەربڵاوبوو. کۆلڕیج لە کتێبەکەیدا بەناوی (دەریاوانە دێرینەکە)، بەسەرهاتی کەشتیەکی سیخناخ بوو بەم نەخۆشیە دەگێڕێتەوە، بەسەرهاتێک شوێنی خۆی لە مێژوودا کردووەتەوە و هەروەها گەلێک لە نەخۆشیەکانی سەردەمی کۆنیشی تۆمارکردووە. هۆکاری زەردوتا ڤایرۆسێکی فرە فرە بچووکە، کە شێوە پێشکەوتووەکەی لەڕێگەی مێشوولەی «ستیگۆمیاوە» دەگوازرێتەوە و شێوە ئاسایەکەشی لەڕێگەی مێشوولەی ترەوە دەگوازرێتەوە. لەسەردەمانی پێشووتردا وایاندەزانی مەلاریا و زەردوتا یەک نەخۆشین. لەساڵی ١٨٨١دا کارلۆس فینلای (١٨٣٣-١٩١٥)کوبی ڕوانینی خۆی خستەڕوو بەوەی زەردووتا لەڕێگەی مێشوولەی ستێگۆمیاوە دەگوازرێتەوە، هەرچەندە نەیتوانی بەڵگەی پێویست بۆ سەلماندنی ڕوانینەکەی بخاتەڕوو.

واڵتەر ڕید (١٨٥١-١٩٠٢) ناوێکی تری دیارە، کە کاری لەسەر نەخۆشی زەردوتا کردووە. ڕید نەشتەرگەرێکی سەربازی لاوبوو زۆر خواستی لەبواری بەکتریا ناسی هەبوو، کە لای پرۆفیسۆر ویلیام هێنری وێڵچ خۆێندوویەتی. لەساڵی ١٩٠٠ دا وەک سەرۆکی لیژنەی قەلاچۆکردنی زەردوتا بۆ کوبا نێردراوە.

لەگەڵ ئەم  دوو بەکتریاناسەی تری بەڵتیمۆر، جەیمز کارۆڵ (١٨٥٤–١٩٠٧) ، کە دوای ڕید لە ڕیزبەندی  دووەم بوو، جاس لازیەر (١٨٦٦–١٩٠٠) ،کە پێشووتر لە کوبا کاری کردووە، لیژنەکە  بەهاوکاری لەگەڵ کارلۆس فیلاینیش دەستی بەکارەکانی خۆی کرد.

کارۆڵ تووشی لەرزوتا بوو، دوای ئەوەی مێشوولەیەکی هەڵگری نەخۆشیەکە گەستی. چاک بوویەوە، بەڵام لازێیار کە مێشوولەی ستێگمیا گەستبووی، دوای چەند ڕۆژێکی کەم بەهۆی نەخۆشی زەردوتاوە گیانی لەدەستدا. بەو جۆرە سەلمێنرا، کە مێشوولەی هەڵگری نەخۆشیەکە توانای گواستنەوەی نەخۆشیەکەی هەیە. ڕید لە کارەکەی بەردەوام بوو. هۆکاری خۆپارێزی خستەڕوو، کە لەماوەی ساڵێکدا زۆر سەرکەوتووانە شاری هاڤانای لەو نەخۆشیە  ڕزگار کرد.

هیدییۆ نۆگوشی (١٨٧٦–١٩٢٨) توێژەری لێهاتووی یابانی و قوتابی کیتاساتۆ، کە وەک لازێیار بووەتە قوربانی نەخۆشیەکە، یەکێکی تر بووە لەو کەسانەی کاری لەسەر قەلاچۆکردنی نەخۆشی زەردوتا کردووە. نۆگوشی پێشووتر لە پەیمانگای ڕۆکفێڵەردا کاری باشی کرد. لە کاتێکا لە شاری ئاکرای لە کەناراوەکانی ئۆقیانووسی ئەتڵەسی لە ڕۆژئاوای ئەفریقادا لەگەڵ  هاوپیشەکانی بەناوی ئەدریان ستۆکس و ویلیام ئەلیکساندەر یەنگدا لێکۆڵینەوەیان لە نەخۆشی زەردەوتا دەرکرد، گیانیان سپارد.

بەبێ گەڕانەوە بۆ کارەکانی ویلیام کراوفۆرد گۆرگاس، (١٨٥٤–١٩٢٠) هیچ باس و خواسێک لەبارەی زەردوتاوە  شوێنی ڕاستەقینەی خۆی ناگرێت. سەرەتا خۆبەخۆ کاری لەسەر نەخۆشیەکە کرد. بەو پێیەی کاتێک لە سەرەتادا لە تەکساز وەک نەشتەرگەری سەربازی کاری دەکرد، خۆشی تووشی نەخۆشیەکە بوو. بوو بە کارمەندی سەرەکی تەندروستی لە هاڤانادا. لەوێ ئەو وەسیلەی خۆپاراستنەی بەکارهێنا، کە واڵتەر ڕید خستیەڕوو و زۆر سەرکەوتووش بوو. بەشێک لە پلانەکەی گۆرگاس، جوداکردنەوەی هەر حاڵەتێکی لەرزوتا بوو لەو ژوورانەی  مێشوولەی هەڵگری نەخۆشیەکەی تیادا بوو. هەڵمەتێکی فرە چڕوپڕی بۆ بەرەنگاربوونەوەی مێشوولەی ستێگۆمیا ئەنجامدا. ناوچەی کەناڵی

پەنەمای کاول بووی ئاوەدان کردەوە، جالەبەر ئەوە ناوی گۆرگاس هەمیشە بە زیندووی دەمێنێتەوە. فێردیناند دو لیسێپی ئەندازیاری مەزنی فەرەنسی، کە زۆر سەرکەوتووانە کەناڵی سوێسی تەواوکرد، ئەویش هەر لەساڵی ١٨٨٠ دەستی دایە هەمان کار، بەوەی خەریکی دروستکردنی کەناڵەکە بوو. دەی دوای هەشت ساڵ بەشێوەیەکی سەرەکی بە هۆکاری نەبوونی مەرجی تەواوی تەندروستیەوە، پرۆژەکە دەستی لێهەڵگیرا. ڕێژەی مردن بەهۆی مەلاریاو زەردوتاوە لە هەزارا سەدو حەفتاو شەش بوو. لەساڵی ١٩٠٤ دا ئەمریکیەکان بەیارمەتی کۆنۆڵێل گۆرگاسی سەرۆک بەشی تەندروستی، بەسەر نەخۆشیەکەدا زاڵ بوون. تەنانەت دواتر گۆگارس ئەبوایە هەوڵی چڕوپڕ بدات تا باوەڕ بە شارەزایان بهێنێت کە ئەوە پیسی نیە، بەڵکو بەزۆری مێشوولەیە هۆکاری بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکەیە. شێلگیرانە کاری بەو وەسیلانەکرد، کە لەکوبادا زۆر کاریگەر بوون. پاڵپشتیەکان زیادی کرد و کاروباری تەندروستی بەمەودایەکی بەرفراوان ڕێکخرا. لەماوەی چەند ساڵێکی کەمدا بەشێوەیەکی بەرچاو، ڕێژەی مردن کەم بوویەوە. دواین حاڵەتی مردنی زەردوتا لەساڵی ١٩٠٦ دا بوو. لەساڵی ١٩١٤ دا کاتێک کەناڵی پەنەما تەواوکرا، لە زۆنی کەناڵەکە ڕێژەی مردن تەنها لەهەزارا شەش بوو، لەئەمەریکادا لەهەزارا چواردە بوو، لە لەندەنیشدا لەهەزارا پانزە بوو.

لەدوای جەنگی جیهانی یەکەم لە ئەمریکادا گۆرگاس بە ڕێکخستنەوەی خزمەتی پزیشکی سەربازی، کارێکی ناوازەی کرد. جا لە ساڵی ١٩٢٠ لە تەمەنی شەست و شەش ساڵیدا، کۆچی دوای کرد. تا ئەو کاتەش هەر کاری دەکرد. کاتێک بەشداری کۆنگرەی نێودەوڵەتی تەندروستی لە لەندەندا کرد، خۆی ئامادەکرد بەکەشتی گەشت بۆ کۆنگۆ بکات بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە نەخۆشی زەردوتا. جا نەخۆش کەوت و پاش چەند ڕۆژێکی کەم کۆچی دوای کرد. پێویست دەکات هەر تۆزێکیش باسی نەخۆشی دەردە خەوی ئەفریقیش بکەین. بۆ چەندین ساڵ نەخۆشیەکە لەئەفریقادا باو بوو. لە دەمەو کۆتای سەدەی نۆزدەیەمدا لەئەنجامی بەرفراوان بوونی ڕێگە بازرگانیەکان و زیاد بوونی ئاسانکاریەکانی گەشت کردن، ئەم نەخۆشیە کەمی کرد. ناگاناش نەخۆشیەکی زانرا و بەربڵاویش بوو. لیڤین ستەون لەکتێبەکەیدا باناوی (گەشتەکان) باسی مێشی سی سی دوژمنە

سەرسەختەکەی ڕەشە ووڵاخ و ئەسپ کردووە ، کە لەمپەرێکی بەردەم پێش کەوتنەکانیش بووە.

لەساڵی ١٨٩٤ دا بەڕێز داڤید بڕووسی (١٨٥٥-١٩٣١) پزیشکی سەربازی و دەرچووی زانکۆی ئێدنبرە کە پێشووتر بەهۆی توێژینەوەکانی لەسەر تای ماڵتا و مێدیتێرانیا ناوبانگی پەیداکربوو، گەشتی ناوچەی ناتاڵی لە ئەفریقا کرد تا توێژینەوە لە سەر نەخۆشی ناگانا بکات. لەخوێنی هەموو گیاندارە تووش بووەکاندا مشەخۆری (ترای پانۆسۆما بڕوسەی)ی دۆزیەوە. لەهەموو توێژینەوەکانیدا خێزانەکەی یارمەتیدەری بوو، ئەمیش پێزانینی بۆی هەبوو. بڕووس ئەوەشی خستەڕوو، کە ئەم مشەخۆرە لەڕێگەی گەستنی مێشوولەی سی سی یەوە دەگوازرێتەوە. ئەوەی جێی داخە دوتۆن ساڵی دواتر بەهۆی تای سەرهەڵدەرەوەوە کە هۆکارکەی گەنە بوو و لە کۆنگۆدا توێژینەوەی لەسەر دەکرد، کۆچی دوای کرد. با بگەڕێینەوە سەر باس و خواسی بڕوس. خۆی و خێزانی لەساڵی ١٩٠٣ دا گەشتنە ئۆگەندا تا چارەسەری دەردەخەو بدۆزنەوە. پێکەوە لەگەڵ ئاڵدۆ کاستێلانی، گرەیگ ئێد و دکتۆر نابارۆ و ئەوانی تر، بڕووس دۆزینەوەکەی کاستێلانی لەبارەی بوونی مشەخۆری لە لینجاوی بڕبڕەی پشتی نەخۆشانی هەڵگری دەردەخەودا، پشتڕاستکردەوە. دواتریش بڕوس مشەخۆرەکەی لەناو خوێندا دۆزیەوە. بەسوود وەرگرتن لە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکانی لەسەر نەخۆشی ناگانا، ئەوەی خستەڕوو مێشی سی سی هەڵگری نەخۆشیەکەیەو ئەورووپی و هەروەها دانیشتووانە ڕەسەنەکانیش شیمانەی نەخۆشیەکەیان لێدەکرێت و دەکرێت بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکە لەڕێگەی لەناو بردنی مێش و شوێنی نەش و نماکردنیان و پشکنینی جووڵەی دانیشتووانە ڕەسەنە تووش بووەکانەوە، سنووردار بکرێت. گەشتە ئەو دەرەنجامەی، مێشەکە هەڵگرێکی سادە بووە و سووڕی ژیانیشی بەو شێوەیە ئاڵۆز نەبووە وەک ئەوەی لە مەلاریا دا هەبووە. دواتر ئەم تێگەیشتنە لەڕێگەی کارەکەی کلەینەوە گۆڕانی بەسەردا هات. بەهۆی کارەکانی بڕوس و دواکەوتەکانیەوە، چیدیکە مەترسیەکانی نەخۆشی دەردە خەو نەما. گەر لێکۆڵینەوەی زیاتر لە دەردە خەو، وەسیلەکانی چارەسەرکردن، هەبوونی ژینگەی گەشەکردنی مشەخۆرەکەی و ئەو گرفتانەی

تـر کـه هێشـتا چارەسـەر نەکـراون، بکرێـت، واچـاوەڕوان ناکرێـت ئـەو نەخۆشـیە سـەرهەڵبداتەوە. بـا ئەوەنـە لەسـەر نەخۆشـی لـە ناوچـە گەرمەکانـدا نەڕۆیـن چونکـه زۆر لەبـارەی پێگـەو گرنیگیەکـەی لەمێـژووی زانسـتی پزیشـکیدا ووتـراوه .

# بەشی نۆزدەیەم

## زۆربوونی پسپۆڕی و پزیشکیی خۆپارێزی

بەردەوام مەیدانەکە ڕۆژ بە ڕۆژ لەبەردەم مێژوونووسدا بەرفراوان دەبێت. کارو دۆزینەوکانی سەردەمی ئێستامان لەناو ئەو بەرهەمە مێژوویەیانەدا دەدۆزرێنەوە، کە هێشتا نەنووسراون و نەوەکانمان لەداهاتووا دەیانخوێننەوە. دەی ڕووداوەکانی ئەمڕۆمان و هەموو ئەوانەشی لە بیرەوەریەکانماندا زیندوون، مەرج نیە شوێنی خۆیان لە هەناوی مێژوودا گرتبێت. هەندێکیان تێپەڕین. پێدەچێت ئەمڕۆ گرنگ بن و سبەینێ لەبیر بکرێن. ئەوانی تر، کە پێدەچێت لەبەرچاوان نەبن، ڕەنگە لای نەوەکانی داهاتوو ئەو پەڕی بایەخیان پێبدرێت. جا یەکێک لەئاستەنگەکانی خستنەڕووی مێژوو بڕیاردانە لەوەی لە چ دۆخێکدا دەست لە گێڕانەوەکان هەلگیرێت یان زیاتر ڕێگە بدرێت ببنە بەشێک لە زانستی ئەمڕۆ. پێدەچێت ژیرانەترین چارەسەر بۆ ئەم کێشەیە تا هەنووکە وەک ژیاننامەکان دەری دەخەن، خۆبەدوورگرتن بێت لەناوهێنانی هەچ کەسێک، هەرچەندە کەسێکی بەناوبانگ بێت و خۆش بەختانەش لەگەڵامان بژی. جا ناکرێت دۆزینەوە سەرسوڕهێنەرە پزیشکیە زۆر بەناوبانگەکانی ئەم دوایانە هەموویان لەم باس

و خواسـەدا جێبکەینـەوە. دۆزینـەوەی هۆرمـۆن، ڤیتامیـن، ئینسـۆلین، سـەلفۆنامید، ڤایـرۆس، پەنسیلین و سـەرچاوەی دۆزینـەوە دیارەکانی تریش دەبێت لەداهاتـوودا ببنـە ویـردی سـەر زبـان، لـە کاتێکا بەتەواوەتـی بوونەتـە زاراوەی بـاوی زانسـتی پزیشـکی. دەی لەهەمـان کاتـدا بـاس و خواسـی مێـژووی پزیشـکی دەبێـت دوو ئاڕاستەی گرنگی ئـەم سـاڵانەی دووای لەخۆبگرێت، ئەوانیش: پسـپۆڕی پزیشـکی و پزیشـکی خۆپارێزیـن. ئـەو دوو ڕەوتـەو شـان بەشـانی پزیشـکی سـەردەم، کـە پێشـکەوتوون و پێشـیش دەکـەون، هێشـتا دوو پسـپۆڕی جودانیـن. پزیشـکی خۆپارێـزی بەهـۆی سـوودە گشـتیەکەی و پسـۆڕیەکەیەوە بەرفـراوان بـووە، کەچیدیکە تەنها پەیوەندی بە تەندروستی گشتیەوە نیە، هەرچەندە بەو قۆناغانەدا تێپەڕی. دەی پزیشکی خۆپارێزی خۆی لەخۆیدا لقێکی زانستی پزیشکیە و ئێستا ئەو پسپۆڕانە کاری تیادا دەکەن، کە ئەرکێکی گەورەیان لەسەر شانە بە قبووڵ کردن و ئاڕاستەکردنی سەراپای زانستی پزیشکی تا خزمەتی مرۆڤایەتی بکەن.

## وەرگرتنی پسۆڕی لەبواری پزیشکیدا

لـەم سـاڵانەی دوای پزیشـکی و نەشـتەرگەری هێنـدە جـودا بوونـەوە کـە زاراوەی مـۆدە بەسـەرچووی پزیشـک یـان نەشـتەرگەری گشـتی زۆر کـەم هەسـت بەبوونی دەکرا، هەرچەندە پزیشکی گشتی هـەر کۆڵەکەی سـەرەکی کاری پزیشکی بـوو. پزیشـکی زانگـەری هـەروەک لـە سـەرەتاوە پسـپۆڕیەکی جـودا بـوو، ڕێڕەوی ڕاسـتەقینەی خـۆی وەرگـرت و هەربـەو شـێوەیەش دەمێنێتـەوە. پێویسـت نـاکات لێـرەدا بـاس و خواسـی ئـەوە بکەیـن داخـۆ ووردە پسـپۆڕیەکانی پزیشـکی و نەشـتەرگەری هـۆکاری پێشـکەوتنن یـان نـا. کۆمەڵێـک هـەن کـە ئەمـە بەکارێکـی قیـزەون لەقەڵـەم دەدەن و داوای گەڕانـەوە بـۆ میتۆدەکانـی هیپۆکـرات دەکـەن، بـەو شـێوەیەی کـە نەخـۆش لەناوەنـدی وێنەکـەدا بێـت.

لـەم بەشـەدا هەرئەوەمـان پێدەکرێت بـاس لـە پەیدابوونـی پسـپۆڕی لـە سـەدەی نـۆزدەدا و پێشـکەوتنەکەی تـا ئـەم سـاتەوەختە بکەیـن و چەنـد نموونەیـەک وەک مشـتێک لەخـەروار وەربگریـن. پێشـووتر باسـمان لـە پسـپۆڕیە زۆرو زەوەندەکانـی

نەشتەرگەری کرد. لەبواری پزیشکیدا ئەمە زیاتر پلە بە پلە بوو، کەمتر هەستی پێکرا. لە دەوروبەری ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا پزیشکە بلیمەتەکان، لە چالاکی چڕو پڕدا جمەیان دەهات. پاشان دواتر دەمارناسی بووبە پسپۆڕیەکی جودای پزیشکی. پسپۆڕی دەروونی بەهۆی پێشکەوتنی بواری دەروونناسیەوە، وەرچەرخانێکی باشی بە خۆوە بینی. پسپۆڕی نەخۆشیەکانی دڵ لە فەسلەجە جیابوویەوە. لە ڕێگەی پێشکەوتنی کیمیای ژیاریەوە، نەخۆشیەکانی زیندەچالاکی ڕوون کرانەوە. پسپۆڕی منالانیش چیدیکە وەک لقێکی لاوەکی پزیشکی گشتی نەما.

## نەخۆشیەکانی زیندەچالاکی

توێژینەوەکانی لایپیگ و ئەوانی تر لەبارەی فەسلەجەی کیمیاییەوە، تاڕادەیەکی زۆر بوونە هەوێنی لێکۆڵینەوە تایبەتیەکانی نەخۆشیەکانی زیندەچالاکی. بێرنارد نووینی (١٨٣٩-١٩٢٥) یاریدەدەری فریچس لە بەرلیندا، کە دواجار لە ستراسبۆرگدا دوای کوسماڵ هات، یەکێک بوو لە پێشەنگەکانی ئەم مەیدانە. دەکرێت مێژووی نەخۆشی شەکرە بگەڕێنینەوە بۆ سەردەمی ئارێتووس کە یەکەم جار ناوی لەنەخۆشیەکە نا، وە بۆ سەردەمی تۆماس ویلیس کە شەکری لەناو میزدا دۆزیەوە. نووین توێژینەوەی لە بواری فەسلەجەی کیمیادا کرد و هەنگاوێک زیاتر کارەکەی بەرەوپێش برد و ئەنجامەکانی لە نامیلکەیەکی گرنگدا لەساڵی ١٨٩٨دا بەناونیشانی (لەبارەی نەخۆشی شەکرەوە)، بڵاوکردەوە. یەکەم کەس بووە لەساڵی ١٩٠٦ دا تێبینی دروست بوونی ترشی لەخۆچوونی شەکرەدا کردبێت و زاراوەی « acidosis " "ترشە ژەهراویبوون"ی داتاشیبێت، کە ئێستا بووەتە ویردی سەر زبان. نوین ژیاننامەی خۆی بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێشانە نووسی ، کە لەو ساڵەی مرد بڵاوکرایەوە.

کارڵ ڤۆن نووردین (١٨٥٨-١٩٤٤) کە دوای نۆثناجێل لەڤێنادا هات، زیاتر گرنگی بە لێکۆڵینەوەی نەخۆشی شەکرەو کاریگەری ڕیجیم کردن لەسەر ئەو نەخۆشیە دا. فریدریک ویلیام پاڤی (١٨٢٩-١٩١١) لەبەریتانیادا پسپۆڕی پێشەنگ

بوو لەم بوارەدا. پاڤی لە نەخۆشخانەی گای کاری کردووە و قوتابی کلۆد بێرناردیش بووە. بە کارکردن لەسەر توێژینەوەکانی کلۆد بێرنارد، هەوڵی دا ئەوە بخاتە ڕوو ئەو زیادە شەکرەی بێرنارد لە جگەردا بەدەستی هێنابوو، بەهۆی گۆڕانی دوای مردنەوە بوو و ئەو ڕۆڵەی جگەر بینیویەتی لە بەرهەمهێنانی شەکر لە گلایکۆجیندا گومان هەڵدەگرێت. پاڤی ژیانی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە لەم بابەتە تەرخان کرد. بەم دوایانە لەساڵی ١٩٢٢ دا بەڕێز فریدرک بانتۆن (١٨٩١-١٩١٤) بەهاوکاری لەگەڵ چارڵس هێربەرت بێست (١٨٩٩- ١٩٧٨)، جۆن جەیمز ڕیکارد ماکلیئۆدەوە (١٨٧٦-١٩٣٥)، ئەنسۆلینیان دۆزیەوە و ڕوانینی گشتی لەبارەی نەخۆشی شەکرە گۆڕانی بەسەردا هات.

## نەخۆشیەکانی دڵ

ئەو زانیاریانەی ئێستا لەبارەی پسپۆڕی دڵ لەبەردەستە، هەر بەزۆری دەرەنجامی توێژینەوە زۆرو زەوەندەکانی فەسلەجەو دەرمانسازیە. جێی خۆیەتی باس لەم فەسلەجەناسانە بکەین:- ویلهێلم هیسی(١٨٦٣-١٩٣٤) کۆرپەلەناسی دیاری بازڵ، لە لیپزیگ بووە پرۆفیسۆر و فرمانی دڵە ماسوولکەی دۆزیەوە. ئۆگەستۆس والەری (١٨١٦-١٨٧٠) پزیشکی گشتی لە کێنیستۆندا، ترپەی کارەبای دڵی تۆمارکرد، کە ئەمەش بووە هەوێنی داهێنانی هێلکاری کارەبای دڵ. والتەر هوولبڕووک گاسکیڵی (١٨٤٧-١٩١٤) لێکۆڵینەوەی لە دەمارەکانی دڵ کرد و یەکەم کەسیش بوو زاراوەی "گیرانی دڵ" بەکارهێنا و بەردی بناغەی زانستی هاوچەرخی "خۆدکاری کۆئەندامی دەماری" دانابێت. بە کۆششی بەڕێز لۆدێر برونتۆنی (١٨٤٤-١٩١٦ ) پزیشکی نەخۆشخانەی بارتولۆمیۆ، کە هەستی بە کاریگەری نیتریت لە سەر کشانی بۆری خوێن و کەم بوونەوەی ئازاری سنگە کوژە کرد، پسپۆڕی دڵ زۆر پێشکەوت. لەو کاتەی لاو بوو و لەماڵەوە کاری دەکرد، ئەمەی دۆزیەوە. کتێبە سەرنجڕاکێشەکەی برونتۆن بەناوی (وانەکانم لەبارەی کاریگەری دەرمانەکانەوە) هێشتا شایانی خوێندنەوەیە چونکە هەمیشە هەوڵی داوە هەموو وانەکانی ناو تاقیگاکەی بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.

بەڕێز تۆماس ڕیچارد فرەیزەر (١٨٤١-١٩٢٠)، کە وەک پرۆفیسۆری بواری پزیشکی لە ئێدنبرەدا جێی کریستستۆنی گرتۆتەوە، لێکۆڵینەوەی لە کاریگەری گەلێک دەرمان کرد، لەنێویشیانا سترۆفانتۆس کە بۆ ووروژاندنی دڵ لە گوڵە خانەی بە باشتری زانیوە. ئارثەر ڕۆبێرتسۆن کوشنی (١٨٦٦-١٩٢٦) جێگرەوەی فرەیزەر، لێکۆڵینەوەی لە کاریگەری دەرمان لەسەر دڵ کرد، کە بە هۆی ئەوەوە زانیاری زۆرترمان لەبارەی بەکارهێنانی گۆڵە خانمەوە دەستکەوت.

ئون برۆگێر لەساڵی ١٧٦ دا گوێ لێگرتنی خستەبواری جێ بەجێکردنەوە و لاینێکیش لەڕێگەی بیستۆکی پزیشکیەوە لە ساڵی ١٨١٦ دا گوێڕاگرتنی لە سنگی خستەبواری جێبەجێکردنەوە. مەبەستیان بوو وەها یارمەتیدەرێکی فیزیکی لە دەستنیشان کردنی نەخۆشیدا گرنگی پێبدرێت. پیەڕ کارڵ ڤۆن (١٨٢٥-١٩٠١) ڕێکاریەکی ڕۆتینانەی گرتەبەر. بەهۆی پێوانەکردنی فشاری خوێنەوە، لێکۆڵینەوە لە فشاری خوێن کرا. لێرەدا تۆماس کلیفۆرد ئالبۆتی (١٨٣٦-١٩٢٦) پرۆفیسۆری بواری پزیشکی لە کامبرج و پسپۆڕی بواری نەخۆشیەکانی بۆری خوێن، میتۆدەکەی ناساند. زۆر کاری بە پێزی لەم بوارەدا کرد و کتێبی (سیستەمی تەندروستی ) نووسی، کە دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو. سەرباری ئەوە هەروەک فریتز پاتریک لە وانەکانیدا بەناونیشانی (زانستی پزیشکی یۆنانی لە ڕۆمادا) باسی کردووە، مێژوونووسێکی دیاری بواری پزیشکیش بووە. بەڕێز ویلیام ئۆسلەری هاوچەرخیشی لە ئۆکسفۆرد، توێژینەوەی بەپێزی لەسەر نەخۆشیەکانی دڵ ئەنجامدا. میتۆدە زانستیە ووردەکانی تۆمارکردنی لێدانی دڵ، وەک خوێنەرەوەی پەستانی خوێن وورده وورده لەبواری کلینیکیدا کاریان پێکرا، دوای ئەوەی بۆ چەندین ساڵ تەنها وەک کەرەستەی ئاسایی تاقیگەکان تەماشادەکران. لەساڵی ١٩٠٢ دا ماکێنزی ئامێری تۆمارکردنی لێدانی دڵ و پەستانی خوێنی داهێنا. لەڕێگەیەوە لەیەک کاتدا لێدانی خوێنبەرو وورده دەماری ملی تۆمار دەکردو ناڕێکی و پشێوی دڵی دەردەخست. ئەوەشی دەرخست هەندێک لەم جۆرانەی ناڕێکی و پشێویە گرنگیان کەم بووە، لە کاتێکا ئەوانی تر دەرخەری نەخۆشی توندی دڵ بوون.

بەڕێز جەیمز ماکێنزی (١٨٥٣-١٩٢٥) داهێنەری هاوچەرخی پسۆڕی دڵ، لەپێرت شایەر لە دایک بووە و لەئێدنبرەدا زانستی پزیشکی خوێندووە. بۆ چەندین ساڵ لەشاری پیشەسازی بێرنلیدا کاری کرووە و هەر لەوێش کاری لەسەر گرفتەکانی وەک میکانیزمی ئازارو گرنگی ناڕێکی لێدانی دڵ کردووە. یەکێک لە ئەنجامەکانی توێژینەوەکانی گۆڕینی ئەو ڕوانینە بووە لەمەڕ دەنگە نا ئاساییەکانی دڵ و نائاسای کارکردنی دڵەوە هەبووە. ئەوەشی خستۆتەڕوو نابێت هیچ کامیان بەمەترسیەوە لێی بڕوانرێت و فاکتەری گرنگی کاتی چاکبوونەوەی دڵ ئەکەوێتە سەر ئەوەی تا چەند دڵ توانای بەرگەگرتنی فشاری دەبێت. وتوویەتی "دەبێت گرنگی تەواو بە تەندروستی ماسوولکەی دڵ بدەین". هەروەها ڕێنمای چاکی بۆ بەکارهێنانی گووڵە پەنجە داناوە. ماکێنزی لەتەمەنی پەنجاو چوار ساڵیدا لە بێرنلیەوە بۆ لەندەن گەشتی کرد. هەر زوو ناوبانگی دەرکرد و بوو بە ئەندامی دەستەی نەخۆشخانەی لەندەن. بەهۆی نەخۆشی سنگە کوژێوە مرد، ئەو نەخۆشیەی زۆر کۆششی کرد تا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات.

ئۆستن فلنت (١٨١٢-١٨٨٦) یەکێک بوو لە پسۆڕە پێشەنگەکانی بواری دڵ لە ئەمریکادا. یەکەم کەس بووە بیستۆکی دووەکی بۆ دەستنیشان کردنی نەخۆشیەکانی دڵ و سیدا بەکارهێناوەو هەروەها کۆمەڵێک توێژینەوەی بە پێزی نووسیووە.

جاکۆب داکۆستا(١٨٣٣-١٩٠٠) پزیشکێکی تری ئەمریکیە، کە لە کاتی جەنگی ناوخۆدا توێژینەوەی تایبەتی لەسەر نەخۆشیە شاراوەکانی دڵ کردووە لە نێو سەربازاندا. دیارە ئەم حاڵەتە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا زۆر باو بووە. داکۆستا لە پاریس لای تروسۆ خوێندوویەتی. بە یەکێک لە مەزنترین مامۆستاکانی سەردەمی خۆی دانراوە و توێژینەوەکەشی لەسەر دەستنیشان کردنی نەخۆشی زۆر بایەخی پێدراوە.

## نەخۆشیەکانی منالان

پزیشکی منالان وەک یەکێک لە پسپۆڕیەکانی پزیشکی لە دوو سەرچاوەوە: زانگەری، کە نەخۆشیەکانی منالی تازە لەدایک بوو و هەروەها پزیشکی گشتیش، کە نەخۆشی ئەو منالانەی لەخۆ دەگرت کە چیدیکە ساوا نەبوون، پەیدابوو. چارڵس ویست (١٨١٦–١٨٩٨) یەکێک بوو لەو یەکەمین پزیشکانەی خۆی لەبواری مندالانا قاڵ کرد. دوای ئەوەی سەرەتا لێکۆڵینەوەی لەبواری پزیشکی زانگەری کرد، بەردەوامیش کاری لەسەر پسپۆڕی منالان کرد. لە ساڵی ١٨٤٧ دا کتێبێکی ناوازەی بەناوی (وانەکانی تایبەت بە نەخۆشیەکانی مندالان) ی نووسی.

هەر بە زۆریش بەهەوڵ کۆششی ئەو نەخۆشخانەی نەخۆشی منالان لە شەقامی گرەیت ئۆرمۆند لەساڵی ١٨٥٢ دا بنیاتنرا. دواتر جۆرج فریدریج ستڵ (١٨٦٨–١٩٤١) بوو بە پزیشکێکی دیاری تری ئەم نەخۆشخانەیە، کە زۆر کاری بەپێزی لەبواری پزیشکی منالان کردووە لە نێویشیانا کتێبەکەیەتی بەناوی (مێژووی پزیشکی منالان).

جۆن تۆمسۆن (١٨٥٦–١٩٢٦) پزیشکێکی تری منالانە، کە ناوبانگێکی جیهانی هەبووە. بەهۆی توێژینەوەکانیەوە، بواری پزیشکی منالان پێشکەوتنی زۆری بەخۆوە بینیووە. کتێبە مەنهەجیەکەی بەشێوەیەکی بەرفراوان لە بەریتانیاو ئەمریکادا خوێنراوە. هەروەها وەرگێڕانە فەڕەنسی و ئیسپانیەکەی داخوازی زۆریان لەسەر هەبووە. کەسێکی نەرم و نیان بووەو جۆش و خرۆشی بۆ پسپۆڕیەکەی وای لێکردووە لەنێو قوتابیان و هاوپیشەکانیدا خۆشەویست بێت.

ئێدوارد هێنریچ هینۆچ (١٨٢٠–١٩١٠) لەئەڵمانیادا پسۆڕی نەخۆشیەکانی منالانی بەرەوپێش برد. هەروەها لیۆن هارد هوبنەری (١٨٤٣–١٩٢٦) جێگرەوەشی، کە کارەکەی لەسەر پێدانی خۆراک بە منالان بووبە سەرچاوەی هەموو توێژینەوەکانی دواتر، یەکێکی ترە لەو پزیشکانەی پسۆڕی منالانی بەرەوپێش برد.

ئەبراهام جاکۆبی (١٨٣٠–١٩١٩) لەئەمریکادا پەرەی لێکۆڵینەوەی نەخۆشیەکانی مندالان دا. جاکۆبی بە ڕەگەز ئەڵمانی بوو، کە لە لەساڵی ١٨٥٣دا لەوێ

نیشتەجێ بوو. بۆ ماوەی چل و دوو ساڵ وانەی لەو بوارەدا ووتەوە. لە ڕێگەی کارو نووسینەکانیەوە، خزمەتی بەرچاوی بە پزیشکی ئەمریکی کرد. هەروەها جۆب لویس سمثی (١٨٢٧-١٨٩٧) هاوچەرخیشی، لە ڕێگەی بلاوکردنەوەی توێژینەوەکەی بەناوی (نەخۆشیەکانی منداڵان) لەساڵی ١٨٦٩ دا، خزمەتێکی بەرچاوی پزیشکی منداڵانی کرد. تۆماس مۆرگان ڕۆچێت (١٨٤٩-١٩١٤) یەکەم کەس بووە بووتە پرۆفیسۆری بواری منالان لە هاڤاردا لەساڵی ١٨٨٨ دا، کە لە ڕێگەی پشتگیریەکانی بۆ دابینکردنی شیری خاو، خزمەتی گەورەی بە خەڵک کردووە.

## پسپۆڕی دەمار

بەزۆری لەڕێگەی وانەو نووسینە چڕوپڕەکانی زانکۆکانی فەڕەنساوە، پسپۆڕی دەمار بووبە پسپۆڕیەکی تایبەتی پزیشکی. جا هەروەک پێشتر زانیمان، ئەم پسپۆڕیە سەرنجی زۆرێک لە پزیشکانی ڕاکێشا. لە ساڵی ١٧٦٨ دا ڕۆبەرت وایتی سکۆتلەندی وەسفی هەوکردنی سیلی کرد. لە ساڵی ١٧٧٠دا دۆمینیکۆ کۆتونۆ توێژینەوەیەکی لەسەر ژانی شادەمار نووسی و لە ساڵی ١٨١٧ دا جەیمز پارکینسۆنیش وەسفی ئیفلیجی لەرزۆکی کرد. مۆریتز هێنریچ ڕۆمبێرگ (١٧٩٥-١٨٧٣) یەکەمین توێژینەوەی سەردەمیانەی بەناوی (کتێبی مەنهەجی لەبارەی نەخۆشیەکانی دەمارەوە) نووسی. بۆ ئەمەش مەیدانیانە خۆی توێژینەوەی ئەنجامدا و بۆ یەکەمجار بەڕوونی تیایدا باسی سەرسمدان "ئاتاکسیا"ی کرد. کلینیکیەکەی ڕومبێرگ لە بەرلیندا سەرنجی زۆرێک لەقوتابیانی ڕاکێشا.

ماوەیەک دواتر پسپۆڕێکی تری دیاری بواری دەمار لەئەڵمانیادا هەڵکەوت، ئەویش ویلهێلم هێنریچ ئێربی (١٨٤٠-١٩٢١) خەڵکی هایدلبێرگ بوو، کە گەلێک کاری بەپێزی لەو بوارەدا کرد و هەستی بەگرنگی کاردانەوەی ژێی ماسوولکە کرد. هەروەها لێکۆڵینەوەی لەسەر پەیوەندی نێوان نەخۆشی فەڕەنگی و دەردە کۆپانەوە کرد و تەکنیکی دەستنیشان کردنی نەخۆشی لەڕێگەی کارەباوە تەواوکرد .

بۆ ئاشنا بوون بە مێژووی پسپۆڕی دەمار هەر ناچارین ڕوو لەفەڕەنسا بکەین. گویۆم بینیامین ئارماند دوچێن (١٨٠٦-١٨٧٥) هەتا بڵێی ئەسپی خۆی لەم مەیدانی زانستی پزیشکیدا تاوداوە، کە بۆ ماوەی زیاتر لەسی ساڵ لە نەخۆشخانەکانی پاریس کاری کردووەو نەپساوانە هەر تەنها هەوڵی بەدەستهێنانی زانیاری لەم بوارەدا داوە. بەڕێز ئارثەر کیثی توێکارزانی بەناوبانگی سکۆتلندی، بە "یەکێک لە دیارترین کەسایەتیەکانی مێژووی پزیشکی" لەقەڵەمداوە. لە بۆلۆن لەدایک بووەو کوڕی کاپتنێکی دەریاوانی بووە و لەپاریس زانستی پزیشکی خوێندووەو گەڕاوەتەوە تا لەزێدی خۆی کاری پزیشکی بکات. بواری ئەوەی هەبوو تا تەزووی فاڕادی بەکاربهێنێت، کە شتێکی نوێ بوو لە چارەسەرکردنی قوربانیانی ڕۆماتیزمی درێژخایەن. جا زۆرجار ئەم قوربانیانە ڕاوێژیان بە کەم ئەزموونترین پزیشکی گشتیش دەکرد. ئەوەی دۆزیەوە، کە پێویست ناکات بۆ وورووژاندنی ماسوولکە پێست کون بکەین. هەموو ئەوەی پێویستە دانانی ئیسفەنجی تەڕە لە کۆتاییەکاندا. بەو جۆرە وەسیلەیەکی تری لێکۆڵینەوە لە کاری ماسوولکە داهێنا و بە گوڕو ئارامیەوە خۆی بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیە تەرخان کرد.

دوای دوانزە ساڵ کارکردن لە بۆلۆن و بەدەست هێنانی شارەزاییەکی زۆر، لەتەمەنی سی و شەش ساڵیدا گەشتی بۆ پاریس کرد و پاتریەکی چاکی لەگەڵ خۆیدا برد، کە ناوبانگی پێدەرکرد. لەو کاتەوە تا مردنی، سەردانی نەخۆشخانەکانی دەکرد و بەدواداچوونی بۆ نەخۆشەکان دەکرد و زۆرجار دەست وەردانی دەکرد و بەرەوپێش چوونی حاڵەتەکانیانی تۆمار دەکرد. هەندێک لە پزیشکان لە دەست وەردانی ئەم پزیشکە لادێیە، وەڕەس بوون یان لانی کەم بەچاوی گومانەوە لێیان دەڕوانی. ئەوانی تریش هەر بۆ خۆشی دەیانووت "زەرەری بۆ پەزەکان نیە". قسە ڕەوانی و کۆڵنەدانەکەی وای لێکرد ڕۆژگار باوەشی بۆ بکاتەوە و خۆی بۆ کارێکی خۆکردە ئامادە کرد، کە تا مردن لەسەری بەردەوام بوو. گەلێک نەخۆشی دۆزیەوە و وەسفی کردن، کە لە زانستی پزیشکیدا نەزانراو بوون لە نێویشیانا بزاوتە نووچدان، پووکانەوەی بەردەوامی ماسوولکە و ئیفلیج بوونی فیسقەیی. پێدەچیت گەورەترین کاری نووسینی کتێبەکەی بوو بێت بەناونیشانی (فەسلەجەی جوولە)، کە لەساڵی ١٨٦٧ دا بڵاوکرایەوە. تیایدا ئەوەی خستەڕوو

ماسوولکەکان بەتەنها خۆیان کار ناکەن، بەڵکو بەشێوەی پێکەوەیی هەریەکەیان فرمانێک جێبەجێ دەکات. دوچێن تا لەژیانا بوو ناوبانگی دەرنەکرد. خۆی چەند ساڵێکی پێچوو تا ڕوانینەکانی قبوڵکران.

جان مارتین چارکۆتی (١٨٢٥-١٨٩٣) هاوچەرخی لێبڕاوانەتر هاتە مەیدانەکە و بوو بە یەکێک لە ناودارترین مامۆستاکانی سەردەمی خۆی. کلینیکیەکەی چارکۆت لە سالپێتغیەغدا بوو بە قیبلەی هەموو پسپۆڕەکانی بواری دەمار لەسەرانسەری جیهاندا. ووتاربێژێکی بەهرەمەندو نووسەرێکی سادە نووس و پێشەوایەکی ئیلهام بەخش بوو. یەکێک لە دیارترین دواکەوتەکانی چارکۆت، پیەر ماری (١٨٥٣-١٩٤٠) بوو، کە وەسفی گەلێک لە نەخۆشیە نوێیەکانی کۆئەندامی دەماری کرد. هۆکاری ئاوسانی بەهۆی لووەوە دۆزیەوە و زانیاری لەبارەی زمان گرتنیش خستە ڕوو. لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمیشدا لێکۆڵینەوەی لە پێکانی بازنەی دەمار کرد.

جۆزیف جولس دێژێغن (١٨٤٩-١٩١٧) قوتابیەکی تری چارکۆت بووە، کە کتێبێکی گرنگی لەسەر لەسەر توێکاری ناوەندە کۆئەندامی دەمارو هەروەها گەلێک لێکۆڵینەوەی کلینیکی نووسی. جۆزیف بابنیسکی (١٨٥٧-١٩٢٢) هەر قوتابی ئەو بوو، کە بە کتێبەکەی لەسەر هستریاو نیشانەی پەرچەکرداری جووڵەی بەنجە کە هەڵگری ناوەکەیەتی، ناوبانگی دەرکرد. هەگڵینز جاکسۆن (١٨٣٤-١٩١١) پێشەنگی پسپۆڕی بواری دەمار بوولە سەردەمی نوێدا، کە لە نزیکی یۆرک لەدایک بووە و تەمەنی منداڵی لەوێ بەسەر بردووە. زانستی پزیشکی لە لەندەن خوێندووە و بووەتە وانەبێژی بواری نەخۆشیزانی و فەسلەجە لەنەخۆشخانەی لەندەندا و دواجاریش لەو نەخۆشخانەیە بووەتە پزیشک. لەسەرەتای کاری پیشەییدا، گرنگی بە پسۆڕی دەمار دا. کاتێک نەخۆشخانەی نیشتمانی بۆ ئیفلیجان و تووشبوونی گەشکە لەساڵی ١٨٥٩ دا بنیاتنرا، بووبە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر. بۆ ماوەی چل ساڵ بە زۆری لە خانوویەکی مانچستەر سکوێیەر ٣ دا ڕاوێژکار بووە، کە ئەمەش لە بیرەوەیماندا ماوەتەوە. جاکسۆن خزمەتێکی زۆری لە بواری پسۆڕی دەماردا کردووەو هاوچەرخەکانیشی زۆر ڕێزیان لێناوە.

ڕاستە وانەبێژێکی سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام نووسینەکانی وورد و زانستیانە بوون. تا کاتی مردنیشی ناوبانگی بەردەوام زیادی کردووە و هەر بە پسپۆڕی نمرە یەک لەسەر گەلێک نەخۆشیەکانی دەمار دادەنرێت. یەکەمین توێژینەوەکانی لەبارەی "کەم و کورتیەکانی قسەکردن و پەیوەندیانی بە پێکانی دەماغەوە" بووە. دۆزینەوەکانی بڕۆکای سەلماندووە، لەڕێگەی ئەوەی چۆن کەسی ڕاسە شوێنی نەخۆشیەکەی کەوتووەتە بەشی چەپی نیوە گۆی مێشکیەوە. کێشەیەکی تر کە ئەم چارەسەری کردووە، دەستنیشاکردنی شوێنی جوولەی پەرکەم (فێ) بووە، کە بە پەرکەمی جاکسۆنی ناسراوە. جاکسۆن ئەم جووڵانەی دەگەڕاندەوە بو هەبوونی پێکانی ناوچەی جوولەیی لە توێژی سەردا. سێیەمین بابەت کە گرنگی پێداوە، پۆلێنکردنی جوولەی نەخۆشیزانی ماسوولکەی بەرز، مام ناوەند و کەم، بووە بەگوێرەی ئاستی هۆکاری پێکانەکە لە ناوەندە کۆئەندامی دەماردا.

هەگلینز جاکسۆن هەر تەنها کاری لەبواری تیۆریدا نەکردووە، زۆرێک لە حاڵەتەکانی بە ووردی و زانستیانە تۆمارکردووە و بە وێنە خستوونیەتە ڕوو. بەڕێز ویلیام ڕیچارد گاوەرزی (١٨٤٥–١٩١٥) هاوچەرخی جاکسۆن و تاڕادەیەک کەمتر بەناوبانگ، وەسفی ڕاڕەوی بڕبڕەی پشتی کردووە، کە وەک نیشانەیەک بە ناوی خۆیەوەیە. گاوەز یەکێک بووە لەیەکەمین ئەو کەسانەی هەستیان بەگرنگی دووربینی چاو لە بواری دەماردا کردووە.

خۆی وێنەی ڕوونکەرەوەی بو ئەو کتێبەی داناوە، کە لە لەسەر پسپۆڕی چاو نووسیویەتی. زیاتر لەم دوایانەدا بەڕێز هێنری هێد (١٨٦١–١٩٤٠ز) برەوی بە پسۆڕی دەمار لە بەریتانیادا دا، کە توێژینەوەی دیاری لەسەر زمان بەستن ئەنجامدا و کاری بو دابەش کردنی دەماری تیشکی هێد کرد تاوەکو ئەنجامی دیاردەکە ببینێت. سیلاس وەیر میشێل (١٨٢٩–١٩١٤ز) پزیشکی پێشەنگی بواری دەمار بوو لە ئەمریکادا، کە چارەسەری "وەیر میشێلی" تایبەت بە جۆرە جیاوازەکانی نەخۆشی دەمار لەڕێگەی پشوودان لە ناو جێگەو جوودابوونی توندەوە، خستۆتە ڕوو. کاری بە بایەخی لەبواری دەماردا کرد و توێژینەوەیەکی تاڕادەیەک بەناوبانگی بەناونیشانی (چەوری و خوێن ) نووسی، کە خوێنەری

زۆری هەبووەو بۆ چەندین زمانیش وەرگێڕدرا. پێشتریش بابەتی لەسەر پێکانی دەمار نووسی .

وەیر میشێڵ شاعیرو ڕۆمانووسێکی بە ناوبانگیش بووە. (هەگ واین) یەکێکە لە باشترین ڕۆمانەکانی. لێکۆڵینەوەی کلینیکیانەی دەمارناسی بەزۆری لەڕێگەی توێژینەوەکانی ئەو ماندوونەناسانەی تاقیگاکانەوە پاڵیشتی دەکرا، کە لێکۆڵینەوەیان لە ووردەکاری زیاتری کۆئەندامی دەمار دەکرد و میتۆدی باشترکردنی ڕیشاڵ و خانە لەکەدار بووەکانی دەماریان دەخستەڕوو. کامیۆ گۆڵجی (١٨٤٤-١٩٢٦) باسی نەخۆشی مەلاریا بکرێت ناوی ئەویش دێتە ناوانەوە و زانای ئیسپانی سانتیاگۆ ڕامان کاخاڵ (١٨٥٢-١٩٣٤ز) گەلێک زانیاری لەبارەی شانەزانی کۆئەندامی دەمارەوە دۆزیەوە. ئەم دوو ناوە شۆڕەسواری ئەم مەیدانی کۆششە بوون. لەساڵی ١٩٠٦ دا گۆڵجی و ڕامان پێکەوە خەڵاتی نۆبڵیان وەرگرت. ڕامۆن کاخاڵ بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش ژیاننامەی خۆی نووسی، کە شیاوی بایەخ پێدانی تایبەتە چونکە بارودۆخی زانستی پزیشکیمان لە ئیسپانیدا دەخاتە بەرچاو، کە لە وولاتانی تر زۆر کەمی لەبارەوە زانراوە و نرخێنراوە. کۆمەڵە ووتارێکی سەرنجڕاکێشیشی بەناوی (قسە و قسە لۆگی چایخانەکان) هەیە.

## پزیشکی ئەقڵی و دەروونی

هیچ شتێک لە مێژووی پزیشکیدا هێندەی ئەو گۆڕانی ڕوانینە سەرنجڕاکێش نیە، کە لەمەڕ نەخۆشیە عەقڵیەکاندا لە سەدو پەنجا ساڵی ڕابردوودا ڕوویداوە. لەساڵی ١٧٩٨ دا فیلیپ پینێلی (١٧٤٥-١٨٢٦) میهرەبان، چاونەترسانە پێشنیاری لابردنی ئەو زنجیرانەی کرد، کە نەخۆشە دەروونیەکانی نەخۆشخانەی بیسێتغی لە پاریسدا پێ کۆت و بەند کرابوو. هەبوو بۆ چل ساڵ زنجیر کرابوو، هەش بوو بۆ سی و شەش ساڵ زنجیر کرابوو! پینێاڵ ووتی" ئەوانەی نەخۆشی ئەقڵیان هەیە نابێت وەک گیاندار هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا بکرێت". بیرۆکەی دروست کردنی نەخۆشخانەی بۆ نەخۆشانی ئەقڵی پێشنیار کرد، کەتیایدا نەخۆشیە ئەقڵیەکان وەک جۆرەکانی تری نەخۆشی کاریان لەسەر کرا و مێژووی حاڵەتەکانیان تۆمار

کراو توێژینەوەی زانستیان لەسەر ئەنجامدرا. پینێڵ زۆر چاونەترسانە پێشنیاری ئەو چاکسازیانەی لەسەردەمی شۆڕشی فەرەنسیدا خستەڕوو.

دەیش ووترێت حاشاماتیش هێرشیان کردۆتەسەر و بەوە تاوانباریان کردووە دالدەی پەنابەرانی دابێت. هەر باش بوو یەکێک لەو نەخۆشانەی چارەسەری کردبوو، فریای کەوت. ڕوانینی نوێ لەسەر کەم ئەقڵی و شێتێتی، وورده وورده گەلالەبوو. تەنانەت لە ساڵی ۱۸۳۰ دا جۆن کۆلۆنی (۱۷۹٤-۱۸٦٦) پزیشکی نەخۆشخانەی سانت بێرنارد، هەڵمەتێکی پڕجۆش و خرۆشی لەسەر دان بەخۆداگرتن کرد. ئەمەش لەناو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا بوو بە بابەتی ڕۆژ. لەکاتێکا پینێڵ هێشتا لە پاریس کاری دەکرد لەساڵی ۱۷۹۲ دا، ویلیام توکی خێرۆمەنی کۆمەڵەی دۆستان(کواکەر) کە خۆی پزیشک نەبوو، نەخۆشخانەی (Retreat)ی لە یۆرکدا کردەوە. ئەمەش دامەزراوەیەک بوو تیایدا هەوڵی بنەبڕکردنی نەخۆشیە عەقڵیەکان دەدرا. لێرەدا هیچ کۆت و بەندێک نەبوو. سەرکەوتنی کارەکەش بەزۆری خۆی لەگۆڕینی ڕای گشتی و کاراکردنی گونجاوی چارەسەری مرۆڤانە، بینییەوە.

دانێل هاک تووکی (۱۸۲۷-۱۸۹۵) کوڕەزای ویلیام تووک، زانستی پزیشکی خوێندو بووبە پزیشکی نەخۆشیە عەقڵیەکان و لە نەخۆشخانەی عەقڵی یۆرکدا کاری کرد. کەسێکی ڕۆشنفکرو توێژەربووە و زۆر کاری کردووە تا پێگەی پسپۆڕیەکەی لە بەریتانیا و ئەمەریکادا بەرزبکاتەوە. بە زۆری نووسینەکانی لە گۆڤاری (زانستی عەقڵی ) بڵاوکردۆتەوە، کە خۆی سەرنووسەری بووە. هێنری موودسلی (۱۸۳۵-۱۹۱۸) یۆرکشایەری، سەرنووسەرێکی تری ئەم گۆڤارە بووە، کە لە لەندەندا کاری پزیشکی کردووە. بە چڕی لەسەر پەیوەندی هاوبەشی نێوان ئەقڵ و جەستە نووسیوویەتی و باسی پەیوەندی نێوان کەم عەقڵی و تاوانیشی کردووە .

بەڕێز تۆماس سمث کڵستۆن (۱۸٤۰-۱۹۱۵ز)، مامۆستایەکی نایابی پزیشکی ئەقڵی بووە. کتێبە مەنهەجیەکەی بەناوی (نەخۆشیە عەقڵیەکان) هەر فرە کەڵکی لێوەرگیراوە و کتێبەکەشی بەناوی (تەندروستی عەقڵ) دونیایەک ئامۆژگاری

لەبارەی تەندروستی تیادا بووە، کە ڕەنگ دانەوەی ڕووانینە باوەکانی ئەو سەردەمەی پسپۆڕی دەروونی بوون.

لەئەڵمانیا دیارترین بانگەشەکەری نەخۆشی ئەقڵی ئیمیل کرایپلین (١٨٥٥-١٩٢٦) بووە، کە بە زۆری لە میونخ کاری کردووە. لە کتێبە ناوازە مەنهەجیەکەیدا باسی لە دوو کۆمەڵەی سەرەکی نەخۆشیە عەقڵیەکان کردووە :- کەسانی خەمگین و هەڵگرانی شیزۆفیرینا. بەزۆری ئەوەی یەکەم چارەسەری هەیە، ئەوەکەی تریش بێچارەیە. سیستەمەکەی کرایپلن چیدیکە کاری پێنەکرا، بەڵام ئەوەی خستەڕوو نەخۆشیە عەقڵیەکان وەک زۆرێک لە نەخۆشیەکانی تر پێویستیان بە کاتە تا چارە بکرێن، بەمەش خزمەتێکی باشی کرد. لەهەمان کاتداو بەدیاریکراوی لەساڵی ١٨٨٥ دا، لاوێک کە لە کلینکیەکەی چارکۆتدا لە پاریس کاری دەکرد، هەوڵیدا گۆڕانکاری ڕیشەی لە بواری پزیشکی دەروونی بکات و ڕوانینی گشتی لەمەڕ خودی زانستی پزیشکیش بگۆڕێت. داروین و هۆکسلی، لەڕوانگەی ئاژەڵیانەوە بۆ مرۆڤ، هە زۆر کاریگەریان لەسەر ئاراستەی بیرکردنەوەی پزیشکی دانا. بەهەمان شێوە فرۆید لەڕێگەی دۆزینەوەی نەستەوە، ڕێڕەوی زانستی پزیشکی گۆڕی و مەیلە مادیەکانی سەردەمی پسپۆڕی بەئاقارێکی باشدا برد.

سیگمۆند فرۆید (١٨٥٦-١٩٣٩)، کە شۆڕشی لەبواری نەخۆشیەکانی دەروونزانیدا بەرپاکرد، بە زۆری لە ڤێنادا ژیاوە. لە ژیاننامەکەی خۆیدا باسی ئەوەمان بۆ دەکات لەساڵی ١٨٨٩دا دەرکی بەوەکردووە " مرۆڤ نەستیشی هەیە". بەم پێودانگە فرۆید پەرەی بەڕێبازێکی بەناوی (شیکاری دەروونی ) دا. دەرکی بەوەش کرد دەتوانرێت کار لەسەر خەواندنی موگناتیسی بکرێت، کەخۆی کاری پێدەکرد. ڕێساکانی فرۆید کە ئێستا پێیان ئاشناین، هەر هێواش هێواش دەست و پەنجەیان لەگەڵدا نەرم کرا. لەسەرەتاشدا بەهۆی کارکردنی لەسەر دەروونزانی سێکسی تووشی ڕەخنەی توند بوویەوە. سەرباری دژایەتیکردنی، دۆزینەوەکەی لەبارەی نەستەوە لەهەر شتێکی تر لەتەواوی مێژووی نەخۆشیە عەقڵیەکان گرنگتر بوو. جا ئەوەشی خستەڕوو کە سنووربەندیەکی ڕوون لەنێوان دەروونناسی ئاسای و نائاسایی نیە و ڕوانینەکانی لە زۆربەی هەرە

زۆری بوارەکانی چالاکی مرۆڤدا بوونەتە جێی بایەخ . فرۆید هەر لە ژیانا بوو ڕوانینەکانی هەر زۆر بایەخیان پێدرا، هەرچەندە کۆتای ژیانی تەمو مژاوی بوو و لەلەندەندا وەک پەنابەر مرد! هێشتا گرنگی شۆڕشەکەی فرۆید بەتەواوی پەی پێنەبراوە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا پزیشکی دەروونزانی بەناو هەموو لقەکانی پزیشکیدا چووە و ڕەنگیشە ببێتە هۆکاری دەستپێکردنی سەردەمێکی نوێ لە زانستی پزیشکیدا.

## پزیشکی چاو

هەر لە سەردەمانی کۆنەوە نەخۆشیەکانی چاو هەردەم ڕێخۆشکەر بوون بۆ دروست بوونی پسپۆڕی چاو، لەگەڵ ئەمەشدا لەسەدەی نۆزدەدا پێشکەوتنێکی گەورە لەم بوارەی پزیشکیدا هاتە دی. هۆڵمۆڵتز لەساڵی ١٨٥١ دا دووربینی چاوی دۆزیەوە و ئەمەش بوو بە هاندەرێکی باش تا لێکۆڵینەوە لە چاو بکرێت. پێشووتر باسمان لەکارەکانی هێلمۆڵتز کرد، جا لەبەرئەوە دەکرێت بچینەوە لای پێشەنگیکی دیاری تر، کە زۆرجارناوی پەیوەست دەکرێت بەوەی هێلمۆڵتزەوە. هەموومان بە تیۆری ڕەنگ بینینەکەی یەنگ و هێلمۆڵتز ئاشناین. گومانی تیادا نیە یەنگ تۆماس (١٧٧٣-١٨٢٩)، شارەزاترین و خوێنەوارترین پزیشکی ڕۆژگاری خۆی بوو. بە بنەچە خەڵکی تونتۆن بووە و لە خێزانێکی کواکەر لەدایک بووە. هەر فرە بە منالی پێگەیشت و تا بڵێی عاشقی زانست بوو. لەسەردەمی قوتابێتیدا لە نەخۆشخانەی بارتۆلۆمێۆدا، کاریگەری ماسوولکەی برژۆڵەیی لەسەر شێوەی ئاستەم بینی (عەدەسە) چاو دۆزیەوە. پێشتر وابڕوا دەکرا جێکردنەوەی ئاستەم بین کاریگەری لەسەر کشانی تەواوی تۆپی چاو هەبێت. یۆنگ بە قووڵی لێکۆڵینەوەی لەم بابەتە کرد و لەتەمەنی بیست و یەک ساڵیدا بووبە ئەندامی کۆمەڵگەی شاهانە. دوای لێکۆڵینەوەی زیاتر لە ئێدنبرە، گۆتینجن و کامبریجدا، جێی دکتۆر برۆک لێسبی خاڵی گرتەوە و بەشێوازی باوی شاری لەندەن کاری کردو بوو بە پزیشک لە نەخۆشخانەی سانت جۆرج. کەسێکی پڕ ووزە، چاو کراوە بووە و زۆر بابەتی خوێندووە. توێژینەوەکانی لەسەر میکانیزمی کارکردنی چاو، بوونە هەوێنی ووتنەوەی کۆمەڵێک وانە لەسەر

فەلسـەفەی سروشـتی لەپەیمانگای شـاهانەدا، کـە زۆر بیری ڕەسـەنیان لەخۆدەگرت و دواتریش بڵاوکرانـەوە. لـەو شـوێنەی نیوتـن دەسـتی لێهەڵگرتبوو، ئـەم دەسـتی بـە لێکۆڵینـەوە لـە زانسـتی بینیـن کـرد.

کۆمەڵێـک توێژینـەوەی لـە گۆڤـاری کۆمەڵگـەی شـاهانەدا بڵاوکـردەوە و کۆمەڵـە ووتارێکـی لەسـەر فیزیـاش بـۆ ئینسـایکلۆپیدیای بەریتانیکا نووسـی. هەروەها تۆماس لـە دوادواییەکانـی تەمەنـی خەریکـی وەرگێڕانـی نووسـینە هێرۆگلیفیکیەکانـی سـەر بەردی ڕۆزێتا سـتۆن بـوو، کە پارچەیـەک مەمـەڕی ڕەش بـوو لـە میسـردا لەسـاڵی ١٧٩٩ دا دۆزرایـەوەو دوای داگیرکردنـی فەڕەنسـا گواسـترایەوە بـۆ مۆزەخانـەی بەریتانیـا. لەپـاڵ هێلمۆڵتـزو یۆنگـدا، فرانـز کۆرنێلـۆز دۆنـدەرزی (١٨١٨-١٨٨٩) پزیشـکی پێشـەنگی چـاو و پرۆفیسـۆری فەسـلەجە لـە ئۆتریخـت، یەکێکـی تـرە لـەو ناوانـەی ئەبێـت بـاس بکرێـت.

کتێبـە ناوازەکـەی بەناوی(لەبـارەی شـکانەوەو گونجانـی ڕووناکـی چـاو) بـە زمانـی ئینگلیـزی لەسـاڵی ١٨٦٤ دا بڵاوکرایـەوە و بـووە بـە سـەرچاوەی هەمـوو لێکۆڵینەوەکانی دواتر. لـەم کتێبەیدا جۆرە جیاوازەکانی هەڵـەی لەبارەی شکانەوەی ڕووناکیەوە جیاکردەوە و چۆنیەتی ڕاست کردنەوەیانی خستەڕوو. لەساڵی ١٨٦٢دا تـا سـاتی مردنـی، دۆنـدەرز هەمـوو کاتەکانـی خـۆی بـۆ کارکـردن و لێکۆڵینـەوە لـە پسـپۆڕی چـاو تەرخـان کـرد و لـە جیهانـدا ناوبانگـی دەرکـرد.

بەڕێـز ویلیـام باومـان (١٨١٦-١٨٩٢) فەسلەجەناسـێکی تـر بـووە، کـە گرنگـی بـە بـواری پسـپۆڕی چـاو داوە. لەسـەرەتای ژیانـی پیشـەی خۆیـدا لەکاتێکا مامۆسـتای توێکارزانـی بوولـە کینـس کۆلیـج لـە لەندەنـدا، کۆمەڵێـک دۆزینـەوەی گرنگـی لەبـارەی پێکهاتـەی ووردی ماسـوولکەو فەسـلەجەی گورچیلـەوە خسـتەڕوو. جـا بەڕێـز مایـکڵ فۆسـتەری فەسلەجەناسـی ئینگلیـز بـە "باوکـی پسـپۆڕی بـواری گورچیلـەی " دانـاوە، کـە زانسـتی پێکهاتـەی ووردیلەکانـی ئـەو ئەندامـەی زۆر بەرەوپێـش بـرد. هەروەهـا تـۆڕی سـەرەکی بیلبیلـەی چـاوی دۆزیـەوە، کـە هـەر بەنـاوی خۆیەوەیـە. لەسـاڵی ١٨٤٦دا پەیوەنـدی بـە دەسـتەی نەخۆشـخانەی چـاوی شـاهانە لـە مۆرفیلـدا کـرد و لـەو کاتەشـەوە هەرخەریکـی لێکۆڵیەنـەوەی نەخۆشـیەکانی چـاو بـوو. بـۆ

چەندین ساڵ لە لەندەندا سەرۆکی بۆردی چاو بوو. لەویٰ یەکێک بووە لەو یەکەمین کەسانەی ووردبینی چاوی بەکارهێنا. لەساڵی ١٨٨٤ دا خەڵاتی بارۆنەتی پێبەخشرا. باومان لە ڕێگەی پشکنەری پێشکەوتوو، چارەسەری ڕێگری لە ڕژانی لیکەڕژێن خستەڕوو. هەروەها نەشتەرگەریەکانی لابردنی بەشێک لە ڕەشێنەی چاو و ئاوی سپی چاوی ئەنجامدا.

ولیام ماکێنزی (١٧٩١-١٨٦٨) پسۆڕی هاوچەرخی بواری چاو، توێژەرێکی زانخواز بووە کە توێژینەوەی ووردی لەسەر حاڵەتەکان ئەنجامداوە. توێژینەوەیەکی بەناوی (لەبارەی نەخۆشیەکانی چاو) لەساڵی ١٨٣٠ دا نووسی. ماوەیەک دواتر لەئێدنبرەدا، پزیشکێکی چاوی فرە ناودار بەناوی دوگڵاس ئارگیل ڕۆبێرتسۆن (١٨٣٧-١٩٠٩) هەڵکەوت، کە بوو بە یەکەم بە وانەبێژی نەخۆشیەکانی چاو لەزانکۆی ئێدنبرەدا. گەلێک توێژینەوەی بەپێزی ئەنجامداو ناویشی بەکاردانەوەی" بیلبیلەی ئارگیل ڕۆبێرتسۆن" دەناسرێتەوە. ئەلبێرت ڤۆن گرایفی (١٨٢٨-١٨٧٠) زۆر نەشتەرگەری بواری چاوی لە سەردەمی نوێدا بەرەو پێش برد.

باوکیشی داهێنەری گەلێک نەشتەرگەری بووە ، لەنێویشیانا نەشتەرگەری لابردنی سەوزای چاو و دەرهێنانی هێڵی ئاستەم بینەکانی ئاوی ڕەشی چاو. لەڕاستیدا جاک داڤێەڵ (١٦٩٦-١٧٦٢) پێشەنگی بواری نەشتەرگەری دەرهێنانی هێڵی ئاستەم بینەکانی ئاوی ڕەشی چاو بوو. قوتابیانی پزیشکی بەناوی ڤۆن گرایفی (نیشانەی ڤۆن گرایڤی ) لە دەرپۆقینی قۆخی و چەقۆی ئاوی ڕەشی ڤان گرایفیٰ دا، ئاشنان. ڤۆن گرایفیٰ هەموو تەمەنە کورتەکەی لە بەرلیندا بەسەر برد و دوو ساڵ پێش مردنی بەهۆی نەخۆشی سیلەوە لەتەمەنی چل و دوو ساڵیدا، بوو بە پرۆفیسۆر. وەک مامۆستا لەجیهاندا ناوبانگی دەرکرد و یەکەمین کەس بوو هەستی بەگرنگی ووردبینی چاو کردو وەسفی دۆزینەوەکانی ووردبینی چاوی کرد. لەگەڵ دۆندەرزدا گۆڤاری (ئەرشیفی پسپۆڕی چاو) یان دەکرد، کە زۆر کاریگەری لەسەر برەودان بە پێگەی ئەم پسۆڕیە هەبوو. دواتر هەر لەو سەدەیەدا، مەزنترین مامۆستای پسپۆڕی چاو بەناوی ئێرنست فوچس (١٨٥١ -١٩٣٠) هەڵکەوت، کە پزیشکان لەسەرانسەری جیهانەوە ڕوویان لە کلینیکیەکەی

دەکرد و کتێبێکی مەنهەجی گرنگیشی نووسی. لە وولاتان کاری کردووەو گەڕیدەیەکی مەزنیش بووە و گەلێک جار سەردانی بەریتانیاو ئەمریکای کردووە. کەسایەتیە سەرنجڕاکێش و هەڵس و کەوتە دڵنشینەکەی، سەرنجی زۆرێک لەقوتابیان و نەخۆشانی ڕاکێشا.

## پزیشکی گوێ و قوورگ

بۆ زیاتر لە سەدەیەکە پسۆڕی گوێ وەک پسپۆڕیەکی جودا (تایبەت) ناسراوە. دەی ئاڵۆزی توێکاری بیستن، سەرنجی هەموو توێکارزانەکانی لە هەموو سەردەمەکاندا ڕاکێشا. یۆستاشەس و فالۆپیەس ناوی خۆیان لەسەر ئەندامی بیستن نەخشاند، بەڵام جیشار جۆزیف دوڤێرنی (١٦٤٨-١٧٣٠) پڕۆفیسۆری توێکاری لە پاریسدا، یەکەم کتێبی لەبارەی نەخۆشیەکانی گوێ بە ناونیشانی (لەبارەی ئەندامی بیستنەوە) لەساڵی ١٦٨٣ دا نووسی. ئەم کتێبە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی ئەڵمانی و ئینگلیزی و باسێکی چاکی لەسەر پسۆڕی گوێ تیادایە. خۆی چارەسەری نەخۆشیەکانی گوێ لەو کاتەدا بە کرداری کاری لەسەر نەکرا. ئەنتۆنیۆ ڤالسالڤا (١٦٦٦-١٧٢٣) یەکێکە لەو ناوانەی پزیشکانی پسپۆڕی گوێ پێی ئاشنان، کە کتێبەکەی بەناونیشانی ( چارەسەری گوێی مرۆڤ) لە بۆلۆنیادا لەساڵی ١٧٠٤ دا بڵاوکراوەتەوە. کاتێک گوێتی بەڕێوەبەری پۆسمرتەی ڤێرسایڵ قەستەرەی یوستاشی داهێناو بەکاریهێنا تا گوێگرانی خۆی کەم بکاتەوە، چارەسەری گوێگرانی و ئاوسانەکەشی هەنگاوێک بەرەوپێش چوو.

جۆن کەنینهام سۆندەرز، کە پسپۆڕی بواری چاویش بوو، زۆر هەوڵ و تەقالایدا تا پسپۆڕی گۆی لەسەر بنەمایەکی زانستی دابڕێژرێتەوە. لە ساڵی ١٨٠٥ دا (نەخۆشخانەی لەندەنی تایبەت بە چارەسەری نەخۆشیەکانی چاو و گوێ) دروست کرد، کە دواتر ناوەکەی بوو بە (نەخۆشخانەی چاوی شاهانە). جۆن هاریسن کورتسی پزیشکی بێ مۆڵەت، لە ساڵی ١٨١٦ دا یەکەمین نەخۆشخانەی زۆر تایبەتی بە چارەسەری نەخۆشیەکانی گوێ دامەزراند، کە دواجار ناوەکەی بوو بە (نەخۆشخانەی گوێی شاهانە).

کورتیس لەبەر ئەم کارەی شایستەی ڕێزلێنانە، هەرچەندە وا دەرەکەوێت هیچ شارەزاییەکی لەسەر توێکاری گوێ نەبووبێت و لەڕێگەی بەکارهێنانی شرینقەی (سرنج) فرە گەورەوە چارەسەری هەموو حاڵەتەکانی کردبێت. جەیمز یارسلی (١٨٠٥ –١٨٦٩) پسپۆڕێکی تری پێشەنگی بواری قورگ و گۆێ بووە، کە وەک یەکەم کەس گوێی ناوەندی دەستکردو پەیوەندی گوێگرانیی بەهۆی لووت و قورگەوە دۆزیەوە و شایانی ئەوەیە ناوی بخرێتە ناوانەوە. جەمیز یەرسلی یەکەمین پزیشکی لێهاتوو بوو، لەشاری لەندەندا وەک پسپۆڕی بواری قورگ کاری کرد بێت.

لەساڵی ١٨٣٨ دا لە فیتزرۆی سکوێێردا (نەخۆشخانەی قورگ و گوێ لەندەن) ی کردەوە و دامەزرینەری گۆڤاری پزیشکی ( Medical Circular )بووە . یەکێکیش بووە لە دانەرانی "ڕێبەری پزیشکانی لەندەن" لەساڵی ١٨٤٦ دا، کە ئەمەش ڕێخۆشکەربوو بۆ دەرکردنی یاسای تۆماری پزیشکی لەساڵی ١٨٥٨دا. لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا، مەترسی ئەوە هەبوو کەسانی قۆڵبڕ لەڕێی ئەم پسپۆڕیەوە بازاڕی خۆیان گەرم بکەن. کاکێک دۆخەکە جێگیر بوو، جۆزیف توینبی (١٨١٥–١٨٦٦) ئەندامی ڕێکخراوی پزیشکی لەندەن سوێندی خوارد ڕێگەبگرێت لەوەی بەناو پزیشکەکان نەشتەرگەری گوێ بکەن. توینبی بەڕەسەن لانکشایەری، سەرەتای کاری پیشەی وەک یاریدەدەری فەرمانبەری لێپرسراوی پرۆفیسۆر لە کۆلێژی شاهانەی پزیشکان دەستپێکرد. وەک هەوڵێک بۆ ناساندنی نەخۆشیزانی گوێ وەک پسپۆڕیەکی وورد، زیاتر لە دوو هەزار توێکاری گوێی کرد. زۆرێکیانی لە کتێبەکەیدا بەناونیشانی (نەخۆشیەکانی گوێ) دا باسکرد، کە دەکرێت وەک کتێبێکی پزیشکی بایەخدار دابنرێت. باسی دە حاڵەتی بوونی چووکڵە ئێسکی لە ڕاڕەوی گۆێ و هەروەها گرێی(لووی) مەلووسکەی، کە ئێستا پێی دەڵێن گرێی کۆلێسترۆڵی کردووە. بە توێکاریەکانی ئەوەی سەلماند، کە پێکهاتەی ئەندامی جۆگەی ئۆستاشی شتێکی دەگمەنە و یەکەم کەسیش بووە لە ١٦٠ حاڵەتدا ووشک بوونی گوێی پیشان دا. ئەوەشی خستەڕوو لەوانەیە هەوکردنی گوێ لەڕێگەی گوێی ناوەندەوە بگاتە دەماغ. نەشتەرگەری چووکڵەی گوێی نەکردووە، بەڵام باسی ئەوەی کردووە کە دەکرێت کاری لەسەربکرێت. لەساڵی ١٨٥١ دا توینبی

لەنەخۆشخانەی سانت ماریزدا، کە یەکەمین نەخۆشخانەی گشتیە جێی تایبەت بۆ نەخۆشانی گوێ تیایدا دابنرێت، بوو بە نەشتەرگەری گوێ. بەهۆی ئەزموون کردن لەسەر خوودی خۆی گیانی لەدەست دا. بڕوای وابوو زرنگاندنەوەی گوێ و دواتر ئاوسانەکەی دەکرێت لەڕێگەی کێشانی مادەی بێهۆشکەری کلۆرۆفرۆمەوە کەم بکرێتەوە. ئەمەشی لەسەر خۆی تاقیکردەوە. لەژووری ڕاوێژێکاریەکەیدا بەمردووی دۆزیانەوە و کاغەز و کەرەستەکانی لەتەنیشتیەوە بوون. تۆینبی توێژەرێکی بەپەرۆش و بیریارێکی ڕەسەن بوو. دەکرێت وەک بناغەدانەری پسپۆڕی گوێ لەسەردەمی نوێ دا دابنرێت. ئەرنۆڵد تۆینبی کوڕی دووەمی بوو. جەیمز هینتۆن (١٨٢٢-١٨٧٤) یاریدەردە ر و جێگرەوەی بوو، کە وەک فەیلەسووف دەناسرێت و کتێبە بچووکەکەشی بەناوی (سیحری ئازار) هەر کەڵکی لێوەردەگیرێت. کتێبەکەی لەسەر پسپۆڕی گوێ بەناوی (کێشەکانی نەشتەرگەری گوێ)، گەلێک بیری ڕەسەنی تیابووە.

ئەوەی شایانی باسە لەساڵی ١٨٦٨ دا لە ئینگلتەرا دا یەکەمین نەشتەرگەری هەوکردنی ئێسکی پشت گوێی ئەنجامدا، هەرچەندە چەند ساڵێکی پێشووتر لە پاریسدا جان لویس پتی لەو جۆرە نەشتەرگەریەی ئەنجامدا. هێرمان شوارتزی (١٨٣٧-١٩٠٠) خەڵکی هاڵ نەشتەرگەری چوکڵەی گوێی لەسەر بناغەیەکی نەخۆشیزانیانەی دروست دارشت، کە لەکتێبەکەیدا بەناونیشانی (نەشتەرگەری نەخۆشیەکانی گوێ) باس و خواسی ئەمەی کردووە.

ویلیان وایڵدی (١٨١٥-١٨٧٦) باوکی ئۆسکار وایڵدی شاعیر و شانۆنووسی ئیرلەندی، هاوچەری تۆینبی بووە، کە کەسێکی فرە چالاک و بەهرەمەند بووە. شارەزای لە شوێنەوار و مێژووی ئیرلەندا هەبووەو گەلێک کتێبی لەسەر ئەم بابەتە نووسیووە. یەکەمین کتێبی بەناوی (باس و خواسی گەشتی مادێرا) نووسی، بەمەش وەک نووسەر ناوبانگی دەرکرد. هەروەها وایڵد بووە بە قۆمیسیاری چاودێری ئیرلەندا، لەبەر ئەوخزمەتانە نازناوی شۆرەسوای پێبەخشرا. کاتێک لەدوبلندا وەک پسپۆڕی گوێ کاری دەکرد لەساڵی ١٨٤١ دا، لە تەویلەیەکی چۆڵ و سادەدا ودواتر لە نەخۆشخانەی سانت مارکدا دەرمانخانەیەکی دامەزراند. یەکەم

کەس بووە وانەی لەبارەی پسپۆڕی گۆێ لەشانشینی یەکگرتوودا ووتووەتەوە. ئەم کتێبەشەی خەرمانی توێژینەوەیەی زۆر ووردی ناو کلینیکیەکەی بووە چونکە لەبنەڕەتا وەک چۆن تۆینبی توێکارزانێکی بەپەرۆش بووە، وایڵدیش کلینیسیانێکی بەبەرپش بووە. دوای میتۆدی ڕاستەقینەی هیپۆکرات ئەو ڕاپۆرتی حاڵەتانەی وایڵد بۆ ڕوون کردنەوەی توێژینەوەکانی بەکاریهێناون، مۆدیلێکی ڕوونی تومارکردن بوون. داهێنەری «قارسی وایڵدە « بۆ چارەسەری هەوکردنی توندی ئێسکی چوکڵەی گوێ. ئەم قارس کردنەش بە خواری ئێسکەکەدا دەبرێت، بەڵام نەشتەرگەری بۆ ئێسکەکە ناکرێت. وەها باسی مەترسی ئاوسانی گوێی کردووە « ناتوانین بڵێین چۆن، کەی و لەکوێ ئەو مەترسیە کۆتای دێت». تۆماس ویڵسنی نەشتەرگەری ئیرلەندی، ژیاننامەی بەڕێز ویلیام وایڵدی تا بڵێی بە جوانی نووسیووە.

جان ماری گاسپارد ئیتاردی (١٧٧٥–١٨٥٨) نەشتەرگەری سەربازی لەسەر ئاستی ئەوروپا، پێشەنگی بواری پسپۆڕی گوێ بوو، کە زۆر گرنگی بەم پسپۆڕیە داوە. کتێبێکیشی بەناوی (چارەسەری نەخۆشیەکانی گوێ و بیستن) نووسیووە تا ئەم پسپۆڕیە لەسەر بناغەیەکی زانستی دابنێت. بە هەوڵەکانی خزمەتێکی باشی کرد و زۆریشی لەبارەی گوێگرانیەوە پێبەخشین. ویلهێلم کرامەر (١٨٠١–١٨٧٥) لەو سەردەمەدا پسپۆڕی پێشەنگی بواری گوێ بوو لەئەڵمانیادا، کە کتێبێکی مەنهەجی بەناوبانگی لەسەر نەخۆشیەکانی گوێ نووسی و داکۆکیکەرێکی سەرسەختی قەستەرەو فتیلەی یۆستاشی بوو. کەس ناتوانێت لەسەر مێژووی پسپۆڕی گوێ بنووسێت بەبێ ناوهێنانی ئادەم پۆلێتزەر (١٨٣٥–١٩٢٠)، کە زۆر کاری لەم بوارەدا کردووە. هێشتا تەمەنی نەگەشتبووە سی ساڵ، بوو بە سەرۆک بەشی بواری گوێ و بۆ چەندین ساڵ خزمەتی کرد. لە هەموو کارێکی پسپۆڕیەکەیدا جێ دەستی دیار بووە و وەک مامۆستاش کاریگەری و جەماوەرێکی زۆری هەبووە. توانیویەتی بەڕەوانی بە زمانەکانی ئەڵمانی، فەڕەنسی، ئیتاڵی و ئینگلیزی وانەبڵێتەوەو کلینیکیەکەشی سەرنجی پزیشکانی لەسەرانسەری جیهاندا ڕاکێشاوە.

کتێبە مەنهەجیەکەشی لەسەر قورگ و لووت و گوێ، چەندین جار پێداچوونەوەی بۆ کراوەو بۆ چەندین ساڵ کتێبێکی دانسقەی پسپۆڕی گوێ بووە. هەشتاو پێنج ساڵی ڕەبەق ژیاوەو تاکۆتای تەمەنی هەر خواستی لەسەر پسپۆڕیەکەی هەبووەو بەڵگەی ئەمەش بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی بووە بەناونیشانی ( مێژووی پزیشکی قورگ و لووت و گوێ) بە چەند ساڵێکی کەم بەر لەمردنی، کە کتێبێکی ناوازەیە لەبارەی توێژینەوەی مێژووییەوە.

دەکرێت مێژووی پسپۆڕی قورگ لەسەردەمی نوێدا بگەڕێنینەوە بۆ داهێنانی ئامێری پشکنەری قورگ لەساڵی ١٨٥٥ دا لە لایەن مانوێل گارسیای (١٨٠٥-١٩٠٦ ) شارەزای هەڵکەوتووی پاریس. کۆمەڵگەی شاهانە زۆر کەم بایەخی بە ڕاپۆرتەکەی لە بارەی دۆزینەوەکەیدا، بەڵام لودویک تورک (١٨١٠-١٨٦٨) و جۆهان زێرمارک بەهاکەیان لە بواری کرداری کلینیکیدا لەبەرچاو گرت. بە جۆرێک لە جۆرەکان پێش مردنی، گارسیا بە دامەزرێنەری لقێکی نوێی زانستی پزیشکی دادەنرا. لە ڤێنادا لەژێر دەستی کەسانی بەناوبانگی وەک ئۆتۆ چیاری (١٨٥٣-١٩١٨) و مارکۆس هاجیک (١٨٦١-١٩٤١)، کە لەکلینیکیەکەیاندا قوتابیانی وڵاتە جیاوازەکان لەو بوارەدا ڕاهێنانیان پێدەکرا، پسپۆڕی قورگ زۆر پێشکەوت. یەکێکە لەو یەکەمین کەسانەی لەبریتانیادا دۆزینەوەی لەم بوارەدا کردووە.

بەڕێز بۆرێل ماکێنزی (١٨٣٧-١٨٩٢) نەخۆشخانەیەکی قورگی لە گۆڵدن سکوێیەردا لەساڵی ١٨٦٣ دا کردەوە و کتێبێکی مەنهەجی نایابی نووسی، کە هێشتا دەکرێت لەبواری ڕاوێژکاری سوودی لێوەرگیرێت. ماکێنزی لە ڤێنادا لای زێرمارک خوێندوویەتی و لەگەڕانەوەشیدا لەبەر نووسینی ووتارەکەی بەناوی (نەخۆشیەکانی گەروو) خەڵاتی جاکسۆنی کۆلێژی شاهانەی نەشتەرگەرانی پێبەخشرا. لە لەندەندا زۆر کاری کردووە. بەهۆی ئەوەی هەوڵی چارەسەرکردنی حاڵەتە مێژوویەکەی شێرپەنجەی گەرووی فریدریکی سێ یەمی ئیمپراتۆری دەدا، کە سەرنجی بەلای پسپۆڕی گەروودا ڕاکێشا، هەڵە تێگەیشتنێک لەسەر پیشەکەی دروست بوو و بەمەش ناوبانگی زڕا. لە کتێبێکی بەناوبانگیدا بەناوی (فریدریکی نەجیب زادە) بەدرێژی ئەم باس و خواسەی کردووە، کە بەشێوەیەکی

ئاسایی تەنها یەک لای مشت و مرەکە پیشان دەدات.

بەڕێز فێلیکس سیمۆنی (١٨٤٩-١٩٢١) بەرەگەز ئەڵمانی پسپۆڕێکی دیاری هاوچەرخ بوو لەبواری قورگدا لە لەندەندا، کە زۆر هەوڵیدا تا پێگەی ئەم پسپۆڕیە زیاتر بێت. ژیاننامەکەی خۆشی نموونەیەکی سەرنجڕاکێشی پیشەی ڕاوێژکاریە لە ڕۆژگارە زێڕینەکانی سەردەمی شاژنە ڤیکتۆریادا.

هۆراس گریینی (١٨٠٢-١٨٦٦) قوتابی ترۆسۆ، پسپۆڕی قورگی لە ئەمەریکادا ناساند. گرین پێش داهێنانی ئامێری پشکنینی قورگ وەک یەکەم کەس وەسفی کیس و لووی گەرووی کرد. یەکەم توێژینەوەی لەسەر ئەم بابەتە بە ناونیشانی (لەبارەی نەخۆشیەکانی بۆری هەواوە) نووسی.

گوستاڤ کالیان (١٨٦٠-١٩٢١) بوارێکی نوێی قورگ، ئامێری پشکنەری ناو دەمی داهێنا، کە یەکەم کەس بوو ڕووی خوارەوەی بۆری هەواو و سورێنچک لەڕێگەی شووڵی کارەبای ڕووناکیدەرەوە ببینێت. ئەمەش لەڕێگەی کەناڵی سروشتیەکانەوە بە ڕێکارێک ناسێنرا، کە لەئەمەریکادا شڤالێر جاکسۆن (١٨٦٥-١٩٥٨) کاری تیاداکرد و باشتری کرد.

## پسپۆڕی پێست و نەخۆشیەکانی زاوزێ

ڕۆبەرت ویلان (١٧٥٧-١٨١٢)بناغەدانەری پسپۆڕی پێست بوو لەبەریتانیادا. کوڕی پزیشکێکی شارۆچکەی سادبێرگ بووە و لە ئێدنبرەدا زانستی پزیشکی خوێندووەو هەر زووش لەلەندەندا نیشتەجێ بووە و لەوێش لە بلومزبەری سکوێیەردا وەک پزیشکی گشتی کاری کردووە. سەرسەختانە پشتگیری لە کوتان کردووە و پێشنیاری ئەوەشی کردووە لەڕێگەی یاساوە بکرێتە ناچاری. ئەمەش چاکسازیەک بوو دوای چل و یەک ساڵ لەمردنی ئەنجامدرا. ویلان هەر لەبواری نەخۆشیەکانی پێستدا کاری نەکردووە. خۆشەویستیەکەی بۆ ئەم بوارەی پزیشکی وای لێکرد لەساڵی ١٨٠٨ دا کتێبەکەی بەناوی (لە بارەی نەخۆشیەکانی پێستەوە) بڵاوبکاتەوە، کە بەوێنەی جوانی ڕەنگاوڕەنگ بابەتەکانی تیادا ڕوونکردۆتەوە. زۆر جۆری جیاوازی نەخۆشیەکانی پێستی پۆلێن کردووەو وەسفی کردوون. تێبینی

ئەوەی کردووە کە هەندێک جۆریان پەیوەندیان بە کار یان پیشەی جیاوازەوە هەیە. کتێبەکەی یەکەم هەوڵ بووە تا ئەو پسپۆڕیە لەسەر بناغەیەکی زانستی دابڕێژێت. تەنها یەکەم بەرگی کتێبەکەی لە سەردەمی ژیانی خۆیدا بڵاو کرایەوە، بەڵام تۆماس باتمانەوە (١٧٥٨-١٨٣١) قوتابی خۆی بەرگەکانی تری تەواوکرد، کە ئەم بەرگانەش وێنەی دڵگیریان وەک ئەوەی ویلیان تیادا بووە.

ئان چارڵس لۆڕی (١٧٢٦-١٧٨٣) لەفەڕەنسادا لەڕێگەی کتێبەکەیەوە بەناوی (توێژینەوەیەک لەبارەی نەخۆشیەکانی پێستەوە) برەوی بەم پسپۆڕیە دا. ئەم کتێبەش، کە لەساڵی ١٧٧٧ دا لە پاریس بڵاوکراوەتەوە، یەکەمین کتێبی سەردەمیانە بووە لەسەر ئەم پسپۆڕیە. جان لویس مارک ئەلبێرت(١٧٦٨-١٨٣٧) پێشەنگێکی تری دیارتر بووە، کە بناغەدانەری نەخۆشخانەی سەردەمیانەی پێستی سانت لویسی پاریسە. لۆڕی بووەتە باڕۆنی فەڕەنساش. لە توێژینەوەکەیدا لەسەر نەخۆسیەکانی پێست بە پێی جۆری نەخۆشیەکان، پۆلێنکاری بۆ نەخۆشیەکانی پێست کردووە و هەروەها بەجوانی باسی لە نەخۆشیەکانی قارچک و دەنکە هەڵاڵە کردووە.

ڕایمۆند سابورود(١٨٦٤-١٩٣٨) پسپۆڕێکی تری دیاری نەخۆشیەکانی پێست بووە لەنەخۆشخانەی سانت لویس، کە لێکۆڵینەوەی چڕوپڕی لەسەر کرمی ئەڵقەی و نەخۆشیە پێستیە کەڕوویەکاندا کردووە. جان داریەریش (١٨٥٦-١٩٣٦) پسپۆڕێکی تری ئەم بوارە بووە، کە کتێبە گشتگیری هەشت بەرگی بەناوی (کارکردنی سەردەمیانە لە بواری پێستدا) نووسیووە.

بەڕێز ئیرازمۆس ویلسن (١٨٠٩-١٨٨٤) دیارترین پسپۆڕی پێست بووە لە بەریتانیادا لە سەدەی نۆزدەیەمدا، کەبەشی پێستی لەزانکۆی شاهانەی نەشتەرگەران دامەزراندووە و هەر زۆریش لەسەر ئەم پسپۆڕیەتیە نووسیویەتی. لەسەرەتای کاری پیشەییدا وەک جێگری سەرنووسەر لەگۆڤاری پزیشکی (The Lancet) لەلای دامەزرێنەری بەناوبانگ تۆماس واکلی، کاری کردووە. هەروەها چەند ساڵێکیش وانەبێژی بواری توێکاری بووە و دوو کتێبی بە ناوەکانی (ڕێبەری توێکارزان) و (کتێبی ڕاوێژکاری توێکارزان) نووسیووە. بەو جۆرە بناغەیەکی پتەوی بۆ

زانستی گشتی پزیشکی دانا. گرنگی بە بوارە نەدۆزراوەکەی پسپۆڕی پێست دا و وتوویەتی "هەرگیز لەم کارە پەشیمان نەبووم و تەنها شتێک هەیە لە پێستێکی جوانی تەندروست لەولاتر بێت، ئەوەش نەخۆشیەکی دەگمەنی پێستە"! ویڵسن زۆر کاری کردووەو کەسێکی زەنگین و خێرۆمەندیش بووە. خولیایەکەی بۆ میسرناسی وای لێکرد لەساڵی ١٨٧٧ دا بڕی دەهەزار پاوەند لە گواستنەوەی دەرزیەکەی کیلۆپاترا لە میسرەوە بۆ شوێنی ئێستای لە بەندەری تایمزدا، ببەخشێت. لە چەند ڕوویەکی ترەوە بەخشندەی خۆی نوواندووە، بە جۆرێک کارە خێرۆمەنیەکانی بۆ نەخۆشە دەست کورتەکان بەرچاو بووە.

کەسانی وەک تیلبوڕی فۆکس (١٨٣٦-١٨٧٩)، هێنری ڕادکلیف کرۆکەر (١٨٤٥-١٩٠٩) و بەڕێز جۆناثان هەچینسۆن (١٨٢٨ -١٩١٣) بەردەوام پسپۆڕی پێستیان بەرەو پێش بردووە. بەڕێز جۆناثان نەشتەرگەر بووە و ڕووانینەکانی زۆر بەکەڵک بوون و خۆشی فرە حەزی لە کارکردن لە بواری نەخۆشیەکانی پێستدا هەبووە. نوا ۆرسێستەر(١٨١٢-١٨٤٧) یەکەمین کتێبی لە ئەمەریکادا لەسەر پسپۆڕی پێست لە ساڵی ١٨٤٧دا بە ناوی (پێشەکیەک لەبارەی نەخۆشیەکانی پێست) بڵاوکردەوە. ۆرسێستەر قوتابی لاینیک بووە لە پاریسدا و وەک ئەو مامۆستا مەزنەش لەتەمەنی لاوێتیدا بەهۆی نەخۆشی سیلەوە مردووە.

جەیمز وایتیش (١٨٣٣-١٩١٦) یەکەم کەس بووە لەئەمەریکادا بە دیاریکراوی لە بواری پسپۆڕی پێستدا کاری کردبێت. کتێبێکی گرنگیشی لەسەر نەخۆشی بیرۆی دەرەکی نووسیووە. بەبێ گەڕانەوە بۆ فێردیناند هێبرا (١٨١٦-١٨٨٠)، کە هەندێک بە مەزنترین پسپۆڕی پێستیان داناوە لەسەدی نۆزدەیەمدا، باس و خواسی مێژووی پسپۆڕی پێست بەتەواوی شوێنی خۆی ناگرێت. زانکۆی گەورەی پێستی لەڤێنادا دامەزراندووە و مامۆستایەکی شارەزا بووەو زۆر بە ناوبانگیش بووە. بەشێوەیەکی سەرەکی بە پشت بەستن بە نەخۆشیزانی، پۆلێنی نەخۆشیەکانی پێستی کردووە و گرنگیشی بە هۆکارە ناوەکیەکان داوە بەپێچەوانەی هۆکارە پێکهێنەرەکان، کە ئەمەش لە لای قوتابخانەی فەڕەنسیەوە پەسەند بووە. هۆکاری زۆر نەخۆشی مشەخۆری دۆزیوەتەوە و لە بواری پێستدا کاری گەورەی کردووە. پۆڵ گێرسن

هونا (١٨٥٠-١٩٢٩) کەسێکی تری دیار بووە هاوشێوەی هێبرا بانگەشەی ئەوەی کردووە، بەپشت بەستن بە نەخۆشیزانی پۆلێنی نەخۆشیەکانی پێست بکرێت. نووسەرێکی فرە بەرهەم بووەو کتێبی بەنرخی لەسەر نەخۆشیەکانی شانەکانی پێست و چارەسەری نەخۆشیەکانی پێست نووسیووە. کلینیکیەکەی سەرنجی میوانە بیانیەکانی ڕاکێشاوە. سەرەتا پێست بوو بە لقێکی تایبەتی پزیشکی.

نەخۆشی فەرەنگیشی لەخۆدەگرت چونکە لەو کاتەدا ئەو نەخۆشیە بە زۆری کاریگەری لەسەر پێست دەبوو. لەسالانی سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا فیلیپی ڕیکۆرد (١٧٩٩-١٨٨٩) پسپۆڕی پێشەنگی نەخۆشی فەڕەنگی بوو. سەلماندی ئەو تێگەیشتنەی لە بارەی قۆناغە چونیەکەکانی نەخۆشی سووزەنەک و فەرەنگی هەبووە، هەڵەیە. نەخۆشی فەڕەنگی بۆ سێ قۆناغی سەرەتایی، ناوەندی و سێیەم پۆلێن کردو ئەمەش بەگشتی قبوڵ کرا. دووەم پسپۆڕی فەڕەنسی بواری نەخۆشی فەڕەنگی شایانی باس بێت جان ئەلفرێد فورنیەرە (١٨٣٢-١٩١٤)، کە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی سانت لویس بووە و بەشێوەیەکی گشتگیر لەسەر لایەنە کۆمەڵایەتی و کلینیکیەکەی بوارەکەی خۆی نووسیوویەتی. کۆڵنەدەرانی ناو تاقیگاکانی لێکۆڵینەوەی نەخۆشی فەرەنگی، لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا سێ دۆزینەوەی گەورەیان خستەڕوو. لەساڵی ١٩٠٥ دا فریتز ڕیچارد شاودین (١٨٧١-١٩٠٦)، "بەکتریا پێچاوپێچی ترێپۆنێما" ی دۆزیەوە، کە هۆکاری تووش بوونە بە نەخۆشی فەڕەنگی. لەساڵی ١٩٠٦ دا ئۆگەست ڤان واسێرمان (١٨٦٦-١٩٢٥)، کە یاریدەدەری کوخ بوو، چۆنیەتی پشکنینی خوێنی بۆ نەخۆشی فەرەنگی دۆزیەوە، کە ناوی "کاردانەوی واسێرمانە".

لەساڵی ١٩٠٩ دا پۆڵ ئێنریچی(١٨٥٤-١٩١٥) قوتابی کوخ دوای ئەوەی گەلێک مادەی تاقیکیردەوە، دەرمانی ئەسفرنامینی (No 606) بۆ چارەسەری نەخۆشی فەرەنگی دۆزیەوە. لەساڵی ١٩١٢ دا چارەسەرێکی کەمتر ژەهرین و ئەسفارینێکی تازە بەئاسان کۆنترۆڵکراوی ناساند. ئێرلیچ بناغەدانەری زانستێکی نوێی چارەسەری کیمیاویە، کە لە ڕێگەیەوە لەم سەردەمانەی دوایدا گەلێک دۆزینەوەی پێ خرایەڕوو.


# پسپۆڕی تیشك

پسپۆڕی تیشک کاتێک پەیدابوو، کە ویڵهێڵم کۆنراد ڕۆنتگن (١٨٤٥-١٩٢٣) لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٩٥ دا تیشکی سینی (ئێکس) دۆزیەوە. لە ٢٣ ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٩٦دا لە کۆمەڵگەی پزیشکی لە زانکۆی وورزبۆرگدا و لە توێژینەوەیەکدا بەناونیشانی (لەبارەی جۆرێکی نوێی تیشکەوە)، دۆزینەوەکەی خستەڕوو. لەسەرەتادا تەنها لە دەستنیشان کردنی شوێنی شکاوی و تەنە دەرەکیەکاندا بەکاردەهێنرا و هەر زووش بەکارهێنانەکەی بواری ووردی تریشی گرتەوە. بەکارهێنانی بزموث و دواتریش بارێۆم لە ڕێڕەوی سک و ڕیخۆڵەدا و زۆرێک لە دەرمانی ڕەنگ خۆڵەمێشی، کە لەڕێگەی ڕێڕەوە میزەڕۆ و زراو دەکرێنەدەر، زیاتر سوودی تیشکی سینی دەرخست. هەر دواتریش، ئەمە لە دەستنیشان کردنی شوێنی برینەکانی مێشک و سیەکاندا کەڵکی لێوەرگیرا. ڕۆنتگن لەساڵی ١٩٠١ دا خەلاتی نۆبلی پێبەخشرا. ئەوەی جێی داخە تیشکی سینی بەکار دەهێنرا پێش ئەوەی بە چەند ساڵێک کاریگەیە زیان بەخشیەکانی، لە دروست بوونی شێرپەنجەی پێست لە پیشەوەراندا بزانرێت. زۆر قوربانی تیشکی سینی دەمردن بەهۆی کەمی مادەی خۆپارێزیەوە، کە ئێستا لەجیهاندا بەکاردەهێنرێت. هەرزوو گرنگی چارەسەری تیشکی سینی لە نەخۆشی پێستدا دەرکەوت.

دواتریش چارەسەری تیشکی سینی بەشێوەیەکی بەرفراوان لە نەخۆشی قورسدا کەڵکی لێوەرگیرا. نەیلز ڕایبێرگ فینسێنی (١٨٦٠-١٩٠٤) ئەو پزیشکەی دوورگەکانی فارۆیە ئەبێت ناوی بهێنین چونکە لەساڵی ١٨٩٦ دا کاریگەری تیشکی سەروبەنەوشەی لەسەر نەخۆشی پێست و حاڵەتەکانی نەخۆشی سیلی پێست ئاشکرا کرد. فینسێنی دۆزەرەوی چارەسەری تیشکیە لەسەردەمی نوێدا لە پەیمانگای فینسن لە کۆپنهاگندا. پیەر کوری (١٨٥٩-١٩٠٦) و ماری کوری (١٨٦٧-١٩٣٤) لەساڵی ١٨٩٨ دا مادەی تیشکدەری ڕادیۆمیان دۆزیەوە و ڕۆحێکی نوێیان بەبەری زانستی پزیشکیدا کرد. دیارە هێشتا گرنگیەکەی لە چارەسەری شێرپەنجەدا بە تەواوەتی نەزانراوە. ئەو ژیاننامەی ماری کوری، کە کچەکەی

بەناوی ئیڤ کوری نووسیویەتی، شایانی ئەوەیە هەمووومان زۆری لەبارەوە بزانین.

دەکرێت پسپۆڕیەکانی زانستی پزیشکی بەرفراوانتر بکرێن. پسپۆڕی هۆرمۆن و لیکەڕژێنەکان، چارەسەری کیمیایی، پسپۆڕی خۆراک، هەستیاری، خوێن و ئەو پسپۆڕە نوێیانەی تر، بواری نوێیان بۆ توێژینەوەو دۆزینەوە تیادایە. هەتا ئێستا کاریگەریەکانیان تۆمارنەکراون و نەبوونەتە بەشێک لە مێژوو، جالەبەر ئەوە لەم کتێبەدا باسیان ناکەین.



وێنەی مانوێل گارسیای گۆرانی بێژی ئیسپانی لە تەمەنی سەدساڵیدا. خۆی تەمەنی پەنجا ساڵ بوو کاتێک ئامێری پشکنینی قوڕگی دروست کرد. ئەم وێنەیە جۆن سارجەنتی نیگار کێشی ئەمریکی نەخشاندوویەتی.



وێنەی تیشکیی دەستی پرۆفیسۆر کۆڵیکەر، کە پرۆفیسۆر ڕۆنتگن گرتوویەتی. لەوکاتەدا ڕۆنتگن لێکۆڵینەوەکەی دەخوێنێتەوەو ڕایدەگەیەنێت جۆرێکی نوێی تیشکی بەناوی تیشکی سینی یان بڵێین ئێکسی دۆزیوەتەوە.

## ڕۆڵی ژنان لە بەرەوپێش بردنی زانستی پزیشکیدا

لایەنێکی گرنگی سەدەی نۆزدەیەم خۆی لە کارکردنی ژنان لەبواری زانستی پزیشکیدا دەبینیەوە. ناو بەناو بە تێپەڕبوونی کات لەو سەدەیەدا، ژنان کاریان لەبواری پزیشکیدا دەکرد و هەندێکیشیان، بەتایبەتی تۆرتولا وانەیان لەو بوارەدا دەووتەوە. سەرباری ئەوەش تەنها لەم ساڵانەی دوایدا ژنان وەک پیاوان وەک پیشەوەر و قوتابی بواری پزیشکی قبوڵ کران.

ئێلیزابێث بلاکوێل (١٨٢١-١٩١٠) یەکەمین خاتوونی دەرچووی بواری پزیشکی بووە لە ئەمریکادا. بەبنەچە خەڵکی شاری بڕستۆڵی بەریتانیا بووە، کە لەگەڵ ماڵەوەیان کۆچی کردووەو لە شاری نیویۆرک لەساڵی ١٨٤٩ دا بڕوانامەی بەدەست هێناوە. ساڵی دواتر زانکۆی پزیشکی بۆ ژنان لەشاری فیلادیلفیا دامەزرنێرا، کە هێشتا وەک یەکەمین زانکۆی تەواو تایبەت بە ژنان لە بیرەوریماندا ماوەتەوە. لەبەریتانیادا یەکەمین ژن بۆ بواری پزیشکی پاڵێوراو بێت، ئێلیزابێث گارێت(١٨٣٦-١٩١٧) بووە، کە دواتر بووەتە خانمە گارێت ئەندرسن. زۆر ئاستەنگی هاتۆتەڕێ، پێش ئەوەی دواجار بڕاوانامەی دبلۆم لە کۆمەڵگای دەرمانسازان لەساڵی ١٨٦٥ دا بەدەست بهێنێت. ماندوونەناسانە کاری لەسەر ئەوە کردووە، ژنان لە بواری پزیشکیدا کاربکەن. بە هەوڵ و تەقالاکانی ئەو و دکتۆر سۆفیا جێکس بلەیک، زانکۆی پزیشکی لەندەن لەساڵی ١٨٦٥دا دامەزرێنرا. لەنێو زانکۆکانی بەریتانیادا، زانکۆی ئێدبرە یەکەمین زانکۆ بووە ژنانی وەرگرتووە، هەرچەندە بۆ ماوەیەک لەپۆلی جودادا دەیانخوێند و هەتا سەرەتا هەمان پێگەی پیاوانیان نەبووە.

لەنێو قوتابیە دیارەکانی زانکۆی ئێدبرەدا سۆفیا جێکس بلەیک (١٨٤٠-١٩١٣) هەبوو، کە دوای چەند ساڵێک لە هەوڵی چڕ بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئاستەنگەکان، دواجار بە پلەی ئەوپەڕی شایستەی خۆی گەشتووە. لە لەساڵی ١٨٧٦ کە زانکۆی تەواوکرد، ئەنجوومەنی گشتی پزیشکی ڕەزامەندی دەربڕی وەک پزیشکی پیشەگەر وەربگیرێت. مارگارێت تۆد ژیاننامەی ئەم پزیشکەی نووسیووە، کە تیایدا دەکرێت ئەو مشت و مڕە درێژ و گەرمەی لەبارەی

وەرگرتنی ژنان لەبواری پزیشکیدا هەبووە، ببینین.

## پێشکەوتنی پزیشکی پارێزکاری

لەکاتێکا بواری پزیشکی و نەشتەرگەری وورده پسپۆڕی لێ جیادەبوویەوە ، کە بە درێژی باسی هەندێکیانمان کرد، پسپۆڕیەکی تر پەیدا بوو لەوانی تر گرنگتر بوو، ئەویش پزیشکی خۆپارێزی بوو. گومانی تیادا نیە پێداویستیە تەندروستیەکانی کۆمەڵگە پێش سەدەی نۆزدەیەم کاریان لەسەرکرا. لەسەردەمی ئیمپڕاتۆریەتی ڕۆمانیدا سەرچاوەکانی دابین کردنی ئاو و کاروبارەکانی تەندروستی وەک هی سەردەمی نوێمان باش بوون. پێش هەموو شتێک حکومەت بەرپرسیارێتی تەندروستی خەڵکی لەئەستۆ گرت. دەی لەبەریتانیادا کەم بایەخ بە تەندروستی خەڵکی دەدرا هەتا مرۆڤ دۆستان ئاوڕێکیان لە دۆخی مەترسیداری هەژاران، بەتایبەتی لە ناوچە پیشەسازیەکاندا دایەوە و تەنانەت لە وەها دۆخێکدا دام و دەزگاکان وەک زیندان و پەناگە وابوون. بەهۆی زنجیرە پەتایەکی کۆلێراوە کەم و کورتیە زەقەکان هەستیان پێکرا.

## فەلسەفە و تەندروستی

بەزۆری لەسالانی سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا جێریمی بینثام (١٧٤٨-١٨٣٢) لە ڕێگای کارەکانیەوە ویژاندی گشتی جوڵاند. دیارە بینثام پزیشک نەبوو بەڵکو پاریزەر بوو، بەڵام لەو بوارەشدا کاری نەکرد. فەیلەسووفێکی ڕاست بین بووە، کە بە تاسەوە لەبارەی ”لووتکەی بەختەوەری لای زۆرینەی خەڵک“ ووتاری دەدا و و پێشنیاری دووبارە دارشتنەوەی حکومەتی لەم ڕوانگەیەوە دەکرد. زۆربەی پێشنیارەکانی، کە لە کتێبەکەیدا بەناوی (پێشەکیەک لەبارەی بنەماکانی ئەخلاق و یاسادانان) دا ڕوونکردۆتەوە، ئێستا کاریان لەسەر کراوە و بەیاسای کراون. کەسێکی زۆر زۆر بیرفراوان بووە، بەڵام سالانێک تێپەڕیووە تا ڕوانینەکانی بەگشتی قبوڵکران. لەسەردەمی خۆیدا وەک زۆرێک لە پێشەنگانی تر، کتێبەکەی لە دەرەوەی وولاتی خۆی زیاتر دەنگدانەوەی هەبوو وەک لە نیشتیمانی خۆی. دیارە بینتمان لە وەسیەتەکەیدا داوای کردووە دوای مردنی لاشەی توێکاری

بکەن تاوەکو دوای نەمانیشی مرۆڤ کەڵکی لێوەرگرن. وەسیەتەکەی هێنرایە جێ و ئێسکە پەیکەرەکەشی بەو کەل و پەلانە پێچرا لەبەری دەکردو لە مۆزەخانەی نەخۆشخانەی زانکۆی لەندەندا پارێزراوە. بێنتام ئەو شانازیەی پێدەبڕێت بە جوانی پێویستی یاسادانان بۆ تەندروستی گشتی پڕکردەوە. لەڕاستیدا ئەو باوکی پزیشکی پارێزکاری سەردەمە. دوو چاکسازی تری مەزن، ساوث وود سمیث و ئێدوین چادویک، ڕوانینەکانی بێنتامیان هەنگاوێکی تر بەرەو پێش برد.

تۆماس ساوث وود سمیثی (١٧٨٨-١٨٦١) دەرچووی زانکۆی ئێدنبرەو پزیشکی نەخۆشخانەی فیڤەری لەندەن، داخوازیەکەی بێنتامنی بۆ فرێدانی پاشماوەکەی جەستەی جێبەجێ کرد و توێژینەوەیەکی بەناونیشانی (سوودی مردوو بۆ زیندوو) نووسی. ئەمەش بانگەوازێک بوو بۆ پێداچوونەوە بە بابەتی توێکاری، کە دواجار تێپەڕاندنی یاسای توێکاری ساڵی ١٨٣٢ی لێکەوتەوە. لە کتێبێکی تردا بەناوی( فەلسەفەی تەندروستی) جەختی لەسەر گرنگی تەندروستی گشتی کردۆتەوە. ساوث وود سمیث بەپەرۆشەوە پشتگیری چادویکی وەک ئەندامی بۆردی تەندروستی گشتی کرد، لە کاتێکا لەڕێگەی نووسینەکانیەوە سەرنجی گشتی بەلای گرنگی پارێزکاری نەخۆشی لەنێو هەژاران و پێویستی زۆر بۆ چاکسازی تەندروستی ڕاکێشا.

## بیری تەندروستی

ئێدوین چادویکی (١٨٠٠-١٩٠٠) پارێزەر، کە دۆستێکی نزیکی ساوث وود سمیثە و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ناسراوترە، ساڵێک پێش مردنی نازناوی ئێدوین چادویکی مەزنی لێنرا. چادویک کاری بە فەلسەفەی مرۆڤ دۆستانەی جێریمی بێنتامی هاوڕێی کردو بە بەردەوام بوونی لێنەبراوانەشی لەسەر بیری تەندروستی، حکومەتی ڕازی کرد تا کۆمیسیۆنی تەندروستی لەساڵی ١٨٣٩ دا دابمەزرێنرێت. بەهۆی ڕاپۆرتی ئەم کۆمیسیۆنە، بۆردی گشتی تەندروستی لەساڵی ١٨٤٨ دا پێکهێنرا. لەگەڵ ئەوەشدا کاتی چاکسازی ڕیشەی نەهاتبوو، ڕای گشتی بۆ پێویستیەکە بەتەواوی گەڵاڵە نەبوو. دوای دە ساڵ بۆردەکەش

هەڵوەشایەوە. وەها بێبەختیەکیش تەنها جۆش و خرۆشی چادویکی زیاد کرد. بەردەوام بەهۆی پشتگیریکردنی مەرجەکانی باشترکردنی تەندروستی خەڵک، ڕووبەڕووی بەرەنگاری دەبوویەوە و پێش مردنیشی بەرهەمی کارەکەی خۆی بینی.

## تەندروستی وەك کێشەی نەتەوەیی

لەو کاتەدا ویلیام فاڕ(١٨٠٧-١٨٨٣) ئەو کوڕە هەژارەی جەختی لەسەر گرنگی داتاو ئاماری وورد کرد، بوو بە مەزنترین ئامارسازی سەردەمی خۆی و بەزۆری کاری لە فەرمانگەی ئاماردا کرد. خۆی لەسارەتادا لەشاری لەندەن، کاری پزیشکی کردووە. کتێبەکەی بەناوی (ئامارە گرنگەکان) کارێکی بەبایەخ بووە لەبواری تەندروستی گشتیدا. فاڕ پۆلێنکردن و ناوهێنانی نەخۆشیەکانی داهێنا، کە بە هەندێک دەستکاری کردنەوە هێشتا بۆ مەبەستی تۆمارکردن کەڵکی لێوەردەگیرێت.

جۆن سنەو (١٨١٣-١٨٥٨) بیریارێکی تری ڕەسەن بووە، کە پسپۆڕی بواری سڕکردن بووە و پێش ئەوەی سەرچاوەی بەکتریای نەخۆشیەکە بزانرێت، ئەوەی دۆزیەوە کۆلێرا لەڕێگەی ئاوەوە دەگوازرێتەوە و سەرهەڵدانەکەشی لەلەندەندا ڕێی لێدەگیرێت، گەر دەسکی پەمپی ئاوەکەی بڕۆد ستریتدا لاببرێت. ئەم پێشنیارەشی کاری لەسەرکراو باشترین ئەنجامیشی هەبوو.

بەڕێز جۆن سیمۆن (١٨١٦-١٩٠٤) یەکێکی تر بووە لە چاکسازە کۆنەکانی بواری تەندروستی و هەروەها پزیشکێکی پێشەنگەی سەدەی نۆزدەیەم بووە، کە لەو تەمەنە درێژەیدا خزمەتی چاکی لەپێناوی پێشکەوتنی بواری تەندروستیدا کردووە. لەخێزانێکی چواردە کەسی تەمەن درێژ لەدایک بووە. باوکی لە لەندەندا دەلاڵی ئاڵوگۆڕی پارە بووەو نەوەدو حەوت ساڵ تەمەنی کردووەو دایکیشی نەوەد پێنج ساڵ ژیاوە. دوای تەواوکردنی بەشی پزیشکی لە کینس کۆلیجدا، بووبە وانەبێژی بواری نەخۆشیزانی و ئەندامی دەستەی نەشتەرگەری لەنەخۆشخانەی سانت تۆماسدا. خۆی نەدەبوو ئەو لە بوارەکانی نەخۆشیزانی و نەشتەرگەری قاڵ

بێت، لەگەڵ ئەوەشدا لەساڵی ١٨٤٨ دا بووە بەیەکەم بەڕێوەبەری تەندروستی شاری لەندەن. لەم پۆستە نوێیەشا لێبڕاوانە کاری کرد. دۆخی شارەکە بەتەماشاکردنی سەرچاوەی ئاو، ئاوەڕۆ، شوێنی نیشتەجێ بوونەکەی و پاکژکردنەوەکەی، بواری گەورەی بۆ چاکسازی هێنایە کایەوە و ڕاپۆرتی ڕەخنەئامێز و چاونەترسانەی لەسەر دۆخی تۆقێنەری ئەو سەردەمە نووسی. لەساڵی ١٨٥٥ دا دەسەڵاتدارانی میری دوای ڕاچڵەکینیان بۆ پێویستی کارکردن، داوایان لە سیمۆن کرد ببێتە بەڕێوەبەری بۆردی تەندروستی گشتی. کە سێ ساڵ دواتر بۆردەکە کارەکانی هەڵپەسارد، بووبە بەڕێوەبەری ئەنجوومەنی پزیشکی ڕاوێژکاری. مەترسی پیس بوونی ئاوی ئاوەڕۆکانی خستۆتەڕوو، کاتێک ئاو لەبەشە پیس نەبووەکەی تایمزەوە بەکاردەهێنرا. لەو شوێنەی تەشەنەی سەند ڕێژەی مردن بەهۆی دەردە کولێراوە لەهەزارا سی و حەوت بوو، بەپێچەوانەوە لەو شوێنەی کە ئاوە پیسەکەی پێدەگەشت، ڕێژەی مردن بەهۆی ئەم دەردەوە لەهەزارا سەدو سی بوو. بەو جۆرە خەڵک هەستیان بەگرنگی ئاوی پاک کرد. زۆرێک هەر بەدوای بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیەوە بوون، جا دابەشکردنی ئاوی پاکژ دوای چوار ساڵ زامنکرا. هەروەها سیمۆن بانگەشەی بۆ گرنگی کوتان دەکرد، کە لەساڵی ١٨٥٣ دا کرایە ناچاری. بەبینینی بەردەوامی پێشکەوتنی ڕای گشتی لەمەڕ تەندروستیەکی باشتر و باشترکردنی مەرجەکانی تەدروستی، دڵخۆش بوو. پشکنەرە تەندروستیەکانی سەرکەوتنی گەوریان بەدەست هێنا. لەهەر ڕاپۆرتێکی دواتردا سیمۆن ئاماژەی بۆ پیوستی دیاری تر بۆ چاکسازی تەندروستی دەکرد. لەساڵی ١٨٧١ دا بۆردی ناوخۆی حکومەت، لەگەڵ سیمۆندا وەک بەڕێوەبەری تەندروستی بیریان لە کۆنترۆڵکردنی دۆخەکە کردەوە. لەساڵی ١٨٧٦ دا خانەنشین بوو. (دەزگا تەندروستیەکانی بەریتانیا) یەکێکە لە کتێبە بەناوبانگەکانی، کە سەرباری ناڕوونی ناونیشانەکەی باس و خواسی سەرنجڕاکێشی لەبارەی پێشکەوتنی تەندروستی گشتی تا سەردەمی خۆی تیادایە. بەڕێز جۆن سیمۆن هاوشێوەی جێرمی بێنتام کەسێکی زۆر بیرفراوان بووە. بەکتریاناسی هەر نەبوو بوو بە زانست، دەی ئەم ئەوەی خستەڕوو زیندە بچووکەکان دەبنە هۆی تا، کۆلێرا و دەردەکۆپان و ..... هتد.

## تەندروستی گشتی لەووڵاتانی تردا

لەهەمان کاتدا ماکس ڤۆن پێتێنکۆفەر، (١٨١٨-١٩٠١) یەکێک مەزنترین پێشەنگەکان لەبواری تەندروستی گشتیدا لە کیشوەری ئەوروپادا کاری دەکرد. پێنتکۆفەر، کە قوتابی خوستۆس ڤۆن لایبیگ بووە، چەندین ساڵ لە میونخدا پرۆفیسۆر بووە.

وەک کیمیاگەری فەسلەجی دەستی بەکاری پیشەی خۆی کرد و توێژینەوەی بایەخداری لەسەر بەردی زراو وبابەتی تریش ئەنجامداوە. دوای ئەوەی سەرنجی لە لایەنە دەرەکیەکانی تەندروستی گشتی داوە، توێژینەوەی لەسەر پەیوەندی نێوان خاک و ژینگە بەتەندروستی گشتی یەوە کردووەو ئەو هەلومەرجانەی دۆزیوەتەوە، کە زۆر ڕێگەخۆشکەربوون بۆ سەرهەڵدانی کۆلێرا لەو سەردەمەدا. لەساڵی ١٨٦٦دا پەیمانگەی تەندروستی لە میونخدا دامەزراند. لەوێ ناوی بەنەمری لە زانکۆکاندا بەرز ڕاگیراوە و کتێبێکیشی بەناونیشانی (لەبارەی زانستی تەندروستیەوە) نووسیووە، کە زۆر ناوبانگی دەرکردووە. پێتێنکۆفەر لەگەڵ ڕوانینەکانی کوخدا نەبووەو گومانی لە کاریگەری زیندەکان لەسەر نەخۆشی هەبووە. جا دووتریێت خاکی بەخێوکردنی بەکتریای کۆلێرای قوتداوە تا کاریگەریەکەی بەدرۆبخاتەوە. ئەمەش ئەزموونێکی سەرکەشانە بووە کە بەشێوەیەکی سەیروسەمەرانەوخۆشبەختانە هیچ دەرهاویشتەیەکی زیان بەخشی نەبووە! پاتینکۆفەر لە میونخدا زۆری ڕێزی لێگیراوەو لەوێ دوولە وانە جەماوەریەکانی لەساڵی ١٨٧٣ دا لەسەر "بەهای تەندروستی بۆ میونخ" کاریگەری قووڵیان لەسەر چاکسازی بواری تەندروستی دانا و کاریگەریشیان لەسەر کەمکردنەوەی ڕێژەی مردنیش هەبووە، کە لەو کاتەدا گەشتبووە لەهەزارا سی و سێ.

لێمیەڵ شاتووک (١٧٩٣-١٨٥٩) یەکێک لە دیارترین شارەزاکانی بواری تەندروستی گشتی بوو لە ئەمریکادا. شاتووک کتێب فرۆش و چاپگەریش بوو، کە زۆر حەزی بە خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی کردووە. لەسەر داوای ئەنجوومەنی شار لەساڵی ١٨٤٥ دا سەرژمێری لە شاری بۆستندا کرد. بەمەش

زیاتر بەرچاو ڕوون بوو لە بارەی پێویستی چاکسازی لەبوارەکانی تەندروستی و نیشتەجی بووندا. کاتێکیش وەک ئەندامی کۆمیسیۆنی تەندروستی بەمەبەستی ڕووپێوی لەسەرتاپای وولاتدا دەسنیشان کرا، زۆربەی کارەکەی ڕاپەڕاند و ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی تەندروستی ماساچوستی لەساڵی ١٨٥٠ دا نووسی، کە یەکێکە لەبەڵگەنامە گەورەکانی مێژووی تەندروستی گشتی و تەنانەت دەکرێت بۆ ئەمڕۆشمان بەشێوەیەکی نموونەیی کەڵکی لێوەرگیرێت. باسی وەسیلەی ڕێگریکردنی لە نەخۆشی کردووەو پێشنیاری چاکیشی خستۆتەڕوو، کە هەموویان بەتێپەڕبوونی کات کاریان لەسەرکراوە. ڕاپۆرتەکەی دەنگدانەوەی زۆر گەورەی هەبوو.

دەستە تەندروستیەکان وورده وورده دامەزرێنران. یەکەمیان لە نیوئۆرلیانز بوو لەساڵی ١٨٥٥ داو دواجاریش هەموو ویلایەتەکانی تریشی گرتەوە. هەرکە گرنگی بەکتریاناسی سەلمێنرا، لە ژێر سەرپەرشتی ثیۆبۆڵد سمیثدا (١٨٥٩-١٩٣٤) تاقیگەی ویلایەتی ماساچوسیتی لەساڵی ١٨٩٥دا دامەزرێنرا، کە یەکەم کەس بووە بووەتە سەرۆک بەشی بەراووردکاری نەخۆشیزانی لەهارڤاردا. لەژێر سەرپەرشتی ئەودا دژەژەهری دەردەکۆپان و ڤاکسینی لیمفەکان بەڕێژەیەکی زۆر ئامادەکران و سەرپەرشتی گەلێک پشکنینی لەبارەی بەکتریاوە کرد، لەکاتێکدا ئەو پشکنینانە نوێ بوون. مشەخۆری تای تەکسای لەڕەشە وولاخدا دۆزیەوە و ئەوەشی خستەڕوو ئەم مشەخۆرە لەڕێگەی گەنەوە دەگوازرێتەوە. هەورەها سمیث تایبەتمەندبوونی بەکتریای سیل لە مانگا و جۆرەکانی باڵندەدا دۆزیەوە.

دیاردەی هەستەوەری بۆ پڕۆتینەکان، کە بەهەستیاری توندیش دەناسرێت، هەر لەلایەن ئەوەوە دۆزراوەتەوە. لە پێشەنگەکانی بواری بەکتریاناسی بووە لەئەمەریکادا، بەجۆرک دەکرێت هاونیشتمانانای شانازی پێوەبکەن.

## پەیدابوونی پزیشکی هەرەوەزی

لەو ساڵانەی دوایدا بواری تەندروستی گشتی لەبەریتاناو شوێنانی تردا زۆر بەرفراوان بووە. بە پێی یاسای تەندروستی گشتی ساڵی ١٨٧٥، پێویست بوو هەموو گوند و شارەکان پزیشکیان هەبێت و دواتریش پێویست بوو ئەو پزیشکانە توانای زۆر باشیان لە بواری زانستی تەندروستیدا هەبووایە. تەندروستی گشتی بوو بە پسپۆڕی و چیدیکە وەک پاشکۆی زانستی پزیشکی نەمایەوە. یاسای زیاتر بۆ باشتر بوونی ئاو و ئاوەڕۆ، سەرچاوەی ئاوی پاک، ڕێگریکردن لە نەخۆشیە درمیەکان، باشتر بوونی شوێنی نیشتەجی بوون، هەواگۆڕ کێ، پشکنینی سەرچاوەی خۆراک و پشکنینی پزیشکیی منداڵان لەقوتابخانەکان، کۆنتڕۆڵ کردنی نەخۆشیەکانی فەرەنگی و سیل و چاکسازیەکانی تر دەرکران، کە ئێستا ئەمانە وەک پێویستیەکانی ژیانی ڕۆژانە دانیان پیادا دەنرێت. جا ئەمە بەشێکی بابەتەکەیە. چیدیکە تەندروستی گشتی هەر بابەتە گرنگەکانی وەک چاک کردنەوەی بۆری ئاو و ئاوەڕۆکانی لەخۆنەدەگرت، بەڵکو بەهەموو واتایەک تەندروستی پارێزکاریشی گرتەوە. پەیدابوونی پسپۆڕیەکان پەیوەندی نێوان نەخۆش و پزیشکی ئاڵۆزکرد. دیارە بەبێ یارمەتی دەرەکی پزیشک هەر نەیدەتوانی پێویستی نەخۆش جێبەجێ بکات، کاتێک ئەو پێویستیانە پشکنینەکانی تاقیگەو کوتان و وێنەگرتنی تیشکی و زۆر خزمەتی پسپۆڕی تری نا بینگەیی(ناکلینیکی ) لە خۆدەگرت. جگە لەمەش دەرکەوت پێویستە حکومەت بەشێوەیەکی بەرفراوان کار لەسەر ئامادەکاریە تەندروستیەکان بکات. لەبەریتانیادا یاسای زەمانەتی تەندروستی نیشتیمانی ساڵی ١٩١١یەکەم هەنگاو بوو لەم ڕووەوە و وەزارەتی تەندروستیش، کە لە ساڵی ١٩١٩دا پێکهێنرا، هێشتا بەرپرسیارێتی زیاتری تەندروستی و لەش ساغی هانیشتیمانیان دەخستە ئەستۆی حکومەت. پێشووتر لەڕووسیادا هەرچی کاری پزیشکی هەبوو بەسەربازی کرابوو، لەکاتێکا لەبەریتانیاو ئەمەریکادا وەک وولاتانی تر، پزیشکی کۆمەڵایەتی بووە بە بابەتی ڕۆژ، کەپێویست ناکات لەم کتێبەدا زۆر لەسەری بڕۆین هەرچەندە ڕۆژگارێک هەر باسەکەی سەرهەڵدەداتەوە .

# بەشی بیستەم

## ڕۆژنامەگەری، لیستی سەرچاوەکان و مێژووی پزیشکی

وەک پاشکۆیەک بۆ ئەم کتێبەی مێژووی زانستی پزیشکی و وەک ڕێز لێنانێکیش بۆ هەندێک لە مێژوونووسە دیارەکانی بواری پزیشکی  کە لەم سەردەمانەی دوایدا هەڵکەوتوون، دەکرێت ئاماژەیەکی کورتیش بەکاریگەری ڕۆژنامەگەری و لیستی سەرچاوەکان لەسەر پیشکەوتنی زانستی پزیشکی بکەین.

## زۆربوونی  گۆڤارە پزیشکیەکان

پێش سەدەی نۆزدەیەم بەگشتی ڕۆژنامەی پزیشکی کەم هەبوو. باسمان لەیەکەم ڕۆژنامەی   پزیشکی لە بەریتانیادا بەناوی  (Medicina Curiosa ) کرد، کە دوو ژمارەی لەساڵی ١٦٨٤ دا لێ بڵاوکرایەوە، بەڵام لەو ساڵەدا نەما. جێی خۆیەتی ناوی سی و حەوت ڕۆژنامەی پزیشکی بهێنین کە پێش ساڵی ١٨٠٠ لەبەریتانیادا بڵاوکراونەتەوە چونکە زۆربەیان ماوەیەکی کەم دەردەچوون و لەئێستادا نەماون. لەسەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا ڕۆژنامە پزیشکیەکان  کاریگەری بەرچاویان

هەبوو  وەک خێراترین و گونجاوترین ناوەند بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمی بەپێز یان بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو زانیاریانەی، کە پەیوەندیان بە دۆزینەوە پزیشکیە نوێیەکانەوە هەبوو. لەسەدەی هەژدەیەمدا گەلێک توێژینەوەی گرنگی پزیشکی لەکۆمەڵگەی شاهانەدا خوێنرانەوەو لە گۆڤاری زانستی Philosophical (Transactions) بڵاوکرانەوە. هەروەها لەو سەردەمەدا ڕێکخراوە پزیشکیەکان گۆڤاریان بەو ناوەوە بڵاودەکردەوە، بەڵام ماوەیەکی زۆر بەردەوام نەبوو.

گۆڤاری (Medical Transactions) (١٧٦٨-١٨٢٠)ی کۆلێژی پزیشکی شاهانەی لەندەن و هەروەها گۆڤاری (Transactions) ی ڕێکخراوی پزیشکی لەندەن، کە لەساڵی ١٧٧٣ دا دامەزرابوو، هەردووکیان سەرەتا لەساڵی ١٨١٠ دا بە بێ دابڕان دەردەکران، لەکاتێکا لەساڵی ١٨٠٩ دا ڕێکخراوی(پزیشکی و نەشتەرگەری لەندن) دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری (Medical Chirurgical Transactions). دیارە کاتێک ئەو ڕێکخراوە لەساڵی ١٩٠٧ دامەزرا، گۆڤارەکە بەردەوام بەناوی ( Proceedings) دەردەکرا و ئێستاش هەر ماوە. جگە لە گۆڤاری (Transactions) دواتر گۆڤاری تر پەیدابوون، هەر زۆر سوودێکی زۆریان لێ بینرا چونکە نەک تەنها توێژینەوە ڕەسەنەکانیان تیابوو، بەڵکو بابەتەکانی بەرژەوەندی پزیشکی گشتی وەک ڕاپۆرتی نەخۆشخانەکان و پوختەی ئەدەبیاتی پزیشکی و پێداچوونەوەی کتێبی لە خۆ دەگرت. لەنێو گۆڤارە پزیشکیە دەرکراوەکاندا ، لەبەریتانیادا کۆنترینیان بریتیە لە ( گۆڤاری پزیشکی ئێدنبرە) کە هەر بە گۆڕانێکی کەم لەناونیشانەکەیدا بۆ(گۆڤاری پزیشکی و نەشتەرگەری ئێدنبرە) لەساڵی ١٨٥٥ دا، بەبەردەوامی تا ساڵی ١٨٠٥ بڵاوکراوەتەوە.

تۆماس واکلی پزیشکی گشتی ماندوو نەناس، لەساڵی ١٨٢٣ دا گۆڤارێکی تری کۆنی بەناوی (The Lancet ) دەکرد. دیارە واکلی کاری لەبواری ڕۆژنامەگەریدا دەکرد و خەریکی نووسینەوەی وانەکان و تەنانەت نەشتەرگەریەکانی هەندێک لەدیارترین مامۆستایانی پزیشکی و نەشتەرگەری ئەو سەردەمەی تۆماردەکرد. ئەم کارەش لای پزیشکان هەمیشە جێی خۆشحاڵی نەبووە. جا جارێکیان سکاڵای لەسەر تۆمارکرا. با زۆر سەری خۆمانی پێوە نەئێشێنین، بەڵام هەر بۆ

بەبیرهێنانـەوە دکتـۆر جـۆرج کلارک لـە کتێبی یادەوەریەکانی بەنـاوی (کۆکـراوەی ژییاننامـەی پیپیشـەگەرە پزیشـکیەکان) بـە درێـژی بـاس و خواسـی ئەمـەی کـردووە، کـە وێنەیەکـی درەوشـاوەی ژیانـی پزیشـکی لـەڕۆژگاری خۆیـدا پیشـان دەدات. (گۆڤـاری پزیشـکی گلاسـگۆ) مێژووەکـەی بـۆ سـاڵی ١٨٢٨ دەگەڕێتـەوە.

گۆڤـاری (Dublin Medical Press )، کـە لەسـاڵی ١٨٣٩دا دەردەکـرا، لەگـەڵ گۆڤـاری(Medical Circular) لـە سـاڵی ١٨٥٢دا تێهەڵکێش کـران تـا لەسـاڵی ١٨٦٦ دا ناوەکەیان بوو بە ( The Medical Press and Circular). بەردەوام ڕاپۆرتەکانی نەخۆشـخانەی سـانت تۆمـاس بەڕێـک و پێکـی لەسـاڵی ١٨٣٦دا بڵاوکراونەتـەوە. لەهەمان کاتدا بەڕێز چارڵس هەستینگی (١٧٩٤-١٨٦٦)، کە ڕێکخراوی پزیشکی بەریتانی لـە سـاڵی ١٨٣٢ دا دامەزراند و پزیشـکی نەخۆشـخانەی وێرسێستەربوو، باس و خواسی کۆبوونەوەکانی لە گۆڤاری (Transactions) دا بڵاوکردەوە . پاشـان گۆڤـاری ( Provincial Medical and Surgical Journal) لەسـاڵی ١٨٤٠ دا دەرکـرا. لەساڵی ١٨٥٣ دا ناوەکەی بوو بە ( Association Medical Journal ) و دواجاریش لەسـاڵی ١٨٥٧ دا ناوەکـەی بووبـە (British Medical Journal).

(Assylum Journal of Mental Science ) یەکەمین گۆڤارە لەبارەی پسپۆڕیەکانی پزیشـکی لەسـاڵی ١٨٥٣ دا بڵاوکراوەتـەوە، کـە بـەردەوام تـا دوای سـاڵی ١٨٥٨ بەناونیشـانی (گۆڤـاری زانسـتی عەقڵـی) دەردەکـرا. تەنهـا باسـمان لـە گۆڤـارە پێشـەنگەکانی بـواری پزیشـکی کـردووە. لەنیـوەی دووەمـی سـەدەی نۆزدەیەمـدا، گەلێک گۆڤاری زانستی نوێ دەرکران. هەندێکیان لەبواری گشتیدا بوون، ئەوانی تریش لەبارەی پسپۆڕیەکانی بواری پزیشکی بوون. لەڕۆژنامەیەکی سەرنجڕاکێشدا لەسـەر بڵاوکـراوە پزیشـکیەکانی بەریتانیـادا، ویلیـام ڕیچـارد لیڤانـوی بەڕێوەبـەری کتێبخانـەی کۆلێژی شـاهانەی نەشـتەرگەرانی لەندەن، لیسـتی ئـەو ٧١٢ گۆڤاری باس کـردووە کـە لەنێـوان سـالانی ١٦٨٤ و ١٨٩٩ دا بڵاوکراونەتـەوە. لەسـاڵی ١٩٣٨ دا تـەواوی لیسـتەکە لەنێوان سـالانی ١٦٨٤ تـا ١٩٣٨ گەیشـتە ١٣٦٢، کە لـەو ژمارەیەش تەنهـا ١١٠ دانەیـان مایـەوە. فیلدیـن گاریسـۆن لەکتێبەکەیـدا بەنـاوی (پێشـەکیەک لەبـارەی مێـژووی زانسـتی پزیشـکیەوە)دا دەڵێـت "لەسـاڵی ١٩١٣ دا ١٦٥٤ گۆڤـاری

پزیشکی بەهەموو زمانەکان هەبووە. لەو ژمارەیەش ٦٣٠ یان ئەمریکی بوون، ٤٦١ یان ئەڵمانی، ٢٦٨ یان فەرەنسی، ١٥٢ یان بەریتانی، ٧٥ یان ئیتالی و ٢٩یان ئیسپانی بوون. لەساڵی ١٩٢٦ دا ١٩٢٧ گۆڤار بۆ ژووری خوێندنەوەی کتێبخانەی نەشتەرگەرانی گشتی واشنتۆندا دابینکرا".

## گۆڤارە پزیشکیە ئەمریکیەکان

یەکەمین گۆڤاری پزیشکی و زانستی لەئەمەریکادا بڵاوکرابێتەوە گۆڤارێکی وەرزی بووە بەناونیشانی( Medical Respiratory)، کە لەساڵی ١٧٩٧ دا لەنیۆرک چاپکراوەو بەردەوام تا ساڵی ١٨٢٤ دەرکراوە. خۆی هەندێک پێشەنگیەکە بۆ گۆڤاری( Mercurio Volante) دەگەڕێننەوە، کە لە مێکسیکۆ ستیدا لەساڵی ١٧٧٣ دا دەرکراوە. لەساڵانی سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا کۆمەڵێک گۆڤاری زانستی لەئەمەریکادا دەرکران، کە یانزە دانە بوون. لەو ژمارەیەش تەنها یەکێکیان بۆ ماوەی دە ساڵ بەردەوام بوو. زۆربەیان تەنها چەند ساڵێکی کەم دەرکران.

تاکە دانەیان بریتی یە لە (The New England Medical Review and Journal)، کە لەساڵی ١٨١٢ دا دەرکراو ناوەکەی بووبە( Boston Medical and Surgical Journal) لەساڵی ١٨٢٧ دا، هێشتا لە ژێر ناونیشانی New England Journal of (Medicine) دەردەچێت.

لەساڵی ١٨٢٠ دا بە سەرپەرشتی ناثانیاڵ چاپمان، کە دەووترێت خۆشەویست ترین پزیشکی ئەمریکی سەردەمی خۆی بووە، گۆڤاری (Philadelphia Journal of the Medical and Physical Sciences ) دەرکرا و لەساڵی ١٨٢٧ دا ناوەکەی گۆڕا بۆ ( American Journal of Medical Sciences) و ئێستاش ماوە. (American Journal of Obstetrics) یەکەمین گۆڤار لەبارەی پسپۆڕیە جیاوازەکانی پزیشکیەوە لەئەمەریکادا لە لەساڵی ١٨٦٨ دا دەرکرابێت. لەساڵی ١٩٢٠ دا بەم ناونیشانە دەردەکرا، (American Journal of Obstetrics and Gynecology) . گۆڤاری تریشی بەدوادا هات، لەنێویشیانا گۆڤاری (Annals of Surgery) لەساڵی ١٨٨٥ دا.

## گۆڤارە پزیشکیەکانی فەڕەنسا

فەڕەنسا نەک خاوەنی یەکەمین گۆڤاری پزیشکی بووە بەزمانی بازاڕی، بەڵکۆ یەکەمین بڵاوکراوەی وەرزی لەهەر بابەتێک لەوێ بڵاوکراوەتەوە. ثیۆفراستی ڕێنودۆت (١٥٨٦-١٦٥٣)، یەکەمین ڕۆژنامەی هەفتانەی بەناوی (La gazette de France ) لەمانگی ئایاری ساڵی ١٦٣١ دا بڵاوکردەوە، کە نازناوی ( باوکی ڕۆژنامەگەری ) وەرگرت. ڕینۆدۆت، کە زانستی پزیشکی لە مۆنبیلیە خوێندبوو، لەساڵی ١٦١٢ هاتە پاریس و بووبە پزیشکی پاشا لویسی چواردەیەم و هاوڕێی کاردینال ڕیشیلیۆ. سیستەمێکی داهێنا چارەسەری بێ بەرامبەری بۆ ئەو نەخۆشە هەژارانە دەستەبەر دەکرد، کە توانای چوونیان بۆ نەخۆشخانە نەبوو. بەمەبەستی زیاتری یارمەتیدانی هەژاران، یەکەم نووسینگەی قەرزو قۆڵەی لەشاری پاریسدا کردەوە. دیارە نووسینەگەی لەو جۆرە لە ئیتاڵیادا لەسەدەی پانزەیەمدا هەبووە. گرنگترین کاری بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی (Gazette) بوو بەسەرپەرشتی حکومەت، کە بەردەوام تا بیست ساڵ دوای مردنی دەردەکرا. چالاکیە پزیشکیەکانی ڕینۆت بوونە هۆی بێزاربوونی بەشی پزیشکی، کە لەگەڵ گای پاتین ڕێکاری یاساییان دژی گرتە بەر. پاشا لویسی سیانزەیەم مرد و ڕیشیلۆش چیدیکە نەیتوانی بەرگری لێبکات. دواجاریش ڕینۆدۆت، کە زۆر کاری بۆ هەژاران کردبوو، خۆشی بە داماوی سەری نایەوە! نیکۆلاس دو بلێنی (١٦٥٢-١٧٢٢)، کە پزیشکی پاشا لویسی چواردەیەم بوو، لەساڵی ١٦٨٧ دا گۆڤارێکی پزیشکی بەناوی (دۆزینەوە نوێیەکانی هەموو بەشەکانی پزیشکی ) بڵاوکردەوە. جا یەکەم جار لەگەڵ بڵاوکردنەوەیدا لەساڵی ١٦٧٩ دا تۆزە گۆڕانکاریەک لە ناونیشانەکەیدا کرا و دواجاریش بەهۆی تێکچوونی پەیوەندی بلێنی لەگەڵ بەشی پزیشکیدا لەساڵی ١٦٨٢ دا، گۆڤارەکە بۆ ئەمستەردام گوازرایەوە.

لەوێ بۆ ماوەیەکی کورت بەناونیشانی( Le Mercure Savant) دەردەکرا، کە سەرنووسەرەکەی نازناوی گوتیەری هەبوو. پێش ئەمەش وەردەگێرایە سەر زمانەکانی لاتینی و ئەڵمانی و لە جەنەواو هامبۆرگ دا بڵاودەکرایەوە. بە قسەی شارەزایانی ئەم دوایانە بێت، دو بلێنی هەر قۆڵبڕ بووە و شایستەی ئەو ڕێزە

نەبووە دوای مردنی لێی نراوە. پێیان باش بووە لەبواری ڕۆژنامەگەری پزیشکیدا پێشینەی بدرێت بە قەشەی کڵێسای ڕۆک لەبەر بڵاوکردنەوەی گۆڤاری (Journal de Medicine ) لەساڵی ١٦٨٣ دا، بەڵام بۆ ساڵێکیش بەردەوام نەبووە. دوای سەدو پەنجا ساڵ و لە فەڕەنسادا، وەک وولاتانی تر کۆمەڵێک ڕۆژنامەی پزیشکی بۆ ماوەیەکی کەم دەرکران. کۆنترینیان، کە هێشتا ماوە بریتی یە لە (گۆڤاری نەخۆشخانە سەربازی و مەدەنیەکان). ئەم گۆڤارە لەساڵی ١٨٢٨ دا دەرکراوەو بۆ ماوەیەکیش ناونیشانەکەی بریتی بووە لە ( La Lancette francaise).

لەساڵی ١٨٣٦ دا گۆڤاری ( Bulletin de l'Academie de Médecine) دەرکراو لەساڵی ١٨٣٧دا گۆڤاری (پێشکەوتنی پزیشکی ) دەرکرا و لەساڵی ١٨٧٥ دا گۆڤاری (پزیشکی پاریس) دەرکرا و لەساڵی ١٨٨٠ گۆڤاری (La Presse Medical ) دەرکرا. هەمووشیان تا ئەمڕۆ ماون. یەکێک لەکۆنترین گۆڤارەکان گۆڤاری (ئاماری تەندروستی گشتی و یاسای تەندروستی) بووە، کە لەساڵی ١٨٢٨ دا دەرکراوەو ئێستاش ماوە.

## گۆڤاری پزیشکیەکانی ئەڵمانیا و وولاتانی تر

سەبارەت بە دەرکردنی یەکەمین گۆڤاری پزیشکی لەئەڵمانیادا بەزمانی گشتی، لەنێو مێژوونووسان ڕای جیاواز هەیە. بەڕای سودهۆف، یەکەمین گۆڤاری پزیشکی لەئەڵمانیادا لەبەرلین بەناوی ( Acta medicorum Berolinensium ) لەساڵی ١٧١٧ دا بڵاوکراوەتەوە. ئەم بڵاوکراوەیە بە زمانی لاتینی بووە چونکە لەهەمان ساڵدا لەئەڵمانیادا گۆڤاری (کۆکراوەی سروشت و پزیشکی ) بڵاوکراوەتەوە. بەو جۆرە وادەرەکەوێت ئەوەی دواییان یەکەمین گۆڤاری پزیشکی ئەڵمانی بوو بێت. Die (patriotrische Medicus) یەکێکی تر بووە لە گۆڤارە زۆر کۆنە پزیشکیەکان لە ئەڵمانیادا، کە لە نێوان ساڵانی ١٨٢٤-١٨٢٦ دەرکراوە .

هەروەها دوای ماوەیەکی کەم لە هامبۆرگدا ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی تر بەناوی(Der Arzt) (١٧٥٩-١٧٦٤) دەکرا. هەر زوو ڕۆژنامەیەکی تری هەفتانەی ماوە کورتی بەناوی (Der Landarzt) (١٧٦٥-١٧٦٦) بەدواداهات. ڕەنگە گۆڤاری

هەفتانەی پزیشکی (ڤینیس) کۆنترین گۆڤاری پزیشکی بێت لە ئەڵمانیادا مابێتەوە. لەساڵی ١٨٥١ دا دەرکراوە و لەساڵی ١٨٥٤دا گۆڤاری (زانستی پزیشکی) بەدوادا هات و لەساڵی ١٨٨٥ دا ناوەکەی بووبە (گۆڤاری میونخی پزیشکی). لەساڵی ١٨٦٤ دا (گۆڤاری هەفتانەی کلینیکی ) دەرکراو لەساڵی ١٨٧٥ دا (گۆڤاری هەفتانەیی ) دەرکرا. هەروەها لەئەڵمانیادا کۆمەڵێک گۆڤاری تایبەتی بەناوبانگ هەبوون، لەدیارترینیان گۆڤاری (مێژووی توێکاری و فەسلەجە) بوو، کە جۆن مۆلەر لەساڵی ١٨٣٤ دا دەریکرد، گۆڤاری (مێژووی نەخۆشیزانی توێکاری، فەسلەجە و پزیشکی کلینیکی)بوو لەساڵی ١٨٤٧ دا ڤیرشۆ دەری دەکرد.

لەساڵی ١٨٦٨ دا فلوگێر، گۆڤاری (مێژووی فەسلەجەی بێدەنگ)ی دەرکردو لەساڵی ١٨٦١ دا لانگێنبێک گۆڤاری ( مێژووی نەشتەرگەری کلینیکی ) دەرکرد. پیەترۆ ئۆرتێشی لەساڵی ١٧٦٣ دا یەکەمین گۆڤاری هەفتانەی پزیشکی لەشاری ڤینیسای ئیتاڵیا دەرکرد، کە تا ساڵی ١٧٨١ بەردوام بوو. یەکەمین گۆڤاری پزیشکی لەشاری ئەمستەردامی هۆڵەندا بەناوی (کۆکراوەی زانیاریە پزیشکیەکانی ناوچەی جاری هۆڵەندا) لەساڵی ١٦٨٠ دا بڵاوکراوەتەوە، لەکاتێکا (گۆڤاری پزیشکی سانت پترسبۆرگ) یەکەمین گۆڤاری پزیشکی بووە لە ساڵی ١٧٩٢دا دەرکراوە. ( Efemerides barometrice –medicas matritenses ) یەکەمین گۆڤاری پزیشکی ئیسپانی بووە لە ساڵی ١٧٣٤ دا لە شاری مەدرید دەرکراوە، کە دەربارەی کەشناسی پزیشکی بووە.

## گۆڤارەکانی تایبەت بە مێژووی زانستی پزیشکی

لەنێو ئەو گۆڤارە زۆرانەی دەربارەی پسپۆڕیە جۆراو جۆرەکانی زانستی پزیشکی دەکراون، کۆمەڵێکیان تایبەت بوون بە بواری مێژووی زانستی پزیشکی. وەک گاریسۆن ئاماژەی پێکردووە، (تۆماری مێژووی دەرمانسازی) کۆنترین گۆڤاری ئەم بوارە بووە. لەساڵی ١٧٩٠ دا لە نۆرمبێرگ فیلیپ لودویگ ویت وەر (١٧٥٢-١٧٩٢) دەری کردووە، کە پزیشکێکی زۆر ڕێزدار بووە لەو شارەدا. بەهۆی کەمی پاڵپشتیەوە، تەنها یەک ژمارەی ئەو گۆڤارە دەرکرا. لەم دوایانەدا

کۆمەڵێک گۆڤار لەبارەی مێژووی زانستی پزیشکی دەرکران. با هەر مشتێک لە خەروارەکەیان وەرگرین چونکە لەوانەیە زانیاریان تیادابێت بۆ قوتابیانی ئەم بابەتە زۆر پێویست بێت. گۆڤاری بەریتانی لەسەر ئەم بابەتە نیە، بەڵام گۆڤاری(چالاکی بەشی مێژووی کۆمەڵگەی شاهانەی پزیشکی ) زانیاری سەرنجڕاکێسی تیایە. لەئەمەریکادا دوو گۆڤار بەناوەکانی (تۆماری مێژووی پزیشکی ) و (بڵاوکراوەیەکی پەیمانگای مێژووی زانستی پزیشکی ) هەبوون. لە ئەمەریکای باشووردا دوو گۆڤار بەناوەکانی (مێژووی زانستی پزیشکی لە ئەرژەنتین )، کە وەرزی بوو لە ساڵی ١٩٣٨ دا و (تۆماری مێژووی پزیشکی لە پیرۆدا)، هەبوون.

ئەوەی دووەمیان ساڵی یەک جار دەردەچوو لەساڵی ١٩٣٩دا، کە هەریەک لە پرۆفیسۆر جەی بێڵتڕان و پاز سۆڵدان سەرنووسەری بوون. لەهۆڵەندادا گۆڤاری (Janus) بە زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانیش بەبەردەوامی لەساڵی ١٨٩٦ تا ساڵی ١٩١٤ دەردەکرا. ئەم ناونیشانەی تریشی هەبوو (ئەرشیفی نێودەوڵەتی مێژووی زانستی پزیشکی و جوگرافیای پزیشکی)، کە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش مێژوو و جوگرافیای پێکەوە دەبەستەوە. لە فەرەنسادا گۆڤاری (مێژووی زانستی پزیشکی لە فەرەنسا )، کە لەساڵی ١٩٠٦ دا دەرکرا تایبەت بوو بە مێژووی پزیشکی. لە ئەڵمانیادا سودهۆف لەساڵی ١٩٠٧دا گۆڤاری بەناوبانگی (کۆکراوەی مێژووی زانستی پزیشکی ) دەرکرد. ئەم دوو گۆڤارەش تاساڵی ١٩٣٩ مابوون. جا نازانین چ گۆڤارێکی پزیشکی کۆنترینە. هەندێک پێشەنگی بۆ کاری کەسانی ڕۆشنبیر و بەشێکیشی بۆ گۆڤارە زانستیەکان دەگەڕێنەوە، کە ڕۆژنامە پزیشکیەکانیان وەردەگرت وەک گۆڤاری پزیشکی تەواو پێشکەوتوو بەردەوام نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو لیستەی سەرەوە، کە بەهیچ شێوەیەک تەواو نییە، لەوانەیە خزمەتی ئەو پێشکەوتن و بزاوتە ڕۆژنامەگەریە گرنگە بکات، کە لە مرۆدا هەیەتی.

## سەرچاوەناسی (بیبلیۆگرافیای) پزیشکی

لەسەدەی نۆزدەیەمدا نووسراوە پزیشکیەکان بەجۆرێک زیادیان کرد، کە لەتوانای خوێنەری شارەزا بەدەربوون. لەساڵی ١٨٨٠ دا سێ یەکی نووسینەکان لەسەرانسەی جیهاندا لەبواری پزیشکیدا بوون. هەرکەسێک هەوڵی دابێت ووتەیەکی وەرگیراو لەڕۆمانێکی دووروودرێژدا پشت ڕاست بکاتەوە یان زانیاری کۆبکاتەوە لەبوارێکی دیارکراو لەڕێگەی خوێندنەوەی هەڕەمەکیەوە، دەبووایە بیزانایە هەر ئاسنی سارد ئەکوتێ. کتێب وەک ئامێرێکی بەسوودی زانستی پزیشکیە، بەڵام ئەم ئامێرە دەبێت دەسکی هەبێت و ئەو دەسکەش لەڕێگەی پێڕست دروست دەکرێت. دەبێت پێڕستێک بۆ هەموو نووسین و هەروەها بۆ هەرکتێبێکیش هەبێت. ئەمەش ئەرکی پۆلێنکاری سەرچاوەکانە وەها پێڕستێک بخاتەڕوو. جا لەسەدەی شانزەیەمدا کۆنڕاد گێسنەر(١٥١٦-١٥٦٥) مەزنترین سروشت ناس و توێژەری سەردەمی خۆی، پێڕستێکی سێ بەرگی بەناوی (Bibliotheca universals) دانا. دوو سەدە دواتر ئەلبێرت ڤۆن هالەر (١٧٠٨ -١٧٧٧) پێڕستە چوار بەرگیەکەی بەناوی ( بیبلیۆگرافیای کاری پزیشکی) (١٧٧٦-١٧٧٨) بڵاوکردەوە، کە تیایاندا پەنجاو دوو هەزار بڵاوکراوەی لەسەر توێکاری، ڕووەکناسی، نەشتەرگەری و دەرمان ،خستەڕوو. لودویگ هاین (١٧٨١-١٨٣٦)، پێڕستەکەی بەناوی (Repertorium Bibliogrphicum)(١٨٢٦-١٨٢٩) بڵاوکردەوە، کە لیستی کتێبێکی چاپکراوی پێش ساڵی ١٥٠٠ بووە. ئەدۆڵف کارڵ پیتەر کالیسێن، (١٧٨٧-١٨٦٦) گەورەترین پێڕستی سی و سێ بەرگی بەناوی (زاراوەناسی پزیشکی کالیسین) داناوە. ئەمەش یەکێکە لە گەورەترین کارەکانی بواری پێڕست دانان کە لەلایەن تەنها کەسێکەوە ئامادەکرابێت. ئەم پێڕستە تۆکمەیەی بواری پزیشکی نەوەدو نۆ هەزار بڕگەیە بەگشتی، کە لەنێوان ساڵانی ١٧٥٠ تا ١٨٣٠بڵاو کراوەتەوە. ئەم هەوڵانە لەبواری پێڕست دانانا هەرچەندە بەسوود بوون، ناکرێت لەڕووی گەورەی و سوودگەیاندنەوە بەوانەی جۆن شۆ بیڵینگ (١٨٥٨-١٩١٣ ) بەراووردیان بکەین، کە هەموومان قەرزاری هەردوو پێڕستەکین بەناوەکانی (پێڕستی کەتەلۆگی کتێبخانەی نەشتەرگەرانی گشتی) و

(پێڕستی پزیشکی). بیڵینگ کوڕی جوتیارێکی شاری ئیندیانا بووە و هەر بەمنداڵی خوولیای فێربوونی بووە. خۆی فێری لاتینی و یۆنانی کردووەو دواجاریش لە زانکۆی پزیشکی ئۆهایۆ خوێندنی تەواوکردووە، کە ئەو زانکۆیەش دانیاڵ درەیک دایمەزراندووەو بیڵینگیش ڕێزێکی زۆری لێناوە. توێکاری لەو زانکۆیە دەووتەوە بەهیوای ئەوەی ببێتە نەشتەرگەر. کاتێکی جەنگی ناوخۆ هەڵایسا، ئەمیش دەم و دەست پەیوەندی پە سوپاوە کرد. دوای چەند ساڵێک چالاکانە خزمەتی کرد. نەشتەرگەرێکی بەتوانا بووەو لە حاڵەتە قورسەکاندا زۆرجار ڕاوێژی پێکراوەو یەکەمین نەشتەرگەر بووە کاری بڕینی لە بەستەری پاژنەدا ئەنجامداوە. ئەمەش نەشتەریەکی ناوازە بووە لەو ڕۆژگارەی دەرمانی بەکتریاکوژ دروست نەکرابوو. لەساڵی ١٨٦٤ دا لەبەر خزمەتەکانی، کراوە بە ئەفسەری کۆنۆڵێل و بۆ ئۆفیسی نەشتەرگەری گشتی واشنتۆندا گوازراوەتەوە.

لەمیانی ئەو خزمەتەی لە نەخۆشخانەی دەریاوانی لەساڵی ١٨٦٩ بۆ ساڵی ١٨٧٤ کردی، گرنگی بە بنیاتنانی نەخۆشخانەکان و بەڕێوەبردنیانی دابوو، کە تیایدا بوو بە پسپۆڕی پێشەنگ. پێشنیارەکەی لە زۆر گۆڤاری وەرزیدا گرنگی زۆری پێدرا. پلانی دروست کردنی نەخۆشخانەی جۆن هۆپکینز و زانکۆی پزیشکی لە بەڵتیمۆردا دانا، کە نەخۆشخانەکە لەساڵی ١٨٨٩ دا کرایەوە. زۆر هەوڵیدا تا ئاستی هوشیاری تەندروستی لە ئەمەریکادا بەرز بکاتەوە. دواتر بیڵینگس وەک پرۆفیسۆر لە فیلادیلفیادا لە ساڵی ١٨٩٢ تا ساڵی ١٨٩٦ خزمەتی کرد. کاتێک پۆستی بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتی نیۆرکی وەرگرت، بەردەوام تا مردن کاری تیادا دەکرد. وەک یەکێک لە دیارترین پزیشکەکانی سەردەمی خۆی، لە زانکۆکانی ئەوروپاو ئەمەریکادا خەڵاتی ڕێزلێنانی پێبەخشرا. هیچ کارێکی ئەم پیاوە شارەزایە وەک کاری پێڕست دانانەکەی نەبوو. خۆی مەزنترین پێڕست دانەری مێژووی زانستی پزیشکی بووە. کاتێک بیڵینگ ئەرکی کارکردنی لە ئۆفیسی نەشتەرگەری گشتی لە ساڵی ١٨٦٤ دا وەرگرت، تەنها دوو هەزار کتێب لەبەرژەوەندی ستافەکە کۆکرابوویەوە. لەم ژمارە کەمە، گەورەترین کتێبخانەی پزیشکی لە جیهاندا بنیاتنا و بەرنامەی پێڕستەکەشی بۆ دانا. بەو جۆرەش خزمەتێکی فرە چاکی بەزانستی بزیشکی کرد، خزمەتێک پرۆفیسۆر


ویلیام هێنری وێلچ بە " گەورەترین خزمەتی بواری پزیشکی لە ئەمەریکادا " دانا. کتێبخانەکە بەردەوام پێش دەکەوت بەجۆرێک ژمارەی کتێبەکانی لەساڵی ١٨٦٤ دا دوو هەزار کتێب بوو، لەساڵی ١٨٧١ دا بوو بە سیانزە هەزار کتێب. بیڵینگ بەردەوام ئامادەکاری بۆ کەتەلۆگەکان دەکرد، بەجۆرێک لەساڵی ١٨٧٣ دا ژمارەی کتێبەکان بووبە ٢٥٠٠٠ هەزار کتێب و ژمارەی نامیلەکەکانیش گەشتنە ١٥ هەزار نامیلکە. لەساڵی ١٨٧٦ دا نموونەی کۆمەڵێک کەتەلۆگی کتێبخانەی پزیشکی نیشتمانی بڵاوکرایەوە تا بدرێتە بەر ڕەخنەو پێشنیار. بە پێڕستێکی گشتگیری دونیای ئەدەبی پزیشکی وێنا کرا و بەپێی ئەلف و بێ و نووسەرانی بابەتەکان ڕێکخرانەوەو پۆلێنەکەش زۆر نەرم بوو تا لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانکاریە پزیشکیەکاندا بگونجێت. بیڵینگز بڕوای وابوو "وەها بڵاوکراوەیەک  کاریگەری لەسەر ئاستی توێژینەوە و ڕۆشنبیری پزیشکی و ئەدەبی لە هەموو وولاتدا دەبێت". ئەمەش پێشوازیەکی باشی لێکراو پاڵپشتیشی لێکرا تا بیرۆکەکە بکرێتە کرداری.

کتێبخانەی گشتی نەشتەرگەران ووردە ووردە بووبە گەورەترین کتێبخانەی پزیشکی لە جیهاندا. کەتەلۆگی پێڕستەکەش بوو بە ڕێبەریەک لەبواری ئەدەبیاتی پزیشکیدا هەر لە سەردەمانی زۆر کۆنەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان. بەرگی یەکەمی کەتەلۆگە نوێیەکە بەناوی (Index Catalogue) لە ساڵی ١٨٨٠ دا چاپ کرا و زنجیرەی یەکەمی شانزە بەرگەکەی لەساڵی ١٨٩٥ دا تەواوکرا. زنجیرەی دووەم و سێ یەمی بەدوادا هات و چوارەمیش ئێستا لەبڵاوکردنەوەدایە و لەساڵی ١٩٤٢ دا گەیشتووە بە پیتی (H) و بەرگی حەوتەم. لەو ئەرکە قورسەی هەیبوو لە ئامادەکردنی پێڕستی یەکەمین کەتەلۆگدا، بیڵینگز خۆشبەخت بوو بەوەی  ڕۆبێرت فلێچەر(١٨٢٣-١٩١٢)  هاوکاری کرد، کە لەساڵی ١٨٧٦ دا  کاری لەگەڵ کرد. فلێچەر، کە لە بریستۆڵ لەدایک بووەو خوێندوویەتی، لەتەمەنی بیست و چوار ساڵیدا ڕووی لەئەمەریکا کردووە.

بۆ چەند ساڵێک لەسینسیناتیدا کاری کردووە. دوای ئەوە وەک بیڵینگز خۆبەخشانە لە جەنگی ناوخۆدا خزمەتی کرد و دواجاریش بووبە بەڕێوەبەری

کتێبخانەی گشتی نەشتەرگەران، لەوێ تا کۆتای ژیانی خزمەتی کرد. سەرباری بەرهەمەکەی لەبواری پێڕستدا، فلێچەر خواستی کارکردنی لەبواری پزیشکی دادوەریدا هەبووە. لەو بوارە و لە بوارەکانی مێژووی زانستی مرۆڤناسیدا، لە زانکۆی پزیشکی جۆن هۆپکینز وانەی وتووەتەوە. لە کاتێکا بیلینگ و فلێچەر کاریان لەسەر یەکەمین بەرگی کەتەلۆگی پێڕستەکە دەکرد، بیرۆکەی بڵاوکراوەیەکی تریان بە مێشکا هات، کە ئەدەبیاتی ئێستامان و پیشەی پزیشکی بەیەکەوە گرێ دەدا. کارکردن لەسەر ئەلف و بێی یەکەمین کەتەلۆگەکە پانزە ساڵی خایاند، بەجۆرێک لەکاتێکا زانیاری لەسەر نەخۆشیە درمیە توندەکان (Z ) سەردەمیانە بوو، زانیاری لەسەر دوومەڵ (abscess)(a) چواردە ساڵی پێشووتر لە پێڕستەکەدا دانرابوو. پێڕستە زیادەکە، کە لە لایەن بیلینگ و فلێچەرەوە خرابوویە ڕوو، پێڕستێکی مانگانەی ئەدەبیاتی پزیشکی بوو لە سەرانسەری وولاتاندا. لەساڵی ١٨٩٧ دا یەکەمین ژمارەی پێڕستی (Index Medicus) بڵاوکرایەوە، کە فلێچەر ڕۆڵی سەرەکی لە ئامادەکردنیدا هەبوو و بیست و یەک ساڵی دواتریش بەردەوام کاری لەسەر کرد. پاشان نەمانی پاڵپشتی دارای وای کرد کارەکە پچڕانی تێکەوێت. پرۆفیسۆر چارڵس ڕیچێتی (١٨٥٠-١٩٣٥) بانگەشەکەری بوونی هەستیاری توونـد، هەوڵێکی گەورەیدا لەڕێگەی ئامادەکردنی پێڕستی Bibliographia Medica) بیرۆکەکە زیندوو بکاتەوە، کە سێ بەرگی لێ بڵاوکرایەوە (١٩٠٠-١٩٠٢ ). لەساڵی ١٩٠٣ دا دووبارە پێڕستی (Medicus Index ) بەسەرپەرشتی پەیمانگای کارنێژی لە واشنتۆن کە فلێچەر وەک سەرنووسەری بوو، بڵاوکرایەوە. دوای مردنی فلێچەر، گاریسۆن بەردەوامی بەکارەکە داو لەساڵی ١٩٢٧ دا پێڕستی (Quarterly Cumulative Index to Current Medical Literature) ، کە بۆ ماوەی دەساڵ ڕێکخراوی پزیشکی ئەمەریکی بڵاویدەکردەوە، لەگەڵ پێڕستی (Index Medics )کرا بەیەک و ناوی بوو بە ( Quarterly Cumulative Index Medicus ). ئەمیش بەردەوام چاپ دەکراو بووبە ڕێبەرێکی تەواوی ووردی پزیشکی ئێستامان. بەم شێوەیە بیری ڕەسەنی جۆن بیلینگز کەڵکی لێوەرگیرا و خواستێکی گەورەی ژیرانە پلانی بۆ دانرا و بە چاکی بەدیهێنرا.بیلینگز وەها وەڵامی یەکێکی دابوویەوە کە پەسنی کارەکەی کردبوو "جا با من نهێنی هەوڵی ئەم تۆمارە جیهانیەی فیزیاناسەکانی

هەموو مێژووت پێ بڵێم. کاکە تۆ تەنها دەست پێبکە، هیچ شتێک قورس نیە . ئەکرێت تۆ پاڵی لێدەیتەوە و ئیش بڕوات"؟



(1) Numb. 1.

MEDICINA CURIOSA:

OR,

*A Variety of new Communications in Phyſick, Chirurgery, and Anatomy, from the Ingenious of many Parts of* Europe, *and ſome other Parts of the World.*

June 17. 1684.

The Contents.

1. *An Introductory Account of a Tract concerning the Organ of the Hearing; containing the Structure, Uses, and Diſeaſes of the Ear; ſet forth the laſt Year at* Paris *in the* French *Tongue, by* Monſieur du Verney. *in* 12°.
2. *An entire Tranſlation of the third and laſt Part of the ſaid Tract, containing the Cauſes and Cures of the Diſeaſes of the Ear.*
3. *An account of a Book containing the Anatomy of a* Muſcle, *ſetting forth its elegant Structure, and admirable Motion. Written in Latin by* Antonius de Heide, *of* Middleburg, M.D. *Printed at* Amſterdam, 1684. *in* 8°.
4. *An Extract of ſome chief matters contain'd in an hundred Phyſical Obſervations of the ſame Authour.*
5. *New Conjectures concerning the Paſſage of the Urine into the Bladder, Extracted from the* Paris Journal de Medicine.
6. *Two Attempts for Improving the Senſe of Hearing.*

THE PREFACE.

THE grand Effort which has been made in many Parts of *Europe* for ſome years paſt, in the Cultivation of Arts and Sciences, is an Enterpriſe ſo laudable

(Medicina Curiosa)

یەکەمین گۆڤاری پزیشکیە بەزمانی ئینگلیزی بڵاوکرابێتەوە لە ساڵی ١٦٨٤دا.



وێنەیەک کە تیایدا دەردەکەوێت دکتۆر ویلیام ئۆسلەر لەساڵی ١٨٨٩دا خەریکی ئامادەکردنی کتێبەکەیەتی بەناوی(بنەماکانی کارکردنی زانستی پزیشکیی). شایانی باسە ئەو کتێبە نزیکەی ١١٠٠لاپەڕە زیاتر دەبێت.

## مێژوونووسانی پزیشکی سەردەمانی دوای

فیدڵین هودسۆن گاریسۆن (١٨٧٠-١٩٣٥) قوتابیەکی دڵسۆزی بیلینگز و فلێچەر بوو، کە بوو بە مێژوونووسێکی دیاری بواری پزیشکی. کتێبێکی نموونەی لەم بوارەدا نووسی، کە هەموو مێژوونووسێکی دوای خۆی وەک سەرچاوە کەڵکی لێوەردەگرن. گاریسۆن کوڕی بەرپرسێکی حکومەت بووە.

لە واشنتۆن لەدایک بووە، کە پێشینانی بۆ چەندین پشت لە ڤێرجینیادا خاوەن کێڵگە بوون. لە ساڵی ١٨٩٠دا بەشی هونەری لە زانکۆی جۆن هۆپکینز تەواو کرد و پاشان وەک نووسەری کتێبخانەی گشتی نەشتەرگەران کاری کرد. لەهەمان کاتیشدا هەوڵیدا لەبواری پزیشکیدا بخوێنێت. بەشی پزیشکی لە زانکۆی جۆرج تاون لە واشنتۆندا تەواوکرد، بەڵام هەر گرنگی بە لایەنی کرداری نەداوە. لە کتێبخانەی ئەم زانکۆیەدا بۆ ماوەی چل ساڵ کاری کرد، تەنها دوو ساڵ نەبێت خزمەتی سەربازی لە دوورگەکانی فیلیپیندا کرد (١٩٢٢-١٩٢٤). لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا، بۆماوەیەکی کاتی پەیوەندی بە سوپاوە کرد. لەبەر خزمەتەکانی لەساڵی ١٩٢٠ دا، دەسەڵاتی هەمیشەی کۆمیسیاری سوپای پێبەخشرا. دە ساڵ دواتر بە پلەی کۆنۆڵێل خانەنشین بوو. بۆ ماوەی پێنج ساڵ تا کۆتای تەمەنی

وەک کارمەندی کتێبخانەی وێڵچ و وانەبێژی مێژووی زانستی پزیشکی لەزانکۆی جۆن هۆپکینزدا کاری کرد.

دوو خولیای بەهێز ژیانی گاریسۆنی داگیر کردبوو، مۆسیقا و ئەدەب. خۆشی مۆسیقارێکی بەهرەمەندو پیانۆژەنێکی بەتوانا بووەو باوەڕی وابووە پەیوەندی لەنێوان پزیشکی و مۆسیقادا هەبێت چونکە زۆرێک لەپزیشکە دیارەکان خولیای مۆسیقا بوون. بە هەریەک لە براهمز و شوبێرتی ئاوازدانەر سەرسام بووە. خوێنەرێکی هەمە چەشنەو ڕەخنەگر بووەو زەوقێکی خۆشی ئەدەبی و یادگەیەکی چاکیشی هەبووە. زۆربەی کات بە سەرپەرشتی بیلینگز و فلێچەر، لە کتێبخانەی گشتی نەشتەرگەران و کتێبخانەی پزیشکی خەریکی ئامادەکردنی (Index Catalogue) و ( Index Medicus ) بوو. لەدوای مردنی فلێچەر لەساڵی ١٩١٢ دا، گاریسۆن بوو بە سەرنووسەری هەردوو بڵاوکراوەکە. هەروەها وەشانێکی کورتکراوەی کەتەلۆگە گەورەکەی بەناونیشانی (لیستی ئامادەکراوی دەقە ڕوونکەرەوەکانی مێژووی زانستی پزیشکی بۆ قوتبیان) بڵاوکردۆتەوە. ئەو پەراویز نووسین و پێداچوونەوەی لێزلی تۆماس مۆرتۆن کردوویەتی، زۆر بەسوود بووە. هەروەها کتێبێکی بەسوودی ئاماژەئامێزە، کە زانیاری لەبارەی ئەدەبیاتی کلاسیکی تیادایە. لەگەڵ ئەوەشدا هاریسۆن زمانەوانێکی باش و کەسێکی خەمخۆر و توێژەرێکی سەرکەتوو بووە. بە پێچەوانەی بیلینگزەوە توانای بەڕێوەبردنی زۆر کەم بووە. ڕقی لە خۆدەرخستن بووەو وانە بێژێکی خراپیش بووە، جا لەبەرئەوە هەر لە پۆستی جێگیری بەڕێوەبەری گشتی کتێبخانەدا ماوەتەوە. گاریسۆن گەلێک کتێب و ووتاری بەپێزی نووسیووە، بەڵام بە زۆری لەڕێی کتێبی(پێشەکیەک لەبارەی زانستی پزیشکیەوە ) ناوبانگی دەرکردووە. ئەم کتێبە لەساڵی ١٩١٣ دا بڵاوکراوەتەوەو وەشانەکانی دواتری لەساڵەکانی ١٩١٧ ، ١٩٢١ ، ١٩٢٤ و ١٩٢٩ دا چاپ کراون. سەرباری ناونیشانە سادەکەی، ئەم کتێبە خۆی مێژوویەکی تەواو چڕو ووردە و خوێنەریش کەڵکی لێوەردەگرێت. یەک بەرگی کتێبەکە کە نۆسەد لاپەڕەیە باسی سەردەمی نۆێ دەکات. بەرگی دووەمیشی نزیکەی نۆ سەد لاپەڕەیە. جێی سەرسوڕمان نیە کە دەمو دەست کتێبەکەی بووەتە بەرهەمێکی نموونەی و هێشتاش لە ئاستێکی باڵایە. پێدەچێت

زیاتر لەهەر بەرهەمێکی تر بایەخ و گرنگی بە مێژووی زانستی پزیشکی دابێت. گاریسۆن هێندە ژیر بوو زانی بە یەک بەرگ ئەم بابەتە تەواو باس ناکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا کتێبەکەی پڕە لە زانیاری بەسوود و ڕێبەریەکیشە بۆ هەموو توێژەرێکی زانخواز. تەنها پێڕست دانەرێکی بە ئەزموون دەتوانێت وەها کتێبێک بنووسێت.

کارەکەی بیلێنگزو فلێچەر لەسەر دەستی گاریسۆن بەتەواوی هاتە بەرهەم. لە کیشوەری ئەوروپادا، کارڵ سودهۆف (١٨٥٣–١٩٣٨) مەزنترین مێژوونووسی بواری پزیشکیە لە سەردەمی نوێدا. پێشینەی لێکۆڵینەوەکانی خۆی لە سی ساڵی کارکردنی گشتی لە دۆسۆڵدۆرفدا بینیوەتەوە، کە تا ڕادەیەک ڕۆڵی لە سەرکەوتنە بەرچاوەکەی وەک مێژوونووسی بواری پزیشکیدا هەبووە. لەو ساڵانەدا هەر کاتی هەبوایە، خۆی بەو بابەتەوە قاڵ دەکرد. لەساڵی ١٩٠١ دا بوو بە یەکەمین سەرۆک بەشی مێژووی پزیشکی لە زانکۆی لایزپیگدا. ئەم پۆستەش پرۆفیسۆری مێژووی پزیشکی لە ڤێنادا، تیۆدۆر پوچمان پێی بەخشی بوو. سوود هۆف پەیمانگەیەکی مێژووی پزیشکی لە لایپزبێرگدا دامەزراند. لەوکاتەشدا لە بانگەشەی کارکردن خۆی شاردەوە و بەمەبەستی کارکردن لەسەر کتێبخانەو مۆزەخانەکان، گەشتێکی بۆ ئیتالیا کرد. کۆششکارێکی ماندوونەناس و نووسەرێکی فرە بەرهەم بووەو لەماوەی ژیانیدا زیاتر لە پێنج سەد نامیلکەی زانستی بڵاوکردۆتەوە. توێژینەوەکانی لەسەر زۆر بابەتی وەک مێژووی پزیشکی ددان، زانکۆی سالێرنۆ، پێڕستی پزیشکی ئەڵمانی لە پێش ساڵی ١٥٠٠، وێنە توێکاریەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، مێژووی نەخۆشی فەرەنگی، لەسەر هەموو ئەمانەشەوە، پێگەی پاڕاسێلسوس لەمێژووی زانستی پزیشکیدا، ئەنجامداوە. یەکەمین چاپی (کۆبەرهەمی پاڕاسێلسوس )، بە پانزە بەرگ لەساڵی ١٩٣٣دا بڵاوکرانەوە. سودهۆف زۆر گرنگی بە مێژووی زانستی پزیشکی داوە تا پێمان بڵێت ئەمە تانها بابەتی کات بەسەربردن نیە، بەڵکو خۆی لەخۆیدا زانستی پزیشکیە. لە ڕوانگەی ئەوەوە، مێژوو زانستی پزیشکی میراتێکی گەورەی گشتی زانستی پزیشکی و باشترین قوتابخانەی ئاکاری پزیشکیشە. لێکۆڵینەوەی مێژوو مەبەست لێی ڕێگریکردنە لەو کەنارگیریە کە، ئەنجامێکی سروشتی زیاد بوونی

پسـپۆڕیە. سـەرباری ئـەوەش مێـژووی زانسـتی پزیشـکی هـۆکاری پەیوەنـدی زۆر پێویسـتی نێـوان زانسـتی پزیشـکی و زانسـتەکانی وەک تیۆلۆجیـا، یاسـا و فەلسـەفەشـە. سـوود هـۆف موریدێکـی ڕاسـتەقینەی هیپۆکـرات بـووە لـە پێشـاندانی بەرزترین ئاستی پیشـەی پزیشکی. لەبەریتانیای مەزندا مێژووی زانستی پزیشکی سـەرنجی زۆر توێـژەری ڕاکێشـا. دەکرێـت لەنێویانـدا نـاوی هەندێـک پێشـەنگ بهێنین. کاری ئەوانی تریش، کە خۆش بەختانە لـە گەڵمان ماوون، لـەو پاشکۆیەی دەربـارەی پێڕسـتەکەیە دەبینین.

بەڕێز نۆرمان مۆڕی (١٨٤٧-١٩٢٢) پزیشکی نەخۆشخانەی سانت بارتۆلۆمێۆ، یەکێـک لـەو پێشـەنگانە بـووە لـە بەریتانیـادا کاری لەسـەر زیندووکردنـەوەی مێژووی لەبیرکراوی زانستی پزیشکی کردووە. کەسایەتیەکی بەهێزی هەبـووە و گەلێک توێژینـەوەی ئەنجامداوە. کتێبەکەی بەناوی (مێژووی نەخۆشـخانەی سـانت بارتۆلۆمێو)، کە چەند ساڵێک لەکاتی پشـووەکانیدا پێوەی سـەرقاڵ بـووە، بووەتـە یادگاریەکـی درەوشـاوەی توانسـتەکانی. هەروەهـا ڕەوانـی و ووردی، لـەو پێنـج سـەد ژیاننامـەی بـە گشـتی لەهـەردوو کتێبی (فەرهەنگی ژیاننامـەی نیشـتیمان ) و (وانەکانـی فیزپاتریـک) لەسـەر مێـژووی لێکۆڵینـەوەی زانسـتی پزیشـکی لـە ووردە دوورگەکانـی بەریتانیـادا، کـە ئـەم بەشـدار بـووە لـە نووسـینیاندا، دەبینرێت. ئـەو وانانـە لەنێو خولـی ئـەو وانانـەن لەسـەر بابەتـی مێـژووی پزیشـکی، کـە هێشـتا لـە زانکۆی شـاهانەی پزیشـکان لەیـادی دکتـۆر تۆمـاس فیتـز پاتریکی ئەندامـی دیـاری زانکۆکە، دەووترێنەوە. بەڕێز نۆرمان مۆر هەر زۆر خواسـتی لێکۆڵینەوەی زانسـتی پزیشـکی لەسـەدەکانی ناوەڕاسـت هەبـووە و کارەکەشـی بەرهەمـی توێژینـەوەی زۆری ڕەسـەنانەیە. مامۆسـتای کلینیکـی و نووسـەرێکی شـارەزا بـووە. ئـەو سـێ بابەتـەی وتوویەتیـەوە بریتـی بـوون لـە بایەخدان بـە نەخـۆش، لێکۆڵینـەوەی ووردی نیشـانەکانی نەخۆشـی و بـە ووردی خسـتنەڕووی ئـەو ڕاسـتیانەی دۆزراونەتـەوە. لەبـارەی ئـەو کتێبـە کۆنانـەی حـەزی پێکـردوون، وەهـای گوتـووە " ئـەم کتێبـە کۆنانـە لەبـەر کۆنێتیـان مەخوێننـەوە، بەڵکـو لەبـەر بەسـوودیان بیانخوێننـەوە." ئەندامێکـی تـری دیـاری تـری دەسـتەی نەخۆشـخانەی سـانت بارتۆلۆمێـۆ کـە ئارەزووی لە مێژووی زانستی پزیشکی بووە، ئەمجارەیان بەڕێز داکری پاوەری

(١٨٥٥–١٩٤١ز) نەشتەرگەرە، کە لەبواری نەشتەرگەریدا کاری گەورەی کردووە، بەتایبەتی نەشتەرگەری وورگ و نەخۆشیە زیانبەخشەکان. هاوشێوەی بەڕێز نۆرمان مۆڕ بەشداری لە نووسینی (فەرهەنگی ژیاننامەی نیشتیمان ) کردووە و لەساڵی ١٩٣٠ دا پێداچوونەوەی بۆ کتێبی (ژیاننامەی هاوەڵانی کۆلێژی شاهانەی نەشتەرگەرانی ) کردووە. ڤیکتۆر گوستاڤ پلار( ١٨٦٠–١٩٢٩) تا تەواویکرد سەرئێشەیەکی زۆری تووش بوو، کە بۆماوەی سی و دوو ساڵ بەڕێوەبەری کتێبخانەی کۆلێژەکە بووە. یەکەمین کاری داکری پاوەر لەبواری مێژووی پزیشکیدا پێداچوونەوەی کتێبی ( مێژووی نەشتەرگەری لە بەریتانیادا) بووە، ئەو بابەتەی جۆنت فلنت ساوثی (١٧٩٧–١٨٨٢) نەشتەرگەری نەخۆشخانەی سانت تۆماس، وەک بەشێکی مێژووی نەشتەرگەری کە مەبەستی نووسینی بوو، کۆی کردبووەوە .کتێبی (یادەوەریەکانی جۆن فلنت ساوث)، کە بەشێکی ژیاننامەی خۆیەتی و بەشێکیشی ژیاننامەی کەسانی ترە، باس و خواسی خۆشی سەردەمەکەی خۆی تیایە. وەشانی کتێبەکەی جۆن ئەندەرز لەسەر (قلیشی کۆم)، کە دەزگای (Early English Text Society) بڵاویکردۆتەوە، بەڕێز داکری پاوەر پێداچوونەوەی بۆ کردووە. بەرگێکی نووسینە هەڵبژێراوەکانی، کە لەساڵی ١٩٣٣ دا بڵاوکراوەتەوە، ووتاری لە بابەتی جۆراو جۆری وەک گەشتەکانی ویلیام هارڤی، چۆنیەتی هاتنی نەشتەرگەری بەریتانی بۆ ئەمریکا، هۆکاری بەردەوام نەبوونی سامویل پیپی لە نووسینەوەی تیانووسی ڕۆژانەکەی، نەشتەرگەری لە بەریتانیا لە سەدەی چواردەدا و پەروەردەی نەشتەرگەر لە ژێر دەستی تۆماس ڤیکاری، تیادایە.

بەڕێز داکری پاوەر تەنها توێژەرێکی دیار و عاشقی کتێب و نەشتەرگەرێکی زرنگ نەبووە، کەسایەتیەکی سەرنجڕاکێش و خۆش مەشرەبیشی هەبووە، کە ئەمانەش وایکرد لەناو چەندین نەوەی قوتابیان ناوبانگ دەربکات. مێژوونووسانی بواری پزیشکی هەر تەنها لە لەندەندا هەڵنەکەوتن. لە گلاسکۆدا جەیمز فیلایسۆنی، (١٨٤٠–١٩٠٦) نەشتەرگەری پێشەنگی سەردەمی خۆی و عاشقێکی کتێب هەبوو. بەرهەمی پێڕستەکانی لەسەر پزیشکی کلاسیکی لە بەشی پزیشکان و نەشتەرگەرانی گلاسکۆدا بووبە ڕێبازێکی جەماوەری و سەرنجڕاکێش لە

لێکۆڵینـەوەی مێـژووی پزیشـکیدا. خوێنەرانـی بـەم بابەتـە ئاشـنا کـرد. (ژیـان و بەرهەمەکانی پیتـەر لـۆوی) یەکێکە لـە بەرهەمەکانی. تیایدا بـاس و خواسـی لـۆوی دامەزرێنـەری زانکـۆی گلاسـکۆ دەکات.

لەئێدنبرەیـش جـۆن دیکسـۆن کۆمـرى (١٨٧٥-١٩٣٩) مێژوونووسـی دیـاری بـواری پزیشـکی ئەسـپی خـۆی لەمەیدانەکـەدا تـاودا، کـە وانـەی لەسـەر مێـژووی پزیشـکی لـە زانکـۆی ئێدنبرەدا بـۆ مـاوەی زیاتـر سـی سـاڵ ووتووەتـەوەو هـەروەهـا زۆر توێژینـەوەی بەپێزیشـی نووسـیووە. کتێبـە دوو بەرگیەکـەی بەنـاوی (مێـژووی زانسـتی پزیشـکی لـە سـکۆتلەندا ) بەرهەمێکـی بەنرخـی ئـەو بوارەیـە، کـە بەباشـی بـە وێنـەی ڕوونکردنـەوەی بـۆ دانـراوە و بـە ئاگایشـەوە دۆکیومەنـت کـراوە. لـەم سـەردەمانەی دوای لـە کامبـرج و ئۆکسفۆردیشـدا دوو مێژوونووسـی بـواری پزیشـکی هەڵکەوتـن، کـە هەدووکیشـیان دوو پزشـکی بەناوبانـگ بـوون. پێشـووتر باسـمان لـە خزمەتەکانـی تۆمـاس کلیفـۆرد ئۆڵبـۆت، (١٨٣٦-١٩٢٦) لـە پسـپۆڕی دڵـدا کـرد. لەمـاوەی ئـەو تەمەنـە درێـژەی گەلێـک گـۆڕانکاری لـە بـواری زانسـتی پزیشـکی، سڕکردن، پەیدابوونی پسـپۆڕی بەکتریاناسـی، پێشکەوتنی نەشـتەرگەری دژەبەکتریا، پەیدابوونی پیشـەی پەرسـتاری، پێشـکەوتنی تەندروسـتی گشـتی، دۆزینەوەی تیشـکی سـینی، ڕادیـۆم و ڤیتامینـەکان و زۆری بوونـی پسـپۆڕیەکان، ڕوویانـدا. ئۆڵبـۆت لـە ئـەو گۆڕانکاریانـەدا جێدەسـتی دیـارە. سـەرباری کتێبـە شـەش بەرگیەکـەی بەنـاوی (سیسـتەمی پزیشـکی)، لەگـەڵ وانەکانـی فیتزپاتریکـدا لەسـەر پزیشـکی یۆنانـی لەڕۆمـادا، کتێبێکـی بچووکـی بایەخـداری لەسـەر بنەماکانـی توێژینـەوەی زانسـتی نووسـیووە، کـە هەمـوو نووسـەرێکی بـواری پزیشـکی دەکرێـت کەڵکـی لیوەرگرێـت. لـە بـواری ڕۆشـنبیری پزیشـکیدا کاری کـردووە و هەمـوو هەوڵێکـی بـۆ ئـەوە بـووە ڕۆشـنبیری گشـتی لەسـەر بنەمایەکـی پتـەو خـۆی بگرێـت. وەک خوێنەرێـک و توێژەرێکـی فـرە زانیاری لێهاتـوو، هەمـوو نووسـینەکانی بەئاگاییانـەو وورد و جـوان دارێـژاوە. پێـش ئـەوەی لـە کامبرجدا ببێتـە پرۆفیسـۆر، سـی سـاڵ لـە لیدزدا کاری کـردووە. لـەو ماوەیەشـدا ئاشـنایەتیەکی باشـی لەگـەڵ جـۆرج ئیلیۆتـدا پەیـدا کـرد، کـە دەووترێـت لـە ڕۆمانـی (Middlemarch) دا وەک کەسـایەتی دکتـۆر تێتیـۆس لیدگەیـت وێنـای کـردووە. لـەو ڕۆمانـەدا سـتیفن پاگێـت بـەردەوام داوا لەهەمـوو

قوتابییەکی پزیشکی دەکات بخوێننەوە. گرنگە بزانین، کە ئاڵبووت لەساڵی ١٨٦٧ دا گەرمی پێوی کلینیکی بچووکی گەڕۆکی داهێنا. ئەمەش پێشکەوتنێکی گەورە بوو بەسەر ئامێرەکەی ویندەرلیچدا، کە پێیەک درێژبووەو بیست خوولەکی پێچووە تا پلەی گەرمیەکەی دیاری کردووە. جێگرەکەی لە سەرۆک بەش بەناوی بەڕێز هامفری داڤی ڕۆڵێستۆن (١٨٦٢-١٩٤٤)، ژیاننامەی بەڕێز کلیفۆرد ئاڵبۆتی دڵگیرانە نووسیووە. جا کەسێکی تر لێبڕاوانەتر کاری لەسەر مێژووی پزیشکی کردووەو هاوچەرخی ئاڵبۆتە لە ئۆکسفۆردا، ئەویش بەڕێز ویلیام ئۆسلەر بووە. باس و خۆاسێک لەسەر ژیان و بەرهەمی لەوانەیە ببنە کۆتاییەکی باشی ئەم کتێبە.

## ئۆسلەر و مێژووی زانستی پزیشکی

پێدەچێت بەڕێز ویلیام ئۆسلەر، (١٨٤٩-١٩١٩) لەهەر پزیشکێکی تر زیاتر کاری بۆ بەیەکەوە گرێدانی جیهانی کۆن و نوێ کردبێت .بە بەکارهێنای ووشەی "جیهان "لەڕووە جوگرافیایەکەی، هیچ کەسێک وەک ئەم کەڵە پیاوە لە ئەتڵەنتیک سەرکەوتووانە نەیتوانیوە پیشەوەرانی پزیشکی و دەزگاکانی پەیوەست بە کاری پزیشکی ئاشت بکاتەوە. گەر دونیای مێژوو وێنا بکەین، ئۆسلەر لە کۆتای سەدەی نۆزدەدا سەردەمی پیش و پاش خۆی باش بینی.

ئەوەشی خستەڕوو زانستی پزیشکی ڕابردوو هەوێنی پێشکەوتنی زانستی پزیشکی ئێستامانە. پرۆفیسۆر ویلیان هێنری وێلچی هاوڕێ و هاوپیشەی ئاوا لەبارەی ئۆسلەرەوە دواوە"ئۆسلەر خۆی بوو بە بەشێک لەو هەوێنی پێشکەوتن. لێیڕاوانە لەو ژیانیدا کاری دەکرد تا ئەو پێشکەوتنە بە بگەیەنێت. وەک قوتابی توێژینەوەی لەبواری مێژووی زانستی پزیشکیدا کردووە، بەڵام زیاتر وەک مامۆستایەکی مەزنی کلینیکی ناوبانگی هەبووە".

لەو ژیاننامە دڵگیرەی ئۆسلەر، کە هارڤی کەشینی قوتابی نووسیوویەتی، تیایدا زۆر زانیاریمان لەبارەی پیشەی ویلیام ئۆسلەر دەست دەکەوێت. ئۆسلەر لە کەنەدا لەدایک بووە و لە هەریەکە لە مۆنتڕیاڵ و فیلادلفیا و باڵتیمۆڕ و ئۆکسفۆردا لە ساڵانی ١٨٧٤ و ١٨٨٤ و ١٨٨٩ و ١٩٠٤ دا پرۆفیسۆر بووە. لە

هەموو ئەو ناوەندە گەورانەی فێربوونیشدا کاری گەورەی کردووەو کەسایەتیەکی سەرنجڕاکێشی هەبووەو لە جیهاندا ناوبانگی دەرکردووە. بە ڕوانینی ئۆسلەر "دەبێت ئێمە جیهانیانە بیربکەینەوە، نەک لەسەر ئاستی جوگرافیایەکی دیاریکراو و هەر خۆمان بە یەک زانکۆوە ببەستینەوە. درێژەی دەداتێ و دەڵێت" خۆ ئێمە حەیوانی دابەسە نین لە شوێنێکا دایکوتین. دەبێت بە پێی پیشەکەمان شوێن گۆڕکێ بکەین. پێم سەیرە مامۆستای زانکۆ هەیە بیست و پێنج ساڵە لەیەک زانکۆ هەر پرۆفیسۆرە و دایکوتاوە. جا پێویستە هەموو مامۆستایەکی بواری پزیشکی بۆ نوێ بوونەوەی مێشکی، هەر پێنج ساڵ جارێک بۆ تاقیگا بگەڕێتەوە".

لەبواری کلینیکیدا مامۆستایەکی بێ هاوتا بووە. لەتەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا بووبە پرۆفیسۆری بەشی پزیشکی لە ماکگیڵدا. لەبەر خۆشەویستی پێیان دەووت مامۆستا مناڵەکە. خۆی مامۆستا و هاوڕێ و قوتابی هاونیشتیمانی و هەموو ئەمانە بوو. مامۆستایەتیەکەی لە نووسینەکانی زۆر بەلاوە گرنگتر بووە و تەنانەت وتوویەتی من لە جێ خەوەکەشمدا کتێبە مەنهەجیەکەشم بەناوی (بنەماکانی کاری پزیشکی) وتووەتەوە. دیارە ئەم کتێبە زۆر ناوبانگی هەبووە و وەرگێراوەتە سەر زمانەکانی فەڕەنسی، ئەڵمانی، ئیسپانی و چینی و هێشتاش بە کتێبێکی نموونەیی دادەنرێت و چاپی چواردەیەمیشی بڵاوکراوەتەوە. سەرچاوەی ئیلهامی ئۆسلەر نەک هەر ئەزموونە کلینیکی و نەخۆشیزانیە چڕەکەی بووە، بەڵکو ئەو زانستە بەرفراوانە بووە لە ئەدەبیاتی پزیشکی کلاسیکیەوە وەری گرتووە. .کاتێک کتێبەکەی لەبەر کەمی باس کردنی چارەسەر ڕەخنەی لێگیرا، ئۆسلەر بەوە وەڵامی دایەوە کە " زۆر پێشتر چارەسەری زۆری پێشکەش کردووە و کەمێش باوەڕی بە دەرمان هەیە". ئەو بڕوای وابووە ڕەچەتەی چاک ئەوەیە ژەمە دەرمانەکان بە پێی کات ڕێک بخرێت. زۆر جار بە قوتابیانی دەووت ئۆلیڤەر ویندێڵ هۆڵمز سێ شت لەپاریسدا فێربووە :- کە شارەزایی پەیدا کرد پسپۆڕی وەرنەگرێت، کە شتێکی زانی گومان نەکات و کەوای زانی نەخۆشە پەنا بۆ دکتۆر نەبا.

زۆر جار لە ڕێگەی ووتەیەکی کۆنی ناوداری پیاوێکی سواڵکەری بێئابڕوو،

کە لە شەقامەکاندا سوواڵ و ساقەی کردووە، خواستی گەورەی ئۆسلەر بۆ نەخۆشیزانی ڕوون دەکرێتەوە. ئۆسلەر پارەیەکی کانزای داوەتە پیاوەکە و ووتوویەتی "لای تۆ هەر یەک شت گرنگە ئەویش جگەرە بزماریەکەتە وەک ئاماژەیەک بۆ سەرهەڵدانی جگەری کحولی، کە نەخۆشیزانەکان پێی ئاشنا بوون. پاشان سەرسواڵکەرەکە پاڵتۆکەی هەڵگرتووەو ئۆسلەریش درێژەی داوەتێ و گوتوویەتی "تۆ ڕەنگە تا مردن واز لە خواردنەوە نەهێنیت، بەڵام منیش ڕێگەت پێنادەم هەروا مەشروب بتکوژێت". پیاوەکەش هەواڵی ناوی خێرخوازەکەی پرسیووەو ئۆسلەریش بەو جۆرەش وەڵامی داوەتەوە " منم ویلیام ئۆسلەر تۆ ئاگات لە جگەرت بێت". دوو هەفتە دوای مردنی ئەم سواڵکەرە دەرکەوت وەسیەتێکی بەناونیشانی " دکتۆر ئۆسلەری هاوڕێم و پاڵتۆکەم و جگەرە بزمارێکەم" نووسیبوو.

دیارە بەلای ئەو هەموو دۆست و قوتابیانەیەوە ئۆسلەر کەسایەتیەکی سەرنجڕاکێشی هەبووە و زۆریش ڕێزیان لێناوە. دوو زنجیرەی ووتارە ناوازەکانی بەناوەکانی (خامۆشی مێشک) و (قوتابیەکەی ئەلاباما) پڕن لە ئاومۆژگاری ژیرانە و ئەبێت هەموو قوتابیەکی پزیشکی کاریان لەسەر بکەن. جا ئەم بەرهەمانە گرنگی و بەهای ڕۆشنبیری زانستی پزیشکیشمان پیشان دەدەن. لەم بەرهەمانەوە تێدەگەین پزیشک چۆن پێویستی بە فێربوونە ئاواش پێویستی بە ڕۆشنبیریە. دەگونجێت پزیشکێک هێندەی هارڤی و سیدنهام شارەزا بێت، بەڵام لە ڕووی ڕۆشنبیری و ژیریەوە لاواز بێت، کە ئەمانەش کاریگەری گەورەیان لەسەر ژیانی دەبێت. جا ئۆسلەر ئاماژە بەوە دەکات، کە بە درێژای مێژوو پێشەوەرانی بواری پزیشکی فەیلەسوف و قەشە و پزیشک بوون. خۆشی نموونەی هەرسێکیان بووە. گەشبینی و دانایی دروشمی ئەو بوون. لەبارەی گەشبینییەوە وتوویەتی "گەشبینی واتە خۆش مەشرەبی، واتە گاڵتەو گەپ کردن، کە زیاتر بەرەی ڕۆژئاوا ئەم سیفەتەیان تیادایە و ئەمەش کار ئاسانی زۆرمان بۆ لێکۆڵینەوە و کارکردن لەبواری پزیشکیدا بۆ دەکات". لەبارەی ژیریشەوە وتوویەتی "ژیری واتە خۆڕاگری و هێمنی، واتە ئامادەبوونی عەقڵ لەهەموو دۆخێکی کارکردندا. ئەمەش ئەو سیفەتەیە کە خەڵک زۆر پێیان پەسەندە. هەرچەندە دەگونجێت بە

دڵڕەقیش لێکدانەوەی بۆ بکرێت. زۆر پێویستە دەمودەست کاردانەوە هەبێت". هەر پێناچێت ئۆسلەر تەواوی بەرنامە بەرفراوانەکەی جێبەجێ کردبێت و بە پێی خشتەی ڕۆژانەکەشی کاری کردبێت. ژیانی ئەو ئەوە بووە ڕۆژانە شێلگیرانە کار بکات چونکە کاتێک چالاکیەکانی ڕۆژ بە دروستی ئەنجام دەدرێن و تەواو هاوسەنگ دەکرێن، ئەو کاتە کار هەر کار نیە، بەڵکو دەبێت بە چێژ. بەلای ئۆسلەرەوە نابێت زۆر خۆمان بە داهاتووەوە قاڵ بکەین، بەڵکو دەبێت بۆ ئێستا و ئەو کارانەی پێوەی پەیوەستە بژین. ئۆسلەر عاشقی کتێب بووەو کتێبخانەیەکی بەهاداری بنیات ناوە، کە ئیستا موڵکی زانکۆی ماک گیڵە لە مۆنترِیاڵ. پێڕستەکەی بەناوی( پێڕستی ئۆسلەر) ڕێبەرێکی زۆر پێویستی ئەدەبیاتی پزیشکی ڕابردووە. هەر خوێنەری بواری پزیشکی نەبووە. خاوەن زانستێکی بەرفراوان بووە. یەکێک لەو کتێبانەی زۆر خواستی لەسەر هەبووە ، کتێبی (ئاینی پزیشکێک)ی تۆماس بڕوان بووە، کە زۆر شارەزای بووە. ئامۆژگاری قوتابیەکانی کردووە " لەتەنیشت جێگەی نووستنیانەوە کتێبخانەیان هەبێت و کاتژمێری کۆتای ڕۆژ لەگەڵ پیاو چاکاندا بەسەربەرن". هەروەها ماندوونەناسانە داکۆکی لە کارکردنی زیاتر لەبواری مێژووی پزیشکیدا کردووە و جەختی لەوەش کردووەتەوە کە تەنها لەڕێگەی میتۆدی مێژووییەوە زۆرێک لە کێشەکانی زانستی پزیشکی ژیرانە چارەسەر دەکرێن. بەلای ئەوەوە ئێستا سەردەمێکی ناخۆشیشە کاتێک مەزنەکانی ڕابردوو زۆر ڕێزیان لێنانرێت.

## کۆتایی

ڕەنگە هیچ ووتەیەک بە هێندەی ئەم ووتەیەی ویلیام ئۆسلەر گونجاو نەبێت لەبارەی مێژووی زانستی پزیشکی بەدرێژای سەردەمەکان وەک کۆتاییەک بۆ ئەم کتێبەی دابنێین:-

"خۆی هەر ئەبێت شانازی بەم کەلەپووری نێردراوانەوە بکەین. قوتابخانە و سیستەمە پزیشکیەکان هاتوون و چوون .. فەلسەفەی سەردەمێک لەوانە لەسەردەمێکی تردا جێی گاڵتەجاڕی بێت و بەدرێژای سەردەمەکانیش هێواش

هێواش  شتەکانمان لەبیرکردووە. لەنێو ئەو هەموو گۆڕانکاری و هەلانەی ئەو بیست و پێنج سەدەیەدا، پیشەی پزیشکی  هەر مەزنەکان کاریان تیادا کردووە. کەسانی وەک گالینۆس و ئاریێتاوس و قوتابخانەکانی ئەسکەندەریە و بێزەنتی هەبوون، باشترین پزیشکی عەرەبی و پزیشکی سەردەمی ڕێنیسانس هەبوون و ئەمرۆش لەسەردەمی ئێمەدا باشترینەکان هەن".

## چاپکراوەکانی کتێبخانەی ڕۆمان

١. من دوای ڕۆیشتنی تۆ دەدرەوشێمەوە / نەبەز گۆران
٢. شەریعەتی حامورابی / و. ئەبوبەکر ساڵح (مانی)
٣. ڕێوی سەرنجڕاکێش / رۆڵد داڵ / و. داستان شەریف
٤. فەلسەفە بۆ منداڵان / و. کۆسار عەبدوڵڵا
٥. Azal / The Decision
٦. زلهێزەکان/ د. سامان حوسێن
٧. ڕۆژهەڵاتناسی / د. سامان حوسێن
٨. گەشتێک لە کوردستان/ فریدریک مێلینگن / و. سامان حوسێن- توانا ڕەشید
٩. سەبارەت بە واتای ژیان/ ویڵ دورانت/ و. ئیکرام حەمە
١٠. دۆرکهایم مردووە / ئارسەر ئاسا برگەر / و. ئیکرام حەمە
١١. تێڕامانەکان / مارکۆس ئۆرلیۆس / و. دانا موحەممەد
١٢. چیرۆکەکانی ئیسۆپ / و. سەنگەر عەبدولکەریم
١٣. جیۆپۆلەتیکی مۆدێرن / ئوستینەڤە ناتالیا / و. سەرباز عەزیز
١٤. خانووەکەی شەقامی مانگۆ / ساندرا سیستیرۆس / و. لاوین شێخە
١٥.مێژووی کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسیی بریتانیدا / د. سامان حوسێن
١٦.مێژووی کوردایەتی / ڕامان ئاری
١٧.ئازار / ئاراز ئەحمەد محەمەد
١٨. Zhyar Azad/Late Night Felling